سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

کتێبی شەشەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

## سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

### کتێبی شەشەم

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی



ناوی کتێب: سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح - کتێبی شەشەم
دانانی: شاکر فەتاح
ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٧٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا + ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٧٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# دادپەروەری

# ژیانی جەواهیرلال نەهرۆ

پشتیوانی ئاشتی و ئازادی و پێشەوای هیندستان کە بەدەستی خۆی نوسراوەتەوە
ساڵی ١٩٦٦

١

## نەهرۆ یاخود خێزانی سەر ڕووبار!...

هەر مناڵێک تاکانە بێت، نەخوازەڵا لە هیندستانیشدا گەورە بوو بێت، زۆری پێ ناچی بەدخوو ئەبێت جا ئەگەر ئەم مناڵە یانزەساڵیش بەتاکانەیی مابێتەوە، لەناو دایک و باوکیا، هیوای ڕزگاربوونی لە دەست بەدخوویی زۆر کز ئەبێ!... منیش لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانما بەتەنیایی لە ماڵی باوکما ژیام هیچ هاوڕێیەکم نەبوو لە تەمەنی خۆمدابێ چونکە خوشکەکانم زۆر لە من بچوکتربوون نەیش نێررامە خوێندنگای سەرەتایی بۆ خوێندن، لە بەردەستی مامۆستایانی تایبەتی و دایەندا فێری خوێندن ئەبووم.

ئێمە لە بنچینەدا لە خاکی (کەشمیر) دابووین بەڵام باپیرە هەرە گەورەمان، لە دوو سەد ساڵ لەمەو پێشەوە لەو دۆڵە شاخاوییەوە گواستبویەوە ناو ئەم دەشتە بەپیتانە بۆ مەبەستی پارە پەیداکردن و ناوبانگ دەرکردن.

باپیرم (راج کاول)، زانایەکی یەجگار شارەزا بووە لە زمانی (سانسکریتی) و (مەگول)ەکاندا، سەرنجی شاهەنشاه (فارو خیار)ی ڕاکێشا بوو دوورنیە کە خێزانەکەمان هاتۆتە ناو (دەمی)یەوە کە پایتەختی ئەو شاهەنشاهێتییە بووە، لەسەر خواستی ئەو شاهەنشاهە بوبێ. ئەو ساڵە ساڵی ١٦١٧ بووە خێزانەکە لەوێدا چۆتە ناو خانوویەکەوە، کە لەسەر ئاوی جۆگایەک هەڵکەوتووە کە لە ڕووبارێک جیابۆتەوە... دوورنیە کە وشەی (نەهرۆ) بەناوی خێزانەکەمانەوە نوساوە ڕازەکەی ئەمەبێ؛ چونکە وشەکە لە (نەهر) وەرگێڕاوە کە واتای (ڕووبار)ە!... باپیرم لە شاری (دەلهی)دا جێگایەکی بڵندی دەست ئەکەوێ، تا شۆڕشی ١٨٥٧ ڕوودەدات ئیتر لەوساکەوە خێزانەکە لەگەڵ ئاوارەکانی تردا ڕوو ئەکاتە(ئاجرا) تێکڕا هەر سامانێکیشی ئەبێ لە دەستی ئەچێ ئەو دەمە هێشتا باوکم نەهاتبووە جیهانەوە.

بەڵام هەردوو براکانی گەورەبووبوون، بوبونە پیاو هەر دووکیشیان زمانی ئینگلیزییان



ئەزانی ئەم زمان زانینە بووبووە هۆی ئەوەی کە یەکێک لەو دوو مامەم لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە خێزانەکەمان. لە دەست ئەنجامێکی بەئەرک و ئازار ڕزگاریان ببێ چونکە بەڕێکەوت لە کاتی کۆچ کردنیاندا لە (دەلهی)، پوورە بچوکەکەم، کە ئەویش وەک هەندێ کوڕ و کچانی (کەشمیر) قژە زەرد بووە، لەگەڵ خێزانەکەماندا تووشی هەندێ ئینگلیز دێن، ئینگلیزەکان هەندێکیان ئەوکچە بە ئینگلیز ئەزانن، مامم وا تاوانبار ئەکەن کە فڕاندوێتی. جاڵەو کاتەدا، لەدوای تاوانبارکردن، دەمو دەست بڕیاردان و جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە دەستیان پێ ئەکرد ئەوەندەی نامێنێ کە مامم و خزمەکانی لە نزیکترین درەختەوە بکەن بەپەتا.

بەڵام ئینگلیزیی زانینەکەی مامم بەکاری ئەوە دێ کە ئەو بەپەتا هەڵواسینەیان دوا بخات خواوڕاستان یەکێکی وا بەلایاندا تێ ئەپەڕێ کە ئەیانناسێتەوە، ئەو کەسە فریایان ئەکەوێ و ڕزگاریان ئەکات لە دەست خنکاندن!...

## باوکی نەهرۆ لە خوێندنگا هەڕا ئەکات

خێزانەکەمان چەند ساڵێک لە (ئاجرا)دا ئەژی، تا باوکم لە دایک ئەبێ ئەوکاتە ١٨٦١/٥/٦ ئەبێ سەیر ئەوەیە کە هەر لەو ڕۆژەیشدا بویژی هیندستان (ڕابەندرانات تاگور)[1] لە دایک ئەبێ!... لەگەڵ ئەمەیشدا لە دایک بوونی باوکم بەر سەردەمێکی وا کەوت کە هەموو خێزانەکەمان لە شین و شەپۆڕدا بوون چونکە باپیرم لە سێ مانگ لەوە پێشەوە مردبوو.

ئەرکی خێزانەکەیشمان کەوتبووە سەر هەردوو مامەکەم کەلە باوکم گەورەتربوون، زۆری پێ نەچوو بوو، فەرمانی دادگەریی کە لەژێر فەرمانداریی بەریتانیا دابوو، مامە هەرە گەورەکەمی لە خێزانەکەمان دوور خستبووەوە ئیتر باوکم لەگەڵ براکەیا مابوەوە کە ناوی (ناند لال نەهرۆ) بوو پیشەی ئەمیش پشتیوانی (محاماة)بوو... براکان هەردووکیان یەجگار هۆگری یەکتری بوون پەیوەندیی ناوەندیان تێکەڵ بووبوو لە برایەتی و باوکایەتی و کوڕایەتی!... زۆری پێ نەچوو خێزانەکە کۆچیان کرد بۆ (ئەڵلا ئاباد) لەوێدا مامم بوبوە

(١) ڕابەندراناتە تیکۆر تاگور(١٨٦١-١٩٤١) لە کەلکۆتتای هیندستان لە دایک بووە، شاعیرێکی گەورە و بە بەهرە، شیعرەکانی پڕن لە هەستی خواپەرستی و نیشتمانی، کەسایەتییەکی بەرزی ئەدەبی جیهانییە، لە بەرهەمەکانی: یادگارەکان، گۆرانیەکانی ئێوارە، گۆرانیەکانی بەیانی، سروود و وێنەکان. لە ١٩١٣ پاداشتی نۆبلی بەدەستهێنا.

یەکێک لە پشتیوانە گەورەکانی دادگای باڵا باوکیشم لەسەرەتادا هەر فێری زمانی فارسی و زمانی عەرەبی بوبوو تا نەگەیشتبوە گرێی دووەمی تەمەنی خۆی دەستی نەکردبوو بەفێربوونی زمانی ئینگلیزی ئەوەندە هەیە، ژیانی ناو خوێندنگای باوکم بریتی بوبوو لە زنجیرەیەک کارەساتی هەراکردن لە خوێندنگا چونکە هەر حەزی لە یاریی کردن و جەربەزەیی کردبوو کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، مامۆستاکانی زمانی ئینگلیزی خۆشیان ویستبوو و لە تەنگ و چەڵەمەیش رزگاریان کرد بوو.

ئەو یارمەتی دانەیشیان لەبەر زیرەکییەکەی بووە!... کە چووبووە ناو تاقیکردنەوەی بەکالۆریۆسی ویژەوە، هەر لە یەکەم بابەتیەوە واهاتبووە پێش چاوی کەسەر ناکەوێ لەبەرئەوە دەستی کرد بوو بەڕەش کردنەوەی پەڕەی تاقیکردنەوەکەی لەوە دوا نەچووبووە ناو تاقیکردنەوەی بابەتەکانی تریەوە بەڵام مامۆستاکەی بانگی کرد بووە لای خۆی، سەر زەنشتێکی توندوتیژی کرد بوو، پێی گوتبوو لە بابەتی یەکەمدا تا ئەندازەیەکی گەورە وەرامی بەباشی دابوەوە، ئەگەر ناشی و نەزان نەبوایە بۆچی لە بابەتەکانی تریشدا نەهاتبووە ناو تاقیکردنەوە وە؟!... بەڵام ئەمە بووە دوامین خوێندنی لە زانستکۆدا پاش ئەوە حەزی کرد بوو پیشەی براکەی خۆی بگرێ چوبووە ناو تاقیکردنەوەی دادگای باڵاوە کەچی لەمەدا پێش هەموو پێشکەوتووەکان کەوتبوو تەنانەت نیشانێکی بەرسنگی زێرینیشی پێ بەخشرا بوو. کەهاتبووە ناو پیشەی پشتیوانییەوە سەرکەوتنێکی زۆری دەست کەوتبوو بەڵام ئەمەندە هۆگرێ بەزموڕەزم بووبوو، کاتێکی گەورەی خۆی بەوەوە ڕابوارد بوو ئنجا مامم مردبوو. ئەوەیش سەرگەردانییەکی گەورەبووبوو بۆ باوکم ئیتر لەو ساکەوە ئەرکی خێزانەکە هاتبووە سەرشانی باوکم ئیتر خووی دابووە کاروفرمانی خۆی لەوەدا ناوی دەرکردبوو دەرامەتی زۆر بووبوو کە ئەوەیش بووبوو بەهۆی ئەوەی کە بەجارێک خۆی نوقمی خوێندن و لێکۆڵینەوەی یاساکان بکات، کە پڕ بەدڵ حەزی لێ ئەکردن!... لەبەرئەوە هیچ کاتێکی بۆ خۆی نەهێشتبووەوە کە خەریکی کارگوزارییەک بێ لە کۆڕی کۆمەڵایەتی یاخود خێزانیدا بەلای زرنگکاریشدا هەر نەئەچوو!... پلەپلە بەسەر پەیژەی سەرکەوتندا سەرئەکەوت.

لەوەدا پشت ئەستوور بووبوو بەزیرەکی و نیازە بەهێز و هەرەتەکەی خۆی لەبەرئەوە تا ئەهات زۆرتر پشتی ئە بەست بەخۆی. زۆرتر بەخۆی دا ڕائەپەرموو، کە دەست بداتە هەر کارێک جێ بەجێی بکات باوکم بەهەموو واتایەکی وشەکە، نیشتمان پەروەربوو لەگەڵ ئەوەیشدا سروشتی ئینگلیزی چوو بوو بەدڵا لەڕووی شێوەی ژیانیانەوە هەروەها هەستی



وا ئەکرد کە هاونیشتمانەکانی لە کردەوە و ڕەوشتدا نزم بوونەتەوە لەبەرئەوە هەرچی یەکیان بەسەرهاتووە، هی دەستی خۆیانە، هەڵ ئەگرن وایان لێ بێ!... جا بەهۆی پەرەسەندنی دەرامەتە کە مانەوە، کە ساڵ بەساڵ سامانەکەمان زۆرتری لێ ئەهات. بەرە بەرە، لە ژیاندا، چوینە شێوەی ڕۆژئاواییەوە!.

جا باری خێزانیمان بەم جۆرە بووە، کە من لە ١٤/١١/١٨٨٩دا لە دایک بووم، کە من هێشتا منالیش بووم.

## ژوورەکانی شەمەندەفەر هەر بۆ ئەوروپاییەکان دائەنران

لە تافی منالیا هیچ کارەساتێکی وای لێ ڕوونەدام... هەرچیم لە بیردا ماوە هەر ئەوەندەیە کە گوێم لە پسمامە گەورەکانم بوو گفتوگۆیان ئەکرد لە بابەت هەندێ کاروبارەوە، سەرم لێ دەرنەئەکردن. ئەوەندە هەبوو توانج و پلاریان لە ڕەوشت و خووی ئینگلیزەکان و ئۆڕاسییەکان ئەگرت بەرامبەر هیندیەکان لە ناوەند فەرمانداران و ژێر دەستەکانیاندا کارەسات زۆر ڕووی ئەدا بەڕاستی شتێکی زۆر نەنگ و ناشیرین بوو کە ئەمان بیست هەر ئینگلیزێک هیندییەکی بکوشتایە، دادگاکە بەرەڵڵای ئەکرد چونکە سوێندخۆرەکان[1] لەو کەسانە پێک هاتبوون کە خۆیشیان ئینگلیزبوون وەک ئەو، بەڵام نیشتەنیی خاکی هیندستان بوون!...

ژوورە تایبەتییەکانی ناو شەمەندەفەرەکانیش، هەر بۆ ئەوروپاییەکان تەرخان ئەکران، بام ڕێبوواریش زۆربووبن... منیش کە گەورەبووم، دڵم پڕ بووبوو لە قین بەرامبەر سەردارە بێگانەکان و دادگەرەکانیان بەڵام کە تاک و تەرای ئینگلیزم بدیایە هیچ پشم و قینێکم لە دڵا نە ئەبوو بەرامبەریان بەپێچەوانەی ئەم لە کانگای دڵما خۆشم ئەویستن!... کە تەمەنم گەیشتە دە ساڵان، خێزانەکەمان گوێزایەوە ناو خانوبێکی گەورەی تازەوە باخچەیەکی گەورە و ئەستێرکێکی مەلەکردنیشی تیابوو زوو بەزوو فێری مەلەکردن بووم، بەسەر ئاوەکەوە و لە ژێر ئاوەکەیشدا... لەو کاتەدا (جەنگی بوێر) لە خوارووی ئەفەریکادا دامەزرا منیش دەستم کرد بەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکان، بۆ ئەمەی ڕۆژ بەڕۆژ ئاگام لە کارەساتی ئەو جەنگە بێ بەهەموو دڵێکمەوە حەزیکی جەنگی (بوێر) بووم!...

هەروەها لەوکاتەدا کارەساتێکی خێزانیش ڕوویدا بایەخم زۆر پێ ئەدا... خوشکێکم لە دایک بوو!... سەردانەکانی باوکیشم لە ئەوروپا، لەو ماوەیەدا، بوونە هۆی ئاژاوە

(١) واتە: ئەندامانی دادگە (هیئة المحلفين).

نانەوەیەک لەناو کۆمەڵایەتیی (بوراهما) کانی ناو (کەشمیر)دا لەناو هیندستاندا بەتایبەتی کە باوکم بەرپەچی دانەوە و نەیهێشت لە پەرستگاکەیان داکارو باری ئاییینی بۆ پاک کردنەوەی لە گوناه هەڵبسورێن.

پێش ئەویش (پاندیت بیشان نارایان)، تووشی گێژەڵووکەیەکی وەها بووبوو لەلایەن پیاوە ئاییینییە وشکەکانەوە، کە بڕیاریان دابوو بە(کەنەفت کراو)ی دابنێن. ئەم بڕیاردانە، بووبوو بەهۆی ئەوەیش کە تیرەی بوراهماییە کەشمیرییەکان ببن بەدوو کەرتەوە و ناکۆکیشیان بکەوێتە ناوەوە کەچی ئەم پیاوە لە پاشدا بوو بەسەرۆکی کۆنگرەی هیندییەکان!... ئنجا کە باوکیشم بەکەللەڕەقییەکەوە سەرکێشیی نوواند و نەیویست لە پەرستگادا لە گوناه پاکی بکەنەوە، لە تیرەی بوراهماییەکاندا کەرتێکی سێیەمیش پەیدا بوو!... بەڵام زۆری پێ نەچوو، هەرسێ کەرتەکە یەکیان گرتەوە و بوونەوە بەیەک.

چونکە بیروباوەڕ هەندێک گۆڕرابوون و ئەو کۆتەو زنجیرانەی کۆنیش لە ناودا هەڵگیرابوون!...

## دەروێشێکی سیانزە ساڵە

کە تەمەنم لە پانزە ساڵی نزیک بووەوە، باوکم مامۆستا و ڕابەرێکی بۆ ڕاگرتم، لە ماڵەوە لەگەڵماندا ئەژیا ناوی (فەردنیاند برۆکس)بوو باوکی ئەم پیاوە (ئیرلەندە)یی بووە دایکیشیان (فەڕەنسە)یی یاخود (بەلچیکا)یی بووە یەکێکیش بوو لە پشتیوانە خوێن گەرمەکانی دەروێشایەتی (تصوف) خۆشەویستیی خوێندنەوەی خستە دڵمەوە ئیتر لەو ساکەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەی نووسراوە ئینگلیزییە گەورەکان.

ئارەزوویشی خستمە سەر زانستەکان و پێچ و پەناکانیان تەنانەت کارگەیەکیشمان لەناو خانووەکەماندا دامەزراند، تاقیکردنەوەکانی زانستی کیمیا و زانستی سەرەتایی سروشتمان تیا ڕا ئەپەڕاند!... بێجگە لەمانە، هەموویان، بەرامبەر دەروێشایەتیش خۆشەویستییەکی گەرموگوڕی لە دڵما دامەزراند تەنانەت وام لێ هات خۆم کرد بەئەندامێک لە (کۆمەڵی دەروێشایەتی)دا، کە هێشتا تەمەنم سیانزە ساڵان بوو!... ئەمەم لە دەروێشایەتییەوە دەست کەوت کە بەچاوێکی بێ دەنگ و سەنگانەوە، بەبیرێکی پەرشوبڵاوەوە، سەیری کارەساتی ژیانم ئەکرد، کەهیچی بەسەر هیچەوە نەبوو!...

ئەوەندە هەیە، لە پاش ئەمەی لە (برۆکس) جوێ بوومەوە، هیچ فرێکم بەسەر دەروێشایەتییەوە نەما، بەهیچ کلۆجێکیش خۆم لە دەروێشایەتی نە ئەگەیاند!...



هەروەها لە تافی مناڵیمدا (جەنگی ڕوس و ژاپۆن)یشم بیر ئەکەوێتەوە سەرکەوتنەکانی (ژاپۆن) بەسەر (ڕوس)دا دەماری ئەبزواندم... گڕی لە دڵم بەرئەدا!... ژمارەیەکی زۆر نووسراوم لە بابەت (ژاپۆنیا)وە کڕی... ئیتر لەوساکەوە بیری نەتەوایەتی حەزێک بوو لە مێشکما جێگیر ببێ... هەموو دەم بیرم لەوە ئەکردەوە کە چۆن هیندستان ئازاد بکرێ، کە چۆن ئاسیا ڕزگار بکرێ لە دەست بەندەیی ئەوروپاییەکان ئیتر هەر لەو ساکەوە ئاواتم ئەخواست بۆ خەباتێکی گەورە و مەردانە بۆ تێکۆشانێکی پاڵەوانانە!... لە مانگی پێنجەمی ساڵی ١٩٠٥دا لەگەڵ باوکم و دایکم و خوشکە بچکۆڵەکەمدا سواری کەشتی بووین و چووین بۆ ئینگیلتەرە... ئەو ساکە تەمەنم پانزە ساڵ بوو تا ئەندازەیەک بەختم لەوەدا یاربوو کە لە زانستگای (هارۆ)دا جێگایەکم بۆ خۆم دۆزییەوە. چونکە هەندێک تەمەنم لەوە زۆرتر بوو کە زانستگاکە دیاردیی کردبوو بۆ هەموو شاگردێک خێزانەکەیشمان کۆچی کرد بۆ ئەوروپا، پاشان گەڕایەوە هیندستان هەستم ئەکرد بەتەنیایی بەزەییم بەخۆمدا ئەهاتەوە بیری خێزان و کەسوکار و نیشتمانم ئەکرد... بەڵام بەوسوێییەوە زۆر نەتلامەوە چونکە تێکۆشام بکەومە ناو ژیانی خوێندنگاوە زۆری پێ نەچوو بە فرمان و بەیارییەوە خەریک بووم و ئاوارەییم لەبیرچووەوە.

جا لەبەر ئەوەی کە زمانی لاتینیم نە ئەزانی، خۆم لە پۆلێکی نزمدا دامەزراند بوو بەڵام زۆری پێ نەچوو، خستمیانە پۆلەکانی باڵاترەوە تێکرا، لە زووربەیی بابەتەکاندا، پێش ئەوانە ئەکەوتم کە لە تەمەنی خۆمدا بوون؛ بەتایبەتی لە زانیارییە گشتییەکاندا ئەو ساکە هەر چوار پێنج شاگردێکی هیندیی هەبوون، لە زانستگای (هارۆ)دا... چەند شاگردێکی جوولەکەیشی تیابوو لەگەڵ شاگردەکانی تردا هەڵیان ئەکرد و بەبێ دەنگییەوە ڕایان ئەبوارد.

بەڵام هەموو دەمێک هەستێکی دوژمنایەتیم هەست پێ ئەکرد لەناو شاگردەکاندا، بەرامبەر ڕەگەزی (سامی)یەکان... ئەوانە هەموو دەم بە(جوولەکەی بەدخوو) دائەنران، هەموودەم نەنگەویست بوون لای ئەوان!... زۆری پێ نەچوو، منیش بێ ئەمەی ئاگام لە خۆم بێ، وام بەباش ئەزانی کە منیش وەک ئینگلیزەکان خۆم بنوێنم بەرامبەریان!... لە ڕاستی دان هیچ ڕۆژێک هەستم بەدوژمنایەتییەکی ڕاستەقینە نەئەکرد بەرامبەر ڕەگەزی (سامی) تەنانەت لەوە دوایش گەلێک دۆستی دڵسۆزم بۆ پەیدابوو، لەوان!...

## لە ناوەند ڕاستی پەرستیی (نیێتشە) و شل و شێواویی (ئۆسکار وایلد)دا

لەو ماوەیەدا کە لە زانستگای (هارۆ)دا بووم، دەنگی کارە ساتی ناو هیندستان ئەهاتە بەرگوێم، دڵی تەنگ ئەکردم. چونکە لەساڵەکانی ١٩٠٦و ١٩٠٧دا کارەساتی گەورە گەورە لە (بەنگال)دا ڕوویان ئەدا و گرتن و بەندیی کردن و پشێوییەکی زۆریش لە ئارادابوون بزووتنەوەی خۆ دوور خستنەوەیش لە ئینگلیزەکان پەرەی سەندبوو بەڵام زۆری پێ نەچوو لە مانگی دەهەمی ساڵی ١٩٠٧دا چومە زانستگای (ترینتی) لە شاری (کەمبرج)دا ئەوساکە تەمەنم حەڤدە ساڵان بوو. لەوێدا سێ ساڵ مامەوە، خوێندم، زۆر سەرم ئاسوودە بوو بەخوێندنی زانستە سروشتییەکانەوە خەریک بووم وەک: کیمیا و جیۆلۆجیا و گژوگیا بەڵام هەر بەوانەوە خەریک نەبووم کە کاتی پشوودانەکان ئەهات لە نیوەی ساڵ و دوایی ساڵی خوێندندا، لەگەڵ هاوڕێکانمدا یەکمان ئەگرت و دەستمان ئەکرد بەگفتوگۆکردن لە بابەت نووسراوەکانی (نیێتشە) و پێشەکییەکانی ناو نووسراوەکانی (بەرناردشۆ)[1] وە... جا بەهۆی هۆگر بوونمەوە بەنووسراو خوێندنەوە وە ئەمتوانی خۆم بخەمە ناو ئەو گفتوگۆیانەوە بێ ئەمەی ناشێتیی خۆم پیشان بدەم، زۆربەی ئێمە لە بابەتی کاروباری ڕەگەز بازییدا شەرمەزار بوو... یاخود هەر هیچ نەبێ خۆم وابووم!... لەبەرئەوە شارەزایی یەکەم لەو بابەتانەوە هەر بریتی بوو لە پێش بینی تەنانەت تا چەند ساڵێکیش پاش دەرچوونم لە زانستگۆ هەروا مامەوە!...

لەو کاتەدا بەرەو شێوەیەکی (قورنائی)ی نادیار ئەچووم... ئەمیش بریتییە لە: پەرستییەکی وەها کە ئارەزووی خۆش ڕابواردن ئەکات و گوێ ناداتە دەستووری کۆمەڵایەتی و تییز بەباری کۆمەڵایەتیش ئەکات ئەم جۆرە ژیانەیش لە هەمووڵاوێک ڕووئەدات!... ئەم جۆرە ئارەزوویش، بەهۆی خوێندنەوەی نووسراوەکانی (ئۆسکار وایلد)[2] و (ولتەر باتر)ەوە لە دڵی من و لە دڵی زۆربەی هاوڕێکانمدا گەشەی کردبوو...

---

(١) جۆرج برنارشۆ (١٨٥٦– ١٩٥٠) نووسەرێکی بەناوبانگی ئێرلەندییە لە بواری ڕۆمان و شانۆییدا دەستێکی باڵای بووە، لە (دبلن) لە دایک بووە، بۆ چوونەکانی شیللی شاعیر و کارل ماکسی بەلاوە کاریگەربوون، گاڵتەجاری و لاقرتێ و ڕەشبینی بە بەرهەمەکانیەوە زاڵبووە، لەوانە: پیاوی چارەنووس، قوتابی شەیتان، چەک و پیاو. لە ١٩٢٥دا پاداشتی نۆبلی بەدەستهێناوە.

(٢) ئۆسکار وایلد (١٨٥٤– ١٩٠٠) ئەدیبێکی ئێرلەندییە لە (دبلن) لە دایک بووە، دەیوویست هونەر بۆ سەر شێوازە سەرەتاییەکانی بگێرێتەوە، لە ڕۆمان و شانۆییدا چیرۆکی زۆری هەیە؛ مایەی ڕەزامەندی خوێنەران و ڕەخنەگرانن.



لەگەڵ ئەمەشا کە من لە کانگای دڵمدا حەزم لە ژیانی پڕبەزموڕەزم و خوێڕێتی نە ئەکرد، بەڵام لە کاروباری ئاینییدا وشک نەبووم؛ بەدڵ قیینم لە پێوندە ئایینییە وشکەکان بوو، جا لەبەرئەوە بۆ من شتێکی ئاسایی بوو کە لە ژیانمدا ڕوو بکەمە لایەکی وا کە ئایینی نەبێ.

لەگەڵ ئەمەشا ئەم ڕەووشتەم وەک ڕووکەشێک وابوو، نەچووبووە کانگای دەروونمەوە لە ڕاستیدا، جوانییەکانی ژیان کاریان لە دڵم کردبوو زۆرتر ئەو بیرە دڵمی کێش کردبوو کە لە ژیاندا ڕێگایەکی وا بگرم کە لێم بوەشێتەوە و لەگەڵ ڕێزگرتنی خۆمدا بەرامبەر بەخۆم بگونجێ من نەم ئەویست خۆم لە کردەوەی بەزموڕەزمو، خوێڕێتیدا نوقم بکەم نەیشم ئەویست خۆم لە خۆشییەکانی ژیان بێ بەش بهێڵمەوە لە ڕاستیدا، دەستم کرد بەخۆش ڕابواردن، ئەوەیش نەئەچو بەمێشکما کە ئەو جۆرە خۆش ڕابواردنانەم بەتاوان و گوناه دابنرێت هەر لەو کاتەیشدا دڵم ئەچوو بەلای جەربەزەیی و خۆخستنە ناو کاروباری سامناکەوە هەموو دەمێک لە باوکی خۆم ئەچووم لە قوماركردندا تا ئەندازەیەک وەک ئەوبووم.

لەپێشدا قومارم لەسەر پارە ئەکرد، دوای ئەوە قومارم بۆ ئامانجە بەرزەکان ئەکرد، جا لەم جۆرە قومارەیشدا کاروباری ژیانی وەهام بەکارئەهێنا، کە لە پارە گەلێک گرنگ تر، بەنرخ تر بوون!...

هەرچەندە من ناوی(قورنائی)و بیرو باوەڕەکانی سەر بە(قورنائی)م ناوبرد نابێ کەس بەو هەڵەیەدا بچێ کە من لەو بابەتانەوە شارەزاییەکی باشم هەبووبێ، لە ڕاستییدا من تەواو لەو بابەتانە تێ نەئەگەیشتم هەرچییەک لەو بابەتانە لە مێشکما جێ گیر بووبوو، بریتی بوو لە ئەندێشە و شت هێنانە بەرچاو لە شێوەیەکی شادراوە و نادیاردا کە لە ڕاستییەوە دوور بوون!... ژیانی ئەو سەردەمەم پڕبوو لە کاروفرمان و یاریی کردن و خۆش ڕابواردن هیچ شتێک ئەو ژیانەی لێ تێک نەئەدام ئەویش جار بەجارێک ئەو زۆرانبازییە زرنگکارییە نەبێ کە لە هیندستاندا ڕووی ئەدا شاگردە هیندییەکان لە (کەمبرج)دا کۆمەڵێکیان دامەزراند بوو ناویان نا بوو (کۆڕ) ئێمەیش گشت جارێک لە شوێنی ئەو (کۆڕ)ەدا لە بابەت کاروباری زرنگکارییەوە، گفتوگۆمان ئەکرد.

بەڵام گفتوگۆکانمان تا ئەندازەیەک، لە ڕاستی و ڕووداوە وە دوور بوون!... لەگەڵ ئەوەیشا من لەو سێ ساڵەدا کە لەوێدا ژیام، ڕەنگە بڵێم کە لەو (کۆڕ)ەدا هیچ جارێک خەریکی ئەوە نەبووم قسەی تیا بکەم ئەوەیش سەبارەت بەشەرمنیم بوو!... جا ئەم دەردەم

هەر لە کۆڵ نەبووەوە، لە هەموو دەمە تەقێیەکانی ناو زانستگاکەدا... تەنانەت ئەوەم پێ خۆشتر بوو کە جەریمە بکرێم[1] و تا ساڵی خوێندنەکە ئەبریتەوە، نەیێمە کۆڕەوە بۆ قسەکردن!... دوای ئەوە خووم دایە خوێندنی یاسا. لە هاوینی ١٩١٢دا ئەو ڕێ دانەم دەست کەوت کە لەبەردەم دادگاکانی ئینگلیزدا پشتیوانی بکەم کە پاییز داهات گەڕامەوە هیندستان. تا ئەو دەمە حەوت ساڵێک بوو لە هیندستان دوورکەوتبوومەوە.

## یاسای فەرمانداریی ئینگلیز مرۆڤ لەکەڵک ئەخات!

خۆم گەیاندە دادگای باڵا و تیا دامەزرام تا ئەندازەیەک فرمانی ناو ئەوێم پێ خۆش بوو تا چەند مانگێکیش لە دوای گەڕانەوەم بۆ هیندستان بەخۆشییەوە و ڕامبوارد بەڵام ئەو ژیانەی کە لەگەڵ زۆربەی ڕۆڵەکانی ڕەگەزی خۆمدا ڕام ئەبوارد، زۆری پێ نەچوو بەرەبەرە تەڕوتازەییەکەی تیانەما، خۆشییەکەی لێ چووەوە تەنانەت وایشم لێ هات کەوا هەست بکەم بەخۆم کە لە ژیانێکی دیاردیی کراوی ڕێک خراوی دووبارە بووەوەدا ئەژیم کە پڕە لە دڵتەنگی، نەکەڵکێکم هەیە و نە ئامانج. من لەو باوەڕەدام، کە خوێندنە تێکەڵوپێکەڵەکەم بوو، کە بووبووە هۆی وەڕس بوونم لە دەست ئەو ناوچەیەی کە تیا ئەژیام.

چونکە ئەو خووانە و ئەو بیروباوەڕانەی کە لە ژیانی ئینگیلتەرەدا پێیانەوە ڕاهاتبووم، لەگەڵ ڕەوشت و خوو بیروباوەڕی ئەم ناوچە تازەیە و ئەم ژیانە تازەیەمدا ڕێک نەئەکەوتن لەگەڵ ئەمەشا، خۆشبەختانە، ژیانی ناو ماڵەکەمان لەگەڵ ئەو ژیانەی ناو ئینگیلتەرەمدا ڕێک ئەکەوت بۆیەکا ئەمتوانی بەرگەی ئەو ژیانەی کۆمەڵایەتییە بگرم بەڵام ئەو تەنیاییەی نە ئەکردم بێجگە لەوە خوێندنەوەخانەی دادگای باڵا هەبوو.

یانەی پیاوانی یاسا هەبوو کە لەوێدا مرۆڤ چەند کەسێکی دیارییکراوی ئەبینی و گفتوگۆی لەگەڵدا ئەکردن بەڵام ئەو بابەتانەی لێی ئەدوان، هەرچەند بابەتێکی دیاردیی کرابوون، کە هەموو ڕۆژێک دووبارە ئەکرانەوە بێ گومان جۆرە ژیانێکی وا بەکەڵکی بزووتنەوەی بیر نەئەهات لەبەرئەوە زۆری پێ نەچوو، هەستم بەوە ئەکرد کە ژیان شتێکی هیچوپووچە و پڕە لە خاووخلیچک... ئینگلیزەکانی ناو هیندستان، حەزیان لە هاودەمیی هیندییەکان نەئەکرد هەر ئینگلیزێکت بگرتایە، خۆی وا ئەهاتە پێش چاو کە ئەندامێکە لە لەشکری داگیرکەر. هەر بەوجۆرەیش ڕەفتاری ئەکرد ئەوەیش هەرگیز نەئەچوەسەر کە

(١) واتا: سزا بدرێم.



پەیوەندییەکی ئاسایی ئاسان لەناو هەردوو ڕەگەزدا پەیدا ببێ!... لە سایەی فەرمانداریی ئینگلیزەکانیشەوە، چ لەناو پایەکانی فەرمانڕەواییدا، چ لەناو کۆمەڵایەتیشدا چینێک لە فەرمانبەرانی ئینگلیز و هیندییەکان بەرز بووبوونەوە، کە نا شێتی و وشکی و مێشک بچووکییان پێوە دیاربوو... جا لەبەرئەوە، ئەگەر ئینگلیزێکی لاو بهاتایە هیندستانەوە، هەر ئەوەندە جێگیر ببوایە، ئەچووە بن چنگی ئەم ژیانە خاووخلیچکەوە لە ڕۆژدا هەر بەخوێندنەوەی ئەو تۆمارانەوە خەریک ئەما کە لەبڕانەوە نە ئەهاتن پاش ئەوە هەندێ وەرزشی ئەکرد زۆری پێ نەئەچوو، ئەچووە یانەکەی خۆی تێکەڵ بەوانە ئەبوو کە لە دانگی خوی دابوون هەندێ ویسکیی ئەخواردەوە. هەندێ لە گۆڤارە هەفتەییە وێنەدارەکانی ئینگلیزیشی ئەخوێندنەوە کەم بۆی ئەکرا نوسراو بخوێنێتەوە ئەگەر ئەوەیشی بۆ بچوایە سەر، زۆربەی جار، هەر نووسراوە کۆنەکانی ئەخوێندەوە، نەک تازەکان!... پاش ئەوە وەڕس ئەبوو و دەستیشی ئەکرد بە گلەیی کردن لە هیندستان، کە بیر بەو دەردەدێ، کە وردە وردە کز و پەست ئەبێ هەندێ قسەی ناشیرینیشی ئەگوت بەئاووبای هیندستان بۆڵە بۆڵێکی زۆریشی ئەکرد لەوانەی کە پشێوییان خستبووە ناو هیندستانەوە و بووبوونە هۆی زۆربوونی ئەرک و ئازاری ئەو کەچی لاوە ئینگلیزەکە پەلی بەوە نە ئەبرد کە پووچ بوونەوەی مێشکی و کزبوونی خوێندەوارییەکەی خۆی هەر سەبارەت بەوە بوو کە فەرمانداریيەکی چینی دەوڵەمەند (بیرۆکراتی)ی زەبر بەدەست لەناو هیندستاندا دامەزرابوو، کە خۆیشی بەشکێک بوو لەو فەرمانداریيە!...

جا ئەگەر فەرمانبەرێکی ئینگلیز بەو هەموو ڕێدان و پشوودانانەوە کە دەستی ئەکەوتن، بەم جۆرە ژیانی بەسەر بردبی، ئەی ئەبێ فەرمانبەرێکی هیندی چۆن ژیابێ کە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە ئینگلیزەدا فرمانی ئەبینی و لەژێر دەستیشیدابوو، بەتایبەتی ئەگەر لەو کەسانەیش بووبێ کەویستبێتی وەک ئینگلیزەکان بژیی و ڕاببوێرێ؟!...

## گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی لەژێر پێشەوایەتیی غاندیدا!

جا ئەم بارە لە چینی فەرمانبەرەکانەوە پەرەی سەندبوو بۆ ناو چینی ناوەڕاستی هیندییەکان، بەتایبەتی بۆ ناو ئەوانەی کە خاوەنی خوێندەواریی ئینگلیزبوون، لەمانە تەنیا ڕۆڵەکانی هەندێ لە شارە هیندییەکانی لێ دەرچووبوو وەک دانیشتوانی شاری (کەلکەتتا) و (بۆمبای) کە تەماشام ئەکرد: خاوەن پیشە سەربەستەکان وەک پشتیوانەکان و پزیشکەکان و ئەوانەی لە دانگی ئەواندا بوون، هەموویان کەوتبوونە

گێژاوی ئەو بیرە خاوخلیچکەوە. خۆیان دوور خستبووە وە لە نەتەوە، تەنانەت لە بەشی خـوارووی چینی ناوەڕاسـتـیـشـەوە کـاروبارەکـانی زرنگکارییش هەر بەدەست چینی فـەرمـانبـەران و چینی سـەرووی ناوەڕاسـتـەوەبوو. ئەوەندە هەبوو، ئەو بزووتنەوە نیشتمانییەی کە لە ساڵی ١٩٠٦دا پەیدابوو لە شاری(بەنگال)دا، بۆ یەکەم جار ئەم بارەی لەرزاندەوە، ژینی چینی ناوەڕاستی خواروو و ئەو چینەیش کە لە پاش ئەوەوە دێ، تا ئەگاتە بۆرە پیاوان، سەرلەنوێ تازەبووەوە زۆری پێ نەچوو ئەم گۆڕرانە زوو گەشەی کرد، زۆر پەرەی سەند ئەوەیش بەسایەی پێشەوایەتیی غاندییەوە جێ بەجێ بوو[1] ئەوەندە هەیە کە خەباتی نیشتمانی، هەرچەندە ژین تازە ئەکاتەوە و چست و چالاکی زیندوو ئەکاتەوە لەناو نەتەوەدا، بەڵام بەشێکی زۆر لە ئاگاداریی و وریایی و کارگوزاریی داگیر ئەکات، تا مرۆڤ وای لێ دێت دەستی ناپەرژێت هیچ جۆرە چست و چالاکی و خەباتێکی تر بنوێنێ و پەرەی پێ بدات لەبەرئەوە هەستم بەخۆم کرد، کە لەو چەند ساڵانەی پاش گەڕانەوەم بۆ هیندستاندا، لە ژیانی خۆم دڵخۆش نەبووم چونکە پیشەکەم بەهەموو هێز و هەرەتێکی دڵمەوە ڕانە ئەپەڕاند هەروەها باری زرنگکاریی ئەو دەمەیش وابوو، کە هیچ ماوەیەکی نەئەدا بەپەیدابوونی خەباتێکی نیشتمانیی دوژمنانە بەرامبەر بەفەرمانداریی بێگانە منیش چوومە ناو دەستەی کۆنگرە (حزبی مؤتمر)وە هەر کۆبوونەوەیەکیان بکردایە لەگەڵیاندا بووم لە هەندێ دەمی تایبەتی نەتەوایەتیشدا بەهەموو کوڵی دڵمەوە دەستم ئەکرد بەتێکۆشان و فرمانکردن بەڵام ئەوانە هەر جار بەجارێک ڕوویان ئەدا، نەک هەموو دەم!...

بەڵام زۆری پێ نەچوو، جەنگی یەکەمی جیهانی، هەموومانی خەریک کرد بەخۆیەوە هەرچەندە ئەو لەسەرەتادا، لە ئێمەوە دوور بوو بەڵام یاسای بەرگریی هیندستان، توند

(١) کاندهی گاندی (١٨٦٩-١٩٤٨)فەیلەسوف و تێکۆشەر و سەرکردەیەکی گەورەی هیندی بوو، بە(مهاتما- نەفسی بەرز) ناودەبرا، لە ١٨٨٨-١٨٩١ لە لەندەن حقوقی خوێند، لە ١٨٩٣-١٩١٤ لە خوارووی ئەفەریقا کاری پارێزەری دەکرد، لە ١٩١٤ دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی و ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کرد؛ بەڵام بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی، چەند جارێ مان لە خواردن دەگرێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی لە ١٩٤٧دا بەشداری لەو گفتوگۆیانەدا کرد لەگەڵ دەسەڵاتی ئینگلیزدا بۆ سەربەخۆیی هیندستان، دواجار بەدەستی (براهماتیەک)ی توندڕەو تیرۆرکرا، بیر و شێوازی خەبات و کەسایەتیەکەی تا ئێستاش بوونەتە نموونەی بەرزی خەبات لەلای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری لە جیهاندا.



چنگی گرت بەسەر نیشتمانەکەماندا ئیتر هەر ئەوەندە ساڵی دووەمی جەنگی دەستی پێ کرد، دەنگی گەلەکۆمەکێکان و لەناکاو کوشتنەکان و شێوەکانی فرۆفێڵبازیی ڕۆژنامەکان بڵاوبوونەوە بۆ ئەمەی لە (پەنجاب)دا سەربازەکان کۆبکرێنەوە، هەرچەندە بەدەم زۆر ئەوە بڵاوئەکرایەوە کە هیندستان لایەنی بەریتانیا ئەگرێ و بەدڵ پشتیوانی[1] ئەکات، بەڵام لەڕاستیدا بەریتانیا لەلایەن هیندییەکانەوە زۆرکەم خۆش ئەویسترا هەرچەند مام ناوەندییەکان و لە وزە بەدەرەکانیش دەنگی سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیایان ئەهاتە بەرگوێ لە خۆشیاندا گەشکەدار ئەبوون ئەمەیش لەبەرئەوە نەبوو کە ئەمان حەز لە ئەڵمانیا بکەن بەڵام لەبەرئەوە بوو کە حەزیان ئەکرد سەردارەکانی خۆیان بەڕیسواییەوە ببینن!... زۆری پێ نەچوو ژیانی زرنگکاریی دەستی کرد بەجووڵانەوە و گەشەکردن تا ئەیش هات زۆرتر پەرەی ئەسەند چونکە (لۆکامانیا تیلاک)ی پێشەوای هێندستان لە بەندیخانە هاتە دەرەوە و کومەڵە زرنگکارییەکانیش دەستیان کرد بەداواکردنی فەرمانداریی خۆیی(الحكم الذاتي). هەروەها دەستەی کۆنگرەیش زۆرتر کۆبوونەوە ساڵییەکانی خوی ئەکرد[2] بێجگە لەمانە (پەیوەندیی ئیسلامەتی)یش دەستی کرد بەهاوکاریی لەگەڵ (دەستەی کۆنگرە)دا.

## یەکێتیی موسڵمانەکان و هیندۆکەکان زرنگکاریی مام ناوەندیی لە ناوبرد

تەنگ و چەڵەمە تا ئەهات توندتری لێ ئەهات زۆرکەس لە ئێمەیش کە لاوبووین ئەوەمان پێ خۆش بوو چوونکە بەهیوابووین کە کارەساتی گەورە و گرنگ ڕوو بدەن کە بزووتنەوەی داواکردنی (فەرمانداریی خۆیی) زیندوو بووەوە و کەوتە خەباتەوە، پیاوە پیر لە ئەندازە بەدەرەکانی ڕاکێشا بۆ خۆی، کە لە ساڵی (١٩٠٧)وە لە (کۆنگرە) دوورخرابوونەوە هەروەها ژمارەیەکی زۆریشی لە چینی ناوەڕاست کێش کرد بەهەموو پلەکانییەوە ئەوانە هەموویان دەستیان کرد بەخەریک بوون بەزرنگکارییەوە بەڵام بۆرە پیاوانی نەتەوەکەی بۆ کێش نەکرا.

لە بابەت ئەو هێزی بەرگرییەوە کە فەرمانڕەوایی لە ڕۆڵەکانی چینی ناوەڕاستی کۆئەکردەوە و ڕێکی ئەخست، مقۆمقۆیەکی زۆر پەیدابوو و تاوی سەند چونکە ئەم هێزە لەگەڵ هێزە بەرگرییەکانی ئەوروپایی لە هیندستاندا وەک یەک ڕەفتاریان لەگەڵ نەئەکرا ئەمە بووبە هۆی ئەوەی کە بڕیار بدەین، تا ئەم جیاوازییانە لا نەبرێن هیندستان یارمەتی

(١) پشتیوانی: بەرگری.

(٢) کۆنگەساڵانەی حزبەکە، یا کۆنفرانس یا (الأجتماعات السنوية)

بەریتانیای پێ نادرێ ئەوەندە هەبوو بڕیاری ئەوەماندا کە لەگەڵ هێزەکانی بەرگریی شارستانێتیدا هاریکاریی بکەین. چونکە وامان هاتە پێش چاو، کە لە لاوان وا ئەوەشێتەوە. تاماوەیەک مەشقی سەربازانە بکەن لەبەرئەوە سکاڵایەکم پێشکەش کرد کە ئەو جۆرە سەربازییە بکەم لە شاری (ئەڵڵا ئاباد)دا لیژنەیەکمان پێکەوە نا، کە بۆ ئەم پرۆژەیە بانگی ڕائەهێشت کاتێ کە فەرمان ڕەوایی دەستی کرد بەگرتنی هەندێ کەس لەوانەی کە لە بزووتنەوە نیشتمانییەکەدا بوون، منیش دەستم کرد بەهێنانە سەر ڕێی ئەندامانی لیژنەکە- کە باوکیشم لە ناویاندا بوو- بۆ ئەمەی هەموو پەیوەندییەکی خۆمان بەهێزی بەرگرییەکەوە بووەستێنین، لە تۆڵەی ئەوەدا کە فەرمانڕەوایی ئەوکارە ناڕەوایەی کردبوو دەربارەی ئەو نیشتمان پەروەرانەمان جا بۆ ئەم مەبەسە نامەیەکمان بڵاوکردەوە، فەرمانڕەوایی تەنگەتاو کرد زۆری پێ نەچوو باوکیشم لە زرنگکارییە مام ناوەندییەکەی خۆی وازی هێنا چونکە بەدڵ حەزی لەوە نەئەکرد کە سەر بۆ فەرمانڕەوایی زۆر دابنەوێنێ هەرچەندە پێشەوا لە ئەندازە بەدەرەکانی کۆن کێشیان نەکرد بۆ لای خۆیان، بەڵام ئەو کارەساتانەی ڕوویان ئەدا تا ئەندازەیەکی گەورە باریان پێ گۆڕی گەلێک جار باوکم ئەیگوت هێمنی و مام ناوەندیی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کار ناکات، بەکاری هیندستانیش نایەت بەڵام تا موسڵمانەکان و هیندۆکەکان لە شەڕوشۆڕی ناو خۆیان نەکەون و واز لە ناکۆکیی ناو خۆیان نەهێنن و یەک نەگرن، هیندستان کارێکی وای پێ ناکرێت کە جێگە بگرێت و بەکەڵکی خۆی بێت. کاتێ کە کۆنگرە لەساڵی (١٩١٦)دا بڕیاری لەسەر ئەو پرۆژەیەدا کە ئەندامەکانی (کۆنگرە) و (پەیوەندیی ئیسلامەتی) لە کۆبوونەوە گشتییەکەی لیژنەی کۆنگرەدا، لە ماڵی باوکمدا کۆبوونەوە، باوکم یەجگار دڵخۆش بوو.

ئیتر تا ئەهات لە زرنگکاریی مام ناوەندییانە خۆی دوور ئەخستەوە، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی کە ڕێگاکرایەوە بۆ تێکۆشانێکی دوولایی لە ناوەند موسڵمانەکان و هیندۆکەکاندا ئنجا کە پشێویی لەناو خاکە یەکگرتووەکانی هیندستاندا تینی سەند، باوکم وازی لە هێمنی و مام ناوەندێتیی خۆی هێنا مام ناوەندییەکانیش لە کۆنگرەکە چونە دەرەوە! ئەوساکە هاوینی ساڵی ١٩١٨بوو!... خەباتە زرنگکاریەکانم، لە سەرەتای جەنگدا، پچوک پچوک بوون ئەوساکەیش لە وتاردان لەناو کۆبوونەوە گشتییەکاندا خۆم ئەپاراست ئەترسام لەوەی تیا سەرنەکەوم هەستیشم بەوە ئەکرد کە وتارە گشتییەکان نابێ بەزمانی ئینگلیزی بخوێندرێنەوە لە توانای خۆیشم بەگومان بووم کە ئەتوانم بەزمانی هیندستانی وتار بدەم لەبەرئەوە خۆم لەو وتار دانانە ئەپاراست!...



## یەکەم چاوپێکەوتنم بەغاندی

ئەو ساکە کاروباری زرنگکاریی، بەبابەتێک دائەنرا کە گفتگو لەسەرکردنی بێ مەترسی نەبوو، هەر ئەوەندە ئەو بابەتەبکرایەوە، دەمودەست ئاژاوە هەڵ ئەگیرسا باوکیشم بەپەرۆشەوە بو بزانێ بەرەو ئەو پەڕیی ئەڕۆم یان نا...

بەڵام لە ڕاستیدا من بەرە و ئەوە نە ئەچووم کە شێوەی توندیی و تیژیی بەکاربهێنم ئەوەندە هەبوو وام بەپێویست ئەزانی کە بۆ ئەو بارەی هەبوو، سەردانەوێنین کە سەربەرزیی خۆیی و سەربەرزیی گشتیش وای پێ ئەویست کە ڕێگایەکی توندتر و مەردانەتر بگرین بۆ بەرەنگاریی کردنی فەرمانداری بێگانە. باوکیشم دەستی کرد بەوازهێنان لە هێمنی و مام ناوەندێتی بەڵام هەر هەنگاوێکی لەم ڕێگایەوە ئەنا، لەناو مێشکی خۆیا تووشی ئاژاوەیەکی توندوتیژ ئەهات لەو لێکۆڵینەوە و چەند و چوون کردنەیشی مەبەسی ئەوە بوو کە بزانێ ئەو هەنگاوەی ناوێتی لە ئەنجامی خوێن گەرمبوونەوە نەبووە، لە ئەنجامی باوەڕ پێکردنەوە بووە، واتا لە تێگەیشتنەوە!... زۆری پێ نەچوو، ئەو کارەساتانەی کە لە ساڵی ١٩١٩دا لە (پەنجاب)دا قەومان، باوکمیان لە ژیانی پێشووی دوورخستەوە ئیتر هەر ئەوەندە بوو، ئەویش خۆی فڕێدایە ناو گێژاوی ئەو جووڵەیەوە کە (غاندی) دەستی پێ کردبوو لە یەکەم جاردا کە غاندیم دیی، لەشاری (لەکناو) دابوو، لە پشووی جەژنی لە دایک بوونی عیسادا بوو، لە ساڵی ١٩١٦دا. ئەودەمە (کۆنگرە) خەریک بوو کۆ ئەبووەوە ئێمە هەموومان غاندیمان چووبوو بەدڵا، لەبەرئەو خەباتە گەورەیەی کە لە باشووری ئەفەریکادا کردبووی بەڵام بەلای زۆر کەسمانەوە وای ئەنواند کە لە زرنگکارییەوە یەجگار دووربی. بەتایبەتی لەو کردەوەیەیدا کە نەی ئەویست بێتە ناو کۆنگرەوە و هاوکاربێ لە فرمانەکانیا، کە نەی ئەویست لە ڕێگای کاروبارە زرنگکارییە نەتەوەییەکاندا خەبات بکات، کەچی هەموو خەبات و تێکۆشانێکی خۆی تەرخان کردبوو بۆ چارەکردنی گیروگرفتی هیندییەکان لە باشووری ئەفەریکادا بەڵام زۆری پێ نەچوو، غاندیمان دیی خۆی ئامادەکردبوو کە لەناو هیندستان خۆیشیدا شێوەی خەباتکردنەکەی خۆی بەکاربهێنی ئەم شێوەی خەباتکردنەی غاندییەیش موژدەی سەرکەوتنی ئەدا.

منیش لەوکاتەدا هەر بریتی بووم لە پیاوێکی نیشتمان پەروەر سەر بەهیچ دەستە (حزب)یەک نەبووم ئەو بیر و باوەڕە هاوبەشی (سوسیالیستی)یانەیش کە لە ڕۆژانی خوێندنی ناو زانستگادا وەرم گرتبوون، بێ ئەمەی باش تێیان بگەم، هیچیان لە

مێشکمانەمان بەڵام بەهۆی ئەو نووسراوانەوە کە ئەم خوێندنەوە، زۆری پێ نەچوو، ژیبیلەمۆی ئەو بیروباوەڕانەم دووبارە کلێپەیان کردەوە بەڵام بیروباوەڕەکان، تەواو دیار نەبوون، بەڕۆشنی دەرنەئەکەوتن، لە شێوەیەکی مرۆڤایەتیی بێ هاوتادا زۆرتر ئەیاننوواند، لەوەی کە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی زانستی بن، یەکێک لەو نووسەرانەی کە لەکاتی جەنگ و دوای جەنگدا بەدڵما چووبوون (بەرتراند ڕەسل)بوو جا لەوکاتەدا بیرەکانم و ئارەزووەکانی دڵم لەناو دەروونمدا بەگژ یەکدا ئەچوون!...

وایشیان لێ کرد بووم کە حەز لە پیشەکەی خۆم نەکەم زۆری پێ نەچوو، ئەوە بەتەواوەتی چووە دڵمەوە کە هەرگیز ئەوەم بۆ نالوێ کە لەسەرێکەوە دەست بدەمە کاروباری گشتی و لەسەرێکیشەوە خەریکی پیشەی پشتیوانی بم، گیروگرفتەکەم لەسەرچاوەی بیروباوەڕەوە نەهاتبووە دەرەوە لەسەرچاوەی کات و توانا وە هاتبووە دەرەوە!...

جا لەوکاتەدا کە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩١٦بوو، ژنم هێنا... ئەو ساکەیش ئەوەم بەبیردا نەئەهات کە کارەساتی وا ڕووبدات کە ژنەکەی خۆمم لەبیرباتەوە!...

## هاوکاریی نەکردن لەگەڵ فەرمانڕەوایی بەریتانیادا

کە جەنگی یەکەمی جیهانی تەواوبوو، هیندستان دڵی پڕبووبوو لە ئاژاوەیەکی شارراوە پیشەسازیی پەرەی سەندبوو، چینی دەوڵەمەندەکانیش سامان و دەسەڵاتیان گەشەی کردبوو کەچی تا ئەهات چاوچنۆکتریان لێ ئەهات. بەڵام زۆربەی نەتەوە وەک ئەوان نەبوون، خۆش گوزەران نەبوون، هەموو ئاواتێکیان ئەوە بوو کە ڕۆژێک بێت وباری ژیانیان سوک ببێ هەرچی چینی ناوەڕاستیش بوو، بەهەموو پلەکانیەوە لە سامان و خوێندەوارییدا، چاوەڕوانی ئەوەیان ئەکرد کە گۆڕانێکی گەورە بێت بەسەر دەستوری هیندستاندا کە لە ئەنجامدا هیندستان(فەرمانداریی خۆی)ی دەست بکەوێ هەموولایەک بەباوەڕ بەخۆکردن و بەخۆدا ڕاپەرموونێکەوە دەستیان کردبوو بەلێ دووان لە بابەت (بڕیاردانی ئەنجام) و (سەربەخۆیی ناوەوە) ئەم پەشێواویی و دڵ شێواوی یەیش بەجۆرێکی وا بڵاوبووبووەوە، تەنانەت بۆرە پیاوان بەتایبەتی لادێییەکانیشی گرتبووەوە چونکە دانیشتوانی لادێکانی ناوچەی (پەنجاب) هێشتا ئەوەیان لە بیر نەچووبووەوە کە لە چ شێوەیەکی دڕندانەدا سەربازیان لێ کۆکردبوونەوە لە کاتی جەنگدا هەروەها ئەو سەربازانەیش کە لە کۆڕی شەڕە دوورەکانەوە ئەهاتنەوە، لەسەر باری پشیووی خۆیان



نەمابوونەوە، هەرچییەکیان پێ بگوترێ ملی بۆ کەچ بکەن، چاویان کرابووەوە لە جاران زۆرتر لە کاروباری گشتی تێ ئەگەیشتن لەبەرئەوە زۆرتر لە جاران، لەو بارەی کە تیادابوون، بۆڵەیان ئەکرد هەر وەها موسڵمانەکانیش تووڕەییان کەوتبووە ناوەوە، بۆڵەبۆڵیان بوو لە دەست ئەو کردەوەیەی لەگەڵ (تورکیا )دا کرا، لەگەڵ جێنشینیی پێغەمبەر (خلافت)دا کرا[1]، لە بڕانەوەی جەنگدا بەم ڕەنگە لە هەموو لایەکەوە بەپەرۆشەوە بوون و چاوەڕوانییان ئەکرد کە کاروبار بگۆڕێ بەلای چاکیدا، بەواتایەکی تر: هیواو ئاواتێکی وایان هەبوو کە ترس و گلاراویی تێکەڵ بووبوو!... پاش ئەوە پرۆژەی یاسای (راولات) هاتە پێشەوە، کە پڕبوو لەو بەندانەی ڕێ ئەدەن بەگرتن و چەند و چوون کردن بێ ئەمەی گوێ بدرێتە ئەو ڕەوشت و کردارانەی کە یاساکان دایاننابوو بەکاربهێنرێن یاخود پەیڕەوی بکرێن ئەم پرۆژەیە پڕبوو لە دڵ ڕەقی. لەبەرئەوە شەپۆلی تووڕەیی هەموو هیندستانی گرتەوە لە هەموو هیندییەکانیشەوە، بەهەموو دەستەو کۆمەڵەیەکیانەوە، بەرامبەر ئەم پرۆژەیە بێزاریی دەربڕا لەگەڵ ئەوەیشدا (یاسا )کە هەر دەرچوو!... تەنیا ئاسانییەکی تیا نوێنرا ئەویش ئەوە بوو کە ئەو یاسایە تا سێ ساڵی تر نەخرێتە گەڕ!... جا ئەم سێ ساڵەیش لە هەموو ساڵەکانی تری هیندستان پشێوییان زۆرتر تیابوو!... هەر وەک فەرمانڕەوایی بەریتانیا یاسایەکی دانابێ و هەرگیز بەکارنەهێنرابێ وابوو بەڵام بەهۆی ئەو یاسایەوە ئاژاوەنرایەوە.تەنانەت پیاو وای لێ دێ کە بیری بەلای ئەوەدا بچێ کە ئەو یاسایە هەر بۆ ئەوە دانرابوو کە پشێویی بخاتە ناو هیندستانەوە، یاخود کە پەرە بدات بەپشێوی ناو هیندستان!...

غاندیش لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩دا تووشی دەردێکی گران هاتبوو هێشتا چاک

(١) لە هەموو سەردەمێکدا گەلان لە خشتە دەبرین، ئەگین خەلافەتێکی داڕزیوی وەک عوسمانی چنگ بەخوێنی نەتەوە موسڵمانەکانی ژێردەستی، دەبێ شایانی چ لە سەرکردنەوە و بەرگری کردنێکبێ لەو رۆژگارەدا، زیاتر لەوەی چەواشەکاریەک بوو بەناو ئیسلام و خەلیفەیەتیەوە. کتومت وەک ئەو سۆز و لایەنگرتنەی هەندێ لە گەلانی موسڵمانی ئەندۆنیسیا و مالیزیا و پاکستان هەیانبوو بۆ سەددامی دیکتاتۆر و رژێمەکەی لە گەرمەی پرۆسەی ئازادی عێراقدا، ئەمانە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی لاف و گەزافی رژێم و پیاوانی بەعسەوە کە موسڵمانن و دووچاری هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی (کافر!!) بوونەوە، بەڵام بێ ئەوەی شتێ لە تاوان و جینایەتەکانی ئەو رژێمە و سەددام بزانن کە دژی کوردی موسڵمان بەتایبەت و عێراقییەکان ئەنجامیدا بوون... لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەبێ بوترێ کە (دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە).

نەبووبووەوە، تکای لە جێنشینی خونکار کرد کە ئەو یاسای (راولات)ە پەسەند نەکات ئنجا کە جێنشینی خونکار کەم تەرخەمیی نوواند بەرامبەر هاوارەکەی غاندی، وەک کەمتەرخەمییەکانی تری کە هەموو دەم ئەینواندن غاندی خۆی کردە سەرکردەی سەرکێشییەکی وەها کە هەموو هیندستانی گرتەوە ئنجا دەستی کرد بەبزووتنەوەی هاوکاریی نەکردن لەگەڵ فەرمانڕەواییدا!... ئنجا کە پرۆژەکەی غاندیم کەوتە بەرچاو و تێی گەیشتم، شادمانییەکی گەورە بەدڵم گەیشت، چونکی شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و ئاشکرا و بەکاری گرتبوو!...

## لەسەر زەوی ئەنوست بۆ ئەمەی ناخۆشیی بەندیخانە تاقی بکاتەوە

منیش بەهەموو کوڵی دڵێکمەوە حەزم ئەکرد بچمە ناو ئەو بزووتنەوەیەوە هیچ بیرم لە دواڕۆژی خۆم نەئەکردەوە، کە هەرەکەمەکەیان بەندیخانە بوو بەڵام باوکم هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوەکەی پێ باش نەبوو هەر چەند بیری لە ئەنجامەکانی ئەکردەوە، خۆی لێ دوور ئەخستەوە ئەوە چ کەڵکێکی هەبوو کە گەلێک کەس بخرێنە بەندیخانەوە ئایا ئەمە چی کارێک ئەکاتە سەر فەرمانڕەوایی؟!...

تا چەند ڕۆژێکیش لەناو دەروونماندا شەڕ و ئاژاوە دەستی پێ کردبوو هەرچی باوکم بوو، یەجگار هۆگری منداڵەکانی خۆی بوو.

هەرچی منیش بووم ئەمویست لە ئازارەکانی کەم بکەمەوە لەگەڵ ئەمەشا هیچ لەو باوەڕە بەدەر نەبووم کە بەپێویستی بزانم بچمە ناو بزووتنەوەکەوە. من و باوکم، هەردووکمان، کاتێکی سەختمان بەسەربرد گەلێک شەوی واهەبوو، بێ پەروا ئەچوومە دەرەوە، بەتەنیایی، دڵ پەرێشان و دەروون پڕ لە ئازار، بەهەموو کوڵی دڵمەوە خەریکی ئەوە ئەبووم ڕێگایەک بۆ خۆم بدۆزمەوە تا لەم تەنگ و چەڵەمەیە ڕزگارم ببێ!... پاش ئەوە، پێم زانی کە باوکم نوستنی سەر زەویی تاقیکردۆتەوە، هەر بۆ ئەمەی ئەوە بزانێ کە لە دواڕۆژدا بەنستنی سەر زەویی ناو بەندیخانەوە چەند ئەکەومە ئازارەوە!... زۆری پێ نەچوو غاندی هاتە (ئەللا ئاباد) باوکم بانگی کردبووە ئەوێ هەردوولایان بەگفتوگۆیەکی زۆر دوور و درێژەوە کاتیان بەسەر برد بوو بەڵام من لەلایان نەبووم ئەنجامی ئەوەیش بەمەگەیشت کە (غاندی) ئامۆژگاری کردم، ئەوەندە خۆم فرێ نەدەمە ناو بزووتنەوەکەوە، کە باوکم پێی تووڕە ببێ!... منیش ئەمەم زۆر پێ ناخۆش بوو بەڵام کارەسات ئەوەندە گۆڕرا کە ناچاربوون بزووتنەوەکە بوەستێنن چونکە نەتەوە لە شارەکانی (دەلهی) و



(ئەمریتسار)دا چووبوون بەگژ باڵباز و سەربازەکاندا بۆرە پیاوەکانی (ئەمریتسار) و (احمد ئاباد)یش کردەوەی توندوتیژیان پیشان دابوو کوشتاریش لە (جالیا نوالاباغ)دا ڕووی دابوو (پەنجاب)یش لە هەموو خاکەکانی هیندستان جوێ کرابووەوە هەرچییەکی تیا ڕوو ئەدا، ڕەنگەکەی نەئەگەیشتە کەس ئێمەیش بێ هێز و بێ دەسەڵات، چاوەڕوانیی ئەوەمان ئەکرد کە لە بارەی باری ئەو ناوەوە دەنگێکمان بگاتێ زۆری پێ نەچوو، کۆمەڵێکی گەورە لە ئەندامانی کۆنگرەکە دەستیان کرد بەیارمەتیدان و لێکۆڵینەوە هەر ئەوەندە فەرمانداریی سەربازیی لەسەر هەندێ لای (پەنجاب) هەڵگیرا، ئەو کۆمەڵە دەمودەست گەیشتنە (پەنجاب) ئەوانەی دەستیان بەلێکۆڵینەوە و پرسیار کرد بوو لەژێر سەرپەرشتیی غاندی دابوون لەوکاتەدا کە لە بابەت کارەساتەکانی (پەنجاب)ەوە لێکۆڵینەوە ئەکرا غاندیم زۆر چاوپێ ئەکەوت بەرەبەرە چووە دڵمەوە کە غاندی لە کاروباری زرنگکارییدا زۆر دووربین بوو کارەساتەکانی پەنجاب و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان کارێکی گەورەیان کردبووە سەر باوکم لە پاش ساڵێک ئەنجامی ئەوەمان بۆ دەرکەوت.

کۆنگرەی (ئەمریتسار) یەکەم کۆبوونەوەی کۆنگرەی پێک هێنا، کە غاندیش هاتبووە ناویەوە لەوەیشا هیچ گومانێک نەمابوو کە زۆربەی ئەندامەکان و ئەو کۆمەڵانەی کە لەو دییو کۆنگرەکەوە گرد بووبوونەوە، چاوەڕوانی ئەوەبوون غاندی ببێتە پێشەوای کۆنگرەکە و ئەو کۆمەڵانە پێشەوا موسڵمانەکانی هیندستانیش (مەولای محەمەد عەلی) و (ڕەزا) و (شەوکەت)ی براکانی کە تازە لە بەندیخانە هاتبوونە دەرەوە، ئەوانیش گەیشتن بە کۆنگرەکەدا و هاتنە ناویەوە... زووبەزوو بزوتنەوە نیشتمانییەکەمان چووە ڕەنگ و شێوەیەکی تازەوە... غاندیش دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی خواستەکەی خۆی کە بریتی بوو لە زرنگکارییەکی (دوور لە توندیی و تیژیی) و، (دوور لە یارمەتیدانی فەرمانڕەوایی)یەوە زۆری پێ نەچوو لیژنەیەک لە هیندستاندا پێک هات بۆ جێنشینی پێغەمبەری ئیسلام، کە زووبەزوو بەسایەی هێز و دەسەڵاتی غاندییەوە بووبەو کۆمەڵەی کە نێررایە سەر جێنشینی خونکار لە هیندستاندا، بۆ ئەمەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات لە بابەت جێنشینیی پێغەمبەرەوە غاندی خۆیشی ئەندامێک بوو لەم کۆمەڵەیەدا.

ئەوەیش ئاشکرا بوو کە فەرمانڕەوایی نیازی ئەوەی نەبوو کە خواستەکانی ئەولیژنەیە پێک بهێنێ لەبەرئەوە چاوەڕوانی ئەوە ئەکرا کە هەرایەک لەناو هەردوولادا بەرپا ببێ لەبەر ئەوە چەند گفتوگۆیەکی دوورودرێژ کرا لەگەڵ پێشەوا و زاناکانی موسڵمانەکاندا، لە

بابەت (بێ توندوتیژیی) و (بێ یارمەتی دان)ەوە لێکۆڵینەوە زۆرکرا غاندی تێی گەیاندن کە ئامادەیە بۆ دەست گیرۆییان لە هەموو کاروبارێکدا بەمەرجێ بیروباوەڕی (بێ توندوتییژیی) پەسەند بکەن و بەکارییشی بهێنن.

لەوە پاش هەر دوو بزووتنەوەکە، هی نیشتمانی و هی جێنشینیی پێغەمبەر، شان بەشانی یەکتر، لە ساڵی ١٩٢٠دا گۆڕران و و چونە شێوەیەکی ترەوە یەکەم ڕۆژی مانگی گەلاوێژ (ئوگوست) دیاردیی کرا، بۆ ئەمەی ببێتە نوخشەی بزووتنەوەی (بێ توندوتییژیی) و (بێ یارمەتیدان).

## باڵباز لە دایکم و ژنەکەمم دوور ئەخاتەوە

ئەو کاروبارە زرنگکارییانەی کە پێیانەوە خەریک بووم، ئەو کاروبارانە بوون کە چینی من... چینی ناوەڕاست پێیانەوە خەریک بوون!... ئەوانەی لایەنگیرانی هێمنی و مام ناوەندییش بوون، بریتی بوون لە چەند کەسێک لە گەورە گەورەکانی ڕۆڵەکانی ئەم چینە، ئەوانە بوون کە بەجۆرێکی تێکڕایی بەسایەی فەرمانداریی بەریتانیاوە بووبوونە خاوەن پارە و سامان جا ئەمانە حەزیان بەهیچ هەڵگێڕان و وەرگێڕانێکی توند و تییژ نەئەکرد بقەومێ، نەوەک هێز و دەسەڵات و سایە و پایە و سەرمایەکانیان لە دەست بچن یەکێک لەو خواستانەی کە کۆنگرەکە، خۆی، بەتەنگیەوە بوو، لە ساڵەکانی سەرەتایدا، ئەوە بوو کە خەبات بکرێ بۆ بڕینەوەیەکی گیروگرفتەکانی زەوی لە شێوەیەکی هەمووەمیدا، لەو ناوچانەدا کە هێشتا زەویدارییان تیا جێگیر نەبووبوو، ئەویش بۆ ئەمەی کە مافەکانی خاوەن زەوییەکان بپارێزرێن... لێرەدا هیچ ناوی ئەوانە نەبرابوو کە زەوییان بەکرێ ئەگرت!... منیش لە ساڵی ١٩٢٠دا، هیچ شارەزاییەکم نەبوو لە بابەت کارەساتی فرمان کردنەوە، نە لە کارخانەکاندا، نە لە کێڵگەکاندا. هەر ئەوەندەم ئەزانی کە هەژارییەکی بێ ئەندازە و سەرگەردانییەکی پڕ ئەرک و ئازار هەن بۆ ئەوانەی کە فرمانیان تیائەکردن هەستم کرد، کە ئەگەر هیندستان بیەوێ لە ڕووی زرنگکارییەوە سەربەخۆیی دەست بکەوێ، پێویستە لە پێش هەموو شتێکا چارەی گیروگرفتی هەژاریی بکات وایشم بۆ دەرکەوت کە دووەم هەنگاوی هیندستان ئەبێ ئەوەبێ کە لە ڕووی زرنگکارییەوە خۆی ڕزگار بکات، لە دەست فەرمانداریی بێگانە و هێز و دەسەڵاتی چینی ناوەڕاست هەر لەوساکەوە دەستم کرد بەخەریک بوون بەچارەکردنی گیروگرفتەکانی جوتیارەکانەوە، کە خەمخۆرییەکی تازە کەوتە ناو ژیانمەوە، کە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵەکانی دواییدا



بەشێکی گەورە لە ژیانم داگیر بکات ئەویش ئەوەبوو کە تێکەڵ بەجووتیارەکان، خۆیان، ئەبووم!... دایکم و (کەمالا)ی ژنم هەر دووکیان لە شیان تێک چوو بوو ئەوساکە سەرەتای مانگی پێنجەمی ساڵی ١٩٢٠بوو. لەگەڵ هەردووکیاندا چووم بۆ (مسوری) واڕێکەوتبوو کە ئەو میوانخانەیەی تیا دابەزیبووین کۆمەڵێکی نێرراوەی ئەفغانیی تیا دابەزی بوو، بۆ ئەوە هاتبوونە ئەوێ کە لەگەڵ نێرراوانی بەریتانیادا گفتوگۆ بکەن بەبۆنەی بڕانەوەی شەڕە پچکۆڵەکەی ئەفغانستانەوە کە لە ساڵی ١٩١٩دا کردبووی جا لەگەڵ ئەوەیشا کە من مانگێک لەوێدا مابوومەوە، بێ ئەمەی یەکێک ببینم لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ئەفغانییە، کەچی لە ناکاو سەرۆکی باڵبازەکان، ڕۆژێکیان خۆی گەیاندە لام و پێی گوتم فەرمانڕەوایی ئەو جێگایە داوای لێ کردووە کە بەڵێنێک لە من وەربگرێ بۆ ئەمەی تێکەڵ بەو کۆمەڵە ئەفغانییە نەبم جا لەبەر ئەوەی ئەوەم بەپێویست نەئەزانی و هەر لەسەر بەرپەرچدانەوەی خۆم ئەڕۆیشتم، فەرمانێک دەرکرا کە لەو ناوچەیە دووربخرێمەوە!... هەرچەندە لەدوای ئەوە، کە لەشی دایکم تێک چووەوە، دووبارە گەڕامەوە ئەوێ و گوێم نەدایە هیچ فەرمانێکی ئەوانە، بەڵام بەهۆی دوورخستنەوەکەمەوە، دوو هەفتەم دەست کەوت کە لە شاری (ئەڵڵا ئاباد)دا ڕاببوێرم جا لەم کاتەدا بوو کە خۆم هاویشتە ناو بزووتنەوەی جووتیارەکانەوە وا ڕێککەوت کە لە سەرەتای مانگی خەرمانان (یۆنێو)ی ساڵی ١٩٢٠دا وەک بەبیرمادێ نزیکەی دووسەد جووتیارێک پەنجامیل ڕێگەیان بەپێ بڕی لە ناوچەی (بارتابجارە)ی ناوەوە دەستیان بەڕۆیشتن کرد تا گەیشتنە شاری (ئەڵڵا ئاباد) مەبەسیشیان ئەوە بوو کە سەرنجی زرنگکارە گەورەکان ڕابکێشن بۆ ئەوەی کە سەرگەردانی و هەژارییان ببینن، منیش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا بەپیریانەوە چووم کە تەماشام کرد چیرۆکی وایان ئەگێڕایەوە، کە جەرگی پیاوی ئەسوتاند لە بابەت ئەو کردەوە نامەردانانەوە ئەدوان کە خاوەن زەوییە گەورەکان و خاوەن دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی دەربارەیان کردبوون زۆری پێ نەچوو لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانم چوومە سەردانیان، لەناو دێهاتەکانی خۆیاندا سێ ڕۆژ لە ناویاندا ماینەوە جا ئەم سەر لێدانە بوو کە پەردەی لەبەر چاوما لابرد و ڕاستییەکانم بەڕووتییەوە هاتنە بەرچاو!...

## شەڕکردنی بەچەک و تۆقاندنی لادێییەکان

گوندەکانمان وا هاتە پێش چاو، دەروونیان ورووژابوو، سەریان گەرم بووبوو، خوێنیان هاتبووە جۆش هەر هاوارێک بکرایە و بگەییشتایە گوێی لادێییەکان: (سیتارام)، زۆری پێ نەئەچوو بەهەزاران کۆ ئەبوونەوە و ئەهاتن بەهاوارەکەوە!... نەتەوە، بەرگەکانی شڕوپڕبوون، بەڵام لەسەر و چاویاندا ئازار و هاوار دیاربوون. هەر بەچاویاندا دیاربوو کە چاوەڕوانی کارەساتی گرنگ و سەیریان ئەکرد بۆ ئەمەی لە شێوەیەکی چاو بەستانەدا لە دەست ئەو سەرگەردانییە ڕزگاریان بکات!... منیش گوێم هەڵ خست بۆ چیرۆکە پڕ ئازارەکانیان: کرێ گرانەکانی زەوییەکان کە بەزۆر لێیان ئەسەندن، ئەو باجە ناڕەوایانەی کە ناچاریان ئەکردن بیدەن، دەرکردنیان لە کۆڵیتە لە قوڕ دروست کراوەکان و زەوییەکان لێ دانیان و سەر و گوێلاک شکاندنیان، تووش بوونیان بەسەرکارە خوێن مژەکانی خاوەن زەویەکان و سووخۆرەکان و سەربازەکان!...سەرلێ دانی دێهاتەکانمان گەلێک جار دووبارە ئەکردەوە.

لە ئوتومبیلەکەمان ئەهاتینە دەرەوە و بەپێ ئەگەڕاین بەناو دێهاتەکاندا بەسایەی جووتیارەکانەوە شەرمم نەما ئەو جووتیارانە بو فێریان کردم کە چۆن لەگەڵ کۆمەڵاندا گفتوگۆ بکەم من شارەزای هونەرەکانی قسەکردن نەبووم بەڵام هەر وەک پیاوێک قسە بۆ پیاوێک بکات، وام قسە لەگەڵ ئەکردن هەرچی لە دڵ و هۆشما بوو بۆم دەر ئەبڕین جا بەدرێژایی ساڵی ١٩٢١ هەر سەرم لە گوندەکان ئەدا پاشان پەرەمدا بەم کاروفرمانە تازەیەم، تا هەموو خاکە یەکگرتووەکانی هیندستانی گرتەوە توانرا بانگ ڕاهێشتنی: (یارمەتی نەدانی فەرمانڕەوایی) بگەیێنرێتە گوندە هەرە دوورەکان لەگەڵ ئەمەشا بزووتنەوەی (یارمەتی نەدان)ەکە و بزووتنەوەی (ڕاست کردنەوەی کاروباری کشتوکاڵ)ەکە، یەکیان نەگرت و هەر بەجوێ جوێ مانەوە بانگ ڕاهێشتنەکەی کۆنگرە و هاوارەکانی، کاری کردە سەر جووتیارەکان، جڵەوی تەووژم و تینی پشم و قین و ڕقەکەیانی کێشایەدواوە ئەگینا بزووتنەوەکانی جووتیارەکان، خۆیان لە خۆیاندا، بەهێزو هەڕەت و توندوتیژن تەنیا پزیسکێکی بەس بوو، کە ئاگرێکی شۆڕشی کڵپە داریان لێ بکاتەوە!... لەگەڵ ئەمەشا، هەر ئەبوو ئەو هێزو هەڕەت و توندوتیژییە دەربکەوێ چونکە فەرمانڕەوایی لەوانە نەبوو کە بەئاسانی بێتە پێشەوە لەگەڵ جووتیارەکاندا، کە ئەیبینی هێز و هەڕەت و یەکێتییان لە پەرەسەندن دایە!... وا ڕێک کەوت کە لە پاییزی ساڵی



١٩٢٠دا فەرمانڕەوایی چەند کەسێکی لە پێشەواکانیان گرت بەڵام کە ڕۆژی دادگەریی هات، جووتیارەکان بەکۆمەڵە هێرشیان هێنایە سەر دادگا، دادگەرەکانیش ناچاربوون کەینەوبەینەکەیان دواخست بۆ ڕۆژێکی تر بەڵام لە ڕۆژی دواییدا کۆمەڵەکانی جووتیارەکان زۆرتریان لێ هات، تەنانەت وای لێهاتبوو چوارلای دادگاکە بگرن زۆری پێ نەچوو بەشێوەیەکی سەرپێی و سەرزاریی چەند و چوونێک لەگەڵ بەندییەکاندا کرا لەناو بەندیخانەدا، پاش ئەوە بەڕەڵڵایش کران جووتیارەکانیش ئەمەیان بەسەرکەوتنێکی گەورەیان دانا بۆ خۆیان!...

لە سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٢١دا، بروسکە نامەیەکم وەرگرت لە ناوچەی (رای باریلی)یەوە، داوایان کردبووم بۆ ئەوێ وا دەرئەکەوت کە لەوێ دا خەریک بوو پشێویی و ئاژاوەیەکی گەورە بقەومێ چەند سەکردەیەکی جووتیارەکانی ئەوناوە گیرابوون جووتیارەکانیش سەرکەوتنە گەورەکەی پێشووی خۆیان بیرکەوتبووەوە لەبەرئەوە لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێنایە ئەوێ بەڵام ئەمجارە فەرمانڕەوایی خۆی پێ نەگیرا، بەچاکی لە گەڵیاندا ببزوێتەوە دەستی کرد بەکۆکردنەوەی باڵباز و سەربازەکان بۆ بەرەنگاریی کردنیان کە منیش گەیشتمە ئەوێ گەورەی ناوچەکە ڕێی نەدام بچمە ناو جووتیارەکانەوە هەر دوولا تێک بەربوون جووتیارەکانیش هەر خشتیان بەدەستەوە بوو بیماڵن بەباڵباز و سەربازەکاندا ئەمانیش گوللەبارانیان ئەکردن لەگەڵ ئەمەشا ئەم تێک بەربوونە بووە هۆی ئەوەی کە هەموو ترسێکی لە دڵی جووتیارەکان کردە دەرەوە.

## خەڕەک فەرمانداریی بەریتانیا وەڕس ئەکات

جارێکی تریش فەرمانڕەوایی گوللەی نایەوە بەناوچەکەوە پاش ئەوە سەردەمێکی تۆقاندن داهات، کە هەر کەسێ بناسرایە لە بزووتنەوەی جووتیارەکاندا ئازار ئەدرا چونکە فەرمانڕەوایی نیازی وابوو بزووتنەوەکە لە ناوببات بزووتنەوەی (تەشی ڕستن)یش لەناو جووتیارەکاندا بڵاو بووبووەوە. هانەدانەکە لە کۆنگرەوە بووبوو زۆری پێ نەچوو (تەشی ڕستن)بوو بەنیشانەی سەرکێشی کردن لە فەرمانڕەوایی و، هۆی تەنگو چەڵەمە بۆ ئەو کەسەی کە بەدەستیەوە ئەگیرا!... تەنگەتاوکردنی جووتیارەکان لە ناوچەی (فیز ئاباد)دا، کە لە ساڵی ١٩٢١دا ڕوویدا، بوو بەهۆی ئەوەی کە جووتیارەکان ڕوو بکەنە کارێکی سەرسوڕهێنەر چونکە جووتیارەکان هوروژمیان بردەسەر سامانی یەکێک لە خاوەن زەوییە گەورەکان وتاڵانیان کرد ئەوانە لەبەر ناشێتی و نەزانیی خۆیان بووبوونە نێچیری زۆرزانی

نۆکەرەکانی خاوەن زەوییەکی تر چونکە ئەو نۆکەرانە وایان خستبووە مێشکی جووتیارەکانەوە کە ئەم تالآن کردنە دڵی غاندی خۆش ئەکات!...

منیش بەقین هەڵساوییەکەوە ڕووم کردە شوێنی کارەساتەکە کۆبوونەوەیەکم پێک هێنا، پێنج شەش هەزار جووتیاری دێهاتی ئەو ناوەی تیا گرد بووبووەوە... بەهەموو توندوتیژییەکەوە توانج و پلارم گرتە کردەوەکەیان تاوانبارەکانیشم بانگ کرد کە بە ئاشکرا پێ بەتاوانی خۆیاندا بنێن... بەڵام کە لەوە پاش بۆم دەرکەوت ئەوانە چەواشەکرابوون و لە خشتە برابوون، بۆیەکا ئەو کەتنەیان کردبوو، کە پێ لێ نانەکەیشیان لە گوناهی خۆیان سەرئەفرازی نەکردبوون لە دەست فەرمانڕەوایی، بەپێچەوانەوە فەرمانڕەوای لەسەر ئەوە قینی لێ هەڵگرتبوون و داخی دڵی خۆی پێ ڕشتبوون، زۆر خەفەتم خوارد فەرمانڕەوایی هەزار کەسی زۆرتر لێ گرتبوون چەندو چوونکردنی دادگایش لەگەڵ ئەو جووتیارانەدا نزیکەی ساڵێکی خایاند بوو زۆریان لە بەندیخانەی ناوچەکەدا مردبوون ئەوانی تریشیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە بەندیخانەدا مابوونەوە تا ساڵێکی تەواویش بزووتنەوەی جووتیارەکان خۆی ڕاگرت بەرامبەر دەست وەشاندنی جووتلایی فەرمانڕەوایی و خاوەن زەوییە گەورەکان بەڵام برسێتی و نەخۆشی بەرەنگاریان بوو، زۆری پێ نەچوو بەملیۆن کەسی لە لایەنگیرانی بزووتنەوەکە کوشت ئیتر لەوە بەولاوە بزووتنەوەکە هێزی تیانەما، کزبوو وکشایەوە لەگەڵ ئەمەشا توانی فەرمانڕەوایی بتۆقێنێ و بیخاتە سەر ئەوەی کە دەمودەست یاسایەک دەر بکات کە چارەی بەکرێ دانی زەوی بکات!...

## ئینگلیزەکان ورە بەرئەدەن

باوکیشم تەنیا کەسێک بوو لە پێشەوا کۆنەکان، لە ناسراوەکان، کە لەو سەردەمەدا پشتی غاندیی ئەگرت ئەمەیش بۆ ئەو ئاسان نەبوو ماوەیەکی دوورودرێژ بیری لێ کردبووەوە ئنجا دەستی دابویە چونکە (یارمەتی نەدان) ئەوەی ئەگەیاند کە دەست لە پێشە یاساییەکەی خۆی بکێشێتەوە، کە واز لە ژیانی پێشووی خۆی بهێنێ و، لە شێوەیەکی تازەدا بژی... ئەمەیش بەکارێکی ئاسان دانانرێ بۆ ئەو کەسەی کەگەیشتبێتە تەمەنێکی شەست ساڵی، ئەوەندە هەیە، هۆشەکەی و، هێزی تێ گەیشتنەکەی و، هەست کردنەکەی بەڕێزگرتنی خۆی و، سەربەرزییەکەی... ئەمانە هەموویان پێکەوە گردبوونەوە و پاڵیان پێوەنا و خستیانە باوەشی بزووتنەوە تازەکەوە، کە بەهەموو دڵێکیەوە هۆگری بوو...



ئەمەیش زۆرتر لەوەوە ڕوویدا کە مەرگەساتەکەی (پەنجاب) و کارەساتە گرنگەکە ناخۆشەکانی پاش ئەوی چاوپێ کەوت... کەسایەتی غاندی یەجگار چوو بوو بەدڵیا دۆستایەتییەکەیشیان شێوەیەکی بێ هاوتای هەبوو هەرچی غاندی بوو، پیاوێکی خوا پەرستی بەرز و پیرۆز بوو، دوور بوو لە خۆش ڕابواردن و بەزموڕەزمی جیهانییەوە، خۆی لە هەموو ئالۆش و خرۆشێکی لەش لائەدا هەرچی باوکیشم بوو هۆگری ژیان بووبوو، خۆی هاویشتبووە ناویەوە، خۆشیی لە خۆش ڕابواردنە ڕەنگاوڕەنگە کانی ئەبینی بەتەنگ ئەوەیشەوە نەبوو کە لە پاشە ڕۆژدا چی بەسەر دێ!... لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ پەیوەندیی و چاکەی دوولایی هەبوون لە ئارادا کە هەردوولایانی کێش ئەکرد بۆ لای یەکتری، کە هەردوولایانی ئەکرد بەدۆستێکی گیانی، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە ئامانجەکانی زرنگکاریی هەردوولایان لە یەکتر جوێ بووبوونەوە...

جا کە کۆنگرە کۆبوونەوە تایبەتییەکەی خۆی کرد لە شاری (کەلکەتتا)دا، سەردەمی غاندی دەستی پێ کرد لە گێڕانی زرنگکاریی دەستە (حزب)ەکەدا کە تەماشامان کرد کۆنگرەکە گۆڕا بوو، لە کۆنگرەی پێشووی نەئەکرد جلوبەرگی ئەوروپاییان تیانەئەدیی چینێکی تازەیش لە ئەندامان هاتبوونە ناوەوە، کە لەپلەی هەرەکەمی چینی ناوەڕاستەوە هەڵ بژێررا بوون!...

زمانی هیندوستانی زۆرتر بەکار ئەهێنرا لە جاران. هەندێ جاریش زمانەکانی ناوچەکانی تری هیندستانیش بەکارئەهێنران لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکەدا گیانێکی تازە و خوێن گەرمییەکی تازە دەرئەکەوتن... زوو بەزوو بزووتنەوەی (یارمەتی نەدان) پەرەی سەند بانگ ڕاهێشتنی (واز لە هەڵبژاردن هێنان بۆ کۆڕی یاسای تازە) سەرکەوتنێکی یەجگار گەورەی دەست کەوت لە کاتێکا کە وەرەی ئێمە بەرز ئەبووەوە، گیانی فەرمانڕەوایی نزم ئەبووەوە دەسەڵاتدارەکانی فەرمانڕەوایی تاماوەیەکی دوورودرێژ سەریان ئەهێنا و سەریان ئەبرد نەیان ئەوێرا دەست بۆ پێشەوا گەورەکانمان ببەن تەنانەت دەمارە مێشکییەکانی فەرمانبەرە گەورەکانی بەریتانیایش دەستیان کرد بەکزبوون و سیس بوون بیروباوە گشتییەکانی ئینگلیزەکانیش باوەڕیان بەبانگ ڕاهێشتنی (توندو تیژیی نەکردن) نە ئەهێنا ئەوانە وایان ئەزانی کە ئەم بانگ ڕاهێشتنە پەردەیەکە و لە دوای خۆیەوە کارێکی نهێنیی شاردۆتەوە، هەر ڕۆژێک ئارەزووی کرد خۆی دەر ئەخات و هەموو جۆرە کارێکی توندوتیژ بەرامبەری بەریتانیا ئەنوێنێ!...

## (توندوتیژیی نەکردن) لە جەنگ کردن بەهێزترە

ساڵی ١٩٢١پڕ بوو لەتەنگوچەڵەمە، سەری لە دەزگاکانی فەرمانڕەوایی شێواند بوو زۆرکەس لە پێشەوا و زانا موسڵمانەکان هاتنە کۆڕی زرنگکاریی ئەو ساڵەوە و کردەوەی گەورە گەورەیان نوواند بەرامبەر دوژمنەکانی هیندستان ئەوەیش سەبارەت بەوە بوو کە بایەخێکی زۆر درا بەبابەتی جێنشینیی پێغەمبەر لە جیهانی ئیسلامەتیدا جا ئەم کردەوە چالاکانەیان ڕەنگێکی ئایینییدا لە بزووتنەوەکە، موسوڵمانەکانی هاندا و کێشی کردن کە بێنە ناو بزووتنەوەکەوە و فرمانی تیا بکەن و ڕەنجی تیا بدەن غاندی بووبووە هۆی ئەم گۆڕرانە لە بزووتنەوەکەدا، چونکە ڕێزێکی زۆری ئەگرت لە زانا و پێشەوا موسوڵمانەکان لە ڕاستیدا غاندی وازی نەئەهێنا لەوەی کە هەموودەم بایەخی ڕەنگ ئایینی و گیانیی بزووتنەوەکە دەربخات!...

هەروەها ساڵی ١٩٢١، بۆ خۆیشمان بەساڵێکی سەیر دائەنرا لەناو خۆیدا، لە شێوەیەکی سەیردا، نیشتمان پەروەریی و، زرنگکاریی و، ئایین و، گیان پەرستی و، خوێن گەرمیی کۆکردبووەوە لە پشت ئەمانەیشەوە هەموو، پشێویی کەوتبووە ناو لادێ کانەوە بزووتنەوەیەکی کرێکارانیش لەناو شارە گەورەکاندا پەیدا بووبوو.

گەلێک جیاوازی هەبوو لەناوەند نیشتمان پەروەریی موسڵمانەتی و -کە تەماشای ئەو دییوو سنووریشی ئەکرد- نیشتمانپەروەریی هیندۆکیدا، بەڵام هەردووکیان لەوەدا یەکیان گرتبوو کە بۆ نیشتمانی هیندستان تێ بکۆشن بەڕاستی ئەوە یەجگار ناوازە و جوان بوو کە غاندی بەو جۆرە دەربکەوێ بۆ هەمووان، هەموو کۆمەڵێک و هەموو چینێکی چاوبەست کردبێ و، هەموویشیانی لە یەک کۆمەڵەی گەورەدا کۆکردبێتەوە و ئاڕاستەیشی کردبن کە بۆ یەک ئامانج خەبات بکەن غاندی لەوەدا بووبوو بە(نیشانەیەک کە هەموو بیروباوەڕێکی جوێ جوێی نەتەوەی دەر ئەبڕی!...) بەسایەی نووچ گرتنی غاندییەوە بۆ لەسەر بیروباوەڕی (توندوتیژیی نەکردن) کە نەنگە ویستیی هیندییەکان بەرامبەر بەبەریتانیاییەکان لە ساڵی ١٩٢١دا مام ناوەندیی بوو لەبەرئەوە لە شێوەیەکی توندوتیژدا ئەوپشم و قینە نەتەقا. هۆگربوونی نەتەوەیش بەئێمەوە و، پشت گرتنەکەیان لەو شێوە یەکگرتووە بەهێز و هەرەتەدا، دڵی هەمووومانی پڕکردبوو لە باوەڕ بەخۆکردن و پشت بەخۆبەستن، پڕکردبوو لە هیواوئاوات واژەی (توندوتیژیی نەکردن)یش وا لە ناومێشکدا وا لێک ئەدرایەوە، کە لە دانگی (جەنگ) و زۆرانبازییەکی (توندوتیژ)دا بوو!...



منیش بەهەموو کوڵی دڵمەوە خۆم فڕێ دایە ناو بزووتنەوەکەوە وازم لە هەموو کۆمەڵێک و هەموو پەیوەندی یەک و هەموو دۆستێک و هەموو نووسراوێک هێنا... تەنانەت وازم لە ڕۆژنامەکانیش هێنا.

چونکە دەستم نەئەپەرژا بیانخوێنمەوە ئیتر لەوساکەوە دەستم کرد بەژیانێکی ناو دەزگای نووسینەکان و کۆبوونەوەی لیژنەکان و کۆبوونەوە گشتییەکان... بەپێ گەلێک میل ڕێگامان ئەبڕی و ئەچوینە ناو دێهاتە دوورەکانەوە، بۆ ئەمەی لە ژیانیان تێ بگەین و وتاریان بۆ بدەین ئیتر لەوساکەوە دەستم کرد بەتێگەیشتن لە دەروونی کۆمەڵان، لە جیاوازیی ناوەند کۆمەڵانی ناو شاران و کۆمەڵانی ناو دێهاتان لەوە پاش ناچار ئەبووم ڕوو بەڕووی کۆمەڵە ورووژاوەکان بوەستم، جا لەو ڕۆژانە تاقیکردنەوەکانی پێشووم بەکار ئەهاتن... هەرچەندێکم پێ کرابێ، تێکۆشاوم کە لەگەڵ کۆمەڵاندا ڕاستگۆبم، ڕاست و ڕەوان قسە بکەم جاری وایش هەبوو کە بەتوندوتیژییەوە توانج و پلارم لە کردەوەکانیان ئەگرت کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا تا ئەهات زۆرتر بەدڵیاندا ئەچووم!... زۆرتریش ڕێزیان لێ ئەگرتم!.

## گرتنی بەکۆمەڵ

لە بڕانەوەی ساڵی ١٩٢١دا، شازادەی بەریتانیا، نیازی کرد سەر لە هیندستان بدات کۆنگرەیش کەوتە خۆی، بەچستوچالاکییەکی تەواوەوە دەستی کرد بەبانگ ڕاهێشتن بۆ خۆ دوورخستنەوە لە هەموو کاروبارێک کە فڕی بەسەر ئەو سەر لێدانەوە هەبێ فەرمانڕەواییش جاڕیدا کە ئەم بانگ ڕاهێشتنە پێچەوانەی فەرمانی یاسایە ئێمە چووین بەگژ ئەو هەڕەشەکردنەی فەرمانڕەواییەدا لە سەرەتای مانگی دوانزەیەمی ئەو ساڵەدا، فەرمانڕەوایی دەستی کرد بەگرتنی هیندییەکان، بەکۆمەڵە، ئێمەیش پەیمان بەوە برد کە کۆنگرە و فەرمانڕەوایی زوو بەزوو تێک ئەچن و ئەچن بەگژیەکدا باڵبازەکان جێگای دەستەکەمانی پشکنی لە (ئەڵڵا ئاباد)دا هەروەها خانووەکەی ئێمەیشیان پشکنی باوکیشم و منیشیان گرت لەم کردەوەیەیش چاکترمان بەمێشکدا نەئەهات چونکە شاری (ئەڵڵا ئاباد) واهاتە پێش چاوی شازادەی بەریتانیا، لە کاتی گەشتەکەیدا، کە چۆڵ و هۆڵە و کەسی تیانییە بوەتە وێرانە هەروەک زیندووی تیا نەمابێ وابوو ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی بزووتنەوەی (یارمەتی نەدان)وە گیرابوون و بڕیاری بەندیخانەیان بەسەردا درابوو، لە مانگی دوانزەیەمی ساڵی ١٩٢١و مانگی یەکەمی ١٩٢٢دا،

گەیشتبووە نزیکەی ۳۰,۰۰۰ کەس!... هەرچەندە هەموو پێشەوا ناسراوەکانی بزووتنەوە کە خرابوونە بەندیخانەوە، بەڵام غاندی هێشتا نەخرابووە بەندیخانەوە ڕۆژ بەڕۆژ نامە و ئامۆژگاریی ئاراستە ئەکرد بۆ نەتەوە، جڵەوی هەموو کردەوەیەکی ناپەسەندیشی ئەگرت و ئەیکێشانە دواوە فەرمانڕەواییش بۆیەکا تا ئەو ساکە دەستی بۆ غاندی نەبردبوو، ئەترسا لەوەی کە گرتنەکەی ئەو کار لەکۆمەڵانی لەشکر و باڵبازە هیندییەکان بکات و بیانخاتە سەرکێشییەوە!... بەڵام لە ناکاو زانیمان، لە بەندیخانەدا، کە غاندی بەرگرییە شارستانێتییەکەی خۆی وەستاندووە، لەسەر ئەو کارەساتەی کە لە گوندی (شاوری شاورا) قەومابوو چونکە هەندێ لە لادێییەکان هوروژمیان بردبووە سەر بنکەیەکی باڵبازەکان ئاگریان لە خانووەکە بەردابوو و شەش کەسیشیان لە باڵبازەکان سوتاند بوو!... ئێمەیش لەمە ڕقمان زۆر هەڵسا، کە غاندی (بەرگریی شارستانێتی)ی وەستاند بوو لەگەڵ بزووتنەوەی (یارمەتی نەدان) کەچی لە پاش چەند حەفتەیەک فەرمانڕەوایی، غاندی خۆیشی گرت و تاماوەیەکی دوورودرێژ بڕیاری بەندیی کردنی بەسەردادا لە ڕاستیدا وەستاندنی (بەرگری شارستانێتی) لەو دەمەدا سەبارەت بەوە نەبوو کە ئەو کارەساتە لەناو گوندی (شاوری شاورا)دا قەومابوو ئێمە کە لە بەندیخانەکەدا وامان ئەهاتە پێش چاو، بەهەڵەداچووبووین.

بەڵام کارەساتەکە لەلایەن غاندییەوە کرا بوو بەبیانوویەکی پچووک بۆ ئەمەی خۆی و بزووتنەوەکە و هەموومان لە تەنگوچەڵەمە بپارێزێ، غاندی بەهۆی ئەو هەموو تێکەڵ بوونەیەوە بەکۆمەڵە گەورەکانی نەتەوە، وەک هەموو پێشەوا نەتەوەییە گاورەکان شارەزاییەکی تەواوی پەیدا کرد بوو لە هەست و تاسەی کۆمەڵانی نەتەوەدا لە کردەوە و ڕەوشتی نەتەوەدا، لە هێز و توانای نەتەوەدا جابەپێی هەست پێ کردنەکەی خۆی بەوشتانە، ئەجووڵایەوە و هەڵسان و دانیشتنی ئەکرد هەرچەندە، ئەو دەمە، بزووتنەوەکەمان لە هێز و هەرەتی خۆی دابوو، بەڵام غاندی پەلیی بەوە بردبوو کە بەرەو کزبوون و نەمان ئەڕۆیشت چونکە ئەندامە هەرە چاکەکانی و هەرە کارگوزارەکانی خرابوونە بەندیخانەوە، لەبەرئەوە تا ئەهات ڕێک خراوەکانی تێک ئەچوون و لەناو ئەچوون خۆ کۆمەڵەکانی نەتەوەیش مەشقێکی وایان نەکرا بوو، کەبتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن زۆر کەسیش لە ئاژاوە گێڕەکان خۆیان فڕێ دابووە ناو (لیژنەکانی کۆنگرەکە) و (جێنشیی خۆجێیی پێغەمبەر)ەوە لەبەرئەوە هیچ ڕێگایەک نەمابووەوە بۆ بەربەست کردنی هێز و دەسەڵاتی ئەوانە، ئەو ڕێگایە نەبێ کە غاندی گرتی، بێ گومان ئەگەر بزووتنەوەکە درێژەی



پێ بدرایە، کارەساتی توندوتیژ زۆرتر ڕوویان ئەدا، دیارە کە فەرمانڕەواییش هێزی بەرامبەریان، بەکار ئەهێنا ئەو ساکە فەرمانداریییەکی سامناک و پڕترس و لەرز دائەمەزرا و ورەی بەنەتەوەکەمان بەر ئەدا!... گەلێک جاری وایش هەیە، کە وەستاندنەوەیەکی بزووتنەوە، بۆ ماوەیەکی کەم، دەماری بزووتنەوەکە بەهێزتر لێ ئەکات ئیتر هەر ئەوەندە بیروباوەڕەکان بپارێزرێن، ئەو پشووە زیان نا بەخشێ بەبزووتنەوە کە، بەپێچەوانەوە هێز و هەرەتی پێ پەیدا ئەکاتەوە!...

## کچە پچکۆڵەکەم بۆڵەبۆڵ لە باڵبازەکان ئەکات

بۆ ماوەی شەش مانگ من و باوکمیان فڕێ دایە بەندیخانەوە چەندوچوون کردنەکەیان، بەسەرزاریی بوو، پڕبوو لە فڕوفێڵ و چاو و ڕاو!... باوکمیان بەوە بەدناو کردبوو کە لەگەڵ کۆمەڵێکی سەرکێشدا دەستی تێکەڵ کردووە دەزگاکانی فەرمانڕەواییش ئەوەیان کرد بوو بەبەڵگە بۆ قسەکەی خۆیان، کە باوکم نامەیەکی مۆرکرد بوو بەناوی خۆیەوە، کە بەنووسینی هیندوستانی مۆری کرد بوو!... کەچی لە ڕاستیدا مۆرەکەی باوکم بەنووسینی هیندوستانی نەکرا بوو!... پیاوێکی نەخوێندەواریشیان بۆ بەڵگە هێنایە پێشەوە، لەبەر دەم دادگاهدا سوێندی خوارد کە مۆرەکە ڕاستە، هی ئەوە. کەچی لەبەر ناشێتیی خۆی نامەکەی سەربەرەو خوار هەڵگرتبوو!... هەرچی منیش بووم بەوەوە بەدناو کرابووم کە چاپەمەنیم بڵاوکردۆتەوە لەو سەردەمەیشدا ئەم کردەوەیە بەگوناه دانەئەنرا، تا یاسا سزای لەسەر بدات کەچی لەگەڵ ئەوەیشا بڕیارم بەسەردا درا بخرێمە بەندیخانەوە!... بەڵام لە پاش سێ مانگ پێیان گوتم کە دەزگاکانی فەرمانڕەوایی بەهەڵەی خۆی زانیوە لە بڕیاردانەکەیدا، لەبەرئەوە بڕیاری داوە بەڕەڵلام بکات!... جا کە هاتمە دەرەوە لە بەندیخانە، یەکەم کردەوەم ئەوەبوو، چوومە کن غاندی، لە بەندیخانەکەیدا، بیبینم لە کاتی چەندوچوون لەگەڵاکرنەکەیشیدا لەوێ بووم پاشان گەڕامەوە (ئەڵڵا ئاباد) دەستم کرد بەڕاست کردنەوەی کاروباری کۆمەڵی کۆنگرەکە بایەخێکی تایبەتیشمدا بەنەکڕین و نەپۆشینی سیپاڵە بێگانەکان، بەخۆ دوورخستنەوە لەو دەزگا بازرگانیانەی کە ئەو سیپاڵانەیان ئەهێنا بۆ هیندستان، یاخود بەکڕین و فرۆتنیەوە خەریک ئەبوون زۆری پێ نەچوو، لەسەر ئەم کردەوەیەیشم گیرامەوە هەندێ بەند و باوی تریشیان پێوە نووساندمەوە بەڵام ئەمجارە لەسەر خۆم نەکردەوە هەر ئەوەندەم کرد لە دادگادا وتارێکی دوورودرێژمدا... سێ بڕیاریان بەسەردا دام وەک دێتەوە بیرم بەهەموویان کردیانە ساڵێک و نۆ مانگ لەبەر

ئەوە لە پاش بەڕەڵلایەکی شەش هەفتەیی گەڕامەوە بەندیخانە کەتەماشام کرد ئەمجارە زۆرتر تەنگەتاویان ئەکردین تا ئەهات تەنگەتاوکردنەکە توندتری لێ ئەهات ئەمەیش سەبارەت بەوەبوو کە فەرمانڕەوایی بەسەر بزووتنەوەکەی ئێمە وازاڵ بووبوو، لەبەرئەوە هەر ئەیویست تەنگەتاومان بکات، لە تۆڵەی ئەوەدا کە وێراومانە و بەرەنگاریمان کردووە!...

لەو چەندانەدا باڵبازەکان زوو زوو ئەچوونە ماڵی ئێمە. بۆ ئەمەی ئەو جەریمانەمان لێ کۆبکەنەوە، کە بەسەر باوکم و مندا بڕیار درابوو هەر جارێک ئەچوونە ماڵەوە، دەستیان بۆ پارچە کەلوپەلێک درێژ ئەکرد!. (ئەندێرا)[1]ی کچیشم کە لەوکاتەدا لە تەمەنی چوارساڵان دابوو، ئەو تالآنکردنەی زۆر پێ ناخۆش ئەبێ تووڕەیی و بۆڵەبۆڵەکەی خۆی لەبەردەم باڵبازەکاندا دەرئەبڕێ، من لەوە زۆر ئەترسم، کە ئەم بیرەوەرییانەی (ئەندێرا)یە لەو تەمەنی منالییە ساوایەیدا، تا ئەمێنێ لە کەللەی نەچێتە دەرەوە و هەر بیروباوەڕێکیشی هەبێ دەربارەی باڵبازەکان، بەوەوە ڕەنگ یان بکات!.

## ئەبێتە سەرۆکی شارەوانی و ڕازنووسی دەستە

لە ڕۆژەکانی دوایی مانگی یەکەمی ساڵی ۱۹۲۳دا، هەموو بەندییە زرنگکارییەکانی بەندیخانەی (لەکناو) بەڕەڵلا کران. کە لەبەندیخانە چوومە دەرەوە، کۆنگرەم واهاتە پێش چاو کە لە بەرامبەر هەڵبژاردنی گشتیدا بووبوو بەدوو کەرتەوە: غاندی وای ئەویست کەلە هەڵبژاردنەکە، هەمووی خۆمان دووربخەینەوە هەندێکیش هەبوون، ئەیانوویست خۆمان بخەینە جەنگی هەڵبژاردنەکەوە، بەمەرجێ ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکەدا سەر ئەکەون، نەچنە ناو کۆڕی یاساوە!... منیش تێکۆشام هەردوولا ڕێک بخەم کاتێ لە دەستەکەمان شکا، هەموو هێزێکی خۆم خستە ڕێک خستنەوەی دەستەکەمان هەر ئەوەندە چەند هەفتەیەکم پێ چووبوو، کە لە بەندیخانە دەرچووبووم، کە تەماشام کرد پاڵم پێوە ئەنێن بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی. هەڵبژاردنی منیش بۆ ئەم جێگایە، لەبەر چاودا نەبوو تەنانەت کەسێکیش نەبوو کە بۆ ئەم فرمانە ناوم ببات، تا چل و پێنج وردیلەیەکی مابوو بۆ دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە!... زۆری پێ نەچوو، فرمانە جۆر جۆرەکانی شارەوانی

(۱) ئیندێرا گاندی: کچی جەواهێرلال نەهرۆ بوو، لە ۱۹۱۷ لە دایک بوو، هاوسەری فەیروز گاندی بوو، لە سویسرەو ئۆکسفۆردی بەریتانیادا خوێندویە بووە وەزیری ڕاگەیاندن و دوایی لە ۱۹٦٦ بووە سەرەک وەزیرانی وڵاتە یەککگرتووەکانی هیندستان و دواجار لە ساڵی ۱۹۸٤دا بەدەستی توندڕەوێکی هیندۆسیەکان تیرۆرکرا (راجیڤ گاندی)کوڕی لە پاش خۆی بووە سەرۆک وەزیران.



خەریکیان کردم بەخۆیانەوە لەو کاتەیشدا، فرمانێکی تریش خرایە سەر فرمانەکەی خۆم لە (کۆنگرە)دا، کە بریتی بوو لە ڕاز نووسی لیژنەی بنکەیی ناوچەکە، ئەو فرمانەیش راز نووسیی گشتیی هەهوو کۆنگرەکەی هیندستان بوو جا لەبەر ئەم هەموو کاروفرمانانە کە بەسەرما کۆبووبوونەوە، ناچار بووم شەو و ڕۆژی پانزەکات فرمان بکەم!...

لەو سەردەمەدا، فرمانکردن بۆ من، ڕاکردنێک بوو لە دەست خۆم، کە لە بەندیخانە هاتمەدەرەوە و چاوم کردەوە، تەماشام کرد بیروباوەڕێکی ڕەنگاوڕەنگ پەیدا بووبوون، جۆرە زۆرانبازییەکی جوێ جوێ ئەهاتنە پێش چاو، کە ئەبوونە هۆی پشێویی و زۆریی ناو هیندستان جا لەگەڵ ئەوەیشا کە باوەڕم هێنابوو بەپێشەوایەتیی غاندی و هەر لەسەر ئەو باوەڕەی خۆیشم مابوومەوە، بەڵام دەستم کردبوو بەپشکنین و تاقیکردنەوەی هەندێ لای پێ ڕەوییەکانی، لێیان ورد ئەبومەوە وهەڵم ئەسەنگاندن بەڵام ئەوکاتە ئەو لە بەندیخانەدا بوو ڕێگایشم نەبوو کە بیروباوەڕی بزانم هەردوو بەشەکەی کۆنگرەیش، بەشی گۆڕین و بەشی نە گۆڕین، هەر لەبەر بەرەکانێ دابوون هەرچەندە گۆڕین خوازەکان ئامانجیان ئەوەبوو کە کاروباری گشتی بخرێتە سەرباڕێکی چاکی و ڕاست بکرێنەوە، کە دەستوور دابنرێ، بەڵام هەموو ڕێگایەکیان لێ بڕابووە بەست هەرچی گۆڕین نەخوازەکانیش[1] بوون ئەوانە بەکوڵی دڵەوە پشتی غاندییان ئەگرت هەر چەندە ئەوانە یەجگار سست بوون لە کاروفرمانکردندا بەڵام زۆر بەتەنگ ئەوەییشەوە بوون کە هەموودەم تێکەڵ بەکۆمەڵەکانی جووتیارەکان ببن منیش چومە ناو ئەم بەشەیانەوە هەرچەندە بەشەکەی تریش زۆر لەگەڵما خەریک ئەبوو کە کێشم بکات بۆلای خۆی!... هەرچەندە باوکیشم پڕ بەدڵ ئەوانی ئەویست و ئەیوست لەگەڵ ئەواندا بکەوێتە کارەوە!... لەگەڵ ئەمەشدا، هەردوو بەشەکە، لە زرنگکاریی (یارمەتی نەدان)دا، پێکەوەمانەوە و هەردوولایشیان ئەو بیروباوەڕەیان واز لێ نەهێنا!...

## دەست ئەنێ بەپایەی گەورەگەورەوە هەر بۆ ئەمەی ناوی خۆی بەپاکی بهێڵێتەوە

لە ساڵی ۱۹۲۳وە هەستم ئەکرد بەخۆشیی و کامەرانییەکی گەورە لە ژیانی خێزانیدا کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا دەستم نەئەپەرژا خۆمی پێوە خەریک بکەم، کەمێک نەبێ لە پەیوەندییەکانی خێزانیدا خاوەن بەخت بووم لەبەرئەوە لە کاتی ناخۆشی و تەنگانەدا پەنام بۆ خێزانەکەم ئەهێنا لەوێدا ئارام بەگیانم ئەکەوت و دڵم ئەسرەوت بەشەرمێکەوە ئەیلێم،

(۱) گۆڕین نەخوازەکان: (المحافظین).

که خۆم لەژێر باری چاکەی ژنەکەمدا ئەهاتە پێش چاو، سەبارەت بەو ڕەوشتە ناوازە و بڵندەی کە لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە ئەینواند ئەو هەرچەندە سەر بەرز و دڵ ناسک بوو، بەڵام هەر بەچاو پۆشین وازی نەهێنا لە کەم تەرخەمیم لەگەڵ خۆیدا، ئەهات هەر چییەک بەمن پێویست بوایە لە بابەتی سرەوت و دڵ خۆشی بۆی ئامادە ئەکردم و پێی ئەبەخشیم ژیانی هەردووکمان تووشی هەندێ گۆڕران هاتبوو ژمارەی دەس و پێوەندمان کەمی کرد بوو هەندێ لە کەلوپەلەکانی ناو ماڵیشمان فرۆشتبوو، بۆ ئەمەی لە هەندێ بابەتی خۆش ڕابواردنمان کەم بکەینەوە و، هەندێ پارەیش کۆبکەینەوە بۆ پارە بەخت کردنەکانمان کە تا ئەهاتن لە زۆرییدا ئەبوون لەگەڵ ئەمەیشدا، هەستێکی وام نەئەکرد بەکەم بوونەوەی هۆیەکانی سرەوتم کاتێ کە پارە بەختکردنەکانمان پەرەیان سەند و لە ئەندازە دەرچوون، باوکم وای بەباش زانی کە بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی خۆی، پشتیوانی، هەرچەندە دەستی کەم ئەپەرژا، کە بەپشتیوانییەکەیەوە خەریک بێ، بەڵام لەوەوە دەرامەتێکی باشی دەست ئەکەوت. منیش ئەوەم زۆر پێ ناخۆش و ناشیرین بوو کە ئەم بینی خۆم و ژنەکەم بارین بەسەر باوکمەوە، ئەمانەن ژیێنێ... سێ ساڵ بەوەیشەوە مامەوە کە چارەیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزمەوە بەڵام هەرچەندێکم کرد، کەڵکی نەبوو!... ئەوەیش بۆ من گران نەبوو کە فرمانێکی ئاسوودە بۆ خۆم بدۆزمەوە و پارەم لێی دەست بکەوێ بەڵام بەهۆی ئەوەوە لە خەباتەکانم کەم ئەبووە، کە لە پێناوی کەلکی گشتیدا بەختم ئەکردن منیش حەزم نەئەکرد، لەبەر پارە پەیداکردن، واز لە کاروفرمانی ناو کۆنگرە و کۆڕی شارەوانی بهێنم لەبەرئەوە، دەستم نا بەڕووی هەندێ لە هاوبەشییە پیشەسازە گەورەکانەوە، کە ئەهاتنەلام و مووچەیەکی زۆر گەورەیان بۆ ئەبڕیمەوە، ئەگەر بچوومایە لایان و فرمانم بۆ بکردنایە و بم هێشتایە بە(ناو)ەکەی منیشەوە بازرگانیی خۆیان بکەن!...

جا ئەم گیروگرفتە سامانیانەم لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٣)ەوە تووش بوو، تابڕانەوەی ساڵی (١٩٢٥) لە کۆڵم نەبوونەوە!... باری زرنگکاریش هەمووەدەم لە گۆڕراندا بوو بۆیەکا منیش ناچار ئەبووم، بەشێکی زۆری ئەرک و لێ پرسینەوەکانی کارگێریی بنکەیی هەموو کۆنگرەکە بخەمە سەر ئەستۆی خۆم. لەگەڵ ئەمەیشدا گۆڕران و گەشەکردنەکانی ناو کۆنگرەکەو، زۆرانبازییەکانی لایەنگیرانی هەردوو بەشەکەی کۆنگرەکە، وایان لێ کردم کە وازبهێنم لە فرمانی ڕاز نووسیی لیژنەی گشتیی کاروباری بەڕێوە بردنی کۆنگرەکە ئێستایش کە ئەوەم بیر ئەکەوێتەوە، سرەوت و کامەرانیی ئەو کاتەم دێتەوە یاد کە لە دەست ئەو فرمانە خۆم ڕزگار کرد!...



لە سەرەتای مانگی نەورۆز (مارت)ی ١٩٢٦دا خۆم و ژنەکەم و کچەپچکۆلەکەمان بەزرێدا چوینە ئەورووپا کاتێ کە گەیشتمە ئەوێ، سیانزە ساڵ پتر بوو لە شەڕوشۆڕ و، شۆڕش و ئاژاوە و سروشت گۆڕرانێکی گەورەدا ڕام بواردبوو... جیهانە کۆنەکەی لەوە پێش ناسیبووم، لەگەڵ جەنگا لەناو دانەمابوو!... بەلای خۆیشمەوە جیهانێکی تازە دەرکەوتبوو، ساڵێک و نۆ مانگی تیاژیام... ئەمەیش پشوویەکی تەواو بوو بۆ من کە هۆش و لەشم بێنەوە سەر خۆیان لە سەرەتای هاویندا خۆشکە پچکۆلەکەیشم، (کریشنا) هاتەلامان تا لە گەشتەکەمان بووینەوە، لە گەڵمادا مایەوە... تا ماوەیەکی دوورودرێژ لە تەندروست خانەیەک دامایەنەوە، لە شاری (جنێڤ)دا، لە خاکی (سویسرە)دا... ئنجا کە تەندروستیی ژنەکەم هاتەوە جێی خۆی دەستمان کرد بەگەشتێک بەناو (فەرەنسە) و (ئەلمانیا) و (ئینگیلتەرە)دا... لەو کاتانەدا خۆم دوورخستبووەوە لە جیهانی هیندی و، لە جیهانی ئەورووپاییش، کە لە ناویا ئەژیام ژیان وا ئەهاتە پێش چاوم کە هیچ کارەساتێکی تیا ڕوو نادات!...

جا لەوکاتەدا ناکۆکیی تیپرەیی کەوتبووە ناو موسڵمانەکان و هیندۆکییەکانی ناو هیندستانەوە... لە هەرشوێنێکا لایەکیان لە لایەکیان زۆرتر بواین، بەشە کەمەکەیان لە زۆرداریی تیپرەیی ئەترسا لە کاتی هەڵبژاردنی گشتیدا ئەو ناکۆکییە پەرەی سەندبوو ئەرکی هەرەگرانی شەڕوشۆڕی هەڵبژاردنەکەیش لەناو (دەستەی کۆنگرە)دا، کەوتبووە سەرشانی باوکم.

باوکم حەزی لە زۆرانبازیی ئەکرد یان ئەگەر هیچ نەبێ، خۆی لە زۆرانبازیی لانەئەدا... جا هەرچییەکی لە دەست هاتبوو لەو هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا کردبووی ئەوەیش دیاربوو کە هەڵبژاردنەکان شوێن پێی خۆیان بەجێ ئەهێشت لەناو دڵاندا، گلەیی و دڵشکاویی وبەربەرەکانێ هەر لە ناودا ئەمانەوە.

کە ساڵی ١٩٢٦ تەواوبوو مەرگەساتێک ڕوویدا، ئاسۆی ئەو ساڵەی تاریک و نوتەک کرد هەموو خاکی هیندستانیشی خستە ترس و لەرزەوە چونکە لە بڕانەوەی ئەو ساڵەدا بوو، کە پێشەوای هیندۆکەکان (سوامی شراد هاناند)، بەدەستی یەکێک، لەناکاو، کوژرا. ئەم پێشەوایە ئەو پیاوە بوو، کە لەوە پێش سنگی نا بە گوللەی داگیرکەرەکانەوە، کە هەشت ساڵیش لەوە پێش خۆی گەیاندە مزگەوتی (دەلهی) و چووە سەرتەختی وتاردانەکەی، بۆ ئەمەی بانگ بدات بۆ یەکێتیی موسڵمانەکان و هیندۆکەکان، لە پێنا و ئازادیی هیندستاندا!...

## کۆمۆنیستەکانی خۆش ئەویست... بەڵام لە بیروباوەڕدا بەرپەرچی ئەدانەوە

وارێک کەوت کە لە بڕانەوەی ساڵی ١٩٢٦دا لە شاری (بەرلین)دا گیرسامەوە لەوێدا پێم زانی کە نەتەوە زۆرلێکراوەکان نیازیان وایە کۆگرەیەک لە شاری (بڕۆکسێل) دابگرن منیش ئەو بیرەم زۆر جوان هاتە پێش چاو لەبەرئەوە نووسیم بۆ دەستەی (کۆنگرە)ی نەتەوەیی هیندییەکان کەوای بەباش ئەزانم لەو کۆنگرەیەدا بەشداربێ و خۆی بنوێنێ ئەوانیش پێشنیازەکەمیان پەسەند کردبوو منیشیان دانا بوو بەنوێنەری کۆنگرەی هیندیی لەناو ئەو کۆنگرەتازەیەدا لە ڕاستیشدا ئەو کۆنگرەیە گیرا ئەوکاتە مانگی ڕەشەمێ (شباط)ی ساڵی ١٩٢٧بوو شاری (بڕۆکسێل)یش لەو دەمەدا، بووبووە بنکەی ئاوارە زرنگکارییەکان و مرۆڤە توندوتیژەکان، بەتایبەتی کۆمۆنیستەکان لەو کاتەدا ئەو ناوە پڕبووبوو لەو بیروباوەڕەی کە پێویستە هەموو نەتەوە زۆر لێ کراوەکان یەک بگرن و پێکەوە کارێکی گشتی بکەن بەرامبەر بەفەرمانڕەواییە داگیرکەرەکان ئەوەیش دیاربوو، کە فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکان، وەک ئینگلتەرە و فەرەنسە و ئیتالیا... ئەم جۆرە خەباتانەی بۆ دەست نە ئەدان، بەرەنگارییان ئەکرد... هەرچی (ئەڵمانیا)یش بوو، لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، وەک فەرمانڕەواییەکی داگیرکەر نەمابووەوە لەبەرئەوە بەدڵێکی پڕ لە هەستی دڵسۆزانەوە، بەبێ لایەنگیریی، سەیری گەشەکردنی ئەو پشێوییانەی ئەکرد کە لەناو خاکە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی فەرمانڕەواییە گەورەکاندا ڕوویان ئەدا... لەبەرئەوە شاری (بەرلین) بووبووە ناوچەیەک بۆ پیاوە هەرە بەرز و گەورەکان، کە لە خەباتەکانیاندا پاک و خاوێن بوون هەرە بەناو بانگی ئەو کەسانە و، هەرە چستوچالاکیان پێشەوا چینییەکان بوون کەسەر بەدەستەی (کۆمنتانگ) بوون، کە خەریک بوو لەوکاتەدا چینی داگیر ئەکرد و ملی بەپیاوە خاوەن زەوییەکان کەچ ئەکرد و، بەلایەنگیرانی داگیرکەرەکانیشی سەرشۆڕ ئەکرد بەڵام (کۆمنتانگ)، هەرچەندە بەسەرکەوتنەکەی خۆیەوە نازی ئەکرد، ئەوەیشی لەبەر چاو بوو کە بەرهەڵستێکی زۆری لە پێشدا ماوە، لەبەرئەوە جێگای خۆی بەوە قایم ئەکرد کە لەناو فەرمانڕەواییەکاندا قسەی باشی بۆ خۆی ئەکرد، خۆی پێ ئەناسین، دۆستایەتیی لەگەڵ ئەگرتن دوورنیە کە باڵی چەپی دەستەکە، کە دەستی تێکەڵ بووبوو لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا، ئەم خۆ نواندن و خۆشیرین کردنەی بەلاوە گرنگ بووبێ و ئەو لەبەرچاو دەستەکەدا بایەخی دەرخستبێ جا لەبەر ئەوەبوو کە نێرراوەکانی دەستەی (کۆمنتانگ) لە ئەوروپادا خەریکی کۆنگرەی نەتەوە ئازار دراوەکان



بوون تەنانەت ئەوەیش دوورنیە کە خۆیان و هەندێ لە کۆمۆنیستەکان، یاخود ئەوانەی لە کۆمۆنیستییەوە خاوەنی ئەم بیرە بووبن.

هەروەها نێرراوەکانی کۆمەڵە نیشتمان پەروەرەکانی جاوە و هیندی چینی و فەلەستین و سوریا و میسر و ژووررووی ئەفەریکا و، هەندێ لە خاکە ژێردەستەکانی ئەفەریکایش لە (بڕۆکسێل)دا کۆبووبوونەوە هەروەها نێراوانی کۆمەڵی کرێکارە چەپییەکان و، گەلێک لە پیاوە ناسراوەکان بزووتنەوەی کرێکارانی ئەوروپا هاتبوونە ناو کۆنگرەکەوە کۆمۆنیستەکان دەستێکی باڵایان هەبوو لە کاروباری سەرەتایی کۆنگرەکەدا (میستەر لانسبۆری)یش کە ئەندامێکی دەستەی کرێکارانی بەریتانیا بوو، هاتبووە ئەوێ لە هەڵبژاردنەکەدا کردیان بەسەرۆکی کۆنگرەکە ئەمەیش ئەوەی بەقسەکردن کە ببێتە سەرۆکی هەموو دەمیی ئەو کۆمەڵەی کە کۆنگرەکە لە ئەنجامدا پێکی هێنا، کە ناوی نرابوو: (پەیوەندیی بەرەنگاریی کردنی داگیرکەریی) بەڵام زۆری پێ نەچوو (میستەر لانسبۆری) وازی لەو فرمانە هێنا چونکە هیوایەکی پەیداکردبوو کە دەستەی کرێکارانی بەریتانیا بێنە سەرتەختی فەرمانداریی لە بەریتانیادا منیش ئەم هەڵگەڕانەوەیەم زۆر پێ ناخۆش بوو، لە کەسێکی واوە کە دووسێ مانگ لەوە پێش بەوتارەکانی خۆی چاوبەستی کردبووم و بەدڵما چووبوو!... بەڵام کۆمەڵی (پەیوەندی)یەکە، کەسانی ناسراوی تری تیابوو، وەک (ئینشتاین) و (مادام سەن یان سەن) بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو (ئینشتاین)یش وازی هێنا لەو فرمانە چونکە بیروباوەڕی ئەو لەگەڵ بیروباوەڕی (پەیوەندی)یەکەدا ڕێک نەئەکەوت، کە لە زۆرانبازیی ناوەندە جوولەکەو عەرەبدا لەسەر خاکی فەلەستین، پشتی عەرەبەکانیان ئەگرت!... منیش بەهۆی (کۆنگرەی بڕۆکسێل)ەوە، کۆبوونەوەکانی کۆمەڵی (پەیوەندیی بەرەنگاری کردنی داگیرکەری)یەکەوە، کە لە ئەنجامی ئەودا پێک هات، توانیم هەندێ گیروگرفتی خاکە ژێر دەستەکان و، فەرمانڕەواییە دەست بەسەرەکان و، زۆرانبازیی ناوەوەی بزووتنەوەی کرێکارانی ڕۆژئاوا تێ بگەم خۆیشم واهاتە پێش چاو کە دڵم بەلای کۆمۆنیستیدا ئەچێ چونکە لەگەڵ ئەوەیشدا کە کۆمۆنیستی پڕە لەهەڵە، بەڵام لەسەر بنچینەی چاوو ڕاوو داگیرکەریی دانەمەزراوە منیش تا ئەو دەمە باش لە باوەڕی کۆمۆنیستیم نەکۆڵیبووەوە، تەواولێیان شارەزا نەبووبووم تەنیا بەجۆرێکی تێکڕایی و گشتی ئەمناسین، ئەو بیرەی هەمبوو لە بابەت ئەوەوە دیاردیی کراوبوو، کەم بوو.

لەبەر ئەو گۆڕرانە گەورانەی کە لە ناوخاکی ڕوسیادا پەیدا ئەبوون، خۆی و ئەو گۆڕرانەم بەدڵدا چووبوون هەرچەندە لەو دەمەدا دڵم بەکۆمۆنێستیدا چووبوو، بەڵام لەکاتی

گفتوگۆکردن و دەمەقاڵێ دا، لایەنی دەستەی ئینگلیزەکان و ئەمەریکاییەکانم ئەگرت هۆی ئەمەیش ئەوەبوو کە لە ناوەند من و ئەمانەدا لەیەک چوونێک هەبوو لە بیروباوەڕ و پێش بینیدا!... کار بەدەستییەکانی دەرەوە و نەتەوە ژێر دەستەکانی ناو فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکان، چاویان بڕیبووە کردەوەکانی (کۆنگرەی برۆکسێل) بەگرنگییەکەوە سەیریان ئەکرد تەنانەت فەرمانڕەوایی فەرەنسە یەکێک لە پیاوە قسەدزە نهێنییەکانی خۆی فڕێ دابووە ناو کۆنگرەی یەکێک لە نەتەوە ڕەشەکانەوە، کابرا بۆ ئەمەی نەیناسنەوە چووبوو دەموچاوو دەستی خۆی ڕەش کرد بوو!.

لە دوای ئەوە، هەندێ لە ئەندامەکانی (پەیوەندیی بەرەنگاریی کردنی داگیرکەری)یەکە گەڕانەوە نیشتمان خۆیان بەڵام لەوەدوا پێیان نەکرا لە کۆبوونەوەکانیان هاوبەش بن بەڵام (پەیوەندی)یەکە لە ساڵەکانی دواییدا بەرەو کۆمۆنیستی ئەچوو لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەندەی من ئاگام لێیە، هیچ کاتێک وازی لە سروشتی خۆی نەئەهێنا بەڵام هەرچەندم ئەکرد نەم ئەتوانی بگەمە (پەیوەندی)یەکە وتێکەڵیی بکەم، مەگەر بەنامەکاریی[1] کە ساڵی ١٩٣١ هات، خەریکی ئەوەبووم ناوەندی (کۆنگرە) و (فەرمانڕەوایی هیندستان)

(١)لێرەدا ئەوەی جێی سەرنج و داخە کە کوردیش وەک نەتەوەیەکی ژێر دەست و زۆر لێکراو (بەهەموو باڵی بزووتنەوە و سەرکردەیی جووڵانەوە شۆڕشگێڕیەکانیەوە چ لە باشوور، ڕۆژهەڵات، باکوور) نەیانتوانیوە لەو کۆنگرەیەی ساڵی ١٩٢٧ی شاری برۆکسێل دا تاقە نوێنەرێکیان هەبێ و دەنگی ئەم نەتەوە زۆرلێکراوە بگەیەننە ئاوا نێوەندێکی فراوانی گەلانی دنیا بۆ خستنە پێشچاوی دۆزە ڕەواکەیان وەک دەزانین لەو ساڵەدا هەرچەندە شۆڕشە چەکداریەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ و شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدوسەلامی بارزانی دەستیان بەسەردا گیرابوو و کپ کرابوونەوە، بەڵام جموجۆڵی سیاسی هەر لە نێوەندە کوردیەکەدا مابوو، بەتایبەت کوردە ئاوارەکانی باکور و ئەو ڕۆشنبیر و سیاسیانەی کە هەر ئەو ساڵە و دواتر کۆمەڵەی خۆیبوونیان دامەزراند و بەوەش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان خستە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە، هەر ئەو ساڵە بەدرخانیانی وەک (جەلادەت و کامەران و سورەییا)لە بەرلین بوون، (شەریف پاشای خەندان) لە پاریس بوو... بەڵام بۆ کۆششێک نەکراوە بۆ بەشداربوون لەو کۆنگرەیەدا؟، ئەمە جێی سەرنجە... دیارە لە لایەکیشەوە ئاستی دواکەوتوویی و وشیاری سیاسی (باڵەکانی یا لایەنەکانی) ئەو شۆڕش و بزووتنەوانە بەدیار دەخات، ئەگین یەکێکی وەک (نەهرۆ) بەڕێکەوت هەواڵی بەستنی ئەو کۆنگرەیەی زانیوە و بەنامە (پارتی کۆنگرە)ی ئاگادار کردووە و ئەوانیش هەر ئەویان داناوە بە نوێنەریان تا بەشداری بکات. دەبێ لەمانەوە بزانین کە دۆزی کورد تا چ ڕادیە خراوەتە دواوە و زیانی پێ گەیوە.



ڕێک بخەم (پەیوەندی)یەکە ئەوکردەوەیەمی پێ ناخۆش بوو، لێم تووڕەبوو بێ ئەمەی ماوەیەکم بدات کردەوەکەی خۆمی بۆ ڕۆشن بکەمەوە، منی لە ئەندامێتی خست!...

کە ساڵی ١٩٢٧ هات، من و ژنەکەم و خۆشکەکەم و کچەکەم گەڕاینەوە هیندستان لەش و هۆشم گەڕابوونەوە سەردۆخی جاران، کەوتبوومە ئاسوودەییەوە لەبەرئەوە بەهەموو هێزو گوڕێکی خۆمەوە، دەستم دایە فرمان کردن زۆری پێ نەچوو کارەساتی وا هاتنە پێشمەوە کەمنیان کێش کردە ناو جەرگەی خەباتەوە لە کۆڕی زرنگکاریی دەستەی کۆنگرەی هیندیدا، هەندێ پێشنیازی تایبەتیم پێشکەش بەلیژنەی کاروبار هەڵسووڕاندن کرد دەربارەی سەربەخۆیی هیندستان لیژنەی کاروبار هەڵسووڕاندنەکە زوو بەزوو پێشنیازەکەمی پەسەند کرد و بڕیاری لەسەردا هەروەها کۆمەڵی گشتییە کەیش، بەیەک دەنگ، بڕیاری لەسەردا بەڕاستی پەسەندکردنی پێشنیازەکانم، کە لە هەموولایەکەوە بەگەرمی ئەکرا، سەرم لێی سوڕمابوو تەنانەت ترسی ئەوەیشم لێ نیشتبوو کە پێشنیازەکانم بەجۆرێکی تر چوبنە مێشکی نەتەوەوە یاخود دەستی بەدکار هەندێکی لێ گۆڕیبن و بەجۆرێکی تر تێی گەیبن ئەوەی کە لێی ئەترسام هاتە دیی چونکە هەر ئەوەندە دەستەی کۆنگرەکەمان بڵاوەی لێ کرد، لەسەر واتای پڕۆژەی سەربەخۆیی مقۆ مقۆ پەیدا بوو ئەوەیش لەوکاتەدا دەرکەوت کە (دەستەی کۆنگرە) لەسەر ئەوە گفتوگۆی ئەکرد کە هەموو دەستەکان بانگ کرێنە ناو کۆبوونەوەیەکەوە بۆ ئەمەی لەسەر دانانی دەستوورێک بۆ هیندستان بڕیارێک بدەن چونکە لە ئەنجامی گفتوگۆی کۆنگرەکەدا وا دەرکەوت کە بەشی مام ناوەندییەکەی کۆنگرەکە،[1] وا لە سەربەخۆیی تێ گەیشتبوون: کە مەبەس ئەوەیە هیندستان بخرێتە بارێکی واوە کە ئەویش وەک خاکێکی لێ بێت لە خاکەکانی ژێر دەستی شا کڵاوی بەریتانیا[2] کە (دو مینیۆن)ی پێ ئەڵێن[3]!... لەبەرئەوە ناچاربووم بگەڕێمەوە سەر فرمانی ڕاز نووسیی (دەستەی کۆنگرە)کە چونکە ترسام لەوەی کۆنگرە وای لێ بێت، خۆی شل بکات و ئەو ئاواتەی لە دڵدایە بۆ نیشتمانەکەمان لەسەر دەستی ئەودا پێک نەیێت!...

(١) بەشی مام ناوەندییەکەی کۆنگرە: باڵی ناوەندیی حیزبی کۆنگرە، یان (الجناح المعتدل لحزب المؤتمر).

(٢) شا کڵاوی بەریتانیا: ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانیا (التاج الملکي البريطاني).

(٣) وڵاتە ژێر دەستەکانی بەریتانیا (دۆمینیۆن) کە دوای ڕزگاربوون و سەربەخۆییان ئەوانە ڕێکخراوێکیان پێکهێنا بەناوی (کۆمۆنوێڵس)ەوە تا ئێستا هەر ماوە و لە کاردایە.

## سەربەخۆیی لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا

ساڵی ١٩٢٨ پڕبوو لە خەبات و ڕەنجی زرنگکاریی... چونکە بزووتنەوەی کۆمەڵانی کارگەران و پیشەوەران تینی سەندبوو لە هیندستاندا... مان گرتنەکانیان پەرەیان سەندبوو.

هەستی ناو دڵی چینی کرێکارەکانیش گەشەی کردبوو هەروەها بزووتنەوەی داواکردنی چاک کردنی کاروباری لادێیش بەهێز و هەرەتەوە کەوتبووە گەڕ هەروەها بزووتنەوەی لاوانیش پەرەی سەندبوو ڕێک خراوەکان و کۆمەڵەکان و کۆبوونەوەکانیان زۆرتریان لێ هاتبوو ئەو ساڵە بەناوی (لیژنەی سیمۆن)ەوە ناوی دەرکرد ئەم لیژنەیە لەلایەن فەرمانڕەوایی بەریتانیاوە نێررابووە هیندستان. بۆ ئەمەی لە باری هیندستان تێ بگات و لە بابەت خواستەکانی نەتەوەی هیندیشەوە لێکۆڵینەوەیەک بکات بەڵام هیندییەکان هیچیان خۆیان تێ نەگەیاند تەنانەت جووتیارەکانیش ئەو ڕستەیەیان بەئینگلیزی کردبووەبەر کە ئەڵێ: (ئەی سیمۆن بگەڕێرەوە خاکی خۆت)، بۆ ئەمەی لە هەرشوێنێکا لیژنەکەیان تووش هات بیدەن بەگوێیدا!... سەیر ئەوەبوو، ئەم ڕستەیە بووبووە هۆی ترس و لەرزێک بۆ ئەندامانی لیژنەکە تەنانەت کە چووبوونە سەر جێگای خۆیان بنوون، لە شاری (نیو دەلهی)دا، وایان هاتبووە پێش چاو کە ئەو ڕستەیە لەناو جەرگی تاریکییەوە دێ و دەنگ ئەداتەوە!... کەچی ئەوەیان بەبیردا نەهاتبوو کە ئەوەی لەو شەوەدا بیستبوویان تەنیا دەنگی لوورەی گورگەکان بووبوو گوێیان لێی بووبوو!...

کە کۆنگرەی هەموو دەستەکەمان گیرا و لە بابەت دانانی دەستووری هیندستانەوە گفتوگۆیان کرد، دوایی بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە لیژنەیەک پێک بهێنرێ لە ژێر سەرپەرشتیی باوکم دابێ لیژنەکەیان ناو نا (لیژنەی نەهرۆ) ئەو بڕیارەیش کە لیژنەکە دەری کرد، ناونرا، (بڕیاری نەهرۆ) منیش لە شوێنی خۆمەوە کە راز نووسی دەستەی کۆنگرەی هیندستان بووم، بەگلاراوییەکەوە چاوەڕوانیی ئەنجامی پرۆژەکەی خۆمم کرد کە لە بابەت (سەربەخۆیی هیندستان)ەوە پێشکەشم کردبوو چونکە وام ئەهاتە پێش چاو کە خۆیان بەقاقەز ڕەش کردنەوەوە خەریک ئەکەن لە بابەت دانانی بەندەکانی دەستوورەکەوە وام ئەهاتەپێش چاو کە کاتی خۆیان لەوەدا بەخۆڕایی بەخت ئەکەن کە ڕەنجی خۆیان بەبا ئەدەن چونکە گیروگرفتی ڕاستەقینە لەوەدا بوو کە بەسەر هێزدا زاڵ بین هەروەها ئەوەیشم زۆر پێ ناخۆش بوو، کە لیژنەکە سنووری ئامانجەکەمانی پچووک ئەکردەوە تاوای لێ



هات، هیندستانی خستەڕیزی خاکەکانی سەر بەشا کڵاوی بەریتانیاوە بەلای منیشەوە وابوو، کە چارەی هەرەگەورە بۆ ئەم دەردە ئەوەبوو کە ناکۆکیی ناوەند هیندۆکەکان و موسڵمانەکان و سیکەکان لەناو ببرێ دوایی وامان لێ هات، من و لایەنگیرانی سەربەخۆیی کە ژمارەیەکی زۆربوون، نامەیەکمان پێشکەش بەکۆنگرەی هەموو دەستە زرنگکارییەکان کرد، وامان تیا نووسیبوو کە ئێمە هەرشتێ لە ئامانجی سەربەخۆیی دوورمان بخاتەوە، خۆمانی لێ دوور ئەخەینەوە لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەیشمان بەپێویست زانی کە بۆیان ڕۆشن بکەینەوە: ئێمە نیازی هیچ بەرهەڵستێکمان نییە دای بنێین لە ڕێگای کۆنگرەکەدا.

زۆری پێ نەچوو کۆنگرەی (لاهور) کۆبووەوە ئەویش لە پاش ڕووداںی کارەسات و گێرە و کێشەیەکی زۆر کە هەموو ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٢٩یان داگیرکردبوو بەڕاستی ئەوەیش ڕێکەوتێکی سەیر بوو کە لە نیوەشەوی ٣١ی مانگی (دیسەمبەر)ی ساڵی ١٩٢٩دا کات ژمێرەکە لێ دا و (سەربەخۆیی هیندستان) دەمودەست ئاشکرا کرا بەم ڕەنگە ساڵی کۆن ئاوابوو و ساڵی نوێ یش هەڵهات!... بەم ڕەنگە بڕیاردانی سەربەخۆیی و پێ ڕەویی ئەو کاروبارانەیش کە پێویست بوو ڕاپەڕێنرێت بۆ هێنانە دیی سەربەخۆیی، تێکڕا لە شێوەیەکی گشتیی کۆنگرەکەدا پەسەند کرا و تێپەڕێنرا دەمودەست لە شکری خەبات کردن کۆکرایەوە بۆ زۆرانبازیی، دانانی ڕێ و شوێنی ئەو زۆرانبازییەیش خرایە ئەستۆی لیژنەی گشتیی کۆنگرەکەوە کە بڕیاری لەسەر بدات بەڵام هەموو کەسێکیش ئەوەی ئەزانی کە بڕیاری دوایی بەدەست غاندییە!... بۆ ئەمەی بڕیارەکانی کۆنگرەکە جێبەجێکرێن، باوکم داوای لە ئەندامەکانی کۆنگرەکرد، هەر کامێکیان لە (کۆمەڵی یاسا دانان) و (کۆڕەکانی ناوچەکان) دابوون دەمودەست لەو کۆمەڵانە خۆیان بکێشنەوە و دەس بەرداریان بن.

ئەوانیش هەموویان دەستی خۆیان لەو کۆمەڵانە کێشایەوە تەنیا چەند کەسێک نەبێ، کە لەوەدا، خۆیان دواخست!... لەگەڵ ئەمەیشا، هەتا ئەو دەمەیش نەمان ئەزانی چی بکەین!... کەشتییەکانی خۆمان سووتاند بوو تازە بۆمان نەئەکرا بگەڕێینەوە پاشەوە جا بۆ ئەمەی دەست بکەین بەهەڵمەت بردنەکەمان هەروەها ئامادەیی نیشتمانەکەیشمان بۆ ئەم مەبەسە تاقی بکەینەوە، ڕۆژی ٢٦/١/١٩٣٠مان دانا بە(ڕۆژی سەربەخۆیی) کە لەو ڕۆژەدا لەم پەڕو لەو پەڕی هەموو خاکی هیندستاندا هیندییەکان سوێندی سەربەخۆیی وەرگرتن بخۆن.

## سوێندی سامناک و... کاروانی خوێ

هەر ئەوەندە ڕۆژی خوێ هات، لە هەناسەیەکدا خوێن گەرمیی نەتەوەمان بۆ دەرکەوت کە چەند هۆگری ئەم نیازە پاکەن بەڕاستی ئەو ڕۆژە پیاو سامی لێ ئەنیشت کە ئەیدیی لە هەموو جێگایەکدا کۆمەڵانی گەورە گەورە کۆبوونەتەوە و ئەم سوێندە لە شێوەیەکی مەند و لەسەرخۆدا دووبارە ئەکەنەوە، ئەڵێن:

(ئێمە بڕوامان وایە کە نەتەوەی هیندیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر مافی هەیە ئازادیی و سەربەستیی خۆی دەست بکەوێ وتێر لە بەروبوومی دەستی خۆی بخوات هەر شتێکیش بۆ ژیانی پێویستە بکەوێ... تا بەجۆرێکی تەواو بتوانێ گەشە بکات و پێ بگات... بڕوایشمان وایە کە هەر فەرمانڕەواییەک بکەوێتە سەر ئەو بیرەی کە نەتەوەکەی خۆی لەم مافانە بێ بەش بهێڵێتەوە و تەنگەتاوی بکات، ئەو نەتەوەیەیش مافی هەیە ئەو فەرمانڕەواییە بگۆڕێ یاخود لای ببات... فەرمانڕەوایی بەریتانیایش وەنەبێ هەر بەتەنیا هیندییەکانی لەو ئازادییە بێ بەش هێشتبێتەوە، هەروەها هەموو نەتەوەیەکەیشی چەوساندۆتەوە بۆ کەڵکی خۆی، بەجۆرێکی وا کە لە ڕووی ئابووریی و، زرنگکاریی و، خوێندەواریی و، گیانییەوە هیندییەکانی سەرگەردان و ماڵوێران کردووە و دایشی ڕزاندون... لەبەرئەوە بڕوامان وایە کە هیندستان پێویستە لە سەری هەر پەیوەندییەکی بە بەریتانیاوە هەبێ بیپچڕێ و سەربەخۆیی تەواوی خۆیشی لێ وەرگرێ...).

غاندیش کە هەستی نەتەوەیی تاقی کردەوە، پەیی بەوە برد کە کاتی ئەوە هاتووە دەست بکرێ بەفرمان کردن کاتێکمان زانی کارەسات یەک لە دوای یەک ئەهاتە پێشەوە و ئەقەوما هەر لە مەرگەساتێکی ئەکرد کە ڕووە و پۆپەی خۆی ئەڕۆیشت بزووتنەوەی سەرکێشی شاریش خەریک بوو نزیک ببێتەوە بێ ئەمەی ئارەزووی ئەوە بکەین، دەمودەست بیرمان چوو بەلای بزووتنەوەکەی پێشوودا، کە لە پاش مەرگەساتەکەی (شاوری شاورا) چۆن وەستێنرا... لە دواییدا گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە شێوەی (توندوتیژیی نەنواندن) بۆ هەموو دەمێک و بۆ هەموو شوێنێک دەست نادات کەچی (غاندی) لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم شێوەیە بۆ هەموو دەمێک و بۆ هەموو شوێنێک دەست ئەدات لەبەرئەوە، پێویست بۆ جێ بەجێ کردنەکەی لە شێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و جۆر جۆردا بێ، تا بتوانرێ بۆ هەموو جۆرەکات و جێگایەک بەکار بهێنرێ بەڵام ئەگەر هاتوو وە ستێنرا، ئەوە دیارە کە بەکار نایەت و سەر ناگرێ!... لەگەڵ ئەمەیشدا، غاندی



بیروباوەڕەکانی خۆی بۆ دەرنەخستین ئەو هەر ئەوەندەی بەلاوە بەس بوو، کە تێمان بگەیێنێ هەندێک ڕاست کردنەوەی هێناوە بەسەر بیروباوەڕەکانی خۆیدا.

کە سەرکێشی شاریش کەوتە سەر ڕێگای خۆی، نابێ بەهیچ جۆرێک بووەستێنرێ!... کاروانی خوێ هێنان دەستی پێ کرد لە هەموولایەکەوە هۆگری ئەم بزووتنەوەیە بوون بەگەرمییەکەوە خۆیان ئەخزاندە ناو کاروانەکەوە کاروانەکە ڕۆژ بەڕۆژ نزیک ئەبووەوە لە زرێ کە ئامۆژگاریش نێررا بۆ لیژنەکانی ناوچەیی و خۆجێیی کۆنگرەکە، کە دەسەڵات هەر لە دەست سەرۆکەکاندا بمێنێتەوە کە پێویستە کاروباری خۆیشیان وەها ڕێک بخەن، کە هەر کاتێک یەکێک لە ئەندامەکانیان گیرا، دەمودەست یەکێک لە خۆیان بچێتە جێگەی ئەو و کاروبارەکانی ئەو هەڵبسووڕێنێ مانگی گوڵان (ئیپریل) هات غاندی و کاروانەکەی لە زرێ کە نزیک بوونەوە ئێمەیش چاوەڕوانی ئەوە بووین کە ڕێ بدرێ، دەست بەسەرکێشیی شاریی[1] بکرێ ئەویش بەشکاندنی ئەو یاسایانەی کە بەرهەم هێنانی خوێیان هەر بۆ فەرمانڕەوایی تەرخان کردووە ڕۆژی شەشەمی مانگی گوڵانیش یەکەم ڕۆژی حەفتەی نەتەوەیی بوو، کە خوومان وا پێوە گرتبوو هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا بیرەوەریی کارساتەکانی ساڵی **١٩١٩**مان زیندوو ئەکردەوە.

هەر ئەوەندە گەیشتینە ئەو ڕۆژە، ئیتر لە هەموولایەکی هیندستانەوە دەستیان کرد بەخوێ کۆکردنەوە یاخود خوێ بەرهەم هێنان!...

لە ڕۆژی چواردەمی مانگی گوڵاندا منیان گرت هەر لەو ڕۆژەیشدا لەناو بەندیخانەکەدا چەند و چوونیان لەگەڵ کردم و بڕیاری دادگایان بەسەردا دام هەر لەبەر شکاندنی یاسای خوێ دەرهێنان سزایەکی شەش مانگ بەندێتییان دام.

لەو ڕۆژانەدا کارەساتی سەیر سەیر ئەقەومان بەڵام لە هەموویان سەیرتر، بێ گومان ئەوە بوو کە ئافرەتانیش هاتبوونە ناو کۆڕی خەباتی نیشتمانییەوە پۆل پۆل ئافرەتەکان لە تەنیایی ماڵەکانیان ئەهاتنە دەرەوە هەرچەندە ئەوانە ڕانەهاتبوون بەم خەباتە گشتییانەوە، بەڵام بەهەموو کوڵێکی دڵیانەوە خۆیان فڕێ ئەدایە ناو کۆڕی جەنگەوە و جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی خۆ دوورخستنەوە لە پۆشەنیی بێگانە و بابەتی مەی خۆرییان خستە سەر ئەستۆی خۆیان هی وایشیان تیابوو گەیشتنە ئەو پایەی کە سەرۆکایەتیی لیژنەکانی کۆنگرە بکەن لە ناوچەکاندا و بیشیانبەن بەڕێوە!... لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی بەختەباران

(١) سەرکێشی شاریی: واتە (العصيان المدني).

(مایس)دا (غاندی) گیرا دوای ئەوە هوروژمی گەورە گەورە برایەسەر کۆگاکانی خویٚ لە کەناری ڕۆژئاوادا کارەساتی زۆر ناخۆش و پڕئازاریش ڕوویاندا، کە دڕندەیی باڵبازەکانی فەرمانڕەواییەیان بەئاشکرا تیا دەرکەوت.

## دیموکراتیێتییەک بۆ ڕۆژئاوا... دیمۆکراتیێتی یەک بۆ ڕۆژهەڵات

هەمووی پێنج مانگ و سیانزە ڕۆژی پیٚ چوو بوو کە بەرەڵلاکرابووم لە بەندیخانە، دووبارە خستیانمەوە ناو بەندیخانەوە ئەو کاتەیش تازە ئاهەنگمان گیٚڕا بوو بەبۆنەی (ڕۆژی سەربەخۆیی)یەوە، لە ساڵی ١٩٣٤دا منیان گواستەوە بۆ بەندیخانەی (ئالیبور) لە ١٦ی مانگی ڕەشەمیٚ یشدا بڕیاریان بەسەردا دام کەدوو ساڵ لە بەندیخانەدا بمێنمەوە!... بەڕێکەوت لە کاتی گرتن و چەند و چوون کردن لەگەڵما، لە ئەوروپایشدا شەڕ و ئاژاوە پەیدا بووبوو؛ لە فەرەنسەدا بۆیە پشێویی پەیدا بووبوو، چونکە فەرمانڕەواییەکی نەتەوەیی هاتبووە سەر تەخت و فاشیستییەکانیش زمان درێژییان ئەکرد و کەوتبوونە چاوو ڕاوکردن، لە خاکی (نەمسە)یشدا ڕاوێژکار (دۆلفۆس) فەرمانی دابوو بەسەربازەکانی خۆی کە گوللە بنێن بەکرێکارەکانەوە و (دیمۆکراتیێتیی هاوبەش[1] لە ناو ببەن لە هەمولایەکەوە نیشانەی ئەوە دەر ئەکەوت کە فاشیستیی خەریک بوو ئەوروپا و ئەمەریکا بگرێتەوە کاتیٚ کە (هیتلەر)یش هاتە سەر تەختی فەرمانداریی لە (ئەڵمانیا)دا و هەرچەندی کرد نەیتوانی چارەی گیروگرفتە ئابوورییەکان بدۆزێتەوە، وام بەدڵدا هات کە فەرماندارییەکەی زوو ئەبڕێتەوە هەروەها دڵی خۆم بەوە ئەدایەوە، کە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی فاشیستی، هەر لە بووژانەوەیەکی ئەکرد کە پێش سەرە مەرگ بکەویٚ بەڵام زۆری پیٚ نەچوو، کەوتمە گومانەوە لە خۆم، کە بیرەکانم بەئاواتەکانمەوە بۆ ژۆ بوون... ڕۆژنامەکانی ئینگیلتەرەیش داوایان لە فەرمانڕەواییەکەی خۆیان ئەکرد کە بەرامبەری فاشیستی و دیکتاتۆری بوەستیٚ و بەرەنگارییان بکات لەسەر ئازادیش بکاتەوە ئەوەیش دیار بوو کە منیش ئەم پرسەم بەبیردا ئەهات و ئەمگوت: ئەی ئەو ڕۆژنامانە لە بابەت ئازادیی لە ناوبراوەوە بۆچ نایەنەزمان کە لە هیندستاندا هەر ناویشی نەماوە؟!...

ئێمە لەو سەردەمەدا، هەر بە ئازاری لەشمانەوە ناڵە ناڵمان نە ئەکرد، ئازارێکی تریشمان پیٚ ئەگەیشت کە لەو ناخۆشتر، کە لەو توندوتیژتر بوو...ئازاری دەروونیمان پیٚ ئەگەیشت، ئازاری گیانی!... نازانم ئەو گرفتاری ئازادییانە، لە ئینگیلتەرەدا، کە خەمی

(١) دیموکراتی هاوبەشی: (الديمقراطية الأشتراكية).



مردنی دیموکراتیێتییان ئەخوارد لە نەمسەدا، بۆچ کە ئەگەیشتنە بەردەم چارەنووسی ئێمە، چاوی خۆیان ئەنووقاند؟!... نازانم بۆچ کوێرایییان دا ئەهات لە خاکەکەی ئێمەدا و کوشتنی ئازادیی ئێمەیان نەئەهاتە بەرچاو، کەچی هەر بۆ ئەو ئازادیی کوشتنە لە خاکێکی تردا دەستیان ئەکرد بەهاوار و فەریاد و بۆڵە بۆڵ کردن؟!...

بەریتانیاییەکان ئەوەندە سەرکەوتن و خۆشگوزەرانییان دیوە بەخۆیانەوە، بەچاوی سووک سەیری نەتەوەکانی تر ئەکەن هەر نەتەوەیەک کە بێتە ئەو دیوو دوورگەکانی خۆیانەوە لەبەر چاویاندا لە خۆیان بەکەمتری دا ئەنێن دوور نییە چینی باڵای بەریتانیا جیهان بەم جۆرە دابەش بکەن:

١- بەریتانیا. لە پشت ئەوەوە کەندەڵانێکی گەورەوفراوان هەیە.

٢- خاکەکانی سەر بەشا کڵاوی بەریتانیا (بەڵام هەر نەتەوە پێست سپییەکانیان) ئەمەریکایش (بەڵام هەر ئەوانەی کە لە ڕەگەزی ئەنگلۆسەکسۆنن).

٣- ئەوروپای ڕۆژئاوا.

٤- ئەوروپاییەکانی تر.

٥- ئەمەریکای خواروو (بەڵام هەر ئەوانەی کە لە ڕەگەزی لاتینین). لەدوای ئەمانیشە کەندەڵانێکی گەورە و فراوان دێت.

٦- پێست ڕەنگا و ڕەنگەکان، واتا ئەوانەی ڕەنگیان بۆر یاخود زەرد یان ڕەشە ئەمانەیش لە ئاسیا و ئەفەریکا دان!...

ئای ئێمەیش کە لە چینی هەرە خواروویین، چەند دوورین لە سەردارەکانمانەوە کە کەوتوونەتە چینی هەرە باڵاوە!... کەواتە ئیتر لەمە بۆچ سەرمان سوڕبمێنیٚ، کە ئەوانە هەرچەند سەیری ئێمە ئەکەن بەرچاویان تاریک ئەبیٚ، کە هەر چەند لە دیمۆکراتی و ئازادیش بدوێین تەنگە ئەیانگریٚ؟!

وادیارە ئەم وشانە بۆ ئەوە دانەڕێژراون کە ئێمە بەکاریان بهێنین!... بەلای ئەوانەوە دیموکراتی وەک کەولێک وایە کە بۆ هیندستان دەست نادات!...

تەنانەت (دەستەی کرێکارانی بەریتانیا)یش کە ئاڵای هاوبەشی (إشتراکیە)ی هەڵگرتووە، لە سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی دووەمیدا، لە هەموو دەمێک خراپترمان بەسەردا هات!... جا کە دیموکراتی بۆ هیندستان دەست نەدات وشەکەیشی بۆ ئەوە دانەڕێژراوە کە ئێمە بەکاری بهێنین!...

هەروەها بەوپێیە یاسای دیموکراتی بۆ میسریش دەست نادات!... هەر ئێستاکە بوو، کە لە خوێندنەوەی نامەیەک بوومەوە لە ڕۆژنامەی (ستیتسمان)ەوە کە لە شاری قاهیرەوە بۆی نێراوە لە ١٩٣٤/١٢/١٩دا، لە بابەت وتاریکی ئاشکرای سەرەکی کار بەدەستانی میسرەوە (نەسیم پاشا) ئەدوێ کە خەریکی تێکۆشینە بۆ یەک خستنی بیروباوەڕی دەستەکان، تا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا یارمەتیی یەکتر بدەن... کە ئەم وتارەیش دڵی دەزگا باڵاکانی خستۆتە بێ ئارامییەوە... چونکە ئەوانە ئەوەیان لە (نەسیم پاشا) ئەویست کە بەهۆی زەبر بەدەستیی کارگێڕەکانەوە، (دەستەی وەفدییەکان) سەرەشکێنە بکات و نەهێڵێ لەو هەڵبژاردنانەدا سەر بکەون بەڵام (سەرۆکی کاربەدەستانی میسر هۆشە یاساییەکەی لە ئەندازە بەدەرە)... (هیچیش نەماوەتەوە ئەوە نەبێ کە هوایت هۆڵ خۆی دەست بخاتە ناو کاروباری هەڵبژاردنەکەوە!)... بەڵام ئەوەی لە (هوایت هۆڵ) ئەوە شێتەوە بیکات لە میسردا، خوا ئەیزانێ چییە!... ئێمە نایزانین بەڵام ئەم چەند درێژەی کە لە وتاری ئینگلیزێک وەرگیراوە کە ناوی خۆی ناوە (خۆشەویستی ئازادیی!) و لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەی (ستیتسمان)دا بڵاوکراوەتەوە ئەم بابەتەمان وا بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە:

(کە دەردەکە لەوێ دایە کە شێوەی ژیانی نوێنەر هەڵبژێری میسری و ئامانجی بیروباوەڕەکانی، لەگەڵ ئەو شێوەی ژیان و ئامانجی بیروباوەڕانەدا ڕێک ناکەوێ کە دیموکراتی لەوانەوە هەڵ قوولاوە!...)...

بەڵێ وایە!... وەک دەرئەکەوێ، بەلای ڕۆژئاواییەکانەوە، دیموکراتی لەناو هەموو فەرمانڕەواییەکی ڕۆژ هەڵات دا ئەبێ وابێ: کە هەرچی فەرمانڕەوایی داگیری ڕۆژئاوایی فەرمووی ئەبێ فەرمانڕەواییە ڕۆژهەڵاتییەکە دەمودەست بەجێی بهێنێ ناشبێ ئەوەندەی سەری دەرزییەک زیانی بۆ ئەو فەرمانڕواییە داگیرکەرە تیابێ!...

١٩٦٦/١/٣١

# جەمالەدینی ئەفغانی تێگەیشتووی ڕۆژهەڵات

نووسەری: قدری قلعچی

١٩٦٥

## دەربارەی جەمالەدین

* «مێژووی سەید جەمالەدین، بریتییە لە مێژووی هەموو کەینەوبەینەی ڕۆژهەڵاتی ئەم سەردەمە».

(براون)

* «... جەمالەدین لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی تازەدا یەکەم داواکەری ئازادیی و یەکەم کوژراوە لەو پێناوەدا».

(مصطفی عبدالرازق)

* «کە شێخ جەمالەدینم چاو پێ کەوت، ئەمەندە کاری لە دڵم کرد کەم کەس ئەوەندە کاری تێ کردبووم. کە گفتوگۆم لەگەڵ ئەکرد ئەوەندە سەربەست بوو لە بیروباوەڕ دەربڕیندا، ئەوەندە دەروون پاک و ڕاستگۆ بوو، خۆم وا ئەهاتە پێش چاو کە یەکێک لە ئاشنا کۆنەکانم ئەبینم، وەک إبن سینا و إبن رشد...».

(رنیان)

* «... بەجۆرێکی تێکڕایی، ئەگەر بڵێم جەمالەدین ئەوەندە مێشکی بەهێز و هۆشی فراوان و چاوی تیژ بوو، مەگەر خوا لە پاش پێغەمبەران، هەر ئەوەندەی بەخشی بێ بەکەسانی تر، لە ڕاستی دوور نەکەوتوومەتەوە».

(محەمەد عبدە)

* «سەید جەمالەدینم چاو پێ کەوت، کە لە نەوەی پێغەمبەرە و، خۆیشی بەپێغەمبەرێک دائەنرێ... هەستم بەخۆم کرد بەجۆرێکی وا چووبوو بەدڵما، کە هەموو شۆڕشگێڕێک، یاخود بەرەنگاریکەرێکی زۆرداریم هەر ئەوەندە خۆش ئەوێ».

(هەنری روشفور)

* «زانستی ڕاستەقینە و بەندەیی یەک ناگرن»

(جەمالەدینی ئەفغانی)



## پێغەمبەری ڕاستی و ڕۆشنایی

ڕۆژهەڵات، لە پاش ئەو پایە بڵندییەی دەستی کەوت، تووشی ڕۆژگارێکی وابوو، کە لە ناو تاریکی و زۆرداریدا ئەژیا. هەر ڕۆژە یەکێک چاوی تێ ئەبڕی داگیری بکا، هەر ڕۆژە یەکێک پەلاماری ئەدایە تاڵانی بکات. ئەم ژیانە کولەمەرگییەی ڕۆژهەڵاتییەکان، بەساڵان و بەسەد ساڵان تیا ئەژیان، جار بەجارێک، لە وزەیاندا نەئەما لێی بێ دەنگ بن، لێی ڕائەپەڕین و دەستیان ئەدایە تۆڵە سەندنەوە. ئەم ڕاپەڕین و تۆڵەسەندنەوانە تێگەیشتووانە کردبێتیان، یان تێنەگەیشتووانە، لەم شێوانەدا دەرئەکەوتن، وەک: یاخیبوونی بەرەیەک لە جووتیاران لە چیندا یاخود شۆڕشێکی سەرنەگرتوو لە خاکی رووسیادا، یان شەڕێکی دەستە دەستەیی کە سەردارێکی هیندی ئەیکرد بەرامبەر بەداگیرکەرەکان، یاخود کۆمەڵێکی نهێنی خەریکی هەڵگێڕانەوەی تەختی خونکارێ ئەبو لە خاکی (عوسمانی)یەکاندا...

لە سەردەمی[1] نۆزدەهەمدا، ئەم تۆڵەسەندنەوەیە، لە خاکەکانی ڕۆژهەڵاتدا، لە شێوەی مۆژدەیەکی ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتیی گشتیدا خۆی نواند، کە ئەنجامی ئەو زۆر و ستەمە بوو کە لە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەکرا، ئەویش پاڵی پێوە ئەنان کە تێ بکۆشن بۆ ژیانێکی باشتر و بڵندتر. ئەوەیش دیاربوو کە ئەم ڕاپەڕینە چەند سەرکردەیەکی چاکەپەروەر و چەند ڕۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕ، پەیدا بکا و بیانهێنێتە کایەوە، کە یەکێک لەوانە (جەمالەدینی ئەفغانی) بوو. چونکە هەڵکەوتنی کەسایەتییە گەورەکانی مێژوو کە سەرکردەیی ئەکەن، بەستراوە بەو ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییانەوە کە لە ئاراستەکردنی ژیاندا دەستیان هەیە. چونکە شۆڕش، پاڵ ئەنێ بەچەند کەسێکی خاوەن بیر و وریاوە بۆ ئەمەی لەگەڵیا بڕوات بەڕێوە و، ڕێگای بۆ بکاتەوە و، پێڕەوی بۆ دابنێ و لەسەر ئەو کۆمەڵانە بکاتەوە کە زۆر و ستەمیان لێ کراوە، تا ئازادیی خۆیان دەست ئەکەوێتەوە و بەکامی خۆیان ئەگەن.

(جەمالەدین)یش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیا. ئەو کاتەیش ڕۆژهەڵات بەدەست نەخوێندەواری و ناکۆکی و زۆر و ستەمەوە ئەیناڵاند. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا چاوی لە ڕۆژێک بوو کە ئازادیی دەست بکەوێ و ڕۆژی لێ ببێتەوە ئەویش بەناو ئەو خاکانەدا ئەگەڕا و ئەسووڕایەوە، بانگی ئەدا بۆ فێربوونی زانست و یەکێتی و ئازادی و ڕاوێژکردن. واتا بۆ ئەوە تێ ئەکۆشا کە هێزێکی وا پێک بهێنێ کە زۆرداریی زۆرداران و

---

(١) ڕاستتر: لە سەدەی.

چاو چلێسیی داگیرکەرانی پێ بشکێنێ. (جەمالەدین)یش ئەو پیاوە تێگەیشتووە بوو، کە ڕۆژهەڵات پشتی پێ بەست و چرای دایە دەستی، بۆ ئەمەی ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییەکەی ئاڕاستە بکات و بەرەنگاریی داگیرکەرەکانیشی بکات. ئەویش وەک بیرکەرەوەیەکی هەرە گەورە، گەورەترین بەرەنگاری کردن و ڕۆشنبیریی پیشان دا، دڵی پڕ بوو لە باوەڕ بەو ئامانجەی بۆی تێ ئەکۆشا، نە سارد ئەبووەوە، نە کۆڵی ئەدا، دڵسۆزانە ڕەنج و تەقەلای ئەدا!... جەمالەدین ئەڵێ:

(ئەو بیرەی لە پەژارەییدا بوو کۆم کردەوە و ئاڕاستەم کرد، سەرنجێکم دا لە ڕۆژهەڵات و دانیشتووەکانی: لە بەردەم ئەفغاندا وەستام، کە یەکەم زەوییە لەشم لێی کەوتبێ، پاشان سەرنجم لە هیندستان دا، کە لەوێدا هۆشم گەشەی کرد، ئنجا هاتمە سەر ئێران کە هاوسێمان بوو و پەیوەندیشی بەئێمەوە هەبوو ئنجا دوورگەی عەرەبستانم هاتە پێش چاو: (حجاز)، جێگای سروش (یمن) و ڕۆڵەکانی، (نجد)، (عراق)، (بغداد) و (هارون) و (مأمون)ەکەی، (شام) و (اموی)یە زۆرزانەکانی، (ئەندەلوس) و کۆشکی (حمراء)کەی... بەم ڕەنگە هەموو خاک و فەرمانڕەواییەکی موسوڵمانەکانم هێنایە پێش چاوی خۆم، لەگەڵ ئەو بەسەرهاتانەی کە بەسەریان هاتووە. چونکە ڕۆژهەڵات... ڕۆژهەڵاتە! خۆم خەریک کرد بەدۆزینەوەی نەخۆشییەکەیەوە و دەرمانی ئەو نەخۆشییەوە. کە سەرنجم دا، نەخۆشییە هەرە کوشندەکانی بریتین لە: ناکۆکیی ناوەند ڕۆژهەڵاتییەکان خۆیان و، پەرێشانیی بیروباوەڕیان کە هەریەکە بەلایەکا چووە، ڕێک نەکەوتنیان لەسەر یەکێتی و، یەکێتییان لە تێکچووندا، هەموویان لەوەدا یەکن کە هەرگیز ڕێک نەبن! منیش چیم لە دەست هات کردم بۆ ئەمەی قسەیان بکەم بەیەک و وریایشیان بکەمەوە لەو تەنگوچەڵەمەیەی کە تێی کەوتوون بەدەست ڕۆژئاواییەکانەوە کە خەریکە لەناویان ببات...)

***

(جەمالەدین) پیاوێکی تێگەیشتوو بوو. مەبەس لە تێگەیشتن ئەوەیە کە کەڵک بگەیێنێ بەمرۆڤ بەوریاکردنەوەیان و تێگەیاندنیان لە هۆیەکانی سەرگەردانی و پێشکەوتن، لەو ڕێیانەی کە ئەیانگەیێنێ بەکامی خۆیان. لە ڕاستیدا (جەمالەدین) فرمانێکی گەورەی نەبردە سەر، نووسراوێکی گرنگی نەنووسییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا، ئەو نامەیەی کە پێی سپێررا بوو بیگەیێنێ بەجێی خۆی، ئامۆژگارییەکانی، هەرگیز لەبیر



ناچنەوە. ئەمەیش زۆر نییە کە بڵێین: هەرچی بزووتنەوەیەکی بەرەو چاک بوون و ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە لە خاکەکانی (عەرەب و تورک و فارس و ئەفغان)دا ڕوویانداوە لە بڕانەوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، تروسکاییەکی نامەکەی ئەو و شۆڕشەکەی گیانی ئەوی تیا بەشدار بووە. (جەمالەدین) دەستێکی درێژی هەبوو لە پێگەیاندنی ئەو لاوانەدا کە ڕاپەڕینە تازەکانی ئەو خاکانەیان پێک هێنا. کەم کەس هەیە لە ناودارانی ئەو ڕاپەڕینانەدا کە لە خۆی، یان لە یەکێ لە شاگردەکانی ئەوەوە بەشی خۆی، لە مێشک فراوانی و بەجەرگی و هێزی بیروباوەڕ و ئازادیی دەروونی ئەو کەڵکی وەرنەگرتبێ.

ئەگەر بمانەوێ نموونە لەسەر نامەکەی ئەو بهێنینەوە، تەنیا ئەوە ئەڵێین: کە ئەو فرمانەی (محەمەد عەبدە) بەجێی هێنا لە کۆڕی خوێندەواریدا و، ئەو فرمانەیش (سەعد زەغلول) بەجێی هێنا لە کۆڕی فڕوفێڵبازیدا، دوو ڕووی ئەو نامە گشتییەی ئەو بوون.

(جەمالەدین)، خوا خۆشی بکات، دەروونی پڕ بوو لە شتی جیاواز جیاواز، جاری وا هەبوو، نەرمونیان و دڵپاک بوو. جاری وایش هەبوو، توندوتیژ و تووڕە بوو. لەگەڵ لە خۆی بچووکتردا، ساکار و هێمن بوو. لەگەڵ خونکار و پیاوە گەورەکاندا، لووت بەرز و نازپەروەر بوو. لە لایەکەوە چاوپۆش و زمان پاکژ و ڕەوشت شیرین بوو. لە لایەکی تریشەوە توند بوو لەسەر بیروباوەڕی خۆی، بەهەموو کوڵی دڵییەوە پشتگیریی ئەکرد. یەکێک لە کردەوە هەرە دیارەکانی ئەوە بوو کە دوای ڕاستی ئەکەوت و لە ڕێگای ڕاستیشەوە نەبووایە بۆی نەئەچوو. لە پێناو ڕاستیدا، فروفێڵی نەئەکرد، نەرمونیانیی پیشان نەئەدا. ئامانج و هۆیش، بەلایەوە، وەک یەک وابوو تەنانەت هاوڕێکانیشی هاتنە سەر ئەو بیرە، کە ئەم ڕەوشتە نایابەی خۆی بوو، نەیئەهێشت سەر بکەوێ لە فرمانەکانیا، دوژمنەکانی لە خۆی کۆ ئەکردەوە بۆ ئەمەی هوروژم ببەنە سەری، بیانوویشی بۆ ئەو دوژمنانەی ئەدۆزییەوە کە هێرشی بهێننە سەر و توانج و پلاری تێ بگرن.

لە دەربڕینی بیروباوەڕ و ئازادیی بیرکردنەوەدا، ئەوەندە ڕاست و ڕەوان و بێ پەردە بوو، بیروباوەڕە ئایینییەکانی بووبوونە بابەتی مقۆمقۆ لە لایەن هەندێ خوێندەوارانەوە. ئاخۆ بانگ ڕاهێشتنە ئایینییەکەی چی بووبێ، کە ئەو خوێندەوارانەی وا خستبووە سەر مقۆمقۆ و ئەو هەموو دوژمنانەیشی لەسەر خۆی کۆکردبووەوە؟

## بانگدانێک بۆ ڕاستکردنەوە و تازە کردنەوەی ئایین

(جەمالەدین)، ئەوەی ئەویست کە نەوەی ئادەم هەموو یەکسان بن و هەموو بۆ کەلکی ڕەگەزی مرۆڤایی[1] ڕەنج بدەن. بەرەنگاریی جیاوازیی ئایینیی ئەکرد. بڕوای وابوو کە هەرسێ ئایینەکە سەرەتا و ئەنجامیان وەک یەکە. ئاواتیشی ئەخواست کە خاوەنەکانی ئەو ئایینانە یەک بگرن، بەچەشنی یەکگرتنی ئایینەکان خۆیان لە ناوەڕۆک و ئامانجدا، تا بەهۆی ئەوەوە مرۆڤایەتی هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئاشتی بڕوات.

گوتی: (یەکێک لە ئەندامەکانی هیندستان هەندێ شتی لێ پرسیم، کە خۆی دڵی لێی کرمێ بووبوو، ئەوەندەی نەما بوو بیروباوەڕی ئایینییەکەی لێ تێک بدات، لە هاتنە خوارەوەی نووسراویش بکەوێتە دوودڵییەوە، گرنگەکانی ئەمانە بوون:

ئەگەر قورئان قسەی خوا بێ و ئەمەیش کە خۆی فەرموویەتی: (ئیسلامەتی ئایینێکی ڕاستە و بەسەر هەموو ئایینێکیشا سەری ئەخەم، بام خوانەناسەکانیش پێیان ناخۆش بێ) ڕاست بێ، کەواتە بۆچ ئیسلامەکان لەوپەڕی شکان و شپرزەیی دان؟ پاشان درێژەی بەقسەکانی خۆی زۆر دا، کە بڕییەوە پێم گوت: پێویستە بزانیت، کە هەموو ئایینێک پێویستە ڕاست بی. ئیسلامەتیش هەم خۆی ڕاستە، هەم ناوەکەشی ڕاستە. ئەگەر پیاوێک هاتە لات ناوی زانا بوو، بەڵام لە ڕاستیدا نەزان بوو، هەر لەبەر ئەوەی کە ناوەکە ڕاست نییە، چاکەی ناوبراوت لەبیر ئەچێتەوە؟ ئاخۆ پێت ئەکرێ بڵێیت، ئەم پیاوە چونکە نەزانە و ناوی خۆی ناوە زانا، کەواتە زانست، بەکاری هیچ نایەت؟ ئەگەر بەملیۆن موسوڵمانان بێنە لات و بڵێن ئیسلامین، وەک لەم سەردەمەدا هەن، کەچی هیچیان ئیسلامەتیی ڕاستەقینە نەنوێنن، ئایا هەر لەبەر ئەمەی کە ناوەکانی ئەوانە لە جێی خۆیاندا دانەنراون، پێویستە چاکەی ئیسلامەتیمان لە بیر بچێتەوە؟ دیارە نەء.

جا لەبەر ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی: (ئایینی ئیسلامەتی ئایینێکی ڕاستە و...) و، نەی فەرمووە (هەرچی ناوی ئیسلام بێ سەری ئەخات)!... لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسلامەتی و ئەوانەی باوەڕیان پێی هێنا، هەتا بەپێی ئەم ئایینە ئەجوڵانەوە، بەجۆرێکی وا دەرکەوتن، کە هەموو جیهانی پڕ کرد لە ڕووناکی و دادپەروەریی. کەواتە سەرکەوتن بۆ ڕاستی و دروستییە. نەک بۆ ناوی ڕووتی ئیسلامەتی. ئەوانە شکان و پەرێشانییەی، موسڵمانەکانی ئیمڕۆی تیایە، لەوەوە پەیدا نەبووە کە ئەوان ئیسلامن، بەڵکو لەبەر

(١) مرۆڤایی: مرۆڤایەتی.



ئەوەیە کە ئیسلامەکان لە ڕاستیی ئایینەکەیان تێ نەگەیشتوون و بەپێی ئەویش ناڕۆن بەڕێوە. لەم قسەیەی خوایشدا کە ئەفەرمووێ: (ئایینێکی ڕاستییە و...) ئەوە تێ ئەگەین، کە هەندێک هەن لە هەموو ئایینەکان بەکۆمەڵە، گشتن. بەشەکانیشیان بریتییە لە ئایینەکانی موسایی و عیسایی و محەممەدی. جا هەر ئایینێک لەم ئایینانە لەسەر ڕاستی بڕوات ئەو سەر ئەکەوێ. چونکە ئەو سەرکەوتنەی کە خوا بەڵێنی داوە بۆ ئایین، ئەو ئایینەیە کە لەسەر ڕاستی بڕوات، ئەگینا نە ئایینی مەسیحییەکان، نە هی موساییەکان، نە هی ئیسلامەکان، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناویان وا لێ نراوە سەر ئەکەون. بەڵام هەر کامێک لەوانە لەسەر ڕاستی ڕۆیشت، ئەوەیان ئایینی پاکە. خوای گەورە فەرموویەتی: (ئێمە ئەم نووسراوەمان بەڕاستی بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە. کەواتە خوا بپەرستە و بەپاکی و دڵسۆزییەوە ئایینەکەی بەجێ بهێنە، چونکە ئایینی پاک هی خوایە).

بڕوای دوایی وابوو، کە ئایین دوو بەشە، بەشێکی هی خواپەرستییە. بەشێکیشی هی کاروبارە. هەرچی خواپەرستییە مرۆڤ بۆ خوای خۆی ئەیکات، فڕی بەسەر کەسی ترەوە نییە، نە بەرەنگاری کەس ئەبێ، نە کەسیش بەرەنگاری ئەو ئەبێ. چونکە ئەو ڕووی لە هەموو کەسە. خوایش گەورەی گشت کەسە. نە بەتەنیا هی جووە، نە هی گاورە، نە هی موسوڵمانە: ئەوە کە هەمووتانی لە یەک کەس دروست کردووە. بەڵام کاروبار، پێڕەوییەکە لەناو هەمووواندا بەکار ئەهێنرێ. هەموو لایەک فێر ئەکات کە بەکاری نیشتمانەکەی خۆیان بێن، پێکەوە بن و یارمەتیی یەکتریش بدەن. (جەمالەدین) بەئاواتی ئەوەوە بوو کە هەرسێ ئایینەکە یەک بگرێ. بۆ ئەم پێشبینییەیشی چەند ڕێ و شوێنێکی دانا. دەستیشی کرد بەبانگ دان بۆ هەموو خاوەن ئایین و لقەکانیان کە پێڕەویی بکەن. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بەداخێکەوە پێی زانی کە لە پێش ئەو ئامانجە گەورەیەوە چاڵێکی زۆر قووڵ هەیە، ئەوانە پارێزگاریی ئەکەن کە: (لەبەر پول پەرستیی خۆیان، هەموو لقێکیان وەک دوکانێک لێ کردووە، هەموو دەستەیەکیان وەک کانییێکی زیو و زێڕ لێ کردووە، سەرمایەی ئەو بازرگانییەیشیان، ئەو ناکۆکی و تێکچوونانەیە کە لەناو ئایین و لقەکانیا دروستیان کردووە). بەزوویی پەیی بەوە برد کە: (هەر پیاوێک بوێرێت بەرەنگاریی ناکۆکی و تێکچوون بکات، بیری ئەم و ئەو ڕۆشن بکاتەوە بۆ یەکبوونێکی پێویست، بەپێی دەستووورە ڕاستەقینەکانی ئایین، ئەو پیاوە، لای ئەوان وایە کە نانی بازرگانی ئایین ئەبڕێ، هەروەها ئەو پیاوە بەپیاوێکی خوانەناسی، خراپی بەدخوو و ئاژاوەگەر دائەنێن...) لەگەڵ ئەوەشا، کۆڵی نەدا، تا توانیی، لەم پێناوەدا خەباتی کرد...

بێ گومان ئەو کەسەی کە پێی خۆش نەبێ مرۆڤ ببێتە سێ بەرەکی: جوو و گاور و موسوڵمان، بۆ ئەوەیش تێ بکۆشێ کە هەرسێ ئایینەکە یەک بخات، دیارە کە ئەوەیشی پێ خۆش نییە، هەر ئایینە ببێتە چەند بەشێک، ئەوەی پێی خۆش نەبوو کە موسوڵمانەکان دووبەرەکی بوەستێ ببنە: (سنی) و (شیعی) هەروەها تێ ئەکۆشا کە ناکۆکیی ناوەندیان لەناوببات، ئەگەر لە ڕاستیدا جیاوازی هەبێ لەناویاندا. چونکە بڕوای نەئەکرد کە جیاوازییەکی ڕاستەقینە هەبێ لە ناویاندا. بەلای ئەوەوە وابوو کە خونکارە (سنی)یەکان، خۆیان بوون، کەینەوبەینەی (شیعە)یەتییان وا گەورە کرد، بۆ ئەمەی بۆرە پیاوان بەوە چەواشە بکەن کە شیعەکان، شتی سەیر سەیریان لێ ڕوو ئەدات. بەو مەبەسەی کە بتوانن دەستەکان تێک بدەن و لەشکر پێکەوە بنێن: (تا بەبیانووی (سنە) و (شیعە)وە موسوڵمانەکان یەکتر بکوژن. کەچی خۆیشیان بڕوایان بەقورئان هەیە و بەپێغەمبەرێتیی محەمەد دروودی خوای لەسەر بێ). ئەیگوت: (بەڵام کەینەوبەینەی پێشەوا (عەلی)، کە لە ڕۆژی شەڕەکەیدا لەگەڵ (معاویە)، بەپیاوێکی باشتر زانرا بێ و پشتگیریی کرابێ، ئەگەر بۆ ئەوساکە بەکەڵکیش هاتبێ، یاخود بەهۆی ئەوەوە چاوەڕوانیی چاکەیەک کرابێ بۆ جێبەجێ کردنی مافێک، یاخود بۆ لابردنی زۆردارییەک... بەڵام ئەم بەربەرەکانییە و، هۆگربوون بەم کەینەوبەینەیەوە کە ڕۆژی چووە و نەماوە و لەگەڵ نەتەوەی ئەو کاتەدا بەسەرچووە، بۆ ئیمڕۆ مانەوەی ئەوپەڕی زیان ئەبەخشێ و یەکێتیی موسوڵمانان تێک ئەدا).

پاش ئەوە ئەیگوت: (ئەگەر ئیمڕۆ (سنی)یەکان هەموویان کۆ ببنەوە و بەیەک دەنگ چاکەی (شیعە) بدەن بەسەر (سنی)یەکاندا. ئنجا پێی لێ بنێن و بڕیاریش بدەن کە (علی کوڕی ئەبوتالب) مافی هەبوو لە (ئەبوبەکر) پێش بکەوێ لە جێ گرتنی پێغەمبەردا. ئایا بەوە عەجەمەکان بلّند ئەبنەوە و (شیعە)کان دەرگای خۆشی و چاکەیان لێ ئەکرێتەوە؟ یاخود ئەگەر (شیعە)کان قسەی (سنە)کان پەسەند بکەن کە (ئەبوبەکر) مافی هەبووە لە جێ گرتنی پێغەمبەردا پێش (عەلی) بکەوێ، ئایا بەوە موسوڵمانە (سنی)یەکان ڕاست ئەبنەوە و ڕزگاریان ئەبێ لە دەست ئەو دیلی و سووکی و بێ کەسییە کە ئێستا تیان؟

هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە موسوڵمانەکان وریا ببنەوە و لەم شتە پڕوپووچانە واز بهێنن و لەم مەرگەی پێش مردنە خۆیان ڕزگار بکەن؟



ئەی گەل! بەو خوایەی کە لە سەروو هەموومانەوەیە، سەرداری خواناسان (عەلی کوڕی ئەبوتالب)، ئەو کارەی عەجەم یاخود هەموو (شیعە) پەسەند ناکات کە بچن (سنی)یەکان بکوژن، یاخود لێیان جوێ ببنەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە (عەلی) بەباشتر بزانن لە (ئەبوبەکر). ئەوانە هیچیان بەکاری ژیانی خۆیان نایەن. مرۆڤیش بریتییە لەو چاکەیەی کە لە دەستی ئەوەشێتەوە. هەروەها (ئەبوبەکر)یش ئەوە پەسەند ناکات کە (سنی)یەکان لەسەری بکەنەوە و (شیعە)کان بکوژن هەر لەبەر ئەو بەباشتر زانینەی کە سەردەمی تێپەڕیوە. چونکە ئەوە پێچەوانەی گیانی قورئانە کە فەرمان ئەدا بەموسوڵمانەکان وەک خشتی ناودیوار پشتی یەک بگرن.

(جەمالەدین) لەوەیش تێپەڕ ئەکات، بانگ بۆ ئەوە ئەدات کە (ئایین و زانست)یش ڕێک خرێن لەگەڵ یەکدا. ئەوەیش بەشتێکی یەجگار پێویست دائەنێ. ئەڵێ: (ناشێ ئایین بەرپەرچی ڕاستییەکانی زانست بداتەوە. ئەگەر بەسەر زاریش یەک نەگرن پێویستە لێک بدرێتەوە).

لە جێگایەکی تریشدا ئەڵێ: (... من چۆن ناڵێم دەستی شکاوم، کاشکی وا نەبووایە. ئەگەر هاتوو یەکێک دەستی کرد بەلێکدانەوەی قورئان، هەر لە (ب)ی (بسم الله)وە سەر لە خۆی تێک ئەدا و نوقوم ئەبێ! لە دەروازەی تیپی (ص)ی (الصراط)یشەوە کە هاتە دەرەوە، ترپ ئەکەوێتە خوارەوە ناو چاڵی بەکار نەهێنانی قورئان، لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ئەو لێکدانەوەیە ئەخوێنێتەوە، هیچ کەڵکێک لەو قورئانە وەرناگرێ کە چاکەی جیهان و نەمان پیشان ئەدات لەگەڵ چۆنێتیی دەستکەوتنیان.

(ناشێتی و بێ کارەیی لەناو بەشی زۆری ئەوانەدا بڵاو بۆتەوە کە جلوبەرگی زانایانیان لەبەرکردووە. تەنانەت وایان لێ هاتووە کە بەقورئان ئەڵێن بەرپەرچی ڕاستییە دامەزراوەکانی زانست ئەداتەوە. کەچی قورئان دوورە لەو قسانەوە کە ئەوان پێوەی ئەنوسێنن.

(زانست، بەتەواوەتی دەریخستووە کە زەوی خڕە و ئەیشسووڕێتەوە. ڕۆژیش لە جێی خۆیدا، بەچوار لای خۆیدا ئەسووڕێتەوە. جا ئەم ڕاستییە لەگەڵ ڕاستییەکانی زانستیی تردا کە چەشنی ئەون، ناشێ کە لەگەڵ قورئاندا ڕێک نەکەون.

قورئان، پێویستە وا بزانرێ، کە دوورە لە بەرپەرچدانەوەی زانستیی ڕاستەقینەوە، بەتایبەتی لە ڕاستییە گشتییەکاندا. جا ئەگەر لە قورئاندا شتی وامان نەدۆزییەوە کە

ڕێک بکەوێ لەگەڵ زانست و ڕاستییە گشتییەکاندا، بەئاشکرایی، هەر بەوەندە واز ئەهێنین کە نیشانەیەکی تیا بدۆزینەوە، ئنجا دەست ئەکەین بەلێکدانەوەی، تا لەگەڵ یەکتردا ڕێک ئەکەون. چونکە هەرگیز ئەوە ناگونجێ کە ناوی زانستەکان و داهێنراوەکان بەئاشکرایی و ڕۆشنی لە ناو قورئاندا ببینن. چونکە لە کاتی هاتنە خوارەوەی قورئاندا، ئەوانە نەبوون، شارابوونەوە، نەهاتبوونە ناوەوە). ئەوەیش دیارە، کە (جەمالەدین) بانگ ڕائەهێڵێ، بۆ لێکدانەوەی ئایین یاخود ڕۆشنکردنەوەی، تا لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمی تازەدا و گیانی شارستانێتیی نوێدا ڕێک بکەوێ، مەبەسی ئەوەتا لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆشنبیرانەی تیا بکرێ، نەک چاولێکەرییەکی کوێرانەی ئەو شتانەی کە پێشینان گوتوویانە، یاخود پشتگیرییەکی ڕووتی ئەو قسانەی کە قورئان ڕۆشنکەرەوەکان گوتوویانە. جارێکیان لە کۆڕی ئەودا ناوی ناوبژیکەر (عیاض) هاتە پێشەوە، کە هەرچی چیرۆکبێژەکانی ئایین هەیە، پاڵ بەقسەکانی ئەوەوە ئەدەنەوە، گوتی: (بەخوا ئەمە سەیرە! ناوبژیکەر (عیاض) هەرچییەکی گوتووە، بەپێی هۆشی خۆی و تێگەیشتنی خۆی و سەردەمی خۆی بووە. ئایا لەو بەولاوە کەسی تر مافی نییە کە شتی وا بلێ لە قسەکانی ئەو نزیکتر بێ لە ڕاستی و دروستی و بەجێییەوە؟ کە هاتوو ناوبژیکەر (عیاض) و پێشەواکانی وەک ئەو، ڕێیان بەخۆیان دا، کە پێچەوانەی قسەکانی پێش خۆیان قسە بکەن، شتی وایش دەربهێنن لە قورئان و بابەتی ئایینی تر کە لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا بگونجێ، ئەی ئێمەیش بۆ چ شتی وا دەرنەهێنین و نەیلێین کە لەگەڵ سەردەمی خۆماندا بگونجێ؟).

پێیان گوت ئەم جۆرە قسانە، پێویستیان بەلێکۆڵینەوە و تێکۆشان هەیە، لە لای (سنی)یەکانیش دەرگای لێکۆڵینەوە و تێکۆشان داخراوە، چونکە مەرجەکانی نایەنە جێ. (جەمالەدین)یش هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی:

(کێ ئەڵێ دەرگای لێکۆڵینەوە و تێکۆشان داخراوە؟! بەچە فەرموودەیەکی خوایی دەرگای تێکۆشان داخراوە؟ کام پێشەوا گوتوویەتی: لە دوای من نابێ هیچ موسوڵمانێک تێبکۆشێ و لێکۆڵینەوەیش بکات لە ئاییندا بۆ ئەمەی تێی بگات، نابێ قورئان و قسەی ڕاستەقینەی پێغەمبەر بکات بەرابەری خۆی، یاخود نابێ ڕەنج بدا و تێبکۆشێ بۆ ئەمەی تێگەیشتنی خۆی لە قورئان و قسەی پێغەمبەر فراوانتر لێ بکات، هەروەها نابێ لە ئەنجامی بەراووردکردن و پێوانەکردندا ئەو شتانە دەربهێنێ کە لەگەڵ زانستەکانی ئەم سەردەمە و پێویستیی ئەم کاتە و فەرمانی ئەم چاخەدا ڕێک بکەوێ؟!!.



(خوا پێغەمبەر محەمەدی ناردە سەر گەلەکەی خۆی کە بەزبانی خۆیان ئەوی ئەیەوێ تێیان بگەیێنێ، ئەوی خۆیشی پێیان ئەڵێ لێی تێبگەن. خوا فەرموویەتی: (هیچ پێغەمبەرێکمان ڕانەسپاردووە قسە بکات، بەزمانی گەلەکەی خۆی نەبێ). دیسانەوە فەرموویەتی: (ئێمە بۆیەکا قورئانمان بەعەرەبی ناردۆتە خوارەوە کە تێی بگەن و هۆشتان بێتەوە بەر خۆتان). قورئان بۆیەکا نێرراوەتە خوارەوە، کە هەموو کەس تێی بگات. کە مرۆڤ مێشکی خۆی بخاتە کار بۆ ئەمەی لە واتاکانی تێبگات. فەرمانەکانی تێبگات، لە مەبەسی ئەو فەرمانانەیش تێبگات. (جا هەرکەسێ زمانی عەرەبی بزانێ و تێگەیشتوو بێ، نەک شێت، لە مێژووی پێشینانیش شارەزا بێ، هەروەها شارەزای شێوەی بڕیاردانی گشتییش بێ، هی ئەو فەرمانانەیش بێ کە لەگەڵ قورئاندا، ڕاستەوڕاست یەک ئەگرن، یاخود لە ئەنجامی بەراووردکردندا یەک ئەگرن، شارەزای قسە ڕاستەکانی پێغەمبەریش بێ – ئەو کەسە، مافی هەیە کە لە فەرمانەکانی ناو قورئان سەرنج بدا و بیانکۆڵێتەوە و لێیان ورد ببێتەوە و ئەو فەرمانانەیشیان لێ دەربهێنێ، هەروەها لە قسەکانی پێغەمبەر و بەراووردکردنەکانیش فەرمانی تازە دەربهێنێ).

بەم ڕەنگە بانگ ڕاهێشتنە ئایینییەکەی (جەمالەدین)، بۆ تازەکردنەوە و دەرکردنی فەرمانی تازەی ئایینی بوو، لەگەڵ پاککردنەوەی ئاییندا لە شتی پڕوپووچ و هەڵبەستراو و لێکدانەوەی ناهەموار کە پێیەوە نوسێنرا بوو، هەروەها بۆ ئەمە بوو کە ئایین بکرێ بەدەستوورێکی گەشەکەر کە لەگەڵ ژیانێکی گەشەکەردا بەرێوە بچێ. بۆ ئەمەیش بوو، کە وەک لە ڕاستیدا فرمانی خۆیەتی، نیاز ببەخشێ بەمرۆڤ: تێبکۆشێ و پێش بکەوێ و خۆیشی تازە بکاتەوە، بۆ ئەمەیش بوو کە نەهێڵێ ئایین ببێتە شتێکی مردووی بێ کەڵک و کار لە ناو ڕوونکردنەوەکانی کۆنەپەرستەکان و نووسراوەکانی ئەو لێکدەرەوانەدا کە نە لە قورئان تێگەیشتوون، نە لە گیانی قورئان تێگەیشتوون بەڕاستی.

مامۆستا (عبدالقادری مغربی) گێڕایەوە، کە (جەمالەدین) پێی گوتووە، پێویستە لە ئاییندا، بزووتنەوەیەکی تازەکردنەوەی وا بکرێ، کە لە بزووتنەوەکەی (مارتین لوثەر)[1]

---

(١) مارتین لۆسەر (١٤٨٣ – ١٥٤٦) قەشەیەکی ئۆگۆستینی لاهوتی و نووسەرێکی ئەڵمانی بووە، هەر لەوێشەوە دەستی دایە چاکسازییەک لە ئایینی مەسیحدا (پرۆتستانتی)، جا لە ڕووی: چەکی لێبووردن (صک الغفران) و دەسەڵاتەکانی پاپا و ڕێزلێنانی قدیس و پاککردنەوە و گەلێ شتی تریشدا لە کڵێسا جیا بۆوە لە (١٥١٧)، لەسەر دەستیشیدا گەورەترین کارێکی ئایینی و ئەدەبی هاتە دی؛ بەوەرگێڕانی تەورات بۆ سەر زمانی ئەڵمانی.

بکات، دامەزرێنەری (پرۆتستانتی) لە ئەوروپادا. مەبەستیشی ئەوە بێ کە هەرچی بیروباوەڕێکی ئایینی و فەرمانی ئایینی هەیە و بەجۆرێکی ئاوەژوو چۆتە ناو مێشکی بۆرە پیاوان و هەندێ پیاوانی ناسراوەوە، لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێنرێ، وەک ئەوەی کە وایان لێ هاتووە خۆیان ماندوو ناکەن بگەڕێن بەدوای گەشەکردن و چاکبوون و سەرکەوتندا، وەک... وەک... کەواتە پێویستە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئایین بەناو هەمووانیدا بڵاو بکرێتەوە، بۆیان ڕوون بکرێتەوە لە شێوەیەکی بەجێدا، بەجۆرێکی وا کە مەبەستی ئایینی پێ پێک بێ، واتا بیانخاتە سەر ئەوەی کە بۆ خۆیان چاکە و بەکەڵک دێ، لە جیهان و لەوە جیهاندا) هەروەها پێویستیشە زانستەکانمان بژار بکەین و پوختە بکەین و نووسراوانی وایشیان لێ پێک بهێنین کە سووک و ئاسان بن بۆ فێربوون، بۆ ئەمەی یارمەتیمان بدەن لە پێشکەوتنماندا. نەک وایان لێ بکەین کە ببنە زانستێکی وا هەر بەکاری خۆیان بێن وەک زانستی (دەستووری زبان) و (زبان پاراویی) کە مرۆڤ هەموو ژیانی خۆی پێوە بەخت ئەکا، کەچی لە توانایدا نابێ وتارێک بنووسێت دەردی دڵی خۆی پێ سارێژ بکات.

پزیشک (ئەمین عوسمان) لە بابەت بانگ ڕاهێشتنی (جەمالەدین)ەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئایین، ئەڵێ: (لە پێش پەیدابوونی (جەمالەدین)دا، هەچ بزووتنەوەیەکی ئایینی ڕووی ئەدا، بزووتنەوەی کۆنەپەرستانە بوو، دوور بوو لە ئارەزووی تازەکردنەوەوە. خاوەن بانگەکانی ئایین ڕاستکردنەوە، وایان پیشان ئەدا، کە سەرگەردانی و پەرێشانیی موسوڵمانەکان لەوەوە پەیدا بووە کە ئایینی ئیسلامەتییان بەرداوە و دووریش کەوتوونەتەوە لە ساکارییە سەرەتاییەکەی ئیسلامەتی. بەڵام کار ڕەندینیی (جەمالەدین) لەوەدا بوو، کە بانگی ڕاهێشت بۆ موسوڵمانە ڕۆشنبیرەکان بۆ ئەمەی سەرنجێک لە خۆیان بدەن، بۆ پێکهێنانی ڕاپەڕینێکی ئایینی تازەپەروەر کە لەگەڵ پێویستیی سەردەمی تازەدا بگونجێ، هەروەها ئیسلامەکانیش تێبگەینێ، کە ئەگەر لە ئیسلامەتیی ڕاستەقینە تێگەیشتن، ئایینەکە ئەتوانێ لە ڕێگای خۆیەوە گەشە بکات و پێشکەوتنێکی وایش پێش بکەوێ کە دوو شتی گرنگ لە ناو خۆیدا کۆ بکاتەوە: یەکێکیان پێویستییەکانی ڕۆژ بەڕۆژی ژیان کە هەموودەم لە تازەبوونەوە و گەشەکردن دان. یەکێکیشیان پێویستییە بڵندەکانی دەروونی مرۆڤایەتی).

چە ئەمانەی کە گوتمان، چە ئەوانەیش کە لەمەودوا پیشانیان ئەدەین، هیچیان بەدڵی ئەو مێزەر بەسەرە مێشک وشک و کەللەڕەقانە نین، کە خۆیان وا ڕاهێناوە بیروباوەڕە



ئایینییەکانیان دوژمنایەتییەکی تا سەر بکەن بەرامبەر بەڕاستییەکانی زانستی. هەر بیرکەرەوەیەکیش ئازاد بی و هەر تازەکەرەوەیەکی ئایینیش فەرمانی تازە لە ئایینەوە دەربهێنێ، بەخوانەناس و بێ ئایین دابنێن. ئەوانە، لە ڕاستیدا، کەتنێکی گەورەیان لە ئیسلام و ئیسلامەتی کردووە. ئەمەیش ئەنجامی ئەو کەتنەیە کە ئیسلامەکانی ئیمڕۆ لەم سەرگەردانی و پەرێشانییەدا ئەبینین، چە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چە لە ڕووی فرۆفێڵبازیشەوە.

## چرایەکی پرشنگدەر بۆ خەباتکردن و ڕزگارکردنی نیشتمان

بەکورتی ئەوە بانگ ڕاهێشتنە ئایینییەکەی (سەید جەمالەدین) بوو. بەڵام بانگ ڕاهێشتنە فرۆفێڵەکەی بۆ دوو بابەت بوو:

یەکێکیان ئازادکردنی خاکەکانی ڕۆژهەڵات لە دەست فەرمانڕەوایی زۆردار. یەکێکیشیان ڕزگارکردنی ئەو خاکانە لە دەست داگیرکەرانی بێگانە.

(جەمالەدین) بەناو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا گەڕا. لە ڕۆژهەڵاتدا دواکەوتوویی و سەرگەردانی و کزیی دیی. لە ڕۆژئاوایشدا پێشکەوتن و گەشەکردن و بڵندبوونەوە و هێز و هەڕەتی دیی. لەم لایاندا پاڵ دانەوە و بێ کارەیی و مەرگی دیی. لەو لایشیاندا تێکۆشین و چالاکی و ژیانی دیی. هۆی ئەم جیاوازییە گەورەیەیشی دۆزییەوە. هەرچی ڕۆژئاواییەکان بوون هۆگری زانست و شارستانێتی و ئازادیی بوون، هەرچی ڕۆژهەڵاتییەکانیش بوون ملیان کەچ کردبوو بۆ فەرمانڕەوایی دەست بەرەڵڵا، تووشی زۆرداریی سەردارە ستەمکارەکان و دوژمنایەتیی داگیرکەرەکان بووبوون. چونکە نەخوێندەواری و بێ کارەیی و کزیی کاری تێکردبوون. گوتی: (سەیری ڕۆژئاواییەکان بکەن: بەم دابەشکردنەی ئێستایانەوە و سەربەخۆیی ئەوانەوە کە نەتەوایەتییان جیایە، کە هەرکەسە لە چاو خۆیدا، لەگەڵ ئەویتردا وەک یەک وەستایەوە، لە چاکەدا، کە گرنگترینیان زانینی ماف و فرمان بوو لەگەڵ شێوەی داواکردن و جێبەجێ کردنیاندا، لە ناویاندا ئەوە نەما کە دەسەڵات بەدەست یەکێکەوە بمێنێتەوە و خونکار بەئارەزووی خۆی نەتەوە ببات بەڕێوە. لەمەولایش، هەر دەسەڵاتێکی بەرەڵڵای وا مابێتەوە لە ناو مرۆڤایەتیدا، لە ناودا نامێنێ، چونکە دەستووری گەشەکردن و سروشتی مرۆڤایەتی بەوە نابێ دانامرکێن. (ئیمڕۆ ئەوروپاییەکان، هەموو پێکەوە، لە یەک کاتدا، بوون بەسەرداری خۆیان، بەژێردەستی خۆیان، ئەویش بەهۆی فەرمانڕەوایی بەڕاوێژەوە. هەر

نەتەوەیەکیش لەو نەتەوانە بگریت، تازە لەوە دەرچووە کە هێز بەسەریا زاڵ ببی، یاخود چینێک لە چینەکان بتوانێ چەواشەی بکات و بیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە بەو بیانووەوە کە لە خۆی بڵندترە، نە زۆر کاری لێ ئەکات، نە چاولێکەریی کوێرانەیش. چونکە ئەو جیاوازییەی هەیە لە ناویاندا لە بابەت ڕەوشتی چاک و هۆی پێشکەوتنەوە زۆر کەمە، هەر فرمانێکیش ئەملا پەسەندی بکات لە هیی ئەولادا، کردنی گران نییە. (بەکورتی: فەرمانڕەوایی لە ژێردەستی هۆش و زانست دایە هەر کاتێک ئەم دوو هێزە نەخوێندەواری و بێ هۆشییان هاتە بەردەم بەسەریا زاڵ ئەبن. بەم ڕەنگە فەرمانڕەوایی بەرەڵڵایش، تا نەتەوە لە شەوەزەنگی نەخوێندەواریدا بمێنێتەوە، ئەویش ئەژیی و ئەمێنێتەوە.

هەر کاتێ زانست لەناو نەتەوەدا پەرەی سەند، یەکەم شت کە ئەو نەتەوەیە بەرەنگاریی ئەکات ئەو جۆرە فەرمانڕەواییەیە، بەهەموو هێزێکیشیەوە تەکان ئەداتە خۆی کە خۆی لە دەستی ڕزگار بکات. ئەمەیەیش دەستوورێکی خواییە، لەمەوپێش فەرمانڕەوا بووە. هیچ دەستوورێکی خواییش گۆڕرانی بەسەردا نایەت).

پاش ئەوە، خەمی ئەوە گرتی کە خاکەکانی ڕۆژهەڵات، بەکۆمەڵە و بەتاکە تاکە ڕاپەڕێنێ لە خەو. بەلای ئەویشەوە بنچینەی ئەم ڕاپەڕینە دوو شت بوو. یەکەم: ئەوەی کە ئەو خاکانە لە دەست فەرمانڕەوایی دەست بەرەڵڵا ئازاد ببێ. دووەم: کە ئەو خاکانە لە دەست فەرمانڕەوایی داگیرکەران یاخود دەسەڵاتی بێگانان کە وردە وردە چوونەتە ناویانەوە ڕزگاریان ببێ، پاشان ئەو خاکانە لە شێوەیەکی تایبەتیدا یەک بگرن. بەجۆرێک کە یارمەتییان لەناودا پەیدا ببێ و بشتوانن ئازادی و ئاساییشی خۆیان بپارێزن.

بۆ ئەمەی بتوانێ ڕۆژهەڵاتییەکان بگەینێ بەم مەبەسە، ئەبێ زانستیان لە ناودا بڵاو بکاتەوە:

(من بەڕۆژهەڵاتییەکان ئەڵێم: سەرنج بدەن، فەرمانڕەواییەکان چۆن بەندەرەکانی خاکە داگیرکراوەکانیان ئەپارێزن لە چەک خستنە ناوی. چۆن جەزرەبەیش بەوانە ئەگەیێنن کە ئەم فەرمانەیان ئەشکێنن. ژێریش لەمەدا دیارە. ئەوەتا کە داگیرکەرەکان ئەترسن لەوەی کە ئەو چەکانە لە خۆیاندا کار بکرێ. ئەگەر ئەوانە لە دادپەروەریی خۆیان دڵنیا بوونایە کە لەگەڵ ئەو نەتەوە داگیرکراوانەدا ئەیکەن، نە ئەمەندە ئەترسان لە خۆیان، نە ئەوەندەیش پارێزگاریی خۆیان ئەکرد و یاسای وا توندوتیژیان بۆ دائەنا.

(زانستیش بۆ نەتەوەیەک کە نەخوێندەواری دەستبەسەراگرتنی ئاسان کردبێ، لە چەک بردنە ناو خاکی داگیرکراوەوە کەمتر و کاریگەریشی سووکتر نییە. دیارە ئەمە بۆ ئەو



خاکانەیش هەر وەهایە کە کەوتوونەتە ژێر چنگی ئامۆژگاریکەرانەوە بۆ ئەمەی سامانەکانیان بۆ بپارێزن، نەک لەبەر دەست بڵاوی و ناشێتیی خۆیان ئەو سامانانەیان بەفیڕۆ بدەن! ئەوەیش گومانی تیا نییە کە ڕۆژئاواییەکان، لە ژێرەوە خەریکی ئەوەن کە نەهێڵن ڕۆژهەڵاتییەکان فێری نیشتمانپەروەری ببن و مێشکیان ڕوون ببێتەوە و وریا ببنەوە. بەهەر جۆرە ئامۆژگارییەک بۆیان بکرێ، سەریان لێ تێک ئەدەن، تەگەرەیش ئەدەن لە تێکۆشانیان. تا پێیان بکرێ ماوە نادەن ڕەوشتیان ڕاست بکەنەوە و خۆیشیان پێ بگەیێنن. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە لەگەڵیاندا ئەجوڵێنەوە. بەکورتی ماوەی ئەوەیان نادەنێ کە فێری فەرمانڕەوایی کردن ببن بەسەر خۆیاندا. لەم پێناوەدا، هەموو جۆرە فڕوفێڵێک بەکار ئەهێنن، هەندێ جار لە هاونیشتمانەکان خۆیشیان ئەکەن بەداردەستی خۆیان، ئەوانەیش هەرە گرنگەکانیانن کەواتە ژیانی ڕۆژهەڵاتییەکان بەندە بەزانستیی تەواوەوە، کە هەر بەوەیە فەرمانڕەوایی ڕۆژئاوایی لەسەر خۆیان هەڵبگرن و خۆیان ئازاد بکەن. ئەگینا تا ئەمرن لەو سەرگەردانییەدا ئەمێننەوە). کەواتە بام ڕۆژهەڵاتییەکان واز لە خۆهەڵکێشان بهێنن بەگەورەیی و دەسەڵاتی باو و باپیریانەوە، کە لەگەڵ خۆیاندا نێژراون. بەسیەتی خۆنوواندن بەو شاە کڵاوانەوە کە ڕۆژگار لە ناوی بردوون. چونکە شیرەکانی باو و باپیرمان کە لە ڕۆژهەڵاتدا بریسکا بنەوە و پارچەکانیان لە ڕۆژئاوادا گیرسا بنەوە، کە ملی کیسراکان و گەردنی قەیسەرەکانیان پەڕاندبێ، کە ئاڵاکانیان بەسەر هەموو خاکەکانی سەر زەویدا شەکا بنەوە... ئەوانە هیچیان ناتوانن پاکانەی ئەوەمان بۆ بکەن کە پاڵمان داوەتەوە بحەسێینەوە و ملکەچی و بەندەیەتیش بۆ بێگانەی داگیرکەر ئەکەین هیچ شتێکیش لەوە زۆرتر کزمان ناکات و ڕیسوامان ناکات کە گۆرانی بۆ گەورەیی عەرەب بڵێین و، کەچی نیشتمانەکەمان بەدەست داگیرکەرەوە بێ، تاڵانی بکا و تێکی بدا و ئاژاوەی تیا بنێتەوە، ئێمەیش ئاگامان لە هیچ نەبێ، یاخود شانمان بۆ ئەوان دابنەوێنین و سەرمانیان بۆ کز بکەین، چی ئەکەن بیکەن.

(ئێستایش عەرەب و فارسی وا هەیە لە ناو ڕۆژهەڵاتییەکاندا، کە خۆیان بەوەوە هەڵ ئەکێشن کە نەوەی ئەو جۆرە باو و باپیرانەن، کە هەریەکەیان فیلێک بووە بۆ خۆی ئەڵێین ئێمە... ئێمە... ئەم قسانە برینی پیاو ئەکولێنێتەوە، دڵی پیاو تەنگتر ئەکەن... بەڵێ، ڕاستە ئەوانە باو و باپیری ئێمە بوون. ڕۆژگار دروستی کردوون و هاتوونەتە پێشەوە. بەڵام هەر شەرم و شوورەیی و ئابڕوو چوونمان بۆ ئەمێنێتەوە، ئەگەر ئەوانە لێمان بپرسن ئەوی بۆ ئێوەمان بەجێ هێشت چیتان لێ کرد؟!...

... بەچە ڕوویەکەوە ئێمە بلێین نەوەی ئەو باو و باپیرانەین؟ ئەگەر بهاتایە ئێمەیش ڕەوشت و خووی ئەوانمان بگرتایە و، چاکەکانی ئەوانمان بپارێزایە[1] و، لە پێ و شوێنی ئەوانەوە بڕۆیشتینایە لە ڕێگەی ئەوان لامان نەدایە، لە ڕێ و شوێنی ئەوان نەچووینایەتە دەرەوە... هەر تۆزێک لەوان بچووینایە... ئاخۆ بەم ئاسانییە کەلەپوورەکەمان لێ داگیر ئەکرا و، بێگانە بەسەرماندا زاڵ ئەبوو، یاخود هەموو کەلەپوورەکە بەدەست خۆمانەوە ئەمایەوە؟!)

بەڵێ، بام ئیتر ڕۆژهەڵاتییەکان، واز لە خۆهەڵکێشان بهێنن بەدەسەڵات و گەورەیی باو و باپیریانەوە. لەجیاتی ئەوە بام سەیری باری ئێمرۆیان بکەن، بام خەمی خۆیان بخۆن و چارەی دەردی سەریی خۆیان بکەن. ئەگەر هاتوو ئاوڕیان لە ڕابردووی خۆیان دایەوە، بام لەبەر ئەوە نەبێ کە بەو دەسەڵات و گەورەییە دڵی خۆیان دابمرکێننەوە و واز لە ڕەنج و کۆشش بهێنن بۆ دەست کەوتنەوەی ئەو دەسەڵات و گەورەییە. بەڵکو بۆ ئەوە بێ، کە لەو دەسەڵات و گەورەییە فێری شت ببن و پەند وەربگرن، تا بتوانن خۆیان لە دەست باری ناهەمواری ئێستایان ڕزگار بکەن و، بنچینەی دواڕۆژێکی پڕ لە سەربەرزی و کامەرانی و ڕێزیش بۆ خۆیان دابمەزرێنن. بەم ڕەنگە (جەمالەدینی ئەفغانی)، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بووبووە چرایەک لە چرا پڕشنگدەرەکانی ئازادی و خوێندەواری، بۆ هەر کوێیەک ئەچوو ڕۆشنی ئەکردەوە. هەروەها بووبووە پێغەمبەرێک تەماشای ڕۆژهەڵاتی ئەکرد لە کاتی نووستنیا، هانەی ڕۆڵە نەخوێندەوارەکانی ئەدا کە بخوێنن، هانەی ناکۆکەکانی ئەدا کە یەک بگرن، هانەی پاڵ کەوتووەکانیشی ئەدا کە ڕاست ببنەوە و بکەونە گەڕ، هانەی سەرشۆڕەکانیشی ئەدا کە بکەونە خەبات و تێکۆشانەوە بۆ گێڕانەوەی سەربەستی و ئازادیی نیشتمانەکەیان. ئەیگوت: سەربەستی و ئازادی نابەخشرێن لە لایەن زۆردارەوە، داگیرکەر پێشکەشیان ناکات. پێویستە بەخەباتکردن و هێز دەسەڵاتەوە بسێنرێنەوە لە دوژمن. ئەبێ بەخوێن ڕشتن بسێنرێنەوە کە بەچکەشێرانی سەر بڵندی نیشتمان، خۆیان لە پێناویا بەکوشت ئەدەن. ئەمانەی ئەگوت و ئەگەڕا بەناو ئەفغانستان و تورکیا و میسر و ئێراندا، ئەنجا تێ ئەپەڕی بەلای ڕووسیا و هیندستاندا. پاشان ئەسووڕایەوە بەناو پایتەختەکانی ئەوروپادا. لە پێناو ئامانجە بڵندەکانی خۆیدا، پێی ئەنا بەهەموو جۆرە خۆشییەکی ژیان و ئەو کامەرانییانەدا کە کەسانی تر هۆگری

(١) ڕاستتر: بپاراستایە.



ئەبوون. ئەچوو بەگژ فڕوفێڵی فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکاندا، کە پێشەنگەکەیان فەرمانڕەوایی ئینگلیز بوو. خۆی تەرخان کردبوو بۆ شکاندنی ئەو پێوەندانەی کە ئینگلیزەکان ئەیانویست ڕۆژهەڵاتی پێ ببەستنەوە. خۆی خستبووە بەر ئازاردانی ئەو خوێنکار و سەردارانەی کە فەرمانڕەواییەکانی خۆیان بەزۆردارییەکانی خۆیان، ئەڕووخاند. ئەو ڕاستکردنەوەیەی ئەو لێی ئەخواست نەیان ئەویست. چونکە هەرچەندە باش بوو بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکانیان و پێشکەوتنیان. بەڵام لە دەسەڵاتی کەم ئەکردنەوە و، بەربەستی زۆرداریشی لێ ئەکردن. ئەوانە بەرەنگاریی (جەمالەدین)یان ئەکرد و، زۆریان لێ ئەکرد و، دوژمنایەتییان لەگەڵدا ئەکرد. ئەو چونکە ئامانجی ڕاست و پاک بوو، سەریشی بڵند بوو، قسە چاکەکانیشی کاریان لە دڵ و دەروونی هەمووان ئەکرد، حەزیان پێ نەئەکرد، دەریان ئەپەڕاند، تەفروتونایان ئەکرد، تەنانەت وایان بەسەر هێنا بوو، کە بەسەزمانە نەیئەزانی بۆ بەیانی لە کوێ ڕۆژی لێ هەڵدێ.

لێرەدا، قسەکەی (الشیخ ابراهیم اليازجي) ئەگێڕینەوە، کە سەری سوڕماوە لەوەی کە تێگەیشتوویەکی وەک (جەمالەدین) گەورە خووی دابووە فڕوفێڵ (سیاسەت). لە ڕاستیدا (جەمالەدینی ئەفغانی) هەموودەم لە دوورەوە چاوی لەو ئاواتەی بووە، کە خۆی بۆ تەرخان کردووە، لەبەر ئەوە بۆ هەر کوێیەک ئەچوو، بۆ هێنانەدیی ئەو ئاواتەی تێ ئەکۆشا. لەمەشا هیچ سەرسوڕمانێکی پێ ناوێ. چونکە ئەو بۆیەکا خووی دابووە فڕوفێڵ (سیاسەت)، کە بڕوای وابوو، وەک مامۆستا (رشيد رضا) ئەڵێ: (ئەگەر فڕوفێڵ ڕاست نەکرێتەوە، بوار نادات کە هیچ ڕاستکردنەوەیەک دەست پێ بکرێ. هیچ چاکە و سەرکەوتنێک بخوازرێ، هیچ خوێندەوارییەک بڵاو بکرێتەوە بۆ پێشکەوتنی نەتەوە. هیچ چارەیەکی سەرگەردانی بکرێ. ئەگەر هاتوو ڕێیشی دا بەیەکێکی وەک ئەو کە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی زانست و پەروەردەکردنی گیان و هۆشەوە کۆمەڵایەتی ڕاست بکاتەوە، ئەو ڕێگایە زۆر بۆی درێژ ئەبێتەوە. دووریش نییە کە چاوچلێسیی بێگانەکان ببنە بەرهەڵست و تەگەرە لە فرمان و ڕەنج و تێکۆشانەکەی بدەن. لە ڕاستیدا (جەمالەدین)، بۆیەکا لە پێناوی ڕاستکردنەوەی باری نەتەوەدا، ڕێگای فڕوفێڵ (سیاسەت)ی گرتبووە بەر، چونکە باوەڕی وابوو کە لەم ڕێگایەوە زووتر ئەگات بەئامانج، لە ڕێگای خوێندەواری و نووسینەوە).

ئەوەیش ڕاستە.

## پەیدابوونی تێگەیشتوویەک

ئەگەر عەرەبێکی دانیشتووی (مەککە و مەدینە) بهێنیتە پێش چاوت، کە گەنم ڕەنگ و، لەش پتەو و، داروبار بەهێز و، لە کەڵەگەتیدا مام ناوەندی بێ، شەرواڵ و جبەبەکەی ڕەش بێ و ئاودامان بێ تا کەڵەموستی پێی، مێزەرەکەیشی بچووک و سپی بێ وەک هینی زاناکانی ئەستەموڵ. ئەگەر ئەم کابرای عەرەب شێوەیەت وا هێنایە پێش چاوی خۆت، کە کەللەی زل بێ و، قژی بەرەڵڵا بێ و، ناوچەوانی پان بێ و، چاوەکانی فراوان بن و تیژ و کاریگەر بن، پاشان ئەگەر وات هێنایە پێش چاوی خۆت کە خاوەنی ئەم لەشە بەهێزە و کەللە گەورەیە و ئەم سەروچاوە جوانە، قسەی بەهێز بێ و، کەسایەتیی بەتین بێ و، خواستی بەهەرەت بێ، زیرەکیی پرشنگدەر بێ، بێجگە لەوانە، لە هەر کوێیەک دابێ چرای ئازادیی هەڵ بکا و، ببێتە پێغەمبەرێکی بیروباوەڕی تازەی شۆڕشگێڕانە و، ببێتە خەباتکەرێکی خۆبەختکەری بێ باک لە مەرگ و دوژمن، ببێتە وتاربێژێکی وا کە لە سەردەمی خۆیدا، کەس لە ڕۆژهەڵاتدا لەو چاکتر نەبووبێ... ئەگەر ئەمانەت هەموو هێنانە پێش چاوی خۆت، ئەتوانیت وێنەیەکی نزیک بەکەسایەتیی (جەمالەدینی ئەفغانی) لە ناو مێشکتا بکێشیت. وا بڵاوە، کە (سەید جەمالەدینی ئەفغانی)، لە دێی (أسعد آباد) لە ناوچەی (کنر) لە ئەفغانستاندا لە دایک بووە. لە خێزانێکی خانەدان بووە، کە بەپشت گەیشتۆتەوە بە(حسین کوڕی علی کچەزای پێغەمبەری عەرەب)،[1] ئەو خێزانە سەرداری ناوچەیەکی بچووک بووە لە ئەفغانستاندا. پێشەوا (محەمەد عبدە) یەکەم کەس بووە، کە لە مێژووی یەکەمی (جەمالەدین)دا ئەوەی نووسیوە. مێژوونووسەکانی تریش لەوەوە، ئەوەیان وەرگرتووە. بەڵام هەندێک لە سەرنجدەرەکان، لەو قسەیە کەوتوونەتە گومانەوە. یەکێک لەوانە (مامۆستا مستەفا عەبدولڕازق) بووە کە بەئەفغانیی نەزانیوە. ئەوانە گوتوویانە: (جەمالەدین) لە فارسەکانە، نەک لە ئەفغانییەکان.

دوو وتاری نووسەری عێراقی (مامۆستا عبدالکریم الدجیلي)مان خوێندەوە، یەکێکیان

(١) وەک ئاشکرایە نە ئایینی پاکی ئیسلام و نە پێغەمبەرەکەی (محەممەد - د. خ) تەنیا بۆ عەرەب نەبووە بەڵکو بۆ هەموو ئادەمزادێکە بەجیاوازی ڕەگەز و ڕەنگیانەوە، نموونەش لە قورئانی پیرۆز و حەدیسەکانی پێغەمبەر ئاشکرایە خوای گەورە دەفەرمووێ: (قل یأیها الناس إني رسول الله إلیکم جمیعاً الذي له ملك السموات والأرض لا اله إلاّ هو یحي ویمیت) الأعراف/١٥٨.
و (الناس) هنا کما جاء فی مجمل التفاسیر: عامه بنی البشر بلا تمییز فی اللون أو العرق. هەروا کە بەپێغەمبەر (د. خ) دەفەرمووێ: (وما أرسلناك إلاّ رحمةً للعالمین) و دەیان نموونەی دی.



لە گۆڤاری (الرسالة)دا بڵاو کرابووەوە لە ساڵی یانزەهەمیا، لاپەڕە (٤٦٠). ئەویتریشیان لە ژمارەیەکی تایبەتیی ڕۆژنامەی (الرأي العام)ی عێراقیدا بڵاو کرابووەوە، کە بەبۆنەی گوێزانەوەی ئێسک و پرووسکی (جەمالەدین)ەوە بۆ ئەفغانستان نووسیبووی، لە ساڵی ١٩٤٤دا. لە هەردوو وتارەکەدا گیربوو لەسەر ئەوەی کە (سەید جەمالەدین) لە بنچینەدا ئێرانییە. هیچ فرێکی بەسەر ئەفغانستانەوە نییە. هەروەها پیشانی دابوو کە (میرزا غلام حسین خان)، مامۆستای زمانی فارسی لە زانستگای ئەمەریکایی لە بێروت، ئەوەی بەتەواویی، لە نووسراوەکەیدا، (مردان نامەء شرق) دەرخستووە، کە لە ساڵی ١٩٢٩دا چاپ کراوە.

دوایی مامۆستا (عبدالکریم الدجیلي) ئەگاتە ئەوەی کە بڵێ: (سەید جەمالەدین کوڕی سەید صندی کوڕی سەید علی الترمذی)ی[*] بەناوبانگە کە قسەی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە. لە باوانەوە ئەگات بەپێشەوا (حسین کوڕی علی کوڕی أبو طالب).

کەواتە (جەمالەدین) لە بنەماڵەی (علی)یە. لە گوندی (أسد آباد)دا لە دایک بووە، کە گوندێکی بچووکە، کەوتۆتە ناوەند (هەمەدان) و (کنکادر)ەوە لەسەر گوێ ئاوی (ئەلوەند). ئیمڕۆ لەم گوندەدا خوێندنگایەک هەیە، پێی ئەڵێن (خوێندنگای جەمالەدین)، بەبۆنەی بیرەوەری ئەوەوە دروست کراوە. لەو گوندەدا خزم و کەسوکاری (جەمالەدین) ماون. خۆیشی چەند خزمێکی (جەمالەدین) ئەناسێ، کە لە شاری (نجف)دا دائەنیشن، پەیوەندییان بەو خزمانەی (جەمالەدین)ەوە هەیە کە لە (أسد آباد) دان.

هەروەها بوێژی گەورەی عێراق مامۆستا (احمد الصافی النجفی)ی هاوڕێمان بۆی گێڕاینەوە، کە لەو کاتەدا پەنای برد بووە بەر (تاران) لە کاتی شۆڕشی یەکەمی عێراقدا، کە ئەنجامی بەوە گەیشت (خونکار فیصل) بوو بەخونکاری عیراق لە ساڵی ١٩١٩دا، لە ماڵی (حاجی حوسێن ئاغای کوڕی حاجی محەمەد حەسەن ئاغا)ی پارە لێ دەر دابەزیم، کە ئیمڕۆ بە(مهدوی) بەناوبانگە. ماڵەکەی بووبووە جێی حەسانەوەی شۆڕشگێڕە عێراقییەکان کە پەنایان هێنابووە بەر ئێران. یەکێک لەوانە (میرزا محەمەد رضا کوڕی میرزا احمد رضای شیرازی بڕیاردەری ئایینی گەورە) بوو، کە بڕیاری دەرکردبوو لەسەر بەرەنگاری کردنی ئینگلیز لە شۆڕشی یەکەمی عیراقدا.[1]

(*) بەپێی قسەی مامۆستا مصطفی عبدالرازق بەباوکی جەمالەدینیان ئەگوت (صفدر). شێخ محەمەد عبدەیش پێی ئەگوت (صفتر). کە بەفارسی بە(تیپ در) ئەڵێن. - وەرگێڕ -
(١) مەبەستی: شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ دژی ئینگلیزەکان.

خانەخوێکەی پێی گوتبوو، کە (سەید جەمالەدین) میوانی باوکی بووبوو. کە هاتبووە ئێران تا ساڵ و نیوێکیش لە ماڵی باوکی ئەو میوان بووبوو. ئەویش زبانی عەرەبیی لە لای ئەو خوێندبوو. ئەو پارچە وێژەیانەی کە (سەید جەمالەدین) بۆی گۆڕی بوو لە فارسییەوە بۆ عەرەبی و لە عەرەبییەوە بۆ فارسی هێشتا لە لای خۆی هەڵیگرتوون، ماون. (حاجی حسین آغا) بۆ (مامۆستا صافی)ی بەتەواوەتی دەرخستبوو، کە (سەید جەمالەدین) لە بنچینەدا فارسە، لە گوندی (أسد آباد) و خێزانەکەیشی لەوێ ناسراوە. دیسانەوە (مامۆستا صافی) بۆی گێڕاینەوە: یەکێک لە شێخەکانی (نجف) بۆی گێڕامەوە کە بوێژ و بڕیاردەری ئایینی (محەمەد سەعید ئەحەبوبی) لە بابەت (جەمالەدین)ەوە قسەی بۆ کردووە، گوتوویەتی: من و سەید جەمالەدین، پێکەوە لای (حاجی عەباس قولی)، لە (نەجف)دا زانستی دەروێشی (علم التصوف)مان ئەخوێند، سەید جەمالەدین ئەوەندە دەم ڕاست و قسە پاراو بوو، ئەگەر بیویستایە ڕاستی ئەکرد بەچەوت و چەوتیشی ئەکرد بەڕاست. لەمانەوە دەرئەکەوێ کە جەمالەدین، لە بنەچەی فارس بێ. بەلامانەوە وایە، بۆیەکا خۆی کردووە بەئەفغانی، تا نامە گەورەکەی ڕاستکردنەوەکەی خۆی باشتر بباتە سەر. چونکە (سەید جەمال) ئەیویست نامەکەی خۆی لە ناو ئەو خاکانەدا بڵاو بکاتەوە کە لەسەر ڕێگای (سنی)ن دیارە ئەگەر بیانزانییایە کە ئەو نامەیە زانایەکی شیعە بڵاوی ئەکاتەوە، باش گوێیان لێ نەئەگرت. ئەوەیش دیارە کە ڕێگای (سنی) لە ئەفغانستاندا باوە. بەڵام لە ناو فارسدا (شیعە)یەتی باوە.

مامۆستا مصطفی عبدالرازق ئەڵێ: (سەید جەمالەدین، لە شیعە بێ یان لە سوننە، لەوانە نەبوو کە خۆی بهێنێتە ڕیزی ئەوانەوە کە پشتگیری یەکێک لەو دوو ڕێگایە ئەکەن. ئەو هەر پشتگیرییەک ببووایەتە هۆی ناکۆکی و دوژمنایەتی، خۆی لێ دوور ئەخستەوە) هەرچەندە گومان نەما لە بنەماڵەی (جەمالەدین)دا، بەڵام هێشتا گومان ماوە لە سەرەتای پێگەیشتنەکەیدا. ئاخۆ ئەم پیاوە هەڵکەوتووە لە گوندی (أسد آباد)دا لە دایک بووە و پێگەیشتووە، ئنجا لەگەڵ باوکیا چووە بۆ ئەفغانستان؟ یاخود (سەید صفدر) چۆتە ئەفغانستان و ئەوێی پێ خۆش بووە ماوەتەوە تا لەوێ جەمالەدین لە دایک بووە؟ ئەوی لەم بابەتەوە بیزانین هەر ئەوەیە کە پێشەوا (محەمەد عەبدە) بۆی گێڕاوینەتەوە کە ئەڵێ: لە ساڵی ١٨٣٩ی زاییندا لە دایک بووە، ئەفغانستانیش ئەو کاتە پڕ لە ئاژاوە بووە، ئەوێش وەک زۆربەی خاکەکانی ڕۆژهەڵات چنگی داگیرکەرانی ڕۆژئاوای تێ گیر ئەبوو. ئەو سەردەمە خونکارێتیی ئەفغانستان بۆ (دوست محەمەد خان)



مابۆوە. ئەویش لە پاش شەڕێک کە لە ناوەند ئەو و ئینگلیزدا قەوما بوو. کە لە ئەنجامدا ئەو سەر کەوت. ئەویش هەر ئەوەندە دەستی گیربوو لە فەرمانڕەوایی ئەفغانستان و لەم شەڕە ڕزگاری بوو، هەموو هێزی خۆی خستە سەر کاروباری ناوەوەی نیشتمانەکەی. هەر بزووتنەوەیەکی تیا هەبوو دایمرکاندەوە. هەر خاوەن دەسەڵات و سەردارێک لێی یاخی بووبوو، یان لێیان ئەترسا کە لێی یاخی بن، لە دەستی دان. یەکێک لەوانە (السید صفدر) بوو باوکی (جەمالەدین)، کە خونکار لێی دڵنیا نەبوو پشتگیریی بکات، فەرمانی دا هەر زەوییەک لە ژێر چنگی هۆزەکەی ئەودا بوو داگیر کرا، خۆی و خێزانەکەیشی گوێزایەوە ناو پایتەختی ئەفغانستان، تا لە ژێر چاوی خۆیدا[١] بمێنێتەوە.

(جەمالەدین)یش ئەو کاتە مناڵ بووە، لە تەمەنی هەشت ساڵاندا بووە، کە باوکی گوێزایەوە (کابل)، دەستی کرد بەفێرکردن و پەروەردەکردنی. وێژەی زمانی عەرەبی و زانستەکانی ئایین و قسەی ژیریی (حکمة) و ڕاستەقسە (منطق) لەسەر دەستی مامۆستایانی شارەزادا فێر بوو، بەو شێوەیەی کە ئەوساکە لەو خاکەدا باو بوو. کە گەیشتە تەمەنی هەژدە ساڵی، ئەوانەی تەواو کرد.

پاشان (جەمالەدین) چوو بۆ هیندستان. ساڵێک و چەند مانگێک لەوێدا مایەوە. سەرنجی لە کاروبار و کارەساتی ئەوێ ئەدا. لەسەر شێوەی ئەوروپایی تازەیش سەیری هەندێ زانستی ژمێرکاری (العلوم الرياضية) ئەکرد. لەوێشەوە وای بەباش زانی کە بگەڕێ بەناو خاکەکانی عەرەبدا. شار بەشار پیا گەڕا، سەرنجی لە چۆنێتیی ژیانی دانیشتوانیان ئەدا، دوایی لە شاری (مکە)دا گیرسایەوە، لە ساڵی ١٨٥٧دا، کە ساڵێک ئەبوو لە هیندستان جوێ بووبووەوە. وا ئەگێڕنەوە، نایشزانین تا چە ئەندازەیەک ڕاستە، کە بیروباوەڕی (یەکێتی ئیسلام) لە کەللەی دا جێگیر بووبوو، ئەویش کە دیی هەموو ساڵێک بەهەزاران موسوڵمانان لە هەموو لایەکەوە دێنە ماڵی خواوە و کۆ ئەبنەوە، وەک کۆگرەیەکی هەرە گەورەی ئیسلامی هاتە پێش چاو، کە لە باشترین شێوەدا، ئیسلامەکان ئەنوێنن، ئەویش خاکی (حجاز)ی بەجێ نەهێشت، تا کۆمەڵێکی تیا دامەزراند، ناوی نا (أم القرى)[١] کە هەر لە کۆڕێکی نەتەوەییی ئیسلامی ئەکرد!

(١) یان: تا لە ژێر چاوەدێری خۆیدا...

(١) هەر بۆ زیاتر زانین (أم القرى) ناوی کتێبەکەی (عبدالرحمن الکواکبی ١٨٤٩ - ١٩٠٢) بوو کە تیایدا ڕاوبۆچوونەکانی (رشید رضا)ی پەسەند و دووبارە کردبۆوە دەربارەی تاوانبارکردنی گەلانی =

پاش ئەوە (جەمالەدین) گەڕایەوە ئەفغانستان. بەزیرەکییە زۆرەکەی و ئارەزووکردنی هونەری سەربازییەکەی سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشا بۆ خۆی. خونکاریش ئەوی خستە ناو هاودەمانی خۆیەوە. کە چوویش بۆ شەڕی (احمد شاه) کە یەکێک بوو لە سەردارە یاخییەکان، (جەمالەدین)ی لەگەڵ خۆی برد. ئەمیش لەگەڵیا مایەوە تا چوار لا گرتنی شاری (هەرات) تەواو بوو. پاشان خونکار مرد، دەسەڵات کەوتە دەست شاکور و جێ نوشینەکەی (شێرعلی خان)، لە ساڵی ١٨٦٤دا. بەڵام هەردوو براکەی خونکاری تازە، (أفضل خان) و (أعظم خان)، لە براکەی خۆیان یاخیبوون. هەرکەسەیشیان بۆ خۆی، دەستی گرت بەسەر ئەو خاکەدا کە لە سەردەمی باوکیا خرابووە ژێر چنگییەوە. لەسەر ئەوە چەند شەڕێکی خوێنین لەناو هەر سی سەرداردا قەوما. بەوە دواییبان هات کە (أفضل خان) گیرا و کەوتە دەست خونکار. بەڵام (عبدالرحمن)ی کوڕی لەگەڵ مامەکەیدا مایەوە، هەر شەڕی کرد، هەتا توانییان پێکەوە پایتەختی (کابل) بگرن و (أفضل خان)یش لە بەندیخانە دەربهێنن و بیکەن بەسەردار. بەڵام (أفضل خان) زۆر نەمایەوە بژی، (أعظم خان)ی برای چووە جێگای (جەمالەدین)یش بەدرێژایی ئەو ماوەیە لایەنگیریی (أعظم خان)ی کرد، پشتی گرت. ئنجا کە (أعظم خان) بوو بەسەردار، (جەمالەدین)ی کرد بەسەرۆکی گزیرەکانی خۆی. ئەو کاتە (جەمال) لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵاندا بوو. سەردار لە هەموو کاروبارێکی گرنگ و گەورەدا ڕاوێژی بەو ئەکرد. بەڵام پەنجەی بێگانە هێشتا لە کاردا بوو. چارەنووسی ئەفغانستانی تێک ئەدا. خونکاری پێشوو (شیرعلی خان) بەهۆی یارمەتیی ئینگلیزەکانەوە، بەهێز بووبوو و دەسەڵاتی سەندبووەوە. تا ئەوساکە لە شاری (هەرات)دا خۆی قایم کردبوو. ئنجا بەخۆی و لەشکرێکی گەورەوە کشا بۆ سەر پایتەخت. لە پێشیشیەوە، چاو و ڕاوێکی زۆری بۆ کرابوو، بەیارمەتیی ئینگلیزەکانەوە کە فڕوفێڵبازییەکی یەجگار گەورە و نهێنییان تیا بەخت کردبوو، بێجگە لە پارەیەکی زۆر و بێ شومار کە بۆ ئەو مەبەسە بڵاویان کردبووەوە. بەپێی قسەی پزیشک

= غەیرە عەرەب بەوەی کە بەرپرسن لە داچوونی دنیای ئیسلامدا، هەروا دەبوت: کە ئاییینی ئیسلام ئاییینێکی عەرەبییە لە سەرەتا و بنچینەیدا. هەروەها شێخ محەمەد عەبدەش جار جار ئیشارەی بەو بۆچوونانە دەدا، بەڵام ڕەشید ڕەزا زیاتر قوولی کردەوە و دەولەمەندی کردن، بەتایبەت کە شەریف حوسێن دەستی دایە شۆڕشەکەی دژی عوسمانییەکان (١٩١٦).

بۆ زیاتر بڕوانە: (د. عواطف عبدالرحمن: الفكر الاسلامي والقوميه العربيه، الجيل - مجله، عدد (٣) مجلد (٨) آذار ١٩٨٧ - بيروت. لبنان. ص ١٨ - ٢٥).



(چارلس آدخر) ئەو بەند و باو و فڕوفێڵانە، دوایی توانییان، یاریدەدەرەکانی (أعظم خان) بخەنە سەر ناپاکی لەگەڵیا. (أعظم خان)یش کە دیی هەر خۆی ماوەتەوە بەتەنیا و برازاکەی (عبدالرحمن) و گزیرەکەی (جەمالەدین)، هەر وای بەباشتر زانی کە لەم شەڕە خۆی لابدات و بچێتە ئێران. کە ئەو ڕۆیشت، (جەمالەدین) بەتەنیا مایەوە لە (کابل)دا. (شێرعلی خان)یش نەیوێرا دەستی بۆ ببات، ئەترسا لەوەی کە ئەم و ئەو لێی کۆببنەوە و لەسەری بکەنەوە، لەبەر زانست و کردەوە چاکەکانی و پەیوەندیی خێزانەکەی بەماڵی پێغەمبەرەوە. لەگەڵ ئەمەشا وازی لە فڕوفێڵ و داونانەوە نەهێنا کە جەمالەدین تووش بکات.[1]

بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە جەمالەدین، فرمانی لەگەڵدا نەکرد، لەبەر دۆستایەتیی خونکار لەگەڵ داگیرکەران و پشتیوان کردنیا بۆ ئەوان. کە (جەمالەدین) هەستی بەوە کرد، خونکار لە ژێرەوە داوی بۆ ئەنێتەوە، بەناوی (حج) کردنەوە ڕێگەی لێ خواست، تا لە دەست زۆر و ستەمی ئەو خۆی ڕزگار بکات. خونکاریش ڕێی دا بڕوات. بەو مەرجەی لە خاکی ئێرانەوە نەڕوات، نەوەک لەوێ خۆی بگەیێنێتە (محەمەد أعظم خان) (جەمالەدین)یش بەناو هیندستاندا، لە ساڵی ١٨٦٩دا ڕێگای خۆی گرتە بەر.

(جەمالەدین) نەی ئەویست لە هیندستاندا خۆی پیشان بدا. لەبەر ئەوە نووسی بۆ یەکێ لە هاوڕێکانی کە یەکێک بوو لە بازرگانەکانی ئەفغانستان کە لەوێ دانیشتبوو، کە ئەیەوێ میوانێکی زۆر ساکار بێ لە لای. بەڵام هێشتا ئەو نەگەیشتبووە سنوور، کە فەرمانڕەوایی هیندستان پێشوازییەکی گەرموگوڕی کرد. لەناو ئەو کەسانەیشدا کە هاتبوون بەپیریەوە، کەسێکی ناسیاوی نەدیی. تەنانەت بازرگانە ئەفغانییەکەی دۆستیشی نەدیی! لەو ڕێزگرتنە مەبەس تێگەیشت چییە!... گوتی: (ئەمە نەوازشێکی جوامێرانە نییە کە بۆ منی ئەکەن. ئەبێ مەبەسی تیا بێ!).

کە ویستی بچێتە ماڵی بازرگانە ئەفغانییەکەی دۆستی، پێیان گوت: فەرمانڕەوایی جێگایەکی بۆ ئامادە کردووە، مەگەر هەر شایستەی خۆی بی!... پاشان لێیان پرسی چەند ئەمێنێتەوە لە هیندستاندا؟ گوتی: لە دوو مانگ زۆرتر نامێنمەوە. فەرمانڕەوایی بۆی پەسەند کرد. هەندێ لە فەرمانبەرەکانی خۆیشی بەدیارەوە دانا، هەرکەسێ بهاتایە لای، لێیان ئەپرسی بۆچ هاتوویت؟ چیت ئەوێ پێی بڵێی؟. لە یەکەم ڕۆژدا بەدەیان کەس،

(١) یان: تا جەمالەددینی پێ تووش بکات.

هاتنە چاوپێکەوتنی. لە ڕۆژی دووەمدا، بەسەدان کەس ئەهاتنە لای، بەڵام لە ڕۆژی سێیەم و چوارەمدا بەگەلە ئەهاتنە لای. هەفتەیەکی پێ نەچوو، گیانی نیشتمانپەروەری لە هەر چوار لای هیندستاندا وریا بووەوە. نیشتمانپەروەرە ڕاستەقینەکانیش لە لای (سەید جەمالەدین) کۆبوونەوە لە ژیریی و ئامۆژگارییەکانی کەڵکیان وەرئەگرت، لە بیری ڕۆشنی چاویان ئەکرایەوە، لە ئازایەتی و بێ باکییەکەیشی دەماری مەردایەتییان ئەجولایەوە.

لەو کاتەدا کە (سەید جەمالەدین)، لە کۆڕی خۆیدا دانیشتبوو ژوورەکەی پڕبوو لە زانایان و ڕیش سپییان، یەکێک لە فەرمانبەرە گەورەکان سەری کرد بەژووردا، پێی گوت:

(فەرمانڕەوایی هیندستان، دەروون فراوانی لەگەڵ ئێوەدا کرد ڕێی بەئێوە دا کە دوو مانگ لەم خاکەدا بمێننەوە. بەڵام وای بەباش زانی کە پێتان بڵێ: کەینەوبەینەی نیشتمانەکەمان وای لێ هاتووە کە ماوە نادات لەوەندە بەولاوە لە هیندستاندا بمێننەوە!) دانیشتووان لەم قسەیە زۆر دڵگیر بوون، لێی تووڕە بوون و دەستیان کرد بەبۆڵەبۆڵ. هەندێکیشیان تەکانیان دایە خۆیان، فەرمانبەرەکە بەزۆر بکەنە دەرەوە. بەڵام (جەمال) ماوەی نەدا هیچ دەربارەی فەرمانبەرەکە بکەن، بێ دەنگی کردن و گوتی: (من بۆیەکا نەهاتوومەتە هیندستان کە فەرمانڕەوایی بەریتانیای گەورە بترسێنم. ئیمڕۆ، منیش ئامادەی ئەوە نیم کە هیندییەکانی لێ بورووژێنم. یاخود توانج و پلار لە کردەوەکانی بگرم. بەڵام ترسەکەی ئەو لە یەکێکی ڕێبواری بێ دەسەڵاتی وەک من، تاڵانکردنی ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە لای من و لە من بێ چارەترن، ئەمانە فەرمانڕەوایی بەریتانیا وا پیشان ئەدەن، کە نیازێکی هیچ و پووچ و پایەیەکی چروک و، دادپەروەرییەکی کەم و، دڵنیا نەبوونێکی تەواوی هەیە لە فەرمانڕەواییەکەی خۆی. لە ڕاستیدا، لە چاو ئەم هەموو خاکە گەورە و فراوانانەدا کە لە ژێر چنگیان، هێزی فەرمانڕەواییەکەی لە هێزی ئەو گەلانەی کە لە ژێر دەستیان گەلێک کەمترە!).

پاشان ڕووی کردە میوانەکانی و پێی گوتن:

(ئەی دانیشتوانی خاکی هیندستان! بەگەورەیی خوا و ڕازی دادپەروەریی سوێند ئەخۆم، ئێوە کە لە سەدان ملیۆن کەس ژمارەتان پترە، ئەگەر هەر مێش و مەگەز بوونایە، ئەو سەربازە بەریتانیاییانە و ئەو کەسانەی کە لە خۆتانن کردوویانن بەسەرباز و پڕ چەکیان کردوون بۆ کوشتنی سەربەخۆیی ئێوە و تاڵانکردنی سامانی خاکەکەتان، کە ژمارەی هەموویان لە چەند دە هەزار کەسێک تێپەڕ ناکات...، ئەڵێم ئەگەر ئێوە هەر مێش و مەگەز بوونایە، ویزە ویزەکانتان گوێچکەی بەریتانیای گەورەی کەڕ ئەکرد، گوێچکەکانی



(میستەر گلادستون)ی گەورەکەیشیانی گران ئەکرد.

(ئێوە کە بەسەدان ملیۆن هیندی ئەژمێررێن، ئەگەر بهاتایە خوا بیکردنایە بەکیسەڵ و خۆتان بهاویشتایە ناو دەریاوە و چوار لای دوورگەکانی بەریتانیای گەورەتان بگرتایە، ئەتانتوانی بیانکێشنە ناو بنی ئاوەکەوە و بەئازادیشەوە بگەڕێنەوە هیندستان).

(جەمالەدین) وەک بەم قسانەی ویستبێتی، دوا وتاری خۆییان بۆ بدا و بەجۆرێکی وایش بێ کە تا ئەمێنن لە بیریان نەچێتەوە و هەمووەدەم گاڵیان بدا بۆ داواکردنی سەربەستی و ئازادیی و سەربەخۆیی و خۆیشیان لە پێناویاندا بەکوشت بدەن وا بوو.

دانیشتووەکانی کۆڕەکەی، هەموو برینی دڵیان کولایەوە، دەستیان کرد بەگریان، فرمێسک، خوڕخوڕ بەچاویاندا ئەهاتە خوارەوە. ئەویش قیڕاندی بەسەریاندا پێی گوتن: (پێویستە بزانن، کە گریان بۆ پیاو نەهاتووە، بۆ ژن هاتووە! خونکار (مەحموودی غەزنەیی)، بەگریانەوە نەهاتە ناو هیندستانەوە. بەشیرەوە هاتە ناوی. ئەو نەتەوەیەی کە لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیدا، بەدەم مەرگەوە پێنەکەنێ، ژیانی پێ نابڕێ!).

بۆ بەیانیی ڕۆژی دووەم فەرمانڕەوایی هیندستان، لەناو کەشتییەکی خۆیدا، ڕەوانەی کرد بۆ (سوێس). (جەمالەدین) نزیکەی چل ڕۆژ لە (میسر)دا مایەوە، هاتوچۆی (الجامع الازهر)ی ئەکرد و تێکەڵی شاگردەکان و زاناکانی ئەبوو. نیازی وا بوو بچێتە (حجاز). بەڵام لە لایەن (خونکار عبدالعزیز)ەوە بانگ کرا بۆ (ئەستەموڵ). خونکار نامەکەی جەمالەدین و پایەبەرزییەکەی ئەوی بیستبووەوە لەناو موسوڵمانەکاندا، بۆیەکا بەدویدا نارد، کە کەڵکی لێ وەرگرێ. ئەویش بانگ کردنەکەی پەسەند کرد و چوو بۆ (ئەستەموڵ).

(جەمالەدین) لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٠دا گەیشتە ئەستەموڵ لە جلوبەرگێکی ئەفغانیدا خۆی پیشان دا: کەوایەک و ساکۆیەک و مێزەرێکی لوولدراو. فەرمانڕەوایی (عوسمانی)، پێشوازییەکی یەجگار باشی کرد. (خونکار عبدالعزیز)یش میوانداریییەکی باشی کرد. زانایان و وێژەوانان و ڕیش سپییان لێی کۆبوونەوە، یەکێک لەوانە (عالی باشا)ی سەرەک وەزیران بوو. زانست و وێژە و کرداری باشی ئەو، لەگەڵ ئەوەشا کە بێگانە بوو بەوان، دەم بەدەم ئەگێڕرایەوە. شەش مانگێکی پێ چوو، کرا بەئەندامی کۆڕی زانست. خەریک بوو پێڕەوییەکانی خوێندەواریی و شێوەی بڵاوکردنەوەی و ماوەی بڵاوبوونەوەی ڕاست بکاتەوە و ڕێک بخا و فراوانتری لێ بکات. چەند ڕێگایەکی پیشان دا بۆ گەیشتن بۆ ئەو مەبەسە، هاوڕێکانی بەقسەیان نەکرد. هەروەک مامۆستا (مصطفی

عبدالرازق) گوتی: (له پیشاندانی ئەو ڕێگایانەوە بوو، کە (شیخ الاسلام حسن أفندي فهمي) لێی دڵگیر بوو، چونکە تۆزێک لە دەرامەدی ئەوی کەم ئەکردەوە). ئەم کابرایە، ئەوەی لێ گرت بەدڵەوە، هەر هەلێکی لێ هەڵبکەوتایە، هوروژمی ئەبردە سەر بیروباوەڕەکانی (سەید جەمالەدین) کە لە ناو ڕۆژنامەکاندا، یاخود لە ناو دیوەخانەکاندا، یان لە کۆبوونەوەکاندا دەری ئەبڕین. لە مانگی ڕۆژووی ئەو ساڵەدا، بە(جەمالەدین)یان گوت کە وتارێک لە (هونەرگاه)دا بدات، بەزمانی تورکی. ئەویش تا ئەودەمە تەواو فێری زمانەکە بووبوو. لە بابەت پیشەسازییەوە وتارێکی دا نەتەوەی کرد بەلەشێکی زیندوو، پیشەسازیشی کرد بەئەندامەکانی ئەو لەشە. گوتی: هەروەک لەش بەبێ ئەندام ناتوانێ بژیی. هەروەها نەتەوەیش بەبێ پیشەسازی ناتوانێ بژیی. پاشان گوتی: خونکار لە مێشک ئەکات، کە سەرچاوەی فەرمان و چارەکردنە. ئاسنگەریش لە بازوو ئەکات. کشتوکاڵیش لە جەرگ. کەشتییەوانیش لە پێیەکان ئەکات. پاشان هەرچی پیشەسازییەک هەیە یەکەیەکە کردنی بەئەندامێک لە ئەندامەکان. تا بەدرێژیی لە هەموویان دوا و بایەخی هەموویانی ژمارد. ئنجا گوتی: لەشی کامەرانیی مرۆڤایەتی بەم جۆرە پێک دێ. هیچ لەشێکیش بێ گیان ناژی. گیانی ئەم لەشەیش یان پێغەمبەرێتییە، یان زرنگییە.

ئەم وتارە بەدڵی (شێخ الاسلام) بوو!. چونکە بەدڵ ڕقی لێی بوو. بەخوانەناسییەوە بەدناوی کرد. گاڵی دا بەهەندێ ڕۆژنامەنووس و ئامۆژگاری خوێنەرەکان لە مزگەوتەکاندا، کە لە نووسینەکانیان و وتارەکانیاندا، بەدناوی بکەن، بڵێن گوتوویەتی پێغەمبەریەتی پیشەیە! (جەمالەدین) لەم کەینەوبەینەیە، زۆر ڕقی هەڵسا. داوای کرد لە دادگاه کە چەندوچوون لەگەڵ (شیخ الاسلام)دا بکات! بیروباوەڕی گشتیش، بەڕۆژنامەکانی و کۆڕەکانییەوە بوون بەدوو بەشەوە. بەشێکیان کۆمەکیی (سەید جەمال)یان ئەکرد. بەشێکیشیان لەگەڵ (شیخ الاسلام)دا گەلەکۆمەکییان ئەکرد. (جەمالەدین)یش هەر داوای چەندوچوون کردنی لەگەڵ ئەکرد. (حسن أفندی)یش هەر ئەوی بەدناو ئەکرد. دوایی بەجەمالەدین گوترا کە (تورکیا) بەجێ بهێڵێ... (عالی پاشا) نەی ئەویست سەید جەمال دوور بخرێتەوە. ئەو ئەیویست هەلێکی بۆ هەڵ کەوێ و (جەمالەدین) لە جێگەی (حسن أفندی) دابمەزرێنێ. بەڵام ئەم توانی سەرەک وەزیر بخاتە سەر ئەوەی جەمالەدین دوور بخاتەوە، ئەویش بەهۆی ورووژاندنی بۆرە پیاوان و کۆنەپەرستانەوە. لەو کاتەدا کە جەمالەدین خۆی ڕێک ئەخست لە ئەستەموڵ بچێتە دەرەوە. ژمارەیەکی زۆر لە زانا ڕۆشنبیرەکان هاتنە چاوپێکەوتنی، داخی دڵی خۆیان بۆ ئەڕشت لە دوورکەوتنەوەی. ئەم



چاوپێکەوتنەی ئەوان، دوا هەل بوو، کە بتوانێ هەندێ لە ئامۆژگارییەکانی خۆی پیشان بدات. یەکێک لە میوانەکانی لە ئەندازە دەرچوو، جگە لەوەی کە هوروژمی بردە سەر (شیخ الاسلام) هێرشی بردە سەر ئایینی ئیسلامیش. جەمالەدین ئەوەی پێ خۆش نەهات. بەدرێژی لە دەسەڵاتەکانی شارستانێتی و گیانی دوا. بەکورتی گوتی: دەسەڵاتی شارستانێتی بەخونکار یاخود بەدەسەڵاتدارییەوە، هێزی خۆی لە نەتەوە کۆ ئەکاتەوە بۆ نەهێشتنی خراپە و، پاراستنی مافە گشتییەکان و مافە تایبەتییەکان، بۆ ئامادەکردنی سرەوت و ئاسایش بۆ هەموان، بەهۆی پاراستنی دڵنیایی و ئاسایش و دابەشکردنی دادپەروەریی تەواوەوە، لەگەڵ گەلێ بابەتی بەکەڵکی تردا کە ئەبێ لە خونکار بوەشێتەوە. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم دەسەڵاتە درایە دەست پیاوێکی ناشی و نەزان و زۆردار، کە کۆمەڵێکی بەدخوو و ناڕەسەن چوار لایان گرتبێ، ئەوانە هەر چۆنێکیان بووێ یاریی بەخاوەن دەسەڵاتەکە ئەکەن، کەچی بیانوویش لە نەتەوە ئەگرن، ئەڵێن: (ئارەزووی خونکار، یاسای نیشتمانە)! جا ئەم جۆرە قسەیە، کە لەو شێوەیەدا بکرێ، ئەبێ نەتەوە لێی ڕاست بێتەوە و، بەهەموو هێز و هەڕەتیەکیشیەوە بەرەنگاری بکات. چونکە قسەی ڕاست ئەوەیە، کە ئارەزووی نەتەوە. بەمەرجێ ئەو نەتەوەیە سەربەست بێ و زۆری لێ نەکرا بێ. نە بەقسە، نە بەکردەوە، ئەو یاسایەیە کە پێویستە بۆی ملکەچ بێ، هەر ئەو یاسایەیشە کە هەموو فەرمانداریێک ئەبێ وەک بەردەستێکی دەست پاک و دڵسۆز کاری پێ بکات.

هەر گەلێکیش، دوای دڵی خۆی بکەوێ و، ئەم و ئەو یاریی پێ بکات و، ناکۆکیی کەوتبێتە ناوەوە و، تاک و تەراکانیشی دوای خۆپەرستی و خۆپەسندیی خۆیان کەوتبن و، بەناوی نەتەوەوە بازرگانی بۆ خاوەن دەسەڵات بکەن و، هەموو سامانی گشتی بۆ دڵخۆش کردنی ئەو بەخت بکەن، تا نانێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن - ئەو گەلە هەر لەو ئاژەڵە ئەکات کە بەرەڵڵایە، بەڵکو لەویش گومڕاترە.

گەلێک کە وابێ، ئەو دەستوورە زۆردارییە پەسەند ئەکات، کە زۆردارەکان دۆزیویانەتەوە و گوتوویانە: (ئارەزووی خونکار یاسای نیشتمانە!)

دەسەڵاتی گیانیش هەروەهایە. ئەگەر ئایین بەڕاستی بچێتە ناو دڵ و دەروونی مرۆڤێکەوە و دوور بێ لە سەرپەرشتی کردنی دەسەڵاتی شارستانێتی، ئەوساکە دەسەڵاتی گیانی کاری خۆی ئەکات و ئەیگێڕێتەوە لە دزینی سامانێک کە ئەگەر بیشیدزیایە، کەس ڕاستیی لێ نەئەگوت، هەروەها ئەیشیگێڕێتەوە لە کوشتنی کەسێک کە ئەگەر

بشیکوشتایە سەرداری شارستانی نەی ئەتوانی تۆڵەی لێ بکاتەوە. ئەمانە هەندێکن لە کەڵکی گیانی ئایینی. جا لە هەرسێ ئایینەکەدا هیچی وا نییە کە کەڵکی هەموو مرۆڤایەتیی نەوێ. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوانە هەرسێکیان مرۆڤ هان ئەدەن بۆ چاکەکردن لەگەڵ برا و خزمیا. ماوەیشی نادەن کە خراپە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم دەسەڵاتە گیانییە، لە ڕێی ڕاست لای دا و لە ناو خۆیشیا تێکچوو، ئەوساکە، نەتەوە پێویستە لەسەری لێی ڕاست بێتەوە و، بەهەموو هێز و هەڕەتییەکیشیەوە بەرەنگاریی بکات، تا ئەیگەڕێنێتەوە سەر دۆخی جارانی.

پاشان گوتی: «ئەگەر ئایین لە ڕێی پاکی خۆیەوە ڕۆیشت، بێ گومان دەسەڵاتی شارستانێتی سوپاسی ئەکات. ئەگەر دەسەڵاتی شارستانێتییش لە ڕێی ڕاستی خۆیەوە ڕۆیشت، کە بریتییە لە دادپەروەریی تەواو، بێ گومان دەسەڵاتی گیانی سوپاسی ئەکات. ئەو دوو دەسەڵاتەیش، هەرگیز لە یەکتر جیا نابنەوە، تا یەکێکیان ئامانجی خۆی نەگۆڕێ و لە ڕێگای خۆی لانەدات!».

## بەرەبەیانی ڕاپەڕینی میسر

(جەمالەدین)، لە ۱۸۷۱/۳/۲۲دا گەڕایەوە (میسر). (ریاز پاشا)ی وەزیری (خدێوی ئیسماعیل)[1] پێشوازییەکی گەرمی کرد. ساڵانەیەکی (۱۲۰) سەد و بیست دیناریشی بۆ بڕییەوە. ئەم ڕەوشتەی فەرمانڕەوایی میسرە، سەیر ئەهاتە پێش چاو. چونکە خۆی ئەیزانی کە (جەمالەدین)، مەترسیی لێ ئەکرێ، بانگ ڕاهێشتنە نیشتمانپەروەرانەکەیشی لەگەڵ بیروباوەڕەکانیا کە لە بابەت ڕاستکردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەواییدا بڵاویان ئەکاتەوە، کارێکی گرنگ لە دڵ و دەروونی

(۱) (عبدالعزیز إسماعیل پاشا ۱۸۳۰ - ۱۸۹۵) کوڕی برایم پاشای محەمەد عەلی پاشای میسرە. لە قاهیرە لە دایکبووە، لە ۱۸۶۳دا حوکمی میسری گرتە دەست و لە ۱۸۶۷ نازناوی (خدێوی) لە لایەن سوڵتان (عبدالعزیز)ی عوسمانیەوە پێ درا، لە ۱۸۶۹ نۆکەندی (سوێس)ی دەست پێ کرد و کردیەوە جگە لە چەندەها پڕۆژەی ئاوەدانکاری و کردنەوەی قوتابخانە، بەڵام دەست بڵاویەکەی لە ڕادەبەدەر بوو، ئەمەش بووە هۆی کەمهێنانێک لە بودجەی میسردا و دوا جار وڵاتی تووشی قەرز و قۆڵەیەکی زۆری بیانی کرد، لەمەوە بیانییەکان دەستیان لە کاروباری وڵاتەوە وەردا، ئیتر شۆڕشی (ئەحمەد عورابی) هەڵایسا و لە ۱۸۷۹دا لەسەر حوکم لابرا و لە ئەستانە کۆچی دوایی کرد... (خدێوی تەوفیق)ی برای جێگاکەی گرتەوە لە فەرمانڕەوایی وڵاتدا.



هاونیشتمانییەکان ئەکات. بەڵام فەرمانڕەوایی میسر، ئەودەمە، لە بەربەرەکانێدا لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئەستەموڵدا. نەیشی ئەویست کە مل بۆ ئەو کەچ بکات. نەیشی ئەویست کە سەردارەکەی لە دووی فەرمانڕەوایی (عوسمانی)یەکانەوە بڕوات. کەواتە ئەو پێشوازیکردنەی بۆ جەمالەدین، لە دوای تەفروتونا کردنەکەی لە تورکیا، لەبەر جێگا بڵندییەکەی لە کۆڕی زانستدا، ئەبو بەهۆی ئەوەی کە (خدێوی)[1] وا پیشان بدات، پشتیوانی زانستە لە یەکێکی وەک (جەمالەدینی ئەفغانی)دا. جگە لەوە واتایە زرنگکاریی و فەرمانڕەوایانەیشی تیا ئەبینرا. ئەو کاتە بەبیری (خدێوی ئیسماعیل)دا نەهات، کە بیروباوەڕی جەمالەدین بۆ خۆی خراپ دەرئەچێت. ئەودەمە ئەو لەوپەڕی گەورەیی و دەسەڵاتداریدا بوو. چیی بویستایە، لە خاک و دانیشتوانی نیشتمانەکەیا بیکات، بۆی ئەچووە سەر. پەنجەی بێگانەیش هێشتا درێژ نەبووبوو بۆ خاکەکەی. لەبەر ئەوە بانگ ڕاهێشتنەکەی جەمالەدین کە بۆ ڕاستکردنەوەی کاروباری گشتی بوو، لە سەرەتای هاتنەکەیدا بۆ میسر، شێوەیەکی وێژەیی گرتبوو، فڕوفێڵ (سیاسەت) و خوێندەواریی تێکەڵ بەیەک ئەکرد. تا بێگانەکان دەستیان درێژ نەکرد بۆ میسر لە ساڵی ۱۸۷۶دا، لە شێوە شۆڕشگێڕییە سامناکەکەیدا، دەرنەکەوت. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم شۆڕشە ئەوەندەی بەرامبەر بەدەستدرێژ کردنی بێگانە ڕاوەستا بوو، ئەوەندە بەرامبەر بە(إسماعیل) خۆی ڕانەوەستا بوو، جەمالەدین هەشت ساڵ لە میسردا مایەوە، وەک مامۆستایەکی نوێکەرەوەی خەباتکەر، لەگەڵ گەشەکردنی میسردا ئەڕۆیشت بەرێگاوە، پاڵیشی بەمیسرەوە ئەنا پێش کەوێ میسریش لەو کاتەدا، هەروەک (محەمەد عبدە)[2] ئەیگوت: لە ناو گێژاوێکی پڕ لە سەرگەردانیدا، لە تاریکییەکی وەک شەوەزەنگدا،

(۱) خدێوی: نازناوێک بووە زۆر جار بەسەر حوکمدارە موسوڵمانەکاندا بڕاوە، وشەکە فارسییە، مانای (مەلیک، وەزیر) دەگرێتەوە، سوڵتان (عەبدولعەزیز)ی عوسمانی بە(عەبدولعەزیز پاشا)ی میسری بەخشی، ئەم نازناوە دوایی بۆ نەوەکانیشیان لە میسردا مایەوە.

(۲) شێخ محەمەد عەبدە ۱۸٤۹ - ۱۹۰۵ لە زانا و سیاسییە ئایینییە منەوەرە نوێخوازەکانی میسر بووە؛ داوای چاکسازی و نوێگەری دەکرد لە کاروبارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میسرییەکاندا، قوتابی ئەزهەر بووە، ڕۆژنامەی (الوقائع المصریە)ی دەردەکرد، دژی ئینگلیزەکان وەستابۆوە بۆیە دووریان خستەوە، بەهاوکاری جەمالەدینی ئەفغانی ڕۆژنامەی (العروە الوثقیٰ)یان لە (پاریس) دەردەکرد، دوایی چووە (بێروت) و بووە مامۆستا و لێرە گەلێ کتێبی دانا، لە ۱۸۹۹ بووە موفتی وڵاتی میسر. لە کتێبەکانی: (رسالة التوحید، شرح مقامات البدیع الهمداني، شرح نهج البلاغة) و گەلێ وتار و نووسینی دی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی.

ئەڕۆیشت و هەڵ ئەنگوت، تەنانەت پیاوی زرنگ و ژیریش تیا ون ئەبوو، مەردی خاوەن بیروباوەڕیش سەرمەقولاتی تیا ئەدا. پێشەوا (محەمەد عبدە)، بەدرێژی ئەو بارەی میسری ئەگێڕایەوە. دەست ڕەندینیی جەمالەدینی تیا ئەنواند. ئەیگوت: میسرییەکان وایان ئەزانی کە هەرچی کاروباری گشتی و تایبەتی هەیە، هی سەرداری گەورەیانە، یاخود هی جێ نشینی ئەوە کە کاروباریان هەڵ ئەسووڕێنێ. ئەو ئەتوانێ بەئارەزووی خۆی کاری تیا بکات. بڕوایشیان وا بوو کە کامەرانی و سەرگەردانیی خۆیان بەدەست پاکی و دادپەروەریی ئەوەوە بەندە، یاخود بەناپاکی و زۆرداریی ئەوەوە نووساوە. هەر ئەوەندەیشیان لە پەیوەندیی ناوەند خۆیان و فەرمانڕەوایی ئەزانی، کە خۆیان فەرمان پێکراوێکن لە ژێردەستی فەرمانڕەواییدا. چییان بخاتە سەر جێبەجێی بکەن و چییان لەسەر دابنێ پێشکەشی بکەن، ناچارن ئەبێ ڕاپەڕێنن بەخۆیان ڕەوا نەئەبینی کە بیروباوەڕێکیان دەربڕن، دەربارەی هەڵسووڕاندنی کاروباری نیشتمانەکەیان و ڕاستکردنەوەی باری نەتەوەکەیان. چونکە وایان ئەدیی، هەر کەسێ لەو بابەتانەوە ورتەیەکی ئەکرد، یان بەشی تەفروتوناکردن بوو، یان کوشتن بوو، یان ماڵ تالآنکردنی...

ئەمە وا بوو، تا جەمالەدین گەیشتە میسر، کە لە هەموو چینێکی میسرییەکان و کۆمەڵەکانیان ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا کرد، دڵ و دەروونیان وریا بووەوە، هۆشیان هاتەوە سەر خۆیان، گێژ و وێژی لە بەشێکی زۆری خاکی میسردا، لاچوو، نەما. ئەمە هەر بیروباوەڕی (محەمەد عبدە) نەبوو. هەر کەسێ لە بارەی جەمالەدینەوە دووا بێ، ئەمەی گوتووە، کە کاتێ ئەو گەیشتە میسر و لە هەموو تیرە و دەستەیەک شاگردانی لێ کۆبووەوە و، دەستی کرد بەبانگ ڕاهێشتن بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی کاروباری نەتەوەکانی ئیسلام لە ڕێگای پێک هێنانی دەستووره ڕاستەقینەکانی ئیسلامەتی و دەستوورەکانی زانستی کۆمەڵایەتی کە کەڵکی دەرکەوتبوو بۆ چارەکردنی کاروباری مرۆڤایەتی و ڕێکوپێک خستنی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە سەرەتای وریابوونەوەی بیروباوەڕ بوو لە خاکەکانی عەرەبستان و هەموو خاکەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا. ئەو ڕاپەڕینی بیروباوەڕە ئێستایش لە گەشەکردن و پەرەسەندندایە بۆ ڕزگارکردنی ئەو خاکانە لە دەست پێوەندەکانی داگیرکەرەکان و فەرمانڕەوایی زۆردارەکان، بۆ پاڵ پێوەنانیان بۆ بڵند بوونەوە و پێشکەوتن و شارستانێتی.

مامۆستا (ئەحمەد ئەمین)، لە بابەت مانەوەی جەمالەدینەوە لە میسرا و گۆڕرانی وێژە بەهۆی ئەوەوە بەبارێکی تردا، قسە ئەکات: (وێژە بووبووە بەندەی دەسەڵاتدارەکان و



دەوڵەمەندە لووت بەرزەکان، بەتەنگ هیچەوە نەبوون، ستایشکردنی خونکارەکان و سەردارەکانەوە نەبێ. ئەوانە هەرچەندی زۆردار و داوێن پیس بوونایە، وێژە بەقەد و باڵا و کردەوەکانی ئەوانیا هەڵ ئەدا. بەلای ئەوەوە هەموو سەردارێک، گەورەی جیهان بوو لە سەردەمی خۆیدا، کردەوەکانی هەموو بێ وێنە بوون کەس لە دەستی نەئەهات وەک ئەوان بکات. هەر شتێکی ئەکرد دوور بوو لە گوناھ و تاوانەوە. ئەگەر سامانی ئەم و ئەوی تالآن بکردایە. نەئەدرایەوە ڕووی کە بۆچ وای کردووە. بەڵام ئەگەر شتێکی ببەخشیایە بەم و بەو ستایش ئەکرا. ئەگەر هەر کەسێکی بکوشتایە، لێی نەئەپرسرایەوە. بەڵام ئەگەر یەکێکی ببەخشیایە، چاکەی ئەگێڕایەوە. هونەر و وێژە و هۆنراوە و پەخشان بۆ بەزموڕەزمی ئەو بەکار ئەهێنران. بۆ دڵخۆشکردنی ئەو یارییان پێ ئەکرا، بووبوونە بەندەیەکی تەواویش بۆ بەدناوکردنی دوژمنەکانی و بۆ ستایشکردنی دۆستەکانی. وێژەوانی بچووک، بەدەوڵەمەندی بچووکیا هەڵ ئەدا و، وێژەوانی گەورەیش بەسەرداری گەورەیا هەڵ ئەدا. ئەوسا کە وێژە وابوو، وایشی ئەکرد. بەڵام کە جەمالەدین هاتە میسرەوە، وێژەی کرد بەژێردەستی نەتەوە. وێژە داوای مافەکانی نەتەوەی ئەکرد، ئەگەر زۆرداریی لەگەڵ بکرایە لەسەری ئەکردەوە، هورووژمی ئەبردە سەر دوژمنەکانی، هەر ماڵوێرانی و سەرگەردانییەکی بەسەر بهاتایە ڕۆشنی ئەکردەوە بۆ هەمووان. ئەوی ئەبو بەهۆی هەژارییان لە نەتەوەی ئاشکرا کرد، هانیشی ئەدان کە لە تاریکییەوە دەرباز بن بۆ ڕووناکی. تیژیشی ئەکردنە سەر ئەوەی کە لە دەسەڵاتدار و فەرمانداری خۆیان نەترسن، چونکە هەر هێزێکی هەیە لە وانی دەست کەوتووە، هەر سامانێکیشی هەیە لە وانی پچڕیوە. گاڵیشی ئەدان بچن بەهەموو هێزێکیانەوە مافەکانیان داوا بکەنەوە، خۆشییەکانیان بستێننەوە. جەمالەدین وێژەیەکی نوێی هێنایە کایەوە بەتەنگ دڵی نەتەوەوە زۆرتر بوو لە هی سەردار، ئازادیی ئەخواست، بەندەیەتیی لائەبرد، مافەکانی نەتەوە و فرمانەکانی سەرشانی سەردارەکانی پیشان ئەدا. وێژەوانی گەیاندە ئەو پایەیەی کە سەرپەرشتیی کار و فرمانی سەردار بکات، نەک وەک خوازەڵۆکی دەستی لێ پان بکاتەوە. ئەمەیش ئاوازێکی تازە بوو، موسوڵمانەکان، لەوساوە کە سەردەمی زۆرداری دەستی پێ کردبوو لە ناویاندا، تا ئەودەمەی کە جەمالەدین هاتبووە ناویان، چاویان پێی نەکەوتبوو، نەیان بیستبوو، نەیان ناسیبوو.

مامۆستا (ئەحمەد ئەمین) لە خۆی پرسی بوو، کە ئەو (شتە تازە)یەی شاگردەکانی جەمالەدین لای مامۆستاکەیان دیبوویان و، دڵیان پێی کرابووەوە و، پێڕەوییان کردبوو،

ئاخۆ چی بوو؟ پاشان وەرامێکی دروستی خۆی دابووەوە، کە هەموو کردەوە و چاکە بنچینەییەکانی پیشان دابوو. بەلای ئێمەوە گرنگەکەیان ئەمە بوو: (بەستنی بەشەکانی ژیانی زانستی و کاروبار بەیەک شتەوە، ئەوانەیش هەریەکە لا لە یەکتر بکەنەوە تا لە هەموویان یەکێتییەک پەیدا ئەبێ. چونکە دەروێشی و ڕاستی پەرستی و، جیهانی گشتی و، جیهانی تایبەتی... ئەمانە هیچیان بەتەنیایی بەکار نایەن. پێویستە هەموویان، یەک کەون، پێک بێن، ڕێک کەون، تا بەهەموویان یەک ئاوازی گۆرانی پێک ئەهێنن. جا ئەگەر ئەمە جێبەجێ بێ، ئیتر مرۆڤیش بەهەڵەدا ناچێ و زۆر دوودڵیی پڕ ئازار و زۆر سەر لێ شێواویی بەئەرکی لە کۆڵ ئەبێتەوە. ئەوساکە ئەتوانێ بڕیار بدات لە بابەت ئەو شتەوە بەکەڵکی دێ و ئەو شتەوە زیانی پێ ئەبەخشێ و ئەو فرمانەوە کە پێویستە بیکات و، ئەو کردارەیشەوە کە پێویستە نەیکات. ئەوساکە هەموو شتێکی بۆ ڕوون ئەبێتەوە، هەموو ڕێگایەکی بۆ ئاشکرا ئەبێت...).

لەسەر ئەم بنچینە بەهێزەی دووربینییە، کە هەموو شتێک پێویستە هاوکاریی یەکتر بکا و یەک بگرێ و بۆ یەک ئامانج تێ بکۆشێ، جەمالەدین، لە میسرا شاگردەکانی خۆی فێری زانست و هونەر و تێکۆشانی نیشتمانی ئەکرد. هەچ ڕێگایەکی پێ باش بووایە، ئەیگرت بۆ ئەمەی بگات بەو ئامانجە. لە ماڵی خۆیدا، هەموو ڕۆژێک بەرێکوپێکی، چەند کەسێک لە شاگرد و زاناکانی ئەزهەر ئەهاتنە لای بابەتی زانستیی فێر ئەکردن. لە بابەت لێکدانەوەی واتای قورئانەوە، یاخود ڕاستی پەرستییەوە نووسراوێکی بۆ ئەخوێندنەوە. لە پاڵ لێکدانەوەی ئەو زانستانەدا، بیروباوەڕەکانی خۆیشی بۆ دەرئەخستن لە بابەت وێژە و فڕوفێڵەوە. یاخود لە بابەت کاروبار و کەینەوبەینەیەکی گرنگەوە وتاری بۆ ئەدان. مامۆستا (محەمەد عەبدە)، دوو وتاری لە وتارەکانی (جەمالەدین) بۆ گێڕاوینەتەوە، یەکێکیان لە بابەت پەروەردەکردنەوە بوو، یەکێکیشیان لە بابەت پیشەسازییەوە. لە هینی یەکەمیاندا گوتبووی: ژیانی لەشی زیندوو بەوەوە بەندە، کە کەرەستەکانی ناوەوەی هاوکارییەکی بەجێ بکەن لەگەڵ یەکتردا، بەمەرجێ کە یەکێک لەو کەرەستانە زاڵ نەبێ بەسەر کەرەستەکانی تردا و ڕەنگ و بۆی ئەوانیتر بگۆڕێ، جا بەو ئەندازەگیرییە سروشتێکی هێمنانە بۆ لەش پێک دێ. ئەگەر هاتوو یەکێک لەو کەرەستانە، زاڵ بوو بەسەر کەرەستانی تردا[1] و ڕەنگ و بۆی پێ گۆڕین، سروشتی مرۆڤیش لە ئەندازەی خۆیدا نامێنێ و تێک ئەچێ، ئنجا لەشیش نەخۆش ئەکەوێ.

(١) ڕاستتر: کەرەستەکانی تردا...



جا هەر وەکو گیانی دروستبوونی لەش، بەوە ئارام ئەگرێ کە کەرەستە ڕەسەنەکانی لەش کۆئەبنەوە و یەک ئەگرن و لەگەڵ یەکدا ڕێک ئەکەون، کە بەو هۆیەوە سروشتێکی هێمنی تەواو بۆ مرۆڤ پێک دێ. هەروەها گیانی مرۆڤایەتیی تەواویش بەوە ئارام ئەگرێ کە کردەوە و ڕەوشتی جوێ جوێ و هێز و دەسەڵاتی لە یەک جیاوازیش لە شوێنێکا کۆ ئەبنەوە، ئنجا لە ئەنجامی ئەو لە یەک نەچوون و جیاوازییانەدا، ڕاستیی کردەوەی چاکی هێمنانە پەیدا ئەبێ. ئەگەر هاتوو خوویەک لەو خووانە زاڵ بوو بەسەر خووەکانی تردا، یاسای چاکەکردن تێک ئەچێ و خراپەکردن لە جێی ئەو دائەمەزرێ. ئایا نابینیت کە دەروونی مرۆڤایەتی، پێویستی بەوە هەیە کە بێ باکی و ترسنۆکی هەردووکیان کە پێچەوانەی یەکتریشن یەک یەک دروستیان بکات؟ ئایا لە بەرەنگاریکردنێکی هێمنانەی ئەم دوو کردەوەیەیشەوە، بەمەرجێ کە هەریەکەیان لە جێگای خۆیدا بەکار بهێنرێ، ئازایەتی پەیدا نابێ؟

لە وتاری دووەمیشدا ئەوەی پیشان دا کە مرۆڤ جۆرێکە لە جۆرەکانی گیانلەبەرانی سەر زەویی. تا سەردەمێکی دوور و درێژیش لە نزیک ئەو گیانلەبەرانەوە ئەژیا و وەک ئەوانیش گەشەی ئەکرد و ڕەفتاری ئەکرد پاشان، لە کردەوەی ئەو گیانلەبەرانەوە زۆر شت فێر بوو، چاولێکەریشی گەلێک کردن.[1] لەوانەوە کردەوەکانیان و هەست بزووتنەکانیان فێر بوو. بەهۆی تەنگەتاوکردنی پێویستی و داماوییەوە، ڕۆژ بەڕۆژ لەو فێربوون و چاولێکەریانەدا، پێش ئەکەوت و گەشەی ئەکرد، فێری هونەر و شت داهێنان ئەبوو، بەرەو تەواویی ئەڕۆیشت. بەڵام ئەو لە هەموو سەردەمێکی ژیانیا، هەر بەوە جێی خۆی قایم کردووە و خۆی پاراستووە لە ناو گیانلەبەران و سروشتدا، کە هۆگری پیشەسازیی بووە. چونکە پیشەسازیی، بنچینەی مانەوەی جۆری مرۆڤایەتییە.

پاشان قسەی ئەهێنایە سەر ئەوەی کە پیشەسازیی هێزە. هێزیش سەرچاوەی شت دروستکردن و پێکهێنانە، لە هەموو دەمێکا، بەکردەوە بێ، یان بەهەست بزوتن. پاشان قسەی ئەهێنایە سەر هێزی هۆش. ئەیگوت هێزی هۆش، هێزێکی ئەوتۆیە کە تایبەتییە بەمرۆڤەوە بەتەنیا. هەر ئەم هێزەیە کە ئەبێتە هۆی کار دروستی و سەرکەوتنی مرۆڤ، بەمەرجێ لە ڕێی ڕاست و دروستەوە بەکاری بهێنێ. ئەگەر هاتوو ئەو هێزی هۆشەی بۆ مەبەسی سروشتی یاخود هەستی بەکار هێنا، هەر بەکەڵکی مرۆڤەکە خۆی دێت، بەکەڵکی

(١) یان: گەلێک چاویشی لێ دەکردن.

کەسی تر نایەت. وەک ئەوەی بەکاری بهێنێ بۆ مەبەسی لەش گەشەکردن، یاخود بۆ مەبەستی شتی خۆشی چێشتن، یان سک تێرکردن. ئەگەر هەر بۆ ئەمانە هێزەکەی هۆشی خۆی بەکار بهێنێ، ئەو هێزە بڵندە پیرۆزە بەفیرۆ بەخت ئەکات، بەریشی ناخوات بەوەیش پلەی دێتە خوارەوە تا ئەگاتە پلەی گیانلەبەران و دار و درەخت و گژوگیا، کە خوا ئەو بەخششە گەورەیەی پێ نەبەخشیوون. بەڵام ئەو کەسەی خۆی ئەپارێزێ لە کەوتنە خوارەوە و، هۆشیش لە جێگای خۆیدا بەکار ئەهێنێ و مافی خۆی ئەداتێ و ڕێزی خۆی لێ ئەگرێ، بەچاوێکی واوە سەیری جیهانی گەورە و گشتی ئەکات، کە تێ ئەگات ڕەگەزی مرۆڤ و ڕەگەزەکانی تر، هەموو پێویستن بۆ تەواوکردنی خۆی و ژیانی. ئەویش تێ ئەکۆشێ بۆ ئەمەی ئەو ڕەگەزە بپارێزێ. ئەوەیش ئەچێ بەدڵیا کە ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەهیچ ناپارێزرێ بەوە نەبێ کە تاکە تاکەکانی ڕەگەزەکە پشت لە پاش پشت[(١)] بپارێزرێن. لەوەیش تێ ئەگات کە پاراستنی کەسایەتییەکانی و تاکە تاکەکانی، بەوە پێک دێ کە کۆبنەوە و یەکتری بگرن. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە هەموو کەسێک پێویستییەکی یەجگار جۆرجۆر و زۆری هەیە کە ناچارە هەموویانی ببێ لە یەک کاتدا. جا ئەگەر هەر خۆی بەتەنیا بێ، گەلێک ساڵانی ئەوێ تا بتوانێ بەرەنجی شانی خۆی جێبەجێیان بکا و پێکیان بهێنێ و دەردەستیان بخات. هۆی ئەوەیش ئەوەیە، کە ئەو بابەتانەی ئەو پێویستیی، پیشەسازییەکی زۆری گەرەکە، کە تەمەنی کەسێک بەشی ئەوە ناکات فێریان ببێ، چەجای ئەوەی بەکەڵکیان بهێنێ. کەواتە چۆن ئەتوانێ بەسەربەخۆیی بژی، کە ئەو پێویستی بەبەرهەمی ئەو هەموو پیشەسازییانە ببێ، لە ژیانی هەموو ڕۆژێکیا. کەواتە یارمەتیدان لە کار و فرماندا یەجگار پێویستە بۆ ئەمەی هەموو کەسێک بەری فرمانی خۆی لەگەڵ هی ئەویتردا بگۆڕێتەوە. ئەوساکە کۆمەڵەی مرۆڤایەتی وەک لەشێکی لێ دێ کە زۆر ئەندامی هەبێ، هەموو ئەندامێکی بۆ لەش فرمان بکات. بۆ ئەمەی لە ئەنجامدا کەڵکی بۆ خۆی بمێنێتەوە. چونکە ئەگەر هەر بەشی خۆی فرمان بکات بۆ خۆی و بۆ هیچ ئەندامێکی تر یاخود بۆ لەشی کۆمەڵ بەکەڵک نەبێ – هەرچەندە ئەو ئەندامە بەئەندامەکانی ترەوە نەبێ نامێنێتەوە – ئەوە واتای ئەوەیە کە بێ ئەمەی هەست بەخۆی بکات، لەناوچوونی خۆی ئەوێ. ئنجا کە ئەوانەی هەموو زانی، خۆی بەئەندامێکی ڕاستەقینە و پایەیەکی دامەزراوی کۆمەڵایەتی دائەنێ، فرمانێکی وایش ئەکات کە لە پێشدا کەڵکی هەمووان بێت، ئنجا کەڵکی بۆ خۆی بێت سەرەتای ئەم کار و فرمانەیش،

(١) یان: نەوە لە دوای نەوە.



ئێمە پیشەسازیی پێ ئەڵێین. چونکە هەرکەسێ فرمانێکی ڕاستەقینەی نەبێ کە بەکەڵکی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بێت و، یارمەتیی ڕێکوپێکیی گشت لابدات، ئەو کەسە وەک ئەندامێکی پەککەوتوو وایە، کەڵکی بۆ لەش نییە. ئەگەر هەڵگرتنی قورساییەکەی نەبێتە بار و لابردنیشی ئازاری تیا نەبێ، چاکتر هەر ئەوەیە کە ببڕرێ و لاببرێت...)

یەکێک لەو شتانەیش کە ئەیگوتەوە بەشاگردەکانی مەشقی نووسینی وتار بوو. هەمووەدەم هانی ئەدان کە بنووسن. ڕۆژنامە دەربهێنن. هەندێ بابەت هەبوو، لێی ئەخواستن کە وتاری لەسەر بنووسنەوە. ئەوانەی هەموو بۆ ئەوە بوو کە مێشکیان ڕوون بکاتەوە. چێشکەیان ڕاست بکاتەوە، لە ڕێگایەکی کۆمەڵایەتیی دروستیشەوە ئاراستەیان بکات. وایان گێڕایەوە، کە ڕۆژێک لێی ویستن لە بابەت (ئازادی)یەوە بنووسن. (سەعد زەغلول) لە هەموویان باشتری نووسیبوو. (سەید جەمالەدین)یش لەوە ئەم پەندە جوانەی دەرهێنا، گوتی: (ئەبێ هەر بەوەدا بزانین کە ئازادیی لە میسردا تازە پەیدا بووە، یەکێکی لاوی وەک ئەمە باشی لێ نووسیوە!).

لەم شێوەیەدا، (جەمالەدین)، مێشکی شاگردەکانی خۆی ئاراستە ئەکرد بۆ لێکۆڵینەوەی ئازاد، بۆ بیرکردنەوەی ئازاد. ژمارەیەکیش لە نووسەرە تازەپەروەرەکانی پێ گەیاند کە ئەیانتوانی باش بنووسن، ئەو بابەتانەیش کە ئەیانویست لەسەری بنووسن باش هەڵیان بژێرن. بەڵام خوێندنگا گەورەکەی ئەو، کۆڕە ناوازەکانی بوو، کە لە ماڵی خۆیدا ئەیگرتن، یاخود لە ماڵی هاوڕێکانی و یانەکان و جێ کۆبوونەوەکانی تردا ئەیگرتن. لەم خوێندنگایەیدا، هەموو شەو و ڕۆژێک لەگەڵ دەیان و سەدان کەسدا کۆئەبووەوە، کە بریتی بوون لە وێژەوانان و زانایان و ڕیش سپییان و شاگردان (گرەویان ئەکرد لە ناو خۆیاندا کە وردترین کەینەوبەینەی لێ بپرسن، قورسترین ڕاز و نیازی لێ بپرسن. ئەویش بەیەک، وەرامی ئەدانەوە و، شتە نەزانراوەکانی بۆ هەڵ ئەهێنان و گرێی دڵی ئەکردنەوە). چە لەم خوێندنگایەیدا چە لە خوێندنگاکەی تریدا، گەلێک پیاوی هەڵکەوتوو و سەرکردەی ڕاپەڕینی تازە، شتی لێوە فێربوون و پێڕەویی ئامۆژگارییەکانیان کرد، وەک (محەمەد عەبدە، سەعد زەغلول، مەحموود سامی ئەلبارودی، ئەدیب ئیسحق، عەبدولسەلام ئەلمویلحی، سەلیم ئەلنەقاش، ئیبراهیم ئەلقانی، عەلی مەزهەر، ئیبراهیم ئەلمویلحی، عەبدولکەریم سلێمان) و گەلێکی تر.

## پزیسکی شۆڕشێک

لەو ڕۆژانەدا بوو کە میسر کەوتبووە ناو تەنگوچەڵەمەی نابووتییەوە. چونکە (خدێوی ئیسماعیل) چەند پرۆژەیەکی ئاوەدانیی گەورە و فراوانی دەست پێ کردبوو. بۆ ئەمەی ئەو پرۆژانە بباتە سەر، دەستیاوێکی زۆر گەورە؛ پارەی لە فەرمانڕەواییەکانی ئەورووپا، بەتایبەتی لە ئینگلیزەکان وەرگرت. بەڵام ئەم دەستیاوانە، کە لە ماوەی ١٨٦٤ تا ١٨٧٥دا گەیشتنە نەوەد و پێنج ملیۆن لیرەی میسری، لەگەڵ ئەو هەموو مافانەدا کە بەخشران بەبێگانەکان، ڕێگایان بۆ ئەو بێگانانە کردەوە کە لە کاروباری میسردا پەنجە بگێڕن و چنگ بەسەر میسردا بگرن. بێجگە لەوە ئەو باجە گەورە گەورانەیش کە فەرمانڕەواییی میسر لەسەر میسرییەکانی دانا بوو، ئەوەندەی تر نەتەوەی میسری سەرگەردان کردبوو. ئیتر لەوساوە جەمالەدین شاگردەکانی خۆی بۆ لای فڕوفێڵ (سیاسەت)ەوە ئاراستە ئەکرد. دەستی کرد بەوریاکردنەوەیان لە زیانی دەستدرێژیی بێگانەکان بۆ ناو کاروباری نیشتمانەکەیان و سەرپەرشتی کردنەکەیان. (سلیم العنجوري) ئەیگوت: (دەستی کرد بەنزیک خستنەوەی بۆرە پیاوان لە خۆی و لەم واتایەوە قسەی بۆ ئەکردن:

(ئێوە ئەی میسرییەکان، بەبەندەیی گەورە بوون، لە ناو زۆر و ستەمدا پەروەردە کراون. هەر لە سەردەمی خونکارە شوانەکانەوە (هیکسۆس)، تا ئیمڕۆ، ئەمە هەزاران ساڵە ئێوە لە ژێر زەبر و زەنگی داگیرکەراندا ئەناڵێنن و ئەرک و ئازار ئەچێژن و ئەچەوسێنەوە، زۆرتان لێ ئەکەن و ڕیسواتان ئەکەن، کەچی ئێوە ئارام ئەگرن لە ژێر ئەو بارانەدا، ورتەتان لێوە نایەت. ئەوانە، هەرچی بابەتی ژیانی ئێوە هەیە و خواردەمەنی ئێوە هەیە، کە بەرەنجی شان و خۆی ناوچەوان پەیداتان کردوون، بەزەبری کوتەک و گۆپاڵ و قەمچی لێتان داگیر ئەکەن، کەچی ئێوە هەر خۆتانیشیان تێ ناگەیێنن.[1]

جا ئەگەر ئێوە لە دەمارەکانتاندا خوێنێکی گەش و پاک هەبووایە، ئەگەر لە کەللەتاندا دەماری وا هەبووایە کە هەست بەشت بکات و شت کاری لێ بکات و مەردایەتییان ببزوێنێ، نە لەم ڕیسواییییە، نە لەم دیلییە بێ دەنگ ئەبوون، نە لەم سووکی و گێژ و وێژیەیشدا ئەمانەوە. نە ئەوەندەیش کەم پیاوەتی ئەبوون کە بەم هەموو سووکی و سەرگەردانییەوە پێبکەنن. یەک لە دوای یەک، شوانەکان (هیکسۆس) یۆنانییەکان،

(١) ڕاستتر: ئێوە هەر خۆشیان تێ ناگەیەنن.



فارسەکان، عەرەبەکان، کوردەکان،[*] کڕراوەکان (مماليک)، پاشان فەرەنسیەکان، ئەمانە هەموویان، دەستیان بەسەر ئێوەدا گرت، هەریەکێ لەوانە بەربووە پێستتان بەچاو چلێسیی خۆی پارچە پارچەی کرد، بەزەبر و زەنگی خۆی ئێسکەکانتانی شکاند، کەچی ئێوەیش وەک دار و بەردی ناو دەرودەشت، نەهاواریێکتان کرد، نە فەریادێک! سەیری ئەهرامەکانی میسر و پەیکەرەکانی (مەنفیس) و کەلەپوورەکانی (شیبە) و چاو ئەندازەکانی (سیوە) و کەلاتەکانی (دمياط) بکەن... ئەوانە هەموویان بەڵگەن بۆ گەورەیی و هێز و هەڕەتی باو و باپیرانتان. ئەگەر وەک ئەوانیش نابن، هەر هیچ نەبێ، چاو لە وان بکەن، تا سەرکەون.

ڕاست بنەوە لە خەو، وریابنەوە لە سەرخۆشی، تۆزێ ناشێتی و گێژ و وێژی لە خۆتان بکەنەوە، ئێوەیش یان وەک نەتەوەکانی تر بەئازادی بژین، یاخود لە پێناو خوا و خۆتان و نیشتمانەکەتاندا خۆتان بدەن بەکوشت تا لەوە جیهان[1] پاداشی خۆتان وەرگرن!.

(العنجوری) گوتی: (... ئیتر لەوساوە دڵ و دەروون دەستیان کرد بەورووژان لە خاکی میسردا. نەتەوە دەستیدایە سکاڵاکردن و داد و فەریاد لە دەست فەرمانڕەواکەی. ملیان درێژ ئەکرد بۆ ئەمەی گوێ لە قسەی جەمالەدین بگرن. ئیتر لەوساوە یەکەم پزیسکی شۆڕشی (عرابی) دەرپەڕیی!).

جەمالەدین، بڕوای وابوو، کە ڕاپەڕینی نەتەوە، لە شێوەیەکی ڕاستەقینەدا، بەهیچ پێک نایەت، بەدەستە نیشتمانییەکان نەبێت. چونکە هەر ئەو ڕێگایەیە کە نەتەوە بگەیێنێ بەیەکێتی و بەهۆی برایەتی و یارمەتی و وریایی و یەکێتیی ڕۆڵەکانیەوە سەری بەرز ببێتەوە. نیشتمانەکە بۆ ئەوان بمێنێتەوە.

ئەوانیش بۆ نیشتمانەکەیان ببنە چاکترین پاسەوان. هەموویان پێکەوە تێبکۆشن بۆ

(*) من لەمەدا لەگەڵ جەمالەدینی ئەفغانی نیم. چونکە (صلاح الدينی أيوبی) و کوردەکانی هاوڕێ و خزم و کەسوکاری لە پێناو ڕزگارکردنی میسرییەکاندا، لە دەست ستەمکارانی ناو میسر و داگیرکەرانی ئەوروپایی خۆیان بەخت کرد. کە ڕۆشنبیرەکانی هەموو جیهان و بەتایبەتی میسر پێ لەمە ئەنێن. بێجگە لەوە (خونکاری فاطمی) و فەرمانڕەواییەکەی بەناوی میسرییەکانەوە پرچی ژنانیان نارد بۆ (نورالدين زەنگی) کە لەشکر بنێرێت و ڕزگاریان بکات لە دەست گاورەکان، ئینجا ئەویش سەلاحەدین و مامی نارد بۆ ڕزگارکردنیان. کەواتە مامۆستا جەمالەدین چۆن کوردەکان وەک نەتەوەکانی تر ڕائەگرێ بەرامبەر بەمیسرییەکان؟!، ئەم قسەیە نەئەبوو لەو بوەشایەوە. - وەرگێڕ -

(١) لەوە دنیا، لە قیامەتدا.

چاکەی گشتی، بۆ پشت گرتنی زۆرلێکراوەکانیان، بۆ بەجێ هێنانی فرمانەکانی سەرشانیان، بۆ دەستکەوتنی مافەکانیان. تا ئەو کاتەیش، هێشتا، دەستەیەکی رێکوپێکی فرۆفێڵ (سیاسەت)، لە میسردا دانەمەزرا بوو. جەمالەدین چووە ناو (کۆمەڵی ماسۆنییەکانی سکۆتلاندە)وە، بەو هیوایەی کە ئەندامەکانی بخاتە سەر یارمەتیدانی خۆی بۆ لابردنی زۆر و ستەم لە میسرا. بەڵام زۆری پێ نەچوو، ئەوانە بەئاشکرا پێیان گوت (ماسۆنی) تێکەڵ بەفرۆفێڵ نابێ. نەوەک فەرمانڕەوایی کۆمەڵەکەیان تێک بدات. (جەمالەدین)یش بەرپەچی دانەوە گوتی:

(ئەگەر (ماسۆنی) دەست نەخاتە فرۆفێڵی ناو جیهانەوە، کە هەموو وەستایەکی خانوو دروستکەری ئازادی تیایە، ئەگەر ئەو کەلوپەلی خانوو دروستکردنەی کە بەدەستیەوەیە بەکاری نەهێنێ بۆ رووخاندنی کەلاوە کۆنەکان و، لە جێی ئەوان کۆشکی ئازادی و برایەتی و یەکسانی دانەمەزرێنێ، ئەگەر ئەو تەختی زۆر و ستەم و بەدکاریی سەر بەرەوژێر نەکات، یاخوا چەکوشێکی بەرد شکاندن بەدەست ئازادی پەروەردەکانەوە نەمێنێ و خانووەکەیشیان دار و پەردووی بڕوخێ بەسەریاندا!...).

پاشان گوتی: (یەکەم شت کە دڵی کێش کردم بۆ کاروبار هەڵسووڕاندن لە خانووی ئازادی پەروەردەکاندا ئەوە بوو کە ناوونیشانێکی گەورە و گرنگم پێوە دیی: ئازادی، یەکسانی، برایەتی! وایشیان پیشاندا کە مەبەسیان کەڵکی مرۆڤایەتییە و تێکۆشانە بۆ سەرەوژێر کردنی تەختی زۆرداریی و، دامەزراندنی کۆشکی دادپەروەریی. لەمانەوە، هەموویان، وا تێگەیشتم کە (ماسۆنی) بریتییە لە: مەردایەتییەک لە فرمانکردندا، لە سەربڵندی و دەروون گەورەیی، لە تەماشاکردنی ژیان بەچاوێکی سووکەوە بۆ ئەمەی زۆرداریی بەرەنگاری بکرێ. من بەم جۆرە (ماسۆنی)م هاتە پێش چاو و بەم جۆرە دڵم پێ خۆش کرد. بەڵام داخی بەجەرگم وا دەرنەچوو. خۆی وا دەرخست کە پڕە لە خۆپەسەندیی و خۆپەرستی و کلاوبازی و فرمانکردن بەئارەزووی دڵ...) یەکێک لە براکانیش، ڕۆژێکیان گوتی: (ماسۆنی، شانازیی بەوەوە ئەکات کە چەند پشتێکە فرمان ئەکا و لە پێڕەویی خۆی و شێوە و ڕێ و شوێنی خۆی نەچۆتە دەرەوە!)

(جەمالەدین ئەفغانی)یش گوتی:

(هیچ قسەیەک، لەم قسەیە، دوورتر نابینم لە ڕاستییەوە. چونکە ماسۆنی لەم شێوە و ڕێ و شوێنەدا کە هەیەتی، هەر بەتەنیا کۆن نییە. هێشتا لە بێشکەدایە. ئنجا ئەگەر خۆی و ڕۆڵەکانی هەر لەسەر ئەوە بمێننەوە کە کارگوزاریان بریتی بێ لەو ڕاز و نیازانەی کە



زۆربەمان تێیان ناگەین و نایشزانین کە لەبەر چی دانراون، بێ گومان هەر لە بێشکەکەی خۆیدا ئەخنکێ و پەتۆ نابات، ئەمرێ. براکان! ماسۆنییەکەی ئیمڕۆی ئێوە بریتییە لە تووڕەکەیەک کار و فرمان و تۆمارکردنی ناوی برایەکی تازە. ئەوەندەیش چیرۆکی پڕوپوچی کۆنی ئەدرێ بەگوێچکەدا، ئەندامە تازەکە وەڕس ئەبێ، باوەڕ و بیری دەربارەی ماسۆنی تێک ئەچێ و ئیتر ماسۆنیشی لە بەرچاو ئەکەوێ!).

زۆری پێ نەچوو کە جەمالەدین، پەیی پێ برد، کە ناتوانێ لەگەڵ ئەندامانی ئەم کۆمەڵەدا فرمان بکات، ئەویش لەبەر ترسنۆکی و دوودڵی و لادانیان لەو ڕێگایەی کە ئەو پیا ئەڕوات بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی. لەبەر ئەوە کۆمەڵێکی نیشتمانییی دامەزراند کە سەر بەڕۆژهەلاتی فەرەنسەیی بوو. ئەندامە بەکارەکانی، لە ماوەیەکی کەمدا، ژمارەیان گەیشتە سێ سەد کەس. هەموویشیان لە هەڵبژاردەی میسرییە خاوەن بیرەکان بوون. پاشان لەسەر قسەی ئەوانە و چەند کەسێکی فرۆفێڵباز و وێژەوان، دەستەیەکی فرۆفێڵی دامەزراند ناوی نا (دەستەی نیشتمانی)،[*] لە ساڵی ١٨٧٩دا. هەروەها چەند کۆمەڵانێکی نهێنی و ئاشکرایش بۆ کەڵکی نیشتمانی میسر، لە لایەن کەسانی ترەوە دامەزرێنران. ئەوەیش بوو بەسەرەتای ژیانی کۆمەڵانی فرۆفێڵ لە میسرا.[١]

لەسەر زمانی ئەم (دەستەی نیشتمانی)یە و ئەو کۆمەڵە فرۆفێڵانەوە بوو، کە بۆ یەکەم جار ئەم بانگە نیشتمانییە بەناوبانگە درا: میسر هی میسرییەکانە! یەکەم جاریش بوو کە ئەندامانی کۆڕی نەتەوە، لە کۆڕی نەتەوەی میسرا، هەڵسانە سەرپێ و خواستی خۆیان دەرخست کە ئەبێ ماف بدرێ بەنەتەوە سەرپەرشتیی کار و فرمان بینینی فەرمانڕەوایی بکات و، ژیانی دەستووری ڕاستەقینە لە خاکی میسرا بهێنرێتە جێ. زۆری پێ نەچوو، ئەم کۆڕە چوو بەگژ (نۆبار پاشا)دا کە سەرۆکی کۆڕی گزیران بوو، لەسەر مافەکانی نەتەوە و مافی ئەو کۆڕەی کە نەتەوە ئەنوێنێ. وەزارەت ناچار ما، دەستی خۆی کێشایەوە لە فرمان، لە ١٨٧٩/٢/١٩دا. میسر تا بیست ڕۆژ بەبێ وەزارەت مایەوە. پاشان وەزارەت درایە دەست (تۆفیق پاشا) دایمەزرێنێ. وەزارەتی ناوەوە درایە دەست (ریاض پاشا). ئەمیش زۆری پێ نەچوو، فەرمانێکی دەرکرد، کۆڕی نەتەوەی هەڵوەشاند. بەڵام ئەندامانی

(*) مصطفی کامل، دەستەیەکی دامەزراند بەناوی (دەستەی نیشتمانی)یەوە لە ساڵی ١٩٠٨دا. وا دانراوە کە تاکە خاوەنی کەلەپووری ئەم دەستەیە بووبێ کە لێی ئەدوێین. - وەرگێڕ -

(١) واتا: سەرەتای پەیدابوون و پێکهێنانی کۆمەڵ و پارتە سیاسییەکان لە میسردا.

کۆڕەکە گوێیان نەدایە ئەم فەرمانە. دەمودەست دوو ئەندامیان، (عبدالسلام المويلحي) و (محمد راضي)، کە هەردووکیان هاوڕێی جەمالەدینی ئەفغانی بوون، لە کۆڕی نەتەوەدا ڕاستبوونەوە، بەچەشنی ڕاستبوونەوەی (میرابۆ) کە لە کۆڕی نەتەوەی فەرەنسەدا ڕاست بووەوە، هەردووکیان بەئازایەتییەکی بێ هاوتاوە گوتیان:

(ئەوەی فەرمانڕەوایی ئەیڵێ کە کاتی کۆڕی نەتەوە تەواو بووە، ڕاست نییە. چونکە هێشتا ماوەی ماوە تەواو ببێ. لەبەر ئەوە ئەم کۆڕە لە جێی خۆیدا ئەمێنێتەوە و کۆبوونەوەکانی خۆیشی یەک لە دوای یەک ئەکات تا بەتەواوەتی فرمانی سەرشانی خۆی بەجێ ئەهێنێ بەرامبەر نەتەوە). ئەو وەستانەی کە کۆڕی نەتەوە وەستا بەرامبەر بەفەرمانڕەوایی، بیروباوەڕ و ئاواتی میسرییەکانی پیشان دا، برینی کۆنیشی کولاندەوە. چونکە ئەو زۆرداری و سەرگەردانییەی بەسەر میسرییەکاندا هاتبوو، لە ئەندازەی تێپەڕ کردبوو. باجەکانی فەرمانڕەوایی، ئەوەندە زۆر و گران بوون، پشتی جووتیارەکانی شکاندبوو. ئەوەندەی نەمابوو کە برسێتی لە ناو دێهاتەکاندا بڵاو ببێتەوە.

(میستەر بلنت) لە نووسراوەکەیدا: (مێژووی نهێنی)، ئەڵێ: (زۆر کەم ئەبینرا، پیاوێک لە ناو کێڵگە و شیناییەکاندا مێزەرێکی بەسەرەوە بووایە، شتێکی بەسەر پشتەوە بووایە. هەتا نزیک (قاهرە)یش لە کراسێک بەولاوە هیچی تریان لەبەردا نەبوو. سەرۆکی دێهاتەکانیش، کەمیان هەبوو کاڵا (عبا)ی هەبێ. لە ڕۆژەکانی بازاڕدا، بازێڕەکانی لادێ، پڕ ئەبوون لەو ئافرەتانەی کە ئەهاتن جلوبەرگ و خشڵە زیوینەکانی خۆیان ئەفرۆشت بەرۆمە سووخۆرەکان. چونکە باج سێنەکان، لە دێهاتەکانیاندا وەستا بوون چاوەڕوانیان ئەکردن، کوتەکیشیان بەدەستەوە بوو ڕایان ئەوەشاند!).

جەمالەدینی ئەفغانی، کە تەماشای ڕەنجبەرەکانی نەتەوەی ئەکرد بەو دەردە گەیشتوون، بەهۆی زۆر و ستەمی سەردارەکانیانەوە و پارە بەفیڕۆ بەختکردنیانەوە و دەستیاوی لە ئەندازەبەدەر وەرگرتنیانەوە، تا بۆ ئالۆش و خرۆشی خۆیان بەختیان بکەن، بەزەیی بەنەتەوەدا ئەهاتەوە دڵی پێیان ئەسووتا، خۆی پێ نەئەگیرا، وتاری ئاگرین ئاگرینی بۆ ئەدان، لەم شێوەیەوە قسەی بۆ ئەکردن: (تۆ، ئەی جووتیاری بەسەزمان، ناوجەرگی زەوی ئەکێڵی بۆ ئەمەی شتێکی تیا بچێنێ، تا بەو بەرهەمە نانی خۆت و خێزانتی پێ پێک بهێنێ. ئەی بۆچ دڵی زۆردارەکەی خۆیشت لەت لەت ناکەیت؟ ئەی بۆچ دڵی ئەوانە پارچە پارچە ناکەیت کە بەری ماندووێتی تۆ ئەخۆن؟!). ئەم دەردە هەر هی جووتیارەکان نەبوو. هەموو چینەکانی تریش تووشی بووبوون. لەبەر ئەوە بۆڵەبۆڵ کردن و یاخیبوون لە ناو



هەموو ڕۆڵەکانی گەلدا بڵاو بووبووەوە، تەنانەت گەیشتبووە ناو لەشکریش. (جەمالەدین) و هاوڕێکانی و شاگردە زاناکانیشی، هەموویان بڕیاریان دەرکردبوو کە زۆرداریی سەردارەکانی ئیسلام پێچەوانەی ئیسلامەتییە چونکە ئیسلامەتی، لە ڕاستیدا، بریتییە لە کۆمارێکی هۆگر بەڕاوێژکردن. دەسەڵاتی فەرمانداراکەی بەندە بەدەنگدانی ئیسلامەکانەوە و بڵاوکردنەوەیەکی جوانی دادپەروەری لە لایەن فەرمانداراەوە. زاناکانی ئەزهەریش چوونە سەر قسەی ئەمان. ئەوانیش توانج و پلاریان لە (خدێوی ئیسماعیل) گرت و پێیان گوت: (زۆرداریی لە یاسا ئەکات، زۆردارێکی فڕوفێڵبازە). گەلێک مقۆمقۆیشیان کرد لە بابەت لابردن یاخود لێ ڕزگار بوونیەوە.[1]

(میستەر بلنت)یش وا ئەگێڕێتەوە، کە کۆمەڵێک دامەزرا بوو، بۆ کوشتنی (خدێوی ئیسماعیل). (جەمالەدینی ئەفغانی)یش ئەوەی پێ باش بوو. پێشنیازیشی کرد، کە (محەمەد عبدە) بچێ (ئیسماعیل) بکوژێ. (میستەر بلنت)، ئەوە دەرئەخات کە (محەمەد عبدە) خۆی، لە ماڵی خۆیدا، ئەوەی بۆ گێڕاوەتەوە لە (عين الشمس)، لە ١٩٠٣/٣/١٨دا. ئینجا گوتی: (بەڵام ئەمانە هەموو قسەبوون، بەچرپە ئەمانکرد لە ناو خۆماندا. من بەهەموو دڵێکمەوە پێم خۆش بوو کە خدێو بکوژرێ. ئەگەر ئێمە لەو کاتەدا (عرابی)مان بناسیایە، دوور نەبوو کە لەگەڵ ئەودا بزووتنەوەیەکمان پێک بهێنایە. چونکە کوشتنی (ئیسماعیل) لەو کاتەدا، چاکترین فرمانێک بوو کە بکرێ، بۆ بەربەستکردنی دەستدرێژیی ئەوروپا بۆ ناو خاکی میسر). بەڵام لەو کاتەدا، هەڵگەڕانەوەیەکی سامناک ڕوویدا چونکە (خدێوی ئیسماعیل) خۆی لە ناو دوو تەنگوچەڵەمەدا هاتە پێش چاو: بەرەنگاری کردنی نەتەوە و بەرەنگاری کردنی بێگانە. ئەو وای بەباشتر زانی کە دەست بەبەرەنگاری کردنەکەی دووەم بکات. نەتەوەیش هەموو، چاوی لەو ئامانجە گەورەیەوە بوو، کە ژیانێکی دەستووری ڕاستەقینە بێتە کایەوە. (ئیسماعیل) پشتگیریی ئەم ئاواتەی کرد. ڕێی دا بەجەمالەدین و شاگردەکانی کە بەهەموو سەربەستییەکەوە توانج و پلار بگرن لە دەستدرێژیی بێگانە و هوروژمیشی ببەنە سەر. بەهۆی دڵخۆشیی نەتەوەوە لەم کردەوەیەی، توانی وەزارەتێکی نیشتمانی پێک بهێنێ، سام و دەسەڵاتی خۆی پێ بگێڕێتەوە. بەڵام زۆری پێ نەچوو، ئەم وەزارەتە چووە ژێر دەسەڵاتی بێگانەوە، دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی کاروباری بێگانە و تێکۆشان بۆ

(١) یان: ڕزگاربوون لێیەوە.

گەیشتن بەئامانجی ئەو. نەتەوە بەسەرکردەیی جەمالەدین و یارمەتیدەرەکانییەوە داوای لابردنی ئەو وەزارەتەیان کرد. (خدێوی)یش بەقسەی کردن. ئەمە گەورەترین سەرکەوتن بوو کە جەمالەدین دەستی کەوت گەورەترین ژێرکەوتنیش بوو، کە بەسەر دەستدرێژیی بێگانەدا هات. ئەمە بوو بەهۆی ئەوە، کە بێگانەکان لەم گەشەکردنە گورجوگۆڵەی میسرە و بڵاوبوونەوەیەی ئامۆژگارییەکانی (جەمالەدین)ە بکەونە ترسەوە.

بێگانەکان هەڕەشەیەکیان نارد بۆ (ئیسماعیل)، داوایان لێ کرد لە تەختی خونکاری بێتە خوارەوە. لەو کاتەدا کە (خدێوی) دوودڵ بوو، لە بەجێهێنانی خواستەکەی ئەوانە، یاخود بەرپەرچدانەوەی، (بابی عالی = دەروازەی بڵند) فەرمانێکی دەرکرد، (خدێوی ئیسماعیل)ی لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە و (تۆفیق پاشا)ی کوڕی خستە جێگای. ئەمە لە ١٨٧٩/٧/٢٥دا پێک هات. بەم ڕەنگە (بابی عالی) خۆی وا پیشان دا، کە خاوەن دەسەڵاتە لە میسردا.

(تۆفیق پاشا)یش لە هاوڕێکانی (جەمالەدین) بوو، بیروباوەڕی (جەمال) کاری تێ کردبوو. پێش ئەوەی ببێتە خونکار هەمووەدەم پێی ئەگوت: (ئەی سەید، تۆ جێی هیوای منی!). (سەید)یش هیوای گەورەی بە(تۆفیق) هەبوو، چونکە ئەم وای پیشان ئەدا کە حەز لە فەرمانڕەوایی نەتەوە و ڕاستکردنەوەی کاروباری نیشتمانی میسر ئەکات. بەڵام هەر ئەوەندەی خۆش بوو، تا چووە سەر تەخت. ئیتر بووە دەستەی (کۆنسوڵ)ەکان و وازی لە نەتەوە هێنا. ئەو لەوە ئەترسا کە نەتەوە، وەک پشتی باوکی بەردا لە کاتی تەنگانەدا پشتی ئەویش بەربدا. ئەوەی لە بیرچووبووەوە کە باوکی لە کاتێکا پەنای بردەبەر نەتەوە، کە کەوتبووە تەنگوچەڵەمەوە و خەریک بوو فەرمانڕەواییەکەی بەسەریا بڕوخێ.

سەیر ئەوە بوو، ئازادی پەروەرەکانی میسر، لە سەردەمی (خدێوی ئیسماعیل)دا، کۆمەڵێکیان پێکەوە نا و بەسەرکردەیی جەمالەدینەوە چونە کن نوێنەری فەرەنسە لە میسردا، جەمالەدین پێی گوتبوو: لە خاکی میسردا دەستەیەکی نیشتمانی هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی کاروباری میسر تێ ئەکۆشێ، ئەندامانی ئەم دەستەیەیش هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو ڕاستکردنەوەی کاروبارەی ئەیانەوێ، لەسەر دەستی کەسدا جێبەجێ نابێ، لەسەر دەستی جێ نشین (تۆفیق پاشا)دا نەبێ. ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەیە، وا ئەهاتە پێش چاویان کە نوێنەرە بێگانەکان لەوەدا پشتگیرییان ئەکەن کە داوای سەربەستی و ئازادی بکەن بۆ میسرییەکان، کە ئارەزووی دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی دەستووری پیشان بدەن. هێشتا بەوەیان پەی نەبردبوو، کە بێگانەکان لە سەردەمی



زۆرداریی خدێویەکاندا، هەرچی چاکەی بۆ ئەوان تیا بوو، ئەوەیان دەست کەوتبوو. بێگانەکان نەیان ئەویست میسر لە ژێر چنگی دڕندانەی خدێوی بچێتە دەرەوە. چونکە ئەگەر باری میسرییەکان ڕاست بووەوە و، لە هەڵسووڕاندنی کاروباری نیشتمانەکەیاندا پەنجەی خۆیانی تیا بوو، ئەوساکە ناهێڵن باجی وا گەورە و زۆر پشتی جووتیارەکانی میسر بشکێنێ بۆ دانەوەی دەستیاوە گەورەکانی بێگانەکان و سوودەکانیان بەو بێگانانە. ئەوساکە ئەتوانن بەربەستی دەسەڵاتی بێگانەکانیش بکەن، کە ڕۆژ بەڕۆژ لە میسردا پەرە ئەسێنێ.

لە ڕاستیدا، لەگەڵ (تۆفیق پاشا) بووە (خدێوی)، دەمودەست (کۆنسوڵی فەرەنسا) بەهەڵەداوان خۆی گەیاندێ. لەبەر ئەوەی کە ئەیزانی (تۆفیق) حەز بەجێبەجێ کردنی خواستەکانی نەتەوە ئەکات، بەهەموو هێز و هەڕەتێکیەوە تێکۆشا کە بەربەستی بەجێهێنانی ئەو خواستانە بکات. ناردی بەشوێن (کۆنسوڵی ئینگلتەرە)یشدا کە پێکەوە بچنە سەر خدێوی تازە. بۆ ئەمەی بیخەنە سەر ئەو باوەڕە کە باری دەستووری، لە کاتێکی وادا کە پشێویی نابووتی تیایە بەکاری میسر نایەت، بەڵکو زیانی پێ ئەبەخشێ. هەروەها هاوبەشی کردنی نوێنەرانی نەتەوەییش لە لێکۆڵینەوەی لەنگەری پارەی فەرمانڕەواییدا و هەموو کاروبارێکی گرنگی وەک ئەو، ئەبێتە هۆی تەگەرە دان لە چارەکردنی گیروگرفتەکانی ئەو ڕۆژانە. چونکە ئەو هاوبەشی کردنەیان ئەبێتە هۆی ناکۆکی و مقۆمقۆ و کات بەفیڕۆدان لە دەمەقاڵێ و گفتوگۆ و چەقەچەق کردندا...

(توفیق پاشا) خەریک بوو پاشگەزبوونەوەکەی خۆی لە بیروباوەڕەکانی پێشووی، بخاتە ژێر پەردەیەکی بیروباوەڕییەوە. بەجەمالەدینی گوت: (من هەرچی چاکە بۆ میسرییەکان ئەوەم ئەوێ. پێشم خۆشە کە نیشتمانەکەم لەوپەڕی پێشکەوتن و سەرکەوتندا ببینم. بەڵام داخی بەجەرگم، زۆربەی نەتەوەکەم ناشی و گێژوویژ دێتە پێش چاو. بەکەڵکی ئەوە نایەن کە ئەو جۆرە فەرمودانەیان بدرێ بەگوێدا، کە پڕن لە هانەدان و گاڵدان من لەوە ئەترسم کە خۆیشیان و نیشتمانەکەیش بخەنە سەرگەردانییەوە).

(ئەفغانی)یش پێی گوت: (تکایە بام گەورەی نیشتمان، ڕێم بدات بەسەربەستی قسە بکەم. نەتەوەی میسریش وەک هەموو نەتەوەکانی تر، بێ پیاوی ناشی و گێژ و وێژ نییە. بەڵام بەش بڕاویش نییە لە پیاوی زانا و تێگەیشتوو. ئێوەیش بەچە چاوێک سەیری نەتەوەی میسر لەگەڵ تاک و تەراکانیا، ئەوانیش بەوچاوە سەیری ئێوە ئەکەن. ئنجا ئەگەر

بەقسەی ئەم دڵسۆزەی خۆتان ئەکەن، زوو بەزوو دەست ئەکەن بەهاوبەش کردنی نەتەوە لە کاروبار هەڵسوڕاندنی خاکی میسردا لە ڕێگای ڕاوێژکردنەوە بەنەتەوە ئەویش بەوە پێک دێ کە فەرمان بدەن نوێنەرانی نەتەوە هەڵبژێررێن، بۆ ئەمەی دەست بکەن بەیاسا دانان و یاسا بەکارهێنان بەناوی ئێوە و بەفەرمانی ئێوەوە. ئێوە ئەگەر وا بکەن بۆ پاراستنی تەختەکەتان[١] و دەسەڵاتەکەی خۆیشیان چاکترە!).

(خدێوی) کە ئەمەی لە (جەمالەدین) بیست، لێی گرت بەدڵەوە. لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا جەزرەبەی پێ بگەیێنێ. لەجیاتی ئەمەی کە بەقسەی جەمالەدین بکات، بەرەنگاریی وەزارەتی (شەریف پاشا)ی کرد لە چارەکردنی هەڵسوڕاندنی کاروباری گشتیدا کە نیازی وابوو بیکات. ئیتر لەوەوە ئاژاوەی فڕوفێڵ کەوتە ناوەوە. بیروباوەڕی گشتی وروژا. (جەمالەدین)یش لە سەرکردە هەرە گەورەکانی ئەو پشێوی و وروژانە بوو. تەنانەت گێڕایانەوە کە ئەو ئەیویست فەرمانڕەوایی میسر هەڵبگێڕێتەوە و بیکات بەکۆمارێک.[*]

(خدێوی تۆفیق) بەسەرپەرشتیی کۆنسوڵەکانەوە، بەیارمەتی (ریاض پاشا)یشەوە کە وەزارەتی تازەی درا بەدەست، دەستی دایە گرتنی زۆربەی ئەوانەی کە داوای چارەکردنی دەستووریان ئەکرد. خووی دایە کوژاندنەوەی بزووتنەوە شۆڕشییەکان لە شێوەیەکی سامناک و دڕندانەدا.

(براون)یش لە نووسراوەکەیدا، (شۆڕشی فارس)، ئەڵێ: (فەرمانڕەوایی بەریتانیا خدێوی لاوی خستە سەر ئەوەی کە جەمالەدین لە میسر دەرپەڕێنێ. لەبەر ئەوە لە ١٨٧٩/٨/٢٤دا، لە کاتێکا کە لە نیوەشەودا بوو ئەگەڕایەوەماڵەوە، جەمالەدین گیرا و لەگەڵ پیاوەکەیدا، بەیانەکی زوو خرایە ناو گالیسکەیەکی داخراوەوە و نێررایە (سوێس). جەمالەدین نەپەرژا، جلوبەرگەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێ. لەوێش خرایە ناو کەشتییەکەوە و نێررایە هیندستان.

مامۆستا (عبدالرحمن الرافعي) ئەڵێ:

(لەم بابەتەوە وەزارەت نامەیەکی فەرمانڕەوایی لە چاپخانەوە بڵاو کردەوە، لە ١٨٧٩/

(١) تەخت: (العرش الملكي).

(*) پێشەوا (محەمەد عبدە) لەم بابەتەوە ئەیگوت: جەمالەدین ئاواتی ئەخواست کە میسر ببێتە کۆمارێک. چونکە زۆر حەزی لە فەرمانڕەوایی کۆماریی ئەکرد. بەڵام ئەوەیشی ئەزانی کە هێنانە دیی ئەو ئاواتە لە وزەدا نەبوو. ئەویش سەبارەت بەوە بوو، کە ئەو کاتە نیشتمانەکە لە گێژاوی ئاژاوەدا خولی ئەخوارد، نەخوێندەواری فەرمانڕەوا بوو، سامی بێگانەیش لە ئارادا بوو. – وەرگێڕ –



٨/٢٦دا، هۆیەکانی دەربەدەرکردنی جەمالەدینی تیا پیشاندابوو، کە هەموویان درۆ و بەند و باوبوون ڕێکی خستبوو!). ڕۆژنامەکانیشی ناچار کرد فەرمانی دەربەدەرکردنەکەی بڵاو بکەنەوە،[١] لەگەڵ ڕیسواکردنیا و پیشاندانی ئەوەیش کە سەرکردەیی کۆمەڵێکی نهێنیی ئەکرد بۆ (تێکدانی ئایین و جیهان). ڕۆژنامەکان یەکێکیان نەبێ، هەموویان ئەوەیان بڵاو کردەوە. ئەو یەکەیش بۆیەکا بڵاوی نەکردەوە؛ چونکە خۆی لە شاگردانی جەمالەدین بوو. وەزارەت دایخست.

بەم ڕەنگە، مانەوەی جەمالەدین لە میسردا، بریتی بوو لە فرمان و ڕەنجدان و خوێندنگایەک بۆ خۆی و بۆ هەموو میسرییەکان. هەر لەو ڕۆژەوەی کە هاتە میسرەوە، دەستی کرد بەقسەکردن لە بابەت مافەکانی نەتەوە و فرمانەکانی سەرشانی فەرمانڕەوایی. بەشاگردەکانیشی ئەگوت: هێزی نواندنی نەتەوە، تا لە نەتەوە خۆیەوە پەیدا نەبێ، واتای ڕاستەقینەی خۆی وەرناگرێ. هەر کۆڕێکی نەتەوەییش بەفەرمانی خونکارێک یان سەردارێک یان هێزێکی بێگانەی پاڵپشتی ئەوان پێک هاتبێ، هێزە درۆزنەکەی بەند ئەبێ بەئارەزووی ئەو کەسەوە کە دروستی کردووە. (گەورەیی خونکار، ڕاپەڕینی نەتەوەی بەندە تێکی ئەدا. بەتایبەتی ئەگەر بەرەنگاریی ئارەزووی خونکار یاخود سەردارەکەی خۆی بکات. هەتا ئیستەیش مێژوو ئەوەی پیشان نەداوین. کە خونکارێک یاخود سەردارێک، یان دەستدرێژکەرێکی هێزدار، بەهەموو دڵێکیەوە ئەوەی پێ خۆش بووبێ، کە خۆی بەناو گەورە بێ، کەچی نەتەوەکەی ژێردەستی، گەورەی ڕاستەقینەی خۆی بێ و کاروباری خۆی، خۆی هەڵیسووڕێنێ. گەورەترین ئاواتی نەتەوە دیلەکانیش ئەوەیە کە خۆیان ڕزگار بکەن لە دەست بەند و کۆتەی بێگانە و زۆردارییەکانی!).

جەمالەدین لە میسر دەربەدەر کرا. بەڵام وتە و ئامۆژگارییەکان و شاگردەکانی خۆی تیا بەجێ هێشت. شۆڕشێکی وایشی لە دڵ و دەروونی میسرییەکاندا بەرپا کرد کە وەک مەنجەڵی لە کوڵ هەر بکوڵێ. ئنجا کە (محەمەد عبدە) دەربەدەر کرا بۆ دێیەکەی خۆی و، سەرگەردانی و ترس و لەرز پەرەیان سەند، زاناکان ڕاستبوونەوە بۆ هانەدانی پیاوی

(١) لە ڕاستیدا (جەمالەدین ئەفغانی) کە لە میصر دوور خرایەوە، لەسەر ئەم جموجۆڵە سیاسییە لە ڕادەبەدەرەی دژی ئەو ڕژێمەی کە گرتبوویە خۆی و جێگای بۆ کردبۆوە، بەپێودانگی ئەمڕۆش کارێکی ئاساییە و هەر دەوڵەتێکی تریش بووایە هەر وای دەکرد؛ نموونەش بۆ ئەمە پێشتر کە لە هیندستان دوور خرایەوە. جا ناوبردنی ئەمە بە(دەربەدەرکردن) لە جێی خۆیدا نییە.

ئەزهەر. بە(شیخ الأسلام) بڕیارێکیان دا کە (خدێوی) بەکاری فەرمانداریی نایەت، پێویستە لەسەر تەخت لابرێ، هەرچی خواستێکی ئەوروپاییەکانیشە بەرپەچ درێنەوە.

(مویلحی) و (عطار) و (راضی)یش ڕاستبوونەوە، هانەی نوێنەرەکانیان ئەدا کە خەبات بکەن لە پێناوی دەستووردا. (عبدالله ندیم)یش ڕاستبووەوە، نەتەوەی ئەورووژاند بەوتارەکانی، بانگیشی بۆ ڕائەهێشتن کە بەرەنگاریی دەستدرێژیی بێگانە بکەن و، داوای ئازادیی نەتەوەیش بکەن. دوایی (عرابی) و برا سەربازەکانیشی ڕاستبوونەوە، لە زۆرداریی یاخیبوون. پاش ئەوانە هەموویان، نەتەوە، ڕاستبووەوە، شۆڕشێکی ناوازەی دەستپێکرد بەرامبەر بەزۆرداریی ناوخۆ و دەستدرێژیی دەرەوە، مێژوونووسەکان گشتیان لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە جەمالەدین یەکەم کەس بوو کە وریای کردنەوە بۆ ئەو شۆڕشە. دەنگی ئەویش یەکەم دەنگ بوو کە هاواری کرد بۆ ئازادیی و دەنگی دایەوە.

جەمالەدین لە شاری (حیدر آباد) دامەزرا. هەر ئەوەندە دەنگی شۆڕشی (عرابی) گەیشتە هیندستان، نیشانەی شۆڕشێکی وەک شۆڕشەکەی میسر لەوێدا دەرکەوت. لەبەر ئەوە (جەمالەدین)یان لەوێوە گواستەوە بۆ (کەلکەتتا) کە لەوێ بمێنێتەوە، زۆر بەوردیی تەماشای هەستان و دانیشتنی ئەکرا، تا حەوت مانگیش بەتاک و تەنیایی مایەوە، دوور خرایەوە لە ژیانی جیهان. لەبەر فرۆفێڵ و بەند و باوی بێگانەکان و هۆگریی سەردارەکانی میسر بەفەرمانڕەواییەکانی بێگانەکانەوە و هیچوپووچی فەرمانڕەوایی (عوسمانی)، شۆڕشەکەی (عرابی)[1] سەری نەگرت و ئینگلیزەکانیش میسریان داگیر کرد. ئیتر ئینگلیزەکان (جەمالەدین)یان بەرەڵڵا کرد و سەربەستیان کرد بۆ کوێ ئەچێ بچێ. تێگەیشتووی ڕۆژهەڵات کۆچی کرد بۆ ڕۆژئاوا.

(١) ئەحمەد عوڕابی پاشا ١٨٤١ - ١٩١١: ئەفسەرێکی نیشتمانپەروەری میسری بووە؛ سەرۆکی حیزبی میسری نەتەوەیی، دژی پاشاکانی تورک و ئەوروپاییەکان دەوەستایەوە، بەتایبەت ئینگلیزەکان. (پاشاکانیش مەبەست لەو والی و حاکمە میسرییانەیە کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی دەوڵەتی عوسمانی یا ئینگلیزەوە و تا ڕادەی ئەڵقە لە گوێیی). هەوڵ و تەقەللای لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکەیدا بوو لە ژێردەستی بیانییەکان، تا کار گەیشتە ئەوەی شاری (ئەسکەندەریە) لە ١٨٨٢ بدرێتە بەر تۆپ و ئینگلیزەکان یەگجاری میسریان گرت.



## ڕۆژهەڵاتییەک لە ڕۆژئاوادا

جەمالەدینی ئەفغانی، لە هیندستانەوە کۆچی کرد بۆ ئینگیلتەرە چەند هەفتەیەک لە (لەندەن)دا مایەوە. نووسەری ئەمەریکایی (س. د. ولسن)، لە نووسراوەکەیدا (بزووتنەوە تازەکان) وا دەرئەخات کە (جەمالەدین) پێش ئەمەی بچێتە ئینگلتەرە، چۆتە ئەمەریکا، ویستوویەتی خۆی بکات بەئەمەریکایی پاشان وازی لێ هێناوە. (میستەر ویلفرید بلنت)یش ئەمەی پیشان داوە. بەڵام زۆربەی مێژوونووسەکانی (سەید جەمال) بەلای ئەو قسەیەدا ناچن، ئەگەر ناویشی ببەن بەرپەرچی ئەدەنەوە.

جەمالەدین توانی لە (لەندەن)دا کۆمەڵێک لە خاوەن بیرەکانی ئینگلیز بناسێ و ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا بکات یەکێک لەوانە ڕاستی پەرست (هەربەرت سپەنسەر)[1] بوو. وا ئەگێڕنەوە کە جارێکیان گفتوگۆیان بووە لە بارەی (کەینەوبەینەی ڕۆژهەڵات) و زۆرداریی داگیرکەرەکانەوە. (سپەنسەر)یش لە جەمالەدینی پرسیوە دادپەروەریی چییە؟ (جەمالەدین)یش بەتەوسێکەوە وەرامی داوەتەوە. گوتوویەتی: کاتێک دادپەروەریی دێتە کایەوە، کە هێزەکان بەرامبەری یەک بوەستنەوە. بەڵام لە (لەندەن)دا زۆر نەمایەوە. لە ناو ئەو شارە گەورەیەدا دڵی تەنگ بووبوو. یاخود شارەکە بەبوونی ئەو تەنگەتاو بووبوو. ئەوێیشی بەجێ هێشت و چوو بۆ (پاریس). تا ئەودەمە جەمالەدین فێری زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیش بووبوو. فارسی و عەرەبی و تورکیشی باش ئەزانی. بەهۆی ئەم زمانانەوە شارەزاییەکی باشی پەیدا کرد لە خوێندەواریدا. زۆری پێ نەچوو، لە پایتەختی فەرەنسەیشدا پایەیەکی بڵندی دەست کەوت. لە ڕۆژنامەکانیا وتاری ئاگرین ئاگرینی بڵاو ئەکردەوە، لە بابەت کەینەوبەینەی ڕۆژهەڵاتەوە، وتارەکان ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بوون، هەموو فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکانی هێنا بووە لەرزە، سەرنجی هەموو نووسەران و ڕۆشنبیرانیشی کێش کردبووە لای خۆی. لە ناوەند ئەو و (ئەرنست رینان)دا[2] دەمەقاڵێیەک لە ڕۆژنامەی (دیبا)دا ڕوویدا. بابەتەکە (ئیسلام و

(١) هربرت سپەنسەر ١٨٢٠ - ١٩٠٣: فەیلەسوفێکی ئینگلیزی بووە؛ سەر بەقوتابخانەی (إختیاریە) بوو، ڕێبازی گۆڕڕانیش کەمێ کاری کردبووە سەری. لە بۆچوونەکانی: (ئینسان ناتوانێ بگاتە ئاستی ناسینی خوا).

(٢) ئێرنست رینان ١٨٢٣ - ١٨٩٢: نووسەر و شوێنەوارناسێکی شارەزای فەرەنسەیی بووە، لە پێشەنگی ئەو زانایانە بووە کە کەوتە کۆڵینەوەی شوێنەوارە کۆنەکان لە لوبنان و فەلەسطیندا، کتێبی (ژیانی یەسوع) هی ئەمە.

زانست) بوو. ئەمیش لەوەوە ڕوویدا کە (رینان) لەم ڕووەوە وتارێکی دابوو لە زانستگای (سۆربۆن)دا گوتبووی: ئایینی ئیسلامەتی بەرەنگاریی زانست ئەکا. (جەمالەدین)یش وەک زانایەکی مەندی زرنگ، بەرپەرچی دایەوە. (رینان)یش لەسەر ئەوەوە وتارێکی بڵاو کردەوە لە هەندێ شت کە گوتبووی پاشگەز بووەوە. ئەویش دانی پیا نا کە ئیسلامەتی لە نیوەی تەمەنیا بەربەستی گەشەکردنی بزووتنەوەی زانستی نەکردووە لە خاکەکانی ئیسلامدا. بەڵام بەلایەوە وایە کە ئیسلامەتی لە نیوەکەی دوایی تەمەنیا بزووتنەوەی زانستی دامرکاندۆتەوە. پاشان گوتبووی:

(شێخ منی وا هاتۆتە پێش چاو کە لایەنگیری ئەکەم. چونکە قسەکەم تەواو نەکردبوو، ئەوەی لە بابەت ئیسلامەتییەوە نووسیبووم، لە بابەت مەسیحێتییەوە نەم نوسیووە. زۆرداریی ناو مەسیحییەکانیش لە هی ناو ئیسلامەکان کەمتر نەبووە. ئەمەیش قسەیەکی ڕاستە. چونکە ئەوەندەی (گالیلۆ) ئازاری لە دەست کاتۆلیکەکان دیی، (إبن رشد) ئەوەندە ئازاری لە دەست ئیسلامەکان نەدی بوو. ئنجا ئەگەر من لەم ڕووەوە درێژەم بەقسە نەدابێ، لەبەر ئەوە بووە کە بیروباوەڕەکانی من لەم ڕووەوە ناسراون و پیشان دراون، بەپێویستیشم نەزانی دووبارەیان بکەمەوە لە ناو کۆمەڵێکا، کە شارەزای هەموو بیر و کردارێکە...

من ناڵێم گاور لە ئایینی خۆی واز بهێنێ، هەروەها نایشڵێم کە موسوڵمانەکان واز لە ئیسلامەتی بهێنن. بەڵام ئەمەوێ ڕۆشنبیرەکانی گاور و ئیسلام بایەخێکی وا بدەن بەزانست، کە ئایین نەتوانێ تەگەرەی لێ بدات. ئەمەیش لە نیوەی شارەکانی گاورەکاندا جێبەجێ بووە. کاشکی لە ناو ئیسلامەکانیشدا وا جێبەجێ ببووایە...) هەروەها لە ناوەند (جەمالەدینی ئەفغانی) و (رینان) و (نیۆفیل گوتیە) و هەندێک نووسەرانی فەرەنسەدا، دەمەقاڵێیەکی تر پەیدا بوو لەسەر ڕەگەزایەتی. ئەوان ئەیانگوت: جیهان بریتییە لە دوو بەش: (سامی) و (ئاریی). هەریەکێ لەمانەیش ڕەوشت و کردەوەی جیاوازی خۆی هەیە. بەلای ئەوانەوە وابوو، کە هۆشی سامی هەموو جۆرە شتێک لە ناوخۆیدا کۆ ئەکاتەوە، بێ ئەمەی ئەو شتانە پەیوەندییەک لە ناوەندیانا هەبێ، یاخود بێ ئەمەی گوێ بداتە ئەوەی کە ئەو شتانە لەگەڵ یەکتردا بگونجێن یان نەگونجێن. بەڵام هۆشی ئاریی،[1] بەپەیوەندییەکی ڕاستەقینەوە شتومەک پێکەوە ئەبەستێ. لە شێوەیەکی هەنگاو بەهەنگاودا نەبێ، لەم کارەوە ناگوێزێتەوە بۆ ئەو کارە.

(١) لێرەدا (هۆش) بەمەبەستی (عقل) بەکار هاتووە.



(جەمالەدین) بەرپەرچی ئەم بیروباوەڕانەیشی دانەوە. بۆیشی چەسپاندن کە جیاکردنەوەی ڕەگەزی سامی لە ڕەگەزی ئاریی، هەروەک جیاکردنەوەی نەتەوەکان لە یەکتر وایە. لە ڕاستیدا، زۆرتر سەبارەت بەلایەنگیرییە، نەک بەزانست.

جەمالەدین لەگەڵ هەندێ نووسەرانی فەرەنسەدا، پەیوەندی تایبەتیشی پەیدا کرد. هەر کامێکیانی ئەکرد بەدۆست، گەشکەداری ئەبوون، سەرسام ئەبوون لێی. (رینان) لە بابەت جەمالەدینەوە ئەمەی گوتبوو: (کە شێخ جەمالەدینم ناسی. کارێکی وای لە دڵم کرد، کەم کەس ئەو کارەی لە دڵم کردبوو. بەڕاستی چووبوو بەدڵما. کە گفتوگۆم لەگەڵدا ئەکرد، لە سەربەستیی بیرییەوە و بڵندیی ڕەوشتییەوە و قسە ڕاست و ڕەوانەکانیەوە، وام ئەهاتە پێش چاو، کە یەکێک لە ناسیاوە کۆنەکانی خۆم ئەبینم، وام ئەهاتە پێش چاو کە (ابن سینا) یاخود (ابن رشد) یاخود یەکێک لەو خوانەناسە گەورانە ئەبینم کە پێنج سەد ساڵ لەسەریەک ڕەنجیان دا مرۆڤایەتی لە دیلی و بەندەیی ڕزگار بکەن!).

لەم قسانەیەوە دەرئەکەوێ کە (رینان)، جەمالەدین بەخوانەناس دائەنێ. (سەلیم عنجوری)یش لە مێژووی ژیانیا کە لە کۆمەڵە هۆنراوەکانیا، (جادوی هاروت) لێی ئەدوێ، هەروای ئەناسێ. ئەڵێ: (سەید جەمال ئەوەندە لە زانستی ئاییندا شارەزا بووبوو، وای لێ هاتبوو کە بگوترێ خوانەناسە، ئەیگوت جیهان کۆنە... ئەوەیش قسەیەکی پڕوپووچە کە بڵێین دروستکەرێکی زانا و تێگەیشتوو هەبووە ئەم جیهانەی دروست کردووە. لە ڕاستیدا، ئەو بیرە لەوەوە پەیدا بووە، کە مرۆڤ لە گەورەکردنی پەرستراوەکەیدا پێشکەوتووە، هەروەک لە تێگەیشتنیشدا پێش کەوتووە). بەڵام زۆر کەس لە شاگردەکانی جەمالەدین بەرپەرچی ئەو دوانەیان دایەوە. یەکێک لەوانە (شێخ محەمەد عەبدە) بوو کە دۆستێکی گیانی بەگیانیی جەمالەدین بوو.

جەمالەدین لە پاش ساڵێک دانیشتن لە ئەوروپادا، بۆ محەمەد عەبدەی نووسی کە بێتە لای بۆ پاریس. پێشەوا محەمەد عەبدەیش ئەودەمە لە بیروت بوو. لەوساوەی شۆڕشەکەی (عرابی) دامرکابووەوە ئینگلیز میسریان داگیر کردبوو، ئەویش دەربەدەر کرابوو بۆ ئەوێ زۆری پێ نەچوو خۆی گەیاندە پایتەختی فەرەنسە. لەوێ لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێکەی خۆی کۆمەڵی (العروة الوثقى)یان دامەزراند و هەر بەو ناوەیشەوە گۆڤارێکیان دەرکرد کە لە پاشدا دەنگی زۆر دایەوە. ئامانجی کۆمەڵەکە و گۆڤارەکە ئەوە بوو ڕۆژهەڵات وریا بکاتەوە و هانەیشیی بدات بۆ ڕاپەڕین، ڕزگاری بکات لە دەست داگیرکەران و، فەرمانڕەوایانی دەستووردارێشی تیا دابمەزرێنی، تا ئەو شتە چاکانەی پێویستن بۆ

خاکەکانی ئیسلام بەپێی ئەو سەردەمە تیایانا پێک بهێنرێن. کۆمەڵەکە نهێنی بوو. پێڕەوییەکی فرۆفێڵ و یاسایەکی توندوتیژی ناوەوەی هەبوو. هەرکەسێ بچووایەتە ناوی، ئەبوو سوێندێکی گرانی بخواردایە کە دڵسۆز بێ بۆ بیروباوەڕەکانی و خۆیشی بەخت بکات لە پێناو ئامانجەکانیا. بەڵام گۆڤارەکە، هەموو ئامانجە ڕزگارکەرەکانی بۆ یەک ئامانجی گەورەی تاقانە ئەچوو، ئەویش ڕزگارکردنی خاکەکانی ڕۆژهەڵات بوو، لە دەست زۆرداریی و داگیرکردن. چونکە هەر لایەکیت تەماشا ئەکرد، ئەگەر نەکەوتبووایە ژێر چنگی چاو چلێسەکانەوە، داویان بۆ نابووەوە، زۆری پێ نەئەچوو پێیەوە ئەبوو. مەگەر لەو خاکانەدا، خاوەن هۆشان وریا ببوونایەوە، خاوەن نیازان دەستیان بکردایە بەفرمان، نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش خۆیان کۆ بکردایەوە و، قسەی خۆیان یەک بخستایە و، داوای پاراستنی خاکەکانی خۆیان بکردایە لە ڕێگای خۆیانەوە و، داوای سەربەستیی خۆیان بکردایە بەهێز و گوڕی خۆیانەوە. گرنگترین شت کە ڕوویدا لە جەمالەدین و شێخ محەمەد عەبدەی هاوڕێی لە پاریسدا سێ بوو:

یەکەمیان ئەوە بوو: کە (سەید جەمال) وەڕس بوو لەوەی فەرمانڕەوایی ئینگلیز بخاتە سەر ئەوەی لە (سودان) بچێتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشا کە شۆڕشەکەی (مهدی)ی لا گەورە ئەکردن و بەسامناکییەکەی ئەیتۆقاندن. (محەمەد عەبدە)ی بەدزییەوە ناردە میسر، بۆ ئەمەی لەوێوە بچێتە (سودان) و بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکەی ڕێکوپێک بخات. جا ئەگەر ئەوەی بردە سەر، ئەوا (جەمالەدین)یش دوای کەوێ بۆ ئەوەی (سودان) لە کۆت و پێوەندی بەریتانیا ڕزگار بکات. ئنجا فەرمانڕەواییەکی نەتەوەیی وایشی تیا دابمەزرێنێ کە پشتی ڕۆژهەڵات بگرێ و نەتەوەکانیشی لە دەست زۆرداری ڕزگار بکات. ئیتر نازانین لەم کۆچە سامناکەی پێشەوایەدا چی قەوماوە چونکە هەرچییەک ئەوان و هاوڕێکانیان نووسیویانە لە چەند نیشانەیەکی کورت کورتی شارراوە بەولاوە هیچی تری تیا نییە.

دووەمیشیان ئەوە بوو: کە لەسەر بانگکردنی هەندێ پیاوانی فرۆفێڵی ئینگلیز، شێخ محەمەد عەبدە چوبووە (لەندەن). لە بابەت کەینەوبەینەی میسرەوە دوورودرێژ گفتوگۆی لەگەڵ کردبوون. گرنگترینیان ئەو گفتوگۆیە بوو کە لەگەڵ (لۆرد هەرتنکتۆن) وەزیری جەنگی بەریتانیادا کردبووی. لە پێشەوای پرسی بوو: (ئایا میسرییەکان ئەوەیان پێ خۆش نابێ کە لە ژێر سێبەری فەرمانڕەوایی بەریتانیادا بکەونە سرەوت و ئاسایشەوە؟ ئایا فەرمانڕەواییەکەی ئێمە لە فەرمانڕەواییەکانی تورک و پاشاکان، بەباشتر نازانن؟).
پێشەوایش پێی گوتبوو:



(نەء. چونکە میسرییەکان لە نەتەوەی عەرەبن، کەمێکیان نەبێ هەموو موسوڵمانن. هی وایشیان تیایە، ئەوەندەی نیشتمانپەروەرەکانی ئینگلیز، نیشتمانەکەی خۆیان خۆش ئەوێ. بڕوایش ناکەم کەسیان بەبیریاندا بێت، بچنە ژێر چنگی خاوەن دەسەڵاتێکەوە، کە لە ڕەگەز و ئاییندا لە خۆیان جیاواز بێ. بۆ لۆردی خاوەن پایەیش دروست نییە، میسرییەکانی وا بێتە پێش چاو. چونکە خۆی شارەزای ڕەوشت و سروشتی هەموو نەتەوەکانە!). وەزیریش گوتی: (ئەی ئەوە نازانیت کە نەخوێندەواری میسری گرتۆتەوە. زۆربەیان سەرداری بێگانە و سەرداری نیشتمانی لە یەک جوێ ناکەنەوە. ئەو خۆش نەویستنەی تۆ ئەیلێیت بەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە، لە ناو نەتەوەی تێگەیشتوو و پێگەیشتوودا پەیدا ئەبێ!؟...).

شیخ محەمەد عەبدە بەقسەکەی وەزیر ڕقی هەستا و گوتی:

(بێزکردنەوە لە سەرداریی بێگانە و، خۆش نەویستنی دەسەڵاتەکەی، هەردووکیان شتێکن لە سروشتی مرۆڤدا هەن. ئەوە پێویستی بەخوێندن و لێکۆڵینەوە نییە. ئەوە هەستێکی مرۆڤایەتییە، هێز و هەڕەتەکەی لە نەتەوە هەرە دڕندەکاندا دەرکەوتووە. یەکێک لەوانە هۆزی (زۆلوس)ە کە هێشتا لەبیریان نەچۆتەوە لەسەر نیشتمانەکەی خۆیان چییان بەسەر ئێوەدا هێنا.

(موسوڵمانەکان هەرچۆنێک بن و هەرچییەکیشیان بەسەر هاتبێ، ئەوەندەی وەزیر بەبیریا دێ، ناشی و نەزان نین. تەنانەت نەخوێندەوارەکانیشیان، پێویستیی ئایینی خۆیان ئەزانن. لە هەموو شتێک زۆرتر شارەزای ئەوەن کە نابێ سەر بۆ ئەو کەسانە دابنەوێنن کە لەسەر ئایینی خۆیان نین. ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژانی هەینیدا گوێیان لێیان ئەبێ و ئەو ئامۆژگارییانەی کە لە مزگەوتەکاندا پێیان ئەگوترێ، جێگای زانستە سەرەتاییەکانیان بۆ ئەگرێتەوە. هەر ئامۆژگارییەکی ئایینیشیان بەرگوێ ئەکەوێ، ئەیانترسێنێ لەوەی کە بچنە ژێر چنگی ئەوانەوە کە ئایینیان جیاوازە لە هی خۆیان. هەروەها هەست و تەزووی وا بەرز و پیرۆزیش لە دڵ و دەروونیاندا ئەبزوێنێ کە لە مرۆڤایەتیدا لە هیچ نەتەوەیەکی تر کەمتر نابن... بەتایبەتی میسرییەکانیش، کە بەزمانی عەرەبی قسە ئەکەن و لە هەموو کەینەوبەینەیەکی زمانەکە تێ ئەگەن، لە ئایینەکەیان کە بەزمانی عەرەبییە باشتر تێ ئەگەن.

(خاکی میسریش، هەر لە دەمی (محەمەد عەلی)یەوە تا ئێستا زانست و وێژە تازەکانی تیا بڵاو بۆتەوە، وەک لە ئەوروپادا هەیە. هەر میسرییەکیش ئەبینی بەشی خۆی

لێ فێر بووە. هیچ گوندێکی بچووکیش نەماوە لە میسرا کە خوێندەواری تیا نەبێ. دەنگوباسی گشتییش بەهۆی ڕۆژنامە عەرەبییەکانەوە پێیان ئەگات. ئەو کەسەی خوێندەواریش نەبێ، یاخود نەپەرژا بێ ئەو ڕۆژنامانە بخوێنێتەوە، ئەو دەنگوباسانە لەوانەوە ئەزانێ کە خوێندوویانەتەوە. ئەوانە، بەم ڕەنگە، بێجگە لە هەستی سروشتی و ڕەوشتی ئایینی، خۆشەویستییەکی نیشتمانەکەیشیان هەیە کە لە خوێندەواریی گشتییەوە پەیدا بووە و پەروەردەکردنی گشت لایی. بەهۆی ئەمەوە هەردوو ئارەزووەکەی پێشوویان بەهێز ئەبێ.

ئەوانە، بڕوا ناکەم، لەمەدا، لە نەتەوەکانی تر جیا بینەوە). ڕۆژنامەی (العروة الوثقى)یش، لە بارەی ئەم چاوپێکەوتنە و وتەکانی (لۆرد هەرتنکتۆن)ەوە، لە ژمارەی چواردەهەمیا ئەم قسانەی لەسەر کرد:

(کوانێ زانا زیرەکەکان، کوانێ ناشییە گێژوویژەکان، کوانێ سەربەرزە گەورەکان، کوانێ خوێرییە گرنگەکان، تا هەریەکەیان بێت و ببینێ ڕۆژهەڵاتییەکان چە جێگایەکیان هەیە لە لای پیاوەکانی فەرمانڕەوایی ئینگلیز؟ هەرکەسێ شێوەیەکی مرۆڤایەتیی پێوە بێ و لە مرۆڤ بکات، پەی بەوە ئەبات کە لە دوای ئەم پرسانەوە و لە ژێر پەردەی ئەم بیروباوەڕانەوە کە بەمێشکی ئەوانەدا دێ، چی هەیە و چی نیاز کراوە.

(ئەم لۆرد هەرتنکتۆنە کە وەزیری جەنگی ئینگلیزە، وا ئەزانێ کە ناشیێتی و نەزانی ئەوەندە زاڵە بەسەر موسوڵماناندا، بەتایبەتی بەسەر میسرییەکاندا، کە هەموو هەستێکی مرۆڤایەتیی لە دڵدا نەهێشتوون، بێجگە لەوە ئەوەندەیش بێ هۆشن بێگانە و خزم و، دوژمن و دۆست لە یەک جوێ ناکەنەوە. (ئەمەیش ئەوە دەرئەخات، کە ئینگلیزەکان، بێجگە لەوانەی کە خوا بیری ڕۆشن کردوونەتەوە و تێگەیشتنیشی پێ بەخشیوون، هەموو وا ئەزانن کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەی میسر لە ئەندازەی گیانلەبەران دان، هەر ئەوە ئەزانن بنوون و بلەوەڕێن هیچیش کاریان تێ ناکات برسێتی و سەرما و گەرما نەبێ، هیچ هەستێکیشیان نییە ئەوە نەبێ کە پەیوەندیی بەلەشەوە هەیە، هیچ شتێکیش نازانن ئەوەندە نەبێ کە بەکەڵکی ژیانی گیانلەبەرانەیان دێ. هەر ئەوەندە خاوەنەکەی نان و ئاوی بداتێ، ئیتر ئەو دەنگ ناکات سواری ببێ، بچەوسێنێتەوە، بڕەتێنێ بەملا و بەولادا. هەر کەسێک نانی چێشتەنگاو و شێوی بداتێ بەڕوویەوە پێئەکەنێ. بام هەموو فرمانێکی بەئەرک و ئازاریشی پێ بکات، بام بەوەیش بزانی کە ئەگەر پەکی فرمانکردنی کەوت، سەری ئەبڕێ و گۆشتەکەیشی ئەخوات: دەسەیر بکەن و سەرمان سووڕ بمێنێ لەم کارە!



(ئەگەر بیروباوەڕی پیاوانی فەرمانڕەوایی ئینگلیز، دەربارەی ئەو گەلانەی لە ژێر چنگیاندان وابێ، ئاخۆ کردەوەیان چۆن بێ لەگەڵیان؟ ئاخۆ وەک لەگەڵ گیانلەبەراندا ئەجوڵێنەوە، لەگەڵ ئەوانیشدا وا نابن؟ بەڵێ وا ئەبن. لە خاکی هیندستانیشدا هەر وایان کردووە. میسرییەکانیش، ئیمڕۆ، ئەبێ لەم دوو شتە یەکێکیان بکەن. چاکترینیان ئاسانترینیانە: یان ئەوەتا دەست بدەنە دەستی یەک و کۆمەکیی یەکتر بکەن و، هەموو سەر و سامانیان بەخت بکەن، لە پێناوی سەر بڵندیی مرۆڤایەتی و پایەی عەرەبایەتییان و، فرمانی ئایینییان و ڕزگارکردنی خۆیاندا، لە دەست نەتەوەیەک کە وەک سەیری کەر و ئێستر ئەکەن، وایش سەیری ئەوان ئەکەن. ئەگەر دەستیان دایە ئەوە، یاریدەدەرێکی زۆریان دەست ئەکەوێت لە برا موسوڵمانەکانیان، کە ئێستا چاوەڕوانی بزووتنەوەیەکی ئەوانن. ئەمەیش لەو دوو شتە بڵندتریانە. ئنجا ئەگەر ئەمە ناکەن، ئەبێ خۆیان لە هەموو کردەوەیەکی مرۆڤایەتی دوور بخەنەوە، ئایین لە دڵی خۆیان فڕێ بدەنە دەرەوە، لە سەربەرزیی عەرەبایەتیش خۆیان بێ بەش بکەن، ئنجا کۆت و زنجیری دیلییەتیش بخەنە دەست و قاچی خۆیانەوە، ئەوانیش وەک گیانلەبەران بژین. ئەبێ ئامادە بن بۆ هەموو سووکی ڕیسواییەک، هەر شتێکیان لێ کرا قسە نەکەن، ئەمەیش لە هەردوو شتەکە گرانتر و گەنگتریانە. بڕوایش ناکەم کە میسرییەک ئەم ڕێگەیانی پێ باش بێ. ئەگەر خوانەخواستە پێی باش بوو، بێ گومان خوا لەناویان ئەبات و خاکەکەیان ئەبەخشێ بەنەتەوەیەکی تر. چونکە خوا ئایینی خۆی ئەپارێزێ، دادپەروەریش ئەپارێزێ، تۆڵەیش لە گومڕایان ئەکاتەوە. ئێمەیش هەر هی خواین و هەر بۆ ئەویش ئەگەڕێینەوە).

سێیەم کەینەوبەینەیش کە تووشی هەردوو چاکەخوازە ڕۆژهەڵاتییەکان بوو، لە ڕۆژئاوادا، ئەوە بوو کە (میستەر بلانت)، (سەید جەمالەدین) و (لۆرد سالسبۆری) و (لۆرد چەرچل)ی کۆکردبووەوە، بۆ ئەمەی لە بارەی (شۆڕشی مهدی)یەوە گفتوگۆ بکەن ئەم شۆڕشی (سودان)ە، ئەودەمە سەری ئینگلیزەکانی گێژ کردبوو. بەڵام ڕێککەوتنی ئەو بیروباوەڕە جیاوازانە لە وزەدا نەبوو. چونکە (جەمالەدین) دەستی کرد بەپیشاندانی هەڵەکانی ئینگلیلتەرە لە فڕوفێڵەکەیدا بەرامبەری فەرمانڕەواییە ڕۆژهەڵاتییەکان. تا ئەهات زۆردارییەکانی ئینگلیزی بۆ ئەژماردن. (لۆرد سالسبۆری) پێی گوت:

(فەرمانڕەوایی بەریتانیا شارەزای کارگوزاریی تۆیە. ئێمەیش پایەی بیروباوەڕی تۆ ئەزانین چییە و پەسەندیشی ئەکەین ئەشمانەوێ لەگەڵ فەرمانڕەواییەکانی ئیسلامدا بەدۆستایەتییەوە گوزەران بکەین. لەم بابەتەوە چیمان لە دەست بێ، ئەیکەین. لەبەر ئەوە

وامان بەباش زانی کە تۆ بنێرینە سودان، بتکەین بەخونکاری ئەوێ. بۆ ئەمەی ئاژاوەکەی (مهدی) لە ڕەگوڕیشەوە دەربکێشی و ڕێگایش بکەیتەوە بۆ بەریتانیا کە دەست بکات بەفرمانی چاک چاک لەوێدا...).

(جەمالەدین)یش گوتی:

(ئەمە ڕوولێنانێکی زۆر سەیرە. خوێڕێتیی وا لە فرۆفێڵدا هەرگیز ڕووی نەداوە! ئەی لۆردی پایە بڵند، ڕێم بدە لێت بپرسم: ئایا سودان زەویی خۆتانە هەتا خونکاری بۆ دابنێین؟).

پاشان گوتی: (چاککردنەوە و، ئەوەی بەریتانیا نیازی هەیە بیکات و، ئەو ڕێگایانەیش کە ئەیەوێ بیانگرێت بۆ کردنیان، هەروەها ئەو هۆیانەیش کە ئەیەوێ بیاندۆزێتەوە بۆ چارەکردنی کاروباریان... هەروەها بەبۆنەی ئەمانەوە و، لەبەر سەرچڵیی خۆیشم، سەرنجی بەریتانیا و گەورەی پیاوەکانی بەریتانیا، لۆردی پایە بڵند، ڕائەکێشم بۆ (ئیرلەندە) و ئەو سەرگەردانییەی بەسەریا هاتووە لە پێناوی داواکردنی سەربەخۆییدا، بۆ ئەمەی بتوانی چارەسەرێکی ڕاستەقینەی دەردی خۆی بکات. ئاخۆ لەبەر چییە کە ئەوی داواتان لێ ئەکەن نایاندەنێ؟ کاروباریان بۆچ ڕاست ناکەنەوە؟ خۆ ئەوان لە ڕەگی دەمار لە ئێوە نزیکترن. لە ناو ئێوە و ئەوانیشدا خزمایەتی و پەیوەندی و نزیکییەکی وا هەیە، کە یەکتان بخات. لە ناوەند ئێوە و میسر و لە خاکەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا ئەو جۆرە شتانە هەر نییە؟...) (لۆرد سالیسبۆری)، بەبیریا نەئەهات شتی وای لە ڕوودا بگوترێ، لەبەر ئەوە لەم وەرامە ناکاوەی سەید جەمالەدینە سەرسام ما. ئەو وای چاوەڕوان ئەکرد کە (سەید جەمال) کڕنوشی نەوازش و سوپاسی بۆ بکێشێ، لە بەرامبەر ئەو بەخششە گەورەیەیدا کە پێی بەخشیووە. کۆبوونەوەکە تەواو بوو. هەردوو لا بەدڵشکاوییەکی زۆرەوە لە یەکتر جوێ بوونەوە. ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان ناوی ئەم چاوپێکەوتنەی برد، هەرچیشی تیا گوترا بوو لێی دووان. ڕۆژنامەکانی سەربەستەکان پشتی جەمالەدینیان گرت، سەید جەمالەدین، گەڕایەوە (پاریس)، بۆ تەواوکردنی خەباتەکەی. بەڵام ئەو تەگەرانەی خرابووە پێش دەمیان لە خاکەکانی عەرەبستان و هیندستاندا، بۆ بەربەستکردنی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (العروة الوثقى) لەناویاندا، هەروەها تەنگ پێ هەڵچنینیش بەوانەی لەو شوێنانەدا ئەیانخوێندەوە، وای لە هەردوو چاکەخوازەکە کرد کە گۆڤارەکە دابخەن. ئیتر (محەمەد عەبدە) چوو بۆ (بێروت). (جەمالەدین)یش لە فەرەنسەدا مایەوە. لەم شاریەوە ئەچوو بۆ ئەو شاری. وتاریشی بڵاو ئەکردەوە لە ناو



ڕۆژنامەکانیدا، هاواری ئەهێنا بۆ پیاوە خاوەن دەروونەکانیان کە مافی ڕۆژهەڵات بپارێزن. لەپڕ تەلگرافێکی بۆ هات لە شاهەنشاهی ئێرانەوە (ناصرالدين شاه)، داوای لێ کردبوو بچێتە ئێران. ئەمیش لە مانگی ڕەشەمێ (شباط)ی ١٨٨٦دا چووە ئێران.

## گۆڤاری (العروة الوثقى)

گۆڤاری (العروة الوثقى)، لە یەکەم ژمارەیدا، گرنگترین ئامانجی خۆی بەکورتی پیشان دابوو، کە ئەمانە بوون:

١- پیشاندانی ئەو فرمانانەی کە لە سەرشانی ڕۆژهەڵاتییەکان بوو بیکەن، چونکە بەجێیان نەهێناوە، تووشی کزی و سەرگەردانی بوون. لەگەڵ پیشاندانی ئەو ڕێگایانەدا کە بۆ چارەکردنی ئەوەی لە دەست چووە، بەکار بهێنرێ.
لەبەر ئەوە هۆی بنچینەیی و سەرچاوەی ئەو هۆیانەیش پیشان ئەدرێن کە بوون بەهۆی تێکچوونی کاروباریان و، ونبوونیان لە ڕێگادا!. هەروەها ئەو چاوڕاوەیش کە لێیان کراوە، یاخود ئەو ترس و لەرزەیش کە بەخۆڕایی هاتۆتە ناو دڵیانەوە، پەردەیان لەسەر لائەبرێ و بەئاشکرایی پیشان ئەدرێن.

٢- بیروباوەڕی هیوای سەرکەوتن ئەخرێتە دڵی هەموانەوە وەڕسبوون و بێزاری و ڕەنجەڕۆییش لە دڵیان دەرئەکرێ.

٣- لێیان ئەخوازرێ کە بچنەوە سەر ئەو ڕێگایانەی کە باوک و باپیریان گرتبوویان. ئەو ڕێگایانەیش هەر ئەوانەن کە فەرمانڕەوایی بەهێزەکانی بێگانە گرتوویانن.

٤- پاراستنی ڕۆژهەڵاتییەکان بەگشتی، موسوڵمانەکانیشی بەتایبەتی، لەو بەدناوییانەی کە پێیانەوە ئەنوسێنرێن. پووچکردنەوەی ئەو بیروباوەڕە کە ئەڵێ موسوڵمانەکان لە شارستانێتیدا پێش ناکەون هەتا لەسەر ئایینەکەی خۆیان بڕۆن.

٥- ئاگادارکردنی ڕۆژهەڵاتییەکان لەو کارەساتی فرۆفێڵانەی کە بەجۆرێکی گشتی یاخود بەجۆرێکی تایبەتی ڕوو ئەدەن و بەکەڵکیان دێن.

٦- پەیوەندیی ناوەند نەتەوە ئیسلامەکان بەهێز کرێ تاکوتەراکانیان یەک خرێن، کەڵکی گشتی لەناویاندا پەیدا کرێ، یارمەتیی ئەو فرۆفێڵانەی دەرەوەیش بدرێ کە حەز بەزیانی ڕۆژهەڵاتییەکان ناکەن.

جەمالەدین و محەمەد عبدە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا گوتبوویان:

(کەس وا نەزانێ کە ڕۆژنامەکەمان هەندێ جار هەر لە موسوڵمانەکان ئەدوێ و

لەسەریان ئەکاتەوە، مەبەسی ئەوە بێ ناکۆکی بخاتە ناو ئەوان و دراوسێکانی هاونیشتمانیانەوە، ئەوانەی کە لەگەڵیاندا هاوبەش و هاوچاکەن لە زۆر دەمێکەوە. ئەمە لە ئێمە ناوەشێتەوە خۆیشمان خۆشیمان بەشتی وا نایەت، هەروەها ئایین و یاساکەیشمان ڕێی ئەوەمان نادەن کەوا بکەین. بەڵام مەبەسی ڕاستەقینەمان ئەوەیە کە بەجۆرێکی گشتی ڕۆژهەڵاتییەکان، بەجۆرێکی تایبەتیش موسوڵمانەکان وریا بکەینەوە لە بەند و باو و فڕوفێڵ و ئاژاوە نانەوەی بێگانەکان و دەستدرێژییان لەناویاندا. ئێمە بۆیەکا زۆرتر ڕوو ئەکەینە موسوڵمانەکان، چونکە بەشی دانیشتوانی خاکەکانی ڕۆژهەڵات کە بێگانەکان زۆرداریان لێ ئەکەن و ڕیسواییان بەسەرا ئەهێنن و نان بڕاویان ئەکەن لەوانن...)

(محەمەد پاشای مخزومی)یش کە لە دوارۆژەکانی جەمالەدیندا لەگەڵیا بوو، ئەیگوت:

(جەمالەدین زۆر دوور بوو لە ڕەوشتی لایەنگیرییەوە، بەدڵ بێزی لە لایەنگیری ئەکردەوە. لەبەر ئەوەیش زۆرتر ناوی موسوڵمانەکانی ئەبرد لە وتارەکانیا، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵات موسوڵمان بوون. ئەوانیش بوون کە خاکەکانیان داگیر کرابوون. لەبەر ئەوە زۆرتر ئەوانی وریا ئەکردەوە و سەرزەنشتی ئەکردن. ئەگینا ئەو لە هەموو ڕاستی پەرستێک زۆرتر حەزی بەیەکسانی ئەکرد و بەکاریشی ئەهێنا لە ناو ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتی لە مافەکانی گشتیدا).

یەکەم ژمارەی گۆڤاری (العروة الوثقی) لە ١٨٨٤/٣/١٣دا دەرهات. کارگێڕی بەشی فڕوفێڵەکەی سەید جەمالەدین بوو. سەرەک نووسەری محەمەد عەبدە بوو. لە حەوت مانگیش زۆرتر بۆی نەکرا بژی. تەنیا هەژدە ژمارەیشی لێ دەرچوو. لەگەڵ ئەوەشا توانی لە یەکەم ڕۆژییەوە دەنگ بداتەوە و کاری خۆی بکات. هەموو وتارێکیشی بریتی بوو لە فێرکردنێکی ناوازە و نایاب، ڕۆژهەڵاتییەکانی ئاگادار ئەکرد لە مافەکانی خۆیان، لەو زۆردارییانەی کە خەریکبوون لێیان بکەن، ئابڕووی ئەو بەند و باو و چەواشەکردن و گەلەکۆمەکێیانەیشی ئەبرد کە بەدزییەوە لێیان ئەکرا بۆ ئەمەی گیانی سەربەستییان تیا بکوژن. سەرزەنشتی ئەوانەیشی ئەکرد کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەگرتەوە، لەبەر ئەو ژیانە پڕ دیلێتی و گێژوویژی و چاوچلێسییە کە تیا ئەژیان. بانگێشی بۆ ڕائەهێشتن کە یەک بگرن و هۆگری یەک بن و هەموو ناکۆکییەکیش لەبیر خۆیان ببەنەوە، بۆ ئەمەی بەربەستی زۆرداریی داگیرکەرەکان بکەن: (چونکە کار و فرمانی ناوماڵ کاتێک ڕائەپەڕێنرێ، کە لە دز و درۆزن بپارێزرێ) داگیرکەرە کۆنەپەرستەکانی جیهان، زۆر تێکۆشان کە نەهێڵن ئەم گۆڤارە بڵاو ببێتەوە. تەنانەت، ناوچە داگیرکەرەکانی ئینگلیز،



هەر لەو ساوە کە بیستبوویان گۆڤارێکی وا دەرئەهێنرێ، تێکۆشان کە نەهێڵن دەربچێ. ئنجا کە ئەم کارەیان لە دەست دەرچوو، هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ، کە نەیان ئەهێشت لە خاکەکانی هیندستان و میسردا بڵاوببێتەوە. زۆریان لە فەرمانڕەوایی (عوسمانی)یش کرد کە چنگی بەسەردا بگرێ و نەهێڵێ بڵاو بکرێتەوە. لەگەڵ ئەم هەموو بەدکردارییە زۆردارانەیشیاندا، نەیانتوانی ئازادی پەروەرەکان بەربەست بکەن لە گوێزانەوەی (العروة الوثقی) لە پاریسەوە بۆ هەموو جێگەیەک کە عەرەبی تیا بخوێندرێتەوە خاوەن بیرەکانی ڕۆژهەڵات بەدیاری بۆ یەکتریان ئەنارد و کۆئەبوونەوە بۆ خوێندنەوەی. لەناو خۆیشیاندا گفتوگۆیان ئەکرد لە بارەی ئەو پەندە جوانانەوە کە تیا نووسرابوون. ئەوانیش هەرچییەکی لێوە فێر ئەبوون و تێ ئەگەیشتن بەناو ئەموئەودا بڵاویان ئەکردەوە. ئیتر زۆری پێ نەچوو، شۆڕشێکی گەورەی خستە بیروباوەڕی هەمووانەوە. سەرکردە وریاکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی عەرەبی لەم بارەوە خستە سەر بارێکی تر.

بابەتەکانی (العروة الوثقی) لە سەید جەمالەدینەوە ئەناسرێ. بەڵام نووسینەکەی بەدەست و پێنووسی محەمەد عەبدەوە پێک ئەهات کە ئەوەندە ڕۆشن و بڵند بوو، قسەی کاریگەر و پەندوڕاوێژی تیا کۆبووبووەوە. ئەم بابەتانە، هەموویان، لە ئازادکردنی خاکەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی خاکی میسرەوە ئەدوان. ئەو زۆردارییانەی دەرئەخست کە لە خاکە داگیرکراوەکاندا ئەکران. ئەو زۆروستەمانەیشی پیشان ئەدا کە لە خاکەکانی ژێر چنگی فەرمانڕەواییە زۆردارەکانی ڕۆژهەڵات و سەرداره زەویدارەکانیاندا، ڕوویان ئەدا. هەر ئەم زۆروستەمانەیش بوون کە خاکە ڕۆژهەڵاتییەکانیان وا لێ ئەکرد، بکەونە ژێر چنگی داگیرکەرانی بێگانەوە. هەروەها هانەی ئەم خاکانەیشی ئەدا، کە هەموویان پێکەوە دەست بدەنە دەستی یەک، بۆ خەباتکردن لە پێناوی سەربەستی و ئازادییدا.

لە خوێندنەوەی ناوەڕۆکەکانی گۆڤاری (العروة الوثقی)وە تێ ئەگەین کە ئەو سەید جەمالەدینەی ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بەرەنگاری کردنی داگیرکردن (استعمار) و، سەردەمی ئەویش بەسەردەمی داگیرکردن دائەنرا، شێوەی داگیرکردن و فڕوفێڵبازییەکانی و، زۆردارییەکانی و چاوچنۆکییەکانی، هەمووی تێگەیشتبوو. بەڵام لە ڕاستی زانستی داگیرکردن ئاگادار نەبووبوو. واتا هێشتا لەو هۆیانە شارەزا نەبووبوو کە پاڵیان ئەنا بەداگیرکردنەوە لەو شێوە تایبەتییەی سەردەمی تازەیەدا خۆی دەربخات. هەروەها لەو هۆیانەیش شارەزا نەبووبوو کە داگیرکردنی پێ لەناو ببات. بۆ ئەمەی بتوانێ لە ڕێگای

ڕاست و دروستەوە بەرەنگارییەکی تەواوی بکات تا بەریدا. لەبەر ئەوە، وەک ئەبینرا، بۆ ئەمەی بگات بەئامانجی خۆی هەموو ڕێگایەکی ئەگرتە بەر کە بەبیریا ئەهات و بەباشیشی ئەزانی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. کە زۆرجاری وا هەبوو ڕێگای سەیر سەیری ئەگرتە بەر! یەکێک لەوانە، ئەوەبوو، کە تێکۆشا بزووتنەوەکەی (محەمەد ئەحمەد)ی شۆڕشگێڕی سودانی بکات بەدەست مایە بۆ مەبەسی خۆی، وای پیشان دا کە ئەو (مەهدی)ی چاوەڕوان کراوە!... جەمالەدین تێکۆشا ئینگلیزەکان بخاتە سەر ئەوەی کە (سودان) بەجێ بهێڵن، لەبەر ئەوە بزووتنەوەکەی (مەهدی)ی گەورە پیشان ئەدا بۆ ئەمەی ئەوانی پێ بتۆقێنێ!... هەروەها یەکێک لەوانە، ئەوەبوو، کە ئاگای لە هێزی گەل پەرستی نەبوو، هەر بەوەندە وازی ئەهێنا کە هەستی ئایینی بورووژێنێ بۆ بەرەنگاریکردنی داگیرکەرەکان، کە ئەوەبوو بەهۆی ئەوەی بانگی نادیار نادیار بڵاو بکاتەوە و دەست بداتە شتێکیش کە دووربێ لە جێبەجێکردنەوە. واتا دوای کڵاوی بابردوو کەوتبوو.

لەگەڵ ئەمەشا، ئەوە ناشارڕێتەوە، کە سەید جەمالەدین لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە گەورەترین دوژمنەکانی داگیرکەران دائەنرێ. ئەوبوو، کە بووە سەردەستەی ئەوانەی هەندێ لە خاکەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی عەرەبستانیان ئاگادار کرد لە دەرد و ئازار و تەنگانەی دەستی داگیرکردن. ئەوبوو کە هەموو ژیانی خۆی بەخت کرد لە پێناو بەرەنگاری کردنی ئەم دەردەدا، لە چاوترساندن لەو دەردە، لە هانەدانی هەمووانددا بۆ لەناوبردنی ئەو دەردە، ئەویش بەهۆی ژماردنی زۆرداریییەکانی و پیشاندانی شێوەی داگیرکردنەکەیەوە بوو. بەفەرمانڕەوایی ئینگلیزی ئەگوت لە خۆرە ئەکات. بەنەرمونیاییەکەی و پشی پشی کردنەکەی و شیرینی بەڵێن و پەیمانەکەیدا، ئەویش وەک خۆرە، لەپێشدا کاریگەرییەکەی کزە، بەڵام لەپاشدا وردە وردە تەشەنە ئەکات تا لەش تێک ئەدات و لە پەلوپۆی ئەخات. خاکەکانی ڕۆژهەڵاتیشی دەنگ ئەدا کە بێنە یارمەتی میسر. چونکە هەروەک لە ژمارەی دوانزەهەمی (العروة الوثقی)دا پیشانی دا، ئەگەر لە کەینەوبەینەی میسردا کەمتەرخەمی بکرێ دەرگای ڕۆژهەڵات ئەکەوێتە سەرپشت بۆ ئەو چاوچڵێسانەی کە چاویان بڕیوەتە داگیرکردنی گەورە و بچووکی خاکە ڕۆژهەڵاتییەکان، پاشەجار چارەکردنی ئەوەیش زۆروستەم ئەبێ. چونکە بەلای ئەوەوە، داگیرکەریی، کەینەوبەینەیەکی ئەوتۆ نییە کە هەر فڕی بەسەر ئەو خاکەوە ببێ کە تێی کەوتووە. بەڵکو کەینەوبەینەیەکە گشت لا ئەگرێتەوە. قسەکەیشی ڕاست بوو. لە ژمارەی هەژدەهەمی (العروة الوثقی)دا گوتی:



(کە سەردارێکی ڕۆژهەڵاتی، داگیرکەریی ئەبینێ لەناو خاکێکی دراوسێیدا، وا ئەزانێ کە ئەو دەردە لە خاکەکەی خۆی دوورە، هەر لەو خاکەدا ئەمێنێتەوە. خۆی تێناگەیێنێ. ناشترسێ لەوەی کە خاکەکەی خۆیشی تووشی ئەو دەردە ببێ. کەچی زۆری پێ ناچێ ئەویش وەک دراوسێکەی ئەکەوێتە داوی داگیرکەرییەوە. ئەوانە هەر لەو مەڕانە ئەکەن، کە مەڕ سەربڕ، یەکە یەکە ئەیانگرێ و ئەیانبات بۆ کوشتارخانە، کەچی مەڕەکانی تر خەم نایانگرێ و گوێ نادەنە ئەوەی چی بەسەر تاکوتەراکانیاندا دێ، هەر بەلەوەڕاندنی خۆیانەوە خەریک ئەبن و بەئاسایش و دڵنیاییەوە ئەمێننەوە تا دوا یەکیان سەر ئەبڕڕێ!).

ئەو بیروباوەڕەیشی ڕاستە کە ئەڵێ: خاکە داگیرکراوەکان نابنە هێز بۆ فەرمانڕەوایی داگیرکەر، بەڵکو ئەبنە هێز بۆ دوژمنەکانی کە ئەمە، سەردەمێک، بەپێچەوانەوە ئەهاتە پێش چاو. چونکە هێزی فەرمانڕەوایی داگیرکەر، بەسەر خاکەکانیا دابەش ئەبێ. ئەوساکە لە هیچ جێگایەکیش لەو خاکانەدا هێزێکی وای بۆ نامێنێتەوە کە مەترسیی لێ بکرێ. لە هەموویشیاندا ژێردەستەکانی هەمووەدەم لە وەڕس بوون و بۆڵەبۆڵ کردن و جوڵاندنەوەیەکدا ئەبن کە تا یەت ڕۆژ بەرۆژ پەرە ئەسێنێ. لە هەموو کاتێکیشدا چاوەڕوانی ئەوە بن کە لە دەرەوە لەشکرێک بێت و یارمەتییان بدات لەسەر ئەنگرێ کردنی سەردارە زۆردارەکانیاندا. جا لەبەر ئەم بیروباوەڕەی بوو، کە جەمالەدین، لەوە پاش ئامۆژگاریی (خونکار عەبدولحەمید)ی کرد کە واز لە فەرمانڕەواییەکانی (بالقان) بهێنێ و سەربەخۆییش بدات بەفەرمانڕەواییە عەرەبەکان. ئەمەیش ئامۆژگارییەکی وابوو، کە لەوانە بوو (عەبدولحەمید) بخاتە سەر ئەو بیرەی کە (جەمالەدین) شێت بووە و هۆشی نەماوە بەخۆی تا بزانێ چی ئەڵێ!...

بەڵام بیروباوەڕی هەرە ڕاستی جەمالەدین دەربارەی داگیرکەریی ئەوەیە کە (محەمەد پاشا المخزومی) لە نووسراوەکەیا (الخاطرات) ئەیگێڕێتەوە؛ ئەڵێ:

(ئەم داگیرکەرییە،[1] بەلای منەوە وایە، ناو و واتای یەک ناگرێتەوە، بەناو ڕۆژئاواییەکان ئاوەدانکردنەوەیان بۆ داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە تێکدان و کاولکردن و دیلێتی و زۆرداریییەوە زۆرتر نزیکە لە ئاوەدانکردنەوە و ژیاندنەوە و شارستانێتییەوە. چونکە فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکان ڕوو ناکەنە هیچ خاکێک تا نەزانن: پڕە لە سامان و

(١) مەبەستی مانای ناوەڕۆکی زاراوەی (الأستعمار)ی عەرەبییە.

کان و زەویی بەپیت، تا نەزانن دانیشتوەکانی لەوپەڕی ناشێتی و نەزانی دان، لەوپەڕی گێژوویژی و بێ کارەیی دان، نە بزووتنەوەیان لێ ئەوەشێتەوە، نە شەڕکردن!) پاشان لەوە ئەدوێ کە چۆن خاکە داگیرکراوەکان کاروباریان هەڵ ئەسوڕێنرێ، ئەڵێ:

ئەوساکە هەرچی پیاوێ سەر بڵند بووە، سەری پێ شۆڕ ئەکەن، لەجیاتی سەربەستیی کەسایەتی، بەندەیی و دەم گرتن دائەمەزرێنن هەر کەسێکیش لەژێردەستەکان، چاوی بتروکێنێ و سەرنج بدا و ئاوڕ بداتەوە، چەندوچوونی لەگەڵا ئەکرێ. لە خاکەکەدا کەس لە دانیشتوان، مافی ئەوەی نییە لە گەنجینە و سامانی نیشتمانەکەی خۆی بەشدار بێ. بەڵام هەرچی باجە و دارکاری کردن و ڕیسوایی و سەرگەردانی و شەڕوشۆڕ هەیە بۆ دانیشتوانی ئەو خاکە ئەمێنێتەوە بەشی کەسی لێ نادرێ!). بەڵام ئەگەر داگیرکەران، بەو ناوەوە هاتنە خاکەکەوە، (کە پشتی سەرداری خاکەکە بگرن، یان خاکەکەی بۆ بپارێزن، یاخود شۆڕشێکی بۆ بکوژێننەوە... ئەگەر لەو بەرگەدا خۆیان نوواند. واتا بەرگی دۆستی پاک و دڵسۆز، یان خۆشەویستی نەتەوە و پایەداریی نەتەوە، کە ئەیانەوێ فێری فەرمانڕەوایی سەربەخۆی بکەن، بۆ ئەمەی پاشان وازیان لێ بهێنێ و هەر خۆی فەرمانڕەوایی بکات بەسەر خاکەکەی خۆیدا... ئەوساکە ڕووکەشی کاروبار وەک خۆی ئەهێڵرێتەوە. هەندێ ڕەوشت و خووی فەرمانڕەوایانەیش، کە هیچ و پووچ بن، دەستیان لێ نادرێ، وەک خۆیان ئەمێننەوە. بۆ بڕیار دان و کاروبار هەڵسووڕاندنیش پەیکەر لەم و لەو دروست ئەکەن، سەرداری خاکەکەیش بەسەر ئەوانەوە ئەهێڵنەوە لە شێوەی گومەزێکی بۆشدا، هەر دەنگ ئەداتەوە، هیچیشیان بۆ نامێنێتەوە لە کاروباری خاکەکەیان ئەوە نەبێ کە هەرچییەکیان پێ ئەگوترێ ئەبێ جێبەجێی بکەن!

پاش ئەوە ئەڵێ: (جا لەبەر ئەوەی کە ژیانی هەموو نەتەوەیەک و هەموو فەرمانڕەواییەک، هەنگاو بەهەنگاو تێ ئەپەڕێ و هەریەکەیشیان تەمەنی خۆی هەیە، بۆ پەیدابوون و دامەزران و بڵندبوونەوە و وەستان و سەرئەنگری بوونی هەریەکەیشیان هۆی خۆی هەیە، هەر بەو جۆرەیش داگیرکەریی ئەو دەستووری جیهانییەی بەسەردا فەرمانڕەوا ئەبێ.

(واتا ئەویش ئەندازەیەک و تەمەنێکی هەیە لێیان تێپەڕ ناکات. نەمانی داگیرکەریش بەوە ئەبێ، کە ئەو هۆیانەی ئەویان کردووە بەداگیرکەر و، ئەو نەتەوانەیشیان بەزۆرکردووە بەژێردەستی ئەو داگیرکەرە، هەردوو لایان لابرێن!) بەلای (سەید جەمالەدین)یشەوە، ئەو هۆیانە بریتین لە کزی و سستی و لاوازیی خاکە داگیرکراوەکان. هەر کاتێ ئەوانە بوون



بەخوێندەوار و وریابوونەوە و هێزیان سەند و یەکیان گرت و چوون بەگژ داگیرکەری سەرچڵدا، تا وای لێ دێ: (دەنگ بەرز ئەکرێتەوە و، کوتەک ئەگیرێ بەدەستەوە و، شیر ئەوەشێنرێ، دوای ئەوە بڕیاری دادپەروەری مەزن، خوای پاکی بێ هاوتا دەست پێ ئەکات، کە هەر خۆیەتی پشتیوانی زۆرلێکراوان). بەڵام بیروباوەڕی هەرە گەورەی (جەمالەدین) دەربارەی ئەم بابەتە گرنگ و گەورەیە ئەوە بوو: کە جیاوازیی ناوەند نەتەوەکان و داگیرکردنی فەرمانڕەواییەک لە خاکێکی تردا، یاسایەکی وا نییە کە هەتا سەر فەرمانڕەوایی و هەرگیز نەگۆڕێ. بەڵکو بریتییە لە کارەساتێکی دەمدەمی، هەر کاتێ هۆیەکانی لابران، ئەویش لەناو ئەچێ. ئەویش وەک ئەو کارەساتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە وایە کە یاساکانی گەشەکردن زاڵن بەسەریاندا.

***

بابەتەکانی گۆڤاری (العروة الوثقى) ئامانجیان ئەوە بوو کە ڕۆژهەڵاتییەکان وریا ببنەوە و خۆیان ئازاد بکەن. هەروەک لەوەوپێش گوتمان، قسەکان ئاڕاستەی موسوڵمانەکان ئەکران، سەبارەت بەوەی کە موسوڵمانەکان بەشی زۆری دانیشتوانی خاکە داگیرکراوەکانی ڕۆژهەڵات بوون. لەبەر ئەوە ناونیشانی (کۆمەکی موسوڵمانان) زۆر لەناویاندا دووبارە ئەکرایەوە. بەڵام هەروەک دێتە پێش چاو، مەبەسی جەمالەدین ئەوە نەبوو کە فەرمانڕەواییەک بۆ موسوڵمانان هەموویان دروست بکرێ. لە ڕاستیدا مەبەسی ئەوەبوو کە هەموو ڕۆژهەڵاتییەکان بەجۆرێکی گشتی، موسوڵمانەکانیش بەجۆرێکی تایبەتی، هەموو یەک بگرن و یارمەتی یەکتر بدەن و بچن بەگژ داگیرکەرییدا، تا نەتەوەکانیان هەریەکەیان لە خاکی خۆیدا ڕزگاری ئەبێ و سەربەخۆیی خۆی دەست ئەکەوێ.

(سەید محەمەد ڕەشید ڕەزا) گوتی: (ئەوەی کە بەدەمی سەید جەمالەدینەوە ئەیلێن، گوایا مەبەسی لە کۆمەڵەی ئیسلامەتی[1] ئەوە بووە کە موسوڵمانەکان بەهەموویان یەک فەرمانڕەواییان ببێت، ئەوەم نە لە گۆڤاری (العروة الوثقى)دا دیوە، نە لە پێشەوا محەمەد عەبدەیشم بیستووە کە لە دەم ئەوەوە گێڕابێتیەوە کە ئەو لە هەموو کەس شارەزاتر بوو لە مەبەس و کردەوەی سەید جەمالەدین).

جەمالەدین، خۆیشی لە بارەی یەکێتی ئیسلامەوە، لە ژمارە نۆهەمی (العروة الوثقى)دا گوتبووی:

(١) مەبەست (الجامعة الاسلامية)یە کە تێدەکۆشا بۆ پێکهێنانی.

(لەم قسەیەم مەبەسم ئەوە نییە، کە کاربەدەستی هەمووان یەک کەس بێت...). بەڵام وابێ: (کە هەموو خاوەن خاکێک سەرداری خاکی خۆی بێت، بەهەموو توانای خۆیشییەوە کۆشش بکات کە ئەویتر بپارێزێ لە دوژمن چونکە ژیانی خۆی بەژیانی ئەوەوە بەندە، مانەوەی خۆیشی بەمانەوەی ئەوەوە بەندە. چونکە ئەمە بێجگە لەوە کە بنچینەی ئایینەکەیانە، بۆ ئەم ڕۆژەیش هەروا هەڵ ئەگرێ کە ڕەوشتیان بەو جۆرە بێ).

جەمالەدینی ژیر و تێگەیشتوو، ئەیویست ئایین بکات بەهانەدەرێک بۆ نیشتمانپەروەریی، هەروەها خەباتکردنی نیشتمانیش بکات بەفەرمانێکی ئایینی. لەبەر ئەوە دەستی کرد بەتازەکردنەوەی بیروباوەڕەکانی موسوڵمانەکان و ڕاستکردنەوەیان. لە ژمارەی چوارەمی گۆڤارەکەیدا، هوروژم ئەباتە سەر ئەو موسوڵمانانەی کە لەژێر پەردەی ئاییندا (شتی وایان فڕێ داوەتە ناو ئایینی ئیسلامەوە کە فڕی بەسەر ئیسلامەتییەوە نییە. یەکێک لەو شتانە دەستوورەکانی زۆرلێکردنە (قواعد الجبر) کە لەناویاندا وا بڵاوبۆتەوە، مێشکیانی ئەمدیو و ئەودیو کون کردووە، لە دەروونیشیان وا کاری کردووە کە لە کەڵکی خستوون هیچ کار و فرمانێک بکەن).

هەروەها هوروژم ئەباتە سەر ئەو بابەتانەیش کە:

(سەفسەتاییەکان دایان هێناوە، وەک ئەوەی کە ئەڵێن ڕووکەشەکانی بوونی خوا، لە ئارادا نین، ئەوانە شتێکن لەناو مێشکا دروست ئەکرێن، دێنە پێش چاو، بەڵام ڕاستییان تیا نییە. هەروەها وەک ئەوەی کە بەدرۆ قسە بەدەم پێغەمبەرەوە هەڵ ئەبەستن و لەناو نووسراوەکانیاندا تۆماریان ئەکەن، کە هەموو پڕن لە ژەهری کوشندە بۆ گیانی مەردایەتی. هەرچییەکیشیان تیایە و ئەنووسێ بەهۆشەوە، پیاوەتی کەم ئەکاتەوە و وزەیش بەپیاو بەر ئەدا).

لەپاش ئەوە دەست ئەکات بەقسەکردن بۆ وروژاندنی هەستی ئایینی لە ئیسلامەکاندا، بەمەبەسی ئەوەی کە بەرەنگاریی داگیرکەرییان پێ بکات. لە ژمارەی پێنجەمدا ئەڵێ:

(بەپێی فەرمانی دەستوورەکانی ئیسلامەتی و قسە ڕاست و ڕەوانەکەی ئایینەکەی موسوڵمانەکان، خوا داوایان لێ ئەکات کە پارێزگاریی ئەو خاکانە بکەن کە لەژێر دەستیاندان هەموو ئیسلامێک ئەوەی لەسەرە بیکات. جیاوازی نییە لەناوەند دوور و نزیکیاندا، لەناوەند هاوڕەگەز و ڕەگەز جیاوازیاندا. ئەوەیش پێویستێکی بەرجەستەیە لەسەر هەموو موسوڵمانێک. ئەگەر نەتەوەیەک ئەوی هەیەتی نەیپارێزێ لە دوژمن، هەموو



موسوڵمانەکان بەوە گوناهبار ئەبن. یەکێک لەو فەرمانە پێویستییانەیش کە لەسەریانە جێبەجێ بکەن ئەوەیە، کە لە پێناو پاراستنی خۆیان و سەربەخۆییاندا، پێویستە گیان و سامانیان بەخت بکەن، هەموو سەختییەک بگرنە بەر، بچنە ناو هەموو تەنگوچەڵەمەیەکەوە. هەرگیز نایشگونجێ، لەگەڵ دوژمنی داگیرکەریاندا ڕێک بکەون و ئەربابی بنوێنن، تا سەربەخۆیی خۆیان دەست نەکەوێتەوە).

پاش ئەوە ئەگاتە ئەم ئەنجامە: (... لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو ئەبینین خاوەن ئایینەکان لەم ڕۆژانەدا ئاگایان لە یەکتر نییە. خەمی یەکتر ناخۆن. دانیشتوانی (بلوخستان)، ئەیاندی، داگیرکەر بەبەرچاوی خۆیانەوە بەدکاریی ئەکات لە (ئەفغانستان)دا، کەچی بەوە دڵیان نەئەسووتا، دەمارێکی مەردایەتی نەیئەگرتن. ئەفغانییەکانیش، دەستدرێژیی داگیرکەرەکانیان ئەدیی لە خاکی فارسدا، کەچی بۆڵەیەکیان لێوە نەئەهات، بێزارییەکی خۆیان دەرنەئەبڕیی. لەشکری داگیرکەرەکانیش لە خاکی میسردا تەراتێنیان ئەکرد، ئەیانکوشت و ئەیانبڕیی، براکانیان ئەو هەموو خوێنە ئەڕژا بەبەرچاویانەوە و، گڤەگڤی خوێنە کە ئەهاتە بەرگوێیان و،[1] چاویان سوور هەڵ ئەگەڕا لە بینینی ئەو کارەساتە سامناکانەکە لەملا و لەولایاندا و لەناو دەستوپێیاندا ڕوویان ئەدا... کەچی دەمارێکی پیاوەتییان تیا نەئەبزووت بۆ یارمەتیدانیان!).

پاشان لەم ژمارەیەدا و لە ژمارەکانی تریشدا، هوروژمی ئەبردە سەر موسوڵمانەکان بەگلەیی کردن و سەرزەنشت کردن. هەڵمەتی ئەبردە سەر سەردارەکان، ئەوانەی تووشی چاوبرسێتیی و خۆپەرستیی ببوون و، وازیان لە ئامانجەکانی گەورەیی هێنا بوو، هەر بۆ ناوی زل و بەزموڕەزم و خۆش ڕابواردن ئەگەڕان، هەر بەوە دڵیان خۆش ئەبوو کە دۆستایەتی لەگەڵ بێگانەدا بگرن و پەنای ببەنە بەر و داوای یارمەتیی لێ بکەن لە ڕۆژی تەنگانەدا بۆ شێلانی نەتەوەکەی خۆیان، هەر بۆ ئەمەی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بمێنێ. بڵاوەیان بەهێزەکانی نەتەوەکانی خۆیان ئەکرد و ئەیانخستنە سەرگەردانییەوە. بەربەستی خوێندەوارییان لێ ئەکردن، پەکی کار و فرمانیان ئەخستن لە پیشەسازیی و بازرگانی و کشتوکاڵدا، ئەوەندە ئەیانڕوتاندنەوە. هوروژمیشی ئەبردە سەر پیاوەکانی ئایین و زاناکان، ئەوانەی کە کزییان هێنابوو بەسەر نەتەوەکەدا، لەجیاتی ئەمەی بەهێزی بکەن بۆ تەفروتوناکردنی چاوبرسییەکان. تیزیشی ئەکرد بەوانەی کە یارییان ئەکرد بەوشەکانی

(١) ڕاستتر: کفەکفی خوێنەکە...

سەربەستی و نیشتمانپەرستی و ڕەگەزپەروەری و بابەتانی تر، کە لە شێوەیەکی پروپووچدا دەریان ئەبڕیی و هەر لەسەری ئەرۆیشتن نەیان ئەبڕییەوە، کەچی هیچ شتێکی بەکاریشیان لە دەست نەئەهات! هەڵمەتیشی ئەبردە سەر ئەوانەی کە ناپاکییان لە نیشتمانەکانی خۆیان ئەکرد و لەژێرەوە لەگەڵ بێگانەی دوژمندا ڕێک ئەکەوتن بڕوایشی وا بوو کە بەکوشتن نەبێ چاریان ناکرێ: (بۆ ئەمەی بەو دەردە ببرێن کە ناپاکەکانی پێش خۆیان پێیان دراوە، تا بەوەی کە دەستیان کەوتووە ڕیسوا بێن).

ئنجا ئەگاتە ئەوەیش کە هوروژم بباتە سەر موسوڵمانەکان لە بیروباوەڕیاندا. ئەوانەی کە فەرمانێک لە فەرمانە هەرە گەورەکانی ئیسلامەتییان خستۆتە پشتگوێوە کە ئەویش (پاراستنی نیشتمان)ە و خۆ ئامادەکردنە بۆ بەرەنگاریکردنی دوژمن، بەهێز، لەگەڵ نوواندنی دادپەروەریدا لەناو نەتەوەدا. ئنجا دڵ و دەروونی ئەورووژێ و لە داخانا کڵپە ئەکات، زمان و پێنووسەکەی ئەخاتە کار، هەروەک یەکێک بێ لە پێغەمبەرەکانی سەردەمی کۆن. جارێکیان وەک پێغەمبەر (أرميا)[1] ئەکەوێتە شیوەن و گریانەوە و ئەڵێ: (ئەگریم بۆ ئەوانەی کە لە دەست چوون. شیوەن ئەکەم بۆ ئەوانەی پێشینان، کوا لە کوێن، خاوەن بەزەیی و چاکەخوازەکان؟ کوا لە کوێن پیاوە مەردەکان و، پاڵەوانەکان؟ کوا لە کوێن، خاوەن یارمەتی و پشتیوانی داماوان؟ کوا لە کوێن، چاکترین نەتەوە، کە فەرمان بدەن بەچاکەکردن و بەربەستی خراپەکردن بکەن؟ کوا لە کوێن گەورە خاوەن یارمەتییەکان؟ دابەشکەرە کارگوزارەکان؟ دادپەروەرەکان؟ دەم ڕاستەکان؟ پیاوە ژیر و زرنگەکان؟ دروستکەرەکانی کۆشکی نەتەوە؟ ئاخۆ لە درزی گۆڕەکانتانەوە تەماشایەکی نەوەکانتان ناکەن کە لەپاش ئێوە چی ئەکەن؟ چی بەسەر ڕۆڵەکانتاندا هاتووە؟ هاوئایینەکانتان چییی لێ ڕوودابوون؟ ئاخۆ نابینن چۆن لە دەستووری ئێوە لایان داوە؟ چۆن ڕێگای ئێوەیان بەرداوە؟ چۆن بوون بەگومڕاه و ڕێی ئێوەیان ون کردووە؟ چۆن پارچە پارچە بوون و ناکۆکییان کەوتۆتە ناوەوە؟ ئەمانە ئەمەندە شپرزە و پەرێشان بوون، پیاو جەرگی بۆیان ئەسووتێ، دڵی بۆیان ئەتوێتەوە. وا بوون بەنێچیری نەتەوە بێگانەکان، کە ناتوانن

(١) ئیرمیا (دەوروبەری ٦٥٠ – ٥٨٥ پ. ز) یەکێکە لە چوار پیاوچاکە مەزنەکانی ئیسرائیل، پێشبینی بەکەوتنی ئۆرشەلیم کرد و داوای لە خەڵکەکەی کرد کە مل بۆ پاشاکانی بابل بدەن، بەڵام سەرزەنشت کرا و چەوساندیانەوە. لەپاش داگیرکردنەکەش لە دیلێتی ڕزگاری بوو جا هەندێ لە هاووڵاتیانی ناچاریان کرد لەتەکیاندا بەرەو میصر بینەوە... لەوێش مرد. پێشبینی وای هەیە پڕە لە سۆز و خەم و پەژارە، (چاوئەندازەکانی ئیرمیا) کتێبێکە دەڵێن گوایە هی ئەوە.



خۆیانیان لە دەست ڕزگار بکەن، خۆیانیان لێ بپارێزن. ئاخۆ کەسێک نییە لە ئێوە، لەو بەرزاییییەوە کە تیا دان، هاوارێک بکات و بقیژێنێ، گێژوویژەکانیان وریا بکاتەوە و، نووستووەکانیشیان خەبەر بکاتەوە و گومڕاکانیشیان بخاتەوە سەر ڕێ؟!). جارێکی تریش جەمالەدین، هاوار ئەکا و ئەگریی، هەروەک (يوحنا المعمدان)[1] بێ و گوناهبارەکان جاڕس بکا و لێیان تووڕە ببێ، بەو جۆرە داخی دڵی خۆی ئەڕێژێ؛ ئەڵێ:

(ناکەس ئەو کەسەیە کە لەبەر ئاڵۆشی دڵی خۆی، ناپاکی لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆیدا ئەکات. نارەسەن ئەو کەسەیە کە نەتەوەکەی خۆی، بۆ خۆشییەکی خۆی بەفرۆشتن ئەدات. بەدکار ئەو کەسەیە کە بێگانە بەخاکەکەی خۆی فێر ئەکات. هەرکەسێ ڕێ بدات بەوەی قسەی هاونیشتمانییەکانی خۆی ژێر بخات و، قسەی داگیرکەرەکان سەربخات، بێ بەش ئەمێنێتەوە لەسەر بڵندیی ئیسلامەتی. ئەو کەسە بێ ئابڕووە، کە بەبیریا دێ شوورەیییەک بهێنێت بەسەر نەتەوەی خۆیدا، بۆ ئەمەی بەزموڕەزمێکی خۆی پێک بهێنێ...

ئاخ نازانم چی بکەم! کاشکی وا نەبووایە!

ئاخۆ دڵ نەخۆش وا ئەزانێ، کە ڕێی ئەدرێ لەمە بەولاوە ئەم بەدکردارییە بکات؟ ئاخۆ وا ئەزانێ، کە ئەمەندە ئەژیی تا بەکامی خۆی بگات؟)

***

لەپاش خەباتکردنێکی گەورەی پڕ تەنگوچەڵەمە، لاپەڕەکانی گۆڤاری (العروة الوثقى)دا خرانەوە. بەڵام ئەو کاری خۆی کردبوو. لە دڵی ڕۆژهەڵاتییەکاندا تۆوی سەربەستی و خۆبەختکردنی لە پێناو سەربەستیدا ڕوواندبوو. کارێکی وا چاکیشی کردبووە دەروونیان، کە لەوە پێش نە ئامۆژگاریی خاوەن ئامۆژگاریی و نە وریاکردنەوەی وریاکەرەوە، ئەو کارەی نەکردبوو. ڕەنگە چاکترین بەڵگە بۆ گرنگیی ئەو کارەی کە (العروة الوثقى) کردوویێتییە دڵی خوێندەوارەکانییەوە، ئەو قسانە بێ کە (سەید محەمەد رەشید رەزا)، نووسیویەتی لە بابەت خۆیەوە، کاتێ کە لەم ڕووەوە ئەدوێ. لە ڕاستیدا قسەکانی زۆر بەنرخن، پڕن لە هەستێکی ڕاستەقینە و پەندێکی نایاب و پیشاندانێکی

(١) یوحەننای مەعمەدانی: کوڕی زەکەریا و یەصاباتە لە هەوادارانی یەسوعی مەسیحی، لە قورئاندا بە(یەحیا) ناوی هاتووە، لە وڵاتی یەهودا ژیا و دوایی لە ڕۆخانەی ئوردوندا دەرکەوت؛ خۆی لە ئاوەکە وەردەدا بۆ پاکبوونەوە و تۆبە، مژدەی هاتنی مەسیحیشی دەدا. بەفیت و دنەی (هیرۆدییە)ی ژنی لە دەوروبەری ٣١ پ. ز، (هیرۆدۆس) سەری بڕی و کوشتی.

هۆش و بیـری ئەو سـەردەمـە. لەبەر ئەوە بەپەرۆشـەوە بووین کـە ئەم بەشـەی پێ دوا بهێنین.(١)

خوا لێی خۆش بێ، لە لاپەڕە ٨٤ی بەشی یەکەمی نووسراوەکەیدا (مێژووی مامۆستای پێشەوا شێخ محەمەد عەبدە) ئەمە ئەڵێ:

(دانەری ئەم نـووسراوە لـە پەروەردەکـردنێکی ئایینیی دەروێشـانەدا گەورە بـووە. هەر لە تەمەنی هەرزەکاری و پێ گەیشتنیەوە، دڵی چووە بەخواپەرستی و گۆشەگیـرییدا. هیچ شتێکم ئەوەندەی خوێندنەوەی بەسەرهاتی پیاوچاکەکان و ناوی خوابردن و نوێژکردن پێ خۆش نەبوو. خرامە سەر خوێندنەوەی نووسراوی (أحیاء العلوم)،(٢) لەپێش فێربوونی زانستەکاندا. خۆم نوقمی خوێندنەوەی کرد. لە خۆیشم ئەخواست کە فرمانی پێ بکەم. پاشان خەریکی فێربوونی زانستەکان بووم. دەروێشی (تصوف)یشم واز لێ نەهێنا، ڕێگەی (نقشبندی)شم لەگەڵدا گرت. دەروێشییەکەم لە لایەکەوە باش بوو کە ئەیخستمە سەر فێربوونی زانستەکان. بەڵام لە لایەکی تریشەوە زیانی پێ ئەبەخشیم. کە چوومە (خوێندنگای نیشتمانی)یەوە، خۆم لە فێربوونی زمانی تورکی و فەرەنسی نەگەیاند. ئەوساکە بڕوام وابوو کە فێربوونی ئەوانە، کەڵکێکی ئایینیی تیا نییە. هەروەها لەوانەیش نین کە هەر لەبەر خوای گەورە فێریان ببم. (خۆ دوورخستنەوە لە بەروبوومی ژیان و قین هەڵگرتن لەسەردارەکان و پارە بەفیـڕۆدەرەکانی جیهان، وا زاڵ بووبوون بەسەرما، هەر کامێکیانم ئەدیی، لەسەر خراپەکانی سەرزەنشتم ئەکردن. جارێکیان سەرداری بیروتم، لە (مزگەوتی سەرای)دا لە شاری (تەرابلوس) سەرزەنشت کرد، لەسەر ئەوەی کە خراپ نوێژی ئەکرد. تەنانەت لەوەدا هەندێ زانایانی سەر بەفەرمانڕەوایی هەڵەیان لێ گرتم.(٣)

هەروەها زۆر کەسی تریشم، لە پیاوەکانی وەزارەتی دادپەروەریی و هی تر، سەرزەنشت

(١) ڕاستتر: پێ کۆتایی بهێنین.

(٢) (احیاء علوم الدین) کتێبێکە ئیمام (أبو حامد محمد الغزالی) کە لە ساڵی ٥٠٥ک – ١١١١ز وەفاتی کردووە، دایناوە، ناوبراو خەڵکی تووسی خۆراسان بووە، نازناوی (حجە الأسلام)ی بووە، لە کتێبەکانی تری: (تهافت الفلاسفە) کە بەرپەرچدانەوەیەکی فەیلەسوفەکانە، (المنقذ من الظلال) (مقاصد الفلاسفە). لە ژیانیدا سەری لە دیمەشق و قاهیرە و مەککە داوە، دوایی گەڕاوەتەوە نەیسابور و لە تووس کۆچی دوایی دەکات.

(٣) یان: ڕەخنەیان لێ گرتم، سەرزەنشتیان کردم...



کرد لەسەر ڕەوشتی خراپیان و هەڵگرتنی کاتژمێر و زنجیرە زێڕینەکانیان و بابەتی تر.

(پاشان وا ڕێک کەوت، جارێکیان نوسراوەکانی خوالێ خۆشبووی باوکم هەڵگێڕ و وەرگێڕ ئەکرد لە پڕ دوو ژمارەی (العروة الوثقی)م بەر چاوکەوت.

بەپەرۆشی و خۆشییەکەوە خوێندمنەوە وەک جادوو کاریان لە دڵم کرد. پاش ئەوە دەستم کرد بەگەڕان بەدوای ژمارەکانی تری دا هەندێکم لای باوکم دۆزییەوە ئەوانی تریشم لای مامۆستام (شیخ حسین الجسر الطرابلسی) دۆزییەوە. لەبەر هەموویانم نووسییەوە جار لەسەر جار ئەم خوێندنەوە. بەهۆی ئەوانەوە، لە تێگەیشتنی ئایینی ئیسلامدا چوومە سەر ڕێگایەکی تر: تێ گەیشتم کە ئایینی ئیسلام هەر بۆ گیان و بۆ ئەوە جیهان دانەنراوە، بەڵکو بۆ گیانیش و بۆ لە شیش، بۆ ئەمە جیهان و بۆ ئەوە جیهانیش دانراوە.

یەکێ لە مەبەسەکانی ئەوەیە کە مرۆڤایەتی بخاتە سەر ئەوەی لەسەر بنچینەیەکی دادپەروەریی ببێتە گەورەی سەر زەویی بۆ ئەمەی ببێتە جێنشینی خوا بۆ دامەزراندنی خۆشەویستی و دادپەروەریی لەناو مرۆڤایەتی دا.

(ئەم جۆرە تێگەیشتنە تازەیەی ئایینی ئیسلامە، بیروباوەڕێکی بڵندتری بۆ پەیدا کردم لە ڕێگا پیشاندان دا بەموسوڵمانەکان چونکە لەوە پێش هەر بەتەنگ ئەوەوە بوم کە بیروباوەڕەکانی موسوڵمانەکان ڕاست بکەمەوە، لە خراپە کردن دووریان بخەمەوە، بیانخەمە سەر بەجێ هێنانی فەرمووەدەکانی خوایی، لە جیهانیش دووریان بخەمەوە لە هەرشوێنێک بوومایە، بەدڵ و گیان ئەوەم ئەکرد تەنانەت کە بۆ هەوا دانێکیش بەخۆ(١) بچوومایە گوندەکانی (کورە) لە (لوبنان) دا، نووسراوێکی (الزواجر عن إقتراف الکبائر)م لەگەڵ خۆم ئەبرد بۆ ئەمەی بیکەم بەپاڵپشتی خۆم لە کاتی ئەو ئامۆژگارییانەدا کە ئەم دا لە هەموو کۆڕێک دا.

بەڵام لەپاش ئەوە، دڵم چووە سەر ئەوەی کە ئەبێ گشت موسوڵمانەکان بخەمە سەر ڕێگای شارستانێتی، سەرپاراستنی نیشتمانەکانیان، سەر بەربەرەکانێ لەگەڵ نەتەوەکانی تردا کە لە زانست و هونەر و پیشەسازیی و هەموو کەرەستەیەکی ژیاندا پێشکەوتوون لەبەر ئەوە دەستم کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ ئەو ئامانجانە دەستم کرد بەگەڕان بەدوای نووسراوەکانی (سەید جەمالەدین و شێخ محەمەد عەبدە)دا، بەدوای ئەو قسانەدا کە لە هەردووکیان کراوە، بەدوای ئەو نووسراوانەدا کە لەبارەی هەردووکیانەوە نووسراونەتەوە.

(١)واتە: کە بۆ پشوودانێکیش...

(وام لێ هاتبوو، پشتم ئەگرتن، بەهەموو هێز و هەڕەتێکمەوە لەسەرم ئەکردنەوە، کەسیش نەی ئەوێرا، لەبەردەمی مندا توانج و پلاریان تێ بگرێ....).

لە جێگایەکی تریشدا ئەڵێ:

(... تەنانەت هاوڕێکانم بەدڵدارێکی گرفتاری جەمالەدینیان دائەنام ڕەنگە لە هاوڕێ کانما هی وا هەبووبێ کە بەبانگ دەری[1] ئەوی دانابم، یاخود بەیەکێک لە خاوەن بانگەکانی دا نابم. بەتایبەتی هەر لەبەر ئەوەی کە ئەوەی ئەو ئەیکرد ، منیش ئەمکرد، وەک چوونە ناو کۆمەڵی (ماسۆنی)یەکانەوە و، دانیشتن لە جێگە گشتییەکاندا، و زۆرمانەوە لە ئەوروپادا و نزیک خستنەوە و ئامۆژگاریکردنی ئەوانیش کە لە خاکەکانی ئیسلام دا بوون و موسوڵمان نەبوون).

## ژیرێکی چاکەخواز و سەردارێکی زەبر بەدەست

پێش ئەمەی جەمالەدین بگاتە ئێران، ناوبانگی گەیشتبووە ئەوێ زانا و گەورە پیاو و ریش سپییەکان باشترین پێشوازییان کرد.

ماڵەکەی بووبوو بەجێگای زانست و وێژە و نیشتمان پەرستییەکی نایاب و گەرموگوڕ، لە هەمووولایەکەوە دۆستەکانی و دەروێشەکانی ڕوویان تێ ئەکرد ولێی کۆئەبوونەوە.

(ناصرالدین شاه)[1]یش ویستی کەڵکی لێ وەرگرێ و بەهۆی یەکێکی وەک ئەوەوە شانشینەکەی خۆی بڵندبکاتەوە دەست بەجێ کردی بەوەزیری جەنگ و ماوەی دایە کە بەئارەزووی خۆی کاروباری لەشکر ڕێک بخات بەڵام لەپاش ئەمەی بۆی دەرکەوت کە دەسەڵات و گەورەیی ڕۆژ بەڕۆژ پەرە ئەسێنێ و، ئارەزوویەکی زۆر بەهێز و هەڕەتی بێ باکانەی تیا دیی بۆ گۆڕینی هەموو شتێکی کۆن و ڕزیو لە هەڵسوڕاندنی فەرمانڕەوایی فارس دا.

بۆ ورباکردنەوەی نەتەوە و هاوبەش کردنیا لە فەرمانداریی خۆی دا لە هێز و هەڕەتەکەی

(١) بانگ دەر: مەبەستی (الداعیة)یە.

(١) ناسرەدین شا (١٨٣١– ١٨٩٦) لە دایکبووی تارانە لە بنەماڵەی قاجاریەکان کە حوکمڕانی ئێرانیان دەکرد، دەیویست وڵات بەرەو شارستانیەتی نوێی ئەوروپا بەرێ؛ بۆیە گەلێ سەردانی ئەوروپای دەکرد. ئابلۆقەی (هرات)ی ئەفغانستانی دا، بەڵام ئینگلیزەکان لەملاوە باشووری ئێرانیان گرت، جا ناچار لەوێ کشایەوە، لەسەردەمی ئەمدا (بەهائیەکان) پەرەیان سەند و بڵاوبوونەوە. (میرزا رەزا کرمانی) ناوێک بەدەسیسەی جەمالەدین تیرۆری کرد.



ترسی لێ نیشت و دڵی لێ کرمێ کرد، ئنجا دەستی کرد بەنزیک خستنەوەی ئەوانەی چاویان پێ هەڵ ئەهێنا و بەربەرەکانێ یان لەگەڵ ئەکرد، لە (زانا کۆنە پەرستەکان)، بەو مەبەسەی کە کزی بکات و پاش ماوەیەک لە کۆشکی شاهانەی دووربخاتەوە.

بەڵام جەمالەدین، هەستی بەڕقە بەریی شا کرد، پەیی بەو داوانەیش برد کە دوژمنەکانی بۆیان ناوەتەوە زۆری پێ نەچوو لە شای خواست کە ڕێگەی بدات بچێ بۆ (رووسیا) ئەویش ڕێی دایێ بچێ و بەم خواستەی جەمالەدین دڵی دامرکایەوە.

جەمال چوە (مۆسکۆ) و لەوێشەوە خۆی گەیاندە (بەتریسبورگ)[1] پایتەختی چارەکان لەوێ دەستی کرد بەووتاردان لە جێ کۆبوونەوەکانیا و، وتار نووسین لە ڕۆژنامەکانیا لە بابەت فرۆفێڵی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە.

مانەوەی لە ڕووسیادا چوار ساڵی خایاند بەڵام ئەم ماوەیەی ژیانی بەتەواوەتی دەرنەکەوتووە کەچی کردووە و چیی بەسەرا هاتووە لەوێ تەنانەت هۆی چونیشی بۆ رووسیا نەزانراوە تا ئێستا بەڵام زۆرتر بەلای ئەوە دا ئەچین کە مەبەسی لەوە ئەوە بووبێ کە ئەم فەرمانڕەواییە هان بدات لە ئینگیلتەرە و، ڕاشی بکێشێ بۆلای خاکە ڕۆژهەڵاتییەکان کە یارمەتییان بدات لە بەرەنگاری کردنی داگیرکەری دا هەروەها لەوەدا گومان نیە، کە سی ملیۆن موسوڵمانەکەی ناو ڕووسیایش، پاڵی پێوەناوە بۆ ئەو کۆچەی، تا تێ بکۆشێ بۆ ڕاستکردنەوەی کاروباریان و، رزگاریشیان بکات لە دەست زەبروزەنگی چار، کە لەژێر باری زۆرداری خۆی دا ریسوای کردبوون و پشتیشی شکاندبوون ئەوانەی ژیانی جەمالەدین یان نووسیوەتەوە، پڕبەدڵ دەریان خستووە کە چەند جارێک لەگەڵ چاردا کۆبۆتەوە و، سکاڵای سەرگەردانی ی موسوڵمانەکانی رووسیای بۆکردووە و، تکاشی لێ کردووە کەڕێیان بدات نووسراوە ئایینییەکانی خۆیان لە چاپ بدەن چاریش بێ دڵیی ئەوی نەکردووە، خواستەکانی بۆ جێبەجێ کردووە.

لەوکاتەدا کە (سەید) لە (پەتریسبورگ) بوو، (ناسرەدین شا) هاتە ئەوێ و ئارەزووی پیشان دا کە لەگەڵیا کۆبێتەوە.

(١) سان بترسبورگ: شارێکی گەورەی ڕۆژئاوای وڵاتی رووسیایە، بەندەرێکە بەسەر ڕووباری (نیڤا)وە، بەر لە بەلشەمینەکان پایتەختی رووسیای قەیسەری بووە، ئەوکاتە پێیان دەگوت (پترۆگراد)یان (سان بترسبورگ) بەڵام دوای ئەکتۆبەری ١٩١٧ناوەکەیان کرد بە (لینین گراد) مەڵبەندێکی گرنگی پیشەسازی و ڕۆشنبیری یە لەو وڵاتە.

جەمالەدین، ئارەزووەکەی ئەوی خستە پشت گویّ و لەگەڵیشی کۆ نەبووەوە کە چار لێی پرسی هۆی ناکۆکی تۆ و شا چییە؟

لە بابەت فەرمانڕەوایی ڕاوێژ دارەوە بیروباوەڕی خۆی بۆ دەرخست و، پێویستیشی پیشان دا بۆ هاوبەشیکردنی نەتەوە لە فەرمانڕەوایی خۆی دا گوتی شا ئەم بیروباوەڕانە پەسەند ناکات و نایش هێڵێ بخرێنە کار چاریش پێی گوت: (لام وایە شا مافی هەیە وا بڵێ ئایا چە شاهێک ئەوە پەسەند ئەکات کە بکەوێتە ژێر چنگی جوتیارەکانی خاکەکەی خۆیەوە؟) (جەمالەدین)یش پێی گوت: (خاوەن شکۆ! لام وایە ئەگەر ژێردەستەکان کە بەملیۆن ئەژمێرێن، دۆستی شاه بن، چاکترە لەوەی کە دوژمنی بن و بۆ هەلێک بگەڕێن پەلاماری بدەن، دڵیشیان پڕ بێ لە ژەهری پشم و قین و ئاگری تۆڵەسەندن!).

چار، دەموچاوی تێک چوو هەڵسا و جەمالەدینی بەوشکییەکەوە بەجێ هێشت پاشان بەپیاوەکانی خۆی گوت کە بەگورجی لە ڕووسیای بکەنە دەرەوە بەشیرینی، لەوە ئەترسا کە ئەو تۆوە چاکەی ئەیپرژاند، خاکێکی بەپیت بدۆزێتەوە لە ڕووسیادا و نەتەوەکەی لێ ڕاست بێتەوە بۆ بەرەنگاری کردنی ئەو زۆروستەمەی کە لێیان ئەکات.

وارێک کەوت ئەو ساڵە نوێن گاه (معرض)ێک لە (پاریس)دا کرایەوە، هی ساڵی ١٨٨٩ جەمالەدین چو بۆ ئەوێ شای ئێرانیش لەپێش ئەودا گەیشتبووە (پاریس) بۆ چاوپێکەوتنی نوێنگاهەکە لە شاری (میونیخ) پایتەختی (باڤاریا)دا هەردووکیان بەیەکتر گەیشتن شا گەڕابووەوە لە پاریس، (جەمالەدین)یش لە ڕێگادا بو بۆ پاریس.

وا دەرئەکەوێ کە (ناسرەدین شا)، بەدڵ ئەیەویست جەمالەدین بباتەوە ناو کۆڕەکەی خۆی بڕوای وابوو کە ئەتوانێ جەمالەدین ڕام بکا و چەواشە بکا و وەک خۆی ئەیەوێ بیخاتە گەڕ.

وای ئەزانی کە بەوەی دەربارەی کردووە لە ئێران دا، فێری ئەوەی کردووە کە ملی بۆ کەچ بکات و هەرچیشی پێ بڵێ بەقسەی بکات ئنجا کە لە شاری (میونیخ)دا چاویان بە یەکتر کەوت زۆری لێ کرد کە لەگەڵیا بگەڕێتەوە بۆ فارس لەپێشدا جەمالەدین بەر پەرچی دایەوە و پێی لێ داگرت کە هەر ئەبێ بگاتە پاریس بۆ ئەمەی نوێنگاهەکەی ببینێ بەڵام شا وازی لێ نەهێنا.

سەری کردە سەری و زۆری لێ کرد، تاوازی پێ هێنا لە گەشتەکەی و لەگەڵیا گەڕایەوە (تاران) شا بەهاودەمەکانی خۆی ئەگوت بەبەرگوێی جەمالەدینەوە کە جەمالەدین پیاوێکی



زاناو خاوەن فڕوفێڵ و جەنگاوەرە، هەڵ ئەگرێ بکرێ بەسەرەک وەزیر و کاروباری نەتەوەی بدرێتە دەست هەڵی سوڕێنێ.

لە (جەمالەدین)یش وابوو، کە شا لە هەڵەکەی پێشووی خۆی پەشیمان بۆتەوە و هاتۆتە سەر ڕێی ڕاست، ئەمجارە بێتەوە بەتەواوەتی ماوەی ئەدا کە بەئارەزووی خۆی کاروباری فارس هەڵ بسوڕێنێ و هەرچی ڕاستکردنەوە و چاکەیەکی گشتیش پێویست بێ بۆ ئەو خاکە، ئەهێڵێ جێبەجێی بکات.

(جەمالەدین)یش هەر ئەوەندە گەیشتە پایتەختی ئێران و پەیوەندییە بەهێزەکانی خۆی تازەکردەوە لەگەڵ ناوچە زانستی و فڕوفێڵەکاندا، شای ئێرانی ئاگادار کرد لە خواستی دڵی خۆی؛ کە ئەویش دانانی دەستورێک بو بۆ خاکی ئێران، تا لەسەر ڕێ و شوێنی ئەو، کاروباری گشتی هەڵ بسوڕێنرێ و بەپێی فەرمانی ئەو دادپەروەری بکرێ شا لەپێشدا لەم بیروباوەڕە دڵگیرنەبوو بەرپەرچیشی نەدایەوە بەڵکو ئارەزووی پەسەندکردنی هەبوو.

بەڵام ئەوانەی پێی وروژان، کۆنە پەرستەکان و، خاوەن زەوییە گەورەکانی هاودەم و یاریدەدەرەکانی بوون ئەوانەبوون کە بەزەبروزەنگ خاکی ئێرانیان ئەبرد بەڕێوە فەرمانڕەواییان بەئارەزووی خۆیان هەڵ ئەسوڕاند شەڕێکی ئاشکرایان هەڵگیرساند بەرامبەر جەمالەدین.

توانیشیان (ناسرەدین) بخەنە سەر ئەو بیروباوەڕەی کە هێشتا نەتەوەی ئێران ئامادە نەبووە بۆ ئەم جۆرە ڕاستکردنەوە و چاکە نوواندنە دەسەڵاتی شای ئێرانیش بەو دەستوورە ئەبەسترێتەوە دووریش نیە کە ببێتە هۆی لە دەست چوونی تەختەکەی!...

شا جەمالەدینی بانگ کردە لای خۆی لێی پرسی ناوەڕۆکی ئەو دەستوورەی ئامادەی ئەکات چییە؟ ئەویش تێی گەیاند.

شای ئێرانیش پێی گوت: (سەیدی بەڕێز! بەلای تۆوە ڕەوایە کە یەکێکی وەک من شاهەنشاهی ئێران بێ، وەک جوتیارێکی لێ بێ؟) سەیدیش وەرامی دایەوە، گوتی: (ئەی شاهی خاوەن شکۆ! حەز ئەکەم بزانیت کە شا کڵاوەکەت و، گەورەیی دەسەڵاتەکەت و، چوارپێچکەی تەختەکەت، بەسایەی فەرمانڕەواییەکی دەستوورییەوە، گەورەتر و، بەچنگ تر و، دامەزراوتری لێ دێ لە ئێستا.

جووتیار و کرێکار و پیشەسازەکانی نیشتماکەیش، ئەی خاوەن شکۆ، بەکەڵک ترن لە گەورەییەکەی تۆ و لەسەردارەکانی ژێر دەستی تۆ تکایە ڕێم بدەی کە دڵسۆزیم بەتەواوەتی

ئاشكرا بكەم، تا كار لەكار نەترازاوە: بێ گومان ئەی خاوەن شكۆ، دیوتە و خوێندویشتەوە، كە نەتەوەی واهەبووە، بتوانێ بەبێ خونكار بژیی، بەڵام هەرگیز دیوتە خونكارێک بەبێ نەتەوە و ژێردەست ژیا بێ؟)

شا رقی لە جەمالەدین زۆر هەڵسا دڵی لێ گۆڕیی، لێی ئەترسا ئەوەیش كە پاڵی پێوەئەنا، لەسەر ئەم دوژمنایەتییەی خۆی بڕوات بەرامبەر جەمالەدین، ئەوەبوو كە (سەید) بەرەنگاریی دەست درێژیی بێگانەكانی ئەكرد، كە ئەیان ویست لە ڕێگای پڕۆژە ئابوورییەكانی داگیركەرییەوە لە خاكی ئێراندا دەست بسێنن و دەسەڵاتی پەیدا بكەن.

شا بۆ هەلێک ئەگەڕا كە (سەید)ی پێ سەرئەنگرێ بكات جەمالەدینی زرنگ و تێگەیشتوو، هەستی بەو داوانە كرد كە بۆیان ئەنایەوە هەستا و خۆی گەیاندە شارێكی بچووكی نزیک بەپایتەخت، كە گۆڕی (عبدالعظیم)ی لێ بوو ئەمیش لەبەر ئەوەی كە یەكێک بوو لە پێشەوا گەورەكان، هەوارەكەی بەرز و پیرۆزبوو لەلای هەمووان هەركەسێ بچوایەتە ناوی، لە خۆی دڵنیا ئەبوو، كە كەس ئازاری نادات و دەستی بۆنابات.

لەوێدا حەوت مانگ مایەوە پۆل پۆل دەروێشەكانی ئەچوونەلای ئەویش وتاری بۆئەدان، توانج و پلاری ئەگرتە شا، لەسەر كردەوە خراپەكانی، كە یەكێک لەوانە ڕێككەوتنی بوو لەگەڵ بێگانەكان دا لەسەر تاڵانكردنی نیشتمانەكەی خۆی.

هانەی ئەدان لەتەخت بیهێننە خوارێ، بیری ڕۆشن ئەكردنەوە كە مافی خوراویان بزانن چیە و سەربەستیشیان كێ داگیری كردووە(ناسرەدین شا) تەواو پێی تەنگەتاو بووبوو سەید جەمال لە پڕ نەخۆش كەوت و چووە ناو جێگاوە و نە ئەهاتە دەرەوە و وتاریشی بۆ نەئەدرا لەبەر ئەوە شاگردانیشی ئەو ماوەیە وازیان لە چونەلای هێنا شا ئەمەی بەهەل زانی.

پێنج سەد سواری خاوەن چەكی كردە سەری لە جێگاكەی دەریان هێنا گوتی: (لە شێوەیەكی زۆر سوكی و ڕیسواییی دا كە هەرگیز بەبیردا نایەت، منیان بەسەر بەفرا ڕاكێشا تا بردیانمە سەرا... پاشان دڕندەكانی شا، منیان بەو نەخۆشییەوە فڕێ دایە سەر پشتی بارگیرێک، بەزنجیر و پا لەهەندەوە، لەو كەشی زستانەدا كە پڕی بوو لە بەفر و بای ساردوسڕ، چەند تیپێک سوارە منیان كێش كرد بۆ (خانەقین) كە لەسەر سنووری عێراق دایە.

شا هەر ئەوەندەی بەس بوو كە جەمالەدین لە كۆڵی بێتەوە ئیتر دەستی كرد بە بازرگانی بەسەر سامانی نیشتمانەكەیەوە.



بەرامبەر بەدامەزراندنی (بانكی شاهانی) لە ئێران دا، پارەی لە (بارون یۆلیۆس لۆڤەرن) وەرگرت ئنجارێی دایە دایبمەزرێنێ و پارە بەناوی فەرمانڕەواییی ئێرانەوە دەربكات.

هەروەها ڕێی ئەوەیشیدا كە كان لە هەموو كانگاكانی ئێراندا دەربهێنێ ڕێیشیدا هەرچی (......... = تنباک)[1]ی خاكی ئێران هەیە هەر ئەو بیكڕێ و بازرگانی ی پێوە بكات بۆ ئەم هەموو پڕۆژە گەورانە ڕێی دا بەكابرا لە چەند مەرجێكی هەزاران و تاڵان بەولاوە نەیخستە سەری لە ناكاو جەمالەدین، لە شاری (بصره)ی عێراقەوە هوروژمێكی گەورەی نووسین و قسەی بردە سەر ناسرەدین شا، لە ڕۆژنامەكان و جێ كۆبوونەوەكاندا لە پارە بەفیڕۆ بەخت كردنەكەی ئەدوا، لە بابەت ئالۆش و خرۆشەكانیەوە قسەی ئەكرد كە هۆگری بووبوو دەربارەی پەرش و بڵاوكردنەوەی سامانی نەتەوەوە ئەینووسی و قسەی ئەكرد كە بەخۆڕاییی ئەڕوا نامەیەكی دوورودرێژی نووسی بۆ (حاجی میرزا محەمەد حسینی شیرازی) كە گەورەی پێشەواكانی (شیعە) بوو، هەرچی خراپییەكی فەرمانڕەواییی ئێران هەیە، شپرزەیی و سەرگەردانی و هەژاریی و هەناسە ساردیی گەلی ئێران هەیە تیاپیشان دابوو تیا نووسیبوو:

(ئەی خواناسی هەرە گەورە! شا لە كەڵک كەوتووە، ڕەوشتی خراپ بووە، هەستی كزبووە، دڵی ڕەش بووە. وای لێ هاتووە كاروباری نیشتمانەكەی بۆ نابرێ بەڕێوە چاكە و كەڵكی نەتەوەكەی بۆ نابرێتە سەر...) ئینجا ئەڵێ: (پاشان ئەو بەشی هەرە گەورەی خاكی ئێران و گەنجینەكانی فرۆشتووە بەدوژمنەكانی ئایین: وەک كانەكان و ئەو ڕێگایانەی ئەیانگەنێ وەک ئەو شەقامانەی كە ئەوانە ئە بەستێتەوە بەسنوورەوە وەک ئەو خانانەی كە لەملاولەولای ئەو هەموو ڕێگا و شەقامانەوە دروست ئەكرێن، كە هەموو لایەكی ئێران ئەگرنەوە، لەگەڵ ئەو رەز و باخ و كێڵگانەدا كە ئەكەونە ئەملاوئەولای ئەو شەقام و ڕێگایانەوە هەروەها ڕووباری (كارون) و ئەو میوانخانانەیش كە لەم بەرو لەوبەریەوە دروست ئەكرێن تا سەرچاوەكەی لەگەڵ هەموو باخ و مێرگێكدا كە بەو ڕووبارە ئاو ئەدرێن هەروەها شەقامی (ئەهواز- تاران)یش لەگەڵ ئەو ساختمان و میوانخانانە و، رەز و باخ و كێڵگانەی كە لەملا و لەولایدان دیسانەوە (توتنی نێرگەلە) و كیڵگەكانی و كۆگاكانی، لەگەڵ ئەو خانوانەی كە بۆ پاسەوان و كۆڵ هەڵگر و فرۆشیار پێویستن لە هەر كوێیەكابن

(١) تنباک:، تبگ، تبغ = تووتن

و کەی ببن هەروەها دەست گرتن بەسەر ترێ دا، بەمەبەسی مەی دروستکردن لەگەڵ ئەو دوکان و کارگە و کارخانانەدا کە لە هەر سوچێکی ئێراندا بەکاری دێ.

بێجگە لەوانە سابوون و مێو و شەکر لەگەڵ ئەو کارگە و کارخانانەدا کە پێویستن بۆ دروستکردن و پوختەکردنیان هێشتا ماوە لە بانکیش بدوێین ئەگەر ئەتەوێ بزانین بانک چییە، بام پێت بڵێم: کە بریتییە لەوەی جڵەوی نەتەوەی ئێران هەموویان بدەیتە دەست دوژمنی موسوڵمانان تا بیانکات بەبەندەی خۆی، بیانکڕێت، ئەوانیش ملی بۆ کەچ بکەن و بیکەن بەگەورەی خۆیان لەگەڵ ئەمانەشا هەمووی، شاهی ناشی و گێژ و وێژ ئەیویست بۆرە پیاوانی ئێران بەقسەی پڕوپوچ چەواشە بکات، بە تووڕەبوونێکەوە ئەیگوت: ئەمانە هەموو پەیماننامەو ڕێککەوتنێکی دەمودەستین، لە سەد ساڵ زۆرتریان پێ ناچێ!...)

نەتەوەی ئێران تا ئەهات پشم و قین یان لە شا زۆرتر هەڵ ئەگرت جا ئەم قسانەی جەمالەدین ئەو پشم و قینەی گڕتێ بەردا و تەقاندی (حاجی میرزا حسینی شیرازی)یش نامەیەکی نارد بۆ شاه، وای تیا نووسیبوو:

کە ڕێ دان بە بێگانەکان بەرووبوومی خاکە کە بچننەوە، هەروەها فرۆشتنی مافەکانی نەتەوە بەبێگانە، کاروبارێکن نە ئایین ڕێ ئەدا بکرێن، نە یاساو دەستوورەکان ڕێی پێ ئەدەن زاناکانی ئێران و ڕۆشنبیرە سەربەستەکانی هەموو پشتیان گرت بەڵام (ناسرەدین) نەگوێی دانی، نە بایەخیشی بەقسەکەیاندا لە جیاتی ئەوە دەستی کرد بەگرتن و ئازاردانی نیشتمان پەروەرە گەورەکان. (تەورێز) ورووژا، پاش ئەویش (أصفهان) و (شیراز) ورووژان پێشەوای گەورەیش پەنای بردە بەر چەکی ئایین بڕیارە بەناوبانگەکەی خۆی دا لە بابەت

نەکێشانی توتنی نێرگەلەوە کاتێکت زانی هەموو ئێرانییەکان دوای قسەی کەوتن و وازیان لە کێشانی توتنی نێرگەلە هێنا، کە بەدڵ حەزیشیان لێ ئەکرد. شا لە دەستیا شکا، هەر ڕەنجێکی دا لە پێناو شکاندنی بەرگە گرتنی نەتەوەدا بە باچوو زۆریش خەریک بوو بەهەڕەشەکردنی بارەگای (حاجی میرزای شیرازی)یەوە، بەڵام پێشەوا بایەخی بەهەڕەشەکردنەکەی شا نەئەدا، تا ئەهات شێرگیرتر ئەبوو بە بڕیارەکەی خۆیەوە دوایی ناچارما گوێ بداتە قسەی نەتەوەکەی خۆی لەگەڵ هاوبەشییە بێگانەکەدا ڕێککەوتن کە پەیماننامەکە هەڵبوەشێننەوە بەمەرجێ پارەیەکی نیو ملیۆن لیرە بدرێ بە (میستەر تالیۆت) لە تۆڵەی ئەوەدا کە پەیمانەکەی لێ تێک دراوە دیارە ئەوەیش شەبازللەیەکی بەهێزبوو، کە لە هێز و دەسەڵاتی ئینگلیزەکان کەوت لە ئێران دا.



جەمالەدین، هەر بەم سەرکەوتنەی نەتەوەی ئێرانە وازی نەهێنا هەر لەسەر هانەدانی خۆی ئەڕۆیشت، تا گەرمە بەخەبات کردن بدرێ بۆ شکاندنی پێوەندی بەندەیی شا بەتەواویی ئەوساکە، لە (بصره)دا هاتبووە وە سەرخۆی، تەندروستییەکەی گەڕابووەوە دۆخی جاران لەوێوە چوو بۆ (لەندەن) لەوێ دا بوو بەهاوبەشی دەرکردنی گۆڤارێکی مانگی ناوی (ضیاء الخافقین)بوو، بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەرئەچوو لەوێ دا دەستی کرد بە نووسین لەژێر ناوی: (السید الحسینی)دا وتارەکانی ئاگر و ڕۆشناییبیان لێ ئەهاتە دەرەوە چەند هوروژمێکی بەهێزی بردەسەر زۆرداریبیەکانی فەرمانڕەوایی خاوەن زەبروزەنگ و زەوی داریی لە میسر و ئێراندا لە ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارەدا، کە لە مانگی ڕەشەمێی ١٨٩٢دا دەرچووبوو، لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی (کاروباری ئێستای فارس) نووسیبوو، وا لە خوارەوە چەند پارچەیەکی مێژوویی گرنگی لێ ئەگێڕینەوە:

(... فەرمانڕەوایی، دەستووری ئاینی لەناوبرد، یاسای شارستانێتی یشی نەویست و خۆی لێ دوورخستەوە، تیزیشی کرد بەیاسای هۆش و سروشتی ئادەم زادی، ئەویشی خنکاند، ئارەزوو نەبێ کەس گەورەی نییە، چاوچنۆکی نەبێ کەس فەرمان نادا، زۆرداریی و چەواشەکردن نەبێ هیچ شتێ کاروبار هەڵناسوڕێنێ فەرمانڕەوایی بریتییە لە لەش داغ کردن و شیر وەشاندن و کوتەک لێدان خوێن ڕشتن دڵی خۆش ئەکات، ئابڕووبردنی ئەم و ئەو سەری بڵند ئەکاتەوە، تاڵانکردنی بێوەژن و هەتیوان بەسەیر ئەزانێ، لەو خاکەدا ئاسایش هەڵگیراوە، دانیشتوەکانیشی هیچیان بۆ نەماوەتەوە ژیانی خۆیانی پێ بپارێزن لە دەست زۆروستەم، هەڵهاتن نەبێ.

(پێنج یەکی ئێرانی یەکان دەربازبوون بۆ خاکەکانی (عوسمانی) و رووسیا لەویانەدا ئاوارەیی بە کووچە بازاڕەکان دا ئەسوڕێنەوە ناچاربوون ببنە کۆڵ هەڵگر و گەسک لێ دەر و خۆڵ فڕێ دەر و ئاوهێنەر ئەوانە لەگەڵ ئەوەیشا کە بەتێروپڕیی و سەروچاو تەپو تۆزاویی و پیشە سووکییەوە ئەژین، سوپاسی خوا ئەکەن کە گیانی خۆیان بۆ ڕزگارکراوە...

(لە خاکی ئێراندا، بۆ باج سەندن و پارە کۆکردنەوە و سەرانە و گومرگ ئەندازەنیە تاوانباریی لەسەر بنچینەی ڕاستی ئاڕاستە ناکرێ، نە ئایین پێی ڕەوایە، نەهۆش، سزادان لە ژمارە نایەت ئەمانە هەموو بەدەست دەسەڵاتی ئارەزوو و چاو چلێسی و زۆرداریبیەوەن فەرمانڕەوایی بێ دەستوور، بێ یاسایە بێ پێڕەویی هەموو کەسێ بەئارەزووی خۆیەتی، چی ئەوێ و چی ئەتوانێ بیکات، ئەیکات بڕیاردانی سەردار بەربەست کەری نیە، چ بڕیارێک بدا بۆی ئەچێتە سەر لەسەر دراوسێ، دراوسێ تاوانبار ئەکا، بەبۆنەی تاوانی بێ

تاوانێکەوە کە خۆی بۆی دروست ئەکات دێیەک وێران ئەکات هەموو کەسێ بەلای ئەوەوە ئۆبالّی هەمووان بەئەستۆیەتی... (هەموو سەردارێکیش بەپێی گەورە و بچووکیی جێگاکەی و دەسەلاّتی، هەموو سالّێک دیارییەک پێشکەشی شا ئەکات پاشان ئەویش، هەر کەسێکی لەگەلاّبێ بۆ فرمانی فەرمانڕەوایی یاخود بۆ فرمانی خۆی، وەک کارگێڕ و نووسەر و یارمەتی دەرو بالّباز و کەللە پەڕێن و چیشتکەر و دەس و پێوەند و مەیتەر و کاروان گێڕ لە تولّەی فرمان پێ کردنیان شتێکیان لێ ئەسێنێ نەسەردار مووچەی هەیە لای فەرمانڕەوایی نە ئەو فەرمانبەرە بچووکانەیش هەیانە.

جا ئەم گەلە دڕندەیە و ئەم کەمتیارە برسییانەت کە لە ناکاو ئەدەن بەسەر دانیشتوانی خاکەکەدا، پەلامار ئەدەن و ئەکوژن و ئەبڕن و ئەخۆن و مالّ کاول ئەکەن، نەبەزەییان بەکەسدا دێتەوە، نەهۆشێکیان هەیە پێیان بلّێی هۆش!... هەش بەسەر ئەو نەتەوەیەی کە ڕۆژگار خستوێتییە بەرچنگی فەرمانڕەواییەکی دڕی زۆرداری وەک ئەم فەرمانڕەواییە...

(ئنجا سەردار و بەردەستەکانی بۆ ئەمەی ئەوەی پێشەوە داویانە و، ئەوەیش کە بەلّێنیان داوە لەوەدوا بیدەن بە ژوور خۆیان، دەستیان بکەوێ، لە ماوەی فرمانی بینینیاندا کە نایزانن چەند درێژ ئەبێتەوە، هەرچی دەستیان بڕوا لە کاروکردەوەی گەنگ و نەنگ و ناپەسەندا پەڕوایان لەکەس نیە ئەیکەن... ئافرەت بەپرچدا هەلّ ئەواسن، پیاو لەگەلّ سەگی دڕدا ئەخەنە جەوالّەوە، گوێ ئەکوتن بەتەختەدا بەبزمار، پەت ئەخەنە لوتەوە و ئەو بێچارەیە بەو شێوە پڕ لە ئازارەوە بەناو کووچە و بازاڕەکاندا ئەسوڕێننەوە. سووکترین ئازاردانیان بریتییە لە داغ کردنی لەش و دارکاری کردن.[1]

(١) سەیروسەمەرەی ڕۆژگار لەوەدایە کە ئەم زولّم و جەورەی جەمالەدین باسیان لێوە دەکات، لە ١٨٩٢دایە، بەلاّم نەیدەزانی کە لە کەمتر لە سەد سالّی داهاتووی تردا و بەپالّ ئێرانەوە و لە سەردەمی رزگاری و سەربەستی گەلاندا و چوونە ناو مانگ و بەرەوپێشەوەچوونی شارستانییەتەوە، لە عێراقی بەعسی سەدامدا دڕندەترین و وەحشیگەرترین ستەم و ئیستیبدادێکی وا ئەنجام دەدرا دژی گەلی کورد بەتایبەتی و عێراقی بەگشتی، کە ئەمانەی ئەو باسیان لێوە دەکات زۆر ئاسایی و سووکن، ئەو زولّم و جەورەی سەددام بەبەرچاو و گوێی گشت دەولّەت و ڕێکخراو و حزبە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکانی دنیای موسلّمانەوە ئەنجامدەدران، بەبەرچاوی ئەو ئیسلامی سیاسییەوە کە جەمالەدین لە پێشەنگەکانی سەرهەلّدانیان بووە، بەلاّم کە بەعسی سەدام و رژێمە زالّمەکەی نغرۆ کران، گشت ئەو لایەنانە کەوتنە قورپێوان و سنگ کوتان و ڕوومەت ڕنینەوە بۆی و بۆ (ئەو ئیسلامەی کە لە عێراقدا داگیر کراوە!!».



(فەرمانڕەوایی ئێران، مووچە بەسەربازەکانی خۆی نادات، نەمانگانەیشیان ئەداتێ، نە سالاّنە، هەربەڕەلّلاّیان ئەکات بۆ دەست و بازووی خۆیان و هونەرمەندیی خۆیان لە تالاّنکردن و دزیندا جا سەیرکە نەتەوەی بەسەزمان، بەدەست فەرمانڕەواییەکی ناشی و زۆرداری واوە چیی بەسەر هاتبێ!...)

لە ژمارەی دووەمی گۆڤارەکەدا کە بەرمانگی نەورۆزی سالّی ١٨٩٢ ئەکەوێ وتارێکی بلاّوکردەوە، لەپێشەوە ناوی زانا و پیاوە ئایینییە گەورەکانی ئێرانی بردبوو، ڕووی قسەکەی لەوان بوو، داوای لێ کردبوون کە (شای زۆرداری زەردە مار) لەتەخت بهێننە خوارەوە چونکە لەوەتی هاتۆتە سەرتەخت (ڕۆژ بەڕۆژ مافی زاناکان داگیر ئەکات و، سووکیان ئەکات و، قسەیان ئەشکێنێ ئەویش هەر بۆ ئەمەی ئارەزووی زۆروستەمی خۆی بەفرمانە بێ فەڕەکانی خۆی دامرکێنێتەوە و، ماوەی زۆرداری و بەدکاری خۆیشی فراوان تر لێ بکات) کە بەهۆی ئەوە وە: (ڕێگای بۆ کرایەوە بۆ شکاندنی نەتەوە و، وێران کردنی نیشتمان هەموو کردەوەیەکی نەنگ و دڕندانەی تاقی کردەوە، هەموو ڕەفتارێکی ناشیرین و ناپەسەندی نوواند هەر پارە و پوولێکی لە ڕەنجی شانی هەژار و بێ دەسەلاّت پچڕیبوو، هەمووی لە کەتن و داوێن پیسی و بەزمورەزمی ناشایستەدا بەفیڕۆدا... نە لە فرمێسکی هەتیو باران سلّەمییەوە، نە لە هاوار و فەریادی بێ باوکان دلّی ڕاچەنی...)

قسەکانی و وتارەکانی، لە خاکی ئێران دا دەنگێکی گەورەی دایەوە کۆمەلّەکان و گەلەکانی نەتەوەی بزواند، دەستەکانی زانا و ڕۆشن بیرەکانی وروژاند، بۆ بینینی ئەو زۆر و ستەمانەی کە لە نیشتمانەکەیاندا ئەکرێ چاوی کردنەوە، ورە و نیاز و ئارەزوویشی بەهێزکردن بۆ خەبات کردن لە پێناو لابردنیا. (ناسرەدین شا)، هەستی کرد کەوتۆتە تەنگوچەلّەمەیەکی گەورەوە ڕاسپاردەکەی (لەندەن)ی خۆی ناردەکن سەید جەمالەدین، هەر پارەیەکی ئەوێ بیداتێ و دەمکوتی بکات بەلاّم زرنگی تێگەیشتوو، بێزی نەهات دەست لە پارەی زۆردارییەوە بدات بەسەربەرزی و دەروون پاکی و ڕاستی پەرستییەکەی خۆیەوە گوتی:

(بەخوا سوێند ئەخۆم بەهیچ واز ناهێنم بەوە نەبێ کە شا بکوژرێ و سکی هەلّدڕرێ و گۆڕ بەگۆڕ کرێ!)

شازادە (شەکیب ئەرسەلان) ئەلّێ: کە ناسرەدین شا زانی بەهیچ کلۆجێک جەمالەدینی بۆ دلخۆش ناکرێ، ناردیە کن خونکار (عەبدولحەمید) تکای لێ کرد، جەمالەدین کێش بکاتە لای خۆی، بەلّکو ئەمە خوایە لەژێر چاودێریکردنی ئەودا، لەدەست زمان و دەستی

ڕزگاری ببێ لە ڕاستیدا زۆری پێ نەچوو، جەمالەدین بەهۆی (ڕۆستەم پاشا)ی ڕاسپاردەی فەرمانڕەوایی (عوسمانی)یەوە لە (لەندەن)دا نامەیەکی لە (مابینی هومایۆنی)[1]یەوە وەرگرت، بانگی کردبوو کە بچێتە ئەستەموڵ بەو بیانووەوە کە خۆی تەرخان کردووە بۆ خەبات کردن لە پێناوی نیشتمانەکەی خۆی دا.

تکای بەخشینی کرد لە چوونی بۆ ئەوێ بەڵام نامەکانی (مابین)، پەیتا پەیتا ئەهاتنە سەری بەگەرمی داوای هاتنیان ئەکرد، لە ئەندازە بەدەر ڕوویان لێ ئەناو تکایان لێ ئەکرد وازیان لێ نەهێنا، تا ناچاربوو لەندەنی بەجێ هێشت و لە ساڵی ١٨٩٢دا گەیشتە ئەستەموڵ.

ئەو دەمە تەمەنی پەنجاو چوار ساڵ بوو نیازی هەر ئەوەندەبوو چەند ڕۆژێک لەوێ بمێنێتەوە و بگەڕێتەوە جێی خۆی. بۆ سەر فرمانەکەی خۆی.

ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە ناسرەدین شا، خاوەنی ئەو بیرە بێ، کە جەمالەدین بچێتە پایتەحتی (عوسمانی)یەکان. بێ گومان، هەر ئەو بیرە، (خونکار عەبدولحەمید)یش پێی خۆش بووە چونکە بڕوای وابووە، کە تێگەیشتوویەکی زرنگی گەورەی وەک سەید جەمالەدین بێتە ناو هاودەمانیەوە، بێ گومان یارمەتییەکی باشی ئەدا لە بەدیی هێنانی ئاواتە دوورەکانیدا هەروەها، لەبەرچاو موسوڵمانەکاندا، خۆی وا پیشان ئەدا کە خونکارێکە چاودێریی زانست و زانایان ئەکات و بایەخ بە چاکە خوازان و ڕۆشنبیران ئەدات ئەویش بام وەکو (خدێوی ئیسماعیل) و (ناسرەدین شا) بکات بێجگە لەوە ویستی ڕێگایشی لێ بگرێ نەوەک لەگەڵ ئازادیی خوازەکانی تورک دا کە ڕەویان کردووە بۆ (پاریس)، کۆششی خۆی یەک بخات لە پێناو داواکردنی فەرمانڕەواییەکی دەستووریدا چونکە سەید جەمال ئەوانەی دیبوو لە پاریس دا، بەدڵیا چووبوون، تەنانەت بەکۆمەڵەکەیانی گوتبوو (کۆمەڵی چاکە خواز) یاخود (کۆمەڵی چاک).

لەو کارەساتە سەیرانەی کە (سەید) ئەیگێڕایەوە ئەوەبوو: کە گەیشتبووە ئەستەموڵ، تەماشای کردبوو هاودەمی خونکار عەبدولحەمید، لە (مابین)ەوە نێرراوە بۆ ئەوێ چاوەڕوانی ئەکات کە هاتبوو بە پیریەوە لێی پرسیبوو: (سەیدی بەڕێز کوان یەغدانەکانت؟) ئەویش گوتبووی: (یەغدانی جل و بەرگ و نووسراو نەبێ، هیچی ترم پێ نییە) هاودەمەکەیش گوتبووی: زۆرباشە بفەرموو جێگاکەیانم پیشان بدەن)

(١)مابین: کۆشکی سوڵتان



سەید جەمالەدینیش پەنجەی کێشا بۆ سنگی خۆی گوتبووی:

(یەغدانەکانی نووسراوەکانم لێرەدان!)، پەنجەیشی کێشابوو بۆ شاکۆکەی گوتبووی: (یەغدانەکانی جلوبەرگەکانیشم لیرەدان!) زرنگی تێگەیشتوو، لەسەرەتای دەربەدەرییەکەیدا، وا ڕاهاتبوو ساکویەکی تر و چەند دەرپێ و شەڕواڵێکی تری لەگەڵ خۆی ئەبرد بەڵام کە ئاوارەبوونەکانی زۆریان لێ هات، پێی گران بوو ساکۆکەی تریشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ، هەر بەو ساکۆیەی خۆیەوە ئەمایەوە تا کۆن ئەبو و ئەدرا ئنجا ئەوەی فڕێ ئەدا و ساکویەکی تری ئەگۆڕی.

سەید لە ئەستەمولّدا، پێشوازییەکی گرنگ و گەورەی بۆکرا (خونکاری عوسمانی) تریکی خستەوە لە خۆی لە بابەت کاروباری فەرمانڕەوایی و بەسەرهاتی موسوڵمانەکانەوە گفتوگۆیەکی زۆری لەگەڵ کرد خۆی وانواند، کە ئامادەیە بۆ بەجێ هێنانی هەموو پڕۆژە چاکە خوازییەکانی و بیروباوەڕە ئازادی پەرستییەکانی، کۆشکێکی گەورەی بۆ ڕازاندەوە بەهەموو کەلوپەلێکی ناوازەوە مانگانەیەکی حەفتا و پێنج لیرەیی عوسمانیشی بۆ بڕیەوە جەمالەدین وای هاتە پێش چاو کە ئەمجارە بەئاواتی خۆی ئەگات و خاکی ڕۆژهەڵات بەچاکی و ئازادییەوە ئەبینێ بەڵام زۆری پێ نەچوو کارەساتی ڕۆژگار بۆی دەرخست کە بەهەڵەدا چووە.

بۆ دواجاریش فێری ئەوەی کرد، کە ئەو ڕاپەڕینەی خۆی ئاواتی بۆ ئەخوازێ لە ڕێگای کۆشکی شاهانە و ئەو ناوچانەوە پێک نایەت، کە پڕن لە فڕوفێڵ بازی و بەدخوییکردەوە نەنگی. ئەبێ لە ڕێگایەکی وەهاوە پێک بێت کە هەرچی هێزە زیندووەکان و پیاوە کارگوزارە ڕۆشن بیرەکان و ئازادی پەروەرەکان هەیە هەموو یەک بگرن و لەگەڵ نەتەوەدا هوروژم بەرنە سەر کەلاتی زۆروستەم و بەدکرداریی.

جەمالەدین، کە لە ئەستەمولێشدابوو، هەر لەسەر هوروژمەکانی خۆی ئەڕۆیشت بۆ سەر ناسرەدین شا، بەمەبەسی ئازادکردنی نیشتمانەکەی لە دەست زۆروستەمی ئەو لەسەر ئەوە ڕۆژێکیان (عەبدولحەمید) بانگی کردە لای خۆی، پێی گوت: (ڕاسپاردەی عەجەم تکای لێ کردم، کە پێت بڵێم واز بهێنی لە شا، ئەمەندە لێی نەدوێی و داوی بۆنەنێیتەوە.

منیش لەبەر ئەوەی کە بەتۆدا ڕائەپەرموم بەقسەم بکەیت، بەڵێنم پێدا کە تۆ وازی لێ ئەهێنیت) زرنگی تێگەیتویش وەرامی دایەوە گوتی: (نیازم وابو کە واز لە شا نەهێنم تا گۆڕبەگۆڕی ئەکەم بەڵام لەبەر دڵی تۆ ئەوا بەخشیم) خونکاریش گوتی: (بەڕاستی شا لە

تۆ زۆر ئەترسێ) ئیتر لەو ڕۆژەوە خونکاری (عوسمانی) ترسی جەمالەدینی چووە دڵەوە لەگەڵ ئەوەشا هەر لەسەر ڕەوشتی خۆی مایەوە لەگەڵیا، نازی ئەگرت و قسەی شیرینی لەگەڵ ئەکرد و دڵی خۆش ئەکرد بەڵام ئەم ڕەوشتە سەرزارییە، ڕاستی (عەبدولحەمید)ی لە سەید جەمالەدین نەشاردبووەوە لەبەر ئەوە کە بەتەنیا ئەمایەوە لەگەڵ هاوڕێکانیا، پێی ئەگوتن: (ئەم خونکارە بۆتە دەرد لەسنگی فەرمانڕەوایی دا))!...

ڕۆژێک لە ڕۆژان کابرایەکی ئێرانی هاتە ئەستەموڵ ناوی (میرزا ڕەزای کرمانی)بوو. لەگەڵ جەمالەدین دا پێکەوە خرابوونە بەندیخانەوە لەناو جێ گۆڕی (عبدالعظیم)دا ئەم پیاوە ماوەیەک مایەوە لەگەڵ جەمالەدینی مامۆستای دا لە بابەت بەسەرهاتی ئێران و زۆروستەمی ناسرەدین شاوە گەلێک گفتوگۆیان کرد کەس بەڕاستی نەیزانی کە چ قسەیەکیان کردووە بەڵام ئەوەی بۆ هەمووکەس ئاشکرابوو، ئەوەبوو، کە (ڕەزای کرمانی) ئەستەموڵی بەجێ هێشت، بەرامبەر بە شا قینێکی زۆری لەدڵابوو ئیتر هەر چەند مانگێکی پێ چوو، لە مزگەوتی (عبدالعظیم)دا، هەڵی کوتایە سەر (ناسرەدین شا) لە شاری (تاران)دا و خەنجەرێکی لێ دا و هاواری کرد: (بیگرە لە دەست جەمالەدین!) شا دەمودەست کەوت و مرد بەو ڕەنگە ئێران لەدەست زۆروستەم و بەدکرداریی ئەو ڕزگاری بوو.

کە جەمالەدین بەکوشتنی شاهی ئێرانی زانی، گەشی و خۆشییەکی پێ کەوت بەهاوڕێکانی گوت: (ئیمرۆ دەرکەوت کە نەتەوەی ئێران نەمردووە نەتەوەیەکی وایشە کە هیوای لێ ئەکرێ چونکە ئەو نەتەوەیەی، ڕۆڵەیەکی وای تیا هەڵکەوێ، بتوانێ تۆڵەی بۆ بکاتەوە و، ئەو زۆردارەی چنگی بەسەردا گرتووە بیکوژێ، ئەونەتەوەیە زیندووە و هیوای ژیانی لێ نەبڕاوە).

ژمارەیەکی گۆڤاری (ئەلیستراسیۆن)ی فەرەنسەی دەست کەوت، وێنەی (ڕەزا کرمانی)ی تیا کێشرابوو، هەڵواسرابوو بەداردا، کۆمەڵێکیش لێی کۆبووبوونەوە، خەفەتیان بۆ ئەخوارد ئەویش قسەی بویژێکی خوێندەوە کە ئەڵێ: (بڵندیی لە ژیاندا و بڵندیی لە مردن دا، بەڕاستی ئەمە شتێکی وایە کە پیاو لێی سەرسام ئەبێ!).

ئنجا بەبراکانی گوت: (سەیرکەن چۆن بەبڵندییەوە هەڵیان واسیوە مەبەسیان ئەوەبووە کە ئەو لە هەموویان بڵندترە!)

ئێمەنازانین چۆن ئەمە لێک بدەینەوە، کە پیاوێکی وەک سەید جەمالەدین کوشتنی



پیاوی فەرمانڕەوایی لاپەسەند بووە و پێیشی خۆش بووە کەچی خۆی لە هەموو کەس باشتری ئەزانی کە کوشتنی سەرداری زۆرداری بەزەبروزەنگ، نەزۆرداریی لائەبات، نەزەبروزەنگ، دووریش نیە کە سەردارێکی وا بێتە جێگای کە لەو زۆردارتربێ و بەزەبروزەنگتر بێ تێک چوون و ئاژاوەیش بەهیچ شتێک چار ناکرێ بەوە نەبێ کە هۆیەکانی لە ڕەگوڕیشەوە دەربکێشێ، هەر شتێکیش گەشەی پێ ئەکاو ئەیپارێزێ لەبنەوە هەڵکەنێ.

## لە کۆشکی (عەبدولحەمید)دا

خونکار عەبدولحەمید، پایەی (شیخ الأسلام)ی بۆ سەید جەمالەدین دانابوو کە بیداتێ بەڵام ئەو نەیویستبوو لە جیاتی ئەوە داوای ئەوەی لێ کردبوو کە ماوەی بدات کارێکی بنچینەیی وا بکات کە بتوانێ ئەو یاسایەی ماوە لە خاکی عوسمانی دا بیگۆڕێ و فەرمانڕەواییەکی دەستووری دابمەزرێنێ، بەو مەبەسەی کە بگاتە ئامانجەکەی خۆی، کە بریتی بوو لەوەی کە فەرمانڕەواییەکی ئیسلام لە کزیی و لاوازیی خۆی ڕزگار بکات و بیگەێنێتە ڕیزی نەتەوە بەهێزە پێشکەوتووەکانی جیهان، پاشان هەموو نەتەوە موسوڵمانەکان یاخود ڕۆژهەڵاتییەکان لە خۆی کۆبکاتەوە، تا پێکەوە بەرەیەک پێک بهێنن بۆ بەرەنگاری کردنی داگیرکەرانی ڕۆژئاوا کە خەریک بوون بەرەو ڕۆژهەڵات ئەکشان.

بەلای (عەبدولحەمید)یشەوە وابوو، کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێ ئەوە نەبوو ئەو شتە چاکانە لە خاکەکەیا دەست پێ بکات. چونکە پڕبوو لە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر...

پێیشی گوت: (بیانووەکەتم پەسەند کرد، کە ئەو فرمانەت پەسەند نەکرد تۆیش بیانووەکەی من پەسەند بکە کە ناتوانم گۆڕینێکی وا بەسەر خاکەکەدا بهێنم کە لەگەڵ ئەم دەمە و ئەم جێگایەدا ناگونجێ).

ئیتر لەوەوە پەیوەندیی هەردوولا، دەستی کرد بەساردبوونەوە و خاوبوونەوە چونکە هەردووکیان ئەو هیوایەی هەیان بوو بەیەکتر، لە دڵیاندا نەما پاشان ئەو پەیوەندییە، تا ئەهات وشکتر و ناخۆشتری لێ ئەهات ئیتر کە کوشتنی (ناسرەدین شا)، لەسەر دەستی شاگردێکی (سەید جەمالەدین)دا ڕووی دا و، کابرا لەکاتی کوشتنی شادا بەدەنگێکی بەرزەوە پێی گوت: (وەری گرە لە دەستی جەمالەدین). (جەمالەدین)یش بەبەر چاوی هەموانەوە، ستایشێکی گەورەی شا کوژەکەی کرد، (عەبدولحەمید) بەوانە یەجگار دڵگیر بوو لە (جەمالەدین) ئیتر لەو ڕۆژەوە پیاوەکانی عەبدولحەمید، زۆر بەوردییەوە

سەرەتاتکێیان لە جەمالەدین ئەکرد، لە هەموولایەکەوە سەیری هەڵسان و دانیشتنیان ئەکرد، هەرجووڵەیەکی بکردایە بەعەبدولحەمیدیان ڕائەگەیاند.

یەکێ لەو شتە سەیرانەی ئەیگێڕنەوە ئەوەیە کە سەید جەمال الدین هەموو ئێوارانێک ئەچووە گەڕان بەسواری گالیسکەیەک بۆ سەیرانگای (کاغدخانە). هەستی پێ کرد سەرەتاتکێکەرێک بەپێ دوای ئەکەوێ. ئەویش بەهەندێک لە پیاوەکانی عەبدولحەمیدی گوت لە (مابین)دا:

«ئێوە گالیسکەیەکتان داومێ، بەڵام سەرەتاتکێکەرەکەی بۆتان داناوم گالیسکەی نییە سواری ببێ. کە من گالیسکەکەم خێرا ئەڕوا، ئەو بەهەڕاکردنەوە دوام ئەکەوێ، وەک سەگیش هەناسە بڕکێی تووش ئەبێ، کەچی نایشمگاتێ، ئەی بەزەییەکتان پیا پیا نایەتەوە، گالیسکەیەک بەویش بدەن تا بۆ هەر کوێیەک چووم بمگاتێ؟!»

ئەوی کە عەبدولحەمیدی تیژ ئەکردە سەر تەنگەتاوکردنی جەمالەدین، بەو جۆرە، باری (ابو الهدی الصیادی) بوو لەگەڵ جەمالەدیندا، ئەم کابرایە چاوی بە جەمالەدین هەڵ ئەهێنا، وای ئەهاتە پێش چاو کە جەمال بەربەرەکانێی لەگەڵ ئەکات لە پایەکەی فەرمانڕەواییدا، لەبەرئەوە هەروەک خووی گرتبوو، دەستی کرد بەتێکدانی دڵی عەبدولحەمید لە جەمالەدین، ئەیویست دڵی عەبدولحەمیدی لێ کرمێ بکات، توانجی ئەگرت لە ئایینی جەمالەدین، پلاری ئەگرت لە باوانی، هەرکەسێ ناوی ئەوی بەباش بهێنایە ئازاری ئەدا. جارێکیان نووسی بۆ مامۆستا (ڕەشید ڕەزا)[1] خاوەنی ڕۆژنامەی

(١) رەشید ڕەزا: بەر لە ئێستا گەلێ جار ئەم ناوە، لەم کتێبەدا، هاتۆتە بەرچاومان بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا کەمێکی لێ بدوێین: یەکێکە لەو سێ کوچکەیەی کە تەوژمی ئیسلامییان لە میصردا رابەرایەتی دەکرد (جەمالەدین، محەمەد عبدە، رشید رضا)وە دادەنرێ بەڕابەرێکی سەلەفیەت لە میسر و خۆی بەجێنشینی ئەفغانی دادەنا، لە ١٨٩٨دا گۆڤاری (المنار)ی دەردەکرد و دواجار بووە قوتابخانەیەکی ئایینی، هەوادارانی مەنار پێشوازیان لە شێوازی حوکمی پەرلەمانی ڕۆژئاوایی کرد لە میسردا، بەم جۆرە خەباتی سەلەفیەکان لە مینبەری مزگەوتەکان و قوتابخانە ئایینیەکانەوە گواسترایەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان و ستونی ڕۆژنامەکان... ئەمەش هەمووی بەرابەرایەتی کۆمەڵی مەنار و سەرکردەیی ڕەشید ڕەزابوو. ئەو سیانەی ناومان بردن، لە خاڵێکدا بەتوندی یەکبوون: دەبێ ئیسلام ببێتە بناغەیەکی بیرێکی نەتەوەیی دژی ڕووکار و بۆچوونە عیلمانییەکان؛ ئەوانەی فیکرە نەتەوەییە تازەکان بانگەشەیان بۆ دەکەن.
جا قوتابخانەی (المنار)ی ڕەشید ڕەزا سەرکردەیی باڵی فیکری و فەلسەفی تەوژمی ئیسلامی =



المنار: (ڕۆژنامەکەت وائەبینم کە پڕ بووە لە قسەی پڕوپووچی جەمالەدین، کە بەدرۆ خۆی کردووە بەئەفغانی، پاشان خۆی کردووە بەحسینی کەچی دەسگاکانی فەرمانڕەوایی کە چوونەتە بنجوبناوانیەوە بۆیان دەرکەوتووە، جەمالەدین لە دانیشتوانی مازندەرانە و لە هیچ و پووچەکانی شیعەیشە... چۆن تیر لەکەوان دوور ئەکەوێتەوە ئەویش ئاوەها لە ئایین دوورکەوتۆتەوە!)...

یەکێ لەو شتە زۆرانەیش کە دڵی خونکاری لێ پڕکردبوو، بێ باکی ی سەید بوو لە

=میسری دەکرد کە زۆرترین بۆچوونەکانیان لە بیر و ڕێنماییەکانی ئەفغانی و عەبدەوە هەڵدەهێنجا.
دەرکردنی گۆڤاری (المنار)یش بەو مەبەستەبوو کە ببێتە بەدیلێکی (عروە الوثقی)ی ئەفغانی لە پاریس، (بەڵام بەدەر لە ڕێبازە سیاسیەکەی کە بۆ دنیای ئەمڕۆ ناشێ، بۆیە مەنار تەنیا بڕوای بەبرایەتییەکی ئیسلامیانەی وا هەیە کە سنووری وڵاتانی موسوڵمان ببەزێنێ... برایەتی و یەکبوونێکی ئیسلامی وا کە بەرگری لە ئایینەکە بکات و عەقڵیەت و چاولێکەریی ڕۆژئاواییانە وەلاخات.)
لەمەدا زۆرجار دەکەوتە مشتومڕ و شەڕە دەنووکەوە لەگەڵ ڕۆژنامەی (السیاسە)ی ئۆرگانی ئازادیخوازە دەستووریەکانی میسر کە رابەرانی تەوژمی لیبرالی بوون، داوای بیرێکی نەتەوەیی عەرەبی وایان دەکرد کە نە ئایین و نە زمان تیایدا مەبەست و ئاستەنگ نەبن.
لەدواییدا، زۆترین تەوەجووهاتەکانی ڕەشید ڕەزا، (حسن البنا) گرتنیە خۆو بڵاوی دەکردنەوە و بوونە بنچینە و بنەما بۆ ڕێبازەکەی (الأخوان) لە میسر و لەو وڵاتانەی پەلوپۆیان بۆ هاویشت، پوختەکەشی: دامەزراندنی کۆمەڵێکی ئیسلامی لە وڵاتانی ئیسلامدا، لەسەر باوەڕی برایەتی ئیسلامیانەی وا کە جیاوازیە ڕەگەزی و نەتەوەییەکان بخاتە لاوە، ئەمەش بەو ئیعتیبارەی گشت موسوڵمانان یەک ئوممەتن، ئامانجی کۆمەڵەش ملکەچبوونە لە ئاستی یەک بیر و حوکمی شەرعی و مەدەنیدا وە داواکردن بۆ ئەوەی تەنیا زمانی عەرەبی زمانی هەمووان بێ، هەرچی بیدعە و ڕێنماییە فاسیدەکانیشە لەناو ببرێن.
(د. ئەحمەد تەربین) وای بۆ دەچێ کە فیکر و بۆچوونەکانی قوتابخانەی مەناری چاکسازیی بەڕابەرایەتی ڕەشید ڕەزا و ئەو وتار و باسانەی بڵاوی دەکردنەوە، کاریگەریەکی زۆریان هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی ئایینی لە میسردا، لە قۆناغی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە، هەروا خزمەتێکی چاکی تەوژمی بیری نەتەوەیی عەرەبی کردووە لە تەقەللایاندا بۆ بڵاوکردنەوەو سەرخستنی ئەو بیرە و داپۆشینی بەتوێژاڵێکی ئایینی تا شەرعیەتێکی تەواوی بدرێتێ بەتایبەت لەنێو نەتەوە غەیرە عەرەبەکانی نیشتمانی عەرەبیدا بەلانی کەمەوە.
(بۆ ئەم پەراوێزە سوود لە گۆڤاری ـ الجیل ـ کە لە جێیەکی دی ئیشارەمان پێداوە و ـ المجلة العربیة للعلوم الأنسانیة ـ ی کوێتییەوە، وەرگیراوە)

دەربڕینی بیروباوەڕی سەربەستانەدا، کە هیچ ئەندازەیەکیان نە ئەهێشتەوە لێی تێ نەپەڕن ئەو وابوو، هەرچەند لەگەڵ خونکاردا کۆبوایەتەوە وەک پیاوەکانی تری کۆشکی شاهیی نە ئەکرد بایەخ بدات بە کۆت و پێوەندی[١] هەڵسان و دانیشتن و گفتوگۆکردن.

لەگەڵ هاوڕێییەکی وەک خۆیدا یان لە خۆی کەمتردا چۆن هەڵ ئەساو دائەنیشت و قسەی ئەکرد، ئاوایش لەگەڵ (عەبدولحەمید)دا ئەجولایەوە جارێکیان، لەسەر کۆبوونەوەیەک کە ئەو و عەبدولحەمیدی تیابوون، هیچ کۆی نەکردەوە لە عەبدولحەمید، شتی وای کرد کە کۆڕەکە بەشتێکی گەورەیان زانی، بەهەڵەیەکی زلیان ژمارد، سەرەکی هاودەمەکانی عەبدولحەمید ، بەشیرینییەکەوە بانگی سەیدی کرد و پێی گوت: (سەیدی بەڕێز! خونکار ئەوەندەی ڕێز لە تۆ ئەگرێ لە کەسی نەگرتووە ئیمڕۆ تۆمان دیی لە شێوەیەکی سەیردا لەگەڵی ئەدوای پاشان لەبەردەم ئەودا بە تەزبیحەکەتەوە خەریک بوویت!).

جەمالەدینیش گوتی: (بەخواسەیرە! خاوەن شکۆ خونکار، یاریی بەچارەنووسی ملیۆنان کەس بکات لە نەتەوەکەی خۆی، کەس نەبێ پێی بڵێ بۆ وائەکەی؟ کەچی جەمالەدین مافی ئەوەی نەبێ بەئارەزووی خۆی یاریی بە تەزبیحەکەی خۆی بکات!).

سەرۆکی هاودەمان، بەپەلە بەجێی هێشت، وەک نەیویستبێ گوێی لەم قسەیەی بێ، یاخود خۆی واپیشان بدا کە گوێی لێی نەبووە وابوو چونکە دوورنەبوو هەر بەو گوێ گرتنە کەللەی بپەڕێنرێ!...

وایان گێڕایەوە کە جارێکیان عەبدولحەمید ویستبووی جەمالەدین بنێرێ بۆ ئەورووپا ، فرمانێکی فڕوفێڵ ڕاپەڕێنێ لەوێ پاشان وازی لەو بیرە هێنابوو سەید ئارەزووی پیشان دابوو کە چاوی بە عەبدولحەمید بکەوێ پێیان گوتبوو دەستی ناپەرژێ بتبینێ، ئەویش پێی گوتبوون: (جارێکی تر نایەمەوە بیبینم)!... پاش ئەوە خونکار ناردبووی بە دوایا بچێتە لای چاوی پێ بکەوێ نەچووبوو، گوتبووی: (ئەمە بەوە!...) بەڵام نێرراوەکانی خونکار دڵنیایان کردبوو کە گەورەکەیان لەبەر فرمانی زۆریی و ڕاگرتنی بەڵێنەکانی نەیتوانیوە چاوی پێی بکەوێ، ئەگینا حەزی ئەکرد بیبینێ ئەویش لەسەر قسەی ئەوان چووبووە (مابین) خونکار پێشوازییەکی گەرموگوڕی کردبوو، هەندێ لە ڕقەکەی پێ نیشتبووەوە، خونکار لە دینامێت زۆر ئەترسا، تەنانەت ناو هێنانیشی قەدەغەکردبوو لە خاکی عوسمانیدا پێیان ڕاگەیاندبوو کە لە ماڵی جەمالەدیندا کۆمەڵێکی گەورە دینامێت

(١) کۆت و پێوەند: لێرەدا (ڕێوڕەسم – ئاتیکیت) دەگرێتەوە.



کۆکراوەتەوە، ئەویش فەرمانی دا، دەستیان بەپشکنینی ماڵی جەمالەدین کرد هیچیان تیا نەدۆزییەوە.

خونکار ناردی بەشوێنیا و هێنایە لای خۆی، ماچی کرد و داوای بەخشینی لێ کرد گوتی (بەدەستی خوا نەبێ من و تۆ لەیەک نابینەوە) پاشان ستایشێکی گەورەی جەمالەدینی کرد و پێی گوت: (من حەز ئەکەم ئەستەموڵ بکەم بەنیشتمانی تۆ چونکە تۆ بێ نیشتمانیت).

پاشان خستیە ناو کەشتییە تایبەتییەکەی خۆیەوە لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ گەشت بەناو گۆمی (یەلدز)دا. پێیشی گوت بام یەکێک لە کەنیزەکەکانی کۆشکی خۆی لێ مارە بکات جەمالەدین پەسەندی نەکرد.

(شێخ رشید رضا) گێڕایەوە: (جەمالەدین لەناو هەندێ کۆڕدا گوتی ئەگەر من ژنم بهێنایە، ژن هێنانەکەی من لای هەندێک لەوانەی کە شارەزای ڕەوشت و خووی منن، گەلێک سەیرتر ئەبوو، لە چوونی (شێخ عایش)[*] و شاگردەکانی بۆ (تیاترۆی ئەزبەکییە) کە لەوێ دا بیرەیان بەئاشکرا بخواردایەوە منیش ئەوەم بۆ مامۆستای پێشەوا گێڕایەوە ئەویش گوتی: جەمالەدین، بەهۆی ئەوەوە کە هەموو هۆشی خۆی خستبووە سەر کاروباری گشتی مەزن، ژن هێنانی بەبیردا نە ئەهات ، کەڵکی ژن هێنانیشی پێوە نەمابوو!)

ئێمە نازانین کە ئەم بیانووی ژن نەهێنانە تا چ ئەندازەیەک ڕاستە بەڵام ئەوەی بۆمان ئاشکرابووە ئەوەیە کە لە مێژووی ژیانی جەمالەدیندا ناوی ئافرەت هەر نەبراوە سا ئەو ئافرەتە دایکی بووبێ یان خوشکی، ژنی بووبێ یاخود دۆستی، تەنانەت لە کردەوەکانیشیا شتێک لە بابەت ئافرەتەوە نادۆزینەوە، دووجار نەبێ یەکێکیان ئەوەیە کە لە هۆڵی (زێرینیا) لە شاری (قاهرە)دا وتارێکی داوە لە بابەت ئافرەتەوە، هێشتا بۆمان دەرنەکەوتووە کە بابەتەکەی چی بووە گفتوگۆیەکیشی کردووە لە ئەستەموڵ دا لە بابەت یەکسانی ژن و پیاوەوە، لەگەڵ کەینەوبەینەی ڕووپۆشینی ئافرەت و ڕوونەپۆشینیەوە لەوێ دا گووتوویەتی: ژن وەک پیاوە لە داڕشتنی لەشیا ئەو جیاوازیەش کە هەیە لەناویاندا، لە

(*) شێخ عایش یەکێک لە زاناکانی ئەزهەربووە زۆر ئایین پەرست بووە هەموو جارێک گاڵۆکەکەی خۆی لە شاگردەکانی جەمالەدین ڕاست ئەکردەوە لەسەرئەوەی کە ڕاستی پەرستی یان ئەخوێند لە سوچێکی ئەزهەردا. –وەرگێڕ–

هیچەوە پەیدا نەبووە، لەوەوە نەبێ کە جۆری پەروەردەکردنی هەردووکیان جوێیە بێجگە لەوە بۆ پیاو ڕێگا بەڕەڵڵاکراوە بەئارەزووی خۆی بچێتە دەرەوە بەڵام ژن بەستراوەتەوە بەماڵەوە و بەپەروەردەکردنی منداڵەوە لەبەر ئەوە کاروباری ئافرەت لەمەدا بڵندتر و گرنگترە لەهی پیاو، لە زۆر پیشەسازیدا هەر کەسێ داوای یەکسانی ژن و پیاو بکات لە هەموو شتێکا بەهەڵەدا ئەچێ چونکە هەر لایەیان فرمانی خۆی هەیە.

بەڵام لە یارمەتی دانی هەردوولایان دا بۆ یەکتر، کۆمەڵایەتی پێک هاتووە لەوەیشدا هیچی تیانییە کە ئافرەت لە دەرەوە فرمان ببینێ، بەمەرجێ خاوەن ماڵی لەدەست چوبێ[1] یاخود ڕۆژگار ناچاری ئەوەی کردبێ بەڵام ئەوەندە هەیە ئەبێ بەنیاز پاکی و داوێن خاوێنییەوە ئەو فرمانانە ڕاپەڕێنێ پاشان گوتبووی: (ڕوو نەپۆشینیش هیچی تیانییە، بە مەرجێ بۆ مەبەسی داوێن پیسی نەبێ!).

بێجگە لەو دووجارە هیچی تریان دەست نەکەوت کە لە بابەت ئافرەتەوە قسەی کردبێ مامۆستا (مصطفى عبدالرازق)یش ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، کە (پێشەوا محەمەد عەبدە) خۆیشی هیچ شتێکی لە بابەت ئافرەتەوە نەنووسیوەوە، هەتا سەید جەمالەدین لە میسر چۆتە دەرەوە!

لەو ڕۆژانەیشدا (خدێوی عەباسی دووەم) گەیشتە ئەستەمولّ ئارەزووی پیشاندا بوو کە جەمالەدین ببینێ لە خونکار عەبدولحەمیدیش ڕێگەدانی داواکرد بەڵام خونکار نەیهێشت ئەو دوانە یەکتریان چاوپێ بکەوێ؛ لەژێرەوە.

یەکێکی ناردە کن جەمالەدین کە لەگەڵ خدێوی دا کۆنەبێتەوە چونکە لەو چاوپێکەوتنەیان مەترسی ئەکرد جەمالەدینیش لە ژووری سەرۆکی هاودەمانی خونکار دا، لە (مابین) دا.

ئەمەی بەڕاسپێراوەکەی (خدێوی) گووت، کە زۆرکەس گوێی لێ بوو: (من کە میوانێکم، دیلی میوانداریی خونکاری خاوەن شکۆم لە ماڵەکەیا بەڵام هەموو ڕۆژێک بۆ گەڕان ئەچم بۆ کاغەدخانە) ڕۆژێک لە ڕۆژان جەمالەدین لەم شوێنەدا گەڕانی ئەکرد بەتەنیا لەسەر گردێک وەستابوو لە پڕ گالیسکەیەکی ناوازە وەستاو پیاوێکی لێ هاتە خوارەوە، بەرەو سەید ڕۆیشت و خۆشی و چلۆنییی لەگەڵ کرد (جەمالەدین)یش وەرامی دایەوە و لێی پرسی: کێیە قسەم لەگەڵ ئەکا؟)

(١) خاوەن ماڵ: مێردەکەی یا ئەوەی بەخێوەی دەکات.



ئەویش گوتی: (عەباس حلمی خۆشەویستتە) پاشان (خدێوی) دەستی کرد بەخۆشەویستی پیشاندانی خۆی بۆ جەمالەدین و پەسەندکردنی ڕەوشت و کردارەکانی.

ڕوویشی لێ نا کە بچێتە میسر لەسەردەمی ئەودا ئەوەیشی بۆ دەرخست کە میسرییەکان پڕ بەدڵ خۆشیان ئەوێ سەرەتاتکێ کەرەکانی عەبدولحەمید، خواخوای هەلێکی وا یان بوو کە هەرگیز هەڵناکەوێتەوە لەسەر ئەم کۆبوونەوەیە سەرنج دانی خۆیان بۆ نووسی وایان تیا نووسیبوو کە سەید جەمالەدین لەگەڵ خدێویدا ڕێککەوتووە، فەرمانڕەواییەکی (عەباسی)ی بۆ دابمەزرێنێ! ئەویش ئەوەی ویستووە لە خدێوی، کە دڵنیای بکات، ئەگەر ئەم کارە گەورەیەی بۆ هەڵسوڕاند، ئەنجامی بەئەنجامی (أبو مسلمی خۆراسانی) نەگات کە (عەباسی)یەکان کوشتیان لە پاداشی چاکەکەیدا!...

لای خدێوی ئەوەیشی پێ لێ ناوە، کە هەرکەسێ دەست بەسەر میسردا بگرێ، بەناچاریی (سوریە)یش ئەبێ بەهی ئەو کە (سوریە) خۆیشیی کلیلی دەرگای هەردوو عێراقەکانە!...

بێجگە لەوە گەلێ قسەی پڕوپوچی تریشی تیا نووسرابوو، کەلەو سەردەمەدا بەچاکترین هۆ دائەنرا بۆ پچڕینی پول و پارە لەسەرای (یەلدز)!...

لەناو هەمووواندا دەنگ بڵاوبووەوە کە خونکار قینی لە جەمالەدینیش هەستاوە زۆریشی پێ ناچێ کە لەناوی ئەبات.

(جەمالەدین)یش بەو بەندووباوانە پێکەنینی ئەهات و قسەی لەسەر نەئەکرد تا ڕۆژێکیان (عەبدولحەمید) بانگی کردە لای خۆی بۆ چاوپێکەوتنی کە چاوی پێکەوت بەرەو پیریی چوو نزیکی خستەوە لە خۆی لە بابەت گەلێ کاروبارێشەوە گفتوگۆی لەگەڵدا کرد خونکار وای پیشاندا کە گفتوگۆ تەواوبووە و خەریکە شوێنەکە بەجێ بهێڵێ، کەچی لە پڕ لێی پرسی: (هە! لەگەڵ خدێوی بەڕێزیشیدا لە کاغەدخانە چاوتان بەیەکتر کەوت؟) جەمالەدینش گوتی: (بەڵێ لەوێ چاومان بەیەکتر کەوت). عەبدولحەمید گوتی: (خدێوی لەسەر ئەم چاوپێکەوتنە زۆر خەریکم بوو تێ نەگەیشتم بۆچ ئەمەندە لەسەری ئەڕۆیشت چی هەیە لەناوەند تۆ و ئەودا؟ بەڕاستی ئەمەندەیان نامە بۆ ناردوم لە خوێندنەوەیان وەڕس بووم زۆربەیشیان لە پیاوی ڕاستگۆ و شارەزاوە بۆم هاتوون ئەوانەم تاقی کردۆتەوە تا نەچنە بنجوبناوانی دەنگ و باسەوە و ڕاستییان دەرنەخەن هیچم بۆ نانووسن لەبەر ئەوە دڵم زۆر لێت شکاوە لە تۆم ڕانەئەپەرمو کە ئەم جۆرە کردەوانەت لێ بوەشێتەوە) (جەمالەدین)یش گوتی:

(چ کردەوەیەکی خراپم کردووە کە خونکاری گەورەمان وا لێم دڵ گیربووە؟). خونکار چەند بوخچە قاقەزێکی هەڵگرت و فڕێی دایە بەردەمی سەید پێیشی گوت: (ئەمانە هەموویان لەسەر ئەو قسەیەن کە ئێوە هەردووکتان پێکەوە بوون و چیان تیا نووسراوە گوتووتانە) سەید نووسراوەکانی نەخوێندەوە، بەڵام خونکار زۆری لێ کرد بیانخوێنێتەوە سەیدیش گوتی: (پێویست بەخوێندنەوەیان ناکات تۆ هەربەوەدا ڕاستیت بۆ دەرئەکەوێ، کە باوەڕ بکەیت من و خدێوی لەو شوێنەدا بەتەنیا بوین، کەسی ترمان لەگەڵدا نەبووە.).

خونکار گوتی: (بەڵێ) جەمالەدین گووتی: (هاودەمەکەی نەبێ، کەسی تر لەگەڵ خدێویدا بوو؟) خونکار گوتی: (نەء) جەمالەدین گوتی: (کەس هەبووە گوێی لە قسەی من و خدێوی بووبێ و بۆ بارەگای ئێوەی نووسیبێ یان ئەوانەی بۆیان نووسیوویت هیچیان لەوێ نەبوون؟). خونکاریش تاوێک داما بەبیرکردنەوە ئنجا گوتی: (حسنی پاشای هاودەمی خدێو ئەڵێ هەردووکتان لە دوورەوە پێکەوە وەستابوون، گوێیشی لە قسەی هیچتان نەبووە.). (جەمالەدین)یش گوتی: (ئەمەیش بەڵگەیەکی ڕۆشنتر و بەهێزترە بۆ ئەوەی کە هەرچیت بۆ نووسراوە بەندوباو و چەواشەکردن و درۆیە لەگەڵ ئەوەشدا بەگەورەیی خوا سوێندت بۆ ئەخۆم کە لەناوەند من و عەباس حلمیی خدێوی میسردا ئەم جۆرە قسانە نەکراوە) ئیتر خاوەن شکۆیش گوتی: (ڕاست ئەکەیت، بڕوات پێ ئەکەم ئەمانە هەمووی هەڵبەستی ئەو کابرایەیە، خوا لەناوی بەرێ و ڕیسوای بکات) مەبەسی لە کابرا، (أبوالهدی الصیادی)بوو. کە خووی وابوو ناکۆکیی ئەخستە ناوەند ئەو و خۆشەویستەکانییەوە دڵیشی لە یەکتر پیس ئەکردن!...

کە تەنگاوبوونی جەمالەدین لە ئەندازە تێپەڕبوو، بڕیاریدا خاکی (عوسمانی) بەجێ بهێڵێ نووسی بۆ ڕاوێژکەری ڕاسپاردەگەری (سفارە)ی ئینگیلتەرە لە ئەستەمولدا، کە ناوی (فیس مۆریس)بوو، تکای لێ کردبوو کە یارمەتی بدات لە دەرچووندا ڕاوێژکەرەکەیش هاتەلای چاوی پێکەوت و بەڵێنیشی دایە کە خواستەکەی بەجێ بهێنێ بەڵام زۆری پێ نەچوو خونکار یەکێکی ناردەلای، بەناوی هەموو موسوڵمانانەوە، ڕووی لێ نا کە واز لە بیری جوێ بوونەوە بهێنێ چونکە ئەم کردەوەیەی پایە بڵندیی جێنشینی موسوڵمانەکان نزم ئەکاتەوە! ئەم خواستە کاری لە دڵی جەمالەدین کرد ناچاربوو (فیس مۆریس)ی ئاگادار کرد لەم کەینەوبەینەیە و بڕیاردانی خۆی بەمانەوەی لە ئەستەمولدا.

چی ئەبێ بام ببێ!...



## کۆڕی ئەفغانی

جەمالەدین، دوایی، لە ئەستەمولدا مایەوە هەروەها چاوتێ بڕین و سەرەتاتکێ لێ کردنیشی[1] هەروەک خۆی بەتوندوتیژی مایەوە هەر هەڵسان و دانیشتنێکی بکردایە تۆمار ئەکرا بەڵام زرنگی تێ گەیشتوو، باری سەرەتاتکێ کەرەکانی خۆی سووک کرد خۆی خزاندە ماڵەوە ماڵەکەی خۆی کرد بەکۆڕێکی وێژە و زانست و یانەیەک بۆ ئازاد بیران و نیشتمان پەروەرە گەورەکان، کە لە هەمووڵایەکی ڕۆژهەڵاتەوە ئەهاتنە لای بۆ چاوپێکەوتنی ئەویش خۆشترین قسەی بۆ ئەکردن و پەندی هەرە گەورەی پیشان ئەدان هەر پرسێکیشیان لێ بکردایە بەڕاستی و دروستی و بێ باکییەکی زۆرەوە وەرامی ئەدانەوە.

یەکێک لەوانە (شازادە شەکیب ئەرسەلان)[2] بوو کە جارێکیان پێی گووت: یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکای خوێندۆتەوە لەوە دواوە کە گوایا عەرەبەکان، کاتی خۆی خاکی گەورەی ئەمەریکایان دۆزیووەتەوە پێیشی گوت کە خەریکە لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەک ئەکات جەمالەدینیش پێی گوت: (نامەوێ لەم بابەتەوە هیچ قسەیەک بۆ موسوڵمانەکان بکەم. چونکە ئەوانە نەتەوەیەکی وەهان، کە پیاو پێیان بڵێ ببن بەپیاو، گورج وەرام ئەدەنەوە، ئەڵێن باوک و باپیرمان وابوون و وایان کردووە... دەمودەست لەناو پەژارەی ئەوەدا ئەژین کە باو باپیریان وابوون و وایان کردووە هیچ لەوە بیرناکەونەوە کە مێژووی بەنرخ و بڵندی باوو باپیریان، کاری لەوە نەکردووە کە خۆیان بەو ڕەنگە لە سووکی و ڕیسوایی و گێژوویژێ و بێ کارەییدا نەمێننەوە!)

ئنجا گوتی: (پیاو کە کۆشکێک دروست ئەکات، بەپەرۆشی ئەوەوەیە کە هەرچی مەرجێکی جوانی و شەنگ و شۆخی و سرەوت و ئارام هەیە تیابێ کە ئەوەی تەواوکرد، ئنجا بیر لەوە ئەکاتەوە کە کۆشکەکەی بەو کەلوپەلانە بڕازێنێتەوە کەلای کەس دەست ناکەون، وەک ئەو جۆرە کەلوپەلەی کە لەو جێگایە دەست ئەکەوێ ئنجا کۆشکەکەی بەو مسینەو بلوریات و چیوینە[3] ناوازانە ئەڕازێنێتەوە کە لەلای کەم کەس نەبێ دەست

(١) بەمانای: چاودێری کردنی (مراقبة)

(٢) میر شەکیب ئەرسەلان ١٨٧١- ١٩٤٦ئەدیب و سیاسەت مەدارێکی لوبنانی بووە، لە پیاوە دیارەکانی وریابوونەوەی عەرەبەکانە، لە (شویفات)ی لوبنان لە دایکبووە،کتێبێکی هەیە بەناوی (الحلل السندسیه في الأخبار والآ ثار الأندلسیه).

(٣) مەسینە: کەلوپەلی لە (مس) دروستکرابێ چیووینە: لە کاشی و فەخفوری.

ناکەون ئنجا باخچەی کۆشکەکەی بەو گوڵە ناوازەیە و بەرێحانە سەیرە ئەڕازێنێتەوە و بەڵام کۆشکێکی وابێ کە خەریک بێ بڕووخێ، گەچەکەی لێ بووبێتە وەکو کەوتبێتە سەر زەوی، بنمیچەکەی لە هەموولایەکیەوە داکەوتبێ، خاوەنەکەیشی دەستی نەبێ چاکی بکاتەوە، ئاخۆ بەبیریا دێت کە کۆشکەکەی بەم چیوینە و بلوریات و، بەو گوڵ و چیمەنە بڕازێنێتەوە؟

نەبەخوا بەبیریا نایەت ئەو کەسەی کە لەسەر پێویست دامابێ، ناپەرژێتە سەر بابەتی جوانی و ڕازاندنەوە!).

پاشان ڕووی کردە شاهزادە (شەکیب) و پێی گوت: «من پێت ناڵێم بۆچ لە باو باپیری عەرەبت کۆڵیوتەوە لە بابەت دۆزینەوەی ئەمەریکاوە، بەڵام ئەوەت پێ ئەڵێم کە ڕۆژهەڵاتییەکان وایان لێ هاتووە، هەرچەند بیانەوێ بیانوو بهێننەوە لەسەر کەم تەرخەمی و بێ کارەیی ئێستایان، گورج ناوی باو و باپیریان ئەهێنن کە چۆن بوون و چییان کردووە؟ بەڵێ ڕاستە باب و باپیرتان پیاوبوون، بەڵام تا خۆتان ئا بەو جۆرەبن کە هەن، ناشێ بەکردەوە بڵندەکانی باو و باپیرتانەوە بنازن، تا وەک ئەوان نەکەن!»...

لە کۆڕێکی تردا، دیسانەوە لەم بابەتەوە دوا: (ڕەوشت و خووی موسڵمانەکان بەئەندازەیەکی وا خراپ بووە کە هیوا بەچاک بوونیان ناکرێ مەگەر بەرەیەکی تازەیان لێ بهێنرێتە پێشەوە و پەروەردەبکرێن.

کاشکی لە موسوڵمانەکان هەر ئەوانە بمانایەوە کە تەمەنیان لە دوانزەساڵان کەمترە ئەوساکە ئەتوانرا، پەروەردە کردنێکی تازە پەروەردە بکرانایە کە بەرێگایەکی پڕ لە ئاسایشدا بڕۆیشتنایە لە ژیاندا).

بەڵام بابەتی هەرەگەورەی قسەکانی، داگیرکەری بوو کە هەموو ژیانی خۆی بۆ بەرەنگاری کردنی تەرخان کردبوو گرنگ ترین شت کە لێی دوابوو لەم بابەتەوە، ئەو قسانەی بوو کە پەنجا ساڵ لەمەو پێش کردبوونی:

(... هیچ فەرمانڕەواییەکی ڕۆژئاوایی نیە لە دەرگای خاکێکی ڕۆژهەڵاتی بدات و بیانووی ئەوە نەبێت کە مافەکانی خونکار ئەپارێزێ، یان ئاژاوەیەک ئەکوژێنێتەوە کە بۆ خونکاریان ناوەتەوە، یاخود فەرمانەکانی خونکار بەجێ ئەگەێنێ ئەمانە و هەمووجۆرە بیانوویەکی پڕوپووچ و دزی و درۆزنی و بەند و باو و چەواشەکردن ئەهێنێتەوە بۆ ئەمەی پاکانە بۆ خۆی بکات ئنجا ئەگەر ئەو بیانووانەی بەکارنەهات بۆ مانەوەی لەو خاکەدا،



ئەوا بیانووەکەی ئەخاتە سەر پاراستنی مەسیحییەکان، یان کەمایەتییەکان، یاخود مافەکانی بێگانە و نیاز و جیازەکانیان، یان سەربەستیی نەتەوە، یان نەتەوە فێرکردن و ڕاهێنان بەسەربەخۆییەوە یاخود لە فەرمانڕەوایی خۆیی (الحكم الذاتي)یەوە بەشێنەیی

مافەکان بدرێن بەنەتەوە، یاخود دەوڵەمەندکردنی نەتەوەی هەژار بەهۆی سەرپەرشتی کردنی گەنجینە و سامانەکانیەوە نەتەوەی گێژوویژی ڕۆژهەڵاتیش ئەو بەڵێنە دڵکێشکەرانەی وا دێتە پێش چاو، هەروەکو بوێژێک ئەڵێ، کە زۆر لە ژووررووی ئاواتەکانی خۆیەوەیە:

(ئنجا بەو بەڵێنانە دڵی ئەسرەوێ دوای قسەی ڕۆژئاواییەکان ئەکەوێ هەر ڕۆژە جۆرە مل کەچییەکیان بۆ ئەنوێنێ، تەرحە ڕێزێکیان لێ ئەگرێ، فەرمانی وایان بۆ جێبەجێ ئەکات کە پیاو سەری لێ سوڕ ئەمێنێ بەجۆرێکی وایش بەربەرەکانێ لەگەڵ یەکتردا ئەکەن بۆ پەرستنی ئەو ڕۆژئاواییانە، پەروانە وا خۆی نادات بەسەر چرادا هەرچی ڕۆژئاوایی بفەرمووێ جێبەجێ ی ئەکەن.

لەپێشدا هەر خواستێکیان بۆ ڕاپەڕێنن، بەنابەدڵییەکی واوە ئەیکەن کە دەرنەکەوێ، خۆیشیان چەواشە ئەکەن ئەڵێن: ئەمانە شتێکی دەمدەمین ڕووئەدەن.

وەک هەوری هاوین وان، کاتێکت زانی بەئاسمانەوە نامێنن کە ئەگەڕێنەوە، دڵی خۆیان وا خۆش ئەکەن کە ڕۆژئاواییەکان بەڵێنەکانی خۆیان بەجێ ئەهێنن ئاواتەکانیان پێک دێن لەپاش ئەوەی فێری هەموو شتێک یان کردن، بەرەڵڵایان ئەکەن بۆ ئەمەی وەک نەتەوەیەکی سەربەست بژین، کاروباری خۆیان بەسەربەخۆیی هەڵسوڕێنن، بەئارەزووی خۆیان باج بستێنن، ئاگایان لە وەرگرتن و بەخت کردنی خۆیان ئەبێ، لە ڕۆڵەکانی نیشتمانیش ناوبژیکەر و سەرداری وا هەڵ ئەبژێرن کە لە هەموو کەس دەرونپاکتربن، لە ڕەوشت و کرداریان دا لە هەمووکەس چاکتربن، لە هەموو کەسێکیش زۆرتر خۆیان بەخت بکەن لە پێناو ڕاستی و دروستی دا.

(ڕۆژهەڵاتییەکان بەم جۆرە خۆیان دڵخۆش ئەکەن.

بەڵام ئەوی ڕۆژئاوایی ئەیکات، بریتییە لە پێ ڕەوییەک کە لە نیشتمانی خۆیەوە هێناویتی لەگەڵ خۆیدا، لەناو جانتایەکدا دایناوە، پاشان ناوەڕۆکەکەی ئەخاتە مێشکییەوە و لەبەری ئەکات کە ئەمەی تیا نووسراوە:

نەتەوەیەکی گێژ و وێژ و بێ کارە و ناشی و لایەنگیر لە ئایینیدا خاکێکی بەپیت کانی

زۆر پڕۆژەی گەورە گەورە ئاو و بایەکی سازگار ئەمانە بۆ ئێمەبن، باشترە!)

بۆ ئەمەی داگیرکردنەکەی بەدڵی خۆی بکات، ڕێ و شوێنێک دائەنێ بۆ جولانەوەی خۆی، کە ئەمەتا:

یەکەم: دوورخستنەوە و تەفروتوناکردنی هەموو نیشتمانپەروەرێکی ئازاد و سەربەست کە لە باریا هەبێ بەئاشکرا داوای مافەکانی نیشتمانی بکات.

دووەم: نزیک خستنەوەی هەرە نامەردیان و هەرە دووریان لە دەمە قاڵێ و ماف داواکردن.

سێیەم: چنگ گرتن بەسەر نیشتمانەکەیاندا، بەهۆی ناکۆکی و دووبەرەکی خستنە ناویانەوە بۆ ئەمەی ببنە پارچە پارچە ئنجا یەکێک لەو پارچانە باشتر چاودێری بکرێ، بام لەشتی پڕوپوچیشدا بێ.

تاوایان لێ دێ تەواو لەیەکتری ئەبن بەدوژمن و بەگژیەکتردا ئەچن هەروەها لە فرمان دابەش کردنیشدا هەروا ئەکەن، بێگانە هەر بەوە واز ناهێنن کە ئەم دەستە لەگەڵ ئەو دەستەدا شەڕ بکات.

بەڵکو کارێکی وایش ئەکەن کە لە هەموو ناو ماڵێکدا ئاژاوە و ناکۆکی و دوژمنایەتی پەیدابێ ئەم کارەساتانەیش هەموو بەکەڵکی بێگانە دێن بێ باکییەکەیان زۆرتر ئەبێ. فەرمانڕەواییەکەیان، زۆرتر بەئارەزووی زەبروزەنگی خۆیان ئەبێ هەروەها زۆرتریش دەستی نەتەوە و پیاوە دڵسۆزەکانی ئەبەستنەوە لە زیندووکردنەوەی نیشتماندا و ڕزگار کردنیان لە کۆت و پێوەندی بەندەیی و دەست بەسەرا گرتنیدا.

پاشان ئەڵێ: (ئەم خواستانەیش، وەک لابردنی دەست بەسەریی و سەربەخۆیی و شتی تر، بەهیچ شتێک پێک نایەن بەوە نەبێ کە هۆگری بەکارترین هۆبن.

وەک پێش خستنی نەتەوە بەبڵاوکردنەوەی زانیارییەکی دروست لەناویا، وەک دۆزینەوەی جێگایانی کزیی و لاوازیی، شارەزابوون لە ماف و فرماندا، لە چۆنێتی گەیشتن بەئامانجدا، لەگەڵ ڕاوەستانێکی ڕوو بەڕووی دوژمندا بۆ سەندنی مافی بێ دەسەڵات لە دەسەڵاتداری زۆردار!)

جا ئەگەر پێیان بگوتایە، ئەم بیروباوەڕە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە گرنگە، بەڵام نامان گەێنێ بەئامانجی خۆمان؛ بەتایبەتی هەر لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتییەکان لەناو تاریکی نەخوێندەواریدا سەر مەقولات ئەدەن ئەوانە تازە لە کەڵک کەوتوون زۆر بڵێیان



زۆرە بەڵام کارگوزاریان یەجگار کەمە... ئەویش وەرامی ئەدانەوە ئەیگوت: (ڕۆژهەڵاتییەکان دەرمانێکیان لا هەیە، زوو نەخۆش چاک ئەکاتەوە، بەڵام سامناکە پڕە لە تەنگوچەڵەمە و مەترسی پیاوی ترسنۆک لێی ئەتۆقێ هەروەک تێگەیشتوانی عەرەب گوتوویانە: یان ئەوەتا بەسەربەرزیی بژیی، یان ئەوەتا بەسەربەرزیی بمرە ئەوەیش بەخوێن ڕشتن نەبێ سەرناگرێ.

ئنجا ئەگەر ئەوەیشیان پێ بگوتایە: کە ئەم دەرمانە بەگران بەدەست ئەکەوێ چونکە زۆربەی ڕۆژهەڵاتییەکان مەردایەتییان نەماوە، ورەیان بەرداوە، دووبەرەکییان تێ کەوتووە، گێژوویژی داگیری کردوون، سەربڵندییان پێوە نەماوە، هەروەها لەو خۆشییەیش بەش بڕاون، کە لە کاتی هێزداریی نەتەوایەتی و سەربەستیی ڕاستەقینەی دا بەگیان ئەگات بێجگە لەوە، سەردارەکەیشیان ئەوەندە گەورە و زەلام و بەچنگ و خاوەن زەبروزەنگ دێتە پێش چاو، بەدێوێکی زۆر زەلام و پیاوخۆری ئەزانن، لەترسانا، ملی بۆ دائەنەوێنن، ناوێرن بەگژیا بچن...

ئەویش ئامۆژگاریی وائەکردن کە بەرەیەکی تازە پێ بگەێنن، بەزانیارییەکی دروستەوە پەروەردەبکرێن.

وا فێرکرێن کە لە پێناو نیشتمانەکەیاندا مردنیان پێ خۆش بێ ئەوەیش بەو کۆمەڵانە پێک دێ، کە ئەندامەکانی پەیمان بەدەروونی سەربڵندی خۆیان بدەن، پەنا نەبەنە بەر دەرگای هیچ خونکارێک، هیچ کارەساتێک سەریان پێ دانەنەوێنێ، هیچ هەڕەشەیەک دەماریان خاونەکاتەوە، هیچ بەڵێنێکی سایە و پایەیش چەواشەیان نەکات، هیچ بازرگانی و دەست کەوتێکیش لە فرمانی نیشتمانی وەریان نەگێڕێ ئەوانە ئەبێ وابن، کە ماندوێتی و تەنگانەی پێناو ڕزگارکردنی نیشتمان لە بەندەیی بەدەستکەوتێکی هەرە گەورە دابنێن.

ئەگەر لەدوای ئەوەیش پێیان بگوتایە: (ئەم ئامۆژگارییەی تۆ باشە، بەڵام بەمەرجێ خوا چەند کەسێکی وا بڕەخسێنێ بۆ نەتەوە، کە بتوانن بیگەنە ئەو ئامانجە بڵندە لە دەرونیشیاندا ئەو بەرزییە هەبێ کە پەنا نەبەنە بەر هیچ خونکارێک و بۆ هیچ پایەیەک خۆیان نەکەوتن ئەوانە ئەگەر وابن، بەڵێنی خۆیان ناخەنە پشت گوێ و پەیمانی خۆیشیان ناشکێنن بەڵام کواهی وەک ئەوانە دەست ئەکەون؟) ئەویش لەم واتایەوە وەرامی ئەدانەوە ئەیگوت: (نەتەوە چونکە داماوی دەستی ئەو جۆرەکەسانەیە، هەر پەیدایان ئەکات).

هەڕەشەی لێ ئەکردن لە وەڕس بوون و هەناسە ساردییەکی وا کە ورەیان پێ بەربدا و

بیانخاته بێ دەسەڵاتییەوە بەرامبەر زۆر و ستەمی ستەمکارانی ناوخۆ و زۆردارانی داگیرکەران لەگەڵ بوێژدا ئەیگوت: (تەنگانە هەرچەندە گەورەبێ، ڕۆژێک دێ لابچێ. جیهانیش هەرچەندە تاریک بێ، بەیانییەک دێت و ڕووناکی ئەکاتەوە).

یەکێک لە بیروباوەڕە تێگەیشتوانەکانی کە لەم بابەتەوە دەری ئەبڕیی ئەوەبوو: ئەگەر فەرمانڕەوایی داگیرکەر خاکەکەی دیی لەژێر چنگی خونکار یاخود سەردارێکی بەزەبروزەنگ دایە، کە بەهۆی نالەباریی ئەوەوە نەتەوە کە کزبووە و بووە بەبەندە و کەرت کەرتی لێ هاتووە، بەرەنگاری ئەبێ و ئەیشکێنێ بۆ ئەمەی خۆی بچێتە جێگای ئەوەیش بەوەپێک ئەهێنێ کە یان هێزبەکاربهێنێ، یان پارە، یاخود داونانەوە و فڕوفێڵبازیی چونکە فەرمانڕەوایی داگیرکەر بایەخ نادات بەکەس، تەنانەت بە خونکار و سەردارانیش هەروەها بە لەشکر و سەرکردەکانیشیان بایەخ نادات.

بەڵام ئەوی لێی ئەترسێ و لێی ئەتۆقێ ئەوەیە کە نەتەوە لێی هەڵگەڕێتەوە، لێی ڕاست بێتەوە، ڕوو بەڕووی بوەستێ: ئەمە تەنیا چەکێکە کە پشتی داگیرکەری پێ بشکێنرێ!...

بۆ وێنە ئەفغانی بۆ ئەهێنانەوە ئەیگوت: ئینگلیزەکان بەخۆیان شەست هەزار سەربازی ڕێکوپێکەوە هاتنە ناو خاکی ئەفغانەوە پیا سوڕانەوە جێگە سەختەکانی و کەلاتەکانیان داگیرکرد بەڵام کە ئەفغانییەکان لە هەموو لایەکەوە لێی ڕاست بوونەوەو، بەناوی نەتەوەی ئەفغانەوە، نەک بەناوی خونکار و سەردارەوە، چون بەگژیا، ئینگلیزەکان واقیان وڕما، ناچارمان خاکی ئەفغانیان بەجێ هێشت و هەڵهاتن ئەمە بێجگە لەوەیش کە سی ملیۆن لیرەی ئینگلیزییان بەفیڕۆ چوو لەو شەڕانەدا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆریش سەربازی کوژراو، سەرکردانی هەڵبژێرراودا.

پاشان ئەیگوت: (چ خونکارێک هەبوو بتوانێ ئینگلیزەکان لە خاکە داگیرکراوەکانی ئەمەریکا دەربکا بەڵام کە ئەمەریکاییەکان هەموو یەکیان گرت و بەناوی نەتەوەی ئەمەریکاوە لێیان ڕاپەڕین و چوون بەگژیاندا و تا دواهەناسەیان شەڕیان لەگەڵ کردن، لە پێناو سەندنی سەربەخۆیی خۆیاندا، ئینگلیزەکان ناچارمان بەدەستووری ئەوان بکەن، بەدڵی ئەوان بکەن، ئەمەریکایان بۆ ئەمەریکاییەکان بەجێ هێشت و چوونەوە خاکی خۆیان زۆرزانەکانی ئینگلیزیش، تێگەیشتووبوون، ئەیانزانی کە لە توانای کەسدانیە نەتەوەیەکی وا لەناو ببات کە هەموو کەس یەکی گرتبێ و بەئازایی هاتبێتە کۆڕی جەنگەوە و خۆیشی بدا بەکوشت لە پێناو سەربەخۆیی خۆیدا!).



لە واتەیەکی تریا لەم واتایەوە قسەی کردووە: کە ڕاستی هەر سەر ئەکەوێ، بام لەپێشیشدا تووشی بەرەنگاری کردن و ئازاردان ببێ ئەوەیش بەوێنە ئەهێنێتەوە کە بەسەدان ملیۆن کەس ئیمڕۆ پەیڕەوویی ئامۆژگارییەکانی هەرسێ پێغەمبەرەکان ئەکەن وەک (موسا و عیسا و محەمەد) کەچی لەسەرەتادا هەمووی چەند کەسێک دوایان ئەکەوتن.

ئەیگوت: (ئەگەر ئامۆژگارییەکانی ئەوانە و قسەکانیان هەمووی باش نەبوونایە و، لەگەڵ گیانی مرۆڤایەتیدا ڕێک نەکەوتنایە، باوەڕ پێکەرەکانیان ئاوا زۆر نەئەبوون و پەرەیشیان نەئەسەند.

کەچی هیچ شتێک نەما لێیان نەکرێ وەک: بەرەنگاری کردن و ئازاردان و کوشتن و تیزپێکردن و تەفر و توناکردن و هەڵواسین و هەموو جۆرە ئازاردانێکی تر تەنانەت بوون بەنەتەوەیش و خاکانیان ئاوەدانکردەوە ئەو تاک و تەرا و کۆمەڵە پچووک پچووکانە، پاشان وایان لێهات.

فەرمانڕەواییان دامەزراند، سامیان لێ ئەکرا، خۆیان لێ ئەپارێزرا، شارستانێتی و پێشکەوتنێکی وایشیان پێک هێنا کە تا سەر بمێننەوە!).

لەوەشەوە، بڕیار ئەدا، کە هەر بیر و باوەڕێک لە بنچینەیدا ڕاست بێ، بام پێچەوانەی بیروباوەڕی باویش بێ، بام خاوەنەکانیشی کەم بن، ژیریی وای پێ ئەوێ، کە سەبارەت خاوەنەکانیشی کەم بن، ژیریی وای پێ ئەوێ، کە سەبارەت بەباوەڕ پێکەرە کەمەکانی و بەرپەرچ دەرە زۆرەکانی سەرەتایی نابێ بەچاوی سووک تەماشا بکرێ بەڵکو ئەبێ لە چاوێکی لێکۆڵینەوە و نرخپێدانێکی ڕاستەقینەوە و سەیری بکەین جا لەپاش ئەمەی ئەو کارەساتە ناخۆشە پڕئازارانە ئەژمێرێ کە هاتوون بەسەر عیسا و محەمەد پیاوە گەورەکانی شۆڕشی فەرەنسەدا؛ کە لەگەڵ ئەوەیشدا بیروباوەڕەکانیان هەر سەرکەوتوون تاوایان لێ هاتووە زۆربەی دانیشتوانی جیهان پەیڕەوییان ئەکەن و ڕێزیان لێ ئەگرن و ئەیان پەرستن ئەڵێ: (لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە پیشانم دان، بیروباوەڕی هاوبەشی (اشتراکی)یش هەروایە هەرچەندە ئیمڕۆ باوەڕ پێکەری کەمە، بەڵام ڕۆژێک دێ کە چنگ ئەگرێ بەسەر هەموو جیهاندا واتا هەر کاتێ کە زانستی ڕاست و دروست بڵاوبووەوە بەناو جیهاندا و، مرۆڤ تێگەیشت کە خۆی و براکەی لە یەک گڵ دروست کراون، لە یەک گیانن، جیاوازیش ئەبێ لەسەر ئەو بنچینەیە دابمەزرێ کە زۆرتر کەڵک ببەخشێ

بەهەمووان، نەک لەبەر شاکلاو، یاخود دەوڵەمەندیی، یان لەبەر سامانێک کە کۆی ئەکاتەوە یاخود لەبەر دەس و پێوەندێک کە ئەیان کات بەبەندە، یان لەبەر لەشکرێک کە کۆیان ئەکاتەوە بۆ شەڕ.

لەگەڵ هەموو، ئەو کار و فرمانانەدا کە پڕوپوچن، ئەو گەورەییانەدا کە لەناو ئەچن، ئەو ڕەوشت و کردارانەیشدا کە تاسەر بەنەنگی ناو ئەبرێن!).

بەجۆرێکی تێکڕایی، بیروباوەڕەکانی زرنگی ئەفغانی چ لەناو کۆڕەکانیا، چ لە وتار و نووسینەکانیا، هەموو بریتی بوون لە پەند و ئامۆژگاریی پەسەند، پیاوی گێژ و وێژیان ئەخستە سەرکردنی فرمانی گەورە، ترسنۆکیان ئەخستە سەر ئازایەتییەکی بێ هاوتا ڕۆژهەڵاتییەکانی فێری بیروباوەڕی بەرز و پیرۆزی سەربەستی و نیشتمان پەروەریی ڕاستەقینە ئەکرد. هەروەها ڕێگایشی بۆ ڕۆشن ئەکردنەوە بۆ سەربەخۆیی وپێشکەوتن و ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و ئازادیی. جەمالەدین هەر لەسەر ئەم ڕەوشتە پڕ کەڵک و ڕێ پیشان دانەی خۆی ڕۆیشت، هەتا ساڵی ١٨٩٧، کە نەخۆشیی شیرپەنجە، یان وەک شیرپەنجە لە چەناکەی دا پەیدابوو نەخۆشییەکەی لێ گران بوو.

خونکار عەبدولحەمید فەرمانیدا بە(ئەسکەندەر پاشای کوڕی قنبور) کە گەورەی پزیشکە نەشتەرکارەکانی کۆشک و یەکێک لە پیاوە نزیکەکانی خۆی بوو، نەشتەرکارییەک لە برینەکەیدا بکات بەڵام نەشتەرکارییەکە سەری نەگرت.

نەخۆشییەکە تەشەنەی کرد بۆ هەردوو چەناگەی و کاریشی کرد لە هەموو لەشی، تا لە ١٨٩٧/٣/٩دا کوشتی.

لە بابەت نەخۆشیی جەمالەدین و مردنیەوە بەندوباو زۆر بڵاوبووەوە گوتیان (کوڕی قنبور)، لەسەر قسەی خونکار دەرمان کردنەکەی خراپ کردووە ڕۆژهەڵات ناس، (لاون استرورگ)، بۆ شازادە (شەکیب ئەرسەلان)ی گێڕابووەوە، کە (سەید جەمالەدین) لەپاش نەشتەرکارییەکە بانگی کردبووە لای خۆی، پێی گوتبوو کە تایەت لەشی خراپتر تێک ئەچێت تکایشی لێ کردبوو کە نەشتەرکارێکی فەرەنسەیی دەروون ئازاد و دەست پاکی بۆ ڕەوانە بکات، لە نەخۆشییەکەی بکۆڵێتەوە ئەویش پزیشک (لاردی)ی بۆ ئەنێرێ کە سەیر ئەکات نەشتەرکارییەکەی باش نەکراوە و هەڵەی تیاکراوە لە پاک و خاوێنیشدا کەم تەرخەمیی تیاکراوە.

نەخۆشەکەیش بەوە پەرێشان بووە و پاشان مردووە هەروەها شزادە (شەکیب ئەرسەلان)



گێڕایەوە، کە یەکێک لە فەرمانبەرەکانی کۆشکی عەبدولحەمید پێی گوتووە، (کوڕی قنبور) لەوە پاکتر و بلّندترە کە تاوانی وا ناشیرین بکات بەڵام پزیشکێکی دانساز هەیە ناوی (جارح)ە، ئەوە هەموو جارێ ئەهاتە سەر سەید جەمالەدین دانەکانی تەماشا ئەکرد.

وەزارەتی باڵبازەکان، بەپارە لە خشتەیان بردبوو، کردبوویان بەسەرەتاتکێ بەسەریەوە لە بەرگی دۆستێکدا بووبووە دوژمن لە جەمالەدین فەرمانبەرەکە گوتبووی:

(جارێکیان ویستم پزیشک (جارح) لە کۆڵ جەمالەدین بکەمەوە نەهێڵم تێکەڵیی بکات وەزیری باڵبازەکان بەدزییەوە تێی گەیاندم کە وازی لێ بهێنم. لەوەوە تێگەیشتم کە پزیشکەکە ئەچێتە لای وەزیر، لەژێر سەرپەرشتی ئەوانیشدا دانی جەمالەدین چاک ئەکاتەوە سەید یش هیچ ئاگای لەو کەینەوبەینەیە نەبوو (پزیشک جارح)ی لە خۆی نزیک ئەخستەوەو پشتیشی پێ ئەبەست ئیتر نازانم (جارح) بەهۆی پزیشکایەتییەکەوە و پشت بەستنی جەمالەدینەوە بەو چیی لێ کردووە من هەر ئەوەندە ئەزانم کە لەپاش کوشتنی شا بەچەند مانگێک نەخۆشیی شیر پەنجە لە چەناگەی سەیددا پەیدابوو، لە دیوی ناوەوە نەشتەرکارییەکی تیاکرا، سەری نەگرت (جارح) لەگەڵ پزیشکەکەدابوو لەدوای مردنی سەید، (جارح)مان بەخەمباری و دەموچاو گرژی و دڵ پەرێشانییەوە ئەدیی ئەوە وای لێ کردین کە دڵی لێ کرمێ بکەین، کە دەستی بوبێ لە پیس کردنی برینەکەدا، لەپاش نەشتەرکارییەکە، یاخود لە پەیداکردنی نەخۆشییەکە خویدا. بەهەر هۆیەک بووبێ). کەس ناتوانێ، لەم بیروباوەڕانە، بڕوا بەهیچ کامێکیان بکات!

خونکار عەبدولحەمید، فەرمانیدا بێ ئاهەنگ جەمالەدین بنێژن هەرچی نووسراو و قاقەزێکیشی هەیە دەستی بەسەرا بگرن فەرمانێکی خونکارانەیشی نارد بۆ هەموو ڕۆژنامەکانی خاکی عوسمانی کە لە بابەت جەمالەدینەوە هیچ نەنووسن جێنشینەکانی خونکاریش لە سوریەدا، هەرچی ڕۆژنامەیەکی میسری هەبوو، کە شیوەنیان بۆ جەمالەدین کردبوو دەستیان بەسەراگرت ئەو جەمالەدینەی کە یەکەم ڕاپەڕێنەر و وریاکەرەوەی ڕۆژهەڵات بوو بۆ زۆربەی بزووتنەوە نیشتمانییەکانی، بەمەبەسی ڕزگاربوون و دامەزراندنی دەستوور لە ڕۆژهەڵاتدا.

پاشان جەمالەدین لە گۆڕستانێکی نەناسراودا، لە نزیک (نشان طامش)ەوە نێژرا سێ کەسی دوستی نەبێ، کەس لەدوای تەرمەکەیەوە نەبوو ئەوانیش: (سهیل پاشای فضل پاشا) و (علی قبودانی میسری) و (جرجی افندی کونجه)بوون ئەمی دوایییان یەجگار

دڵسۆزی بوو لەم دواییەدا لە باخەڵی خۆی پارەی بۆ بەخت ئەکرد هەتا مردیش لە کاتەکانی گیانەڵاویدا بەتەنشتیەوەبوو تا نزیکەی سی ساڵێکیش کەس نەی ئەزانی گۆڕەکەی لە کوێیە دوایی لەپاش ڕەنج و تەقەڵایەکی زۆر، لەلایەن ڕۆژهەڵات ناسێکی ئەمەریکایی دۆستیەوە کە ناوی (مستەرکراین) بوو لە ساڵی ١٩٢٦دا دۆزرایەوە ئەویش لەبەردی مەرمەڕ گۆڕێکی بۆ دروست کرد و پەرژینێکی ئاسنیشی بۆ کرد لە ڕوویەکی گۆڕەکەدا ناوی جەمالەدین و ڕۆژی لە دایک بوون و مردنی نوسی لە ڕووەکەی تریشیا نووسی: (ئەم گۆڕە لەلایەن دۆستی دڵسۆزی هەموو موسوڵمانانی جیهانەوە، چاکەخوازی ئەمەریکایی میستەر چارلس کراینەوە، لە ساڵی ١٩٢٦دا دروست کراوە) لەسەرەتای مانگی دوانزەیەمی ساڵی ١٩٤٤دا، واتا لەدوای مردنی سەید جەمالەدینی ئەفغانی بەپەنجا ساڵ، ئێسک و پروسکەکەی جەمالەدین لەناو ئاهەنگێکی گەورەدا گوێزرایەوە بۆ ئەفغانستان.

## وتەی هەڵبژاردەی جەمالەدینی ئەفغانی

* نامەرد ئەو کەسەیە کە بەجێگای چاکردن بزانێ و ڕاستیی بیروباوەڕیشی بۆ دەربکەوێ، کەچی خۆی تێیان نەگەێنێ. باوەڕیشی بۆ دەربکەوێ، کەچی خۆی تێیان نەگەێنێ.
* زانستێکی بەکەڵکی کەم کە لەسنگدابێ و بەکاربهێنرێ، چاکترە لە زانستێکی زۆری ناو نوسراوان کە فرمانیان پێ نەکرێ.
* هەرچی، بەبێ ئەمەی گوناهێکی کردبێ، لە خونکار بترسێ، ئەو کەسە بەگەنگە پیاو ئەژمێررێ.
* هەر بیروباوەڕێک، پشتیوانی زۆربوو لەوانەی کە باوەڕیان پێی نییە، ئەو زۆرییە بەکەمی و سوکی دائەنرێ. هەر بیروباوەڕێکیش، پشتیوانی کەم بوو لەوانەی باوەڕیان پێی هەیە، ئەو کەمییە بەهێز و دەسەڵات و گرنگی دائەنرێ.
* مەردایەتی لەوەدایە کە پیاو پێچەوانەی ڕەوشتی باو بجولێتەوە، بەمەرجێ هیچ و پووچیی دەرکەوتبێ.
* هەر نەتەوەیەک سەرداری خۆی لە ڕوودا بپەرستێ و لەپاش ملە لە ئەستۆی بدات، بەکەڵکی ژیان نایە.
* مرۆڤ وایە، هەرشتێکی پێ خۆش نەبوو، پێ لە بوونی نانێ، هەر شتێکیش پێ خۆش بوو ئەیپەرستێ.



* ئەگەر فەرمانڕەوایی، پێ لە مافی ناوبژێکەران نەنێ، هەروا چاکترە کە گورگ بکات بەشوان.
* ئەوانەی لە ڕوودا خوار و خێچی ئەکەن، زیانیان کەمترە لەوانەی کە خۆیان لە بەرگی سەر ڕاستیدا ئەشارنەوە.
* هەموو شتێ ئیمرۆ سەر ناگرێ، سبەینێ سەر ئەگرێ.
* سەربەخۆیی هیوایەکە، فرمانی ئەوێ، بەرگەگرتن و ئارامی ئەوێ، کاری سەخت و سامناکی پێ ئەوێ.
* کۆڵ هەڵگری دار بۆ فرۆشتن، بەکەڵک ترە لە کۆڵ هەڵگری زێڕ بۆ کۆکردنەوە.
* نزیکترین سەرچاوەی دادپەروەری ئەوەیەکە ئەندازەی خۆت بگریت.
* سووکترین کەس ئەوەیە، کە بۆ ژیانی خۆی، مردنی کەسانی تری بوێ.

# مەدحەت پاشا

نووسەری: قدری قلعجی

لەگەڵ پاشبەندێک بۆ ئەم بەرهەمە

لە نووسینی ئەحمە سەید عەلی بەرزنجی

«بێ گومان مەدحەت پاشا لە گەورە پیاوانی ئەم سەردەمەیە لام وایە، ئەمجارە، کەینەوبەینەی ڕۆژهەڵات چارە ئەکرێ. چونکە مەدەحت پاشا، تەنیا کەسێکە کە بزانێ مەبەس لەم کەینەوبەینانە چیە و چ شتێکیش پێویست بێ لە پێناوی چارەکردنیا ئەیکات، بێ ئەمەی لە ڕێگەی ڕاست لابدات»

(بسمارک)

«... هەرچییەک گوترابێ لە بابەت ئەو بەرهەڵستانەوە کە بێگومان ئەکەونە بەر ڕێگای مەدحەت پاشا لە کاتی بەکارهێنانی ئەو بیروباوەڕانەدا کە بڵاویان ئەکاتەوە، بەڕاستی مەدحەت بەپیاوێکی هەرە گەورەی تورکیا ئەژمێرێ لە ڕووی گیانە دەستوور پەروەرەکەی و مەردایەتییەکەیەوە.»

هەنری ئەلیوت

ڕاسپاردەی ئینگیلتەرە لە ئەستەمبوڵ

«مەدحەت لەو پیاوانە بوو کە لە ڕەوشت و خوویاندا مەردایەتییەک هەیە، لە سروشتیاندا زۆران بازییەک هەیە لەگەڵ خراپەدا، لە ڕەنج و تێکۆشانیاندا خۆ ڕاگرتنێک هەیە، هەروەها بەرگەگرتنێکی وایش هەیە بەرامبەری ئازار، کە هەتا ئەمرێ پێی نەنگە هاوار بکات».

ئەحەمەد ئەمین

«مەدحەت دڵ ناسک و سروشت توندبوو سەربەست و کارگوزار و خەمخۆر بوو لەسەر فرمان سەربەخۆبوو لەبیروباوەڕدا ئازادبوو نیشتمان و فەرمانڕەواییەکەی خۆی بەدڵ خۆش ئەویست لە پێناویشیاندا سەری خۆی دائەنا نیازی پاک بوو لە قسە و کردەوەیدا یەجگار بەپەرۆشەوە بووە بۆ چاکەخوازیی بەڵام حەزی لە زۆرداریی نەئەکرد گوێیشی نەئەدایە ئەوەی چی بەسەر دێ لە پێناو بەرەنگاریی کردنیا».

جرجی زیدان



«خۆشەویستی چاککردن[1] و ڕاستکردنەوەی کاروباری گشتی، تێکەڵ بەخوێنم بووە هەر وەک دەردی کاریگەر وایە لێم نابێتەوە»

مەدحەت پاشا

## پەیدابوونی هەڵکەوتوویەک لەسەردەمی خونکاراندا[2]

(عوسمانی)یەکان لە ماوەی سێسەد ساڵێکا، توانییان شاهەنشیاهییەکی گەورەو فراوان بۆخۆیان پێک بهێنن خاکەکانی تا سنووری (نەمسە) و (ئیتاڵیا) ئەچوو دوورگەکانی زریی سپی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و خاکەکانی (جزائر و تەرابلوسی) ڕۆژئاوا و (تونس و میسر) لە ئەفریکای ژوورووەدا، لە ژێر چنگیابوون نیوەدوورگەی عەرەبستان و پشت (بغداد) و (موصل)یش تا ئەگاتە کەندەڵان (خلیج)ی (فارس) ملیان بۆ کەچ ئەکردن دەسەڵاتیشی تا کەنارەکانی ڕۆژهەڵات و خوارووی (زریی ڕەش) و نیوەدوورگەی (قریم)و سنوورەکانی (پۆلۆنیا) دەڕۆیشت.

بەڵام ئەم گەورەیی و فراوانییەی خاکەکەی لەگەڵ ئەو هەموو جۆرە نەتەوانەدا کەتیادا ئەژیان و نەتەوایەتی و زمان و ئایینی خۆیان ئەپاراست، پاشان پەیدابوونی چینێک لە دەسەڵاتدار و خاوەن زەوییەکان کە دەوڵەمەندیی و پوول پەرستی سەری لێ شێواندبوون: زۆرداریبیان ئەکرد لە نەتەوە و ئەیان چەوساندنەوە، لەگەڵ سەرگەردانی و شپرزەبوونی زۆربەی نەتەوە بەهۆی هەژاریی و نەخوێندەوارییەوە، بەهۆی دەرد و نەخۆشی گەورە گرانەوە بەهۆی زۆروستەمی هەموو ڕەنگەوە، بەهۆی شەڕوشۆڕی گەورەی واوە کە هەرچی لاوی بەهێز و هەرەتی هەبوو بەکوشتیان ئەدا، هەرچی خاکێکی هەبوو پارچە پارچەی ئەکرد بێجگە لەوانە کاروکردەوە نەنگ و خراپەکانی کاربەدەستە گەورەکان کەبووبوونە هۆی تێک دانی ئاسایش و ئارامی گشتی و، شێوانی کار و چاکە و مافی هەمووان. ئەوانە هەموویان پێکەوە، بووبوونە هۆی پەیدابوونی ئاژاوە و پشێوییەکی وەها سامناک لەناو خاکەکانی (عوسمانی)دا، کە ئاسمانی کاروباری فەرمانڕەوایی و فرۆفیڵی بەجارێک تاریک کردبوو، ژیانی کۆمەڵایەتی تێکومەکان دابوو، ڕەوشت و خوو دڵ و دەروونی خراپ کردبوو لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی (عوسمانی)یش وەک هەموو

(١) چاککردن: چاکسازی (إصلاحات).

(٢) خونکاران: سوڵتانەکان (السلاطين).

فەرمانڕەواییەکی گەورە و فراوان، کە لەسەر بنچینەیەکی بەهێز و توندی ئازادیی و سەربەستی و دادپەروەریی و برایەتی و یەکسانی دانەمەزرابێ، ڕووی کردبووە تێک چوون و لەناوچوون و ڕووخان.

لەبەر ئەوە هەر ئەوەندەی خۆش بوو، تا گەیشتە سەدەی نۆزدەهەم ئیتر ئەو فەرمانڕەواییە گەورەیە کەوتە تەنگانەیەکی گەورەوە لە مێژووی ژیانیا، سنوورە فراوانەکانی وردە، وردە کشانەدواوە شۆڕشی ناوەوە، لە زۆربەی خاکەکانیا، بەتایبەتی لە خاکەکانی (بالکان)ی وەک شاخە ئاگرینەدا، دەستی پێ کرد فەرمانڕەواییە گەورەکانی ئەوروپایش، چاویان تێ بڕیبوو، بۆ ئەوە ئەگەڕان کە چەند پارچە خاکێکی لێ بپچڕن.

یاخود هەندێ ناز و جیازی تیا وەرگرن ئەوانیش هەستیان بەوە کردبوو کە (فەرمانڕەوایی عوسمانی) لە گیانەڵا دایە، لەلایەکەوە گەلە کۆمەکێیان لێ ئەکرد، لەلایەکی تریشەوە لەسەر لاکی ئەو شەڕیان ئەکرد.

(سرب)ییەکان، یەکەم نەتەوە بوون کە لە فەرمانڕەوایی (عوسمانی) هەڵگەڕانەوە لەپاش خەبات کردنێکی خوێناویی و بەهێز توانییان، لە ساڵی ١٧١٧دا سەربەخۆیی ناوەوە وەرگرن بەڵام خاکەکەیان سەر بە(خونکار)ی (عوسمانی) بمێنێتەوە پاش ئەوانە (یۆنان)ییەکان شۆڕشیان گێڕا لەگەڵ تورکەکاندا شەڕ و کوشتارێکی گەورەیان کرد ئینگیلتەرە و فەرەنسە و ڕووسیا پشتی یۆنانیان گرت دوایی خونکاری (عوسمانی) نارچاربوو، لە ساڵی ١٨٢٩دا دانی نا بەسەربەخۆیی خاکی یۆناندا (بێجگە لەبەشی ژوورووی) هەروەها دانی نا بەسەربەخۆیی ناوەوەی (ڕۆمانیا) و (سربیا)یشدا.

پاش ئەوە (محەمەد عەلی پاشا)یش، بۆ میسر سەربەخۆیی سەند لەپاش چەند شەڕوشۆڕێکی دوورودرێژ، لەگەڵ فەرمانڕەوایی (عوسمانی)دا، لە ساڵی ١٨٤١دا ڕێک کەوت، کە خونکاریی میسر پشت بەپشت لە باوکەوە بۆ کوڕی بێتە خوارەوە بەڵام (خونکاری عوسمانی) مافی ئەوەی هەبێ کە لە خێزانی (محەمەد عەلی پاشا) هەڵبژێرێ بۆ ئەو پایەیە.

لە ساڵی ١٨٥٤یشدا شەڕێک پەیدابوو لە ناوەند فەرمانڕەوایی (عوسمانی) و (ڕوسیا)دا، دوو ساڵی تەواوی خایاند فەرەنسە و ئینگلتەرە پشتی (خونکاری عوسمانی)یان ئەگرت شەڕەکە بەوە دوایی هات کە فەرمانڕەوایی (عوسمانی) دانی نا بەسەربەخۆیی (خاکی ڕۆمانیا)دا.



جا لەو سەردەمە پڕ تەنگوچەڵەمەیە و سەیرە دابوو، کە (مەدحەت پاشا) پەیدابوو، لەگەڵ بانگ ڕاهێشتنە کەیا بۆ فەرمانڕەوایی کردنێکی دیموکراتی چونکە بەلای ئەوەوە، تاکە ڕێگایەک کە بۆ ڕزگارکردنی فەرمانڕەوایی (عوسمانی) دەست بدات لەدەست ڕووخان و لەناوچوون، ئەوەیە کە دەستوورێک دابمەزرێنرێ بۆ هەموو خاکەکانی (عوسمانی)، کە بەهۆی جێبەجێکردنی ئەوەوە دادپەروەریی و ئاسایش لە ناویا بڵاوببێتەوە، برایەتی و یەکسانی لەناو هاونیشتمانەکاندا بنج بەست ببێ، هەروەها چەند کۆڕێکی نەتەوەیش دابمەزرێ، بەجۆرێکی وا نەتەوە خۆی فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیدا بکات، نەک لە ژێر دەستی خونکاردا بمێنێتەوە، کە بەخۆی و پیاوە نزیکەکانییەوە بەئارەزووی خۆیان کاروباری ببەن بەڕێوە، کە پڕە لە ئاڵۆش و خرۆش و هەڵە و بەدکردارییی.

ئەو پیاوە نزیکانەی خونکار کە، کاروباری خاکەکەیان ئاڵۆزاندبوو، پشێویی و ئاژاوەیان خستبووە ناوەوە؛ وای لێ هاتبوو ناوبژیکەر یاریی بەیاسا ئەکرد، سەرباز شیری ئەوەشاند لە برای خۆی، گەورە و بچووک بازرگانییان بەفرمانی فەرمانڕەواییەوە ئەکرد لە ناوەند فەرمانڕەوایی و نەتەوەیشدا، ناکۆکییەکی گەورە پەیدابووبوو هیچ پەیوەندییەکیان نەمابوو بەیەکەوە، پەیوەندیی گەورە و بەندەکەی نەبێ!... ئەو جوتیارانەیش کە بەهەموولایەکی خاکەکەدا بڵاوبووبوونەوە و بەشی هەرە گەورەی نەتەوەکەیان لێ پەیدابووبوو، فەرمانڕەواییان هەروا ئەهاتە پێش چاو، کە بریتییە لە باج سێنێک، هەموو ساڵێک هەڵ ئەکوتێتە سەر دێهاتەکانیان بەشێکی گەورەی ئەو دانەوێڵەیان لێ داگیر ئەکات کە بەخۆی(*) ناوچەوان کۆیان کردۆتەوە، هەروەها بریتییە لە ئەفسەرێک، بەتفەنگێکی ئاراستەکراو، یاخود بەشیرێکی هەڵکێشراوەوە دێتە ناوماڵیانەوە، کوڕەکانیان لە باوەش دەرئەهێنێ و ئەیانبات بۆ ئەمەی ڕەوانە بکرێن بۆ کۆڕی شەڕ، لە خاکێکدا شەڕیان پێ بکەن نەدیویانە و نەئەیناسن، بۆ ئامانجێکیش شەڕیان پێ بکەن کەتێی نەگەیشتوون چیە. کەمێکیشیان نەبێ نەیان ئەتوانی بگەڕێنەوە.

(مەدحەت پاشا)یش لە ناو نەتەوەدا، سەری دەرهێنا و قیڕاندی بەسەر ئەو سەردارانەدا: ئێمەین سەرچاوەی هێز و دەسەڵات نە ئێوە، نە خونکاری سەردارتان، بریتی نین لە هیچ لەوەنەبێ کە سەرکارێکن، نەتەوە ئێوەی لەسەر کارداناوە هەرکاتێ حەز بکات

(*) خۆ= (عرق، ئارەق) -وەرگێڕ-

ئەتان کات بەسەرکار، هەرکاتێکیش بیەوێ لەسەرکارتان ئەخات بێجگە لەوە، پێویستە لەسەریشیان، کە هەرچیتان کردووە پێشانی نەتەوەی بدەن، تا ئەگەر بەباشی زانی چەندوچوونیان لەگەڵدا بکات. (مەدحەت) لە هیچەوە پێ گەیشت لەو سەردەمەدا، کە هەر پاڕانەوە وخۆ نووساندن بەکاربەدەست و دەسەڵاتدارانەوە، بەکار ئەهات (مەدحەت) توانی، بەهۆی ڕەوشت و خووی پاک و بڵندیەوە، بەهۆی تێکۆشان و خەبات کردن و نیشتمان پەروەریی خۆیەوە، بگاتە بڵندترین پایەی فەرمانڕەوایی زۆری پێ نەچوو بووە پیاوێکی زرنگ کاری گەورە و ئازادیی خوازێکی مەزن بووە وێنەی ڕەوشت و خووی بڵند و زرنگی و ژیریی پەسەند و، بیروباوەڕی پۆڵایی و، بیری ئازا و سەربەست، لەناو ئەو خاوەن فروفێڵانەدا، کە فڕوفێڵیان کردبوو بەپیشە بۆ خۆیان، کە لەچاو هەڵهێنان نەبێ بەهاوڕێی خۆیان و، زۆرکردن نەبێ لەوانەی لە خۆیان بێ دەسەڵات ترن. و خۆ هەڵسوون نەبێ لە گەورەپایە و خونکاران. هیچی تریان نەئەزانی بیکەن، (مەدحەت) وەک سەرکردەیەک هاتە پێشەوە کە خۆی لە پێناو کەڵک و چاکەی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیدا بەخت ئەکرد.

کاربەدەستەکانی تر، خۆیان وا ئەنواند کە بۆ کەڵکی فەرمانڕەوایی نەبێ کار ناکەن، کەچی لە ڕاستیدا دوژمنی ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایی بوون هەندێکیان بەناشێتی و بێ دەسەڵاتی خۆی زیانی لە فەرمانڕەوایی ئەدا، هەندێکیشیان بەوە زیانی لێ ئەدا، کە هەموودەم بۆ ئەوە تێ ئەکۆشا کە بەمەبەس و ئارەزووی دڕندانەی ناپوختەی خۆی بگات، ڕێگاکەی هەرچۆنێک ئەبێ ببێ.

ئەم چاکەخوازە گەورەیە، لە ساڵی ١٨٨٢دا لەشاری ئەستەمبوڵ لە دایک بووە[١] ئەوساکە، ئەستەمبوڵ، سێهەم شاری جیهان بووە، لە گەورەیی و فراوانیدا ژمارەی دانیشتوانی لە ملیۆنێک و سەد و حەفتا و پێنج هەزار کەس تێپەڕی کردووە لە دەمێکی دووردوودرێژەوە، کەوتبووە خەوێکی قووڵەوە کاتێ خەبەربوونەوەی هاتبوو خەریک بوو ئەکەوتە ناو ئەو گێژاوەوە، کە شارە گەورەکانی تریش لەوەپێش تێی کەوتبوون- واتا گۆڕینی فەرمانداریی و گواستنەوەی لە چینێکی دەسەڵاتداری زۆرداری زەویی دارەوە، کە هەموو سەر و سامانی خاکەکەی خستبووە ژێر دەستی خۆیەوە، بۆ چینێکی گەشەکەر کە لە

(١) لە ڕاستیدا ساڵی ١٨٢٢ز- ١٢٣٨ک لەو شارەدا لە دایکبووە، وە لە ١٨٨٣ز- ١٣٠٠ک لە (طائف) کوژراوە.



خوێندەواران و خاوەن پیشەو کار پێک هاتبوو، کە ئەیویست دادپەروەریی و ئاسایش بڵاوبکاتەوە بەناونیشتمانەکەدا، هەر کەسەیش بەپێی کردەوە و دەسەڵاتی خۆی کاری گشتیی پێ بسپێررێ، یاسایەکی گشتییش دابمەزرێنرێ ماف و فرمانی هەمووانی تیا دیاردیی بکرێ.

هەروەها لەگەڵ گواستنەوەی فەرمانداریییەکەدا، بەرەنگارییەکیش پەیدابووبوو، لە ناوەند چینەی پێ گەیشتووە گەشەکەرە و[١] چینە تێک چووە ڕزیوەکەدا، بێجگە لەوە دەسەڵاتی کۆمەڵە چاکەخوازەکان و، دەسەڵاتی کۆنە پەرستەکانیش ئەچوون بەگژیەکدا ئنجا کە ئەو کۆنەپەرستانە تەگەرەیان لە کاروفرمان و تێکۆشانی چاکەخوازەکانی ئەدا، چینە تازەکە ناچار ئەبوو دەستێکی وا بەهێز بوەشێنێ لە دوژمنەکانی کە جارێکی تر گیانیان سەر دانەنێتەوە، بۆ ئەمەی بتوانێ ئاڵای دادپەروەریی و برایەتی و یەکسانی هەڵ بکات لەناو نیشتماندا جا گێژاوەکەی لە مەڕ شاری ئەستەمبوڵ بەم جۆرە بوو.

شاری ئەستەمبوڵیش، لەو سەردەمەدا بریتی بوو لە وێنەیەکی بچووکی شاهەنشاهییە گەورە و فراوانەکە نە ئەورووپاییەکی تەواو بوو، نە ئاسیاییەکی ڕۆژهەڵاتی تەواویش بوو نە شێوەیەکی نەتەوەیی تایبەتی هەبوو، نە شێوەیەکی فەرمانڕەواییانەی باوی هەبوو هەرچی پێچەوانەی یەکترە تیا ئەژیا هەژارییەکی لە ئەندازە بەدەر و دەوڵەمەندییەکی لە ئەندازە بەدەری تیابوو.

جوانییەکی دڵ ڕفێن و ناشیرینییەکی گیان کوژی تیا بوو لەلایەکەوە دادگای ئایینی ئیسلام و گاوری تیابوو، لەلایەکی تریشەوە دادگای شارستانێتی بێگانە و خۆماڵی تیابوو.

لەهی هەموو خاک و نەتەوەیەک بەرەو کۆمەڵەی تیابوو لەبەر ئەمە، هەموو گەشت و گوزارکەرێک، ئەیتوانی بەشی خۆی کەسانی وا بدۆزێتەوە کە بەزبانی خۆ قسەی لەگەڵ بکات بێجگە لەوە، لە گرنگترین ناوچەی بازرگانیش ئەژمێررا.

کەشتییە گەورەکانی هەمووولایەکی جیهان پڕ لە کوتاڵ و کەلوپەلەوە لەوێدا کۆ ئەبوونەوە.

باوکی (مەدحەت پاشا)یش کە ناوی (حاجی حافیز محەمەد ئەشرف) بوو، ناوبژیکەرێکی ئایینی ڕۆشنبیربوو بەپیاوێکی سەر ڕاستی دەست پاک و خاوەن

(١) ڕاستتر: گەشەکردوو.

ئارەزوویەکی چاکەخوازیی و تازەکردنەوە دانرابوو کوڕەکەی خۆی ناو نابوو (ئەحمەد شەفیق) قورئانی پێ خوێند و سەرەتای نوسینیشی فێرکرد پاشان خستیە (دیوانی هومایۆنی)یەوە، لەوێشدا فێری نووسینی دیوانی تایبەتی بەو دەزگایە بوو ئەو ساکەیش وا ڕاهاتبوون، هەر کەسێ لەو دیوانە دەربچوایە، ناوێکی نوێیان لێ ئەنا (ئەحمەد شەفیق)یشیان ناونا (مەدحەت) کە لەوساکەوە تا ئێستا هەر بەو ناوەوە ناسراوە (مەدحەت پاشا) لەگەڵ ئەوەشا کە هۆگری پێنووسەکانی فەرمانڕەوایی بووبوو، لەسەر دەستی نووسەرەکانیا مەشقی ئەکرد، خەمی ئەوەیشی ئەخوارد کە زانیاری خۆی فرەتر لێ بکات هاتوچۆی مزگەوتی (فاتح)ی ئەکرد بۆ ئەمەی لەوێ فێری شت ببێ؛ لەوێدا فێری زمانی عەرەبی و زانستی زبان پاراویی[1] و دەم ڕاستی[2] و ئایین و ژیریی بوو. لە زمانی فارسیشدا قاڵ بوو، وێژەو مێژوویشی خوێندووە یەکێک لە مامۆستا بەناوبانگەکانی (شێخی موسڵمانان[3] (عارف بگ) بوو. مامۆستایەکی ڕۆشنبیرو لە هەڵبژاردەی زاناکانی ئەو سەردەمە بوو هەروەها یەکێکیش بوو لەو پێشەوا چاکەخوازانەی کە حەزیان لە بیروباوەڕی دەستووریی سەربەست ئەکرد. لەسەر وتارگاهەکانەوە بانگی ڕائەهێشت، کە بیروباوەڕی دەستووری لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا جیاوازیی نییەو زیانیشی پێ نابەخشێ بەڵکو بەپێچەوانەی قسەی خاوەن زۆرداریی‌یەکانەوە، پشتیوانی ئایینی ئیسلام ئەکات کە لەم سەردەمەدا بێ ئەو ناژیی.

(مەدحەت پاشا) تازە گەیشتبووە تەمەنی هەژدە ساڵان، ناچاربوو لە یەکێک لەم دەزگایانەی فەرمانڕەوایییەدا بەمانگانەیەکی زۆرکەم فرمان بکات بەڵام زۆری پێ نەچوو، ڕۆژ بەڕۆژ پێش ئەکەوت لە هەموو جۆرە فرمانێکی نووسینکارییدا فرمانی پێ ئەبینرا لە ئەستەمبوڵدا، لە شامدا، لە (صیدا)دا، لە قۆنییەدا لە (قسطمونی)دا، فرمانی بینی جا ئەم سەردەمەی ژیانەی بەکاری هات، شارەزای خاکەکانی (عوسمانی) بوو، لە کاروباریان تێ گەیشت، لەو خراپە و ئاژاوە و زۆرداریی‌یانەی کە خەریک بوون لە کەڵکی بخەن ئاگاداربوو کە گەڕایەوە پایتەخت بەتەواوەتی بۆی دەرکەوتبوو، کە ئەگەر ڕێگایەک هەبێ بۆ ڕزگارکردنی فەرمانڕەوایی لەو سەرگەردانیی‌یەی تیایەتی، ئەوەیە کە هەموو ڕەگەزەکانی

(١) واتا: ڕەوانبێژی.

(٢) لۆژیک- المنطق-

(٣) شێخی موسڵمانان: (شیخ الأسلام)



یەک بگرن و پشتیوانی یەکتر بکەن؛ کۆڕەکانی ڕاوێژ دابمەزرێنێ، یاسایانی داد پەروەرانەیش دابنرێن کە بۆ هەموو هاونیشتمانێک سەربەستی فڕوفێڵ (سیاست) و مافی کۆمەڵایەتی بپارێزرێن باسنورێکیش دابنرێ بۆ دەسەڵاتی فەرمانبەران، ئەو کارانەیش کەلێیان ئەخوازرێ بیکەن، دیاردیی کرێن پاش ئەمەی گەیشتە ئەستەمبوڵ، ژنێکی هێنا پاشان لە پێنووسی سەرۆکایەتی وەزیرەکاندا دامەزرا زۆریشی پێ نەچوو، کرا بەسەرۆکی ئەو پێنووسە.

وارێک کەوت ناوەندی بەڵێن دەرەکانی وەرگرتنی باجی گومرگی (شام و حلب) لە ناو خۆیاندا تێک چوون پاشان ئەم تێک چوونە بەهێزبوو و گرنگی پەیداکرد لە ئەنجامدا فەرمانڕەوایی پەنجا توورەکە پارەی مابووەوە، بۆی نەنێررابوو. (مەدحەت أفندی) نێررایە ئەوێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کەینەوبەینەیە لەپاش شەش مانگ گەڕایەوە، بەهەزار و چوارسەد توورەکە پارەوە کە لە پارە خۆرەکانی گومرگی سەندبووەوە بۆ فەرمانڕەواییشی دەرخستبوو کە پارە گۆڕەرەوە (میثاق) پێنج هەزار توورەکە پارەی لە فەرمانڕەوایی دزیوە (محەمەد پاشای قیبرسی)یش کە سەرکردەی هەرە گەورەی لەشکری عەرەبستانە، هەڵەی گەورە گەورەی کردووە، کە فەرمانڕەوایی ناچاربوو دەستی لە فرمان کێشایەوە.

وەزیرەکانی فەرمانڕەوایی، کردەوە و کارەکانی (مەدحەت)یان پەسەند کرد (ڕەشید پاشا)ی سەرۆک وەزیریش پیاهەڵدا لەوەوە ڕۆژ بەڕۆژ پێش ئەکەوت هەر کاروفرمانێکیش گرنگ و وردبوایە بەویان ئەسپارد ڕای پەڕێنێ پاش ئەوە (محمد پاشای قیبریسی) بوو بەسەرۆک وەزیر قینی لە (مەدحەت) بوو ویستی تۆڵەی لێ بکاتەوە لەبەر ئەوە ناردیە چەند خاکێکی (باڵکان)، کە لە پشێویدا بوون مەبەسی ئەوەبوو، یان بەسەر نەکەوتوویی بگەڕێتەوە، یاخود لەوێ لە ناوبچێ.

کەچی لە کۆڕی فڕوفێڵ (سیاست)دا، سەرکەوتنێکی تازەی دەست کەوت چونکە بەهۆی بەکارهێنانی دادپەروەریی و کارزرنگیی خۆیەوە، توانی ئاسایش و ئارام لەناو ئەو خاکانەدا دابمەزرێنێتەوە هەروەها دڵی دانیشتوانی ئەو جێگایانەیش بنووسێنێ بەخۆیەوە تا گەڕایەوە ئەستەمبوڵ، (محەمەد پاشای قیبریسی) لە فرمان دوور خرابووەوە (ڕەشید پاشا) خرابووەوە جێگای ئەو (عالی پاشا)یش کرابوو بەوەزیری دەرەوە ئەو دوانەیش هەردووکیان لە هەڵکەوتووەکانی زرنگ کاریی و فڕوفێڵ بوون. پشتیوانی چاکەخوازیی و نوێ کردنەوەبوون. (مەدحەت)یش نامەیەکیان پێشکەش ئەکات، کاروباری ئەو خاکانەی

تیا پێشان ئەدات پێشنیازی وا ئەبێ، کە سەربەخۆیی ناوەوە[1] بدرێ بەوخاکانە. ئەوەندەی نەمابوو، کە پێشنیازەکەی جێی خۆی بگرێ و لەسەر دەستی خۆیشیدا جێبەجێ بکرێ بەڵام (محەمەد پاشا قیبریسی)، بەناوی جێنشینی سەرۆک وەزیرانەوە، هاتەوە جێی خۆی.

دەستیشی کردەوە بە بەرەنگاری کردنی (مەدحەت افندی) لەوەدا خۆی زۆر ماندوو کرد ئەیویست لە (کۆڕی وەزیران) دووری خاتەوە بۆ ئەو مەبەسەی هەموو ڕێگایەکی ئەگرت لە کۆڕەکانی فەرمانڕەواییدا، بەخراپی ناوی ئەبرد، شتی وایشی ئەدایە پاڵ (مەدحەت) کە لەوەوە دووربوو.

پاشان بەوەوە بەدناوی کرد، کە باجی دەیەکی گرتۆتە ئەستۆی خۆی کۆی بکاتەوە، کە فەرمانڕەوایی ئەوەی بەربەست کردووە لە هەموو فەرمانبەرێک ئەوەی دابووە پاڵ کە هەرچی دەیەکێکی ناوچەیەک لە ناوچەکانی ئەستەمبوڵ هەیە داگیری کردووە بۆ خۆی کەچی ئەو کۆڕەی کە بۆ چەندوچوونکردن لەگەڵ (مەدحەت)دا دانرابوو، کە لە کەینەوبەینەکەی کۆڵییەوە، بۆی دەرکەوت (مەدحەت) بێ گوناهە و لەبەر ئەوە بڕیاری پاکی ئەویدا. ئینجا کە (رەشید پاشا) و (عالی پاشا) و هاوڕێکانی گەڕانەوە سەر فەرمانداریی، کردەوەو کاری (مەدحەت)یان پەسەندکرد و تێکۆشانیان هەڵ سەنگاند دەمودەست ناردیانە چەند خاکێک بۆ ئەمەی تەماشای کاروباریان بکات و لە سکاڵایان بکۆڵێتەوە کە لەدەست هەندێ سەردارانی خۆیان کردبوو ئەو لێکۆڵینەوەی کردی، گەلێک کەتنی گرنگ گرنگی دەرخست کە بوو بەهۆی لابردنی (میرزا سەعید پاشا)ی سەرداری (سلسترە) و هەڤاڵەکانی هەروەها پشێوییەکانی خاکەکانی (بولغاریا)ی خستە ئەستۆی (معمر پاشا). پاشان خۆی بەناو ئەو خاکانەدا گەڕا، ئاسایش و ئارامی تیا پەیداکردنەوە لەگەڵ بەرەڵڵاکردنی شۆڕشگێڕەکانیشدا، خواستە پەسەندەکانیانی جێبەجێ کرد و گفت و بەڵێنیشی لێ سەندن کە ئاسایش بپارێزن.

ئەو سەرکەوتنەی دەستی کەوت لە لێکۆڵینەوەی پشێویی ناو (بالکان)دا، لە ڕاستکردنەوەی کاروباری (بولغاریا)دا، کارێکی گەورەی کردە دڵی کاربەدەستانی (دەرگای بڵند= الباب العالی) ئەو پێشنیازانەی لە پێش گەڕانەوەی خۆیدا پێشکەش کردبوون، پەسەندیان کرد ئەو کردەوە و کارانەیش کە بۆ کەڵکی فەرمانڕەوایی نەتەوەیش

(١) واتا: ئۆتۆنۆمی، حوکمی زاتی.



جێبەجێی کردن، بایەخیان پێدا بڕیاریشیاندا، پاداشی (مەدحەت) بدەنەوە بەڵام (میرزا سەعید پاشا)ی لابراو لەسەرداریتی (سلسترە) لەگەڵ پیاوە نزیکەکانی تری (خونکار عبدالمجید)دا، کە کردەوە و کارەکانی (مەدحەت) زیانی پێگەیاندبوون، لە کۆشکی خونکاردا (مابین) بەدگۆییان دەربارەی کرد دوایی ئەو لێکۆڵینەوانەی (مەدحەت) کردبووی، بەرپەرچ درانەوە، پیاوێکی تری فەرمانڕەواییان ناردەوە ئەو جێگایانە، کە ناوی (فەخری بگ)بوو. دووبارە لێکۆڵینەوە بکاتەوە لەگەڵ ئەوەشا کە (فەخری بگ)، لە نامەکەی (مەدحەت) هچی نەگۆڕیبوو، هیچیشی نەخستبووە سەر، ئەم کردەوەیە (مەدحەت)ی وروژاند، خستیشیە سەر ئەوەی کە واز لە فرمانەکەی خۆی بهێنی و بچێتەوە ماڵێ تا درەنگێ نەیەتەوە کایە.

بەڵام مەبەسی (مەدحەت) لەم تەنیاییە، ئەوە نەبوو کە لە ئارام و بێ دەنگی ماڵەکەی خۆیدا بحەسێتەوە بەڵکو مەبەسی ئەوەبوو کە خۆی بهاوێژێتە ناو لێکۆڵینەوەیەکی تەواوەوە، بۆ ئەمەی خۆی ئامادە بکات بۆ هەڵمەت بردن، لە ڕاستیدا زۆری پێ نەچوو کە خۆی خەریک کرد بەفێربوونی زمانی فرەنسرییەوە لەوکاتەدا تەمەنی گەیشتبووە سی و پێنج ساڵی پاشان بڕیاریدا کە گەشتێکی ئەوروپا بکات بۆ ئەمەی لە کاروباری ئەوێ و هۆی پێشکەوتنی ئاگاداربێ پاشان چووە (پاریس و لەندەن و ڤیەنا و بڕۆکسێل) لەو شوێنانەدا ئەوی خوێندبوویەوە بیستبووی لە بابەت ئەو سەربەستییەوە کە لە شارەکانی ئەوروپادا هەیە، لە بابەت ئەو یاسا دەستوورییانە وە کە ژیانی گشتییانی ڕێکوپێک خستبوو هەموو کەسێکی وەک یەک ڕاگرتبوو لەبەردەم یاسادا، ئەو شتانەی هەمووی بەچاوی خۆی دیی شتێکی ئاشکرایە، کە (مەدحەت) ئەوەی ئەیدیی لە ئەوروپادا لە نیشانەکانی سەربەستی و پێشکەوتن و کامەرانی، لەگەڵ زۆرداریی و هەژاریی و نەخوێندەواریی خاکەکانی (عوسمانی)دا بەراووردی ئەکرد.

هەروەها بیری لەوەیش ئەکردەوە کە چۆن نیشتمانەکەی لەو دەرد و ئازارانەی تیایەتی، ڕزگاری بکات، لەوکۆت و زنجیرانەیش کە کراونەتە پێی نەتەوەکەی و ناهێڵن پێش بکەوێ و گەشە بکات ئازادی بکات سەردەستەی ئەوانەیش کە بەپێویستی نازانی لەکۆڵ نەتەوەیان بخاتەوە، زۆروستەمی کۆشکی خونکار بوو، بەخونکار و پیاوەکانی و هەڤاڵەکانی و کەنیزەکەکانی و قولەڕەشەکانییەوە، بەڵێ ئەو خونکارەی کە خۆی ناونابوو (سێبەری خوا لەسەر زەویدا) کۆمەڵێکیش لە خوانەناسەکانی، بازرگانی ئایین، وایان ناوئەنا.

لەگەڵ ئەوەشا کە گەڕایەوە ئەستەمبوڵ، نەی وێرا ئەم ڕازانەی دڵی خۆی هەمووی ئاشکرا بکات بەڵام خۆی پێ نەئەگیرا، ئەوەی هەر ئەگوت کە پێویستە کاروباری گشتی ڕاست بکرێتەوە لە چەند جێگایەکدا ئەمەی بەئاشکرا ئەگوت ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە جارێکی تریش سەرنجی لێ بدەن.

بەڵام نیازی دڵی خۆی و کوشندەییەکەی بۆ ئەو یاسایەی کە لە ئارادابوو دەرنە ئەخست، ئەڵێم یاسا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی هەبوو لە یاسا نەئەچوو لە ئاژاوە و پشێویی ئەچوو. (محەمەد پاشای قیبریسی) ئاشتی کردەوە ئەوکاتە دیسانەوە بووبووەوە بەسەرۆک وەزیران ئەوی هەڵبژارد، بۆ چارەکردنی هەندێ گیروگرفتی ناو (بالکان) کە هەتا ئەهات خراپتری لێ ئەهات لە خونکاری خواست کە (مەدحەت) بۆ ئەو فرمانە دابنێ خونکاریش بەقسەی (محەمەد پاشا)ی کرد (مەدحەت)ی کرد بەسەرداری (سرب و بولغاریا)، پایەی وەزیریشی پێ بەخشی ئەوکاتە ساڵی ١٨٦٠بوو.

جا لێرەوە یەکێک لە کردەوە و ڕەوشتە بڵندەکانی (مەدحەت پاشا) دەرکەوت، کە لە هەر خاکێکا سەرداربووبێ کەلک و کاری دەرکەوتووە ئەوەیش کردەوە و ڕەووشتی کاروبار هەڵسوڕاندن و، ڕێکوپێکی دامەزراندن، و هەڵکردنی بوو لەگەڵ هاونیشتمانان‌دا بەگیانێکی پاکی بێ لایەنی و تەماشاکردنێکی یەکسانییەوە ئەم پیاوە گەورەیە کە هەر بۆ ئەوە دروست کرابوو دادپەروەریی بڵاوبکاتەوە بەناو مرۆڤایەتیدا بۆی نەئەلوا لە پایتەختدا، کە هەرچی لە دڵیایە و لە مێشکیایە لە بیروباوەڕی دیموکراتی و پێڕەویی پێشکەوتن و چاکەخوازیی، بهێنێتە دیی و زرنگکاریی و کارگوزاریی خۆی پێشان بدات.

لەبەر ئەوە ناچار ئەبوو کە ئەو ئاواتانەی دڵی و مێشکی لەو خاکانەدا بهێنێتە دیی کە ئەخرانە ژێر چنگیەوە دیارە ئەوەیش لە ئەندازەیەکی وادا پێی ئەکرا کە لەگەڵ کارەساتی ئەوکاتە و دەسەڵاتی خۆیدا بگونجێ.

یەکێک لە کردەوەی جوانی لە خاکەکانی (سرب) و (بولغاریا)دا ئەوەبوو، کە باری بەندەیی بۆ سووککردن بەچاوێکی یەکسانییەوە سەیری مافی هاونیشتمانییەکانی ئەکرد هەرچی ڕەگەزێکی تیابوو نوێنەری لێ هێنان بۆ کۆڕی نەتەوەی خاکەکان.

فرمانەکانی کاروبار هەڵسوڕاندنی لە یەکتر جوێ کردەوە. دەزگاکانی فەرمانڕەوایی و کۆڕەکانی شارەوانی و، باڵباز و باڵبازی گەرۆکی سەرلەنوێ ڕێک خستنەوە بارگرانی باجی سووک کرد شێوەی پارە وەرگرتنی جوانتر لێ کرد.



لە دەستی ئەو زۆردارانەیشیدا، کە سامانی فەرمانڕەواییان ئەخستە گیرفانی خۆیانەوە و مافی نەتەوەیان ئەخوارد چونکە جوتیارەکان کە بەڕەنجی شان و خۆی ناوچەوان، بەهەزار ئازار و کوێرەوەریی ئەو زەوییانەیان ئەهێنایە بەرهەم، تەماشایان ئەکرد بەری ئەو ڕەنج و ئەرکەیان زۆردار ئەیخوات و داگیری ئەکات بێجگە لەمانە، گەلێک کاروفرمانی ئاوەدانیشی پێک هێنا، کە هەموویان گرنگ و گەورەبوون، وەک: کردنەوەی ڕێگا و، دامەزراندنی خوێندنگا و نەخۆشخانە و، چاککردنی ئاودێریی و، بووژاندنەوەی کشتوکاڵ تا ئەو خاکانە وایان لێهات. لە چاو پیشوویاندا زۆر پێشکەوتن. نووسەری نەمسەیی، (کانیتز) گوتبووی:

(جارێکیان خاکەکانی (دانوب)[1]م دیی، لەدەمی سەردارێتی گرنگی مەدحەت پاشایشدا چاوم پێیان کەوتەوە سەرم سوڕما لەو هەموو گۆڕران و چاککردنەوانەی کە لەو شوێنانەدا چاوم پێکەوتن، کە ئەتوانم بڵێم لە خراپترین بارەوە گۆڕرابوون بۆ چاکترین بار).

جارێکی تریش گوتبووی:

(دەست ڕەندینی و کارزانی (مەدحەت)م لەوەوەزانی کە چاوم بەبەرهەمی کاروکردەوەکانی کەوت نەک هەر بەوەی کەبەرگوێم کەوتبووەوە لە ڕاستیدا پیاوێکی زرنگ کار و کارگوزار و دادپەروەرم هاتە پێش چاو ئەگەر بێتو ماوەیەکی زۆر لەسەردارێتی خاکەکانی دانوبدا بمێنێتەوە، ئەو خاکانە وایان لێ دێ کە ببن بەنموونەیەک بۆ خاکەکانی تر، فەرمانڕەوایی (عوسمانی)یش لەسەر ئەو ڕێ و شوێنەی (مەدحەت) دایناوە، خاکەکانی تری خۆی بخاتە چاک بوونەوە و پێشکەوتنەوە).

سەردارەکانی، سەردەمی (مەدحەت)، هەر خەمی ئەوەیان بوو، کە گەنجینەی فەرمانڕەوایی و نەتەوە تالان بکەن لەگەڵ هاونیشتمانەکانیشدا بەزۆرداریی بجولێنەوە هیچ ئاواتێکیشیان نەبوو بهێننە دیی، ئەوە نەبێ دوای کەڵک و چاوبرسێتیی خۆیان بکەون (مەدحەت)یش هاتە کۆڕەوە، لە ڕەووشت و خووی خۆیدا و کردەوە و کاری خۆیدا ئەو وێنەیەی پێشاندا، کە پێویستە هەموو سەردارێک پەیڕەوی بکات.

(١) دانووب، ئەلطونە: ڕووبارێکی گەورەیە لە جەنگەڵی ڕەشی ئەڵمانەوە دەسپێدەکات و بەم وڵاتانەدا تێدەپەڕێ: ئەڵمان، نەمسا، یۆگۆسلاڤیا، ڕۆمانیا و بولگاریا تا دەڕژێتە دەریای ڕەشەوە، درێژیەکەی ٢٨٦٠کم، بۆ هاتوچۆی ئاوی بەکاردێ و گەلێ پرۆژەی ئاویی و کارەبایی وا لەسەر.

ئەو ئامانجەیشی پێشاندا کە پێویستە هەموویان بۆی تێبکۆشن، ئەویش بەکەڵک هاتنی نیشتمان و چاکەی گشتی بوو هاوڕێکانی وابوون، کە بیانویستایە کاروبارێک هەڵسوڕێنن یان پرۆژەیەک ڕاپەڕێنن لە (دەرگای بڵند= الباب العالی) داوای ڕێگە دانیان ئەکرد، ئنجا تا چەند مانگێک چاوەڕوانییان ئەکرد، وەرامی بێتەوە، ئەنجامەکەیشی بەهیچ نەئەگەیشت بەوەنەبێ، کە خواستەکەیان بەرپەرچ ئەدرایەوە و بەهەناسە ساردیی ئەمانەوە بەڵام (مەدحەت) وای نەئەکرد ئەو ئەمەندە بەپەرۆشەوە بوو، فەرمان و یاسا جێبەجێ بکات، ئەوەندەیش حەزی بەکەڵکی نیشتمانەکەی ئەکرد کوێرانە سەری دانەئەواند بۆ کاربەدەستان هەندێک لە هاوڕێکانیشی ئامۆژگارییان کرد کە لەوڕێگەیە لابدات بەڵام (مەدحەت) گوێی لە هیچ نەئەکردەوە ئەوی بڕیاری لەسەر بدایە ئەیکرد.

گوێی نەئەدایە ئەنجامی خۆی کەچی بەسەردێ چونکە مەبەسی ئەو کەڵکی خۆی نەبوو، کەڵکی گشتی بوو لە هیچ شتێک سڵی نەئەکرد جارێکیان بەیەکێک لەو هاوڕێیانەی خۆی گوت، کە گلەییان لێ ئەکرد لەوڕێگایەی گرتبووی و چاویان ئەترساند لەسەر ئەنجامی: (ئەم ڕێگا دادپەروەرییە، سەربەستەی من گرتومە، ئەبێ چیم بەسەر بێنی؟ ئەگەر دەربەدەرم بکەن لێی ناترسم ئەو پێنج سەد قرۆشەی فەرمانڕەوایی لە مانگێکا ئەمداتێ، بەشی پێویستی ژیانم ئەکات لەو خاکە بێگانانە و جێی ئاوارەییەدا تەنانەت ئەیشتوانم واز لەو موچەیەیش بهێنم چونکە پێنوسەکەم ئەوەم دەست ئەخات کە باش پێی بژیم).

پاشان ئەیگوێزنەوە بۆ (خاکی بغداد) لە ساڵی ١٨٧٠دا[١] لەوێش دەست ئەکات بەدامەزراندنەوەی ئاسایش و ئارام لە نیشتمانەکەدا لە پێناوەدا خۆی فڕێ ئەداتە ناو زۆر تەنگوچەڵەمەوە ئنجا ڕوو ئەکاتە کاروباری ناوەوە کاروبار هەڵسوڕاندنی فەرمانڕەوایی ڕاست ئەکاتەوە دادگاکان ئەخاتە ڕێکوپێکییەوە ئەیکات بەمەرج، هیچ فەرمانبەرێک لە داردەستەکانی دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵاتەکان نەبن سەرداره زۆردارەکان ئەشکێنێ دەرگای خۆی ئەکاتەوە بۆ زۆرلێ کراوان سەردارەکان لێی ئەسڵەمێنەوە خاوەن مافەکانیشی پێی دڵنیابوون ویستی مووچەی فەرمانبەرە بچووکەکان زۆر بکات سەری نەگرت لەوەدا ئەیگوت: (ڕۆژێک دێت کە فەرمانڕەوایی بتوانێ، بەپێی فرمان مووچە بدات بەڵام

(١) ڕاستتر: لە ١٨٦٩دا دادەنری بەوالی بەغدا لە جێگەی والی پێشوو (تقی الدین پاشا) کە ئەوکاتە لەوپەڕی چالاکی و گەشەکردنیدا بوو.



ئێستاکە، زۆروستەم ئەوەندە ئاشکرایە، کە وا لەو فەرمانبەرە بچووکانە ئەکرێ، وەک ڕێگەیان پێ بدەین بەرتیل وەربگرن وایە، بەڵکو هەروەک فەرمانیان پێ بدەین بەرتیل وەربگرن وایە!...).

سەرنجیدا لە شێوەی کۆکردنەوەی باج ئەویشی ڕاستکردەوە زۆر لە ڕەوەند و هۆزە کۆچەرییەکانیشی هان ئەدا بۆ کشتوکاڵ کردن پاش ئەوە گەلێک پرۆژەی ئاوەدانیشی پێک هێنا یەکەم چاپخانە، لە بەغداد دا، ئەو دایمەزراند.

ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا، ناوی نا: (الزوراء) کارگێڕیی دەلیایی (عمان)یش ئەو ڕاستی کردەوە کارخانەیەکی ئاسنیشی دامەزراند خستیەپاڵ ئەو کارگێڕییە هەر ئەویش بوو کە خوێندنگای پیشەسازیی کردەوە، کە باجێکی گشتی دامەزراند ئەو هاوبەشییە بوو کە ڕێگای تراموای ناوەند بەغداد و (کاظمیە)ی کردەوە ئەوە یەکەم هاوبەشی تراموای بوو لە ناو هەموو خاکەکانی (عوسمانی)دا یەجگار بەتەنگ چاککردنی ڕێگاوە بوو ڕێگای ناوەند بەغداد و (بصرە)ی چەند کاتێک کورت کردەوە هێنای ڕێگایەکی هەڵدڕیی بۆ ڕووباری (دەجلە) لەو جێگایەدا کە تاماوەیەکی دوورودرێژ پێچاوپێچ ئەڕۆیشت و پاشان ئەهاتەوە نزیک ڕێگاکەی خۆی، بەهۆی ئەوەو ڕێگاکەی بەدەجلە گۆڕیی بەو هۆیەوە ڕێگاکەی کورت کردەوە.

ئێستایش ئەو شوێنە (قَصَّە) یاخود (قصە)ی مەدحەتی پێ ئەڵێن ئەوەندەی فرمانی بەفەرمانبەرەکانی خۆی سپاردبوو، ئەوەندەیش سەربەستیی دابوونێ هەمووەدەم هانی ئەدانێ کە جەربەزە و بێ باک و ڕاستی پەروەربن هەرکەسێکیش بەدەست یاخود بەدەم خۆی لێ ببردایە پێشەوە، یاخود خۆی تێ هەڵسووایە، سەرزەنشتی ئەکرد وایان گێڕایەوە کە ڕۆژێکیان ئەچێتە هۆڵی کۆڕی کاروبار هەڵسوڕاندن لە ئەندامەکان ئەپرسێ، ئەڵێ:

(من وای بەباش ئەزانم کە لە (دەرگای بڵند) بپرسم باجەکانمان فرەتر لێ بکەین، چونکە پێویستیمان بەپارە هەیە ئێوە ئەڵێن چی؟) هەموویان وەرامیان دایەوە: (قسەکەت بەجێیە و ژیریش هەر وائەبێ) کەواتە بام بڕیارێک بنووسین و دەمودەست بینێرین بۆ ئەستەمبوڵ نووسەرەکەیش، بڕیارەکەی نووسی و پێی مۆرکردن، بردی بۆ ئەو ئەویش مۆری کرد گوتی: (خوابتان هێڵێ!) و کۆڕی بەجێ هێشت لە ڕۆژی دووەمدا گەڕایەوە سەریان، پێی گوتن: (کە بیرم کردەوە لە فرەکردنی باجەکان، بەزۆرداریم هاتە پێش چاو ناشێ ئێمە ئۆباڵی ئەوە بخەینە ئەستۆی خۆمان بەڵام تازە لە دەست دەرچوو چونکە دوێنێ

بڕیارنامەکەم نارد بۆ (دەرگای بڵند) لە ئەستەمبوڵ منیش، ئەگەر ئێوە بەباشی ئەزانن، ئەوەی تیا پێشان بدەین کە لەوەدا پەلەمان کرد.

ئنجا هۆی تەواو پێشان بدەین بۆ بەرپەرچ دانەوەی بڕیار نامەکەی پێشوومان ئێوە ئەڵێن چی؟) ئەوانیش هەموو بەیەک دەنگ گوتیان: (قسەکەت بەجێیە ژێریش هەروا ئەبێ!...) بەنووسەرەکەی گوت، نووسی و پێیشی مۆرکردن کە بۆ ئەویشی برد مۆری بکات، بڕیارنامەکەی پێشووی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا هەر بڕیارنامەیەی بەدەستێکەوە گرت ئنجا گوتی: (قسەکەت بەجێیەو ژێریش هەروا ئەبێ!). منیش خاوەنی ئەو قسەیەم، چ دوێنێ، چ ئەمڕۆ!... سبەینێ و پاش سبەینێش هەروا ئەمێنمەوە کەواتە فرمانی ئێوە لەم کۆڕەدا چیە؟!)

پاشان نرخی سەربەستی و کەڵکی پێشاندان ئەوەیشی تێ گەیاندن کە پێویستە لەوە نەترسن پێچەوانەی قسەی خۆی بجوڵێنەوە، بەتایبەتی ئەگەر وایان زانی هەڵە ئەکات.

ئەگەر ئەمە لەسەردارێکی تر ڕووی بدایە و (مەدحەت) نەبوایە، زۆرپێی دڵخۆش ئەبوو خوتوکەی لوت بەرزیی پێ ئەهات ئەمەیشی ئەکرد بەبەڵگەیەک بۆ زەبروزەنگی خۆی و هێز و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەندامانی کۆڕەکەدا بێجگە لەوە هانیشی ئەدان کە هەر لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن بەڵام ئەوە و ڕەوشتی گەورەپیاوان و چاکەخوازان لە کوێ؟!...

## خونکارێکە و لە بەندیخانە هاتۆتە دەرەوە

(عەبدولعەزیز)، بیست ساڵی خشت، وەک لە بەندیخانەدا مابێتەوە وابوو، ئنجا چووە سەر تەخت[1] خونکارەکان، هەمووەدەم، لە خونکار زادەکان ئەترسان ئەیان خستنە بەندیخانەی زێڕینەوە، هەرچییەکیان بویستایە لە بەزموڕەزم و خۆش ڕابواردن ئەیان کرد، لێی نەئەهاتنە دەرەوە، تا ئەچوونە سەرتەخت، یاخود ئەمردن ئنجا کە بوو بەخونکار، ئەم بیروباوەڕە سەیرەی هەبوو: بیروباوەڕی پیاوێک کە بەشێکی گەورەی ژیانی لە بەندیخانەیەکی وادا بەسەر بردبێ، ئنجا کە لێی هاتبێتە دەرەوە، دەمودەست بووبێ

(١) سوڵتان عەبدولعەزیز: کوڕی سوڵتان مەحموودی دووەم، لە ١٨٣٠ لە دایکبوو لە ١٨٦١ چۆتە سەرتەخت و لە ١٨٧٦ کۆچی دوایی دەکات، خۆی دەکوژێ، لەسەردەمەکەیدا بزاڤی ڕۆژنامەگەریی تورکی گەشەی کرد و ژمارەی ئەو ڕۆژنامانەی دەردەچوون گەیشتە (٤٦) ڕۆژنامە، کە هەندێکیان لەلایەن ئازادیخوازانی تورکەوە دەردەکران، هەروا بەزمانەکانی یۆنانی و بولگاری و عەرەبی و ئەرمەنی.



بەگەورەی گەورەترین شاهەنشاهیی سەردەمی خۆی کەچی ئەویش تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەندیخانەیەکی گەورە بۆ ملیۆنان کەس لە خاکی ئەم شاهەنشاهییە فراوانەدا بکاتەوە، بەڵام بەندیخانەیەکی وایش بێ کە لە ئاسن دروست کرابێ، نەک لە زێڕ، پڕیشی بێ لەسەر گەردانی و هەناسە ساردیی، نەک لە بەزموڕەزم و خۆشی.

چەند ساڵێکیشی پێ نەچوو، کە چووبووە سەرتەخت، لەسەر بنچینەی سەرگەردانی ئەو شاهەنشاهێتییە، گەورەترین کۆشکی دروست کرد کە هێشتا، (ئەستەمبوڵ)، شاری کۆشکی گەورە گەورە، بەخۆیەوە نەیدیبوو لەم کۆشکەدا بەهەزاران دەس و پێوەند و پاسەوان و چێشتکەر و ئەستێرە ناسی ڕاگرتبوو هەر لە کۆشکی خێزانییەکەیدا، سێ سەد ئافرەتی کۆکردبۆوە سەد پیاوی لە پیاوەتی خراوی بۆ دانابوون پاسەوانییان بکات لە تەویلەکەیدا شەش سەد ئەسپی ڕەسەنی بەستبووەوە، دووسەد گالیسکەوان و هەزار مەیتەری بۆ دانابوون بەخێویان ئەکردن لە باخەکەیشیا کە دیوارەکانی ئەوەندە بەرزکرابوونەوە، هیچ چاوێک ئەو دیوی نەئەدین، جوانترین گوڵ و ڕێحانە و ناوازەترین داری بەرداری تیا ڕواندبوون کە هەریەکەی لە کەنارێکی جیهانەوە بۆ هێنابوو سەد باخەوانیشی بۆ پاراستن و بەرهەم هێنانی ئەم باخە ڕاگرتبوو بەتەنیشت ئەم کۆشکەیشەوە کە سەری گەیشتبووە ئاسمان، بەندیخانەیەکی سامناکی دروست کردبوو، دانیشتوانی ئەستەمبوڵ ناویان نابوو (کوورەی ئاگر). هەر ئەوەندەمان بەسە، کە ئەم ناوەمان گوێ لێ بێ، بۆ ئەمەی بزانین لەو ڕۆژە ڕەشانەدا، چ کەتنێکی تیا کردووە.

خونکاریش ڕێگای بەڕەڵڵا کردبوو بۆ کاربەدەستەکانی بن دەستی، بەئارەزووی خۆیانی گیان و سامانی هاونیشتمانییەکانیان لەناو ئەبرد، بەمەرجێ کە هەمودەم، بێ پارەی نەهێڵنەوە، تا لە بەزموڕەزمی خۆی نەکەوی لەبەر ئەوە نیشتمانەکە کەوتە گێژاوی هەژاریی و نان بڕاوییەوە. کاروباری کۆمەڵایەتیشی بەجارێک ئاژاوەی تێکەوت.

لەژێر چنگی ئەو سەرداره دڵ ڕەقە زۆردارانەدا ئەینالاند باج تا ئەهات زۆرتری لێ ئەهات، بەکوتەک کۆئەکرایەوە نەتەوەی کڵۆڵیش، سکاڵای دەردی خۆی ئەکرد، بەڵام کەسێک نەبوو گوێی لێ بگرێ.

لە سایەی (خونکار عبدالمجید)ەوە، فەرمانڕەوایی (عوسمانی) بیست و پێنج ملیۆن لیرە دەستیا و لەسەری کۆبووەوە کە (خونکار عەبدولعەزیز)یش هاتە جێگای، ئەمەندەی دەست بڵاویی کرد و پارەی بەفیڕۆدا، دەستیاوەکەی گەیاندە دووسەد و پەنجا ملیۆن لیرەی ئینگلیزی.

ئەمە بێجگە لەو پارەیەی کە لە ڕەنجی شانی ڕەنجبەرانی کۆی کردبووەوە زۆربەی ئەم پارانەی هەموو لە بەزمورەزمی خۆی و، سۆزانی و دەس و پێوەندەکانی خۆیدا بەخت ئەکرد بەهەموو کەشتییەکانی فەرمانڕەوایی و لەشکر و دەزگاکانی فەرمانڕەواییەوە، لەم پارەیە، تەنیا سەدی حەوتیان بەرکەوتبوو کاروباری گشتی لە خاکی (عوسمانی)دا بەم ڕەنگە بەڕێوە ئەبرا، تا لە سالّی ١٨٧٥دا، کارەساتێک ڕوویدا، هەموو دەزگاکانی سامانی خاکی (عوسمانی) و ئەوروپای وروژاند و سەرسام کرد فەرمانڕەوایی (عوسمانی) بلاّوی کردەوە کە پێی ناکرێ ئەو دەستیاوانە بداتەوە ئەوەیش بوو بەهۆی ئەوەی کە (دەزگایەکی دەستیاوی گشتی) دابمەزرێنرێ دەستەیەک لە فەرمانڕەواییەکانی جیهان سەرپەرشتی بکەن. بێگانەکانیش بەئارەزووی خۆیان دەست بخەنە کاروباری نیشتمانەکەوە.

لەبەر ئەوە تا ئەهات نەتەوەییشی ئەخواردەوە، ڕقی لە فەرمانڕەوایی هەلّ ئەستا ئایا کام نەتەوە هەیە ئەمەی پێ خۆش بێ کە لەژێر دەستیاوێکی وا زۆر و گراندا بنالّێنێ؟ شۆڕشیش کەوتبووە دلّ و دەروونی هەموانەوە.

ئەم کارەساتانە تۆقاندبوونی کام نەتەوە هەیە، لەسەر ئەوە شۆڕش نەکات، کە بەباج لێ سەندن تالاّن بکرێ، کەچی ئەو پارانە هەموویان لە خۆش ڕابواردنی کەنیزەک و دەس و پێوەنداندا بەخت بکرێن؟. ئەوەی لە هەمووی زۆرتر ڤینی نەتەوەی هەلّ ئەساند، ئەو ڕەوشتەی فەرمانڕەواییە بوو، کە ڕەگەزەکانی لەیەک بەرئەدا و دەستە ئایینییەکانی لە یەکتر جیا ئەکردەوە هەر ئەو فڕوفێلّبازییەیش بوو کە بوو بەهۆی نانەوەی شەڕ و شۆڕش و ئاژاوە لە خاکەکانی (بالّکان)دا[1] هەندێک لە ڕۆشنبیران، ڕاستبوونەوە و دەستیان کرد بەبەربەستکردنی ئەو ڕووداوانە لە خونکار پاڕانەوە کە ئەم بارە لە جێی خۆیدا بوەستێنێ

---

(١) لە ئەنجامی گەندەلّبوونی حوکمی عوسمانی جینایەتکاردا، بەتایبەت ئەو شێوازە چەوتەی کە پیادەدەکرا لە مامەلّەکردنی خەلافەتی تورکی لەگەلّ نەتەوە غەیرەتورک و ئیسلامەکاندا، دەبینین خەلّکی دەڤەرەکانی بەلّکان زۆر بەتوندی پێیان دادەگرت لەسەر بەدەنگەوەهاتنی دەولّەتە ئەوروپاییەکان و کۆمەککردنیان بۆ برا مەسیحیەکانیان؛ لە سالّی١٨٧٤دا بولگاریەکان کە لە حوکمی ستەمکارانەی عوسمانییەکان وەڕس بوون، ڕاپەڕینێکی گەورەیان بەرپاکرد، ئەم کلّپەی ڕاپەڕینە زۆری نەبرد بۆ هەموو نیوە دوورگەی بەلّکان تەنیەوە، کوشتارێکی زۆر لە سەرباز و فەرمانبەرانی تورک کرا... ڕووسیا پشتگیری ئەو ڕاپەڕینانەی کرد بەلاّم بەریتانیا بەهۆی بەرژەوەندی خۆیەوە لەمەسەلەکە لالووتبوو سەرەنجام ئەوتاوە هەموو لە عوسمانییەکان جیابوونەوە، هەریەک بەجۆرێ سەربەخۆیی خۆی پچڕی.



لە نەتەوەیشیان ئەخواست، کە تەختی فەرمانڕەوایی ڕووخا و لەسەر بنچینەیەکی تازە دابمەزرێنێتەوە چونکە بۆ هەموو کەس دەرکەوت، کە ڕزگارکردنی فەرمانڕەوایی (عوسمانی) بەهیچ شتێک جێبەجێ نابێ، بەوەنەبێ کە لە فەرمانداریبە زەبروزەنگ و زۆروستەمەوە، بگوێزرێتەوە بۆ فەرمانداریی دیموکراتی کە ئەمەیش لەسەر ڕێگای فەرمانڕەواییە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا بڕوات، زانست بلاّو بکاتەوە لەناو نەتەوەدا، هەمووکەس بەچاوی یەکسانی تەماشا بکات بۆ ئەمەی نەتەوە هەمووی یەک بگرێ و لەکاروفرماندا یارمەتی یەکتر بدات، لە ماف و فرمانیشدا یەکسان بوەستێتەوە، ئنجا بەرامبەر ئەو گێژاوە بەهێزو هەڕەتی ئاژاوە و پشێویی و تێک چوونە، خۆی ڕابگرێ و بەرەنگاریی بکات.

سەردەستەی ئەو ڕۆشن بیرانە (مستەفا پاشا فاضل)بوو کە لەگەلّ چەند ئازادیی خوازێکی تردا دەرباز بووبوون بۆ ئەوروپا لەوێوە نامەیەکی کراوەی بەناوبانگی نارد بۆ خونکار (عەبدولعەزیز) داوای لێ کردبوو، لاوێتیی فەرمانڕەوایی تازە بکاتەوە: دەستورێکی بۆ دابنێ کە هەموو موسلّمانەکان و گاورەکان یەک ماف و یەک فرمانیان هەبێ و بەیەک چاو تەماشابکرێن؛ تیانووسیبوو:

(وام دێتە پێش چاو کە خاوەن بیرەناشی و دووڕووەکانمان، هەلّپەی ئەوەیانە، تەنانەت لە ژێربی دەستوریش کەلّک وەرگرن بەخاوەن شکۆهی ئێوە ئەلّێن: دەستوور خونکار ئەکات بەکەلوپەلێک کە گیانی تیانەبێ، دەسەلاّتی پێ ناهێلّێ، ناوونیشانی لێ ئەسڕێتەوە.

بەنەتەوەیش ئەلّێن: دەستوور لە موسلّمانەکانی ئەوێ واز لە شتە خۆشەویستەکانی خۆیان بهێنن، وەک ئایین و جلوبەرگ و ڕەووشت و خوویان، ئەوانە دەستەیەکی فڕوفێلّ باز و چاووڕاوکەرن ناشی و نەزانن ڕاوێژیان پێ مەکە گوێ لە بەدگۆییشیان مەگرە.

دەستوور هیچ شتێک نابەستێتەوە ئارەزووکاریی نەبێ هیچ سەربەستییەکیش بار ناکات لەکەس، سەربەستیی هەلّەکردن نەبێ لە کاروبار هەلّسوڕاندی هاونیشتمانەکاندا.

هیچ شتێکیش ناخاتە سەرنەتەوە کە زیان بەسەربەرزیی و گەورەیی بگەینێ، یاخود کامەرانیی پێ نەهێلّێ بەلاّم ئایین و خاک و سامانیان بۆ ئەپارێزێ ئارامیش ئەبەخشێ بەدلّی گەل.

هەموو کەسێکیش جوامێر و ئازاد ئەکات بەهۆی دەستوورەوە ئەتوانێ پەیوەندیی ناوەند

خۆمان و فەرمانڕەوایانی تر باشتر لێ بکەین دەستوور فەرمانڕەواییەکی ڕاست و دروستی وامان بۆ دائەمەزرێنێ، کەپەنجەی بێگانە کاری تیانەکات، پارێزگارییەکی تەواویش بۆ نەتەوە پێک ئەهێنێ، کە هەموو چینێکی بگرێتەوە لەژێر سێبەری دادپەروەریشدا هەموو کەسێک لەگەڵ براکەی تەنیشتیا یەکسان ئەوەستێتەوە).

ئنجا لەپاش ئەمەی خراپەی زۆرداریی و چاکەی دەستوور پێشان ئەدات، ئەڵێ: (لەم جیهانەدا نابێ دوو جۆرە فرۆفێڵ بەکاربهێنرێ: فرۆفێڵ بۆ موسڵمانەکان و، فرۆفێڵ بۆ گاورەکان چونکە دادپەروەرییەکە بۆ هەمووانە فرۆفێڵیش هیچ نییە ئەوەنەبێ، کە لەسەر دەستی خونکاردا دادپەروەریی بڕوات بەڕێوە یاسای کۆنمان کزی کردووین: سروشتی خاوەن فرۆفێڵەکانمانی تێک داوە سەری پێ نزم کردونەتەوە ئەوانیش سروشتی فەرمانڕەواییان تێک داوە و پایەیشیان هێناوەتە خوارەوە.

لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان کە لەم یاسایە خۆمان دووربخەینەوە جارێکی تریش نەگەڕێینەوە سەری ئەم یاسایە، نەتەوەی کزکردووە، لەژێر باریا ئەناڵێنێ.

قیژەی هەڵمەت بەریش بەرپەرچ ناداتەوە لەبەر ئەوە پێویستە خۆمانی لێ ڕزگار بکەین و هۆگری یاسایەکی وەک ئەو یاسایەبین کە لە هەموو شوێنێکی پێشکەوتوودا جێی خۆی گرتووە ئەو یاسایەی کە بەچەندان نەتەوەی وریاکردۆتەوە و گەورەیی دەست خستون ئایا ڕەوایە ئێمە وا دوودڵ بمێنینەوە لە وەرگرتنی یاسای سەربەستیدا، کەچی ئەو خاکانەی لێمان جوێ بوونەتەوە و هیچ جیاوازییەکیشیان نییە لە ئێمە، بەپەرۆشەوە ئەو یاسایە وەرئەگرن؟ ئایا خاکەکەی ئێوە لە خاکەکانی (میسر و تونس و ڕۆمانیا و، سربیا)، پیاوی نیشتمان پەروەری دڵسۆز و خاوەن فرۆفێڵی زرنگ کاری زۆتر تیانییە؟ بەڵێ زۆرتری تیایە کەواتە بانگیان بکەرە لای خۆت، بەدڵ دێنەلات لە هەموو شارێکیشا دەستەیەک بەدانیشتوەکانی هەڵبژێرە کە بەئارەزووی خۆیان بێ، نەک بەزۆر، بۆ ئەمەی کەینەوبەینەی نەتەوەکەت لێ ئاشکرا بکەن، ڕێگای کارگوزاریت بۆ بکەنەوە بۆ ئەمەی دەستی باوکانەی خۆتیان بەسەرا بکێشی پاش ئەوە گوێ بگرە لەو نوێنەرانەی کە بەفەرمانی تۆ لە پایتەختەکەتا کۆئەبنەوە، پێویستی نەتەوەت بۆ ڕۆشن بکەنەوە، ئاوات و ئارەزوویش پێشان بدەن...).

(مەدحەت پاشا)یش لەوکاتەدا، بەسەرگەردانی نیشتمانەکەیەوە ئەتلایەوە، لەبەر بریندارییی خۆی وازی لە سەردارێتی خاکی بەغداد هێنا گەڕایەوە پایتەخت، هەر بۆ ئەمەی



کە لەگەڵ خەباتکەراندا، فەرمانڕەوایی (عوسمانی) ڕزگار بکات لە دەرد و ئازاری زۆرداریی.

نەتەوەیش کەقینی هەڵسابوو لە زۆرداریی هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە فەرمانداریەکی دەست بەڕەڵڵا هەبوو بەسەر نیشتمانەکەوە تاکە پیاوێک جڵەوی فەرمانڕەوایی ئەگرتە دەست و بەئارەزووی خۆی کاروباری نیشتمانەکەی هەڵ ئەسوڕاند نەیاسایەک هەبوو لەسەری بڕوات، نە تەماشاکەرێکیش هەبوو چەندوچوونی لەگەڵ بکات هەروەها لەبەر ئەوەیش بوو کە فەرمانداریەکە بریتی بوو لە زۆرداریی و ستەمکارییەکی وەها، کە هەروەکو (سلێمان البستانی) لە نوسراوەکەی خۆیدا (عبرە و ذکری) کە پێشکەشی گیانی (مەدحەت پاشا)ی کردووە ئەڵێ: (کە هەرچی گوناهباربێ و خراپەو داوێن پیسی بوو، بەلایەوە ڕەوابوو زۆردارییەکی وەهابوو کە پیاوی بێ ئابڕووی ئەکرد بەگەورەی گەورە پیاوان، سەری بەهەمووان دانەئەواند، ڕیسوایی بەسەر ئەهێنان زۆردارییەکی وەهابوو کە کەس سەرپەرشتی نەئەکرد، ئاڵۆش و خرۆش و ئارەزووی دڵ نەبێ کە سەری پێ ئەکرد بەهەموو کونێکا و نەیشی ئەزانی ڕوو بۆ کوێ ئەکات نەڕێگایەکی پەسەندی هەبوو لەسەری بڕوات.

نەکەسێکیش هەبوو لە خراپە بیگرێتەوە ئەوەی ئیمڕۆ بەباشی دائەنا، سبەینێ بەخراپی دائەنا زۆردارییەکی وایە، خۆی، خۆی دەرئەخات بەبێ چەندوچوون سامان لەم و لەو داگیرئەکات.

تاوانبارەکان جەزرەبە ئەگەیێن بەبێ تاوانەکان، بێ ئەمەی تاوانێکیان کردبێ و جەزرەبەیەکیشیان بۆ بڕیاردرابێ کە هەڵستیشی کرد بەپشم و قینی نەتەوە، لە خۆی، دەست ئەکات بەتێک دانیان، دووبەرەکی ئەخاتە ناویانەوە هانیان ئەدات لەیەکتر، دەماری خۆپەرستییان تیا ئەبزوێنی، تاوایان لێ ئەکات بچن بەگژیەکدا تەنانەت ئەگەر ماوەیەکیش زۆردارییەکەیان بیربچێتەوە، پاشان وریابینەوە و دەست بکەنەوە بەسکالاکردن لە دەستی، بەزمورەزمێکی وایان بۆ ئەدۆزێتەوە کە پێوەی خەریک بن و ئەویان لەبیر بچێتەوە زۆردارییەکی وەهایە، کە چەند کەسێک سامانی نەتەوەکە بەش ئەکەن لە خۆیان، خۆیانی پێوە کامەران ئەکەن و نەتەوەیشی پێ سەرگەردان ئەکەن ئەو چەند کەسەیش، بێ وەی ئەژین، کەسێک نییە لێیان بپرسێتەوە و ئۆباڵی ئەو سەرگەردانییەیان بخاتە ئەستۆ ئەو چەند کەسە سەرچاوەکانی سامانی نیشتمانەکەدا داگیر

ئەکەن، نەکشتوکاڵ ئەهێڵنەوە، نەجەنگەڵ و دارستان، نەکانگا، هەموو نازوجیازی بۆ خۆیان ئەهێڵنەوە ئەو سامانانە بەکەلەپووری باوک و باپیریان دائەنێن ئەگەر پیاوێکی کارگوزار، کانگایەک بدۆزێتەوە و بەفەرمانڕەوایی بڵێ من مافم هەیە ئەوکانە دەربهێنم، بام منیش و ئێوەیش، بەپێی یاسا، بەشی خۆمانی لێ هەڵ بگرین، پیاوەکانی (مابین) ئەڵێن:

ئەوە بەخششێکی خواییە بەئێمە دراوە، بچو بەولاوە مافی تۆی پێوەنییە، ئەگەر خاوەن هۆشێک، ماوەیەکی تەواوی بەلێکۆڵینەوەی پڕۆژەیەکەوە بەخت کردبێ و بڵێ: ئەمە بەرهەمی لێ گەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژە هەموو بابەتێکی زانستی و سامانیشم ئامادەکردووە، کە پڕۆژەکە جێبەجێ بکەم، بەپێی ئەم مەرجانە. بام بەشی فەرمانڕەواییشی تیابی، ئەوانیش پێیان ئەگوت:

نە ء ئەوە هی ئێمەیە پڕۆژەکەیان بەبێ مەرجو بەبێ تۆڵە لێ داگیر ئەکرد ئەو دەستە زۆردارانەبوون، کە دەربەدەرکردن و، لە زیندان کردن و، کوشتنیان بەکارئەهێنا لەگەڵ هاونیشتمانەکانی خۆیاندا هەرکەسێکیان بەدڵ نەبوایە وبیان ویستایە بیکوژن، ئەیان کوشت بەتاک و تەرایش وازیان نەئەهێنا بیکوژن، جاری وا هەبوو کوشتاریان ئەکرد لە دەیان و سەدان و هەزاران کەس دڵەکانیشیان ئەوەندە ڕەق بوون، نەهاواروقیژەی بێچاران کاری لێ ئەکردن، نە گریانی هەتیوان!).

زۆری پێ نەچوو (مەدحەت پاشا) بوو بەسەرکردەی ئەو بزووتنەووە شۆڕشگێڕانەیە بڕیاریدا خۆی بەخت بکات لە پێناو خواستە دادپەروەرانەکانیا پێ ڕەویی چارەکردنەکەیشی لەم چەند دێڕەدا پێشاندا:

(پارە بەفیرۆدانی فەرمانڕەوایی، گەیشتۆتە ئەندازەیەکی وەها کە لە وزەی پیاودا نەماوە لێی بێ دەنگ بێ. وەزارەتی سامان، سامان ڕەوانە ئەکات بۆ (مابین) خونکاریش ئەو پارانە لە بەزمورەزمی خۆیدا بەخت ئەکات وەزیرەکانیش، فرمان بەپارە ئەفرۆشن سەردار فرمانەکەی خۆی لە سەرۆک وەزیران ئەکڕێ پاشان ئەچێتە ئەو خاکەی پێی سپێرراوە کاروباری هەڵ بسورێنێ بەهەموو جۆرە زۆروستەمێک دانیشتووەکانی ئەڕوتێنێتەوە ئا بەم شێوەیە هەموو خاکەکان وێران کراون فەرمانڕەواییش کەوتۆتە گێژاوێکی توندوتیژەوە بەهیچ جۆرێکیش ڕزگاری نابێ، بەگۆڕینی کارگێڕیی ئێستانەبێ ئەو گۆڕینەیش بەوە پێک دێ، کە کۆڕێکی نەتەوە دابمەزرێنرێ، بتوانێ چەندوچوون و لێ پرسینەوە لەگەڵ وەزیرەکان



بکات ئەوە مەرجە، کە ئەو کۆڕە نەتەوەیی بێ کە هەڵبژێررا، نابێ جیاوازیی بکرێ لە ناوەند ڕەگەز و ئایینەکاندا سەردارەکانیش، کە لە خاکەکاندا فەرمانداریی ئەکەن، ئەبێ بخرێنە ژێر لێ پرسینەوە و چەندوچونێکی توندوتیژەوە، تا نەتوانن زیان لە ژیان و سامان و سەربەرزیی نەتەوە بدەن!....

بەرەنگاریی کردنی ناوەند تازەکردنەوە خوازەکان و پشتیوانانی کۆنەپەرستی، تا ئەهات تینی ئەسەند.

خاکی (عوسمانی)بوو بەدووبەشەوە لەشکری (مەدحەت پاشا) و، دەروون ئازادەکانی هاوڕێی و، شاگردەکانی خوێندنگاکان و، خاوەن کاروپیشەکان، لەگەڵ هەندێ کرێکارە وریاکان دەستەیەک بوون.

دەستەکەی تریش لەشکری خونکار (عەبدولعەزیز) و هاوڕێ و هاودەمەکانی بوون هەموودەم چی بویستایە لە سامانی نەتەوە، پێشکەشیان ئەکرد ئەویش کەمێکی نەبێ لە چاکەی گشتیدا بەختی ئەکرد.

پاشماوەکەی لە بەزمورەزم و داوێن پیسی خۆیدا بەخت ئەکرد هەروەک (مامۆستا ئەحمد ئەمین) ئەڵێ: (زۆر لە مێژەر بەسەرەکان پشتیوانییان ئەکرد بەپارەی فەرمانڕەوایی بەلێشاو ئەیدانێ، دڵ و دەروونی ئەو پیاوە ئایینییانەی کڕیبوو هەر بزووتنەوەیەک چاکەی گشتی بخواستایە، ئەوان بەئاژاوەیان دائەنا ئەیان گوت: خونکارێکی ناشی، چاکترە لە ئاژاوەیەک کە هەرگیز نەبڕێتەوە!).

کاتێ کە (مەحموود نەدیم) کرا بەسەرەک وەزیران، زۆرانبازییەکە توندتری لێهات ئەم پیاوە لە چینی پیاوە گەورەکانی شاربوو، واتا چینی دەوڵەمەند و ناسراو و خاوەن پایە بەڵام خۆی بەبەدخوویی و ڕەوشت خراپی ناوبانگی دەرکردبوو لەهەموو ژیانی خۆیدا، کردەوەیەکی وای نەنواند بوو کە کەڵکێکی گشتی هەبێ بەڵام لەوەدا زۆر شارەزابوو کە بەهەڕەشە و بەڵێن پێدان، لەمو لەو پارە بپچڕێ لە ڕازی فڕوفێڵبازیی و داونانەوەدا ئاگادارییەکی تەواوی هەبوو بەهەموو هێزو توانایەکیەوە یارمەتی زۆرداریی ئەدا لەگەڵ زۆرداراندا خۆی ڕێک ئەخست و پشی پشی شی بۆ ئەکردن لەبەر ئەوە خونکار جێگایەکی وای بۆ دانابوو لە دڵی خۆیدا، کە لە پێش ئەودا بەکەسی تری نەبەخشیبوو ئەویش فەرمانڕەوایی تووشی چەند دەستیاوێکی تازەکرد بۆ ئەمەی بۆ خۆیشی و بۆ (عەبدولعەزیز)یش پارە پەیدا بکات.

هەر یاسا و پێڕەوییەک هەبوو، پێچەوانەی دڵی خۆی و (عەبدولعەزیز)، پووچی کردەوە کۆڕی ڕاوێژکەرانیشی بەئارەزووی دڵی خۆی و دڵی (عەبدولعەزیز) گۆڕیی هەرکەسێکیش چاکەخوازی نیشتمان بوو، دووری خستەوە.

هەر پیاوێکیش بەرامبەری فەرمانڕەوایی ئەکرد، دەری پەڕاند سەردار و فەرمانبەرانیش تەپڵی تۆپێنیان پێ ئەکرا، یەکێکیان ئەنێررا بۆ فرمانێک، تا ئەگەیشتە جێگاکەی خۆی یەکێکی تر لە جێی دائەنرا، خەریک بوو (مەدحەت پاشا) دووربخاتەوە بۆ سەردارێتی (سیواس) بەڵام نەی وێرا دەستی لێ بدات، لەترسی نەتەوەکە هۆگری بووبوون و خۆشیشیان ئەویست.

(مابێن) بە (مەحموود نەدیم)یدا هەڵ ئەدا و گەورەی ئەکرد و کردەوەکانی بەجوانی پەسەند ئەکرد کەچی نەتەوە تا ئەهات ڕقی لێی ئەبووەوە زۆری پێ نەچوو خونکاریش هەستی بەم ڕقە ئەستوورە کرد، کە ڕۆژبەڕۆژ گڕی ئەسەندو نیشانەیەکی ئاژاوە و شەڕوشۆڕێکی خراپی پێشان ئەدا لە ئەنجامی ئەوە ئەترسا ئەیویست ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، نەوەک لەپاشدا بڵێسەیەکی وا بسێنێت کە گڕەکەی بۆ نەکوژێتەوە لەبەر ئەوە (مەحموود نەدیم)ی لابرد و سەرەک وەزیرایەتی سپارد بە (مەدحەت پاشا)ی باوکی ئازادیی خوازان.

بەڵام (عەبدولعەزیز) ئەیویست بەخونکارییەکی دەست بەڕەڵڵا بمێنێتەوە کەس نەبێ لە بەرامبەری بوەستێ و کەس نەبێ بەرپەرچی قسەی بداتەوە کردەوە و ڕەوشتی (مەدحەت پاشا)یش بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو ڕەوشتە زۆردارییە بوو ئەو لە کاروباری فەرمانڕەواییدا درۆی نەئەکرد، دووڕوویی نەئەزانی، سەری بۆ خونکار دانەئەنەواند لە بەرامبەر بەڵێن پێدان و ترساندندا، چاکەی نەتەوەی پایە ماڵ نەئەکرد بەڵام ئەو لەوەیشی تێ پەڕاند (مەحموود نەدیم)ی بەوە بەدناو کرد کە سامانی فەرمانڕەوایی دزیوە، پاشان چەندوچوونی لەگەڵ کرد، ئنجا بڕیاریشی بەسەردادا کە ئەبێ سەد هەزار لیرە بداتەوە بەگەنجینەی فەرمانڕەوایی خونکاریش بەنا بەدڵییەکەوە لەوە بێ دەنگ ئەبێ پاشان (مەحموود نەدیم) ئەبەخشێ دیسانەوە فەرمانی خونکار بەرپەرچ ئەداتەوە کە بە (خدێوی میسر ئیسماعیل پاشا) ڕێ ئەدا دەستیاو لە فەرمانڕەواییە بێگانەکان بسێنێ و پەیماننامەیشیان لەگەڵدا ببەستێ چونکە بەلایەوە وابوو (کە ئەگەر ئەو ڕێیەی پێ بدرێ، بێگانەکان دەست ئەخەنە کاروباری میسرەوە، ئەوساکەیش سەربەخۆیی کارگێڕیی و فڕوفێڵی پێکەوە لە دەست ئەچێ ڕۆژێکی وایش دێتە پێشەوە کە بێگانەکان دەست بخەنە



کاروباری میسرەوە، بەبیانووی پاراستنی سامانەکانیانەوە). خونکار لەوە تووڕە ئەبێ، بەڵام تووڕەییەکەی خۆی دەرنابڕێ، لە دڵی خۆیدا ئەیهێڵێتەوە پاش ئەوە بەبێ مام ناوەندێتی سەرۆکایەتی وەزارەت فەرمانەکەی خۆی دەرئەکات، بەم ڕەنگە بەرەنگاریی کردنی ناوەند خواستی خونکار و، خواستی (مەدحەت پاشا) کە خواستی نەتەوەی پێشان ئەدا، تا ئەهات بەهێزتری لێ ئەهات لەبەر ئەوە دەمی فەرمانداریەکەی (مەدحەت پاشا) زۆری نەخایاند، لەپاش حەفتاو پێنج ڕۆژ فەرمانداریی، بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ لەوە بەولاوە لە کاردا بمێنێتەوە، خونکاریش وای بەباش ئەزانی کە نەیهێڵێتەوە لەسەرکار، ئەویش وازی لە سایەوپایەی خۆی هێنا، بێ ئەمەی خەفەتی بۆ بخوات.

دوای ئەو، چوارکەسی تریش، یەک لە دوای یەک، بوون بەسەرۆک وەزیر کەسیان خونکاریان بۆ دڵخۆش نەکرا.

خۆیشی و هاودەمەکانیشی، بەئاواتی ئەوەوە بوون، کە (مەحموود نەدیم) بخەنەوە سەرکار بەڵام ئەوەندە بەدناووبووبوو لەناو هاونیشتمانەکانیا، تەگەرەی لە گێڕانەوەی خۆی ئەدا.

لەبەر ئەوە خونکار (ئەسعەد پاشا)ی کرد بەسەرەک وەزیر ئەمیش (مەدحەت پاشا)ی کرد بەوەزیری دادپەروەریی دوای ئەو (ڕشدی پاشا)بوو بەسەرۆک وەزیر ئەمیش (مەدحەت)ی هێشتەوە لە وەزارەتەکەیدا لە بیروباوەڕە چاکەخوازییەکانیشیا پشتی گرت لەگەڵیشیا وارێک کەوت کە وەزارەت نامەیەک بنێرێت بۆ (عەبدولعەزیز)، بیروباوەڕ و پێشنیازی خۆی تیا پێشان بدات بۆ ڕاستکردنەوە و چاک کردنی کاروباری فەرمانڕەوایی (مەدحەت پاشا) ئەم بڕیار نامەیەی دانا کە تیانووسیبوو:

(خاوەن شکۆهتان، لە وتاری تەخت[1] ئاشکراتان کرد، کە لەسەر ڕێ و شوێنی پێڕەویی ڕاستکردنەوە و چاککردنی کاروبار ئەڕۆن بەرێوە، کە هەموو کەس ئاواتی بۆ ئەخوازێ لەگەڵ ئەوەشا، کاروبار خراپتری لێ هاتووە زۆر گۆڕینی فەرمانبەرانی فەرمانڕەواییش، پشێویی و ئاژاوەی خستۆتە ناوەوە زۆربەیان سەریان لێ تێک چووە و لە ڕێگەلایان داوە، بەمەبەسی ئێوە ناڕۆن بەرێوە، خوار و خێچ ئەڕۆن بەرێگاوە، ئەو چاکیەش کە کرابوو تێکیان داوەتەوە.

سامانی فەرمانڕەوایی وەک خۆی نەماوەتەوە، خراپ تێک چووە ئەوەیش وای لە

(١) وتاری تەخت: (خطاب العرش)

هەمووان کردەوە کە بەندو باوبڵاوببێتەوە لەناو نیشتمان و دەرەوەی نیشتماندا، هەموویش لەوە ئەترسن کە ئەم بارە فەرمانڕەوایی بەرەو نەمان ببات...

(فرمانی نیشتمانی ناچاری کردین کە لەمە بێ دەنگ نەبین، نەوەک بکەوینە بارێکی واوە کە پەشیمانی لە دوابێ لەبەر ئەوە پەنامان هێناوەتە بەر دەرگای شاهانیی ئێوە... لە ژیریی و زرنگیی خاوەن شکۆهیشتانەوە ئاشکرایە، کە دەرمانی بەکاری ئەم دەردە ئەوەیە: هۆیەکانی لەناو ببرێ.

ئەو هۆیانەیش هەموومان ئەیانزانین چین جا ئەگەر ئەو هۆیانە لابران، نەخۆشییەکەیش نامێنێ... ئنجا ئەگەر ئێوە فەرمانێکی تازە دەربکەن، کە لە یاسا نەچنە دەرەوە، کە لە بەرامبەر یاسایشدا جیاوازیی لە ناوەند دەوڵەمەند و هەژار و گەورە و بچووکدا نەمێنی؛ کە هەرچی دەزگایەکی چاکەی گشتی هەیە بخرێتەوە سەر دۆخی جاران، ئەوپارانەیش کە خاوەنیان بۆیان تەرخان کردوون هەر لەسەر ئەو مەرجانەی کە بۆیان داناون بەخت بکرێن؛ لە کاروباری فەرمانڕەوایی بەرەو ڕووی (دەرگای بڵند) بکرێتەوە، ئەو بڕیاری خۆی بدات و پێشانی ئێوەیشی بدات، بەڵام ئێوەیش هیچ مافێکی فەرمانڕەوایی بۆ خۆتان گل نەدەنەوە کە پەیوەندیی هەبێ بەسامان و زەوییەوە؛ کە وەزارەتی سامانیش بێ پەسەندکردنی (دەرگای بڵند) یەک پوول بەخت نەکات؛ کە فرمانی فەرمانبەرانی گەورە و بچووک دیاردیی بکرێ؛ کە لە وەزیرەکانیش لێ پرسینەوە بکرێ و بەپێی ئەنجامی کاروکردەوەیان چەندوچوونیان لەگەڵ بکرێ، کە ئەوانە بخەنە ئەستۆی کاربەدەستان و پیاوە نزیکەکانی خۆتان تا بەتەواوەتی بەجێیان بهێڵن جا ئەگەر ئەمانە هەموویان جێبەجێ کران، بەیارمەتی خواوە، بەکامی خۆمان ئەگەین، فەرمانڕەواییش ئەخرێتە سەر ئەو ڕێگایەی کە خاوەن شکۆهتان ئاواتی بۆ ئەخوازن.

ئەم قسانە لە ئەنجامی بیرکردنەوەمانەوە پەیدابوون... دوورنییە هەڵەمان تیا کردبێ... ئێمەیش لە خاوەن شکۆهیتان خواستمان ئەوەتان کە ئەو نەتەوەیەی کەڵک و چاکەی خراوەتە ژێردەستتان، لەم تەنگوچەڵەمەیەی ئێستایەی ڕزگار بفەرموون بەهەموو ڕەنگ هەموو شتێک بەدەست خۆتانە).

(عەبدولعەزیز)یش هەر ئەمەندەی بەس بوو کە ئەم نامەیە بخوێنێتەوە، دەست بەجێ ڕقی هەستاو گڕی گرت فەرمانیدا (مەدحەت پاشا) لە فرمانەکەی خۆی لابرا و کرا بەسەرداری (سەلانیک).



(ڕشدی پاشا)یش لەپاش چەند ڕۆژێک لابراو کرا بەسەرداری (حلب) (مەحموود نەدیم)یشی کردەوە بەسەرۆک وەزیر.

بەڵام سەرداریتییەکەی (مەدحەت) زۆری نەخایاند لەپاش سێ مانگ لە فرمان دەرهێنرا ئەویش ئیتر گەڕایەوە خانووچکەکەی خۆی کە لە نزیک ئەستەمبوڵەوە بوو بۆ ئەمەی بیر لەو ڕێگا کاریگەرانە بکاتەوە کە نیشتمانەکەی پێ ڕزگار بکات.

جا لەو خانوچکەیەوە کە لەسەر کەناری (بۆسفۆڕ) دابوو، لە بازێکی ئەکرد کە نیشتبێتەوەو باڵی کردێتەوە بۆ فڕین بەئاسماندا، ئەو ڕووناکییە دەرکەوت، کە خاوەنەکەی خۆی سووتاند، بەڵام نیشتمانەکەی زیندوو کردەوە و، نەتەوەکەیشی خستە سەر ڕێگای ڕاستی و چاکی و پاکی.

## لابردنی خونکار عەبدولعەزیز

کاروباری ناوەوە و دەرەوەی فەرمانڕەوایی (عوسمانی) تا ئەهات خراپتری لێ ئەهات کاربەدەستانیش کە ئەیاندیی سەرەتای بۆڵەبۆڵ کردن و سکاڵاکردن لەناو کۆمەڵانی گەلدا پەرە ئەسێنێ، ئەیانویست بەزۆری زۆر دارەکی و ستەمکاریی لەناوی ببەن بەڵام ئەو توندوتیژییە، دڵ و دەروونی ئازار دراوەکانیان زۆرتر ئەورووژاند، زۆرتر گڕی بەرئەدا، زۆرتر ئامادەی ئەکردن بۆ ڕاست بوونەوە و هەڵمەت بردنە سەر زۆرداری بەدکار.

هەموو خراپە و زۆروستەمێکی فەرمانڕەوایی لە پێش چاوی نەتەوەدا، لە کەسایەتیی (مەحموود نەدیم)ی سەرۆک وەزیردا دەرئەکەوت هەموو ئەیان گوت: ئەوە هۆی پەیدابوونی و ڕوودانی ئەم هەموو دەرد و زۆردارییە بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەوە ئەهاتە مێشکیاندا کە ئەو جۆرە کەتن و بەدکارییانە، تا خونکار بەلایەوە باش نەبێ، هیچ وەزیرێک ناتوانی و ناوێرێ توخنیان بکەوێ لەبەر ئەوەیش بەو جۆرە بڕوایان ئەکرد، کە لە یەکەم سەرۆک وەزیرێتییەوە ئەو کردەوە و ڕەوشتە نەنگ و ناشیرینانەی دەرکەوت کەچی خونکار ڕووی خۆی لێ وەرنەگێڕا، چەندوچوونێکی لەگەڵدا نەکرد بەڵکو پشتی گرت و بەخشی، پاش ئەوە هەمیسان گێڕایەوە سەر فرمانەکەی خۆی!...

(مەدحەت پاشا)یش یەکێک بوو لەسەرکردەکانی ئەوکەسانەی کە ڕقیان لەوبارە ئەبووەوە، و هانی کەسانی تریشیان ئەدا بۆ ڕق هەڵسان لەوبارە، هەروەها یەکێکیش بوو لەوانەی کە بەدڵ ئارەزووی ڕاستکردنەوە و چاک کردنی ئەو بارەیان ئەکرد و هاواری خەبات و خۆبەخت کردنیان ئەکرد لە پێناویا. (مەدحەت) ئەیگوت:

(تەنیا هۆی بۆڵەبۆڵکردنی گاورەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی ئەوەیە کە سەربەستییان لێ بارکراوە هەر کاتێ سەربەستییان پێ بەخشرا، ئەوانیش فەرمانڕەواییەکەیان خۆش ئەوێ و هەست بەوەیش ئەکەن کە خۆیشیان بەشێکن لە نەتەوەی ئەم فەرمانڕەواییە هۆی کزیی موسڵمانەکانیش هەر ئەوەیە کە سەربەستییان نییە، هەرکاتێ هەستیان بەسەربەستی کرد، خۆیان ئەهاوێژنە سەر فرمانەکانیان، لەش سووکی و چالاکی بەخت ئەکەن، نان پەیدا ئەکەن، زانیاریی دەست خۆیان ئەخەن، زیرەکی و هێزوتوانای خۆیشیان لە پێناو کامەرانی خۆیان و خێزان و کۆمەڵایەتییاندا بەکار ئەهێنن کەهاتوو هەموولایەکیش بێ سەربەستی مانەوە، ترس ئەنیشێتە دڵیانەوە، پیاوەتییان لەبیر ئەچێتەوە، خووی بەندە ئەگرن: لەسەرکزیی و چاوشۆڕییدا، لە خوو دانە خواردن و پۆشینێکی واوە کە لە نەنگترین ڕێگاوە پەیدای بکەن ئەوەی بەسەریشماندا هاتووە لە ئیسلامەتییەوە دوورە چونکە ئایینی ئیسلام دەوڵەمەند و هەژار لە ماف و فرماندا یەکسان ڕائەگرێ، جیاوازی ناکات لە ناوەند شا و گەدادا بەپێویستیشی دائەنێ کە هەموو کاروبارێکیان، هەموو تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتێکیان بەهۆی ڕاوێژکردنەوە چار بکەن و بەڕێوە ببەن بەڵام ئەم خونکارە حەز لە وشەی ڕاوێژکردن ناکات ئەوەندەی مردن قینی لێیەتی ئایینی ئیسلام یەکێک لە دەستوورە گرنگەکانی ئەوەیە فەرمان بەچاکەکردن بکرێ و بەخراپەنەکردن.

بەڵام ئەم خونکارە، ناهێڵێ کەس فەرمانی چاکەکردن بدات و بەربەستی خراپەکردن بکات ڕاوێژکاریی ئیسلامەتی لەم سەردەمە تازەیەدا، خراوەتە شێوەی کۆڕی نەتەوەوە کە ئەوروپاییەکان (پەرلەمان)ی پێ ئەڵێن فەرمانکردنیش بەچاکەکردن و خراپە نەکردن، لە شارستانێتی تازەدا، لەو شێوەیەدا پێک دێ کە ڕۆژنامەکان سەربەست بن لە نرخ دانانی کاروباری گشتی و کردەوە و کاری کاربەدەستاندا، کە تاک و تەراکان و کۆمەڵەکان سەربەست بن لە نووسراو دانان و ئاشکراکردنی بیروباوەڕی خۆیاندا، هەرچییەکیان بەلاوە باش بێ پەسەندی بکەن، هەرچییەکیشیان بەلاوە خراپ بێ ناپەسەندیی خۆیان بەرامبەریان بنوێنن هەروەها چۆن ئارەزووئەکەن ئاوا وتار بدەن چونکە نەکەس هەیە بێ هەڵە و گوناه بێ، نە فەرمانڕەوایی و کار بەدەستانیش بێ هەڵە و گوناه ئەبن بەڵام ئەوەی کە خواروخێچیی ئەوانە ڕاست ئەکاتەوە و چاویان ئەترسێنێ و ئەیانخاتە سەر ڕێگای ڕاستی و دروستی، وریایی بیروباوەڕی گشتییە و سەربەستییەتی لە نرخ داناندا، ئەوەیش لە قورئاندا پێی گوتراوە: (ئامۆژگاری کردنی بەڕاستی و دروستی، ئامۆژگاری کردن



بەئارام گرتن). ئەمانە هەموو ڕوون و ئاشکران پێویستە هەبن بەڵام ئارەزووی دڵی خونکار (عەبدولعەزیز) وەک گا بەردێکی زەلام ئەم هەموو بیروباوەڕانە ئەپلیشێنێتەوە.

(خاکی فەرمانڕەوایی (عوسمانی) بەپیتترین خاکی جیهانە کەچی لەگەڵ ئەوەیشا هەژارترین خاکە ئەویش لەبەر ئەوەیە زۆرداریی زۆریانی دەرپەڕاندووە.

هەر کەسێکیش ماوەتەوە لە خاکەکەدا و باری نەکردووە، بەباجی زۆر باری گران کراوە نەهاوبەشی یەک هەیە لە خاکەکەماندا کەچی کووتاڵ لە ئەورووپاوە ئەهێنن.

تەنانەت فێستەکانی سەریشمان، ئەو چەمچانەیش کە ئاگری پێ ئەکەینەوە لە بێگانەی ئەکڕین ئەم کەرەستانە هەموویان لە خاکەکەماندا زۆرن بەڵام نەدادپەروەری هەیە لە نیشتمانەکەماندا نە دڵنیایی هەیە لە پاراستنی گەنج و سامان لەبەر ئەوە نەهاوبەشی پێک دێت نەکارخانەیش دائەمەزرێت دادپەروەریش، بەیاسایانی دادپەروەرانە و دادگاهانی دادپەروەر نەبێ پێک نایەت ئەمیش تا سەربەستی نەدرێ بەگەل، واتا دەستورێکی نەبێت کاروباری ڕێک بخات و بیبات بەڕێوە، پێک نایەت هەرکەسێ داوای ڕاستکردنەوە و چاککردنی کاروباری فەرمانڕەوایی کرد، دەربەدەر و ئاوارە کرا: (فؤاد پاشا) بەسووکی و ڕیسواییەوە مرد.

(عالی پاشا)یش داوی بوونرایەوە، تا لە فرمانەکەی لابرا کە ئەو دوانەیش هەردووکیان خاوەنی توانا و هێز و دەسەڵات و کردەوەی هەرەباش بوون، بەڵام خونکار پیاوی وەک (مەحموود نەدیم) نزیک ئەخاتەوە لە خۆی، کە هەتا بڵێی ناشی و نەخوێندەوار و چاوچنۆکە، بۆ ئەمەی سامانی فەرمانڕەوایی پێشکەش بکات، پاش ئەوە خۆشی چی پێ کرا و چەندی بۆ لووا تالانی بکات بۆ خۆی!...)

لەم شێوەیەدا کە مامۆستا (ئەحمد ئەمین) پێشانی داوە لە نووسراوەکەیدا (فیض الخاطر) بەرگی پێنجەم: (مەدحەت پاشا)ی باوکی ئازادییخوازەکان لە خانووەکەی خۆیەوە تەماشای ئاوەکەی (بۆسفۆڕ)ی ئەکرد کە بەژێر بەربانکی خانووەکەیدا ئەڕۆیشت و شەپۆلی ئەدا، تیشکی مانگەشەویش لە شەوە ناوازەکانی ئەستەمبوڵدا، بەسەر ئەو شەپۆلانەوە ئەبریسکایەوە.

لەناو ئەو چاوئەندازە جوانانەدا بەوجۆرە بیری لە نیشتمانەکەی خۆی ئەکردەوە یان بەو جۆرە لە ناو نیشتمان پەروەرە دڵسۆزەکاندا کە هەڵبژاردەی پیاوانی بیروهۆش و ئازادیی خوازان بوون قسەی ئەکرد.

مەدحەت پاشایش، ڕەوشتی وابوو، هەرچی بەبیردا بهاتایە بڕیاری لەسەر بدایە دەستی بە بەجێهێنانی ئەکرد و لە پێناویا خۆی بەخت ئەکرد بەدڵ بڕیاریدا کە ئارەزوو و خواستی (خونکار عەبدولعەزیز) بشکێنێ، چونکە قسەی هیچ دڵسۆزێکی بەگوێدا ناچێ هەروەها نیشتمانەکەیشی لەو کەسانە پاک بکاتەوە کە چەواشەی ئەکەن و هانەی ئەدەن بۆ سەر زۆرداریی، وەک (محمود ندیم) ئنجا دەستی کرد بەفراوانکردنی کۆڕی فرمانەکەی و بانگ ڕاهێشتنەکەی ئیتر ئەوەندە گیانی شۆڕشگێڕانەی لەناو زانایان و مامۆستایان و شاگردانی خوێندنگاکان و وریاکان و داخ لە دڵەکانی نەتەوەدا بڵاوکردەوە، ڕۆژێکیان هەموویان لە مزگەوتی (خونکار محەمەدی فاتح) و کۆڕ و ئەو شەقاماندا کە بۆی ئەچن، کۆبوونەوە پاشان لەشێوەی خۆپێشاندانێکی پڕ لە دەنگدا بەپۆل ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە (دەرگای بڵند)، لەوێدا ئەیانقیژاند و ئەیان نەڕاند:

داوای لابردنی (مەحموود نەدیم)ی سەرۆک وەزیر و (پیری موسڵمانان حەسەن فەهمی)یان ئەکرد ئەو دوانەیش کە چاویان بەو گەلە کۆمەکییە گەورەیە کەوت، دەست بەجێ خۆیان دەرباز کرد.

(عەبدولعەزیز) لەم خۆپێشان دانە بەزەبروزەنگە، سەری سوڕما و واقی وڕما لەم کارەساتە تازە سامناکە کە لە ژیانی فڕوفێڵی نیشتمانەکەیدا ڕووی ئەدا، هەموو لەشی کەوتبووە ترس و لەرزەوە پیاوەکانی، هەرچەند تێکۆشان، خۆپێشاندەرەکانیان بۆ بڵاونەکرایەوە.

گوتیان هەتا (دەرگای بڵند) خواستەکانمان جێبەجێ نەکات، چوارلای (دەرگای بڵند) بەرنادەین هەر لە جێگای خۆیاندا مانەوە، تا بەری بەیان دوایی خونکار ناچاربوو، بۆیان ئاشکرا بکات کە هەر بۆ ئەو جارە خواستەکانیان جێبەجێ ئەکات بەڵام ئەگەر جارێکی تر خۆپێشاندانی وا بکەن، ناچار ئەبێ، بەتوندیی، جەزرەبەیان پێ بگەێنێ!

خۆ پێشاندەرەکان داوای سەرۆک وەزیرێتیی (مەدحەت پاشا)یشیان ئەکرد خونکار بۆ ئەوە بەقسەی کردن کە (محمود ندیم) لە سەرەک وەزیرێتی بخات، کە (حەسەن فەهمی)یش لە پیرێتیی موسڵمانان بخات[1] بەڵام ئەوەی بەقسەنەکردن کە (مەدحەت پاشا) بکات بەسەرەک وەزیر لە جیاتی ئەو (ڕشدی پاشا)ی کرد بەسەرۆک وەزیر بەڵام (مەدحەت پاشا)یشی کرد بەوەزیری بێ وەزارەت.

(١) پلەیەکی ئایینی بوو وەک (موفتی) ئەمڕۆ.



(حەسەن ئەفەندی خێروڵڵا)یشی کرد بەپیری موسڵمانان (حوسێن عەونی پاشا)یشی کرد بەوەزیری جەنگ.

نەتەوەیش تا ماوەیەکی کەم وای زانی، کە گۆڕینی وەزارەت و بوونی (مەدحەت) لەناویا، ئەوە ئەگەێنێ کە ئیتر دادپەروەریی بڵاو ئەکرێتەوە، برایەتیش ئەکەوێتە ناو هەموو هاونیشتمانەکانەوە.

بەڵام ڕۆژان بەسەرچوون و وەزارەتیش هیچ ئاواتێکی نەهێنایە جێ خونکار هەروەک خۆی مایەوە، گوێی لە قسەی هیچ دڵسۆزێک نەئەگرت، تا ئەهات زۆروستەمی ئەکرد. (مەحموود نەدیم)یش بۆیەکا وازی لە کاربەدەستی هێنا، کە لە هەلێکی تردا بێتەوە جێی خۆی لە پێناو ئەو مەبەستەیشیدا، بەلێشاو پارەی ئەبەشییەوە بەسەر کەنیزەکەکان و لە پیاوەتی کەوتووەکاندا، کە دەسەڵاتی هەرە گەورەیان هەبوو لە کۆشکی خونکاردا.

بێگانە، چاوچنۆکەکانیش، ئەو هەنگاوە نیشتمانییەیان پێ باش نەبوو ئەوانیش دەستیان کرد بەتەگەرەدانان و گیروگرفت دروست کردن لە پێش دەم فەرماندارییە تازەکەدا وایان پێشان ئەدا کە موسڵمانەکان، لەسەر پشێویی ناو (بالکان)، هەڵ ئەکوتنە سەر گاورەکان قەڵاچۆیان تێ بخەن (جەنەڕاڵ ایفاتییف)، ڕاسپاردەی ڕووسیای چاریشی، ویستی ئەم مەترسییە گەورەتر پێشان بدات: هێنای سەد پیاوی چەک بەدەستی ناو خاکی شاخەڕەشی[1] لە ڕاسپاردە خانەدا[2] کۆکردەوە، بەبیانووی پاراستنی ڕاسپاردەخانەوە، نەوەک ئاژاوەی ناو ئەستەمبوڵ، ئاراستەی گیان و ژیانی ببێ!...

ئیتر لەوەوە، داخی دڵی نەتەوە، دەرکەوتەوە بیری دەستووریش بوو بەبیرێکی گشتی هەمووکەس ئەیویست دابمەزرێ، هەموو کەس بۆی تێ ئەکۆشا چونکە بۆیان دەرکەوت کەتێک چوونی فەرمانڕەوایی، یاخود چاککردنی، ئەوەندەی بەندە بەو یاسایەوە کە کاروباری فەرمانڕەوایی دیاردیی ئەکات و سنووری بۆ دائەنێ، یاخود بەرەڵڵای ئەکات بۆ دەستی سەردارە گەورە و بچووکەکان کە بەئارەزووی خۆیان یاریی بەچارەنووسی نەتەوە بکەن، ئەوەندە بەندنییە بەو کەسانەوە کە کاروباری نیشتمانەکەیان لەژێر دەستایە هەمووڵا چاوەڕوانی ئەوەبوون کە یاسای ئەو سەردەمە، کە هەموو کاروبارێکی خستبووە ژێر دەستی خونکارێکی بەچنگی بەزەبر و زەنگ، کە بەئارەزووی خۆی ئەجوڵایەوە،

(١) جبل الأسود کە بەشێکی یۆگۆسلاڤی ئیمڕۆیە.

(٢) واتا: باڵیۆزخانە.

کەسێکیش نەبوو بتوانێ لێ پرسینەوەی لێ بکات، چونکە خۆی وا دائەنا کە دەسەڵاتەکەی لە خواوە وەرگرتووە... ئەو یاسایە بگۆڕرێ بەشاهێتییەکی دەستووریی، دەسەڵاتی هەرە گەورە بۆ کۆڕی نەتەوە دابنرێ کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی سەربەستانەی نەتەوەوە پێک هاتبێ، ئەو کۆڕەیش لە سنوری ئەو دەستوورەدا کە نیشتمان بڕیاری لەسەر داوە بەپێی پێویستی و پلەی پێشکەوتنی خۆی، ئەو دەسەڵاتەی خۆی بەکاربهێنێ هەموو لایەکیش بەوە باوەڕیان هێنابوو، کە ئەم گۆڕینەوەی فەرمانداریی بەرەڵلایە، بەفەرمانداریی‌یەکی دێموکراتی، تەنیا ڕێگایەکە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکە لەو چاڵە قووڵەی کەتێی کەوتبوو، لەو تەنگوچەڵەمە گەورانەی دەرەوەیە کە هەڕەشەیان لێ ئەکرد چونکە هەر دەستوورەکە لەباریا هەبێ تاک و تەراکانی گەل والێ بکات هەست بەکەسایەتی خۆیان بکەن، لە پاراستنی مافی خۆیشیان دڵنیا بن.

هەر دەستوریشە کە بتوانێ یەکێتی گەل بەهێز بکات.

بارستایی ژیان و ڕەووشتیشی بەرز بکاتەوە، پشتگیریی ئازایەتی و بەرگەگرتنیشی بکات بەرامبەر ئەو فەرمانڕەوایانەی چاویان تێ بڕیوە لە هەموولایەکەوە هەڕەشەی لێ ئەکەن.

بەڵام (عەبدولعەزیز)، کە گوێی لە وشەکانی سەربەستی و دەستوور ڕاوێژکردن ئەبوو، وای ئەزانی جنێوی پێ ئەدرێ. لە دەسەڵاتی کەم ئەکرێتەوە، لوتی ئەشکێنرێ لەبەر ئەوە هەر لەسەر زۆروستەمی خۆی ئەڕۆیشت، وای ئەزانی کە بەهۆی وەزیرەتازەکانییەوە، کە نەتەوە خۆشی ئەوێن، جێگای بەهێزتربووە لەبەر ئەوە کە دەستەیەک لە نێرراوانی شاگردانی خوێندنگا چوونە لای و داوایان لە فەرمانڕەوایی کرد دەستورێک بۆ خاکی عوسمانی دابنێ، داوایان لە خونکار کرد کە هەندێ لە سامانەکەی خۆی تەرخان بکا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکووڕییەی کەوتۆتە لەنگەری پارە کۆکردنەوە و پارە بەختکردنی فەرمانڕەواییەوە، وەرامی وادانەوەکە زووبەزوو خواستەکانیان جێبەجێ ئەکات کەچی لە ڕاستیدا، لەدڵی خۆیدا، وای بڕیار دابوو، کە سنوورێک دابنێ بۆ بەربەست کردنی دەمەوەریی و ئاژاوە نانەوەیان ئەویش بەهۆی داخستنی خوێندنگا ئایینییەکانەوە، دەربەدەرکردنی شاگردەکانەوە لە ئەستەمبوڵ، گرتنی یاخی و سەرکێشەکانیانەوە.

هەروەها بڕیاریشیدا کە هەرچی سامانێکی هەیە لە ناوکەشتییەکی ڕووسیدا دەربازی بکات بۆ دەرەوەی نیشتمان.



لەوکاتەدا، بیرێکی سامناک هاتە مێشکی مەدحەت پاشاوە؛ ئەم خونکارە بۆچ لەسەر تەخت نەهێنیێتە خوارەوە، کە ئەوەندە بەرپرچی ڕاستکردنەوە و چاککردنی کاروباری فەرمانڕەوایی ئەداتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بێتو نەتەوەیش دا کۆمەکی بکات، کە هەر خۆی خاوەنی دەسەڵاتە؟!. ئەو ساکە نەتەوەیش ئەتوانێ خونکارێکی وا بخاتە سەرتەخت، کە هەست بەخواست و ئارەزووی نەتەوە بکات و ڕێزیشی لێ بگرێ لەوەیش تێگەیشتبێت کە هێز لە دەستی ئەودایە، لەبەر ئەوە بەپێچەوانەی ئەو نەجوڵێتەوە و زەبروزەنگ و زۆرداریشی پێوە نەکات!...

مەدحەت پاشا، هەرچەند دەستی ئەپەرژا و لە فرمانی ڕۆژانەی ئەبووەوە، کە ئەچووەوە ماڵەوە و لەڕێگادا بەسەر پردی (غاڵەتە)دا ئەڕۆیشت، لەوێدا چاوی بەخوازەڵۆکەکان و میوە فرۆشەکان و ڕاوکەرانی ماسی ئەکەوت بەچاوی خۆیشی ئەیدیی کە هاونیشتمانەکانی لە چ سەرگەردانی و هەناسە سارد‌ییەک دابوون، لە چ ماندوێتی و چەوسانەوەیەک دابوون، بەهۆی پەیداکردنی پارووەیەک نانەوە کە برسێتیی مناڵەکانی خۆیان پێ ئەشکاند کەچی لەوبەری شارەکەیشەوە بەمشت لیرەی زەرد و سوور بڵاو ئەکرایەوە بۆ پەیداکردنی ئەسپێکی ڕەسەن یاخود سۆزانییەکی شێتە پەتەڕیی. کە مەدحەت پاشا، ئەمانەی چاوپێکەوت بیری سەرەوەی ئەهاتەوە بەمێشکدا، لە هەموو ڕوویەکەوە لێکی ئەدایەوە و هەڵگێڕ و وەرگێڕی ئەکرد.

هەرچەند ئەیش چووە ناو جێگاکەیەوە، بنوێ و بسرەوێ، وێنەکانی ئەوبیرە ئەهاتنە ناو مێشکیەوە، خەویان لێ ئەزڕاند شەوگار بەسەرئەچوو، بێ دەنگی هەموو لایەکی داگیر ئەکرد هیچ دەنگێک نەئەمایەوە گوێی لێ بێ دەنگی گاڵۆکەکانی پاسەوانەکان نەبێ، کە هەرچەند هەنگاوێکیان ئەنا، ئەو گاڵۆکە ئەستورانەیان ئەدا بەزەوییدا، بۆ ئەمەی بیری نوستووەکان بخەنەوە، کە فرمانی پاراستنی ئاسایشی خۆیان بەجێ ئەهێنن سەگەکان کە گوێیان لەو دەنگانە ئەبوو، لە هەموولایەکەوە دەستیان ئەکرد بەوەڕین مەدحەت پاشایش ئەوەی ئەهات بەبیردا، کە لە نیشتمانەکەیدا، تەنیا ئەم ڕووکەشە پڕ ئازارە هەیە کە بەنیشانەی ئاسایش دابنرێ!...

زۆری پێ نەچوو، دەستی کرد بەتێکۆشین بۆ بەدیی هێنانی ئەو بیرەی لە مێشکیا پەنگی خواردبووەوە ئەو خەمی خۆی نەبوو، کە لە پێناو جێبەجێ کردنی ئەو بیرەدا چ تەنگوچەڵەمەیەکی تووش دێ، خەمی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی بوو کە بەکامی خۆیان

بگەن لە پێشدا ویستی (شازادە مراد)ببینێ لە بەندیخانەکەیدا، لە کۆشکی چراخاندا ئەم شازادەیە، پیاوێکی نەرم و بەئارام بوو، حەزی لە زەبروزەنگ و زۆروستەمو چەوساندنەوە نەئەکرد.

تەماشای کرد ئارەزوویەکی بەهێزی هەبوو، بۆ بەکارهێنانی بیروباوەڕی دیموکراتی و دامەزراندنی ئەو دەستوورەی کە خۆی خەباتی بۆ ئەکرد پاشان دەستی کرد بەئاشکراکردنی بیروباوەڕەکەی خۆی لەناو چەند دۆستێکی دڵسۆزی خۆیدا.

دەستەی ئازادیی خوازەکان کۆمەکییان کرد (حەسەن ئەفەندی خێروڵڵا)ی پیری موسڵمانان لە پێش هەموویاندا بوو.

توانیشی ئەندامەکانی وەزارەت، یەک لەدوای یەک بخاتە سەر بیروباوەڕی خۆی (ڕشدی پاشا) و (حوسێن عەونی پاشا) سەردەستەیان بوون لە هەموویان دەستەیەک پێک هات ناوی نرا (دەستەی ئازادیی خوازان) ئەم دەستە ئازاو پیرۆزە، بڕیاریدا (خونکار عەبدولعەزیز) لاببات، پێش ئەمەی بقەومێ و نەتەوە خۆی فڕێ بداتە شۆڕشێکی واوە کە هێشتا خۆی بۆ ئامادە نەکردووە و ئەنجامیشی نازانرێ بەچی ئەگات پاشان هەموو ئەندامەکان بڕیاریاندا لابردنەکە لە ڕۆژی سێ شەممە ٣١/ ٥/ ١٨٧٦دا، لە نیوەڕۆدا جێبەجێ بکرێ.

ئەو ڕێ و شوێنەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە دایان نابوو، ئەوەبوو: کە لەپێشدا کۆمەڵە کۆمەڵە لە هاونیشتمانەکان لە موسڵمان و گاور، لە مزگەوتی (نورعوسمانییە)دا کۆببنەوە لەوێدا لەبابەت کاروباری نیشتمانی عوسمانییەوە گفتوگۆ بکەن لەوێدا بۆیەکتر سوێند بخۆن کە خەبات بکەن بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان هەر لەوێشدا کۆمەڵێک لە خۆیان هەڵ ببژێرن، بچن بۆ چاوپێکەوتنی خونکار و سەرۆک وەزیر (صدری أعظم) بەناوی نەتەوەوە ئاشکراکردنی یاسایەکیان لێ داوا بکەن کە ڕاستکردنەوە و چاککردنێکی فراوانی تیا هەبێ، کە لەسەر بنچینەی سەربەستی و برایەتی و یەکسانی دامەزرابێ جا ئەگەر خونکار ئەو خواستەی جێبەجێ نەکرد، کۆمەڵەکە دەست بەجێ، لەسەر تەخت لای بباو ئەوەیش بۆ گەل ئاشکرا بکات.

بەڵام واڕێک کەوت، کە خونکار لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەدا، واتا لە ڕۆژێک پێش ڕۆژی دیاردیی کراودا، یەکێکی نارد (حوسێن عەونی پاشا)ی بۆ بانگ بکات.

وەزیری جەنگ وای زانی کە خونکار بەگەلە کۆمەکێ کەیانی زانیوە بیانوویەکی



دۆزییەوە کە نەخۆشە، نەچوو بۆ بینینی خونکار پاشان دەمودەست چوو بۆ وەزارەتی جەنگ لەوێ ناردی بەشوێن (مەدحەت پاشا) و (سەرۆک وەزیر) و (پیری موسڵمانان)دا کەینەوبەینەکەی تێ گەیاندن زۆری لێ کردن کە لابردنەکەی هەر لەو شەوەدا پێک بێت ئازادیی خوازەکان لەسەر ئەوە بڕیاریاندا پیری موسڵمانان (حەسەن ئەفەندی خێروڵڵا) ئەم بڕیارەی بۆ لابردنی خونکاردا و بەمۆری خۆیشی بڕیارنامەکەی مۆر کرد:

(ئەگەر شاهی موسڵمانان (زید) مێشکی تێک چووبێ و لە کاروباری فڕوفێڵی گشتیدا شارەزایی نەبێ، هەرچی سامانی فەرمانڕەوایی هەیە لە کاروباری تایبەتی خۆیدا بەختی بکات، بەجۆرێکی وا کە نەتەوە نەتوانێ لەوە بەولاوە بەرگەی ئەوبارە بگرێ، کاروباری ئایینی و جیهانیشی تێکومەکان دابێ، نیشتمانی وێران و نەتەوەیشیی سەرگەردان کردبێ؛ ئەگەر مانەوەی ئەم خونکارە زیانی تیابێ بۆ نیشتمان و نەتەوە، ئایا لابردنی دروستە؟

وەرام: بەڵێ دروستە.

***

ئەوشەوە زۆر تاریک و نووتەک بوو باران ڕەهێڵەی ئەکرد لە دەریاوە بایەکی توندی ئەهات، لوورەی ئەهات لەو کاتەدا، پیاوێک بەو شەوە زەنگە، بەهەڵە داوان، ئەڕۆیشت بەڕێدا، باران دایگرتبوو، با توندەکەی یاریی بەبالا پۆشە فراوانەکەی ئەکرد، لە چاوەکانیا تروسکە ڕۆشنایییەکی سەیر پرشنگی ئەدا هەروەک ئەو شەوە زەنگە ببڕن و تێپەڕ بکەن بۆ بەرەبەیانێکی نزیک کە لە تاریکییەوە بێتە دەرێ وابوو.

کە پیاوەکە گەیشتە کۆڕی (سرکچی)، ڕۆیشتنەکەی خۆی هێواش کردەوە بەخۆپاراستن و خۆ ئامادەکردن و جەربەزەییەکەوە، هەر سەیری ڕاست و چەپی خۆی ئەکرد.

پاشان چووە نزیک کەناری دەلیاوە سواری گەمێیەکی بچووک بوو[(١)] بەبازووە بەهێزەکانی سەوڵەکانی ئەجوڵاند و گەمێکەی تیژ ئەبرد بەڕێوە گەمێ کە باریکەلانەیەکی هەردوو سەرتیژبوو بەرەنگاریی ئەو هەموو شەپۆلانەبوو، کە بەرز ئەبوونەوە و نزم ئەبوونەوە، ڕووبەڕووی ئەو ڕەشەبا توندە بەهێزە ئەڕۆیشت، کوڵی نەئەدا لە گەمێ لێ خوڕین و بەدڵ وەشاندن، لە تاریکییەکانی شەو و دەلیا و ئاسمان چاوی نەئەترسا، تا گەیشتە گەرەکی (باش لیمانی) لەسەر (بۆسفۆڕ) کەمێ لە شوێنێکی دیاریکراو

---

(١) ڕاستتر: بەلەمێکی بچووک، چونکە بەسەوڵ دەڕۆی.

ئەوەستێنێ، لە پڕ پیاوێکی تر بەناو تاریکییەکەدا دێ، ڕووی تێ ئەکات، هەردوو زەلامەکە بەیەکتردا ئەڕوانن و بەچرپە چرپ گفتوگۆ ئەکەن خاوەن گەمێ کە پیاوەکەی بەرامبەری هات ئەیناسێتەوە، (حوسێن عەونی پاشا)ی وەزیری جەنگ بوو ئەمیش ئەو ئەناسێتەوە، (مەدحەت پاشا)ی باوکی ئازادیی خوازان دەرچوو!...

گەمێکە هەردوو پیاوە گەورەکە ئەباتەوە ئەو بەر ئەمجارەش ئەچێتەوە بەگژ شەپۆلە یاخی بووە تووڕەکانی (بۆسفۆڕ)دا (مەدحەت پاشا) ئەمجارە، بەهێزێکی زۆرتر و بڕیارێکی توندترەوە سەوڵ لێ ئەدا لەوکاتەدا کە ئەو سەوڵە پانانە ئەوەشێنێ لە شەپۆڵەکانی ئاوەکە، خۆی وادێتە پێش چاو کە بەناوچەوانی زۆردارییدا ئەکێشێ و شەپۆلی تاریکی لەپێش چاوی نەتەوەکەی لا ئەبات کە ئاواتەخوازی سەربەستی و ڕۆشناییە. کە گەمێ کە گەیشتە گوێ ئاوەکەی ئەوبەر، (مەدحەت) دابەزیی و (عەونی)یش دوای کەوت ئنجا دەستیان کردە گەردنی یەکتری و بەخۆشەویستییەکی برایانەوە باوەشیان کرد بەیەکا پاشان هەریەکەیان بەلایەکا ڕۆیشت، بۆ ئەمەی فرمانی خۆی بەجێ بهێنێ.

فرمانی (عەونی پاشا) ئەوەبوو بچێتە (دۆڵمە باغچە) بۆ ئەمەی لەگەڵ یاریدەدەرەکانیا کە لەوێ چاوەڕوانییان ئەکرد، خونکار لە کۆشکەکەی خۆیدا بگرێ و بەندییکا لەوێشەوە بچێتە کۆشکی (چراغان) بۆ ئەمەی شاهزادە لەگەڵ خۆی بهێنێ بەڵام فرمانەکەی (مەدحەت پاشا) گرنگتر و بەسامتر و گرانتربوو چونکە ئەبوو بچێتە کن سەرکردەکانی لەشکر، بیان خاتە سەر ئەو بیرەی کە یارمەتی ئازادیی خوازەکان بدەن لە جێبەجێکردنی هەڵگێڕانەوەکەدا.[١]

لەوکاتەدا، کە (مەدحەت پاشا) لەوشەوە تاریکەدا، بەتەنیا ئەڕۆیشت بەڕێگادا، بۆ خەبات کردن لە پێناو ئەو ئامانجە گەورەیەدا کە لەوانە بوو سەری تیا دابنێ، ئەوەی بیرئەکەوتەوە کە هەمووی چەند کاتێک بوو لەوەپێش، کە بۆ دوامین جار، ژنەکەی منالەکانی بەخوا سپاردبوو لە پڕێکا ڕووی (عەلی حەیدەر)ی کوڕی ئەهاتە پێش چاو کە زۆر لە ڕووی خۆی ئەکات هەروەها دڵۆپە فرمێسکەکانی کچە گەورەی خۆی ئەهاتە پێش چاو، کە لەکاتی جیابوونەوەیدا ڕژابووە ناوچاویەوە کەچی نەیشی ئەزانی کە باوکی ڕوو بۆ چ تەنگوچەڵەمەیەک ئەکات ئنجا بەئاینێکی گەورەوە ورتە ورت ئەکات، ئەڵێ: (ئەگەر

---

(١) هەڵگێڕانەوە: کوودەتا (إنقلاب).



لەم جەربەزەییەدا سەرمی تیاچوو ئەوە بزانن ڕۆڵەکان کە لە پێناوی ئێوە و ملیۆنان براکانتاندا تیا ئەچی، کە ئەوانیش وەک ئێوە ئاوات بۆ ژیانێکی سەربەست و نازدار ئەخوازن) لە پڕ نیازێکی تازە بەدڵیادێ، هەنگاو خێراتر ئەهاوێژێ چاوەکانی ئەچریسکێنەوە، وەک بیانەوێ بڵێن: (یان سەرکەوتن یان مردن) وا ئەبێ.

پاشان ئەگاتە سەرکردایەتی لەشکر، بێ باکانە، ئەچێتە ناویەوە لەپاش ئەمەی بەزیرەکی و شارەزایی خۆیەوە دڵی ڕائەکێشێ بۆ خۆی، ڕاستەوڕاست پێشنیازەکەی ئەخاتە بەردەم سەرکردەی گشتی لەشکر سەرکردەی لەشکر پێشنیازەکەی (مەدحەت) پەسەند ئەکات، کە بریتی ئەبێ لەوە، ئەو فەرمان بدات بەلەشکر لە کۆڕی (بایەزید)دا خۆی ئامادە بکات، لەوێ لەشێوەیەکی چوارگۆشەیی خشتدا بوەستێ بەپێوە، چاوەڕوانی وەزیری جەنگ بکەن لەگەڵ خونکاردا بەڵام سەرکردەکە نەی ئەزانی کە چ خونکارێکە دێ.

هەروەک (مەدحەت) داوای کردبوو و، سەرکردەی گشتی فەرمانی دابوو، لەشکر چوونە ئەوێ و وەستان دەمودەست (مەدحەت)یش دەستی کرد بەوتاردان.

لەو کاتەدا ڕەهێڵەی باران وەستابووەوە بەری ئاسمان لە هەور پاک بووبووەوە موژدەی بەرەبەیان لە ئاسۆوە دەرکەوتبوو (مەدحەت)یش لە بابەت بەرەبەیانێکی ترەوە قسەی بۆ ئەکردن، کە خەریک بوو ژیانی فەرمانڕەوایی ڕۆشن بکاتەوە ئەویش کاتێ کە نیشتمانەکەیان لە فەرمانداریی دەستوری پاشان دەماری نیشتمان پەروەریی بەوە بزواندن کە هوروژمی بردە سەر زۆرداریەکانی عەبدولعەزیز. (مەدحەت) کە لە وتارەکەیدا گەیشتە ئەوەێ بڵێ: پێویستە (عەبدولعەزیز) لەسەر تەختی خونکاریی بهێنرێتە خوارەوە و لەجێیی ئەو (شازادە مراد) دابنری، (حوسێن عەونی پاشا)یش لەگەڵ (شازادە مراد)دا گەیشتنە ئەوێ هەرچی سەربازێکی لەشکر لەوێ دابوو پڕبەدەم قیژاندیان گوتیان بژیی خونکار مراد، بژیی دەستوور!...

زاناکان و وەزیرەکان و سەرکردەکانی سەرایش لە کۆڕی (بایەزید)دا کۆبوونەوە بڕیارەکەی پیری موسڵمانان کە لە بابەت لابردنی (عەبدولعەزیز)ەوە دابووی خوێندرایەوە هەر لەوێدا پێ نرا لە خونکاریی (شازادە مراد) خونکاری تازەیش گوێزایەوە سەرای (دۆڵمە باغچە) هەرچی ئەوانەی لەوێش دابوون، بەدڵێکی خۆش و دەمێکی بەپێکەنینەوە پیرۆزباییان لە یەکتر ئەکرد، کە لەسایەی خواوە، فەرمانڕەوایی عوسمانی، ڕزگاری بوو لە چنگی دڕندانەی عەبدولعەزیز!...

## خونکارێک خۆی ئەکوژێ و خونکارێکیش شێت ئەبێ

(شازادەمراد) بەوریایی و زیرەکییەوە گەورەبوو لە تافی منالّییدا لەسەردەستی چەند مامۆستایەکی تورک و فەرەنسیدا هەندێک زانیاریی فێربووبوو لەبەر ئەوە یەجگار هۆگری خوێندەواریی بووبوو بەلاّم زۆری پێ نەچوو خرایە بەندیخانەی کۆشکەکەیەوە چەند سالّێک لەوێدا مایەوە کە خونکار (عەبدولعەزیز) چوو بۆ فەرەنسە، ترسا ئەو و (عەبدولحەمید)ی برای لە ئەستەمبولّ دابهێلّێتەوە، کە هەردووکیان کەلەپووری[1] ئەویان بەرئەکەوت، لەبەر ئەوە بردنی لەگەلّ خۆیدا بۆ ئەوێ، کە لەوێدا تا ماوەیەک کزەبایەکی ئازادییيان هەلّ مژیی زۆری پێ نەچوو (مراد) خرایەوە ناو بەندیخانە زێڕینەکەی کە کۆشکی (چراغان)ی بەناوبانگ بەلاّم لە خوێندن و خوێندنەوە بەش براوکرا کەچی لەوتافی لاوێتییەدا خرایە ناو لەشکرێکی کەنیزەکی جوان جوانەوە، ئەویش کاتی خۆی بەگێژوویژیی ڕائەبوارد، لەناو مێزی مەی و پێ خەفی کەنیزەکە شۆخو شەنگەکاندا ئەم سەرو ئەو سەری ئەکرد.

لە شەوی ١٨٧٦/٥/٣٠دا، پێش بەرەبەیان، بەشاهزادە مراد خەبەر کرایەوە، لە بەندیخانەکەی دەرهێنرا، بۆ ئەمەی ببێتە خونکاری خاکی عوسمانی لەوەپێش یش پێی گوترابوو کە خستنە سەرتەختی لە نیوەڕۆی ڕۆژی دواییدا ئەبێ.

کەچی (عەونی پاشا) لە تاریکایی شەودا چوارلای کۆشکەکەی ئەگرێ، پاشان بەخۆی و لەشکرەکەیەوە ئەچێتە ناو کۆشکەکەوە، ئەچێتە ناو ژووری نوستنی شازادەیشەوە کە لەناو ئاوات و پەژارەدا گێژی ئەخوارد. فەرمانی پێ ئەدات کە دەمودەست بەرگەکانی بپۆشێ و لەگەلّیا بێت بۆ کۆڕی (بایەزید) لە بەردەم وەزارەتی جەنگدا کە لەوێ (مەدحەت) و (پیری موسلّمانان) چاوەڕوانی ئەکەن پێیشی ڕائەگەیێنێ کە (عەبدولعەزیز)ی مامی لەسەر تەخت هێنراوەتە خوارەوە و لە کۆشکەکەی خۆیدا خراوەتە بەندیخانەوە شازادە هیچ قسەیەکی پێ نەکرا ڕاست بووەوە و دەمودەست جلەکانی خۆی گۆڕیی لەگەلّ (عەونی پاشا)دا ڕۆیشت بۆ ئەو جێگایەی پێی گوت، وەک سێبەر دوای ئەکەوت، سەرسام و گێژوویژبووبوو، لەوە بەولاوە هیچی تری پێ نەئەکرا.

لەوێدا هەرچی پێویست بێ کراو گوترا بۆ ئەوەی لەسەر تەخت دابنرێ پاشان سەد و یەک تۆپیش ئاگردرا، بەشادیی فەرمانداریيەکەی و ئاواتی سەردەمەکەیەوە.

---

(١) واتا: میراتی ئەویان بەرئەکەوت بەشیان لە خەلافەتدا هەبوو.



خونکاری تازە لەم کارەساتە سەرسام مابوو، ئەو کۆمەلّە گەورانەیش کە لەوێدا کۆبووبوونەوە و لەسەر فەرمانی ئەوان خونکارەکەی پێش خۆی لە تەخت هێنابووە خوارەوە و ئەویش لە جێی دانرابوو، بەجارێ ترسیان خستبووە دلّیەوە.

لەبەر ئەوە فەرمانیدا وەزیرەکان، بەلایەوە بمێننەوە، لێی جیانەبنەوە (مەدحەت پاشا) و (حسین عونی پاشا) و (ڕشدی پاشا) و (حەسەن ئەفەندی خێرولّلا)یش سێ شەو لەسەریەک لە سەرادا مانەوە، هەر بۆ ئەمەی خونکار دلّی بێتەوە سەرخۆی و ترسەکەی لە دلّ بچێتە دەرەوە.

بەلاّم خونکاری لابراو، گوێزرایەوە بۆ سەرای (طوبقبو) پیاوانی هەلّگەڕانەوەکە، نەیانویست بیخەنە بەندیخانەوە پاشان لەسەر ئارەزووی خونکار خۆی گوێزرایەوە سەرای (فرعیە) بەخۆی و سێسەد کەس لە ئافرەت و کەنیزەک و منالّەکانییەوە لەسەرایەکەی کۆنیا، چەند هەزار کەسێک دەس و پێوەند هەبوون، هەرچەند کەسەیان فرمانێکی پێ سپێررابوو، ئەوانە هەموویانی لێ دوورخرایەوە لەدەس و پێوەندەکانی خونکار (مراد)، سێ کەسیان هەلّبژێرران: (مستەفا ئاغای پالّەوان، حاجی محەمەد ئاغا، مستەفا ئاغای جزائری)، کە کارو فرمانی (عەبدولعەزیز) ڕاپەڕێنن پاشان دایکی خونکار (مراد)یش چوار (لە پیاوەتی کەوتووە)[1]کانی هەلّبژارد و لەگەلّ ئەو سێ مفردییەی تردا، بەهۆی (نوری پاشا)ی ڕاوێژکاری (مابین)ەوە ناردنی بۆ سەرۆکی پاسەوان خانەی سەرای (فرعیە) ئەوانە کە گەیشتنە پاسەوان خانەکە هەرچوار (لە پیاوەتی کەوتووە)کان ڕوویان کردە دەرگای خێزان سیانەکەی تریش لە پاسەوانخانەکەدا مانەوە تا شەوی یەکشەمە، چونکە لە کۆشکەکەدا جێگانەبوو تیا بحەوێنەوە.

هەلّگەڕانەوەکە، ڕێگەی دا بە(مەدحەت پاشا)، کە کۆڕێکی ڕاوێژ پێک بهێنێ ئەوەیش بۆ ئەوە بوو کە ڕێگا بکاتەوە بۆ بەدیی هێنانی بیروباوەڕەکەی خۆی کە ئەگەر وانەکرایە، هەلّگەڕانەوەکە بێ واتا ئەمایەوە.

لەسەر شێوەی کۆڕی ڕاوێژی فەرەنسە، (مەدحەت) ئەم کۆڕەی دامەزراند دابەشی کرد بەسێ بەشەوە: کارگێڕیی (إدارە)، ماف (حقوق)، جەزرەبە پێ گەیاندن (جزائی) یەکێک لە وەزیرەکان کرابوو بەسەرۆکی کۆڕەکە ڕاز نووسێک و سیانزە ئەندام و شانزە ڕاوێژکار

---

(١) لە پیاوەتی کەوتوو: ئەو پیاوانەی کە لە کۆشکدا خزمەتی ژنانیان پێدەسپێررێ بەلاّم دەیانخەسێنن، یانی لە پیاوەتییان دەخەن.

(مستشار)یشی لەگەڵ دابوو، کە هەموو بەشێکی نەتەوەیان ئەنواند بۆ سەرۆکایەتی ئەم کۆڕە (مەدحەت)یان هەڵبژارد ئەویش لەگەڵ هاوڕێکانیا دەستی کرد بەدانانی ڕێ و شوێنێک بۆ دانانی یاساکانی فەرمانڕەوایی؛ بۆ پاککردنەوەی دەزگاکانی فەرمان بەجێ هێنان (دوائری إجراء) و پارە کۆکردنەوە (جبایة) لەدەست پیسەکان؛ بۆ دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵ لە ناوچەی خاکەکاندا، تا جوتیارەکان لە زۆروستەمی سوو خۆرەکان ڕزگاریان ببێ.

بەڵام، بەلای (مەدحەت)ەوە، مەبەسی گەورەی هەڵگەڕانەوەکە ئاشکراکردنی دەستووربوو باوکی ئازادیی خوازەکان ئەیگوت:

(کە سەرداری بولگاریا بووم، ئەم کەینەوبەینەیە لە مێشکما بنجی بەستبوو هەر لەوساوە یاسایەکم دانا، کە ئەگونجا لەگەڵ ئەم سەردەمەدا وا ئێستەیش کاتی ئەوە هاتووە کە کاری پێبکەین بەڵام ئاشکراکردنی ئەوە، ئاگاداربوون و پەسەندکردنی هاوڕێکانمی پێ ئەوێت لەوسێ شەوەدا کە لە (سەرای)دا ڕامان بووارد، لە بەندەکانی دواین (حوسێن عەونی پاشا) گوتی پێویستە ئەم یاسایە بەووردیی بخوێنینەوە و تێی بگەین، ئنجا چ ڕاستکردنەوەیەکیش بەپێویست بزانین تیا بکەین ئەو نامەی (هومایۆنی)یەیش کە بڵاوی ئەکەینەوە، نابێ ناوی ئەمەی تیا ببەین.

بەوەندە وازمان هێنا کە مووچەکانی سەرانی خونکار کەم بکەینەوە بۆ شەست هەزار لیرە کانەکانی خەڵوزی (ئەرکلی) و کانەکانی تریش لەگەڵ ئەو زەویانەی پێیان ئەڵێن:

(شوف لکی هومایۆنی) بدرێنەوە دەست وەزارەتی سامان، هەندێ لە سەرەتای چاکردن و ڕاستکردنەوەیش جێبەجێ بکەین بەڵام ئەو بنچینەیەی کە ئەبێ خەمی بخورێ و چارەیشی بکرێ، تێک چوونی کاروبار هەڵسووڕاندنی فەرمانڕەوایی بوو ئەم دەردەیش بەهیچ دەرمانێک چاک نابێتەوە بەو ڕاوێژکارییە نەبێ کە هەموان لە دەمێکەوە چاوەڕوانی ئەکەن خونکار لەسەر تەختی باووباپیری دانیشتووە ونیازی وایە فەرمانڕەواییەکی دەستووری دابمەزرێنێ ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە بیروباوەڕی ڕاوێژکاریی لە ناو ئازادیی خوازەکاندا بڵاوبێتەوە.

بڕیاریشماندا، کە لەپاش تەواوبوونی ئاهەنگەکانی لەسەرتەخت دانیشتن، کۆڕێک دروست بکەین، بۆ ئەمەی چی پێویست بێ بۆ ئاشکراکردنی دەستوور بڕیاری لەسەر بدرێ).



بەڵام چەندشتێک لەناکاو پەیدابوون، بەبیردا نەئەهاتن کە بقەومێن بوون بە بەرهەڵست لە ڕێگەی (مەدحەت پاشا)دا بۆ ئەو چاککردنەوەی کە ئەیویست بیکات: لەپاش ئەمەی (عەبدولعەزیز) فەرمانی نەتەوەی بەبێ دەنگییەکی تەواوەوە وەرگرت و نامەیەکی پیرۆزباییشی نارد بۆ (مراد)ی برازای، لە ڕۆژی شەشەمی لابردنیا، کارەساتەکە تەواو کاری لە دڵی کرد، شتەکەی زۆرگران ئەهاتە پێش چاو، لەبەر ئەوە برنگێکی هەڵگرت(۱) دەمارێکی باڵی خۆی پێ بڕیی و مرد لە ڕۆژی یەکشەممەی ١٨٧٦/٥/٥دا ئەوە ڕوویدا ئەویش وەک مێژوو نووسان گێڕاویانەتەوە، وابووە: بەیانی ئەو ڕۆژە شیوەن و قاووقیژێک لە کۆشکی (فرعیە)دا پەیدا ئەبێ، کە (عەبدولعەزیز) لەوێ دابوو یاساوڵەکانی کۆشکەکە ئەچن بەهاواریانەوە، بزانن کەینەوبەینەکە چیە. پێیان ئەڵێن خونکاری لابراو دەمارێکی باڵی بەبرنگ بڕیوە (حوسێن عەونی پاشا)یش لە ماڵی خۆیەوە گوێی لە قاووقیژی ژنان ئەبێ لەوکاتەدا ئەویش خۆی ئامادەکردبوو کە بچێت بۆ سەر فرمانی خۆی سواری ئەو گەمییە بوو کە چاوەڕوانی ئەکرد خۆی ڕووی کردە کۆشک کە ناردیشی بەشوێن هەموو وەزیرەکاندا کەبێنە ئەوێ بیبینن لە پاسەوان خانەی (فرعیە)دا هەموو کۆبوونەوە.

بەڵام (مەدحەت پاشا)، لە ئەستەمبوڵ لە خانووەکەی خۆی دابوو هەتا نزیک نیوەڕۆ بەم کارەساتەی نەزانیبوو، لە (دەرگای بڵند)دا پێیان گوتبوو، کە چووبوو لەگەڵ کۆڕی وەزیراندا کۆببێتەوە.

کە ڕاوێژکار (سەعید ئەفەندی) ئەوەی پێ گوت، دەست بەجێ ڕووی کردە سەرای (فرعیە) یەکێک لە دەس و پێوەندەکان لە کۆڕی سەرای خونکاردا پێی گوت، لەوەتی (خونکار مراد) ئەم خۆکوشتنەی مامی گوێ لێ بووە، نەخۆشییەکی گرانی گرتووە، (مەدحەت) لایدا بۆ سەرا، بۆ چاوپێکەوتنی خونکار (مراد) هەندێک لەوێ مایەوە پاشان دەمودەست ڕووی کردە دەزگای (فرعیە) لەوێدا دەستەیەک وەزیر و سەردارانی دیی، لەبابەت خۆکوشتنی (عەبدولعەزیز)ەوە لێکۆڵینەوەیەکی تەواویان کردبوو نۆزدە پزیشکیان لەسەرا و ڕاسپاردەخانەکانی بێگانەوە بانگ کردبووە سەر لاشەکە، ئەوانیش باش لەشیان سەیرکردبوو، لە دواییدا بڕیاریاندابوو کە بەدەستی خۆی خۆی کوشتووە.

(مەدحەت) لە (رشدی پاشا)ی پرسی، کارەساتەکە چۆن ڕووی داوە؟ ئەویش پەنجەی کێشا بۆ برنگێک کە لەوێدا دانرابوو، پێی گوت: خونکار بەوە خۆی کوشتووە.

(١) برنگ: مقەستی گەورەی مەڕبڕینەوە.

پاشان پەنجەی کێشا بۆ لێکۆڵینەوە نامەکە؛ گوتی: ئەگەر ئەتەوێ لەوە زۆرتر تێ بگەیت، ئەوەیش بخوێنەرەوە ئەگەر پرسێکی تریشت هەیە لە (فەخری بگ)ی بکە ئەم (فەخری بگ)ەیش، یەکێک بوو لە پشت پێ بەستراوەکانی کۆشکی شاهی (مابین) لە پیاوە نزیکەکانی خونکاری پێشوو لەسەردەمی خونکارییەکەیدا لە ژێر دەستیا بوو، لەکاتی پیرییدا هەر لە ژێردەستیابوو لەپاش لابردنیشی لەسەر تەخت، هەر بەزۆر هێلایەوە لەگەڵ خۆیدا ئەویش و یەکێکیش لە پیاوەتی کەوتووەکان، ئاگاداربوون لە چۆنێتی خۆ کوشتنەکەی (عەبدولعەزیز).

لەدوای پرسین و لێکۆڵینەوە لە پاسەوانەکان و زانینی هەموو بابەتێکی خۆ کوشتنەکە، هیچ پێچوپەنای تیا نەما کە کارەساتەکە ڕاستە (عەبدولعەزیز) لە ناو کەنیزەکەکان و ژنەکانی خۆی و منداڵەکانی و دایکیا بووە کە داوای برنگەکەی کردووە زۆربەی ئەو کەسانە چاویان لێی بووە کە داوای برنگەکەی کردەوە لەبەر ئەوە زۆر دووربوو کە بەڕۆژی وا ڕووناک لە ناو ئەو هەموو ئافرەتانەدا کە بۆ کارەساتێکی زۆر بچووک قاووقیژ ئەکەن و هاوار ئەکەن، یەکێک هاتبێ و عەبدولعەزیزی کوشتبێ کەس گوێی لە هاواری یەکێک لەو ئافرەتانە نەبووە، کەسێکیش لەوانە قسەیەکی وای نەکردووە کە کەتنێک ڕووی دابێ لەوێدا تەنانەت لەناو ئەو ئافرەتانەدا هی وا هەبوو، ئەیگوت بەئاشکرا، کە گەلێک جار گوێی لە خونکار (عەبدولعەزیز)بووە گوتوویێتی: هەر کەسێک بیەوێ خۆی بکوژێ، لە هەموو ڕێگەیەک ئاسانتر بۆ ڕزگاربوون لە ژیان ئەوەیە کە دەمارێکی باڵەکانی خۆی ببڕێ ئیتر ماوەی هیچ نەمابووەوە کە لەوە زۆرتر لێکۆڵینەوە بکرێ ئیتر هەموولا پێکەوە، باوەڕیان بەوە هێنا، کە خونکاری لابراو مردنی لە ژیانی پێ خۆش تربووە، بۆیەکا دەمارێکی باڵی چەپی خۆی بڕیوەوە ویستوویەتی دەمارێکی تریش باڵی ڕاستیا ببڕێ، بەڵام بۆی نەچۆتە سەر تەنیا بۆی بریندار کراوە ئینجا کە دایکی و (فخری بگ) و هەندێ ئافرەت چووبوونە ژوورەوە بۆ لای سەبارەت بەوەی کە دەمێک بووبوو، بەپێی ڕەوشتتی خۆی، برنگێک و ئاوێنەیەکی لێ سەندبوون و دەرکی ژوورەکەی لە خۆی داخستبوو، لەوساکەوە دەنگێک نەسەنگێکی نەهاتبوو، مەترسییەکانیان لێ نیشتبوو کەشتێکی لێ قەومابێ تەماشایان کردبوو، هێشتا ماوە، جار بەجارێک چاوی ئەقووچێنێ و ئەیانکاتەوە، بەڵام لەپاش چەند تاوێک لە باوەشی دایکیا و لەبەرچاوی چەند ئافرەتێکی کۆشکەکە، گیانی دەرئەچێ.

هەروەکو لەوەپێش گوتمان، خونکار مرادیش، کە ئەو هەموو کۆمەڵە گەورانەی دیبوو، لە



ڕۆژی لەسەر تەخت دانانیا لە نزیک خانووەکەیەوە کۆبووبوونەوە هەروەها ئەو کارەساتە نا کاوەیش کە لە بەندیخانەی کۆشکەکەیەوە گواستبوویەوە بۆ سەر تەختی شاهی، ئەوانە هەردووکیان کاریان لە مێشکی کردبوو، کە بەرگەی کارەساتێکی وا بەهێز نەگرێ، لەبەر ئەوە نیشانەی نەخۆشییەکی دەمار (مرض عصبي)ی تیا دەرکەوت. ئنجا کە ئەوەیشی بیستەوە مامی خۆی کوشتووە، نەخۆشییەکەی زۆرتر کاری لێ کرد، نیشانەی شێتی پێوە دەرکەوت بەڵام پیاوانی فەرمانڕەوایی ویستیان ئەوە لە نەتەوە بشارنەوە، نەهێشتیان پزیشکەکان بەوە بزانن، نە ئەندامانی خێزانی شاهی بەڵام بیست و پێنج ڕۆژی پێ چوو، کەچی نەخۆشییەکە بەهێزتری لێهات ڕۆژێکیان خونکار لە باغی کۆشکەکەیدا گەشتی ئەکرد، بەجلەوە خۆی فڕێ دایە ئەستێرکێکەوە لەوەوە دەنگ بڵاوبووەوە کەشێت بووە شاری ئەستەمبولیش هەمووی بەوەی زانی.

لەوکاتەدا کە پیاوەکانی هەڵگەڕانەوە کە، خۆیان خەریک کردبوو بەچارەکردنی کاروبارە سەرەتاییەکانی وچانی گواستنەوەوە لەم سەردەمەوە بۆ ئەو سەردەم.

لە (بالکان)دا پشێویی تینی سەند، لە دوورگەی (کریت)یشدا شۆڕش هەڵگیرسا لەبەر ئەوە هەموو ڕۆژ کۆئەبوونەوە، بۆ لێک دانەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو کاروبارە جۆرجۆرانەی کە ئەملاو ئەولای گرتبوون. بۆ دانانی پێ ڕەویی گورج و گۆڵانە، تا ئاسایش لە نیشتمانەکەدا دابمەزرێنن.

وا ئەوان لە گێژاوی ئەو هەموو کارەساتانەدابوون کە پەیتا پەیتا ئەقەومان، کەچی لە ناکاو کارەساتێکی تریش قەوما ئەو ئازادیی خوازانەی خەریک کرد و تەگەرەیشیدا لە تێکۆشانیان بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی باری گشتی ئەوەیش وابوو ئێوارەیەکیان لە ماڵی (مەدحەت پاشا) کۆبووبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لە بابەت هەندێ کاروباری گشتییەوە کەچی لەپڕ ئەفسەرێکی لەشکر هاتە ژوورەوە و دوو گوللەی نا بە(حوسێن عەونی پاشا)وە گوللەکان بەرسکی کەوتن، دەست بەجێ مرد.

پیاوەکان چەکیان پێ نەبوو، خۆیانی پێ بپارێزن زۆریان چوونە ژوورەکەی ئەو دیووەوە وایان ئەزانی گەلە کۆمەکێ یەکیان لێ کراوە، بیان کوژن، زەلامەکان چوارلای خانووەکەیان لێ گرتوون کەس لە ژوورەکەدا نەما (راشد پاشا)ی وەزیری دەرەوە و (ئەحمەد پاشای قەیسەری) وەزیری دەریا نەبێ، کەبێ باک و بێ پەروابوون و نەترسان لە کوشتن، پەلاماری پیاو کوژەکەیشیدا بیگرێ، ئەویش دووگوللەی پێوەنا، یەکێکیان بەر باڵی کەوت، گوولەکەی تریشیان بەرگوێی کەوت کە لە ژوورەکەیش چووە دەرەوە، پیاو کوژەکە

دوای کەوت، ئەیویست بیکوژێ، (ئەحمد ئاغا) پیاوی (مەدحەت پاشا) گرتی ویستی نەهێڵێ بیکوژێ، کەچی گوللەیەکی نا بەکاژەڵەی سەری ئەویشەوە، کوشتی.

پیاوەکانی وەزیرەکان و یاریدەدەرەکانیان گوێیان لەم تەقانە بوو بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە جێی کۆبوونەوەکەیان پیاو کوژەکە لە پلەی هەرە ژوورووی پەیژەکەوە بۆیان وەستا پێنج دەمانچەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو یەکێکیانی دەرهێنا و پێوەی نان پێنج کەسیانی بریندارکرد هەڕەشەی لەوانی تریش کرد، هەرکەسێک توخنی بکەوێ ئەیکوژێ.

کەسیان نەیان وێرا نزیکی بکەونەوە کە پیاو کوژەکە، ئەوانەی تۆقاند و لە گیانی خۆی دڵنیابوو کەبێ وەی ئەمێنێتەوە لە دەستی ئەوانە، گەڕایەوە ناو ژوورەکە تەماشای کرد (راشد پاشا) خەریکە ڕاست بێتەوە لە زەویی کە لەوەپێش بێ هۆش کەوتبوو گوللەیەکی نا بەکاژەڵەی سەری ئەویشەوە، پاشان هەڵیکوتایە سەریشی و دایە بەرخەنجەر.

پاش ئەوە، وەک شێتی لێهات کورسییەکی هەڵگرت و دای بەئاوێزەی بنمیچەکەدا گەلێک مۆمی لێ کەوتە خوارەوە مۆمێکیانی هەڵگرت و خەریک بوو ئاگر بەربداتە ژوورەکە لە پێشدا دەستی کرد بەئاگر بەردان لە پەردەکان بەڵام هێشتا ئەوەی دەست پێ نەکردبوو، کە دەستەیەک سەرباز گەیشتنە ئەوێ و پەلاماریاندا، گرتیان بەڵام تا ئەوە جێبەجێ بوو پیاو کوژەکە چەند کەسێکی لێ بریندارکردن و (شوکری بەگ) ناوێکیشی کوشت کە یاریدەدەرێکی سەرۆک وەزیربوو ئەوە دوا گوللەی پیاو کوژەکە بوو.

ئەم پیاو کوژە ناوی (حەسەن چەرکەسی) بوو برای کەنیزەکی سێهەمی (عەبدولعەزیز) بوو خۆیشی سەر بەخونکاری پێشووبوو دۆستەکانی زۆرداریی وستەمکاریی بزواندبوویان کە تۆڵە لە پیاوەکانی سەردەمی تازە بکاتەوە هانەیان دابوو ئەوکەتنانە بکات.

ژمارەی ئەوانەی کوشتنی گەیشتبووە پێنج کەس، بێجگە لەوە دەکەسیشی لێ بریندار کردبوون.

لەناو کوژراوەکاندا دوو پیاوی گەورە هەبوو یەکێکیان (حوسێن عەونی) بوو، کە توانا و دەسەڵاتی لە سەربازییدا ناوبانگی سەندبوو یەکێکیشیان (راشد پاشا)بوو، کە بەئاگاداریی و شارەزایی لە پێنچوپەنای فڕوفێڵی دەرەوەدا، ناوی دەرکردبوو بەمردنی ئەو دوانە، نەتەوە دوو گەورەی لە گەورەکانی خۆی لەدەست چوو، کە لەوکاتەدا زۆر لە سەریان دامابوو.

چەند ڕۆژێک لەپاش کوشتنی ئەو دوو پیاوە گەورەیە کە دووپایەی فەرمانڕەوایی پێ



ڕووخا، (سربیا) شەڕی ئاشکرا کرد لەگەڵ فەرمانڕەوایی عوسمانیدا سەربازەکانی (شاخەڕەش)یش دەستیان کرد بەپەلاماردان لە سنووری (هەر سەک) و (ئیشقۆدەرە)دا لە (بولگاریا)یشدا ئاگری شۆڕش هەڵگیرسا.

ئا بەم جۆرە و لەم شێوەیەیشدا گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە بەسەر پیاوانی فەرمانڕەواییدا، بەتایبەتی بەسەر (مەدحەت پاشا)دا دابارییی، کە هەر ئەوبوو بەتەنیا پێشەوایەکی وابێ، بتوانێ لە ناو ئەو هەموو گێژاوی بەرزونزمی فڕوفێڵەدا، سەر دەربهێنێ و بەجوانی کاروبار بەڕێوە ببات بەڕۆژ فرمانی لە (دەرگای بڵند)دا ئەبینی بەشەویش کاروباری جەنگی لەگەڵ (ڕەشید پاشا)دا تەماشا ئەکرد زۆرجاری وا هەبوو کە پێکەوە ئەچوونە بارەگاکانی لە شکر و ئەیان پشکنین و تا درەنگە شەوێکیش لەگەڵ سەرکردەکانی لەشکردا ئەمانەوە بۆ گفتوگۆکردن.

مەدحەت پاشا ئەڵێ: (نیشانەی نیشتمان پەرستی لە موسڵمانەکاندا دەرکەوت کە گاورەکانیش بیستیانەوە، فەرمانڕوایی خەریکە یاسایەک دەربهێنێ، کە هەموو ڕەگەزەکان وەک یەک سەیر بکرێن، نیشانەی نیشتمان پەرستی لەوانیشدا دەرکەوت... (ئگناتیف) کە ڕاسپاردەی (چاری ڕوس) بوو، لە ژێرەوە خەریک بوو ئاژاوە بنێتەوە جارێکیان یاخی گەرانی پێک ئەهێنا لە (ڕۆم ئیلی)دا جارێکیشیان چاوڕاوی ئەکرد بەهۆی ڕۆژنامە درۆزنە بەکرێ گیراوەکانەوە.

(کۆنت ئەندراسی)ی وەزیری دەرەوەی (نەمسە) بیرەوەرییەکانی خۆی لەناو ئەورووپادا بڵاوئەکردەوە لە بابەت گاورەکانی (بۆسنە و هەرسەک)ەوە ئەدوا، ئەیگوت: مانگی یەک شەوە و چەلیپا[1] لە ناو یەک ئاڵادا جێیان نابێتەوە منیش ویستم قسەکەی بەدرۆبخەمەوە لەشکرێکم لە سەربازە گاورەکان دروست کرد کە لەسەر ئارەزووی خۆیان کرابوون بەسەرباز فەرمانیشمدا کە لەناو ئاڵاکانیاندا مانگی یەک شەوە و ئەستێرە و چەلیپا وێنەیان بکێشرێ پاشان ئەو سەربازانەمان نارده کۆڕی شەڕەوە ئەوانیش هیچیان لە موسڵمانەکان کەمتر شەریان نەکرد.

بەڵکو شارەزاییەکی تەواویشیان پێشاندا لەشەڕدا، بۆ ئەمەی نیشتمان پەروەریی ڕاستەقینەی خۆیان دەربخەن!...)

***

(١) چەلیپا: مەبەستی (صلیب)ی مەسیحییەکانە.

فەرمانڕەوایی تازە، لە وتاری تەختدا، گوتبووی ڕاوێژکاریی جێگای زۆرداریی ئەگرێتەوە هاونیشتمانەکانیش لە سایەی دەستوورەوە، هەموویان وەک یەک ئەوەستنەوە. بەڵام خونکار تووشی شێتی بووبوو.

فەرمانڕەوایی، نەیتوانی دەستوور ئاشکرا بکات و گەورەیش بگوێزێتەوە بۆ نەتەوە (مەدحەت پاشا)یش ئەوەی ئەزانی کە دەستوور ڕێگا ئامادە ئەکات بۆ ڕزگاربوون لە دەست زۆر گیروگرفت کە تووشی فەرمانڕەوایی دێن بۆکۆبوونەوە بانگی کردنە (دەرگای بڵند) تا چی پێویست بێ، بۆ ئەم مەبەسە، بڕیار لەسەرکردنی بدرێ وەزیرەکان و چەند زانایەک هاتن وێنەی یاسای بنچینەیی یاخود دەستوورەکەی دابنابوو، خوێندیەوە.

ئەوانیش بڕیاریاندا کە هەندێ بەندی ڕاست بکرێتەوە ئەوەیشیان خستە ئەستۆی لیژنەیەک کە (مەدحەت پاشا) خۆی کرا بەسەرۆکی.

بەڵام باوکی ئازادیی خوازەکان و هاوڕێکانی لە چاک بوونەوەی خونکار دەستیان شت لەگەڵ ئەوەشا کە شارەزاترین پزیشکی بێگانەکان پێوەی خەریک بوون چارەی بکەن، هیچ کەڵکێکی نەبوو دوومانگ ئەبوو، کە چووبووە سەرتەخت کەچی هێشتا بڕوانامەی ڕاسپاردە بێگانەکانی پێشکەش نەکرابوو، هێشتا شیری (نەتەوەی عوسمان)یان نەبەستبووە پشتی تەنانەت بەکەڵکی ئەوەیش نەهاتبوو کە دەستووری پێ ئاشکرا بکرێ.

لە ڕاستیا بووبووە بارێکی گران بەسەر، سەردەمی چاکەخوازیی و ڕاستکردنەوەوە، هەردوو دەستی (مەدحەت پاشا)یشی توند گرێ دابوو.

لەو کاتەدا (مەدحەت پاشا) بەنهێنی (عەبدولحەمید)ی ئەدیی بۆ ئەمەی بزانێ مەرجەکانی چییە بۆ چوونە سەرتەخت لە جێگای (مراد)ی برای، ئەم چاوپێکەوتنە لە سەرەتای نەخۆشییەکەی (مراد)ەوە دەستی پێ کردبوو.

(عەبدولحەمید) هونەرێکی سەیری نواند لە شاردنەوەی نیازی ڕاستەقینەی خۆیدا خۆی واپێشان ئەدا کە لە ئازادیی خوازەکان، پیاوانی دەستوور، خۆیان، زۆرتر، دەربەستی بیروباوەڕی دەستوورییە ڕاستەوڕاست بە(مەدحەت)ی گوت کە حەز ئەکات دەستوورێکی وا دابنرێ، نەتەوە دەسەڵاتێکی فراوانتری بدرێتێ لەوەی کە لەدەستووری دانراودایە و لەپێش دەمیا دانراوە بێجگە لەوەیش گوتی: هەرکاتێ براکەم چاک بووەوە لە نەخۆشییەکەی، من ئامادەم واز لە خونکاریی بهێنم وایان گێڕایەوە کە بەڵێن نامەیەکی دەست نووسیشی دابوو بە(مەدحەت پاشا) ئەو پەیمانانەی هەموو تیابوو.



ئنجا کە (مەدحەت پاشا) لەوە دڵنیابوو، کە (عەبدولحەمید) دەستوورەکەی ئەو ئاشکرا ئەکات و، لەسەر پێڕەویی ئەو ئەڕوات و بەرەنگاریی بیروباوەڕەکانی ئەویش ناکات، لەگەڵ ئەندامەکانی تری وەزارەتدا پێکەوە بڕیاریاندا کە (خونکار مراد) لابەن و، خونکاریی بدەنە دەست (شازادە عەبدولحەمید) لەسەر ئەوە سەرۆک وەزیر (رشدی پاشا) بڕیارنامەیەکی پەزیشکی وەرگرت لە شەش پزیشکی ناودار و شارەزای شاری ئەستەمبوڵ، کە چواریان لە ڕاسپاردەخانەکانی بێگانەوە هێنرابوون، ئەوەیان تیا پێشان دابوو کە چاکبوونەوەی (خونکاری مراد) بەم زوانە لە تواناداننییە هەروەها بڕیارنامەیەکی لابردنی خونکاریشی بەمۆری پیری موسڵمانان (حەسەن ئەفەندی خێروڵڵا)وە دەرهێنا کە ئەمەی تیانووسرابوو: (ئەگەر پێشەوای موسڵمانان تووشی شێتییەکی تەواو هاتبێ، کە پێشەوایەتی پێ نەکرێ، ئایا ئەگونجێ لە پێشەوایەتی بخرێ؟

(وەرام: بەڵێ دروستە لە پێشەوایەتی بخرێ خوایش ئەوە باشتر ئەزانی).

پاشان وەزیرەکان و زاناکان و سەردارەکانی بانگ کرد بۆ کۆبوونەوەیەک لە ١٨٧٦/٨/٣٠دا، لە دەزگای (دەرگای بڵند)دا بۆ ئەمەی گفتوگۆیەکی زۆر گرنگ بکەن، مەبەسی: کە جێگای کۆبوونەوەکە لە دەزگای (دەرگای بڵند)دا ئەوەبوو، کە مەبەسی ڕاستەقینەی کۆبوونەوەکە، لە بانگ کراوەکان بشارێتەوە چونکە کۆبوونەوەی لابردنی خونکار و بابەتی وەها گرنگ لە کۆشکی (طوبقبو)دا ئەکران بەڵام کە بانگ کراوەکان هاتنە دەزگای (دەرگای بڵند) لەکاتی دیاردیی کراودا، پێیان گوترا کۆبوونەوەکە لە کۆشکی (طوبقبو)دا ئەکرێ ئەوانیش خۆیان گەیاندە ئەوێ.

کە بانگ کراوەکان هەموو کۆبوونەوە، (رشدی پاشا) وتاری بۆ دان، لە بابەتی نەخۆشی خونکارەوە قسەی بۆ کردن، گوتی:

(چاوەڕوانیمان کرد، خونکار، لە نەخۆشییەکەی خۆی چاک ببێتەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا کە بەندەکانی ئایینی ئیسلامی پاک بۆ ئەوەی داناوە، چاک نەبووەوە فەرمانڕەواییەکەی ئێمەیش لەسەر بنچینەی بەهێزی ئیسلامەتی دامەزراوە ئەوا من هەموو شتێکم بەڕاستی تێگەیاندن ئایینی پاکی ئیسلام چ بڕیارێک ئەدات لەم بابەتەوە تکایە ئێوەیش بڕیارێکی لەسەر بدەن) پاشان بڕیار خوێنەوەکە، بڕیارەکەی خوێندەوە کە ئەڵێ پێویستە (خونکار مراد) لە خونکارێتی بخرێ.

کە ئەویش بەپێی ئایینی ئیسلامی بەرز و بەڕێزە. پاش ئەوە کۆمەڵێک لە وەزیرەکان و

خاوەن بیرە ئازادەکان پێک هات، کە بریتی بوو لە (مەدحەت پاشا) و (نامق کەمال) و (خەلیل پاشا) و (شەریف پاشا) و چوون بۆ ئەو هۆڵەی کە لەو دیویانەوە بوو، کە (عەبدولحەمید)یشی لێ بوو (عەبدولحەمید)یان هێنایە هۆڵی میوانەوە ئەویش لەوکاتەدا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، دەموچاوی تێک چووبوو لە تەنشت تەختی شاهییەوە وەستابوو گوێی لە بڕیارنامەی خونکاریی خۆی ئەگرت کە پیری موسڵمانان ئەیخوێندەوە پاشان سەر کەوتە سەرەوە بۆ سەرتەختی شاهی ئەوانەی لەوێدا بوو، هاتنە بەردەمی دەستیان گوشی.

هەموویش بەهیوابوون کە سەردەمی ئەو، سەربەستییە ئەبێ کە ئەیانەوێ، سەردەمی دەستووری ئەبێ.

## ئاشکرا کردنی دەستوور

خونکارەکان، لەسەردەمی کۆندا، دەسەڵاتێکی بەرەڵڵایان هەبوو چیان بویستایە و چیان ئارەزوو بکردایە، فەرمانیان ئەدا و بۆیان جێبەجێ ئەکرا هەچ بڕیارێکیش دەربچوایە بەئارەزووی خۆیان، دایان ئەمەزراند ، یاخود هەڵیان ئەوەشاندەوە پاشان ئەم جۆرە فەرماندارییە، کە دەسەڵاتی بەرەڵڵا[1] بەدەست یەکێکەوە بێ، بەئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە، لە زۆر خاکدا گۆڕراو چووە شێوەی فەرمانداریی دیموکراتییەوە کە بڕیاری وایە، نەتەوە، هەر خۆی ، بەسەرچاوەی دەسەڵات دائەنرێ، هەر خۆیشێتی خاوەن ماف کە فەرمانڕەوایی بکات بەسەر خۆیدا، بەپێی ئەو یاسایانەی ک بەکەڵکی دێن و ئەو نوێنەرانە دائەنێن کە خۆی هەڵیان ئەبژێرێ، ئەویش لە شێوەی دەستوورێکدا کە ماف و فرمانی هەموو هاونیشتمانەکانی تیا دیاردیی کراوە لەگەڵ دەسەڵاتی سەردارەکاندا.

تێکڕا لەگەڵ هەموو فەرمانداریيەکی زۆرداریشدا یاسای زەویی داریی (نظام إقطاعي) هەیە کەچی لەگەڵ پەیدابوونی چینی دەوڵەمەند (الطبقة البرجوازية)دا، پێویست بەفەرمانداریی دیموکراتی هەیە ئەویش لەبەر ئەوەیە کە خاوەن کاروپیشەکان و فرمانە سەربەستەکان، پێویستییان بەئاسایش و ئارام و بڵاوبوونەوەی سەربەستی هەیە، کە بەبێ ئەوانە هیچ پیشەسازییەک و بازرگانییەک گەشە ناکەن و پەرەناسێنن جا ئەم چینە، لەکاتی پەیدابوون و بەهێزبوونیا، ئەکەوێتە خەباتەوە لە پێناو کردەوە مرۆڤایەتی بەنرخەکاندا، وەک: دادپەروەریی و برایەتی و یەکسانی بۆ ئەمەی تاک و تەراکانی، کە لە

(١) دەسەڵاتی ڕەها، بێ سنوور، بەربڵاو (الحكم المطلق)



جەرگەی بۆرە پیاوانەوە هاتوونەتە ناوەوە، ئەو جێگایەی هەڵ ئەگرن بیان بێ، لەبەر ڕەنج دان و تێکۆشانی خۆیان، لەو خاوەن دەسەڵاتی زەوی دارییەو، لەو خاوەن پایە و سایەی لەپاش بەجێماوە بیپچڕن.

لێرەدا، نامانەوێ، لەوە بدوێین، کە تا چ ئەندازەیەک لەو جۆرە کردەوە مرڤایەتییانە کەڵک وەرئەگیرێ یان لەوە بدوێین کە لە ئەنجامدا چەند کەسێک لەوە کەڵک وەرئەگرێ، یان هەمووکەس کەڵکی لێ وەرئەگرێ یان سەرنج لەوە بدەین کە ئاخۆ ئەوکردەوە مرۆڤایەتییانە لەلای ئەم خۆیان چییان بەسەردێ، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە دەسەڵاتی دەست ئەکەوێ بەسەر نەتەوەدا و، بەرەبەرە لە چینێکی پشتیوانی پێشکەوتنەوە[1] کە ئەیەوێ کۆمەڵایەتی بۆ پێشەوە ببات، ئەبێتە چینێکی وا کە ئەیەوێ کۆمەڵایەتی بۆ پێشەوە ببات، ئەبێتە چینێکی وا کە ئەیەوێ بەربەستی ڕۆیشتنی گەشەکردن بکات و، نیشتمانەکەی خۆی، هەر لەو بارستاییەدا بهێڵێتەوە کە گەیاندوێتیە ئەوێ، هەر لەو بارەیشدا بمێنێتەوە، کە هەرکەڵکی بۆ خۆی تیایە.

لە ڕاستیدا ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە، کە ئەو هەڵگەڕانەوەیەی ئەو چینە ئەیەوێ پێک بێت لە ناونەتەوەدا، ئەو دەستوورەیش ئەو ئەیەوێ دابنرێ، بۆ بنج بەست کردنی بیروباوەڕەکانی خۆی، کەم ڕێ ئەکەوێ پێک بێن، بەبێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژ، کە بەپێی پێویستی بەهەردووکیان باری ڕۆژگاری یاریدەدەر لە گەڵیاندا، یان زۆری پێ ئەچێ، یان کەم.

ئەگەر ئێمە مێژووی دانانی یاسای دەستووریی خاکەکانی ئەوروپا بخوێنینەوە، هەر لەسەردەمی (کرۆموێڵ)[2]ەوە لە ئینگیلتەرەدا، تا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسە و تا ئیمڕۆ، بۆمان دەرئەکەوێ کە هەموو هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی چاککردن و ڕاستکردنەوە، پێویستی بەوەبوو کە سەرکردەکان خەباتێکی یەجگار گرنگ و توندوتیژی بۆ بکەن، ڕەنجێکی زۆری تیا بدەن، خوێنێکی زۆریشی لە پێناودا بڕێژن لە ژێر وشەی

(١) ڕاستتر: پێشکەوتووەوە.

(٢) ئۆبیڤرکرۆموێل ١٥٩٩- ١٦٥٨سیاسەتمەدار و ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیزی بوو، سەرکردایەتی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتەکانی مەلیکی دەکرد و گیانی یاخیبوون و شۆڕشگێڕی بڵاودەکردەوە دواجار بەسەر لەشکری چارڵسی یەکەمدا زاڵبوو و لە ١٦٤٩دا حوکمی خنکاندنی دا لە ١٨٥٣دا ئیرلاندی خستە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و حوکمێکی دیکتاتۆری بەرپاکرد لەوڵاتدا.

دەستووردا، چەند بەچەند، شەڕوشۆڕی ناو نەتەوە پەیدابووە، شۆڕشی خوێنین هەڵ گیرساوە، لە ژێر هەر پیتێک لە پیتەکانیا دڵانی ئازادیی خوازان[1] داخورپاوە و لە پێناویا خۆیان داوە بەکوشت.

لێرەدا نرخی ئەو کارە گەورەیە دەرئەکەوێ کە (مەدحەت پاشا) ڕای پەڕاند لە مێژووی عوسمانیدا (مەدحەت) چەند کەسێکی ئازادیخوازان نەبێ لەگەڵی نەبوو ئەمە ڕاستە کە کۆمەڵانی نەتەوەیش پشتیوانی بوون بەڵام ئەوانە نەیان ئەزانی، چۆن یارمەتیی بدەن چونکە هێشتا بەتەواوەتی وریا نەبووبوونەوە هێشتا بەوردیی ڕێک نەخرابوون بێجگە لەوەیش، باری پیشەسازی وایش لە ئارادا نەبوو، کە یارمەتیی ئەوە بدات فەرمانداریی زەویی داریی، بەخۆی و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی و نرخی بیروباوەڕەکانییەوە هەڵ بگیرێتەوە.

لە کاتێکا، کە هێزە کۆنەپەرستەکان، بنجیان داکوتابوو لە خاکی عوسمانیدا، و بەدەستێکی ئاسنینەوە جڵەوی فەرمانداریییان گرتبوو بەدەستەوە و، ڕوو بەڕووی مەدحەت پاشا وەستابوون، ئەوە لە هۆشەوە دووربوو، کە بەخۆشیی خۆیان واز لە دەسەڵاتەکەی خۆیان بهێنن.

لەبەر ئەوە نابێ سەرمان سوڕبمێنێ لەوەی کە (عەبدولحەمید)، بەو هەموو بەڵێن و پەیمانەوە کە دای بە(مەدحەت پاشا) لەبارەی ئاشکراکردنی دەستوورەکەی و دامەزراندنی بیروباوەڕەکەیەوە، لە پاشملە و لەسەرزاریی یا، یەک نەبوو: بەدەم شتێکی ئەگوت بەمەدحەت، لە دڵیشدا شتێکی تری بۆ هەڵ ئەگرت.

هەر چاوەڕوانی ئەوەبوو کە بگاتە سەرتەخت، بۆ ئەمەی تا سەر لە دەسەڵاتی (مەدحەت پاشا)ی ئازادیی خواز و پێڕەوییە چاکەخوازەکانی ڕزگاری ببێ، و بەئارەزووی خۆی نیشتمان و نەتەوە ببات بەڕێوە ئەوەیش کارێکی ئاسان نەبوو لە ناکاویش پێک نەئەهات لەبەر ئەوە لە سەرەتای فەرمانداریی خۆیدا، هەروەک خۆی مایەوە لەگەڵ (مەدحەت)دا، خۆشەویستیی خۆی بۆ دەرئەخست و ڕێزی لێ ئەگرت و هەموو جۆرە هەستێکی گەرموگوڕی بەرامبەر پێشان ئەدا بەڵام هەر لەو کاتەدا، پیاوە ئایینییەکانی نزیک ئەخستەوە لە خۆی و بەخشیشی ئەدانێ و، تێ ئەکۆشا بۆ ئەوەی کە دڵی نەتەوە ڕابکێشێ بۆ خۆی، لە شێوەیەکی وادا کە کاری تێ بکات بەپیاوەکانی خۆی گوت کە لە ڕۆژی

(١) دڵی ئازادیخوازان...



دانیشتنە سەرتەختیا، لە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵدا ئەمە بڵاو بکەنەوە: (خاوەن کەلەپووری دەسەڵاتی ڕاستەقینە، بەپێی ئایین عەبدولحەمید ئەفندی شازادە لە دوو ڕۆژ لەمەو پێشەوە دەمی لە خواردن نەداوە، لە دەزگای لبادی بەرزو پیرۆزدا[*] خۆی گل داوەتەوە، بەدڵ و گیان داوای یارمەتی ئەکات لە گیانی پاکی پێغەمبەر، وەک باران فرمێسک بەچاویا دێتە خوارەوە، هەر بۆ ئەمەی کە بۆی بپارێتەوە لە خوا یارمەتیی بدات لە کامەران کردنی نەتەوەی ئیسلامدا و پێش خستنیا بۆ بەندەری ئاسایش و ئارام).

هەموو خەمێکی ئەوەبوو کە ماوەی ببێ و دەستی بپەڕژێ خۆی وا بەهێز بکات، کە بتوانێ ڕووبەڕووی ڕۆژگار بوەستێ، کاتێ کە ئازادیخوازەکان داوای جێبەجێکردنی بەڵێن و پەیمانەکانی لێ بکەن لەبەر ئەوە دەستی کرد بەخەریککردنی نەتەوە، بەئاهەنگ و زەماوەندەوە، کە بەبۆنەوەی دانیشتنییەوە لەسەر تەخت ئەکران، لەم پەڕو لەوپەڕی خاکی عوسمانیدا، بەخاک و دەریایەوە.

بەوبیانووەوە سێ ڕۆژی تەواوی خەریک کردن کە ڕۆژی سێیەم تەواوبوو، کچێکی لە دایک بوو، فەرمانیدا ئاهەنگ و زەماوەندەکە درێژەی پێ بدرێ وارێک کەوت، پێنجەمین ڕۆژیش ڕۆژی لەدایک بوونی خۆی ئەکەوت، بەو بۆنەیەشەوە ئاهەنگی گێڕا لە ڕۆژی شەشەمیشدا دەمودەست، دەستی کرد بەئاهەنگ گێڕان بۆ شیر لە پشت بەستن، لە شێوەیەکی یەجگار گەورە و شەنگوشۆخدا بەم ڕەنگە نەتەوە خەریک کرا بەجەژنانی[1] یەک لەدوای یەکەوە کەچی خونکاری نوێیش تاوێکی لە دەست خۆی نەئەدا، تێ نەکۆشی بۆ بنج داکوتانی تەختەکەی خۆی و بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی هەرچی بارەگایەکی لەشکر هەبوو ل ئەستەمبوڵ دا، چووە سەردانیان، وتارێکی گەرموگوڕی زۆریدا بەگوێی سەربازەکاندا، پاڵەوانێتیی پێشان ئەدان و پیاهەڵ ئەدان و سوپاسی دڵسۆزیی ئەکردن بۆ تەختی خونکاریی بەڵێنی گەورە گەورەیشی ئەدانێ بەپیاوەکانیشی گوت کە لە جێگای دەرکەوتووی ڕۆژنامەکان پایتەخت و شارەکانی تری خاکی عوسمانیدا لەم سەرلێدان و چاوپێکەوتنانەی خونکار بدوێن و ئەوەیش بۆ نەتەوە دەربخەن کە تا چ ئەندازەیەک لەشکر لەو جێگایانەدا نازیان کێشاوە و ڕێزیان لێ گرتووە و ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە.

پاش ئەوە دەستی کرد بەدەسەڵات سەندنەوە لە وەزیرەکان، تا هەموو دەسەڵاتێک

(*) مەبەسی لبادەی پێغەمبەرە، کە ئەڵێن لەوێدا وا هەڵیان گرتووە. -وەرگێڕ-

(١) جەژنی.

بەدەست خۆیەوە بمێنێتەوە وەزیرەکانی یەک بەیەک بانگ ئەکرد، بەتەنیا لەگەڵیاندا دائەنیشت، هەر کاروبارێک لەوەزارەتەکانیاندا ڕووی بدایە لە گەورە و بچووک پێی ڕۆشن ئەکردنەوە و هەر بەوەیش وازی نەهێنا کارێکی گرنگی سامناکی تریشی کرد هێنای (سعد پاشای بچووک)ی کرد بەسەرۆکی نووسەرانی (مابین) (سعید پاشا)یش کە پێیان ئەگوت ئینگلیزی، کردی بە (فریق)ی (مابین).

بەو دوو کردەوەیە پەیمانەکەی خۆی بەرامبەر (مەدحەت پاشا) شکاند چونکە لە پێش چوونە سەر تەختیا، بەڵێنی وادابوو بە (مەدحەت پاشا) کە (ضیاء بەگ) یان (نامق کەمال بەگ)[1] دابنێ لەو جێگایەدا چونکە ئەو دوانە هەردووکیان لەوێژەوانە بەناوبانگەکان بوون لەوکاتەدا سەرۆکی نووسەرانی (مابین)یش، جێگاکەی ئەوەندە گرنگ بوو، کە لە گرنگیدا لەسەرەک وەزیریی یاخود وەک ناویان بوو لە جێگای (صدری أعظم) کەمتر نەبوو، بەڵکو لەو گرنگتربوو بەلای (مەدحەت پاشا)یشەوە وابوو، کەدانی ئەو پایەیە، بەیەکێک لە سەرکردەکانی ئازادی خوازیی بۆ پاراستنی دەستوور باشترە کەچی خونکار ئەو پایەیە و پایەی (فریق)ێتیی (مابین)ی بەدوو دوژمنی خوێنینی ئازادی خوازەکان سپاردبوو پاشان (رەدیف پاشا)ی کرد بەسەرکردەی لەشکر (مەحموود جەلالەدین پاشا)یشی کرد بەوەزیری دادپەروەریی لەوانە هەمووی کۆمەڵەیەکی وای پێک هێنا، دڵی پێیان بکرێتەوە، پشتیان پێ ببەستێ، لێیشیان دڵنیابێ، بۆ ئەمەی بەئارەزووی خۆی کاروباری فەرمانڕەوایی ببات بەڕێوە.

(مەدحەت پاشا) ئەم سەرەتای دوژمنایەتییەی (عەبدولحەمید)ەی گرت بەدڵەوە، بەڵام جارێ دەری نەبڕیی چاوەڕوانی ڕۆژگاری کرد، بزانێ چیی تر ڕوو ئەدا خەمە بنچینەییەکەی ئاشکراکردنی دەستووربوو هەموو وریایی و ئاگادارییەکی خۆی لە پێناوی ئەو ئامانجەدا بەخت ئەکرد ئامادەیش بوو، هەموو سەروسامانێکی لەوڕێگەیەدا دابنێ عەبدولحەمید پەیی بەوە برد کە ئازادی خوازەکانی دڵشکاو کردووە، هەموویان پارێزی لێ ئەکەن ویستی دڵیان چاک بکاتەوە بە(مەدحەت پاشا)ی گوت فەرمانێکی خونکاریی دەربهێنێ، کە ئەوان (نووسینی هۆمایۆنی)یان پێ ئەگوت ئەوساکەی باو وابوو، کە هەرچەند خونکارێک ئەهاتە سەر تەخت، فەرمانێکی وای بڵاو ئەکردەوە، ئەو ڕێگایانەی پێشان ئەدا کە

(١) کەمال محەمەد نامق ١٨٤٠- ١٨٨٨ ئەدیب و سیاسەتمەدارێکی بەناوێی تورکە، ڕابەرایەتی بزووتنەوەی فیکری و نیشتمانی تورکەکانی دەکرد، ڕۆمانی (وطن) هی ئەوە.



فڕوفێڵی خاکەکە لەسەردەمی ئەودا لەسەریان ئەڕوات، ئەو پڕۆژە چاکەخوازییانەیشی دیاردیی ئەکرد کە ئەو خونکارە نیازی هەبوو جێبەجێیان بکات باوکی ئازادیخوازان، ئەمەی پێ خۆش بوو فەرمانێکی وای نووسی کە وێنەی نەبینرابوو پێشانی خاوەن شکۆهیدا.

هەر ئەوەندەی خوێندیەوە، ئیتر ڕەنگی دەموچاوی گۆڕرا بەڵێنی دایە، لێی ورد ببێتەوە و دووبارە سەیری بکاتەوە زۆری پێ نەچوو ئەم بەندانەی لێ سڕیەوە:

١- لەباتی (سنگی هەرە گەورە= الصدر الأعظم) سەرۆک وەزیر بگوترێ.

٢- پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی یاسای دەستووریی لە خاکی عوسمانیدا.

٣- مووچەی کۆشک وا کەم بکرێتەوە کە لە ئەندازەی پێویستی تێپەڕنەکات مووچەکانی تاک و تەراکانی خێزانی خونکاریش کەم بکرێنەوە.

٤- لە گەنجینەی خونکارەوە، کۆمەڵە پارەیەکی (... ...) لیرەیی پێشکەش بە گەنجینەیەی فەرمانڕەوایی بکرێ (مەدحەت دیاردیی کردنی پارەکەی بۆ خونکار بەجێ هێشتبوو)

٥- مووچەی کۆشک دیاردیی بکرێ بۆ هەموو مانگێک بە(... ...) لیرە (مەدحەت دیاردییکردنی پارەکەی بۆ خونکار بەجێ هێشتبوو).

٦- لیژنەیەک دروست بکرێ لە وەزیرەکان و زاناکانی ماف و شارەزاکانی یاسا، بۆ دانانی پڕۆژەیەکی یاسایی کە ژیانی دەستووریی بۆ خاکی عوسمانی پێک بهێنێ.

٧- خوێندنگایانی گشتی بکرێنەوە بۆ منداڵانی خاکی عوسمانی بەهەموو جۆرە ڕەگەزو ئاینێکیانەوە ڕابهێنرێن بەپەروەردەکردنێکی دروستەوە.

٨- بازرگانیی بەندە[1] نەهێلرێ بکرێ هەرچی بەندەیەکی ناو کۆشکیش هەیە لەگەڵ کەنیزەکەکاندا ئازاد بکرێن.

پاشان خونکار فەرمانەکەی دایە دەست (جەودەت پاشا) ئەویش لە شێوەیەکی پڕ پێچوپەنادا هۆنییەوە و بڵاویشی کردەوە ئەو بەندانەی لێی هەڵگرتبوو، ئەوەی ئەنواند، کە عەبدولحەمید لەوە ئەترسا وەزارەت لێی جیا ببێتەوە، یاسای دەستووریی بڵاو بکرێتەوە، خوێندەواریی لە خاکی عوسمانیدا بڵاوبکرێتەوە، خاکەکە ئازاد بکرێ و پاڵی پێوەبنرێ بۆ پێشکەوتن.

لەبەر ئەوە ئازادی خوازەکان هەڵمەتێکی فراوانیان برد لە ناو ڕۆژنامەکان و کۆبوونەوە

(١) کۆیلە.

گشتییەکاندا بۆ ئەوەی فەرمانداریی کۆڕی نەتەوە لە هەمووان بگەیێنین و واتاکەی ڕوون بکەنەوە و ئەو کەڵکانەیش پێشان بدەن کە نیشتمان بەهۆی ئەوەوە دەستی ئەکەوێت، هەندێ ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەیش وەک (وقت) و (بصیرت) و (حقیقت) ئەو بابەتەیان بەتەواوەتی ڕۆشن ئەکردەوە، بۆ ئەمەی هەموو کەسێک تێی بگات ڕەنگە چاک ترین وێنەی وتارانی ڕۆژنامەکان، ئەم وتارە بێ کە لە ڕۆژی ١٥/ ١٠/١٨٧٦دا ڕۆژنامەی (وقت)، لە شێوەی پرس و وەرامدا بلاوی کردبووەوە ئەویش جۆری بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە بوو، ئەو جۆرە گیروگرفتانەیش بوو کە بیروباوەڕی گشتیی پێوە خەریک ئەبوو:

[پرس: کۆڕی نەتەوە چیە؟

وەرام: کۆڕێکی وایە کە لە نوێنەران پێک دێ، ئەوانیش نەتەوە هەڵیان ئەبژێرێ فرمانیشی ئەوەیە کە سەرنج بدات لە بەکارهێنانی یاساکان، بۆ ئەمەی بەباشی بەکاربهێنرێن ئەویاسایانەیش پەسەند ئەکات کە فەرمانڕەوایی لەسەری داماوە.

خەریکی ئەوەیش ئەبێت کە کاروباری سامانی بەپێی یاسا ببرێ بەڕێوە، لە ڕێگای دروستی خۆی لانەدات بەربەستکردنی هەموو خراپەیەکیشە.

پرس: ئایا دامەزراندنی ئەم کۆڕە لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا و شێوەی کاروبار هەڵسوڕاندنی کۆندا ڕێک ئەکەوێ؟

وەرام: بەڵێ ڕێک ئەکەوێ چونکە هۆش و ئایین هەردووکیان ڕێ ئەدەن بەمرۆڤ کە چەندوچوون لەگەڵ ئەو هاوڕێیەیدا بکات، کە پارەی ئەدانێ و ڕێگای بەختکردنی ئەو پارەیەیشی پێشان ئەدات هەر لەوکاتەیشدا سەرنج بدات لە کردەوە و کاری ئەوکەسە، ئەویش بەدانانی یاساو پێڕەویی وا کە هەڵسوڕاندنی کاروباری بۆ ڕێک بخات کە بەهۆی ئەوەوە یاسا پیرۆزەکان لە خراپ بەکارهێنانیان ڕزگاریان ئەبێ نەتەوەیش لە بەکارهێنانی ئەم مافەدا لە تاکوتەرای نەتەوە لە پێشترە بەڵام لەو ڕووەوە کە کۆڕی نەتەوە لەگەڵ دەستوورەکانی کاروبار هەڵسوڕاندنی کۆندا ڕێک بکەوێ، لە سالانی زۆر کۆندا، زاناکانی ئایین، خۆیان ئەم فرمانەیان ئەبینی، چونکە بەجێ نوشین یاخود بەجێ باوەڕی نەتەوە دائەنران.

بەڵام ئێستا ئەم فرمانە ئەدرێتە دەست ئەو نوێنەرانەی کە نەتەوە خۆی هەڵیان ئەبژێرێ، لەمەشدا ئێمە پێچەوانەی دەستووری کاروبار هەڵسوڕاندنی کۆن نەبووینەتەوە.



پرس: ئەی بۆچ زانایانی ئایین ئێستایش وەک ئەوسا ئەم فرمانە نابینن؟

وەرام: مەبەس لە دامەزراندنی کۆڕی نەتەوە ئەوەیە کە دەستوورەکانی کۆن تەواو بکرێن و تازەیش بکرێنەوە چونکە زانایانی ئایین لە ناو ئیسلامدا بەپێچەوانەی ناو گاورەکان، جیاوازییان نییە لە بۆرەپیاو چونکە ئیسلامەتی هەردووکیانی یەکسان کردۆتەوە لە ماف و فرماندا لەبەر ئەوە سپاردنی ئەو فرمانە بەنوێنەرانی نەتەوە چاکتر و ڕەواترە لەوەی کە بخرێتە ژێر چنگی چەند زانایەکەوە هۆش و چاولێکەریش هەر ئەم قسەیە پەسەند ئەکەن.

پرس: ئایا نوێنەرانی گاورەکانیش لەناو ئەم کۆڕی نەتەوەیەدا ئەبن؟

وەرام: بەڵێ ئەبن، گومان لەوەدانییە.

پرس: ئەی ئەگەر ئەمو ئەو لەمە پلاریان گرت وەرامان چی ئەبێ؟

وەرام: ئەمە جێگەی پلارتێ گرتن نییە چونکە بەپێی دەستوورەکانی ئایینی ئیسلام گاورەکانیش وەک موسڵمانەکان خاوەن مافن کەواتە ئەوانیش مافیان هەیە کە لەگەڵ موسڵمانەکان هاوبەش بن لە چەندوچون کردن لە بەختکردنی ئەو پارەیەدا کە داویانە بەفەرمانڕەوایی، هەروەها لە سەرنجدان لە بەکارهێنانی یاساو پێڕەوییەکاندا].

بەم ڕەنگە هەردوولا خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ هەڵمەت بردن لەگەڵ ئەوەشا (عەبدولحەمید) بەدڵ و گیان تێ ئەکۆشا کە ئەو دوو دەستە گەورەیە لە یەکتر نەکەون زۆریش بەتەنگەوە بوو کە پەیوەندیی خۆشەویستانە لە ناوەند خۆی و دوژمنەکەیا بمێنێتەوە، بام حەزیشی لێ نەکات چونکە (عەبدولحەمید) هەستی بەوە کردبوو، کە فەرمانڕەوایی لەسەر هونەرمەندیی و شارەزایی و نیاز قایمی ئەو داماوە، بۆ ئەمەی ڕزگاری بکات لەو تەنگ و چەڵەمە سامناکانەی کە تێی ئالاون ئەم کاتەیش لە هەموو کاتێک زۆرتر پێویستی بەکارگوزاری ئەو هەیە چونکە ئەو تەنگوچەڵەمانە ئەوەندەیان نەماوە کە پەلاماری شاهەنشاهیی عوسمانی بدەن و لە ناوی ببەن هەروەها (مەدحەت پاشا)یش، گوێی نەدایە دوژمنایەتیی خونکار، چوو، چاوی پێکەوت و پرۆژەی دەستوورەکەی دایە دەستی، تا بیروباوەڕی خۆی، دەربارەی، دەربڕێ (عەبدولحەمید) ئەو مافانەی دەستوورەکە دابووی بەنەتەوە، زۆر بەگەورەی هاتە پێش چاو لەگەڵ ئەوەشا نەیتوانی بەئاشکرا بەرپەرچی بداتەوە لێی وردبێتەوە گوتبووی:

«ئەو پڕۆژەی دەستوورەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی بۆتان ناردبووین، خوێندمانەوە کە سەرنجماندا بڕیارە گشتییەکانی، کاروباری وا ئەگرێتەوە کە لەگەڵ ڕەوشت و خووی نەتەوەکە و توانایدا ڕێک ناکەوێ جا لەبەر ئەمەی لە پێش هەموو شتێکا بەتەنگ ئەوەوەین کە کارگێڕییەکی ڕاست و دروست پێک بهێنین، بۆ ئەمەی دوارۆژێکی باش بۆ نیشتمانەکەمان بەرهەم بهێنێ، هەر ڕەنج و تێکۆشانێک لەم پێناوەدا بکرێ، ئێمە بەدڵ ستایش و پەسەندی ئەکەین ئەوی ئەمانەوێ و ئاواتی بۆ ئەخوازین، ئەوەیە کە ئەم یاساتازانەی ئاشکراکردنی داوائەکرێ، پێویستی نەتەوە و مافەکانی فەرمانڕەوایی یەک بخات لەبەر ئەوە داواتان لێ ئەکەم کە (سنگی هەرە گەورە) ببینن و نەوازشی منی پێ بگەێنین، ئنجا نووسراوەکەمی پێشان بدەن، پاش ئەوە ئەوەیشی تێ بگەێنن کە ئارەزووی من وایە پڕۆژەی دەستوورەکە بخەنە بەردەم کۆڕی تایبەتیی وەزیرەکانمان بۆ ئەمەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ و لێ کۆڵینەوەیشی تیا بکرێ، بۆ ئەمەی ئەوی پێویست بێ بۆ ڕاستکردنەوەی، لەسەر ئەو بنچینەیە کە پێشانمدا جێبەجێ بکرێ.

هیوای گەورەیشم پێتانە کە دەماری ئیسلامەتیتان ئەتانخاتە ئەوەی کە ئەنجامی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەتان، لە سنووری مەبەسەکانی ئێمەدا دەربخەن چاوەڕوانی ئەوەیشم کە ئەم کەینەوبەینەیە لە ناوەند خۆتان و (سنگی هەرە گەورە= صدر الأعظم)دا بەشارراوەیی بهێڵنەوە».

بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، کە کاروبار بەجارێک شێوا و تێک چوو چونکە ئەو فەرمانڕەواییە گەورانەی کە لەسەر لێفەی (پیاوە نەخۆشەکە)، واتا فەرمانڕەوایی عوسمانی، شەڕیان ئەکرد، لە ناو خۆیاندا ڕێک کەوتن کە کۆگرەیەک لە ئەستەمبوڵدا بگرن بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانی ناو (بالکان) ئەویش بەبیانووی ئەوەوە کە حەز بەپاراستنی کەمایەتییەکانی گاورەکان و ڕەگەزە تەنگەتاو کراوەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی ئەکەن لە (مەدحەت پاشا)یش بەولاوە کەسی تر نەبوو، کە بتوانێ فەرمانڕەوایی عوسمانی لەو گیروگرفتە ناخۆشە ڕزگار بکات.

چونکە دەستوورەکەی ئەو، بەلای بیروباوەڕی گشتیی خاکە شۆڕش گێڕەکان و ئەوروپا خۆیەوە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەو خاکانە خۆیاندا بەجۆرێکی وا ڕێک ئەکەوێ، کە زۆربەی بیانووەکانی فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپای پێ ئەبڕێ ، بۆ دەست خستنە ناو کاروباری فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە، و جیاکردنەوەی خاکەکانی.

هەرچی خاوەن بیروباوەڕ بوو لە ئەستەمبوڵدا، بیریان لەسەر ئەوە کۆبووەوە، کە هەر



(مەدحەت پاشا) یە، بتوانێ ببێتە مەردی ناو کۆڕ و نیشتمانەکە لە دەست ئەو تەنگوچەڵەمەیە ڕزگار بکات (عەبدولحەمید)یش پەیی بەو ڕاستییە ناخۆشە بردبوو زۆر لەسەر ئەوە دوو دڵ مایەوە، کە ئەو فرمانە گەورەیە بخاتە ئەستۆی دوژمنەکەی، (مەدحەت) بەڵام دوایی ناچاربوو بە (مەدحەت پاشا)ی بسپێرێ. چونکە کارەساتی ڕۆژگار لەلایەکەوە، دوژمنەکانی (مەدحەت) خۆیشیان لەو لاترەوە پاڵیان پێوە ئەنا کەوابکات. ئیتر (مەدحەت)ی بانگ کردە کۆشکی خونکاریی پێیشی ڕاگەیاند کە ئەیەوێ لەسەر بیروباوەڕی ئەو بڕوات بەڕێوە داوایشی لێ کرد کە دەستوور ئاشکرا بکات.

(مەدحەت پاشا)یش وەنەبێ بەوەی نەزانیبێ کە بۆچ (عەبدولحەمید) و یاریدەدەرەکانی بوون بە(دەستووریی) ئەوەیشی باش ئەزانی کە ئەوانە بەچاککردن و ڕاستکرنەوە حەز ناکەن چونکە ئەوە ئەبێتە هۆیەکی گەورە بۆ ئاڕاستەکردنی نیشتمانەکە بەرەو پێشکەوتن و بەرزبوونەوە و سەربەستی لە ڕاستیدا ئەوانە بۆیەکا بوون بەدەستووری، تاکو ماوەیەکی کەم دڵی هەندێ لە فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپا کێشکەن بۆ خۆیان بیانووی فەرمانڕەواییەکانی تریش ببڕن کە ئەیانەوێ چەند خاکێک لە شاهەنشاهی عوسمانی جیا بکەنەوە باوکی ئازادیخوازەکانیش ئەوەی پێ خۆش بوو کە بێتە دەستکەلایەک بەدەستیانەوە، بۆ ئەمەی بەئامانجی خۆی بگات بڕواشی وابوو کە هەرکاتێ ئەو ئامانجانەی بۆ چووە سەر، بیروباوەڕەکانی لە خۆیانەوە، خۆیان دائەسەپێنن بەسەر هەمووواندا ئەوساکەیش بەئاسانی ئەتوانێ خونکار ناچار بکات کە دەستوور بپارێزێ.

ئیتر لەوەوە، بەفەرمانی خونکار لیژنەیەکی بنچینەیی دروست کرا، لە ژێر سەرپەرشتیی (مەدحەت پاشا)دا، سەرۆک وەزیر و زاناکان و سەرکردەکانی بیروباوەڕ و چەند سەرکردەیەکی لەشکریشی تیابوو ئەم لیژنەیە لە ١٨٧٦/٩/٢٤دا کۆبووەوە، بڕیاریدا (کۆڕی نەتەوە) و (کۆڕی ڕیش سپییان) دروست بکرێن دەستیشی کرد بەلێکۆڵینەوەی بەندەکانی دەستوورەکە زۆی پێ نەچوو، (عەبدولحەمید)، (ڕشدی پاشا)ی لەسەرۆک وەزیریی خست لە ١٩/ ١٠/١٨٧٦دا (مەدحەت)ی کرد بەسەرەک وەزیر.

کردنی (مەدحەت پاشا) بە(سنگی هەرە گەورە) یاخود بەسەرۆک وەزیر لەدوای ئەو دەنگە دەنگەی کە کرا لەسەر دەستوور و ئەو خەباتەی کرا لە پێناو دەستووردا بووە هۆی دڵ خۆشکردنێکی گەورەی نەتەوە[١] لە نووسراوی (سەردەمی خونکار عەبدولحەمید و

(١) گەل، میللەت (الشعب) نەک بەمانای (القومیة)

کاریگەریی لە خاکەکانی عەرەبدا)دا نووسراوەکە ئەم دەنگە (ئەم پەڕو ئەو پەڕی خاکی عوسمانیی بزواند و لەراندەوە هەر نەتەوەی خاکی عوسمانی نەبوو، کە حەز بکات ئەم پیاوە گەورەیە بێتە سەر فەرمانداریی، لەم کاتە تەنگوچەڵەمەیەدا هەرچی نەتەوەکانی تری ئیسلامیش بوو، چاوی بریبووە دەستی (مەدحەت پاشا) بەهیوای ئەوە بوو کە لەسەر دەستی ئەودا دەسەڵاتی خونکاریی و جێنشینیی پێغەمبەر لەو تەنگوچەڵەمەیە ڕزگاری ببێ.

(مەدحەت پاشا) تەنیا پیشەوایەکی عوسمانی بوو کە لەوسەردەمەدا جیهانی ئیسلامەتی باوەڕی پێ بکا و جیهانی ئەوروپایش خۆشی بوێ لام وایە، لە ڕاستیش دوورناکەوینەوە کە بڵێین موسڵمانەکانی دەرەوەی خاکی عوسمانی، لە موسڵمانەکانی خاکی عوسمانی خۆیان زۆرتر (مەدحەت پاشا)یان خۆش ئەویست و بەتەنگیەوەبوون ئێمە ئەگەر لە هۆی ئەم هۆگرییە بەهێزە بکۆڵینەوە و ورد ببینەوە. ئەمە بەشتێکی سەیر دانانێین. چونکە موسڵمانەکانی دەرەوەی خاکی عوسمانی، لەو هۆیە کاریگەرانەوە دوور بوون کە کاری لە هەندێ دانیشتوانی خاکی عوسمانی کردبوو لە ئەستەمبوڵ و لە بەشەکانی تریا، دەستە (حزب) دابمەزرێنن، بۆ ئەمەی بەرەنگاریی ئازادیخوازە دەستوورییەکان بکەن تا بگەن بەمەبەسی تایبەتیی خۆیان لە ڕاستیدا ئەم کۆمەڵانە، بەگژ (مەدحەت پاشا) و دەستوورەکەیدا ئەچون، کە ئەیویست کاروباری فەرمانڕەوایی پێ ڕاست و تازە بکاتەوە ئەوەیش هەر لەبەر ئەوە کە جێگای خۆیانی پێ بپارێزن لە فەرمانڕەواییەکەدا، و کەڵکی تایبەتی خۆیشیانی پێ پێک بهێنن بەڵام موسڵمانەکانی دەرەوە، مەبەسی وایان نەبوو.

چینی ڕۆشن بیرەکانیان، بەگیانی پاکی بێ لایەنەوە، حەزیان لە بیروباوەڕەکانی ئازادیخوازەکان ئەکرد.

ئەویش هەر لەبەر ئەوەی کە ئەنجامی دڵسۆزیی و خۆبەخت کردنیان لە کردەوەکانی (مەدحەت پاشا) و یاریدەدەرەکانیا ئەدیی بەوەیش دڵ تەنگ ئەبوون کە کارەساتی وا ناخۆش لە پایتەختی جێنشینیی پێغەمبەر دابیبنن ئەوەیش کە هۆگرییەکەیان زۆرتر لێ ئەکرد، ئەوەبوو کە ئاگایان لە هەست و نیازی نەتەوە دوژمنەکانی، نەتەوەی عوسمانی هەبوو، بێجگە لەوە دەنگ و باس و بیروباوەڕی ڕاستەقینەیش یان لە ڕۆژنامە سەربەستەکانی ئەو فەرمانڕەواییانەدا ئەخوێندەوە کە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ نەیان ئەتوانی بەو سەربەستییەوە بنووسن).



بەڵام گیروگرفت، هێشتا هەر مابوو، کە بێتە بەر ڕێگای (مەدحەت پاشا) چونکە خونکار هێشتا دوودڵ بوو لەوەی کە دەست بداتە ئەو فرمانە سامناکەی، کە خەریک بوو بیکات شەوانی ڕۆژ ئەکردەوە و لە خەم و پەژارەی ئەوەدا خەوی لێ نەئەکەوت هەر خەریکی ئەوەبوو کە ئەم وەزیر و ئەو سەرکردەی لەشکر، لە باوەڕ پێ کراوەکانی خۆی بانگ بکاتە لای خۆی، تا لەبابەت ئەو تەنگوچەڵەمەیەی کەتێی کەوتبوو ڕاوێژیان پێ بکات و چارەیەکی ڕزگاربوونی بۆ بدۆزنەوە لەو کاتەیشدا (مەدحەت پاشا) سەری کردبووە سەری، پەیتا پەیتا داوای ئاشکراکردنی دەستووری لێ ئەکرد، و زۆریشی لێ ئەکرد کە بیکات، دوایی هەڕەشەی لە عەبدالحمید کرد، کە ئەگەر پەیمانی خۆی بەجێ نەهێنێ، لە فرمانەکەیدا نامێنێتەوە دوایی خونکار ناچاربوو، فەرمانیدا کە لیژنەی پێک هێنانی دەستوور، دوامین کۆبوونەوەی خۆی بکات و بۆ دوامین جاریش لە دەستوورەکە ورد ببێتەوە.

بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە پڕبوو لە دەنگە دەنگ و دەمەقاڵی، بەربەرەکانێکەرەکان بۆ ئەوە ئەگەڕان کە ئاشکراکردنی دەستوورەکە تەگەرە تێ بدەن و دوای بخەن بۆ ماوەیەکی تر (مەدحەت پاشا) ئەوەی پەسەند نەکرد زۆریشی لێ کردن کە بەزووترین کات ئاشکرای بکەن ئیتر لەوکاتەدا (جەوودەت پاشا) کە بەگێک بوو لە سەرکردەکانی بەرەنگاریکەرەکان، ڕاست بووەو ڕووی کردە (مەدحەت) پێی گوت:

(لەبەر ئەوەی خونکارێکی ژیری تێگەیشتوو هاتۆتە سەرتەخت، پێویست بەدەستوور ناکات!)

(مەدحەت پاشا) لەم قسەیە، زۆر دڵی شکا، کە دوژمنەکانی ئەیانویست تەنگە تاوی بکەن، تووڕەبوو، وتارێکی دوورودرێژیدا، بەم ڕستەیە دوایی پێ هێنا، کە تا دەمێکی دوورودرێژیش لە گوێچکەی (عەبدولحەمید)دا ئەزرنگایەوە: (ئێمەیش خونکار عەبدولعەزیزمان بۆیەکا لە تەخت هێنایە خوارەوە، تا بەم ئامانجە پیرۆزە بگەین!)، پاشان هەڕەشەی کرد، دەستی خۆی لە فرمان بکێشێتەوە، ئەگەر هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کاتی ئاشکرا کردنی دەستوور دیاردیی نەکرێ ئیتر لەوەدا هەموو لایەکیان ناچاربوون، بێنە سەر قسەی (مەدحەت پاشا)، هەر لەوێدا بڕیاریاندا، کاتی بڵاوکردنەوەی دەستووریان دیاردیی کرد، فەرمانێکی شاهییشیان بۆ ئەوە دەرهێنا.

دەستوورەکەی (مەدحەت پاشا)یش بریتی بوو لە (١٤٠) بەند ئەو لیژنانەی سەیریان ئەکرد، (٢١) بەندیان لێ دەرهێنا پاشان ناردیانە (مابین). (عەبدولحەمید) دووبارە بەند

بەندی خوێندنەوە هەندێکیشی لێ ڕاست کردەوە، بەتایبەتی لەو جێگایانەدا کە دەسەڵاتی خونکاریان کەم ئەکردەوە پاشان بەندی (١١٣)شی خستە سەری کە دەسەڵاتێکی فراوانی ئەدا بەخونکار لەگەڵ ئەمانەیشا هەمووی، مەدحەت، ئاشکراکردنی دەستوورەکەی لەو شێوەیەدا پەسەند کرد مەبەسیشی هەر ئەوەبوو کە فرمانەکە زوو ڕاپەڕێنرێ بەخۆی ئەگوت، ئەو شتەی پەی بەهەمووی نابرێ، واز لە هەمووی ناهێنرێ بەهیوای ئەوەیش بوو، کە هەرکاتی فەرمانداریی کۆڕی نەتەوە لە خاکەکەدا جێ گیربوو، دەسەڵاتی ئازادیخوازەکان بەهێزبوو، ئەوساکە ئەتوانێ دەستوورەکە ڕاست بکاتەوە، تا وەک ئەیەوێ وای لێ بێتەوە.

بەڵام ئەو بەندە بنچینەییانەی کە لەپاش هەندێ ڕاستکردنەوە، مابوونەوە، ئەو بەندانەبوون کە لە سەربەستیی بیروباوەڕ و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و خوێندن و، یەکسانیی ناوەند تاک و تەرای نەتەوە ئەدوان بەهەموو جیاوازییەکی ئایین و ڕەگەزیانەوە هەروەها سەربەخۆیی دادگا بوو، دیاردیی کردنی دەسەڵاتەکانی خونکاربوو فرمانەکانی (کۆڕی نوێنەران) و (کۆڕی ریش سپییان) بوو، شێوەی هەڵبژاردن و مەرجەکانی شاهەنشاهیی عوسمانی بوو، لابردنی تالانکردن و ئازاردان و بێگار پێ کردن بوو، ئەوەیشی لەسەر فەرمانڕەوایی پێویست کردبوو، کە لەنگەر نامەی پارە کۆکردنەوە و پارە بەخت کردنەکەی پێشانی (کۆڕی نێرراوان) و (کۆڕی ریش سپییان) بدات تا ئەگەر ئەو دوانە یەک لە دوای یەک پەسەندیان کرد، ئنجا بەپێی ئەوە بجوڵێتەوە.

لە ڕۆژی ١٢/١٢/١٨٧٦دا، کە کاتی کردنەوەی کۆگرەی شەش فەرمانڕەواییەکە بوو لە ئەستەمبوڵدا، لەوکاتەدا کە ئەندامانی کۆگرەکە کۆبووبوونەوە بۆ ئەمەی بڕیارێک بدەن لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە ئەبێ فەرمانڕەوایی عوسمانی پیایاندا بڕوات بۆ چاک کردن و ڕاست کردنەوەی کاروباری خاکەکەی، هەمووان دەنگی تۆپەکانی هێزی دەریایی عوسمانییان هاتە بەرگوێ لە ناکاو (سەفوەت پاشا)ی وەزیری دەرەوەی عوسمانی هەستایە سەرپێ و پێی گوتن: (گەورەکان! ئەم تۆپانەی کە لەلای کەندەڵانەکەوە ئەتەقێنرێن، نیشانەی ئەوەن کە یاسای دەستووریی تازە ئاشکرا ئەکرێ کە ئەویش لەسەر پەسەندکردنی خونکار لە خاکی عوسمانیدا بەکار ئەهێنری جا لەبەر ئەمەی کە ئەم یاسایە، سەربەستیی کەسایەتیی بۆ هەموو خاوەن ڕەگەز و ئاینێکی دانیشتوانی خاکی عوسمانی ئامادەکردوە، ئیتر لەپاش ئەم هەڵگەڕانەوەیە، پێویست بەکۆبوونەوەمان ناکات).

ئەندامەکان ئەم قسانەیان، بەبێ دەنگییەکی قووڵەوە وەرگرت لەم شتە ناکاوە سەریان



سوڕما وەک گێژیان لێ هات نێرراوی ئینگیلتەرە، بەدەنگێکی هەناسە ساردانەوە گوتی: (گەورەکان! فرمانی ئێمە تەواو بوو!) بەڵام نێرراوی ڕووس بەرپەرچی دایەوە گوتی: (ئێمە نابێ گوێ بدەینە ئەم جۆرە ڕووکەشانە!). زۆریشی لێکردن، کە ئەبێ دەست بکەن بەگفتوگۆ کردن لە بابەت ئەو کەینەوبەینەیەوە کە کۆگرە بۆی کۆبۆتەوە.

چونکە هیچی وا لە ئارادانییە کەپشتی پێ ببەسترێ، (ئەو دەستوورەی ئاشکرا کراوە، بەتەواوەتی بەکار ئەهێنرێ، یاخود ئەخرێتە کار) هاوڕێکانی قسەکەیان پەسەند کرد.

لە ڕاستیدا، ئەو ڕۆژە مێژووییە، لە ڕۆژە بەناوبانگەکانی ئەستەمبوڵ ئەژمێررێ چونکە بەهۆی زۆر لێ کردنی پیاوە پێشکەوتن خوازەکانی تورکیاوە، کە (مەدحەت پاشا)، لە پێش هەموویانەوە بوو یاسای دەستووری ئاشکرا کرا ئەو یاسایەی کە بیروباوەڕی گەورەیی نەتەوەی بڕیار دابوو، کە نەتەوە مافی هەیە خۆی فەرمانداریی بەسەر خۆیدا بکات، بەهۆی ئەو نوێنەرانەیەوە کە خۆی هەڵیان ئەبژێرێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم فرمانە ئەو یاسایەی کە سنورێکی دانابوو بۆ فەرمانداریی کەسێکی بەچنگی زۆردار، کە دەسەڵاتێکی بەرەڵڵای تەواوی دابوو بەخونکار، بەئارەزووی خۆی کاروباری تاک و تەرایانی نەتەوەکەی خۆی ببات بەڕێوە، بەڵام لەسەر ئەو بنچینەیە کە ئەوانە بەندە و پیاوی ئەون، نەک لەسەر ئەو بنچینەیە کە ئەوان کردوویانە بەسەرداری خۆیان، بۆ ئەمەی کاروباریان هەڵ بسوڕێنێ و ناوبژییان بکات بۆ چاکەی گشتی نەک بۆ چاکەی خۆی.

لەبەر ئەوە، ئاهەنگەکانی کۆمەڵانی نەتەوە بەبۆنەی ئەو ڕۆژەوە، یەجگار ناوازە و خۆش بوون، فەرمانڕەوایی عوسمانی شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو.

بەڵام شەنگو شۆخیی ئەم ئاهەنگانە لەوەدا نەبوو کە سەرای خونکار، نیشانەی گەورەیی و دەسەڵاتی تیا دەرخستبن وەک لە ئاهەنگەکانی فەرمانڕەوایی پێشوودا پێشان ئەدران گەورەییشیان لەوەوە نەبوو، کە سەردار و گەورە پیاوان و سەرکردانی تری فەرمانڕەوایی تیا هاوبەش بووبوو چونکە لەو ڕۆژەدا سەرای خونکار، ئەوەندە کش و ماتی پێوەدیاربوو، لە هیچ دەمێکا ئەوەی بەسەرا نەهاتبوو کەچی لەلایەکی تریشەوە بەربانک و هەیوانەکانی بەئالاو بابەتی تریش ڕازێنرابوونەوە، ئەوەیش سەبارەت ئەوەبوو، کە دەستوور مافی وای لێپچڕیبوو، کەوای ئەزانی لە خواوە بۆی هاتۆتە خوارەوە کەچی واشی بەکارئەهێنان کە خوای پێ تووڕە ئەکردن.

ئەو خاوەن دەسەڵاتانەیش، کە لە گەورەکانی ئەریستۆکراتی و خاوەن زەوی ئەژمێرران،

هەر چەندە هاوبەشیی ئەو ئاهەنگانەیان ئەکرد کە بۆ دەستوور گێڕرابوون، هەرچەندە چەپڵەی شادمانییان بۆ دەستوور لێ ئەدا، بەڵام لە ڕاستیدا ڕمێکی ئەستووریان هەڵسانبوو لە دەستوورەکە چونکە دەستوورەکە بۆ هەموو هاونیشتمانێکی عوسمانی ماف و فرمانی دانابوو کە هیچیان لە هیچیان کە مترنەبن و هەموویش یەکسان بووەستنەوە ئەو جۆرە پیاوانەیش ئەوەیان پێ خۆش نەبوو، کەیا پەکی دەست بازییان بخاتە لە کاروباری فەرمانڕەوایی و مافی نەتەوەدا چونکە خۆیان لە ژوور یاساوە دائەنا بەڵام لە ڕاستیدا شەنگ و شۆخی و گەورەیی ئەو ڕۆژە لە ڕێز و خۆشەویستی و شادمانیی ناو دڵی نەتەوەدا دەرئەکەوت، ئەوانەی کە دەمێکی دوورودرێژ بوو لەژێر حەوای[1] پشێویی و ئاژاوە و جوێکردنەوەی هاونیشتمانەکاندا لە یەکتر، ئەیان ناڵاند، بەمۆژدەی ئەم یاسایە و بەبرایەتی و یەکسانی دڵیان خۆش بوو ئەوانیش کە دەمێکی دوورودرێژبوو بەدەست ڕیسوایی بەندەییییەوە هاوار و فەریادیان بوو، بەدڵ ئاواتی ئازادیی و سەربەستییان ئەخواست کە پڕشنگی ئەو ڕووناکییەیان دیی لە ناو هەورە چڵکنەکانەوە گزنگ ئەدات، کامەران و شادمان بوون هەر لەبەیانەکی زووەوە، پۆڵ بەپۆڵ کۆمەڵانی نەتەوە هاتن و لەناو شەقام و ڕێگاکانی ناوەند (سەکەچی) و دەشتی بەر (دەرگای بڵند)دا کۆبوونەوە لە سەرما و سۆڵەی ئەو ڕۆژە و بارانەکەی کە وەک کوندە لە ئاسمان ئەهاتە خوارەوە و تاوێکیش نە ئەوەستایەوە، نەتەوە باکی نەبوو چونکە بۆ ئەوە کۆبووبوونەوە کە شادمانیی خۆیان پێشان بدەن بەرامبەر ئەو دەستوورەی کە پڕە لەو بیروباوەڕە مرۆڤایەتییە بەنرخانەی کە لە دەمێکەوە ئاواتیان بۆ ئەخواست، کە ئەو سەربەستی و ئازادییەیان بۆ پێک ئەهێنێ کە لە ساڵانەوە گرفتاری بووبوون.

چەند کاتێک مانەوە، چاویان بڕیبوە دەریاکە چاوەڕوانی خاوەنی دەستووریان ئەکرد. زۆری پێ نەچوو (مەدحەت پاشا) پەیدابوو ئەو بڕوانامە مێژووییەی پێ بوو، کە پەیمانی سەردەمێکی تازە و ژیانێکی تازەی تیابوو، بۆ فەرمانڕەوایی.

کۆمەڵە گەورەکانی نەتەوە، کە لەوێدا مۆڵیان خواردبوو، بەشادمانییەکی گەورەوە پێشوازییان کرد پاشان فەرمانی خونکار خوێندرایەوە کە دەستوور ئاشکرا بکرێ دەستووری چاپکراو بەسەر هەمووواندا دابەش کرا (مەدحەت پاشا)یش وتارێکی دا، لەو هەنگاوە گەورەیە دووا کە ئەو ڕۆژە فەرمانڕەوایی ناوێتی بۆ پێشەوە.

(١) حەوا: ئاسمان، بنمیچ. (سقف).



پاشان، کۆمەڵەکانی نەتەوە، لە خۆپێشاندانێکی گەورەدا، بەناو شەقامەکانی پایتەختدا ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەر دەرکی (مەدحەت پاشا). یەکێ لەو شتانەی کە (مەدحەت پاشا) لە وتارەکەی ئەو ڕۆژەیدا گوتبووی ئەمەبوو:

(لە سایەی دەستوورەوە گەلێک مافی تازەمان دەست کەوتووە دەستوور چرایەکی ڕووناکە ڕێگامان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە تاببین بەمرۆڤێکی تەواوی ڕاستەقینە بەهۆی ئەم چرایەوە بوو کە فەرمانڕەواییییەکانی ئەورووپا لە تاریکیی نەزانینەوە گوێزایانەوە بۆ جیهانی ڕووناکی بەسایەی کۆڕەکانی نەتەوەوە بوو، کە ئەم فەرمانڕەواییییانە بوون بەنموونەیەکی جوان و وێنەیەکی باش، نەتەوەکانیان کەڵکیان لێ وەرئەگرن و جیهانیش چاویان لێ ئەکەن لە ناو ئەو فەرمانڕەواییانەدا هەموو کەسێک ئەزانێ چ مافێکی هەیە و ئەیشزانێ چ فرمانێکیش لەسەریەتی بیکات).

هاونیشتمانە گاورەکان، لە پێش هەمووواندا شادمانیی خۆیان نوواند بۆ دەستوورەکە.

هەر ئەوشەوە لە سەرۆکە ئایینییەکانی خۆیان کۆمەڵێکیان پێکەوە ناو ناردیان بۆ ماڵی (مەدحەت پاشا)، بۆ ئەمەی شادمانیی گاورەکان پێشان بدات بەرامبەر ئەم کارەساتە نیشتمانییە گەورەیە.

هەروەها بەرامبەر تێکۆشانی مەردانەی خۆیشی لە پێناو پێک هێنانی ئەو دەستوورەدا، ڕێزوپەسەندکردن و ستایشی خۆیان پێشاندا.

ئەو گەشی و خۆشییە هەر لەناو پایتەختدا ڕووی نەدا، هەموو شار و دێهاتێکیشی گرتەوە لە خاکی عوسمانیدا تا چەند ڕۆژێکیش، مەدحەت پاشا تەلگرافی پیرۆزبایی وەرئەگرت لە دانیشتوانی ئەم پەڕ و ئەو پەڕی خاکی عوسمانییەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە پێشان بدەین کە بزووتنەوەی نیشتمانی لە خاکەکانی عوسمانیدا هێشتا پێ نەگەیشتبوو.

ئایین هێشتا لە ناویانا فەرمانڕەوابوو ئەو پێڕەوییییەیش کە فەرمانڕەوایی لەسەری ئەڕۆیشت وەک جوێکردنەوەی موسڵمانەکان لە گاورەکان لە کردەوە و کاردا، هەروەها پەنابردنی ئەو گاورانەیش بەفەرمانڕەواییە بێگانەکان بەمەبەسی یارمەتی و پاراستنیان، ئەو ڕووکەشی ئایینییەیان بەهێز ئەکرد لەبەر ئەوە بیرکردنەوەکەی مەدحەت پاشا لە بابەت ئاشکراکردنی یەکسانییەکی سەرەتاییییەوە لە نێوان هاونیشتمانەکاندا، لەگەڵ دامەزراندنی کۆڕی نەتەوە لە هەموو خاکەکانی عوسمانیدا، بەتەنشت ئەوەیشەوە فراوان

کردنی دەسەڵاتی ئەو کۆڕە گشتییانە، ئەم کاروکردەوانە هەرچەندە گیروگرفتی نەتەوایەتیی ناو ئەو خاکانەی بەتەواوەتی چارە نەئەکرد، کە لەشی خاکەکانی شاهەنشاهێتیی عوسمانییان داڕزاندبوو، بەڵام بەبیرکردنەوەیەکی پێشەکەوتن پەروەرانە دائەنرا، کە لەو سەردەمەدا هەڵی ئەگرت پەسەند بکرێ و ڕێزی لێ بگیرێ.

ئەو بیرکردنەوەیە، دڵی هەموو هاونیشتمانە، چاکەخوازەکە، ئازادیخوازەکانی شاهەنشاهێتییەکەی، بەستبوو بەخۆیەوە.

لەو کاتەشا کە هەر شەش فەرمانڕەواییەکە خەریکی کۆگرەکەی خۆیان بوون لە ئەستەمبوڵدا، خەریکی گەلە کۆمەکی بوون، لە فەرمانڕەوایی عوسمانی بکەن، بەبیانووی پاراستنی کەمایەتییەکان و ڕەگەزە ئازار دراوەکانەوە، (مەدحەت پاشا)یش بەهەموو هێز و هەرەتیەکیەوە خەریکی بەکارهێنانی دەستووربوو، بۆ ئەمەی زوو بەزوو بۆ هەمووولایەکی دەربخات لەو فەرمانڕەواییانەدا، کە فەرمانڕەوایی عوسمانی، لەپاش ئاشکراکردنی یاسای تازە، بەڕاستی ڕەوشتی خۆی گۆڕیوە لەبەر ئەوە سەربەستیی دا بەبیروباوەڕ دەربڕین و چاپەمەنی و کۆبوونەوە، ئاوارەکانی دەستی فەرمانڕەوایی بەخشی لە گوناە و تاوانیان هەروەها ویستیشی هەنگاوێکی ڕاستەقینە بنێ بۆ نواندنی یەکسانی لە ناوەند هەموو خاوەن ئایینەکاندا. چووە سەردانی (پەتریارکی ڕۆم و ئەرمەن) لە بابەت ئەو سەربەستییەوە کە دەستوور ئەیدات بەهەموو هاونیشتمانەکان گفتوگۆی لەگەڵ کردن.

هەروەها ئەوەیشی لێ خواست کە یارمەتیی بدەن لە کۆکردنەوەی هێزەکانی نەتەوەدا، لەیەک گرتنیاندا، بۆ ئەمەی نیشتمانەکەی هەمووولایەکمان وریا بکرێتەوە و بۆ پێشەوە ببرێ، لە ڕاستی ئەم کارەساتە، وێنەی نەبینرابوو چونکە لەشەش سەد ساڵ لەوە پێشەوە تا ئەو ڕۆژە هیچ سەرۆک وەزیرێک، نەچووبووە سەردانی سەرۆکەکانی گاورەکان گاورەکانی خاکی عوسمانی، ئەم کردەوەیەیان بەگەرموگوڕییەکی ڕوو خۆشانەوە وەرگرت هەستێکی نیشتمان پەروەرانەی ڕاستەقینەی لە دڵیاندا بزواند.



## مەدحەت و عەبدولحەمید

لەو ڕۆژانەدا تورکیا ئاگای لە زۆرانبازیەکی بەهێزبوو کە لە ناوەند دوو پیاودا ڕووی ئەدا، (مەدحەت) و (عەبدولحەمید) ئەو دوانە هەردووکیان شارەزاییەکی زۆر و، زۆرزانییەکی زۆر و هێزێکی گەورەیان هەبوو (مەدحەت پاشا) خۆی بەنوێنەری نەتەوەدا ئەنا بەلایەوە وابوو کە ئەبێ نەتەوە خاوەن دەسەڵاتی یەکەم بێت لە خاکی عوسمانیدا.

ئەبێ فەرمانی ئەو لە ژوور فەرمانی سەرداران و خونکارانەوە دابنرێ لەبەر ئەوە خەباتێکی بێ بڕانەوەی ئەکرد لە پێناوی دەستووردا بڕوایشی وابوو کە ئاشکراکردنی دەستوور، یەکەم هەنگاوی نەتەوەیە کە بۆ مافی خۆی ئەینێ چونکە ئەوە بکات بەسەرچاوەی دەسەڵاتەکان. (عەبدولحەمید)یش، لەپێش چوونە سەر تەختیا، چاوڕاوی لە (مەدحەت) ئەکرد خۆی وا پیشان ئەدا کە ئاشکراکردنی دەستووری بەلاوە پەسەندە ڕاستوڕەوان ئەیگوت کە فەرمانڕەوایی عوسمانی گیروگرفتەکانی خۆی پێ چار ناکرێ لەو تەنگوچەڵەمانەیش ڕزگاری نابێ، تا کار بەودەستوورە نەکات (عەبدولحەمید) خۆی ناچار ئەبینی، کە لەو بیروباوەڕانەدا لەگەڵ (مەدحەت)دا بڕوات بەڕێوە چونکە باوکی ئازادیخوازان، لەو ڕۆژانەدا، مێشکی خاوەن بیری فەرمانڕەوایی بوو دەست و بازووی فەرمانڕەوایی بوو، بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری فەرمانڕەوایی و، ئاراستەکردنی دەستە و کۆمەڵانی جۆراوجۆری ناو نەتەوە.

بەچاوی خۆیشمان دیمان کە چۆن مەدحەت بەسەر عەبدولحەمیدا زاڵ بوو، بەهۆی کاروبار و کەینەوبەینەی ناو خۆوە و، کەینەوبەینەی کاروباری فەرمانڕەواییەکانی بێگانەوە و، پەرەسەندن و گەشەکردنی گیانی سەربەستییەوە لە خاکی عوسمانیدا ئەوەبوو توانی دەستوورەکەی خۆی داینابوو، ئاشکرای بکات.

بام لە هەندێ ڕوویشەوە دەستکاریی تیا کرابێ. ئەوەیش ئاشکرابوو، کە خەباتی ئەم پیاوە گەورەیە لەم سنوورەدا نەئەوەستا ئەو لەوەدا سەرکەوت کە دەستوور ئاشکرا بکات ئەبێ ئێستایش خەریکی ئەوە بێت کە لە پاراستنی دەستوورەکەداو یاریی پێ نەکردنیا سەربکەوێ ئەبێ خەریکی ئەوەیش بێ، کە بخرێتە کار، لە بەندەکانی و لە گیانی لانەدرێ.

نەوەک، وەک شتێکی بێ کەڵک و بێ گیان بمێنێتەوە چونکە دەستوور هەر بریتی نییە لە بەڵێن و پەیمان، بریتییشە لە کردەوە و کارێکی وەها، کە ئەبێ هەموو لایەکی

فەرمانڕەوایی بگرێتەوە، بۆ هەموو هاونیشتمانێکیش بەکەڵک بێ، هەر لە خونکارەوە کە لە کۆشکەکەی خۆیایەتی، هەتا ئەو جوتیارەی کە لە کێڵگە وێرانەکەیایەتی لە ڕاستیدا، ڕەنگە هەندێ جار بەکارهێنانی دەستوور، گرانتربێ لە ئاشکراکردنی زۆرجاری وایش هەبووە، کە بەرەنگاریی کردنی خوێنین ڕووی داوە لە ناو فەرمانڕەوایی دەستووریدا، هەر لەبەر ئەمەی کە ویستراوە بیروباوەڕەکانی دەستوورەکە کاری پێ بکرێ و لە جیهانی وێژەییەوە بگوێزرێتەوە بۆ جیهانی کاروکردەوە و ڕووداو.

کەواتە، هەر ئەبوو زۆرانبازییەکەی ناوەند عەبدولحەمید و مەدحەت توندوتیژبێ، بەتایبەتی لەو دەمەدا، کە کەوتبووە پاش ئاشکراکردنی دەستوورەکەوە. هەروەها، هەر ئەبوو کردەوەکانی مەدحەت پاشا کە هەروەک سەرۆک وەزیری فەرمانڕەواییەکی ئەوروپایی کاروباری گشتیی هەڵ ئەسووڕاند، کە زۆر دەستووری و پێشکەوتووبێ، کە ئەوە بووبوو بەهۆی ئەوەی دڵی هەمووانی پێوە بنووسێ و هەمووان پێکەوە خۆشیان بووێ و کردەوەکانیشیان بەدڵدا بچێ... ئەو بارە هەر ئەبوو دڵی خونکار عەبدولحەمیدی لێ بڕەنجێنێ و ترس بخاتە دڵیەوە لە نەمانی دەسەڵات و ناوونیشان خۆی، ئەگەر مەدحەت بەو پێیە بڕوات بەڕێوە لەم شێوەتازەیەی فەرمانداربیەدا، لە هەموو شتێک ناخۆشتر بەلای عەبدولحەمیدەوە ئەوەبوو، کە ڕۆژنامەکان سەربەستییەکی یەجگار زۆریان درابووێ، هەرچییەکیان بویستایە ئەیان نووسی ئەویش زۆر بەپەرۆشەوە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵی ئەخوێندەوە هەموو جارێکیش نامەیەکی ئەنارد بۆ (سنگی هەرە گەورە)، هەرچیی بەدڵ نەبوایە لەو بابەتانەی کە ڕۆژنامەکان ئەیان نووسی، بۆی پێشان ئەدا، پارچە ڕۆژنامەکانیشی لەگەڵدا ئەنارد، داوایشی لە مەدحەت ئەکرد کە نووسەری ئەو وتارانەو ئەو ڕۆژنامانەیش کە ئەو وتارانەیان بڵاوکردۆتەوە جەزرەبەیان پێ بگەیێنێ بەڵام مەدحەت پاشا، گوێی نەئەدایە سکاڵاکانی خونکار چووەلای عەبدولحەمیدیش ڕاستوڕەوان پێی گوت: دەستوور ڕێگای داوە بەڕۆژنامەکان کە بەئارەزووی خۆیان چ بابەتێکیان ئەوێ لێی بدوێن، کاروباری فەرمانڕەواییش بخەنە تەرازووەوە بیکێشن و نرخیشی بۆ دابنێن چونکە ڕۆژنامە نوێنەری بیروباوەڕی گشتییە، زبانی نەتەوەیشە بۆ پێشاندانی مافەکانی و ئاوات و ئارەزووەکانی بەڵام ئەم بیانووە بەلای (خاقانی هەرە گەورە)وە پەشم بوو دڵی ئاوی نەخواردەوە بەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرتر پێی تووڕەبوو ئەویش هەر لەسەر نامە ناردنی خۆی ئەڕۆیشت بۆ مەدحەت، بۆڵەبۆڵی ئەکرد لە ڕۆژنامەکان و داوای سەرزەنشت کردن و جەزرەبە پێگەیاندنی ئەکردن (مەدحەت)یش هەر لەسەر ڕەوشتی خۆی مایەوە، هیچ



بایەخێکی نەئەدا بەو نامانەی کە خونکار بۆ ئەو مەبەسە ئەیناردن.

لە دوای ئەوە ڕۆژنامەی (إستقبال) دەرچوو کە لەسەردەمی پێشوودا داخرابوو لە یەکەم لاپەڕەیدا ئەو نامەیەی بڵاوکردەوە کە (مستەفا فاضل پاشا) ناردبووی بۆ خونکار (عەبدولعەزیز) چاکەکانی دەستووری تیا پێشان دابوو پاشان ڕیزە وتارێکی بڵاوکردەوە ناوی نووسەرەکەی تیا نەنووسرابوو کردەوە و ڕەوشتی دوو دڵانەی خونکاری شیکردبووەوە بەرامبەر دەستوورەکە، هەر لەسەرەتاوە تا ئەوسا خونکار لەوە تێگەیشت کە نووسەری ئەو وتارانە (ضیاء پاشا)یە، ئەوەبوو (عەبدولحەمید) بەڵێنی دابوو بەمەدحەت پاشا، کە ئەم (ضیاء پاشا)یە بکات بەسەرۆکی نووسەرەکانی (مابین)، کەچی کە هاتە سەر تەخت ئەو بەڵێنەی خۆی بەجێ نەهێنا.

(عەبدولحەمید) ڕقی لە (ضیاء پاشا) هەڵگرت بۆ مەدحەت پاشای نووسی کە بیکات بەڕاسپاردە و بینێرێ بۆ (بەرلین) تا لە ئەستەمبوڵ دووربکەوێتەوە.

مەدحەت پاشا، بەقسەی ناکات خونکار ئەم جارە داوای لێ ئەکاتەوە کە بیکات بەسەرداری سوریا بەڵام ئازادیخوازە دەستوورییەکان، بڕیار ئەدەن کە سکاڵایەک بنێرن بۆ خونکار، بەهەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەستەمبوڵ مۆری بکەن ئارەزووی خۆیان پێشان بدەن بۆ ئەوە کە (ضیاء پاشا) ببێتە نوێنەریان ئەویش هەر بۆ ئەمەی کە لە ئەستەمبوڵ دوورنەکەوێتەوە عەبدولحەمید ئەوە بەبەرەنگاری کردنی خۆی دائەنێ لە زمانی (سەعید پاشا)وە نامەیەک ئەنێرێ بۆ مەدحەت، پێی ئەڵێ: (نوێنەرایەتی ضیاء پاشا، لە توانادا نییە پەسەند بکرێ چونکە بەدناوکراوە بەوەی کە ناپاکی لەگەڵ خونکاری ڕاستەقینەی خۆیدا کردووە بۆ ئەمەیش بەڵگەی ئاشکرا هەیە دەستووریش ڕێ نادات، نوێنەر لەو کەسانەبن کە تاوانبارن و لاپەڕەیان پەڵەی پێوەیە ئەوەی سەری پیاوی لێ سوڕ ئەمێنێ و سەرنجی پیاو ڕائەکێشێ ئەوەیە، کە ئەم پیاوە بەهەموو جۆرێک تێ کۆشا بۆ ئەمەی ناوبانگ و دەسەڵات بسێنێ و پەیدا بکات بۆ خۆی لە ناو هاونیشتمانەکاندا، بەهۆی ڕۆژنامەکان و بابەتی ترەوە تەنیا هەر لەبەر ئەوەی کە دڵی سەرۆک وەزیر نەشکێنین پێشنیازەکانی بەرپەرچ نەدەینەوە، ماوەماندا کە پایەی وەزیرێتی بدرێتێ و بکرێ بەسەرداری سوریا کە پێویستە[1] پیوەی بنازێ لەگەڵ ئەوەشا کەهیچ پێویستییەک لە ئارادانییە ناچارمان بکات، خۆشەویستیی خۆمان دەربڕین بەرامبەر بە ضیاء پاشا لەبەر

(١) ڕاستتر: پێویستە شانازی پێوە بکات.

ئەوکردەوانەی، بەڵام ضیاء پاشا هیچ بایەخێکی نەدا بەو ڕێزگرتنەی ئێمە بۆ خۆی، بەپێچەوانەوە، ئەو چوو لەم دواییەدا، دەستی کرد بەبەرهەم هێنانی ئەو هێزەی کە لە پایەی وەزارەتەوە دەستی کەوتبوو جارێکیان ئەڵێ:

دامەزراندنی دەستوور بەسایەی خۆیەوە پێک هاتووە، کەچی ڕاستییەکەیشی ئەوەیە کە لەسەر ئارەزوو و پەسەندکردنی ئێمە و تێکۆشانی هەندێ دڵسۆزانەوە ئاشکرا کراوە بۆ بەڵگەیش پەنجەی کێشاوە بۆ چەند دێڕێک کە لە ڕۆژنامەی (إستقبال)دا بڵاوکراوەتەوە. جارێکیشیان ئەو بەندوباوە ئەکات کە ئێمە حەز لە ژیانی دەستووریی ناکەین مەبەسیشی لەم قسانە ئەوەیە کە نیازە چاکەکانی ئێمە بخاتە ژێر پێوە جا لەبەر ئەم شتانە کە لە سەرەوە پێشانمان دان، خاوەن شکۆ، خونکار، ڕێتان ئەداتێ، بەرامبەر بەکردەوەکانی جەزرەبەیەک هەڵ ئەگرێ پێی بنوێنن).

لەسەر ئەوە ناوەندی هەردوولا، زۆرتر تێک ئەچێ. بەڵام هەردوولایان هەڵەشەیی ناکەن، قینەکەیان دەر نابڕن لە دڵی خۆیاندا ئەی هێڵنەوە نەوەک لەوکاتەدا لە یەک بکەون، کە خاکی عوسمانی کەوتۆتە تەنگوچەڵەمەیەکی واوە، هەر شەش فەرمانڕەوایییەکان کۆگرەیان گرتووە بۆ ئەمەی گەلە کۆمەکێ لە فەرمانڕەوایی عوسمانی بکەن و دەست بهاوێژنە کاروباریەوە ، چارەنووسی لێ تێک بدەن.

لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردنی کۆگرەکە سڕەوتی بەدڵ نەئەدا بەپێچەوانەی ئەوە، پیاوە دڵسۆزەکانی خاکی عوسمانیی ئەخستە سەر ئەوەی کە خۆیانی لێ بپارێزن و تەماشای دوارۆژی خۆیان بکەن بۆ ئەمەی بتوانن بەرەنگاریی ئەنجامەکانی بکەن، ئەگەر خراپەی تیابوو بۆ نیشتمانەکەیان جا لەو ڕۆژە پڕ تەنگوچەڵەمەیەدا کە هەڕەشەی هەرە خراپی لە دوارۆژی فەرمانڕەوایی عوسمانی ئەکرد، مەدحەت پاشای، وای بەباش زانی، کە کاروکردەوەی هەرە چاک ئەوەیە، تازووە دەستوورەکە بخاتە کار، بۆ ئەمەی یەکێتیی نەتەوە پێک بهێنێ و بەهێزی بکات، هەروەها بۆ ئەمەی کاروبارەکانیشی ڕاست بکاتەوە و بیخاتەوە سەر باری چاکی دەست بەجێ چەند فەرمانبەرێکی هەڵبژاردەی نارد بۆ خاکەکانی (بالکان) کە پشتی بەتوانا و دەروون پاکییان ئەبەست، فەرمانی پێدان کە زۆربەی فەرمانبەرانی ئەو خاکانە لە دانیشتوانی خاکەکان خۆیان هەڵبژێرن هەر کەسێکیش بەدناوکراوە بەشۆڕشگێڕییەوە بیان بەخشن هەر خواستێکی پەسەندیشیان هەبێ بۆیان جێبەجێ بکەن کۆڕە گشتییەکانیشیان بۆ دامەزرێننەوە تا کاروباری ناوخۆییان بەڕێوە



ببات دەستیشیی کرد بەهەڵبژاردنی نوێنەرانی نەتەوە لە خاکەکاندا جێگایشی بۆ کۆڕی نەتەوە ئامادەکرد.

پاشان دەستی کرد بەهێزکردنی لەشکرو چەککردنی[١] بۆ ئەمەی ئامادەبێ بۆ ڕۆژی ڕەش کە هەڕەشەی لە خاکی عوسمانی ئەکرد، گەنجینەی فەرمانڕواییش هێشتا هەر لە کزیی دابوو، لە دەمی عەبدولعەزیزەوە[٢] تووشی کەم و کووڕیی هاتبوو دەستی کرد بەدەستیاو وەرگرتن لە بانکەکانی خۆماڵی و بێگانە کە زۆر باوەڕیان پێی هەبوو لە شاری ئەستەمبوڵیشدا کۆمەڵێکی پێک هێنا لە موسڵمانەکان و گاورەکان ناوی نا (کۆمەڵی دیاریی سەرباز)، بەمەبەسێ کە پیتاک کۆبکەنەوە بۆ لەشکر پاشان هانەی کۆمەڵەکەیشیدا کە تیپێکی سەرباز پێک بهێنن، وەک سەربازی نیشتمانی، ناوی بنێن (سەربازی نیشتمانی) خونکار هەر ئەوەندەی خۆش بوو، کە ئەم قسەیەی بەرگوێ کەوتەوە بەجارێک زەندەقی چوو لەوە ئەترسا کە ئەم تیپە و بابەتی ئەم تیپە لەدوا ڕۆژدا ببنە هێزێک بەدەست (مەدحەت)ەوە، دەستووریان پێ بپارێزێ لەبەر ئەوە نامەیەکی نارد بۆ سەرۆکایەتی وەزیرەکان، ئەوەی بۆ دەرخستن کە نایەوێ ئەم تیپە دابمەزرێنرێ (چونکە پێک هێنانی لەشکر، ئەبێ وەزارەتی جەنگ بیکات، نەک کۆمەڵان، کە بەهیچ کلۆجێک نابێ توخنی شتی وا بکەون...)

بێ گومان، مەدحەت پاشا، پەیی بەوە ئەبرد کە عەبدولحەمید چیی لە دڵایە، دەربارەی دەستوور و پاسەوانانی دەستوور کە تا ئەهات دوژمنایەتییەکەی زۆرتر ئەبوو بێ گومان ئەوەیشی ئەویست کە ڕێگای لێ ببڕێ ماوەی نەداتێ، خاکی عوسمانی بگێڕێنێتەوە سەردەمی زۆرداریی و زەبروزەنگ.

تەنیا ڕێگایەکیشی هەبوو بۆ گەیشتن بەم ئامانج گەورەیەی؛ ئەویش ئەوەبوو کە تازووە دەستوورەکە بخاتە گەڕ، بۆ ئەمەی لای هەموو کەس چاکە و کەڵکەکانی ئاشکرابن، ئەوانیش هۆگری بن و پاسەوانی بکەن ئەویش ڕێگایەکە، گومان ناکرێ لە ڕاستی و دروستی و گرنگیی بەڵام لەناو ئەو تەنگوچەڵەمەیەدا، کە هەموولایەکی دوژمن بوو، لە ناو ئەو دوژمنانەدا، کە هێزیان لە ئەندازە بەدەربوو، بەڕێگایەکی پڕ دڕک و داڵ، دائەنرا، پڕ گیروگرفت دائەنرا ڕێگایەکی پڕ لە سامناکی بوو، لەوانە نەبوو کەلێیەوە ڕزگار ببێ

(١) ڕاستتر: پڕچەککردنی (تسليح).

(٢) لە دەمی: لەسەردەمی، لە ڕۆژانی، لە عەیامی...

چونکە دوورنەبوو، کە عەبدولحەمید، هەر لەسەرەتاوە ڕێگای لێ ببڕێ و نەهێڵێ بگاتە ئامانجی خۆی.

لەبەر ئەوە، مەدحەت پاشا، پێویست بوو کە هەمووده‌م بەکۆمەڵانی نەتەوەوە پەیوەندیی قایم و بەهێزی هەبێ، کەسایەتییان زیندووبکاتەوە، خۆشەویستی لە دڵیاندا ببوژێنێتەوە بەرامبەر سەربەستی، دەماری مەردایەتییان ببزوێنێتەوە بۆ ئەمەی لە پێناویا خۆیان بەکوشت بەدەن، تاکو بتوانێ بەئامانج و ئاواتە پیرۆزەکەی خۆی بگات ئەوەندەیشی نەمابوو کە پەیوەندی گیانی لە ناوەند ئەو و کۆمەڵە گەورەکانی نەتەوەدا جێگیربێ بەڵام ئەو پەیوەندییە گیانییە، هەمیسان پێویستی بەچاوپێکەوتنی ڕاست و وریاکردنەوەی هەمووده‌می و، ڕێکوپێک خستنی ورد هەبوو، تاکو ببێتە هێزێکی کاریگەری وا کە مەدحەت پاشا بتوانی پشتی پی ببەستێ، بۆ پاراستنی دەستوورەکە و دامەزراندنی بیروباوەڕە چاکەخوازەکانی.

مەدحەت پاشا هەستی بەمانە، هەموو کرد بەڵام کاتێک ئەو هەستەی کرد، کە ئاگری شەڕوشۆڕ خەریک بوو هەڵگیرسێ و گڕ لە نیشتیمانەکەی بەربدات کەواتە چی بکات باشە بۆ ڕزگارکردنی دەستوور و نیشتمانەکەی؟ ئاخۆ، ئەبێ، چ ڕێگایەک، بۆ ئەوە بگرێ؟. لە کاتێک دا مەدحەت پاشا لەو خەمو پەژارەیە دابوو، بیرێکی ڕۆشن هات بەمێشکیا، ئەگەر بهاتایە بۆی جێبەجێ بکرایە، بۆی ئەکرا دەستوورەکە ڕزگار بکات: نێرراوانی هەر شەش فەرمانڕەواییەکە لە ئەستەمبوڵدا، هەمووده‌م، لە کۆگرەکەیاندا ئەوەیان دووبارە ئەکردەوە، کە بیانووی فەرمانڕەوایی عوسمانی بەئاشکراکردنی دەستوورەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی خواستی فەرمانڕەواییە بێگانەکان، کە ئەیانەوێ کەمایەتییەکان بپارێزن، بیانوویەکی کز و بێ هێزە چونکە لە فەرمانڕەواییەکی وەک فەرمانڕەوایی عوسمانیدا، کە بەزەبروزەنگ و زۆروستەمەوە ڕاهاتووە، پیاو دڵنیانابێ کە دەستوورەکەی خۆی بەکارئەهێنێ، کەواتە، بۆچ لەم کەینەوبەینەیە، خۆی، کەڵک وەرئەگرێ، بۆ دامەزراندنی دەستوورەکە و ڕاگرتنی؟.

زۆری پێ نەچوو ئەم بیرەی خۆی هێنایە کایەوە و خستیە گەڕ (أوديان أفندى)ی ناردە (لەندەن)، بچێتە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، پێیان بڵێ کە ئەوەدەستوورەی لە خاکی عوسمانیدا ئاشکرا کراوە، مافی کەمایەتییەکانی گاورەکان و پاراستنی سەروماڵیان باشتر پێک ئەهێنێ لەو پێڕەوییەی کە کۆگرە ئەیەوێ لەسەری بڕوات.



کەواتە پێویست بەم کردەوە دوژمنانەیە ناکات لەگەڵمانیا بکەن جا ئەگەر فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپا، لە بەکارهێنانی دەستووردا گومانیان هەیە، ئەوا فەرمانڕەوایی عوسمانی ئاشکرای ئەکات کە ئامادەیە بۆ بەستنەوەی دەستوورەکەی خۆی بەپەیماننامەیەکی فەرمانڕەوایانەوە کە لەگەڵ فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپادا بیکات، هەروەها ئامادەیشە کە هەرشتێکی لێ داوا ئەکرێ بۆ دڵنیایی لە بەکارهێنانی دەستوورەکەی پێشکەشی بکات بەڵام ئەو فەرمانڕەواییبیانە ئەوەندەی بەتەنگ دۆزینەوەی بیانووەوەبوون بۆ دەست هاویشتنە ناو کاروباری ناوخۆی عوسمانی، بۆ پچڕینی چەند خاکێک لە فەرمانڕەوایی عوسمانی، ئەوەندە بەتەنگ چاکبوون و ڕاستکردنەوەی کاروباری فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە نەبوون.

لەبەر ئەوە شتێکی دیار و ئاشکرابوو کە پێشنیازەکەی مەدحەت بەرپەرچ ئەدەنەوە، ئەوەیان کرد بەبیانوو کە بەستنەوەی دەستوور بەپەیماننامەیەکی فەرمانڕەواییانەوە[1] هەر لەوە ئەکات کە پەنجە بخرێتە ناو کاروباری ناوخۆی فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە!

زۆری پێ نەچوو کۆگرەکە، فرمانی خۆی تەواوکرد و چەند بڕیارێکیشی دەرکرد، کە لە گەورەیی فەرمانڕەوایی عوسمانیی کەم ئەکردەوە و دەسەڵاتیشی بچووک ئەکردەوە نامەیەکیشیان نارد بۆ (دەرگای بڵند)، کە نێرراوانی هەر شەش فەرمانڕەوایی کە، نیازیان وایە ئەستەمبوڵ بەجێ بهێڵن، ئەگەر بڕیارەکانیان جێبەجێ نەکرێ (دەرگای بڵند) هەفتەیەکی لێ خواستن کە سەرەو کارێکی فرمانی خۆی بکات مەدحەت پاشایش نەی ویست (دەرگای بڵند) بەتەنیا وەرامی ئەم هەڕەشەیە بداتەوە.

ئەیویست نەتەوە خۆی وەرامی بداتەوە جا لەبەرئەمەی ئەندامانی کۆڕی نەتەوە هێشتا هەڵبژاردنیان تەواو نەبووبوو، ناردی بەشوێن دووسەد و پەنجا سەرکردەی بیروباوەڕدا، کە هەموو جۆرە ڕەگەز و ئاینێکی ناو خاکی عوسمانیی ئەگرتەوە، بۆ ئەمەی کۆڕێکی نیشتمانیی گەورە بگرن...

ئەم کۆڕە کە لە دەرگای بڵندا کۆبووەوە ئەو ڕۆژە ١٨/١/١٨٧٧بوو کۆڕەکە خواستەکانی کۆگرەکەی لێک دایەوە و شیکردەوە، دوایی بەگەرموگوڕییەکی نیشتمان پەروەرانەوە، هەمووی بەرپرچ دایەوە یەکێک لەو وتارە بەناو بانگانەی کە لەوێدا دران، ئەو وتارە بوو کە کەشیشێکی گاوردای گوتی:

---

(١) مەبەستی: (معاهدة دولية)

(دەستوور هەموومانی بەبرای یەکتر داناوە بەهیچ کلۆجێک نامانەوێ ڕاسپاردەکانی فەرمانڕەواییە بێگانەکان دەست و پەنجە بخەنە ناو کاروباری ناوخۆییمانەوە.

ئەوانە هیچ مەبەسێکیان، لەم پەنجە گێڕانە نییە، ئەوە نەبێ کە ئاژاوە و شەڕوشۆڕبنێننەوە لە ناو نیشتمانەکەماندا. ئێمە هەرچەندە نەتەوەیەکین، جیاوازیی ئایینی هەیە لەناوەندماندا، بەڵام لە کۆڕی فرۆفێڵدا هەریەک نەتەوەین ئایین بۆ خوایە بام موسڵمان لە مزگەوتی خۆیدا نوێژ بکات، گاوریش لە کڵێسای خۆیدا نوێژ بکات بەڵام نیشتمانەکە هی هەمولایەکمانە ئێمەیش ئامادەین کە هەموو دڵۆپێکی خوێنمان لە پێناو پاراستنی ئەم دەستوورەدا بڕێژین).

(مەدحەت پاشا)یش، گورج بڕیاری کۆڕی نیشتمانی گەورەی نارد بۆ نێرراوانی هەر شەش فەرمانڕەواییەکە ئەوانیش دەست بەجێ لە ۱۸۷۷/۱/۲۰دا ئەستەمبوڵیان بەجێ هێشت مێژوو ناسەکان بەلای ئەوەدا ئەچن، کە مەدحەت نیازی وابووە، نامەکاریی و گفتوگۆ لەگەڵ هەر شەش فەرمانڕەواییەکەدا بکات لە بابەت دەستکاریی کردنی بڕیارەکانیانەوە، تا ئەگەر هەستی پێ کرد، پەیوەندییان ئەپچڕێ، بەیەجگاریی ئەو بڕیارانە پەسەند بکات چونکە ئەو بڕوای وابوو کە ئەو کەینەوبەینەیە بەکۆگرەکەی ئەستەمبوڵ نابڕێتەوە نەشی ئەویست بچێتە شەڕێکەوە لەگەڵ ڕووسیادا، کە ئەنجامەکەی خراپ ئەهاتە پیش چاو بۆ فەرمانڕەوایی عوسمانی، لەبەرکزیی و پارچەپارچەیی نیشتمانەکەی.

بەڵام ڕۆژگار نەیهێشت ئەو کارەی سەربگری چونکە تەنگوچەڵەمەی ناوەند خۆی و خونکار، گەیشتبووە ئەو پەڕی ناخۆشی دەسەڵاتی مەدحەت ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی ئەسەند، چ لەناو خاکی عوسمانیدا، چ لە ناو خاکەکانی دەرەوەدا تاوای لێهات عەبدولحەمید، ناونیشانی بەجارێ کزبوو، دەسەڵاتی نەما کۆمەڵە هاودەم و یاریدەدەرەکانی عەبدولحەمیدیش کە خاقانی هەرە گەورەیان پێ ئەگوت، هەر لە (مەحموود پاشا)وە هەتا (ڕەدیف پاشا) هەتا ئەگاتە (سەعید پاشا) لەگەڵ ئەوانەی تریشدا کە بەدووی کەڵکی نا پوختەی خۆیاندا ئەگەڕان، بۆ ئەمەی لە سایەی زۆرداریییەوە دەوڵەمەندبن، بەهۆی دادپەروەریی مەدحەت و دەس پاکی و بەرەنگارییکردنی مەردانەیەوە بەرامبەر کەڵک پەرستی و بەندوباوی پڕ تاوانیان ئەوانە هەر هەڵێکیان بۆ هەڵ بکەوتایە دڵی خونکاریان پڕ ئەکرد لە ترس و لەرز لە (مەدحەت پاشا) و بیروباوەڕە سامناکەکان، وایان خستبووە مێشکیشیەوە کە مەدحەت نیازی ئاشکراکردنی (فەرمانداریی کۆماریی)ی هەیە بێجگە



لەوە پشم و قینی (ئیگناتییف)ی ڕاسپاردەی ڕووسیش لە (مەدحەت) و ڕەنج و تێکۆشانی بێ برانەوەی بۆ لابردنی (مەدحەت) لە فەرمانداریی عوسمانی لە ئارادابوو چونکە ڕووسیای چار، بەتەنگ ئەوەوەبوو کە فەرمانڕەوایی عوسمانی، هەمووده‌م لە پشێویی و ئاژاوەدا بمێنێتەوە، بۆ ئەمەی ئەوە بکات بەبیانوو بۆ پەنجە خستنە ناو کاروباری ناوخۆیەوە.

سەیر ئەوەبوو، (مەدحەت پاشا)، لەو هەموو گەلە کۆمەکییانەی لێی ئەکرا ئاگادار نەئەبووەوە، کە دووربینییەکی دوا ڕۆژی خۆی بکات، هەر لەپێشەوە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە ئەو بەرامبەرییەی کە پەنا بەرێتەبەر ئەو نەتەوەیەی کە خۆشی ئەویست و کاروکردەوەکانی بەدڵا چووبوو، بۆ ئەمەی بیپارێزێ و پشتی بگرێ لە ڕۆژی تەنگانەدا، خۆ ئەوەیش دیارە کە هەر نەتەوەبوو، کە ببێتە یەکەم پاسەوانی مافی خۆی لە سەربەستی و پێشکەوتندا، لە ئاواتی دوارۆژێکی پڕ ژیانی گەورەیی و ڕێز و کامەرانیدا بەڵام باوکی ئازادیخوازان نوقوم بووبوو لە گێرەوکێشەی بەکارهێنانی دەستووردا، هەر خەریکی بەدیی هێنانی پێڕەوییە چاکەخوازییەکەی بوو، پەیی بەوە ببردایە، ئەو کاروفرمانانە دەستی نەئەبەست لە خەباتکردن، تا بەکامی خۆی ئەگەیشت چونکە ئەو ئازایەتییە بێ هاوتایەی ئەو هەیبوو، ئەو مەردایەتییەی بەوەوەبوو، بەکەسەوە نەبوو، بەوکەسانەوە نەبێ کەهەتا دڵۆپێک خوێنیان لە لەشدا بێ، لە پێناو پاراستنی ڕاستی و دروستی و مافی نەتەوەدا بەرەنگاریی بکەن.

(مەدحەت) ئەیگوت:

(ئەو ڕەنج و کوێرەوەرییەی لە ڕۆژی چوونە سەر تەختی خونکار مرادەوە تووشی من بوو، لە وزەی توانای مرۆڤ بەدەربوو منیش ئەمگوت ژیانم هی خۆم نییە هی نەتەوەکەمە نیشتمان کەوتۆتە تەنگ و چەڵەمە و سەرگەردانیی ناوخۆ و دەرەوە، پشتی بەرنادەم، پێویستە لە چنگی ئەو دڕندانە ڕزگاری بکەم).

جا لەسەر ئەم ڕێگەیە ئەڕۆیشت، لە خەباتکردن و خۆ بەخت کردندا، لە خۆ نەویستندا ئەوەیشی ئەزانی، کە ئەو ڕەوشتەی، بەتەواوەتی و پێچەوانەی ئارەزووی خونکارە بەڵام ئەو لەوە چاوی نەئەترسا لەوە ئەترسا کە دەروون و دڵوهۆشی خۆی سەرزەنشتی بکەن.

لە پێڕەوییەکەیدا ئەوەی دانابوو، کە گاورەکان لە لەشکردا بن و بکرێن بەسەرباز لەوەپێش وانەبوو. ئەوساکە نەیان ئەهێشت بکرێن بەسەرباز کە لەسەر نیشامانەکەی

خۆیان بکەنەوە، یاخود بکرێن بەفەرمانبەر لە فەرمانڕەواییدا، وەک هاونیشتمانییەکانی تر نامەیەکی نارد بۆ خونکار، لێی خواست ڕێگابدات شاگردە گاورەکانیش لە خوێندنگاکانی سەربازییدا وەربگرێن پاش ئەوە، نامەیەکی تریشی بۆ نارد، پێشنیازی پێشان دابوو کە بۆ هەندێ لە خاکەکانی عوسمانی سەرداری گاور دابنرێن.

بەڵام عەبدولحەمید، هەردوو نامەکەی پشت گوێ خست، وەرامی لەسەر نەدانەوە وایش ڕێککەوت، کە هەر لەو ڕۆژانەدا کە مەدحەت پاشا چاوەڕوانی وەرامی نامەکانی خۆی ئەکرد لە خونکارەوە، وەزیری سامان (عەدوڵڵا غالب پاشا)، چەند هەزار لیرەیەکی خستە سەر مووچەکانی کۆشکی خونکار، بێ ئەمەی پرسێک بەمەدحەت پاشا بکات.

کە مەدحەت پاشایش دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەی کردەوەکانی ئەم وەزیرە، گەلێک کەتن و تاوانی لێ دۆزییەوە کە لەوەوە ڕوویان دابوو ئەویش نەیکردە نامەردیی لە فەرمان دەستی کێشایەوە!. بەڵام (عەبدوڵڵا غالب پاشا) خۆشەویستی خونکاربوو، زۆر لە خونکار نزیک بووبووەوە لەبەر ئەوە خونکار خەریکی ئەوەبوو بیکات بەسەرۆکی کۆڕی ڕیش سپییان[1] کە خەریک بوو تازە بکرێتەوە مەدحەت پاشا بەهێز و هەرەتەوە بەرەنگاریی خونکاری کرد، کە ئەو جۆرە پیاوە بخاتە فرمانێکی وا گەورەوە ئەیگوت: پێویستە لە پێش هەموو شتێکا، لەسەر کردەوەکانی پێشووی چەندوچوونی لەگەڵدا بکرێ و بەپێی ئەنجام بڕیاری بەسەردا بدرێ لەو بارەیەوە نامەیەکی نارد بۆ خونکار ئەم نامەیەش وەک هەردوو نامەکەی تری بێ وەرام مایەوە.

جا ئەبێ مەدحەت پاشا لەم تەنگوچەڵەمەیەدا چیی کردبێ؟

زۆرەملێی کرد، کە هەر سێ خواستەکەی جێبەجێ بکری چونکە ئەوەی ئەزانی، کە ئەگەر لە خواستێک لەو خواستانەدا کۆڵ بدات و خۆی بۆ خونکار شل بکات، پاشان زۆری تریشی بۆ ناچێتە سەر دووبارە نووسییەوە بۆ خونکار کە خواستەکانی جێبەجێ بکات ئەمجارەیش خونکار وەرامی نەدایەوە ئیتر ئەویشس نامە بەناو بانگەکەی خۆی بۆ نارد، کە لەوەتی فەرمانڕەوایی عوسمانی هەبووە، هیچ وەزیرێک نامەی وای بۆ خونکار ڕەوانە نەکردبوو: مەدحەت پاشا، لە ڕۆژی ١٨/١/١٨٧٧دا، لە نامەکەیدا ئەمەی بۆ نوسیبوو:

(خۆیشتان ئەوە ئەزانن، کە مەبەسی ئێمە لە دانانی دەستوور و ئاشکراکردنی دەستوور، ئەوەبوو کە فەرمانداریی بەرەڵڵا لە ناودا نەهێڵین خاوەن شکویشتان ئاگادار بکەین لە

(١) بەمانای: (مجلس الشیوخ، مجلس الأعیان)



فرمانی خۆتان، دەسەڵاتی وەزیرەکانیش سنووریان بۆ دابنێین، هەروەها یەکسانییەکی تەواویش پێک بهێنین لە ناو هەموو دانیشتوانی خاکەکانی عوسمانیدا، پاشان هەموومان پێکەوە دەست بدەینە چاککردن و ڕاستکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی کاروباری نیشتمانەکەمان.

ئەو فەرمانەیش کە ئێوە لەم ڕۆژانەدا دەرتان کردووە، تەنانەت لەپاش برانەوەی تەنگوچەڵەمەکانی ئەم دەمەیش، هەر فەرمانڕەوا ئەبێت بەپێچەوانەی ئەو فەرمانانە ئەبێت کە لەسی ساڵ لەمەو پێشەوە دەرکراون و هێشتا نەهێنراونەتە جێ. ئێمە لە ئاشکراکردنی دەستوور، مەبەستمان هەر ئەوە نەبووە کە کەینەوبەینەی ڕۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بێ چارەبکەین یاخود لەبەر چاوی ئەوروپاییەکان، خۆ نواندنێکی وا بکەین، کە دەمی دوژمنایەتییانی پێ ببەستین.

تکایە خاوەن شکۆتان ڕێم بدەن، کە لەم ڕووەوە هەندێ شت ڕوون بکەمەوە:

لە پێش هەموو شتێکا پێویستە خاوەن شکۆتان، فرمانی خونکاریی خۆتان بزانن ئەویش بۆ ئەمەی لە دەست ئەو دەردی پشی پشی کردنە کاریگەرە ڕزگارمان بێ،کە نەتەوەکەمانی لە چوارسەد ساڵ لەمەو پێشەوە فێری بەدخویی کردووە، نیشتماکەیشمانی خستۆتە خوارترین پلەی کزیی و سەرگەردانییەوە من بەرامبەر خاوەن شکۆتان هەموو ڕێزێکم لە دڵایە، بەڵام ئەم ڕێزگرتنە پەکی ئەوەم ناخات کە لەسەر بچووک ترین کاروباری زیانبەخش بەنیشتمانەکەم، بەرامبەریتان بکەم چونکە هەر وەک خۆتان ئەزانن، ئۆباڵی ئەستۆم یەجگار گەورەیە منیش لە دەروونی خۆم ئەترسم.

تکایە خاوەن شکۆهتان هیچ گونانێک نەبات لەم ڕاستییانەی کە بۆتانی دەرئەخەم چونکە ئەبێ عوسمانییەکان، هێزو توانای ئەوەیان هەبێ، کە بەدەستی خۆیان کاروباری خۆیان بکەن و ڕاستی بکەنەوە.

ئاخۆ ئەزانن واتای یاساچیە لە ناو نەتەوە دەستوورییەکاندا؟ وەرامی ئەم پرسە زۆر بەئاسانی ئەدرێتەوە لێک دانەوە و ڕۆشنکردنەوەی ناوێ ئەویش ئەوەتا: کە بڕواتان بەمن و بەپیاوەکانی تری نەتەوە هەبێ.

گەورەی خۆم! نۆ ڕۆژی خشتی بەسەرا چووە، کە پێشنیازەکانی منتان وەرگرتووە و خستووتانەتە پشت گوێ من ئێوەم وادێتە پێش چاو، کە ئەو یاسایانەتان ناوێ، کە ئەوەندەی کەلوپەلی کرێکار بۆ فرمانەکەی پێویستە، ئەوەندەیش ئەوانە بۆ کاروباری

گشتی پێویستێ هیچ فرمانێکیش بێ کەلوپەلی فرمان پێک نایەت تکایە بم بەخشن کە بلێم: ئێوە بەم کردەوەیەتان، دەست ئەکەن بەڕووخاندنی فرمانڕەواییەکە، کە ئێمە لەم کاتەدا خەریکین دروستی ئەکەینەوە خۆ ئەگەر ئەیشتانەوێ، لەبەر ئەم هۆیانە، دەستی من لە فرمان بکێشنەوە، تکایە جڵەوی کاروباری گشتی بەکەسێکی وا بدەن، کە بەدڵی خاوەن شکۆهتان بجولێتەوە. بەڵکو ئەو بتوانێ فەرمانڕەواییەکە، لەم قوڕەی ئێستا تێی کەوتووە، دەری بهێنێ).

بێ گومان مەدحەت پاشا، لە ناردنی ئەم نامەیەیدا بۆ خونکار عەبدولحەمید، تووڕەیی خۆی نوواند بەڵکو هەڵەشەیی کرد چونکە خۆی ئامادە نەکردبوو بۆ بەرامبەریی کردنی ئەو ئەنجامانەی کە چاوەڕوان ئەکرا لێوەی پەیدابێ بەلام ئەوەیش دیارە کە مەبەسی لە ناردنی نامەکە، هوروژم بردنە سەری نەبوو، هەروەها قین هەڵساندنیشی نەبوو بەلام چ خونکارێک بەوە ڕەوشی چاککراوە، کە دڵنیا کرابێت یاخود سەر زەنشت کرابێت؟ دوورنییە مەدحەت پاشا، ئەو نامەیەی لە جیاتی خۆکێشانەوە لە فرمان دانابێ کە لە دوای ئەوە واز لە فەرمانداریی بهێنێ و بگەڕێتەوە سەر پێشەواییکردنی ئەوانەی بەرەنگاری زۆرداریی ئەبن و دەستوور ئەپارێزن بەلام مێژوو تۆماری کردووە کە عەبدولحەمید لەو زۆرزانتر بووە، چونکە تا شوێن پێی خۆی قایم نەکردایە، هەنگاوی تری نەئەنا هەروەها بەو جۆرەیش جولایەوە، کە دەستی خۆی وەشاند لە مەدحەت پاشای خاوەن دەستوور کە نامەکەی مەدحەت پاشای وەرگرت، دەمودەست، بیانووی دۆزییەوە لە هەموو ئەو سەرکردانەی کە سەر بەمەدحەت پاشابوون، هەموویانی لە پایتەخت دوورخستەوە سەرەتای ئەوانە: (سلێمان پاشا) بوو، کە دۆستێکی هەرە دڵسۆزی مەدحەت پاشا بوو لەوەیش دڵنیابوو کە لە شکرەکەی ئەستەمبوڵ دڵسۆز بوو بۆ (ڕەدیف پاشا)ی دوژمنی هەرە گەورەی لە شەوی ٢٤/١/١٨٧٧دا فەرمانی پێدا، سەربازەکانی، پۆل پۆل دابەش بکات بەسەر چەقی ڕێگاکان و دەرکی شەقامەکان و ساختمانە گشتییەکاندا هەموو شتێکی واقایم گرتبوو، ئەتگوت نیشتمانەکە ها ئێستا، ها کاتێکی تر هەڵگێڕو وەرگێڕ بکرێ پاشان (سەعید پاشای ئینگلیزی)ی ناردە کن (سنگی هەرە گەورە)، نەوازشی شاهانەی پێ گەیاند، پێی گوت خونکار هەموو پێش نیازەکانی ئەوی پێ باشە و پەسەندی کردوون داوای کرد لەگەڵیا بچێ بۆلای عەبدولحەمید، مەدحەت پاشا هیچ لەوە دوودڵ نەبوو دەمودەست هەستاو لەگەڵ (سەعید پاشا)دا چووە ناو گالیسکەیەکەوە کە بردنی بۆ کۆشکی خونکار.



کە گەیشتنە ئەوێ، کەمۆڵێک لە ئەفسەرەکانی عەبدولحەمید. چوارلایان لێ گرت و (سەعید پاشا) پێی گوت تۆ دەستت لە فرمان کێشراوەتەوە.

ئەویش ئەو دەنگەی بەدڵێکی مەردانە و کەم تەرخەمییەکەوە وەرگرت هەر ئەوەندەی گوت: (خوا یارمەتی نیشمانەکەم بدات!)

پاشان (سەعید پاشا) لەوەی ئاگادارکرد کەدوور ئەخرێتەوە بۆ ئەوروپا کە مەدحەت پاشایش هۆی دوورخستنەوەکەی خۆی لێ پرسی، چووچاوی بەخونکار کەوت و گەڕایەوە و پێی گوت: بەندی ١١٣ی یاسای بنچینەیی، دەسەلاتی داوە بەخونکار کە هەرکەسێ، کارگێڕی باڵباز لە بونیا مەترسی بکات، کە ئەبێ بەهۆی تێک دانی ئاسایش و ئارامی گشتی، خونکار ئەتوانێ لە خاکی عوسمانی دووری بخاتەوە.

(عومەر فەوزی پاشا)ی کارگێڕی باڵبازیش، بەمۆری خۆیەوە دوو نامەی نووسیوە بۆ خاوەن شکۆ، ئەو سامناکییەی تیا پێشان داوە ئنجا کە (سعید پاشا) هەردوو نامەکەی پێشاندا، لە یەکێکیاندا نووسرابوو: یەکێک لە سەرەتاتکێکەرەکان لە ئەفسەرێکی بیستوە، بەهاوڕێیەکی خۆی گوتووە لە یەکێک لە چایخانەکاندا: مەدحەت پاشا بەم زوانە فەرمانداریی کۆماریی ئاشکرا ئەکات لە خاکی عوسمانیدا، خۆیشی ئەبێ بەسەرۆک کۆمار مەدحەت پاشا نامەکەی تری نەخوێندەوە بەزەردەخەنەیەکی وشکەوە گوتی: (نیشتمانە کلۆڵەکەم وەک نەخۆشێک وایە، شارەزاترین پزیشکی هاتبێتە سەر، دەرمانیشیان کردبێ، لەوەدابێ ئیمرۆ، سبەینێ چاک ببێتەوە، بەلام دوژمنێک بەدزییەوە ژەهری دەرخوارددابێ لە ناو دەرماندا و بەکوشتی دابێ).

ئیتر ئەوەی گوت و هەستا بڕوات بۆ دەربەدەرییەکەی (سەعید پاشا)یش لەوکاتەدا هاتەوە ژوورێ و نەوازشی خونکاری پێ گەیاند، پێی گوت: (خاوەن شکۆ بەڵێنت ئەداتێ، کە زوو بەزوو ئەتگەڕێنێتەوە ئەستەمبوڵ) ئەویش وەرامی دایەوە پێی گوت: (داخەکەم، تا ئەگەڕێمەوە خونکار لەم کۆشکانەدا نامێنێ تا ببینم!). ئنجا (سەعید پاشا) پێنج سەد لیرەی خستە بەردەمی گوتی: (ئەمیشس دیاریی خاوەن شکۆی گەورەمان وەری گرن بۆ بەختکردنی لە ڕێگای کۆچەکەتاندا).

مەدحەت پاشا، پارەکەی لێ وەرنەگرت، پێی گوت: (من لەو بەندانەنیم کە پێویستم بە بەخشیشی گەورەکەمان بێ بام ئەم پارەیە لە گەنجینەی موسڵمانەکاندا بمێنێتەوە!).

پاشان دەمودەست بردیانە کەشتییەکەوە کە ناوی (عزەدین) بوو. پۆلێک لە

سەربازەکانی چەرکەسەکان چوارلایان گرتبوو، (نەسرەت پاشا) سەرپەرشتی ئەکردن نەیان هێشت چاوی بەخاو و خێزانەکەی بکەوێ، یان بزانێ بۆ کوێی ئەنێرن، دەمودەست لەو کەشتییەدا ڕەوانەیان کرد لەو کاتەدا کە کەشتییەکە، دەریاکەی ئەبڕیی. خونکار عەبدولحەمید (أدهم پاشا)ی بانگ کردە کۆشک، پایەی سەرۆک وەزیریی پێ بەخشی لە بەیانیی ڕۆژی دواییدا، فەرمانی دامەزرانەکەی دەرکرا.

چ لە ئەستەمبوڵدا، چ لە خاکەکانی تری عوسمانیدا، بەدەربەدەرکردنی مەدحەت پاشا دڵگیربوون و کردیانە مقۆمقۆ ئازادیی خوازە دەستووریەکانیش، تۆقین لەترسی زەبروزەنگی سەرکردەی لەشکر نەیان وێرا هیچ کارێکی دوژمنانە بکەن بەرامبەر خونکار.

لەگەڵ ئەوەشا، کە زۆر مەترسییان هەبوو، لە پاراستنی ئەو دەستوورەی کە پێشەواکەیان، لەپاش ڕەنج و کوێرەوەرییەکی زۆر بۆی ئاشکرا کرا، بەڵام چونکە ڕێکوپێک خستنێکی فرۆفێڵانەیان نەبوو، هەروەها هۆگرییەکی تەواویشیان نەبوو پێکەوە کە پشت ئەستوور ئەبن لە یەکتری، هیچیان بۆ نەکرا.

(مابین)یش وای بڵاوکردەوە، کەلەکن مەدحەت پاشا چەند قاقەزێکی وا گیراوە کە ناپاکیی دەرئەخەن، لەبەر ئەوە دەستی لە فرمان کێشایەوە و لە خاکی عوسمانی دووری خستەوە فەرمانی دایە ڕۆژنامەکانیش بنووسن مەدحەت پاشا خەریکی گەلە کۆمەکێیەک بوو، بۆ لە ناوبردنی خێزانی خونکاریی[١] بۆ گۆڕینی فەرمانڕەوایی عوسمانی و کردنی بەکۆماریی، بۆ کردنی خۆیشی بەسەرەک کۆمار، دانیشتوانی خاکی عوسمانی ئەو دەمەیش، هێشتا ڕانەهاتبوون بەخوێندنەوەی (چاووڕاو و درۆی فەرمانڕەوایی)یەوە، لەبەر ئەوە بوون بەدووبەشەوە هەندێکیان بڕوایان بەوقسانە کرد، هەندێکیشیان بڕوایان پێ نەکرد هەندێکیان پشتیوانییان کرد، هەندێکیشیان بەدرۆیان خستەوە بەڵام ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەوروپا، ڕاستیی کەینەوبەینەکەیان دەرخست ئەیانگوت: خونکار لە بیروباوەڕی مەدحەت ترسا، بۆیەکا دووری خستەوە. ئەویش بۆ ئەمەی، کە خۆی بەئارەزووی خۆی دەست درێژیی و زۆروستەم بکات ئیتر ئەو دەنگە لە خاکی عوسمانیدا بڵاوبووەوە. وایان گێڕایەوە، کە کاتێ (مسیۆتییر)ی سەرۆک کۆماری فەرەنسە، دەنگی لابردنی مەدحەت پاشا و دوورخستنەوەکەی بیستبوو، بەهاوڕێکانی خۆی گوتبوو:

(ئەو کەسەی خونکاری خستۆتە سەر ئەم فاکوفیکە، گەورەترین دوژمنی تورکیایە).

(١) وەیان: بنەماڵەی پاشایەتی (خەلیفایەتی) عوسمانی.



(ڤیکتۆریا)ی شاژنی ئینگلیزیش گوتبووی: (وادیارە تورکەکان خەریکن خۆیان بکوژن).

(فرانسوا جۆزیف[١])ی شاهەنشاهی (نەمسە)یشس گوتبووی: (ئای نەتەوەی تورک، چەند دوورن لە چاککردن و ڕاستکردنەوەی کاروباری گشتییانەوە!).

بەڵام چاری ڕووسیا، نیشانێکی بەخشی بە(سەرکردە ئیگناتییف) پاشان ئەوەی هەڵوەشاندەوە، لەسەر ئامۆژگاریی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا هەر بەوەندە وازی هێنا کە دیارییەکی شاهانەی پێشکەش بکات.

ئیتر لەوەوە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا، دەستیان کردەوە، بەهورووژم بردنە سەر فەرمانڕەوایی عوسمانی، پەنجەیان ئەکێشا بۆ ڕزگارکردنی کەمایەتییە گاورەکان، کە بەشێکی زۆر پێویستیان دائەنا توانج و پلاریشیان ئەگرتە گاڵتەو گەپی ئەو دەستوورەی کە بەو جۆرە سەرگەردانییەوە دوایی هات ئەمانە هەموویان، کاریان کردە سەر بازاڕەکانی جیهان.

خاوەن سامانەکان، بڕوایان کزبوو بەتورکیا، ئەوەندە پشتیان پێ نەئەبەست نرخی دراوەکانی یەجگار هاتە خوارەوە خاوەن قەواڵەکانی دەستیاوی عوسمانیش هورووژمیان بردە سەر فەرمانڕەواییەکانی خۆیان، داوای ئەوەیان لێ ئەکردن کە دەستیاوەکانیان لە فەرمانڕەوایی عوسمانی بۆ بسێننەوە بۆ ئەو مەبەسەیش (دەزگای دەستیاوی گشتی) لە فەرمانڕەوایی عوسمانیدا دابمەزرێنن.

## لە دەربەدەرێتیدا

سەرۆک وەزیرێتیی مەدحەت پاشا، لەسەردەمی عەبدولحەمیددا هەر ٤٨ ڕۆژی خایاند لە ڕۆژی ١٨٧٧/١/٢٤دا لە فرمانەکەی دەستی کێشرایەوە و، لە نیشتمانەکەیشی دەربەدەرکرا[٢] ئەو ساکە تەمەنی، هێشتا، پەنجاوپێنج ساڵ بوو لەو ڕۆژەوە تا شەش ساڵ، خۆ بەختکردنی مەدحەت پاشا نەبڕایەوە. بەڵام نەتەوەی تورک مەدحەت پاشای لە بیرنەچووەوە لەپاش دەربەدەرییەکەی ئەو، بەمانگ و نیوێک، لە ڕۆژی ١٨٧٧/٣/٤دا، کە ڕۆژی کردنەوەی یەکەم کۆڕی نەتەوەی عوسمانی بوو، ئاگری نیشتمان پەروەریی

(١) فرانسوا جۆزیف ١٨٣٠- ١٩١٦ لە دایکبووی وییەننایە، لە ١٨٤٨دا ئیمپراتۆری نەمساو مەلیکی هەنگاریا بوو، لە ١٨٥٩دا شەڕی نێوان نەمساو ئیتالیای کرد و بەرامبەر فەرەنسا وەستایەوە و دژی پروسیاش لە ١٨٦٦دا جەنگا، لە ١٨٦٧دا هەنگاریای لێ جیابۆوە. بەشەڕی جیهانی یەکەمیشدا گەیی (١٩١٤- ١٩١٨).

(٢) مامۆستا ئەم زاراوەیەی بەرامبەری (نفی = دورخستنەوە) داناوە.

بەربووە دڵی کۆمەڵێکی گەورە لە شاگردانی خوێندنگاو خوێندەوارەکان، لەبەر نەبوونیی مەدحەت پاشا لە کاتی کردنەوەی ئەو کۆڕەدا، کەچی خاوەنی هونەر و مەردایەتیی هەرە گەورەبوو لە دامەزراندنیا، کە دییان لەو ڕۆژەدا ئەو دیارنییە و لە دەربەدەرییدایە، بەزەییان بەویش و بەخۆیشیان داهاتەوە، بانگیان ڕاهێشت کە لە ڕۆژی دواییدا خۆپیشاندانێک بکەن لە کات و جێگەی دیاردیی کراوا، بۆ ڕۆژی دوایی، لە چەند جێگاو مزگەوتێکدا، بەگەلەیەک هاونیشتمانەکانەوە کۆبوونەوە پاشان هەموویان لە یەک کاتدا، لە یەک جێگەدا کۆبوونەوە، ئنجا ڕوویان کردە کۆشکی عەبدولحەمید کە یاریدەدەرەکەی عەبدولحەمید، گەیشتە لایان بۆ زانینی ئەو کارەساتە، پێیان گوت، نەتەوە لە فەرمانڕەوایی تازە ڕقی هەڵساوە و حەزیشی لێ ناکات.

تکایش لە خونکار ئەکات کە مەدحەت پاشا لە دەربەدەرییەکەی بهێنێتەوە ئەستەمبوڵ و جڵەوی فەرمانداریشی بداتەوە دەست سەرکردەی لەشکریش کە (ڕەدیف پاشا)یە، لەگەڵ (مەحموود پاشا)ی زاوایدا، لە فەرمان دەستیان بکێشێتەوە، و لە خاکی عوسمانیش دووریان بخاتەوە.

یەک لەو پیاوە پیرانەی کە لە خۆپیشاندانەکەدا بوون، گوتی: ئەگەر خونکار ئەم خواستانەی نەتەوەیە جێبەجێ نەکات، پیاوە ئایینییەکان مزگەوتەکانیان دائەخەن و ناوی (جێنشین)یش، خونکار، لە وتاری هەینیدا ناهێنن.

یاریدەدەرەکەیش ئەم قسانەی گەیاند بەخونکار پاشان هاتەوە لایان، پێی گوتن: خونکار بەڵێنیدا کە لە خواستەکانیان بکۆڵێتەوە و بشیان هێنێتە دیی. خۆ پیشاندەرەکانیان، دڵیان خۆش بوو بڵاوەیان لێ کرد.

بەڵام زۆری پێ نەچوو کە خۆپیشان دەرەکان بڵاوەیان لێ کردبوو، نیوەی شاگردەکانی (خوێندنگای جەنگ) گیران فەرمانیش درا، کە ئەم خوێندنگایە بگوێزرێتەوە بۆ (ئەردنە) (تەماشاکەری گشتی باڵبازی گەڕۆکیش) لە فرمانەکەی دەرهێنرا. ژمارەیەکی زۆریش لەوانەی کە سەر بە مەدحەت پاشابوون، بێ ئەمەی تەماشای ئەوە کرابێ کە لە خۆپیشاندانەکەدا بووبن، یاخود نەبووبن، هەمووو دەربەدەرکران.

لەگەڵ ئەم هەمەوو زەبروزەنگەیشدا، نەیانتوانی خۆشەویستیی پاڵەوانی دەستوور و پێغەمبەری سەربەستی لە دڵی شاگردەکان بکەنە دەرەوە ڕۆژێکیان ناوی شاگردەکانی خوێندنگای جەنگ ئەخوێندرایەوە بۆ ئەمەی بزانرێ کێ دیارە و کێ دیارنییە، کەچی لە دواییدا لە باتی ئەمەی بڵێن: بژی خاوەن شکۆ، خونکار!



گوتیان: بژی مەدحەت پاشا! ئەمە عەبدولحەمیدی تۆقاند فەرمانیدا، بەووردیی لەم کارەساتە بکۆڵنەوە جەزرەبەیەکی باشیش بەوشاگردە سەرکێشانە بگەیێنن ئەوکاتە لە ئەستەمبوڵدا بیست هەزار شاگردی زانست هەبوو، کە لە مزگەوتەکاندا ئەیان خوێند ژمارەیەکی زۆر لەو شاگردانە و لە شاگردەکانی خوێندنگای جەنگ، لە ناو کەشتییەکدا کە ناوی (عسیر)بوو، ڕەوانە کران بۆ بەندیخانەی (عکا).

ناوی مەدحەت پاشا، لە تورکیادا، وەک نیشانەیەکی ئازادیی و سەربەستی و خۆبەختکردن لە پێناویاندا هەرمایەوە لەوکاتانەدا کە شاگردەکان و خەباتکەرە نیشتمان پەروەرەکان و خاوەن بیرە ئازادیخوازەکان ئەنێررانە بەندیخانەکان و جێی دەربەدەریی، یاخود بۆ کوشتن ڕاپێچ ئەکران ئەوانە هەمووویان بەدەنگێکی بەرزەوە ژیانی مەدحەت پاشایان داوائەکرد.

هەروەها خونکاریش، هەرچەند شۆڕشێک بەرپا ببوایە لە خاکی عوسمانیدا، یان بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە پەیدابىوایە یاخود دەنگێک بەرزببوایەتەوە، داوای ئازادیی بکات، دەمودەست جنێوی ئەدا بەمەدحەت پاشا، (ئەو تاوانبارەی کە ڕێگای لە هەمووان تێک ئەدا و لە خشتەی ئەبردن و بۆ ئەنجامی خراپی کێش ئەکردن!)

هەروەها مەدحەت پاشا، نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی لە بیرنەچووەوە هەمودەم بیری لەوە ئەکردەوە کە بەکەڵکیان بێت و لە پێناویاندا خۆی بەخت بکات ئەو کەشتییەی ئەیبرد بۆ جێگای ئاوارەیی، لە شاری (ناپۆلی)دا دایبەزاند، لەوێدا مانگێک مایەوە پاشان چووە (ئیسپانیا) لەویشدا دوومانگی ڕابوارد لەوێشەوە چووە (پاریس)، پاشان چووە (لەندەن) ماوەیەکی درێژ تیامایەوە ئەو فەرمانڕەواییەی کە هاتبووە جێگای فەرمانڕەواییەکەی ئەو، وازی لەو چاککردن و ڕاستکردنەوانە هێنا کە مەدحەت بڕیاری لەسەر دابوو هەر فەرمانبەرێکیش ئەو داینابوون، لە فرمان دەستیان کێشانەوە ئیتر لەو ساوە پشێویی و شۆڕش کەوتە خاکەکانی (باڵکان)ەوە ڕووسیای چاریش، ئەوەی کرد بەبیانوو، لەگەڵ فەرمانڕەوایی عوسمانیدا شەڕی هەڵگیرساند و لەلای ڕووباری (تونە)[1] وە هوروژمی بردە سەری باوکی ئازادیی خوازانیش، هەرچەندە لە جێگای دەربەدەریی دابوو، بەڵام کە بیستییەوە نیشتمانەکەی تووشی شەڕکراوە، خۆی پێ نەگیرا،

(١)ڕووباری (دانوب- الطونە) ڕووبارێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئاڵمانەوە دێت و بەزۆرترین وڵاتانی بەڵکاندا تێدەپەڕێ تا دەڕژێتە دەریاری ڕەشەوە، بۆ هاتوچۆی ئاویی بەکاردێ. لەمەوبەر باسکراوە.

ورووژاو و تووڕەیش بوو دەستی کرد بەچاوپێکەوتنی پیاوە گەورەکانی فەرەنسە و ئینگلیز، داوای یارمەتیدانی لێ ئەکردن بۆ تورکیا پاشان هەر بۆ ئەو مەبەسە چووە (نەمسە) بەڵام کە سەرنجیدا، پەڵەی دەربەدەریی کردنەکەی تەگەرەی ئەدا لە گەیشتن بەئامانجەکەی هەر لەوێوە تەلگرافێکی نارد بۆ (مابین) تیا نووسیبوو: (ئەوەندەی لە خاکی ئینگلیزدا مامەوە تێکۆشام بۆ ئەوەی فەرمانڕەواییەکەمان و فەرمان دارییەکەمان کەڵک وەرگرن و سەریان بەرز ببێتەوە، خۆم خەریک کرد لەگەڵیاندا، کەبیان خەمە سەر ئەوەی پەیماننامەیەکی ئاشتی ببەستن لەگەڵ فەرمانڕەوایی عوسمانیدا، بۆ ئەمەی خۆی و گەورەیی لە دەست نەچێ شانازیی ئەکەم بەوەوە کە لەوەدا تا ئەندازەیەک سەرکەوتووم).

پاش ئەوە تەلگرافێکی تریشی بۆ ناردن، تیا نووسیبوو: (من ئێستا لە ڤییانەم... هەر لەو ڕێگایەوە کۆشش ئەکەم کە بۆم نووسیبوون... هیوام وایە، ئاگادارم بکەن لەو شتانەی کە چاکەی نەتەوەی تیایە بۆ ئەمەی بەهۆی ئەوەوە بگەم بەئامانجی تاقانەم.

ژیانی خۆم تەرخان کردووە بۆ ئەمەی فەرمانڕەوایی لەم تەنگوچەڵەمەیە ڕزگار بکەم هەرچیم لێ بخوازرێ ئامادەم بەجێی بهێنم هەر چاکەی نیشتمانیشە کە ناچارم ئەکات بەوە).

ئەوەندەی پێ نەچوو لە (سەعید پاشا)وە نامەیەکی وەرگرت، تیانووسیبوو کە خونکاری دیوە و ناوی ئەوی لاهێناوە ئەویش پرسیوێتی چۆنە و چۆن ئەژی.

ئەویش وەرامی داوەتەوە، کە لە بارێکی سەرگەردانیدا ئەژیی، لەم شارەوە ئەچێت بۆ ئەوشار، بەدەستیاو گوزەران ئەکات دڵ ناسکی خونکار لەوەدا دەرکەوت، گریاو گوتی: (هەزار لیرەی بۆ بنێرن)! لە بڕانەوەی نامەکەیدا بۆ مەدحەت ئەنووسێ کە سوپاسی خونکار بکات و لێیشی بپاڕێتەوە کە بیبەخشێ.

ئەم نامەیە قینی مەدحەت پاشای هەڵساند و تووڕەی کرد بەنامەیەک وەرامی دایەوە، تیانووسیبوو (ئێوە منتان وا پێشان داوە لای خونکار، کە کابرایەکی سەرگەردان و هەناسە ساردم، لەم شارەوە ئەچم بۆ ئەو شار بۆ ئەمەی ئەو بەزەیی پیاما بێتەوە ئەو پێشاندانەیش بۆ پیاوێک ئەکرێ کە گەڕۆگ و بێ هۆش بێ نەک بۆ پیاوێکی وەکو من کە ئەوەی لە دەستی هات کردی و سەرۆک وەزیرێتییەکی تەواوی کرد منیش هەروەکو بەخونکارتان گوتووە لەبەر هەژاریی و ژیانی خۆم دەهەزار فرەنکم لە گاورێکی شاری (ناپۆلی) بەدەستیاو وەرگرتووە ئەوەم تەواوکردووە وا خەریکیشم دەستیاوێکیتر وەربگرم، بۆ ئەمەی خێزانەکەمی پێ بژێنم لە ئەستەمبوڵدا.



بەڵام من بەوەوە شانازیی ئەکەم، بەڕووتی لە دایک بووم، بەڕووتیشەوە ئەمرم من کوڕی (حاجی أشرف أفندی)شم کە چاکترین باوانە[1] لەگەڵ ئەوەشا، باوانی من کەسی نییە خوا نەبێ هەموو سامانێکیشم هەر ئەوەیە کە پەیمانم بەو داوە، تا ئەمێنم لە ڕاستی بەولاوە هیچی تر نەڵێم بام ئەو ڕاستی گوتنەیش بمخاتە تەنگانەوە.

وەک ئێستا تێی کەوتووم چ گوناهێکم کردووە تا بەخشین لە خونکار داوا بکەم؟ هەموو گوناهم ئەوەیە کە تێکۆشام لەدوای (عەبدولعەزیز)، (خونکار مراد) لەسەر تەخت دانێم کە ئەویش نەخۆش کەوت، تێکۆشام، خونکار (عەبدولحەمید) لە جێی دابنیشێ لەگەڵ چوونە سەرتەختی ئەویشدا، دەستوور ئاشکراکرا و پێڕەوییەک بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی کاروباری فەرمانڕەوایی دانرا لەوسایشەوە کە لە ئەستەمبوڵ دەربەدەربووم، تا ئێستا من هەر بیرلەوە ئەکەمەوە کە فەرمانڕەوایی چۆن لەم تەنگوچەڵەمەیەی تێی کەوتووە ڕزگار بکرێ من بیر لەخۆم ناکەمەوە لەمەدا چی هەیە کە داوای بەخشین لەو بکەم؟).

لەپاش چەند ڕۆژێک لەشکری ڕووس، (بلونە)ی داگیرکرد زۆرکەسی واهەبوو ئەیگوت، زۆری پێ ناچێ ئەگاتە (ئەستەمبوڵ)یش مەدحەت پاشا، سەرلەنوێ دەستی کردەوە بەتێکۆشان، لای گەلێک لە فەرمانڕەواییە بێگانەکان، بۆ ئەمەی لەسەر خاکەکەی خۆی بکاتەوە پاشان گەڕایەوە (لەندەن) ئنجا کە سەرنجیدا وا فەرمانڕەواییەکان خەریکن (پەیماننامەی بەرلین) ببەستن، بۆ ڕاستکردنەوەی پەیماننامەی (سان ئیستیڤانۆ)، دەماری مەردایەتیی جارێکی تریش[2] بزووتەوە، نامەیەکی نووسی بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی

(١) باوان: مەبەستی (بنەماڵە، خانەوادە، خانەدان)ە.

(٢) پەیماننامەی (سان ستیفانۆ– Sanstifano): گێرمە و کێشەی بەریتانیا لەگەڵ ڕووسیا و نەمسادا زۆرتری لەسەر دەوڵەتی عوسمانی و ئەو وڵاتانەبوو کە لە بەڵکاندا ئیدارەی دەکردن و لێی هەستابوون؛ ڕووسیا زۆر بەتوندی پشتگیری دەکردن بۆ جیابوونەوەیان لە عوسمانییەکان، ئینگلیزیش لەبەر بەرژەوەندیە ئابووریەکانی خۆی بارەکەی بەلای عوسمانییەکاندا دادەشکاندەوە، تا ساڵی ١٨٧٧ کاتێ ڕووسیا ویستی بەزەبری شەڕ و لەشکرکێشی چارەی مەسەلەکە بکا و لە ماوەی ساڵێکدا توانی سەرکەوتن دوای سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و دواجار سوڵتانی عوسمانی ناچار بکات کە پەیماننامەی سان ستیفانۆ لەگەڵ قەیسەری ڕووس مۆر بکات بەپێی ئەمە دانی نا بەسەربەخۆیی (سربیا و کێوەڕەش و ڕۆمانیا)دا، بولگاریاش بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕووی ئیداریەوە کە لە دەریای ڕەشەوە بێ هەتا دەریای ئیجە، بەمەش ڕۆمێلی و مەکەدۆنیای دەگرتەوە،=

و چاپی کرد، لەم پێش بینیی فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە نووسیبووی بۆ ئەندامەکانی کۆگرەکە هەریەکە دانەیەکی پێشکەش کردن خونکاریش وای هاتەپێش چاو کە تەووژمی تێکۆشانی مەدحەت پاشا لە پێناو چاکەی فەرمانڕەوایی عوسمانیدا بەوجۆرە لە خاکی ئەوروپادا، لەوانەیە کە مەترسیی لێ پەیدابێ کەواتە وای پێ ئەوێ کە لە ئەوروپاوە بگەڕێنرێتەوە خاکی عوسمانی تا هەموو دەم لە ژێر چنگی خۆیدا بێ و پیاوەکانیشی چاو لە هەڵسان و دانیشتنی ببڕن لەسەر ئەمە (سەعید پاشا) دەستی کرد بەنامەکاریی لەگەڵیا، تا خستیە سەر ئەوەی کە بگەڕێتەوە خاکی عوسمانی لەوەدا بەقسەی دۆستەکانی خۆی نەکرد کە ئامۆژگارییان ئەکرد نەگەڕێتەوە دەمودەست لەپاش ئەوە ڕاسپاردەی عوسمانی لە (لەندەن)دا چاوی پێکەوت پێیشی گوت کە خاوەن شکۆ خونکار لێی خۆش بووە مانگانەیەکی دوو سەد لیرەییشی بۆ بڕیوەتەوە فەرمانیشی داوە کە خۆی و خێزانەکەی لە دوورگەی (کریت)[1]دا دابنیشن بەناوی یارمەتیشەوە هەزار لیرەی بۆ ناردووە هەروەها بڕیاریشی داوە کە پێنج سەد لیرەش بدات بەخێزانەکەی، کە لەسەر کەشتییەکی تایبەتی ئەیان نێرێن بۆ (کریت) لەپاش ئەمەی دوو مانگ لەو دوورگەیەدا مایەوە، لە (مابین)ەوە تێ گەێنرا کە یەکێک لە پیاوەکانی دێتە (کریت) و لەوێ بەڵێنی پێویست لە مەدحەت پاشا وەرئەگرێت!

= هەروا بۆسنەو هەرسکیش سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، ڕووسیاش (باطوم و ئەزن و قارس)ی بۆ خۆی پچڕی. دیارە زۆربەی دەوڵەتەکانی بەڵکان ئەم شێوە ڕێکەوتنەیان بەلاوە ستەمبوو؛ چونکە سەروەری تیایدا بۆ ڕەگەزی سلاڤی بوو، هەروا ئینگلیز و نەمساش بەندەکانی پەیماننامەکەیان زۆر لاگرانبوو چونکە دەستی ڕووسیای لەو ناوەدا بەرەڵڵا کردبوو، جا قەیسەری ڕووسیان ناچارکرد کە بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە بخاتە بەردەم کۆنگرەیەک کە لە (بەرلین) دەگیرێ و (بسمارک) سەرۆکایەتی دەکات. بۆیە لە کۆنگرەی بەرلینی (١٨٧٨)دا سەرجەم بەندەکانی سان ستیفانۆ بەشێوەیە گۆڕران کە لە زۆربەی بەرژەوەندیەکانی ڕووسیدا، هەروا لەو کۆنگرەیەدا دەرکەوت کە دەوڵەتانی ئەوروپا بەتەواوی تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی گۆڕی و دەستکرا بەچارەسەرکردنی (مەسەلەی ڕۆژهەڵات) بەیەکالاکردنەوەی ئەو ئیمپراتۆریەتە و بەش بەشکردنی بەپێی نەتەوە و ڕەگەزەکانی، هەروا ئەوەش دەرکەوت کە لەو دنیایەدا بۆ پیاوی لاواز و کز و داماو جێگایەک نامێنێتەوە و ئیتر چی دی متمانە بەبەڵێن و چاکسازیەکانی سوڵتان ناکرێ.

(١) کریت یان (ئەقریطش): دوورگەیەکی یۆنانییە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا،__ ر٤٢ هەزار کەسێکی تیادایە، شارستانییەتێکی کۆنی وا بەرچاوی تیادا بووە کە پەلی کوتاوە بۆ کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیش، لە شارە بەناوێیەکانی ئەم دوورگەیە: کانیا، کاندی (هیراکلیۆن).



پاشان فەرمانێکی پێ درا کە کراوە بەسەر داری سوریا. مەدحەت پاشا لەوکاتەدا حەزی لە فرمانبەریی نەئەکرد. تکای لە خونکار کرد کە وازی لێ بهێنێ سەرۆک وەزیر وەرامی دایەوە کە ئەم پایەیە، خونکار خۆی بۆی هەڵبژاردووە کەشتییەکی تایبەتیشی بۆ ناردویت کە بتگەێنێتە (بێروت) ئیتر ئەویش هیچی پێ نەکرا بێ دەنگ بوو.

مەدحەت پاشا، هێزی لەبەرا نەمابوو نزیکی تەمەنی پیریەتی بووبووەوە لەگەڵ ئەوەشا، هەر ئەوەندەی گەیشتە جێ فرمانەکەی، دەست بەجێ دەستی کرد بەرێکوپێک خستنی سوریا، کە ئەو دەمە بەخاکە پێشکەوتووەکانی خاکەکانی عوسمانی دائەنرا، ناوبانگیشی بەوە دەرکردبوو کە زەوییەکەی بەپیتە و ڕۆڵەکانیشی زیرەکن.

لەپێش هەموو شتێکا خووی دایە چاککردن و ڕاستکردنەوەی کاروباری خوێندنگاکانی و بڵاوکردنەوەی هەڵبژارد و کۆمەڵێکی لێ دروستکردن لە هەندێ دەوڵەمەنداندان پیتاکی کۆکردەوە و هەندێ لە مزگەوتەکانی پێ چاککردەوە و کردنی بەخوێندنگایانی منداڵان، کە لە هەریەکەیاندا سەد و پەنجا تا دوو سەد شاگردی تیابوو بۆ ئەم مەبەسە هەندێ لە دەستکەوتی (......؟ = أوقاف) ی تەرخان کرد لە شارەکانی تریشیا خوێندنگای بڵاوکردەوە دانیشتوانی (بێروت)یشی هانەدا، کە (کۆمەڵی مەبەسی چاکە) و (کۆمەڵی گوڵی چاکە) دابمەزرێنن پاشان ڕووی کردە، کاروکردەوەی ئاوەدانی و پێش خستنی بازرگانی و پیشەسازیی خوێندنگایەکیش کردەوە بۆ پیشەسازیی و هونەر لەوکاتەدا کە مەدحەت پاشا خەریکی ڕێکوپێک خستنی کاروباری سوریە بوو ئەستەمبۆڵ مقۆمقۆی تێ کەوت بەبۆنەی دوورخستنەوەی (مەحموود پاشا)ی زاوایەوە و کردنی بەسەرداری (تەرابلوسی ڕۆژئاوا) هەروەها بەبۆنەی دوورخستنەوەی (ڕەشید پاشای گەورە)وە بۆ (مەغنیسیا)[1] پیری موسڵمانان (حەسەن ئەفەندی خەیروڵڵا)وە بۆ (قۆنییە)، ناوبژیکەری لەشکر(قاسم ملا) بۆ (کۆتاهیە)، (ئەمین ئەفەندی) بۆ (قۆنییە)، (سیفەدین) بۆ (حلب)، (ئەحمد ئەفەندی شیروانی زادە) بۆ (دیاربەکر) کە ئەوانە زۆریان دۆستی مەدحەت پاشابوون، سەر بەو بوون لە بیروباوەڕیا.

(١) مەگنیسیا: شارێکە لە ڕۆژئاوای لیدیا (تورکیا ئێستا) بەسەر (هرمۆس)ەوە، لێرەدا بوو (سکیبوون) بەسەر (ئەنتیۆفسی سێهەمی سلوقی)دا زاڵبوو، لە ١٨٩ پ. ز. ئەمڕۆ بە (مانیسا) ناو دەبرێ، گەلێ مزگەوتی جوان و قەشەنگی تیادایە، جێگای بازرگانی دانەوێڵەیە لەو ڕووکارەدا.

لەو سەردەمەدا کۆڕی نەتەوە لە ئەستەمبوڵدا کۆبووەوە هەندێ لە نوێنەرە ئازادیخوازەکانی هوروژمێکی بەهێزیان بردە سەر ئەندامەکانی فەرمانڕەوایی سەبارەت بەوەی کە نیشتمانەکەیان خستۆتە گێژاوی جەنگەوە، تووشی گەڕو گێچەڵێکی وایشیان کردووە کە ناتوانێ سەری لێ دەربهێنێ.

ئەو نوێنەرانە لە ناو خۆیاندا بڕیاریاندا، پشت بەستن لە هەندێ لەو وەزیرانە بکێشنەوە چەند و چوون لەگەڵ (مەحموود نەدیم)ی سەرۆک وەزیردا بکرێ، لەگەڵ هەندێ سەرکردەی لە شکریشدا بکرێ کە بەهۆی کەم تەرخەمییانەوە لەشکر تووشی سەرگەردانی هاتووە.

عەبدولحەمید، کە بەمەی زانی، وەزارەتەکەی خست، پایەی (سنگی هەرە گەورە= الصدر ألأعظم)یشی لابرد کردی بەپایەی سەرۆک وەزیریی، وەک فەرمانڕەواییە دەستورییەکانی تر سەرۆک وەزیریی تازەشی سپارد بە(ئەحمەد فیق پاشا) بەم جۆرە، بێ ئەمەی نوێنەرەکان داوا بکەن، خواستەکانی جێبەجێ کردن نەوەک بگوترێ: بەزۆر ئەم ڕاستکردنەوەیەیان پێ کرد پاشان خونکار کۆڕێکی نیشتمانیی گەورەی گرت، لە کۆشکەکەی خۆیدا.

ئەندامانی فەرمانڕەوایی و هەندێ لە نوێنەر و وەزیرەکانی پێشوو خاوەن بیرەکانی بانگ کرد بۆ ئەمەی لەوە بکۆڵنەوە، کە چۆن فەرمانڕەوایی لەدەست چاو چنۆکیی ڕووس و ئینگلیز بپارێزن ئەو چارانەی بۆی دۆزرابوونەوە، بۆیان خوێندرایەوە، یەک بەیەک بەنوشتاندنەوەی سەرەوە پەسەندیان کرد لە ناکاو (ئەحمەد أفندی) نوێنەری ئیزمیر و یەکێک لە نوێنەرانی کۆڕی نەتەوە کە لەو کۆبوونەوەیەدابوون، ڕاست بووەوە و، بەهەموو گەرموگوڕییەکی بیروباوەڕ و ئازایەتییەکەوە گوتی:

(ئێوە کاتێک پرس بەئێمە ئەکەن، کە هەل لە دەست چووە ئێوە ئەبوو ئەوکاتە پرستان بەئێمە بکردایە کە خۆ ڕزگارکردن لەم تەنگوچەڵەمەیە لە تواناداا بوایە کۆڕی نەتەوە، هەرگیز لێ پرسینەوەی ئەم بارە ناخاتە ئەستۆی خۆی، کە بەپێ ئاگاداریی و پرسی ئەو پەیدابووە بێجگە لەوە، ئەوکەینەوبەینانەی کۆڕی نەتەوە گفتوگۆی لەسەر کردووە و بڕیاری لەسەر داوە، گوێی نەدراوەتێ لەبەر ئەوە قسەکەم دووبارە ئەکەمەوە، کە کۆڕی نەتەوە، لێ پرسینەوەی ئەم بارە ناخاتە سەر ئەستۆی خۆی، کە ئەم تەنگوچەڵەمانەی لێ پەیدابووە...).

خونکار لەوە قینی هەڵساو تووڕەبوو لەداخا هۆڵی کۆبوونەوەکەی بەجێ هێشت پاشان ڕووی کردە پیاوەکانی خۆی کە لە هەموولایەکەوە، بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندێ پێی گوتن:



(من زۆر بەهەڵەداچووم، کە کاروباری نەتەوە بەنەرمییەوە هەڵ ئەسوڕێنم منیش لەوەدا، پێ شوێنی خوا لێ خۆش بووی باوکم، (خونکار عەبدولحەمید)م هەڵ گرت.... وا پێویست بوو کە بەئامۆژگارییەکەی باپیرم (خونکار مەحموود)م بکردایە، کە ئەیفەرموو ئەبێ لەگەڵ نەتەوەدا بەزەبروزەنگ بجووڵێیتەوە). زۆری پێ نەچوو، عەبدولحەمید، لەسەر ئامۆژگارییەکەی باوکی ڕۆیشت بەڕێوە لە ١٨٧٨/٢/١٣دا فەرمانێکی دەرکرد، کۆڕی نەتەوەی هەڵوەشاندەوە.

بۆ ماوەیەکی ناو نەبراویش دەستووری هەڵگرت بیانووەکەیشی ئەوەبوو، کە فەرمانڕەوایی، لە تەنگوچەڵەمەیەکی وادایە، کە بەوجۆرە نەبێ کاروباری هەڵناسوڕێ ئەو لابردنی دەستوورە سێ ساڵی تەواوی خایاند!...

ڕۆژی دوایی، خونکار فەرمانیدا، بەزۆر چەند نوێنەرێکی بەناوبانگیان لە پایتەختەوە ڕەوانە کردەوە بۆ خاکەکانی خۆیان، وەک: (بەدران ئەفەندی) نوێنەری بێروت، (مانوک ئەفەندی) نوێنەری (حلب)، (خەلیل ئەفەندی غانم) نوێنەری سوریە، (نافع پاشای جابری) نوێنەری حلب، (یوسف بگ ضیاء) نوێنەری (قدس)، (ئەحمەد ئەفەندی) نوێنەری (ئیزمیر)، (مستەفا ئەفەندی) نوێنەری سیلانیک، (مستەفا بگ) نوێنەری (یاتیا)، (راسم بگ) نوێنەری (ئەدرنە).

ئەو بەند و باوەیش کە هەبوو، کە گوایە مەدحەت پاشا یاسای خونکاریی هەڵ ئەگێڕێتەوە و ئەیکات بەیاسای کۆماریی لەناودا نەما ئەمجارە دوژمنەکانی ئەوەیان بۆ ڕێک خست کە ئەیەوێ سەربەخۆیی بسێنێ بۆ خاکی سوریە و عەرەبەکانیش هان ئەدات بۆ داواکردنی جوێ بوونەوە. لە ڕاستیشدا، خونکار لەوە ترسی هەبوو، کە لەسەردەمی مەدحەت پاشادا، سوریە بکەوێتە حەسانەوە و پێشکەوتن و ڕێکوپێکییەوە دانیشتوانی سوریەیش قسەیان ببێ بەیەک و سوریەی لە دەست دەربچێ لەبەر ئەوە هەرچەند پڕۆژەکانی مەدحەت پاشای ئەخرایە بەردەم، یان بەرپەرچی ئەدایەوە، یاخود پەسەندکردنی دوا ئەخست ئینجا کە ئەو بەندوباوەیش بڵاوبووەوە، کە مەدحەت پاشا سەربەخۆیی ئەسێنێ بۆ سوریە.

هەندێک لە هاو بیروباوەڕەکانی دڵخۆش بوون و لەم لاو لەولا لێی ئەدوان هەندێکیشیان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا ئەیانقیژاند: بژیی مەدحەت پاشا!

ئەو شتانە بوون بەهۆی بەهێزکردنی هوروژمی دوژمنەکانی بۆ سەری.

فەرەنسە، دەستی هەبوو لە لوبناندا. ئینگیلتەرەیش چاوی بڕیبووە سوریە، ئەو دوو

فەرمانڕەواییەیش، کاروبار ڕێک خستنەکانی مەدحەت پاشایان بەلاوە ستەم بوو وایان ئەهاتە پێش چاو کە بەوانە دەسەڵاتیان لەو دوو خاکەدا کەم ئەبێتەوە ئەوانیش لە ژێرەوە بەرەنگارییان ئەکرد بەندوباویان لێ بڵاوئەکردەوە داویان بۆ ئەنایەوە مەدحەت پاشایش نامەیەکی نارد بۆ سەرۆک وەزیرێتی، هەر بارێک لە خاکەکەی ژێر دەستیا هەبوو پێشانیدا ئێمەش زۆربەی ئەو نامەیە لە خوارەوە پێشان ئەدەین، کە لە نووسراوی (بیرەوەریی مەدحەت پاشا)وە وەرمان گرتووە، لاپەڕە ١١٤- ١١٦ چونکە لە مێژوودا بەگرنگ دائەنرێ:

(... لەگەڵ ئەوەش کە ئەم خاکەم لە پێش ئێستاوە ناسیووە، بۆم دەرکەوتووە کە باری ئێستای لە باری کۆمەڵایەتی و فرۆفێڵی ئەم خاکە لەهی پێشووی ناکات چونکە ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان لە چل ساڵ لەمەو پێشەوە خەریکی ئەم خاکەن.

دەسەڵاتی خۆیانی تیا بەهێز بکەن شاخەکانی لوبنانیان گەیاندۆتە ئەم بارەی ئێستای. ئێستایش ئەیانەوێ خاکەکانی تری (شام)یش بگەێننە ئەو بارەی لوبنانی تیایە فەرمانڕەواییەکانی تریش، چاولێکەرییان ئەکەن ئەمەریکاییەکانیش ئەیانەوێ پشتیوانیی خۆیان ئاشکرا بکەن بۆ شاخی (نصیری)، دەستیان کردووە، کە پشتیوانی ئەمەریکا بخوازن ئەڵمانەکانیش ئاوارەکانیان ئەنێرنە گوێ ئاوەکانی (قدس)، بۆ ئەمەی لە دێهاتە نزیکەکانی ئەوێدا نیشتە جێیان بکەن بەکورتی هەموو فەرمانڕواییەک، چاوی بڕیوەتە خاکەکانی (شام)، ئەیەوێ پارچەیەکی بۆ خۆی لێ بپچڕێ.

ئیسپانیاییەکانیش، کڵێسایەک و خوێندنگایەکیان لای (یانا)وە دامەزراندوە، ئەوانیش ئەیانەوێ بەشی خۆیان بپچڕن لەبەر ئەوە گاورەکان بەش بەشیان لێ هاتووە[1] هەندێکیان ئەیانەوێ سەر بەئینگلیزبن هەندێکیشیان مێچکە مێچکە بۆ فەرەنسزەکان ئەکەن، (دروز)[1]ەکانیش خەریک بوون، بەپشت ئەستووریی ئینگلیزەوە فەرمانڕەواییەک بۆ خۆیان دابمەزرێنن بەڵام موسڵمانەکان لە ناو ئەم هەموو

(١) ڕاستتر: ... گاوڕەکان بەش بەشبوون.

(١) دروز (الدّروز) تیپێک بووە (الدَّرَزي) و حەمزەی کوڕی عەلی دایان مەزراند، دەستیاندایە بانگەشەکردن بۆ خەلیفە (فاطمی)یەکان؛ لە سوریا و لوبنان بڵاوبوونەوە، لە سەدەی پانزە هەمەوە مێژوویان بەمێژووی شاخی لوبنانەوە لکاوە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەڤدەهەمدا هەندێکیان چوونە سوریاوە و لە (اللجاه) و بەرزاییەکانی حۆراندا نیشتەجێ بوون، بۆیە ناوزەد کراوە بە(جبل الدروز) ئێستا زۆرێکیان وان لە ئیسرائیل و وەک هاونیشتمانییەک دادەنرێن.



گەڕوگێچەڵانەدا، سەرسام ماون، نازانن چی بکەن کەینەوبەینەی جەنگ بارەگای (جێنشین)ی خەریک کردووە پیاوەکانی فەرمانڕەواییش دەستیان ناپەرژێ سەیرێکی ئەم بارە نالەبارە ناخۆشەی سوریەیە بکەن ئەو فەرمانانەی لە ئەستەمبوڵەوە ئەنێررێن هەر داوای سەرباز و پارە ئەکەن ئەم جۆرە پشێوییەیش دەرگای داگیرکەریی (استعمار) بۆ بێگانەکان ئەکاتەوە ئەمانە هەمووی لەوێ بوەستێ، کردەوەی فەرمانبەرەکانی خاکی (شام)یش ڕێگای ئەو داگیرکردنە بەجارێک ئەکاتەوە.

ئەو فەرمانبەرانە، هەر بۆ خۆیان تێ ئەکۆشن کەڵکی گشتییان واز لێ هێناوە کەسیان فرمانی خۆیان نابینن بەهۆی کردەوەی ئەوانەیشەوە ڕەوشت و خووی هاونیشتمانەکانیش خراپ بووە کوشتن و بڕین و تاڵانکردن پەرەی سەندووە ئاسایشی گشتی بەجارێک تێک چووە ژمارە تاوانە گەورەکان، لە بەشی (عکا)[1]و (صافیتا)[2]دا، لە ماوەی چوار ساڵدا، گەیشتۆتە نەوەد تاوان فەرمانڕەواییش هێشتا تاوانبارە پیاو کوژەکانی بۆ دەرنەکەوتووە هێشتا کەسێکیشیانی سزا نەداوە زۆر جاران، تاوانبارەکانیان گرتووە و بەریان داون لە بەندیخانەی (تەرابلوس)دا چەند کەسێکی تیابوو، فەرمانڕەوایی، بێ بڕیاری دادگا، یانزە ساڵە لە بەندیخانەکەدا هێشتبوونییەوە ناچاربووین بەرماندان خۆ ئەوبارەی کە لادێ و گوندەکان تێی کەوتوون بەدەست (قائمقام)ەکانەوە، دڵی پیاو تەنگ ئەکات بەڵام دەسکەوتی فەرمانڕەوایی، لە نامەیەکی تردا ئاگادارم کردوون هەروەک پێشانم داوە باج یەکاو یەک کەم بۆتەوە دەیەکیش ماڵی هاو نیشتمانەکانی کاول کردووە کەینەوبەینەی ڕستەکەیش، کە بەهۆی ئەوەوە، دەسکەوتی ساڵی پێشوو بۆتە نیوەی دەسکەوتی پێشووتر، ئەم بارەی خراپتر لێ کردووە.

(بەکورتی ئەم خاکە، ئەمە باریەتی ئەوانەیش کە بۆڵەبۆڵ لەم بارە ئەکەن گاورە

(١) عەککا: شارێکە لە فەلەستین بەسەر کەناری دەریای ناوەڕاستەوە، چل هەزار کەسێکی تێدایە، کاتی خۆی قەڵایەکی سەختی خاچەکان بوو، بنکەی سوارەکانی (قدیس یوحەننا)، لە ١٦٣٨زدا عەرەبەکان داگیریانکرد، لە سەدەی هەژدەدا، لە سەردەمی شێخ زاهیر عومەر و (الجزار)دا برەوی سەند، بەو بەربەرەکانییەی بەناوبانگە کە لە ١٧٩٩دا ناپلیۆن ئابلۆقەی داو خۆی نەدا بەدەستەوە. خەڵکەکەی بەچنین و ڕستن و کاری دەرمانسازیەوە خەریکن.

(٢) (صافیتا): شارۆچکەیەکی سوریایە، مەڵبەندی قەزایە سەر بەپارێزگەی (طرطوس)، دانیشتوانی پێنج هەزار کەسێک دەبن، ماڵەکانی لەسەر داروپەردووەکەی (قوللەی سپی) بنیات نراوە؛ ئەو قەڵایەی سوارەکانی (هیکلێکان) بنیاتیانانابوو. لە ١٢٧١ک سوڵتان (بیبرس) داگیری کرد.

بێگانەکانن، کە ئەیانەوێ بەم هۆیەوە خاکەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە و بەروبوومی بۆ خۆیان بخۆن جا ئەگەر لەم تەنگوچەڵەمەیە خۆمان ڕزگار نەکەین بەبیانووی ڕێکوپێک خستنی ئەنەدۆڵەوە دەست درێژیی ئەکەن، فەرەنسییەکانیش هەر بەوبیانووەوە پەنجە ئەکێشنە ناو کاروباری سوریەوە ئاژاوە و پشێویی و تێکچوون، فەرمانڕەوان لە خاکەکەدا بەڵام چاککردنەوە و ڕاستکردنەوە و ڕێکوپێک خستنی کاروبار، تەنانەت ناویشیان لە ئارادانییە.

ڕۆژنامەکانی ئەوروپاش، پەیتا پەیتا وتار ئەنووسن زۆرداریی و ئەنجامی زۆرداریی پێشان ئەدەن.

جا ئەگەر فەرمانڕەواییەکیان لەوە زۆرتر دەستی درێژکرد بۆ سەربەخۆییمان، بیروباوەڕی گشتیی ئەوروپا کردەوەکەیان پەسەند ئەکات، فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکانیش کە خوێندنگایان لە زەویی شامدا کردۆتەوە، داوای بەشی خۆیان ئەکەن لە سامانی تاڵانی لەبەرئەوە، لەوەتی هاتوومەتە ئێرە، دەستم کردووە بەچاککردن و ڕاستکردنەوە، بۆ ئەمەی ئەو بزووتنەوەیە بوەستێنم لە سایەی تێکۆشانی ئێوەوە کەینەوبەینەی (متصرفی ناوچە) بڕایەوە بەڵام کاروبار بەتەنیا لابردنی ئەوە پێک نایەت خاکەکە پێویستی بەچاککردنی باری سامان هەیە، باری دادگا هەیە، بەنەهێشتنی بەرتیل وەرگرتن هەیە، کە شەرم ئەهێنێ بەسەر نیشتمانپەروەردا و سەری پێ شۆڕ ئەکات لەبەردەم بێگانەدا بەکورتی پێویستە یاساکانی دادگاکان بەکاربهێنرێن کە خونکار دەری هێناون بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئارام بۆ دڵی هەمووان جا ئەگەر ئەم بارە هەروا بمێنێتەوە، فەرمانڕەوایی ناگات بەکامی خۆی لە چاککردن و ڕاستکردنەوەی کاروباری گشتیدا.

چونکە کۆڕی وەزیران، بڕیارەکانیان دەرئەکەون و ئەیاننێرن بۆ خاکەکانی فەرمانڕەوایی[1] هیچ تەماشای ئەوە ناکەن کە هەندێ لەو خاکانە پێشکەوتووترن و پێویستییان جیاوازە لەوانیتر ئەو بڕیارانەیش هەر بەبڕیاری ئەمێنێتەوە، واتا کاریان پێ ناکرێ هەر ئەمەیشە کە بۆتە هۆی ئەوەی فەرەنگەکان پشت بەیاساکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی نەبەستن لەبەر ئەوە تکاتان لێ ئەکەم تازووە، یاسا خواستراوەکانمان بۆ دابمەزرێنن چونکە ئەو یاسایانەی ئێستا لە ئارادان، هیچ بەکاری ئێمە نایەن.

هەر کەسێکیش بڕوای وابێ، کە ئەم بارە، ئەنجامەکەی سەرگەردانیی تیا نابێ،

(١) مەبەستی: بۆ ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی.



بەهەڵەدا ئەچێ من ئەزانم نەخۆشییەکە چییە و دەرمانەکەشی چییە بێ دەنگییش بەبێ دەسەڵاتی دائەنێم، لەبەر ئەوە کەینەوبەینەکەم لێ گەیاندن).

لەو کاتەدا کە مەدحەت پاشا بەوگیانە دووربینییەوە خۆی خەریک کردبوو، بەچاککردن و ڕاستکردنەوەی کاروباری گشتییەوە لە (مابین)ەوە ئەم تەلگرافەی بۆ هات: (خدێوی لابراوی میسر (ئیسماعیل پاشا) خۆی گەیاندۆتە ئەوروپا کوڕەکەی خۆیشی ناردۆتە ئەستەمبوڵ ئەمیش لە فەرمانڕەوایی خواستوە کەڕێی بدات بەخۆی و خێزانەکەیەوە بێت و لە ئەستەمبوڵدا دابنیشێ ئەویش مەبەسی لەم هاتنە ئەستەمبوڵی، ئاژاوە نانەوەیە.

کۆڕی وەزیرانیش لەژێر سەرپەرشتیی خونکاردا، بڕیاریاندا کە خواستەکەی بەرپەرچ بدەنەوە هەروەها بڕیاریشیاندا کە بیروباوەڕی سەرۆک وەزیرە کۆنەکان وەربگرن جا ئەگەر ئێوەیش بیروباوەڕێکی جیاوازتان هەیە ئەوا بینووسن و بینێرن بۆ مابین).

ئەگەر مەدحەت پاشا بیویستایە دڵی خونکار ڕابگرێ ئەبوو بڕیاری وەزیرەکانی پەسەند بکردایە بەڵام مەدحەت پیاوێکی گەورەبوو نەی ئەویست هیچ بڵێ، ڕاستی نەبێ نامەیەکی نارد بۆ (مابین) تیا نووسیبوو: کە دوورخستنەوەی (ئیسماعیل) لە ئەستەمبوڵ هەڵەی تیا ئەبێ چونکە ئەوان گوتوویانە بۆ ئاژاوەنانەوە دێتە ئەستەمبوڵ، لە ئەندێشەی خۆیانەوە ئەو قسەیەیان دەرهێناوە ئەگەر لە ئەوروپادا بمێنێتەوە، قسەی بەندوباوە زۆر بڵاوئەکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕەوشت و خوویشی وابیت لە ئەستەمبوڵدا کە بەدڵی خونکار نەبێت، هەرئەوە چاکترە لەوەی کە لە ئەوروپادا بمێنێتەوە چونکە لە ئەستەمبوڵدا باشتر تەماشای کردەوە و ڕەوشتی ئەکرێ بەڵام مەترسیی فەرمانڕەوایی لەو و لەوێنەی ئەو، بۆ گەورەیی شاهەنشاهی و سامی ئەو، ناشێ.

ئەم وەرامە ڕقی خاوەن شکۆ، خونکاری هەستاند مەدحەت پاشایش هەر دەمە، نا دەمێ پێی ڕائەگەیاندن کەواز لە فرمانەکەی ئەهێنێ ئەمجارەیش ئەوەی پێ گوتنەوە لەناکاو (حەسەن فەوزی پاشا) گەیشتە بێروت و لەوێشەوە چووە شام لەوێ بەمەدحەتی گوت کە هاتوە بۆ ئەوەی سوێند و پەیمان بدات بەخاوەن شکۆ. مەدحەتیش لەوە سەری سوڕما لەو ڕۆژەوەی خونکار چووبووە سەرتەخت، هەتا ئەو ڕۆژەی کەتیابوون، هەرچی کردبوو، بۆی گێڕایەوە گوتی: بۆ ئەم جۆرە کردەوانە، سوێند خواردن و بەڵێن دانی پێ ناوێ ئەگەرشتێکی وایان تیایە کە لێی دوودڵ بن پێم بڵێ (حسن پاشا)یش گوتی: تۆ ئەتەوێ سوریە بکەیت بەخاکێکی سەربەخۆ ئەوی کردویشتە تا ئێستا ڕاستیی ئەو گومانە دەرئەخات.

مەدحەت پاشایش گوتی: خاوەن شکۆ، خونکار، ئەم سوێند و پەیمانانەی لەپێش بڵاوکردنەوەی ئەم بەند و باوانەدا لێ داوا کردوم، ئەوکاتەی کە لە ئەوروپا بووم، پاش گەیشتنیشم بەدوورگەی (کریت).

ئەم قسانەیش لەپاش هاتنە سوریەم، بڵاوبووەوە ئەم قسانە بریتین لەبەندوباو، هیچ بنچینەیەکیان نییە.

(حسن پاشا)، وەرامی ئەم بەرپەرچدانەوەیەی مەدحەت پاشایەی نەدایەوە بەڵام سێ ڕۆژی پێ نەچوو مەدحەت پاشا، لە سوریە دوور خرایەوە تا ئەویش پێک هات، بۆ هەموو مەترسییەک ئامادەیی نوێنرابوو پاش ئەوە کرا بەسەرداری (ئیزمیر) هەر ئەیویست واز لە فرمانەکەی بهێنێ و (مابین) نەی ئەهێشت.

ئەویش دەستی دایە ڕێکوپێک خستنی کاروباری خاکەکە بەڵام دوژمنەکانی، هەریەکە بەجۆرێک کردەوەکانیان لێک ئەدایەوە (دەرگای بڵند)یش بەرەنگاری پڕۆژەکانی ئەوی ئەکرد و بەرپەرچی ئەدانەوە.

(مابین)یش هەندێ سەرەتا تکێ کەرو قسەدزی نارد بۆ چاوتێبڕین و سەرنج لێدان و گوێ لێ گرتنی ئەو (ڕشدی پاشا) کە لە (مەغنیسیا) دائەنیشت ڕۆژنامەکانی (یۆنان)یش، هوروژمێکی گەورەیان بردە سەر تورکیا لە ئەستەمبوڵدا بڵاویان کردەوە کە (مەدحەت پاشا)، بەو ڕۆژنامانەی گوتووە وا بنووسن ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵیش بڵاویان کردەوە کە (مەدحەت پاشا) شێت بووە!...

## خونکاری سوور

لەو شەش سەد ساڵ فەرمانداریییەی عوسمانیدا، خونکارێکی خراپی وەک عەبدولحەمید هەڵ نەکەوتبوو، لەو زۆردارتر و ستەمکارتریش پەیدانەبووبوو تا ئەو دەمەیش کە ئەوی تیابوو، فەرمانڕەوایی عوسمانی تووشی سەرگەردانی وەها نەبووبوو هەر ئەو دەستوورەی هەڵوەشاندەوە، کە بەخوا سوێندی خواردبوو، ئاشکرای بکات و بیپارێزێ کۆڕی نەتەوەی بڵاوە پێکرد ژمارەیەکی زۆریشی لە ئازادیی خوازەکان گرت دووری خستنەوە بۆ خاکە دوورەکان؛ کە ئەوانەبوون، لەپێش هەموو کەسێکا باڵیان گرت و خستیانە سەر تەختی شاهی فەرمانڕەواییەکی وایشی دامەزراند، کە لەگەڵ خۆپەرستی و زۆرداریی خۆیدا ڕێک بکەوێ لەو ڕۆژەوەی کە چووە سەرتەخت، هەموو خەمێکی خستە سەر ئەوەی کە بەهەرچی چۆنێک بێ و بەهەر نرخێک بێ، بیپارێزێ، بڕواشی وابوو، کە



لە دوولاوە، سامناکی و تەنگوچەڵەمە هەڕەشەی لێ ئەکات؛ لایەکیان ئەوەبوو، کە خونکار مراد، هۆشی هاتەوە سەرخۆی، داوای تەختەکەی خۆی لێ ئەکاتەوە، لایەکەی تریشیان ئەوەبوو، کە نەتەوە لەم دواییەدا فێربووبوو ئەچۆوە بەگژ زۆرداریيدا، خونکاری زۆرداریشی لەسەر تەخت ئەهێنایە خوارەوە لەتەنگوچەڵەمەکەی یەکەمیان، خۆی بەوە ڕزگارکرد، کە لە پزیشکە هەرە گەورەکانەوە بڕیارنامەی سەند، ئەوەیان تیا پێشاندا بوو، کە خونکار مراد، بەجارێک هۆشی لە دەست چووە، گەڕانەوەیشی بۆ سەرتەخت لە دەست دەرچووە ئەم بڕیارانە، بەتەواوەتی ڕاست و دروست نەبوون چونکە زۆری پێ نەچوو، خونکار مراد هۆشی هاتەوە سەرخۆی ئەوەیش بوو بەهۆی ئەوەی کە بەدەست زۆروستەمی براکەیەوە (عەبدولحەمید)، تووشی ناخۆشترین سەرگەردانیی مرۆڤایەتی بێ چونکە لەپاش لابردنی لەسەرتەخت بیست و هەشت ساڵ لە بەندیخانەکەیدا مایەوە تا مرد، عەبدولحەمید ڕێی دابوو بەدایکی (مراد) و خێزانەکەی و دۆستەکانی سەری لێ بدەن، بۆ ئەمەی بەچاوی خۆیان نیشانەی نەخۆشیی دەماری تیاببینن.

بەڵام کە خەریک بوو ڕوو بکاتە باشی، هەموویانی دوورخستەوە لەسەر لێدانی، لە کۆشکی (چراغان)دا. پاش ئەوە هەندێ لە ئازادیخوازەکان تێکۆشان کە لە بەندیخانەکەیەوە بیفڕێنن لەسەر ئەوە (عەبدولحەمید) گوێزایەوە بۆ کۆشکی (مالطە) ئیتر نەیهێشت کەس بچێتە لای تەنانەت نووسراو و ڕۆژنامە و بابەتی نووسینیشی لێ بڕیی لەم ماوەیەدا کوڕەکانی (مراد) و نەوەکانیشی گەورەبوون کەچی نەئەهێڵرا کەسیان لە کۆشکەکە بچنە دەرەوە، کەسیان لەوە زۆرتر بخوێنن کە خۆی پێی گوتبوون جاری واهەبوو ناچار ئەبوو بەخەڵوز لەسەر زەوی ناو کۆشکە جوانەکە بنووسێ، بۆ ئەمەی مناڵەکانی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسین بکات، تەنگوچەڵەمەکەی تریشی بەوە ئەویست لاببات، کە لە زۆروستەما لە ئەندازە دەربچێ بەتایبەتی زۆروستەمەکەی خۆی خستە سەر ئەو کەسانەی کە ئەتوانن خونکارەکان لەسەرتەخت بهێننە خوارەوە، ئەو خاوەن بیرە دەروون ئازادانەی کە نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەبوون و نوێنەری چاکترین شۆڕشگێڕیی دڵی نەتەوەبوون کە لە زۆرداریی ڕاست بووبوونەوە ئازاترین کەسیش بوون کە بەرەنگاریی زۆردارییان ئەکرد و خۆیان بەخت ئەکرد لەپێناوی ئەو ئامانجەدا.

خاوەن بیرەکانی تەفروتونا کرد، بەناوبانگەکانی نیشتمان پەروەریی بڵاوە پێ کرد، هەر دەروونێک زیندوو و، هەر مێشکێک ڕۆشن بوو لەناوی برد.

لەبەر ئەمە کەس بەلایەوە نەمایەوە، دوو ڕووەکان و چەواشە کەرەکان نەبێ، کە بەدڵی

ئەو هەڵ ئەسان و دائەنیشتن، کە لە زۆرکردن لە نەتەوە داپشتیوانییان ئەکرد، و لە کوشتنیا[1] دەست خۆشییان لێ ئەکرد، لە یاریی کردنیش بەدەزگاکاندا، یارمەتییان ئەدا.

لەبەر ئەوە کۆشکەکانی فەرمانڕەوایی دەستیان کرد بەداتەپین و ڕووخاندن، بەرهەمەکانی لەناوبران، شەڕوشۆڕ و زۆرداریش تێکومەکانی دا.

هەر لەو کاتەیشدا کە خونکار و دەس و پێوەند و دۆستەکانی، لەناو ژیانی خۆش و کامەراندا، ئەگەوزان و لەناو بەزموڕەزما ئەلەوەڕان، نەتەوە تا ئەهات هەژارتر و هەناسە ساردتر ئەبوو، فەرمانڕەواییش ڕووی ئەکردە تێکچوون و نەمان.

لەو سەردەمەدا، سەربەستیی کەسایەتی لە ئارادا نەمابوو پیاو وای لێهاتبوو، بەشەو لەناو ژن و منالەکانی خۆیدا ئەبوو، بەڵام لەخۆی دڵنیا نەبوو، ئەترسا لەوەی، بەشەو، لە ناکاو یەکێک لە دەرگا بدات و هەر بەوشەوە بیفڕێنێ و بیبات بۆ ناو زیندان، کە لەوێدا پێوەند بکرێ و دەستیشی ببەسترێ، یاخو دوورخرێتەوە بۆ شارێکی دوور کە لەتاو سەرگەردانیی ئاوارەکان بێزاربووبوو، یاخود فڕێ بدرێتە ناو (بۆسفۆڕ)ەوە ماسی قوتی بدات ڕۆژنامەکانیش چاوێکی زۆردارانەیان تێ بڕرابوو، لە ژینێکی دەست بەسەرییدا ئەژیان ئەوانیش کرابوون بەزووڕنای خونکار، گەورەکردن و هەڕەشەکردن لە نەتەوە نووسەرەکانیان لەوە ئەترسان، قسەیەک بکەن و کاربەدەستان بەجۆرێکی تر لێکیان بدەنەوە[2] ئەوەندە بەسە کە بزانین هەندێ وشەو واژە هەبوون، هەرچی ناوی ببردنایە تووشی سزا ئەبوو وەک: یاسا، دەستوور، لەسەرتەخت هێنانە خوارەوە، کۆمار، دینامێت شۆڕش، خواناسی، سەربەستی، دادپەروەریی بنچینەی فەرمانداریییە، زۆرداریی ئەنجامی خراپ ئەبێ، سەربەستی ئامانجی هەرە گەورەی نەتەوانە[3] نووسراوانیش تا لەلایەن کۆڕی پشکنینەوە، کە لە ئەستەمبوڵدا بوو، ڕێ نەدرایە، بڵاو نەئەکرانەوە ئەندامەکانی کۆڕەکە، نووسراوەکەیان ئەخوێندەوە، بەئارەزووی خۆیان لێیان کەم ئەکردەوە، ئەیان خستەسەری، هەڵیان ئەگێڕایەوە، ئەیانگۆڕی جاری واهەبوو چەند لاپەڕە و چەند بەشێکیان لێ فڕێ ئەدا تا بەجارێک نووسراوەکە لە کەڵک ئەکەت تەنانەت نووسراوە کۆنەکانیش لە دەست ئەوانە ڕزگاریان نەبوو، کە بەسەدان ساڵان بوو ئەخوێندرانەوە تەنیا لەبەر وشەیەکی

(١) بەڵکو: لە کوشتندا.

(٢) ڕاستتر: بەجۆرێکی تر لێکی بدەنەوە.

(٣) یان: نەتەوەکانە.



سامناک، یاخود لەبەر ڕستەیەکی شۆڕشگێڕانە، کە لەناو ئەو نووسراوانەدا ئەهاتنە بەرچاو، تالان ئەکران نامەی تایبەتیش ئەخوێندرایەوە، بەتایبەتی هی ئەوانەی، کە زۆردارەکان لێیان دڵنیا نەبوون هەندێ پیاوی زۆرداری نامەرد، ئەوەیان کردبووە هۆی تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکەی، بەمۆرێکی درۆوە لە بابەت گەلە کۆمەکییەکەوە، یاخود داونانەوەیەکەوە، کە دوژمنەکەی هەر ئاگایشی لێ نەبوو، شتێکی پێشان ئەدا ئەوە ئەبوو بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لە سەرەتاتکێکەرەکانی و قسە دزەکان دڵی لێ کرمێ بکەن نامەکانیان ئەگرت و ئەیان خوێندەوە، بەشتی زۆر خراپەوە بەدناویان ئەکرد و ئەیان نارد بۆ بەندیخانە. بەڵام ئازادیخوازەکان ناچاربوون، پەناببەنە بەر پۆستەخانەی ئەوروپاییەکان، بەیارمەتیی هەندێ لە بێگانەکانەوە نامەکارییان بەهۆی ئەو پۆستەخانەیەوە ئەکرد چونکە لەو کاتەدا، هەموو فەرمانڕەواییەکی بێگانە پۆستەخانەی تایبەتیی خۆی هەبوو[1] لەو سەردەمەدا، قسە دزەکان و سەرەتاتکێ کەرەکان دەستیان ئەخستە کاروباری گشتییەوە دەزگایەکی ڕێکوپێکیان بۆ کرابووەوە لە (مابین)دا، پێیان ئەکوت: (کارگێڕیی فیرۆفێڵی مابین) ئەم دەزگایەیش پەلی کوتابوو بۆ هەمووڵایەکی خاکی عوسمانی و دەرەوەی دەس و پێوەندەکانیشیان لە هەموو دەزگایەکی فەرمانڕەوایی و هەمووڵایەکی خاکەکەدا بڵاوبووبوونەوە فرمانی ئەوانە هیچ نەبوو قسە دزین و چاوتێبڕین نەبێ بەڵکو قسە هەڵبەستن و بەدناوکردنی ئەموئەو بوو بە خوڕایی، بە مەبەستی گیان دەرهێنان و خستنە ناو زیندان و تاڵانکردن لە نەنگترین ڕێگاوە لە خاکی عوسمانیدا کەس نەمابووەوە، لەژێر چاوتێبڕین دا نەبووبێ تەنانەت یەکێک لە پیاوە تێگەیشتووەکان گوتبوویی:

(ئەگەر ئەوەندەی دزە پیاو و قسەدز و سەرەتاتکێکەرەکان دەشت و شاخی خاکی عوسمانی ئەبڕن، ئەوەندە ڕێگای ئاسن بەناویا بڕۆیشتایە، ئێستا کە نیشتمانەکەمان لە هەموو خاکێکی تری جیهان دەوڵەمەندتر ئەبوو.!).

(١) ئەم بەشەی کە نووسەر دەربارەی نووسین و چاودێری کردنی ڕۆژنامەو نووسەران دەدوێ، دەقاودەق لە وتارێکی گۆڤاری (الهلال)ی میصرییەوە وەری گرتووەکە بەبۆنەی (انقلاب العوسمانی ١٩٠٨)ەوە ژمارەیەکی تایبەتی دەرکردووە: (الهلال- ج (١) السنه (١٧) تشرین الأول ١٩٠٨ ص ٣١- الأنقلاب السیاسی العوسمانی) نووسەرەکەی (الهلال) جەخت دەکاتە سەرباسی (مکتوبچی) کە بەسەر سەری نووسەرەوە دەوەستاو دەوری (رقابە- سانسۆر)ی دەبینی تکایە بۆ زیاتر بڕوانە هەر ئەم وتارە کە گۆڕیومانەتە سەر زمانی کوردی: (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی- عوسمانییەکان و بزاڤی ڕۆژنامەگەوی- ڕامان، گۆڤار، ژمارە ٢١- ١٩٩٨/٣/٥ لاپەڕە ٨٣- ٨٦).

لەسـەر جێی ئەم کەلاوانە، کـەلاوەکـانی ئەو فـەرمـانڕەواییـیـەی کـە هەر ڕۆژە لایەکی ئەڕووخا، هەروەها لەناو ئەو هەموو سەرگەردانی و هەناسە ساردییەدا کە ڕۆژ بەڕۆژ لە ناو نەتەوەدا پەرەیان ئەسەند، کۆشکی ئەستێرە، کە (یەڵدز)یان پێ ئەگوت بەرزبووبووەوە، کە لەو سەردەمەدا لە کۆشکە هەرە جوانەکانی جیهان ئەژمێررا.

ئەم کۆشکە هەشت ملیۆن لیرەی عوسمانی پتری تێ چووبوو.

جا لەناو ئەم کۆشکەدا، کە دوانزە هەزار کەسی تیا کۆبووبووەوە لە فەرمانبەر و دەس و پێوەند و پاسەوان و کەنیزەکی جوان، لە پشت دەیان شوورە و دەرگاوە پیاوێک ئەژیا، بەگەورەیی و شۆخ و شەنگییەوە نەبوایە ناوی نەئەبرا، خونکاری هەرەگەورە و، خاقانی هەرە پایە بەرز و، خونکاری هەردوو زەویی و هەردوو دەریا و پێشەوای هەردوو خێزانگای بڵند و، سێبەری خوا لەسەر زەوییەکەیدا و، ئاوێتەی ڕوو خۆشی خوا و، خەمخۆریی پەروەردگاری پێ ئەگوترا!...

گەورەترین خووی ئەم پیاوە ئەوەبوو، کە ئەترسا لە خۆی کە بیکوژن لە هەموو کەس ئەترسا تەنانەت لە یاریدەدەرەکانی و پاسەوانەکانی و ژنەکانی و منداڵەکانیشی ئەترسا ئەترسا لە خۆراک و خواردنەوە و نوێن و سەرینەکەی خۆیشی گلاراوی پێکەوت بوو جێگای بەخۆی نەئەگرت لەناو دڕکی ترسنۆکی دا ئەگەوزا یاریدەدەرەکانیشی ئەم ڕەوشتە کزەیان لێ گرتبوو بەدەستەوە پارەیان پێ ئەپچڕی ئەهاتن زۆرتریان ئەترساند، قسەیان بۆ هەڵ ئەبەست، بەدرۆ گە لە کۆمەکییان ئەهێنایە پێش چاوی[1] تا وایان لێ ئەکرد بەلێشاو پارەیان بەسەرا بەش بکات

عەبدولحەمید، لە مەدحەت پاشا، لە هەمووکەس زۆرتر ئەترسا چونکە لە هەموو ئازادیخوازەکان ئازاتر بوو لەبەرەنگاریکردنی زۆرداریییدا لە هەموو نیشتمان پەروەرەکانیش بەهێزتربوو لەپشت گرتنی ڕاستی و دروستی دا، ئەوبوو یەکەم خاوەنی بیری دەستوور و دامەزراندنی دەستوور ئاشکراکردنی دەسەڵاتی نەتەوە و بەستنەوەی دەسەڵاتی خونکار یەکێک لە ئاواتەکانیشی ئەوەبوو، کە دەستی لێ بووەشێنێ و بەجارێک لە خۆی و لە هاوڕێکانی خۆی ڕزگار بکات بەڵام مەدحەت، خۆشەویست بوو لای نەتەوە، نازداربوو لای. لەلایەن زۆر ئازادیخوازانی ئەوروپا و کاربەدەستەکانییەوە ناسرابوو لەبەر ئەوە دەست لێ وەشاندنی ئاسان نەبوو.

(١) گەلە کۆمەکی: پیلان، (مؤامرە)، هەوڵدان بۆ کوودەتا.



خونکاری زۆردار، وای هاتە پێش چاو، کە بەبیانووی شتێکی یاساییەوە، نەهێشتنی مەدحەت یاخود لەناوبردنی باشترە چونکە ئەوە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نە نەتەوە، نە ئازادیخوازانی ئەوروپا، نەتوانن بۆڵەبۆڵ و بێزاریی پێشان بدەن خۆ کوشتنی (عەبدولعەزیز)یش دڵی هەندێ لە پیاوەکانی پڕکردبوو لە قین، ئەیانگوت هەر کەسی لایبرد لەسەرتەخت ئەو کەسە دای بەکوشت تاماوەیەک ئەم قسەیە بڵاوبووەوە بەڵام لە پاشاندا لە ئارادانەما بەڵام خونکار عەبدولحەمید، زۆری پێ نەچوو، بڕیاریدا کە ئەم کەینەوبەینەیە دووبارە زیندوو بکاتەوە بەخاوەن ڕۆژنامەیەکی گوت کە ناوی (مەدحەت افندی) بوو، نوسراوێکی نووسی، ناوی نا (اس انقلاب)، ئەوەی تیا پێشان دابوو کە (عەبدولعەزیز) پارەی بەفیڕۆ ئەدا بەمەوبەو خۆی کوشت پاشان گوتبووی: (دوورنییە لەناوچوونی عەبدولعەزیز لە خۆکوشتنەوە نەبووبێ بەڵکو لە تاوانی کەسێکی ترەوە بێ کە کوشتبێتی).

پاشان بەپیاوەکانی خۆی گوت، بەڵگەی درۆی بۆ هەڵ ببەستن، بۆ ئەمەی ئامادەبێ بۆ زیندووکردنەوەی کەینەوبەینەکە بەو مەبەسەی ئاگرەکەی بڵێسە بسێنی و بەیەکجاریی: خونکار مراد و، مەدحەت پاشا و، ڕشدی پاشای هاوڕێی و هەردوو زاوایش مەحموود پاشا و فەوزی پاشا بسووتێنێ کە لەم دواییەدا قینیان هەڵساند، لەگەڵ هەندێکی تریشدا کە دڵیان شکاند.

پیاوەکانی (مابین)، پێنج ساڵ بەم کەینەوبەینەیەوە خەریک بوون ئنجا کە بەڵگەی هەڵبەستواویان بۆ دۆزرایەوە خونکار کەینەوبەینەکەی خستە بەردەم وەزیرەکانی خۆی لێیشی داواکردن کە مەدحەت پاشا و بەدناو کراوەکانی تریشن بگیرێن و بخرێنە بەر دەستی دادگا.

وەزیرەکان نەیان وێرا بەم کەینەوبەینەیە دەستی خۆیان گلاو بکەن، عەبدولحەمیدیش، دەستی کرد بەدەست کێشانەوەیان لە فرمان ئەو وەزیرانەی هێنایەوە سەر کار، کە خونکار پەرست و دۆستی زۆرداریی بوون.

هەر ئەوانەیشی لە خۆی نزیک خستەوە (جەوودەت پاشا)ی کرد بەوەزیری دادپەروەریی، چونکە بەڵێنی دایە کە ئەم درۆیەی بۆ بڵاوبکاتەوە (سروری أفندی)یشی کرد بەسەرۆکی دادگای تاوانە گەورەکان، لە دادگای دووەم پلەدا (محکمەی أستئناف)، کە سەرلەنوێ سەیری کەینەوبەینەکە ئەکاتەوە خونکار جێگای ئەم دادگایشی گواستەوە بۆ (یەڵدز) کەچی ئەم کابرایە کاتی خۆی (مەدحەت پاشا) لەسەر بەدخویی دەری کردبوو.

(نەسرەت پاشا)یش کە ناوی شێتی پێوە نووسابوو کاتی خۆی مەدحەت پاشا لەسەرداریتیی (طونە)ی خستبوو خونکار، دەزگایەکی لە (مابین)دا بۆ دانا بۆ ئەمەی یارمەتیی بدات لە بەدیی هێنانی داونانەوەکانیدا پاشان سەرۆک وەزیرێتیشی سپارد بە(مەحموود نەدیم) کە دوژمنی ئازادیی و دوژمنی یەکەمی (مەدحەت پاشا)یش بوو.

ئەم دەنگە لەناو دانیشتوانی ئەستەمبوڵدا بڵاوبووەوە دوو ڕووەکان دەستیان کرد بەخۆنزیک خستنەوە لە خونکار: لە ئازادیخوازەکان ئەدوان بەندوباویان بۆ دروست ئەکردن (مەحموود جەلالەدین پاشا)یش کە یەکێک لە کەنیزەکەکانی (عەبدولعەزیز)ی مارە کردبوو لە (منیر بەگ)ی کوڕی، خۆی وانوواند کە بەهۆی ئەو کەنیزەکەوە ڕازی مردنی (عەبدولعەزیز)ی بۆ دەرکەوتووە لەسەرئەوە نامەیەکی نووسی بۆ (عەبدولحەمید) ئەمیش کردی بەوەزیر و لەگەڵ (سرووری ئەفەندی)دا داینا لەو لیژنەیەدا کە لێکۆڵینەوەی ئەو تاوانە درۆیەی پێ سپاردبوون.

لە مانگی نەورۆز (مارت)ی ساڵی ١٨٨١دا، ئەمە بڵاوبووەوە، کە (عەبدولحەمید) ئەمە چەند ساڵێکە خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە هۆی لەسەرتەخت لابردنی (عەبدولعەزیز)ی مامی و ڕازی کوشتنی ئەوانەی ئاگاداری کەینەوبەینەکە بوون، بەگوێی یەکتردا چرپەیان ئەکرد، ئەیانگوت لە پێناو ئەم مەبەسەدا بەدەسیان کەس بەدناوکراون و گیراون پیاوەکانی سەرایش هەڕەشەیان لە دایکی (عەبدولعەزیز)و کەنیزەکەکانی و نۆکەرەکانی کرد، کە بەدەمی خۆیان بڵێن (عەبدولعەزیز) بەکوشتن کوژراوە هیچ کامێکیان درۆیان نەکرد، ڕاستییان گوت بەڵام یەکێک لە قولەڕەشەکان لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا بەقسەی کردن، پیاوەکانی بڕیاری دادپەروەرانەیش، (فخری بگ)، ڕازیداری (مابین)ی کاتی (عەبدولعەزیز) یان هێنا، لەگەڵ (مستەفا پاڵەوان) و هەردوو هاوڕێکەیدا کە لەژێر دەستیا فرمانیان ئەبینی، لێدانێکی زۆریان لێ دان، چەند شەو و ڕۆژێکیان بەبێ خەو هێڵانەوە، چەند کەلوپەلێکی تایبەتییان بۆ ئەم مەبەسە بەکارهێنا فرێیاندا ئاوی ساردەوە، بەشەو، بەشیشی سورکراو لە ئاگردا، سەریان داخ کردن، بۆ ئەمەی درۆیان پێ بکەن هیچیان درۆیان نەکرد، ڕاستییان گوت بەڵام (مستەفا پاڵەوان)، بەرگەی گەرمایی ئاسنەکەی نەگرت، ئەویش لەگەڵ قسەی پرسیارکەرەکان (محققين)دا ڕۆیشت بەرێوە، هەرچییەکیان پێ گوت گوتیەوە و لە ڕاستی لایدا.

(مەدحەت پاشا) ئەم دەنگانەی لە (ئیزمیر)ەوە بەرگوێ ئەکەوت هەروەها (رشدی پاشا)یش لە خەستەخانەی (مەغنیسیا)وە ئەمانەی ئەبیستەوە... هیچ خۆیان پێ تێک



نەدا و بایەخییان نەدایە دۆستەکانی (مەدحەت پاشا) لە ئەوروپا وە بۆیان نووسی و ئامۆژگارییان کرد کە خۆی دەربازبکات، تەنانەت بۆ ئەو مەبەسە کەشتییەکیان بۆ نارد بووە (ئیزمیر) بەڵام نەیویست نیشتمانەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ و گوتی: چەندوچوون کرنیش لەلایەن دادگاوە دەستوور و یاسای خۆی هەیە ئەویش ئەوەی ئەوێ کە بزانێ بیانوو و بەڵگەی بەدناوکراو چیە، بۆ ئەمەی ڕاستیی کەینەوبەینەکەی بۆ دەربکەوێ گوتی منیش ئامادەم کەبچمە بەردەمی دادگا، سایان خۆم ڕزگار ئەکەم، یان تووش ئەبم.

بەڵام ئێوارەی دووشەممەی ١٨٨١/٥/٤، لە کاتێکا کە مەدحەت پاشا ڕاکشابوو لە جێگاکەیدا، یەکێک لە هاوڕێکانی هاتە لای و ئاگاداری کرد کە حسنی بەگ)ی هاودەمی خونکار، کە یەکێک بوو لە دوژمنەکانی (مەدحەت پاشا)، فەرمانێکی بەتەلگراف بۆ هاتووە لە (مابین)ەوە، کە چوارلای خانووەکەی بگرێ ئەویش دەمودەست چۆتە بارەگای لەشکر پاشان یەکێکی تریش هات پێی گوت، ئەو چوار هەزار سەربازەی کە لە بارەگای لەشکردان، پڕ چەک بوون، وا خەریکن دێن چوارلای سەرای فەرمانڕەوایی بگرن کە ئەوی تیایە (مەدحەت پاشا) بڕوای نەئەکرد کە کاربەدەستانی فەرمانڕەوایی، چوار هەزار سەرباز بۆ گرتنی ئەو کۆبکەنەوە لە جێگاکەی خۆی ڕاست بووەوە و سەیرێکی هەوارگەی لەشکری کرد، کە لە سەراوە نزیک بوو.

کە سەرنجیدا، ڕاست بوو، سەربازەکان خۆیان ئامادە ئەکرد کە لە لەشکرگا بچنە دەرەوە ئەوەهات بەدڵیا، کە ئەبێ (عەبدولحەمید) فەرمانی دابێ، بیکوژن، ئەگینا تەنیا بۆ گرتنەکەی، ئەم هەموو لەشکرە بۆچ کۆکراوەتەوە؟! هەر بەو تاریکییە سەرای بەجێ هێشت.

نەی ئەزانی ڕوو بۆ کوێ بکات؟.... بەوە سەری زۆرتر لێ تێک چوو، کە دەنگی گوللەی تفەنگی گوێ لێ ئەبوو، ئەیبینی لەوبێ دەنگییەدا، گوللە ئامانی ئەبڕیی و لە نزیکیەوە ئەکەوتە ناو ئاوەکەوە پاشان (یوسف ئاغا)ی پیاوی پێ گەیشت، پێی گوت سەرباز هەرچوارلای کۆشکەکەتی گرتووە تفەنگ و ڕمیان گرتووە بەدەستەوە مەدحەت پاشایش ئەوی لەگەڵ خۆی برد و کەمێک بەپێ ڕۆیشتن، پاشان گالیسکەیەکیان دیی، سواری بوون، تا گەیشتنە گەڕەکی گاورە بێگانەکان کە گەیشتنە بەردەم (کۆنسوڵخانەی فەرەنسە) دەنگی گوللە زۆرتر ئەهات مەدحەت پاشایش، هەر ئەوەندەی پێ کرا خۆی فڕێ دایە کۆنسوڵخانەوە و فەرمایشی دا بەپیاوەکەی خۆی کە بگەڕێتەوەماڵەوە و بەخێزانەکەیشی بڵێت چاکە و لەوێیە.

(حسنی بەگ)ی یاریدەدەر و (حلمی پاشا)ی سەرکردە، ویستیان ڕێ و شوێنی سەربازییەکەی خۆیان بشارنەوە فەرمانیاندا کۆمەڵێک پوش و پەڵاشیان لە لایەکی شارەکەوە داناو ئاگریان تێ بەردا.

دانیشتوانی شارەکەیش وایان زانی ئاگرە و بەربۆتەوە، بەپێی ڕەوشت و خووی ئەوسایان دەستیان کرد بەتفەنگ تەقاندن لەوکاتەدا کە هەموولایەک بەو ئاگرە هەڵبەستراوەوە خەریک مابوون، لەشکر چوارلای کۆشکی (مەدحەت)ی گرت (حلمی پاشا) و (حسنی بەگ) و چەند ئەفسەرێکیش چوونە ژوورەوە، هەموو کون و قوژبنیان پشکنی، مەدحەت پاشایان بۆ نەدۆزرایەوە.

(مەدحەت) ئەو شەوە لە کۆنسوڵخانەی فەرەنسەدا مایەوە هەر سیانزە کۆنسوڵخانە بێگانەکانی تریش کە لە (ئیزمیر) دابوون، بەو کارەساتەیان زانی بەیانەکی زوو هاتنە ئەوێ، خۆشەویستیی خۆیان بۆ نوواند و بێزاریی خۆیشیان دەربڕیی دەربارەی ئەوەی ڕووی دابوو لەو. زۆریشی پێ نەچوو لە (جەودەت پاشا)وە تەلگرافێکی وەرگرت، سەرسوڕمانی خۆی پێشان ئەدا بەرامبەر پەنابردنیی بۆ کۆنسوڵخانەی فەرەنسە، لە کاتێکا کە نۆرەی هاتبوو بۆ قسەکردن لە بابەت کەینەوبەینەی کوشتنی (خونکار عەبدولعەزیز)ەوە ئەویشی لێ خواستبوو کە خۆی بدات بەدەستەوە (مەدحەت پاشا)یش بەتەلگرافێ وەرامی دایەوە: (تا ئێستا لە هیچ دەزگایەکی فەرمانڕەواییەوە کەینەوبەینەی کوشتنی عەبدولعەزیزم گوێ لێ نەبووە وا ئێستا گوێم لێی ئەبێ.

بەهەموو ڕەنگ[(١)]، ئەگەر ئێمە پەیوەندییەکمان بەم کەتنەوە هەیە و فەرمانڕەواییش لەسەر ئەو دەستوورە گشتییە ئەڕوات کە سەیری کەینەوبەینە و چەندوچوون ئەکات، ئیتر بۆچ پێچەوانەی یاسای گشتی جوڵایەوە و لەشکرێکی زۆرو زەبەندەی ڕەوانە کردە سەر ماڵم؟ چی بوو ناچاری کرد کە ئەم ڕێگەیە بگرێ؟ کەس هەبووە پرس لە ئێمە بکا و وەرامان نەدابێتەوە؟ کەس داوای کردووین بچینە ناو دادگاوە و بەقسەمان نەردبێ؟). لەدواییدا گوتبووی: «من حەز ئەکەم ئەم کەینەوبەینەیە لەبەردەم دادگایێکا ببڕێنرێتەوە بەڵام ئەم جوڵانەوەی دوایی فەرمانڕەواییە، هەموو باوەڕێکی لە دڵ دەرکردم ئەگەر دڵنیابیم لەوەی کە گیان و سەر بڵندبم، تووشی هیچ خراپەیەک نابم، چەندوچوون کردنەکەی دادگایش بەئاشکرا ئەبێت، بەهەموو ئارەزوویەکمەوە دێمە بەردەم دادگا).

(١) واتا: هەر چۆنێبێ، بەهەر حاڵ (علی أی حال).



(جەودەت پاشا)یش وەرامی دایەوە، کە سەرا، کۆمەڵێکی بەکەشتییەکی تایبەتیدا ڕەوانەکردووە، کە لەوێ قسەی لێ وەربگرێ وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسەیش تەلگرافێکی نارد بۆ کۆنسوڵی فەرەنسە لە ئیزمیر، گوتبووی مانەوەی مەدحەت پاشا لە کۆنسولخانەدا لەوەندە زۆرتر بەباش نازانین چونکە خۆی ئەوەی پەسەند کردووە کە بەچەندوچوونکردنی دادگا بێ دەنگ بێ فەرمانڕەوایی عوسمانیش ئەوەی پەسەند کردووە لەبەر ئەوە (مەدحەت) ناچاربوو کۆنسولخانەی فەرەنسە بەجێ بهێڵێ و خۆی بداتە دەست (حلمی پاشا) پاش ئەوە کەشتی (ئەستەمبوڵ) گەیشت (جەودەت پاشا) خۆی، تیابوو.

(عەلی پاشا)یشی تیابوو کە کرابوو بەسەرداری ئیزمیر لە جێی مەدحەت، ئەمیش دوژمنێکی تری (مەدحەت) بوو هەروەها (عوسمان بەگ)ی برای ئەو (حەسەن چەرکەسی)یەیشی تیابوو، کە (حوسێن عونی پاشا)ی کوشت، وەک لەوە پێش لێی دواین.

خونکار ئەم (حەسەن چەرکەسی)یەی لە سەربازێکی دەریاییەوە بڵندکردەوە بۆ پایەی (قول آغاسی)، ئەمیشی کرد بەیەکێک لە یاریدەدەرەکانی بێجگە لەوانە هەندێ لە پیاوانی وەزارەتی داد و باڵبازی نهێنیشی تیابوو مەدحەت پاشایان گواستەوە بۆ ئەو کەشتییە بەڵام دەمودەست نەگەڕانەوە هەرمایەوە لە کەنار ئاوەکەدا، چاوەڕوانی (ڕشدی پاشا)ی ئەکرد ئەم پیاوە پیرەیش لە نزیک ئیزمیرەوە، لە (مەغنیسیا) مابۆوە نەخۆشی وای لێ کردبوو، ها ئێستا بمرێ ها کاتێکی تر (جەودەت پاشا)یش چەند سەربازێکی ناردبوو، چوارلای ماڵەکەیان گرتبوو بەجۆرێکی وا دڕندانەیش لەگەڵیا جوڵابوونەوە کە لەگەڵ دز و ڕێگریشدا ناکرێ قاچیان پێوەندکردبوو نەی ئەتوانی بەرزببێتەوە بەزەییان بەکزیی و پیرییدا نەهاتبووەوە، بەزۆر کێشیان کردبوو بۆ (ئیزمیر).

پاشان بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەگەر لەناو کەشتیدا بڕوات ئەمرێ هەر لەوێ قسەیان لێ وەرگرتبوو پاشان ناردبوویانە بەندیخانەی ئیزمیر زۆری پێ نەچوو، لەوێ مرد.

لەوکاتەدا کە کەشتییەکە ئەگەڕایەوە ئەستەمبوڵ، هەروەها لە کاتی بەندیخانەیدا، لەگەڵ مەدحەت پاشادا کەوتنە چەندوچوون کردن لەسەر ئەو بەدناوییە کە خرابووە پاڵ خۆی و هاوڕێکانی بەدناوییەکەیش بەکورتی بریتی بوو لەمە: ئەو ئازادیی خوازانەی خونکار عەبدولعەزیزیان لەسەر تەخت لابردبوو، لە سەرای خونکارییدا لیژنەیەکیان پێک هێنابوو لە: (مەدحەت پاشا) و (ڕشدی پاشا) و (حوسێن عونی پاشا) و (زاوا مەحموود پاشا)

و (حوسێن خەیروڵڵا ئەفەندی پیری موسڵمانان) خونکار مرادیش هیچ فەرمانێکی نەئەدا، تا ئەم لیژنەیە پەسەندی نەکردایە.

هەروەها کاروباری فەرمانڕەواییش هەموو، بەپێی ئارەزووی ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەڕێوە ئەبران.

خونکار (مراد)یش فەرمانێکی خونکاریی بۆ ئەوە دەرهێنابوو (مستەفا پاڵەوان) و (حاجی محەمەد) و (فەخری بەگ)، بەفەرمانی هەر دوو داوا کە (مەحموود پاشا) و (نوری پاشا)، خونکار (عەبدولعەزیز)یان کوشتبوو جا لەبەر ئەمەی (مەحموود پاشا) خۆیشی یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەکەی لە سەرەوە ناوبرا، بێ گومان لەسەر قسەی هاوڕێکانی خۆی ئەو فەرمانەی دەرکردووە ئەو سێ پیاوکوژەیش لەسەر قسەی ئەندامانی لیژنەکە هەموویان هەڵ بژێرراون (ئەمەیش گەورەترین بەڵگەیە، کە بۆ خاوەن شکۆی گەورەمان خاقانی هەرە مەزنی دەرخستووە، کە کەتنەکە لەوە پێش بڕیاری لەسەر دراوە و ڕێ و شوێنی بۆ دانراوە لەلایەن وەزیرەکانەوە کە مەحموود پاشا و نوری پاشایشی تیابوون، ئەویش بەفەرمانی خونکار مراد) بەڵگەیش بۆ ئەوە دەست کەوتووە، بەهۆی پێ لێ نانی دووکەس لە تاوانبارەکانەوە، کە ئەوانیش (مستەفا پاڵەوان و حاجی محەمەد)ن، کە گوتوویانە ئێمە هەردووکمان خونکار عەبدولعەزیزمان کوشتووە، لەسەر فەرمانی مەحموود پاشا و نوری پاشا دوو قولەڕەشیش ئاگایان لەوە هەبووە، کە لەبەر چاویاندا کوشتنەکە ڕووی داوە، ئەو دوانەیش قسەی خۆیان تۆمارکردووە.

مەدحەت پاشایش وەرامی دایەوە کە خۆکوشتنی عەبدولعەزیز بەجۆرێکی فەرمانڕەواییانە دەرخراوە، ئەویش ئەمە یەکەم جارە کە گوێی لە کوشتنی عەبدولعەزیز بێ ئەو لیژنەیەیش هەرگیز پێک نەهاتووە (مەحموود پاشا)ی زاوایش لە کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنە درۆیەدا نەبووە و لە هیچ لیژنەیەکی تریشدا نەبووە پیاوکوژەکانیش کە بەدرۆ دیاردیی کراون، وەزیرەکان هیچیان نایانناسن.

ئەوانە لە دەس و پێوەندەکانی خونکار مراد هەڵ بژێرراون ئەو قسەیەیش کە ئەڵێ دوانیان پێیان لە کوشتنەکەی ناوە، سەری پیاوی لێ سوڕ ئەمێنێ.

هیچ خاوەن هۆشێک ئەوەی بەمێشکدا ناچێ کە ئەوانە، بەبێ لێ دان و ئازاردان پێیان لەو قسە درۆیە نابێ بێ گومان ئەو قسەیەش هەروەک قسەی دوو قولەڕەشەکە وایە کە گوایا گوتوویانە چاومان لێ بووە عەبدولعەزیز چۆن کوژراوە تا دە ڕۆژیش پتر پرسیاریان لە



مەدحەت پاشا کرد، ئەویش وەرامی سەدان پرسی دایەوە هەندێکی پەیوەندیی هەبوو بەکەتنەکە خۆیەوە، هەندێکیشی فڕی بەسەر کەتنەکەوە نەبوو[1] باوکی ئازادیی خوازان، لەو هەموو بەندوباوو چاووڕاو و فێڵبازییەی لێی ئەکرا و، لەو هەموو درۆیەی گوێی لێ ئەبوو، لەو هەموو قسە پێکەنین هێنەرانەی ئەهاتە بەردەمی، ئەوەندە سەرسام نەبوو، کە (راغب بەگ)، کە یەکێک لە پیاوە نزیکەکانی خونکاربوو، لە کاتی پرسیار لێ کردنیا پێی گوت: ئەو دەستوورەی خۆی و هاوڕێکانی دایاننابوو، زیانیدا لە چاکەی نەتەوە کەچی کە خاکەکانی (بولگار و میسر و سرب و شاخەڕەش و یۆنان) لە فەرمانڕەوایی عوسمانی جوێ بوونەوە تەنیا لە چەند ساڵێکا، گەلێک هەنگاو پێشی کەوتن.

ئەویش بەهۆی هیچەوە نەبوو، بەهۆی ئەوەوە نەبێ کە سەریان بۆ زۆرداریی و ئاژاوە دانەنەواند هەریەکەیان دەستورێکی بۆ خۆی داناو کاروباری خۆی بەپێی ئەو دەستوورە هەڵ ئەسوڕاند. هیچ شتێکیش دڵی نەشکاند ئەوەندەی ئەوە کە ڕۆژێکیان (خەیرەدین ئاغا)ی هاودەمی خونکار، هاتە لای بۆ بەندیخانە، چەواشەی ئەکرد و هانەی ئەدا بۆ ئەوەی کە بڵێ منیش لە کەتنی کوشتنی خونکار عەبدولعەزیزدا بووم، بەفەرمانی (خونکار مراد) تا ئۆباڵە بکەوێتە ئەستۆی خونکار مراد، نەک ئەو ئەیویست وێنەکە لەسەرخۆی بهێنێتەوە ئەیگوت: (ئەگەر خاوەن شکۆ پێم بڵێ یەکێک بکوژە دەمودەست ئەیکوژم گوناهیش لەسەر من نابێ تۆیش لەوەدا وەکو منی ئەگەر ئەوەی پێم گوتی بیڵێیت، لەم بەندیخانەیە ڕزگارت ئەبێ).

(مەدحەت پاشا)یش بەدڵێکی زۆر شکاوەوە وەرامی دایەوە، پێی گوت:

(ئاغای بەڕێز! لە قسەکانتا شتی وا هەیە کە لەگەڵ ڕاستیدا ڕێک ناکەوێ چونکە یاسا و ئایین چاو لە یەکێک ئەپۆشن، کە کەسایەتی و فرمانەکەی هەڵ بگرێ چاوی لێ بپۆشن تۆ لە دەستوپێوەندانی خونکاریت بەپارەی خۆی، تۆی کڕیوە تۆ بەندەی ئەویت.

ڕەنگە تۆ بیانووت هەبێ کەوا بڵێیت بەڵام ئەوانەی نوێنەر و جێنشینی نەتەوەن، لە هەموو کاتێکدا، لێیان ئەپرسرێتەوە لەو کردەوانەی کە لێیان ئەوەشێتەوە، سا کردەوەکە کوشتن بێ، یان هەر شتێک بێ ئەگەر خونکار فەرمانیدا بەیەکێک لەو نوێنەرانە، کە شەپازلەیەک بوەشتێنێ لەیەکێک و بەقسەی کرد، ئەو نوێنەرە دەست بەجێ لێپرسراو ئەبێ بەرامبەر یاساو بەرامبەر کۆمەڵایەتی...).

---

[1] کەتن: (فصیحە)، بەڵام لێرەدا (تاوان)ە.

زۆری پێ نەچوو، بەدناوکراوەکان، نامەی بەدناوییەکەی خۆیان پێ ڕاگەێنرا، هەموویان پڕبوون لە قسەی پێچاوپێچ ڕۆژی ١٥/٦/١٨٨١یش دانرا بۆ چەندوچونکردنی دادگا لەگەڵیاندا.

## چەند و چوونکردنێکی سەیر لەسەرای یەڵدزدا

خونکارێکی لەسەرتەخت لابراو، خونکارەکەی پاش خۆی ئەیەوێ، فەرمانداریییەکە هەر لەژێر چنگی خۆی دابێ، بەڵام ئەترسێ لەوەی، وەک خونکارەکەی پێشووی خۆی بەسەربێ ئەم ترسە ئەیخاتە سەر ئەوەی کە زۆرداریییەکەی بەهێزتر لێ بکات، فراوانتر بکات.

هەر شتێک، یاخود هەر کەسێکیش زیانی لێ بوەشێتەوە بۆ تەختەکەی، لە ڕەگوڕیشەوە دەری بهێنێ، ئەویش هەر بۆ ئەمەی کە دەسەڵاتی زۆردارانەی خۆی بپارێزێ ئەمە بەوەدا دەرکەوت، کە خۆکوشتنی عەبدولعەزیز خرایە ئەو شێوەیەوە کە کوژراوە لەلایەن خونکار مراد و مەدحەت پاشا و هاوڕێکانیانەوە هەروەها لە چەندوچوون کردنی دادگادا دەرکەوت کە لەگەڵ مەدحەت پاشا و تاوان بارەکانی تردا.

دادگا لەناو (سەرای یەلدز)دا دامەزرێنرا، نزیک لە پاسەوانخانەی (مالطە)وە خێوەتێکی گەورەی سەوز، لە ناوەند پارچە زەوییەکی فراواندا دامەزرێنرا پەرژینێکی بۆ کرابوو بەهەر چوارلادا سەربازیش هەرچوارلای زەوییەکەیان گرتبوو هەندێ لە پیاوە خۆشەویستەکانی خونکار و ڕۆژنامەنووسەکانی بێگانەو خۆماڵیش بانگ کرابوون، بۆ سەیرکردنی ئەو چەند و چوون کردنە ئەو سەکۆیەی ناوبژیکەرەکان لەسەری دانیشتبوون گەزێک لە زەویی بەرز بووبووەوە تاوانبارەکانیش خرابوونە چاڵێکەوە، کە قووڵیی نیوگەز ئەبوو، لەبەردەم دادگادا بەپێوە وەستابوون.

سەرۆکی یەکەمی ئەم دادگایە (سروری ئەفندی)، سەرۆکی دووەمیشی (خرستووریدی)بوو. ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە (توفیق ئەفەندی، موهتەدی، حوسێن بەگ، تکفور بەگ)، (لەتیف بەگ)یش فرمانی جێنشینی گشتی ئەبینی زۆربەی ئەو ناوبژیکەرانە لە قسە دزەکانی کۆن بوون یەکێک لە گەورە پیاوەکانی ئەورووپا دەربارەی ئەوانە قسەی کردبوو، گوتبووی: ڕەوا نییە، سەگێک بەبڕیاری ئەوانە هەڵ بواسرێ کەواتە چۆن ڕەوایە، ئەوانە بڕیاربدەن بەسەر گەورەترین کەس لە فەرمانڕەوایی عوسمانی و سەرچاوەی هەرە گەورەی چاکەخوازییدا؟!...

تاوانبارەکان پانزە کەس بوون خونکار مراد و دایکی و کەنیزەک (عرض نیاز



تالفە)یشیان تیابوو بەڵام عەبدولحەمید ئەو سیانەی بەخشی، تەنیا بەوەندە وازی هێنا، کە ئەو کەتنەی دایە پاڵیان (رشدی پاشا)یش یەکێکی تریان بوو، ئەوەبوو لە ئیزمیردا مرد. (مەدحەت پاشا)یش یەکێک بوو لەوانە، بەڵام لە ژوورێکی تایبەتیدا دانرابوو، لەناو پاسەوانخانەکەدا، هەتا نۆرەی دێ ئەوانی تریش خرانە ناو خێوەتەکەوە کە پێیان ئەگوت دادگا.

ئەوچوار تاوانبارەی کەبەوەوە بەدناو کرابوون، عەبدولعەزیز یان کوشتووە، پرسیاریان لێکرا (مستەفا پاڵەوان) گوتی: (مەحموود پاشا) و (نوری پاشا) بەمنیان گوت (عەبدولعەزیز) بکوژم منیش دەماری باڵی چەپیم بڕیی و باڵی ڕاستیشم بریندار کرد (فەخری بەگ) هەردوو باڵی خونکاری گرتبوو. (حاجی محەمەد) و (مستەفا جزائری)یش لەسەر هەردوو ئەژنۆی دانیشتبوون ئەم تاوانبارە کە قسەی ئەکرد، وەک وتارێکی لەبەرکراو بخوێنێتەوە وابوو کەچی بەوقسانە هیچ تێک نەئەچوو کە کەینەوبەینەی کوشتنەکەی ئەگێڕایەوە، وەک چیرۆک بگێڕێتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بەخۆیەوە نەبووبێ وابوو.

(حاجی محەمەد)یش قسەکانی (مستەفا پاڵەوان)ی پەسەندکرد بەڵام (مستەفا جزائری) گوتی (مستەفا پاڵەوان) و هاوڕێکەی درۆ ئەکەن هەروەها (فەخری بەگ)یش ئەو دوانەی بەدرۆ خستەوە گوتی خونکار عەبدولعەزیز خۆی، کوشتووە، کەس نەی کوشتووە هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئەوە بڵێ درۆ ئەکات، قسە هەڵ ئەبەستێ.

لە (نەجیب بەگ) و (عەلی بەگ)یش پرسرا، کە ئەوانیش تاوانباربوون بەوەی کە کاتێ (عەبدولعەزیز) کوژراوە، لەبەردەم ژوورەکەیدا وەستابوون شیریان بەدەستەوە بووە، بۆ ئەمەی ژوورەکە بپارێزن و نەهێڵن ژیانی کۆشک بچنە ناویەوە کەنیزەکێکیش کە ناوی (پەروین فەلەک) بوو و لە (منیر بەگ کوڕی مەحموود جەلالەدین بەگ) مارە کرابوو، هەر ئەوەی گێڕایەوە دوو قولەڕەشیش هەر وایان گێڕایەوە، کە هەردووکیان بەلای ئەو ژوورەدا تێپەڕبووبوون، دەرگاکەیان بەکراوەیی دیبوو، تاوانبارەکانیان دیبوو هەردوو باڵی عبدالعزیان ئەبڕیی، ئەو دوو ئەفسەرەیش کە دەرگای ژوورەکەیان ئەپاراست، هەردووکیان ئانیشکیان دادابووە سەر شیرەکەیان، ئەوانیش بەلایاندا تێپەڕین و سەیری ژوورەکەیان کرد، کەچی ئەو دوو پاسەوانە، بەربەستیان نەکردن لەوە، هیچ قسەیەکیشیان پێ نەگوتن.

(نەجیب بەگ)یش لەسەر ئەو بەدناوکردنەی وەرامی دانەوە گوتی: کە بیستم

عەبدولعەزیز خۆی کوشتووە، لەناو کۆشکی پاسەوانخانەکەدا بووم، خەریک بووم جلم ئەگۆڕیی.

(عەلی بەگ)یش گوتی: لەپێش خۆکوشتنی عەبدولعەزیزدا بەڕۆژێک، کرام بەیاریدەدەری خونکار مراد لەکاتی ڕوودانی ئەو خۆکوشتنەیشدا لە دەزگای (فرعیە) نەبووم.

نۆرەی (مەحموود پاشا) و (نوری پاشا)یش هات قسە بکەن ئەوەبوو بەوە بەدناوکرابوون کە فەرمانیان داوە بەهەرچوار تاوانبارەکە، عەبدولعەزیز بکوژن (مەحموود پاشا) گوتی: عەبدولعەزیز خۆی خۆی کوشتووە بێجگە لەوە هەرچی گوتراوە درۆیە ئەوانەیشی بەدرۆخستەوە کە گوتبوویان لەپێش خۆکوشتنی عەبدولعەزیزدا، چۆتە دەزگای (فرعیە).

گوتی: ئەتوانم ئەوە دەربخەم بەقسەی ئەوانەی ئاگایان لێ بووە، هەر لەلابردنی عەبدولعەزیزەوە تا ڕۆژی خۆکوشتنی لە کوێ بووم (نوری پاشا)یش هەرچییەکی خرابووە پاڵ، بەدرۆی خستەوە.

پشتیوان (محامی)یەکانی لەسەرکردنەوەیش، ئەوەیان گوت کە ناوبژیکەرەکان پێیان خۆش بێ چونکە ئەوان دایان نابوون، کەوا بلێێن خۆیان لە ناوەڕۆکی کەینەوبەینەکە دوور ئەخستەوە، لە بەزەیی پیاهاتنەوەی خونکار عەبدولحەمید ئەدوان،کە لەباریا هەیە لە هەموو گوناهێک خۆش ببێ!

لە هەردوو پزیشکەکەیش پرسرا، کە ناویان (مارقۆ پاشا) و (قاسترو ئەفەندی)بوو، ئایا ئەو برنگەی خونکار عەبدولعەزیز خۆی پێ کوشتووە، لەوانەیە کە بڕینێکی وای پێ ببدرێ وەک لەهی خونکار هاتووە؟

(قاسترۆ ئەفەندی) گوتی: پیاو ئەتوانێ پیاوێک بەم برنگە سەر بڕێ، نەک هەر بڕینداری بکات سەرۆکی دادگا سەر زەنشتی کرد؛ پێی گوت: تۆشێتی! کەس لە گوێ گران قسەی نەکرد!

دوایی (مەدحەت پاشا)یشیان هێنا ئیتر (سرووری ئەفندی) سەرۆکایەتیی دادگای بەجێ هێشت بۆ (خرستووریدی) هەر جارێکیش (مەدحەت)یان بهێنایەتە دادگا، وای ئەکرد چونکە دوژمنایەتی ئەو (مەدحەت) ئاشکرابووبوو لە هەمووکەس مەبەسیش لەوە چەواشەکردنی هەمووان بوو، کە دادگا بەتەنگ دادپەرستییەوەیە باوکی ئازادیی



خوازانیش، یەکەم قسەی ئەمە بوو: (لەپێش هەموو شتێکا سوپاسی خوای گەورە ئەکەم، کە لە سەر کارەساتێکی وەها بانگ کراومەتە ئەم دادگایە نەک لەبەر کەتنێکی وا کە پەڵەبدات لە سەربەرزیی و پیاوەتیم.

تەنانەت ئەگەر ئەمە ڕاستیش بێ، کەمن ئەم کەتنەم کردووە، ئەوە لە ئەنجامی دڵسۆزیمەوە بووە کە لەسەر نیشتمانم کردۆتەوە.

دووەم: سوپاسی خونکار عەبدولحەمید ئەکەم، کە ئەیەوێ ڕاستیی ئەم کەینەوبەینەیە بۆ هەموو کەس دەربکەوێ بەهۆی ئەوەوە کە ئەم چەندوچوونکردنە بەئاشکرا ئەکرێ.

سێیەم: سوپاسی دادگا ئەکەم کە لەپێش ئەمەدا، لە بابەت ڕازونهێنیی کەینەوبەینەکەوە پرسیارم لێ بکات، بڕیاری کوشتنمی پێ ڕانەگەیاندم ڕێیشی داوم کە بەهەموو سەربەستییەکی خۆمەوە لەسەر خۆم بکەمەوە!

سەرۆکیش گوتی: بەڵێ، بەڵێ دیارە ئێوە نامەی تاوانەکەی خۆتان خوێندۆتەوە چۆنتان هاتۆتە پێش چاو؟

مەدحەت پاشایش وەرامی دایەوە: بەڵێ تاوان نامەکەی خۆمم خوێندۆتەوە تەنیا دووشتی ڕاستم تیادیی: یەکەمیان ڕستەی (ناوی خوا) کە لەسەری نامەکەوە دەست پێ ئەکات دووەمیشیان ڕۆژی نووسینی نامەکە کە لە دواییەوەیە بێجگە لەو دوانە هەرچییەکی تیایە، هەڵبەست و درۆیە دوورە لە بنچینەی کەینەوبەینەکەوە پاشان داوای کرد تاوان نامەکە بخوێندرێتەوە، تا بەندبەند وەرامی بداتەوە سەرۆکیش پێی گوت: لەسەرت پێویستە، تەنیا بەشی خۆت وەرام بدەیتەوە.

مەدحەت پاشاش بەرپەرچی دایەوە، گوتی: کەینەوبەینەکە لە بابەت کوشتنی خونکارێکەوە بە (ڕستەی پرسیارەکانیش لە (مستەفا پاڵەوان)ەوە دەست پێ ئەکات، تا یەک لەدوای یەک بەڕیزە ئەگاتە ئێمە دادگایش وەرامی گەلێکی نووسیوەتەوە خۆی ئەڵێت ئەوانە پیاو کوژەکانن، پاشان تاوانەکە ئەخاتە ئەستۆی من و ڕەشیدی پاشا لەبەر ئەوە دەرخستنی تاوانەکە و بەدناوکردنی ئەوانە بنچینەن هەرچی هی ئێمەیە لقێکە لەهی ئەوان ئەبێتەوە لەبەر ئەوە پێویستە لە سەرەتاوە دەست پێ بکرێ و هەرچیش تۆمارکراوە بخوێندرێتەوە).

بەڵام سەرۆکی دادگا، ڕێی نەدا تاوان نامەکە بخوێندرێتەوە لە مەدحەت پاشای پرسی: بۆچ وەزیرەکان لە پاش لابردنی عەبدولعەزیز لەسەرتەخت، خەنجەرەکەیان لێ سەند

مەدحەتیش گوتی: خونکاری لابراو لەسەرتەخت نابێ خەنجەری لابێ بەپێی بڕیاری کۆڕی وەزیرانیش بوو، کە خەنجەرەکە لە عەبدولعەزیز سێندرا.

پرسیی لە مەدحەت: لەبەرچی فەخری بەگ هێڵرایەوە لە ژێردەستی عەبدولعەزیزدا، کەچی ئەوانی تر لادران؟

مەدحەت پاشایش گوتی: هێشتنەوەی (فەخری بەگ) لە کۆشکی عەبدولعەزیزدا، لەسەر داواکردنی خونکاری خۆکوژ خۆی بوو. لەپێش ئێستایشدا نە من ناسیومە نە ڕشدی پاشا.

پاشان لێی پرسی: ئەو پاسەوانانەی نێررانە لای عەبدولعەزیز بۆچ مانگانەی گەورەیان بۆ بڕرایەوە؟

مەدحەت پاشایش گوتی: نەمن نەڕشدی پاشا، هیچمان ئەو پاسەوانانە ناناسین مانگانەکانیشیان بەزۆر دانانرین، لە چاو ئەوەدا کە لە بەندیخانەکەی خونکاردا پێکەوە ماونەتەوە.

سەرۆک گوتی: ئەو پرس و لێکۆڵینەوەیەی لە کوشتنی خونکاردا کرابوو، ناتەواوە.

(مەدحەت)یش گوتی: کە من گەیشتمە دەزگای (فرعیە) ئەو لێکۆڵینەوەیە تەواو کرابوو، وەزیرەکانیش بەوەندە وازیان هێنابوو، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی کە چاویان بە بڕیاری پزیشکەکان کەوتبوو.

پاشان سەرۆک لە بنچینەی کەینەوبەینەکەی لادا لە مەدحەت پاشای پرسی: هۆی پەنابردنت بۆ کونسوڵخانەی فەرەنسە چی بوو؟

ئەویش: کارەساتی، گرتنەکەی خۆی و کەینەوبەینەی ڕۆژگاری بۆ گێڕایەوە کە ناچاری کرد ئەوە بکات.

سەرۆک لێی پرسی: ئەی ئەوە چیە ئەڵێن نیازت هەبووە فەرمانداریی خونکاریی بکەیت بەکۆماریی؟

مەدحەت پاشایش پێی گوت: ئەم بابەتە، دوورە لە ناوەڕۆکی کەینەوبەینەکەوە لەبەر ئەوە وەرام نادەمەوە پاشان چ پرسیارێکی تری وایشی لێ کرد ئەویش وەرامی نەدایەوە، گوتی پرسەکان پێویستە فڕیان بەبنچینەی کەینەوبەینەکەوە هەبێ زۆرەملێییشی لێ کرد، کە تاوان نامەکە بخوێندرێتەوە، تا بەند، بەند وەرامی خۆی بداتەوە.

بڕانەوەی کۆڕەکە ئاشکراکرا.



لە ڕۆژی دواییدا، دادگا دەستی کردەوە بەبینینی کەینەوبەینەکە، لە بەردەم تاوانبارەکاندا، تەنیا (مەدحەت پاشا) نەبێ، کە وەک ڕۆژی پێشوو لەناو ژووری پاسەوانخانەکەدا دانرابوو. ئەمجارە قسەی بیست و شەش ئاگالێ بووی[1] نووسی لە قسەی هیچ کەسێکیاندا، شتێکی وا نەبوو، کە تاوانی کوشتنەکە، یاخود ئەو تاوانانەی فڕیان هەیە بەسەر ئەوەوە، دەربخات.

تەنیا کەنیزەک (پەروین فەلەک) نەبێ، کە بەقسەی خۆی، گوتی (نەجیب بەگ) و (عەلی بەگ)، هەردوو ئەفسەرەکەی دیوە، لەوکاتەدا کە بەپلیکانەی سەرایدا هاتۆتە خوارەوە هەردووکیان لەپێش کوشتنی عەبدولعەزیزدا لەبەر دەرگای ژوورەکەی خونکاردا وەستابوون هەروەها کەنیزەک (ذوقیاب قالغە)یش، بەقسەی خۆی گوتی: کە لەپاش مردنی عەبدولعەزیز چوومە ژوورەکەی دیم (مستەفا جزائری) لە پەنجەرەی ژوورەکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە ئەم کەنیزەکە لەکاتی لێکۆڵینەوە و پرسیاردا گوتبووی، خونکار عەبدولعەزیز لە چینی هەرە سەرووی کۆشکەکەدا بوو کەچی ئەم جارە گوتی عەبدولعەزیز لە چینی ناوەڕاستی کۆشکەکەدا بوو هەروەها هەردوو قولە ڕەشەکانیش (ریمان) و (راقم) بەقسەی خۆیان گوتیان: هەردوو ئەفسەرەکەمان دیی لەبەر دەرگای ژوورەکەی عەبدولعەزیزدا ڕاوەستابوون، چوار تاوانبارەکەیشیان عەبدولعەزیزیان ئەکوشت دەرگاکە کرابووەوە بۆیە چاومان پێکەوتن (مەحموود پاشا)یشیان دیبوو لە دەزگای (فرعیە)دا لەگەڵ (نەجیب بەگ)دا گفتوگۆی ئەکرد.

کەچی لەکاتی لێکۆڵینەوە و پرسیاردا، گوتبوویان، لەگەڵ کەنیزەک (عرض نیاز قالغە)دا گفتوگۆی ئەکرد لەبەردەم دادگاهدا ئەوەیان نەگوت.

پاشان پشتیوانەکانی لەسەرکردنەوە، هەستانە سەرپێ و تکای بەزەیی پیا پیاهاتنەوەی خونکاریان کرد. (مەحموود پاشا)یش هەستایە سەرپێ و گوتی: من کەسم نەکردووە بەپشتیوانی خۆم هەر قسەکانی پێشووی خۆی دووبارەکردەوە ئەوەیشی خستە سەر، کە لە ڕۆژی کارەساتەکەدا، لە ماڵی ڕشدی پاشا بووە، هەردووکیشیان لەوێ دابوون کە بەکارەساتەکەیان زانی.

سەرۆکیش گوتی: ڕشدی پاشا گوتوویەتی تۆ لە ڕۆژی یەکشەممەدا لە ماڵی ئەودا نەبویت پارچەیەک لە قسە نووسراوەکانی ڕشدی پاشای بۆ خوێندەوە.

---

(١) ئاگالێبوو: شایەد. ئەوانەی ئاگایان لە ڕووداوەکە بوو.

(مەحمود پاشا )یش گوتی: ئەمە قسەی هەڵبەستراوە، تۆ بەدەستی خۆت نووسیوتە. سەرۆک، بێ دەنگ بوو، وەرامی ئەم بەدناوکردنەی خۆی نەدایەوە لە دوای ئەو (فەخری بەگ) و (عزەت بەگ) لەسەر خۆیان کردەوە کەس گوێی لە قسەیان نەگرت.

نەیشیان هێشت قسەکانی خۆیان تەواو بکەن.

پاشان مەدحەت پاشایان هێنا ئەمجارەیش زۆری لێ کردن کە تاوان نامەکەی بۆ بخوێننەوە، تا بەند بە بەند وەرامیان بداتەوە ئەویشی بۆ داد گێڕایەوە، کە بیستوێتییەوە؛ تاوانبارەکان، هەموو جۆرە ئازارێک دراون بۆ ئەمەی بەدەمی خۆیان، خۆیان تاوانبار بکەن بەو تاوانانەی خراونەتە پاڵیان پاش ئەوە گوتی: ئەو قولەڕەشانەی کە نێرراون بۆ دەزگای (فرعیە) لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە سەرای ئەڵێ خونکار عەبدولعەزیزیان کوشتووە ئەو دوو قولەڕەشە هەردووکیان پێیان لێ نا کە لەکاتی کوشتنی عەبدولعەزیزدا چاویان لەو چوار کەسە بووە، کە چۆن کوشتوویانە بەڵام هیچیان بەربەستی ئەو چوار تاوانبارەیان نەکردووە، کە نەی کوژن، تەنانەت قسەیەکیشیان بەرمبەریان نەکردووە کەواتە، بۆچ دادگا ئەوانیش بەهاوبەش دانانێ لە کوشتنی خونکار عەبدولعەزیزدا ؟!.

پاشان مەدحەت پاشا، هوروژمی بردە سەر ڕەوشت و خووی دادگا کە پێچەوانەی یاسا جوڵاوەتەوە لەگەڵ تاوانبارەکاندا ڕێگەی بۆ تاوانبارەکان نەکردۆتەوە، کە بەئاسانی لەگەڵ پشتیوانەکانی خۆیاندا کۆببنەوە، یان لەگەڵ یەکتریدا کۆببنەوە.

دادگا، نەدایکی عەبدولعەزیز، نەژنەکانی، نەسەربازەکانی پاسەوانخانەی (فرعیە) نە ئەو پزیشکانەی کە لاشەکەی عەبدولعەزیزیان پشکنیوە، ئەوانە هیچیان بانگ نەکردۆتە دادگا قسەیان لێ وەربگرێ.

دادگا گوتوێتی: خونکار عەبدولعەزیز بەزیندوێتی نێژراوە! ئایا چۆن ئەو هەموو پزیشکانە هەستیان بەوە نەکردووە کە عەبدولعەزیز زیندوو بووە یان مردووە؟

مەدحەت پاشا، دادگای بەوە بەدناو کرد: کە ئەو هەر بەتەنیا گوێ لە قسەی چەند بەکرێ گیراوێک ئەگرێ، یاخود گوێ لەوانە ئەگرێ کە بەزۆر وایان لێ کردوون پێ لەتاوانی خۆیان بنێن وەک داوایان لێ کراوە، بۆ ئەمەی بەبێ گونا، بەبێ ڕێ دانێکی یاسایی، یانزە کەس بەپەتا هەڵبواسێ.

سەرۆکیش پێی گوت: ئەوقسانەی کردت، تاوانێکی تازەن کە ئەخرێتە سەر تاوانەکەی پێشووت.



مەدحەت پاشایش پێکەنی، گوتی: ئێوە فەرمانی کوشتنی ئێمەتان داوە ئەگەر ئێمە کەتنێکی تریش بکەین، هەر یەکجار ئەتوانن بمان کوژن، ناتوانن دوو جار بمان کوژن بەڵام ئێوە ئەتوانن کەتنەکەی دووەمیش لەسەر کێلی گۆڕەکانمان بنووسن. ئێوە نایشتوانن بەربەستمان بکەن لەوەی کە لەسەر خۆمان بکەینەوە بەڵام ئەگەر لە قسەکانماندا، درۆیەک، یاخود هەڵەیەک هەیە، ئەوا پێشانمانی بدەن.

(مەدحەت پاشا ) دیسانەوە، داوای لە دادگا کردەوە، کە دایکی عەبدولعەزیز و ژنەکانی و ئەو پزیشکانەی لاشەکەی عەبدولعەزیزیان پشکنیوە و هەرچی ئەفسەر و سەربازێکیش هەبوون لە دەزگای (فرعیە)دا، بانگ بکاتە دادگا، بۆ ئەمەی قسەی هەموویان وەربگیرێ.

هەر لەسەر ئەو قسەیەیش ڕۆیشت کە ئاگای لە کوشتنی عەبدولعەزیزنییە و دەستیشی لەو کەتنەدانییە و پاکە لە هەموو خراپەیەک لەو کارەساتەدا، هەروەها کەینەوبەینەکە هەر لە بنچینەوە درۆیە و هەڵبەستراوە.

ئەوەیشی داواکرد، کە ڕێ بدرێ هەندێ پرس بکات لەوانەی کە پێیان ناوە لە تاوانەکەی خۆیان. سەرۆکی دادگایش (مستەفا پاڵەوان)ی هێنا لێی پرسی کەتنەکە چۆن کرا؟ کابرا قسەکانی پێشووی خۆی گێڕایەوە مەدحەت پاشایش گوتی:

(ئەی سەرۆک! ئەم کابرایە پیاوێکی تری کوشتووە نەک خونکار عەبدولعەزیز چونکە عەبدولعەزیز ئەوەندەی پێنج سانتیمەترە باڵی خۆی بڕیوە کەچی ئەم ئاگالێ بووە و پیاو کوژە ئەڵێ دەمارەکانی باڵی ڕاستی بەتەواوەتی بڕیوە ئەو قسانەیش کە بۆ ئاگا لێبووەکان دانراوە بیکەن لە دژی هەردوو زاواکە، یەک شت سەرنج دراوە لە ناویانا: ئەویش ئەوەتا کە لە قسە ناڕاستەکانیاندا، لە دژی ئەو دوو پیاوە، نووسراوە هەر دووکیان بە (مستەفا پاڵەوان)یان گوت: دەماری باڵی چەپی خونکار عەبدولعەزیز ببڕە، بۆ ئەمەی لەگەڵ بڕیارنامەی پەزیشکەکاندا یەک بگرێ کەچی کابرا (مستەفا پاڵەوان) خۆی ئەڵێ هەموو دەمارەکانی بڕیوە ئەوەیش ئاشکرایە کە پیاو ئەبێ برینکار بێ، ئنجا ئەتوانێ ئەو دەمارانە بدۆزێتەوە لە باڵی پیاوێکا، کە پڕن لە خوێن، بەتایبەتی لە باڵی پیاوێکی وەک خونکار عەبدولعەزیزدا کە زۆر قەڵەوبوو بەڵام (مستەفا پاڵەوان) نازانێ کام دەمار خوێنی تیایە لەبەر ئەوەیە کە هەموو دەمارەکانی بڕیوە کەچی جێنشینی گشتی لە تاوان نامەکەدا ئەڵێ: (مستەفا پاڵەوان) پێی لێناوە کە نزیکی پێنج سانتیمەترەی لە باڵی خونکار عەبدولعەزیز بڕیوە ئەو قسەیەیش لەگەڵ بڕیارنامەی پزیشکەکاندا ڕێک ئەکەوی بەڵام

لەگەڵ قسەی ئێستای (مستەفا پاڵەوان)دا ڕێک ناکەوێ کەواتە ئەم قسەیە، بەسایەی زیرەکیی جێنشینی گشتییەوە هەڵبەستراوە سەیر ئەوەیە (مستەفا پاڵەوان) خۆی ئەڵێ ئەو دەمارانەم بەچەقۆ بڕیوە، ناڵێ بەبرنگ بڕیومن ئەگەر بیگوتایە بەبرنگ بڕیومە قسەکانی لەگەڵ بڕیارنامەی پزیشکەکاندا یەکتریان ئەگرتەوە ئەوساکە دادگایش دووچاری درۆکردن نەئەبوو لەم کەینەوبەینەدا، هەروەها کە بڵێ وەزیرەکان برنگەکەیان لە خوێنەکەدا داناوە).

ئنجا کە جێنشینی گشتی بەرپەرچی قسەکانی مەدحەت پاشای دایەوە مەدحەت پاشایش گوتی:

(مستەفا پاڵەوان) ئەڵێ هەموو دەمارێکی باڵەکەی بڕیوە، کەچی ئێوە ئەڵێن: گوتوویەتی پێنج سانتیمەترەم لە باڵی بڕیوە، وا خۆیشی لێرەدا ڕاوەستاوە، لێی بپرسن سانتیمەترە چیە؟ لەگەڵ مەترەدا چۆن بەراوورد ئەکرێ؟ بۆ ئەمەی بزانین، ئەزانێ قسەی وا بکات، یاخود قسەکە درۆیە و بەدەم ئەوەوە هەڵبەستراوە؟!.

پاشان (مەدحەت) گوتی: (ئەمە یەکێکە لەو درۆیانەی کە لە تاوان نامەکەدا نووسراوە من کە خوێندمەوە (٩٣) درۆم لێ دۆزییەوە بام بۆم بخوێندرێتەوە، تا یەک بەیەک درۆکان پێشان بدەم).

بەڵام سەرۆکی دادگا، هیچ ڕێی نەدا کە تاوان نامەکە بۆ مەدحەت بخوێندرێتەوە.

پاش ئەوە دادگا قسەی ئاگادارێکی سەرپێیی، گوێ لێ گرت گوایا گوێی لە مەدحەت پاشا بووە، جارێکیان قسەی وای کردووە، کە لەوەوە تێ گەیشتووە (مەدحەت)، عەبدولعەزیزی کوشتووە نیازیشی وایە کە هەموو ئەندامێکی خێزانی خونکار بکوژێ.

(مەدحەت پاشا)یش گوتی: ئەمە یەکێکە لە دوژمنەکانم هیچ جارێ: دۆستایەتیم لەگەڵیانەبووە منیش ئەگەر بیرم لەوە کردبێتەوە کە ئەندامانی خێزانی خونکار بکوژم، ئەوە لە ژیرییەوە دوورە کە بچم لە بەردەم پیاوێکی وادا کە ناسینێکی تەواو نایناسم، پێ لەو نیازەی خۆم بنێم.

کۆڕی دادگا دوایی هات، بێ ئەمەی دادگا بتوانێ لە قسەی تاوانبارەکان بکۆڵێتەوە و، خواستە یاساییەکانیشیان جێبەجێ بکات.

لە ڕۆژی سێیەمدا، بەندییەکان دێنەوە بەردەم دادگا (مەدحەت)یش لە پاسەوانخانەکەدا دائەنێن سەرۆکیش بەتاوانبارەکان ئەڵێ:



(دادگا بڕیاریدا، مستەفا پاڵەوان و، حاجی محەمەد و مستەفا جزائری و، فخری بەگ و، عەلی بەگ و، نەجیب بەگ لەناو ببرێن، ئەویش بەپێی بەندی (١٧٠)یەمی یاسای سزا هەروەها بڕیاریشیدا (مەحموود پاشا و، نوری پاشا و، مەدحەت پاشا و، ڕشدی پاشا)یش لەناو ببرێن بەپێی بەندی (٤٥)ەم چونکە هاوبەشن لەگەڵ پیاوکوژەکاندا، لەم کەتنەدا هەروەها بڕیاریشیدا: (سەید بەگ) و (عزەت بەگ) دەساڵ لە بەندیخانەدا بمێننەوە، چونکە یارمەتی پیاو کوژەکانیان داوە.).

هێشتا سەرۆک لە خوێندنەوەی بڕیارەکانی دادگا نەبووبووەوە، سەربازەکان ڕووی لوولەی تفەنگەکانیان کردە تاوانبارەکان هەریەکەیان دوو سەرباز قۆڵیان گرتبوو پاشان یەک لەدوای یەک کێشیان کردن لەدوای هەریەکەیشیانەوە تیپێکی سەرباز ئەڕۆیشت.

پاشان مەدحەت پاشایان بەتەنیا هێنایە دادگا و بڕیارەکەیان پێ گوت باوکی ئازادیی خوازانیش ئەوەی ئەزانی کە فەرمان وا دراوە بەئەندامانی دادگا، کە بەوجۆرە بڕیار بدەن گوێ نەدەنە کزیی و بەهێزیی بەڵگەکان، یاخود پڕوپووچییان لەبەر ئەوە ورتەی لەدەم نەهاتە دەرەوە.

کە لە دادگایش بردیانە دەرەوە، بیبەنەوە بۆ بەندیخانە چاوی کەوت بە(جەودەت پاشا و، سروری ئەفەندی) و ئەندامانی دادگا، لەگەڵ هەندێ لە پیاوەکانی (مابین)دا، وەستابوون، سەیریان ئەکرد.

(راغب بەگ) یش کە هاودەمی خونکاربوو لە پێشیانەوە وەستابوو (مەدحەت پاشا)یش بەتیزێکەوە پێی گوت: (بەگ! تۆ خۆت زۆر ماندوو کرد، مێشکی خۆیشت زۆر خستەکار، بۆ ئەمەی ئەم بڕیاری لەناوبردنەمان بەدادگا دەربهێنی، دیارە بەوەیش بەکاری فەرمانڕوایی و نەتەوە هاتی.

وا ئیمرۆیش هاتوویتە ئێرە سەیرمان بکەیت بەڵام کە پەتیان خستە ملمان، پێویستە لەوێش سەیرمان بکەیت، تا زۆرتر دڵت پێمان خۆش ببێ!).

پێویست بوو تاوانبارەکان، هەریەکەیان وێنەیەکی لە بڕیارنامەکەی دادگا بدرێتێ، بۆ ئەمەی لە ماوەی یاساییدا، پاکانەیەک بۆخۆی بکات، لای دادگای ژووروو، دادگا ئەو فرمانەی خۆی نەهێنایە جێ هەروەک گەلێک لە فرمانەکانی تریشی بەجێ نەهێنا لەگەڵ ئەمەشا، مەدحەت پاشا، سکاڵایەکی نووسی، هەر بەرپەرچ دانەوەیەکی هەبوو، بەرامبەر بەبڕیارەکە تیا تۆمار کرد ئنجا دایە دەست (تاهیر ئاغا) کە یەکێک بوو لە پیاوە

نزیکەکان بەخونکار پاشان ڕۆژێک (تاهیر ئاغا)ی بانگ کردە لای خۆی، سوێندیدا هەرچی ئەڵێ بیگەێنێ بەخونکار ئەمەیش لەو قسانەبوو کە پێی گوت:

(... بەخاوەن شکۆ بلێ باو و باپیرت، لە شەو و ڕۆژێکدا سەری وەزیرێکیان ئەپەڕاند ئەوەیش کردەوەیەک بوو کە لەگەڵ کردەوەی خونکارانی ئەم سەردەمەدا ڕێک ناکەوێ بەڵام ئەگەر بهاتایە خاوەن شکۆ، فەرمانی بدایە ملمان بپەڕێنن، چاکتر پەرژینی فەرمانڕەوایی ئەپاراست لەوەی کە ئەم جۆرە کەتنەی کرد بەناوی دادپەروەرییەوە.

... لەم جیهانەدا، هەموو زۆر لێکراوێک پەنا ئەباتە بەر خونکار، بۆ ئەمەی پشتیوانی بکات و لە زۆردار تۆڵەی بۆ بکاتەوە بەڵام ئەوانەی کە خونکاران زۆریان لێ ئەکەن، هیچ دەرەتانێکیان نییە، ئەوە نەبێ، کە پەنا ببەنە بەر خونکاری خونکاران، کە ئەویش خاوەن دەسەڵاتی هەرە گەورەیە، کە خوای پاکی بێ هاوتایە.

ئنجا ئەو دادگایەی کە (سروری أفندی) سەرۆکی بێت و بڕیارەکەی ئەولای هیچ دادگاییێکی بەرەو ژوورتر پوختە نەکرێت، یاخود دووبارە نەکرێتەوە، لەم جیهانەدا، بێگومان پوختەکردنی ئەو بڕیارە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە، لەلای خوا پێک دێ لەلای خوایش (پاسەوانانی چەرکەس) و (دڕندەکانی ئەلبانیا) نین، تا بێ دەنگم بکەن و بم خەنە بەندیخانەوە و، لە خەویشم بکەن لەوێ من و خونکار وەک یەک ئەوەستینەوە و، پێکیشەوە بەڕووتی لەبەردەم پەروەردگاردا ئەوەستین!).

## کوشتنی مەدحەت و سەرکەوتنی

درۆی ئەو تاوانەی کە درابووە پاڵ مەدحەت پاشا و هاوڕێکانی بڵاوبووەوە بەناو هەمموواندا خۆ لەدوای چەندوچوونکردنی دادگا لە کەینەوبەینەکەدا، ئەوە هەر بەجارێک دەرکەوت کە تاوانەکە، ڕاست نییە و هەڵ بەستراوە قسەکانی مەدحەتیش کە لە کاتی چەندوچوونکردنی دادگادا ئەیکرد، بەرگوێ کەوتنەوە و، هەر کەسێکیش لەوە پێش خۆشەویستییەکی هەبوو لە دڵدا بەرامبەر بەمەدحەت، ڕێزگرتنێکی قووڵی هەبوو بۆ ئەو، خۆشەویستی و ڕێزگرتنەکەیان تازە بووەوە ئەوانە دەستیان کرد بەچرپە چرپ کردن لەبابەت ئەو ڕاستییانەوە کە بۆیان دەرکەوت، بەپەسەندکردنەوە لەهەموو شوێنێکا دووبارەیان ئەکردەوە بەڵام بێگانەکان ئەو ڕاستییانەیان لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا بڵاو ئەکردەوە دووروودرێژ لە بابەت ئەو کەتنەوە ئەیان نووسی لەبەر ئەوە، لە هەموولایەکەوە مقۆمقۆی لەسەر کرا. لە هەمووی زۆرتر، کە جێگای بەفەرمانڕەوایی عوسمانی لێژ کرد، ئەوەبوو،



ئەو پزیشکە بێگانانەی کە لاشەکەی عەبدولعەزیزیان پشکنبوو، نامەیەکیان ناردبوو بۆ عەبدولحەمید، گوتبوویان کارەساتی کوشتنەکەی درۆیەکی ئاشکرایە.

بۆ هەموو ڕاسپاردەخانەیەکی بێگانەیش، دانەیەکیان لەو نامەیە ناردبوو ڕاسپاردە بێگانەکانیش، هەموویان، لە خانووی ڕاسپاردەی ئیتالیادا (مونت کورتی)، کۆبوونەوە لەبابەت ئەو بڕیاری دادگایەوە گفتوگۆیان کرد ژیانی پڕشنگداری مەدحەت پاشایان هێنایەوە پێش چاوی خۆیان کە پڕبوو لە نموونەی بڵندی پاراستنی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی دوایی هەموویان لەسەر ئەوە بڕیاریاندا، کە هەرچی بڕیاری لەناوبردنی دراوە، ڕزگار کرێ.

پاشان هەموویان لە ڕاسپاردەخانەی ئێراندا کۆبوونەوە کە خاوەنەکەی (محسن خان) لە هەموو ڕاسپێرراوەکان، بەتەمەن گەورەتربوو، لەکاتی چەندوچوون کردنی دادگایشدا لەوێ بووبوو، بەپەرۆشەوە لە هەمووشتێکی سەرنج دابوو، لەگەڵ ئەودا نامەیەکیان نووسی بۆ خونکار، ئەویان ڕاسپارد کە نامەکەی بداتە دەست، نامەکە، بەکورتی، ئەمەی تیا نووسرابوو: کە دادگا بەبێ هۆ و بەبێ بەڵگە مەدحەت پاشا و هاوڕێکانی تاوانبار کردووە و بڕیاریشی بەسەردا داون بەتوندوتیژیی لەگەڵیاندا جولاوەتەوە ئەگەر خونکار لێیان ببورێ و بیان بەخشێ، کەڵکێکی وا ئەگەێنێ بەفەرمانڕەوایی، کە هەموودەم بەسوپاسەوە یادی بکرێتەوە عەبدولحەمیدیش، وەرامی نامەی ڕاسپێرراوەکانی وا دایەوە، کە بەخشین و نەبەخشینی ئەوانە لەدەست خۆی دایە و مافی خۆیەتی زۆر سەیرە بەلایشییەوە کە نامەیەکی وا بەسایەی (موحسن خان) ڕاسپێرراوی فەرمانڕەوایی ئێرانەوە پێشکەش بکرێ، کە ئێران خۆی بەبێ چەندوچوون کردن پیاو ئەکات بەدارا.

(محسن خان)یش بەرپەرچی ئەو نامەیەی وادایەوە: کە ئەو چەندوچوون کردنی دادگایەی لە (کۆشکی یەڵدز)دا کراوە، لە هیچ خاکێکی جیهاندا شتی وا سەیر نەبینراوە ئەگەر خاوەن شکۆ کارەساتێکی وەک ئەوەم بۆ بگێڕێتەوە کە لەخاکی ئێراندا ڕووی دابێ، تا ئەمێنم سوپاسی ئەکەم! لەسەر ئەوە، دەمودەست، وەزیرەکان و زاناکان لە (سەرای یەلدز)دا کۆبوونەوە خونکاریش لەوێ بوو بۆ ئەمەی بڕیارێکی دوامین جار لەسەر ئەو کەینەوبەینەیە بدەن.

کەس لەوانە بڕیارەکەی پەسەند نەکرد، سێ کەس نەبێ: وەزیری دادپەروەریی جەودەت پاشا، سەرۆک وەزیر مەحموود نەدیم، پیری موسڵمانان عریانی زادە بەڵام عەبدولحەمید بەپەرۆشەوە بوو کە بڕیارەکە بەجێ بهێنرێ. دووبارە پیاوەکانی، هەڵیان کوتایەوە سەر

بەدناو کراوەکان، تابیانخەنەوە سەر پێ لێنان لە نیوە شەودا یەک بەیەک بانگیان ئەکردن، پێیـان ئەگوت، بڕیاڕی لەناوبردنەکە سبـەینێ بەیانی جێبـەجێ ئەکرێ بەڵام هەر کـەسێ قسـەیەکی وا بکات کـە خـونکار پێی پەسـەندبێ، خـونکار لە سـزا ڕزگـاری ئەکـات و ئەیبەخشێ لەگەڵ ئەوەشا نەیانتوانی بگەنە مەبەسی خۆیان. عەبدولحەمید، لە دەستیا شکا ناچاربوو، بڕیاری لەناوبردنەکەی گۆڕیی، کردی بەدوور خستنەوەی تا سەر.

لە ڕۆژی پێنج شـەممەی ١٨٨١/٧/٣٠دا، بەندییـەکـان لەکـاتی ڕۆژ ئاوادا، خـرانە کـەشـتـیی (عـزەدین)ەوە، برانە دوورگـەی (ڕۆدس)[١] لەوێشـەوە بۆ ئەسکەلەی (پۆرسەعید)، بەناوی زرێی سوریش بران تا گەیشتنە (جدە) ئاوارەکان لەوێ دابەزێنران و لەناو خانوویەکا خرانە بەندیخانەوە پاشان نێررانە (مکە)، لەوێشەوە نێررانە (طائف) کە بڕیاردرا هەر لەوێ بهێـڵـرێنەوە هەمـوو لایەک وایان ئەزانی کـە ئەو ئاوارانە کـەتنێکی گەورەیان کردووە بەڵام لە کۆنسوڵە بێگانەکانەوە کە لە (جدە)دابوون، پێچەوانەی ئەوەیان پێ گوترا هەروەها ئەو بێگانانەیش کە ڕۆژنامەکانی ئەوروپایان ئەخوێندەوە پێچەوانەی ئەوەیان پێ ئەگوتن بێجگە لەوە، بەپشتی (فەخری بەگ)وە جێگای ئاسنی داغ کراویان دیی زۆر دڵتـەنگییـان پێشـاندا، لەو زۆرداریـیەی کـە لەو کـاولانەکـراوە لە ستـەمخـانەی یەڵدزدا عەرەبەکان ئەهاتنەلایان بیان بینن بەشیرە هەڵکێشراوەکانیانەوە، پێیان ئەگوتن: خوا بەزەیی پیاتاندا بێتەوە و سەریشتان بخات!

ئاوارەکـان، کـە لەکـاتی گـوێزانەوەیاندا، گـەلێک مـاندوو بووبوون و گـەلێک توندیی و تیژییان لەگەڵدا کرابوو لەلایەن کەشتییەوانەکانەوە، لە بەندیخانەکەی (طائف)دا تووشی دەردی سەرییەکی خراپتر و ناخۆشتر هاتن زۆری پێ نەچوو، هاوڕێیـەکی تریشیان بۆ پەیدا بوو ئەویش پیری موسڵـمانان (حەسەن خەیروڵڵا ئەفەندی) بوو ە عەبدولحەمید قینی لێ هەڵسـابوو، لەسـەر ئەوەی کـە هاوبەش بووبوو لەگەڵ ئەواندا، لەلابردنی عـەبدولعـەزیزدا، لەسەر تەختی خونکاریی، هەروەها لەسەر ئەوەی کە پشتیوانی بیروباوەڕی ئازادیی خوازی کردبوو لە پێشدا، کـردبووی بەپیری خـێزانخانەی بڵندی پێغـەمبەر ونـاردیە (مکە)، بۆ ئەمەی لە ئەستـەمـبوڵ دوور بخـاتەوە پاشان فـرمانی لە دەست کـێشـایەوە و لە (مکە)دا خستیە بەندیخانەوە ئیتر هەر ئەوەندە مەدحەت و هاوڕێکانی گەیشتنە (طائف)و ئەویشی نارده کن ئەوان کـە لەگەڵیـاندا بخرێتە بەندیخانەوە بۆ ئەمـەی ئەویش وەک ئەوان دەرد و ئازار بچـێـژێ پاش ئەوان، بەندیخـانەکـە مـیـوانێکی تریشی بۆ هات، ئەویش سەرداری(مکە)، (سەید عبدالموتەلیب)بوو خونکار بیستبوویەوە کە ئەویش ئەیەوێ یاخی ببێ ترسابوو لەوەی کە بەندییەکان بەڕەڵڵا بکات.

لەناو لمەکـانی (حـجاز)دا دەنگ و باسی باوکی ئازادیخـوازان ون بوو بەڵام ئەوانەی کـە لەو سـەردەمەیان کـۆڵیـوەتەوە، بۆیان دەرکـەوتووە، کـە پیاوەکـانی عـەبدولحـەمیـد هەرچی خراپەیەکیان لەدەست هاتبێ کە دەربارەی مەدحەت و هاوڕێکانی بکەن، یاخود ماوە نەدەن بەهەڕاکردنیان لە بەندیخانە، یاخود چاوی پێکەوتنیان بەکەسانی تر، کردوویانە.

لە هەرچوارلای (طائف)دا، لەشکرێک و دوو تیـپی تۆپخـانەیان دامـەزراند سـەرای عەبدولحەمید چەند سەر لەشکرێک و (قائمقام) و قسەدز (جاسووس)ێکیان نارده (جدە) و (مکە) و (طائف) سـەر لەشکرێکیـان نارد بۆ سـەربازەکـان ئەفسـەرێکی تریشیان نارد، چاوبڕێتە کردەوە و کاری ئەو سەرلەشکرە.

(درویش پاشا)یشیـان نارده ئەوێ کـە چاوببڕێتـە کردەوە و کـاری ئەو ئەفسـەرە (عـمر پاشا)یشیـان نارده ئەوێ کە چاویان ببڕێتە کردەوە و کـاری هەمـووان پاشان سەر لەشکر (مـحـەمـەد لوتفی) گـەیشـتـە (طائف) وا دەرئەکـەوێ کـە ئەم هەڵـبـژاررابوو بۆ کـوشـتنی (مـەدحـەت پاشـا) زۆر خەریک بوو ، دەس و پێـوەندەکـان چەواشـە بکات، بیـکوژن بەڵام سەری نەگـرت پاشان ژەهری خسـتە ناو چێـشتی بەندییەکانەوە، هەسـتیـان پێ کرد، تا تاقییان نەکردایەوە نەیان ئەخوارد. (نوری پاشا)، لەو ئاوارەییە دانیشت بوو شێتییەکەی لەوزەدا نەمـا (بەکـر ئاغـا)ی پیـاویشی، بۆڵە بۆڵـی ئەکـرد لەوەی کـە بەبێ پارە ئەرکی بۆ ئەبینی کـاربەدەسـتـان، هەر تـا دوومـانگ مـانگەیان ئەدایە، ئیـتـر لێـیـان بڕیی (عـومـەر پاشا)یش بانگی کردە کۆشکەکەی خۆی، پێی گوت:

(ئەوە بزانە، کـوڕم، تا نـوری پاشـا نەمـرێ، تۆ لە بەندیخـانە ناچیـتـە دەرێ جـا ئەگـەر ئەتەوێ زوو لە بەندیخانە بێیتە دەرەوە، نوری پاشا بکوژە!) پیاوەکەیش گوتی:

(خـوا ڕێگای نەداوە کەس بکوژرێ) پاشایش گوتی: (تۆ بۆیەکا ئەیکوژیت، کە گیـانی

(١) ڕۆدس Rodos: دوورگەیەکی شاخاوی یۆنانییـە لە گەورەترین کـۆمـەڵە دوورگەی (دۆدیکانیـز)ە؛ لەناو دەریای (ئیـجـە)دا. ١٣٩٨کم٢ پانتـاییـەتی و ـــ ر٧٥ هەزار کـەسـێکی تێـدایە، بەندەری (ڕۆدس) گەورەترین شارێتی، زستانەو هاوینەهەوارێکی خۆشە، پاشماوەی شورە و کڵێسای بیزەنتی کۆن و کۆشکی سوارەکانی ڕۆدسی سەدەی ١٤هەمی تێدایە. لە ١٥٢١دا سوڵتان سلێمانی دووەم، دوای ئابڵۆقەدانێکی زۆر و دژوار ئەوسا توانی بیگرێ لە ١٩١٢دا ئیتالیـەکان گرتیان، لە ١٩٤٧دا یۆنان جارێکی دی گێڕایەوە بۆخۆی. بەناوبانگترین بەروبوومی بریتیە لە توتن و زەیتون و شەراب، جگە لە ئیسفەنج و ڕاوەماسی چاک.

خۆت ڕزگار بکەیت جا ئەگەر کوشتت، بچۆ (حج) بکە، سەربدە لە ماڵی خوا، خوا لە گوناهی کۆن و تازەت خۆش ئەبێ!... کەواتە ئەوەی پێت ئەڵێم بیکە بەهاوڕێکانی خۆشت بڵێ، ئەوانیش چاو لە تۆ بکەن بۆ ئەمەی ئەوانیش خۆیان ڕزگار بکەن!). پیاوەکە ئەم ئامۆژگارییەی بەگوێ دانەچوو!...

(مابێن) فەرمانی دابوو، هەر نامەیەک بەندییەکان بینێرن بۆ خێزانەکانیان و هەر نامەیەکیش لە خێزانەکانیانەوە بۆیان بێت، تا نەیان خوێننەوە نەیان دەنێ.

بەندییەکانیش چەند نامەیەکیان نارد بۆ خێزانەکانیان و وەرامیشیان لێ وەرگرتنەوە پاش ماوەیەک وەرامەکانیان بۆ نەئەهاتەوە ئیتر ئەوانیش وازیان لە نامەناردن هێنا بەم ڕەنگە، وایان لێهات، کە نە ئەوان ئاگایان لەخاووخێزانی خۆیان بوو، نە خاووخێزانیش ئاگایان لەوان بوو مەگەر بەهۆی ئەو نامە نهێنییانەوە نەبێ، کە هەندێ لە خاوەن پیاوەتییەکان ئەیان گەیاند بە بەندییەکان، یاخود بەخێزانەکانیان، بەو شێوەیەی کە بۆیان هەڵ ئەسوڕا دوا نامە کە خێزانی مەدحەت پاشا، لە مەدحەتیان وەرگرت لە ١٨/٤/١٨٨٣دابوو، کەتیا نووسیبوو:

(وەک بۆم دەرئەکەوێ ئەمە دوا نامەم ئەبێ چونکە ئەوانە نانیان لێ بڕیوین نامانەدەنێ پێنووس و قاقەزیشیان پێ نەهێشتووین بەتەواوەتی تەنگە تاویان کردووین، هەروەک لە نامەی پێشوومدا بۆم نووسیبوون ئێستایش ئەیانەوێ یەک بەیەک دەرمان خواردمان بکەن. ئەم نیازەیشیان وەک ڕۆژی ڕووناک ئاشکرایە).

پاش ئەوە هەندێ لە کردەوە و تێکۆشانیانی بۆ گێڕابوونەوە.

لەپاش ئەو نامەیە، خێزانەکەی مەدحەت پاشا، هیچ نامەیەکی وەرنەگرت، یەک نامەی (حەسەن خەیروڵڵا ئەفەندی) نەبێ کە پیری موسڵمانانی پێشووبوو لە نامەکەیدا، دڵخۆشییان ئەداتەوە بەتەواوەتی دڵنیایان ئەکات کە مەدحەت پاشا بەونەخۆشییە نەمردووە کە گرتبووی، ئەوی لەو بابەتەوە گوتوویانە درۆیە، لە ڕاستیدا نۆکەرەکانی خونکار کوشتوویانە ئەم پیرە، کوشتنی مەدحەت پاشا وا ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ:- ئەوە لە شەوی ١٠/٤/١٨٨٣دا ڕوویدا ئەوشەوە سەرکردەی لەشکر و سەرداری هەزار سەربازە (بەکر)[1] لەو ژوورەدا مانەوە کە لە دەرگانەی لەشکرگاکەدا بوو بەندییەکانیان بەچەند

(١) لەوە دەچێ لێرەدا (بڕین- پەڕاندن)ێکی تێدابێ، چونکە ماناکە نادیارە؛ (سەرداری هەزار سەربازە) لەوانەیە مەبەستی (فەرماندەی لەشکر- لیوا)ی حیجازبێ یان شتێ لەم بابەتە.



سەربازێک ئەملاو ئەولاگرت لەکاتی پێنجەمدا (حاجی شوکری ئاغا)ی پیاوی (مەحموود پاشا)یان خەبەر کردەوە و بردیانە لای سەردار (بەکر) لە ژوورەکەیدا.

پاشان لەشکرگاکەی بەجێ هێشت و ڕووی کردە دەزگای بەندیخانە لەبەردەمی دەرگای هەموو بەندییەکدا، دوو سەربازی دانا لەدەشتی بەندیخانەکەیشدا چەند سەربازێکی تفەنگ بەدەستی دانا.

(عەلی بەگی کوڕی نامق کەمال)یش لەگەڵ (مەدحەت)دا لە ژوورێکدا نووستبوون لەپاش نیوە شەو، دەرگای ژوورەکەیان شکاند و ئەویان بردە دەرەوە.

چونە سەر مەدحەت پاشاش خنکاندیان ئەویش هەریەک قسەی پێ گوتن، وای زانی بەو قسەیە دەست بەستەیان ئەکان لە ڕاستیشدا ئەگەر تێی بگەیشتنایە لەوانە بوو کە دەست بەستەیان بکات گوتی: (سەرباز بۆ ئەوە دانراوە کە نیشتمانەکەی خۆی بپارێزێ نەک کەتن بکات) پاش ئەوە دەرگای ژوورەکەی (مەحموود پاشا)یشیان شکاند چوونە ژوورەوە بۆ سەری (محەمەد ئاغا)ی ئەفسەریش پەتێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو لە ملیان ئاڵاند و ڕایانکێشا، ئازارێکی زۆری پێ گەیشت تا مرد پێش ئەوەی بمرێ سەربازێک بەدارقۆڵیشی شکاند، ئنجا کە ئەو دوو پیاوە گەورەیە، هەردووکیان مردن، بردیاننە دەشتەکە، لە پێش بەرەبەیاندا ناشتیانن دانیشتوانی (طائف) لەو شەوەدا گوێیان لە هاواری هاوڕێکانی مەدحەت بوو لە بێ دەنگی ئەوشەوەدا دەنگی ئەدایەوە هەندێکیان بەهەندێکیان گوت: (بەدکارەکان، خەریکن ئازادیخوازەکان ئەکوژن، خوا تۆڵە لە زۆردارەکان بکاتەوە) ئەمە گوتراوە نایش زانین کە ئەم قسەیە تا چەندی ڕاستە.

بەڵام هەرچییەک گوترابێ لە عەبدولحەمید ئەوە شێتەوە. زۆرداری بەدکردار، ئەترسا کە مەدحەت پاشا نەکوژرا بێ گلاراویی پێ گەیشت دڵی کەوتە پەژارەوە دوایی فەرمانێکی نارد بۆ (طائف)؛ گۆڕەکەی هەڵکەنن، سەری لەلەشی جوێ بکەنەوە و بۆی ڕەوانە بکەن!.

بۆ ئەمەی لە مردنی دڵنیابێ ئەوانیش گۆڕەکەیان هەڵدایەوە سەریان لە لەشی جوێ کردەوە. سەرەکەیشیان خستە ناو سنوقێکەوە ناردیان بۆ ئەستەمبوڵ، لێیان نوسیبوو: دەستی کردی دانی فیل بۆ خاوەن شکۆ، خونکار! کە عەبدولحەمیدیش ئەم دیارییەی وەرگرت، ئارامی بەدڵی کەوت، دڵی پڕ بوو لە خۆشی!...

بەڵام عەبدولحەمید، لەمەدا بەهەڵە داچوو... چونکە مەدحەت پاشا، هەر لەشێک نەبوو، کە ئەگەر بڕاو پارچە پارچەکراو بەنەنگییەوە لە گۆڕ دەرهێنرا و لەت و پەت کرا... لەناو

بچێ بەڵکو تۆوێکی چاکەکردن و ڕاستی پەرستی و سەربەستی بوو، لە خاکێکی پڕ خراپە و پڕوپوچی و زۆرداریبیدا نێژرا تۆوەکە ڕووا و گەورەبوو بڵندبووەوە تابووە درەختێکی گەورەی بەرداری سێبەردار لقوپۆپەکانی بەهەموو لایەکدا بڵاوبووبووەوە تا ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا و سەرو خواری گرتەوە. سێبەرە ئەستوورەکەیشی هەتا ماوەیەکی درێژ ئەو نیشتمانەی لەبەردا حەسایەوە کە ئەو تۆوەی تیا ڕووابوو.

تا سی سالّی خشت، شاگردەکانی مەدحەت پاشا خەباتیان کرد و تێ کۆشان و بەرەنگاریبیان کرد، هەر جارە بەجۆرێک کاروباریان ڕێک ئەخست.

جارێک بەتوندیی و جارێکیش بەشیرینی، تا بیروباوەڕەکانی لە کانگای دڵاندا جێی خۆیان گرت پاشان بوون بەهێزێکی وا کە چەند جارێکی دوا بەدواییەک لە شێوەی شۆڕشدا تەقی، تا دوایی بەوەهات عەبدولحەمید لە تەخت بهێنرێتە خوارەوە و دەستوریش ئاشکرا بکرێ دەستووری تازەیش، شتێکی وای نەمابوو، کە بەتەواوەتی لەو دەستوورە بکات کە مەدحەت خۆی لە پێناویا بەکوشتدا هیچ جیاوازییەکیش لە ناوەندیاندا نەبوو بەڵام ئەوساکە زۆرداریی نەی ئەهێشت جێبەجێ کرێ و بەکاربهێنرێ. وا لەسایەی هێزی نەتەوەوە بەکاربهێنرا. ئەوەیش بەڵگەیەک بوو بۆ ئەوەی کە توندیی و تیژیی ئەو زۆرداریبیەی کە هەمووانی ناچارکردبوو لەو سەردەمە درێژەدا بێ دەنگ بمێننەوە، لە ڕاستیدا سەردەمێکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ هەڵمەت بردن، نەک سەردەمێکی سەرشۆڕکردن و بێ دەنگ و سەنگیی خۆدان بەدەستەوە بوو!

لەپێش دەستوورەکەی مەدحەت پاشادا، ئازادیی خوازەکان، هەر بریتی بوون لە تورکەکانی ناو ئەستەمبوڵ.

بەڵام لەپاش کۆبوونەوەی کۆڕی نەتەوە و هەڵوەشاندنەوەکەی، هەموو نەتەوەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانیش هاوبەشییان کردن وەک: عەرەب و چەرکەس و ئەرمەن و(*)

(*) نازانم نووسەری بەڕێز بۆچ لێرەدا ناوی کوردی نەبردووە؟!. کە هیچ بزووتنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی نەداوە، دەستی کوردی تیا نەبووبێ کە تەنانەت شۆڕشەکەی (مستەفا کەمال پاشا)یش بەیارمەتی کوردەوە سەری گرت![1] -وەرگێڕ-

(١) سەرنجێکی پێویست:

*مامۆستا کە ئەم کتێبەی وەرگێڕاوە، دیارە بەمەبەستی وریاکردنەوە و هۆشیاریی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بووە، ئەگین دەبوو بیزانیبا کە شۆڤێنیستانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان هەموو چوون یەکن لە مامەڵەکردنیاندا بەرامبەر نەتەوەی ژێر دەستیان، جا هەرکامیان لە شوێنی خۆی بەشێوازی تایبەت*



ئەوانە بەناو هەموو خاکی عوسمانیدا بڵاوبوونەوە، لە ناوەندیشیاندا هیچ پەیوەندییەک نەبوو، پەیوەندیی هاوبەشیی زۆر لێکراویی نەبێ، لەگەڵ هاوکاریی لە شۆڕشدا، بەرامبەر ئەو زۆرداریبیە.

کە لە ساڵی ١٩٠٨دا عەبدولحەمید ناچارکرا، دەستوور بخاتەوە جێی خۆی، وەرامی دایەوە گوتی: من هەموودەمی ژیانم لە پێناوی بەدیی هێنانی ئەم ئاواتەدا بەخت کردووە.

بەڵام نەتەوە بایەخێکی نەدا بەقسەی ئەو هەر ئەوەندەی بەس بوو، کە فەرمانڕەوایی زۆرداریی وەک خانوویەکی لە قاقەز دروست کراو ڕووخا هەموو لایەکیش لەو خەوی مۆتەکەیە خەبەریان بووەوە، و چوونە دەرەوە بۆ بینینی ڕووناکی سەربەستی لە ئاسۆدا نەتەوە زۆرلێکراوەکانیش کە بەدەست زۆرداریی فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە تووشی سەرگەردانی بووبوون، زۆری پێ نەچوو وریا بوونەوە عەرەبەکان سەربەستییان دەست کەوت، فەرمانڕەوایی تورکیایش لە ساڵی ١٩٢٣دا دەستی کرد بەسەر دەمێکی تازە، کە سەرەتای یاسای کۆماریی و دوایی سەردەمی خونکاران بوو.

## پاش بەندێک بۆ ئەم بەرهەمە

مامۆستا شاکر فەتاح هەروەک ئەو پیرەوەی بۆخۆی دەستنیشان کردبوو؛ بۆ هاندان و وشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی کورد بەشارەزاکردنیان و ئاگاداربوونیان لە گشت تاقیکردنەوەکانی گەلانی ژێر دەستە و چۆنێتی خەباتیان لەپێناوی ڕزگاری و سەرفرازیدا، هەروا ناساندنی گەورە پیاوان و سەرکردە لە خۆبوردووەکانی میللەتان... هەر لەم بۆچوونەیەوە، ئەم کتێبەی (قدری قلعجی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پێشکەشی خوێندەوارانی گەلەکەی کردووە.

دیارە (مەدحەت پاشا) وەک گەورە پیاو و ڕابەری بزووتنەوەیەکی نوێخوازی نەتەوەیی

*ئەو ڕق و کینە و لووت بەرزیە دەردەبڕێ؛ نووسەری ئەم کتێبەش لێرە ئاوای بۆ لواوە کە یەک بەیەک ناوی ئەو نەتەوانە بهێنێ کە لەگەڵ عەرەبدا نا ژین و لەژێر دەستیاندانین، بەڵام (کورد) چونکە وان لەژێر دەستیاندا زمانی گۆی نەکردووە ناویان ببات.*

*(مەدحەت پاشا) خۆیشی وەک ئازادیخوازێکی تورک، ئەو خەبات و کۆششەی تەنیا بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دەستووری تورکی بوو کە لەسایەیدا نەتەوە غەیرە تورکەکان (وەک تورکێک) سوود لەو بارە تازەیە ببینن، بەڵام هەرچی مەسەلەی مافی نەتەوەییە ئەوە پێی ڕەوانە دەبینین و هەرگیز باسی لێوە نەکردووە.*

تورک لە پێناو ڕزگارکردنی خەلافەتی عوسمانیدا لەو گۆبەند و چلّپاوەی تێی کەوتبوو، درێغی نەکرد و ئەوەی لە توانایدا بوو کردی، ئەو لەسەردەمانێکدا هاتە سەر شانۆی ڕووداوەکانی ئەو دەوڵەتە کە گەندەڵی و پووکانەوە ڕەگی بەزۆرلای جەستەی شەکەتیدا بڵاوکردبۆوە و نەخۆشی خستبوو، چونکە لەدوای نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەوە، ئەوەی سوڵتان و خەلیفەکانی پێشوو چاندیان (لە زوڵم و ستەم و جینایەت بەرامبەر گەلانی ژێر دەستیان و خۆش ڕابواردنی خۆیان) لەم قۆناغەدا سەوزبوو و بووە فاکتەری هەرە بەهێزی داڕوخانی و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتەکەیان.

(مەدحەت پاشا) قایلبوو بەحوکمی تورک و دەسەڵاتی داسەپاوی بەسەر هەموو ولایەت و دەڤەرەکانی ژێر دەستی ئەو خەڵافەتەدا، هەروا قایلیشبوو (بە باوەڕەوە) بەحوکمی خەلیفە و مانەوەی.

بەڵام وەک کارمەند و شارەزایە دەرکی بەماکەکانی داڕزینی حکوومەتەکەی کردبوو، دەیویست لە ڕێی دیاردە سیاسی و حوکمڕانییە هاوچەرخەکانەوە ڕێگەچارە بۆ ئەو تەنگ و چەڵەمەی حوکمە بدۆزرێتەوە.

ئەو لە سەردەمی خۆیدا کابرایەکی چاکسازیی خواز (إصلاحي) بوو، نەک شۆڕشگێڕێکی خاوەن باوەڕ، بڕوای بەوەبوو کە ئەگەر هەندێ پینەوپەڕۆ لەو عەبا عەمارە پۆیەی خەلیفەدا بکرێ و دەستێک بهێنرێ بەکۆشکی کاولبوو و داڕماویا ئیتر ئەو خەلافەتە گیانە بەهێز و هەڕەتەکەی جارانی پیادێتەوە و نەتەوە جیاجیاکانیش (غەیرەتورک، غەیرە ئیسلام) دەکرێ لەژێر سایەی ئەو خەلافەتەدا بژین بەڵام هەروا داگیرکراویش بن.

بۆیە، بەو هەموو پەت پەتێنەی پێی دەکرا قایل بوو و ملی شۆڕدەکرد بۆ فەرمانەکانی (سوڵتان و مابین و باب العالی)... هەرساڵەی دەنێررا بۆ ولایەتێ، زۆرتر بۆ ئەو شوێنانەی پڕبوون لە تەنگژە و ئاڵۆزیی، بەمەبەستی ئەوەی سەرنەگێڕێتە دواوە، خۆکە سوڵتان گرتی و ناردی بۆ (ناپۆلی) وە دوری خستەوە و ئاوارەی ئەوروپای کرد، ئەو ملی بۆ ئەو واقیعەش شۆڕکرد... دیسان کە هێنرایەوە و لە (کریت)ەوە کرا بەوالی سوریا و ئیزمیر و دواجار کە توومەتی نەخشەدانان بۆ کوشتنی سوڵتان (عەبدولعەزیز)یان خستە پاڵ.

ئەمانەی هەموو قەبوڵکرد و هەر لەو هیوایەدابوو کە دەکرێ حوکمی عوسمانی لەو



چەڵپاوە ڕزگارکرێ؛ بەئاشکراکردن و دانانی دەستوورێک و دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی (مەبعوسان)، واتا پەرلەمانێک. لەم کتێبەدا نووسەر هیچ ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە (مەدحەت پاشا) خاوەنی پارتێکی سیاسی تورکی بووە بەناوی (ترکیا الفتات- تورکیای گەنج) و دەیویست عومرێکی نوێ بەبەر کابرایەکی پیر و پەککەوتەدا بکاتەوە، لە ڕێی دەستوور و پەرلەمانەوە.

ئەو سەردەمە (دوای نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدە)، ئەم تەقەللایەی دەدا کە نەتەوە غەیرە تورکەکان و غەیرە ئیسلامەکان لە ملاولای وڵاتەوە لێیان هەستابوون و هەریەک داوای ماف و سەرفرازی خۆی دەکرد.

بولگار و سرب و یۆنان و بۆسنە و شاخی ڕەش و ئەرمەن و کورد و عەرەب... هەموو لێیان ببوونە مایەی سەر ئێشەو کێشەی گەورە دەوڵەتانی زلهێزی ئەو سەردەمەش: ڕوس و بەریتانیا و نەمسا و فەرەنسە... هەریەک، لە ڕووی بەرژەوەندی خۆیەوە، بەشێوەیە دەستی لە کاروباریەوە وەردەدا و دنەی ئەو نەتەوانەی دەدا بۆ ڕاپەڕین و یاخی بوون.

جگە لەمە هەر ناوە ناوە دەوڵەت دوچاری شەڕێکی گەورەش دەبوو لەگەڵ ڕووسیای چاردا و ناچار دەکرا مل بدات بۆ کۆمەڵێ مەرج و شەرایتی وا کە لەسەروەری و توانای کەم دەکردەوە و دەوڵەتی عوسمانی وا دەهاتە پێش چاو کە یاریەکی دەستی ئەم و ئەوە، زۆر نابا ئەمڕۆبێ یاسبەی هەرەس دەهێنێ و نامێنێ... جا لێرەوە تەماعی دەوڵەتان ئاشکرابوو بۆ پچڕینی بەشە میراتی زۆرتر بۆ خۆیان و دابەشکردنەوەی ئەو دەوڵەتە بۆ پارچە ئەسڵیەکانی خۆی.

بەمەش (مەسەلەی ڕۆژهەڵات) هاتە گۆڕێ؛ کە ئەمە تەوەرەکەیبوو.

(مەدحەت پاشا) و کۆمەڵێ لە گەنجەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و دەردەسەریەکانی وڵات، کۆمەڵ، یان حیزبی (تورکیای گەنج)یان دامەزراند؛ دەیانویست بەپێی دەستوور و بەرنامەیە سوڵتان کار بەڕێوە بەرێ و میللەت نوێنەرانی خۆیان هەبێ و ئەنجوومەنی (مەبعوسان- پەرلەمان) لە وڵاتدا دامەزرێ.

سەرەنجام سوڵتان (عەبدولحەمید)ی دووەمیان ناچارکرد کە حوکمی مەشروتە ڕاگەیەنێ ئەنجوومەنی مەبعوسانیش دامەزرێنێ، بانگەشەی گەلێ پڕۆژەی چاکسازی هاوچەرخانە بکات.

شەڕی ڕووس و تورک (١٨٧٧- ١٨٧٨) هەموو ئەمانەی لەگەڵ خۆی پێچایەوە و

هەڵپەی دەوڵەتانی ئەورووپاش بۆ دابەشکردنی خاکی ئەو دەوڵەتە پەرەی سەند، جا سوڵتان ئەمەی بەهەلزانی، مەبعوسانی هەڵوەشاندەوە و دەستووریشی وەلاخست... هەرچی کاروبارە گرتیەوە دەستی خۆی.

(مەدحەت پاشا) وەک ئازادیخوازێکی دیموکراتی شۆڕشگێر بیری نەدەکردەوە، ئەو لەگەڵ هەموو تورکخواهەکانی تردا لەوەدا یەکانگیربوو کە دەوڵەت دەبێ بۆ ترکبێ و بەدەستی ئەوانەوەبێ.

کە (تورکیای فەتات) هەستیان بەچالاکی و جموجۆڵی پارتێکی سیاسی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی وەک (داشناق) کرد و زانیان مەبەستیان ڕزگارکردنی ئەو ئەرمەنیانەیە لە ژێر دەسەڵاتی ڕووس و عەجەم و عوسمانیدان،... مەترسیان لێ نیشت، کۆبوونەوە و بەنهێنی شاندێکیان نارده لای سەرانی ئەرمەن و بەکورتی پێیان ڕاگەیاندن کە: بەهیچ جۆرێ بەتەنیا ناتوانرێ چارەسەری باری ویلایەتەکانی ئەرمەن بکرێ و هەرچی ئەوانیشە پشتگوێ بخرێن، چارەسەرکردن لەولاتدا دەبێ بۆ هەمووانبێ. ڕاستە ئەرمەن لەم بەڕێوەبردنەی ئێستا ناڕازین بەڵام غەدرەکە تەنیا بەرەو ڕووی ئەوان نەبۆتەوە، بۆ هەمووانە، کەواتە یەکخستنی خەباتی تورک و ئەرمەن بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتێکی مەشروتە و سەربەست بەکارێکی نیشتمانی و جەوانمەردی دادەنرێ.

بەڵام ڕاپەڕینی ئەرمەن، وەیا هەر لایەکی تر بەتەنیاو بەیارمەتی بیانی، ئەمە لەلای- تورکیای فەتات- بەتاوان و جینایەت و زیانبەخشی دادەنرێ بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی ئەو ولاتەی کە هی هەمووانە: تورکیا.[1]

لەو ڕۆژەدا، ئازادیخوازانی تورک کە خۆیان لە (تورکیای فەتات)ی مەدحەت پاشادا دەنواند، هەموو تەقەلاو کۆششێکیان بۆ ئەمەبوو: (بەهەرچی نرخێ بێت یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت بپارێزرێ. بەستنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی غەیرە تورکەکان بەرەوڕەوەی چاکسازی لە تورکیادا بەگشتی و دابڕانیان لە پشتیوان و دۆستەکانیان، هێشتنەوەی مەسەلەی مافی ئەو نەتەوانە وەک دیاردەیەکی ناوخۆ)!!

جادەبێ ئێمە کە دەڕوانینە ڕەگوڕیشەی بیری تورک سالاری و شۆڤێنییەتی ئەوان، لەم

---

(١) بۆ زیاتر دەربارەی ئەم باسە، حەز دەکەم سەرنجی خوێنەری هێژا ڕاکێشم بۆ باسێک بەناوی: (تورک و ئەرمەن... بەیەکاچوونی پێوەندییەکان لەودیو دەسەڵاتی خەلافەتەوە) کە نووسەری ئەم چەند دێڕە لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٢٧)ی ٥/ئەیلولی ١٩٩٨ لە لاپەڕە (١٨٢- ١٨٦) بلاوی کردۆتەوە.



بۆ چوونانەی (تورکیای فەتات)ی مەدحەتەوە بیدۆزینەوە، کە ئەمەش خەسڵەتێکی هەموو حیزب و گرووپێکی چاکساز خوازی نەتەوە دەسەڵاتدارەکەیە لە گشت ولاتێکی فرە ڕەگەز و نەتەوەدا، لە هەر عەیامێکدابێ.

ئەم بیرو بۆ چوون و هیلاکبوونەی (مەدحەت پاشا) و ئەندامانی کۆمەڵەکەی (هەر چەند لە بەرژەوەندی ڕژێمی خەلافەتیش بوو بۆ درێژەدان بەتەمەنی) بەڵام لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی دەستەودایەرەی کۆشکی (یەڵدز و مابین)دا ڕاست و چەپ دەوەستانەوە؛ پیاوانی دەوڵەت زۆربەیان نەشارەزاو مشەخۆر و کاسە لێس بوون، دووربوون لە سیاسەت و مەسەلە هەنووکەییەکانەوە، کەمەکێکیانی نەبێ کە شەیتان و زۆرزان بوون، هەموو ڕەنجێکیان هەر بۆ سەر یەکنانی پارەبوو، جا ئیتر با لەسەر حیسابی وێرانی ولات و لەناوچوونی حوکمەکەشبێ.

سەدری ئەعزەمیان بەتورکیای فەتات دەتۆقاند، گوایە ئەو چارەسەری کێشەکانی مەملەکەتی لەلایە، لە هەمانکاتیشدا بۆ کاروکردەوەی خراپ هانیان دەدا... تا گەیشتنە ئەوەی قوڕەکەیان هێند بۆ حکوومەت خەستترکردەوە کە لێی دەرنەدەچوو.

جا دامەزراندنی کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) لە ١٨٩٤ لەلایەن (ئیسحاق سکۆتی- دیاربەکر) و (عەبدوڵلا جەودەت و حیکمەت ئەمین- قۆنییە) و (محەمەد ڕەشید چەرکەسی- قۆقاسیا)وە هەر لەسەر بنەماو بۆ چوونەکانی (تورکیای فەتات) بوو بەڵام بەفراوانترو پەرە پێدراوتر. دەقاودەق وەک حزب و تاقمە نەتەوییی عەرەبەکان کە دوایی لە ١٩٤٥دا حزبی بەعسی لێکەوتەوە.

ئەوان هەرچەندە لە ڕواڵەتدا وایان بلاوکردەوە کە ئامانجیان هێنانە دی سەربەستی و دادپەروەریی بۆ هەمووانە و بلاوکردنەوەی گیانی خۆشەویستی و تەبایی لە نێو میللەتدایە، بەڵام ڕووداوەکانی داهاتوو و حوکمەکەی ئەم دەستەیەش زۆر بەڕاشکاوی ئاوەژووی لاف و گەزافەکانیان دەرچوو. لە هەینی ٢٤ تەمووزی ١٩٠٨ کۆمەڵە ئینقیلابەکەی دەستدایە و پاش کەمێ هەموو ولاتی گرتەوە، ئەم دەرووەی کە لە نەتەوە ژێر دەستەکان کرایەوە، تا سەر نەبوو، زۆری نەبرد دەسەڵاتدارانی چوونە گیانی ئەو نەتەوە و کۆمەڵانەی کە بەهاوکاریکردنیان حوکمیان گرتە دەست، بەدڕندانەترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرن، سوڵتانیش کە پەککەوتەیەکی (٧٢)ساڵەبوو (محەمەدی پێنجەم) کە دوای ئینقلابەکە (عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦- ١٩٠٣)یان لاخست ئەمیان هێنایە شوێنی،

هەر بەناو سولّتانبوو، جەمسەرەکانی حوکم بەدەست سێکوچکەیەکی خوێنرێژی دیکتاتۆرەوە بوو: (ئەنوەر پاشا: وەزیری جەنگ) و (تەلعەت پاشا: سەرۆکی کۆمەڵە و وەزیری ناوخۆ) و (جەمال پاشا: وەزیری هێزی دەریایی و فەرماندەی لەشکری پایتەخت).

ئەمانە پەرەیان بەو فیکرو بۆچوونانەی (مەدحەت پاشا)دا و سیاسەتی بەتورککردنیان خستە باری پراکتیزەکردنەوە و حوکمێکی عەسکەری ڕەهایان دامەزراند.

جا بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا لە ماکی مەدحەت پاشا بزانێ کە چۆن (باوکێکی ئازادیخوازان) بووە، حەزمکرد ئەم پاشبەندە پێشکەش بکەم.

لەگەڵ نرخاندن و ڕێزمدا بۆ کۆششەکەی مامۆستا شاکر.

ئەحمەد

٢٠٠٣/٤/٥

# ئەبراهام لینکۆلن

ئازادکەری بەندەکان و یەکخەری خاکە ئەمریکاییەکان

نووسەری: قەدری قەلعچی

## کوڕی جەنگەڵ

لە ئێوارەیەکی گەرمی هاوینی ساڵی ١٨١٣دا، سەربازێکی ئەمریکایی پیر ئەگەڕێتەوە ماڵی خۆی، ڕێگەکەی چۆڵ و هۆڵ بوو، کەوتبووە خاکی (کونتاکی)یەوە. لەو شەڕی سەربەخۆیییە سەرکەوتووە ئەگەڕایەوە کە (ئەمریکا) هەڵیگیرساندبوو بەرامبەر بە(بەریتانیای گەورە). سەربازەکە لەناو سروشتێکی یەجگار شەنگ و ڕەنگاوڕەنگدا ئەڕۆیشت. لەملا و لەولای ڕێگاکەوە، چڕە دارستانێکی وەک جەنگەڵ هەبوو، یەجگار فراوان بوو. دارەکانی ئەوەندە چڕ نووسابوون بەیەکەوە، تیشکی زێڕینی ڕۆژ بەئاستەم لێیانەوە دەرئەپەڕی. بایەکی پاکی سازگاریش شنەی ئەکرد، ئەو پەپوولە گەورە باڵ ڕەنگاوڕەنگانەیش کە بەسووکی و ئاسانییەکەوە لەم چڵی دارەوە بۆ ئەم چڵی دار فڕۆکەیان ئەکرد و ئەهاتن و ئەچوون، زووتر هەستیان لە دەروونی مرۆڤدا ئەجولاند بەرامبەر ئەو کزەبا پاکژە. لە دووریشەوە خوڕە خوڕی ئاوی جۆگاکە و زیکەزیکی هەموو ڕەنگەی چۆلەکەکان تێکەڵ بەیەکتری ئەبوون، جۆرە ساز و ئاوازێکیان پێک ئەهێنا، لە جەنگەڵە باڵدارەکەدا دەنگی ئەدایەوە.

لەکاتێکدا کە ئەو سەربازە پیرە بەخۆی و گاڵۆکە ئەستوورەکەیەوە، بەناو ئەو ڕێگا چۆڵ و هۆڵە درێژەدا هێواش هێواش ئەڕۆیی و سەربەستی گێژ بووبوو بەبیرەوەری و ئەرک و ئازاری ژیانیەوە، بێ ئەمەی سەرنجێک لەو سروشتە جوانە دڵکێشکەرە بدات، لە پڕ دەنگێکی ناسک هاتە بەر گوێی، وەک لەناو زەوییەوە هاتبێ وابوو، پێی گوت: «ئەی سەرباز، ئێوارەت باش!». سەربازەکە ڕووی کردە جێ دەنگەکە، کە تەماشای کرد ئەوا منداڵێک لەبەردەمیا وەستاوە، لە تەمەنی چوار ساڵان دایە، بەپێی تەمەنی خۆی درێژە و بەهێزە، چاکەتێکی پان و پوور و شەرواڵێکی وای لەبەردایە کە پێیە ڕووتەکانی و لنگە لاوازەکانی دەرئەخات. بەدەستێکیەوە لقی دارێکی گرتووە، کە پەتێکی ئەستووری پێوە بەستراوە، هەروەک داوێکی ساکار وایە بۆ ڕاوەماسی. بەدەستەکەی تریشیەوە ماسییەکی پوولەکە زیوینی گرتووە، وەک نێچیری ئەو ڕۆژەی بووبێ وابوو. منداڵەکە بەدوو چاوی



بچووکی نێرگسییەوە لە سەربازەکە ورد ئەبووەوە، هەروەک دەموچاوی بەتەشوێ[١] خشت کرابێ وابوو دەمولێوە خواروخێچەکەیشی، خەریک بوو بەزەردەخەنەیەکی شیرین بکرێتەوە و بکشێ لەم گوێیەوە بۆ ئەو گوێی. زەردەخەنەی منداڵەکە پڕ بوو لە ناشیرینیی دەموچاوی، چونکە لەخۆبایی بوونێکی منداڵانە و پیسییەکی ساکاری تیا بوو.

منداڵەکە بەسەربازە پیرەکەی گوت: «مامە گیان، لە کوێوە هاتویت؟ بۆ کوێ ئەچیت؟ شەڕت لەگەڵ ئینگلیز کردووە؟». کابرا کە بەچاوپێکەوتنی ئەو منداڵە و لە شوێنە چۆڵ و هۆڵەدا، دڵی کرایەوە چووە لایەوە دانیشت، پشوویەک بداتەوە. لەو ماوەیەدا هەندێ بەسەرهاتی شەڕی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئینجا لێی پرسی: ناوت چییە؟ ناوی خێزانت چییە؟. منداڵەکەیش گوڕی بەستەوە بۆ قسەکردن و گوتی:

– «من ئەبراهام لینکۆلنم[*]. بەڵام باوک و دایکم بانگم ئەکەن «ئیپ». باوکم دارتاشە. داری گەورە گەورە ئەبڕێتەوە بۆ دروستکردنی کۆڵێتەکان... بەڵێنیشی داومێ کە تەمەنم گەیشتە حەوت ساڵان تەورێکم بداتێ منیش لە داربڕینەوەدا یارمەتیی بدەم... من هێشتا لە چوار ساڵان دام. بەڵام (سارا)ی خوشکم دوو ساڵ لە من گەورەترە... بەڵێ ئەم ماسییە من ڕاوم کردووە. پاش تۆزێک ئەیکەم بەشێو. ئێمە لە ناوەڕاستی ئەم جەنگەڵەدا ئەژین. ئەی سەرباز، ئەتەوێ لەگەڵما بێیت بۆ ماڵەوە؟ بێ گومان باوکم و دایکم بەتۆ دڵیان ئەکرێتەوە گەلێک جار دایکمان ئامۆژگاریمان ئەکات کە دڵمان بسووتێ بەسەرباز و پیر و ڕێبوار... بێ گومان ئەویش ڕووت لێ ئەنێ کە ئیشمە و لامان بمێنیتەوە. چیرۆکەکانی شەڕمان بۆ بگێڕیتەوە...». بەڵام کابرا، ئەیویست بگەڕێتەوە ناو خاو و خێزانەکەی خۆی. ئیتر هەر ئەوەندە گوێی لە (ئیپ) بوو بانگی ئەکات بۆ ماڵی خۆیان دەمودەست ڕاست بووەوە و دەستی هێنا بەسەر منداڵەکەدا، پیرۆزبایی لێ کرد و دایەدەست خوا، ئینجا دەستە لەرزۆکەکەی لەسەری منداڵەکە هێنایە خوارەوە و دەستی کردەوە بەڕۆیشتن بۆ ئەمەی پێش ئەمەی تاریکایی دابێ بگاتەوە ماڵی خۆیان. بەڵام منداڵەکە هەر لە جێی خۆی مایەوە. هەر سەیری کابرای ئەکرد. تا هێواش هێواش لێی دوورکەوتەوە، سەرنجی لە کۆماوییەکەی و هەنگاوە ماندووە گرانەکانی ئەدا، کە دەمێک تیشکی ڕۆژئاوا لێی ئەدا، دەمێکیش سێبەری دارستانە چڕەکە. پاشان زۆری پێ نەچوو، بەو پێیە ڕووتە

(١) تەشوێ: تەورێکی بچووک بۆ بڕینەوە یا ڕێکخستنی دار بەکاردێ.

(*) لینکۆلن: خۆیان وای ئەخوێنینەوە: لنکن –وەرگێڕ–.

سووکانەی خۆیەوە، بەهەڕاکردن دوای کابرای سەرباز کەوت، کە نزیکی بووەوە، بەهەناسکەبڕکێیەکەوە بانگی کرد و ماسییە زێڕینەکەی خۆی خستە ناو دەستییەوە و دەمودەست گەڕایەوە دواوە، پێش ئەمەی گوێی لە سەربازە پیرەکەبێ، بەرپەرچی بداتەوە و ئەو دیارییە بچووکەی لێ وەرنەگرێ کە لە شێوی خۆی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو.

***

ڕەچەڵەکی (ئیپ). لەو جەربەزانەوە هاتۆتە خوارەوە کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا گەشتیان ئەکرد بەناو ئەو دەشتە کاکی بەکاکییە نەکێڵراوانەی خاکی ئەمریکایەدا و، دەستیان ئەکرد بەدار ڕوواندن و شینایی کردن و، ئاوەدانکردنەوەی زەویی وێرانە و، چوونە جەرگی ئەو خاکانەوە بەشێنەیی. باپیری (ئیپ)یش کە هەر ناوی (ئەبراهام لینکولن) بوو، بەدەستی یەکێک لە هیندییە سوورەکانی ئەمریکا مرد، لەناو شەڕێکی ناوەند هیندییە سوورەکان و سپییە ئاوەدانکەرەوەکاندا، کە هەرگیز نەئەکوژایەوە. سا هورۆژمەکە هیندییەکان بردبێتیانە سەر سپییەکان، یاخود سپییەکان برێتیانە سەر دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەمریکا، ئەم شەڕانە هەر پەیدا ئەبوون لە ناوەندیاندا: ئاوەدانکەرەوە ئەوروپاییەکان خەریکی ئەوە بوون دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەمریکا لەناو ببەن، بەبیانووی ئەوەوە کە مافیان هەیە شارستانێتی بگوێزنەوە ناو ئەو خاکە ساوایەوە دانیشتووە هیندییەکانیش، هێزیان چەندی بڕ بکردایە بەگژیاندا ئەچوون و بەرەنگارییان ئەکردن بەتەنیایی، چونکە لەلایەکەوە هۆگری خاکەکە بووبوون و پێوەی ڕاهاتبوون، لەلایەکی تریشەوە خۆیان بەخاوەن ئەو خاکە دائەنا کە لە پێست سپییەکاندا تیایا گوزەرانیان کردبوو. کەمیش ڕێک ئەکەوت کە هەردوولا یەک بگرن و پێکەوە لەو سامانە زۆرەی ئەو خاکە کەڵکەوەر ببن، یاخود بیهێننە بەرهەم و، بەگیانێکی دادپەروەرانە و یەکسانییەوە بەرهەمەکەی پێکەوە بخۆن.

خێزانەکەی (لینکۆلن)، لە پاش مردنی باپیرەکەیان بەهەموو لایەکا تەفروتونا بوون. (تۆما)ی باوکی (ئەبراهام) کە باوکی کوژرا، تەمەنی شەش ساڵان بوو. گوزەرانێکی گێژوویژانەیی کرد لەناو جەنگەڵستان و دەشتە بەیارەکاندا. نەئەگەیشتە جێگایەک، تا لەوێش هەڵیان ئەدا بۆ جێگایەکی تر. ئینجا کە بوو بەپیاو، لەو هەموو هاتوچۆوگەرانە، ئەوەندەی دەست کەوتبوو کە بووبوو بەدارتاش، بۆ ئەمەی پێوەی گوزەران بکات. کچێکی مامی خۆی هەبوو، مارەی کرد و لەگەڵیا جێگیر بوو، لە پارچەیەکی (کونتاکی)دا. خانووچکەیەکی شڕوپڕی لە لقی دار تیا دروست کرد، کە هەر لە کۆڵیتی پیاوێکی دڕندە یاخود لە پاشماوەی لافاوێکی ئەکرد.



جا لەم خانووەدا بوو کە (ئەبراهام لینکۆلن) لە ١٨٠٩/٢/١٢دا لە دایک بوو. سەرەتای پێگەیاندنیشی هەر لەوێدا بوو. بەڵام خێزانە بچووکەکەی (توما لینکۆلن)، زۆری پێ نەچوو ئەم خانووەی فرۆشت بەنرخی دە کوپە ویسکی و چوار لیرە. بەڵام ڕووبارەکە نرخی خانوچکەکەی قووت دا، چونکە هەر دە کوپە ویسکییەکەی کەوتە ناوەوە نقووم بوون. خێزانە ڕەنجەڕۆکە ناچار بوو کە لەم جێگاوە بگوێزێتەوە بۆ ئەو جێگا بۆ خۆژیاندن. تا دوایی، لە ساڵی ١٨١٦دا، جێگایەکی باشی دۆزیەوە لە نزیک سەرچاوە ئاوێکی سازگارەوە. لەناو پارچە زەوییەکی وێرانەدا لە خاکی (ئەندیانا)دا کە پێیان ئەگوت: «کەندی کۆترە بچکۆلە». لەوێدا خۆی دامەزراند. بەڵام لە سەرەتای کۆچەکەیاندا، زستانێکی زۆر سامناکیان بەسەربرد لەناو دەشتی چۆڵ و هۆڵدا. گژوگیای وشکیان لەبن خۆیاندا دائەنا و بەپێستی گیانلەبەران خۆیان دائەپۆشی و، لە باران و سەرمایش، خۆیان بەوە ئەپاراست، کە چەند لقی دارێکیان کردبوو بەکەپرێک لەسەر گردۆڵکەیەک لە بنیا ئەحەوانەوە.

لە بەهاردا (توما) خانووچکەیەکی بۆ خێزانەکەی لەو ناوچەیەدا دروست کرد. زۆری پێ نەچوو، کۆچ کردووەکان ڕوویان تێ کرد و دەستیان کرد بەدروستکردنی خانووبەرە و دوکان و بازاڕ، تا ئاوەدان بووەوە و گەشەی کرد.

کە (ئیپ) گەیشتە حەوت ساڵان، باوکی بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا، تەورێکی بچووکی دایە دەستی بۆ ئەمەی داری پێ ببڕێ. ئەویش دەستی کرد بەلق بڕینەوە و دارقڵیشاندنەوە، تا وای لێ هات لە هەموو فرمانێکا یارمەتیی باوکی ئەدا: لەگەڵیا ئەچووە ئەوپەڕی جەنگەڵەکەوە، کۆڵیت و خانووچکەی دروست ئەکرد، ئەو زەوییە بەپیتەیشی ئەکێڵا و ئەیکرد بەشینایی، بۆ ئەمەی خورشتی خێزانەکەی، بەشی ساڵێک لێ پێک بهێنێ. (خانم لینکۆلن)یش ئافرەتێکی خواناس بوو، هەندێک خوێندەواری فێر بووبوو، بەپەرۆشەوە بوو کە کوڕەکەی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسین بکات، بۆ ئەمەی نووسراوی پیرۆز فێربێ و بیخوێنێتەوە. ئەو لەوەپێشیش خۆی خەریک کردبوو بەباوکیەوە فێری سەرەتای نووسین و خوێندنەوەی بکات، بەڵام باوکی هیچ فێر نەبووبوو، ئەوەندە نەبێ کە ناوی خۆی پێ بنووسێ. بەڵام (ئیپ) زۆرتر هۆگری خوێندەواری بوو لە باوکی، زۆرتریش ئارامی هەبوو لەسەری. هەرچەندە لە کار و فەرمانە بەئەرک و ئازارەکەی ئەبووەوە و ئەگەڕایەماڵەوە، لە تەنیشت دایکیەوە ڕائەکشا، بۆ ئەمەی لەبەر ڕۆشنایی گڕی ئاگری لقە دار کاژەکان کە لەناو ئاگردانەکەدا بوون ئەسووتان، یەکێک لە چیرۆکە

خۆشەکانی ناو (تەورات)ی بۆ بخوێنێتەوە، کە ئەوەندە کاری ئەکردە دڵ و دەروونی لە هەموو تەمەنێکی ژیانیا پێوەی دیاربوو.

بەڵام ئەم خۆش ڕابواردنە، زۆری نەکێشا. چونکە ئەو زستانە سەختەی کە داهات بەسەر خێزانەکەدا لە سەرەتای هاتنیا بوو (کەندی کۆترە بچکۆلە)ی بەتەواوەتی سەرگەردان کرد، دایکی (ئیپ) لەشی تێک چوو، تا ئەهات، ڕۆژ بەڕۆژ، ڕەنگی زەردتر ئەبوو، تا وای لێ هات لە پڕ مرد، (ئیپ)ی کوڕیشی لە نۆ ساڵان تێپەڕی نەکردبوو. کوڕەکە و باوکی دارێکی گەورەیان بڕییەوە و گۆڕیچەیەکیان لێ دروست کرد و ژنە خۆشەویستەکەی لای هەر دووکیان تیا دانا و پاشان خستیانە ناو چاڵێکەوە کە بۆیان هەڵکەندبوو لەناو جەرگی جەنگەڵستانەکەدا (ئیپ) زۆری پێ گران بوو، کە دایکە خواناسە کردەوە باشەکەی بمرێ و کەسێکی شارەزا نەبێ نوێژی لەسەر بکات، بەئەرکێکی زۆرەوە توانی نامەیەکی ساکار بنووسێ بۆ موژدە بەخشێک[١]، کە لە خاکی (کۆنتاکی)دا هاتوچۆی ئەکردن. پاشان بەیەکێک لە چەرچییەکاندا بۆی ڕەوانە کرد، لە نامەکەدا لێی پاڕابووەوە کە بێتە سەر گۆڕی دایکی نوێژی لەسەر بکات، کە شیشەکە چەند مانگێکی پێ چوو ئینجا هات و ئاواتەکەی (ئیپ)ی بەجێ هێنا. ئەو نامەیە یەکەم نامە بوو، کە (ئەبراهام)ی بچووک لە ژیانی خۆیدا نووسیبوی.

***

## لە کۆڕی ژیاندا

(تۆما لینکۆلن)، هەستی کرد، کە ناتوانێ بەتەنیا بژیی لەگەڵ هەردوو منداڵە بچووکەکانیدا. کە ماوەی شینی ژنەکەی بەسەرچوو[٢]، بۆ چەند ڕۆژێک لە ماڵ چووە دەرەوە، پاشان لەگەڵ ئافرەتێکی هەرزەکاردا گەڕایەوە ماڵێ. بە(ئیپ) و خوشکەیشی ڕاگەیاند کە ئەوە دایکی تازەیانە. هەردوو منداڵەکە بەشادمانییەکەوە بەپیرییەوە چوون. (خانم لینکۆلن)ی تازەیش بێوەژنێک بوو بەسێ منداڵەوە. بەڵام لە مێردەکەی پۆشتەتر بوو. هەندێ کەلوپەلی بۆ خانووە تازەکەی هێنا و هەندێ جلوبەرگیشی بۆ هەردوو منداڵە تازەکەی پێشکەش کرد. زۆری پێ نەچوو، دەستێکی هێنا بەسەر خانووەکەدا، هەندێکی

(١) موژدە بەخش: ئەوانەی ڕێوشوێنەکانی ئایینی مەسیح بلاو دەکەنەوە (مبشر)، لێرەدا مەبەستی پیاوی ئایینییە لە کلێسایەکدا کە (قەشە)یە.

(٢) ڕاستتر: کە پرسەی ژنەکەی... یا: کە چلەی ژنەکەی بەسەرچوو....



لێ ڕاست کردەوە و هەندێکیشی لێ تازە کردەوە. مێردەکەیشی خستە سەر ئەو بیرەی کە ژوورێکی تری بۆ چێشت لێ نان تیا دروست بکات لەگەڵ چشتیرێک بۆ ئاژەڵ. تا وای لێ هات (کێڵگەکەی لینکۆلن)، هەروەک دراوسێکانی خۆی ناویان ئەهێنا، بوو بەخانوویەکی سرەوت بەخش لەناو باخێکی جواندا، ئەیڕوانی بەسەر دارستانێکی شەنگ و شۆخدا کە هەر لە بەیانییەوە تا بانگی شێوان دەنگی تەور و تەورداسی داربڕەکانی تیا دەنگ ئەدایەوە.

ئەم ئافرەتە دڵ وریا و هەست بڵند بوو. زۆر بەپەرۆشەوە بوو کە هەردوو منداڵی مێردەکەی بەباشی بەخێو بکات. بەتایبەتی مشووری (ئەبراهام)ی زۆر ئەخوارد لەبەر ئەوەی کە لە کردەوە و ڕەوشتیا هەستی بەخوێن پاکی و جوامێرییەک ئەکرد. لەبەر ئەوە پشتگیریی ئەکرد و ڕێوشوێنی باشی پیشان ئەدا کە لەسەری بڕوات. باوەڕ بەخۆکردنەکەی و هیوای دواڕۆژەکەی بەهێزتر ئەکرد. لەو ناوچەیەیشدا کە (ئیپ)ی تیا گەورە ئەبوو، کەینەوبەینەی خوێندەواریی گیروگرفتێکی زۆری لەبەردا هەبوو، خۆیان پێوە خەریک نەئەکرد، لە گفتوگۆی ڕۆژانەیاندا ئەوەندە بایەخیان پێ نەئەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوی لە ژیانی (ئەبراهام لینکۆلن) ورد ببێتەوە، بەتەواوەتی بۆی دەرئەکەوێ. کە ئامانجی ئەو و ئاواتی هەرە بڵندی و مەبەستی ژیانی، لەناو ئەو منداڵییە هەناسە ساردییەدا، هەمووی لەیەک وشەدا جێی ئەبووەوە، کە ئەویش خوێندەواری بوو.

لە هەموو شتێک خۆشتر بەدڵی ئەو داربڕە بچکۆلەیە، (ئیپ) ئەوەبوو کە کۆمەڵێک لە دراوسێکیانیان بێنە سەردان لای باوکی، هەرچەندە نەخوێندەواریش بن، بەڵام زیرەکییەکی وایان تیا هەبێ کە بتوانن لەم جیهانە فراوانە بدوێن، هەریەکەیشیان بەشی خۆی بەسەرهات و چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە، پاشان لەسەر ئایین و فڕوفێڵبازیی و ئافرەت گفتوگۆ بکەن. ئەویش لە سوچێکی ژوورەکەدا دابنیشێ و بەهەموو دڵیەوە گوێیان لێ بگرێ. نەهێڵێ هیچ وشەیەک کە لە دەمیان بێتە دەرەوە لێی ون ببێ هەرچەندێکی لێ تێگەیشت بەئاسانی بام لێیی تێ بگات، هەرچییەکیشی لێ تێ نەگەیشت. ئەوان کە ڕۆیشتن، بەپاڵکەوتنەوە لەناو جێگەکەیدا، لێی ئەکۆڵێتەوە بەبەرچاو ملیۆن ملیۆن لەو ئەستێرانەوە کە بەسەر ئەو دارستانە قووڵەدا ئەڕوانن و لە پەنجەرەی کۆڵیتەکەوە شەو بێداریی لەگەڵ ئەکەن و بەچاوە گەشە بریسکەدارەکانیانەوە ئەیلاوێننەوە و نیازی پێ ئەبەخشن و لە ڕازی جیهان ئاگاداری ئەکەن.

(ئیپ) هەندێ جار بۆی هەڵ ئەکەوت کە لە خاکەکانی (کۆنتاکی) و (ئەندیانا)دا خۆی

بگەیێنێتە ئەو خوێندنگا گەڕۆکانەی کە مامۆستا کۆچەرەکان هەڵیان ئەسووڕاندن، ئەوانەی کە زۆربەیان لە سەرەتای خوێندنەوە و نووسین و ژمارە بەولاوە هیچی تریان نەئەزانی. بەڵام (ئیپ) نەئەگەیی کە لەو خوێندنگایانەدا لە چەند هەفتەیەک، یاخود لە چەند ڕۆژێک بەولاوە بخوێنێ، گورج باوکی دەری ئەهێنایە دەرێ بۆ ئەمەی لە فەرمانەکانیا یارمەتیی بدات، کە بەلای ئەوەوە ئەو یارمەتییە لە خوێندنەکە بۆ خێزانەکە بەکەڵک تر بوو. یاخود وەک مفردییەکی بچووک لە کێڵگەیەکی دراوسێدا دای ئەمەزراند، بەتایبەتی لەو تەمەنەدا کە هەرەتی کوڕێتیی گرتبوو و بووبووە لاوێکی بەهێز و توانای شارەزا لە فەرماندا بەم جۆرە (ئیپ) لە ماوەی نۆ ساڵی تەواودا، لە دوانزە مانگ زۆرتر نەیتوانی لەو خوێندنگایانەدا بمێنێتەوە.

زۆر جاری وا ڕووی ئەدا، کە جێگای خوێندنگاکە لە ماڵەکەیانەوە دە - پانزە کیلۆمەتر دووربێ. کەواتە ئەبوو هەموو ڕۆژێک چەند کاتێک بەهاتوچۆوە بەخت بکات، ئینجا دوو کاتێک بۆی بکرێ لەو خوێندنگایانەدا بخوێنێ.

خوێندنگاکەیش بریتی بوو لە کۆڵیتێکی لە دار دروست کراو، مناڵەکان لەناویا دائەنیشتن لەسەر زەویی، بەهەموویشیان یەک نووسراویان هەبوو تیایا ئەیان خوێندنەوە و بەدەسگێڕ ئەیاندا بەیەکتری. ئەو جۆرە ژیانە پڕ ئەرک و ئازارە و فەرمانە سەختە و خوێندنە پچڕپچڕە و ماندوێتییە هەموو دەمییە، لەوانە نەبوون کە مناڵێک لە تەمەنی ئەودا هان بدەنە سەر خوێندن. بەڵام ئارەزووی (ئیپ) لەسەر خوێندن. ئەوەندە زۆر بوو، هیچ شتێک نەبوو بتوانێ لەبەردەمیا بووەست و بیکوژێنێتەوە. بەهۆی زیرەکی و تێکۆشانی خۆیەوە. ئەیتوانی ناوەندی ئەو هەموو بەشە خوێندنە جوێ جوێیانە لەناو ئەو خوێندنە پچڕ پچڕانەدا، پڕ بکاتەوە و بابەتەکانی بگەیێنێتەوە یەک و پێکیانەوە بنووسێنیتەوە و بیانکاتەوە بەیەک بابەتی تەواوی ڕێکوپێک و هەچ کەموکووڕییەکیان تیا هەبێ تەواویان بکات. ئەو ئەمانە هەمووی بەهۆی لێ کۆڵینەوە و سەرنجدانی هەموو دەمی خۆیەوە پێک ئەهێنا. چونکە هەرچەند، فەرمانە دەستییەکەی ماوەی پێ بدایە. کاری مێشک بهێنێتە پێشەوە، تەوەرەکەی دائەنا و دەستی ئەکرد بەخوێندن بەهەموو دڵ و تێکۆشانەکەیەوە. خەمی نان و خەمی فێربوون، ژیانی (ئیپ)یان کردبوو بەدووکەرتەوە. ڕۆژی بۆ نان پەیداکردن دانابوو، شەویشی بۆ خوێندن.

لە جیاتی قاقەز و مەرەکەب و پێنووس، پارچە خەڵووزێکی بەکار ئەهێنا لەگەڵ چەند تەختەیەکدا کە بۆ ئەو مەبەستە دروستی کردبوون. کە ڕەشی ئەکردنەوە، ئەیشتنەوە،



جارێکی تریش سپی ئەبوونەوە و بۆ نووسین بەکار ئەهاتنەوە. تاکە پەڕاوێکی کڕیی، بەنووسینە وردە جوانەکەی خۆی، کورتەی ئەو شتانەی (ئەیخوێندنەوە لە نووسراوانی ئەم و ئەودا کە بۆ ماوەیەک لێی ئەخواستن)، ئەنووسییەوە و بەشەو لەبەر ڕووناکیی ئاگرەکە ئەیخوێندنەوە. هەروەها هەرچی شتێکی بەدڵ بوایە لەو نووسراوانەدا ئەیگواستەوە ناو ئەو پەڕاوە.

یەکەم جار کە نووسراوی خوێندەوە: (نووسراوی پیرۆز) و چیرۆکە نەتەوەییەکانی (ئیزۆب)[1] و (ڕۆبنسن کرۆز)[2] و (کۆچی حاجی) بوو.

وا ڕێکەوت جارێکیان نووسراوێکی ئەخوێندەوە لە بابەت ژیانی پاڵەوانی ئەمریکاوە، (جۆرج واشنتن)[3]، پاشان نووسراوەکەی لەناو دوو پارچە تەختەدا دانا لە دیواری کۆڵیتەکەدا. ئەو شەوە باران باریبوو، نووسراوەکەی تەڕ کردبوو. (ئەبراهام) نەیکردە نامەردی، چووە کن خاوەن نووسراوەکە، کەینەوبەینەی تەڕ بوونەکەی بۆ گێڕایەوە. بەڵام پێشنیازێکی دایە، کە سێ ڕۆژ زەویی بۆ بکێڵێ، بەرامبەر بەنرخی نووسراوەکەی. کابرای خاوەن نووسراو لەگەڵیا ڕێککەوت. (ئەبراهام)یش لە پاش ئەوەی سێ ڕۆژی تەواو زەویی بۆ کێڵا، ئەو نووسراوە بەنرخە (بەهەموو کەموکوڕییەکیەوە کە لە تەڕبوونەکەوە بەسەریا هاتبوو) بوو بەهی خۆی. هەر کاتێ ئارەزووی بکردایە ئەیخوێندەوە و جار لەسەر جاریش ئەیخوێندەوە. چونکە لە پەند و زانیارییەکانی کەڵکی وەرئەگرت، یەجگار دڵیشی چووبوو

(١) چیرۆکەکانی ئیزۆپ یا (ئیسۆپ): گوایە حیکایەتخوانێکی گەڕیدەی یۆنانستانی بووە، هاتۆتە میسر و بابل، گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی دراوەتە پاڵ کە گێڕاونیەوە؛ (لاوەنتین)ی فەرەنسایی ١٦٢١ - ١٦٩٥ ئەو چیرۆکانەی نووسیوەتەوە و لە فەوتان پاراستوونی. بەڵام ڕەچەڵەکی ئەوانە دەچنەوە سەر سەرچاوەی گەلانی ڕۆژهەڵات، هەر لە هیندەوە بۆ فارس و کوردستان... هتد.

(٢) ڕۆبنسن کرۆزی: ڕۆمانێکی ئینگلیزییە کە (دانیال دیڤۆ) لە ١٧١٩ نووسیویە؛ باسی ڕۆبنسن دەکات کە گەردەلوولێکی دەریایی فڕێی دەداتە دورگەیەکی چۆڵەوە، ئەوەیش لەگەڵ (جومعە)ی هاوڕێیدا بەبەختەوەرەوە لەو جێگا دوور لە ئاوەدانییەدا دەژیان.

(٣) جۆرج واشنتن (١٧٣٢-١٧٩٩) سەرکردە و پێشەوایەکی ئەمریکاییە، لە جەنگی حەوت ساڵەی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا (١٧٥٦-١٧٦٣) ئەم لە ڕیزەکانی لەشکری ئینگلیز بووە، لە شەڕەکانی ڕزگاریخوازی ئەمریکاشدا ١٧٧٦-١٧٨٣ سەرکردەیی جەنگاوەرانی گەلەکەی دەکرد. لە ساڵانی ١٧٨٩-١٧٩٧ یەکەم سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە.

بەکەسایەتیی (جۆرج واشینتۆن)دا، بەکردەوە و ڕەوشتیا لە شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکادا، کە پاڵەوانییەکی سەرکەتووانە و نیشتمانپەروەرییەکی شۆخ و شەنگانەی تیا ئاشکرابوو.

لەگەڵ ئەمەشا باوکی دڵی بەمە خۆش نەئەبوو کە کوڕەکەی خۆی بەو جۆرە ئەبینی خووی داوەتە خوێندنەوە. پێی ئەگوت حەز لە پاڵدانەوە ئەکات. وا چووبووە مێشکیەوە کە کوڕەکەی بەدڵ فەرمانی لەگەڵ نەئەکرد، هەر بۆ ئەوە فەرمانی بۆ ئەبینی، کە بەناچاری ئەزانی بیبینێ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە شتێکی دەست بکەوێ و پێی بژی. بەڵام کەللەی بەهیچەوە خەریک نییە، بەو قسە پڕوپووچانەوە نەبێ کە لەو نووسراوانەدا چاپ کراون! بەڵام ژنەکەی لەسەر ئەو بیروباوەڕەی ئەو نەبوو. جاری وایش هەبوو لێی تووڕە ئەبوو کە ئەو نووسراوانەی بەقسەی پڕوپوچ دائەنا، چونکە ئەو نووسراوانەی کە (ئیپ) هەموو بەیانیانێک ئەیخوێندنەوە (تەوڕات) و (ئینجیل) بوو. بەمێردەکەی ئەگوت: «ئارامت بێ. دوور نییە کوڕەکەت ببێتە مامۆستایەک، ببێتە کەشیشێک. چونکە زیرەکی و تێکۆشان و چاکیی دڵەکەی، ئەوە پیشان ئەدەن کە دوارِۆژێکی گەورەی دەست بکەوێ».

کوڕەکە دەستی کرد بەتێکەڵ بوون بەکۆمەڵایەتی. خۆی خەریک ئەکرد بەلێکۆڵینەوەیەوە. سەرنجدانەکەی تیژ و بەهێزبوو ئەچووە بنج و بناوانی هەموو شتێکەوە. (ئیپ) هەرچەندە دڵتەنگییەکی پێوەبوو، هەر لە منالییەوە لەگەڵیا بوو، کە دوور نییە لە ژیانی تەنیایی ناو دارستانە فراوانەکانەوە تووشی بووبێ، بەڵام گیان سووک و دەم بەپێکەنین بوو، زوو ئەکرایەوە. حەزی لە پرس کردن و گوێگرتن ئەکرد. حەزیشی لە قسەکردن ئەکرد. ئەیزانی باش قسە بکات لە چیرۆک گێڕانەوەدا، ئەوەندە شارەزابوو، نەتەوە خۆشی ئەویست. جاری وایش هەبوو کە لە گفتوگۆکردندا توند ئەبوو، بەڵام لەسەر شتی هیچوپوچ. هەرگیز مقۆمقۆی نەئەکرد. جاری وایش حەزی بەگەمەوگەپ ئەکرد. حەزی لە قسەی نەستەق ئەکرد. بەڵام دڵی کەسی لە خۆی نەئەڕەنجاند. کەسیشی نەئەشکاند. لە ڕاستیدا کردەوە و ڕەوشتی بلند نیشانەی هەرە بەرزی کەسایەتیی (ئیپ) بوو. ئەوساکەی لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بووە، بەپێی قسەی یەکێک لە نووسەرانی ژیانی وا بووە: «ئەبراهام لینکۆلن، کەڵەگەتێکی لەش ڕەپی سنگ پان بوو. بەڵام لەڕولاوازێکی وابوو، لەگەڵ درێژییەکەیدا سەرنجی پیاوی ڕائەکێشا... سەر و شێوەی دڕندانە هەڵکەوتبوو، چونکە قژێکی بژی تۆزاویی و جلوبەرگێکی ساکاری شل و شێواوی هەبوو. چرچ و لۆچی دەموچاوە پیرانەکەیشی، کە لووتێکی تەواو دەرپەڕیوی تیا دیاربوو... ئەمانە هەموویان، ئەبراهامیان گەورەتر لە خۆی پیشان ئەدا!».



لەو کاتەدا، بەدڵیا ئەهات بنووسێ. سێ وتاری لە ڕۆژنامەکانی ناوچەکەدا بڵاوکردەوە. لە یەکەمیاندا هاواری ئەوەی کردبوو کە بەزەییبان بەگیانلەبەردا بێتەوە. لە دووەمیاندا هوروژمی بردبووە سەر مەی خۆریی. لە سێهەمیشیاندا، لە سوچێکی تازەوە کەینەوبەینەی نیشتمانیی خستبووە بەرچاو و چارەی بۆ دۆزییەوەوە. ئەم وتارەیان سەرنجی یەکێک لە پشتگیر (محامی)یەکانی ڕاکێشابوو، بانگی کردە جێ فەرمانەکەی خۆی مەشقی تیا بکات. ئەوەیش هەلێکی ناوازە بوو، بۆ ئەبراهام کە کەڵکی لێ وەربگرێ. بەڵام ناچار بوو کە وازی لێ بهێنێ. بۆ ئەمەی ئەو مزە کەمەی کە لە فەرمانی کشتوکاڵەکەیدا دەستی ئەکەوت، باوکی لێ بەش بڕاو نەکات.

بەڵام زۆری پێ نەچوو، دەرگای بۆ کرایەوە. بەدەستی خۆی کەشتییەکی بچووکی دروست کرد، لەمبەر ڕووباری (ئۆهایۆ)وە بۆ ئەوبەری ڕێبواران و کەلوپەلیانی پێ ئەگوێزایەوە. ڕۆژێکیان وا ڕێککەوت، کە هەندێ ڕێبواری بەکەشتییەکەی خۆی پەڕاندەوە بۆ کەشتییەکی گەورەی بازرگانی کە لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا وەستابوو. یەکێکیان دوو پارچە زیوی دایە، ڕیالێکی ئەکرد.

ئەبراهام لەوە سەری زۆر سوڕما و زۆریشی پێ خۆش بوو. پاشان کە ئەبێتە سەرۆکی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کارتێکردنی ئەو کارەساتە ئەگێڕێتەوە بۆ هاوڕێیەکی خۆی، ئەڵێ: «باوەڕم بەچاوەکانم نەئەکرد! دوور نییە، ئەی برا، تۆ ئەوە بەشتێکی هیچ و پوچ دابنێیت. بەڵام من ئەوە بەگرنگترین کارەساتی ژیانم دائەنێم. بۆ کوڕێکی هەژاری وەک من گران بوو باوەڕ بەخۆی بکات کە لە ڕۆژێک کەمتردا، بتوانێ ڕیالێک پەیدا بکا! بەڵام کە ئەوەم چاوپێکەوت، جیهانی لەبەر چاومدا فراوانتری ئەنواند، جوانتریشی لێ هات، هیوایشم بەدوارِۆژی خۆم و بڕوایشم بەخۆم زۆرتری لێ هات».

کە تەمەنی گەیشتە نۆزدە ساڵان، بازرگانێک دایمەزاند، هەندێ کەلوپەلی لەسەر کەشتییەک بۆ بار بکات و پیا بنێرێ بۆ (ئورلیانی تازە)، لەوێ کەلوپەلەکانی بۆ بفرۆشێ و نرخەکەیانی بۆ بهێنێتەوە بازرگانەکەیش، بۆیە ئەمەی بەو سپارد، چونکە لە ڕاستی و زیرەکیی ئەو شارەزا بووبوو. ئەویش فەرمانەکەی باش بۆ ڕاپەڕاند. بەڵام تا لەوە بووەوە کەوتە تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەوە. چونکە کەشتییەکە، بەلای کەناری ڕووباری میسیسیپیدا ئەڕۆیشت، قولەڕەشەکان هوروژمیان بردە سەری، تاڵانی بکەن، یارمەتیدەرەکەیشی خەریک بوو تفەنگیان پێوەبنێ، یەک بەیەک بیانکوژێ. بەڵام

(لینکۆلن) فریاکەوت، نەیهێشت بیانکوژێ. کەچی توانیشی کەشتییەکە ڕزگار بکات.

لەو کاتەدا کە خەریکی ئەو کۆچە بوو، کە یەکەم جاربوو لە ناوچەی لادێ و ژیانی لادێوە هاتبووە دەرەوە و، چاوی بەو جیهانە فراوانە کەوتبوو کە هەموودەم ئاواتەخوازی ئەوەبوو لە نزیکەوە بیبینێ. وا ڕێککەوت کە توانی بەدەیان کەشتیی زل زل تەماشا بکات کە پڕیان بوو لە گەلەی بەندەکان، کە وەک ڕانی گیانلەبەرانی دڕندە پێوەند کرابوون. ئەو چاوئەندازانە، کە پڕ بوون لە ترس و لەرز. دڵی (ئەبراهام)یان بزواند و خستیانە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە. لەو یاسا هیچ و پوچەی بیر ئەکردەوە کە دڵی بڕوایی ئەدات ئەم جۆرە زۆرداریی و ڕیسوایییە ڕووبدات.

شاری (ئورلیانی تازە)، یەکەم شاربوو کە (ئەبراهام) بیبینێ. سەری سوڕما لە هاتوچۆ و بزووتنەوەکەی ناوی کە لە برانەوەدا نەبوو، هەروەها سەری سوڕما لە دەنگەدەنگ و قرەقرەکەی کە مێشکی پیاوی ئەبرد. ئەو خۆشییەیش کە پیاوە دەوڵەمەندەکان و ئافرەتە ڕێکوپێک و ڕازاوە شارەزاکان تیا بوون، هەر بەجارێ گەشکەداری کرد. بەڵام بەتەنیشت ئەوانە، هەموویانەوە، بازاڕێکی دی، بەندەیان تیا ئەفرۆشت. تەماشای کرد هەر پیاوانە و بەزەبری کوتەک لە ژنەکانیان جیا ئەکەنەوە... کچانە و بەقژ ڕائەکێشرێن تا وەک کەلوپەل بفرۆشرێن...

دایکانە و لەتاو ئێشی جەرگیان، شێتانە هاوار ئەکەن، چونکە منداڵەکانیان بەزۆر لە باوەش ئەهێننە دەرەوە. جا ئەو کوڕەی کە هاواری ئەکرد لە هاونیشتمانەکانی خۆی: بەزەییان بەگیانلەبەراندا بێتەوە، ئەم هەموو ئازار و هاوارە سامناک و نەنگانەی بەمرۆڤایەتییەوە دی و بەچاوی خۆی چاوی پێیان کەوت. لە پڕ لەو بازاڕە نزم و نەنگ و ناپەسەندە. ڕووی وەرگێڕا و پشتی تێ کرد و لێیشی دوور کەوتەوە. دڵی پڕ بووبوو لە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و هەستکردن بەشوورەیی و ئابڕووچوون. کە سواری کەشتییەکەی بووەوە، بەهاوڕێکانی خۆی گوت: «ئەگەر ڕۆژێکم دەست کەوێ لە جیهاندا، ئەبێ ئەم بازرگانییە تێکومەکان بدەم و دڵێشم بەکەس نەسووتێ کە زیانی لەوەوە بەرکەوێ!».



## دڵداریی یەکەم

لەو جیهانە تەڕ و تازەیەدا، کە هێشتا کاری لێ نەکرابوو، کە پڕ بوو لە سامان و شتی بەکەڵک، هەموو کەسێکی جەربەرزەی ئازا و لەش سووک ئەیتوانی هیوا و ئاواتی خۆی تیا بهێنێتەدی.

ئەو ساکەیش باوبوو، هەر کوڕێک پێ بگەیشتایە، خێزانەکەی خۆی بەجێ ئەهێشت و ئەچوو بەدوای سامان پەیداکردندا، یاخود هەر هیچ نەبێ بەدوای نان پەیداکردندا.

(ئەبراهام لینکۆلن)یش بۆیەکا لەسەر ئەو پێڕەوییە نەڕۆیشتبوو، چونکە باوکی لە فەرمانەکانی خۆیدا سەرنەکەوتبوو، لەبەر بێ دەسەڵاتی و کەم تەرخەمیی خۆی. لە پاش ئەمەی پانزە ساڵی لە (کەندی کۆترە بچکۆلە)دا بەسەربرد، کە تەماشای کرد هەروەک پێشووی خۆی بەهەژاری و هەناسە ساردییەوە ئەژی. ناچارما سەرلەنوێ کۆچ بکاتەوە بۆ خاکی (ئیلینۆیز) بەڵکو ئەمە خوایە گوزەرانێکی باشتر بکات لەوێ. ئەو خانووەی کە زۆر پێیەوە ماندوو بووبوو تا دروستی کردبوو، فرۆشتی و چووە ئەوێ کۆڵیتێکی بچکۆلەی بۆ خۆی و خێزانەکەی دروست کرد. دیسانەوە دەستی کردەوە بەچەوسانەوە لە پێناو ژیاندا. (ئەبراهام)یش لە گوێزانەوەی خێزانەکە و دروستکردنی کۆڵیتەکەدا یارمەتی دا. زەوییەکەی تەنشتی کۆڵیتەکەیشی بۆ کێڵا. لە پاش ئەمەی تۆزێک دڵنیابوو لە ئەنجامی خۆی، دەستی کرد بەبیرکردنەوە لە خۆی و لە دواڕۆژی خۆی. کە تەمەنی گەیشتە بیست و یەک ساڵی، تافی جەربەزەیی و ئاوات بەجێ هێنانی دەستی پێ کردبوو، لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو خێزانەکەی خۆی بەجێ هێشت. بۆ ئەمەی ئەویش ڕێگەیەک بۆ خۆی لە ژیاندا بکاتەوە.

ئەو ڕێگایەیش یەجگار سەخت و گران بوو، بۆ ئەو ئەرک و ئازار و تەنگوچەڵەمەیەکی گەورە و زۆری هاتە بەر. ناچاربوو کە لە چەند کێڵگەیەکدا ببێ بەرەنجبەر. لە دروستکردنی گەمێ و کەشتیی پەردەدار[1] و لێخوڕینیانا، فەرمانی بینی. چووە فەرمانی شەقام دروست کردنەوە. بوو بەچەرچی، کەلوپەلی ئەگێڕا بەناو دێهاتەکاندا بۆ فرۆشتن. پاشان بوو بەشاگردی کابرایەکی داوودەرمان فرۆش. نە ئەو گێرەوکێشە و سەرگەردانییانەی کە تووشی ئەهاتن، نە هەڵوەشانەوەکانی کار و فەرمانەکانی، توانییان

(١) کەشتی پەردەدار: کەشتی چارۆگەدار (سفن شراعیە).

کۆڵی پێ بدەن و چاوی بترسێنن و لە ئاواتی بخەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە (ئەبراهام) ئەو گیروگرفت و ناخۆشییانەی بەڕوویەکی خۆش و دڵێکی پڕ بەزمەوە بەرامبەری ئەکرد، ئەوەندەیش بڕوای بەهێزبوو بەدوارۆژی خۆی، زۆرتر پەلی ئەکوتا و ڕەنجی ئەدا و تێ ئەکۆشا. تا بەسەر ئەو گیروگرفتانە یا زاڵ ئەبوو و لە ئەنجامدا بەئامانجی خۆی ئەگەیشت. ڕەوشت و کردەوە بڵندەکانی و، ژیریی و زرنگییە دڵکێشکەرەکانی و دڵ چاکییە گەورەکەی، لە هەر کوێیەکدا بووایە یارمەتییان ئەدا و کەسانی تریان ئەکرد بەدۆست و خۆشەویست و دڵسۆزی. بەڵام سەر ڕاستییەکەی و دەسپاکییەکەی لە هەموو کردەوەیەکی تری خۆشەویستتر بوو بەلایانەوە. تەنانەت لەناو خۆیاندا ناویان نابوو (ئیپی سەرڕاست).

لەم سەردەمە پڕ تەنگوچەڵەمەیەی ژیانیدا، وا ڕێککەوت کە هەژاری ناچاری کرد ببێتە سەربازێک لە تیپێکی نەتەوەدا کە بۆ بەرەنگاری کردنی پێشەوایەکی هیندی پێک هێنرابوو، کە خووی دابووە زۆرداری کردن لە دانیشتووە سپییە بێ وەیەکان؛ تەنانەت ناویان نابوو (بازەڕەش). ئەم تیپی سەربازە بچکۆلەیە، پێویست بوو لەناو ئەندامەکانی خۆیدا سەرکردەیەک هەڵبژێرێ. ئەویش (ئەبراهام لینکۆلن)ی هەڵبژارد. ئەمیش یەجگار بەوە دڵی خۆش بوو کە هاوڕێکانی بەو جۆرە پشتیان پێ بەستووە. هەروەها لەوەپاش لەدەم خۆیان بیستبوو، ئەو کاتەی بەگەورەترین کاتی ژیانی ئەژمارد.

ئەم تیپە، ماوەی بۆ نەمابووەوە، بچێ بەگژ (بازەڕەش)دا. چونکە سوێندخوارەکانی، لە پێش خۆیدا، توانییان بچن بەگژیا و بەسەریا زاڵ بن. ئەو لە کارەسات، هەر ئەمەندەی بەسەرهات؛ کە هیندییەکی سوور لە پیاوەکانی (بازەڕەش) کە لەتاو زۆرداریی پێشەواکەی هەڵاتبوو، پەنای بردە بەر لەشکری دوژمنەکەی. سەربازەکانی تیپەکەیش کە دەمێک بوو لە بۆسەدا بوون و لە چاوەڕوان کردندا وەڕس بووبوون، کە ئەوەیان دی، زۆر دڵیان خۆش بوو چونکە بەنێچیرێکی دەسوبرد گریان زانی هاتۆتە بەردەمیان، بێ ئەمەی پێوەی ماندووبن. ئەوانیش هوروژمیان بردە سەری کە بیکوژن. کەچی (ئەبراهام لینکۆلن)، لەگەڵ ئەوەشا کە هیندییە سوورەکان بوون باپیریان کوشت و خێزانەکەیان تەفروتونا کرد و باوکیان ڕاوەدوونا، لەبەردەمیاندا وەستا و هیندییەکەی بەسنگی خۆیەوە پاراست، خۆی خستە تەنگوچەڵەمەی کوشتنەوە بۆ ئەمەی گیانی مرۆڤێک ڕزگار بکات لە کوشتن. لە پاش تێکۆشانێکی زۆر توانی ڕزگاری بکات.



جا لەناو گەرداوی ئەو بەرەنگاری کردنەدا کە (ئەبراهام) خۆی تێ فڕێ دا بوو، لەپێناو گوزەراندا، هەر چییەکی لە دەست بهاتایە ئەیکرد، هەر بۆ ئەوەی لە خوێندن نەبڕێ. نووسراو هەرگیز لێی جوێ نەئەبووەوە. چونکە هەم هاودەمی بوو، هەم مامۆستای. لەو کاتانەدا ئەیخوێندەوە کە ڕێگای درێژ درێژی ئەبڕی لە ناوەند ئەم گوندەوە بۆ ئەو گوند، یان لەو کاتانەدا ئەیخوێندەوە کە دائەنیشت لەژێر سێبەری بەردێکی گەورە یاخود درەختێک دابحەسێتەوە، یان کە ئەبوو بەشەو ئەیخوێندەوە، پاش ئەمەی لە فەرمان و ئەرک و ئاواز ئەبووەوە و دەستی ئەپەرژا چەندوچوون لەگەڵ خۆی بکات و قسە بۆ خۆی بکات.

ئەیویست بگات... بڕوایشی بەخۆی هەبوو کە ئەگات... بەڵام بۆ کوێ؟ ئەو بەتەواوەتی نەیئەزانی چیی ئەوێ و بۆ کوێیش ئەچێ. بەڵام زۆری ڕائەپەرمو بەهێز و دەسەڵاتی خۆیدا، شارەزای خۆیشی بوو کە چەکار لێ هاتوویە کە هەستی بەئارەزوویەکی بەهێز ئەکرد بۆ خۆبەخت کردن لەپێناو نیشتمانەکەیدا. چونکە لەگەڵ ئەوەیشدا کە ناسیاوییەکی کەمی هەبوو لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆیدا، کە سەیری ئەملا و ئەولای خۆی ئەکرد، زۆر کەموکوڕیی و کردەوە نەنگی و ڕووکەشی وا ناشیرینی ئەدیی کە بەپێویستی ئەزانی بەرەنگاریی بکرێ.

لە ساڵی ١٨٣٢دا کورسییەکی کۆڕی نەتەوەیی خاکی (ئیلنۆیز) بێ کەس مایەوە. (ئەبراهام لینکۆلن)، بۆ ئەو پایەیە، خۆی پاڵاوت. ئەوی پاڵی پێوە ئەنا، هەر ئاواتەکانی و ئازایەتییەکەی خۆی بوو، کە یەجگار گەورە بوون. لەناو کۆمەڵێک هەڵبژێرەردا، ڕەپ و ڕاست پێی گوتن: «وا بزانم هەمووتان ئەمناسن. من هەر ئەبراهام لینکۆلم. فڕوفێڵبازییەکەیشم ماوەی کورتە و خۆشیشە، وەک هەڵپەڕکێی پیرێژن وایە. ئەگەر منتان هەڵبژارد سوپاستان ئەکەم. خۆ ئەگەر هەڵیشتان نەبژاردم. ئەوا هیچ. باکم نییە!». لەمە بەولاوە هیچی تری نەگوت. شەش کەس دەنگیان بۆ دا. هەموویان ناسیاوی بوون لە شاری (نیوسالم)دا. بەڵام ئەم ژمارەیە، تەواو نەبوو. لەبەر ئەوە نەگەیشت بەمەبەسی خۆی. نەبوو بەئەندام.

بێجگە لەوە، تووشی شکانێکی تریش هات. بوو بەهاوبەشی کابرایەک لە شاری (نیوسالم)دا، ناوی (بیری) بوو. بەهەردووکیان دوکانێکیان دامەزراند بۆ کڕین و فرۆشتن. (ئەبراهام) هەرچییەکی بۆ کۆ کرابووەوە خستبوویە ئەو هاوبەشییەوە. بەڵام (بیری) سەرخۆشێکی هەموو دەمی بوو. هەرچی پارەیەکی ئەهاتە دەست، بەفیڕۆی ئەدا.

لەپاش چەند مانگێک مرد و کۆمەڵێک دەستیاوی بەجێ هێشت بەسەر (ئەبراهام)ەوە. (ئیپ)ی سەر ڕاستیش، دەستێکی وای نەبوو، کە ئەو هەموو دەستیاوی هاوڕێکەی کەڵەکەی کردبوو بەسەریا، بەیەک جار بیانداتەوە بەخاوەنیان. ناچاربوو بەڵێن بدا بەخاوەن دەستیاوەکان، کە دەستیاوەکانیان بەوچان بداتەوە. ناچاربوو دوو ئەوەندەی جاران فەرمان بکا و خۆیشی بڕەنجێنێ تا ئەو بەڵێنە گرانەی خۆی جێبەجێ بکات.

هاوڕێکانیشی ویستیان یارمەتیی بدەن، بێ ئەمەی سەری پێ نزم بکەنەوە، یان لووتی بشکێنن بۆی تێکۆشان کردیان بەجێنوشینی دەزگای پۆستەخانە لە شاری (نیوسالم)دا. ئەم فەرمانە، بوو بەسەرەتای سەردەمێکی تازە لە ژیانی (ئەبراهام)دا. چونکە کاتێکی تەواوی دەست خست بۆ خوێندنەوە، ڕێگایشی بۆ کردەوە بۆ خوێندنەوەی زۆر لە ڕۆژنامەکان. ڕۆژێکیان نووسراوێکی هاتە بەردەست لە بابەت زانستی پێوانەوە. لەبەر سەرچڵی خۆی، ناوەکەی کردەوە و بەپەرۆشییەکیشەوە دەستی کرد بەخوێندنەوەی. تا وای لێ هات دەستوورەکانی هونەری پێوانە فێربوو. ئینجا دەستی کرد بە بەکارهێنانی، لە ڕەنگڕشتنی زەویدا لەو ناوچەیەدا کە تیابوو، هەروەها لە دانانی نەخشەی ڕێگاوبان و پردە تازەکاندا. بەوە توانیی کەمەکێک گوزەرانی خۆی باش بکات.

جا لەم سەردەمەی ژیانی (ئەبراهام)ەدا، کارەساتێکی شەنگ و کاریگەر ڕووئەدا، پرشنگی هۆنراوە و دڵداریی و بەزەیی پیاهاتنەوە ئەدا لەو دڵە گەورە، خەمبارە، چاو لە هیچ نەبووەی (ئەبراهام)، کە گێژەڵوکەی ڕۆژگار زۆری لەرزاندبوو، ئەرک و ئازاری جیهانیش زۆری کز کردبوو. ڕۆژ نا ڕۆژێک، لە پەنجەرەی پۆستەخانەکەوە، گوێی لە دەنگێکی ناسک ئەبوو، بەشیرینییەکەوە لێی ئەپرسی: «هیچ نامەیەکی منت لا نییە، کاک لینکولن؟».

پاشان لە دەرگاکەوە دەموچاوی کچێکی شەنگ و شۆخی کەمەر باریک دەرئەکەوت. پرچە زێڕینەکانی وەک تیشکی ڕۆژ وابوون. لە دەموچاوە سپی و سوورەکەیشیا، گەشیی تەمەنێکی هەژدە ساڵیی تیابوو. پاشان ئەهاتە ئەو ژوورەوە کە کۆمەڵە ڕۆژنامە و نووسراو بەسەر یەکدا کەڵەکە بووبوون و، پەرەپەرەی قاقەزیش لەملا و لەولادا بڵاوبووبوونەوە چونکە (ئەبراهام)، هەمووەدەم، پێویستی بەئاژاوەیەکی کەم و هەندێ نارێکی و پێکی بوو، بۆ ئەمەی بەدڵێکی ئاسوودەوە بتوانێ فەرمانی ببینێ!

ئینجا کە چاوی بەو دەموچاوە پرشنگدارە ئەکەوت، تێک ئەچوو، هەروەک شاگردێکی خوێندنگا بووبێت و گوناهێکی کردبێ خۆی وا ئەهاتە پێش چاو. نووسراوی ماف، کە



بەدەستییەوە بوو ئەیخوێندەوە بۆ ئەمەی تێی بگات فڕێی ئەدایە لایەکەوە و بەپەنجە باریکەکانی قژە ڕەشە بژەکەی خۆی ئەئاڵۆزاند. ئینجا لە تەختەکەی خۆی ڕاست ئەبووەوە و وەرامی ئەدایەوە: «خانمی ڕوتلیدج. وا بۆی ئەگەڕێم بیدۆزمەوە».

پاشان ئەچووە سەر سنووقی نامەکان، بیان پشکنێ. خۆیشی ئەوەی ئەزانی کە نامەیەکی وای تیا نییە بەناوی ئەوەوە هاتبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، خۆی بەهەڵەدا ئەبرد، ئاواتیشی ئەخواست کە ئەوەی ئەو ئەیەوێ بۆی بدۆزێتەوە و بەڕووخۆشییەکەوە پێی بڵێ: «ئەوەتا خانمی ڕوتلیدج! نامەیەکم بۆ دۆزیتەوە لە نیویۆرکەوە بۆت هاتووە!...» بەڵام هەرچی نامەیەک لەوێ دابوو، هەڵگێڕ و وەرگێڕی ئەکرد، هیچی بۆ نەئەدۆزرایەوە، ئینجا چاوە ڕەنگ خۆڵەمێشییە نەرمەکانی هەڵ ئەبڕی و سەیری ئەو دووچاوە گەشانەی ئەکرد، کە بەگلاراوییەکەوە سەیری هەموو بزووتنەوەیەکی ئەوی ئەکرد، ئینجا ئەیگوت: «خانم، ئیمڕۆ هیچمان بۆ نەهاتووە بۆ تۆ». ئینجا کە سەرنجی ئەدا ڕەنگی کچەکە زەرد هەڵ ئەگەڕێ بەوەرامەکەی، بەپەلە، بەزەردەخەنەیەکی دڵنیاکەرانەوە پێی ئەگوت: «جاری وا هەیە، نامەکان تا ئەگەنە ئێرە. زۆر دوا ئەکەون... هەندێ جار بەهەفتە لە ڕێگادا ئەمێننەوە... بەڵکو ئەمە خوایە ئەم پۆستەیە بێتەوە، نامەکەت بگات». کچەکەیش بەزەردەخەنەیەکی کەمەوە، وەرامی زەردەخەنە هاندەرەکەی ئەوی ئەدایەوە و هەڵئەستا بڕواتە دەرەوە. پاشان ئەگەڕایەوە دواوە، وەک شتێکی بیرکەوتبێتەوە وابوو. ئینجا نامەیەکی لە سنگی ئەهێنایە دەرەوە و بەشەرمێکەوە پێی ئەگوت: «تکایە ئەم نامەیە بنێرە بۆ نیویۆرک لە پۆستەی داهاتوودا». (ئەبراهام)یش بەخۆشەویستییەکی ڕاستەقینەوە وەرامی ئەداتەوە: «خانم! دڵنیابە کە نامەکەت دوا ناکەوێ ئەنێرێ». بەڵام تا کچەکە ئەگەییە دەرەوە ئەم سەیرێکی نامەکەی ئەکرد کە دابوویە دەستی، لە پشت بوخچەی[١] نامەکەدا ئەم ناوونیشانەی ئەخوێندەوە، کە هەر ئەوەبوو نەئەگۆڕرا،: «کاک جۆم ماک نیل لە شاری نیویۆرک...». هەروەک لەکاتی تووڕەبووندابێ، بەو جۆرە چنگەکانی ئەهاتنەوەیەک، ئینجا تا ماوەیەک لەو نووسینە منداڵانەیە ورد ئەبووەوە پاشان جۆش و خرۆشێکی پڕ لە ئاواتی پێ ئەگەیەشت، هەروەک ئەو وشە ناسکە خۆشانە و ئەو پێ لێ نانی دڵی دڵدارەی ناو نامەکەی هەست پێ کردبێ وابوو. زۆری پێ نەئەچوو تووڕەییەکەی ئەگۆڕرا ئەبوو بەخۆشەویستی. ئینجا زەردەخەنەیەکی دڵپاکانەی خەماوی ئەکرد و

(١) بوخچەی نامەکە: زەرفی نامەکە، کیسەی نامەکە.

ئەیگوت: «ئاخ خۆزگە ئەم نامەیە بۆ من ئەهات!...» پاشان گورج هەڵ ئەستایە سەرپێ و نامەکەی ئەخستە شوێنی خۆیەوە و، دەستی ئەکردەوە بەخوێندنەوەکەی خۆی.

ئەو کچە هەرزەکارە، گەورەترین منالانی (جێمس روتلیدج) بوو کە ئاشەوانێکی دەوڵەمەند و یەکێک لە پیاوە ناسراوەکانی ئەو ناوچەیە بوو. ئەم پیاوە یەکەم کەس بوو، کە دەستی یارمەتی درێژ کرد بۆ (ئەبراهام لینکۆلن)، لەو کاتەدا کە گەیشتە شاری (نیوسالم) بەبێ دەست و بێ دەسەلاتییەوە کەسێکی نەبوو بیپارێزێ. (جێمس روتلیدج) سەرۆکی یانەیەک بوو، پیاوانی ناوچەکەی تیا کۆ ئەبووەوە، لە بابەت فڕوفێڵبازییەوە گفتوگۆیان ئەکرد و، کاروباری ئابووری و کۆمەلایەتیشیان پیشان ئەدا. (ئەبراهام)یش چووە ناو ئەو کۆمەڵەیەوە. هەموو کۆبوونەوەیەک لەگەڵیاندا بوو، چۆن ها شەوێک بۆی نەکرابێت بچێتە یانەکە، ئەگین هەموو شەوێک ئەچوو. کە (رۆتلیدج) سەرنجی دا، (ئەبراهام) بەپەرۆشەوە گوێیان لێ ئەگرێ. رۆژێکیان، بابەتێکی بۆ دیاردی کرد و پێی گوت لەو بابەتەوە قسەمان بۆ بکە. (ئەبراهام)یش، نەیکردە نامەردی، وتارێکی وای دا، کە هەموویان سەریان لێی سوڕما. چونکو پڕ بوو لە بیروباوەڕی دروست و پێشبینی زرنگانە، شارەزایی و بیرکردنەوەی قووڵ و لێکۆڵینەوەی تەواوی ئەویان دەرئەخست. کە لێ بووەوە، لێی کۆبوونەوە، پڕ بەدڵ پیرۆزباییان لێ کرد. ئینجا (روتلیدج) بۆ ڕۆژی دوایی، بانگی کردە سەر نانخواردن.

نان و خوانەکە، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوە ناسراوەکانی (ئیلینۆیز) و خانمە ناوازەکانی لەسەر کۆبووبووەوە. بەلام (ئەبراهام) هەر دڵی لەلای کچی خانەخوێ بوو. کچەکەیش بەو جوانییەی خۆیەوە و بەو قژە زێڕینانەی خۆیەوە کە لەناو کراسە شینەکەیدا لەش و لارە ڕێکەکەی دەرئەکەوت، سەر و شێوەیەکی شەنگ و شۆخی هەبوو، بالایەکی شووشەیی، بەسەر پەنجەی پێوە ئەهات و ئەچوو، میوانداریی بانگکراوەکانی ئەکرد و بەدەمیانەوە ئەهات، بەجوانی و گەشی و ڕووخۆشییەکەی (ئەبراهام لینکۆلن)یش. کە لە هەموو تەمەنی منالی و کوڕێنی خۆیدا گوێی لە پێکەنینی ئافرەتێک نەبووبوو، بەکچێنیی ئەم کچە گەش و ڕووخۆشە و دەنگە ناسکەکەی کە وەک دەنگی زەنگە زیوینەکان ئەزرنگایەوە لە گوێیدا، گەشکەدار بووبوو. لای کردەوە لە میوانێکی تەنشتی کە لەسەر خوانەکە دانیشتبوو، لێی پرسی: «ئەم کچە بۆ چ ئەوەندە کامەرانە؟» کابرایش بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوت: «چونکە بووەتە دەزگیرانی (جۆن ماک نیل)، کە دەوڵەمەندێکی گەورەیە و تازە هاتۆتە ناوچەکەوە و گەلێک زەویی فراوانی تیا کڕیوە؟».



ئیتر (ئەبراهام)یش، لەسەر خواستی (روتلیدج) خۆی، هەموو جارێک هاتوچۆی ئەکردن. ئەوانیش زۆر بەگەرمی و خۆشەویستییەوە پێشوازییان ئەکرد. هەرچی لەو خانووەدا بوو خۆشی ئەویست، هەر کامێکیانت بگرتایە بەدۆستێکی وای ئەزانی کە لەوانیتری خۆشتری ئەویست. لە ڕاستیدا لەبەر (ئانا) بوو، کە ڕێسەکەی بۆ نەنکی کچەکە ئەگرت بەدەستەوە و لە وزە بەدەر ئارامی ئەگرت تا نەنە بای ئەدا. دیسانەوە هەر لەبەر دڵی (ئانا) بوو کە بەپەرۆشەوە گوێی لە نرخەکانی ئارد ئەگرت، کە باوکی کچەکە کە لە بابەت هەرزانی و گرانییەوە ئەدوا. دیسانەوە هەر لەبەر دڵی (ئانا) بوو، کە براکەی فێری سەرەتاکانی زانستەکان ئەکرد. یاخود بۆ براکان تری یاری لە دار بۆ دروست ئەکردن، یان بێشکەی منالە ساواکەی رائەژاند، یان سەگە پیرە بۆرەکەیانی ئەلاواندەوە و گەمەی لەگەڵ ئەکرد.

هەروەها لەبەر دڵی ئەوبوو کە بەتایبەتی چیرۆکەکانی خۆی لەبەر گوێ ئاگردانەکە بۆ خێزانەکە ئەگێڕایەوە، لە شەوە درێژەکانی زستاندا، خێزانەکە هەموویان لێی کۆ ئەبوونەوە، لەو هونەرە جوانەی ئەو خۆشییان پێ ئەگەیشت سەریان سوڕئەما. کەچی لەوکاتەدا ڕووبارەکە هاڕە هاڕی ئەهات دائەنیشت، یان خەریکی چنینی ئەبوو یان خەریکی دورین. پڕ بەدڵ بەپەرۆشەوە گوێی لە قسەکانی ئەگرت، جارە ناجارێکیش لە چاوە گەشە شینەکانیەوە نیگایەکی لی ئەکرد.

هەردووکیان یەکتریان خۆش ئەویست، هەردووکیان دۆستی گیانی بوون. بەلام (ئانا) خواسترابوو بۆ پیاوێک کە بەدڵیا چوو بوو؛ بەو دڵدارییەیشەوە کامەران بووبوو، شانازی پێوە ئەکرد. (ئەبراهام لینکۆلن)یش یک تاو ئەوەی بەبیردا نەئەهات کە ئەو کامەرانییە پاکژەی لی تێک بدات.

بەلام رۆژێکیان شتێکی وا ڕوویدا کە هەرگیز بەبیریدا نەئەهات.

چونکە لەناکاو (جۆن ماک نیل) هەر زەوییەکی کڕیبوو لەو ناوچەیەدا فرۆشتییەوە و شاری (نیوسالم)یشی بەجێ هێشت، بەو مەرجەی ڕۆژێک پێش گواستنەوەی دەزگیرانەکەی بگەڕێتەوە ئەوێ. بەلام ڕۆژ ئەهاتوو ڕۆژ ئەچوو، (جۆن ماک نیل)یش هەر نەگەڕایەوە، نامەیەکیشی نەنارد بۆ دەزگیرانەکەی کە هۆی نەگەڕانەوەکەی خۆی تێ بگەیێنێ. (ئانا) دڵی کەوتە ناو خەم و خەفەتەوە. دوودڵی سەری تێ کرد. ئیتر لەوە بەولاوە گۆرانییەکانی لەگەڵ دەنگی ئاشەکەدا ڕێک نەئەکەوتن، لە بەیانیانە خۆشەکان و ئێوارانە دڵ پەرێشانەکاندا.

جا لەم ڕۆژە پڕ لە خەمانەدا بوو، کە کچەکە ڕاهاتبوو بەوەوە کە هەر ڕۆژە نارۆژێک ئەهاتە پۆستەخانە، نامە پڕ لە گلەییەکانی خۆی ڕەوانە بکات بۆ خۆشەویستەکەی خۆی، چاویشی هەر لە ڕێگاوە بوو کە وەرامێکی لێ وەربگرێتەوە. کەچی هیچی دەستگیر نەئەبوو.

لە پاش چەند هەفتەیەک (ئەبراهام) نامەیەکی وەرگرت لە نیویۆرکەوە، بەناوی کچەکەوە هاتبوو. ئەویش بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە کچە شەنگەکە و نامەکەی پێشکەش کرد. هەر ئەوەندە نامەکەی دایە دەستی و گەڕایەوە. مەبەسیشی ئەوەبوو کە کچەکە بەتەنیا بمێنێتەوە و تێر بەدڵی خۆی خۆشی لە خوێندنەوەی نامەکە ببینێ کە لە دەمێکەوە بوو، چاوەڕوانی ئەو کامەرانییە بوو. بەڵام زۆری پێ نەچوو، کە (ئانا)ی ئەدی، بەهەیوانەکانی ئاشەکەدا ئەهات و ئەچوو، بەڕەنگێکی زەرد و لێو بەبارەوە، بێ دەنگ وەک داروبەردی لێ هاتبوو، ڕۆشنایی تیا نەمابوو. کە سەرنجی دا وەک جاران نەئەهاتە پۆستەخانە، نامەکانی ڕەوانە بکات، یاخود بۆ نامەکانی دەزگیرانەکەی بگەڕێ. (ئەبراهام) پەی بەوە برد، کە ئەو پیاوە جوانە ڕازاوەیەی کچەکە هیوای خۆی پێوە بەستبوو، لەو نامە کلۆڵەدا کە بەدەستی خۆی بۆی بردبوو، جوێ بوونەوەی خۆی ئاشکرا کردبوو. ئیتر زۆری پێ نەچوو کە (شاری نیوسالم)یش دەستی کرد بەچرپە چرپ لە بابەت ئەو دەزگیرانییەوە کە هەڵوەشێنرایەوە و ئەو پیاوەوە کە ناپاکی لەگەڵ پەیمانی خۆی دا کردبوو. هەموو کەسێکیش بەوەی زانی کە (جۆن ماک نیل) پیاوێکی بۆژۆ بووە، هێزی دادپەروەری ڕاوەدوی ناوە، ئەو ناوەیش کە لە (نیوسالم)دا بەخۆیەوە نووساندەوە، ناوێکی ناڕاست بووە[1].

بۆ خۆشاردنەوە بەکاری هێناوە. ئیتر دەم و زمانی گورج باوەڕی بەو کابرایە کردووە، پێش ئەمەی لە بەسەرهاتی ئەو شارەزابێ، هەروەها لە ڕەوشتی کچەکەیش کەوتنە کار کە بۆ چ بەو دەمودەستە دڵداریی کرد لەگەڵیا و دڵسۆزیشی بۆ نوواند.

کەچی (ئەبراهام لینکۆڵن) لە خێزانە کلۆڵەکە هەڵنەگەڕایەوە. کچە بەسەزمانە چەواشەکراوەکەیشی بەرەڵڵا نەکرد، تەنیایی دڕندە چنگ لە گیانی گیر بکات. بەتەنیشت ئەو پەرستنە بێ دەنگانەیەوە کە بەرەو ڕووی ئەو ئەینواند، خۆشویستنێکی دڵسووتاوانەیشی لە دڵدا پەیدابوو بەرامبەری. لەو بارەدا، هیوایەکی کزی،

(١) ناڕاست: ساختە (مزور).



سەرلێشێواوی، دوودڵی، لە دڵدا پەیدابوو... هیوای ئەوە کە بتوانێ دڵی (ئانا) بداتەوە و بیشی خاتە سەر لەبیرچوونەوەی ئەو کەسەی کە چەواشەی کردبوو. هەروەها کە بتوانێ کامەرانی بخاتەوە دڵی، بەو خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوەیەی کە بۆی ئەنوێنێ. بەڵام (ئەبراهام) فڕی بەسەر جوانییەوە نەبوو. هەروەکو مێژوونووسەکانی خۆی گوتوویانە: «کابرایەکی باڵا بڵندی، لەش باریکی، هەردوو شان خواری، کەللە بچووک بوو، هەردوو دەست و پێیەکانی ئەمەندە زل بوون، پیاو سەری لێیان سوڕ ئەما. دەموچاویشی یەجگار نارێک و ناشیرین بوو». لەگەڵ ئەوەشا، هەمووی، بەو بەزەیی پیاهاتنەوەیەی کە بۆی ئەنواند و دڵسۆزییەی کە پاڵی پێوە ئەنا، هەرچیی لە دەست دێ بیکات هەر بۆ ئەمەی کچەکە لە دەست خەم و خەفەت ڕزگاری ببێ، هەروەها بەهۆی ئەو قسە خۆشانەیەوە کە بۆی ئەکرد و ئەیگواستنەوە بۆ ناو جیهانێکی گەورە و فراوانی وا کە لەوەپێش نەیدی بوو... بەهۆی ئەوانەوە هەمووی. توانی کار لە دڵی کچەکە بکات. کچەکە پێوەی ڕاهات و بەهاودەمی ئەوەوە سرەوتی دەستکەوت. ئینجا دەستی کرد بەگەڕان لەگەڵیا لە کەناری ڕووبارەکەدا. ئەویش ئەرک و ئازاری ژیانی پێشووی خۆی و ئاواتی دوارۆژی خۆی بۆ ئەگیرایەوە. کچەکەیش تا ئەهات و شارەزاتری ئەبوو، زۆرتر ئەچوو بەدڵیا و، زۆرتریش هۆگری ئەبوو.

(ئەبراهام لینکۆڵن)یش وای لێ هات خەوی بەوەوە ئەدی کە هێلانەیەکی پڕ خۆشی و ئاسایش بۆ باڵدارە بریندارەکەی کە پەنای بردۆتە بەر دڵداری ئەو، دروست بکات. دەستی کرد بە خۆئامادەکردن بۆ وەرگرتنی نامەی تەواوکردنی (زانستگای ماف). هەر لەو کاتەیشدا، لە کۆڕی فڕوفێڵبازیدا[1]، فەرمانی ئەبینی. لەو ڕۆژانەدا تەختێکی تازە لە کۆڕی خاکی (ئیلنۆیز)دا بێ کەس مایەوە. ئەویش خۆی بۆ پاڵاوت. دەستی کرد بەگەڕانێک بەبۆنەی هەڵبژاردنەوە، زۆری پێوە خەریک بوو، زۆریشی پێوە ماندووبوو. بەڵام بەکامی خۆی گەیشت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و بوو بەئەندام.

ئینجا کە (ئەبراهام) دڵنیا بوو لە دوارۆژی خۆی، خۆشەویستی خۆی لای (ئانا) ئاشکرا کرد. ئەویش هی خۆی لای ئەو ئاشکرا کرد. هەردووکیان بڕیاریان دا، کە یەکتری مارە بکەن لە دوای دەرچوونی تاقی کردنەوەی زانستگای مافدا، و ڕێ دانیا بۆ پیشەی پشتگیریی (محاماة). ئەویش پێویست بوو کە بچێت بۆ (فاندالیا)ی پایتەختی

(١) مامۆستا مەبەستی لەم زاراوەیە: (فی المجال السیاسی – لە بواری سیاسەتدا)یە.

(ئەلینۆیز). بۆ ئەمەی لە کۆبوونەوەکانی کۆڕی نەتەوەدا ئامادەبێ. دەستێ جلی تازەی بۆ خۆی کڕی و چووە جێگەی فەرمانەکەی. لەگەڵ ئەوەشا زوو زوو ئەهاتەوە بۆ چاوپێکەوتنی دەزگیرانەکەی، ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرایە نامەی درێژ درێژی بۆ ئەنووسی، خۆشەویستی و کامەرانی خۆی تیا پیشان ئەدا بەرامبەر ئەو، هەروەها ئەو پرۆژە گەورانەیشی تیا ئەنووسی کە دڵنیابوون لە دوارۆژدا ڕایان پەڕێنێ.

بەڵام کچەکە، هەر ئەوەندە ئەو دوورکەوتەوە، دووبارە ورەی بەردایەوە و بڕستی بڕا. دەستی کردەوە بەڕەنگ زەرد بوون و لەڕ و لاواز بوون. هەروەک گوڵێکی لێ هات کە هەڵپچوڕکابێ لەو زەوییەی ئاو و خورشتی لێ وەرئەگرێ. کچەکە ئەیویست بۆ ئەوە بژی کە خۆشەویستەکەی خۆی کامەران بکات خۆیشی بەوەوە بەکامەرانی بمێنێتەوە. بەڵام ئەم نیازە بەهێزەی بەرامبەر دەردی دڵی بەرگەی نەگرت. لەناکاو ڕۆژێک (ئەبراهام) تەلگرافێکی وەرگرت، تیا نووسرابوو کە (ئانا) نەخۆشە و لە گیانەڵڵا دایە. وڕێنە بەناوی ئەوەوە ئەکات. زۆر بەپەرۆشیشەوەیە کە بیبینێ. ئەویش بەهەڵەداوان، بەترس و لەرزێکەوە خۆی گەیاندەوە (نیوسالم). بەڵام نەیتوانی بیبینێ چونکو تا ئەو گەیشتبوو ئەو لەناوچووبوو. هەر ئەوەندەی بۆ مابووەوە کە بیسپێرێ بەخوا.

ئەم مەرگەساتە کارێکی گەورەی لە دڵ و دەروونی (ئەبراهام) کرد لە هاوڕێکانی وابوو، کە مێشکی تێک چووبوو. چەند ڕۆژێک لەسەریەک سەری خۆی نا بەڕێوە، نەی ئەزانی ڕوو بکاتە کوێ، هەر بەناو دەشتودەر و کەنار ڕووبارەکاندا ئەسووڕایەوە، هەر لەو شوێنە نازدارانەدا ئەگەڕا کە خۆی و (ئانا)ی تیا ئەبوون، دەمێکی دوور و درێژ بەدڵدارییەوە ڕایان ئەبوارد. زۆر جاری وا هەبوو لەناو گۆڕستانەکەدا ئەبینرا، کێلە تەڕ و تازەکەی ئەگرت بەسینگیەوە و باوەشی پیا ئەکرد، هەر ئەم قسەیە دووبارە ئەکردەوە: «من دڵم لێرە دایە... لەگەڵ ئەوا نێژراوە!». (ئەبراهام) تا ما ئەم ئازارەی لەبیر نەچووەوە... دڵی هەر چاک نەبووەوە... ئەو دڵتەنگییەی کە لە سەرەتای منالییەوە لەگەڵیا بوو، کە ئەم خەفەتەی هاتە سەر بوو بەدوو ئەوەندە. ئەوە ڕاست بوو کە ئەو هەموو دەم بەڕووخۆشییەوە ئەبینرا، بەڵام لە ڕاستیدا. ئەو ڕووخۆشییە دەست کردبوو، سەرزاریی بوو، زۆربەی کات لەژێرەوە دڵتەنگییەکی گەورەی هەبوو. لە دەموچاویا چرچ و لۆچی ئازارێکی قووڵ هەست پێ ئەکرا. جار بەجارێک تووشی خەم و خەفەتێکی توند و تاڵ ئەبوو، لەش و هۆشی لە کەڵک ئەخست. جارێکیان بەدۆستێکی خۆی گوتبوو: «ڕەنگە کە لەناو کەسانی تر دابم وا دەربکەوم کە لە ژیان زۆر خۆشی ئەبینم. بەڵام کە بەتەنیایی ئەمێنمەوە، بەزۆری لەتاو



خەم و خەفەت وام لێ دێ کە ناوێرم چەقۆ لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم!». ئەو دەمە، (ئەبراهام) لە تەمەنی بیست و شەشساڵیدا بوو. لەو تەمەنە تازەیەدا بوو کە (ئەبراهام) خۆشەویستەکەی لە دەست چوو. بەڵام (ئەبراهام)ی مرۆڤ، فەرمانەکەی مابوو. ئەو هیوایەی لە دڵا مابوو کە لە پێناوی جیهانێکی باش تردا ڕەنج بدا. ئەوەی بۆ مابووەوە کە تێ بکۆشێ بۆ هێنانەدی ئەو ئاواتەی کە گوتبووی: «هیچ دڕکێک نەبووە چاوم پێ بکەوێ و تێ نەکۆشم دەری بکێشم و لە جێی ئەو گوڵێک بڕوێنم، مەگەر گوڵ لەجێی دڕک نەڕوابێ.

ئای چەند گرانە. پیاو بڕوا و ئەم هەموو جیهانە لە دوای خۆیەوە بەجێ بهێڵێ، کەچی ژیانە سەردەمییەکەی خۆی نەیتوانیی چاکتری لێ بکا و بڵندتری بکاتەوە!».

## پشتگیری سپرینگفیلد

دوو ساڵ لە پاش مردنی (ئانا)، (ئەبراهام لینکۆڵن)، چووە تاقیکردنەوەی مافەوە و ڕێی درا ببێتە پشتگیر. بۆی نەئەگونجا کە لە شارێکی بچووکی وەک (نیوسالم)دا پیشەی پشتیگیرییەکەی بەکاربهێنێ. لەبەر ئەوە گواستییەوە بۆ شاری (سپرینگفیلد). کە لە ساڵی **١٨٣٧**دا بەجێی هێشت هەروەک شەش ساڵ لەوەپێشتر هاتبووە ناوی، لە سامانی جیهان هیچی نەبوو توورەکەیەکی پڕ نەبێ لە جلومەک[١] و نووسراو. بەڵام زۆی پێ نەچوو، فەرمانێکی دۆزییەوە بۆ خۆی. لای پشتگیرێکی بچووک، هەموو کاروبارێکی خۆی پێ ئەبینی. لە پیشە تازەکەیدا بەگورجی پێش ئەکەوت. ئەویش سەبارەت بەوەبوو کە لە وتاربێژیدا دەستێکی هەبوو، لە پەرەپێدانی خوێندەوارییەکەیشیدا، هەمووددەم لە کاردا بوو. تا وای لێ هات، تا ئەندازەیەکی باش لە پیشەکەیا سەرکەوت.

ئەوەندەی پێ نەچوو، ناوی (ئەبراهام لینکۆڵن) لە جیهانی پشتگیریدا پڕشنگی دا. ناوبانگیشی وا دەرکرد کە وتاربێژێکی، زبان پاراوی، قسە دروستی دڵکێشکەرە، پشتگیرێکی دادپەروەری وایشە کە بۆ مافی خوراو نەبێ، یاخود بۆ کۆستی کەوتوو نەبێ، لەسەر کەس ناکاتەوە. جارێکیان ئامۆژگاریی پشتگیرێکی تازە پێگەیشتووی ئەکرد، کە بەوە ڕەوشتی خۆیشی دەرئەخست، پێی گوت: «وەک پشتگیرێکی پاکی سەر ڕاست فەرمان ببینە. ئەگەر بوویت بەپشتگیر و نەتتوانی پاک و سەرڕاست بیت، ئەوە چاکترە بۆ تۆ کە سەرڕاست و پاک بیت، نەک پشتگیربیت!». ناوبانگی وا دەرکردووە، ئەڵێن

(١) دەوترێ (شتومەک) نەک (جلومەک).

جارێکیان بووبووە پشتگیری یەکێک لە کەینەوبەینەیەکدا کە قەومابوو. لەو کاتەدا کە بەهەموو هێز و هەڕەتیەوە پشتگیریی کابرای ئەکرد، بۆی دەرکەوت کابرا کە تاوانبارێکە، پێویستە جەزرەبەی پێ بگەیێنرێ، نەک پاکانەی بۆ بکرێ. (ئەبراهام)نەی کردە نامەردیی، پەراوی[1] کەینەوبەینەکەی فڕێ دایە سەر زەوی دادگاهەکە و بەهەڵەداوان خۆی گەیاندەوە ماڵێ بەئازارێکی دەروونی زۆر و دەمارێکی وروژاوەوە تلایەوە. پاشان نامەیەکی نووسی بۆ سەرۆکی دادگاهەکە داوای بەخشینی لێ کردبوو لەوەی کە لێی روودابوو، بۆی نووسیبو: «دەستەکانم هەردووکیان پیس بووبوون. بۆیە بەهەڵەداوان گەڕامەوە ماڵە کاولبووەکەم تا لەو پیسییە پاکیان بکەمەوە».

ڕۆژێکیان پیاوێک هاتە لای، سکاڵای بۆ بکات لە دەست پیاوێکیتر، شەش سەد ریاڵی لەلایەتی، بۆی لێ بسێنێتەوە. ئەویش کە پەراوی کەینەوبەینەکەی بەوردیی خوێندەوە پێی گوت: «من ئەتوانم ئەم پەلپەت بۆ ببەمە سەر. ئەیشتوانم شەش سەد ریاڵەکەت بۆ وەربگرم و خێزانێکی کامەرانی نەژادت بۆ سەرگەردان بکەم. بەڵام من ناچمە دادگاهەوە بۆ ئەم کەینەوبەینەیەی تۆ. نابێ دەستیشم لە پارەی تۆ بکەوێ. تۆ هاتویتە لام ئامۆژگاریم لێ ئەخوازیت. منیش وا ئامۆژگارییەکت ئەکەم، پارەت لێ وەرناگرم. ئەویش ئەوەتا کە دەمودەست بچیتەوە ماڵی خۆت. بەدووی شتێکی تردا بگەڕێیت، کە پاک و بڵندبیت، بۆ ئەمەی ئەو شەش سەد ریاڵەی کە ئاواتی بۆ ئەخوازیت دەستت بکەوێت!».

(ئەبراهام) چاوێکی تیژی هەبوو، ئەو ڕاستیانەی کە ئەملا و ئەولای ئەو کەینەوبەینانەیان گرتبوو، زوو بۆی دەرئەکەوتن هەر شتێکیش لە پێچ و پەنادا بمایەوە زوو بەزوو ئەیدۆزییەوە یەکێک لە قسە بەناوبانگەکانی ئەوەیە:

«ئەگەر توانیم کەینەوبەینەکە لە گرێ و تونێکڵەکانی پاک بکەمەوە و لە شێوەیەکی ڕاست و ڕەواندا بیخەمە پێش چاوی ناوبژیکەرەکان، ئەو کەینەوبەینەیەم بردۆتەوە»
یەکێک لەو کارەساتانەی کە بۆی چووبووە دادگاهەوە و ناوبانگێکی فراوانی پێ پەیداکردبوو، کەین ەوبەینەی لاوێک بوو کە تاوانبار کرابوو بەکوشتنی یەکێک لە کاتی شەڕوشۆڕێکی ناو شەودا. یەکێک لە ئاگادارەکان، سوێندی خوارد و گوتی بەچاوی خۆم ئەم لاوەم دی کە دەمانچەی ئەگرتە کابرای کوژراو. زۆری نەمابوو ئەو قسەیە ببێتە بەڵگە

(١) ڕاستتر: فایلی کەینەوبەینەکەی....



بەڵام (ئەبراهام) لە پڕ هەڵئەستێ و لە کابرای ئاگادار ئەپرسێ: «چۆن توانیت وا بەوردیی مەرگەساتەکە ببینی لەو شەوە تاریکەدا؟». کابرایش وەرام ئەداتەوە ئەڵێ: «مانگ لە ئاسمان دابوو. منیش لەبەر تیشکی مانگەکەدا هەموو شتێکم توانی ببینم». کوتوپڕ، پشتگیری شارەزا، ڕۆژنامەیەک لە باخەڵی خۆی دەرئەهێنێ کە پڕە لە کەینەوبەینەی مانگ و ڕۆژ. پاشان ڕوو ئەکاتە ناوبژیکەرەکان و پێیی ئەڵێ[1]:

«ئەم کابرایە، گەورەکانم درۆ ئەکات. چونکە ئەو شەوە، لەو کاتەدا کە کەتنەکە کراوە هێشتا مانگ بەرز نەبۆتەوە و دەرنەکەوتووە»! گوێگرەکان، هەموو لەم وەرامە ناکاوە گەورەیە سەریان سوڕما. یەکێک لەوانە ئاگادارە درۆزنەکە خۆی بوو. ناوبژیکەرەکان هیچیان بۆ نەمایەوە و ئەوە نەبێ کە گرتی[2]یە بێ تاوانەکە بەربدەن.

دانیشتووەکانی شاری (ئیلینۆیز)یش بلاوبووبوونەوە بەناو زەوییەکی پان و فراواندا. لەبەر ئەوە دادگاهی گەڕۆکیان دانابوو، ناوبژیکەران و پشتگیران پێوەی ئەگەڕان بەناو گەڕەکەکانیدا، بۆ گوێگرتن لە داد و فەریاد و سکاڵا و ئامادەکردن و چەندوچوون کردن لەگەڵ تاوانباراندا. وا ڕاهاتبوون، کە هەر شەش مانگ جارێک بەسواری ئەسپ بگەڕێن بەناو هەموو دێهاتەکانی خاکی (ئیلینۆیز)دا. کۆبوونەوەکانی دادگا لە خوێندنگاکان، یاخود لە ماڵی خاوەن کەینەوبەینەکاندا ئەگیران. بەڵام خۆیان لەناو میوانخانەکاندا ئەمانەوە، ئەگەر میوانخانەیش نەبووایە، لە ماڵی یەکێک لە لادێییەکاندا ئەحەسانەوە. (ئەبراهام)یش لە چەند گەڕانێکی وادا لەگەڵیاندا بوو. ئەوانیش کارێکی زۆریان لە دەروون و گەشەکردنی بیری کرد. چونکە تا شارەزاتر ئەبوو. هەروەها بەهۆی ئەو گەشتانەوە ناوبانگ و خۆشەویستییەکی گەورەیشی دەستکەوت لەناو هاونیشتمانەکانیا، کە ناویان نابوو (ئیپە پیرە) ئەم ناووناتۆرەیەیشی تازە بۆ دانرابوو، چونکە چرچ و لۆچێکی زۆر بەدەموچاویەوە هەبوو.

(ئەبراهام) هەروەک لە پشتگیریدا ناوی دەرکردبوو. لە کۆڕی فروفێڵبازیشدا، جێگایەکی ناسراوی دەستکەوتبوو. ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو کە کردەوەکانی مەردانە بوون، لەسەر پێڕەوی چاک ئەڕۆیشت بەڕێوە، بەدڵ و گیانیش نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی خۆش ئەویست. لەبەر ئەوە سێ جار لەسەر یەک، هەڵبژێررایەوە بۆ کۆڕی خاکی ئیلینۆیز، لە ساڵەکانی ١٨٣٦ و ١٨٣٨ و ١٨٤٠دا. (ئەبراهام) لەم کۆڕەدا چەند هەڵمەتێکی

(١) ڕاستتر: پێیان دەڵێ...
(٢) گرتی: بەندەکە، بەندکراوەکە (السجين).

شێرانەی بردە سەر یاسا ڕزیوەکان و پێڕەوییە زۆردارەکان. هەروەها چەند جارێکیش مەردانە هاتە پێشەوە بۆ پشتگیری ئازادیی و دیموکراتی و مافەکانی نەتەوە بەهەموو جۆرە ڕەگەزەکانییەوە. لە ئەندامێتی دووەم جاریا پلاری گرتە یاسای بەندەیی (نظام الرق) و هورووژمی بردە سەری، پێشنیازێکیشی پێشکەش بەکۆڕەکە کرد کە لە خاکی (ئیلینۆیز)دا لاببرێ. بەڵام لەناو ئەو هەشتاویەک ئەندام و ڕیش سپییەدا کە لەو کۆڕەدا کۆبووبوونەوە، لە ئەندامێک بەولاوە کەسێکی تری دەست نەکەوت کە ئەو پێشنیازەی لەگەڵدا مۆر بکات کە بەرەنگاریی زۆرداری ئەکرد!. لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٧دا (ئەبراهام) ناسیاوی لەگەڵ کچێکدا پەیدا کرد و ناوی (ماری ئۆین) بوو. کچە هاتبووە سەردانی هەندێ لە خزمانی خۆی لە شاری (سپیرنگفیلد)دا. دۆستایەتییەک لە ناوەند هەردووکیاندا پەیدابوو، چونکە هەردووکیان لە هەندێ ئارەزوو ئامانجیاندا لە یەکتر خۆیان بۆ یەکتر دەرخست. لە یەکێ لە هەست و ورووژانەکانیاندا، نیشانەیەکی نادیار دەرکەوت، وەک دەربڕینی دڵداری بووبێ و بەڵێنی یەکتر مارەکردن بووبێ وابوو. بەڵام کچەکە، ناگات بەتەواوەتی لە (سپرینگفیلد) بچێتە دەرەوە کە ئەبراهام هەست بەخۆی ئەکات کە ئەو نیشانەیەی لێیان دەرکەوت، بوو بەپێوەندێکی گران و چووە پێوەندییەوە. خەم و خەفەت دایئەگرێ و ئارەزوویەکی بەهێزی ئەبزوێ کە لەو پێوەندە خۆی ڕزگار بکات. ئینجا نامەیەکی شیرین بۆ کچەکە ئەنوسێ و ئەیترسێنێ بەوە کە ئەگەر شوی پێ بکات ئەبێ بەهەژاریی بژی، بێ ئەمەی نێوانی هەژارییەکەی خۆی بشارێتەوە. ئینجا لێی ئەپرسی: ئایا ئەو بارەی پێ هەڵ ئەگیرێ. بێ ئەمەی مەندیی و ئارامیی لێ تێک بچێ؟ ئینجا ئەڵێ: «دوور نییە ئەوەی پێت گوتم لە بابەت دڵداریمانەوە، بەگەمە گوتبێتت. دوور نییە منیش خراپ لەوە تێ گەیشتبم، باشم لێک نەدابێتەوە. ئینجا ئەگەر وایە کە من ئەڵێم، تکام وایە کە شتەکە لەبیر خۆیت ببەیتەوە. بەڵام ئەگەر بەدڵ قسەکەت کردووە، تکا ئەکەم باش بیری لێ بکەرەوە. تا بەتەواوەتی لە بابەتەکە نەکۆڵیتەوە و باش نەچیتە بنج و بناوانی دوارۆژمانەوە هیچ بڕیارێک نەدەیت. بەڵام من لە قسەی خۆم پەشیمان نابمەوە بەمەرجێک تۆیش ئەوەت پێ باش بێ. بەڵام من ئامۆژگاریت ئەکەم کە خۆتم لێ دوور بخەیتەوە، لە بیری شوکردنیش بەمن هەر بەجارێ وازبهێنی. چونکە تۆ هێشتا ژیانی هەناسە ساردیی و کوڵەمەرگیت نەچێشتووە. دوور نییە ئەم ژیانە بۆ تۆ گرانتر و سەختتر دەربکەوێ لەوەی کە بەبیرتا دێ».

پاش ئەوە نامەیەکی تریشی بۆ نارد، تیا نووسیبوو: «... خوا وای دروست کردووم کە



لەگەڵ هەموو کەسێکدا ڕاست بم، بەتایبەتی لەگەڵ ئافرەتدا. لەم ڕۆژەیشا ئەمەوێ لە جاران ڕاستگۆتربم و لەگەڵ تۆیشا خواناستربم. جا نازانم بەجێ هێشتنت بۆ ئاسان بکەم. هەموو پێچ و پەنایەکت بۆ دەربخەم، پێت ئەڵێم کە ئەتوانیت کەینەوبەینەی جووت گرتنمان بخەیتە لاوە. منیش تا سەر لە مێشکی خۆت بکەیتە دەرەوە، ئەگەر وام لێ هاتبێ کە لە دڵ و مێشکتا جێی خۆم کردبێتەوە. هەروەها ئەشتوانیت وەرامی ئەم نامەیەم نەدەیتەوە. من لەوە بەولاوەتریش ئەڵێم: ئەگەر لەم کردەوەیەدا، سرەوتی بیر و دڵنیایی تیا هەیە بۆ تۆ، بەخوا سوێندت ئەدەم کە ئەوە بکەیت. نەکەیت قسەکەم خراپ تێ بگەیت. من ئەوەم ناوێ لێت کە پەیوەندی ناو خۆمان بچڕی و دۆستایەتیمان هەڵبوەشێنیتەوە. من ئەمەم هەر بەبیریشدا نەهاتووە. من هەر ئەوەندەم ئەوێ تێ بگەیت کە دۆستایەتی لە مەودوامان هەر لەسەر تۆ بەندە. جا ئەگەر ئەم دۆستایەتییەی کە هەمانە، بەکەڵکی تۆ نەهاتبێ و بەو کامەرانییەیشی نەگەیاندبیت کە ئاواتی بۆ ئەخوازیت، لەوەش دڵنیابە کە لەمەودوا بەکاری منیش نایەت، نایشم گەیێنێ بەو کامەرانییەی کە ئەمەوێ!».

کچەکە بەئامۆژگارییەکەی ئەوی کرد و جوێبوونەوەشی ئاشکرا کرد....

بەڵام وا دەرئەکەوێ کە ئافرەت وازی لێ نەئەهێنا، ئەم پیاوە کە دڵی پێوە نەبوو ژن بهێنێ، ڕەگەزی ئافرەت هەر ئەیویست بیخاتە داوی خۆیەوە... چونکە لە ساڵی ١٨٤٠دا (ئەبراهام) تووشی کچێک بوو، ناوی (ماری توو) بوو. کچەکە نموونەیەکی جوانی و ڕازاوەیی و زیرەکی بوو. لە ناوەندیاندا، پەیوەندییەکی خۆشەویستی و دۆستایەتی و یەکتر بەدڵاچوون، پەیدابوو. ئەم پەیوەندییە ئەوەندە بەهێز بوو، ئەوەندەی نەمابوو کە هەردووکیان بکات بەژن و مێردی یەکتری. بەڵام (ئەبراهام) پێش گواستنەوەی کچەکە بەڕۆژێک دڵپەشێوی و سەرلێشێواوی تووش بووبووەوە. چونکە بیرەوەری (ئانا)ی هاتەوە کەڵلە، کە گوڵێکی بۆن خۆشی وابوو سەردەمێک بەتەواوی ژیانی گوڵاویی کردبوو. ئەو لەم گوڵەی دووەمە نەرم و شیرینتر و پاکتر بوو، ئەو هەرچەندە نەئەگەیشتە ئەم لە جوانی و پڕشنگداندا، بەڵام هەرگیز و هەرگیز لە بیری نەئەچووەوە ئیتر دەزگیرانییەکەی هەڵوەشاندەوە و وازی لە فەرمانەکەیشی هێنا. هاوڕێکانی خۆیشی بەرەڵڵا کرد. زۆری نەمابوو لە هەناسە ساردیدا لەناوبچێ. هەر ئەوەندە لە خۆکوشتن گێڕایەوە کە بەزەیی بەخۆیدا ئەهات لەم جیهانە بچێتە دەرەوە و شتێکی بەجێ نەهێشتبێ کە بیری کەسانی تر بکەوێتەوە کە ژیاوە، یاخود کارێکی وای نەکردبێ کە چاک بێ بۆ هەموان و ناوی ئەوی پێ یاد بکرێتەوە.

بەڵام (ماری تود)، وازی لەم پیاوە نەهێنا، کە لە لاوە ناودارەکانی تری بەباشتر ئەزانی. ئیتر هەر خەریکی ئەوەبوو دڵی ئەدایەوە و، خەمی لە دڵی دەرئەکرد و، بەهەموو جۆرێک خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ ئەنواند، تاکو خستیە سەر ئەوەی مارەی بکات. دوایی لە ٤/١١/١٨٤٢دا مارەی کرد. بەڵام ئاهەنگی بۆ نەگیرا.

چەند مانگێک لە ژووری یەکێک لە میوانخانەکاندا مانەوە تا بۆی ڕێککەوت و خانوویەکی بچکۆلەیان بەکرێ گرت. (ئەبراهام لینکۆلن) لە بابەت ژیانی ژن و مێردی خۆیەوە قسەی نەئەکرد تا بزانرێ چۆن ژیاوە. بەڵام ئەوانەی مێژووی ئەویان نووسیوە، بەلایانەوە وا بووە کە خۆی و ژنەکەی ڕێک نەبوون، چونکە لە ناوەند ڕەوشت و خووی هەردووکیاندا جیاوازییەکی زۆر هەبووە؛ هەرچی ژنەکەی بووە حەزی لە ژیانێکی پڕ بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ کردووە، شۆخ و شەنگی تیا بنوێنرێ و کۆبوونەوەی گەورەی تیا بکرێ. هەرچی (ئەبراهام)یش بووە. حەزی لە ژیانێکی خێزانی بێ دەنگ و سەنگ کردووە، کە پڕ بێ لە فەرمانی بەکەڵک و لێکۆڵینەوەی هەموو دەمی. لەگەڵ ئەوەشا، هیچ گومان نییە، کە (ئەبراهام) و ژنەکەی. هەردووکیان یەکترییان خۆش ویستووە و بۆ یەکتریش دڵسۆز بوون. زۆر بەتەنگ دڵی یەکترەوە بوون. سێ منداڵیان بوو. باوکە گەورەکەیان گەنجینەی دڵی خۆی بۆ بەخت ئەکردن. ئەو دڵە، ژنەکەی وای پێ گوتبوو: «باڵەکانی خاوەنەکەی چەند درێژ بوون، دڵەکەیشی ئەوەندە گەورە بوو!».

بێ گومان (ماری توو)یش، دەستێکی تەواوی هەبوو لە پایە بڵندی مێردەکەیا. چونکە ئاواتی زۆر گەورەی لە دڵا بوو. هەروەک یەکێک لە مێژوونووسەکانی (لینکۆلن) گوتبووی: «ماری توو، وەک لە خواوە نیازی پێ بەخشرابێ وابوو. بەتەواوی ئەو ڕێگەیەی پیشانی مێردەکەی ئەدا کە ئەیگەیاندە پایەی هەرە بڵند. ئەو لە پایەی سەرۆکایەتی کەمتری نەئەویست. لەبەر ئەوە لەو کاتەدا کە لە کۆڕی فرۆفێڵبازیدا چەند هەنگاوێکی نا، ژنەکەی لە دواوە بوو. بەهەموو هێزێکیەوە یارمەتی ئەدا. زۆر جاری وایش هەبوو، ئەبراهام خەریک بوو هەڵ ئەنگوێ، بەڵام ژنەکەی ئەیبردەوە سەر ڕێی ڕاست».

ئەبراهام، تا ئەهات زۆرتر هۆگری کاروباری نیشتمانەکەی ئەبوو. دەسەڵاتیشی تا ئەهات فراوانتر ئەبوو لە ناوچە فرۆفێڵبازەکاندا. دیارە بەو پێیەیش تا ئەهات، بەربەرەکانێکەر و چاوپێ هەڵهێنەری زۆتر ئەبوو. جارێکیان یەکێک لەوانە خەریک بوو پلاری تێ بگری، لە کارگوزاریی، لەبەر تەمەن بچووکی و دڵخوازە زۆرەکانی. ئەبراهامیش، بەرپەرچی دایەوە، گوتی، لەو گەورەترم لە تەمەنا، لە زۆرانبازیی



فرۆفێڵبازیدا. گوتی: ڕاستییەکەی من حەز ئەکەم پێشکەوم بڵند ببمەوە. بەڵام مردنم پێ باشترە لەوەی کە وەک ئەو پیاوە بکەم کە بەربەرەکانێم لەگەڵ ئەکا. چونکە ئەو شەرم لە خۆی ناکات، بیروباوەڕی خۆی ئەگۆڕێ بۆ سێ هەزار دۆلار کە لە ساڵێکا دەستی بکەوێ، کەچی ناچاریش ئەبێ لەسەر سەربانی خانووەکەیدا دارێک دابچەقێنێ بۆ لێ نەدانی بروسکە، بۆ ئەمەی دەروونێکی گوناهبار، لە تووڕەیی خوا بپارێزێ!

دوژمنەکانی لێیان کرد بەبەندوباو کە خوانەناسە. مەبەسیشیان ئەوەبوو کە یاریدەدەرەکانی لێ بتەکێنەوە. کە ڕۆژ بەڕۆژ لە فرەییدا بوون. بەڵگەیشیان ئەوەبوو کە ئەبراهام هاتوچۆی کلێسای نەئەکرد. لە ڕاستیشدا ئەو نەئەچووە هیچ کلیسایەک. بەڵام پاکانەی بۆ خۆی وا ئەکرد: «هەر کاتێ کلیسایەک لە جێگای سەر برینەکەی خۆی[١] ئەمەی نووسی کە ئەو تاکە ڕەوشتەی ئەیەوێ لە نوێژکەرەکانی خۆی کە هەیانبێ. ئەوەیە کە ئەو یاسایەی (مسیح) دایناوە لە (ئینجیل)دا لەسەری بڕۆن، کە فەرموویەتی: «خوای خۆت خۆش بوێ لە هەموو دڵتەوە، لە هەموو دەروونتەوە، لە هەموو بیرتەوە. ئەو کەسەیش کە نزیکتە وەک خۆتت خۆش بوێ»، منیش ئەوساکە هاتوچۆی ئەو کلیسایە ئەکەم لە هەموو دڵمەوە. لە هەموو دەروونمەوە.

لەگەڵ ئەوەشا، کە ئەو هاتوچۆی کلیسای نەئەکرد. بەڵام نووسراوی پیرۆزی بەخۆشی و پەرۆشەوە ئەخوێندەوە.

جارێکیان لەم ڕووەوە ژنەکەی گوتی: «خواناسیی ئەبراهام، وەک هۆنراوەی سەربەست وابوو، لە دەروونیا هەڵ ئەقوولا، بێ ئەمەی گوێ بداتە کێش (وزن) و سەروا (قافیە)». کە ماوەی ئەندامێتییەکەی چوارەمی تەواو بوو، لە کۆڕی (ئیلینۆیز)دا، نەیویست جارێکیتر خۆی بۆ بپاڵێوێتەوە. هەروەها نەیویست ببێتە سەرداری خاکی (ئۆریفۆن). چونکە ئەیویست ماوەی ڕەنجدان و تێکۆشانی خۆی فراوانتر بکا. حەزی بەوە ئەکرد کە ببێتە جێنشینی خاکەکەی خۆی لە (کۆنگرێسی واشینتۆن)دا. بۆ ئەمەی ئاواتەکانی نیشتمانە بچکۆلەکەی خۆی لە پایتەختی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەربخات. هەر لەو کاتەیشدا خەمی چاکەکانی نەتەوە و مرۆڤایەتیش بخوات. خۆی بۆ ئەو پایەیە پاڵاوت، دەستی نەکەوت. بەڵام وازی نەهێنا، تا لە ساڵی ١٨٤٦دا دەستی کەوت، ئەو کاتە تەمەنی سی و حەوت ساڵ بوو.

---

(١) ئەو شوێنەی کە قەشە تیایدا دێتە سەر ئەژنۆ و دەکەوێتە پێشەوە (مذبح).

کەینەوبەینەی بەندە، جێگایەکی گرنگ و گەورەی گرتبوو لە ژیانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فرۆفێڵبازییە گشتییەکەیدا. بیروباوەڕی گشتی کردبوو بەگژیەکدا. لە توانای (لینکۆلن)یشدا نەمابوو کە خۆی دوور ڕابگرێ لە کۆڕی ئەم بزوتنەوە گەورەیەی ئازادییە، کە لە نیشمانەکەیدا پەیدا بووبوو. چونکە ئەو هاوار و فەریادانەی کە گوێی لێ ئەبوو. ئەو چاوئەندازە نەنگ و ناشیرینانەی کە ئەیدین و ئەیبیستنەوە ڕوویان ئەدا لە بازاڕی مرۆڤ فرۆشتندا، لە کاتێکدا کە ئەو هێشتا لە هەرەتی لاوێتی دابوو، خوێن گەرم و دڵ پاک و ڕەوشت خاوێن بوو. ئەو ڕووداوانە چووبوونە ژیان و دەروونییەوە، زوو زوو ئەهاتنەوە بەرگوێی و بەرچاوی، خۆشی ژیانیان تاڵ کردبوو، خەوی شەوانیان لێ بار کردبوو. هەر لەو ساوە کە هورووژمەکەی بردبووە سەر یاسای بەندەیی لە کۆڕی (ئیلینۆیز)دا، پەیتا پەیتا ئەیخواست لە هاونیشتمانەکانی کە ئەم کردەوە نەنگە لەسەر نەتەوەکەی خۆیان و لەسەر هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی لاببەن، داوای ئەکرد کە مافی برا ڕەشەکانیشی بڕیار بدەن، ئەو برایانەی کە لەوپەڕی ئەرک و ئازار و زۆرداریی و ڕیسواییدا ئەژین.

زۆرجاری وا هەبوو، گوێی خۆیان ئەئاخنی، تا هاوارەکەیان گوێ لێ نەبێ، قسەکانیان بەرپەچ ئەدایەوە، بەڵام بۆ لەمەدوا. دۆستەکان و دوژمنەکانیشی، حەز بکەن یان حەز نەکەن، ئەبێ یان پشتی بگرن لە کەینەوبەینەی ئەو کلۆلە سەرگەردانانەدا، یاخود بەرەنگاری بکەن. چونکە ئەو شاخە ئاگرینەیەی کە لە ساڵانەوە گرمە گرم ئەکات زۆری پێ ناچێ، هەڵ ئەچێ و ئاگر بەرئەداتە خوارەوە و چوارگۆشەی جیهانی نوێیش ئەبزوێنێ. بێگومان (ئەبراهام لینکۆلن)یشە کە ئەبێتە ڕابەر و کارگوزاری ئەو تەقینە گەورەیە.

## بازرگانیی بەندە

داگیرکەرەکانی ئیسپانیا و پورتوگال، کە کۆچیان کردبووە ئەمریکای ناوەڕاست، بۆ ئەمەی تیا دابنیشن، یاخود سامانی لێ کۆبکەنەوە، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا، ئەرک و ئازارێکی زۆریان پێ ئەگەیشت لە بەرهەمهێنانی ئەو زەوییە شۆرانەدا کە تینی هەتاوەکەیان پیاوی ئەسووتاند. یەکێکیان پێشنیازێکی پیشان دا، ناوی (لاس کازاس) بوو، کە یاسای بەندەیی ببووژێنرێتەوە، کە چەند ساڵێک بوو لەناواندا نەمابوو، یاخود ئەوەندەی نەمابوو کە لەناواندا نەمێنێ. پێشنیازەکەی بەخوێن گەرمی و خۆشییەکەوە پەسەند کرا، لەلایەن ئەو جەربەزانەوە کە لەوەپێش گەلێک هۆز و ڕەوەندی هیندییە



سوورەکان، خاوەنەکانی نەژادی ئەو خاکانەیان لەناو بردبوو، تا ئەوانەی کە خۆیان بۆ دەرباز کرابوو ناچارمابوون، لەو خاکانە خۆیان دوور بخەنەوە، بۆ ئەمەی ئەوانیش لەناو نەبرێن.

زۆری پێ نەچوو، گەلێک هورووژمی گەورە گەورە برایە سەر خاکەکانی ئەفریکا، ئەو نیشتمانییە بەسەزمانانەیان دایە بەر ئاگر و ئاسن، دێهاتیان وێران ئەکرد، پیر و ژن و منالیان لەناو ئەبرد، زەلامە بەهێزەکانیشیان ئازار ئەدا کە لەسەر خێزان و ماڵەکانی خۆیان ئەکردەوە، پاش ئەوە کاروان، کاروان. کە لە ژمارە نەئەهاتن، ئەو قولەڕەشە بەسەزمانانەیان ئەگرت و پێوەند ئەکرد و فڕێیان ئەدانە ناو کەشتیە تایبەتییەکانیانەوە، بۆ ئەمەی ڕەوانەیان بکەن بۆ زەوییەکانی ئەمریکا. کۆچەکەیان ئەمەندە درێژەی ئەکێشا و ئەمەندە ئازاریان ئەدرا، تا تەواو ئەبوو، بەسەدانیان لێیان ئەمرد و فڕێ ئەدرانە دەلیانەوە[١] بۆ خۆراکی ئەو نەهەنگ و ماسییانە کە بەدووی ئەو کەشتییە ناڕەسەنانەدا ئەڕۆیشتن. کاتێ کە ئەو گەلە مرۆڤانە ئەگەیشتنە ئەمریکا، وەک ڕانەمەڕ، ڕاپێچ ئەکرانە بازاڕەکانی بەندە فرۆشتنەوە، کە لەو یانەدا ئەفرۆشران بەمشتێ پارەی زێڕ، بەو کەسانەی کە ئەیانویست بەرەنجی شانی کەسانی ترەوە بەڕێوە بچن. پاشان ئەو بەندییانە ئەنێررانە جێ–کانە و کێڵگەکانی برنج و جێ شینایییەکانی لۆکە و نەی شەکر[٢].

لەژێر زەبری تۆپزا، فەرمانیان پێ ئەکرا بێ ئەمەی تەماشای هێز و توانا و حەسانەوەیان بکەن. مەبەسیش لەوە هەمووی ئەوەبوو کە خاوەنەکانیان زۆرتر دەوڵەمەندبن و، پارەی زۆرتر بخەنە گیرفانەکانیانەوە. بەندەکان هەروەک کەلوپەل تەماشا ئەکران، لەم دەستەوە ئەگوێزرانەوە بۆ ئەو دەست. ژن و کچیان لێ داگیر ئەکرا. کە پەکیشیان ئەکەوت لە فەرمان کردن، بەنرخێکی هەرزان ئەفرۆشران، کە لە پەل و پۆیش ئەکەوتن و بڕستیان ئەبڕا، فڕێ ئەدرانە سەر شەقامەکان بۆ ئەمەی بۆ خۆیان بمرن. جاری وایش هەبوو خاوەنەکانیان تووڕە ئەبوون و ئەیاندانە بەر تێلا تا گیانیان دەرئەچوو. کەسێکیش نەبوو پرسینەوەیەکیان لێ بکات. چونکە مافیان پێ درابوو هەرچییەکیان لێ ئەکەن، لێیان بکەن.

دووسەد ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیی. بەندەگەری[٣] بەهەموو خاکە داگیرکراوەکانی ئەمریکادا بڵاوبووەوە. بازرگانی بەندەیش گەیشتبووە ڕادەیەکی وەها کە ئەوەندەی نەمابوو

(١) فڕێ ئەدرانە دەریاوە.

(٢) نەی شکر: قامیشی شەکر.

(٣) بەندەگەری: بەندایەتی، کۆیلایەتی (العبودیە).

ببێتە شتێکی هەرە گرنگ و گەورە لەو خاکانەدا. ئینجا کە سەرمایەداری ئەمریکا گەشەی کرد و، خاکەکانیشی لە دەست داگیرکردنی ئینگلیز ڕزگاری بوو، لە پاش شەڕوشۆڕێکی گەورە و سەرکەوتوو، خاکەکانی ئەمریکا لەناو یەک نیشتماندا یەکیان گرت و یەک فەرمانڕەواییان دامەزراند و یەک ئالآیان هەڵکرد، بەڵام مافیان دا بەهەموو خاکێک لەو خاکە یەکگرتووانە کە بەئارەزووی خۆی کەینەوبەینەی بەندەگەری تەماشا بکات.

بیروباوەڕەکانی دیموکراتیش کە لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریدا پەرەیان سەندبوو، خۆیان فڕێ دابووە ناو نامەی ئاشکراکردنی سەربەخۆیی ئەمریکاوە[1]، ئەمەی تیا نووسرابوو:

«ئێمە ئەم ڕاستییانە ئەچەسپێنین کە لە هەموو کەسێکەوە ئاشکران: هەرچی مرۆڤایەتی هەیە بەیەکسانی دروست کراون. خوای ئەوان چەند مافێکی پێ بەخشیون، دیاردیی کراون، ناگونجێ لێیان بسێنرێتەوە. هەندێک لەم مافانە: مافی ژیانە و، سەربەستییە و، تێکۆشانە بۆ کامەرانی. جا بۆ پاراستنی ئەم مافانە، فەرمانڕەواییان لەناو مرۆڤاندا دامەزرێنراون. ئەم فەرمانڕەوایانە. دەسەڵاتی دادپەروەرانەیان لە پێ خۆشبوونی نەتەوەوە دەست ئەکەوێ. هەر فەرمانڕەواییەک، شێوەی هەر چۆنێک بێ، بێتە پێشەوە و ئەم ئامانجانە تێک بدات، نەتەوە مافی هەیە بیگۆڕێ، یاخود لایبەرێ. لە جێ ئەو فەرمانڕەواییەکی تازە دابمەزرێنێ، لەسەر بنچینەیەکی وا کە خۆی پێی خۆش بێ، دەسەڵاتێکی وایشی پێ ببەخشێ کە بەکەڵکی خۆی بێ، تا ئاسایش و کامەرانی بۆ بەرهەم بهێنێ» . لەگەڵ ئەوەشا کە ئەم بیروباوەڕانە هەر لەناو نامەکەدا مانەوە نە یەکسانی هاتە دی لەناو سپی و ڕەشدا، نە دەوڵەمەند و هەژار و، ژن و پیاویش وەک یەک تەماشا ئەکران. بەڵام نامەی ئازادییەکە، وریاییەکی گشتی خستە ناوەوە، ئارەزوویەکی هەموو دەمیشی پەیدا کرد لەناو هەمووواندا، کە ئەو یەکسانییانە بەڕاستی بهێنرێنە دی، بەتایبەتی لە ناوەند سپی و ڕەشەکاندا، کە بەکەینەوبەینەیەکی گرنگ دائەنرا لەلایەن گۆڕان و گەشەکردنی ژیانەوە، لەبەردەم نەتەوەی تازە پشکەوتووی ئەمریکادا.

یاسای بەندەییش، کە شێوەیەکی سەرەتایی بوو لە ناوەند شێوەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤەوە بۆ مرۆڤدا، تازە دەستی کردبوو بەگۆڕان لەناو خاکەکانی خوارووی ئەمریکادا. ئەوەیش لەبەر ئەوەبوو کە ئەو خاکانە جێگای کشتوکاڵ بوون، سامانەکانی لەو زەوییانەوە

(١) وثيقة إعلان إستقلال أمريكا.



پەیدا ئەکران کە تیابوون بەفراوانی، هەروەها لە شینایییەکانی برنج و لۆکە و نەی شەکرەکانیەوە. ئەوانیش هەموو، لەژێر یاسایەکی زەویداری (إقطاعی)ی وادا کە لەو جێگایانەدا فەرمانڕەوا بوو، پێویستیان بەدەست و بازووی ئەو قولەڕەشانە هەبوو کە فەرمانی تیا بکەن ئەو یاسایە نەئەژیا بێ ئەوان.

بازرگانانی قولەڕەشەکان، لەو ناوچانەدا هێزێکی گەورە و دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو، قسەیان وەک یاسا وابوو بەرپەرچ نەئەدرایەوە. لە هەڵسوڕاندنی کاروباری خاکەکان و ڕەوشتی فڕوفێڵبازیدا.

بەڵام خاکەکانی ژووروی ئەمریکا. زۆرتر پێشکەوتوو بوون. شێوەی ئابووریی ئەوان لەژێر سێبەری یاسای سەرمایەداریدا ئەژیا، کە ئەمیش تازە پەیدا بووبوو بەهۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازییەوە جا یاسای بەندەگەری لەگەڵ ئەم جۆرە شێوەی ئابوورییە نەئەگونجا. چونکە ئەوی فەرمانی تیا بکا، هەر بەوەندە پێک نایەت کە لەشی بەهێزبێ، ئەبێ هەندێکیش ڕۆشنبیر و پسپۆڕ و شارەزابێ لە هونەردا. خۆ دیارە کە ئەم مەرجانەییش لەناو ئەو قولەڕەشانەدا دەست ناکەون. کە بەو جۆرە نەنگییە ئەژیان و وەک گیانلەبەر بەکار ئەهێنران. جا لەبەر ئەوەبوو کە هەندێ لەم خاکانە ئەیویست بەندەگەری، بەشێنەیی، لەناو خۆیدا لابەرێ؛ بۆ ئەمەی خاوەن دەست و بازووەکان بەئازادیی بژین و، چینی ڕەنجبەرانیش[1] گوزەرانیان بەرەو چاکی بڕوات، تا پیشەسازییە گەشەدارەکەیان ئەو جۆرە کرێکارە شارەزایانەی دەستکەوێ کە پێویستێتی.

لەبەر ئەوە شتێکی ئاشکرابوو، کە ئەبوو ئەم دوو بەشە گەورەیەی خاکی ئەمریکایە، تێک بچن و لە یەکیش بدەن، چونکە چاکەیان لەهی یەکتر جیاواز بوو، واتا ئەوەی بۆ ئەملایان بەکار ئەهات، زیانی بەولایان ئەگەیاند. لە سەرەتاوە تێکچوونەکەیان لەمەوە پەیدا بووە، کە قولەڕەشەکان لەو خاکانەوە کە بەندەگەرییان دەست پێ ئەکرد، دەرباز ئەبوون، بۆ ئەو خاکانەی کە بەندەگەرییان لائەبرد. لەو خاکانەدا مافی پەنابردنیان دەست ئەکەوت، لە پێوەندی بەندەیی ئازاد ئەبوون، بۆ فەرمان کردن و ژیانیش باشتر هەلیان دەست ئەکەوت. بەڵام تێکچوونەکەیان لەو کاتەوە تینی سەند، کە هەموو خاکەکانی ژووروی ئەمریکا، پێکەوە بەهورووژمێکی وێژەیی بەهێزەوە لابردنی بەندەگەرییان ئەخواست لە هەموو خاکەکانی ئەمریکادا.

(١) ڕاستتر: چینی ڕەنجدەرانیش.

لە ڕاستیشدا، تۆوی ئەم هەڵمەتە، لە دەمێکەوە ڕووا بوو. چونکە لە ساڵی ١٧٧٥دا، واتا لە پێش ڕوودانی شۆڕشی ئەمریکاوە، (بنیامین فرانکلین)[١]، کۆمەڵێکی دامەزراندبوو، ئامانجەکەی ئەوەبوو کە بەندەگەری لاببات. زۆری پێ نەچوو، لەگەڵێک خاکی[٢] تری ژوورووی ئەمریکادا، کۆمەڵانی تریش دامەزران هەر بۆ ئەو ئامانجە تێ ئەکۆشان. پاشان ئەم کۆمەڵانە، لە ساڵی ١٧٩٤دا، کۆگرە (مؤتمر)یەکیان گرت، دوای ئەو لە ساڵەکانی تریشدا چەند کۆگرەیەکی وەک ئەو گیران.

ئینجا کە ئەمریکاییەکان دەستیان کرد بەکشان بەرەو ڕۆژئاوای خاکەکەی خۆیان، دوژمنەکانی بەندەگەری، ڕاستبوونەوە لە کاربەدەستان کە نەهێڵن بەندەگەری بخرێتە ناو ئەو خاکە تازانەوە. کە لە ساڵی ١٨١٨یشدا خاکی (ئیلینۆیز) هاتە ناو یەکێتی ئەمریکاوە، دە خاک لە خاکەکانی بڕیاریان لەسەر بیروباوەڕی بەندەگەری دابوو، یانزە خاکیش بەرەنگاری ئەو بیروباوەڕەیان ئەکرد. ساڵی دوایی خاکەکانی (مازوری) و (ئالاباما)یش هاتنە پێشەوە بۆ ئەمە بێنە ناو یەکێتییەکەوە. ئەوساکەیش ئیتر (پەیماننامەی مازوری) دانرا، کە بەپێی ئەوە نەئەبوو بەندەگەری لەو زەویانەدا بەکاربهێنرێ کە لە ژوورووی پلەی سی و شەش هەموو وردیلەی سیهەمەوەن، ئەوەیش بێجگە لە خاکی (مازوری)، سنووری خوارووی (مازوری)ی ئەگرتەوە.

بەرەنگاری کردنی بەندەگەری، لە گرێی سێهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، چووە شێوەیەکی زۆر توند و ڕاستییەوە. ئەوەیش ئەوساکە ڕووی دا، کە ئابووریی ژووروو و خوارووو بەئاشکرا لەیەکیاندا و پەرەی سەند. لە ساڵی ١٨٣١دا، لە شاری (بۆستن)دا ڕۆژنامەیەک پەیدا بوو، ناوی (ڕزگارکەر) بوو، پیاوێکی مرۆڤ دۆست دەری ئەهێنا. ناوی (ولیەم گریسون) بوو. بەپەرۆشەوە بوو کە بیروباوەڕی گشتی بخاتە سەر بەرەنگاری کردنێکی ڕاستی بەندەگەری. نووسەر و بوێژەکانیش دەستیان کرد بەهورووژم بردنە سەر بەندەگەری، خراپییەکانیان دەرئەخست، زیانەکانیان پیشان ئەدا. ڕاستی پەرست (رالف ئەمرسون) سەرکردەیان بوو. کۆمەڵانێکی زۆریش دامەزران، هەر خەریکی ئەوەبوون کە هێرش ببەنە سەر یاسای بەندەگەری، لەو سکاڵا نەتەوەییانەدا کە ئەیاندا بە(کۆنگرێس).

(١) بنیامین فرنکلین (١٧٠٦–١٧٩٠) زانا و سیاسەتمەدارێکی ئەمریکاییە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی.

(٢) خاک: مەبەست لێی (ولایە)یە.



لە کۆڕە نەتەوەییەکانی خاکەکانی ژوورووی ئەمریکایشیان ئەخواست کە یاسا دەربکەن بۆ پاراستنی ئەو بەندانە کە لە خوارووەوە هەڕایان ئەکردە ژووروو. پاشان دەستیان کرد بەکارگوزارییەکی نهێنی بۆ دەربازکردنی ئەو بەندانە، بۆ ئەو خاکانەی کە تیا ئازاد ئەمێننەوە.

خاوەن کشتوکاڵە گەورەکانی خاکەکانی خوارووویش، لەم هەڵمەتە ڕێکوپێکە پەرەسێنە ڕاست بوونەوە؛ ئەندامەکانی (کۆنگریس) و نووسەرەکان و مامۆستاکانی زانستگاکان و پیاوەکانی ئایین و پێشەواکانی فرۆفێڵبازی، لەگەڵ زۆربەی ئەو خوێندەوارانەدا کە لەژێر سێبەری یاسای زەویداری بەندەخوازیدا ئەژیان و کەڵکیان لێ وەرئەگرت و بەرەوشت و خووی ئەوەوە پەروەردە بووبوون... ئەوانەیش هەموویان پشتیوانی ئەو خاوەن کشتوکاڵە گەورانەیان ئەکرد. ئەوانە هەموویان تێ ئەکۆشان بۆ ئەمەی هورووژمی دوژمنەکانیان بەربەست بکەن و بیانووەکانیان بەرپەرچ بدەنەوە. وایان پیشان ئەدا: کە قولەڕەشەکان لە ئەفریکاوە هێنرانە ئەمریکا، هەموو دڕندە و دواکەوتوو بوون، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا لەچاو خۆیاندا زۆر پێشکەوتن. ئەیانگوت: قولەڕەش، هەناسە ساردی و سەرگەردانی هەرچەندێک بێ، لەو کرێکارە باشتر گوزەران ئەکات کە خاوەن کارخانە ئەیچەوسێنێتەوە بۆ کەڵکی خۆی، کەچی کە پیر ئەبێ، یاخود نەخۆش ئەکەوێ، کەس خەمی ناخوات. بەڵگەیشیان وا ئەهێنایەوە بۆ ڕاستی قسەکانیان: کە خوا ڕێی داوە بەبەندەگەری. بەڵام فەرموویشێتی کە پشتگیرییان بکرێ. خوا لەو دە ئامۆژگارییانەدا کە بۆ جوولەکەکانی ناردبووە خوارەوە، گوتوویەتی: «دڵت نەچێتە سەر ژنی خزمت، نەچێتە سەر بەندەکەی، نەچێتە سەر کەنیزەکەکەی...»!

## (... بیرێکە و نوێنەری خۆی ئەدۆزێتەوە)

کەواتە بیرۆکە و ئازادکردنی بەندەکان لەوسایەوە گەشەی کردووە کە (بنیامین فرانکلین) بانگی بۆ دا، لە ساڵی ١٧٧٥دا. واتا لە پێش لەدایکبوونی (ئەبراهام لینکۆڵن)دا بەسی ساڵ پتر. بەڵام ئەو بیروباوەڕە، هەر بریتی بوو لە بابەتێکی مرۆڤایەتی، چەند کەسێکی کەمی دڵچاک نەبێ پشتگیرییان نەئەکرد. نەیشی توانی کۆمەڵانێکی گەورە و بێ شومار لە خۆی کۆبکاتەوە، تا وای لێ هات کە بوو بەپێویستێکی ئابووریی، دانیشتوانی خاکەکانی ژوورووی ئەمریکا، نەیان ئەتوانی وازی لێ بهێنن، لەبەر پەرەسەندن و گەشەکردنە گەورەکەی پیشەسازییەکەیان. هەر ئەوساکە بوو کە ئەو بیرە مرۆڤ دۆستە، بوو

بەهێزێکی ڕاستەقینەی کارگوزار، بەکلوور مرۆڤی ئەبزواند و هانی ئەدا بۆ گەیشتن بەئامانجی ئازادکردنی بەندەکان. هەر ئەوساکەیش بوو، کە لە دەروونە گەورەکەی (ئەبراهام لینکۆلن)دا جێی خۆی کردەوە و، لە کەسایەتی ئەودا بەرجەستە بوو خۆی نرواند.

ئەو وتارە گەرم و گوڕانەی کە (ئەبراهام) ئەیدان لە کۆڕی خاکی (ئیلینۆیز)دا و، ئەو وتارە بەنرخانەی کە ئەیناردن بۆ هەندێ لە ڕۆژنامە ئەمریکاییەکان و، ئەو بانگ ڕاهێشتنە پڕ بەدڵانەیش کە لەناو یانەکان و ئەو ناوچانەدا دەستی پێ ئەکرد کە کەوتبوونە ناو خاکە تەنگە بچکۆلەکەی خۆیەوە کە تیا ئەژیا... ئەوانە هەموویان لەوانە نەبوون کە دەروونی ئەویان پێ دابمرکێتەوە و، پێشیانەوە دڵنیابێ، کە پێویستی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە بەرامبەر نەتەوەکەی و مرۆڤایەتییەکەی، لە هێنانەدی ئەو بیروباوەڕەدا کە هەموو دڵ و دەروونی داگیرکردبوو. ئەو بڕوای وابوو، کە ئەبێ لەم پێناوەدا، زۆرتر تێ بکۆشێ و ڕەنج بدا، ئەبێ کۆڕی تێکۆشانەکەیشی فراوانتر بکات، ئەبێ ئەوکات و ڕەنجەیش کە لە دڵی خۆیدا داینراون لەم پێناوەدا بەختیان بکات، دوو ئەوەندەیان لێ بکات. جا لەبەر ئەوە بوو کە ئەیویست ببێتە جێنشینی خاکەکەی خۆی لە کۆڕی پایتەخت (واشینتۆن)دا. چونکە لەوە دڵنیابوو کە دەنگی بانگ ڕاهێشتنەکەی بەهێزتر و بەکارتر دەنگ ئەداتەوە، ئەگەر بێتو لەو پایتەختی ئەمریکایەدا بەرزی بکاتەوە.

دەنگی (ئەبراهام) بەئازاری و جوامێرییەوە بەرزبووەوە، دەنگی ڕاستی دا بەگوێی نەتەوەی ئەمریکاییدا، لە کاتی جەنگی هەردوو هەڵبژاردنەکەی سەرۆکی کۆماردا، لە ساڵەکانی ١٨٤٠ و ١٨٤٤دا، کە تێ ئەکۆشا بوو هەڵبژاردنی (کلی) پێشەوای (دەستەی هوگ)، هەر لەبەر ئەوەی کە ئازادکردنی بەندەکان لە پێڕەوییەکەی خۆیدا، دانابوو، بەڵام تیا سەرنەکەوت بەڵام ئەم ڕەنجەی بەفیڕۆ نەچوو. چونکە بەجۆرێکی فراوان لەلایەن ئازادیی پەروەرەکانەوە خۆش ئەویسترا. هەموو لایەکیش وایان دائەنا، کە ئەو لە گەورەترین پشتیوانانی ئەم بیرەیە، لە هەموویشیان گەرمتر بوو لە سەرکردنەوەی بیرەکە و خۆبەختکردن لەپێناو بەدی هێنانیا.

(لینکۆلن)، کە لە پاش هەڵبژاردنی بۆ (کۆنگریس)، چووە (واشینگتۆن) و لەوێ دانیشت. بەچاوی خۆی چاوی پێکەوت کە بازرگانی قولەڕەش، لە پایتەختی ئەمریکادا و لەبن سێبەری (کاپیتول) جێگای کۆبوونەوەی (کۆنگریس)دا چوون مەشقی لەسەر ئەکرێ. بەچاوی خۆی دی کە بەندەکان لەناو چشتیر و گەووڕدا، هەروەک ئاژەڵ یان کەمتر لە ئاژەڵ، بەخێو ئەکران، تا ئەفرۆشران. لەبەر ئەوە بەدڵ و گیان تێکۆشا کە خاکی



(کۆلۆمبیا)، جێگای پایتەختی ئەمریکا، بخاتە سەر ئەوەی کە یاسای بەندەگەری لەناو خاکی خۆیدا هەڵگرێ، ئەو بەندانەی کە تیایشیا کۆمەڵە کراون بیانکڕێ و ئازادیان بکات و فێری پیشەیەکی وایشیان بکات کە بەسەربڵندییەکەوە پێوەی گوزەران بکەن. ئەم پێشنیازەی گەلێک کەس لە کۆڕی خاکەکەدا پەسەندی کرد. بەڵام لەبەر بەرەنگاری کردنی ئەندامەکانی بەشی خوارووی ئەمریکا و یارمەتی دەرەکانیان. کە زۆر بەهێز و هەڕەتەوە نەیان ئەکرد. پێشنیازەکەی پشتگوێ خرا و بەرپەرچیش درایەوە.

لە مانگی دوانزەهەمی ساڵی ١٨٤٧دا، چەندوچوونێکی کرد لەگەڵ سەرەک کۆماردا لە کاتی کۆبوونەوەی کۆڕی کۆنگرێسدا، لەسەر شەڕی (مەکسیک)، کە لەبەر ئەوە هەڵگیرسێنرابوو کە دانیشتوانی بەشی خوارووی ئەمریکا دڵخۆش بکرێن و ئەو خاکانەیش کە بەندەگەرییان تیا باوە ژمارەیان زۆرتر بکرێ. چەندوچوونەکەی یەجگار توندوتیژ بوو. پێی گوت: «بام سەرەک ئەوەی بیر بکەوێتەوە، کە ئەو جێگایەی ئەو لەسەری دانیشتووە، واشینگتۆنیش[١] هەر لەسەر ئەوێ دائەنیشت. بام ئەویش وەک واشینگتۆن وەرام بداتەوە. هەروەک لە هیچ نەتەوەیەک ناوەشێتەوە کە لە ڕاستی هەڵ بێت، خوایش بەردار نییە کە کەس لە ڕاستی هەڵ بێت، هەروەها پێویستە سەرۆکیش لە هەڵاتن و پێچوپەنا خۆی دوور بخاتەوە ئینجا ئەگەر لەپاش ئەوە، توانی بەڵگە بهێنێتەوە کە ئەو خاکەی خوێنی لەسەر ڕژاوە. لەپێش هەموو جێگەیەکدا خاکی ئێمە بووە، منیش لەو پاکانانەدا کە پیشانیان ئەدا لەگەڵیام. بەڵام ئەگەر پێی نەکرا، ئەوا منیش مافم هەیە کە بڕوا بەو گومانە بکەم کە لە دڵمایە و لە گومانیش زۆرترە، کە ئەو هەست بەهەڵەی خۆی ئەکات، هەروەها هەستیش بەوە ئەکات کە ئەو خوێنەی لەو شەڕەدا ڕژاوە، وەک خوێنی (قابیل) وایە، هاوار ئەکات بۆ ئاسمان کە جەزرەبەی پێ بگەیێنێ».

بەڵام ناوچەکانی فڕوفێڵبازی، ئەو شەڕەیان پەسەند ئەکرد چونکە بۆ ئەوە ئەکرا کە خاکی تازە بخرێتە سەر خاکەکانی ئەمریکا، بەڵام باکی ئەوەیان نەبوو کە ئەم خاک پەیداکردنە بەزۆر ئەکرا. لەبەر ئەوە چەندوچوون کردنەکەی لەگەڵ سەرەک کۆماردا، هەرچەندە پڕ بوو لە ڕاستی کە فەرمانڕەوایی ئەمریکای بەتاوانی زۆرداریی بەدناو ئەکرد. ڕقی سەرەک کۆمار و گزیرەکانی[٢] هەڵساند لە جێنشینێکی سەرلێشێواوی وەک خۆی،

(١) مەبەستی (جۆرج واشنتۆن)ە. پاڵەوانی ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەمریکا.
(٢) مەبەستی وەزیران و ڕاوێژکارانێتی.

که تا دوێنیش بۆ کەس نەیئەناسی، کە هەندێ لە هاوڕێکانی تیزیان پێ ئەکرد و پێیان ئەگوت: ڕۆڵەی جەنگەڵستان. لەبەر ئەوە جێنشینەکانی هەموویان ناپەسەندکردنی خۆیان لە قسەکەی پیشان دا. تەنانەت دوژمنەکانی بەندەگەریش بەرپەرچی شێوەی قسەکانیان دایەوە.

ئەو کارەی ئەو چەندوچوون کردنە کردی لە (ئەبراهام) بەوەندەیش نەبڕایەوە. لە هەڵبژاردنەکانی دواییشدا ئیتر سەرنەکەوتەوە، کە ببێتەوە بەئەندامێک لە کۆنگرێسدا. بەڵام یەکێک لە کۆمەڵەکانی بەرەنگاری کردنی بەندەگەری، بانگی کرد کە بگەڕێ بەناو خاکەکانی ژووروودا، بیروباوەڕی خۆی بڵاو بکاتەوە. ئەوە بوو بەهۆی دەستکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە یاریدەدەران و پشتگیران بۆ ئەو نەبوونی (ئەبراهام) لە کۆنگرێسدا، ڕێگای بەرەڵڵا کرد بۆ پشتگیرانی بەندەگەریی، کە لە سەروو هەموویانەوە دوژمنەکەی (دوگلاس) هاتە پێشەوە، بۆ ئەمەی ببێتە جێنشینی خاکی (ئیلینۆیز) لە کۆنگریسدا. ئەم کۆڕە لە ساڵی ١٨٥٤دا یاسایەکی بڕیار دا، کە خاکەکانی (کانساس) و (نەبراسکا) بێنە یەکێتی ئەمریکاوە، بەمەرجێ سەربەست بن لەوەدا کە بیروباوەڕی بەندەگەریی بڕیار بدەن لەناو خۆیاندا، یان نەیدەن. جا لەبەر ئەوەی کە ئەو دوو خاکە ئەکەونە ژوورووی ئەو هێڵەوە کە لە پەیماننامەی (مازوری)دا بڕیاری لەسەر دراوە، کە ئەویش ئەوپەڕی ناوچەی ڕێدانی بەندەگەرییە، ئەم یاسا تازەیە، ئەو پەیماننامەیەی هەڵوەشاندەوە. لەسەر ئەوە دوژمنەکانی بەندەگەری. هەڵچوون و دەستیان کرد بەهێرش بردن لە ڕۆژنامەکاندا، لە کۆبوونەوەکانی نەتەوەدا، لەناو کڵێساکاندا، بۆ سەر ئەو یاسا تازەیە. چونکە بەوەدا دەرکەوت کە فەرمانڕەوایی ئەمریکا، نیازی وایە بەشی خواروو بپارێزێ و سەرکەوتنەکانیشی فراوانتر لێ بکات، هەروەها ئەیەوێت سکاڵا و داد و فەریادی بەشی ژووروویش دەمکوت بکات. لەوەپێشەوە کەوتنە سەر ئەو بیروباوەڕەی، کە ئەگەر ئەمریکا لەسەر ئەم ڕەفتارەی خۆی بمێنێتەوە، چەند ساڵێکی پێ ناچێ، نیشتمانە گەورەکەیان ئەبێتە ئاگرستانێک بۆ بەندەکان.

(لینکۆلن)یش، بووبووە سەردەستەی یەخەگری فەرمانڕەوایی لەم بڕیارەیدا، پلاری ئەگرتە ئەم کردارەی، هورووژمی بەهێز بەهێزی ئەبردە سەری. ئەمە یەکێکە لەو هورووژمانەی:

«هەرچەندە ئەم بڕیارە بێ لایەنی فەرمانڕەوایی پیشان ئەدا. بەڵام لە ناوەرۆکەکەیدا



دڵسۆزییەکی ڕاستەقینە هەیە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی بەندەگەری. من ڕقم لەو دڵسۆزییە. چونکە پڕیەتی لە بەندەگەری، کە خۆی بریتییە لە زۆرداریەکی نەنگ و ناشیرین. من قینم لێیەتی، چونکە یاسای کۆمارەکەمان بۆژۆ ئەکات کە ئەمانەوێ بیکەین بەنموونەیەکی بڵند لەناو جیهاندا، هەروەها پڕ بەدڵ حەزی لێ ناکەم، چونکە زۆر لە پیاوە چاکەکانمان ئەخاتە ناو شەڕێکی ئاشکراوە بەرامبەر بیروباوەڕی بنچینەیی بۆ ئازادی شارستانێتی، لە ڕاستیدا ئەوانە توانج و پلار لە (پەیماننامەی ئاشکراکردنی سەربەخۆیی) ئەگرن، ئەوانە بەم کردەوەیەیان ئەوە پیشان ئەدەن کە ئێمە هیچ کردەوەیەکمان لەسەر بیروباوەڕی ڕاستی ناڕوات، وا پیشانی هەمووان ئەدەن کە هیچمان لە دەست نایەت ئەوە نەبێ کە بەدوای کەڵکی تایبەتی خۆماندا بگەڕێین».

لەسەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی (دەستەی هوگ) کە بەرەنگاریی بڵاوبوونەوەی بەندەگەرییان ئەکرد بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە ئەندامانی (دەستەی دیموکرات) کە نەیان ئەویست خاوەن کشتوکاڵە گەورەکان چنگ بەسەر دەستەکەیاندا بگرن، بوون بەپشتیوانی (لینکۆلن). لەبەر ئەوە هەندێک لە نوێنەرەکانیان لە مانگی ڕەشەمێ (شباط)ی ساڵی ١٨٥٤دا لە جێگایەکدا کۆبوونەوە و دەستەیەکی تازەیان پێکەوەنا، ناویان نا (دەستەی کۆمار). پاشان (ئەبراهام لینکۆلن)یان کرد بەسەرۆکی خۆیان.

ئەمیش وتارێکی دا. پێڕەوی دەستەکەی تیا دیاردی کرد بەڵام هیچ ئارەزوویەکی پیشان نەدا لە بابەت تێ کۆشانەوە بۆ لابردنی بەندەگەری، لەو خاکانەدا کە حەزی پێ ئەکەن. ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە بەگران پێک ئەهات. بەڵام هێرشی بردە سەر کۆنگرێس، چونکە (پەیماننامەی مازوری)ی هەڵوەشاندبووەوە. گوتی هەر یاسایەک بڕیار بدرێ لە بابەت بەندەگەرییەوە، پێویستە لەگەڵ بیروباوەڕی دامەزرێنەرەکانی فەرمانڕەوایی ئەمریکادا ڕێک بکەوێ، چونکە ئەوان وایان بەباش زانیبوو کە سنوورێکی بۆ دابنێن، هیوایشیان وا کردبوو کە لە دواڕۆژدا لەناوبچێ». هەروەها هورووژمی بردەسەر ئەو بیروباوەڕەی کەوا بەباش ئەزانێ کەینەوبەینەی بەندەگەری بەرەڵڵا بکرێ بۆ ئارەزووی خاکەکان خۆیان، چونکە بابەتێکی تایبەتی سەربەخۆیانە. گوتی هیچ خاکێک مافی ئەوەی نییە کە هەموو شتێک هەر بەئارەزووی خۆی بکات. مەبەسیشی لەو قسەیە ئەوەبوو، کە کەینەوبەینەی بەندەگەری، پەیوەندی هەر بەو خاکەوە نییە کە بڕیاری لەسەر ئەدا، بەڵکو پەیوەندی بەهەموو خاکەکانی تریشەوە هەیە وەک ئەو. چونکە کەینەوبەینەیەکی نەتەوەییی گشتییە.

بۆ ئەوەیش دەستی کێشا، کە ئەم کەینەوبەینەیە، چاری ناکرێ، تا وای لێ نەیێ کە ببێتە تەنگوچەڵەمەیەکی وەها کە نەتەوە بەئارەزووی خۆی، خۆی لێ دەرباز بکات، ئەو ئارەزووەیش، ئەگەر بێتو ببزوێنرێ، لە توانایدا هەیە کە بەسەر هەموو گیروگرفتێکا زاڵ ببێ.

لە ڕاستیدا چرووکی ئەو بیروباوەڕەی کە ئەیگوت کەینەوبەینەی بەندەگەری، پێویستە بدرێتە دەست خاکەکان خۆیان. هەر خاکە بەئارەزووی خۆی چارەی بکات، بەئاشکرا دەرکەوت. ئەویش لەو کاتەدا بوو، کە بەندەگەری خوازەکان و دوژمنەکانی بەندەگەری، هەردوو لایان، بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتردا ئەکرد، کە لە خاکی (کانساس)دا بحەوێنەوە. هەردوولایش بۆ ئەوە ئەگەڕان کە ژمارەی خۆیان لە هی ئەولاتر زۆرتر لێ بکەن؛ بۆ ئەمەی هەر کارێکی کەینەوبەینەی بەندەگەریەکە خرایە گۆڕێ، بڕیارەکە بەئارەزووی ئەو لایە بێت کە ژمارەی زۆرترە.

لە بەشی ژووروو و بەشی خواروویشدا، گەلێک کۆمەڵ دامەزرا بۆ یارمەتیدانی ئەو کۆچ کردووانە و چەک پێ دانیان. کە جەنگ دامەزرا لەسەر هەڵبژاردنی نوێنەری ئەو خاکە تازەیە بۆ کۆنگرێس، زۆر کەس لە دانیشووانی (مازوری) لە سنووری (کانساس) هاتنە ناوەوە، دەنگەکانی خۆیان خستە پاڵ دەنگی ئەو کەسانەی کە بەندەگەرییان ئەویست، لە پاش ئەمەی پاڵێوراوی بەندەگەری خواز، لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوت. گەڕانەوە خاکی خۆیان. ئەمە بوو بەهۆی ورووژاندنی هەموو لایەکی ئەمە بکا و، پەیدابوونی جەنگی چەتەگەری هەموو دەمی لە سنووری گەلێک لەو خاکانەدا.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٥٧دا، کەینەوبەینەیەک خرایە بەردەم دادگای سەرووی ئەمریکا، لە بابەت بەندەیەکەوە، کە خاوەنەکەی لە خاکێکەوە هێنابووی کە بەندەگەری تیا ئەکرا، بۆ خاکێکی تر کە بەندەگەری تیا نەئەکرا. کە بەندەکە هێنرایەوە خاکەکەی پێشوو، سکاڵایەکی پێشکەش بەدادگا کرد، ئازادکردنی خۆی تیا خواستبوو، بیانووەکەیشی ئەوەبوو کە لە خاکێکا ئەژیا، بەندەگەری تیا نەکراوە. دادگاهیش، ئاسۆی کەینەوبەینەکەی فراوانتر لێ کرد، لە گیروگرفتی بەندەگەریی ئەکۆڵییەوە. لە شێوەیەکی گشتیدا. دوایی بڕیاری دا کە کۆنگرێس مافی ئەوەی نییە بەندەگەری بەربەست بکا و نەهێڵێ بۆ خاکەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکا بکشێ، لەبەر ئەوە (پەیماننامەی مازوری) هەر لەبنەڕەتەوە، پووچە و نابێ بایەخی پێ بدرێ. لەسەر ئەوە خاکەکانی بەشی ژووروو، وورووژان و، ڕۆژنامەکانیشیان توانج و پلارێکی بەهێزیان گرتە ئەو بڕیارە. گوتیان ئەوە ئەمریکا



ئەکات بەزەوی بەندەیەتی. یەکێکیان نووسیبووی: «ئاڵای نیشتمانەکەمان بوو بەئاڵای بەندەگەری. پێویستە لەسەرمان ئەو ئەستێرە گەشانەی لێ بکەینەوە. پاشان ڕەنگەکەیشی بکەین بەڕەش نیشانەکەیشی بریتی بێ لە پێوەند و قەمچی!».

(لینکۆلن) دەستی کرد بەلاواندنەوە و شینکردن بۆ (نامەی ئاشکراکردنی سەربەخۆیی)، کە چۆنی بەسەر هاتبوو، بەهۆی کارەساتی ئەو کاتەوە. ئەم قسە جوانانە بڕێک بو لە وتاری ئەو ڕۆژانەی:

«ئەو ڕۆژانە، ئاشکراکردنی سەربەخۆییمان، بابەتێکی وا نازدار بوو، کە هەموو کەس بەشتێکی پیرۆزی ئەزانی. هەروەها وایان لێ ڕائەپەڕموو، کە هەموو لایەک ئەخاتە ڕێکوپێکییەوە. بەڵام ئەم ڕۆژانە، هورووژمی براوەتە سەر، تیزی پێ کراوە، بەپێی ئارەزووی ئەم و ئەو لێک دراوەتەوە و خراپ لەتوپەتیش کراوە. تەنانەت ئەگەر ئەوانەیش کە دایاننناوە. زیندوو بکرێنەوە، ناتوانن بیناسنەوە. ئەوەیش سەبارەت بەوەیە، کە کەینەوبەینەی بەندەگەریمان کرد بەشتێکی گشتیی تا سەر بۆ خۆمان. وایش دەرئەکەوێ کە هەرچی هێزێک هەیە لەسەر زەویدا، یەکی گرتووە بەگورجی، بۆ بەگژچوونیا. خوای سامان ڕاوەدووی ئەنێ. چاو چلێسیش لە پشت ئەوەوەیە، کۆمەکی ئەکات. لە دوای ئەمیشەوە ڕاستی پەرستییەک هەڵبەستراوە. پێشبینییەکانی ئەم سەردەمەیش کە ئەوانە پیشان ئەدات، لە شێوەیەکی گورج و سفتدا، پشتگیری ئەو هاوارە ئەکات کە دوژمنایەتی ئەکات. پاش ئەمەی پشکنییان و هیچ چەکێکیان بەدەستەوە نەهێشت کە دیواری پێ کون بکات، خستیانە ناو زیندانێکەوە، کە یەک لەدوای یەک دەرگا ئاسنە گرانەکانیان لێ داخستووە، ئێستایش ئەوا هێلاویانەتەوە لەناو بەندیخانەکەیدا، کە کلۆمی دەرگا ئاسنەکەی بەسەد کلیل نەبێ ناکرێتەوە، بەمەرجێ ئەو کلیلانەیش لەگەڵ یەکدا ڕێک بکەون. ئەو کلیلانەیش دراونەتە دەست سەد پیاوی جوێ جوێی پەڕەوازە لە سەد جێگای جوێ جوێی دوور دووردا. کەچی بەوانەیشەوە هەموو، هێشتا هەر بیر لەوە ئەکەنەوە، کە چەشنێک باشە بیدۆزنەوە لە کۆڕی هۆش و کەرەستەدا. بۆ ئەمەی ئەو بەندیخانەیە بپارێزن و لە ڕانەکردنی بەندییەکە باشتر دڵنیابن!». لەو سەردەمەدا، (دوگلاس) ماوەی جێنشینییەکەی تەواو بوو، ئەمیش و (لینکۆلن)یش کە هەردووکیان بەربەرەکانێیان ئەکرد لەگەڵ یەکتردا، خۆیان پاڵاوت بۆ کۆڕی ڕیش سپییان (مجلس الشیوخ). ئەم دوو پیاوە کە هەر یەکەیان بەشی خوارووی دەرئەخست بەچاوچلێسییە نەنگەکەیەوە. یەکێکیشیان بەشی ژووروی دەرئەخست بەشۆڕشە پیرۆزەکەیەوە.

هەردوو پاڵێوراوەکان، لە پایزی ساڵی ١٨٥٨دا، ڕیزە کۆبوونەوەیەکی گشتییان پێکەوە هێنا، بەرامبەری یەک ئەوەستان و هەریەکەیان لەسەر بیروباوەڕی خۆی ئەکردەوە. ئەم بەرەنگاری کردنانە، لە حەوت شاری خاکی (ئیلینۆیز)دا، برانە سەر. کۆمەڵانێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو شارانە بەپەرۆشەوە ئەهاتنە سەیریان. هەموویان بەتەنگەوە بوون کە قسە بەقسەی هەردوولا گوێ لێ بگرن.

(دوگلاس)، هەرچیی لە دەست هات، بۆ خۆنوواندن لە پێش چاوی گەلدا، بەکاری هێنا، بۆ ئەمەی کار لە دڵیانا بکات. ئەهاتە هەر شارێک لەو شارانەی کە کۆبوونەوەیان تیا ئەکرا، بەسواری گالیسکەیەکی شەنگ و شۆخەوە ئەهات. یاخود سواری شەمەندەفەرێکی تایبەتی ئەبوو. دەس و پێوەندێکی گەورەی لە خۆی کۆ ئەکردەوە، کە بەکەش و فشێکەوە خۆیان پیشان ئەدا. لە پێش دەمی شەمەندەفەرەکەیشیەوە، تۆ پێک دائەمەزرێنرا، بەسی گوللە هاتنی پاڵێوراوی گەورە و گرنگی ئاشکرا ئەکرد.

کەچی (لینکۆلن)یش، کە ئەگەیشتە شوێنی کۆبوونەوەکان، بەسواری ئەسپێکی لاوازەوە ئەهات، خۆیشی بەقژێکی بژ و دەموچاوێکی تەپ و تۆزاوییەوە و لەشێکی ماندوو بڕست براوەوە خۆی پیشان ئەدا.

بەپێچەوانەی ئەو، (دوگلاس)، دەموچاو جوان، شێوە شیرین، جلوبەرگ ڕێکوپێک بوو. ناویان نابوو (دێوی بچووک)، لەبەر کورتەبنەیی و فڕوفێڵبازی. ئەوەندە زۆرزان بوو، کە ئەیزانی لە بەربەرەکانێی قسەدا ئەشکێ و دەرەقەتی نایێ، وازی لە بیروباوەڕە فڕوفێڵبازییەکە، کە قسەکە لەسەر ئەو ئەکرا، ئەهێنا، بۆ ئەمەی هەموو هورووژمێکی خۆی بخاتە سەر (لینکۆلن) خۆی. توانجی لەوەی ئەگرت، کە خانەدان نییە، ئەو پیشانەی ئەژمارد کە فەرمانی تیا کردووە، پلاریشی ئەگرێتە دەموچاوە ناشیرینەکەی و هەژارییەکەی، سەر و شێوە شل و شێواوەکەی و جلوبەرگە شڕوپڕەکەی!... بەڵام (لینکۆلن)، ئەو هەموو جنێو و توانج و پلارانەی ئەوی، بەمەندەیی و زرنگییەوە بەرامبەری کرد، قسەی نەستەقی پێ ئەگوت، وەرامی ڕەپ و ڕاستی وایشی ئەدایەوە کە پیاو سەری لێی سوڕ ئەما. ئەو هیچ کاتێ، ماوەی بەخۆی نەئەدا، کە دەم بنێتە دەمی، بەڵکو جنێوەکانی ئەوی لەبیر خۆی ئەبردەوە. بەڵام بەپەرۆشەوە بوو کە بەڵگەی بەهێز و ڕووخێنەر بهێنێتەوە بۆ ڕاستی قسەکەی خۆی و چەوتی قسەکەی ئەو. کە بەو کردەوە جوانەی قسەکەی ڕاستی پەرستی ئەمریکا، (ئەمیرسون)ی دەربارەی خۆی هێنابووە دڵی، کە پێی گوتبوو: «دڵی لینکۆلن ئەوەندەی جیهانێک گەورەبوو، کەچی جێگەی تاکە



بیرەوەرییەکی ڕیسوایی تیا نەئەبووەوە!». چاکترین بەڵگە بۆ پیشاندانی جیاوازی ناوەند هەردوو پیاوەکە، لەو قسانەدا دەرئەکەوێ کە (لینکۆلن) بە(دوگلاس)ی گوتووە:

«سروشت وای دروست کردووە، کە ئەگەر قەمچییەک لە پشتی خۆی درا، ئێشی پێ ئەگەیێنێ و ئازاریشی ئەدا، بەڵام ئەگەر قەمچییەکە لە پشتی کەسێکیتر درا، نە ئێشی پێ ئەگەیێنێ و نە ئازاریشی ئەدا»!... ئەم قسانە، واتایەکی قووڵیان تیایە، هەروەک قسەکەرەکە پیشان ئەدات، قسە لێ کراوەکەیش پیشان ئەدات.

لەم دەمەقاڵێیە تاقانانەدا کە ئەکران، پەندی نیشتمانی زۆر ناوازە و، وێنەی وێژەیی زۆر تەڕ و تازە و، قسەی نەستەقی یەجگار ناسک و خۆش، بەسەر زمانی (لینکۆلن)دا ئەهاتن لێرەدا بەوەندە واز ئەهێنین، کە ئەم لاپەڕە زیندووی لێ پیشان بدەین، کە تیا پێ ئەکەنێ بەلایەنگرانی بەندەگەری و توانجیش ئەگرێتە ئەو بیروباوەڕەی کە ڕێ ئەدا بەچەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.

«بیروباوەڕی بەندەگەری، وەک بۆم دەرئەکەوێ، لەلای ئەوانە وەهایە: بەندەیەتی نە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاستە، نە لە هەموو ڕوویەکیشەوە چەوتە. بۆ هەندێ کەس وا باشترە کە ببن بەبەندە. ئەوانە کە وایان لێ هات ملکەچی باری خوا ئەبن! لە ڕاستیدا، لە تواناماندا نییە کە بەرەنگاریی نیاز و ئارەزووی خوا بکەین... بەڵام لە هەندێ باری تایبەتیدا، هێشتا ئەوە بەگران پێک دێ. بۆ وێنە: بام بڵێین، کەسێک هەیە ناوی پزیشک (ڕووس)ی بەڕێزە. بەندەیەکی هەیە ناوی (سامبۆ)یە. بام ئێمەیش ئەو پرسە بکەین: ئاخۆ ئارەزووی خوا وایە کە (سامبۆ) هەر بەبەندەیی بمێنێتەوە، یاخود پێویستە ئازاد بکرێ؟ ئێمە وەرامێکی دەمودەستیمان لە خواوە چنگ ناکەوێ. هەروەها لە نووسراوی خوایشیدا کە (ئینجیل)ە، وەرامی ئەو پرسەمان نادۆزینەوە. یاخود، بەزۆریی، هیچمان بۆ نادۆزێتەوە، ئەوە نەبێ کە دەمەقاڵێ لەسەر واتای ئەوە پەیدا ببێ. کەسێکیش نییە لە (سامبۆ) بپرسێ کە لەو بابەتەوە، بیروباوەڕی چییە. لەبەر ئەوە، تا دوایی، قسە هەر بۆ پزیشک (ڕووس) ئەمێنێتەوە، کە بڕیارێکی لەسەر بدات. لەو کاتەیشدا کە ئەو بیر لەم کەینەوبەینە ئەکاتەوە ئەیبینین لەژێر سێبەرێکدا دانیشتووە، دەستکێشەکانی خۆی کردۆتەوە دەستییەوە، ئەو نانە ئەخوات کە (سامبۆ) بەرەنجی شانی خۆی، لەژێر هەتاوی گەرم و هەڵقرچێنەردا پەیدای کردووە. ئینجا ئەگەر ئەو بڕیاری دا کە ئارەزووی خوا وایە، (سامبۆ) هەر بەبەندەیی بمێنێتەوە ئەوا جێگا خۆشەکەی خۆی ئەپارێزرێ. بەڵام ئەگەر بڕیاری دا کە ئارەزووی خوا وایە (سامبۆ) ئازاد بکرێ، ئەوساکە پێویستە لەژێر سێبەرەکە

بێتە دەرەوە و، دەستکێشەکانیشی دابکەنێ و، ئەویش بۆ نان پەیداکردنی خۆی ڕەنج بدات و خۆی بچەوسێنێتەوە. جا ئایا پزیشک (ڕووس)، بڕیار لەسەر کەینەوبەینەکە وا ئەدا کە دەروون پاکی و بێ لایەنی تەواو ئەیخوازێ، کە لە هەموو بڕیاردانێکی ڕاست و دروستدا بێ ئەوە هیچ پێک نایەت؟».

لەگەڵ ئەوەشا کە (لینکۆلن) لەو جەنگەدا، هەرچی هەستێکی پاکی دڵە چاکەخوازەکەی هەبوو، لەگەڵ ڕۆشنایی هۆشە پرشنگ دەرەکەی و، هەموو سامانە بچووکەکەی، بەختی کرد، لەپێناو بیروباوەڕە بەرز و پیرۆزەکەیدا، بەڵام لە دواییدا دوژمنەکەی سەرکەوت. خۆیشی ناچارما کە بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی خۆی، پشتگیریی، بەرەنجێکی برست براوەوە بیکات. بۆ ئەمەی خێزانەکەی لەدەست کوێرەوەری هەژاری رزگار بکات. ئەوەیش لەبەر ئەوەبوو، کە ئەوانەی لە ئەنجامی کاردا هەڵبژاردنی پاڵێوراو بۆ (کۆڕی ڕیش سپییان) بەدەست بوو، ئەو ئەندامانە بوون کە لە (کۆڕی خاک نیشتەجێ)دا بوون. نەک هەڵبژێرەوەکانی ناو نەتەوە. هیچ شتێکیش تۆڵەی ئەم زیانە گەورەیەی بۆ نەکردەوە لە سامانی جیهاندا ئەو سەرکەوتنە وێژەییە گەورەیە نەبێ کە دەستی کەوتبوو بەسەر دوژمنەکەیدا و پاش ناوی (دیۆکوژ)ی پێ وەرگرتبوو هەروەها ئەو تۆوە نەبێ کە چاندبووی لە دڵی هەمووواندا، کە دەستی کردبوو بەڕووان و پێ گەیشتن و کاتی چنینەوەی بەرەکەی هاتبوو.

## وێزەی گێژەڵووکە

لە ساڵی ١٨٥٩دا، کارەساتێکی خوێناوی ڕوویدا، نەک هەر ئەمریکا، بەڵکو هەموو جیهانیشی هێنایە لەرزە. پاڵەوانی ئەم مەرگەساتە، پیاوێک بوو ناوی (جان براون) بوو. لەناو کۆشی ئایینیدا گەورە کرابوو. لەژێر سێبەری هەژاریدا ژیا بوو. چاویشی کەوتبوو بەو زۆرداریییەی کە لە بەندەکان ئەکرا و ئەو سەرگەردانییەیش کە تووشیان هێنرابوو. لە بەهاری ئەو ساڵەدا، هاتبووە ناو کۆگرەیەکەوە بۆ بەرەنگاری کردنی بەندەگەری. بەتووڕەیییەکەوە لێی هاتە دەرەوە، ئەمەی لەبەر خۆیەوە، هەر ئەگوت و ئەگوتەوە: «ئەوانە یەجگار قسە ئەکەن، بەڵام ئەوی پێویست بێ کارە!». پاشان کۆمەڵێکی پێکەوەنا و لە مانگی دەیەمی ئەو ساڵەدا، پێکەوە هورووژمیان بردە سەر شاری (هاربەرزفاری) لە خاکی (ڤەرجینیا)دا. کۆگایەکی چەکی داگیر کرد و ئازادبوونی بەندەکانی لەوێدا ئاشکرا کرد. بەڵام بەندەکان، چونکە ئەیانزانی کە هێزێکی زۆر گەورەتری ئەوێ بۆ ئازادکردنیان



لەو ئاگری زۆرداریییەی کە تیایان، نەیان وێرا کۆمەکی ئەم کۆمەڵە بچووکە بکەن. لەبەر ئەوە (جان براون) گیرا و بڕیاری لەناوبردنی درا.

ئەم بڕیارە بوو بەهۆی تووڕەبوونی ئازادەکانی هەموو لایەکی جیهانی پێشکەوتوو. (ڤیکتۆر هۆگۆ)[1] لەو جێ دەربەدەرییەی خۆیەوە لە (دوورگەی مانش)ەوە، نامەیەکی ئاگرینی نارد بۆ فەرمانڕەوایی ئەمریکای یەکگرتوو، تیا پاڕابووەوە کە ئەو پیاوە جوامێرە بەرەڵڵا بکات کە دڵی پڕیەتی لە گیانی (ئینجیل) و گیانی (مەسیحی)ی ئازادکەرمان، کە هاواری ئازادکردنی ئەکرد بۆ هەموو براکانی سەر زەوی. لە دواییدا نووسیبووی: «بەڵێ، بام ئەمریکا بزانێ، کە لە کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلەوە، نەنگتر و ناشیرینتر هەیە، ئەویش کوشتنی سپارتاکۆسە لەلایەن واشینگتۆنەوە...».

بەڵام نە ئەم هێرش بردنە ئاگرینە و نە وێنەکانی ئەو نەیانتوانی فەرمانڕەوایی ئەمریکای یەکگرتوو لە بڕیارە ناشییەکەی پەشیمان بکەنەوە. لە پاش جەژنی لەدایکبوونی (مەسیح) بەڕۆژێک، واتا لە ١٨٥٩/١٢/٢٦دا (جان براون) کرا بەدارا و کوژرا! ئەم مەرگەساتە گەورەیە، یەکێک لە وێنەکێشە گەورەکانی بزواند، وێنەیەکی ناوازەی کێشا بەم بۆنەیەوە، ئێستاکە وێنەکە لە ناوازەگاهی (ڤیکتۆر هۆگۆ) لە شاری (پاریس)دا هەڵواسراوە تارماییەکانی کاریگەر و سامناکی وێنەی (مەسیحی گەورە)ی تیا کێشراوە، پەنجە ئەکێشێ بۆ تارمایی مردن کە نێچیرەکەی خۆی، (جان براون)ی گرتۆتە باوەشی. (لەژێر وێنەکەیشدا ئەم ڕستە دڵ بزوێنەرەی تیا نووسراوە: «هەروەک مەسیح، لە پێناوی مەسیحدا».

مەرگەساتی (جان براون)، دەنگی دایەوە لە دڵی ئەو کەسانەدا کە خاوەنی ئەو بیروباوەڕە بەرز و پیرۆزە بوون کە ئەو لە پێناویا بەداردا کرا، لە هەموو لایەکی خاکی ئەمریکاوە (لینکۆلن) بانگ کرا بۆ چاوپێکەوتن و وتاردان. ئەویش کە وتاری بۆ ئەدان، ئەیهێنانە گریان، ئاگری ناپەسەندی بەندەگەریی لە دڵیاندا هەڵئەگیرساند ئەیگوت: ئەو گەلە بەندەییانەی کە مرۆڤن و بەڵام وەک دڕندە لەگەڵیان ئەجووڵێنمەوە و بەگیانلەبەریان

---

(١) ڤیکتۆر هۆگۆ (١٨٠٢–١٨٨٥) شاعیر و نووسەری بەناوێی فەرەنسا، لە ڕابەرە دیارەکانی تەوژمی ڕۆمانتیکییە لە ئەدەبدا، بەرهەمەکانی پڕن لە داهێنانی بەهێز و خەیاڵی فراوان، لە بەرهەمە شیعرییەکانی: گەڵاکانی پایز، ڕۆژهەڵاتییەکان، گۆرانییەکانی بەرەبەیان، داستانی نەوەکان. لە چیرۆکەکانیشی: خانمەکەی پاریس، کلۆڵان، هرنانی.

دائەنێن هەر کاتێ ئازاد کران و پەروەردە کران لە باریاندا هەیە کە وەک هەموو کەسێکی تریان لێ بێ، ببن بەهاونیشتمانانێکی وەها کە سامانی نیشتمانەکە و گەورەیی نیشتمانەکە بەهۆی ئەوانەوە زۆرتری لێ بێ.

لینکۆلن، ئەوەندە لەو وتارداندا شارەزا بوو، دەمێک ڕووی ئەکردە هەست و تاسەی گوێگران، دەمێکیش ڕووی ئەکردە هۆشی خۆی، دەمێک ڕووی ئەکردە چاکەی تایبەتی خۆی، دەمێکیش ڕووی ئەکردە نیشمانەکەی خۆی.

لە مانگی ڕەشەمێی ١٨٦٠دا، کۆمەڵێکی گەورە لە ئازادیخوازان، لە شاری (نیویۆرک)دا، بانگیان کرد وتارێکیان بۆ بدات. بەدوودڵییەکەوە بانگ کردنەکەی بەقسەکردن. لینکۆلن لەوە ئەسڵەمییەوە کە بۆ یەکەم جار لەو شارە گەورەیەدا و لەو کۆمەڵە گەورەیەدا وتار بدات. لە ڕۆژی وتاردانەکەدا لە بەیانی، لە کاتێکدا کە لینکۆلن ئەگەڕا بەناو شاری (نیویۆرک)دا، دەنگێکی ناسکی خۆش کەوتە بەرگوێی، لە خوێندنگایەکی منالانەوە ئەهات، وەک یەکێک لەو ئاوازانە ئەهاتە بەر گوێی کە دایکی لەناو دارستانەکەی لە ناویا لەدایک بووبوو، بۆی ئەگوت، یان وەک یەکێک لەو گۆرانییانە ئەهاتە بەر گوێی کە (ئانارو تلیدج) بەدەنگە ناسکە خۆشەکەی خۆی ئەیگوت لە کلێسای (نیوسالم)دا... (لینکۆلن) دۆستی هەرە گەورەی منالان، خۆی پێ نەگیرا، چووە ناو خوێندنگاکەوە، چووە ناو شاگردەکانەوە، بەخۆشەویستییەکی گەورەوە گوێی لێ ئەگرتن. مامۆستایەک چاوی بەم کابرا سەیرە ئەکەوێ، کە سەر و شێوەیەکی یەجگار گرژ و مۆن. بەڵام دڵێکی یەجگار چاکی هەیە بانگی ئەکات قسە بۆ منالەکان بکات. لینکۆلنیش چەند چیرۆکێکی خۆش خۆشیان بۆ ئەکات و خەریک ئەبێ بگەڕێتەوە جێی خۆی. مامۆستاکە ئەیوەستێنێ و ناوی خۆی لێ ئەپرسێ. ئەمیش بەم چەند وشە ساکارە ناوی خۆی پێ ئەناسێ: «ئەبراهام لینکۆلن، لە خاکی ئیلینۆیزدا».

بەڵام چەند کاتێکی پێ چوو، (لینکۆلن) هەڵسایە سەرپێ بۆ ئەوەی دەست بکات بەوتاردانەکەی لەبەردەم چەند پیاوێکی هەڵبژاردەی شاری نیویۆرکدا. سەرۆکی کۆمەڵەکەیش بەم جۆرە پیشانی گوێگرە زۆرەکەیدا کە شانیان لە شان ئەسوو بۆ گوێگرتن لە قسەکانی:

«گەورەکان! ئەمە سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ من کە سەرەک کۆماری دوارۆژی ئەمریکای یەکگرتووتان پێشکەش بکەم، ئەبراهام لینکۆلن».



(ئەبراهام)یش لەو کۆبوونەوە مێژووییەدا، لە ڕۆڵەکانی چینی کرێکارانی ئەکرد، کە هەموو دەم ئەیویست لەو چینە بژمێرێ. لە باڵا درێژییەکەی بەولاوە، هیچی تری پێوە نەبوو، کە لە یەکەم بینیندا بەرچاو بکەوێ. جلوبەرگەکانی بەبەر لەشە کەڵەگەتەکەیدا شۆڕ بووبووەوە، ڕەنگیشی یەجگار زەرد هەڵگەڕابوو، لە دەست و پەنجەکانیشیا دیاربوو کە فەرمانی سەختیان پێ کراوە. چاوەکانیشی کە بەقووڵدا چووبوون، پڕ بوون لە خەم و خەفەت و گلاراویی. بەجۆرێکی تێکڕایی، ئەوەی نەئەنواند کە پیاوێکی زیرەکی وا سەیربێ، کە توانیبێتی خۆی لە ناخی عەردەوە بگەیێنێتە بڵندترین جێگا لەناو هاونیشتمانەکانی خۆیدا. پێش ئەمەی وتارەکەی دەست پێ بکات، کە گفتوگۆی ئەکرد لەگەڵ هەندێ دۆست و هاوڕێی خۆیدا، بێ ئارامییەکی پێوە دیاربوو، ئەویش ئەنجامی ئەوەبوو کە وەک لاوێکی تازە پێگەیشتبوو ترسی لێ نیشتبوو لەوەی کە تازە هاتبووە ناو کۆمەڵایەتییەکی نەناسیاوەوە، ئەترسا لەوەی کەموکوڕی لێ بگرن. بەڵام کە دەستی کرد بەوتاردان، سەر و شێوەی گۆڕرا. چاوەکانی گەش بوونەوە، دەنگەکەی بەرە بەرە بەرز بووەوە دەموچاویشی گەشایەوە و پڕشنگی دا، وەک بیەوێ هەمووان ڕۆشن بکاتەوە وابوو. لە کاتێکدا پتر مایەوە. گوێگرەکانی گەشکەدار کردبوو.

دانیشتووەکان لەوە سەرسام مان، کە لەناکاو پاڵاوتنی (ئەبراهام لینکۆلن)یان درا بەگوێدا بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکای یەکگرتوو. تەنانەت خۆیشی ئەو پاڵاوتنەی پێ سەیر بوو: بەڵام (دەستەی کۆمار)، زۆری پێ نەچوو، کە لە مانگی بەختەباران (مایس)ی ئەو ساڵەدا، کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا لە شاری (شیکاگۆ)دا، لە شێوەیەکی یەک قسەیی گەرموگوڕدا بڵاویان کردەوە کە (لینکۆلن) باڵێوراوە بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری ئەمریکا، بەمەرجێ ئەمە بکات بەپێڕەویی خۆی کە: «نە کۆنگرێس، نە هیچ کۆڕێکی نەتەوەیی خاکەکانی ئەمریکا، مافی ئەوەیان نییە کە بەندەگەری بەشتێکی یاسایی دابنێن لە هیچ خاکێکی ئەمریکادا». کە سنوورێکیش دابنێ بۆ بازرگانی بەندە، (کانساس)یش بخاتە ناو یەکێتی ئەمریکاوە، وەک یەکێک لە خاکە ئازادەکان، هەرچییەکیشی لە دەست دێ بیکات بۆ ڕاست کردنەوەی باری کاروباری ناوەوە و پاراستنی پیشەسازیی نیشتمانی.

ئەم بڕیارە بەتەواوەتی جیاواز بوو لەو بڕیارەی کە پێشەواکانی بەشی خوارووی ئەمریکا، کە لە سەرکردەکانی (دەستەی دیموکرات) بوون، دابوویان؛ وەک ئەوەی کە: هەر خاکێ لە خاکەکانی ئەمریکا، دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و مافێکی پارێزراوی هەبێ. (کۆنگرێس)یش بەندەگەری بپارێزێ لە خاکەکانی ڕۆژئاوادا. هەروەها یەکگرتنی

قسەیشیان لەسەر ئەوە: «کە نە کۆنگرێس، نە کۆڕی نەتەوەیی هیچ خاکێک لە خاکەکان، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە، پێ بنێن بەمافی هیچ ئەمریکاییەکدا کە بیەوێ هەرچەندێک بەندەی هەیە لەگەڵ خۆیدا بیانهێنێ و لە یەکێک لە ناوچەکاندا دابمەزرێ پێش ئەمەی ئەو خاکە بێتە ناو یەکێتیی ئەمریکاوە و ببێتە خاکێک لە خاکەکانی». لەسەر ئەم بنچینەیە دیموکراتییەکان (دوگلاس) دوژمنی (لینکۆلن)یان بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری ئەمریکا پاڵاوت.

ئەو ساڵە، بەرەنگاری کردنێکی فرِوفێڵبازیی یەجگار توندوتیژی دی. (لینکۆلن) لەناو گێژاوی ئەو جەنگەدا هەستی پێ ئەکرد، کە ئەو نیاز و ئارەزووەی زیندووی کردۆتەوە لەناو دڵی نەتەوەدا، خەریکە لەسەر شەپۆلە بەهێزەکانی خۆی هەڵی ئەگرێ. لە هەموو شوێنێکا، کۆمەڵ کۆمەڵ، دانیشتوان کۆ ئەبوونەوە و نومایشیان ئەکرد، بۆ ئەوەی بکرێ بەسەرۆک و ناوی بەرز ببێتەوە. وتاربێژەکان، بەناسیاو و نەناسیاوەوە، لەناو شەقامەکاندا، لە بابەت ئەوەوە قسەیان ئەکرد، بەڵگەیان وا ئەهێنایەوە کە ئەو دڵسۆزێکی گەورەی نەتەوەیە، ئەیان گوت خۆیشی کوڕی نەتەوەیە، لە جەنگەڵستاندا لەدایکبووە و گەورە بووە، بەشێکی ژیانی خۆی لەوێدا بەسەر بردووە بەرِەنج و کوێرەوەرییەوە. ئەوانەی سەر بەئەو بوون پاش ناوێکی تریشیان بۆ دۆزییەوە، ناویان نا: (داربڕ).

ئەوەندەی کە چینەکانی ناوەڕاست و کۆمەڵانی نەتەوەیی خۆشیان ئەویست و بەجێی هیوایان دائەنا، ئەوەندەیش زەویدارەکان و بازرگانانی قولەڕەش و یاریدەدەرەکانیان لە پیاوانی بیر و ئایین، کە هەموویشیان لە بەشی خواروو بوون، قینیان لێی بوو و، ئەیشیان ویست لە هەموو لایەکەوە بیشکێنن. تەنانەت هەڕەشەیان ئەکرد کە جوێ ئەبنەوە لە یەکێتیی ئەمریکا، ئەگەر بێتو ئەو ببێ بەسەرۆکی کۆمار. ئەویش ئەیگوت: «زۆر کەس لەم نیشتمانەدا هەن، ئەیانەوێ بەندەگەری نەمێنێ. زۆریش هەن نایانەوێ هەڵبگیرێ. ئێستاکە منیش خۆم لە قەرەی ئەوە نادەم کە خراپەکانی بەندەگەری، یاخود چاکەکانی پیشان بدەم. بەڵام هەموو کەسێ، حەز بکا بەهەڵگرتنی یان حەز نەکات، ئەوە ئەزانێ کە بەندەگەری لائەبرێ. کەواتە خاکەکانی بەشی خواروو بۆ چ ئەیانەوێ جوێ ببنەوە؟ چونکە ئەزانن کە بەندەگەری هەر لائەبرێ، لەبەر ئەوە خۆیانی لێ دوور ئەخەنەوە. ئەوان لەمە زۆرتریشیان ئەوێ: ئەیانەوێ بەندەگەری پەرەی پێ بدرێ!...

لەمەدا، ئێمە، هەموومان، تاوانبارین. بەڵام ئێمە بەشی خۆمان، ئامادەین کە هەڵەکەمان ڕاست بکەینەوە. کەچی ئێوە ئەوەتان ناوێ!».



هاوڕێیەکی خۆی پێی گوت لەناو بیست و سێ کەشیشی شاری (سپرینگفیلد)دا، هەر سێ کەشیشیان هەیە کە پشتیوانیی بکات. ئەویش پەنجەی ڕاکێشا بۆ (ئینجیل) و پێی گوت: «مەسیحییەکان، کە ئەم نووسراوەیان لەناو دەستابێ، چۆن ئەتوانن پاکانە بۆ بەندەگەری بکەن؟ چۆن ئەتوانن پشتیوانیی بکەن و دەنگی بۆ بدەن؟ هەرچەند ئەکەم، لەمە تێ ناگەم! من بڕوام بەخوا هەیە، هەروەها باوەڕیشم هەیە بەخوا کە حەز لە زۆرداریی و بەندەگەری ناکات. من وام دێتە پێش چاو کە گێژەڵووکەکە نزیک بۆتەوە. بڕوایشم وایە کە خوا لەمەدا دەستی هەیە. ئەگەر هاتوو لەناو ئەم گێژەڵۆوکەیەدا جێگام بووەوە. بڕوایشم وایە کە جێگام ئەبێتەوە، من ئامادەم کە پێویستی سەرشانم بەجێ بهێنم. من هیچ نیم. بەڵام ڕاستی هەموو شتێکە. مەسیحیش هەر ئەمەی فێر کردووین! (دوگلاس) نایەوێ بەندەگەری هەڵبگیرێ. بەڵام خوا ئەیەوێ هەڵبگیرێ. مرۆڤایەتی ئەیەوێ هەڵبگیرێ. منیش هەر ئەمەوێ هەڵبگیرێ. بێگومان لەم فەرمانەمدا، خوا یارمەتیم ئەدا».

لە شەوی ٦/١١/ ١٨٦٠دا، جەنگی[١] هەڵبژاردن دوایی هات بەسەرکەوتنی (ئەبراهام لینکۆلن)، بۆ سەرۆکایەتی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کەچی خاکەکانی بەشی خواروویش دەنگیان بۆ نەدابوو. ئینجا کە ئەم ئەنجامە ئاشکرا کرا، کە بەڵگەیەک بوو بۆ گەشەکردن و گەورەبوونی هێزەکانی ئازادیی لەناو جیهانی تازەدا. خاکەکانی بەشی خواروو، خۆیان پێ نەگیرا، بەرپەرچیان دایەوە. سەرکردەکانیشیان هەموو بەیەک دەنگ هەستانە سەرپێ و گوتیان:

«ئێمە نامانەوێ ئەم پیاوە فەرمانڕەواییمان بەسەردا بکات». هەروەک ئەو داربڕە، بەتەنیا هەر خۆی، بانگ کرابێ بۆ وەشاندنی تەورەکەی لە ڕەگ و ڕیشەی یاسای کۆن، وابوو.

(١) جەنگی هەڵبژاردن: مەبەستی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە.

## شەڕی نیشتمانی

پێش ئەمەی (ئەبراهام لینکۆلن) فەرمانی پایە بڵندەکەی بەرێتە دەست، گەلێک ئاژاوە و گەڕوگێچەڵ لێی کۆبووبووەوە. دەستووری (خانوی سپی)[1] وابوو، هەوارگەی سەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکا، کە لە مانگی نەورۆز (مارت)دا نەبێ. هیچ سەرۆکێکی تازەی تێ نەبێ. تا ئەو ڕۆژە هاتە پێشەوە گەلێک کارەساتی گەورە و گرنگ ڕووی دا، نیشتمانەکەی سەرسام کرد و هێنایە لەرزە.

لە مانگی دوانزەهەمی ساڵی ١٨٦٠دا، خاکی (ساوث کارۆلینا) خۆی لە یەکێتی ئەمریکا جوێ کردەوە و بانگیشی دا بۆ دراوسێکانی کە ئەوانیش دوای بکەون. لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٨٦١دا، خاکەکانی (میسیسیپی) و (فلۆریدا) و (ئالاباما) و (جۆرجیا) و (لویزیانا)یش دوای قسەی ئەو کەوتن، ئەوانیش جیابوونەوە. لە مانگی ڕەشەمێی ساڵی ١٨٦١دا خاکی (تەکساس)یش جوێ بووەوە. سەرکردەکانی ئەم خاکانە، دەستیان کرد بەچاوەڕاوکردن لە نەتەوە، خراپەی یەکێتییەکەیان پیشان ئەدا لەو ڕووەوە کە هەڕەشەی زاڵبوونی پیشەسازیی بەشی ژووررووی ئەکرد بەسەر بەرهەمی کشتوکاڵەکەی ئەواندا. ئینجا لە ١٨٦١/٢/٤دا، نوێنەرانی هەر حەوت خاکەکە لە شاری (مۆنت گۆمەری)، لە خاکی (ئالا باما)دا کۆبوونەوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بەناوی (خاکە ڕێککەوتووەکانی ئەمریکا)وە فەرمانڕەواییەکیان دامەزراند، (جفرسن دایڤی)یان بۆ هەڵبژارد کە ببێ بەسەرۆکێکی سەرپێیی[2].

خاکەکانی بەشی ژووررووی لەمە سەرسام مان، چونکە جوێبوونەوەی بەشی خوارووویان بەستەم ئەهاتە پێش چاو. پێشبینی هاونیشتمانەکان بەرامبەر ئەمە، جوێ جوێ بوو. بەلای هەندێکیانەوە وابوو کە ئەم جوێبوونەوەیە بەباش ئەگەڕێ بۆ بەشی ژووررووی. چونکە یەکسەر ڕزگاری ئەکات لە دەست یاسای بەندەگەری، «یاسای خێوەکان». هەروەها ئەو گیروگرفتانەیش کە بەهۆی ئەوەوە ڕوویاندا بوو لە ناوەند خۆیان و بەشی خوارووودا، لە کۆڵیان ئەکەون.

بەلای هەندێکی تریشیانەوە وابوو، کە یەکێتیی خاکەکانی ئەمریکا، شتێکی بەرز و پیرۆزە. لەبەر ئەوە پێویستە خاکە جیابووەکان، بەزۆر بخرێنەوە سەر یەکێتییەکە و،

(١) کۆشکی سپی، کۆشکی سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

(٢) سەرپێیی: کاتی (مؤقت).



پێیشیان لێ دابگیرێ کە لە ڕێگای ڕاست لانەدەن و کەینەوبەینەی بەندەگەرییەکە دادخواهانە ببڕێننەوە. سەرمایەدارەکانیان، ئەوانەی پەیوەندیی بازرگانییان هەبوو بە بەشی خوارووەوە، حەزیان نەئەکرد، بەشەڕ، بەشی خوارروو بخرێتەوە سەر یەکێتییەکە، وایان بەباشتر ئەزانی کە ئەو مەبەسە بەشێوەیەکی ئارام و نەرمونیانی پێک بێت. (کۆنگریس)یش چارەیەکی مامناوەندی پێشنیاز کرد. ئەویش ئەوەبوو کە بەندەگەری لەناو ئەو خاکانەدا بهێڵرێتەوە کە بڕیاری لەسەر ئەدەن. ڕێیش بدرێ بەبازرگانی قولەڕەش لەناو هەموو خاکەکانی یەکێتییەکەدا. هێڵێکیش بکێشرێ لە ناوەند ئەو خاکانەی کە بەندەگەرییان لابردووە و ئەو خاکانەی کە بەندەگەرییان هێشتۆتەوە، هەروەک ئەو هێڵەبێ کە لەوەپێش لەسەر پەیماننامەی ڕێککەوتنی (مازوری) دانرا. بەڵام هیچ چارەکردنێک لەم چارەکردنانە، بەدڵی نەتەوە نەبوو، لەبەر ئەوە هیچ کاتێکیان پشتگیریی تەواویان نەکرا. گێژەڵۆکەی ترس و لەرز و توندوتیژیی و خەموخەفەت و گلاراویی، هەروەک خۆی مایەوە، نیشتمانەکەی بەرەو وێرانی ئەبرد. ئیتر بۆ هەموو کەس ئاشکرابوو، کە بەچەک نەبێ، چارەی هیچ ناکرێ!...

لە ڕاستیشدا، هیچ چارە نەمابووەوە، جەنگ نەبێ کە ببێتە ناوبژیکەری هەردوولا. چونکە چاکەی ئابووریی هەردوولایان گەیشتبووە ئەندازەیەک لە جیاوازی و بەربەرەکانێدا. بەهیچ کلۆجێ لە تواناندا نەبوو، کە بەشیرینی ڕێک بکەون، یاخود هەر لەو بارەدا بمێننەوە. چونکە خاکەکانی بەشی ژووررووی، کە ناوچەی پیشەسازی بوون، وەک ناوچە کشتوکاڵییەکانی بەشی خوارروو نەبوون کە بەهەندێ شت زیانیان پێ بگات. ئەوان ئەیانویست فەرمانڕەوایی بەجۆرێک ببەن بەڕێوە، کە چاکەی خۆیانی تیابێ. ئەوان توانییان هەندێ باجی گومرگی گران بخەنە سەر هەندێ کەرەستەی پیشەسازیی، بۆ ئەمەی پیشەسازییە نیشتمانییەکەی خۆیان بپارێزن. کەچی ئەم جۆرە باجانە بەکەڵکی خاکەکانی بەشی خوارروو و نەئەهاتن، لەبەر نەبوونی پیشەسازی لە ناویاندا.

لۆکە و نەیی شەکر، گرنگترین، بەرهەمی بەشی خوارروو بوون. ناردنیان بۆ دەرەوە بۆ فرۆشتن، ئەوەبووە سەرچاوەیەکی سامان بۆیان. بەڵام پیشەسازییەکەی بەشی ژووررووی پێویستی بەوانە هەبوو. ئەیشیان ویست بەنرخێکی هەرزان بیان کڕن. نەیشیان ئەهێشت کە پیشەسازی بێگانە لە کڕینیاندا بەربەرەکانێیان لەگەڵدا بکات. فەرمانڕەوایی ئەمریکایش. باجێکی یەجگار گرانی خستە سەر بردنە دەرەوەیان، بوو بەهۆی ئەوەی کە پەکی دەرەوە چوونیان بخات بۆ خاکە بێگانەکان، وایشی لێ کردن، کەم سوودبن، بێ

کەڵک بمێننەوە. لە دوای هەموویشیانەوە، کەینەوبەینەی بەندەکان دێتە پێشەوە، کە لەناو چرچ و لۆچەکانی خۆیدا هەموو کەینەوبەینەکانی تری شاردبووەوە. چونکە بەندەگەری، بۆ یاسای زەویداری بەندەیی زۆر پێویست بوو. بەڵام بۆ یاسای سەرمایەداری، بەرهەڵستێکی گەورەبوو، پەکی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەخست. بێجگە لەمانە، هەموویان، بیروباوەڕی وایش پەیدا بوو بوو، کە لکابون بەم هەموو کاروبارانەوە، زۆربەی نەتەوەکەیان وریا کردبووەوە و ئامادەباشی کردبوون کە لە پێناویاندا خۆیان بەخت بکەن.

بەم ڕەنگە، بۆمان دەرئەکەوێ کە شەڕی خۆماڵی[1] ناو ئەمریکا، هەروەک مێژوونووسەکان: (چارلس) و (ماری بیرد) پیشانیان داوە، لە ڕاستیدا بریتی بوو لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، هەر لە زووەوە، هۆیەکانی دەستیان کردووە بەپەیدابوون تا دوایی بەتەواوەتی دەرکەوتن و لەو شێوەیەدا هاتوونەتە پێشەوە. ئەگەر بهاتایە، ئەو کێڵگە گەورانە بەخۆیان و یاساکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیانەوە، هەر لە بەشی خوارووی ئەمریکادا کۆ نەبوونایەتەوە بەڵکو بەهەموو لایەکی ئەمریکادا بڵاوببونایەوە، ئەوساکە شەڕە خۆماڵییەکە لەناو هەموو خاکێکدا پەیدا ئەبوو، لە ناوەند خاوەن کشتوکاڵە ئەریستۆکراتییەکاندا و، خاوەن پیشەسازی و بازرگانییەکاندا. ئەوساکە، لەجیاتی ئەمەی کە شەڕ هەڵبگیرسێ لە ناوەند دوو بەشی گەورەی ئەمریکادا، لە ناوەند (چینی زەویدار) و (چینی سەرمایەدار)دا هەڵ ئەگیرسا.

***

(ئەبراهام لینکۆلن) سەرۆکایەتیی خاکەکانی ئەمریکای، لە ١٨٦١/٣/٤دا گرتە دەست. ئەوکاتە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵ بوو. ئەو بارەی ئەوی تێ کەوتبوو، وای پیشان ئەدا کە سەرۆکایەتییەکەی خۆی نەتوانێ بەجێ بهێنێ و ئاواتی نەتەوەکەی خۆی نەهێنێتە دی. بەڵام پشتگرتنی نەتەوەکەی بۆ ئەو، وای لێ کردبوو کە پشت بەخۆی ببەستێ و تا سەر بەرێگای خۆیەوە بڕوا تا ئەگاتە ئامانج. چونکە بەلای ئەوەوە، سەرۆکایەتییەکە خۆی، ئامانجێک نەبوو، دڵی پێی دابمرکێ. بەڵکو بریتی بوو لە سەرەتای گەشتێکی تازە لە تێکۆشاندا. خۆی هەستی پێ ئەکرد، کە ڕەنگە لەم ڕەنج و تێکۆشانەدا لەناو بچێ، بەڵام ئەم هەست پێ کردنە نهێنییە، لەوانە نەبوو کە تەگەرە لە فەرمانی بدات، بەڵکو زۆرتر پاڵی پێوە ئەنا بۆ پێشەوە کە فەرمانەکە باشتر و زووتر بباتە سەر...

(١) یا: شەڕی ناوخۆ.



سەرۆکی تازە، دەستی لەسەر (ئینجیل) دانا و، سوێندی خوارد کە دەستوور بپارێزێ. گوتیشی: ئەم سوێند خواردنە ناچاری ئەکات کە پێویستی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنێ لە بەکارهێنانی یاسای خاکە یەکگرتووەکاندا لەناو هەموو خاکەکاندا. پاشان گوتی: یەکێتیی ئەمریکا نابێ هەڵوەشێنرێتەوە. هەر کارێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی بکرێ، بەهیچ و پوچ ئەژمێرێ. فەرمانڕەوایی ئەمریکایش ئامادەیە بۆ پاراستنی ئەم یەکێتییە، بەهەموو هێز و توانایەوە. ئینجا قسەکەی خۆی وا بڕاندەوە:

«بڕوام وایە، کە ئێوە قسەکانم بەهەڕەشەکردن دانەنێن. من مەبەستم وشەی یەکێتییە. ئاشکرای ئەکەم کە ئەمەوێ بیپارێزم و لەسەر بنچینەیەکی دەستووریش پشتی بگرم. منیش کە ئەمەوێ ئەوە بکەم هیچ بەپێویستی نازانم کە خوێن بڕێژرێ و شەڕ بکرێ، تا دەسەڵاتی نەتەوەییش ناچارم نەکات دەست نادەمە شەڕ».

(لینکۆلن)، کەمێک دوودڵی پیشان دا لەوە کە زوو دەست بکات بەبەرەنگاری کردنی بەندەگەری، یاخود ئاشکراکردنی شەڕ لەگەڵ خاکە جیابووەکان بۆ ئەمەی بیانخاتەوە ناو یەکێتییەکە. ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە دەروون لە شێواوی و بێ ئارامی دابوو. هێشتا لە مەبەسی پشتگیرەکانی خۆی دڵنیا نەبوو بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە هەندێ لە بازرگانەکان، شەڕیان پێ خۆش نەبوو هەڵبگیرسێ، چونکە پەیوەندیی بازرگانییان هەبوو بەخاکەکانی بەشی خوارەوە. هەر چییەکیشیان لە دەست بهاتایە ئەیانکرد هەر بۆ ئەمەی شەڕ هەڵنەگیرسێ. ئەوانە ئەوەندە دەستیان پەیدا کردبوو لەناو دەزگاکانی فەرمانڕەواییدا گزیرەکانی لینکۆلن خۆیان، ڕێوشوێنێکی وایان ئامادە کردبوو کە (لینکۆلن) خۆی بخەنە ئەو تەنگوچەڵەمەیەوە، پێش ئەمەی بگاتە (واشینگتۆن).

گزیری دەریا[1] کەشتییەکانی ئەمریکای بەم لا و بەولای جیهاندا بڵاو کردبووەوە. گزیری جەنگ لەشکری بڵاوە پێ کردبوو. بەچەکەکانی بەشی ژووروویش، بەشی خوارووی چەکدار کردبوو. گزیری سامانیش گەنجینەی فەرمانڕەوایی بەسەر پرۆژەی ڕەنگاوڕەنگدا دابەش کردبوو. هیچی تیا نەهێشتبووەوە. نیشتمانیش هەر چاوەڕوان بوو شتێ بکرێ! هەموو لایەک چاوەڕوان بوون، کارەساتێکی یەجگاریی لەلایەکیانەوە دەربکەوێ و بیروباوەڕ و بڕیاری خۆی دەربڕێ، نیشتمان لە تاریکایی گومان و دوودڵییەوە ڕزگار بکات و بیخاتە بارێکی ڕۆشنی دڵنیاییەوە.

(١) وزير البحرية.

چاوەڕوان کردنی هەمووان، زۆری پێ نەچوو. ئەو کارەساتەی چاوەڕوانی بوون ڕووی دا. باش بوو کە لە بەشی خوارووەوە پەیدابوو. کارەساتەکەیش دەستدرێژی و زۆرداری بوو.

لە شەوی ١٣/٤/١٨٦١، هێزەکانی خاکە ڕێککەوتووەکان، تفەنگیان گرتە (فورت سومتر)، کە کەلاتێک بوو لە بەندەری (چارلستون)دا، هێزێکی پارێزەری یەکێتیی تیا جێ گیر بووبوو، (لینکۆلن) بڕیاری دابوو، خۆرشتی بۆ بنێرێ. فەرمانڕەوایی ڕێککەوتوو، لەوە ترسی لێ نیشت. لەبەر ئەوە کەلاتەکەی گوللەباران کرد. هێزە پارێزەرە بچووکەکەی ناوی، ناچاربوو خۆی بدا بەدەستەوە. ئاڵای یەکێتییەکەی کە بەئەستێران ڕازابووەوە، لێی هێنرایە خوارەوە و، ئاڵایەکی تریان خستە جێگای، کە لە ناوەڕاستیا درەختێکی خورما، وێنەکێشرابوو، ئەویش ئاڵای بەشی خواروو بوو کە لە یەکێتییەکە جوێ بووبووەوە نەتەوە بەم کەتنە ڕقی هەڵسا. ئەو سامەی لێی نیشتبوو بەهۆی ئەو تێکچوونانەوە کە ماوەیان نەئەدا بەیەکگرتن و یەک قسەیی هەردوولا، ئەوانەی کە هەڕەشەیان لە نیشتمانەکە و ئازادیی نیشتمانەکە ئەکرد... ئەو سامەی شکا و لە دڵی چووە دەرەوە هەموویان ڕوویان کردە (لینکۆلن). چونکە هەر بەویاندا ڕائەپەرموو، کە لەو ڕۆژە تاریک و نوتەکەدا، ڕێگایان بۆ ڕۆشن بکاتەوە و، مەردایەتی و زرنگی و شارەزایی و کارگوزاریی خۆیشی بخاتە کار بۆ ئەمەی رزگاریان بکات لە دەست ئەو تەنگ و چەڵەمەیە، لە بەیانی دوارۆژی داگیرکردنی کەلاتی (سۆمتر)دا، (لینکۆلن) لە سەردارەکانی خاکە دۆستەکانی خواست کە ٧٥٠٠٠ هەزار سەرباز کۆ بکەنەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە؛ گوتی: «من باوەڕیم وایە، کە بیری بنچینەیی ئەم شەڕوشۆڕە لەوەوە پەیدابووە کە پێویستمان بەو بەڵگەیە هەیە کە پیشانمان بدات: فەرمانڕەوایی نەتەوەیی شتێکی هیچ و پووچ نییە، پاراستنیشی گران نییە، هەروەها پێویستیشە لەسەرمان کە ئەم کاروبارە گرنگە ببڕێنینەوە: ئایا ڕەوایە بۆ کەمایەتییەک لە فەرمانڕەواییەکی ئازاددا، کە هەرچەند ئارەزووی کرد ئەم فەرمانڕەواییە تێک بدا؟!».

هەفتەیەکی پێ نەچوو ژمارەی سەرباز لە ٩٠٠٠٠ نەوەد هەزار کەسی تێپەڕاند لە پاش دوو مانگ ژمارەیان خۆی دا لە ٣٠٠٠٠٠ سێسەد هەزار کەس، لەناو گێژاوی ئەو خوێن گەرمی نیشتمانپەروەریەدا، لەشکرێکی گەورە کۆبووەوە، لەپێش تەواوبوونی شەڕی خۆماڵیدا، ژمارەی گەیشتبووە سێ ملیۆن سەرباز. (لینکۆلن) بوو بەسەرکردەی ئەو لەشکرە گەورەیە، مەشق پێکردن و خۆرشت ئامادەکردن و سەرکردەیەتیی لە کۆڕی جەنگا، هاتبووە سەر ئەستۆی (لینکۆلن).



لە پاش دەرچوونی فەرمانی (لینکۆلن)، چوار خاکی تریش لە یەکێتیی ئەمریکا جوێ بوونەوە: (ڤەرجینیا)، (نورث کارولینا). (تانسی) و (ئەرکەنساس) و چوونە سەر خاکە ڕێککەوتووەکانی بەشی خواروو. پایتەختی خاکە ڕێککەوتووەکان لە (مونت گومەری)یەوە گوێزرایەوە (ڕیشموند) لە (ڤەرجینیا)دا. ژمارەی خاکە جیابووەکان گەیشتە یانزە، کە کۆمەڵەی ژمارە سەریان نۆ ملیۆن بوو، سێیەکیشیان قولەڕەش بوون. بەشی ژووروویش بریتی بوو لە بیست و سێ خاک، کۆمەڵەی ژمارە سەریان بیست و دوو ملیۆن بوو، هەموویشیان لە ڕەگەزی سپی بوون. زۆربەی هێزی پیشەسازی و بازرگانی دەرەوە و زانیاری هونەر و ڕێگای ئاسنەکان، بەدەست دانیشتووەکانی بەشی ژوورەوە بوو. بەڵام بەشی خواروو، لە بەرهەمی شینایییدا دەوڵەمەند بوو. سەرکردەکانیشیان باوەڕیان وابوو کە پیشەسازی یەکێتییەکە، ناتوانێ بێ ئەم بەرهەمانە بژی. خۆیشیان ئەتوانن ئەو بەرهەمانە لە بازاڕەکانی ئینگلتەرە و فەرەنسادا بفرۆشن و کەلوپەلی جەنگیش لەو خاکانەوە بهێنین. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئامادەیی خۆیان بۆ جەنگ زۆرترە لە ئامادەیی بەشی ژوورروو. شارەزاییشیان لە هونەری شەڕ و شۆڕدا لە کۆنەوە هەیە. هەروەها سەرکردەی بەناوبانگ و شارەزایشیان هەیە. بێجگە لەوانەیش هەمووی، ئەو تێکچوونەی لەناو خۆیاندا هەیانە بەکەڵکی ئەمان دێ. چونکە خاوەن کشتوکاڵەکانیان حەز بەبیروباوەڕی بەندەگەری ئەکەن، کە ئەم جیابوونەوەیە لەپێناو ئەودا کرا، هەروەها کۆمەڵێکیشیان تیایە حەز بەشەڕکردن، هەر ناکەن.

## باری گەورەیی

هێزە ڕێککەوتووەکان، لە پاش داگیرکردنی کەلاتی (سۆمتر) هەر لەسەر هورووژمی خۆیان ڕۆیشتن بانگیان دا کە ئەچن بۆ سەر (واشینگتۆن)، بۆ ئەمەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست. ئەوەیش دیاربوو کە پایتەختی خاکە یەککگرتووەکانی ئەمریکا کەوتبووە ناو خاکی (کۆڵۆمبیا)وە کە خاکی (ماریلاند)ی دوژمنی یەکێتی لای لێ گرتبوو. بەم ڕەنگە خۆی لە ناو سنووری خاکێکی یاخی بوودا ئەدی، ئەم لا و ئەولای لێ گیراوە و، خۆیشی هیچ هێزێکی پارێزەری نییە لەسەری بکاتەوە، چەند کەسێکی کەم نەبێ لە سەربازان. ئینجا کە زانرا هورووژم ئەبرێتە سەری، ترس و لەرزی تیا بڵاوبووەوە و باری چوارلاگرتن ئاشکرا کرا. کەڵەکی خۆپاراستن[١] لە دەروازەکان و شەقامەکانی و

(١) کەڵەکی خۆپاراستن: سەنگەر و مەتەرێز.

دەزگا گشتییەکانیدا کرا ژن و منداڵانیش دوور خرانەوە بۆ جێگایەکی وا کە لێی دڵنیابن هیچیان لێ نایەت. (لینکۆلن)یش ناردی بەدوای لەشکری کۆماری ژمارەیەکدا، بێتە (واشینگتۆن) بۆ پاراستنی شارەکە. بەگلاراوییەکەوە چاوەڕوانی ئەکرد.

دانیشتوانی شارەکەیش بەترس و لەرزێکەوە چاویان بڕیوە دەروازەکانی پایتەخت. ئەترسان لەوەی، پێش ئەمەی لەشکری کۆمار بگاتە لایان، دوژمنەکان هەڵکەوتنە سەریان و ئازاریان بدەن. دوایی لەشکری ژمارە یەکی کۆمار، گەیشتە (واشینگتۆن) بەڵام لە پاش ئەوەی کە لە ڕێگادا هەندێکی لێ کوژرابوو بەهۆی شەڕێکەوە کە لە (بالتیمۆر)دا لەگەڵی کراوە، لەلایەن هەندێ لە یاخی بووەکانەوە. ئەمانە جارێکیان گەلەکۆمەکیان کردبوو لە (لینکۆلن) کە بیکوژن، بەڵام ئەو بەوریایی و پارێزگاری خۆی، خۆی لە دەست ڕزگارکردبوون. ئینجا ئەوانیش خەریک بووبوون پەلاماری ئەو لەشکرە بدەن کە سەرۆک (لینکۆلن) هاواری بۆ ناردبوون. لەناکاو پەلاماریان ئەدەن و شەڕێکی بچووکیان لەگەڵ ئەکەن. پاشان ئەشکێن. بەڵام توانیویان لەشکرەکە دوا بخەن لە گەیشتنە پایتەخت زیانیشیان زۆر لێ کەوتبوو.

ئەم لەشکرە لە لەشکری ڕێککەوتووەکان زووتر گەیشتە (واشینگتۆن)، بەڵام وەک هەموو لەشکرێکی کۆمارەکە، لە چەک و فیشەکدا، لە مەشق و شارەزاییی، لە خواردەمەنیدا هەژاریی پێوە دیاربوو. هێشتا لە لەشکرگاهەکەیاندا بەتەواوەتی دانەمەزرابوون، کە بۆ کاربەدەستان دەرکەوت. بوونی ئەوانە لەوێدا، ئەبێتە هۆی ڕوودانی برسێتی. چونکە هەر هاتوو دەستی کرد بەهاوبەشی کردن لە خواردەمەنییە کەمەکەیاندا. ئەوەیش بوو بەهۆیەکی ترس و لەرز و پشێویی بۆ دانیشتوانی شارەکە. پاشان، خاوەن دەسەڵات، بۆی دەرکەوت کە گەلەکۆمەکییەک هەیە لەناو جەرگی پایتەختدا. جیابوونەوە خوازەکان[1]دا و ئەنێنەوە بۆ خستنی فەرمانڕەوایی سووتاندنی شار. لەناو نەتەوەدا پشێویی بڵاوبووەوە. پاشان کەوتیشە ناو شوێنە فەرمانڕەواییەکانەوە. گزیرەکان دەستیان کرد بەپلارگرتن لە کردەوەکانی (لینکۆلن). تیژترین توانجی تێ ئەگرن کە نیشتمانەکەی تووشی ئەم دەردی سەرییە کردووە. بەڵام گەورە پیاوەکە، مەند و بێ دەنگ خۆی ڕاگرت، تا پێی کرا لەسەر بیروباوەڕی خۆی کردەوە. بەهۆی نیشتمانپەروەرییەکەی خۆیەوە و، کردەوە بڵندەکانیەوە و، کارگوزارییە بەهێز و تواناکەیەوە و، کاروبار هەڵسوڕاندنە

(١) ڕاستتر: جیاخوازەکان.



ژیرانەکەیەوە، توانی نیازی ڕەنجدان و تێکۆشان و خۆبەخت کردن لە دڵی گەلدا بەهێز بکا، بەئەندامەکانی فەرمانڕەواییش نیاز ببەخشێ کە باوەڕی پێ بکەن و یارمەتیشی بدەن. هەروەها توانیشی مۆتەکەی برسێتی و گرانیش بدا بەهەرددا[1]، بەوەی کە ناردی چەند هەزار تایەک[2] ئارادیان لە بەشی خواروو داگیر کرد و هێنایانە ناو شار. چەک و فیشەکیشی بۆ لەشکر کڕی لە ئەورووپا و کارخانەی نیشتمانیشی بۆ دروست کردنیان دامەزراند. باری سەرشانی پیاوی گەورە، هەموو دەم، بەپێی گەورەیی و دەروون بڵندیی و فراوانی ئاواتی ئەبێ. هەروەها باری سەرشانی (لینکۆلن)یش لەو پێنج ساڵی شەڕوشۆڕە سامناکەدا، ئەوەندەی ئەو ئاواتە گەورەیە؛ گەورەبوو، کە نیازی کردبوو بیهێنێتەدی. بەشەو و بەڕۆژ، خەریکی بەجێهێنانی، فەرمانی نیشتمانیی خۆی بوو، کە لەو ڕۆژە ڕەشانەدا پێویست بوو بکرێن. هەروەها خەریکی جێبەجێ کردنی ئەو نامەی مرۆڤایەتییە بوو کە نیشتمانەکەی پێی سپاردبوو بەئەنجامی بگەیێنێ. ئەو لەو شەوەزەنگی، سەرگەردانییەدا، کە گەلەکەی تێ کەوتبوو، لە چرایەکی ئەکرد کە بەهۆشی خۆی ڕێگای بۆ گەلەکەی خۆی ڕۆشن ئەکردەوە. هەروەها لەو دڵەیشی ئەکرد، کە ژیان لەناو دەمارەکانیا گڤەی ئەکرد. ئەو لەو کاتەدا، کە ئەو هەموو کاروبار و ئەرک و فەرمانە گەورانە بەسەرشانییە بوو، لەناو ئەو شەڕە خۆماڵییە گەورەیەدا کە بەربووبووە گیانی جیهانی تازە و هەڕەشەی لەناوبردنی لێ ئەکرد. هەر لە پاڵەوانی چیرۆکە کۆنەکەی ئەکرد، (ئەتلەس) کە جیهانی بەسەرشانە زەلامەکانییەوە هەڵگرتبوو.

ئەو ماوەیەی کە بەشی خواروو تیا سەرئەکەوت کەم نەبوو. چونکە هەروەکو لەوەپێش گوتمان، مەشقی زۆرتری هەبووە لە سەربازیدا، کەلوپەلی باشتری هەبوو، سەرکردەکانیشی شارەزاتر بوون لەشەڕدا. لەبەر ئەوە گەلێک سەرکەوتنی گەورە گەورەی دەستکەوت لە شەڕدا، بەجارێک یەکێتیی ئەمریکای خستە گێژاوی ئازار و ترس و لەرزەوە. لەبەر ئەو هەموو زیانە گەورانەی کە پێی گەیشت. لە پاش هەڵگیرساندنی شەڕ، بەسێ مانگ، لە تاکە شەڕێکدا، کە لە نزیک (واشینگتۆن)ەوە کرا، چوار هەزار سەرباز لە لەشکری یەکێتی کوژرا، بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر لە چەک و فیشەک و کەلوپەلی جەنگ کە دەست دوژمن کەوتن. چەند جارێک دوژمن لە پایتەخت نزیک بووەوە، ڕاستەوڕاست هەڕەشەی لێ ئەکرد. تەنانەت پێش لەشکرەکانیان لە باڵەخانەکەی (خانووی سپی)یەوە

(١) واتا: زاڵبێ بەسەریدا، دووری بخاتەوە.

(٢) تا: باری وڵاخ، بەیەک لای دەوترێ (فەردەیەک).

دەرئەکـەوتن. بەڵام هیچ دەمـێک نەیان ئەوێرا هورووژمی ببـەنە سـەر، لە ڕاسـتـیـدا ڕزگاربوونیان لەو تەنگانە سەری پیاوی لێ سوڕ ئەما. کۆڕی جەنگ[١] یەجگار فراوانی لێ هات. لە ناوەند بەرەیەک و بەرەیەکی تردا، ماوەیەکی دوور و درێژ پەیدا بوو. جاری وا هەبوو، چەند هەفتە، بەڵکو چەند مانگێک ئەکەوتە ناوەند شەڕێک و شەڕێکی ترەوە. پاشان بەتوندوتیژییەوە شەڕ و کوشتار دەستی پێ ئەکردەوە. شەڕەکان هەر لەناو زەویدا نەئەکران، ئەکەوتنە ناو دەریایشەوە، ئەکەوتنە ناو دەریاکانی بێگانەیشەوە.

سەرۆک، فەرمانی دا، کەشتییە بازرگانییەکانیان گۆڕیی بەکەشتیی ناو دەریا. کەشتیی تازەیش دروست کرا. گەلەکەشتیی یەکێتییەکە بوو بە(٥٨٩) پارچەی دەریایی، کە حەفتا هەزار کـەشـتـیـیـەوان فـەرمـانـیـان تیـا ئەکـرد. بەڵام لەشکری سـەرزەوی، لە بەرامـبـەر شەستـتیـرەکانی لەشکری ڕێککەوتووەکاندا خۆیان پێ نەگیرا، ئەتوانەوە. جار لە دوای جـاریش ئەشکان، (لینکۆڵن)یش ناچار ئەبوو کە لە هاونیشتمانییەکانی ڕووبنی بۆ سەربازدان. پاشان ناچاربوو کە یاسای فەرمانی سەربازی ڕەشبگیر بڕیار بدات.

ئەم لەشکرەیش، وەک هەمـوو لەشکرێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ سـەربازی وای تیـابوو، تەمەنی نەئەگەیشتە شانزە ساڵی، یان پانزە ساڵی. جاری وایش هەبوو سیانزە ساڵی. سەرکردە گەورەکانیشیـان، هەر لە تەمەنی سی ساڵان دابوون. لە ساڵی یەکەمی شەڕدا، یەکێک لەو سەرکردانە هەڵکەوت، لاوێک بۆ ناوی (ماکلیلان) بوو. بەهۆی شارەزاییەوە لە ڕێکوپێک خستندا، لە دانانی ڕێوشوێنی دروستدا بۆ شەڕ، لە زیرەکی و وریاییـدا، گەیشتـە ئەندازەیەک کە لە هاوڕێکانی خۆی پێشکەوت. بەڵام ئەوەندە هەبوو لاوێکی تووڕە و ترۆ بوو، خۆی بەشتێکی زاڵ ئەزانی لە خۆبایی بووبوو، دەستدرێژییەکی زۆری پیشـان ئەدا، زۆر جاری وایش هەبوو، فەرمـانی فەرمـانڕەوایی واشینگتۆنی بەرپەرچ ئەدایەوە، یان گوێی نەئەدایە. (لینکۆڵن)یش چاوی لێ ئەپۆشی، لەگەڵیا زۆر بەئارام بوو، زۆر بەمەندیی لەگەڵیا ئەجووڵایەوە. جاری وایش هەبوو، لەودیو دەرگاکەیەوە چاوەڕوانی ئەکرد، تا لە فـەرمانی خۆی ئەبووەوە و کۆبوونەوەی خۆی ئەبڕاندەوە، تا دەستی ئەپەرژا چاوی پێی بکەوێ! ئەوە لەناو هەمـوواندا بڵاو بووەوە. هەمـوو کـەس پێی ناخـۆش بوو. هاوڕێکان توانجیان تێ ئەگرت. بەڵام ئەویش بەم قسە بەناوبانگە وەرامی دانەوە:

(١) مامۆستا زۆر جار (کۆڕ)ی بۆ (ئەنجوومەن – مجلس) بەکارهێناوە، لە نووسینەکانیدا، بەڵام لێرەدا مەبەستی لەو پانتاییەیەکە شەڕی تیا دەکرا؛ بەمانای ساحەی شەڕەکە (جبهە القتال).



«هەر بەو مەرجەی ماکلیلان لەم شەڕەدا سەرمان بخات من ئامادەم کە جڵەوی ئەسپەکەی بۆ بگرم!». ئەمەیە قسەی ئەو پێشەوایەی کە لەپێناو چاکەی نەتەوەکەیدا، چاکەی خۆی لەبیر ئەچێتەوە.

بەڵام (ماکلیلان) لە توانایدا نەبوو، کە ئەو سەرکەوتنانەی دەستی کەوت لە سەرەتای کاردا، بەکەڵکیان بهێنێ. باری نەتەوەی گران کرد، بەخواستە پەیتاپەیتاکانی خۆی بۆ ناردنی لەشکر. دوایی (لینکۆڵن) ناچار بوو، لای ببات و سەرکردەیی لەشکریش بخاتە چنگ خۆی. ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو کە کەسێکی تری نەدۆزیبەوە جێی ئەو بگرێتەوە. خۆیشی، هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە، دەستی کردبوو بەفێربوونی هونەری شەڕکردن. هەموو هۆش و گۆشی خۆی خستبووە سەر. توانی ئەمەندەی لێ فێربێ، کە بتوانێ تا ماوەیەک، سەرکردەیی لەشکرەکان بکات. ئەمە بێجگە لەوەیش کە کاروباری سەرۆکایەتیشی هەڵ ئەسووڕاند و سەرپەرشتییەکی هەمـوو دەمی کاروباری فەرمانڕەوایشی ئەکرد و، چارەی تەنگوچەڵەمەی پەیتا پەیتای وەزارەتەکانیشی ئەکرد، لەگەڵ پەیداکردنی پارەدا کە یەجگار پێویستیان پێ هەبوو، ئینجا چارەکردنی ئەو گەلەکۆمەکی و پشێویانەی کە لە هەمـوو لایەکی خاکی ئەمریکادا ڕوویان ئەدا. بێجگە لەوە، تەنگوچەڵەمەیەکی گەورە تووشی نیشتمانەکەی هاتبوو. ئەوەندەی نەمابوو کە شەڕێکی جیهانی لەسەر هەڵبگیرسێ یەجگار سامناک بێ. ئەویش ئەوەبوو کە ئینگلیزەکان و فەرەنسەکان و ئیسپانیاییەکان بەلای خاکەکانی بەشی خوارووییاندا دائەتاشی. چونکە ئەو خاکانە بووبوونە بازارێکی بازرگانی بۆ ئەوان، خاکەکانی بەشی ژووروو لەوەدا بەربەرەکانێیان لەگەڵ ئەکردن. ئەو سێ فەرمانڕەواییە گەورەیە گەلێک جاری وا هەبووە، خۆیان ئامادە کردووە کە لە شەڕدا پشتی بگرن، بەڵام زرنگیی (لینکۆڵن) نەیهێشتووە ئەوە بکەن. (لینکۆڵن) بەو هۆیەوە کە کەمێک لە خۆی دا ئەتاشی لەبەر دڵی بێگانەکان، هەرچەندە بەوە هاونیشتمانەکانی لە خۆی ئەوروژان، بەڵام توانیی نیشتمانەکەی خۆی لە تەنگوچەڵەمەیەکی یەجگار گەورە ڕزگار بکات کە دوور نەبوو سەرگەردانییەکی تەواویشی تیا بووایە بۆ خۆی.

(ئەبراهام لینکۆڵن)، ئەو هەمـوو گیـروگـرفت و تەنگوچەڵەمـانەی بەپێکەنینێکی دڵچـاکـانەی دڵسـووتاوانە پێشـوازی ئەکـرد. ئەگـەر دوژمنەکـانی پێیـان بگوتایە: پیرەکەمتیار، یان دڵداری بەندەکان، یان ئەسپی سەرکێش، یاخود پشی پشی کەری دڵ پڕ لە قین، ئەو هەر پێ ئەکـەنی. هەرچەند نامـەیەکی بێ خـاوەنی بۆ بهـاتایە، هەڕەشـەی کوشتنی تیا کرابێ، ئەو فڕێی ئەدایە ناو چەند نامەیەکی تری واوە کە لەناو بەرگێکدا کۆ

کرابوونەوە لە پشتەکەی نووسرابوو «نامەکانی هەڕەشە» ، ئینجا پێ ئەکەنێ. لەناو هەموو تەنگانە و لێ قەومانێکا هەر پێ ئەکەنی. ئەیگوت: «پێویستە پێبکەنم. چونکە کە پێ کەنیم پشت بەخۆم ئەبەستم. ئەگەر پێ نەکەنم لەناو ئەچم!» . ئەو ڕووخۆشییەی کە پیشانی ئەدا، زۆر جاری وا هەبوو، لە وتارە درێژە ئاگرینەکان زۆرتر کاری ئەکرد لە دڵی ئەوانەی کە ورەیان بەرئەدا و لە بێ ئارامییدا ئەتلانەوە. بەڵام ئەو پێ کەنین و ڕووخۆشییە، هەر لە پۆپەی ئەو شەپۆلانەی ئەکرد کە هەڵ ئەگیرسان و پڕشنگیان ئەدا، بەڵام چاڵێکی وا گەورە و قووڵیان لەبندا داپۆشرابوو، کە هەر بنی نەبێ. هەروەها دەروونی (لینکۆلن)یش، لە پشت ئەو پێکەنین و ڕووخشییەوە کە دەری ئەخستن، چاڵێکی گەورە و قووڵی پڕ لە ئەرک و ئازاری تیا بوو، تا ئەهات قووڵتر و گەورەتر ئەبوو. (لینکۆلن) ڕێزی ژیانی مرۆڤایەتی زۆر ئەگرت. بەسەرگەردانی مرۆڤ، دڵتەنگ ئەبوو، بەخوێنی ڕژا و، ئەورووژا. پیاوێکی دڵناسک و، دڵ پڕ لە هەست و، خاوەن خۆشەویستی و بەزەیی پیا هاتنەوە بوو. ئەوەی یەجگار پێ ناخۆش بوو، کە ئەی دی نیشتمانەکەی، بەدەستی خۆی، خۆی لەتوپەت ئەکات. خۆیشی ببێتە سەرکردەی ئەم شەڕە خۆماڵییە، کە پیاو برای خۆی ئەکوژێ. هەر برینێک لە لەشی نیشتمانەکەیدا پەیدا ئەبوو، تیرێکی تازەی ئەدا لە جەرگی، وای هەست ئەکرد کە ئازاری هەموو کەسێک بەجیاجیا و، ئازاری هەموانیش بەگشتی، ئازارێکن بەخۆی ئەگەن و خۆی دەردی کاری ئەکەن وایشی هەست ئەکرد کە کەوتووتە گێژاوی خوێن و فرمێسکی نەتەوەکەیەوە، خەریکە تیا نوقووم ببێ. ئەوی دەردی لینکۆلنی یەجگار گران کرد مردنی مناڵە هەرە بچکۆلەکەی بوو، کە لە تەمەنی دەساڵان دابوو ئەم خەفەتە تایبەتییە و خەفەتی سەرگەردانیی نەتەوەکەیشی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بوون، بۆ ئەمەی ئەو دڵە گەورەیەی ئەو بشکێنن. بەهیچ شتێک بەرگەی ئەو بارە ئازارە گرانەی نەئەگرت، بەخوێندنەوەیەکی هەموو دەمی نەبێت. هەرچەند مەرگەساتەکانی (شکسپیر) و ژیانی (واشینگتۆن)ی ئەخوێدەوە خەموتەمەکەی لە دڵ دەرئەچوو. ئەو بەهیچ دڵخۆشیی خۆی نەئەدایەوە بەوە نەبێ، کە ئەو شەڕە سامناکەی کە خوێنی بێ تاوانی تیا ئەڕژا. بەشەڕێکی سەرپێیی[1]ی دائەنا، بەناچاریی ئەبوو بکرایە، بۆ ئەمەی شەڕێکی نەنگی هەموو دەمی[2] پێ لابچێ.

(١) سەرپێیی: کاتی.

(٢) هەموو دەمی: هەمیشەیی (دائمی).



ئەو لەوە دڵنیابوو، کە لە پێناوی کەینەوبەینەیەکی ڕاست و دادپەروەرانەدا شەڕ ئەکات، ئەم دڵنیایەییش، هەم دڵخۆشی ئەدایەوە هەم هانەیشی ئەدا بۆ خەبات کردن. کە ئەو شەوگارە درێژانەی بەسەر ئەبرد، بەتەنیایی، بەبیرکردنەوە و ئاوات خواستن و پاڕانەوە لە خوا، بۆ بەیانی ئازایەتی و بێ باکییەکەی زۆرتر ئەبوو، نیاز و ئارەزووی خەبات کردن و سەرکەوتنی بەهێزتر ئەبوو. ئینجا قسە بەناوبانگەکەی خۆی دووبارە ئەکردەوە: «کەینەوبەینەکەی ئێمە، کەینەوبەینەیەکی دادپەروەرانە، هەرگیز ئەوە ڕوو نادات کە کەینەوبەینەیەکی وەها سەرنەگرێ. پێویستە ئێمە سەربکەوین. بێ گومان ئێمە هەر سەرئەکەوین!» .

ئەویش لەبەر ئەوەبوو، کە (ئەبراهام لینکۆلن)، هیچ ڕۆژێک نەبووە کە کەینەوبەینەی بنچینەیی و ئامانجی بنچینەیی شەڕەکەی لەبیر چووبێتەوە. چونکە ئەگەر لە بیریشی بچوایەتەوە، دەستەی ڕێککەوتووان، بەکردەوە دڕندانەکانیان بیریان ئەخستەوە. ئەوانە بەندەکانیان، هەروەک ڕۆماییەکانی کۆن بەکار ئەهێنا. چاڵیان پێ هەڵ ئەکەندن. کەلاتیان پێ دروست ئەکردن. ڕێگایان پێ تەخت ئەکردن. بۆ ئەمەی یارمەتیی گەورەکانی خۆیان بدەن لە سەرکەوتنی شەڕدا، کە بەنرخی ئازادیی خۆیان ئەکرا. ئەوانە بەکلوور لەو قولەڕەشانەیان ئەخستە شەڕەوە، بۆ ئەمەی ئەو ئاڵایەیان پێ بپارێزن کە نیشانەی بەندەیەتیی خۆیانی تیایە. ئەیان خستنە پێش سەربازەکانی خۆیانەوە، هەر کامێکیان بگەڕایەتە پاشەوە ئەکوژرا، ئەکران بەئامانجی ئەو گوللانەی کە ئەتەقێنران بۆ ئازادکردنی ئەوان. زۆر جار ڕووی ئەدا، کە ئەو قولەڕەشانەی لەکاتی شکانی لەشکرەکەیاندا، ئەترسان لەوەی کەتنیان پێ بکرێ، لە ڕیزی پیاوکوژەکانیان دەرباز ئەبوون و ڕایان ئەکردە ناو لەشکری لینکۆڵینەوە کە ناویان نابوو مەسیحی ڕزگارکەریان.

بەڵام دانیشتوانی خاکەکانی بەشی ژووروو، کە هەموویان بەیەک دەنگ بڕیاریان دابوو، یاخییەکانی بەشی خواروو بهێننەوە ژێربار و، بەزۆر بیانخەنەوە ناو یەکێتییەکە. هێشتا خۆیان لەناو خۆیاندا مقومقۆیان بوو لەسەر بەندەگەری. خاوەن پیشەکان ئەیانویست ڕەشەکانیش وەک سپییەکانیان لێ بێ لە مافی نیشتمانی و مافی مرۆڤایەتیدا. خاوەن کشتوکاڵەکانیش ئەوەیان پیشان ئەدا کە فەرمانی بەندەکان بەتەنیا، سامانی نیوەی خاکی ئەمریکای بەرهەم هێنا. ئەگەر ئەوانە ئازاد بکرێن، لە هەندێ خاکدا پایەی ئابووری نیشتمانی هاڕە ئەکات و دێتە خوارەوە، زۆربەی خاوەن کشتوکاڵە گەورەکانیش نابووت ئەبن. کۆمەڵی یەکەم ئەیانویست، بەندەگەری، دەمودەست لاببرێ. کۆمەڵی دووەمیش کە

کەمتر بوون لەوان نەیان ئەوێرا ئەم بیرە پەربەچ بدەنەوە، ئەیانگوت بام یاسای بەندەگەری بەرەبەرە لاببرێ. (لینکۆلن)یش گوێی لە هەردوولا ئەگرت. بێ ئەمەی پشتی لایەکیان بگرێ، یاخود بەرپەرچی بداتەوە. ئەو ئەیزانی کە لەو تەنگوچەڵەمە گەورەیەدا، یەکەم فەرمانی سەرشانی ڕزگارکردنی یەکێتی نەتەوەکەیە. بەڵام بابەتی بەندەگەری، ئەو لە پێشەوە بڕیاری خۆی لەسەر داوە. ئەو هەرچەندە ئامانجی شەڕەکەی ئەوەبوو کە یەکێتییەکە بپارێزێ، چونکە بەوە نەتەوەکە زۆرتر هۆگری شەڕەکە ئەبوون، زۆرتر خەباتیان تیا ئەکرد بەڵام خۆشی ئەیزانی کە هەردوو کەینەوبەینەکە لە ڕاستیدا تێکەڵ بەیەکتربوون لە یەک جوێ ناکرێنەوە. لەبەر ئەوە لە مانگی نۆهەمی ساڵی ١٨٦٢دا، کە موژدەی سەرکەوتنی کۆمارییەکانی بیستەوە، بەسەر ڕێککەوتووەکاندا، لە شەڕی (ئەنیتام)دا، دەمودەست ڕووی کردە کۆڕی گزیرەکان و بەئەندامانی فەرمانڕەوایی گوت:

«من لە دڵی خۆمدا بڕیارم دابوو، هەر کاتێ سەرکەوتنێکمان دەستکەوت، نامەیەک بۆ ئازادکردنی بەندەکان دەربکەم. من تا ئێستا ئەمەم بەکەس نەگوتووە. بەڵام بەڵێنم بەخوا و بەخۆم دابوو کە بیکەم. وا ئێستەکەیش ئەو بەڵێنە بەجێ ئەهێنم!».

چەند ڕۆژێکی پێ چوو، نامەی لابردنی بەندەگەری ئامادەکرد. ماوەیشی دا بەخاکەکانی بەشی خواروو کە تا یەکەم ڕۆژی مانگی یەکەمی ساڵی تازە بگەڕێنەوە بۆ یەکێتییەکە و، ئازادکردنی بەندەکانیش لە خۆیانەوە جێبەجێ بکەن. ئەگینا نامەی ئازادکردنەکەی خۆی بڵاو ئەکاتەوە و بەزۆریش پێیان جێبەجێ ئەکات. وەرامی خاکەکانی خواروویش ئەمە بوو. کە لە شەڕدا دڕندەیەتییان زۆرتر نوواند و، زۆرتر خۆیان تیادا بەکوشت. ئینجا کە ماوەکە بەسەرچوو، (لینکۆلن) نامەکەی خۆی لە سەرەتای ساڵی ١٨٦٣دا بڵاوکردەوە. بەڵام ئەوەی بەبیریا ئەهات ڕوویدات، لەسەر ئەو بڵاوکردنەوەیە، ڕووی نەدا. چونکە خاکەکانی بەشی خواروو، گوێیان نەدایە، لەبەر ئەوەی کە سەر بەفەرمانڕەوایی ڕێککەوتووەکان بوون. خاکەکانی ژووروویش ئەوەندە نرخیان نەدایە، چونکە نامەکە لە سەرەک کۆمارەوە دەرچووبوو، نەک لە کۆنگرێسەوە. چونکە بەندە هی خاوەنەکەیەتی. سەرەک کۆمار مافی ئەوەی نییە کەس لە سامانی خۆی بێبەش بکات.

دوای ئەوە، لەشکری بەشی ژوورو، تووشی چەند شکاندنێکی یەک لەدوای یەک بوون. درێژبوونەوەی شەڕیش، هاونیشتمانەکانی لە شەڕ سارد کردەوە. لەوە دوا نەئەهاتن بۆ سەربازیی. لەبەر ئەوە لینکۆلن نا چاربوو، یاسای فەرمانی سەربازیی ڕەشبگیر، بڕیار



بدات. تا ئەهات پارە بەختکردنی فەرمانڕەوایی زۆرتری لێ ئەهات. لەبەر ئەوە ناچار بوو، باج زۆرتر بسێنێ.

ئەوانە هەمووی، ئەبوون بەهۆی ئەوەی کە ئەوانەی ڕقیان لێیەتی زۆرتر ڕقیان لێی بێتەوە، هەندێ لە یارمەتیی دەر دەمارکز و خوێن ساردەکانیشی لێ جیابێتەوە. لەناو نەتەوەیشدا هۆی ترس و لەرز و خەم و خەفەت بەهێزتری لێ بێ. هەروەها دوژمنەکانیشی بەهێزتر بکات، کە هەموو دەم هاواریان ئەکرد سنوورێک بۆ شەڕ دابنرێ و پەیماننامەی ئاشتیش هەرچی چۆنێک ئەبێ بکرێ. ئەوانە تیزیان پێ ئەکرد، پێیان ئەگوت: «ئەیەوێ بەزۆر خۆشەویستی دروست بکات. بەشەڕیش هەستی برایەتی پەروەردە بکات!»

بەڵام (لینکۆلن) هیچ بایەخێکی بەو شتانە نەدا. هەر لەسەر بیروباوەڕ و ڕەفتاری خۆی مایەوە، نەگۆڕرا، کۆڵی نەدا، تینی دایە خۆیشی کە هەتا دوایی خەبات بکات. چونکە بڕوای وابوو کە سەرکەوتن هەر بۆ هێزی ئازادیی ئەبێ، کە مێژوو سەربەرزی سەرکردەیی ئەو هێزانەی بەو سپاردووە. مێژوونووسانی ژیانی (لینکۆلن)، لەم سەردەمە پڕ تەنگوچەڵەمەیەدا، کردەوەی مرۆڤانەی ناوازەی لێ ئەگێڕنەوە. هەندێکی هی ئەوەیە کە گەلێک جار چۆتە ناو هێڵی ئاگرەوە، خۆی لە کوشتن نزیک خستۆتەوە. هەندێکیشی هی ئەوەیە کە سەری لە نەخۆشەکان داوە و سرەوتی بۆ جێبەجێ کردوون و، بەکاتی درێژ درێژ لە تەنیشت تەختی نوستنەکانیەوە دانیشتووە، دڵخۆشی داونەتەوە و خەمی لە دڵ دەرکردوون و پشتی قایم کردوون. هەندێکیشی هی ئەوەیە کە پەیوەندی پەیدا کردووە لەگەڵ جەنگاوەرەکان و خاووخێزانیاندا، کە پڕ بووە لە خۆشەویستی و خەم خواردن و دەست بەسەراگرتن و باوکییەتییەکی دڵسۆزانە.

یەکێ لەو بابەتە سەیرانەی کە لەم ڕووەوە ئەیگێڕنەوە ئەوەیە کە جارێکیان پیاوێک دێتە لای فەرمانی بۆ بدۆزێتەوە، چونکو لە شەڕا قاچێکی نەماوە. پیاوەکەیش هیچ بەڵگەیەکی پێ نەبوو، ڕاستی قسەکەی دەربخات. لینکۆلن بەگەمەوە پێی گوت: «چۆن؟... هیچ قاقەزێک. هیچ ئاگانامەیەک، هیچ شتێکت لە لا نییە کە پیشانمان بدەیت قاچەکەت چۆن ون کردووە... کاشکی بۆم دەربخرایە کە بەر تەڵە نەکەوتوویت، لەو کاتەدا کە ویستوتە بچیتە ناو باخی کەسێکی ترەوە؟!».

هەروەها مێژوونووسەکانی (لینکۆلن) چیرۆکی زۆریان لەلایە، لە بابەت ئەو دڵسۆزییە گەورەیەوە کە ئەینوواند لەگەڵ دایک و ژنی ئەو سەربازانەدا کە بڕیاری کوشتنیان ئەدرا و

داوای بەخشینیان لێ ئەکرد. کەم ڕێئەکەوت ئەم جۆرە داخوازییانەی جێبەجێ نەکردبێ. مەگەر کەتنی سەربازەکە، ناپاکی گشتیی گەورەی تیا بووبێ. لەم ڕووەوە گزیرەکانی و سەرکردەکانی لێ ئەهاتنە زمان. ئەویش پێی ئەگوتن: «ئەی بۆ نیشتمان ئەوە باشتر نییە کە ئەوانە لە ناویا بمێنێتەوە؟». جارێکیان سەربازێکی بەخشی لەو تاوانەی کە هەرای کردبوو لە لەشکرەکەی خۆی، بۆ ئەمەی دەزگیرانەکەی خۆی ببینێ، لەوەدا گلەییان لێ کرد. ئەویش پێی گوتن، دوور نییە خۆیشم، ئەگەر لە تەمەنی ئەودا بوومایە، وەک ئەوم ئەکرد. پاشان گوتی: «کەینەوبەینەکە بریتییە لە جەزرەبەیی. ئەی چۆنتان ئەوێ لە یەکێک، کە بەدڵێکی وەک دڵی بۆ لیوس سزارەوە[١] بچێتە ناو کوڕی جەنگەوە، کە قاچەکانی نەیبەن بۆ کوڕەکە؟».

خۆشترین چیرۆک کە مێژوونووسەکانی (لینکۆلن) گێڕاویانەتەوە ئەوەیە کە جارێکیان لە بارەگایەکی سەربازدا، ئەگات بەسەربازێکی لاو، ناوی (ولیەم سکوت) ئەبێ. سەرکردەیی گشتیی فەرمانی دابوو بیکوژن، لەبەر ئەوە کە لە کاتی پاسەوانیدا خەوی لێ کەوتبوو. لاوەکەیش لە سەرەک کۆمار ئەپاڕایەوە کە بیبەخشێ. سوێندی بۆ ئەخوارد ئەیگوت خۆم نەم ویستووە بنووم بەڵام لە ئەنجامی ڕۆیشتنێکی زۆر و شەوبێدارییەکی بێ وچاندا خەو زاڵ بوو بەسەرما و خەوم لێکەوت. ئەویش پێی گوت: «کوڕی خۆم تۆ ناکوژن. چونکە من لەوە دڵنیام کە تۆ نەت توانیوە زاڵ ببی بەسەر خەودا. بەڵام بەحەزی خۆیشت خۆت نەداوەتە دەستی. وا من پشتت پێ ئەبەستم و ئەیشت نێرمەوە لەشکرەکەی خۆت. بەڵام ئەم کارە من تووشی تەنگوچەڵەمە ئەکات. منیش ئەمەوێ بزانم تۆ ئەم دەستیاوە چۆن ئەدەیتەوە؟» کوڕەکەیش. سەری لێ تێک چوو و زمانی گیرا، نەیزانی مەبەسی سەرەک کۆمار چییە، تا وەرامی بداتەوە. وا هات بەمێشکیا کە سەرەک داوای پارەی لێ ئەکات لە بریتی بەخشینەکەی. پێی گوت: «نازانم ئاخۆ دراوی تەواومان هەیە یان نا. چونکە ئێمە هەژارین. بەڵام هەندێک پارەمان هەیە، کۆمان کردۆتەوە، ئەویش کەمە. بەڵام باوکم و دایکم ئەتوانن کێڵگەکەیان بفرۆشن. دوور نییە هەندێ دۆستیش پیتاکمان بۆ کۆبکەنەوە... ئەگەر تۆ چاوەڕوانیت پێ بکرێ، ئەتوانم لەوانە هەموویان دوو سێ هەزار فرەنکت بۆ کۆبکەمەوە!». سەرۆک لە ناشێتیی کوڕەکە، کە ئەو قسە ناشیرینەی پێ گوت، دڵی نەشکا. بەنەرمی و شیرینییەکەوە پێی گوت: «نەء کوڕم، لە

(١) واتا: یۆلیۆس قەیسەر.



توانای خێزانەکەت و کێڵگەکەت و دەستەکانیشتا نییە کە ئەو دەستیاوە بدەنەوە. چونکە دەستیاوەکەم گەورەیە بەوانە نادرێتەوە. بەڵام تەنیا کەسێک هەیە، ئەتوانێ ئەو دەستیاوە بداتەوە. ناوی ئەو کەسەیش (ولیەم سکۆت)ە. ئەگەر (ولیەم سکۆت) هەر لەمڕۆوە دەست بکات بەجێبەجێ کردنی فەرمانی خۆی، لە ڕۆژی سەرەمەرگیشیا توانیی بڵێ: وا ئەو بەڵێنەی کە دام بەسەرەک کۆمار جێبەجێم کرد، چونکە وەک سەربازێک فەرمانی خۆم بەجێ هێنا، ئەوساکە دەستیاوەکەم ئەدرێتەوە!».

ئەم پیاوە گەورەیە، کە یەکێک یەخەی ئەگرت لەسەر خەمخواردنی بەرامبەر لێ قەوماو و داماوان، وەرامی وا ئەدایەوە: «من ئەوە باش ئەزانم، کە ئەگەر لە جێگای ئەوان بوومایە، چیم بەسەر ئەهات!». ئەمەیش ڕستەیەک بوو، ڕازی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی دەرئەخست، کە ئەو و نەتەوەکەی، خۆی کردبوو بەیەک. کە هەستی وا ئەکرد، هەر بیست ملیۆن ئەمریکاییەکان لە دڵی ئەودا لێ ئەدەن.

## جەنگەکانی دوایی

لە هاوینی ساڵی ١٨٦٣دا چەند شەڕێکی گەورە ڕووی دا سەرکەوتن بەسەر هەردوولادا دابەش ئەبوو. هەرە گەورە و گرنگیان شەڕی (گیتسبورگ) بوو کە لە ڕۆژی سێیەمەوە تا ڕۆژی پێنجەمی مانگی حەوتەم درێژەی سەند. بەهەردوولا هەشت هەزار کوژراو و سێ هەزار برینداریان دا. دوایی بەسەرکەوتنی کۆمارییەکان بڕایەوە. ئیتر لەمە بەدوا، لە چەند شەڕێکی یەک لەدوای یەکدا هەر هێزە کۆمارییەکان سەرئەکەوتن. بەم ڕەنگە تەرازووی شەڕ بەلای بەشی خاکە ژووروەکاندا هات. زۆربەی کوژراوانی ئەم شەڕە لەو شوێنانەدا ئەنێژران کە شەڕیان تیا کرابوو. لە مانگی یانزەهەمی ساڵی ١٨٦٣دا، لەو کۆڕەدا، پایەیەکی یادهێنەرەوە دروست کرا بەناوی ئەو سەربازانەوە کە خوێنی گەشی خۆیان لەو خاکە دارشتبوو. (لینکۆلن) لە ئاهەنگی پێشکەش کردنی ئەو پایەیەدا وتارێکی بەناوبانگیدا، ئێستایش شاگردەکانی خوێندنگا سەرەتاییەکان لەبەری ئەکەن. تیا گوتبووی:

«لەپێش هەشتا و حەوت ساڵدا، باوک و باپیرمان نەتەوەیەکان پێک هێنا لەم خاکەدا، بەشیری ئازادیی گەورە کرا، خۆیشی تەرخان کرد بۆ ئەوەی کە هەموودەم بانگ بدات بۆ یەکسانی هەموان. ئێمەیش ئێستا لە شەڕێکی خۆماڵی ماڵوێرانکەر داین، ئەم نەتەوەیەی تیا تاقی ئەکرێتەوە. لەم تاقیکردنەوەیەیشەوە، جیهان تێی ئەگات کە ئاخۆ لە

توانایدا هەیە بژی و بمێنێتەوە یان نا، یاخود لە توانای هیچ نەتەوەیەکی تریشدا هەیە بژی و بمێنێتەوە، کە وەک ئێمە پەیدا بووبێ و گەورە بووبێ و خۆیشی تەرخان کردبێ بۆ ئەم بیروباوەڕە.

«لەم زەویەدا، کە بریتییە لە کۆڕێکی گەورەی ئەم شەڕە، وا کۆبووینەتەوە. بۆیەش هاتووینەتە ئێرە، کە هەندێکی بکەین بەئارامگاهێکی نەمر بۆ ئەو کەسانەی کە ژیانی خۆیان بەخت کردووە لەپێناو ژیانی ئەم نەتەوەیەدا. هەرچییەکیش ئەکەین بۆ ئەمە، فەرمانی سەرشانی خۆمانە. لەگەڵ ئەوەشا لە تواناماندا نییە کە ئەم زەوییە پیرۆز بکەین. چونکە لە تواناماندا نییە کە پایەی بڵند بکەینەوە یاخود نزمی بکەینەوە. چونکە ئەو پاڵەوانانەی کە خۆیان لەناویا بەخت کردووە، بەمردوو و زیندووییانەوە، ئەوەندەیان بەرز و پیرۆز کردووە، هیچیان بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە. جیهانیش کەمێک نەبێ، ئەوەی لە بیرنامێنێ کە ئێمە لێرەدا ئەیڵێین، بەڵام هەرگیز ئەوەی لەبیر ناچێتەوە کە ئەو پاڵەوانانە کردوویانە. «ئێمەیش کە زیندووین، وا هەڵ ئەگرێ، کە لێرەدا خۆمان تەرخان بکەین بۆ ئەو کارە پیرۆزەی کە ئەم جەنگاوەرانە تێکۆشاون بۆ سەرگرتنی و تا ئەندازەیەکی گەورەیش نزیکیان خستۆتەوە لە ئامانج. بەڵێ وا هەڵ ئەگرێ کە هەموو ژیانی خۆمان تەرخان بکەین بۆ تەواوکردنی ئەم کارە گەورەیە. ئەبێ لەو مردووە بەڕێزانەوە، دڵسۆزییەکی بێ ئەندازە فێر ببین بۆ ئەو بیروباوەڕەی کە هەرچییەکیان لە دەست هاتووە. لە دڵسۆزیی، تیایاندا بەخت کردووە. هەروەها ئەبێ بڕیارێکی تەواویش بدەین کە نەهێڵین گیانی ئەو مردووانە بەفیڕۆ بڕوات، بەیارمەتی خوایشەوە، ئازادی ئەم نەتەوەیە سەرلەنوێ زیندوو بکرێتەوە، لەسەر زەویشدا ئەو فەرمانڕەواییەی نەتەوەیە لەناو نەچێ، کە نەتەوە دروستی ئەکات، لەبەر چاکەی نەتەوە».

لە ساڵی ١٨٦٤دا ماوەی سەرۆکایەتی (لینکۆلن) تەواو بوو. بەپێویستی زانی کە جارێکیتریش خۆی بۆ بپاڵێوێتەوە. بۆ ئەمەی هەڵسووڕاندنی کاروباری فەرمانڕەوایی. لەو کاتە پڕ تەنگوچەڵەمەیەدا بخاتەوە سەر ئەستۆی خۆی، کە لێ پرسینەوەی سەرەتاییەکەی لەو ئەکرێ. گەلێک کەسی تریش چوونە جەنگی هەڵبژاردنەوە. یەکێک لەوانە سەرکردە (ماکلیلان) بوو. ئەوانە بەهەموو هێزێکیانەوە هورووژمیان ئەبردە سەری و توانج و پلاری توندوتیژیان تێ ئەگرت. لەگەڵ ئەوەیشا، جێگای ئەوەندە گەورە بوو لە دڵی هاونیشتمانەکانیدا، ئەو هەموو بەرەنگاری کردنە کاری لێ نەکرد. دوایی ٢١٣ دەنگی بەرکەوت، بەرامبەر ٢١ دەنگ کە دوژمنەکانی، هەموویان، پێکەوە. بەریان کەوت.



جەنگەکانی ساڵی ١٨٦٤ و ١٨٦٥، جەنگی دوایی بوون. بەشی ژوورووویان تیا سەرکەوت، کە ئەرک و ئازارێکی زۆری تووش بوو. ئەویش بەهۆی هونەرمەندیی چەند سەرکردەیەکی زرنگ و کارگوزارەوە بوو کە (لینکۆلن) باشی هەڵبژاردبوون. وەک (شیرمان) و (شیرایدان) و (پۆتلەر) و (میاد) کە پاڵەوانی شەڕی (گیتسبورگ) بوو، لە سەروو ئەوانە هەموویشیانەوە هەڵکەوتوویەکی تر هەبوو، ئەویش وەک (لینکۆلن) لە بۆرە پیاوان هەڵکەوتبوو، بەچەشنی ئەو خاوەنی بڕیار و کارگوزاری خۆی بوو، ناوی (بۆلبسیس گرانت) بوو، کە یەکێک بوو لە سەرکردە هەرە گەورەکانی جیهانی تازە.

(بۆلبسیس گرانت)، ڕەنجێکی زۆری دا لەپێناو بەجێ هێنانی ڕێوشوێنی دانانی ئەو جەنگەدا کە سەرەک کۆمار پێشنیازی بۆ کردبوو. ڕێوشوێنی ئەو جەنگەیش ئەوەبوو کە چوارلای لەشکری ڕێککەوتووان بگیرێ و لە دەریادا تەنگەتاو کرێ، هەر لە (ساوث کارۆلینا)وە کە لە ژووروو دایە، هەتا (فلۆریدا) کە کەوتۆتە خوارووەوە. ئەویش بۆ ئەوەی پەکی بزووتنەوەی بازرگانیی بەشی خواروو بخرێ لەگەڵ دەرەوەدا، تا لە ڕووی ئابوورییەوە تەنگەتاو ببێ و ناچاربێ بەخۆ بەدەستەوەدان. جا لەبەر ئەوەی کە هێزی دەریایی بەشی ژووروو گەورەتر بوو، ئەم سەرکەوتنە بەئاسنتر پێک هات. کەرەستەی پێویستیی ژیان لە بەشی خوارووودا. تا ئەهات کەم ئەبووەوە. هەژاری و سەرگەردانی دەستی بەسەردا کێشان. یارمەتی ناردنیش بۆ لەشکرەکەیان وای لێ هاتبوو لە وزەدا نەمابوو. بێجگە لەوە چوارلاگرتنی دەریاییەیش، چوارلاگرتنێکی سەر زەویش دەستی پێ کردبوو[1].

ئەم چوارلاگرتنەیش لە پێشدا زۆر فراوان دەست پێ کرا. پاشان بەرە، بەرە بچووک کرایەوە تا وای لێ هات یەکی گرت. هەرچەندە (جفرسن داڤیس) سەرۆکی فەرمانڕەوایی ڕێککەوتووان و (لی) سەرکردەی لەشکرەکەی، ڕەنج و تەقەلایەکی زۆریان دا و، شەڕوشۆڕێکی یەجگار توندوتیژیان کرد و بۆ پاراستنی خۆیان، سەری نەگرت.

ئەم سەرکەوتنانە، پاڵیان نا بە(ئەبراهام لینکۆلن)ەوە کە هەنگاوێکی یەجگاریی بنێ، لەپێناو ئازادکردنی بەندەکاندا چونکە ئەو نامەیەی لە جاری پێشوودا بڵاوی کردەوە، بەئامانجی خۆی نەگەیشت، سەبارەت بەوەی کە لەلایەن دەسەڵاتێکی یاسا دەرکردنەوە دەرنەچوو بوو، کە مافی هەبێ فەرمانی وا دەربکات. لەبەر ئەوە لە (کۆنگرێس)ی خواست. کە دەستوور بەجۆرێکی وا ڕاست بکاتەوە کە بەندەگەری تا سەر بەربەست

(١) چوارلاگرتن: ئابڵۆقە (حصار).

بکات. (کۆنگرێس)یش ئەم ڕاستکردنەوەیەی لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٨٦٥دا بڕیاردا، بەڵام لە پاش ئەوەی گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا. پاشان بڕیارەکە ڕەوانە کرا بۆ هەموو خاکەکان، تا ئەگەر پەسەندیان کرد ببێتە یاسایەکی فەرمانڕەوا. خاکەکانی تریش، تا لەشکری بەشی ژووروو بەتەواوەتی بەسەر هی بەشی خوارووودا سەرنەکەوت پەسەندیان نەکرد. ئەو کاتەیش ١٨٦٥/١٢/١٨ بوو.

لە ١٨٦٥/٣/٤دا، (واشینگتۆن)، ئاهەنگی گێڕا بەبۆنەی سەرۆکایەتی تازەی سەرۆکی کۆنەوە. لەم ئاهەنگەدا، سەربازانی قولەڕەشەکانیش بەشداربوون، کە ئەمە یەکەم جاریان بوو لە ژیانی ئەمریکادا لە ئاهەنگی فەرمانڕەواییدا بەشداربن، کە (ئەبراهام لینکۆلن) هاتە ناو ئاهەنگ گێڕەکانەوە، کە بۆ پیرۆزبایی کردنی ئەو و شادمانی پیشاندان بۆ سەردەمی تازەی ئەو کۆبووبوونەوە، وتاری خۆی بدات، هاونیشتمانییەکان کە بەدڵ خۆشیان ئەویست و دڵسۆزی بوون، زۆر پێیان ناخۆش بوو، کە ئەو لەو تەمەنی پەنجاوشەش ساڵییەدا، بەو جۆرە پیر بووبوو: پشتی کۆمابووەوە، کز بووبوو، دەموچاوی گەشییەکەی نەمابوو ئازارێکی سامناک لە دەموچاویا ئەبینرا، ڕەنج و کوێرەوەری و ئەرک و ئازار چرچ و لۆچی تیا دروست کردبوو، ئەو ئازار و سامناکەیش کە لە چاوە چاکەکانیا ئەبینرا وەک وێنەی ڕۆژئاوا دەرئەکەوت. (لینکۆلن) لەو ئاهەنگەدا وتاری دا و گوتی:

«ئێمە هیوادارین بەخوا و، لێ یشی ئەپاڕێینەوە بەدڵ، کە ئەم شەڕە بێ ئامانە بەم زووانە ببڕێیتەوە. بەڵام ئەگەر خوا حەزی بەوە کرد کە ئەم شەڕە نەبڕێتەوە، هەتا هەرچی سامانێک بەرەنجی شانی دووسەد و پەنجا ساڵەی ئەو بەندەیانە کۆبۆتەوە، لەناوبچێ، هەتا ئەو خوێنەی شیر ئەیڕێژێ، گوناهی ئەو خوێنە بشوواتەوە کە قەمچی ڕژاندویێتی، ئەوساکە پێویستە لەسەرمان ئەو پەندە دووبارە بکەینەوە کە سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش گوتوویەتی: «سزادانی خوایی پڕە لە ڕاستی و دادپەروەریی»! «بام هەر لەسەر کردەوەی خۆمان بڕۆین تا ئەگەین بەئامانج، بێ ئەمەی قین لە کەس هەڵبگرین، چاکە بکەین لەگەڵ هەمووان. بەڵام ئەگەر خوا شتێکی ڕاستی پیشانداین، پێویستە بەهەموو هێز و توانایەکمانەوە بیپارێزین. بێ گومان خوا هەر پاداشمان ئەداتەوە، ئاشتی ئەکەوێتەوە ناو نەتەوەکەمان، ئەشگەینە ئاسایشێکی دادپەروەرانە لە ناوەند ئەم نەتەوەیە و نەتەوەکانی تری جیهاندا».

لەو ڕۆژە بەهارە جوانەدا، هەر لە بەیانی زووەوە، وردە باران ئەباریی تا ئەوسا. بەڵام لەو کاتەدا (لینکۆلن) ئەم وشە پیرۆزانەی لە دەم ئەهاتە دەرەوە، کە قسەکانی



پێغەمبەرەکانی پێشووی بیر ئەخستەوە، کە خواناسییەکەیان پاڵی پێوە ئەنان بۆ خەبات کردن لەپێناو ئازادی نیشتمانەکەیان و کامەرانیی نەتەوەکانیاندا، تیشکێکی ڕۆژ لەناو هەورەکانەوە دەرهات و کۆڕێ ئاهەنگەکەی ڕۆشن کردەوە و خۆیدا لە ڕووە زەردهەڵگەڕاوە پڕ ئازارەکەی، پڕشنگی دا، وەک موژدەی سەرکەوتنێکی گەورەی هێنابێ، وابوو...

## سەرکەوتن

ئەو کەمەندەی کە لەشکری کۆمار لە لەشکری ڕێککەوتووەکانی گیر کردبوو، تا ئەهات زۆرتر تەنگەتاوی ئەکردن، تەنانەت بەرەی شەڕ گەیشتە نزیک (ڕیشمۆند)ەوە. (لینکۆلن)یش، بەڵگەیەکی تازەی پیشان دا بۆ گەورەیی خۆی و دڵ فراوانی. دەستی درێژ کرد بۆ دوژمنەکانی. لێی خواستن کە خۆیان بدەن بەدەستەوە. بەڵام ئەوان دەستەبرایانەکەی ئەویان نەگوشی. مەرجەکانیشیان پەسەند نەکرد، کە بریتی بوون لە ئازادکردنی بەندە و گەڕانەوە بۆ یەکێتی. ئینجا کە چووە دڵیەوە، بازرگانانی قولەڕەش و دەس و پێوەندەکانیان، بەزۆر نەبێ، مل دانانەوێنن و، واز لەو ناز و جیازە ناهێنن کە بەزۆروستەم دەستیان کەوتووە، فەرمانی دا بەلەشکرەکەی، هورووژم ببەنە سەر (ڕیشمۆند). زۆری پێ نەچوو، لە ١٨٦٥/٤/٣دا خۆی دا بەدەستەوە.

سەرۆک (داڤیس) و سەکردە (لی)، شارەکەیان بەجێ هێشت و فەرمانیان دا کە هەرچی کۆگا و دەزگایەکی گشتیی تیا هەیە بیان سوتێنن تا داگیرکەرەکان کەڵکیان لێ نەبینن. ئاژاوە کەوتە ناو شارەکەوە. ئاگری تیا بەربووەوە. دز و بەدکارەکان بەرەڵڵا بوون، دەستیان کرد بەخراپەکردن. زۆر کەس وای هاتە پێش چاو کە شارەکە سەرەئەنگرێ ئەبێ. بەڵام زۆری پێ نەچوو، دەنگی ساز و ئاوازی لەشکری کۆماریان بەر گوێ کەوت، پێش لەشکرەکەیشیان چاوپێکەوت کە بریتی بوو لە قولەڕەشەکان کە زۆربەیان لە بەندەکانی شارەکە خۆی بوون، بەسەربلندی و سەرکەوتوویییەوە هاتنە ناو شارەوە. دەمودەست یاسایان خستەوە جێی خۆی، ئاسایشیان دامەزراندەوە. ئاگرەکانیان کوژاندەوە. بریندارەکانیان ڕزگار کرد. دەروونی هەمووانیشیان دامرکاندەوە.

(لینکۆلن) چووە ناو ئەو پایتەختەوە کە پێنج ساڵ پێیەوە خەریک بوو ئینجا شکاندی، بەڵام بەساکاریی پیاوێکی گەورەوە، ئەو کەسەی کە ئەیەوێ لەناو دەروونیا گەورەیی، نەک بەڕووکەش و کەشوفش و خۆی گەورە پیشان بدا. لە دە سەرباز و ئەفسەرێک بەولاوە کەسی لەگەڵ نەبوو. کۆمەڵێکی یەجگار گەورە هاتبوون، بیبینن، زۆربەیان قولەڕەش

بوون، قـولەڕەشی خـواروو، کـە چەند کـاتێک لەوەپێش بەندەبوون و لە پاش شکاندنی شـارەکـە پێـوەندی ئەوانیش پچـڕێنرا. هەمـوویان بەهەڵەداوان ئەچوون بەرەو پیـری مەسیحییەکەی خۆیان، بەهەستێکەوە کە زۆر نزیکبوو لە هەستی ئاینییەوە پەلاماری دەستیان ئەدا ماچی بکەن، ئەویش بەهەموو شیرینی و دڵسۆزییەکەوە دەستی ئەگوشین.

نیشـتمانپـەروەری مـەزن هەمـوو پشم و تین و ڕیسواکردن و ناپاکییەکی دوژمنەکانی خۆی لەبیر چووەوە، ئەیویست یەکێتی نیشـتمانەکەی بەهێزتر بکات، برینەکانی سارێژ بکات؛ لە ١٨٦٥/٤/٩دا گەڕایەوە (واشنگتۆن). هێشـتا نەگەیشـتبووە ئەوێ، پێی ڕاگەیەنرا کە سەرکردە (لی) بەخۆی و بیست و پێنج هەزار سەرباز و حەوت سەد و پەنجا تۆپەوە خۆیداوە بەدەستەوە؛ کە واتای ئەوەش ئەوەبوو شەڕی خۆماڵی بڕاوەتەوە.

پێنج ڕۆژ بەسەرچوو، هەمووی پڕ بوو لە شادمانی بەسەرکەوتن و دڵخۆشی بەئاشتی و سەرسوڕمان لە گەورەیی ئەو سەرۆکەی کە توانی نیشـتمان یەک بخاتەوە و شورەیی بەندەگەری لی بسڕێتەوە. گەشکەداریی هاونیشتمانەکانی لەگەڵ زیندبوونەوەی سروشت لە گۆڕە قووڵەکەی زستانیا و سەرخۆشی بەهار کە بەدەست بڵاوی خۆی ئەو دەشت و دەرەی پڕ کردبوو لە گوڵ خونچەی زێڕین و زیوین کە بەخوێنی ئەو سەربازە جوانەمەرگانە ئاو درابوون، ئەوانە هەمـوو تێکەڵی یەکتر بووبوون. لە باخەکانی (خانووی سپی)یشدا، بەهار، پەڕەکانی گوڵە زەنبەق و گوڵە سۆسەنی کردبووەوە، بۆنە خۆشەکانیانی بەئاسماندا بڵاو کردبووەوە.

لە ڕۆژی شەشەمدا، ڕێککەوتی ١٨٦٥/٤/١٤، (لینکۆلن) لەخەو خەبەری بووەوە. دڵی پڕ بوو لە هەستە مرۆڤایەتییە بڵندەکان. فەرمانێکی مۆر کرد، یەکێک لەوانەی کە بڕیاری کوشتنیان درابوو، بەخشی. پاشان کاتێکی بەسەر برد لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیدا؛ (ڕۆبێر) کە لە شەڕ گەڕابووەوە، (تاد)ی بچووکی لاڵ. پاش نیوەڕۆیش لەگەڵ ژنەکەیدا بەگالیسکە گەڕانێکی بچووکی کرد. پاشان پێکەوە چوونە (تەماشاگای فۆرد) لەگەڵ هاوڕێیەکیدا کە ناوی (ڕاتبون) بوو لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا (هاریس)، کە کچی یەکێک بوو لە ئەندامانی کۆڕی ڕیش سپییان. ئەویش بۆ بینینی ئاهەنگێکی لاسایی کردنەوە بوو کە بەبۆنەی بیرەوەریی گێڕانەوەی کەلاتی (سمتر)ەوە ئەکرا، لەلایەن لەشکری کۆمارەوە. کە سەرۆک گەیشتە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی هاوار و چەپڵەڕێزان دەستی پێ کرد، لەناو هۆڵەکەدا دەنگی ئەدایەوە. دەستەی ساز و ئاوازیش گۆرانیی نیشـتمانیان دا بەگوێی هەمووواندا، بەناوی پێشوازی سەرۆکی گەورەوە ئینجا ئاهەنگەکەیش دەستی پێ کرد. لەو



کاتەدا کە لینکۆلن و ژنەکەی و هەردوو میوانەکانی خەریکی سەیرکردنی لاسایی کردنەوە کە بوون، پشتیان لە دەرگای شانشینەکە بوو، دەرگاکە کەمێک کرایەوە، زەلامێک خۆی هاوێشـتـە ژوورەوە، دەمـانچـەیەکی بەدەسـتـیـەوە گـرتبـوو، پەلامـاری سـەرۆکی دا و دەمانچەکەی ئاراستەی کەللەی کرد و گوللەیەکی پێوەنا.

ئەو کـابرایە، لە پاش ئەوەی ئەو کـەتنە گـەورەیەی کـرد، خـۆی فـڕێ دایە خـوارەوە سـەر تەختی تەماشـاگاهەکـە، بۆ ئەمـەی ڕا بکـات (ڕایتـون) ئاگای لە خـۆی بوو چاکـەتەکـەی ڕاکێشـا، پێیەکانی تاوانبارەکە لە تێڵاکانی ئەو ئاڵایانە کەوت کە شانشینەکەیان پێ ڕازا بووەوە. کابرا کەوتە خوارەوە سەر تەختی تەماشاگاهەکە، بەڵام ئەژنۆیەکی شکا، لەگەڵ ئەوەشا ڕاست بووەوە و ڕووی کردە دەرگایەک لە دەرگاکانی تەماشاگاهەکە. خەنجەرێکی لە کـەمـەری دەرهێنا بوو، ئەیقیـژاند: «قـوڕبەسـەر ئەو کـەسـەی نزیکم ئەکـەوێتـەوە». دەم ڕاستی تەماشاگاهەکە بەردەمی لێ گرت بیوەستێنێ، ئەوەندەی نەبرد کەوت بەسەر زەویدا، تاوانبـارەکـەی خـەنجـەرێکی لێ دابوو، لەو کـاتەدا کـە ئەم بازی دایە ناو ڕاڕەوەکـەوە، بۆ ئەمـەی لە دەرگـای پشـتـەوە لە تەمـاشـاگـاهەکـە بچێـتـە دەرەوە، هاوڕێیـەکی خـۆی بەدوو ئەسپەوە چاوەڕوانی ئەکرد، کە دەرباز بوو، هەردووکیان بەپەلە سواری ئەسپەکان بوون و تێیان تەقاند، دایانە غار، تا لەچاو ون بوون.

لە پاش ئەمەی تاوانبـارەکە ناسرا، سەربازەکـان و هاونیشـتمـانەکانی تریش، بەدوویدا چوون، بیـگرن. لە پاش چەند ڕۆژێک شـوێن پێـیـان دۆزیـیـەوە. لەناو گـەووڕێکی ئاژەڵدا بوو، چوارلایـان لێ گـرت، ترسـاندیان کـە خـۆی بدا بـەدەسـتـەوە. بەڵام بەقـسـەی نەکـردن. ئەوانیش ئاگریـان بەردایە چشـتـیـرەکە ئەمجارەیش خەریک بوو هەرا بکات، لە دەسـتـیـان دەربازبێ. بەڵام بۆی نەچووە سەر. بەگوللەی یەکێک لە سەربازەکان کەوت و گیرا.

ئەم پیـاوکوژە، لاسـایی کـەرەوەیەکی زۆر هونەرمەند بوو، ناوی (جۆن وایلز بوت) بوو. هەر لە زووێکەوە، بڕیاری دابوو لە دڵی خـۆیدا، کـە (لیـنکۆلن) بکوژێ، سـەبارەت بەوەی کە زۆر هۆگری بەشی خـواروو بوو. لە پێـشدا ڕێوشـوێنێکی وای دانابوو، کە (لیـنکۆلن) بفـڕێنێ و بەبارمـتـە دایبنێ لای دانیـشـتـوانی بەشی خـواروو. بەو مـەبەسـەی کـە لەگـەڵ فەرمانڕەوایی ئەمریکادا بکەونە گفتوگۆوە، بۆ ئەمەی بەچەند مەرجێکی باشەوە بۆ خۆیان پەیماننـامـەی ئاشـتـیی لەگـەڵدا ببـەستن. بۆ ئەم مـەبەسـە چەند لاسـایی کـەرەوەیەکی بێ فەرمانی لە خۆی کۆ کردەوە. بەڵام هیچ جارێک ئەمەی بۆ نەئەچووە سەر. چونکە هەرچەند لاسـایی کـەرەوەکـان خـۆیان لێ مـات ئەدا، لەو ڕێگا چۆڵ و هۆڵەدا کـە ئەچوو بۆ شـارە

بچکۆلەکەی (برایانتاون)، بۆ ئەمەی کە هات بۆ گەڕان، هەڵکوتنە سەری، بیگرن و بیفڕێنن، ئەو بەڕێکەوت شتی وای بۆ ئەهاتە پێشەوە کە نەتوانی بچێ ئەو گەڕانە بکات. لەبەر ئەوە (بوت) ڕقی هەستا و سوێندی خوارد کە لە یەکەم هەڵدا بۆی هەڵکەوت بیکوژێ. ئینجا کە ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە، سەرۆکی کۆمار دێتە (تەماشاگای فۆرد) بۆ ئەمەی ئاهەنگێکی لاسایی کردنەوە ببینێ، سەرکردە (گرانت)یش لەگەڵیا ئەبێ، ئەمەی بەهەل زانی، بڕیاری دا کە (لینکۆلن) و (گرانت)یش، هەردووکیان پێکەوە بکوژێ.

بەڵام سەرکردە (گرانت) و ژنەکەی، بیانوویان هێنایەوە بۆ سەرۆک کۆمار کە ئەو شەوە پێیان ناکرێ لەگەڵیا بێن بۆ ئەم ئاهەنگە، لەبەر هۆیەکی خێزانیی ناکاو. تاوانبارەکەیش هەر ئەوەندەی پێ کرا کە بەتەنیا (ئەبراهام لینکۆلن) بکوژێ. کەتنەکە لە چەند هەناسەیەک دا کرا. تەنانەت تەماشاکەرانیش کە کوتوپڕ، لە بەزم و ڕەزمێکی پێکەنین هێنەرەوە، کەوتنە ناو گەورەترین مەرگەساتەوە، تا ماوەیەک سەرسام و گێژوێژ مانەوە. کە گوللەکە، کەوت لە کەللەی (لینکۆلن)، (لینکۆلن) تەکانی دایە خۆی ڕاست بێتەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو کەوت بەسەر کورسییەکەیدا، وەک درەختێکی گەورە کە بەتەور بڕابێتەوە و بکەوێتە سەر زەوی. پاشان، ئەوەندە خوێنی لێ ڕۆیشت، لە هۆش خۆی چوو. سەربازەکان بەهەڵەداوان هاتن و هەڵیان گرت بۆ خانووی بەرگ دروویەک، کە لە پاڵ تەماشاخانەکەوە بوو، بۆ ئەمەی چارەیەکی بکەن. بەڵام پزیشکەکان، دامابوون نەیان ئەتوانی هیچ بکەن. چونکە گوللە زۆردارەکە، بەر مێشکی کەوتبوو. لەبەر ئەوە هیچ چارەیەک نەئەکرا، هیچ هیوایەکی چاکبوونەوەشی نەبوو. چەند کاتێکی کەمی پێ چوو، کە ئەو دڵە گەورە و فراوانە، لە لێدان کەوت و، مێژوو بوو بەخاوەنی!.

خاکەکانی ئەمریکا بۆ ئەو کوڕەیان دەستیان کرد بەشین کە لەپاشدا بۆیان بوو بەباوک و ناکۆکیی لەناویاندا لابرد و یەکێتی بۆ پێکهێنان. قولەڕەشەکان لە پێش هەموانەوە بوون ئەڕۆیشتن لە پێش تەرمەکەیەوە، تەرمی مەسیحەکەیان، کە ئەبرا بۆ هەواری دوایی لە (سپرینگفیلد)دا.

دۆست و دوژمن، هەردوولایان لە شینی ئەو پیاوە گەورەیەدا یەکتریان چاوپێکەوت، شینی ئەو پیاوەی کە ژیانی خۆی بەخت کرد لەپێناو یەکێتی و برایەتی ئەواندا.

زەنگی کلێساکان هەموویان بەهەموو جۆرە ئاینێکیانەوە، زرنگانەوە بەدەنگێکی پڕ لە



داخی سامناکەوە، لەبەر شینی ئەو پیاوەی کە هەرچەندە سەر بەهیچ کلێسایەکیان نەبوو بەڵام لە هەرە گەورەتر ئەو کەسانە بوو کە لەسەر ڕێگای خۆشەویستی و کردەوە شیرینی و برایەتی و یەکسانی ئەڕۆیشت.

## لە لینکۆلن بەدواوە

پێویستە لەسەرمان بزانین، کە لە دوای بڕانەوەی شەڕی خۆماڵی و کوشتنی (ئەبراهام لینکۆلن)، چی بەسەر قولەڕەشەکاندا هات.

بەپێی ئەو ڕاستکردنەوەی سیانزەهەمی دەستوورە، کە (لینکۆلن) پێشنیازی کردبوو و (کۆنگرێس) و خاکەکان لە ١٨/١٢/١٨٦٥دا پەسەند کردنیان تەواو کردبوو چوار ملیۆن بەندە لە ئەمریکادا، لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا، ئازادکرا. هەروەها کوڕ و نەوەی ئەوانەیش ئازادکران، کە لەوە دوا بەئازادیی لەدایک ئەبوون.

دەروێشەکانی (لینکۆلن) بەمەندەیش وازیان نەهێنا، کە تا سەر یاسای بەندەگەرییان لەناوبرد. هێنایان کۆنگرێسیان خستە سەر بڕیاردانی دوو ڕاستکردنەوەی تر کە بەڕاست کردنەوەی چواردەهەم و پانزەهەم ئەناسران، کە بەپێی ئەوان قولەڕەشەکان بوون بەئەمریکایی، لە هەموو مافێکی شارستانی و فرۆفێڵبازیش وەک ئەمریکاییە سپییەکانیان لێ هات.

بەڵام، لە ڕاستیدا، ئەم دوو ڕاست کردنەوەی دەستوورە، کاریان پێ نەکرا. هەرچەندە قولەڕەشەکان، لە دەست بەندەگەری ڕزگارکران و ئیتر وەک کەلوپەل نە ئەکڕان و نە ئەفرۆشران، کە ئەوەیش کارەساتێکی گرنگ و گەورە بوو لە مێژووی یەکێتیی ئەمریکادا ڕووی دا، بەڵام بەلای زۆربەی هاونیشتمانەکانی ئەمریکاوە، بەتایبەتی دانیشتووەکانی بەشی خواروو، ئەوان هەر بەچاوی بەندەیەکی زەوی تەماشا ئەکران، واتا قولەڕەشەکان هێشتا هەر سووک و ڕیسوا تەماشا ئەکران.

مامۆستا (فرحات زيادة) و مامۆستا (ئیبراهیم فريحي) لە نووسینەکەیاندا کە ناوی (مێژووی نەتەوەی ئەمریکا)یە و تازە لەسەر ئەرکی زانستگای (برنستۆن)ی ئەمریکایی چاپ کراوە، ئەڵێن:

«جاری وا هەیە، ڕەوشت و خوو لەگەڵ یاسادا ڕێک ناکەون و بەسەریشیا زاڵ ئەبن. گیروگرفتی قولەڕەشەکانی خاکەکانی بەشی خوارووی ئەمریکایش لەم بابەتەیە. هەرچەندە لەناو ڕاست کردنەوەکانی چواردەهەم و پانزەهەمی دەستووردا ئەو مافە دراوە

بەقـولەڕەشـەکـان کـە دەنگ بدەن لە هەڵبژاردندا، لەلایەن فـەرمـانڕەواییـیـەکـانی بەشی خوارووی ئەمریکاوە، هەموو بەرهەڵستێک خراوەتە بەردەمیان، بۆ ئەمەی نەهێڵن ئەو مافەی خۆیان بەکار بهێنن. دایاننـاوە لەسەریان کە باجی ئازادکردنی خۆیان بدەن، یاخود بچنە ناو تاقیکردنەوەی خوێندنەوە و نووسینەوە، یان یەکێک لە بڕگەکانی دەستوور لێک بدەنەوە. لەگەڵ گەلێک شتی تردا.

ئەمە ڕاستە کە ئەم یاسایانە بۆ هەموو کەسێکن، فەرمانڕەوان بەسەر ڕەشیش و سپیشدا. بەڵام نابێ، پەی بەوە نەبەین، کە بەکارهێنانیان، تەنیا، هەر قولەڕەشەکان و چینی هەژاری سپییەکان ئەگرێتەوە. کەواتە هەڵە ئەکەین، ئەگەر وابزانین کە (مافی دەنگدان)، لە بەشی خوارووی ئەمریکادا، بەیەکسانی ئەڕوات بەڕێوە لەناو هەموو دانیشتووەکانیدا، چونکە ئەو وەک بەشی ژووروی ئەمریکا نییە.

پێویستە ئەوەیش بگوترێ، کە لە ڕاستیدا، یەکسانی تەواو لە ناوەند قولەڕەش و سپییەکاندا، لەناو هیچ خاکێکدا نییە. قولەڕەشەکان، لە ڕووی ئابوورییەوە، لە دواوە ئەڕۆن. تێکەڵیی کۆمەڵایەتیش لە ناوەند هەردوو ڕەگەزدا (ڕەش و سپی) تێکرا نییە. ئەم کەینەوبەینانە، لەناو خاکەکانی بەشی خوارووودا بەتەواوەتی هەست پێ ئەکرێ. لەو خاکانەدا، ناهێڵن قولەڕەشەکان لەناو شەمەندەفەرەکان و ئۆتۆبۆسە گشتییەکاندا دابنیشن بەتەنیشت سپییەکانەوە. گەڕەکەکانیان، بازاڕەکانیان، پەرستگاکانیان، دەزگاکانیان، هەموو بەجوێ دامەزراون، دوورن لە هی سپییەکان!».

ئێمەیش ئەتوانین ئەوەی بخەینە سەر، کە قولەڕەشەکان، بەرهەڵستیان بۆ دانانرێ کە نەهێڵرێ مافی دەنگدان و هەڵبژاردن بەکاربهێنن، بەڵکو لە ڕاستیدا، بەزۆر لەو مافەیان ڕەنجەڕۆیان ئەکەن. لە ڕاستیدا ئەوانە تووشی تەنگ پێ هەڵچنینێکی زۆر توندوتیژ هاتوون، ڕقێکی ڕەگەزایەتیی زۆر کۆنەپەرستانەیان لەگەڵدا بەکار ئەهێنرێ. ئێستایش ئەو خووە ماوە، کە هەر قولەڕەشێک هاونیشتمانییەکی سپی تووڕە بکات، لە نزیکترین جێگادا ئەکرێ بەداردا تا ئەمرێ! یاخود هەر قولەڕەشێک بەچاوێکی خراپ سەیری ئافرەتێکی سپی بکات، کە ژنەکە پێی خۆش نەبووبێت، بەردە باران ئەکرێ! سەیر ئەوەیە، کە تەنانەت سەرمایەدارەکانیش، کە لە سەروو هەموو کەسێکەوە بوون بۆ خەباتکردن لەپێناو ئازادکردنی بەندەکاندا، لەبەر داماویی کارخانەکانیان لەسەر کرێکار، لەگەڵ ئەوەیشدا کە قولەڕەشەکان ئازادکراون، ئێستاکە ئەوانیش، لە سەروو هەموو کەسێک بۆ



پەرەپێدان بەڕقەبەری ڕەگەزایەتی، کە ئەوپەڕی ڕیسواکردن و بێ دەسەڵاتیان پێ ئەنوێنرێ. ئەویش لەبەر ئەوەیە، کە تەنگ پێ هەڵچنینیان لەم شێوەیەدا، لە ژیانی گشتییان دوور ئەخاتەوە، ناچاریشیان ئەکات کە لە کارخانەکان و کانگا(١)کاندا بەکەمترین کرێ فەرمان بکەن، هەر بۆ ئەمەی لە برسا نەمرن. بێجگە لەوەیش، ڕق بزواندنی ڕەگەزایەتی، ئەبێ بەهۆی ئەوەی کە کرێکارە سپییەکان و کرێکارە ڕەشەکان یەک نەگرن و خەباتیش نەکەن لەپێناو مافەکانی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی بارستایی ژیانی ئابووریاندا.

بەڵام قولەڕەشەکانی یەکێتی ئەمریکا، کە ژمارە سەری ئێستایان ئەگاتە چواردە ملیۆن کەس(*)، واتا ئەبنە یانزە بەش لە سەد بەشی دانیشتوان، ئێستاکە، لە دوێنێیان زۆرتر وریا و خوێندەوارن، لەو ئازاردانەی کە تووشیان دێ بێ دەنگ نابن، بەرەوشت و خووی کۆمەڵایەتی ئەمریکا دانامرکێن، هەتا یەن خەبات زۆتر ئەکەن لەپێناو بەرزکردنەوەی بارستایی ئابووریی و فروفێڵبازییان. هاونیشتمانە سپییە تێگەیشتووە وریا و ڕۆشنبیرەکانیشیان لەو خەباتەیاندا یارمەتییان ئەدەن. چونکە ئەوانیش خۆیان بەخاوەن کەلەپووری نامەکەی (لینکۆلن)ی گەورە دائەنێن، لە شۆڕشی بیر و، لە خەباتکردندا، لە پێناو دەستکەوتنی مافەکانی مرۆڤایەتیدا.

## وتەی هەڵبژاردەی ئەبراهام لینکۆلن

* هەر ماڵێ، دووبەرەکیی تیابێ، کاری سەرناگرێ. ئەگەر ئەم فەرمانڕەواییەش هەروا نیوەی ئازادبێ و، نیوەیشی بەندەبێ، تا سەر ناژی.
* بیروباوەڕی، فەرمانڕەوایی کردنی نەتەوە بەسەرخۆیدا، بیروباوەڕێکی ڕاستە. بێ گومانیشم لەوەی کە بیروباوەڕێکی ڕاستە و هەتا سەریش بەڕاستی ئەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر قولەڕەش بەمرۆڤ دابنرێ، ئایا ئەوەندەی ئەو بیروباوەڕە ڕاستی تیایە، ئەگەر هاتوو ئێمە ئەومان لە فەرمانڕەوایی کردن بەسەر خۆیدا بەش بڕاو کرد، ئەمە واتای ئەوە ناگەیێنێ کە ئێمە ئەو بیروباوەڕەی فەرمانڕەوایی کردنی نەتەوەیەمان شکاندووە؟

کاتێ کە پیاوی سپی ڕەنگ فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیدا ئەکات، ئەوە بەجێبەجێ کردنی

(١) کانگا: کان (منجم).

(*) بەپێی بڵاوکردنەوەکانی یەکێتیی ئەمریکا، ئێستاکە ژمارە سەری ئەو قولەڕەشانە بیست و دوو ملیۆنە. (وەرگێڕ).

بیروباوەڕی گەورەیی نەتەوە دائەنرێ. بەڵام کاتێ کە فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیدا ئەکات و بەسەر یەکێکی تریشدا ئەیکات، بەوە لە گەورەیی نەتەوە تێپەڕ ئەکات: لە ڕاستیدا زۆرداریی ئەکات.

هەموو نەتەوەیەک، لە هەر شوێنێکدا بێ، ئەگەر ئارەزووی کرد و زانی پێی هەڵ ئەسوڕێ، مافی هەیە بچێ بەگژ ئەو فەرمانڕەواییەدا کە بەکاری نایەت، ئینجا کە ئەوی لابرد، ئەو فەرمانڕەواییە دابمەزرێنێ کە بەکەڵکی دێت.

* ئێوە کە خووتان گرت بەوەوە خەمی کەسی تر نەخۆن کە مافی ئەخۆن، لە ڕاستیدا بەوە سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆتان ون ئەکەن، خۆیشتان ئەکەن بەپارووییەک بۆ هەر زۆردارێک کە لە ناوتاندا خۆی دەربخات.

* لەناو ئەو کەسانەدا کە وریان و دڵچاکن، هی وا هەن کە ئەوەندە بەکارن، هەر فەرمانێکیان بدرێتە دەست، هەست بەفەرمانی سەرشانی خۆیان ئەکەن. بەڵام زۆری وایان تیایە کە ئاواتیان هەر ئەوەندە بڕ ئەکات کە بگەنە کورسییەکی کۆڕی نەتەوە، یاخود پایەیەکی فەرمانڕەوایی، یان کورسیی سەرۆکایەتی. ئەوانە نە لە دەستەی شێران دائەنرێن، نە لە دەستەی بازان.

* ئێوە ئەتوانن هەموو کەسێک، تا ماوەیەک چەواشە بکەن. یان هەندێ کەس تا سەر چەواشە بکەن. بەڵام هەرگیز ناتوانن، هەموو کەس، تا سەر، چەواشە بکەن.

* بەندە قولەڕەشەکان، هەشت یەکێکی ژمارە سەری ئەم نیشتمانەیان ئەگرتەوە. ئەوانە لە هەموو لایەکی نیشتمانەکەدا، وەک یەک بڵاو نەبووبوونەوە. ئەوانە لە بەشی خوارووی کۆبوونەوە. هەندێ کەس، کەڵکێکی تایبەتی گەورەی لەو بەندە ڕەشانە دەست ئەکەوت. هەموویشمان ئەوەمان ئەزانی کە ئەم کەڵک دەست کەوتنە ئەبێ بەهۆی داگیرساندنی شەڕ. ئەو شۆڕشگێڕانەی کە ئەیانویست یەکێتی نەتەوە تێک بدەن بۆ ئەمە ئەوەیان ئەکرد کە ئەو کەڵک دەستکەوتنە پشت بگرن و تا سەر بیهێڵنەوە و داوی فراوانتریشی بۆ بنێنەوە. بەڵام فەرمانڕەوایی، مەبەسی هەر ئەوەبوو کە سنوورێک بۆ ئەو کەڵک وەرگرتنە دابنێ و لە جێی خۆیدا بیهێڵێتەوە، بێ ئەمەی ماوە بدات کە پەرەبستێنێ بۆ خاکەکانی تر. هیچ دەستەیەکیش لە هەردوو دەستەکە بەبیریدا نەئەهات کە شەڕ ئەوەندە گەورەی لێ بێ، یاخود ئەمەندە درێژە بستێنێ. هەروەها هیچ کامێکیشیان ئەوەیان بەبیردا نەئەهات، کە لە پێش زانینی ئەنجامی شەڕدا، ناکۆکی ببڕێنرێتەوە و لەسەر شتێک ڕێک بکەون.



هەردوولایان چاوەڕوانی، سەرکەوتنێکی ئاسانیان ئەکرد، کە ئەنجامەکەی سووکتر بێ و سامناکییەکەی کەمتر بێ. هەردوولایان یەک (ئینجیل) ئەخوێننەوە، بۆ یەک خوایش نوێژ ئەکەن. هەردوولایشیان لە خوا ئەپاڕێنەوە کە سەریان بخات بەسەر دوژمنەکەیاندا. ناشێ لەوە سەرتان سوڕ نەمێنێ کە مرۆڤێک لە خوا بپاڕێتەوە بۆ ئەمەی پشتی بگرێ لە بەش بڕاوکردنی کەسانی تردا لەو نانەی کە بەرەنجی شانی خۆیان پەیدایان کردووە.

بڕایەوە

# سەلاحەدین

نووسەری: دوکتۆر مصطفى الوكيل

## یەکەم کۆچی

فەرمانەکە، بەلای خێزانەکەوە زۆر ناخۆش بوو، بەجارێک دڵی پڕکردن لە خەموتەم. چونکە ئەوان سەرداری کەلاتی (تکریت) بوون، هەستونەستی ئەو ناوچەیە لەژێر دەستیاندا بوو. کەچی ئێستا، دەستیان لە فرمان کێشرایەوە ئەبێ، بەسەرکزییەکەوە لێی بچنە دەرەوە!

کە سەرداری (بغداد)، (بەهرۆز)، کردنی بەگەورەی ئەم کەلاتە، خۆیان وا دانا، کە فریشتەی کامەرانی ڕووی تێکردوون و ئەستێرەی بەختیان لە ئاسماندا ئەدرەوشێتەوە.

هەموویان چوونە ناو کەلاتەکەوە، لەگەڵ سەرۆکی خێزاندا، (شادی کوڕی مروان)ی پیرەمێرد، کە بەهۆی دۆستایەتی ئەوەوە بوو (بەهرۆز) ئەم کەلاتەی پێ بەخشیبوون، هەردوو کوڕەکەیشی لەگەڵدا بوون: (نەجمەدین ئەیوب) کە بەژیری و کارگوزاری ناوی دەرکرد بوو، (ئەسەدەدین شێرکۆ)یش کە هەر لە منداڵییەوە بەخوێن گەرمی و ئازایەتی و هێز و هەڕەتەوە ناوبانگی بڵاو بووبووەوە.

جا ئەم تەووژمەی (ئەسەدەدین شێرکۆ) بوو، کە بووە هۆی ڕوودانی ئەم کارەساتەی کە (بەهرۆز)ی تووڕە کرد لە خێزانەکە و فەرمانیدا کە لە (تکریت) بچنە دەرەوە.

***

## کوڕ و کچێک بوو

کوڕەکە بەدخوو و چاووڕاوکەر بوو، مرۆڤی چەواشە ئەکرد. کچەکەیش کز و بێ چارە و ساکار بوو. بەقسەی کوڕەکە چەواشە بوو. کوڕەکە داوێنی پیس کرد و ئابڕووی تکاند و، گەنجینەی سەربەرزی داگیر کرد.

بەڵام (شێرکۆ) وەک شێر هەڵمەتی بردە سەری. تۆڵەی کچەکەی لە کوڕەکە کردەوە و کوڕەکەی بەزەبری شیرەکەی کوشت.

(بەهرۆز) کە بەم کەینەوبەینەیەی زانی، تووڕە بوو. قینی هەڵگرت لە (شێرکۆ)یش و لە (ئەیوب)ی برایشی. هەردووکیانی لە (تکریت) دەرپەڕاند.



بەڵام (نەجمەدین ئەیوب) بۆچ دەرکرا؟ ئاخۆ ئەویش مەبەس بوو دەربکرێ؟! هەردوو برا، (ئەیوب) و (شێرکۆ)، دانیشتن گفتوگۆیان ئەکرد. دڵتەنگی هەردووکیانی داگیر کردبوو. (ئەیوب)یان دەموچاوی پڕ بوو لە نیشانەی بیرکردنەوەی قووڵ. بەڵام (شێرکۆ)یان تووڕەیی و هەڵمەت بردن لە دەموچاوی ئەباری.

شێرکۆ گوتی:

– (بەهرۆز) چۆن توانی ئەوە لە ئێمە بکات؟ ئەی لەگەڵ باوکما لە شاری (دیوین)دا پێکەوە گەورە نەبوون؟ ئەی هەردووکیان دۆستی دڵسۆزی یەکتر نەبوون؟ ئەم یۆنانییە سەرگەردانە... ئەم لە پیاوەتی خراوەی بەدڕەفتارە... ئەم...

ئەیوب گوتی:

– جنێو بەو پیاوە بۆچ ئەدەیت؟. لە ڕاستیدا ئەو دۆستی باوکمان بوو. پیاوەتی لەگەڵ کردین. کە چەند ساڵێک لەمەوپێش لە شاری خۆمان، لە خاکی (ئەرمینیا) وە کۆچمان کرد و هاتینە ناوچەی فراوانی (بغداد)ەوە بەڕووخۆشییەکەوە باوکمی لاواندەوە و ئەم کەلاتەیشی پێ بەخشی، کە چەند ساڵێک بەخۆشییەوە گوزەرانمان تیا کرد.

– بەڵام ئەو لەسەر دۆستایەتی خۆی نەمایەوە. کە باوکمان مرد، ڕووی لە ئێمە گۆڕی. ئەمە ڕاستە کە ئەو کەلاتەکەی لێ سەندینەوە و تۆیشی هەر بەسەرکردەیی ئێرە هێشتەوە، بەڵام لەژێرەوە کنەی لە من و تۆ ئەکرد. ئێمە کە هەرە گەورەی کوردەوارین، وەک بەندەیەکی سووک چەندوچوونی لەگەڵ ئەکردین... خۆیشی ناناسێتەوە کە چ بەندەیەکی سووک و ڕیسوا بوو لە (دیوین)دا و چۆن گەیشتە پایەی هەرە بڵند لە کۆشکی شای فارسدا، تا کرا بەسەرداری شاری بغداد. ئێستایش خەریکی لووتبەرزی و زەبروزەنگ نواندنە بەسەر ئێمەدا، ئەیەوێ وەک سەگ لە شاری تکریت دەرمان بکات.

– وەڕس مەبە.

– ئەوی دڵی منی تەنگ کردووە، ئەوەیە کە من بووم بەهۆی ڕوودانی ئەم کارەساتە بەسەر تۆدا. بەڵام ئەم بەندەی لە پیاوەتی خراوە، بەهرۆز، نازانی چۆن ئەجووڵێتەوە. ئایا تۆ بوویت ئەو کوڕە داوێن پیسە، نارەسەنەت کوشتبوو، تا جەزرەبەی وات پێ بگەیێنێ؟ بۆچ من دەرناکرێم و تۆیش لە جێی خۆت بەسەرکردەیی کەلاتەکە بمێنێتەوە... ئاخ... تێگەیشتم. تێگەیشتم. لە ڕاستیدا بەهرۆز، لەو ڕۆژەوە قینی لێ هەڵگرتوویت کە (زەنگی)ت ڕزگار کرد. ئای چەند دڵڕەشە!... ئەو ئەتوانێ ئەمەندە ساڵە، ئەو پشم و قینە

له دڵی خۆیدا بهێڵێتەوە؟ (ئەیوب) چەند ساڵێکی پێشووی هێنایەوە بەرچاوی خۆی. پێش چەند ساڵێک، پاشەڕۆکی لەشکرێکی شکاو گەیشتە سەر کەناری ڕووباری (دجلە). لەدوایەوە لەشکرێکی سەرکەوتوو ڕاوی ئەنا. بەوبەر ئاوی ڕووبارەکەوە کەلاتی تکریت بەسەر لوتکەیەکی بەرزەوە شەنگوشۆخانە سنگی دەرپەڕاند بوو. سەرکردەی لەشکرە شکاوەکە (عیمادەدین)ی زەنگی بوو، خاوەنی شاری موصل. هیچ دەرەتانێکی بۆ نەما بووەوە ڕووی تێ بکات و لە دوژمن بیپارێزێ، (تکریت) نەبێ. تەنیا ئەو هیوایەی بۆ مابووەوە.

سەری گوریسەکە بەدەست (نەجمەدین ئەیوب)ەوە بوو. ئارەزووی بکردایە (عیمادەدین) زەنگی و لەشکرەکەی لەناو ئەبرد. ئارەزوویشی بکردایە ڕزگاری ئەکردن و ئەیبووژاندنەوە.

بەڵام (نەجمەدین)، یەک دووی لێ نەکرد. دەمودەست کەشتی بۆ ناردن و لە ئاوەکە پەڕاندنیەوە. خواردەمەنی بۆ پێ گەیاندن و ڕێگای ڕزگاری بۆ کردنەوە. بەڵام (بەهرۆز) ئەمەی گرت بەدڵیەوە. چونکە زۆر قینی لە (عیمادەدین) بوو. بەدڵی ئەو بووایە یان بەتەواوەتی بشکێنرایە، یان بگیرایە، یان بکوژرایە... کەچی ڕزگار کرا. ئەمەی لە دڵی خۆیدا هێشتەوە بۆ (ئەیوب).

(ئەیوب) ئەمانەی هەموو هێنایەوە بیر خۆی. پاشان وریا بووەوە و بەدەنگێکی پڕ هیواوە، قسەکانی (شێرکۆ)ی برای دووبارە کردەوە: (ئەو ئەتوانێ ئەمەندە ساڵە، ئەو پشم و قینە لە دڵی خۆیدا بهێڵێتەوە؟).

شێرکۆ دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

(من لە چاوەکانتا هیوا ئەخوێنمەوە. وام دێتە پێش چاو کە بچێتە لای زەنگی).

ئەیوبیش گوتی: ڕاست ئەکەیت...

**

لە کەلاتی تکریتدا، بێ دەنگوسەنگی دەستی پێ کرد. شەویش هات بەسەردا. لەو کاتەدا کە خێزان خۆی ئامادە ئەکرد بۆ کۆچکردن دەنگی یەکەم گریانی منداڵی تازە لە دایکبوو، بڵند بووەوە. هەموو لا ئەمەیان پێ ستەم بوو. چونکە خەریکی ئەکردن لە خۆ ڕێکخستن بۆ ئەو ڕێگا درێژە. ئەوە هەموویانی دڵتەنگ کرد، بەتایبەتی باوکی. چونکە ئەو لە ڕۆژێکدا لە دایک بوو، کە ئەبو بەدڵشکاوی و سەرکزییەوە (تکریت) بەجێ بهێڵێ، بۆ ئەمەی ڕوو بکاتە ژیانێک کە سەری لێ دەرناکات، چۆن ئەبێ و چ جۆرە



گیروگرفتێکی تیا ڕوو ئەدات. دەوەرە ئەم بارەیشی بێتە سەر!...

دەنگی گریانی منداڵەکە بەرز بووەوە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئەو دەنگەیشدا ڕق هەڵسان و ڕەشبینی باوکەکەی زۆرتریان لێ ئەهات. ئەوە چە ڕۆژێکی ڕەش دەرئەچێ کە لە دایکبوونی منداڵێک لە ڕۆژێکی وا تەنگوچەڵەمەدا، سەرەتای دەربخات؟...

هەروا باشە کە لەم منداڵە خۆی ڕزگار بکات، بۆ ئەمەی لەو ڕۆژە ڕەشەی کە چاوەڕوانی ئەکات ڕزگاری بێت، هەروەها ئەم بارە گرانەیش لە کۆڵی ببیتەوە!

هەردوو دەستی خۆی درێژ کرد، گیانی منداڵەکە بکێشێ! بەڵام نوسیارە گاورەکەی، کە بەساڵان وەک سەگ دڵسۆزیی خۆی بۆ نواند بوو، گورج دەستی گرت و خۆی خستە ناوەند ئەو و منداڵەکەوە و ماوەی نەدا منداڵەکە بکوژێ، بەسەریا قیژاند و گوتی:

(وازی لێ بهێنە. بام بژی، ئەو منداڵە تاوانی چییە؟ ئەو چوزانێ تۆ لە چە خەم و تەمێک دای... توبی خوا ئەگەر وازی لێ نەهێنێ... بەڵکو ئەمە خوایە پیاوێکی گەورەی لێ هەڵبکەوێ!).

لە ڕاستیدا، خوا ئەو منداڵەی گەورە کرد و پایەیەکی زۆر گەورە و بڵندیشی پێ بەخشی. جا ئەم منداڵەی کە لە کەلاتی (تکریت)دا لە دایک بوو، ساڵی (١١٣٨.ز - ٥٣٢. ک)، ناوی (یوسف) بوو، کە لەوە پاش بەناوی سەلاحەدینەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ناوبانگی دەرکرد.

ئاخۆ ئەو گاورە دڵسۆزە، ئەمەی ئەزانی، کە ڕۆژێک دێ، ئەو منداڵە بچکۆلەیە، ئەبێتە سەرداری موسوڵمانەکان و لەشکرشکێنی گاورەکان؟

***

دوا کردەوەی خێزانەکە لە کەلاتەکەدا ئەوە بوو، کە چوونە سەر گۆڕی (شادی). منداڵە بچکۆلەکەیش کرا بوو بەمەلۆتکەیەک لەتەنشت باوکییەوە، (ئەیوب) دانرا بوو، کە دڵی پڕ بوو لە ئازار و ئاوات. (ئەیوب) ئەبوو لەوێدا باوکی لەو گۆڕەدا بەجێ بهێڵێ، منداڵە ساواکەیشی لە بێشکەیەکدا ببا لەگەڵ خۆی!

(ئەیوب) لەوێدا ڕووی کردە خوا. بەدەنگێکی گوتی: (الفاتحة) هەموویان بەدەنگێکی نزمەوە (فاتحة)کەیان خوێند. (یوسف)ی کوڕی نەبێ. بەڵام (ئەیوب) لەپی دەستی خستە سەر ناوچەوانی کوڕەکەی و بەدەنگێکی کەمێک بەرزەوە ئەمەی خوێندەوە:

(بسم الله الرحمن الرحيم

(الحمدلله رب العالمين* الرحمن الرحيم* مالك يوم الدين* إياك نعبد وإياك نستعين* إهدنا الصراط المستقيم* صراط الذين أنعمت عليهم، غير المغضوب عليهم، ولاالضالين* امين)

ئیتر لەوە بەولاوە، هیچی وا نەمایەوە، کە پێویست بێ بۆی بمێننەوە لە (تکریت)دا. بەڵام (یوسف) هەر ئەگریا، هەروەک ویستبیتی لەو کەلاتە تەنگە، دەرباز بێ وا بوو... هەروەک ئەو کەلاتە بۆ ئەو بچووک بێ و بەشی نەکات وابوو... چونکە، کە لە دیوارە زلەکانی کەلاتەکە چوونە دەرەوە و، شەویش درەنگی پێ چوو، کزەبایەکی فێنک بەسەر دەموچاوی مناڵە بچکۆلەکەدا شنەی کرد، مناڵەکە ژیر بووەوە و چاوەکانی کردەوە بۆ بینینی ئەو دەرودەشتە پان و فراوانە، کە تا چاوەکانی بڕ بکەن درێژ بووبووەوە.

بەم ڕەنگە ڕۆژگار وای هێنا، کە سەلاحەدین لە شەوی لە دایکبوونی خۆیدا، یەکەم کۆچی ژیان و تێکۆشانی خۆی دەست پێ بکات.

## تاریکی

لە فەرەنسەدا، لە ساڵی (٧٣٢)ی زاییندا، لە (پواتییە)دا. لەشکری عەرەب دای بە بەر لەشکری فەرەنسییەکاندا. فەرەنگەکان هەرچەندە زۆریش بوون، بەڵام لە بەرامبەر سوارەی عەرەبدا، کە لەوەپێش شەڕی وایان نەدیبوو، خۆیان پێ نەگیرا، کەمەکێ شکان.

بەڵام (شارل مارتل) کە بەچەکوش ناوبانگی دەرکرد بوو... زۆری پێ نەچوو، لەشکرەکەی خۆی کۆکردەوە و دەستی خۆیشی وەشاند. (عبدالرحمن الغافقي)، سەرکردەی لەشکری عەرەبەکان مرد. عەرەبەکان خۆیان دەرباز کرد و گەڕانەوە بۆ (ئەندەلوس) بەم شکانە، عەرەبەکان بەربەست کران لە چوونە ئەورووپای ڕۆژئاوا.

(شارل مارتل)، بەم سەرکەوتنەی ناوی لە مێژوودا تۆمار کرا. هەروەها لە عەرەبەکانیشەوە فێری شتێک بوو کە لە مێژوودا جێگایەکی گەورەی گرت. (شارل) لەوە سەری سوڕما، کە ئەسپ ئەوەندە بەکاری جەنگ دێ. هەروەها سەری سوڕما لە ئەسپی عەرەبەکان کە ئەهاتن و ئەچوون بەناو کۆڕی شەڕدا. لەبەر ئەوە چەند تیپێکی سوارەی لەسەر شێوەی سوارەی عەرەب پێکەوەنا.

ئیتر لەوە بەدواوە، یاسای سوارچاکی بەرە بەرە لە ئەورووپادا بڵاو بووەوە. تاکو لەپاش



چەند سەد ساڵێک، ئەورووپا خۆی ئەو سوارانەی لە گەورەترین جەنگی مێژووییدا بەکار هێنا، لە دژی ئەو عەرەبانەی کە فەرەنگەکان لەوانەوە بۆ یەکەم جار فێری سوارچاکی بووبوون!

جا لەو کاتەدا کە شارستانێتی عەرەب(*) لە (ئەندەلوس)دا ئەبریسکایەوە لە ڕۆژهەڵاتدا لە (عیراق و شام و میسر)دا پڕشنگی ئەدا، ئەورووپا لەناو زرێی هەژاری و نەخوێندەواری و کۆنەپەرستیدا گێلی ئەخوارد. تەنانەت لە خۆشترین سەردەمی سەردەمەکانی ناوەڕاستیشدا، سەردەمی (شارلمان)، کوڕەزای (شارل مارتل) و هاوڕێی (هارون الرشید)، هەروا بوو. کە (هارون الرشید) کاتژمێرێکی ئاوی بەدیاری نارد بۆ هاوڕێکەی خۆی (شارلمان)، دەسوپێوەندەکەی (شارلمان) گوتیان ئەوە دەستکردی جنۆکانە! هەندێکیان لێی داچڵەکین، ترسان، گەڕانە پاشەوە. هەندێکیشیان ویستیان کاتژمێرەکە وردوخاش بکەن!

لەپاش مردنی (شارلمان)، شاهەنشاهێتییەکەی کەرت کەرتی لێ هات. بەشەکانیشی هەموو دەستیان دایە کزیی. شەڕ و ئاژاوە کەوتە ناویانەوە، ئاسایش تێکچوو، نەخوێندەواری و هەژارییش بەناویاندا بڵاو بووەوە. کەسانی ئەو ناوە لە تاریکە شەوێکی بەدخوویی و سەرگەردانی و شپرزەییدا ئەژیان. تووشی گرانی هاتن. ئەرک و ئازار لە پەلوپۆی خستن. وایان لێ هاتبوو، بەرەنگاری ئەو بارەیان پێ نەئەکرا، تەنانەت هاوار و فەریادیشیان لە دەست نەئەهات گەچ و ئاردیان تێکەڵ ئەکرد و نانیان لێ دروست ئەکرد! ڕەنگیان زەرد هەڵ ئەگەڕا و بڕستیان ئەبڕا. لەتاو بێ هێزی و ماندوویێتی و کەم خۆراکی، لاڵوپاڵ لە ڕێگاکاندا ئەکەوتن ئەمردن. گورگ بەناو شەقامەکاندا بڵاو ئەبووەوە بەهۆی گۆشتی مردارەوە بووەوە، قەڵەو ئەبوون، هێز و هەڕەتیان ئەسەند و پەلاماری زیندووەکانیشیان ئەدا! پیاوێکیان دیبوو، گۆشتی کوڵاوی فرۆشتبوو. وای پێشان دابوو، کە ئەوە گۆشتی گیانلەبەرانە ئەیفرۆشی. کەچی کە گیرا و چەندوچوونی لەگەڵ کرا، گوتی گۆشتی مرۆڤە. لە سزای ئەوەدا سوتاندیان. ناوبژیکەرەکە فەرمانی دابوو کە گۆشتی مرۆڤەکەیش بنێژن. بەڵام کابرایەکی تر ئەچێ و گۆڕەکە هەڵ ئەداتەوە، گۆشتی مرۆڤەکە دەرئەهێنێتە دەرەوە و دەست ئەکات بەخواردنی. ئەویش سزاکەی ئەوە بوو، بسوتێنرێ تا ئەمرێ.

---

(*) ئەم شارستانێتییە، هی عەرەب نەبوو بەڵکو هی هەموو نەتەوە ئیسلامەکان بوو وەک کورد و فارس و تورک و عەرەب... (ش. ف)

پیاوی گەورەی وایشیان تیا بوو، هەریەکەیان لە کۆشکێکی گەورەی خاوەن کەلاتدا ئەژیا. هەر چوار لای کۆشکەکەی، شیوی گەورە گرتبوویەوە. پیاوە گەورەکە هەموو کاتێکی خۆی بەڕاووشکار ڕائەبوارد. یاخود بەو شەڕانەوە کە ئەیکرد لەگەڵ دراوسێکانیدا، یان لەگەڵ ژێردەستەکانی خۆیدا. یان بەو شەڕانەوە ڕای ئەبوارد کە ئەوان ئەیانکرد لەگەڵیا. کابرا، سەردارێکی بێ پرس بوو لە ناوچەکەی خۆیدا. هەرچۆنێکی بویستایە، وەها کاروباری دانیشتووەکانی هەڵ ئەسووڕاند. هەرچۆنێک ئارەزووی بوایە، وەها ناوبژیی ئەکرد لەناویاندا. ئارەزووی بکردایە، هەموو کۆگاکانی خۆی بۆ ئەکردنەوە، لێی بخۆن. ئارەزوویشی بکردایە مەڕوماڵاتەکانیانی داگیر ئەکرد و ئەیبردن بۆ نان و خوانی خۆی! هەر کاتێکیش ئارەزووی هەڵ بستایە، داوای کچەکانی ئەکردن، لە شەوی بوکێنییاندا بچنە باخەڵیەوە!... لەو ناوەدا کەشیش، زۆر هەبوون. بەڵام هەر ئەوەیان لە دەست ئەهات کە پارە کۆبکەنەوە و دۆست و یار لەناو کچان و ژناندا پەیدا بکەن!

کەچی لە ناوەڕاستی ئەم تاریکییەدا، مرۆڤانی ئەو سەردەمە فرمانیان ئەکرد و ڕەنجیان ئەدا لە پێناو دروستکردنی کڵێسای گەورە گەورە و (کاتید ڕائی)ی زەلام زەلامدا. لە (پاپا) زۆر ئەترسان. لە قسەی ئەویش نەئەچوونە دەرەوە. هی وایشیان تیا بوو، ئایینێکی کوێرانەی هەبوو. بەردی ئەپەرست. خواناسیی نەئەزانی. لە پاپا ئەترسا، بەڵام لە خوا نەئەترسا!...

هی وایشیان تیا بوو، تا بینا قاقایان لە گوناهباریدا بوو. کەچی ئەیانویست بەوە گوناهی خۆیان بشۆنەوە، کە بەڕۆژوو بن، یاخود بەرگی شڕوپڕ لەبەربکەن و بەسەختی بژین، یاخود خۆیان ئازار بدەن. بەڵام لەوانە، لە هەموویان گرنگتر، سەردان (حج) لە (ئۆرشەلیم) بوو، بۆ چاوپێکەوتنی ئەو جێگا پیرۆزانەی کە (عیسا پێغەمبەر) تیا ژیاوە و تیا ئازار دراوە. لە جەنگەکانی چەلیپا (صلیب)دا، هەلیان دەستکەوتبوو بچنە ئەو جێگا پیرۆزانە، نەک بەتاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ، بەڵکو بەلەشکر و سوپاوە، بچنە (فەلەستین)، بۆ ئەمەی بەهۆی ڕزگارکردنیەوە لە دەست موسوڵمانەکان، گوناهی خۆیان بشۆنەوە و پاداش و پەسندکاری خوایشیان چنگ کەوێ.

بەڵام کە چوونە ئەو جێگا پیرۆزانەوە، نەیانتوانی گوناهی خۆیان بشۆنەوە، بەڵکو ئەوەندەی تریش خۆیان گوناهبار کرد. کە چوونە ئەوێ زۆربوون. بەڵام کە گەڕانەوە کەمیان لێ مابووەوە. کە چوونە ئەوێ ناشی و نەخوێندەواربوون. بەڵام کە گەڕانەوە بەڕۆشنبیرییەوە هاتنەوە.



لەسەر دەستی موسوڵمانەکاندا گەورەترین شت فێربوون چە لە کاتی جەنگدا، چە لە کاتی ئاشتییدا. چە لە زانست و هونەردا. چە لە ڕەوشت بڵندیی و چاوپۆشین و پێشکەوتندا.

## خوێنی تازە

خوا نەبێ، کەسی تر خوا نییە (لا اله الا الله)
(محەمەد)، پێغەمبەری خوایە. (محمد رسول الله)

(سەلجوق) ئەوەی گوت و بڕوای پێ کرد. خوای گەورەیش بەوە ویستی، خوێنێکی تازە بخاتە ناو ئیسلامەتییەوە. (سەلجوق)یش لەو تورکانە بوو کە لە لای کەناری زرێی (قەزوین)ە دانیشتبوون. هەندێک لەو تورکانە لەگەڵ ئەوا بوون بەئیسلام. ئەویش بەوانە شەڕی لەگەڵ ئەوانەدا کرد کە ئیسلام نەبوون. پاش ئەو کوڕەکانی و نەوەکانیشی پێڕەویی ئەویان کرد. پەرەیان سەند و بەهێزیش بوون. بەرە بەرە، بەشەڕوشۆڕەوە چوونە پێشەوە، تا گەیشتنە (خۆراسان و عێراق). ئنجا لە سەردەمی یانزەهەمدا چوونە ناو شاری (بغداد)ەوە.

جێنشینی پێغەمبەریش (خلیفە) لە (بغداد)دا، نە هێزی مابوو، نە دەسەڵات. هەر لەناو کۆشکەکەی خۆیدا دەستی ئەڕۆیشت. بەم ڕەنگە هەموو کاروبارێک کەوتە دەست سەلجوقییە داگیرکەرەکانەوە.

لە چەند شەڕێکی گورج گورجی، پەیتا پەیتادا، هەر لە سنووری ئەفغانستانەوە هەتا سنووری میسری فاطمی، هەموو ئاسیای ڕۆژئاوا کەوتە دەست سەلجوقییەکانەوە. بیزانتییەکانیان شکاند. هەڕەشەیان کرد لە (قسطنطنیە) گڕیان بەردایە دەماری مەردایەتی موسوڵمانەکان. بەو کردەوانەوە کە پێوەی ڕاهاتبوون، وەک ساکاری و دڕی و جەنگاوەری، بەرەیەکی تازەی شەڕکەری وا بەهێزیان لە موسوڵمانەکان پێکهێنا بوو، کە لە دواڕۆژدا هونەری هەرە گەورەی شکاندنی چەلیپاییەکان لەوانەوە دەرکەوت.

لە سەردەمی (ملک شا)دا، کە گەورەترین خونکاریان بوو، فەرمانڕەوایی سەلجوقییەکان گەیشتە هەرە پۆپەی بڵندیی. کاروباری لەسەر یاسا ئەڕۆیشت. (ملک شا) خۆیشی خونکارێکی دادپەروەر بوو، بەناو پارچەکانی خاکەکەی خۆیدا ئەگەڕا، تا ئاگای لە کەینەوبەینەی ناو نەتەوەکەی بێ و بێ وچان ڕەنج بدات بۆ پێگەیاندن و کامەرانکردنی

ئەو. (نظام الملک)یش کە گزیر (وزیر)ی بوو و لە هەرە گەورە پیاوەکانی مێژوو ئەژمێررێ، لەو کاروبارانەدا یارمەتی ئەدا. گوزەران باش بوو بۆ هەمووان، خوێندنگایان کرانەوە، ڕێگایان دروست کران. ئاسایش و دادپەروەریی بەناو هەمواندا بڵاو بوونەوە.

(آق سنقر)یش یەکێک بوو لە ئەفسەرە خۆشەویستەکانی (ملک شا)، لەبەر ئازایەتییە زۆرەکەی و فرمان بەجێهێنانە باشەکانی، پاداشی دایەوە. لە بەندەیەکی کڕراوەوە کردی بەپیاوێکی ئازاد و گەورە، تا دوایی کردی بەسەرداری شاری (حلب).

(آق سنقر)یش، کە لە پێناو کوڕی (ملک شاه)دا مرد، کوڕێکی دە ساڵانی بەجێ هێشت، ناوی (عیمادەدین زەنگی) بوو، ئەوەبوو کە سەلاحەدین لە دایک بوو، هەر ئەو شەوە (نەجمەدین ئەیوب) و براکەی (شێرکۆ) چوون بۆ لای ئەو. زەنگیی منداڵ، لەژێر سەرپەرشتیی سەرداری (موصل)دا گەورە کرا، هەر لە منداڵییەوە ڕاهێنرا بەشێوەی شەڕوشۆڕەوە، وەک هەموو کەسێکی ئەو سەردەمە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، کە ئەنجامی یەکێک لەو شەڕانە خەریک بوو بەملا و بەولادا بکەوێ و مەترسی ئەوەیش هەبوو کە لەشکری سەرداری (موصل) بشکێ، سەردارەکە هەستایە سەرپێ و دەستی کردە ملی کوڕەکە، زەنگی، لە بەردەم لەشکرەکەیدا. پاشان سپاردی بەدەسوپێوەندەکانی و پێی گوتن: (ئەمە کوڕی گەورەکەی پێشووی خۆتانە... لە پێناو ئەودا شەڕ بکەن!). ئەوانیش کەوتنە دوی کوڕەکە، وەک شێر خۆیان هاویشتە کۆڕی شەڕەوە لەو ڕۆژەی زۆرتر پێ نەچوو، بەسەرکەوتوویی گەڕانەوە.

ئەوەیش یەکەم شەڕی زەنگی بوو... کەچی تەمەنیشی هەر پانزە ساڵ ئەبوو.

جا ئەگەر ئیمڕۆ پێمان بڵێین، کە هەشت سەدە بەسەر سەردەمی سەلجوقییەکاندا تێپەڕیوە... ئیتالیاییەکان منالەکانیان ئەکەن بەسەرباز. ئەڵمانەکان کوڕەکانیان لە سەربازخانەکاندا کۆئەکەنەوە. بام ئێمەیش وەک ئەوان بکەین. بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کە ئیتالیاییەکان و ئەڵمانەکان ئەوە ئەکەن. بەڵکو لەبەر ئەوەی کە منالە موسوڵمانەکان لە سەدان ساڵانەوە، هاوبەشی شەڕیان کردووە و سەرکردەیی جەنگیان کردووە و هەر لە منالّیشەوە بەسەربازییەوە ڕاهێنراون.

لەو سەردەمەدا، ئەم گیانی جەنگاوەرییە بوو کە فەرمانڕەوا بوو... زۆرجاری وا هەبوو سەلجوقییەکان هوروژمیان ئەبردە سەر خاکەکانی دراوسێیان، سا موسوڵمان بوونایە یان ڕۆمی بیزەنتی، گوێیان نەئەدایە. جا کە (ملک شا) مرد و، فەرمانڕەوایی سەلجوقی کز



بوو، بوو بەهۆز هۆز و خێزان خێزان، شانشاهی فەرمانڕەوایی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات، (ئەلکسیوس) ئەوەی بەهەل زانی، هاواری نارد بۆ گاورەکانی ئەوروپا بۆ ئەمەی کۆمەکیی بکەن لە بەرامبەر موسوڵمانەکانی دوژمنیا. هوروژمەکانی سەلجوقییەکانیشی وا پێشان ئەدان، کە شەڕێکن لە لایەن ئیسلامەکانەوە هەڵگیرسێنراون، بۆ ئەمەی ئایینی مەسیحی لەناو بەرن. ئەو کارەساتانەیش کە لە موسوڵمانەکانەوە ڕوویان دابوو بەرامبەر بەمەسیحییەکانی دانیشتووی جێگا پیرۆزەکان، یاخود بەرامبەر ئەو گاورانەی کە هاتبوونە ئەو شوێنانە بۆ سەرلێدانیان، خراپ، بەزلی، پیشانی ئەدان.

لەو کاتەدا، لە ڕۆژهەڵاتیشدا زەمینداریی (اقطاع) هەبوو، لە ڕۆژئاوایشدا زەمینداری هەبوو.

لە ڕۆژهەڵاتدا، جەنگاوەران زۆربوون بەڵام لە یەکتر جیاوازبوون، پەیوەندییان بەیەکترەوە نەبوو.

لە ڕۆژئاوایشا سوارچاکانی جیا جیا هەبوون، بەڵام هی وایش هەبوو کە یەکیان بخات.

لە ڕۆژهەڵاتدا دوو جێنشینی پێغەمبەر هەبوو: لە (بغداد) و لە (قاهیرە). هەروەها لە ڕۆژئاوایشدا دوو پاپا هەبوو: یەکێکیان شاهەنشاهی جەرمانی و لەشکرەکانی ئەیانپاراست. ئەوی تریشیان کە (ئەربانی دووەم)یان پێ ئەگوت، نەتەوەکەی خۆی، ڕیزیان لێ ئەگرت و ئەیانپەرست و بەقسەیشیان ئەکرد. ئەویش بەرە بەرە دەسەڵاتی خۆی بەهێز ئەکرد، لە دوژمنایەتی شاهەنشاهی جەرمان کۆی نەئەکردەوە.

شانشاهێتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و شاهەنشاهێتی ڕۆمای ڕۆژئاوا، پەیوەندییان باش نەبوو. (ئەلکسیوس) هاواری برد بۆ (پاپا ئەربان)... ئەمیش بەهەلی زانی کە جێگای خۆی بەهێزتر بکات و، دەسەڵاتی خۆیشی زۆرتر لێ بکات.

ئنجا زۆری پێ نەچوو، فوو کرایە بۆڕیەی جەنگا و، ئاگری شەڕیش هەڵگیرسێنرا!.

## ئارەزووی خوا وایە

ڕۆژ بەرز بووەوە بەسەر ئەو تەمومژەدا کە کێڵگەکانی داپۆشی بوو دەنگی زەنگەکانیش بڵند بووەوە، دیوارەکانی شورەی شاری (کلیرمۆن)ی فەرەنسزییش دەنگەکەی ئەدایەوە. ئەو دەنگدانەوەیە بەناو ئاسماندا، بەهێز و هەڕەتەوە بڵاو بووەوە. پیاوێکی کەڵەگەتی، بەسام لەسەر تەختی قسەکردن ڕاوەستا. مووە زەردەکانی قژی سەری و تووکی ڕیشی لوول بووبوون. کراسە سپییە بریسکەدارەکەشی لەگەڵ ئەو دوو چەلیپا پڕشنگدەرانەدا کە لە دەستە ڕاستی و دەستە چەپییەوە بڵند بووبوونەوە بەدەست دوو پیاوی جل سپییەوە. کە هەڵیان گرتبوون، ئەوەندەی تر سامی پێ پەیدا کردبوو.

بەتەنشت تەختی قسەکردنەکەیشەوە (کەردەل)ەکان و (ئەسقوف) و ڕەبەنەکان، یەک لەدوای یەکەوە دانیشتبوون. لەگەڵ ئەوانەیشدا چەند هەزار کەسێک لە بۆرەپیاو و گەورەپیاو و سوارچاک و هەندێ خانمانی ماڵە گەورە بەکارەکەر و کەنیزەکەکانیانەوە کۆبووبوونەوە.

ئەوانە هەموو چاویان بڕیبووە تەختەکە و لەو وتاربێژە کەڵەگەتە مووزەردە، ورد ئەبوونەوە، لە پاپا ئەربانی دووەم، یاخود لە پاپای زێڕین، هەروەک هەندێک ناوی لێ ئەنا. هەموویان بێ دەنگ بووبوون. گوێیان ئەگرت. دەنگەکەی وەک جادووکاری لە دڵیان ئەکرد. ئەویش بەئارەزووی خۆی دەماری ئەبزواندن و ڕقی هەڵ ئەساندن لە ئیسلامەکان، ئەیگوت:

(ئەو تورک و عەرەبانە. زۆر لە گاورەکانیان خستۆتە بەندیخانەوە. گەلێک کڵێسایان ڕووخاندووە. ئەسپەکانی خۆیان لە پەرستگاکانی گاورەکاندا بەستۆتەوە. ئێستاکەیش کڵێسای پیرۆزی (ماری)، کە خۆی لەناویا بەو لەش پاکییەوە تیا نێژراوە، بەدەست ئەو ئیسلامانەوەیە (گوێ بگرن... ئەو زۆردارانە، شوێنە کوشتییەکانی[1] پەرستگاکان بەپیسایی لەشیان پیس و بۆگەن ئەکەن. گوێ بگرن. ئەوانە تا ئەتوانن گاورەکان ئازار ئەدەن. پێوەند ئەکەنە دەست و قاچیانەوە. بەڕم و تیریش لەشیان ئەنجن ئەکەن. گوێ بگرن. ئەوانە زۆر لەو گاورانە ئەکەن کە دابنەوێننەوە و سەریان بنوشتێننەوە، بۆ

(١) شوێنە کوشتی: ئەو جێگایەی وێنە و پەیکەری مەسیحی تیا دادەنرێ و مۆمەکانی بەدەوردا دادەگیرسێنرێ و قەشەکان ڕووی تێدەکەن و بەچۆکدا دێن لێی، بەعەرەبی (المذبح)ی پێ دەوترێ.



ئەمەی ئەو سەرسەرییانە بتوانن بەشیرڕاوەشاندنێک ملیان بپەڕێنن و هەست بەهێز و توانای خۆیان بکەن!

(نازانم چیتان بۆ بگێڕمەوە لە بابەت ئافرەتانەوە، کە چە زۆرێکیان لێ کردوون. ئێوە ئەی فەرەنسییەکان ناشێ نەتانبستبێ کە عەرەبەکان چە کەتنێکیان کردووە لە سنووری ئیسپانیادا. ئایا لەمە بەولاوە دەستەوئەژنۆ دائەنیشن و چاوەڕوانی ئەکەن؟ تا ئەوانە دێنە ناوتان و ژنەکانتان لێ داگیر ئەکەن. بەبەرچاوی خۆیشتانەوە، منداڵەکانتان ڕەوانە ئەکەن، بۆ ئەمەی بیانکەن بەبەندە و نۆکەری سەرشۆڕی خۆیان!

ئێوە هەموو سوارچاک و بەهێزن. بەڵام لەناو خۆماندا شەڕوشۆڕ و بەربەرەکانێ ئەکەن. ئێوە ئازان، واز لەوە بهێنن، شەڕوشۆڕ لەگەڵ گاورەکاندا بکەن.

ئەی ئەوانەی کە ناکۆکن لەگەڵ یەکتری، هەستن یەک بگرن. ئەی ئەوانەی کە لەوەپێش دزبوون، هەستن ببن بەسەرباز. پێویستە لەسەرتان تۆڵەی خۆتان بکەنەوە، لەو خوێنڕێژانە، لەو بێوەژن داگیرکەرانە، لەو منداڵ بەندیکەرانە، لەو بێ ئابڕووانە! (بچنە پێشەوە بۆ پشتگیری مەسیح. تەگەرەی تێ مەدەن، نەکەن ژن و منداڵ و سامانتان، ساردتان بکاتەوە لە کوشتار لەپێناوی خوادا).

لەوە دوا دەنگەکەی (پاپا)، ئاوازی هانەدان و چەواشەکردنی تێکەڵ بوو، گوتی:

(بچنە پێشەوە تا ئەگەنە شاری قودس. ئەو زەوییە پاکژە لەو ڕەگەزە پیسە بسێننەوە و بەدەست خۆتانەوە بیهێڵنەوە. چونکە کەرە و هەنگوینی تیا دەست ئەکەوێ. (ئێوە ئەگەر سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانتاندا، هەموو خاکەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئێوە ئەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر شکان، لەو شوێنەدا ئەمرن کە (یەسوع) مردووە. ئەچنە بەهەشتێکی تا سەرەوە.

(بڕۆن بۆ شەڕ. کاروبارتان و سەروسامانتان، لەدوای خۆتان ئێمە هەڵی ئەسووڕێنین. من کە خوا هێزی پێ بەخشیوم، هەر گوناهێکتان کرد بێ و هەر هەڵەیەک لێی ڕوودابن، چاویان لێ ئەپۆشم. کەواتە خۆتان ئامادە بکەن و لەشکرتان کۆبکەنەوە، تا زستان بەسەر ئەچێ و بەهار دەست پێ ئەکاتەوە ئنجا دەست بکەن بەکۆچەکەتان لەژێر چاودێری خوادا...) ئەو هێشتا لە وتارەکەی خۆی نەبووبووەوە، دەنگێک بەرز بووەوە، قسەکانی پاپای شاردەوە. هەندێکیان ئەگریان، هەندێکیشیان دەموچاوی خۆیان لەناو دەستیاندا ئەشاردەوە. پاشان هەموویان بەیەک دەنگ ئەو دەنگەیان دووبارە کردەوە، گوتیان:

(ئارەزووی خوا وایە).

پاشـان هەمـوو لایەک بێ دەنگبـوونەوە. لێـوەکانی پاپا دەسـتـیـان کـردەوە بەجـوولانەوە. گوتی:

(ئەگـەر خـوا لـەگـەڵ ئێـوە نەبـووایە و لەناو دڵتـاندا نەبووایە، ئێـوە وا دەنـگتـان بڵند نەئەکردەوە.

(من پێتان ئەڵێم، خوا بوو کە ئەم دەنگەی لە دەم و دڵی ئێوەوە هێنایە دەرەوە. بام ئەمە دابنێین بەبانگی شەڕ. کاتێ کە بەرامبەر بەدوژمنتان وەستان، بام نیشانەی چەلیپا (هەڵواسین بەداردا) لەسەر جلوبەرگ و ئالاکانتان دابنرێن ئەوساکەیش دەنگ هەڵبڕن بڵێن: ئارەزووی خوا وایە).

ئەمە لە بڕانەوەی ساڵی ١٠٩٥دا ڕوویدا. هێشتا ساڵی ١٠٩٨ تەواو نەبووبوو، کە چەلیپاییەکان موسوڵمانەکانیان ڕادا بوو[١].

شارەکانی (رەها) و (ئەنتاکیە) و گەلێ کەلاتیشیان لێ داگیر کردبوون.

لە ١٠٩٩/٧/١٥دا دەرگاکانی شاری (ئۆرشەلیم)یشیان کردەوە.

شێتی سەرکەوتن چووە ناو دەمارەکانیانەوە. تای خۆشی تووشی لەشیان بوو. تا ئەهاتن سەرگەرمتر و شێتتریان لێ ئەهات، بەهۆی گەرمایی ئەو ڕۆژەوە کە گەیشتبووە ناو جەرگەی ئاسمان.

شیرەکانیان دەستی کرد بە بەرزبوونەوە و هاتنە خوارەوە، بەچوونەوە ناوە و بەهاتنە پاشەوە. باکیان نەبوو لە خوێنی موسوڵمانەکان، کە وەک جۆگەلە بێتە خوارەوە. بەتەنگ ئەویشەوە نەبوون کە لاشەکانیان یەک لەدوای یەک بکەوێتە خوارەوە و هەناسەکانی سەرەمەرگیان دەنگێکی سامناکی لێ بێتەبوون!

چوونە ناومالەکانەوە، دەستیان کرد بەهەڵدڕینی لەشی ئافرەت بەنووکی شیرەکانیان، بەپارچە پارچەکردنی لەشی منالْ بەوێنەی مریشک پارچە پارچەکردن لە کاتی خواردنیا. بەوە خۆشییان پێ ئەگەیشت کە چاوی کچە بچکۆلەکان کون بکەن. لەناو شەقامەکان و مزگەوتەکاندا لاشەی مردووان بلاو بووەوە. خوێن جۆگەلەی بەست. ئەسپی سەربازە سەرکەوتووەکانیش بەناو شەپۆلی کوژراواندا هاتوچۆیان ئەکرد، سوارەکانیش بەشیرەکانیان ئەوەندەی تر پارچە پارچەیان ئەکردن و پەندیان پێ ئەدان. خێزانانێکی زۆر لەناو

(١) ڕادا بوو: ڕاونا بوو – ڕاونانێکی بەکۆمەڵ –.



مزگەوتەکاندا کۆبووبوونەوە، شەڕیان نەئەکرد، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەیان ئەکرد کە بکوژرێن، لە ترس و لەرزدا بوون. پیاوە پیرەکانیان، لە لایەکەوە وەستابوون، بەمەندییەکی خواناسانەی بێ دەسەڵاتەوە سەرنجیان لەوە ئەدا کە چۆن سەری کوڕ و کچەکانیان ئەپەڕێنن و سەرەکانیان بەر ئەبێتەوە سەر بەڕە و قالیچەکانی مزگەوتەکە. تا نۆرە هاتە سەرخۆیان، ئنجا لەبەر خۆیانەوە ئەمەیان ئەخوێندەوە:

من ئاگادارم کە خوایەک هەیە، کەسی تر نییە. کە (محەمەد)یش پێغەمبەری خوایە.

پاش ئەمەی دڕندەیی سەرکەوتووەکان کەمێک هاتە خوارەوە. چەند سەرۆکێکیان دەستیان کرد بەپێوانی شەقامەکانی (قودس). لێرە و لەوێ کڵێسایان ئەدیی. زەنگەکانیان لێ ئەدا. لە کانی دڵیانەوە ئەیانگوت: (ئەوە ئارەزووی خوایە)

لە ڕاستیدا، خوایش وای ئارەزوو کرد.

نامەیەکیان نووسی بۆ (پاپا زێرینە) پیرۆزباییان لێ کرد. بۆیان نووسیبوو: ئەگەر ئەتەوێ بزانیت چیمان بەسەر دوژمنەکانماندا هێناوە، بڕوامان پێ بکە کە لە پەرستگای (سلێمان)دا ئەسپەکانمان تا ئەژنۆیان ئەچوو بەزریی خوێنی ڕۆژهەڵاتییەکاندا.

بەڵام نامەکە نەگەیشت بە(ئەربان). چونکە پاش داگیرکردنی (ئۆرشەلیم) بەدوو هەفتە، لە (ڕۆما)دا مرد، پێش ئەمەی دەنگی سەرکەوتنەکەی دوایی پێ بگات.

ئەمەیش ئارەزووی خوا بوو!

بەم ڕەنگە، هەر لەو جێگا پیرۆزەدا کە (مسیح)، خواناسەکانی فێری خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوە ئەکرد لەگەڵ هەموو کەسدا، تەنانەت لەگەڵ دوژمنانیشدا ئەم کوشتاری مرۆڤایەتییە پەیدا ئەبێ، کە لەشکرەکەی (مسیح)، زۆرتر لە حەفتا هەزار کەسیان لە ئیسلامەکان کوشت! بەڵام لەپاش گرتنی (ئۆرشەلیم) نەوەد ساڵی پێ نەچوو، لەسەر دەستی پاڵەوانی ئیسلامدا، خونکاری سەرکەوتوو سەلاحەدین، وەرامی ئەو زۆرداریییە، بەئاشکرا درایەوە!.

## دەست وەشاندنی یەکەم

(ئەیوب) و خێزانەکەی لە ساڵی (١١٣٨)ی زاییندا گەیشتنە شاری (موصل). سەرداری (موصل) و (جزیرە)یش، کە (عیمادەدین)ی زەنگی بوو، لەوانە نەبوو کە دەست بنێ بەڕووی جەنگاوەرانی کارگوزارەوە. کەواتە چۆن دەست ئەنێ بەڕووی دوو کەسی وەک (ئەیوب) و (شێرکۆ)وە؟ ئەی چۆن ئەوەی لەبیر ئەچێتەوە کە بەسایەی کەشتییە بچکۆلەکانی ئەوانەوە خۆی و لەشکرە شکاوەکەی لە ڕووباری دەجلە پەڕینەوە و لە دەست مردن ڕزگاریان بوو لە بەرامبەر (تکریت)دا، جا لەو کاتانەدا کە (یوسف سەلاحەدین) مانگەکانی سەرەتایی منالّی خۆی لە شاری (موصل)دا بەسەر ئەبرد، (ئەیوب)ی باوکی و (شێرکۆ)ی مامی لەژێر فەرمانی (عیمادەدین زەنگی)دا هاوبەشی گەلێک شەڕوشۆڕیان ئەکرد. ئنجا کە (عیمادەدین زەنگی)، لە ساڵی ١١٣٩دا، شاری (بعلبک)ی گرت، تازە ساڵێک بەسەر هاتنیاندا تێپەڕی بوو بۆ (موصل)، دەمودەست (ئەیوب)ی کرد بەسەرداری ئەوێ. ئەویش بەڵگەیەک بوو بۆ کار پەسندیی و باوەڕ پێکردنی (زەنگی) بە(ئەیوب). چونکە ئەودەمە (بعلبک) شارێکی گەورە بوو، هەر چوار لای باخ و شینایی پەسند و ڕەنگاوڕەنگ بوو، لە تەنشت ڕۆژئاوایشییەوە شوورەیەکی قایم و کەلاتێکی گرنگ سەریان بەرز کردبووەوە، شانازییان ئەکرد. ئا لێرەدا، لە شاری (بعلبک)دا، سەلاحەدینی کوڕی سەردار (ئەیوب)، ساڵەکانی منالّی خۆی ڕابوارد بەگەمە و یاریکردنەوە. لەوێدا دەستی کرد بەلەبەرکردنی (قرآن) و فێربوونی دەستووری زمانی عەرەبی و دەستوورە ساکارەکانی ئایینی ئیسلام. سەلاحەدین، کە کوڕی سەردارێکی وەک (نەجمەدین ئەیوب) بوو کە بەپاکی و خواناسی ناوی دەرکرد بوو، ئەم خوێندەوارییەی لە شێوەیەکی زۆر باش و جواندا بردە سەر.

لەو کاتەدا کە سەلاحەدین، تەمەنی گەیشتبووە شەش ساڵی، فەرەنگەکان، لە لایەن پاڵەوان (عیمادەدین) زەنگییەوە، یەکەم دەستێکی سەرکەوتوویان لێ وەشێنرا چونکە لەو کاتەوە کە فەرەنگەکان، پێش لە دایکبوونی سەلاحەدین بەچل ساڵ، (بيت المقدس)یان گرت لە لایەن موسوڵمانە ناکۆکەکانەوە، هیچ مەردایەتییەک ڕووی نەدا، کە بەوەرامێک دابنرێ بۆ ئەو سزا و ئازارەی کە لە دەستچوونی (بيت المقدس) پێی گەیاندبوون. مەگەر میسرییەکان نەبێت کە دەمودەست بەرەنگاری چەلیپاییەکان بوون، پەیتا پەیتا چەند شەڕێکیان لەگەڵ کردن، لە هەندێکیاندا سەرئەکەوتن، لە هەندێکیشیاندا ئەشکان.



ئەو شۆڕشەی کە کەوتبووە گیانی موسوڵمانەکانەوە، ئاگرەکەی دامردبووەوە، لەو ڕیسواییەیەی کە هاتبوو بەسەر براکانیاندا، لەو خاکانەدا کە ئەو بێگانانە داگیریان کردبوو، وەک (قدس و رەها و ئەنتاکیە)، بێ دەنگییان بۆ خۆیان بەباشتر زانیبوو. بەرامبەر ئەو زۆرداریانەی کە گاورەکان ئەیانکرد لە دراوسێ ئیسلامەکانیان، دەستەوئەژنۆ دانیشتبوون هیچیان نەئەکرد. تەنانەت ئیسلامەکان ورەیان وا بەردا بوو کە ئەم کەتن و کارەساتە نەنگانەیان بەچارەنووسێک ئەزانی بۆ خۆیان. ئەوانیش لەگەڵ فەرەنگەکاندا هاتوچۆیان ئەکرد و کڕین و فرۆتنیان ئەکرد. خۆشەویستی و زاوا و بووکییش لەناویاندا پەیدا بوو. تەنانەت وایشی لێ هات کە هەندێ جار فەرماندەرێکی موسوڵمان لەگەڵ چەلیپاییەکاندا ئاشت ئەبووەوە و سوێندخواری ئەکرد، بۆ ئەمەی دوژمنە موسوڵمانەکانی خۆی پێ بشکێنێ.

بەڵام (عیمادەدین)ی زەنگی، ئەو پیاوەتییەی نواند کە گیانی کردەوە بە بەر کەسایەتیی موسوڵمانەکاندا. ئەویش بەوە کە بەرامبەر بەبێگانەکان وەستا بوو، هەر دەستدرێژییەکیان بکردایەتە سەر نیشتمانەکەی، ئەویش ئەوەندەی ئەوە، یاخود لەوەندە زۆرتر دەستدرێژی لێ ئەکردنەوە. ئنجا کە شاری (حلب)، بەگەشی و ڕووخۆشییەوە، دەرگای خۆی بۆ کردەوە دەستی کرد بەدروستکردنی یەکەم بەرەی ئیسلامەتی، بۆ ئەمەی بەرامبەر بەگاورەکان، لەسەر لوتکەی ئەو بەرەیە بوەستێ و، دەستی چاک لەو بێگانانە بوەشێنێ.

لە مانگی گەلاڕێزانی ساڵی (١١٤٤ز - ٥٣٩ک)دا بەخۆی و لەشکرەکەیەوە، بەرامبەر بەشاری (رەها)ی قایم کرا و وەستا، ئەیەویست بەزۆر لەو بێگانانەی بسێنێتەوە کە نزیکەی پەنجا ساڵ ئەبوو لەژێر دەستیاندا بوو، تاکو مانگێکیش تەنگەتاویکردن....

وا ئەگێڕنەوە، کە لەو کاتەدا لە شارێکی دوور لە شاری رەها، پیاوێکی خواناسی موسوڵمان، لە شا خانەی (ڕۆجەر) خونکاری (سجليا)دا ئەبێ، خونکارەکە ڕێزی لێ ئەگری و لەگەڵ خۆیدا دایئەنیشێنێ. ڕۆژێک لە ڕۆژان کە (ڕۆجەر) دائەنیشێ دەست ئەکات بەخۆهەڵکێشان بەو سەرکەوتنانەوە کە گاورەکانی (سجليا) لەو ڕۆژانەدا دەستیان کەوتووە لە (تەرابلوسی ڕۆژئاوا)دا. لەگەڵ کابرای موسوڵماندا دەست ئەکات بەگەمەکردن، لێی ئەپرسێ: (ئەی «محەمەد»ی پێغەمبەرتان لە کوێ بوو، کە ئەو خاکانە گیران؟). موسوڵمانە خواناسەکەیش پێی ئەڵێ: («محەمەد» بۆیەکا لەوێ نەبوو، چونکە چوو بوو سەیری گرتنی شاری (ڕەها) بکات کە ئێستە بەدەست موسوڵمانەکانەوەیە...).

هەر کەسێ لەوێدا بوو، لە فەرەنگەکان پێکەنین. بەڵام شا پێی گوتن: (پێمەکەنن بەڵکو کابرا ڕاست بکات!) لە ڕاستیدا، کابرا ڕاستی کرد بوو. چونکو لە ۱۱٤٤/۱۲/۲۳دا موسوڵمانەکان چوونە شاری (ڕەها)وە. بەڵام سەرکەوتنەکە شێتی کردن. ئەوانیش دەستیان کرد بەتۆڵەسەندن. دەستیان کرد بەکوشتاری پیاو و لێدانی بێوەژن و هەڵکەندنی چەلیپا و پارچە پارچەکردنی کەشیش و ڕەبەنەکان دەستیان کرد بەڕووخاندنی هەموو شتێک کە بەردەستیان بکەوتایە. هەر کووتاڵ و کەلوپەلێک بەنرخ بووایە، هەر لاوێک بەهێز بووایە و بۆ فرمان بەکار بهاتایە، هەر کچێکیش جوان بووایە، دەستیان لێ نەئەدا، بۆ خۆیان ئەهێشتەوە! یەکێک لەوانە کچێکی یەجگار شەنگوشۆخ و جوان بوو، (زەینەدین عەلی) جێنشینی زەنگی لە شاری (موصل)دا داگیری کردبوو.

بەڵام کە زەنگی خۆی هاتە ناو شاری (ڕەها)وە، شارەکەی زۆر جوان و شەنگ هاتە پێش چاو پێی ناخۆش بوو کە لەسەر دەستی ئەودا وێران ببێ. لەبەر ئەوە سەرکێشی لەشکرەکەی خۆی وەستاندەوە. فەرمانی پێدان کە هەرچییەکیان داگیر کردووە بیخەنەوە جێی خۆی، بۆ ئەمەی شارەکە بکەوێتەوە گەڕ و خۆشی و شادمانیشی تێ بکەوێتەوە. قسەی ئەویش زوو جێبەجێ ئەکرا. کەسایەتییەکی بەسامی هەبوو. لەبەر ئەوە سەرکردە و سەربازەکان دەمودەست، بێ چەندوچوون، هەموو شتێک و هەموو کەسێکیان گێڕایەوە جێی خۆیان: کووتاڵ و کەلوپەلی بەنرخ، لاوانی بەهێز، کچانی شەنگوشۆخ.

(زەینەدین عەلی)یش، هەرچەندە دڵی چوو بوو بەو کچە جوانەدا کە هەڵیگرتبوو، بەڵام پێش ئەمەی بەکامی خۆی بگات و جارێک بچێتە باخەڵیەوە بەهەناسە ساردییەکەوە، لەسەر فەرمانی زەنگی گێڕایەوە جێی خۆی...

لەپاش گرتنی (ڕەها) بەدوو ساڵ، (عیمادەدین زەنگی)، لەناو کۆڕی شەڕدا مرد. لە لایەن چەند دەستوپێوەندێکی خۆیەوە کوژرا. هەموو کەسێک بەپیاوێکی کوژراویان دائەنا لەپێناوی خوادا. پاش ئەو، خاکەکانی ژێر دەستی کرا بەدوو بەشەوە... (موصل) بەر (سەیفەدین غازی)ی کوڕی کەوت. (شام)یش بەر (نورەدین مەحمود) کەوت.

لەدوای مردنی زەنگی، ئەرمەنییەکان و فەرەنگەکانی ناو شاری (ڕەها) یاخیبوون. نورەدین بەخۆی و لەشکرەکەیەوە هورووژمی بردە سەریان شارەکەی وێران کرد. کوشتاری خستە شۆڕشگێڕەکانەوە. هەر شتێک بەنرخ بوو داگیریان کرد، ئەمجارەیش دووبارە: لاوە بەهێزەکان و کچە شەنگوشۆخەکانیان داگیر کردەوە. نورەدین، هەندێ لەو کچانەی نارد بۆ (زەینەدین عەلی)، وا ڕێ کەوت، کچەکەی لەمەڕ خۆی کە گرفتاری تیری دڵداری بووبوو،



لەناویاندا بوو. هەروەک خۆی بەهاوڕێکانی خۆی گوتبوو، دەمودەست چوو بووە باخەڵی. لە ترسی ئەوەی جارێکی تریش پێی بگێڕنەوە جێی خۆی، وەک لە ژیانی زەنگیدا پێیان گێڕایەوە.

بەڵام کچەکە لە لای مایەوە. چونکە نورەدین فەرمانی نەدا بەگێڕانەوەی هیچ شتێک بۆ (ڕەها). (ڕەها)یش بۆ خۆی بەوێرانی مایەوە و، بوو بەگۆڕستانی ئەوانەی کە بەهەزاران تیا کوژران.

## لە شامدا

کە گاورەکانی ڕۆژئاوا، بەوێرانکردنی (ڕەها)یان زانی و بەکوشتاری گاورەکانی ئەوێ؛ وروژان و شۆڕش چووە کەللەیانەوە. لەتاو سەرکەوتنەکانی نورەدین گڕیان سەند و بڕیاریان دا کە لە سنووری خۆیدا بیوەستێنن. لەشکرەکانی هەڵمەتی دووەمی چەلیپایی لە سوریەدا کۆبوونەوە. دوو خونکاریشیان لەگەڵدا بوو. یەکێکیان (کونراد) شاهەنشاهی ئەڵمانیا، یەکێکیشیان (لویسی حەوتەم) خونکاری فەرەنسە بوو. چەلیپاییەکان ویستیان (شام) بگرن. بەڵام لەشکرەکانی (ئەنار) سەرکردەی (دیمەشق) و (سەیفەدین غازی) و (نورەدین مەحمود) یەکیان گرت و چوون بەگژیاندا، دوایی ئیسلامەکان گەورەترین سەرکەوتنیان دەست کەوت بەسەر چەلیپاییەکاندا.

ئنجا شاهەنشاهی ئەڵمانیا گەڕایەوە ئەوروپا. دوای ئەویش خونکاری فەرەنسە گەڕایەوە جێی خۆی. بەم ڕەنگە هەڵمەتی دووەمی چەلیپاییەکان سەری نەگرت و بەسەرشۆڕی گەڕانەوە ئەوروپا.

***

لەگەڵ (لویس) خونکاری فەرەنسەدا. (ئەلیانور)ی ژنیشی هاتبوو. بەڵام کە گەڕانەوە ئەوروپا، لە یەکتری جوێ بوونەوە. لەسەر ئەم بەرەڵڵاکردنە، گەلێک بەندوباو بڵاو کرایەوە. لەوە دوا، چیرۆکێکیش دانرا لەسەر (ئەلیانور) و سەلاحەدین پشت بەپشت ئەیانگێڕایەوە بۆ یەکتری...:-

(لەو کاتەدا کە (ئەلیانور) لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا، (لویسی حەوتەم) لە سوریە بوو، بێزار بوو لە دەست ساردی و سڕی و وشکی خونکاری فەرەنسە. بەدرێژایی زستان، بەخەم و خەفەتەوە مایەوە لە شاری (صور)دا. بەڵام هەر بیری بۆ ئەو پاڵەوانە گەورەیە ئەچوو، کە ناوی سەلاحەدین بوو، هاتە کوڕەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ مێردەکەیدا، کەچی ئەو ترسا،

ڕوو بەڕووی نەوەستا. (ئەلیانور)یش ئەوەندەی بیستەوە لە بابەت ئازایەتی و جوامێریی و دەست بڵاویی و گەورەیی سەڵاحەدینەوە، کاری لە دڵی کرد. دوایی گرفتاری دڵداریی سەڵاحەدین بوو. یەکێکی نارد بۆ کن سەڵاحەدین، کە بەزبانی خۆی لە کەینەوبەینەی دڵی شاژنی ئاگادار بکات. ئەوەیشی تێبگەیێنی کە ئەگەر بێتو مارەی بکات، دێتە سەر ئایینی ئیسلام لەبەر دڵی ئەو. سەڵاحەدینیش بەم خۆ پێشکەشکردنەی (ئەلیانور) زۆر دڵی خۆش بوو. چونکە (ئەلیانور) لە ئافرەتە هەرە جوانەکانی گاورەکان و دەوڵەمەندترینیان بوو. ئەویش لە شاری (عسقلان)ەوە کەشتییەکی بۆ نارد بیهێنن. کەشتییەکە گەیشتە شاری (صور). نۆکەرەکەی سەڵاحەدین بەگورجی لە داڵانێکی نهێنییەوە گەیشتە ژووری شاژن. (ئەلیانور) گەشکەدار بوو لە خۆشیدا، کە نێررا بوو بەدوایا. دەمودەست دوو کەنیزەکی برد لەگەڵ خۆی، لەگەڵ دوو سنوقی پڕ لە زێڕ و زیودا، زوو گەیشتە کەناری زرێکە. بەڵام لەو کاتەدا کە خەریک بوو پێی بخاتە ناو کەشتییەکەوە خونکاری مێردی، توند دەستی گرت و بەزۆر بردیەوە جێی خۆی. لەدوا هەناسەدا، یەکێک لە کەنیزەکەکانی خۆی، خونکاری لە کەینەوبەینەکەی ئاگادار کردبوو، ئەویش دەمودەست خۆی گەیاند بووە شاژن و گرتبووی، نەیهێشتبوو لێی جیا ببێتەوە. لەپاش ئەمەی ژن و مێرد، هەردووکیان گەیشتنەوە شاری (صور) و ڕوو بەڕووی یەکتر دانیشتن، شا لێی پرسی: ئەمەت بۆچ کرد؟ شاژنیش وەرامی دایەوە گوتی: لەبەر نامەردی تۆ. چونکە تۆ سێوێکی بۆگەن ناهێنیت. بەڵام سەڵاحەدینم لە تۆ خۆشتر ئەوێ، چونکە کردەوە و ڕەوشتی جوانیم زۆر بیستووە).

بەڵام ئەگەر (ئەلیانور)، بەهەڵەدا چوو بێ و لە ژیانیا بێ ئابڕوویی کرد بێ و ناپاکیشی لەگەڵ مێردی خۆیدا کرد بێ. ئەو ڕەوشت و خووانە لە سەڵاحەدینەوە زۆر دوور بووە. چونکە ئەو ساڵەی کە خاوەنی چیرۆکە بچکۆلەکە دایناوە، بۆ پەیدابوونی ئەو دڵدارییە لە ناوەند سەڵاحەدین و (ئەلیانور)دا، واتا ساڵی (١١٤٩ز) سەڵاحەدین تەمەنی نەگەیشتۆتە یانزە ساڵی. لە شاری (عسقلان)یش دوور بووە، لە شاری (شام)دا ژیاوە، لەوێیشدا زانست و ئایین و ڕەوشتی فێرکراوە!

بەڵام سەڵاحەدین، دوو ساڵ لەوەپێش لەگەڵ باوکیا لە (بعلبک) بوو. هاتنیشی بۆ (دیمشق)، سەبارەت بەمردنی (زەنگی) بوو. چونکە پاش مردنی ئەو، (دیمشق) هەڵسایە سەرپێ، بۆ ئەمەی (بعلبک) بگێڕێتەوە بۆ خۆی. (ئەیوب) هەستی بەخۆی کرد، لە توانایيدا نییە (بعلبک) بپارێزێ لەوان. بەسایەی دووربینی خۆیەوە، هەستی پێ کرد، کە



هەردوو کوڕەکانی زەنگی خۆیان خەریک کردووە بەدابەشکردنی خاکەکانیانەوە، ئەوەندە دەربەستی (بعلبک) نین، چیی بەسەر دێ. لەبەر ئەوە (بعلبک)ی دایەوە بەدیمەشقییەکان. ئەوانیش لە تۆڵەی ئەوەدا دە گوندیان لە نزیک (دیمشق)ەوە پێشکەش کرد، لەگەڵ کۆشکێک لەناو شاری (دیمشق) خۆیدا.

بەم ڕەنگە سەڵاحەدین لەگەڵ باوکیا گوێزایەوە شاری (دیمشق). لەناو ئەو کۆشکەدا دانیشت. دوور نییە کە سەڵاحەدین هەر لەو کۆشکەوە، ئاگای لە شەڕی ناوەند موسوڵمانەکان و چەلیپاییەکان بوو بێ، لە خۆشیانیشدا گەشکەدار بوو بێ کە دیبێتی ئەو گاورانە لە (دیمشق) بەشکاوی گەڕاونەتەوە. (ئەیوب)یش دەستی کرد بەبەرزبوونەوە، لە پایەی فەرمانڕەواییدا، تا لەپاش مردنی زەنگی گەیشتە پایەی (ئەنار). ئیتر بوو بەسەرکردەی هەموو لەشکرەکانی (دیمشق).

هەروەها (شێرکۆ)یش، کە چوو بووە ژێر باڵی نورەدینەوە، ئەمەندە ئازایەتی و کارگوزاری نواند بوو، بەرزیان کردبووەوە بۆ پایەی سەرکردەی گشتی هەموو لەشکرەکانی نورەدین ڕۆژگار وای هێنا کە هەردوو برا سەرکردەکان، یەک بەرامبەری یەکتر بوەستن.

نورەدین، بەهەلی ئەزانی کە ئاواتی خۆی و باوکی بهێنێتە دیی. (دیمشق) بگرێ و پاشان بیکاتە ناوچەی شاهەنشاهێتیی سوریەی یەکگرتوو، بۆ ئەمەی بەرامبەر بەگاورەکان ڕابوەستێ. لە مانگی گوڵانی ساڵی (١١٥٤ز)دا، لەشکرەکانی نورەدین لەژێر سەرکردەیی (شێرکۆ)دا هەواریان هەڵدا لە بەردەم شاری (دیمشق)دا، کە لەشکرەکانی لەژێر چنگی (ئەیوب)ی برایدا بوو!

هەردوو برا لەناو شورەکانی (دیمشق)دا کۆبوونەوە. پاش شەش ڕۆژ گفتوگۆکردن لەسەر هەموو شتێک ڕێک کەوتن. (ئەیوب) نەیئەویست شەڕ لەگەڵ برای خۆیدا بکات. بەرەنگاری هێزەکانی نورەدینیش ناکات چونکە کوڕی سەرۆکی پێشوویەتی کە (عیمادەدین) بوو.

(دیمشق)یەکانیش بەئامۆژگاری (ئەیوب)یان کرد، دەرگای شارەکەی خۆیان کردەوە بۆ گەورەترین سەرداری ئەو سەردەمە، کە نورەدین بوو. بەم ڕەنگە نورەدین چووە شاری (دیمشق)ەوە، بێ ئەمەی تنۆکێ خوێن بڕژێ. هەردوو براکەیش پاداش درانەوە. (ئەیوب) کرا بەسەرداری (دیمشق)، هەر بەتەنیا ئەویش بوو، کە مافی درا بوویە لە بەردەم خونکار نورەدیندا دابنیشێ. (شێرکۆ)یش کرا بەجێ نوشینی خونکار، لە هەموو ناوچەی (دیمشق)دا.

ئیتر لەو ڕۆژەوە سەلاحەدینی لاو، تا دە ساڵ لەناو شا خانەی نورەدیندا بەڕێز و نازەوە مایەوە.

سەلاحەدین زەلام بوو. لە سەروچاویا زیرەکی و کردەوەی بڵند دەرئەکەوت. نورەدینیش ئەوی بەدڵا چوو، لە خۆی نزیک خستەوە.

نورەدین، زۆر حەزی لە یاری (دارشەق و گۆ = پۆڵو) ئەکرد، کە بەسەر سواری ئەسپەوە ئەکرا. سەلاحەدینیش هەموو بەیانییەک زوو لە خەو هەڵ ئەستا ئەو یارییەی لەگەڵ ئەکرد.

نورەدین حەزی لە زانست و زانایان ئەکرد. لەگەڵ خۆیدا زانایەکی هێنا بووە (دیمشق) کە لە گەورەترین زانایانی ئەو سەردەمە بوو ناوی (عبدالله کوڕی ابی عصرون) بوو. لە هەموو لایەکی سوریەدا پەیمانگا و زانستگای بۆ دامەزراند کە وتاریان تیا بدات. سەلاحەدینیش، لە مزگەوتی ( أموي)دا لە (دیمشق) گوێی لەو زانا پیرە ئەگرت، کە لەوەپاش بووە ناوبژیکەری ناوبژیکەرانی جزیرە. پاشان زاناکە چاوی کوێر بوو. سەلاحەدینیش کە ئەو کاتە بووبوو بە(خونکاری موسوڵمانان)، مەردایەتییەکەی ڕێگای نەدا، کە ئەو زانا پیرە لەسەر فرمانەکەی خۆی لابات. بەپێچەوانەی ئەوە، نزیکی خستەوە لە خۆی و پاداشیشی دایەوە.

سەلاحەدین، هەروەک لە شا خانەی نورەدیندا هونەرەکانی وەرزش، خوێندنەکانی ئایین و خوێندەواریی فێر بوو، هەروەها گەلێک شتی تریش فێر بوو.

کە سەرنجی دا لە نورەدین، خواناسی و دادپەروەری و دەروێشی تیا دیی. تەنانەت لە سامانی ئیسلامەکان هیچی هەڵنەئەگرت بۆ خۆی، بەو پارە کەمە ئەژیا کە تایبەتی هی خۆی بوو. هەروەها لە نورەدیندا، خونکارێکی موسوڵمانی خواناسی ئەهاتە پێش چاو، کە لەپێناو ئایینی ئیسلامدا خۆی بەخت ئەکرد و لەپێناو شکاندنی چەلیپاییەکاندا خۆی ئەدا بەکوشت، بێ ئەمەی کۆڵ بدا و ورە بەربدا. سەلاحەدین خۆیشی لەگەڵ باوک و مامیا، چوونە هەندێک لەو شەڕانەوە، ئەو گاورانەیان شکاند و لووتیان هێنانە خوارەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەیشدا هەمووی، سەلاحەدین ناوی دەرنەکرد، تا لە میسردا دەستی کرد بەکارگوزارییە گەورەکەی خۆی. هەر میسر بوو، بەتەنیا کە گەورەییبە شارراوەکانی ئەم لاوەی دەرخست، تەنیا لە میسریشەوە بوو کە سەلاحەدین پرشنگیدا و هەموو جیهانی ڕۆشن کردەوە.



# ئەمە سزای ناپاکانە

(الصالح کوڕی رزیک)، گزیری میسر، ڕاکشانێکی سەرەمەرگ ڕاکشا. ئەوەندەی نەما بوو لە داخا شەق ببا. چونکە پوری جێنشینی پێغەمبەر (عاضد) کە دوا جێنشینی (فاطمی)یەکان بوو[1]، دەستی هەبوو لە گێڕانی ئەو گەلەکۆمەکێیەدا کە بۆ کوشتنی کرا. ڕقەکەیشی نەنیشتەوە تا جێنشینە منالەکە، تکاکەی بەجێ هێنا. ناردیان بەشوێن پوری جێنشیندا هێنایان، پاشان لە بەرچاوی (الصالح کوڕی رزیک) خۆیدا کوشتیان، کە کز بووبوون و خەریک بوون لە تروکان ئەکەوتن.

(الصالح) ڕابردووی خۆی ئەهێنایەوە پێش چاوی... ئەیویست سوێندخوارییەک پێک بهێنێ لە ناوەند میسر و (شام)دا. لەو بابەتەوە نووسیشی بۆ (نورەدین مەحمود). بەڵام نورەدینی ئایین سوننی، نەیئەویست سوێندخواریی بکات لەگەڵ میسری فاطمیی شیعەدا.

(الصالح) گوتی: کاشکی نورەدین دوودڵ نەبووایە لەو سوێندخوارییە، تا ئێستا توانیبوومان فەرەنگەکان دەربکەین لە خاکی موسوڵمانەکان.

کوڕەکەی کە (العادل)ی ناوبوو، بەتەنیشتیەوە بوو، لێی پرسی: مەبەستت لە کێیە، بابە؟

وەرامی نەدایەوە. پاش تاوێک بێ دەنگی گوتی:

ئاخ خۆزگە، (بیت المقدس)م بۆ ئەگیرا و، فەرەنگەکانم هەموو لەناو ئەبرد و، فرێم ئەدانە زرێوە.

دووبارە کوڕەکەی ورتەیەکی کردەوە گوتی: ئاخ بابە!

هەردوو چاوە لێڵەکەی باوکەکە ڕووی کردە کوڕەکەی و گوتی:

ئەی کوڕی خۆم. خۆت لە (شاور) سەرداری (صعید) بپارێزە. ئەوە پیاوێکی دڵڕەشە، بەفرووفێڵە، نەکەیت نزیکی بکەویتەوە...

پاشی ئەمەی (الصالح کوڕی رزیک) مرد، زۆری پێ نەچوو ڕۆژگار دەریخست کە خەم خواردنەکەی لە داگیر نەکردنی (بیت المقدس)دا، لە ڕاستییەوە بووە. هەروەها ئامۆژگارییەکەیشی بۆ کوڕەکەی خۆی، کە خۆی بپارێزی لە (شاور) لە جێی خۆیدا بووە. چونکە هەر لەو ساڵەدا کە (الصالح) کوژرا، (شاور) کوڕەکەیشی لە (وەزارەت) دەرهێنا

(١) جێنشینی پێغەمبەر: خەلیفەی فاطمی.

و کوشتی، زۆریشی لە کەسوکاری کوشت. خۆی چووە جێگای ئەو بۆ وەزارەت هەر لەو ساڵەیشدا بوو کە (ئەمەلریک) خونکاری (بيت المقدس) لەو کاتەدا خۆی گەیاندە خاکی میسر!

بەڵام هاتنی (ئەمەلریک) بۆ میسر، سەبارەت بەوە بوو کە لە وەزارەتدا گۆڕانێکی تازە پەیدا بووبوو. (ضرغام) هوروژمی هێنا بوو، بۆ (شاور). (ضرغام) لە پایەی (گەورەی دەرگا)دا، دانرا بوو،[1] کە پلەیەک لە خوار پایەی وەزیرییەوە بوو. (ضرغام) خۆشەویست بوو لای نەتەوە، لەبەر ئەوەی کە لە شەڕی (غزە)دا بەسەر چەلیپاییەکاندا سەرکەوتبوو ناوبانگی دەرکرد بوو. توانی پشتیوانەکانی خۆی کۆبکاتەوە و بدا بەسەر (شاور)دا. (شاور)ی لە وەزارەت دەرکرد و، خۆی چووە جێگای. گەلێکیشی لە سەرۆکە میسرییەکان کوشت.

(شاور) هەڕای کرد بۆ (شام)، لە نورەدین پاڕایەوە بەفریایدا بگات، لێی خواست کە لەشکرێکی خۆی لەگەڵدا بنێرێ بۆ میسر، بەڵێنیشی دا بەنورەدین کە لە تۆڵەی ئەوەدا هەرچییەک پێویست بێ بۆ لەشکرەکە ئەو بیدات بێجگە لەوە هەموو ساڵێکیش سێیەکی گەنجینەی میسری بۆ بنێرێ، نورەدین تا ماوەیەک دوودڵ مایەوە لە قسەکەی (شاور). چونکە ئەو باوەڕی بە(شاور) نەئەکرد. بەلایشیەوە وابوو کە لەشکرەکەی تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر ئەبێت لەو ڕێگا درێژەدا کە پیا ئەڕوا بەتایبەتی کە بەناو ئەو چەلیپاییە وریایانەدا تێ ئەپەڕێ کە لە (فلسطين) دان. بەڵام کارەساتی پەیتا پەیتا هاتنە پێشەوە نورەدینیان لەو دوودڵییە هێنایە دەرەوە.

(ضرغام) بەوەی زانی کە (شاور) پەنای بردۆتە بەر نورەدین ئەویش پەنای بردە بەر فەرمانڕەوایی فەرەنگەکان. لەگەڵ خونکاری (قدس)دا، (ئەمەلریک) ئاشتی بووەوە. هەندێ پارەیشی پێشکەش کرد. ئەوەیشی لێ خواست کە یارمەتی بدات بەرامبەر دوژمنەکانی: (شاور) و نورەدین.

نورەدین بەم ناپاکییەی (ضرغام)ی زانی، کە خۆی موسوڵمانێکە و کەچی لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا ڕێک ئەکەوێ. دەمودەست لەشکرێکی خۆی نارد لەگەڵ (شاور)دا لەژێر سەرکردەیی (شێرکۆ)دا، کە ئەویش سەلاحەدینی برازای، لە تەمەنێکی بیست و

(١) پایەی گەورەی دەرگا: مەبەستی لە پلەی (الحجابە)یە کە ئەو ڕۆژگارە بەرامبەر (رئيس الديوان – التشريفات) یان (سکرتێر) دێت لە کۆشکدا.



شەش ساڵیدا، ڕاپێچ کرد لەگەڵ خۆیدا. لەشکری (ضرغام) لە لایەن لەشکری (شێرکۆ)وە، لە نزیک (بلبيس)ەوە شکا. لەشکری شکاو لە نزیک شورەکانی (قاهیرە)وە کۆبووەوە. بەڵام لەشکری سەرکەوتوو، هەر لە ڕێی خۆیەوە ڕۆیشت تا شاری (فسطاط)ی گرت. (شاور) لەوێدا مایەوە، خەریکی خۆ ئامادەکردن و هوروژم بردن بوو.

بەڵام میسرییەکان، کە دڵناسکبوون، لەم کردەوەیەی (ضرغام)ە دڵیان زۆر شکا، خۆشەویستییەکەیان دەربارەی ئەو گۆڕرا بەنەنگەویستی. ئەوان ئەوەیان پێ خۆش نەبوو، کە لەگەڵ گاوردا ڕێک بکەوێ و بچێ بەگژ موسوڵمانەکاندا... ئەوی کاریشی یەجگار خراپ کرد، ئەوە بوو کە (ضرغام) داما بوو لەسەر پارە. ئەویش چوو سامانی (اوقاف)ی داگیر کرد و بەکاری هێنا... ئیتر لەوەوە نەتەوەکە لێی بێزاربوون و بەرەنگارییان کرد. هەر لەو کاتەیشدا (جێنشینی پێغەمبەر) پشتی تێ کرد و لەشکرەکەیشی بڵاوەیان لێ کرد.

بەفەرمانی گزیری داماو، تەپڵەکان لێ ئەدران، دەنگی تەپڵەکان و بانگ و هاواری دەستوپێوەندان، دەنگیان ئەدایەوە بۆ کۆبوونەوە بۆ شەڕوشۆڕ. بەڵام کەس نەبوو وەرام بداتەوە. دوایی (ضرغام) بەهەموو هێزەکەیەوە کە هەر پێنج سەد کەسی لێ مابووەوە، ئەویش هێزی پاراستنی خۆی بوو، ڕووی کردە کۆشکی (عاضد)ی جێنشین. لەوێدا ڕۆژگارێکی دووردرێژ مایەوە تا بانگی شێوان، هەر ئەپاڕایەوە لە جێنشین و دڵی ئەدایەوە و سوێندی ئەدا بەسەری باو و باپیری، کە هەر لە هەیوانەکەوە سەرێ دەربهێنێ و پیرۆزباییەکی لێ بکات.

بەڵام هیچ وەرامێکی نەبوو.

ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو... ئەو سەربازانەیش کە لەگەڵی بوون هەموو بڵاوەیان لێ کرد، سی کەس نەبێ کەسی تری لەگەڵا نەمایەوە! لەناکاو یەکێک ڕووی تێکرد و قیژاندی: (ئاگات لە خۆت بێ. خۆت ڕزگار بکە تا نەیانکوشتوویت). دەنگی سەرباز ئەهات نزیک ئەبووەوە. دەنگی تەپڵ ئەهات، گرمە گرمەکەی تا ئەهات بەهێزتر ئەبوو... (ضرغام) هەستی بەوە کرد کە (شاور) بەلەشکرەکەیەوە گەیشتۆتە سەری. (ضرغام) بەسواری ئەسپەکەیەوە دەرباز بوو، بەلای دەرگای (زویلە) و شەقامەکانی دراوسێیدا تێپەڕی کرد. هەروەک شێت ئەیقیژاند و ئەپاڕایەوە لەم و لەو کە یارمەتی بدەن. بەڵام ئەوانەی کە تا دوێنێ بوو خۆشیان ئەویست، ئەوساکە جنێویان پێ ئەدا. ئەو هەر ئەسپەکەی خۆی تاو ئەدا. بەڵام ئەسپەکەیشی بەدڵسۆزیی نەمایەوە لەگەڵی. ئەویش سەرشێت بوو. سوارەکەی

لەسەر پشتی خۆی هەڵدایە خوارەوە، لە نزیک گۆڕی (سیدە نفیسە)وە. لەوێدا هەرچیوپەرچی لەسەری کۆبوونەوە. سەریان بڕیی و گرتیان بەدەستیانەوە، بەناو شەقامەکانی (قاهیرە)دا ئەڕۆیشتن و شادمانییان پێشان ئەدا، پڕ بەدەمیش ئەیانقیژاند، ئەیانگوت:

(ئەنجامی ناپاک بەمە ئەگات!).

## سەرداری ئەسکەندەریە

جیهان بۆ شاور دامرکا. ویستی لە سوێندخوارەکانی خۆی، خۆی ڕزگار بکات. ئیتر کاری بەوان نەما بوو. لەشکری (شێرکۆ)ی لەودیو (قاهیرە)وە دامەزراند. ئەو پارەیەیش کە بەڵێنی دابوو بیدایە نورەدین نەیدا.

(شێرکۆ)، سەلاحەدینی برازای نارد، (بلبیس)ی داگیر کرد وا دیار بوو (شاور) لە بەسەرهاتی (ضرغام)ەوە پەندی وەرنەگرت. ئەویش وەک (ضرغام)، لە ناپاکی یەک و دووی نەکرد، پەنای بردە بەر (ئەمەلریک). ئەمیش لەم هەلە، کە بۆی هەڵکەوتبووەوە، زۆر دڵخۆش بوو. بەپەرۆش بوو بۆ هاتنە دیی ئاواتەکانی لە داگیرکردنی میسردا، کە بەهەشتێک بوو بۆ خۆی، پڕ بوو لە گەنجینە و سامان...

(شاور) بەم زۆرداریيەی دوژمنەکانی دوێنێی کرد بەسوێندخواری خۆی. سوێندخوارەکانی دوێنێشی کرد بەدوژمنی خۆی. بەم ڕەنگە، ئەمیش لەو گزیرانە دەرچوو کە هەر خەمی خۆیان ئەخۆن، هەر بەتەنگ کەش و فشی وەزارەتەکەی خۆیانەوەن تەنیا بۆ دەسەڵات نواندن ئەگەڕێن، بەمەرجێ سایە و پایەیان لە دەست نەچێ، چە گوناه و تاوانێک گەورەیە خۆیانی تووش ئەکەن، باکیان نییە. دوژمنەکانیان بکوژن، بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکەن، پەیمانەکانیان بشکێنن، وەک ئاو بخۆنەوە وایە. ئەگەر سوێندخوارییان کرد، بۆ کەڵکی خۆیانی ئەکەن، ئەگەر هەڵیشگەڕانەوە و پاشگەزیش بوونەوە، هەر بۆ کەڵکی خۆیانە، نەک بۆ کەڵکی نیشتمانەکەیان.

(ئەمەلریک) لەگەڵ لەشکری چەلیپاییيەکاندا بەرەو (بلبیس) لێی خوڕی. لەوێدا هەموو لەشکرەکانی (شام) کۆبووبوونەوە. تا سێ مانگ لەوێ مایەوە، لەسەر چەلیپاییيەکانی ئەکردەوە. ئیتر دەنگ هات بۆ (ئەمەلریک) کە نورەدین دەستی کردووە بەداگیرکردنی زەوییەکانی چەلیپاییيەکان لە (شام)دا. (ئەمەلریک) وای بەباش زانی بگەڕێتەوە، نەوەک تەنگوچەڵەمەی گەورەتر ڕووبدات. لەگەڵ (شێرکۆ)دا کەوتە



گفتوگۆکردن بۆ ئاشتبوونەوە. ئەمیش هێشتا نەیزانیبوو کە نورەدین چەند سەرکەوتنێکی دەستکەوتووە. خواستەکەی ئەوی پەسند کرد. هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە لەشکرەکانیان میسر بەجێ بهێڵن.

لە مانگی دەهەمی ساڵی ١١٦٤دا، لەشکرەکەی شێرکۆ دەستی کرد بەگەڕانەوە لە (بلبیس)، شێرکۆ لەدوایەوە ئەڕۆیشت. ڕمێکی بەدەستەوە بوو. خۆی وا پیشان ئەدا کە لەودیو (قصر)یشەوە بوو، کە لەشکرێکی سەربەرزی سەرکەوتووی لەگەڵدایە.

هەرچییەکو سەلاحەدینیش بوو، لەو کاتەدا کە ئەگەڕایەوە لەگەڵ لەشکرەکەدا، لەناو دەروونیا هەستی بەدوو شت ئەکرد: یەکەم قین لە شاور. دووەمیش، بۆ یەکەم جار لە ژیانیا، فرمانێکی پڕ بەدڵی گرتبوو بەدەستیەوە!

بەڵام لە هەڵمەتی دووەمی (شێرکۆ)دا، کارگوزاری سەلاحەدین زۆرتر گرنگ و بەسام بوو.

***

شێرکۆ لە نزیک شاری (بابین)ەوە لەگەڵ سەرکردەکانی خۆیدا کۆبووەوە، کە نزیک لە شاری (مینا) بوو. سەرکردەکان لەو ڕۆژەدا زۆر ڕەشبین بوون. چونکە (ئەمەلریک) لەدوایانەوە بوو بەخۆی و لەشکری چەلیپایی و لەشکر میسرییەکانەوە. ژمارەی لەشکری چەلیپایی و میسرییەکانیش یەجگار زۆرتربوون لە ژمارەی لەشکرەکەی (شێرکۆ) کە لە دوو هەزار کەس پتر نەبوو.

شێرکۆ ڕاوێژی کرد بەسەرکردەکانی... زۆربەیان ئەوەیان پێ باشتر بوو کە لە ڕووباری (نیل) بپەڕنەوە و بگەڕێنەوە بۆ (شام). سەلاحەدین لە دڵیا بوو کە بەرپەچیان بداتەوە، بەڵام ئەوەی بەباشتر زانی کە جارێ بێ دەنگ بێ.

لەپڕ یەکێک لە سەرکردەکان دەنگی هەڵبڕیی، گوتی: (ئێوە چۆن ئەترسن... هەر کەسێ لە کوشتن و گرتن بترسێ بەکاری سەربازیی نایەت و نایشتوانی بەکەڵکی خونکاری خۆی بێت. ئەوانە هەر وا باشترە کە لەگەڵ ژنی خۆیان لە ماڵدا بمێننەوە. ئێوە چۆن ئەگەڕێنەوە کن نورەدین، بێ سەرکەوتنێک و بێ ڕەنجدانێک. ئەوەتان پێ باشترە کە بەمووچەی موسوڵمانەکان بژین و لەبەر دوژمنەکانیاندا هەڵبێن و میسر بدەنە دەست ئەو خوانەناسانە؟!)

کە سەلاحەدین ئەوەی بیست، بەکوڵی دڵیەوە دەنگی هەڵبڕیی و دەستی دا بەدەستیا و

گوتی: (ئەمەتا بیروباوەڕ!) (شێرکۆ)یش دڵنیا بوو، گوتی: (ئەمەتا بیروباوەڕ، منیش لەسەر ئەوە ئەڕۆم!).

پەسندکەری بیروباوەڕەکە زۆربوون. هەموو بەجارێک بڕیاریان دا کە شەڕ بکەن. ڕەنگ ڕشتنی شەڕەکە وا بوو: سەلاحەدین لەناو جەرگەی شەڕدا بێ. (شێرکۆ) لە دەستە ڕاستەوە بێ. پێویستە سەلاحەدین بەڕێکوپێکی خۆی بشکێنێ و بێتە دواوە لە بەردەم لەشکری فەرەنگ و میسرییەکاندا، کە دیارە هورووژم ئەبەنە سەر ئەو. پاش ئەوە پێویستە (شێرکۆ)یش لە دەستە ڕاستەوە، بنوشتێتەوە بەسەر ئەو هورووژمبەرانەدا. لەدواییشدا سەلاحەدین هورووژم بباتەوە سەر ئەو دوژمنانە.

لەسەر ئەم ڕەنگ ڕشتنە، بەتەواوەتی شەڕەکەیان بەئەنجام گەیاند. (شێرکۆ) و سەلاحەدین سەرکەوتن. بەڵام چونکو لەشکرەکەیان بچووک بوو، نەیانتوانی لەشکرە شکاوەکە ڕاوەدوو بنێن، تا سەرکەوتنەکەیان تەواوتر ببێ و بشتوانن شاری (قاهیرە) داگیر بکەن. ناچاربوون لە ڕێگەیەکی دەشتەکییەوە ڕوو بکەنە ئەسکەندەریە. لەوێ، (شێرکۆ)، سەلاحەدینی کرد بەسەرداری شارەکە و نیوەی لەشکرەکەیشی لەگەڵدا هێشتەوە. ئنجا (شێرکۆ) خۆیشی لەگەڵ نیوە لەشکرەکەی تردا گەڕا بەناو (صعید)دا بۆ دانەوێڵە و سامان کۆکردنەوە.

بەم جۆرە سەلاحەدین، بۆ یەکەم جار لە ژیانیا، خۆی دیی بەسەرداریێ. بەڵام خۆیشی دیی لەناو دوو تەنگوچەڵەمەی گەورەدا. چونکە لە لایەکەوە هێزەکانی فەرەنگەکان و میسرییەکان سەرلەنوێ خۆیان کۆکردبووەوە و ئامادە بووبوون بۆ شەڕ. لە بەشی وشکانیدا ئەسکەندەریەیان تەنگەتاو کرد. لە لایەکی تریشەوە کەشتییەکانی چەلیپاییەکان لەناو زرێوە هورووژمیان ئەبردە سەر ئەسکەندەریە.

بۆ سەلاحەدین، ئەمە یەکەم جار بوو، کە کەینەوبەینەیەکی وا گرنگ و بەسام بکەوێتە ئەستۆی. بەڵام ئەوەندە ئازایەتی و ئارام و بێ باکیی نواند لە بەرامبەر ئەو لەشکرانەدا، دانیشتوانی شارەکە چوو بەدڵیاندا و لە بەرچاویاندا جێگەیەکی بڵندی گرت.

لە ڕاستیدا، ئەو گەلەکۆمەکییەی لە سەلاحەدین کرا بوو زۆر سەخت و گران بوو، پڕ بوو لە سەرگەردانی. زۆریشی پێ چوو، لە حەفتا ڕۆژ تێپەڕی کرد... دانیشتوانی شاری ئەسکەندەریە بەتەواوەتی تەنگەتاو بووبوون، خواردەمەنی و بابەتی شەڕیش خەریکبوون تەواو ببن. بەڵام سەلاحەدین ورەی بەرنەدا، هەر شەڕی ئەکرد و بەرگەی ئەگرت و



دانیشتوانی شارەکەیشی هان ئەدا کە بەئارام بن و دەماری مەردایەتییان هەر بەتوندیی بمێنێتەوە. هەر لەو کاتەدا نامەکاریشی لەگەڵ ماميا ئەکرد، داوای یارمەتی لێ ئەکرد.

دوایی دەنگ وا بڵاو بووەوە کە (شێرکۆ) چوار لای (قاهیرە)ی گرتووە. (ئەمەلریک) ناچار بوو چوار لای ئەسکەندەریە بەرەڵڵا بکات و لەگەڵ (شێرکۆ)دا ڕێک کەوێ لەسەر ئاشتی هەردوو لا لەشکرەکەیان لە میسر بکێشنەوە و ئیتر لەوە بەولاوە نە دەست بخەنە کاروباری میسرەوە، نە هەڵکوتنە سەریشی.

پێش ئەمەی سەلاحەدین، میسر بەجێ بهێڵێ، لەناو لەشکرگای (ئەمەلریک)دا بوو بەمیوان، لەپاش ئاشتبوونەوە کە چەند ڕۆژێک لەوێدا مایەوە، بەوپەڕی ڕێزەوە. لەو ماوەیەدا توانی یاسای سوارچاکی و سەربازی چەلیپاییەکان فێر ببێ. دوور نییە کە لەو کاتەدا بوو بێ، کە دۆستایەتی لەگەڵ (هەمفری)دا پەیدا کرد بێ، کە بەپێی واتەی ئەوروپاییەکان، ئەبێ سەلاحەدین سەرڕوشتەی سوارچاکی لەسەر دەستی ئەودا وەرگرتبێ!.

## خواناسین

بۆ جاری دووەم، سەلاحەدین، میسری بەجێ هێشتەوە بەڵام دڵی زۆرتر پڕ بووبوو لە قین و جوێن بەرامبەر (شاور). زۆرتریش بەخۆیدا ڕائەپەرمو، کە توانی لە شەڕی (البابین)دا بەو جۆرە بجوڵێتەوە و، لە چوار لا گرتنی ئەسکەندەریەیشدا بەرگەی ئەو هەموو ماندوێتی و تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتە بگرێ... ئەوانە هەموو خستیانە سەر ئارەزووی چاوپێکەوتنەوەی (دیمشق) بۆ بێ دەنگوسەنگییەکەی و یاریی و گەمەکانی، لەگەڵ کۆبوونەوە خۆشەکانی ناو زاناکان و دۆستەکانی بۆ گفتوگۆکردن لە بابەت زانست و هۆنراوە و وێژەوە.

بەڵام (ئەمەلریک)... کە میسری بەجێ ئەهێشت، پڕ بەدڵ ئارەزووی داگیرکردنی ئەکرد، بۆ ئەمەی گەنج و سامان و کۆشک و باخەکانی دەست بکەوێ... جا لەبەر ئەوە، هێشتا ساڵێکی بەسەردا نەڕۆیشتبوو، کە پەیماننامەکەی ناوەند خۆی و (شێرکۆ)ی شکاند و بەهۆی خرۆشی چاوبرسێتی و پوولپەرستییەکەیەوە. هەروەها بەهۆی ئامۆژگاریکەرەکانی و قسەی سەرکردەکانیەوە، سەرلەنوێ هاتەوە بۆ میسر کە هەموو خاکەکەی داگیر بکات.

لە ماوەی چەند ڕۆژێکا. (بلبیس) کەوتە ژێر چنگیانەوە، تا توانییان کوشتار و زۆردارییان لە دانیشتوەکانی کرد. کوشتارێکی یەجگار گەورەیان کرد، پاڵەوانەکانی

سەربازەکانی (مسیح) و سوارەکانی بوون. هەر کەسێکیان دەست کەوت لە پیاو و ژن و منداڵ سەریان بڕین.

ئەم کارەساتە کاری کردە دڵی (شاور). ویستی بەهەر کلۆجێک بێ تەگەرە بدات لە هوروژمەکانی (ئەمەلریک)... (فسطاط)[1] کە یەکەم پایتەختی میسری ئیسلامەتی بوو، سوتاندی. تا پەنجا ڕۆژیش پتر ئاگری نێڵە نێڵ ئەو شارە گەورەیەی ئەسوتاند، تا تەخت و تاراجی تێک دا... هەروەها (شاور) دەستی کرد بەچەواشەکردنی (ئەمەلریک) بەپارە، تاکو لە ئەنجامی گفتوگۆدا لەسەر شتێک ڕێک بکەون. یاخود هەروەک (شاور) لە دڵی خۆیدا داینا بوو، تا کۆمەکییەک ئەکرێ بۆی، لە لایەن نورەدینەوە.

لەو کاتەدا هەموو نەتەوەی میسر ڕووی کردە نورەدین، تەنانەت، جێنشین (عاضد)یش بەدەستی خۆی نامەیەکی بۆ نووسی، هەندێ قژی ئافرەتانی کۆشکەکەی خۆی لەگەڵدا نارد بوو تیا نووسیبوو: (ئەمانە قژی سەری ئافرەتەکانی کۆشکەکەمن هاوارت بۆ ئەهێنن کە لە دەست فەرەنگەکان ڕزگاریان بکەیت).

نورەدین، بە(شێرکۆ)ی گوت بچێ بۆ ئەوێ. سەلاحەدین لەو کاتەدا لەوێ دانیشتبوو. مامی ڕووی تێکرد و پێی گوت: (یوسف) تۆیش خۆت ئامادە بکە. سەلاحەدینیش وەرامی دایەوە گوتی: (ئەگەر هەموو خاکی میسرم بدەیتێ ناچم بۆ ئەوێ! چونکە ئەوەی لە ئەسکەندەریە و جێگاکانی تردا بەسەرم هاتووە، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە). (شێرکۆ)یش بەنورەدینی گوت: (پێویستە سەلاحەدین بێ لەگەڵم. چونکە لە هەردوو هەڵمەتەکەدا، یاریدەدەرم بوو. بفەرموو پێی بام لەگەڵم بێ). نورەدینیش فەرمانی دا بەسەلاحەدین کە لەگەڵیا بچێ. سەلاحەدین بیانووی ئەگرت کە نەچێ. دوایی کۆڕەکە بڵاوەی کرد. (أسدالدین شێرکۆ) خۆی ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن. دووبارە نورەدین

---

(١) (فوسطاط): یەکەم سەربازگە و شارۆچکەیەکی سوپای ئیسلام بوو کە (عمرو بن العاص) لە دەوروبەری ٦٤٣زدا لە بەری ڕۆژهەڵاتی (نیل)دا بنیاتینا، عەبباسی و تۆڵۆنیەکان جەزرەبەی خۆیانیان گەیاندێ بەڵام هەر مایەوە، لە سەردەمی (فاطمی)یەکاندا ئاوەدان بوو، سەردەمانێ کارگەی مس و شووشە و کاغەزی تێدا بوو. کە دەرد و تاعون و برسێتی هەراسانیان کرد بەرد و دارەکەی دەبرا بۆ بنیاتنانی (قاهیرە). لە سەردەمی (سەلاحەدینی ئەیوبی)دا شکۆ و سەروەرییەکەی جارانی تێ گەڕایەوە و بووە مەڵبەندێکی بەناوێ بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان... بەڵام تاعوونەکەی ١٣٤٨ دیسانەوە بڕستی لێ بڕی و وێران بووەوە، ئێستاکە دەڕواننە کەلاوەکانی، دەڵێن: کاتی خۆی ئەمە شارێک بووە... ئاوەدان.!!



بەسەلاحەدینی گوتەوە: (پێویستە لەگەڵ مامتا بچیت). هەرچی پێویست بێ بۆ کۆچەکەی دای بەسەلاحەدین. بەڵام سەلاحەدین هەستی وا بەخۆی ئەکرد کە بۆ مەرگی ئەبەن.

سەلاحەدین بەتەنیایی خۆی هێشتەوە. ئەو نە ئەمەی پێ خۆش بوو، نە پەسندی ئەکرد. خۆیشی نەیئەزانی کە بۆچ حەزی بەم کۆچە نەئەکرد. چونکە ئەو هەرچەندێ تووشی گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە بوو بێ، ئەوەندە ترسنۆک و بێ کارە نییە کە لە کاری وا خۆی لابدا. لەم کاتەدا سەلاحەدین هەستی بەخۆی کرد، کە کەموکوڕییەکی ئەبێ تیا بێ.

پاشان (قورئانی پیرۆز)ی کردەوە، دەستی کرد بەخوێندنەوەی بابەتی یەکەم (مانگا = البقرە). لەوێدا سرەوت و ئارامێکی دڵی پێ گەیشت... پاشان، هەر خوێندیەوە هەر خوێندیەوە، تا چاوی پڕ بوو لە فرمێسک.

ئنجا هاتە سەر ئەم واتەیە:

(ئەی ئەو کەسانەی کە خاوەن باوەڕن، پەنا ببەنە بەر ئارامگرتن و نوێژکردن، خوا لەگەڵ ئارامدارانە. ئێوە بەو کەسانە کە کوژراون، لەپێناوی خوادا مەڵێن مردوون، ئەوانە زیندوون، بەڵام ئێوە هەست بەزیندوویێتییان ناکەن).

ئەنجا دەستی کردەوە بەخوێندنەوە تا گەیشتە سەر ئەم واتەیە: (لەپێناوی خوادا بچن بەگژ ئەوانەدا کە بەگژتاندا ئەچن.).

(بەڵام زۆرداریی مەکەن. چونکە خوا حەز لە زۆرداران ناکات. ئەو کاتانە بیانکوژن کە ئەوانیش دەست بۆ کوشتنتان ئەبەن. لەو شوێنانەیش دەریانپەڕێنن، کە ئەوان ئێوەیان لەوان دەرپەڕاندووە ئاژاوەنانەوەیش لە کوشتن خراپترە.)

(بۆ ئەمەیش بیانکوژن کە بەربەستی ئاژاوەنانەوە بکەن و ئایین هەر بۆ خواناسین بمێنێتەوە. ئەگەر ئەوان وازیان لێ هێنا، لەگەڵ زۆرداراندا نەبێ، دوژمنایەتی نابێ بکرێ).

پاشان دەستی کردەوە بەخوێندنەوە، چاوەکانیشی پڕ بووبوون لە فرمێسک و ئەڕژانە خوارەوە بەسەر کولمە سپییەکانیدا.

ئنجا ئەمەی خوێندەوە:

(هەرچەندە پێتان ناخۆشە، خراوەتە سەرتان ئەبێ شەڕ بکەن. دوور نییە ئەوی حەزی پێ ناکەن، بەچاکە بۆتان بگەڕێ. دووریش نییە ئەوی حەزی پێ ئەکەن، بەخراپە بۆتان بگەڕێ. خوا ئەوە ئەزانێ. ئێوە نایزانن).

ئنجا ڕۆشنایی باوەڕکردن بەخوا و خواناسی و نیازی تەواو لە دڵا، ناوچەوانی ڕۆشن کردەوە.

ئنجا کە لەشکرەکە ئامادە بوو بۆ چوونە میسر، سەلاحەدین بەتەنشت (ئەسەدەدین شێرکۆ)ی مامییەوە بوو. بەڵام کە سەلاحەدین ئەمجارە پێی نایە خاکی میسرەوە هەستی بەوە نەئەکرد کە ژێردەستێکە. هەستی بەوە ئەکرد کە بووە بەخاوەن نامەیەک، لە لایەن خواوە ڕاسپێرراوە، بیگەیێنێتە جێ. بەڵێ، وردە، وردە، ئەوەی بۆ دەرئەکەوت...

لەپاش چەند مانگێک، قسەی یەزدانی پاک هاتە دیی؛ کە فەرموویەتی: (دوور نییە ئەوەی حەزی پێ ناکەن، بەچاکە بۆتان بگەڕێ). چونکە سەلاحەدین بوو بەخونکاری گەورەترین و دەوڵەمەندترین فەرمانڕەوایانی ئیسلام لەو سەردەمەدا...

بوو بەخونکاری میسر.

## ئەم پشت و ئەو پشت

(شاور) دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵ (الکامل)ی کوڕیا. لەو گفتوگۆیە مەبەسی ئەوە بوو کە کوڕەکەی خۆی یارمەتی بدا لەو کارەساتە گرنگەدا کە ئەیەوێ بیقەومێنێ. بەکوڕەکەی گوت:

(من ئەمەوێ نانێک دروست بکەم بۆ شێرکوە و سەرکردەکانی ئارەزوو ئەکەم تۆیش لەمەدا یارمەتیم بدەیت...)

کوڕەکە بەسەرسوڕمانێکەوە ئاوڕی لە باوکی دایەوە... کە سەرنجی دا، لە چاوەکانی باوکیا زۆرداریی و بەدکرداریی دیار بوو... لەپڕ بەهەناسەبڕکێیەکەوە پێی گوت: (مەبەست ئەوەیە کە... ) باوکیشی قسەکەی پێ بڕی گوتی: (بەڵێ پێویستە لێیان ڕزگار بین. (ئەمەلریک) بەخۆی و لەشکرەکەیەوە ڕای کرد و میسری بۆ لەشکری (شێرکۆ) بەجێ هێشت. هەروەکو خۆم دیم بەچاوی خۆم و زانیومە، ئەو میسرییە ناشییانە، بەجۆرێکی وا چوون بەپیر لەشکری نورەدینەوە، وەک ئەو لەشکرە لە دەست بەدخوویی و خراپەی بێگانانی ڕزگار کردبن وا بوو... هەروەها زانیم و بەچاوی خۆیشم دیم کە چۆن جێنشین، پێشوازی (شێرکۆ)ی کرد و چۆنیش پاداشی دایەوە... وا ئەیشبینم، نەتەوە، هەر بژیی ئەکات لە (شێرکۆ) بەدەنگی بەرزەوە. لەو لایشەوە لەشکرەکەی ئەو لە زەوی میسردا چنگی داکوتاوە. من ئەمە زۆر بەتەنگانە ئەزانم. پێویستە لە دەست (شێرکۆ) ڕزگار بین... پێویستە... پێویستە...



(الکامل)یش لە فڕوفێڵی باوکی دڵی توند بوو. ئەو داوەی بەزۆرداریيەکی گەورە ئەهاتە پێش چاو. ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، کە باوکی لەم شێوە گوناهبارییەدا، پاداشی ئەو موسوڵمانانەی کە خۆی و جێنشین و میسریان پاراستووە، لە کوشتن و بڕین و تاڵانکردن و ڕیسواکردن، وەها بداتەوە لەوەیش زۆرتری پێ ناخۆش بوو، کە ئەیزانی ئەم فڕوفێڵە کەڵکی نیشتمانەکەی تیا نییە، هەر بۆ کەڵکی باوکی ئەبێ. لەپڕ قیژاندی بەسەر باوکیا، پێی گوت: (بەو خوایەی کە ئێمەی دروست کردووە، ئەگەر بێتو تۆ ئەمە بکەیت، ئەچم بەشێرکۆ ئەڵێم).

باوکیشی گوتی: (بەو خوایەی کە ناوت برد، ئەگەر بێتو ئەمەی لێ نەکەین، هەموومان ئەکوژرێین).

کوڕەکەیش گوتی:

(بام بکوژرێین. بکوژرێین و خۆمان و نیشتمانەکەمان بەئیسلامی بمێنینەوە، چاکترە لەوەی کە بکوژرێین و فەرەنگیش خاکەکەی داگیر کردبین!).

لە ناوەند کوڕ و باوکا، ناکۆکی تەواو زل بوو. (شاور) دەستی لە کوڕەکەی شت. بەلای ئەوەوە، ئیتر کوڕەکەی بەکەڵکی فڕوفێڵ و زرنگی نەئەهات... بەلای کوڕەکەیشەوە وا بوو، کە فڕوفێڵی باوکی، هەروەک فڕوفێڵی گەورەپیاوانی کۆن وایە، بەکاری گەل نایە، چونکە هەر بۆ کەڵکی خۆیان تێ ئەکۆشن، بۆ گەیشتن بەهێز و دەسەڵات و خۆنووان‌دن. ئەوانە باکیان نییە کە لە ڕەنجی جووتیاران بخۆن، لەپاش ئەمەی دارکارییشیان بکەن، بچنە سەر شانە برینداره‌کانیان، بۆ ئەمەی بەرز ببنەوە و بگەنە سایە و پایە و سامان... ئەم جۆرە کاروبار هەڵسوڕاندنە، ئەم جۆرە کردەوە ناپەسندە، ئەم جۆرە فڕوفێڵبازییە، پێویستە بپلیشێنرێتەوە، بۆ ئەمەی لە جێی ئەو کارگێڕانێک بخرێتە کار کە پڕ بێ لە ڕاستی و دروستی و دڵسۆزیی... پێویستە لەسەر بنچینەی چاکە دابمەزرێنرێ، نەک لەسەر بنچینەی خراپە، لەسەر بنچینەی دادپەروەری دابمەزرێنرێ نەک لەسەر بنچینەی زۆرداریی، پێویستە لەسەر بنچینەی سوێندخواری موسوڵمانەکان دابمەزرێنرێ، نەک لەسەر بنچینەی سوێندخواری فەرەنگە زۆردارەکان.

هەرچەندە (شاور) دەستی لە کوڕەکەی خۆی شت... بەڵام لە فڕوفێڵ و پێچوپەنای خۆی دەستی نەشت.

تێکڕا هەموو ڕۆژێک ئەچوو بۆ لەشکرگای شێرکۆ. لەوێ خۆی لێ هەڵ ئەسوو و

خۆشەویستی بۆ ئەنواند و ماستاوی بۆ ئەکرد. بەڵام جێبەجێکردنی پەیمانەکەی کە دابووی بەنورەدین لە بابەت ناردنی پارەوە، بەرامبەر بەم هەڵمەتە، تا ئەهات چەواشەی ئەکرد و دوای ئەخست.

بەڵام (شاور) هەستی بەوە نەکرد بوو، کە هەروەک ئەو ئەیویست داو بۆ ئەو لەشکرە بنێتەوە، ئەو لەشکرەیش ئەیویست داو بۆ ئەو بنێتەوە. چونکە هەم سەلاحەدین هەم هەندێ لە سەرکردەکانیشی، نەیان ئەتوانی لە کردەوەکانی ئەم زۆرداره گوناهبارە بەدخووە بێ دەنگ بمێننەوە... ئەوە بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان، (شاور) هاتە بارەگاکەیان، بۆ چاوپێکەوتنی شێرکۆ نەیدۆزییەوە. پێیان گوت شێرکۆ چۆتە سەر گۆڕی (الشافعي)ی[1] پێشەوا. ئەویش گوتی: بام ئێمەیش بچینە لای. سەلاحەدین و هەندێ لە سەرکردەکانیشی لەگەڵیا چوون. لە ڕێ لە ماینەکەی دایان گرتە خوارێ و بەستیانەوە.

جێنشین (عاضد) بەم کەینەوبەینەیەی زانی. خۆی وا هاتە پێش چاو کە لە بەندیخانەدا بووە و بەرەڵڵا کراوە. یاخود بەندەی دەسدارێکی بەزەبروزەنگ بووە و ئازاد کراوە. یەکێکی ناردە لایان کە سەری شاوری بۆ بهێنێ. بەدوای ئەو ڕاسپێرراوەیشدا چەند کەسێکی تری نارد، نەوەک لە کوشتنی پەشیمان ببنەوە. ئیتر کوژرا و سەرەکەیشیان نارد بۆ (عاضد).

(ئەسەدەدین شێرکۆ) هاتە ناو کۆشکی جێنشینەوە. (عاضد) خستیە جێگای شاور و وەزارەتی پێشکەش کرد. پاش ناوێکیشی پێ بەخشی کە ئەمە بوو: (خونکاری سەرکەوتوو، سەرکردەی لەشکران). هەر لەو کاتەدا گەلەیەکی زۆر گەورەی شۆڕشگێڕی برسی ڕووی کردە کۆشکەکەی (شاور). هەرچییەکی تیا بوو، تاڵانیان کرد و هەر کەسێکی تیا بینرا کوژرا.

(الکامل)یش لەگەڵ برا و خوشکەکانیا لەناو کۆشکەکەدا خۆی گیر کردبوو. ئەوانیش هەر وایان بەسەر هات.

(١) محەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی: (٧٦٧ - ٨٢٠ز) پێشەوا و دامەزرێنەری یەکێکە لە چوار ڕێبازە سوننییەکان. لە (غەززە) لە دایکبووە و لە (مەککە) پێگەیشتووە، لە (مەدینە)ش مامۆستای (ئیمامی مالیک) بووە و لە میصر کۆچی دوایی کردووە؛ مەزارەکەی لە قاهیرەدا وا بەدامێنی شاخی (مقطم)ەوە. کتێبی دانراوی زۆرن: (الام) سەرچاوەیەکی مەزنی فیقهە لەسەر مەزهەبی شافیعی، (المسند) لە حەدیسدا و (السنن، الرسالە) لە ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیدا.



دوور نییە کە (الکامل)یش گیانی بەخاک ئەسپارد، بەدەم ناوی خوا هێنانەوە و پاڕانەوەوە لە خواوە، هەر ئەو قسانەی دووبارە کردبێتەوە لەناو دڵیا، کە لەوەپێش بەباوکی گوتبوو:

(کە بکوژرێین و ئیسلام بین و نیشتمانەکەیشمان بەدەست ئیسلامەوە بێ، چاکترە لەوەی کە بکوژرێین و خاکەکەمان بەدەست فەرەنگەوە بێ...)

***

واتەکانی (الکامل) هاتنە دیی و سەرکەوتن... بەڵێ. قسەی پشتی تازە[1] سەرکەوت: نیشتمانەکە بەئیسلامەتییەوە مایەوە و، بەدەست ئیسلامەکانیشەوە مایەوە. هونەرمەندی گەورەیش لەم کەینەوبەینەیەدا (شێرکۆ) بوو. هەر ئەو بوو کە توانی میسر بگرێ و بەگرتنی میسریش بنچینەیەک بۆ پەیوەندیی میسر و (شام) دابمەزرێنێ. بەم جۆرە، شێرکۆ فرمانە گەورەکەی خۆی بەجێ هێنا، زۆریش نەمایەوە لە وەزارەتا. وا دیار بوو خوای گەورە ڕێگای ئەکردەوە بۆ سەلاحەدین کە گەورە بێ. (شێرکۆ) لەپاش دوو مانگ وەزارەت گێڕان، مرد. لە ئەنجامی نەخۆشییەکی ورگیەوە کە لە زۆر خواردنەوە تووشی بووبوو چونکە حەزی لە خواردن زۆر ئەکرد، زۆریشی ئەخوارد.

لەپاش مردنی، (جێنشینی فاطمی)، سەلاحەدینی خستە جێگای (شێرکۆ)ی مامی. لە ٢٦/٣/١١٦٩دا، سەلاحەدین بەشێوەیەکی فەرمانڕەوایانە کرا بەخونکاری هەرە گەورەی میسر. پاش ناویشی[1] بوو بە(خونکاری سەرکەوتوو). هەر لەو ڕۆژەدا جارێکی تریش واتەی پشتی تازە سەرکەوتەوە چونکە ئەو کاتە تەمەنی (خونکاری سەرکەوتوو، سەلاحەدین) لە سی و یەک ساڵی تێپەڕی نەئەکرد!.

## بەرهەڵست لە ڕێگەدا

هەر لەو ڕۆژە گەورەیەدا، ئەو نامەیەی کە خوا پێی سپارد بوو، بۆ سەلاحەدین دەرکەوت. ئەمە ئەو نامەیە بوو کە هەر لە هاتنی دوایی (شام)یەوە بۆ میسر، هەستی پێ کردبوو. ئێستاکە میسر خۆی هاویشتۆتە بن باڵیەوە، هەستیش بەوە ئەکات کە (فلسطین)یش دوارۆژ دێتە بن باڵیەوە[1]. وا هەست ئەکات کە دەرکردنی فەرەنگەکان لە

(١) پشتی تازە: نەوەی نوێ.

(٢) پاش ناو: نازناو، (لقب).

(بيت المقدس) لەسەر ئەستۆی ئەوە. هەروەها وایش هەست ئەکات کە پێویستە لەسەری خۆی و ژیانی بەخت بکات لە پێناو ئەو کارە گەورەیەدا...

ئەمەیشی خستە پێش چاوی خۆی کە کۆشش بکات بۆ ئەمەی: میسر ببێتە شاهەنشاهییەکی گەورە و بڵند، فەرمانڕەواییە عەرەبەکان بکات بەسوێندخواری خۆی و ببێتە پێشەوای هەموو ئیسلامەکان.

ئنجا ڕووی کردە خوا و داوای یارمەتی لێ کرد کە ئەم ئاواتەی بهێنێتە دیی. وا هاتە پێش چاوی کە خوا پاڕانەوەکەی بۆ بەجێ ئەگەیێنێ. وای هاتە پێش چاو کە ئاواتەکەی هاتۆتە دیی... شاهەنشاهییەکی گەورەی ئیسلامی وای هاتە پێش چاو، کە ئەوەندە بەهێز ئەبێ، لە توانایدا ئەبێ فەرەنگەکان لە خاکەکانی ئیسلام بکاتە دەرەوە.

بەڵام ڕێگاکەیشی سەخت ئەهاتە بەرچاو، گیروگرفتیشی زۆر لە بەردەم دابوو.

یەکەم گیروگرفت کە لە بەردەمیا بوو، خۆی بوو. کەواتە پێویستە لەسەری جارێ لەپێشدا دەست بەو بکات. پێویستە لەسەری بەرەنگاری خۆی بکات، هیچ ئارەزوویەکی دڕندانە و هیچ خروش و ئاڵۆشێک لە دڵی خۆیدا نەهێڵێ. ئیتر لەوە بەولاوە، نابێ بەدووی بەزمورەزما بگەڕێ و نابێ مەی نۆشی بکات. نابێ بەدووی کەشوفش و خۆنوواندنا بسووڕێتەوە. ئەگەر خواناسە بام زۆرتر خوا بناسێ. ئەگەر دەروێشانەیش ئەژیی، بام زۆرتر بەدەروێشییەوە بژیی. پێویستە ببێ بەنموونەی هێز و هەڕەت و ئارام و پشت بەخۆ بەستن و خواناسین بۆ لەشکر و سەرکردەکانی خۆی. پێویستە هەرچی هێز و توانایەکی هەیە لە لەش و هۆش و بیرکردنەوەیدا، بەختی بکات بۆ ئەو ئامانجە گەورەیەی کە لەپێش چاوی خۆیدا دایناوە.

زۆری پێ نەچوو، سەلاحەدین بەسەر گیروگرفتی یەکەمیا زاڵ بوو. زاڵ بوو بەسەر خۆیدا...

مێژوویش بەئاشکرا دەری ئەخات کە سەلاحەدین هەر لەو ڕۆژەوە کە چووتە سەر تەخت، تا ئەو ڕۆژەی گیانی پاکی بەخاک سپاردووە، کاتێک نەبووەکە لەوپەڕی خۆبەختکردنا نەبوو بێ، لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە گەورەیەیدا.

***

(١) لەو رۆژگارەدا کێشەیەک یا ڕەوشێک بەناوی (فەلەستین)ەوە لەئارادا نەبووە.



گیروگرفتی دووەمیش لەپێش دەم سەلاحەدیندا، ئەوە بوو کە هەوەڵەکانی خۆی، سەرکردەکانی نورەدین کە لەگەڵیا هاتبوونە میسر، بەرپایان کردبوو، کە هەندێکیان خزمی سەلاحەدین خۆی بوون. چۆن ئەبێ، هەر ئەو بەتەنیا هەڵبژێررێ لەناویاندا بۆ ئەو پایە بڵندە، کە هی وایان تیایە لە شەڕ و کوشتاردا لەو کۆنترن، لەو تەمەن زۆرترن، لەو شارەزاترن!

سەلاحەدین، هەرچیی لە دەست هات کردی، تا توانی زۆربەی ئەو گرۆزانە دڵ بداتەوە. لەوەدا، خوێندەواری دڵسۆز، (عیسای هەکاری) کۆمەکیی زۆر کرد. بەڵام سەرکردە (الیاروقی) ملی نەدا و ڕێک نەکەوت لەگەڵیا، گوتی:

(من ناچمە ژێر دەستی یوسفەوە). ئیتر لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تردا گەڕایەوە (شام) بۆ لای نورەدین. ئەوانەی تریش لە میسردا مانەوە، هەرچی سەلاحەدین بیگوتایە بەگوێیان ئەکرد و لەگەڵیا بەدڵسۆزیی مانەوە. بەم ڕەنگەدا لەو تەنگوچەڵەمەیەیش بەسەرکەوتوویی ڕزگاری بوو. ئیتر قسەی خونکاری لاو، زاڵ بوو بەسەر سەرکردە پیرەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشا، تا ئەهات گیروگرفت ئەهاتە پێشەوە.

***

ڕۆژێکیان، زەلامێکی سەروچاو ناشیرینی، جلوبەرگ شڕوپڕ ئەڕۆیشت بەڕێگادا، بەڵام بەجۆرێکی وا کە پیاو دڵی لێ پیس ئەکرد. یەکێک لە پیاوە تورکمانەکانی سەلاحەدین، چاوی پێ کەوت، لێی ورد بووەوە. کە سەرنجی دا، پێڵاوەکانی تازەبوون، لەگەڵ جلوبەرگە شڕوپڕەکانیا ڕێک نەئەکەوتن. کابرا، هەردوو پێڵاوەکان و خاوەنەکەی بردن بۆ سەلاحەدین کە پێڵاوەکانیان هەڵپچڕی، نامەیەکی گرنگی تیا شاررابووەوە لەلایەن (مؤتمن الخلافە = ڕازداری جێنشین)ەوە نێررا بوو. ئەمیش قولەڕەشێکی لە پیاوەتی کەوتوو بوو، کۆشکی جێنشین (عاضد)، ئەو کاروباری هەڵ ئەسووڕاند. نامەکە بۆ فەرەنگەکان نووسرا بوو، (ڕازداری جێنشین) ویستبووی لەگەڵ فەرەنگەکاندا گەلەکۆمەکی بکات لە (میسر و سەلاحەدین) ئەویش بەم جۆرە: هەر کاتێ سەلاحەدین لە (قاهیرە) چووە دەرەوە بەرەنگاریی لەشکری فەرەنگ بکات، ئەمیش لەدواوە، لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی میسردا، هوروژم ببەنە سەر سەلاحەدین و بیخەنە ناوەند دوو ئاگرەوە، تا خۆی و لەشکرەکەی تەفروتونا ئەکەن.

دیاربوو (ڕازداری جێنشین) لەوە پەندی وەرنەگرتبوو، کە (شاور) و (ضرغام) بەهۆی

کۆمەکییانەوە لەگەڵ فەرەنگەکاندا بۆ هەڵکوتانە سەر میسر، چە دەردێکیان بەسەر هات. سزای ئەمیش وەک هی ئەوانی پێشوو بوو. پیاوەکانی سەلاحەدین، کە هەڵیان بۆ هەڵکەوت و لە خانووەکەی خۆیدا، لە لادێ دوور لە کۆشکی جێنشین، گرتیان، سەری ئەویشیان پەڕاند.

کوشتنی (ڕازداری جێنشین)، لەشکرەکەی جێنشینی وروژاند. ئەوانە زۆربەیان قولەڕەشبوون. تەنانەت پەنجا هەزار کەسیان سەریان لە سەلاحەدین بەرز کردەوە. کوشتار بەتوندیی لە بەردەم (باب القصرين)دا دەستی پێ کرد. بەڵام، ڕەشەکان لە بەردەم لەشکری سەلاحەدیندا خۆیان نەگرت، شکان. ئیتر سەلاحەدین و پیاوەکانی گەڕەکەکەیان کە لە نزیک (باب زويلە)وە بوو، سووتاند. هەموو ژن و منداڵیشیان لەناو ئەو خانووانەدا بوو... ڕەشەکان بەسەرشۆڕییەکەوە تەفروتونا بوون. زۆریان لێ کوژرا. ئەوی لێیشیان مایەوە، نێررانە (جیزە)، لەوێشەوە بڵاوەیان پێ کرا بۆ (صعيد). ئیتر لەو کاتەوە سەلاحەدین، لە جێگای (ڕازداری جێنشین)، لە پیاوەتی کەوتوویەکی سپی دانا، کە لە پیاوەکانی خۆی بوو، ناوی (بەهائەدین قرەقوش) بوو.

***

لەو ساوە کە سەلاحەدین هاتە سەر تەخت، جێگاکەی گرنگی لێ هات. ئەو لە لایەکەوە گزیری (عاضد) بوو کە جێنشینێکی فاطمییەکان بوو. لە لایەکی تریشەوە جێنشینی نورەدین بوو، کە خونکارێکی سوننی بوو، بەناو ژێردەستی (جێنشینی عباسی) بوو. میسرییەکان (شیعە)یش و (سنی)یشیان تیا بوو. بەڵام بەشی (شیعە) زۆرتر بوو. چونکە (فاطمی)یەکان دوو سەد ساڵ بوو لە میسردا فەرمانڕەواییان ئەکرد. سەلاحەدین نەیویست دڵی میسرییەکان بشکێنێ، بەجارێک ئایینی شیعەکەیان بگۆڕێ و بانگ بدا بۆ جێنشینیی (عباسی) وەک نورەدین ئەیەویست. دیسانەوە ئەوەیشی پێ باش نەبوو کە نورەدین لە دەست خۆی بدا و دڵی بشکێنێ. جارێ هەر بەوەندە وازی هێنا کە لە وتاری ڕۆژی هەینی (خطبة الجمعة)دا لەدوای ناوی جێنشینی فاطمییەکانەوە، ناوی نورەدینیش بهێنێ. چاوەڕوانی ئەوە بوو، کە جێگەی لە میسردا قایم ببێ و، بچێتە ناو دڵی میسرییەکانەوە ئنجا هەنگاوێکی تەواو بهاوێژێ بۆ بڕانەوەی کەینەوبەینەی (جێنشینی).

***

سەلاحەدین بەتەنگ دڵی سەرکردەکانی کۆشکی جێنشینی فاطمییەوە نەبوو. گوێیشی نەئەدایە دڵی گەورەپیاوەکانی میسر. هەموو خەمێکی بۆ کامەرانی نەتەوەی میسر دانا



بوو. لەبەر ئەوە دەرگاکانی کۆشکەکەی و گەنجینەکانی فەرمانڕەواییەکەی کردەوە بۆ هەمووان. لە هەموو سوچێکی میسرەوە ڕاسپێرراوان هاتن، بیبینن. ئەویش پێی ئەبەخشین. گوێی لە سکالایان ئەگرت، ئاواتەکانی ئەهێنانە دیی. جا لەبەر دەست بڵاویی و ڕوو خۆشی و کردەوە شیرینی و کەسایەتییە دڵکێشکەرەکەی، چوو بووە دڵی میسرییەکانەوە.

کە دەستی کرد بەبەرەنگاریکردنی چەلیپاییەکان و لە شەڕە گەورەکانیشدا شکاندنی، ئەوەندەی تر چووە دڵیانەوە. چەلیپاییەکان ئێستاکە خۆیان وا هاتە پێش چاو کە لەناو دوو فەرمانڕەوایی ئیسلامی یەکبووی بەهێزدان. لەبەر ئەوە (ئەمەلریک)ی خونکاری (بيت المقدس) خۆی لەگەڵ شاهەنشاهی یۆناندا ڕێک خست، کە ئەمیش ئەترسا لە هەڵمەتی نورەدین بۆ سەر ئاسیای بچووک، کە لەوێوە بگاتە سەر خاکی ئەو.

لە مانگی یانزەهەمی ١١٦٩دا، (ئەمەلریک) و لەشکرەکەی هوروژمیان بردە سەر (دمياط)، جێگایەکیان بۆ خۆیان دامەزراند لە ناوەند زرێ و شارەکەدا، چاوەڕوانی کەشتییەکانی یۆنانیان ئەکرد بگاتە فریایان. بەڵام سەلاحەدین خۆی ئامادەی شەڕ کردبوو. (طابیە)یش دامەزرا بوو، بۆ بەرەنگاری. پاش سێ ڕۆژ کەشتییەکانی گریکە (یۆنان)کان دەرکەوتن. بەڵام چەک بەدەستەکانی (طابیە) توانییان کەشتییەکان لە هاتنە ناو ئەسکەلەکە بەربەست بکەن. لەشکری ناو زەوی چەلیپاییەکانیش هیچیان پێ نەکرا، لە بەرامبەر لەشکرەکانی سەلاحەدین و ئەو یارمەتییانەدا کە نورەدین ڕەوانەی ئەکردن بۆ سەلاحەدین.

(ئەمەلریک) ناچار بوو، چوار لا گرتنەکە، بکاتەوە کە پەنجا ڕۆژ بوو دەستی پێ کردبوو، لەشکرەکەیشی تووشی ئازار و برسێتی و سەرگەردانییەکی زۆر بووبوو بەدەست گێژەڵووکەوە: ئیتر گەڕایەوە (شام) بۆ ئەمەی بیپارێزێ لە هەڵمەتەکانی نورەدین لەو کاتەدا کە کەشتییەکانی یۆنان ئەگەڕانەوە بۆ جێی خۆیان گێژەڵووکەیەکی توندی لێ دان، لە هەموو لایەکیشەوە شەپۆلی ئاوەکە دایگرتن و لوولی دان. کەشتییەکان هەموویان پارچە پارچەبوون و شکان. شەپۆلەکانیش لاشەی مردووەکانیان بردە گوێ ئاوەکە، لەو جێگایەدا فڕێی دان کە هاتبوون داگیری بکەن!

سەلاحەدینیش بەدوای ئەم سەرکەوتنەیدا لە پاراستنی (دمياط)دا، کە بەرامبەر چەلیپاییەکان کردی، چەند جارێک هوروژمی بردە سەر بەشی خوارووی (فلسطين) بەو مەبەسەی کە ترسی فەرەنگەکان لە دڵی لەشکرەکەی خۆی دەربکات و لەشکرەکەیشی

رابهێنێ بەهوروژم بردنەوە، نەک بەخۆپاراستنەوە وەک لەوەپێش پێی ڕاهاتبوون. ئەویش بۆ ئەمەی کە وایان لێ بێ، بتوانن دەست بکەن بەو شەڕە پیرۆزە کە لەپێشیانەوەیە ئەو شەڕەی کە هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونە وەزارەتیەوە هەستی پێ کردبوو.

لەم هەموو هوروژمانەدا بەسەرکەوتوویی هاتە دەرەوە. لە شەڕی (غزە)دا زاڵ بوو بەسەر چەلیپاییەکاندا. پاشان ویستی شاری (ابلە = عقبە)یان لێ داگیر بکات سەبارەت بەو جێگا گرنگەی کە هەیەتی لە دەم زریی سووردا و چەقی ڕێگای حاجییە موسوڵمانەکانە بۆ (مکة). لەبەر ئەوە لە شاری (قاهیرە)دا، پارچەی کەشتییەکانی دروست کرد و پاشان گوێزانیەوە بۆ زریی سوور کە لەوێ یەک خران. بەم جۆرە سەلاحەدین، کەلاتی (عقبە)ی داگیر کرد بەهۆی کەشتییەکانیەوە لە زریی سووردا و لەشکرەکەیشیەوە لەسەر زەویدا.

(یوسف سەلاحەدین)، لەدوای ئەم هەموو سەرکەوتنانە بەسەر چەلیپاییەکاندا گەڕایەوە جێی خۆی. لەمسەر و لەوسەری میسرەوە هەموو کەس، بە(سنی و شیعی)یەوە بەتورک و میسرییەوە ناویان بەجوانی ئەهێنا. هەموویان خۆشیان ئەویست چونکە بەسەر دوژمنەکانیاندا زاڵ بووبوو... بەسەر خوانەناسەکاندا، هەروەک خۆیان ناویان لێ ئەنان... نەتەوە هەمووی هۆگری پێشەوای لاوی خۆی بوو. زۆرتر پشتیان پێ بەست، زۆرتر باوەڕیان پێی هات. میسرییەکان گیانیان کرایەوە بەبەردا. دڵیان پڕ بوو لە باوەڕ بەخۆکردن و شانازیی.

میسر وای لێ هاتبوو: بازرگان لە بازاڕدا، مناڵ لەناو شەقامەکاندا جووتیار لە کێڵگەدا، کەیبانوو لەناومالّدا، سەرباز لە بارەگای لەشکردا... ئەمانە هەموو بەسەرسوڕمان و خۆشەویستی و شیرینییەوە ناوی سەلاحەدینیان ئەهێنا: یوسف. یوسف. خونکار یوسف!

کە سەلاحەدین، هەستی بەجێگای خۆی کرد لە دڵی میسرییەکاندا، شیعەیش و سنییش، بڕیاری دا میسر بکات بەسوننی. شیعەیەتیش لەناو ببات. بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کە نورەدین وای ئەویست. چونکە دوور نییە ترسا بێ لەوەی کە جێنشینیی فاطمی نەما، ئەو ئەبێ بەژێردەستێکی تەواوی نورەدین، چۆن ئارەزوو بکات نورەدین وای هەڵ ئەسووڕێنێ. بەڵکو بۆ خۆی وای بەباشتر ئەزانی، کە جێنشینی فاطمی بپارێزێ، تا لە دوارۆژدا فاطمییەکان پشتی بگرن بەرامبەر نورەدین. ئەگەر هاتوو نورەدین ڕووی لێ وەرگێڕا.



بەڵام سەلاحەدینی سوننی، هەروەکو لەوەپێش گوتمان، وای بڕیار دابوو کە میسر بکات بەپێشەوای هەموو ئیسلام و سەرداری شاهەنشاهیی ئیسلامی. ئەوەیش بەو جۆرە پێک نایەت کە میسر لەسەر ئایینی شیعە بمێنێتەوە و جیاواز بێ لە هەموو خاکەکانی تری ئیسلام کە لە ڕۆژی هەینیدا لە وتاردا ناوی جێنشینی (عباسی) ئەخوێندرێتەوە.

لە ڕێگای ئەوەدا کە میسرییەکان بخاتە سەر ئایینی (سنی)، دوو خوێندنگای گەورەی کردەوە: (الناصریە) و (الکاملیە)، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی (شافعي).

لە میسردا، خانوویەک دانرا بوو، بۆ گرتنی ئەوانەی لە سەردەمی پشێوی پێش سەلاحەدیندا، ئەگیران بەئارەزووی کاربەدەستان. سەلاحەدین ئەو خانووەی ڕووخاند و هەر زۆرداریی و بەدکارییەکی تیا مابوو لەناوی برد. لە جێی ئەو خوێندنگایەکی کردەوە بۆ ئایینی (شافعي). هەروەها ناوبژیکەرە شیعەکانیشی لابرد، لە جێی ئەوان ناوبژیکەری (سنی)ی دانا.

بیروباوەڕی میسرییەکان وردە وردە لە شیعەیەتی دوورکەوتەوە و بەرە بەرە ڕووی کردە ئایینی (سنی). ڕۆژگاریش بەکامی دڵی سەلاحەدین ئەجووڵایەوە، بۆ ئەمەی بگات بەئامانجی خۆی...

## داسی مەرگ

لەو کاتەدا کە (عاضد) نەخۆش بوو، لەناو کۆشکە زەلامەکەیدا سەلاحەدین سەرکردەکان و سەردارەکانی خۆی کۆکردەوە بۆ ڕاوێژکردن لە بابەت ناو نەهێنانی (عاضد)ەوە لە وتاری هەینیدا. پێیشی گوتن کە نورەدین لەسەر ئەم بیرە گیرە هەندێکیان ئامۆژگارییان کرد، بکرێ، هەندێکیشیان مەترسییان هەبوو لە تووڕەیی میسرییەکان.

لەو کاتەدا زانایەکی (موصل)ی هاتبووە میسر، کە بینی ئەوانە دوودڵن لەو فرمانەدا و ناوێرن بەناوی جێنشینی (عباسی)یەوە وتار بخوێننەوە، گوتی: من دەست ئەکەم بەخوێندنەوەی ناوی ئەو لە وتاری هەینیدا.

لە یەکەم ڕۆژی هەینی مانگی (محرم)دا ساڵی (٥٦٧ کۆچی) واتا لە ١٠/٩/١١٧١دا خۆی هاویشتە مزگەوتەکەوە، پاڕایەوە لە خوا بۆ جێنشینی (عباسی) لە بەغداد. نوێژکەرەکان لەوە سەریان سوڕما و هیچی تر. بەڵام پشێویی و ئاژاوە و مقۆ مقۆی لێ پەیدا نەبوو. ئەم دەنگە گەیشتە بەغداد. جێنشینی (عباسی)، دڵی پڕ بوو لە

خۆشی، پایتەختی کرد بەچراخان لە خۆشیدا. تیشکی ئەو چراخانە، کە ئەیدا لە ئاوەکەی ڕووباری دەجلە، چاوئەندازێکی دڵکێشکەری لێ ئەهێنایە بوون. جێنشین دیاری سەربڵندی نارد بۆ نورەدین و سەلاحەدین. پاش چەند ڕۆژێک وتاری هەینی بەناوی جێ نوشینی بەغدادەوە لە مزگەوتەکانی میسردا بڵاو بووەوە. ئاڵای ڕەشیش بەسەر جێ وتارەکاندا درا.[1]

ئاڵای (عباسی) هەر لەو کاتەدا کە ئەمانە ئەکرا، (عاضد) لە سەرەمەرگ دابوو، گیانەڵڵای ئەدا، نەیئەزانی کە ناوی لە وتاری هەینی لابراوە، پێش ئەمەی لەشی بکەوێتە گۆڕەوە. چونکە سەلاحەدین فەرمانی دابوو بەژێردەستەکانی خۆی و فەرمانبەرەکانی کۆشک، کە (عاضد) لەم کەینەوبەینەیە ئاگادار نەکەن. گوتبووی: (ئەگەر لە نەخۆشییەکەی چاک بووەوە، پێ ئەزانێ. ئەگەر مردیش، پێویست ناکات کە بەکەینەوبەینەیەکی وا، لە سەرەمەرگیا دڵی بڕەنجێنین).

جێنشینی فاطمی نەخۆش، بەمەی نەزانی بوو. ئەو سەلاحەدینی وا ئەهێنایە پێش چاوی خۆی، کە لاوێکی مەندی بێ دەنگی بەسەزمانە، لەگەڵ مامی خۆیدا هاتۆتە میسر، ئەوەندەیش ئازایەتی و بێ باکی و هێز و کاردروستی پیشانداوە، هەموو کەس خۆشی ئەوێ. بەڵام هەرگیز بەبیریا نەئەهات کە سەلاحەدین ئەتوانێ بەم جۆرە بەسەر هەموو گیروگرفت و بەرهەڵستەکانی خۆیدا زاڵ ببێ و، بەم جۆرەیش کولانەکانی کۆنەپەرستەکان تێک بدات. ئەوەیشی بەبیردا نەئەهات کە وا کز و بێ دەسەڵاتی لێ دێ بەرامبەر سەلاحەدین، کە بووە بەگەورەیەکی بەهێز و دەسەڵات، هەموو کەس ملی بۆ کەچ ئەکات.

بەڵام (عاضد) لەمە خەمبار نەبوو، پشم و قینی لە سەلاحەدین هەڵ نەگرت، وەک لەوەپێش ئەیکرد لەگەڵ گریزەکانی پێشووی خۆیدا کە هەموو دەسەڵاتێکیان لێ سەند بوو. کە سەیری ئەکرد، میسر لە دوێنێی بەهێزتر و کامەرانترە. خۆیشی هەستی بەوە کردبوو کە نزیک بۆتەوە لە مردن، لەبەر ئەوە لەو دڵە لاوەیەوە کە هەیبوو لێدانەکانی کەوتبووە کزیی، ئاواتی ئەخواست بۆ میسر و میسرییەکان و سەلاحەدین، کە چاکە و سەرکەوتنیان بێتە ڕێ.

عاضد، ئارەزوو ئەکات، سەلاحەدین ببینێ. ئەنێرێ بەدوایدا بەڵام سەلاحەدین وای هات بەبیردا کە عاضد بەکەینەوبەینەکەی زانیوە، ترسا لەوەی داویان بۆ نابێتەوە،

(١) نیشانە و ئاڵای عەبباسییەکان لە بەغدا.



بیانوویەکی هێنایەوە و نەچووە لای. لەپاش ئەمەی عاضد مرد، لە تەمەنێکی بیست و یەک ساڵیدا[1]، سەلاحەدین، نیازپاکیی عاضدی بۆ دەرکەوت لە ئارەزووی چاوپێکەوتنیدا. پەشیمان بووەوە لە کردەوەکەی خۆی. لەبەر ئەوە دەستی کرد بەپیاهەڵدانی عاضد ستایشی کردەوە جوانەکانی و دەست بڵاوییەکەی و نیشتمانپەروەرییەکەی ئەکرد. ئنجا گوتی:

(هەرگیز لە العاضدم دەست بڵاوتر نەدیوە. جارێکیان هەزار دیناری میسری بۆ ناردم لەگەڵ جلوبەرگ و دانەوێڵە و خواردەمەنیدا، بۆ ئەمەی بەختیان بکەم لە بەرەنگاریکردنی فەرەنگەکاندا، لە شەڕی (دمیاط)دا!)

سەلاحەدین، العاضدی، لە شێوەیەکی گەورە و گرنگدا ناشت، سێ ڕۆژی تەواویش لە شینەکەیدا دانیشت.

***

بەم ڕەنگە دەستی مەرگ، جێنشین (العاضد)ی لە ڕێگای سەلاحەدین لادا، بۆ ئەمەی ببێتە خونکاری سەربەخۆی میسر، کەس خۆی لە قەرەی نەدا... هەروەک لەوەپێش (شێرکۆە)ی مامیشی لە ڕێگە لادا، بۆ ئەمەی پێ بخاتە سەر پەیژەی بڵندیی و گەورەیی.

کۆشکی جێنشین، گەورە و بەسام ڕاوەستا بوو، لە سەروچاویا خەم و دڵشکاویی دیار بوو، بەبۆنەی مردنی خاوەنەکەیەوە. بەڵام ئەوی بچوایە ناو کۆشکەکەوە، سەری سوڕ ئەما و گەشکەدار ئەبوو لەو شتانەی کە لەناویا بوو. چونکە کۆشکەکە، ناوازەترین کەلوپەلی تیا بوو، گەنجینەکەیشی پڕ بوو لە بابەتی بریسکەدار و گەوهەری نرخدار. یەکێک لەو گەوهەرانە، گەوهەر (الجبل) بوو کە کێشانەی ئەگەیشتە (٢٤٠٠) تۆزقال (قیراط)... ڕاڕەوەکانی کۆشکەکەیش پڕبوون لە دەسوپێوەند و نۆکەر و هاودەمانی جێنشین. ژوورەکانیشی پڕبوون لە خانم و کەنیزەکانی جوان.

ئەوانە هەموویان کەوتبوونە ژێر چنگی سەلاحەدینەوە. چی ئارەزووی بکردایە لێی ئەکردن. بەڵام ئەو فەرمووی بە(قەرەقۆش)، گەنجینەکانیان کردەوە. نەک بۆ ئەمەی پوول و پارەیەک، یاخود گەوهەرێک بۆ خۆی هەڵ بگرێ... بەڵکو بۆ ئەمەی بەسەر سەرکردەکان و ژێردەستەکانی خۆیدا دابەشیان بکات. هەرچییەکیشی بەباش زانی، ناردی بەدیاریی بۆ نورەدین. هەندێکیشی لێ فرۆشت و دای بەگەنجینەی گشتی. (١٢٠,٠٠٠) سەد و

(١) ئەم تەمەنی مردنەی (العاضد) جێی گومان و تێڕامانە!!

بیست هەزار بەرگ نووسراویشی بەخشی بە(القاضي الفاضل)، کە لە نووسراوخانە گەورەکەی کۆشکی دەرهێنا. بەکەسانی تریش سامان و چاکەیەکی زۆری بەخشی. بەڵام بۆ خۆی هیچی لێ هەڵنەگرت.

کۆشکەکەیشی بەدانیشتوان چۆڵ کرد. کەنیزەکەکان هەندێکیان ئازاد کران، هەندێکیشیانی بەخشی بەم و بەو. خێزانی العاضدیش لە سەد و پەنجا کەس زۆرتربوون. لەوانە چوار ئافرەتیان ژنی خۆی بوون، خوشک و کوڕ و کچی خۆی و، کەسوکاری ژن و پیاویشیان لەناودا بوو. ئەوانە هەموویان گوێزرانەوە جێگایەکی سەربەخۆ (قەرەقوش) وەک ژیانی پێشوویان، هەموو نیاز و جیاز و ڕێزگرتنێکی بۆ ئامادەکردن. بەڵام ئافرەتەکانی لە پیاوەکان جوێ کردەوە، نەوەک سک و زا بکەن!...

لەپاش ئەمەی کۆشکەکە، هەموو خێزان و دەست و یارێکی لێ جیا بووەوە. کراسی خەمباریی لە دیوارە شەنگوشۆخەکانی و لە پایە زێڕینەکانی خۆی داکەند. ڕاستبووەوە چاوەڕوانی سەلاحەدینی ئەکرد، بۆ ئەمەی بێتە ناوی، تیا بژیی و خۆشی لەو کەلوپەلە نایابانەی و ئەو باخاتە جوانە سێبەردارانەی ببینێ. بەڵام سەلاحەدین، ئەوانەی هەموو بەشتێکی پڕوپووچ زانی. نەچووە ناوی. هەر لە جێی خۆیدا مایەوە. کە حەزی بەسەختی گوزەران و ساکاری ژیان ئەکرد.

ئیتر کۆشکەکە بەتەنیایی و خەمباری مایەوە. دانیشتوە تازەکانی کە بریتی بوون لە سەرکردەکانی سەلاحەدین، خەمی پاراستنیان نەئەخوارد. هۆڵە جوانەکانی وردە وردە لە کەڵک کەوتن. بەڵام کۆشکی دووەمی جێنشین، کە پێیان ئەگوت، کۆشکی بەزموڕەزم، سەلاحەدین بەخشیی بە(العادل)ی برای.

لە ناوەند هەردوو کۆشکەکەیشدا، زەوییەکی گەورە و فراوان هەبوو، جێی نومایشی دە هەزار سەرباز زۆرتری ئەکردەوە. هەر لەو ناوەیشدا گۆڕستانی جێنشینەکانی فاطمیی تیا بوو، لەو ساکەوە کە لە (قیروان)ی (مغرب)ەوە هاتبوون، دەستی پێ کردبوو. بەتەنشت ئەوانەیشەوە هەموو (الازهر) بڵند بووبووەوە، بووبووە بەڵگەیەک بۆ گەورەیی فاطمییەکان و بەزبانێکی پاراوەوە لێیان ئەدوا. شاری قاهیرەیش هەر چوار لای ئەو شتانەی گرتبوو، بۆ ئەمەی تا سەر بۆ میسری زیندوو بەپایتەختی بمێنێتەوە.

لەم کاتە پڕ خەم و خەفەتەیدا، (عمارە) بوێژی یەمەنی، بەچەند دێرە هۆنراوەیەک، داخی دڵی خۆی ڕشت بۆ فاطمییەکان کە بەو جۆرە لەناوچوون. (عمارە) فاطمییەکانی زۆر خۆش ئەویست. زۆریش دڵسۆز بوو بۆیان. لەگەڵ ئەوەشا کە هۆنراوەکانی زۆر ناسک



و ئاوداربوون، بەڵام لەژێرەوە خەریکی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی بێ سامان بوو، بۆ بەرەنگاریکردنی سەلاحەدین. گەلەکۆمەکێیەکی کرد لەگەڵ هەندێ شیعەی سەر بە(عەلی)دا، لەگەڵ سودانییەکاندا تەنانەت لەگەڵ هەندێ تورکیشدا. لەژێرەوە ڕێک کەوتن لەگەڵ خونکاری (بيت المقدس) و خونکاری (سجیلیا)دا کە ئەوانیش پارە و سامان و یارمەتییان بۆ بنێرن. هەردوو لا لە زرێ و زەوییەوە لە کاتێکی بەکەڵکدا هوروژم ببەنە سەر سەلاحەدین و سەرئەنگرێی بکەن.

***

(یاروقی)یش، لە شام بەتەنشت نورەدینەوە بوو. هەرچەند سەلاحەدین ناوبانگی دەربکردایە ئەو گڕی تێبەر ئەبوو. (یاروقی)یش ئەو سەردارە بوو کە گوتی: من ژێردەستی سەلاحەدین ناکەم. ئەوە بوو پاشەجار میسری بەجێهێشت و لەگەڵ چەند سەردارێکی تردا چۆوە بۆ شام بۆ کن نورەدین. ئەو هەر لەژێر دەستی نورەدیندا مایەوە. کەچی ئەو لاوە بچکۆلەی کە تێزی پێ کرد و بێزی کردەوە لەوەی کە لەژێر دەستیا بێ، واتا سەلاحەدین، ئەیبینی بەچاوی خۆی بەسەر پلیکانەی گەورەییدا بازی گورج گورجی ئەدا.

بەلای (یاروقی) و هاوڕێکانیەوە وابوو، کە ئەگەر لە سەلاحەدین بتەکێنەوە، پەڕ و باڵی ئەکەن، جێگای پێ لەق ئەکەن لە میسردا. بەڵام سەلاحەدین، ئەو سەرکردە و سەردارانەی کە لەگەڵیا مانەوە، دڵسۆزییان بۆ نواند، بەگیان و دڵ فرمانیان بۆ ئەکرد. جگە لەوە لە نورەدینیشی خواست کە براکانی و باوکی بۆ بنێرێ. براکانی لەپێشدا چوونە لای. پاشان باوکیشی گەیشت. ئەویش بەهۆی ئەوانەوە پشتی قایم بوو. ئەوانیش بەهۆی ئەوەوە سەریان بڵندبووەوە و پشتیان قایم بوو. هەروەک لەوەپێش میسر خێزانی (یوسف کوڕی یعقوبی)ی کۆکردەوە و پایەی بڵند کردنەوە، ئەمجارەیش خێزانی (یوسف کوڕی أیوب)ی کۆکردەوە و پایەیشی بڵند کردەوە. (یاروقی) و سەردارەکانی لای نورەدین و هاودەمەکانی ترسیان لە سەلاحەدین پیشان دا. گوتیان: هەرچەندە سەلاحەدین پارەی دروست کردووە و ناوی (خونکار نورەدین)ی لەسەر نووسیوە، هەرچەندە بەفەرمانی ئەو ناوی نورەدین لە وتاری ڕۆژی هەینیدا ئەخوێندرێتەوە لە هەموو خاکی میسردا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خونکارێکی سەربەخۆیە، لەژێر دەستی نورەدیندا نییە. سەلاحەدین بووەتە خونکاری میسری گەورە، کە لە ڕاستیدا لە خاکی نورەدین دەوڵەمەندتر و گەورەترە، هەتا بێت ڕۆژ بەڕۆژیش گەورەتر و فراوانتر ئەبێ.

بێ گومان، نورەدین ئەوانەی هەموو ئەزانی و لێیشی ئەترسا. لە ڕاستیشدا ئەو

دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی نەما بوو بەسەر سەڵاحەدیندا. تەنانەت نەیئەتوانی باوەڕیشی پێ بکات لە بەرەنگاریکردنی چەلیپاییەکاندا. ئەگینا ئەگەر وا نییە بۆچ سەڵاحەدین گرتنی کەلاتەکانی (شوبک) و (کرک)ی – بەتەنشت (زریی مردوو = البحر الميت)ەوەن – نەبردە سەر. خۆ ئەو لە ساڵەکانی ۱۱۷۱ و ۱۱۷۳دا پەیتا پەیتا هوروژمی ئەبردنە سەر، کەچی کە نزیک گرتنیان ئەبووەوە، وازی لێ ئەهێنان و ئەگەڕایەوە میسر، هەر لەبەر ئەوەی کە ئەیزانی نورەدین بەڕێوەیە بگاتە کەلاتەکە و یارمەتی بدات لە گرتنیا.

کە سەڵاحەدین لە کەلاتی (شوبک) وازی هێنا و گەڕایەوە بیانووەکەی ئەوە بوو کە بیستویەتی قولەڕەشەکان گەلەکۆمەکێیەکیان بەدەستەوەیە ئەیکەن لەپاش دەرچوونە دەرەوەی لە میسر. ئەو قسەیەیش ڕاست بوو.

بەڵام، هەروەک دەرئەکەوێ دڵی نورەدین بەو بیانووە دانەمرکا، بەوەیش دڵنیا نەبوو کە کردەوەکەی سەڵاحەدین لە جێی خۆیدا بوو بێ. لەبەر ئەوە ڕقی لێی هەڵسا و لەکانی دڵیەوە بڕیاری دا کە بچێت بۆ میسر، بیگرێ و لە دەست سەڵاحەدینی بسێنێتەوە.

بەڵام (أیوب)، زرنگی نوواند. نامەیەکی دڵسۆزیی بەکوڕەکەی خۆی نووسی بۆ نورەدین. پەیوەندیی ناوەند هەردوو پاڵەوانەکەی تا ماوەیەک چاک کردەوە. کە سەڵاحەدین، بۆ جاری دووەم، وازی لە گرتنی کەلاتی (کرک) هێنا، بیانووی ئەوەی هێنایە پێشەوە کە باوکی نەخۆش کەوتووە لە میسردا.

بەهۆی کەوتنە خوارەوەیەوە لە ئەسپەکەی لە نزیک (باب النصر)ەوە. ئازارێکی زۆریشی پێ گەیشتووە ئەویش لەبەر ئەوەی کاروباری میسری هەموو داوەتە دەست ئەو، ئەترسا لەوەی کە باوکی بمرێ و، دوژمنەکانیشی کە لە کەلێندا خۆیان شاردۆتەوە، ئەوە بەهەل بزانن کە سەڵاحەدین لە دەرەوەیە، شۆڕشێک بەرپا بکەن. بەڵام وا دەرئەکەوێ، کە نورەدین ئەو بیانووانەی بەدڵ نەبووە. لەبەر ئەوە لە دڵی خۆیدا بڕیاری داوە کە میسر بگرێ. ئەوەیشی کردبوو بەئامانجی هەرە گەورەی خۆی. بەڵام نە ڕۆژگار، نە کارەسات، هیچیان فریای نورەدین نەکەوتن.

سەڵاحەدین لەپاش لاگرتنی (کرک) گەڕایەوە میسر. کە سەیری کرد باوکی گیانی پاکی بەخاک سپاردووە. بەوە زۆر دڵتەنگ بوو. چونکە لە کاتی مردنیا بەتەنشت باوکیەوە نەبووە. خەم و خەفەت دڵی داگرت، چونکە هێزێکی گەورەی لە دەست چوو، کە هەمووده‌م لە تەنشتیەوە بوو، بەزرنگی و کاردروستی خۆی پشتی ئەگرت.

بەڵام ئەو داسی مەرگەی کە باوکی لە دەست دا و تووشی ئەم زیانە گەورەیەی کرد، هەر



ئەو داسی مەرگە بوو کە لەوەپێش ڕێگای بۆ کردەوە بۆ پۆپەی گەورەیی و بڵندیی و لەمەوپاشیش ڕێگای وای بۆ ئەکاتەوە!.

## بوێژێک ئەکرێ بەداردا

سەڵاحەدین، لەکانی دڵیەوە نورەدینی خۆش ئەویست و دڵسۆز بوو بۆی. خۆشترین بیرەوەری هەڵگرتبوو بۆ ئەو. پێی لە پیاوەتی ئەو، لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خێزانەکەی دائەنا. بەڵام ئەم دڵسۆزییەی کە بۆ نورەدین هەیبوو، پەکی ئەوەی نەئەخست، کە دەسەڵاتی خۆی بۆ جێگایەکی گەورەتر لە میسر درێژ بکات. خۆیشی پیاوێکی گەورە و ژیر بوو، گەورەییش وای پێ ئەویست کە خاکەکانی ژێر دەستی فراوانتر لێ بکات. وای بەژیریی ئەزانی، کە چەند خاکێکی تازەی تریش داگیر بکات. کێ چوزانێ، کارەسات بەبارێکی تردا وەرناگەڕێ. دوور نییە، هەندێ لە سەرکەوتووان بەسەریا سەرکەون، سا ئایا لەشکرەکانی نورەدین بن، یان کۆمەڵانی شۆڕشگێڕان. کە ناچار بوو ئەوسا میسر بەجێ بهێڵێ، ئەتوانێ ڕوو بکاتە یەکێک لە خاکەکانی تری خۆی، پەنای بۆ ببا و لەوێدا خۆیشی دالڵە بدات.

سەڵاحەدین هەندێ لە لەشکرەکەی خۆی نارد بۆ (طرابلس الغرب) گرتی. هەروەها دوو لەشکری تریشی نارد بۆ گرتنی (سودان = بلاد النوبة) و (یمن). ئەو دوو هەڵمەتە (توران شا) برا گەورەکەی سەڵاحەدین، سەرکردەیان بوو. (توران شا) بەرەو خوار بووەوە تا گەیشتە (اسوان)، هەر شۆڕشێکی قولەڕەشەکانی هاتە ژێ کوژاندیەوە. هەرکشا، هەرکشا، تا خاکی (سودان)ی گرت و چووە ناو شاری (ابریم)ەوە.

بەڵام (توران شا) هەرچەندە ئازا و بێ باک بوو، لەبەر پەلە پەلکردن و گلاراویی خۆی، نەیئەتوانی لە جێگایەکدا زۆر بمێنێتەوە. لە فەرمانڕەوایی و ئاوەدانکردنەوەیشدا شارەزایی نەبوو. لەبەر ئەوە نەیتوانی لە (سودان)دا بمێنێتەوە. لەوێدا هیچ نە ئەڕوا، گەنمەشام نەبێ. خاکەکە دەرامەتێکی وای تیا نەبوو کە دڵی پیاو کێش بکات. دانیشتووەکانیشی هیچ فرمانێکیان نەبوو، یەک کوشتن و بازرگانی قولەڕەش نەبێ. نەیتوانی لەناو ئەو هەتاوە گەرمەی سوداندا بمێنێتەوە، گەڕایەوە (قاهیرە)، بەکۆمەڵێکی گەورە بابەتی تاڵانییەوە وەک بەندەی قولەڕەش و کەنیزەک و بابەتی تر!

*

بوێژی یەمەنیش، (عمارە)، دڵی چوو بە(توران شا)دا دەستی کرد بەپیاهەڵدانی و

هانەدانی بۆ گرتنی (یمن). بەجوانترین هۆنراوە و شیرینترین واتەوە، ئەیویست دەماری مەردایەتیی ببزوێنێ بۆ ئەو داگیرکردنە. مەبەسیشی لەمە ئەوە بوو، کە ئەم شەڕکەرە بەهێزە، توران شاه، لە سەلاحەدینی برای دوور بخاتەوە بەبەشێک لە لەشکرەکەیەوە، بۆ ئەمەی هێزی سەلاحەدین لە میسردا کز ببێ و بەئاسانی بشکێنرێ، لە لایەن هێزەکانی شۆڕشگێڕەکانی میسر و هوروژمبەرەکانی (سجلیا) و (قدس)ەوە.

ئاژاوەگێڕەکان، وایان هاتە پێش چاو، کە ئەو داوەی ناویانەتەوە بۆ سەلاحەدین سەرئەگرێ. لەبەر ئەوە دەستیان کرد بەدابەشکردنی سایە و پایە. لەوەدا تێکچوون لەگەڵ یەک کە کێ ببێتە جێنشین و کێیش ببێتە گزیر!

بەڵام توران شا، توانی (یمن) داگیر بکات، پاشان شاری (عدن)یش کە ئەسکەلەیەکی یەجگار قایم بوو. لەو یانەدا فەرمانڕەواییەکی بەهێزی دامەزراند. بەڵام ئاژاوەگێڕەکان دەنگیان دەرچوو و گەیشتە سەلاحەدین. ئەمیش سەرکردەکانی هەڵواسین بەداردا. یەکێک لەوانە (عمارە)ی بوێژ بوو.

(عمارە) چەند ساڵێک لەوەپێش، مرۆڤێکی هەڵواسراوی لە هۆنراوەکانیا پێشاندا بوو، لەبەر ئەوەی کە لە (الصالح بن زریک) هەڵگەڕابووەوە، هەر چۆنێکی پێشاندا بوو، خۆیشی وای بەسەرهات، بەدەست سەلاحەدینەوە. هەروەک (عمارە) بەو هۆنراوانەوە خۆی پێشاندا بێ ئاوەها بوو... دوور نییە کە جنۆکەی هۆنراوەکانی لە کاتی هەڕاکردنیا لە دەست فریشتەی مردن، هەر بەو جۆرە ئەو چەند دێڕە هۆنراوانەی خوێندبێتەوە!.

## پاڵەوانانی ئەسکەندەریە

فەرەنگەکانی (بیت المقدس) بەسەرنەگرتنی ئاژاوەکەیان زانی. هەنگاوێک نەچوونە پێشەوە بۆ میسر. بەڵام وا دەرئەکەوێ کە خونکاری (سجلیا) بەوەی نەزانی بوو. لەبەر ئەوە گەلەکەشتییەکی گەورەی ناردبوو بۆ ئەسکەندەریە بریتی بوو لە ٢٨٢ کەشتی. دانیشتوانی ئەسکەندەریە ئەمەیان لە ناکاو لێ کرا. لەگەڵ ئەوەشا کەوتنە خۆیان بۆ بەرەنگاریکردن. فەرەنگەکان نیشتنەوە سەر زەوی.(١)

ڕوویان کردە شار و ماشێنی بەردهاوێژیان لێ خستە کار دانیشتوانی ئەسکەندەریە ناچارمان بەدرێژایی ئەو ڕۆژە شەڕ بکەن، پشوو نەدەن، کۆڵ نەدەن. شەو داهات ئەوانیش

(١) ڕاستتر: دابەزینە سەر زەوی.



سەربازێکی کەمیان لا بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا گەرمەیاندا بەشەڕ(١)، بەجۆرێکی وا کە بێگانە داگیرکەرەکان سەریان لە ئازایەتییان سوڕ ئەما...

لە ڕۆژی دووەما، گاورەکان کەلوپەلی بەردهاوێژەکەیان کێشایە نزیک شورەکانی ئەسکەندەریەوە، هوروژمێکی بەهێزیان بردە سەر شارەکە. بەڵام دانیشتوانی شارەکە توانییان هوروژمەکە بەرەو دوا بگەڕێننەوە. چونکە هەندێ هێزی تریان پیا گەیشت کە لە گوندەکانی دراوسێیانەوە هاتبوون.

لە ڕۆژی سێیەمدا، ئەوەی ڕوویدا، بەبیری کەسدا نەئەهات چونکە موسوڵمانەکان دەرگای شاریان کردەوە و چوونە دەرەوە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری گاورەکانیان دا... ئازایانە ئەیانقیژاند بەسەریاندا... بێگانەکان داچڵەکین. موسوڵمانەکان توانیان بگەنە کەلوپەلەکانی بەردهاوێژەکان، هەموویان تێک دان و سوتاندنیان. شەڕ گەرمەی پێ کەوت تا بانگی شێوان. ئنجا بەسەرکەوتوویی و دڵخۆشییەوە چوونەوە ناو شار. لەو کاتەدا ڕاسپێرراوێک هات، بڵاوی کردەوە کە سەلاحەدین بەخۆی و لەشکرەکەیەوە گەیشت. ئەوانیش دەمودەست چوونەوە دەرەوە، لە جاران زۆرتر تەوژم و تینیان دایە بەر خۆیان، وا دیار بوو هەر ئەو مژدەیە بەس بوو، بۆ ئەوەی کە هەموو ماندوویتییەکی لەشیان دەربکات... ئەمجارەیش پەلاماری دوژمنیان دایەوە، هەموو کەسێکیان وای ئەزانی کە سەلاحەدین بەتەنشتیەوەیە، شەڕ ئەکا. توانییان دوژمن بهاوێژنە زرێوە. هەندێکیان بێ وەی گەیشتنەوە کەشتییەکان. هەندێکیشیان کەوتنە بن ئاوەکەوە نوقومبوون.

***

ساڵان و سەد ساڵانیش تێپەڕین، ئنجا مێژوو کارەساتێکی وەک ئەم کارەساتەی ئەسکەندەریەی بۆ گێڕاینەوە. لە شوێنێکی زۆر نزیکی ئەسکەندەریەدا، لە سەردەمی گەورەیەکی تری میسردا، کە ناوی (محەمەد عەلی) بوو، چەشنی ئەم کەینەوبەینە و کارەساتانەی کە بەسەر سەلاحەدیندا هاتبوون، بەسەر ئەویشدا هاتن. ئەم دوو گەورەیە، هیچیان میسری نین. سەلاحەدین کورد بووە. (محەمەد عەلی)یش (مەکدۆن)ی بووە.(*)

(١) یان: شەڕیان هێندی تر گەرم کرد.

(*) محەمەد عەلی، هەرچەندە لە خاکی (مەکدۆنیا)وە هاتووە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییەدا، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی میسر دەریانخست کە ئەویش لە بنەچەدا کورد بووە، لە بنەماڵەیەکی گەورەی کورد بووە کە کۆچی کردووە بۆ ئەوروپا. (وەرگێڕ).

ئەوانە هەردووکیان، ناوبانگی گەورەییبیان دەرنەکرد، تا هاتنە میسرەوە. میسر بوو کە گەورەیی ئەوانەی دەرخست و گەیاندنی بەبلّندیی...

سەلّاحەدین لەناو هەلّمەتێک دابوو هاتە میسر بۆ ڕزگارکردنی لە دەست چەلیپاییبیەکان. (محەمەد عەلی)یش لەناو هەلّمەتێک دابوو، هاتە میسر بۆ ڕزگارکردنی لە دەست فەرەنسییەکان...

..........................[*]

سەرکردەکانی نورەدین، پەروەردەیان ئەکرد. لەناو خۆیاندا بەربەرەکانێ و شەڕوشۆڕیان ئەکرد، سەردەستەی ئەوانە (شمس الدين إبن المقدم) بوو. لەدوای (ئەمەلریک)، منالّێکی یانزە سالّەی گەڕ بوو بەخونکاری (قدس). ڕاوێژکەری (ریمۆن) بوو، خاوەنی (طرابلسی شام).

ئایا دوو منالّی وا، خونکاری (شام) و (فلسطين) بن، ئەتوانن لە ڕووی سەلّاحەدیندا بووەستن!

بەلّام سەلّاحەدین، تا بلّێی چاکەی لە بەرچاو بوو، حەزیشی ئەکرد چاکەی کەس نەهێلّێتەوە بەسەر خۆیەوە، بەلّکو زۆرتر چاکە بداتەوە. ئەیویست لە هەموو کانی دلّیەوە چاکەی نورەدین بداتەوە بەمنالّەکەی. لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو، چەند نامەیەکی سەلّاحەدین هات بۆ خونکار (الصالح)، دلّی ئەدایەوە و پیرۆزبایی خونکارییەکەی لێ ئەکرد.

ئەوەیشی تێ ئەگەیاند کە ناوی ئەو لە وتاری هەینیدا ئەخوێندرێتەوە و، وەک باوکیشی ملکەچیی بۆ ئەکرێ. هەندێ پارەی میسریشی بۆ نارد، ناوی (الصالح)ی لەسەر نوسرا بوو.

بەلّام سەرداری (موصل)، (سەیفەدین)، لەگەلّ ئەوەشا کە کوڕی مامی خونکارە منالّەکە بوو،[**] ئەوەندە سپلّە دەرچوو لەگەلّ خزمەکەی خۆیدا، هەلّمەتی بردە سەر ئەو خاکانەی کە بەدەست (الصالح)ەوە بوو لە نورەدینی باوکیەوە بۆی بەجێ مابوو. بەشی زۆریانی داگیر کرد لەگەلّ هەندێ خاکی (جزیره)دا.

---

(*) لەم شوێنەدا چەند پەڕەگرافێک دیار نییە لە ئەسلّەکەدا.

(**) کە عیمادەدین زەنگی مرد، دوو کوڕی لەپاش بەجێ ما: سەیفەدین غازی و نورەدین. کەواتە سەیفەدین ئەبێتە مامی کوڕەکەی نورەدین، خونکارە منالّەکەی شام، نەک کوڕی مامی. -وەرگێڕ-



بەلّام سەلّاحەدین پیاوێکی زرنگ بوو. نەیویست شەڕ بکات تا ئەو شۆڕشانە ئەکوژێنێتەوە، کە سەرلەنوێ قولەڕەشەکان لە میسردا بەرپایان کردبووەوە... ئەیویست پاش ئەوە خۆی کۆبکاتەوە و ئامادە بێ بۆ شەڕ.

سەلّاحەدین، پیاوێکی خۆپەرست نەبوو، دلّسۆز بوو، کزیی دراوسێکانی خۆی بەهەل نەزانی، پەلاماریان بدا و بیانخاتە چنگ خۆی. بەلّکو لە دلّی خۆیدا بڕیاری دابوو، کە پەنجە نەخاتە فرمانی هیچ فەرمانڕەواییەکی ترەوە، شەڕیشیان لەگەلّ نەکات، تا نەزانێ کە چاکەی گشتی موسولّمانەکان لە پایە مالّبووندایە.

کارەساتی وا هاتە پێشەوە، کە نیشانەی تێکچوونی شاهەنشاهییەکەی نورەدینی ئەدا. چونکە (سەیفەدین) لە موصلەوە هەلّمەتی هێنا بەسەر هەردوو خاکەکەی سوریە و گرتنی.

سەرداری (حلب)یش بەرەنگاری سەردارەکانی (شام) بوو، ئەوانەی کە لە خونکارە بچکۆلەی (دمشق) ئالّابوون. سەردارەکانی تریش، کە لە زەمینداریبیە هەموو ڕەنگەکاندا بوون، هەر خەریکی چاکە و کەلّکی خۆیان بوون. (سوریە) وای لێ هات، بێ سەرکردە مایەوە. کەس گوێی نەئەدایە کەس. سەلّاحەدین نامەیەکی نارد بۆ خونکار (الصالح)، گلەیی لێ کرد، کە بۆچ لە پەلاماردانی (سەیفەدین) بۆ سەر خاکەکەی و داگیرکردنی خاکەکەی ئاگاداری نەکرد، تا بێت و ڕزگاری بکات. نوسیی بۆ ئەو سەردارانەی کە تێیی ئالّابوون:

(ئەگەر نورەدین بیزانیایە، کەسی واتان تیایە، جێی من بگرێتەوە، یاخود ئەوەندەی من باوەڕی پێ ئەکرێ، ئەو خاکی میسرەی پێ ئەسپارد کە لە هەموو خاکەکانی تری گەورەترە. ئەگەر مردنیش پەلەی لێ نەکردایە یاریدەدان و پەروەردەکردنی کوڕەکەی بەکەس نەئەسپارد بەمن نەبێ. منیش ئەتانبینم، گەورەکەی من و کوڕەکەی گەورەکەی منتان هەر بۆ خۆتان هێشتۆتەوە. بەم زووانە لە بارەگایدا ڕائەوەستم، کارێکی وایشی بۆ ئەکەم کە چاکەی باوکی بدەمەوە. ئێوەیش هەریەکەتان بەشی خۆی سزا ئەدەم، چونکە پاراستنی خاکەکەتیان لەبیر خۆتان بردۆتەوە.

فەرەنگەکان دەستیان کردەوە بەپەلاماردان چوار لای کەلاتی (بانیاس)یان گرت، ئەمیش سەر بە(دمشق) بوو. پاشەجار لەگەلّ (شمس الدين إبن المقدم)دا ڕێک کەوتن و گەڕانە پاشەوە، لەدوای ئەمەی هەندێ پارەیان لێ سەند.

سەلّاحەدین لە سەردارەکانی (دمشق) زۆرتر پڕ بوو، چونکە نیشتمانەکەی خۆیان وا

بەرەڵڵا کردبوو: لە لایەکەوە سەرداری (موصل) ئەهات و پارچەی ئەکرد... لە لایەکیشەوە لەگەڵ گاورەکاندا ڕێک ئەکەوتن و باجیان ئەدانێ.

وا بەباش زانرا کە خونکارە منداڵەکە لە (دمشق)ەوە بگوێزرێتەوە بۆ (حلب). ئەو سەردارەی کە پەروەردەکردنی خونکاری درا بووە دەست لە (حلب)دا، دەستی سەند. سەردارەکانی (دمشق) لێی کەوتنە مەترسییەوە. هاواریان نارد بۆ سەرداری (موصل) کە زوو بەزوو بگاتە فریایان. بەگوێی نەکردن. ترسا لەوەی کە داوێکیان بۆ نابێتەوە. هاواریان برد بۆ سەلاحەدین، نەترسا و دەمودەست هات.

سەلاحەدین لەم بارەیدایە، قسە نەهاتە سەری. ئەو لە (شام)ەوە بانگ کرا بوو. ئەویش بەلەشکرێکی گەورەوە نەهاتبووە سەریان داگیریان بکات، یاخود تالانیان بکات. تەنیا حەوت سەد سواری لەگەڵ خۆی هێنا بوو. بەلای سنووری فەرەنگەکانیشدا تێپەڕی، بەربەستیان نەکرد. لەناو بەپیرەوەچوون و خۆش هاتییەکی گەرمدا کە دانیشتوانی (شام) بۆیان کرد، چووە (دمشق)ەوە. لە خانووەکەی باوکیا دانیشت. بەلایەوە یەجگار جوان و شیرین بوو. چونکە تەمەنی لاوێتیی لەوێدا ڕابوارد بوو. پاش ئەوە، کەلاتی شارەکەیان دایە دەستی. سەلاحەدین بۆی سەرکەوتە سەرێ. هەر پول و پارە و سامانێکی تیا بوو، لێی دەرهێنا و، هەندێکی لێ بەشییەوە بەسەر ئەو (دمشق)یانەدا کە خۆشیان ئەویست و ملکەچییان بۆ ئەنواند. لەگەڵ ئەوەشا، ملکەچی خۆی پیشان ئەدا بۆ خونکار (الصالح)، خۆیشی وەک نۆکەرێکی ئەو ئەنواند. هێشتا ناوەکەیشی هێشتبووەوە لەناو وتاری هەینی و پارەدا.

## خوا پایەی بەرزتر بکات

سەرماوسۆڵە تینی سەند. سەر لوتکەی شاخەکان بەرگێکی سپی بریسکەداریان لە بەفر پۆشی. بەڵام سەلاحەدین، نە زستان، نە سەرما، تەگەرەی لە فرمانەکەی نەدا. هەموو شارەکانی تریش کە هی نورەدین بوون و لەدوای مردنی سەربەخۆییان ئاشکرا کرد بوو، یەک بەیەک داگیری کردنەوە، لە چەند ڕۆژێکا، (حمص) و (حما)ی گرت و دایە دەست خونکار (الصالح). ئەمەی بەناوی خونکار (الصالح)ەوە کرد و، بەناوی پاراستنی خاکی ئیسلامەوە لە دەست فەرەنگەکان پاشان هەرچی (سەیفەدین)یش گرتبووی لە خاکی (جزیرە) لێی سەندەوە.

ئنجا سەلاحەدین ڕووی کردە (حلب)، کە لەوێدا کەلاتە بۆرەکەی بەسەر گردە خرەکەوە



لووتی بەرز کردبووەوە بەئاسماندا. خونکار (الصالح)یش لەناو شورە قایمەکانیا بەگۆشەگیری دانیشتبوو. سەلاحەدین چوار لای شارەکەی گرت و بڵاویشی کردەوە کە بۆ ئەوە هاتووە، گەورەی خۆی، خونکار (الصالح) لە ئامۆژگاریکەرە خراپەکانی ڕزگار بکات.

بەڵام (الصالح) ئەوەندەی لە سەرداری (حلب) ئەترسا. ئەوەندەیش لە سەلاحەدین ئەترسا. (الصالح) سواری ئەسپەکەی بوو، لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا بوو دانیشتوانی (حلب)ی کۆکردەوە و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە پێی گوتن: (خۆتان ئەیزانن کە باوکم چەند چاک بووە بۆ ئێوە و، چەند خۆشی ویستوون و، چۆنیش هەڵی کردووە لەناوتاندا. من هەتیوێکی ئێوەم. وا ئەم زۆردارەیش کە چاکەی باوکمی لە بەرچاو نییە، هاتووە، شارەکەم لێ داگیر بکات، نە لە خوا ئەترسێ، نە لە کەسیش باکی هەیە...) لەدوای ئەوە بەکوڵ دەستی کرد بەگریان. ئەوانیش سەر و سامانیان پێشکەش کرد و بەرامبەری سەلاحەدین ڕاوەستان، بۆ شەڕکردن. بەم جۆرە تەگەرەیان لە کاری سەلاحەدین دا.

گزیری (حلب)، بڕیاری دا، کە خۆی نەدا بەدەست میسرییە هورووژمبەرەکانەوە، بەڵکو بەڵێنیشی دا بەخۆی کە بەهەرچی چۆنێک بێ خۆی لە دەست سەلاحەدین ڕزگار بکات. ئنجا ناردیە کن (شێخ سەنان)، سەرۆکی (اسماعیلی)یەکان کە پێیان ئەگوت (شێخی شاخان)، سامانێکی زۆری پێ بەخشی بۆ ئەمەی سەلاحەدین بکوژێ. (شێخی شاخان)یش، هەندێ لە پیاوەکانی خۆی نارد، بۆ ئەمەی سەلاحەدین بکوژن.

ئەوانە گەیشتنە دەوارەکەی سەلاحەدین. یەکێکیان هەڵیکوتایە سەری. پێش ئەمەی دەست لە سەلاحەدین بوەشێنێ، کابرا کوژرا... لە ڕاستیدا، ڕزگاربوونی سەلاحەدین لەو کوشتنە جێی سەرسوڕمان بوو. وا دیار بوو خوا ئەیویست بیپارێزێ لە کوشتن، بۆ ئەمەی ئەوەی ڕایسپاردووە، لە پێناو ئیسلام و موسوڵمانانداا، جێبەجێی بکات! سەلاحەدین، لە زۆرداریی ئەوانەی کە لە خونکارە منداڵەکەی (حلب) ئاڵابوون، زۆر دڵگیر بوو. دڵگیرییەکەیشی بەوە زۆرتری لێ هات کە زانی ئەوانە پەنایان بردۆتە بەر (ریمۆن)، ڕاوێژکەری منداڵە گەڕەکە کە خونکاری (قدس) بوو. (ریمۆن) بەلەشکرەکەیەوە چووە (حمص). سەلاحەدینیش لە (حلب) گوێزایەوە بۆ (حماە). کە نزیک (حمص) بووەوە، فەرەنگەکان بەجێیان هێشت. سەلاحەدین سەرلەنوێ چووەوە ناو شاری (حمص) و کەلاتەکەی خستە ژێر دەستییەوە.

لەدوای دوو هەفتە (بعلبک)یشی گرت. ئەمە ئەو شارە بوو کەساڵەکانی تەمەنی منالّیی تیا ڕابوارد بوو.

بەم جۆرە سەلاّحەدین بوو بەگەورەی هەموو خاکی (سوریە) کە لەژێر چنگی نورەدیندا بوو، ناوچەی (حلب) نەبێ کە لە ژووروودا بوو.

دوایی ئەم هەموو سەرکەوتنانە، سەرداری موصل (سەیفەدین)ی تۆقاند. قینی لە سەلاّحەدین هەڵگرت. بەلای ئەوەوە سوریە و جزیرە لە خاکەکانی خێزانی زەنگی بوون کە باپیری بوو لە باوکیەوە ئەوەیشی پێ خراپ نییە کە خاکەکانی ئامۆزاکەی خۆی و براکەی خۆی داگیر بکات. بەلاّم چۆن ڕێ ئەدا، بەم پیاوە کە سەلاّحەدینە و یەک تنۆک خوێنی زەنگی لە دەمارەکانی لەشیا نییە، خاکەکانی خێزانی زەنگی بۆ خۆی داگیر بکات!

لەشکرێکی گەورەی پێکهێنا و ناردی بۆ (حلب)، لەگەڵ هێزەکانی (حلب)دا یەکیان گرت. بەهەردوو لەشکرەکە لە لەشکری سەلاّحەدینیان زۆرتر لێ هات بەو یارمەتییەیشەوە کە لە میسرەوە بۆی هات. سەلاّحەدین پێشنیازی کرد ئاشت ببنەوە، لەسەر چەند مەرجێک کە جێبەجێکردنیان زۆر ئاسان بوو. تەنانەت بەوەیش وازی هێنا کە هەر خاکەکانی سوریەی بۆ بمێنێتەوە تا پارچەی (شام). هەر خاکێ کەوتۆتە ژووررووی شامەوە بە(حمص) و (حماە)یشەوە بیانداتەوە. بەلاّم ئەوان، زۆرداریبان نواند، لە خۆیانبایی بوون، بەرپەچیان دایەوە، لەگەڵی ڕێک نەکەوتن. بەلاّم کە سەلاّحەدین بەرەو ڕوویان وەستا و لەشکری (قاهیرە) و (شام)ی کردن بەگژدا سزای خۆیان وەرگرت. بەشکاندنێکی خراپ شکاندنی و ڕاوینان تا (حلب). لەوێ خستنیە کونەوە و هەر چوار لای گرتن، تا ناچاربوون ئاشتییان لێ خواست. بەپەشیمانییەکەوە مەرجەکانی پێشوویان پەسند کرد، جگە لەوەیش ژوورووی (دمشق) و (حمص) و (حماە)یشیان دایە لەگەڵ چەند شارێکی زۆر نزیکی (حلب).

ئیتر سەلاّحەدین بوو بەگەورەیەکی بەهێزی سەرکەوتوو. لەگەڵ ئەم هەموو هێز و سەرکەوتنەیشدا کە دەستی کەوت، سەلاّحەدین بەهەموو هێزێکیەوە ویستی خونکار (الصالح) دڵنیا بکات، کە بەهەموو توانایەکیەوە ئامادەیە، یارمەتییەکی دڵسۆزانەی بدات. هەر بەو مەرجەی ئەو سەرکردە دووڕووانە لە تەختەکەی خۆی دوور بخاتەوە. بەلاّم خونکار (الصالح)ی بەسەزمان، وای ئەزانی، یاخود وای تێ گەیێنرا کە ئەوە واتای بەندەیەتییە بۆ سەلاّحەدین... لەبەر ئەوە قسەکەی سەلاّحەدینی بەدڵا نەچوو و وەریشی نەگرت.



ئیتر کە وای لێ هات، سەلاّحەدینیش لەوە بەولاوە نەیهێشت ناوی خونکار (الصالح) لە وتارانی ڕۆژە هەینییەکاندا بهێنرێ، نە لە میسردا و نە لە شامدا. لە جێی ناوی ئەو، ناوی خۆی هێنرا لەو وتارانەدا. لە قاهیرەشەوە پارەی تازە دروست کرا بەناوی خۆیەوە، لێی نوسرا بوو (خونکاری سەرکەوتوو، یوسف کوڕی أیوب، پایە بڵند بێ).

## کچی نورەدین

بەلاّم ناکۆکیی خێزانی أیوب و خێزانی زەنگی، هێشتا نەکوژابووەوە. چونکە (سەیفەدین)، خەریکی کۆکردنەوەی چەند لەشکرێکی گەورە بوو، لە (جزیرە و دیاربکر)ەوە ئەیهێنان. سەلاّحەدینیش کە هەر بەحەوت سەد سوارەوە لە (قاهیرە) هاتبووە دەرەوە، لەشکرەکەی چەند ئەوەندەی تری لێ هات بەهۆی ئەو یارمەتییانەوە کە لە میسرەوە بۆی ئەهات.

(سەیفەدین) بەخۆی و شەش هەزار سەربازی موصل و جزیرەوە، پتر، لە ڕووباری (فرات) پەڕییەوە. سەلاّحەدین لە نزیک (تل السلطان)دا بەرامبەریان ڕاوەستا، کە پانزە میل لە (حلب)ەوە دوور بوو. کوشتارەکەیان یەجگار بەتین بوو. لای چەپی لەشکرەکەی سەلاّحەدین کشایە دواوە. بەلاّم سەلاّحەدین بەخۆی و پاسەوانەکانی خۆیەوە، تەووژمی بردە پێشەوە، هوروژمی بردە سەریان. هەڵسووڕانی کوشتارەکە تێکچوو. لەشکری (سەیفەدین) شکا و شڵەژا. سەربازەکانی، هەریەکەیان، خوا خوای ئەوەی بوو، کە خۆی ڕزگار بکات. (سەیفەدین)یش بەپەلە پڕوسکێ و سەختییەکی زۆرەوە، توانی دەرباز بێت. زۆر لە سەرکردەکانی کوژران، زۆریشیان گیران. بەلاّم هەوارگای سەربازەکانیان و ئەسپەکانیان و تڕوتفاق و کەلوپەلیان، هەمووی کەوتە دەست سەرکردەی مەزنی سەرکەوتوو، سەلاّحەدین...

جا لێرەدا، سەرکردەی سەرکەوتوو، سەلاّحەدین، جوامێرییەکی وەهای پیشان دا، کە دڵی هەمووانی کێش کرد بۆ خۆی. مێژوویش ئەو کردەوەیەی بەشانازی و سەرسوڕمانەوە، بۆ ئەو تۆمار کرد...

هەر کەسێکی گرتبوو، لە سەردار و هەژار، هەمووی بەرەڵلاّکردن... هەندێکیشیانی بەدیاری و داهاتەوە ڕەوانە کردەوە...

خۆ بەخۆیی، خەمی بریندارەکانی ئەخواردن... بەهۆی ئەوەوە بوو کە زۆر بریندار لە مردن ڕزگار کرا... تەنانەت زۆر کەس لە دوژمنەکانی کە شەڕیان بەرامبەری کردبوو، ئارەزووی

خۆیان پیشان دا کە لەژێر سێبەری ئەودا بمێننەوە... بەڵام ئەو تاڵانییە بەنرخانەی کە لە بارەگای دوژمندا دەستی کەوتبوو، هیچی نەهێشتەوە بۆ خۆی، هەمووی دابەشکردن بەسەر لەشکرەکەیدا...

سەڵاحەدین، بەو کردەوانەی دەریخست، کە جوامێرێکی دەست بڵاوی دڵ فراوانە و، پیاوێکی مەردی زرنگی گەورەیە...

بەندییە بەرەڵڵا کراوەکان، هەموو گەڕانەوە و لە ڕێگادا جوامێریی و کردەوەی بڵند و پاکی ئەویان ئەگێڕایەوە. هەموویشیان ئامادە بووبوون کە ببنە ژێردەستێکی دڵسۆزی بەڵام سەربازەکانی سەڵاحەدین، بەم سەرکەوتنە و بەم سامانی تاڵانییە کە دەستیان کەوتبوو، دڵخۆش و سەربەرز بووبوون... ئەوانیش خۆیان وا پیشان ئەدا کە سەرکردەکەیان بۆ هەر کوێیەک بچێ، دوای کەون... لە پێناو دڵ ڕاگرتنی ئەویشدا هەرچییەکیان هەیە بەختی کەن. لە دوو ڕۆژەکەی دواییشدا، سەڵاحەدین و سەربازەکانی، دوو شاری دراوسێی تریان داگیر کرد. ئنجا سەڵاحەدین بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بەرامبەر کەلاتی (اعزاز)ی قایم وەستا. ئەم کەلاتە، زۆر کەوتبووە سەریان. چونکە سی و هەشت ڕۆژی خشت چوار لایان گرتبوو و تەنگەتاویان کردبوو، ئنجا خۆیدا بەدەستەوە. تەنانەت ئەوەندەیشی نەما بوو کە سەڵاحەدین خۆیشی تیا بکوژرێ.

چونکە پاش هەفتەیەک لە چوار لا گرتنی ئەو کەلاتە، ڕۆژێکیان، سەڵاحەدین لەبن دەوارەکەی خۆیدا دانیشتبوو ئەحەسایەوە. لەناکاو، کابرایەک هەڵمەتی بردە سەری و خەنجەرێکی لەسەری دا و برینداری کرد. ئەگەر کڵاو زرێکەی نەبووایە کە ئاسن بوو و لەژێر تەقیلەکەیەوە بوو، ئەکوژرا. سەڵاحەدین دەستی کابرای گرت. بەڵام ئەو هەر خەنجەری ئەوەشاند لە گەردنی، بەڵام زرێ ئاسنەکەی نەی ئەهێشت ئەو خەنجەرانە بگەنە گەردنی. لەو کاتەدا سەرکردەیەکی سەڵاحەدین کردی بەژووردا، خەنجەرەکەی گرت بەدەستی، دەستی بریندار کرد. پاشان پیاوکوژەکەی کوشت. پاشان پیاوێکی تریش لە (اسماعیلی)یەکان هوروژمی هێنا. ئەویش کوژرا. هی سێهەمیشیان هوروژمی هێنا، ئەویش کوژرا.

لەوەوە سەڵاحەدین چوو بەدڵیا، کە گزیری (حلب) دەستی لەم کەتنەدا هەیە. (شێخی شاخان)یش ئەو پیاوانەی هان داوە، بێنە سەری، بیکوژن. لەبەر ئەوە بڕیاری دا تۆڵەی خۆی لە (حلب) بکاتەوە و، لە (اسماعیلی)یەکانیش بکاتەوە.



بەڵام ئەبێ لەپێشدا کەلاتی (اعزاز) بگرێ. ئەوەندەی تەنگەتاو کرد، خۆی دا بەدەستەوە. پاشان گورج چووە سەر (حلب)، بۆ ئەمەی سەرکردەی کەتنەکە، سزا بدات. بەم ڕەنگە چوار لا گرتنی (حلب)، خاوەنی کەلاتە بۆر، بۆ سێیەم جار دەستی پێ کردەوە.

کەلاتەکە ئەمجارەیش، وەک جارەکانی پێشوو، بەرەنگاری کرد. بەڵام زۆری پێ نەچوو، دانیشتوانی شارەکە لە درێژەپێدانی تەنگەتاوکردن زەندەقی چوو. ئارەزووی ئاشتبوونەوەیان پیشان دا. ئاشتییش بەم جۆرە کرا، کە هەرچی خاکێک سەڵاحەدین داگیری کردووە، بەهی ئەو دابنرێ. هەموو لایەکیش بەسوێندخواری بمێننەوە.

پاش ئەمەی سوێندیان بۆ یەکتر خوارد. کچێکی بچکۆلە لە (حلب) هاتە دەرەوە، خوشکی خونکار (الصالح) و کچی نورەدین بوو. ڕووی کردە سەڵاحەدین. ئەویش گەلێک ڕێزی لێ گرت و ڕوو خۆشی لەگەڵ نوواند. لێی پرسی: چیت ئەوێ بتدەمێ؟ گوتی: کەلاتی (اعزاز)! سەڵاحەدین، لەبەر دڵی ئەو کچە بچکۆلەیە، کەلاتێکی وەک (اعزاز)ی بەخشی، کە بەو هەموو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەیەوە بۆی گیرا بوو، ئەوەندەیشی نەما بوو کە سەری تیا بچێ.

دیارییەکی زۆریشی لەگەڵ کچە شای بچکۆلە ناردەوە، خۆیشی لەگەڵیا چوو، تا گەیاندیە دەرگای شاری (حلب)!...

***

سەڵاحەدین، (حلب)ی بەجێ هێشت و ڕووی کردە خاکی (اسماعیلی)یەکان، بۆ ئەمەی تۆڵەی ئەوەیان لێ بکاتەوە کە چەند جارێک پەلاماریان دا بیکوژن. نیشتمانەکەیانی تێک و مەکان دا، کەلاتە هەرە گەورەکەیشیانی سووتاند. تا توانی، دەستی لێ وەشاندن، تا (شێخی شاخان)، (شێخ سنان) هاواری برد بۆ لالۆی سەڵاحەدین، کە سەردار بوو لە شاری (حماه)، بۆیان بپاڕێتەوە لە سەڵاحەدین کە بیانبەخشێ. لالۆی سەڵاحەدینیش لە سەڵاحەدین پاڕایەوە کە بیانبەخشێ...

سەڵاحەدین بەخشینی و بەجێی هێشتن... پاشان گەڕایەوە بۆ میسر... ئەو میسرەی کە خۆشی ئەویست و بەپەرۆشەوە بوو چاوی پێ بکەوێتەوە. میسری نیشتمانی و نیشتمانی ئەو کوڕە بچوکانەی کە تیا لە دایک بوون. ئەوانەی کە خۆشەویستییان دڵی داگیر کردووە و ئاواتەخوازی کامەرانییانە.

## باخاتی دڵخۆشی

که گەیشتە میسر، دانیشت و دەستی کرد بەیاریی و گەمەکردن لەگەڵ منداڵەکانیا. هەستی بەخۆشییەکی گەورە ئەکرد لە دڵیا، کە لەگەڵیان دابوو. هەستی بەئارامیێکی گیانی ئەکرد لەناویاندا. چونکە ئەو لە پێناوی خواناسین و ئیسلامەتیدا بوو، کە کوڕەکانی و خێزان و کەسوکار و ماڵ و نیشتمانەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو لە هەموو سامانی جیهان، بەوەندە وازی هێنا بوو، کە لەبن دەوارێکدا بژیی، کە باڕەش بەملا و بەولادا ئەیبزواند... لە هەندێ کاتی ناکاویشدا، زۆرداران هەڵمەت ببەنە سەری بۆ ئەمەی بیکوژن.

هەڵمەتەکانی خۆبەختکەرەکانی (اسماعیلی)یەکانی هاتەوە پێش چاو، کە خەریک بوون بیکوژن... تۆزێک پێی گرژ بوو... منداڵەکانی خۆی نا بەسنگیەوە، وەک بەخۆی بڕوا نەکات کە لە ناویاندایە، وا بوو. پاشان سوپاسی خوای کرد کە بەڕاستی لەناویاندایە. ئەمە گەورەکەیانە کە ناوی (الأفضل علي)یە کە تەمەنی گەیشتۆتە شەش ساڵ... ئەوەیش (العزيز عثمان)ە کە تەمەنی پێنج ساڵانە.

ئەمە (الظاهر)ە... ئەوەیش (الظافر)ە... پاشان سەلاحەدین، بەدڵێکی پڕ خۆشەویستی و ئارەزووی چاوپێکەوتنەوە، هەموویانی ماچ کرد و هەڵسا بڕواتە دەرەوە، (الأفضل) و (العزيز) خۆیان پێوە هەڵواسی، ئەیانویست لەگەڵی بڕۆنە دەرەوە.

سەلاحەدین، چووە دەرەوە بۆ قاهیرە... قاهیرەی سەرکەوتوو، کە لەشکری سەرکەوتووی نارد بۆ سەلاحەدین، بەکاریان بهێنێ لە شەڕەکانی شامدا. ئەو قاهیرەیەی کە پایتەختی میسرە و، پایتەختی شاهەنشاهی ئیسلامەتی کە خۆی ئەیەوێ گەورە و فراوان بێ.

سەلاحەدین دەستی کرد بەبیرکردنەوە لە مێژووی پایتەختەکانی میسر، هەر لەوساکەوە کە ڕۆژی ئیسلامەتی بەرز بووەوە و جیهانی ڕۆشن کردەوە.

ئەمە (فسطاط)ە کە (عمرو بن العاص) دایمەزراندووە... لەپاش سەد ساڵێک زۆرتر، (العسكر) کرا بەپایتەخت لە سەردەمی (عباسی)یەکاندا...

لەپاش سەد ساڵی تر، پاڵەوان (احمد کوڕی طۆلۆن)، شاری (القطائع)ی کرد بەپایتەخت...

لەپاش سەد ساڵی تریش، (جوهری سجلیایی)، ئەم شاری قاهیرەیەی دامەزراند، کە لەسەری کردەوە و ئەویش لەسەر ئەمی کردەوە.



سەلاحەدینیش، لەپاش ئەو دامەزرانە بەدوو سەد ساڵ، ویستی دایمەزرێنی و دروست بکات، وەک ئەو پیاوە گەورانەی پێش خۆی ئەو پایتەختانەیان دامەزراندووە.

بەڵام ئەو لەجیاتی ئەوەی پایتەختێکی تازە دابمەزرێنێ، بیری لەوە کردەوە کە هەر چوار پایتەختەکە بخاتە ناو شورەیەکی گەورەوە، پێکیانەوە ببەستێتەوە... جگە لەوە کەلاتێکی بڵندیش لەسەر لوتکە شاخی (المقطم)ی ڕۆژئاوا دروست بکات...

پاشان دەستی کرد بەجێبەجێکردنی بیرەکەی خۆی. (بەهائەدین قەرەقوش) سەرپەرشتی فرمانەکەی ئەکرد. دەست کرا بەدروستکردنی شورەکە و کەلاتەکە. لە دروستکردنی کەلاتەکەدا، بەردەکانی (الأهرام) بەکار ئەهێنران کە (فرعون)ە گەورەکانی میسر بەجێیان هێشتبوو.

هەر لەو ساڵەدا، سەلاحەدین، دەستی کرد بەدروستکردنی خوێندنگایەکی گەورە بەتەنشت گۆڕی پێشەوا (شافعي)یەوە، لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی زۆر گەورە و فراواندا.

ئەوانە تەواو کران. سەلاحەدین دەرامەتێکی گەورەی بۆ خوێندنگا و نەخۆشخانەکە تەرخان کرد. ئنجا سەلاحەدین، لە مانگی (شعبان)ی ئەو ساڵەدا، چووە اسکندریە، فەرمانی دا گەلەکەشتییەکان، چاک بکەنەوە. هەردوو منداڵەکەیشی (الأفضل) و (العزيز)ی لەگەڵ خۆی بردبووە اسکندریە. لەوێ، لە مانگی (رمضان)دا ڕۆژووی گرت. لە (الحافظ أبي الطاهر)یشەوە گوێی لە قسەکانی پێغەمبەر گرت. ئەوساکە باج ئەسێنرا لەو بازرگانە فەرەنگانەی کە کوتاڵ و بابەتی تریان ئەهێنایە اسکندریە بۆ فرۆشتن. سەلاحەدین ئەو باجەی بڕییەوە بۆ خوێندەوارە ئایینییەکانی اسکندریە.

پاشان گەڕایەوە قاهیرە بۆ ئەمەی زۆرتر فراوانی بکات، زۆرتر ئاوەدانی بکاتەوە.

لەودەمەدا، زۆر گەڕەکی کۆن هەبوون، کاوول بووبوون، هەر لە گۆڕی (السيدة نفيسة)وە دەستی پێ ئەکرد، تاکو (باب زويلە)... سەلاحەدین ئەو گەڕەکانەی هەموو لە بنەڕەت تێکدان... جێگاکانی کرد بەباخاتێکی گەورە و فراوان... ئەوەندە گەورە بوو، کە (باب زويلە) لە دەرگای مزگەوتی (إبن طۆلۆن)ەوە ئەبینرا.

ئەم باخاتە سەوزانە، بووبوون بەجێگا یاریی منداڵان و جێ سەیران و گەشت و گەڕانی دانیشتوان، کاتەکانی بێ فرمانی خۆیان، بەخۆشی و گەشییەوە لەوێدا ڕائەبوارد. بەڵام ئێستا هەر لەو شوێنەدا کە باخاتی دڵخۆشی تیا دامەزرێنرا بوو لە سەردەمی سەلاحەدیندا، چەند گەڕەکێکی وێران و کاوول بووی تیا ئەبینرێ... شەقامی پیس پیس

بەناویاندا ئەڕوات... گڵ و بەردی خانووە ڕووخاوەکان پڕی کردونەوە... ئاخۆ دەستێکی بەهێزی تازەی وا هەیە، کە ئەم گەڕەکە وێرانانە، لە بنەڕەت تێک بداتەوە و سەرلەنوێ بیکاتەوە بەباخاتی دڵخۆشی!؟.

## شکانەکەی (الرملە)

سەڵاحەدین کە لە مانگی مشتاخان (ایلول)ی ١١٧٦دا، لەپاش شەڕەکانی شامەوە، گەڕایەوە میسر، تا شەش ساڵ لەوێ مایەوە. هەموو هێزێکی خۆی خستە سەر ڕێکوپێک خستنی کاروباری شاهەنشاهی و، دروستکردنی زانستگایان و نەخۆشخانان و، بەهێزکردنی لەشکر و بابەتی خۆپاراستن و زۆرکردنی کەشتییەکان. سەری خۆی قاڵ کردبوو بەئاوەدانکردنەوە و ساختمان دروستکردنەوە. بەتایبەتی لە کاتێکی وادا کە زۆرتر ئاشتی لە ئارادا بوو، نەک شەڕ. ئەویش لەپاش ئەمە بوو کە لەگەڵ خونکار (الصالح) و خزمەکانیا سوێندخوارییان کرد، بەهۆی هونەر و تێکۆشانی (هەمفری)شەوە لەگەڵ فەرەنگەکاندا ڕێک کەوت لەسەر شەڕ وەستاندن وەک ئەگێڕنەوە، ئەم (هەمفری)یە بووە کە سەڵاحەدینی کردووە بەسوارچاک و لەوساکەوە دۆستایەتی لەناویاندا گەشەی کردووە.

بەڵام سەربازە چەلیپاییەکان، هەرگیز پەیمانی خۆیان نەئەپاراست. هەروەها سوێندخواری و شەڕ ڕاوەستانیشیان ئەشکاند. تەنانەت بڕوایان وا بوو، کە شکاندنی پەیمان لەگەڵ خوانەناسانی وەک موسوڵمانەکاندا!، کەموکوڕیی تیا نییە! لەبەر ئەوە شەڕ ڕاوەستانەکە زۆری پێ نەچوو، کە فەرەنگەکان دەستیان کردەوە بەتاڵانکردنی خاکە بێ دەنگوسەنگەکانی دراوسێیان، گوندەکانیان ئەسوتاندن و بەلەخۆبایی بوونێکی سەرکەوتنەوە ئەگەڕانەوە جێی خۆیان، لەگەڵ تاڵانییەکی زۆردا لە کەلوپەل و پارە و ئاژەڵ! لەوەیش چاوبرسیتریان لێ هات، هوروژمیان بردە سەر هەندێ خاکی (دمشق)، (توران شاه)یشیان دەرپەڕاند کە برا گەورەی سەڵاحەدین و جێنشینی ئەو بوو لە شامدا. هێشتا سەڵاحەدین ساڵێکی بەسەردا نەڕۆیشتبوو کە لە میسر بوو، ناچار بوو بەخۆی و لەشکرێکەوە هوروژم بەرێتە سەر فەرەنگەکان لە خوارووی (فلسطین)دا... بەڵام لەشکرەکەی بەرەنگارییان نەکرا... وایانزانی ڕێگایان بۆ کراوەتەوە... ئەوانیش دەستیان کرد بەوێرانکردن و تاڵانکردنی ئەو خاکانەی کە بەدەست فەرەنگەکانەوە بوون. گوندیان سوتاند و، تاڵانییان برد. بێ باکانە، لێرە و لەوێش بڵاوەیان لێ کرد، بێ ئەمەی بیرێک لە پاشەڕۆژی خۆیان بکەنەوە...



لە ٢٥/١١/١١٧٧دا، لە کاتێکا کە سەڵاحەدین لەگەڵ کەمێک لە لەشکرەکەی خۆیدا مابووەوە، لە نزیک شاری (الرملە)وە ئەحەسانەوە، خونکاری قدس بەخۆی و چوار سەد سواری چاکەوە، دای بەسەریاندا. ئەنجام بەوە گەیشت کە سەڵاحەدین بشکێ. ئەمەیش یەکەم شکانی سەڵاحەدین بوو لە ژیانیا، یەجگاریش بەلایەوە نەنگ و ناخۆش بوو. ئەوەندەی نەما بوو کە بگیرێ.

سەڵاحەدین بەخۆی و پاشماوەی لەشکرەکەیەوە گەڕایەوە میسر. تا سەرلەنوێ لەشکرێکی بەهێز کۆبکاتەوە... لەوێوە نامەیەکی نارد بۆ (توران شا)ی برای کە لە (دمشق)دا بوو، هەرچی بەسەردا هاتبوو لە (الرملە)دا بۆی نوسیبوو. ئەوەیشی تیا نووسیبوو: (زۆرجار نزیک بەمردن بووینەوە. دیارە خوایش بۆیەکا ڕزگاری ئەکردین، کە مەبەسێکی خۆی هەیە، ئەیەوێ بەئێمەی جێبەجێ بفەرمووێ) لە ڕاستیشدا، خوا بوو کە ڕزگاری کرد. ئەویش بۆ ئەمەی وەک چەلیپاییەکان دەستیان لێ وەشاند، ئەویش چەند جارێک دەستیان لێ بووەشێنێتەوە، کە دواجاریان ئەو کوتەکە گەورەیە بوو، کە لە (حطین)دا کوتای بەسەریاندا.

سێ مانگی تر پاش شکانەکەی، سەڵاحەدین، توانی لەشکرەکەی ئامادە بکات و لە میسر بچێتە دەرەوە، بۆ ئەمەی سەرلەنوێ بەرەنگاری فەرەنگەکان بێت.

## خانووی خەم

پێش ئەمەی (یوسف کوڕی ئەیوب) بچێت بۆ میسر، بەچەند سەد ساڵێک، (یوسف کوڕی یعقوب) چووە ئەوێ... ئەویش لەپاش ئەمەی کە براکانی زۆردارییان لێ کرد. (یعقوب)یش لە خانووەکەی خۆیدا مایەوە، کە لە سەرەڕێگای (أردن)دا بوو... خەم و خەفەت وا کزی کرد، چاوی سپی هەڵگەڕا بوو...

لەوەپاش، ئەو ناوچەیەی کە خانووی یعقوب لەناویا بوو، ناونرا (بەستی خەم).

چەند ساڵێک بەسەر ئەوەدا تێپەڕی. هەر لەو شوێنەدا، (بلدوین) خونکاری (قدس)، کەلاتێکی لەسەر سنووری ناوەند خاکی موسوڵمانەکان و خاکی چەلیپاییەکان دروست کرد. سەڵاحەدین ئەم کەلاتەی بەخراپ ئەزانی بۆ خۆی، مەترسی لێ ئەکرد. لەبەر ئەوە شەست هەزار دیناری دا بە(بلدوین) کە ئەو کەلاتەی پێ بفرۆشێ. پێی نەفرۆشت. پاشان سەڵاحەدین پارەکەی بۆ کرد بەسەد هەزار دینار، بەوەیش پێی نەفرۆشت... لەبەر ئەوە سەڵاحەدین بڕیاری دا کە ئەو کەلاتە، لە بنەڕەت تێک بدا. هەر لەو کاتەیشدا یەکێک لە

خزمەکانی خۆی سەرکردەیی لەشکرێکی ئەکرد بۆ سەر (بلدوین)، ئەوەندەی نەما بوو خونکارەکە بگیرێ، بەڵام (هەمفری)، ئەو سوارچاکە ئازایە، ڕزگاری کرد، ژیانی خۆی خستە پێناوی ژیانی خونکارەکە.

لەدوای دوو مانگ، (بلدوین)ی خونکار، هاتەوە بەرامبەری سەلاحەدین. ئەیەویست خۆی بشواتەوە لە شوورەیی شکانەکەی پێشووی. بەڵام ئەمجارە خراپتر شکا لە جاری پێشوو، نەنگیشی زۆرتر بەسەر هات. چونکە گەلێک لە سەرکردە گەورەکانی گاورەکانی تیا گیرا. لەبن خێوەتەکەی سەلاحەدیندا، نووسەری بەناوبانگ (عیمادەدین) دانیشتبوو، لەبەر ڕووناکی شاپڵیتەیەکی گەورە، ناوی گرتییە[1] زۆرەکانی ئەنووسی.

ئیتر ڕێگە کرایەوە بۆ سەلاحەدین کە بچێتە سەر (کەلاتی خەم)، ئەویش بگرێ و وەک خۆی بڕیاری دابوو لە بنەڕەت تێکی بدات. سەلاحەدین گەیشتە کەلاتەکە. لە ماوەی پێنج ڕۆژدا گرتی. لەوێ، لە (بەستی خەم)دا مایەوە، تا کەلاتەکە ڕووخێنرا و تەخت و تاراجی تێک درا.

## لە ناوەند شەڕ و ئاشتیدا

(بلدوین)ی خونکار، ئارەزووی ئاشتی پێشان دا، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە نەخۆشییەکەی تینی سەند بوو، کەشتییەکانی ( سەلاحەدین)یش خۆیان ئامادەی شەڕ کردبوو، دەستیان کرد بوو بەهوروژم هێنان بۆ سەر ئەسکەلەکانی چەلیپاییەکان لە (فلسطین)دا. سەلاحەدین، لەگەڵیا ڕێک کەوت، کە شەڕ نەکردن دوو ساڵی تەواو بخایێنێ... هەردوو لایش سوێندیان بۆ یەکتر خوارد، کە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا هیچ شەڕوشۆڕ و دەست درێژییەک بۆ سەر یەکتر نەکەن...

موسوڵمانەکان پەیمان و سوێندی خۆیان پاراست بەڵام چەلیپاییەکان نە پەیمانیان پاراست نە سوێند! ئاشتییەکی تریش لەگەڵ لایەکی تردا پێک هات. کچێکی گۆرانیبێژ بوو بەهۆی پێکهێنانی ئەو ئاشتییە! چونکە سەرداری کەلاتی (کیفا)، ئافرەتێکی پایە بڵندی مارە کردبوو، کچی (قلیج أرسلان)، خونکاری (قۆنیە)ی سەلجوقی بوو. بەڵام مێردەکەی زۆر بەتەنگیەوە نەبوو، چاکیش نەبوو لەگەڵیا. تەنانەت کەنەفتیشی کرد و هۆگری کچێکی گۆرانیبێژی جوان بوو، نە کەس ئەیناسی نە خانەدانیش بوو. ژنەی

(١) گرتی: دیل، ئەسیر، ئەوانەی لە شەڕەکەدا گیرابوون.



کەنەفتکراوی ڕیسوا کرا و، سکاڵای بردە لای باوکی خۆی کە (قلیج أرسلان) بوو. ئەمیش کردیە شەڕ لەگەڵ مێردی کچەکەی خۆیدا! بەپێی ئەو پەیماننامەیەیش کە لە ناوەند سەلاحەدین و خونکار (الصالح) و هەندێ سەردارانی موسوڵماندا کرا، لە شاری (حلب)دا، ئەبو سەلاحەدین، پشتی سوێندخوارەکانی خۆی بگرتایە و لەسەری بکردنایەوە. سەرداری کەلاتی (کیفا)یش یەکێک بوو لەوانە. بێجگە لەوە لە ناوەند سەلاحەدین و خونکاری (قۆنیە)یشدا، ناڕێکییەک پەیدا بووبوو لەسەر کەلاتی (رعبان). سەلاحەدین پشتی سوێندخوارەکەی خۆی گرت و هاتە کۆڕی شەڕەوە بۆ خونکاری (قۆنیە). ئەمیش ناردیە کن سەلاحەدین، بۆ ڕێک کەوتن لەسەر بنچینەی ئاشتی. سەلاحەدین کە سەرنجی دا لە کەینەوبەینەکە، ئەوەی بەباشتر زانی کە لەگەڵ (قلیج أرسلان)دا ڕێک بکەوێ و ئاشت بێتەوە. هەندێکیش زۆری لە سوێندخوارەکەی خۆی کرد. وازی لە کچە گۆرانیبێژەکە هێنا و لێیشی دوور کەوتەوە. بەهۆی ئەوەیشەوە ئاشتی لە ناوەند سەرداری (کیفا) و ژنەکەیدا پەیدا بووەوە و ڕێکیش کەوتنەوە...

ماوەی ئاشتی لەوەیش زۆرتری تێپەڕاند، ئەویش لەپاش ئەوەی کە شەڕێک لە ناوەند لەشکرەکانی سەلاحەدین و ڕۆبێن خونکاری ئەرمەنستانی گچکەدا پەیدا بوو، (ڕۆبێن)، ملکەچی نواند بۆ سەلاحەدین، پەیمانیدا کە توخنی ئەو تورکانە نەکەوێ کە مەڕوماڵات ئەلەوەڕێنن لە خاکی ئەو یاخود لە خاکی دراوسێکانیدا.

لە ٢ / ١٠ / ١١٨٠دا، سەلاحەدین، بوو بەسەرۆکی کۆنگرە (مؤتمر)یەکی گرنگ، کە هەموو سەردارەکانی (موصل و جزیرە و أربیل و کیفا و ماردین و خونکاری قۆنیە و خونکاری أرمینیا)ی تیا کۆبووبوونەوە. لەناو خۆیاندا ڕێک کەوتن و سوێندیشیان بۆ یەکتر خوارد کە هەتا دوو ساڵی تر کەسیان لەگەڵ یەکتردا شەڕ نەکەن.

لەدوای ئەم پەیماننامەیە، سەلاحەدین گەڕایەوە میسر و دەستی کردەوە بەپڕۆژەکانی ساختمان دروستکردن و کاروبار ڕاستکردنەوە. دەستی کرد بەهەڵکەندنی چەم و جۆگا و دروستکردنی پردی گەورە و بچووک و، ڕێکخستنی باجەکان و، دامەزراندنی خوێندنگایان و، بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و، سەرپەرشتیکردنی دروستکردنی کەلاتی (مقطم)، کە بێجگە لە سەردەمی خۆی، پاش خۆیشی بەسی ساڵ ئنجا تەواو کرا، لە لایەن (الکامل)ی برازایەوە.

***

گەڕانەوەی سەلاحەدین بۆ میسر لە سەرەتای ساڵی ١١٨١دا بوو. گەڕایەوە خاکەکەی خۆی، میسر، کە ئەوەندە بەهێز بووبوو، تا سنووری ئاسیای بچووکیش هەستی پێ ئەکرا. سەلاحەدین بووبوو بەگەورەیەکی دەسەلاتدار، هەر لە ڕۆژئاواوە هەتا دۆڵی (نیل)، هەر لە (یمن)یشەوە هەتا (طرابلس)ی ڕۆژئاوا، گوێ لە قسەی ئەگیرا و فەرمانی بەجێ ئەهێنرا. میسریش بوو بەپێشەوای ئیسلام.

بەڵام دوو شار مابوونەوە، نەکەوتبوونە ژێر چنگیەوە:

یەکێکیان (حلب) بوو، ئەویتریشیان (موصل). بەڵام ڕۆژگار، هێشتا لە کاردا بوو، بۆ چاکەی سەلاحەدین، داسی مردنیش هێشتا لە کاردا بوو بۆ پاککردنەوەی دوژمنەکانی.

(سەیفەدین) سەرداری موصل، پاش ئەو (الصالح) خونکاری حلب، هەر لەو ساڵەدا، هەردووکیان مردن. مردنەکانیان، ئەوەی نیشان ئەدا، کە بەو نزیکانە، (حلب) و (موصل)یش ئەکەونە ژێر چنگی سەلاحەدینەوە. موژدەی ئەوەیشی ئەدا، کە ئەو ئاواتەی بۆی تێ ئەکۆشێ دێتە دیی: ئاواتی یەکبوونی هەموو خاکە ئیسلامەکان لەژێر سەرکردەیی خۆیدا.

بەڵام سەلاحەدین پێی شوورەیی بوو، ئەم هەلە بەکار بهێنێ بۆ داگیرکردنی ئەو دوو شارە. چونکە ئەو پەیماننامەیەی کە مۆری کردبوو، بۆ شەڕ وەستاندن لەگەڵ سەردارانی ئەو دوو خاکەدا هێشتا ماوەی مابوو، نەبرابووەوە. پێی نەئەکرا، پەیمانەکەی بشکێنێ، ئەوێک کە لە هەموو ژیانیا، پەیمانێکی نەشکاند بوو، بەڵێنێکیشی تێکنەدا بوو.

بەڵام ئەوانەی پەیماننامەی شەڕ وەستاندنیان ئەشکاند و ناپاکییان ئەکرد لە گفت و بەڵێنی خۆیاندا، فەرەنگەکان بوون و هەندێ لە سوێندخوارە موسوڵمانەکانی!

یەکەم کەس کە پەیماننامەی شەڕ وەستاندنی شکاند، لە فەرەنگەکان، (ریجنالد) بوو، سەرداری (الکرک). کاتێ کە کاروانێکی بازرگانی بەرێی خۆیدا ئەڕۆیشت لە نزیک (الکرک)ەوە، بێ وەی و دڵنیا بوو، بەوەی کە شەڕ وەستا بوو لە ناوەند سەلاحەدین و فەرەنگەکاندا، لەناکاو (ریجنالد)ی خاوەنی (الکرک) هەڵیکوتایە سەری و سامانەکانی تالانکردن و زەلامەکانیشی گرتن. هەروەها، سەردارەکانی خێزانی زەنگیش ناپاکییان کرد و پەیمانی خۆیان شکاند، سەربڵندیی خۆیان لەبیر چووەوە و ئایینی خۆیشیان نایە ژێر پێیانەوە، لە (موصل) و (حلب)ەوە نامەکارییان ئەکرد لەگەڵ (اسماعیلی)یەکان و چەلیپاییەکاندا و پەیمانیان ئەدا بەیەکتری کە بەگەلە بچن بەگژ سەلاحەدیندا.



کەواتە پێویست بوو لەسەر سەلاحەدین کە دەمودەست بچێت بۆ شام، بۆ ئەمەی ژێردەستەکانی خۆی بپارێزێ و خاکەکانی خۆیشی لە ئاگری ئەو ئاژاوانە ڕزگار بکات..

لە ١١/٥/١١٨٢دا سەلاحەدین خۆی ئامادە کرد کە بچێت بۆ شام. لە دەری شاری قاهیرە وەستا. کۆمەڵێکی زۆر لە دانیشتوانیش هاتبوون بۆ ڕەوانەکردنی. گەلێک لە زاناکان و هونەرمەندەکانیش هاتبوون... وتاربێژ و بوێژەکان، بەو بۆنەیەوە قسەیان کرد.

لەناکاو دەنگێکی گڕ، لە یەکێک لە لەلەکانی[1] مناڵەکانی سەلاحەدینەوە بڵند بووەوە. لە گوتەی کابرا، سەلاحەدین گرژ بوو. ئەوانەی لەوێشدابوون، ترسیان لێ نیشت. مەترسییەکەیان، ڕاست دەرچوو. ئیتر سەلاحەدین جارێکی تر قاهیرەی نەدییەوە!.

## زیندووبوونەوە

کە نزیک بەسنووری میسر بووەوە، بای میسری هەڵئەمژیی، لە خاکی میسر وردئەبووەوە، سەرنجی لەو لمە پان و فراوانە ئەدا کە لە (سینا)دا بوو. پاشان کۆچەکانی خۆی و (شێرکۆ)ی مامی بیرکەوتەوە، کە بۆ میسر ئەچوون. لەکانی دڵیەوە هەستی بەخەمێک ئەکرد. وەک بڕوای بەقسەی لەلە دەنگ گڕەکەی کوڕەکانی کردبێ وا بوو، وەک چووبێتە دڵیەوە کە ئیتر جارێکی تر سەر ناکاتەوە بەمیسرە گەورە خۆشەویستەکەیدا وا بوو.

بەڵام، بەرە بەرە ئامانجەکەی پێشووی خۆی هاتەوە بەرچاو، ئەو ئامانجەی کە هەموو دڵە گەورەکەی ئەوی داگیر کردبوو ئەو ڕێ و شوێنەی کە داینا بوو لەسەری بڕوا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هاتەوە پێش چاوی.

کەواتە ئەبێ لەپێشدا (حلب) بگرێ، کە پایتەختی سوریەی ژووروەوە. پاشان ئەبێ (موصل) بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە.

ئینجا ئەبێ ئەو لەشکرە ئیسلامانەوە، پێکەوە بەیەکبوونیی ڕوو بکەنە چەلیپاییەکان، تا ئەوانیش ملکەچ بکات. لەپاش چەند شەڕ و هەڵمەتێک لە ناوەند (موصل) و (شام)دا... سەلاحەدین، بەتەنگەتاوکردنێکی کەم، (حلب)ی گرت. خاوەنی (حلب)، ئەوێی بەجێ هێشت بۆ سەلاحەدین بەمەرجێ لە شوێنێکی تر جێگەی پێ بدات.

(حلب) بەشادیی و زەماوەندەوە دەرگاکانی خۆی بۆ سەلاحەدین کردەوە. کەچی چەند

---

(١) لەلە: دایەن، ئەو ئافرەتەی بەخێوکردنی مناڵی ساوای پێ دەسپێررێ.

جارێک لەوەپێش پێی نەکرابووەوە. لە ١١٨٣/٦/١٨دا سەلاحەدین چووە ناوی. دانیشتوانی شارەکە لە خۆشی ئەوە گەشکەداربوون، کە خونکارێکی بەهێز و توانا و، گەورەیەکی دادپەروەر و دەست بڵاوی وەک سەلاحەدین بووە بەگەورەیان.

لەو کەلاتە بۆرەدا، کە گەلێک جار لووتی لە سەلاحەدین بڵند ئەکردەوە و خۆی نەئەدا بەدەستیەوە، ئەمجارە سەرداری (حلب) ئاهەنگ و زەماوەندێکی یەجگار گەورەی گێڕا بەبۆنەی هاتنی سەلاحەدینەوە.

لەو کاتەدا کە ئەوان لە شادمانیی خۆیاندابوون، یەکێک هات و چرپاندی بەگوێی سەلاحەدیندا، کە برا هەرە بچکۆلەکەی (تاج الملوک)، کە لە شەڕی (حلب)دا بریندار بووبوو، بەئێشی برینەکەیەوە، گیانی پاکی بەخوا سپارد. سەلاحەدین، بەمە یەجگار خەمبار بوو. فەرمانی دا کە بەدزییەوە بیشۆن و بینێژن. خۆیشی نەیهێشت کەس پێ بزانێ لە ئاهەنگەدا، نەوەک خۆشییان لێ تێک بدات و شادییان لێ بکات بەشین.

بوێژەکان، دەستیان کرد بەپیاهەڵدانی سەلاحەدین و گرتنی حلب. یەکێکیان موژدەی دابوو کە هەروەک (حلب)ی گرتووە لە مانگی (صفر)دا، (قدس)یش هەروەها ئەگرێ بەشیر لە مانگی (رجب)دا.

لە ڕاستیدا گرتنی (قدس)ی لە هەموو جێگەیەک پێ گرنگتر بوو، ئەو هەرچەندە (حلب)ی داگیرکردووە و، خاکەکانی ئیسلامیش هەر لە ڕووباری (دجلە)وە تا ئەگاتە خاکی (نوبەی سودان) هەر لە (یمن)یشەوە هەتا ئەگاتە (طرابلس)ی ڕۆژئاوا، لەژێر چنگیدایە... بەڵام دەنگی زەنگی گاورەکانی (فلسطین) هێشتا بڵندە و جێگای دەنگە نەرم و ناسک و قوولەکەی بانگدەرەکەی ئیسلامی داگیر کردووە لە (فلسطین)دا... کەواتە، نە ئەسرەوێ و نە ئارام ئەگرێ، هەتا شاری (قدس)یش نەگرێ!...

هەرچەندە شاری (قدس) پاش شاری (حلب) بەچوارساڵ گیرا. بەڵام موژدەی بوێژەکە ڕاست دەرچوو. لە مانگی (رجب)دا بوو کە سەلاحەدین (قدس)ی بۆ گیرا!

***

لە مانگی خەرمانان (حزیران)ی ساڵی ١١٨٥دا، سەلاحەدین چوار لای (موصل)ی گرتەوە، بەڵام ئەمجارەیش هیچی دەستگیر نەبوو... سەلاحەدین، شەڕوشۆڕی ناو (أرمینیا)ی بەهەل زانی، چوار لای موصلی بەردا. پاشان شارێکی تریشی گرت و گەڕایەوە بۆ چوار لا گرتنی موصل. ڕاسپێرراوەکانی سەرداری موصل هاتن ئاشتییان لێ خواست.



وا ڕێک کەوت، لەو کاتەدا سەلاحەدین تووشی نەخۆشی بوو. گوێزرایەوە بۆ (حران) تا لەوێ چاک ببێتەوە. (العادل)ی برای زوو بەزوو لە (حلب)ەوە هات و چەند پەزیشکێکی بۆ هێنا. بەڵام سەلاحەدین، دەردەکەی کاریی بوو، لە ناوەند ژیان و مردندا مابووەوە. بەندوباو بڵاو بووەوە، کە نزیکی مردنیەتی. تەنانەت سەلاحەدین خۆیشی، هیوای بەژیان نەما بوو. سەرکردەکانی کۆکردەوە و سوێندیشی دان کە دڵسۆز بن بۆ کوڕەکانی و پشتگیرییان بکەن لەپاش مردنی.

بەڵام بیری کەوتەوە، کە چەلیپاییەکان هێشتا لە (قدس)دا ماونەتەوە. هەروەها بیریشی کەوتەوە کە هێشتا ڕاسپێرراوەکەی خوای جێبەجێ نەکردووە. ڕووی کردە خوا و لێی پاڕایەوە. بەرە بەرە هێز کەوتەوە ناو ئەندامەکانی لەشی.

لە مانگی ڕەشەمێ (شباط)ی ساڵی ١١٨٦دا، توانی چاوی بەنێرراوانی موصل بکەوێت کە سەرۆکیان (بەهائەدین) بوو. ئەم (بەهائەدین)ە پاشان بووە ڕازنوسی تایبەتیی سەلاحەدین. پەیماننامەیەکیان مۆر کرد، کە بەپێی ئەوە ژووررووی خاکی جزیرە هەمووی و بەشێکی گەورەیش لە کوردستان چووە ژێر چنگی سەلاحەدینەوە. هەروەها ناوی سەلاحەدین لە وتاری هەینیدا، لەناو هەموو مزگەوتەکانی موصلدا ئەخوێندرایەوە. ناویشی درا لەو درهەم و دینارەی کە لە خاکی موصلدا کڕین و فرۆشتنی پێ ئەکرا. کە سەلاحەدین لە (حران)ەوە گەڕایەوە (دمشق) بەناو شاری (حمص)دا ڕۆیشت. سەلاحەدین لەوەپێش (ناسرەدین محەمەد) کوڕی (شێرکۆ)ی مامی کردبوو بەسەرداری ئەوێ. ئەم پیاوە زاوای سەلاحەدینیش بوو. کە نەخۆشییەکەی سەلاحەدین تینی سەند، (ناسرەدین محەمەد) نوسی بۆ چەند پیاوێکی گەورەی (دمشق)، کە ئەگەر مامی مرد (دمشق)ی بدەنە دەست. چەند ڕۆژێکی پێ چوو، ئەویش سزای ناپاکیی خۆی وەرگرت. چونکە لەپاش شەوێکی جەژن کە بەمەی خواردن و بەزمورەزمەوە ڕایبواردبوو، بەمردوویی بینرا.

کوڕێکی لەپاش بەجێما بوو، لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا بوو. کە سەلاحەدین بەناو شاری (حمص)دا تێپەڕی، پێشوازی کرد. سەلاحەدینیش لە جێی باوکی خۆی داینایەوە و کردی بەسەرداری (حمص).

ئنجا ئەوێشی بەجێ هێشت و چوو بۆ (حلب). لەوێشەوە لە مانگی گوڵان (نیسان)دا چوو بۆ (دمشق). لەوێ بەپیرەوەچوونێکی وا کرا کە هێشتا (دمشق) بەخۆیەوە نەیدیبوو.

ئەو کاتە، بەهار هاتبوو، درەختەکانیش بەرگی سەوز و گوڵی جوانیان پۆشی بوو. ئەو ڕەنگ زەردییەی کە لە نەخۆشییەکەیەوە تووشی بووبوو، دەستی کرد بەلاچوون. بەرە بەرە

خوێن هاتەوە ناو دەموچاوی سەڵاحەدین. هێز و هەرەتێکیش کەوتەوە ناو پەلوپۆ و ئەندامەکانی لەشی. سەڵاحەدین گوڕی سەندەوە. هەروەک سەرلەنوێ لە دایک بووبێتەوە وا بوو. هەروەک سەرلەنوێ زیندوو بووبێتەوە وا بوو. مەبەسی خوایش لەوە ئەوە بوو، کە ڕاسپێرراوەکەی خۆی بەجێ بهێنێ. شەڕە پیرۆزەکەی خۆی کە بەرامبەر چەلیپاییەکانە بباتە سەر. ئێستاکەیش ئەوانە کەوتوونەتە ناو هێزە ئیسلامە یەکبووەکانەوە، کە لە ژووروو و ڕۆژهەڵات و خوارووەوە، هەر سێ لایان لێ گرتوون.

## حطین

لە ساڵی ١١٨٦دا کاروانێکی دەوڵەمەند، لە کاروانەکانی موسوڵمانەکان بەلای (الکرک)دا تێپەڕین. (ریجنالد) سەرداری (الکرک) خۆی پێ نەگیرا، ئەمجارەیش وەک جارەکەی پێشوو پەلاماری دا. هەردوو جارەکە فەرەنگەکان لە شەڕ وەستاندابوون، لەگەڵ سەڵاحەدیندا. بەڵام هەردوو جارەکەیش ئەوی شەڕ وەستانی شکاند، (ریجنالد) بوو، کە پیاوێکی بەدخوویی زۆردار بوو، هەرچەند هەلێکی دەست بکەوتایە، هەڵی ئەکوتایە سەر موسوڵمانەکان و تاڵانی ئەکردن و ئازاری ئەدان. لە ڕاستیدا، کابرایەکی بێ باکی جەربەزە بوو، لە هیچ نەئەترسا. تەنانەت لە ساڵی ١١٨٣دا هوروژمی بردە سەر عەرەبستان، ئەوەندەی نەما بوو بچێتە ناو (المدینة المنورة)ەوە، داگیری بکات و گۆڕی (پێغەمبەر) تێک بدات. ئەگەر سەرکردەیەکی میسری (لوءلوء) ناو وریا نەبوایە و بەکەشتییەکانیەوە دوای نەکەوتایە و لەشکرەکەی تەفروتوونا نەکردایە و پیاوەکانی نەگرتایە، ئەو کەتنەی بەسەر ئیسلام و عەرەبەکان دائەهێنا.

ئەمجارەیش، کە هەڵیکوتایە سەر ئەو کاروانە گەورە و دەوڵەمەندە، هیچی بۆ نەهێشتنەوە، هەر کەلوپەل و سامانێکیان پێ بوو، تاڵانی کرد، هەر ژن و پیاوێکیشیان تیا بوو گرتنی و خستنیە بەندیخانەوە. وا بڵاو بووەوە، کە خوشکی سەڵاحەدین خۆیشی لەناو ئەوانەدا بوو.

(ریجنالد) دەستی کرد بەکەشوفشکردن و لەخۆباییبوون. قسەی پێ ئەگوتن و تیزی پێ ئەکردن. بەتیز پێ کردنێکەوە تێی خوڕین گوتی:

(کە ئێوە ئەوەندە بڕواتان هەیە بە(محەمەد)، بۆ ئێستاکە بانگی ناکەن لەم بەندیخانەیە و لەم سەرگەردانییە کە ئێوەی تیان ڕزگارتان بکات؟! پێکەنینە بڵندە پڕ تیزەکەی دەنگی دایەوە. بەڵام ساڵێکی پێ نەچوو، کە ئەویش وەرامی تیز پێکردنەکەی خۆی وەرگرتەوە و



سزای خۆیشی دیی! کە سەڵاحەدین ئەم کردەوەیەی (ریجنالد)ی بیستەوە لە تووڕەییدا هەڵ چوو، ورووژا. سوێندی خوارد کە ئەبێ، بەدەستی خۆی، (ریجنالد) بکوژێ!

ئەو هەرگیز سوێندی خۆی نەشکاند بوو. سوێندەکەی بەجێ هێنا!

***

لەژێر سەرکردەیی (جوی)؛ خونکاری تازەی (قدس)دا، هەموو هێزی چەلیپاییەکان لەملا و لەولاوە هاتن و کۆبوونەوە. پێشەواکانی چەلیپاییەکان و سەرکردەکانیشیان لەگەڵ کەشیشەکان و سوارچاکەکانیان لەگەڵیابوون. یەکێ لەوانە (ریجنالد) بوو، سەردار و زۆرداری (الکرک). یەکێکی تریش (کوڕی هەمفری) بوو. تەنانەت (ریمۆن) خاوەنی (طرابلس)یشیان لەگەڵدا بوو، ناخۆشیی ناوەند خۆی و خونکار (جوی) لەبیر چووبووەوە. هەروەها دۆستایەتیی ناوەند خۆی و سەڵاحەدینیشی لەبیر چووبووەوە، کە ئەوەندە گەشەی کردبوو لەناویاندا، هەموو جارێک ئەهاتە سەردان لای سەڵاحەدین و میوانداری و خۆشەویستییەکی یەجگار زۆری لێ ئەدیی... تەنانەت وا بڵاوبووەوە کە گوتبووی ئەگەر ترسم لە تیز پێکردنی ئەوروپاییەکان نەبوایە ئەبووم بەئیسلام.

هەروەک چەلیپاییەکان هەموو بوون بەیەک، ئیسلامەکانیش هەموو قسەیان کرد بەیەک. سەڵاحەدینیش بەخۆی و لەشکرێکی گەورەوە، کە لە هەموو لایەکی شاهەنشاهییە یەک بووەکەیەوە کۆی کردبووەوە هاتە جەنگەوە. هەردوو لەشکر لە یەکتر نزیکبوونەوە. سەڵاحەدین تێکۆشا، چنگ بداتە چنگی فەرەنگەکان. ئەوان جووڵەیان نەکرد. ویستی بیانبزوێنێ و بیانخاتە سەر شەڕ. هوروژمی بردە سەر شاری (طبریة)، پاش شەڕێکی بچووک گرتی. بەڵام کەلاتەکەی خۆی نەدا بەدەستەوە. خاوەنەکەی کە ژنی (ریمۆن) بوو لەگەڵ منداڵەکانی و دەستوپێوەندیا خۆیان تێخزاند بوو. هاواری بردە بەر خونکار (جوی). ئەمیش سەردارەکان و سەرکردەکانی خۆی کۆکردەوە. ڕاوێژی پێکردن. (ریمۆن) وای بەباش زانی کە هوروژم نەبەنە سەر ئیسلامەکان. بەڵام ئەوانیتر زۆریان بەرپەرچیان دایەوە. کەچی (ریمۆن) خۆی خاوەنی (طبریة) بوو، ژنەکەی خۆیشی بوو هاواری هێنا بوو بۆ خونکار (جوی) کە ڕزگاری بکات لە دەست سەڵاحەدین. تەنانەت دڵیشیان لێ پیس کرد، چونکە خۆشەویستی و دۆستایەتیی هەبووبوو لەگەڵ سەڵاحەدیندا.

کۆمەڵەکە، لەگەڵ یەکدا ڕێک نەئەکەوتن، بەشێکیان لەسەر قسەی (ریمۆن) بوون، ئەترسان لە لەشکرە گەورەکەی ئیسلام. بەشێکیشیان ئەیانویست هوروژم ببەن و بچنە شەڕەوە. لەم بەشەیاندا، ئەو کابرا ئازایە بێ باکە، (ریجنالد)ی تیا بوو. ئەیقیژاند

بەسەریاندا، ئەیگوت: (ترستان نەبێ لە زۆری ژمارەیان. دار هەرچەندی زۆر بێ ئاگر ئەیخوا)! (جوی) مایەوە و نیازی کرد هوروژم ببات. هەر بەیانی بووەوە و فەرمانی دا بەلەشکر بڕۆن بۆ (طبرية). ئەوانیش دەستیان کرد بەڕۆیشتن. سەلاحەدین بەهاتنیانی زانی. خۆی ئامادە کرد بۆ شەڕ. ئیسلامەکان بەپەلە چوونە سەر جێگا ئاوەکان، لێی دابەزین، بۆ ئەمەی نەهێڵن فەرەنگەکان لێی بخۆنەوە. فەرەنگەکان درەنگ گەیشتنە ئەوێ. شوێنە ئاوەکانیان لە دەست چووبوو. ماندوویێتی و تینوێتی کزی کردبوون، ورەشیان بەردا بوو.

شەوگارێکی درێژیان بەسەر برد... هەر هاواری ئاویان بوو... ئاو... کەچی لەوبەریشیانەوە دەنگی موسوڵمانەکان ئەهات و ئەگەیشتەوە بارەگاکەیان ناوی خوایان ئەبرد و ئەیانقیژاند: (خوا گەورەیە... خوا گەورەیە...) کە بەیانی ڕۆژی شەممەی ١١٨٧/٧/٤، ڕۆژ گزنگی دا، سوارەکانی چەلیپاییەکان بەپەلە چوونە سەر پشتی ئەسپەکانیان، بەڵام پیاوەکانیان لە تینواندا گڕیان تێبەر بووبوو بەڵام ئیسلامەکان کە سەرچاوەی ئاوەکانیان بەدەستەوە بوو، دڵیان پڕ بووبوو لە نیاز و باوەڕ و بڕیار.

دوو میل دوور لە (حطين)ەوە، هەردوو لەشکرەکە بەرامبەری یەکتر وەستان. کوشتار دەستی پێ کرد، وەک شەستەباران، تیری موسوڵمانەکان، دائەباری بەسەر گاورەکاندا. زۆر لە سوارەکانیانی کوشت و خستنیە خوارەوە. زۆر لە ئەسپەکانیشیانی بریندار کرد، ئەوانیش سوارەکانی سەر پشتی خۆیان ئەخستە خوارەوە و ئەیانپلیشاننەوە. پاشان موسوڵمانەکان، وەک یەک پیاو، هوروژمێکی بەتەوژمیان بردنە سەر، ناوی خوای گەورەیان بەدەنگێکی بەرزەوە ئەهێنا، شان بەشانی گاورەکان وەستان کوشتاریان لێ ئەکردن. شیری هەردوو لا لە یەکیان دا، دەنگیان بڵند بووەوە بۆ ئاسمان، خوێن ڕژایە سەر زەویی. ڕۆژیش بەرز بووبووەوە تینی هەتاوەکە زۆر بووبوو، خۆ[*] لە دەموچاوی شەڕکەرەکان ئەتکا. ماندوویێتی و بڕست بڕان لە دەموچاوی گاورەکاندا دەرکەوت، بەڵام بەزۆر خۆیان هێشتەوە لە شەڕەکەدا. سەلاحەدین خۆیشی ئەگەڕا بەناو تیپەکانی موسوڵمانەکاندا، هوروژمەکەیانی ڕێکوپێک ئەخست و هانەی ئەدان بۆ شەڕ، دەماری مەردایەتیی ئەبزواندن.

چەلیپاییەکان لەتاو تینوێتی، وەک شێتیان لێهاتبوو گەرمایی هەتاوەکە و گەرمایی

(*) خۆ = (ئارەق = عرق) – وەرگێڕ –



ئەو دوکەڵەیش کە چاوی کوێر ئەکردن و لە ئاگرێکەوە بۆیان ئەهات کە موسوڵمانەکان بۆیان کردبوونەوە، تەواو شپرزەی کردبوون. هوروژمیان هێنا، بچنە سەر گۆمەکەی (طبرية) لە تینواندا زمانیان شکا بوو، کوژراوی ئاو خواردنەوەبوون. بەڵام سەلاحەدین، گورج پیا ڕاگەیشت و وەک کەڵەبەردێکی زەلام[١] لە بەردەمیاندا چەقی. ئەوانیش لەسەر گردەکە، وەک لاشەی مەڕ کۆبووبوونەوە، هەرچەند خونکار (جوی) پێی ئەگوتن، هەڵکوتنە سەر موسوڵمانەکان فرمانی سەرشانی خۆیان بەجێ بهێنن بەرامبەر تەختی شا و چەلیپا، ئەوان وەرامیان وا ئەدایەوە کە زۆری نەماوە لە تینوێتیدا زبانیان بشکێ و بمرن، شەڕیان پێ ناکرێ. موسوڵمانەکان پەلاماریان دان، تا توانییان لێیان کوشتن و لێیان گرتن. زۆریشیان چەکەکانیان فڕێدا و بەملکەچییەکەوە ڕوویان کردە موسوڵمانەکان. هەموویان دەمیان داچەقاند بوو زمانیان دەرکێشا بوو، ئەتگوت سەگی تینوون. تەنانەت هەندێک لە سوارچاکەکانی (ریمۆن)، ئەمەندە وەڕس بووبوون لە گیانی خۆیان، خۆیان کێش کرد بۆ لای سەلاحەدین و پێیان گوت: (ئەی خونکار، بۆچ خۆت دوا ئەخەیت... هەڵمەت ببەرە سەریان، مەترسە، ئەوانە پەکیان کەوتووە مردوون!).

چەلیپاییەکان هەر هیوایەکیان پێ مابوو. ئەویش ئەوە بوو کە خونکار (جوی)، فەرمانی شەڕکردن بداتە دەست (ریمۆن). (ریمۆن) بەخۆی و سوارەکانیەوە هوروژمی هێنایە پێشەوە. هوروژمەکەی زۆر بەتین بوو. (تقى الدين) خۆی گێڕایە پاشەوە و ڕێگای بۆ کردنەوە بچنە دەرەوە. بەم ڕەنگە تیپی (ریمۆن) لە (خونکار جوی) جوێ کرایەوە. چونکە (جوی) لەسەر گردەکە مایەوە، سەد و پەنجا سوارێکیشی لەگەڵدا بوو، لە سوارە کەڵە کەڵەکان و گەورەپیاوەکان، هەموویان چوار لای خێوەتەکەی خونکار (جوی)یان گرتبوو لەگەڵ چەلیپای پیرۆزدا، بۆ ئەمەی هەتا لە هێز و تواناییاندایە لەسەریان بکەنەوە و بیانپارێزن.

ئنجا کە خونکاری فەرەنگەکان چووە سەرگردەکە لەناو ئەو کۆمەڵە کەمەدا، سوارەکانی هێرشێکی زۆر ناخۆش و ناشیرینیان بردە سەر ئەو موسوڵمانانەی کە بەرامبەریان ڕاوەستابوون، وایان ڕاوەدوونان تا گەیاندنیانەوە بەسەلاحەدین. لەو کاتەدا (الأفضل)ی کوڕی کە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بوو، لە تەنشت سەلاحەدینی باوکیەوە وەستا بوو – کە سەیری کرد باوکی ئەوەی پێ ناخۆش بوو و ڕەنگیشی تێکچوو، هاتە پێشەوە و دەنگی

(١) کەڵەبەردێکی زەلام: تاوێر، گابەرد.

بلّند کردەوە گوتی: (جنۆکە درۆی کرد) ئنجا موسوڵمانەکان لە فەرەنگەکان ڕاپەڕینەوە، فەرەنگەکان گەڕانەوە دواوە بۆ سەر گردەکە، هەناسەبڕکێیان پێ گەیشتبوو موسوڵمانەکانیش بەدوایانەوە بوون، ڕاوەدویان ئەنان. (الأفضل) نەڕاندی گوتی: (شکاندمانن!).

دیسانەوە فەرەنگەکان هێرشیان هێنایەوە سەر موسوڵمانەکان، موسوڵمانەکانیان گەڕاندەوە لای سەلاحەدین. (الأفضل) دووبارە تێی خوڕینەوە. موسوڵمانەکانیش دووبارە لە گاورەکان ڕاپەڕینەوە و ڕاویاننانەوە تا گەیاندیاننەوە بەگردەکە. (الأفضل) دووبارە قیژاندیەوە گوتی: (شکاندمانن... شکاندمانن!). باوکیشی ڕووی تێکرد و گوتی: (بێ دەنگ بە. مەیانشکێنە هەتا ئەو خێوەتەیش ئەکەوێ!).

لەو کاتەدا، خیوەتی خونکاری گاورەکان، کەوت،... دەمودەست سەلاحەدین لە ماینەکەی هاتە خوارەوە... کڕنوشی سوپاسی بۆ خوا کێشا... لە خۆشیانا ئەگریا و فرمێسکی سوپاسکردنی خوا و ستایشکردنی خوا و ملکەچی بۆ خوا بەچاوەکانیا ئەهاتە خوارەوە...

***

سەلاحەدین لای خێوەتێکی گەورەوە وەستا بوو، کە لەناو کۆڕی شەڕدا بۆی دامەزرێنرا بوو. ئەو ناوە پڕ بووبوو لە لاشەی مردووان، یەک بەسەر یەکا کەوتبوو، چەلیپا شکاوەکانیشیان تێکەڵ بووبوو... لەناو جەرگەی کۆڕەکەدا، لنگ و باڵ و سەری پەڕێنراو بڵاو بووبووەوە...

پەیتا پەیتا گیراوەکانیان ئەهێنا... تاکە سەربازێکی موسوڵمان، سی سەربازی فەرەنگی کێش کردبوو، هەر بەتەنیا خۆی، گرتبوونی و بەگوریسێکی ئەستوور و توندەوە هەموویانی بەستبووەوە...

خونکار خۆیشی گیرا بوو لەگەڵ هاوڕێکانیا، سوارەکان و پیاوە گەورەکان. لەتاو کزیی و بڕست بڕاویی خۆیان دەستووری سوارچاکییان شکاند بوو، وەرەیان بەردا بوو نەیانتوانی بوو لە شەڕدا واز نەهێنن تا ئەمرن. هەموویان شێرەکانی خۆیان دایە دەست موسوڵمانەکان. ئەوانە هەموویان کران بەبەندیی: خونکار و براکەی و، ئەو (ریجنالد)ەی کە ساڵێک لەوەپێش تیزی بەموسوڵمانەکان و (محەمەد)ی پێغەمبەریان کردبوو، لەگەڵ کوڕی (هەمفری) و سەردارەکانی سوارچاکە ڕەبەنەکان و گەورە پیاوان و سوارچاکەکانی تر... بەڵام (ریمۆن)، لەپاش ئەمەی بەناو موسوڵمانەکاندا ڕێگای خۆی بریی و دەرپەڕیی، کە سەرنجی دا خونکارەکەیان ئەگیرا، لەبەر ئەوە جڵەوی ماینەکەی خۆی نەوەستاندەوە تا



بەبێ وەی خۆی گەیاندە شاری (صور) لەوێشەوە گەیشتە شاری (طرابلس). ئیتر لەوێ زۆری پێ نەچوو، مرد بەسزا و نەنگیی کردەوەیەوە!

سەلاحەدین، خونکار (جوی) و (ریجنالد) سەرداری (الکرک)ی بانگ کردە ژێر خێوەتەکەی خۆیەوە. خونکارەکەی لەتەنشت خۆیەوە داینیشاند. کە تەماشای کرد تینووە، فەرمووی بەفراویان بۆ هێنا، خواردیەوە، پاشماوەکەی خۆیشی بەخشی بەخاوەنی (الکرک)، سەلاحەدین بەدەنگێکی بەرزەوە بەتەرزمان (مترجم)ەکەی گوت: (بەخونکار بڵێ، من ئاوم نەداوەتێ، تو ئاوت داوەتێ) مەبەسیشی ئەوە بوو کە تێی بگەیێنێ: (ریجنالد)، هەرچەندە ئاوی سەلاحەدینی خواردەوە، بەڵام لە کوشتن نابەخشرێ. ئیتر کاتی خۆی هات کە سەلاحەدین بەڵێنی خۆی بهێنێتە جێ و سوێندەکەی نەشکێنێ. هەستایە سەرپێ و سەرزەنشتی ریجنالدی کرد، لەسەر ئەوەی کە سەرگەردانی هێنا بوو بەسەر کاروانی موسوڵمانەکاندا و زبان درێژیی کردبوو دەربارەی پێغەمبەر. پاشان هەڵیکوتایە شیر لێی و کوشتی.

خونکار (جوی)، لەوە زەندەقی چوو، ترسا لەوەی وا لەویش بکات. سەلاحەدین لەوە دڵنیای کرد، پێی گوت: (لە ڕەوشتی خونکاران نییە کە خونکاران بکوژن. بەڵام ئەمە لە سنووری خۆی تێپەڕاند بوو، لەبەر ئەوە پێویست بوو وای لێ بکرێ).

***

بەڵام ئەو سوارچاکانەی کە سەر بەپەرستگا و نەخۆشخانەبوون، کە بەهەموویان دوو سەد کەسێک ئەبوون گیرابوون، هەموویان کوژران، چونکە لە شەڕدا خراپەیان زۆر کردبوو، قین و دوژمنایەتییەکی زۆریشیان لەگەڵ ئیسلامەکاندا نواند بوو. بەڵام خونکار (جوی) و هەوەڵە خانەدانەکانی، بێ وەی بەناز و ڕێزەوە ڕەوانە کران بۆ (دمشق). ڕۆژان و مانگانی بەسەردا ڕۆیشت. کەچی ئەو دەشتەی شەڕەکەی تیا کرا، هێشتا شوێن پێی ئەو شەڕە[۱] گەورەیەی تیا دیار بوو، گاورەکان ئەوەتی هاتبوونە ڕۆژهەڵاتەوە لە دەلیاوە، هێشتا شکاندنی وا خراپیان بەسەردا نەهاتبوو. سی هەزار کەسیان لێ کوژرا بوو.

کۆمەڵە ئێسکی ئەو مردووانە بەجۆرێکی وا کەڵەکە بووبوو، کە لە دوورەوە ئەبینرا، گورگ و کەمتیاریش لەوێدا بەجۆرێکی یەجگار درێژ و ناخۆش ئەیانلووراند، گوێی پیاوی کەڕ ئەکرد، لە گرد و دۆڵەکانی ئەو ناوەدا دەنگی ئەدایەوە...

(۱) ڕاستتر: ئاسەواری ئەو شەڕە.

## گەورەیی بۆ ئەو خوایەیە کە بەندەی خۆی ڕەوانە کرد

موسولْمانەکان ئەو شەوە بەبەزم و شاییيەوە ڕۆژیان کردەوە لە شەڕی (حطين)دا سەرکەوتبوون. هەتا بەری بەیان، هەر دەنگیان ئەهات کە ئەیانقیژاند: (خوا یەکە و کەسی تر خوا نییە. خوا گەورەترە. خوا گەورەترە).

لە ڕۆژی دواییدا، سەلاحەدین گەڕایەوە (طبرية)، بۆ ئەمەی کەلاتەکەی بگرێ. ژنی (ریمۆن) لەوێدا بوو. کە زانی چی بەسەر گەلەکەی و مێردەکەیدا هاتووە، کەلاتەکەی دا بەدەستەوە. سەلاحەدین، دڵی دایەوە. بۆ ئەو شوێنەی خۆی ئارەزووی کرد، لەگەڵ منالەکانی و دەسوپێوەندیا بێ وەی بەئارام و دڵنیاییيەوە ڕەوانەی کرد.

پاشان موسولْمانەکان بەناو خاکی (فلسطين)دا بڵاوبوونەوە. چوار لای ئەو شار و کەلاتانەیان ئەگرت کە بەدەست گاورەکانەوە بوون. گاورەکان هیچ بەرامبەرییەکیان نەئەکردن، خۆیان ئەدا بەدەستەوە. تەنانەت دانیشتوانی ئەو جێگایانە لەگەڵ سەربازەکانیان، پێش ئەمەی موسولْمانەکان بگەنە ئەوێ، هەرایان ئەکرد. لە شەڕی (حطين)ەوە وا تۆقیبوون، بۆ هەر شوێنێک ئەچوون، خۆیان پێ نەئەگیرا، خۆیان دەرباز ئەکرد.

سەلاحەدینیش ئەیزانی چۆن لەم سەرکەوتنە تەواوەی خۆی کە لە شەڕی (حطين)دا دەستگیری بووبوو، کەڵک وەرگرێ. ماوەی نەدا بەفەرەنگەکان، بکەونە خۆیان و خۆیان کۆبکەنەوە. دەمودەست خۆی گەیاندە (عكا)، لەپاش شەڕی (حطين) بەچوار ڕۆژ گەیشتە ئەوێ. بەسەرکەوتوویی چووە ناویەوە. بەڵام گاورەکانی دڵنیا کرد لەوەی کە بیانکوژێ و ئازاریان بدات. بەخۆیان و سامانیانەوە، بێ وەی دەربازیکردن. ئاهەنگێکی گێڕا بۆ نوێژی هەینی لە مزگەوتە گەورەکەیدا، کە چەند سەد ساڵێک بوو کرا بوو بەکڵێسا. ئەمە یەکەم نوێژی هەینی بوو کە لە کەناری شامدا کرا، لەوەتی فەرەنگەکان لە هەڵمەتی یەکەمی چەلیپاییيەکانەوە ئەوێیان داگیر کردبوو! پەیتا پەیتا، کەلاتان و شاران لە گاورەکان داگیر ئەکرا. (العادل)ی برایشی بەلەشکرێکەوە هات لە میسرەوە بۆ یارمەتیدانی، لە هەموو پەلاماردانێکیشا، سەلاحەدین، بەجوامێریی و شیرینییەوە لەگەڵ سەربازەکان و دانیشتووی ئەو جێگایانەدا ئەجوڵایەوە. ئەوانیش مەرجەکانی سەلاحەدینیان پەسند ئەکرد. بڕوایان پێ ئەکرد کە ئەگەر بەڵێنێکی دا جێبەجێی ئەکات. ئەوانیش ئەچوون بۆ شاری (صور) تا وای لێهات ژمارەیەکی زۆر گاوری تیا کۆبووەوە. لە ماوەی دوو



مانگدا، خاکی (اورشليم) هەمووی کەوتە ژێر چنگی سەلاحەدینەوە، سێ شار نەبێ: (صور، عسقلان، اورشليم).

بەڵام (صور)، سەلاحەدین لە دەستی دەرچوو بیگرێ دەمودەست لەپاش (عكا). ئێستاکەیش لەپاش ئەمەی ژمارەیەکی زۆر گاوری تیا کۆبۆتەوە، گرتنی بەئاسانی پێک نایەت. بەتایبەتی لەپاش ئەمەی سەرکردەیەکی ئازایان بۆ پەیدا بووە کە ناوی (کۆنراد)ە. ئەم پیاوە لە (قسطنطينيە)وە هاتبوو بۆ (صور)، هەموو گاورەکانی کۆکردبووەوە. شارەکەی ئامادە کردبوو بۆ خۆپاراستن، کە ئەگەر لەوەپێش سەلاحەدین بگەیشتایە ئەوی خۆی ئەدا بەدەستەوە.

سەلاحەدین ویستی بەفێڵ (صور) بگرێ. فەرمووی، باوکی (کونراد)یان لە (دمشق)ەوە بەگرتوویی هێنا. سەلاحەدین بەڵێنی دایێ، ئەگەر شاری (صور)ی بدرێتە دەست، ئەو بەرەڵڵا ئەکات. بەڵام (کونراد)، دڵڕەقانە خۆی پیشان دا. ئاشکرای کرد، کە باوکی زۆر ژیاوە، ئەگەر سەلاحەدین ئەیەوێ بیکوژێ، بام بیکوژێ. بەڵام ئەو بەردێکی شاری (صور) لەبریتی ژیانی باوکی نادات بەسەلاحەدین.

بەڵام سەلاحەدین باوکە پیرەکەی نەکوشت. وازی لە گرتنی (صور)یش هێنا تا ماوەیەکی تر. ئنجا ڕووی کردە (عسقلان) کە لەناو چەقی ڕێگای میسر و (شام)دا وەستا بوو، بووبووە بەرهەڵستێک بۆ هاتوچۆی موسولْمانەکان. تا گەیشتە ئەوێ (الرملة) و چەند جێگایەکی تریشی گرت... لە ١١٨٧/٨/٢٣دا بەرامبەر (عسقلان) وەستا. سەربازەکانی میسریش لەژێر سەرکردەیی (العادل)ی برایدا بەتەنشتیەوە وەستان. موسولْمانەکان تەنگیان بەشارەکە هەڵچنی. کەلوپەلی بەردهاوێژیان لێ دامەزراند.

سەلاحەدین وای هاتە پێش چاو کە کارەساتەکەی (صور) لێرەیشدا دووبارە بکاتەوە. فەرمووی خونکار (جوی) و چەند سەرکردەیەکی گاوریان لە (دمشق)ەوە هێنایە (عسقلان). بەڵێنی دانێ کە ئازادیان بکات، ئەگەر بتوانن هێزی شارەکە بخەنە سەر ئەوەی خۆی بدا بەدەستەوە.

بەڵام (عسقلان)یش وەک (صور) بەڕاوێژی سەلاحەدینی نەکرد. تا دوو هەفتەیش کەلاتەکەی (عسقلان) شەڕی کرد، دوایی ناچاربوون نامەکارییان کرد لەگەڵ سەلاحەدین و خونکار (جوی)دا، ئاشتییان ئەویست... سەلاحەدین بەمانیشی ماوە دا، کە دانیشتوەکانی بەژن و منالْ و سامانیانەوە لێ بچنە دەرەوە، بێ ئەمەی شتێکیان لێ بکرێ. پاشان لە ڕۆژی هەینی ١١٨٧/٩/٤دا چووە ناو شارەکەوە، نوێژیشی تیا کرد!

سەلاحەدین، بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا، فەرمووی خونکاری گرتوویان لەپاش چەند مانگێک بەرەڵڵا کرد، سەبارەت بەوەی کە تێکۆشا بوو، لای فەرەنگەکانی (عسقلان)، کە خۆیان بدەن بەدەستەوە.

***

لەو کاتەدا کە خونکاری (قدس)، لە گرتیخانەی (دمشق)دا بوو لەگەڵ گاورێکی زۆری گیراوی تردا، زۆربەی موسوڵمانە گیراوەکان لە (بیت المقدس)دا بەسووکی و ڕیسواییەوە گوزەرانیان ئەکرد.

یەکێک لەو گرتووانە، نامەیەکی نوسی بۆ سەلاحەدین، بەزبانی (المسجد الأقصی)وە، سکاڵای دڵی خۆی بۆ کردبوو. سەلاحەدینیش بەخۆی و لەشکرە خواناسە دڵسۆزەکەیەوە، ڕووی کردە شاری (قدس)، بۆ ئەمەی (المسجد الأقصی) لە گاورەکان پاک بکاتەوە.

***

سەلاحەدین، ئەیزانی کە (بیت المقدس) چەند پیرۆزە، وەک ویستبێتی وەک (عمر بن الخطاب) بجووڵێتەوە لە گرتنیا وا بوو، چەند کەسێکی ناردە کن دانیشتوانی (قدس) لێی خواستن کە لەسەر چەند مەرجێک خۆیان بدەن بەدەستەوە، پێی گوتبوون: (منیش وەک ئێوە بڕوام وایە کە قدس ماڵی خوایە. منیش نامەوێ چوار لای ماڵی خوا بگرم، یاخود دەستدرێژیی بۆ بکەم... ئەمەوێ بەخۆشی و ئاشتییەوە بدرێتە دەستم)... مەرجەکانی سەلاحەدین، جوامێرانە و دڵ کراوانەبوون. بەڵام گاورەکان نەهاتنە سەر قسەی ئەو. گوتیان: ئێمە لەسەر خواستی خوا ئەم شارە نادەین بەدەستەوە کە (مسیح) لەپێناوی ئێمەدا خۆی داوە بەکوشت.) ئیتر بۆ سەلاحەدین هیچ ڕێگایەک نەمایەوە، ئەوە نەبێ کە بەشیر بیگرێ!...

لە (بیت المقدس)دا بێجگە لە ژن و مناڵ، شەست هەزار پیاویشی تیا بوو. لە هەموو لایەکەوە، مرۆڤ پەنای بۆ بردبوو. یەکێک لەو ئاوارانە، سەرکردەیەکی هەرە گەورەی سوارچاکەکانی چەلیپاییەکان بوو، پێیان ئەگوت (بالیان). لە شەڕی (حطین)دا توانی بووی ڕابکات. لەپاش ڕاکردنەکەی، لە سەلاحەدینی خواستبوو، کە ڕێی بدات بچێ بۆ (بیت المقدس)، ژنەکەی و مناڵەکانی بهێنێتەوە. سەلاحەدینیش کە لەو کاتەدا چنگی گرتبوو بەسەر هەموو خاکی (فلسطین)دا، ڕێی دا بچێت بۆ ئەوێ، بەمەرجێ شەوێک لەوێ زۆرتر نەمێنێتەوە، ئیتر شەڕیش نەکات بەرامبەری سەلاحەدین. بەڵام پاش ئەمەی چووە ناو (بیت المقدس)ەوە، هەموو گاورەکان وەک ڕزگارکەرێک پێشوازییان کرد،



ناچاریشیان کرد بمێنێتەوە لەناویاندا، وەک سەرکردەیەک لەپشتیەوە بڕۆن... (پەتریارک) پێی گوت: (من لە گوناهەکەت ئازادت ئەکەم، هەروەها لە سوێند شکاندنەکەیشت. چونکە گوناهی پاراستنی ئەم سوێندەت، لە گوناهی شکاندنی سوێندەکەت زۆرترە).

(بالیان) هەر ئەمەندەیشی نەکرد لەگەڵ سەلاحەدیندا. بۆ سەلاحەدین، وای هەڵ ئەگرت، کە زۆرتر بەئارام بێ و مەردایەتیشی زۆرتر بێ لەگەڵیا...

(بالیان) ناردیە کن سەلاحەدین، لێی خواست کە ڕێی بدات ژن و مناڵەکانی بگوێزێتەوە بۆ (طرابلس)، بیانووەکەی ئەوە بوو، کە ناچاریان کردووە بمێنێتەوە و بەڵێنەکەیشی بشکێنێ. سەلاحەدین، لەسەر ئەوە گلەیی لێ نەکرد و توانجیشی تێنەگرت. بەڵکو ئەو وەرامی بوو، کە پەنجا سواریشی ڕەوانە کرد لەگەڵ ژنەکەیدا تا گەیاندیانە جێی خۆی!

لە ٢٠/٩/١١٨٧دا، واتا هەر لەو ساڵەدا کە لە شەڕی (حطین)دا سەرکەوت و هەموو لایەکی (فلسطین)ی خستە ژێر چنگی خۆیەوە، بەخۆی و لەشکرەکەیەوە لە بەردەم شورەکانی شاری (قدس)دا وەستا... تەماشای کرد کۆمەڵێکی بێ شومار لە گاورەکان خەریکی پاراستنی شورەکەن.

کەلوپەلی بەردهاوێژیشیان داناوە بۆ دوور خستنەوەی ئەوانەی کە نزیکی ئەکەونەوە. سەلاحەدین تا پێنج ڕۆژ هەر بەچوار لای شارەکەدا ئەسووڕایەوە. دوایی بۆی دەرکەوت کە لای ژووروووی شارەکە چاکترین جێگایە کە هوروژم بەرێتە سەری. دانیشتوانی شاری (قدس) وایانزانی کە سەلاحەدین ڕۆیشتووە بەوە دڵخۆش و گەشکەداربوون. کەچی لەناکاو، موسوڵمانەکان، شارەکەیان دانەبەر بەرد... هەردوو لا، خۆیان دا بەکوشت لە جەرگەی شەڕدا. نوێنەرانی فەرمانڕەوایانی ئیسلامەکان، بەرامبەر نوێنەرانی فەرمانڕەوایانی گاورەکان وەستابوون، دەستیان دابووە کوشتاری یەککردن لەسەر ئەو جێگایەی کە پیرۆزە لای هەردووکیان کە (بیت المقدس)ە.

بەڵام گاورەکان زۆر خۆیان پێ نەگیرا، ڕەنجەڕۆبوون و ئارەزووی خۆیان پێشان دا کە شارەکەیان بدەن بەدەستەوە. شارەکە بەرگی خەم و ترس و لەرزی پۆشی. گاورەکان، گورج پەنایان بردە بەر خوا، لە کڵێساکاندا، لێی ئەپاڕانەوە کە بەزەییەکی پیایاندا بێتەوە.

سەیر ئەوە بوو، (بالیان) خۆی، چووە بن خێوەتەکەی سەلاحەدینەوە، بۆ گفتوگۆکردن لە

بابەت ئاشتی و مەرجەکانی خۆ بەدەستەوەدانەوە. سەڵاحەدین بەڕووخۆشییەکەوە چاوی پێ کەوت. لەپاش چەندوچوونێکی زۆر، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە گاورەکان، بەرامبەر بەئازادبوونی خۆیان، باج بدەن بەسەڵاحەدین. باجی ئازادبوون لەسەر پیاو دە دینار بوو، لەسەر ئافرەت پێنج دینار بوو، لەسەر مناڵ دوو دینار بوو. تا چل ڕۆژی تر هەر کەسێ ئەو باجەی دا ڕزگاری ئەبێ. هەر کەسێکیش نەیدا، ئەبێتە بەندە.

خوای بەهێز و توانایش وا ئارەزوو ئەکات، کە (بیت المقدس) لە ڕۆژی هەینی ٢٧ی مانگی (رجب)دا خۆی بدات بەدەستەوە. کە پێش ئەو ڕۆژە بەشەش سەد ساڵ، خوای پاکی بێ هاوتا، بەندەی خۆی (محەمەد) پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر بێ) لە (المسجد الحرام)ەوە گەیاندە (المسجد الأقصى).

***

ئاڵاکانی ئیسلام بەسەر شورەی شارەکەوە بڵندبوونەوە، گاورەکان دەستیان کرد بەگریان. خەریکبوون ساختمانە پیرۆزەکانیان بەفرمێسکی چاوی خۆیان ئەشوشتەوە. خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ کۆچکردن، بەڵام دڵیان لە داخا هەڵقرچا بوو، ئەوەندەی نەما بوو پارچە پارچە بێ.

لەگەڵ ئەوەشا ئەوەندە پیاوەتی و جوامێرییان لە سەڵاحەدین چاو پێ کەوت، بەجۆرێکی وا لە بەرچاو ئەوان و بەرچاو مێژوودا بڵندبووەوە، کە مرۆڤێک هەر ئەتوانێ ئەوەندە بڵند ببێتەوە لەپێش چاوی کەسانی تردا.

سەڵاحەدین لە هەموو شەقامێکا، پاسەوانەکانی خۆی بەسەرکردەیی سەردارانی باوەڕ پێ کراوی خۆیەوە دانا، بۆ ئەمەی ماوە نەدرێ هیچ موسوڵمانێک زۆرداریی لە گاورێک بکات. تەنانەت، بەدرێژایی ئەم هەموو ڕۆژانەی کە گاورەکان (قدس)یان چۆڵ ئەکرد، نەبیسترا لە کەسێک کە گاورەکان شتێکیان لێ کرا بێ. کە ڕوودانی ئەم جۆرە دەستدرێژییانە، لە لایەن سەربازانی سەرکەوتووەوە، باو بوو لە ڕۆژانی وەک ئەو ڕۆژانەدا.

گاورەکان دەستیان کرد بەچۆڵکردنی (قدس). (بالیان) سی هەزار دیناری دا لەجیاتی کۆمەڵێکی گەورە لە هەژاران و لێ قەوماوان.

پەیتا پەیتا، یەک یەک و خێزان خێزان، دەوڵەمەندان و هەژاران ئەچوونە دەرەوە... سەڵاحەدین نەیویست زۆرداریی لە دەوڵەمەندەکان بکات، باجی گەورەتریان لێ بستێنێ... کە سەڵاحەدین چاوی کەوت بەگەلێک لە فەرەنگەکان، باوک و دایکە پەککەوتەکانی خۆیان بەکۆڵ هەڵگرتووە، یان خزمە نەخۆشەکانیان بەسەر شانەوەیە، دڵی زۆر پێیان



سووتا. فەرمووی: پارەیان دانێ، بارگیریشیان بەسەردا دابەشکردن، بۆ ئەمەی بارەکانیان بۆ ببەنە ئەو جێگایانەی کە ئەیانەوێ بۆیان بچن. لەو کاتەدا ژنی یەکێک لە خونکارەکانی ڕۆم لە شاری (قدس)دا بوو. خۆی کردبوو بەڕەبەن. خۆی تەرخان کردبوو بۆ پەرستنی خوا. کۆمەڵێکی زۆر دەسوپێوەندیشی لەگەڵ بوو. خانمێکی زۆر دەوڵەمەندیش بوو... سەڵاحەدین دڵنیای کرد کە بێ وەی ئەمێنێتەوە بەخۆی و دەسوپێوەندی و سامانیەوە.

هەروەها، سەڵاحەدین ژنی خونکار (جوی) کە شاژنی (قدس) بوو بەرەڵڵا کرد بەخۆی و دەسوپێوەند و هاودەمەکانیەوە. لە سەڵاحەدینی خواست. کە ڕێی بدات بچێ بۆ لای مێردەکەی خۆی، کە ئەوساکە لە کەلاتی (نابلس)دا لە بەندیخانەدا بوو، سەڵاحەدین ڕێی دا بچێ. ئەویش چووە لای. پاشان خونکار (جوی)شی بەرەڵڵا کرد... تەنانەت ژنی (ریجنالد)یش کە سەڵاحەدین لەپاش شەڕەکەی (حطين) کوشتی، بەرەڵڵای کرد و سامانەکەیشی بۆ پاراست.

(پەتریارکی گەورە)یش هاتە دەرەوە، سامان و گەنجینەیەکی بێ شوماری پێ بوو. گەنجینەکانی کڵێسا و کاسەکانی و ئامانە زێڕینەکانی پێ بوو، لەگەڵ ئەو پەتوە زێڕینەی کە ئەدرا بەسەر (گۆڕی پیرۆز)دا. ئەم پیاوە کە گەورەترین نوێنەری گاورەکان بوو لە (قدس)دا، نەیویست تۆزێک لەو هەموو گەنجینە و سامانەی کە پێ بوو، بەخت بکا لە پێناو ئازادکردنی هەژارێک، یاخود پەککەوتو و داماوێکدا.

بەسەڵاحەدین گوترا، ئەو گەنج و سامانەی لێ بسێنە تا ئیسلامەتیی پێ بەهێز بکەیت، گوتی: (زۆرداری لێ ناکەم!). لە دە دینار بەولاوە هیچیتری لێ نەسەند!

پێویست بوو سەڵاحەدین هەندێکی تر (پەتریارک) فێری مەردایەتی و دەست بڵاویی بکات. لەپاش تەواوبوونی چل ڕۆژەکە، هەزاران هەژار مابوونەوە.

هاونیشتمانە دەوڵەمەندەکانیان، هێشتبویاننەوە بۆ بەندەیی! (العادل) لە سەڵاحەدینی تکا کرد هەزار کەسی لەو هەژارانە پێ ببەخشێ. سەڵاحەدین لەبەر دڵی ئەو هەموویانی بەرەڵڵا کرد. هەروەها (پەتریارک) و (بالیان)یش هاتن لێیی پاڕانەوە، سەڵاحەدین هەزار کەسی تریشی لەبەر دڵی ئەوان بەخشی و ئازاد کرد! پاشان سەڵاحەدین فەرمانی دا، دەرگایان کردەوە لەو هەموو پیرانەی کە نەیانتوانی بوو باجەکە بدەن.

ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەی باجیان دابوو و چوو بوونە دەرەوە کۆبوونەوە و چوونە لای سەڵاحەدین پاڕانەوە، گوتیان: (ئێمە یان ژنین یان دایکین یان کچین، هی ئەوانەین کە

گیراون یاخود کوژراون لە شەڕا. ئێستاکەیش نە دەرەتانمان هەیە نە باوان، نە کەس، ڕوویان تێبکەین ئنجا دەستیان کرد بەگریان. سەلاحەدین کە چاوی بەوانە کەوت ئەگرین، ئەویش دڵی پێیان سوتا، گریا. فەرمانی دا، پیاوەکانیان لە بەندیخانە دەرهێنان، بەرەڵڵای کردن و داینەوە بەو ئافرەتانە. بەڵام ئەوانەی کە کەسیان نەما بوو، پارەیەکی زۆری پێ بەخشین و تۆڵەی بۆ کردنەوە. ئەوانیش بۆ هەر کوێیەک ئەچوون پیاوەتی و کردەوەی بڵندیی ئەویان ئەگێڕایەوە!

کردەوەی موسوڵمانەکان لەگەڵ گاورەکاندا، لە کاتی گرتنی (قدس)دا، لە ساڵی ١١٨٧دا بەمجۆرە بوو، کە بووە چرایەکی پڕشنگدەر لە مێژووی داگیرکردنی خاکەکانی سەر زەمیندا، تا جیهان بمێنێ پڕشنگ ئەدا و دەری ئەخات بۆ جیهان، کە گەورەیی ئیسلام و گیانی و چاوپۆشینی لە چە ئەندازەیەکدا بووە. کەچی کردەوەی گاورەکان، لە کاتی گرتنی (قدس)یاندا، لە ساڵی ١٠٩٩دا، بوو بەپەڵەیەکی ڕەش بەسەر ناوچەوانی گاورەکان و مرۆڤایەتییەوە، سەبارەت بەو کوشتن و بڕین و ئازاردانەی کە کردیان دەربارەی ئیسلامەکانی ئەوێ!

بەڵام چیرۆکەکەمان هێشتا تەواو نەبووە! هەندێ لەو هەژارانەی سەلاحەدین بەرەڵڵایکردن، پەنایان بردە بەر (أنطاكية). کەچی سەردارە گاورەکەی شارەکە میوانداری نەکردن. ئەوانیش ناچاربوون ڕوویان کردە خاکە ئیسلامەکان بۆ هەر کوێیەک ئەچوون بەپیریانەوە ئەهاتن! هەندێک لەو گاورە ئاوارانە ڕوویان کردە (طرابلس)، دانیشتوانی (طرابلس) هەر بەوە وازیان نەهێنا کە دەریان بکەن، ناردیان لە ڕێگا تالانیشیانکردن، ئەوی موسوڵمانەکان بۆیان هێشتبوونەوە، ئەویشیان لێ سەندن!

***

لە هەموو لایەکی شاهەنشاهییەکەوە، موسوڵمانان هاتن بۆ ئاهەنگ گێڕان، بەگێڕانەوەی (قدس)ەوە. لەگەڵ سەلاحەدینیشدا لە (المسجد الأقصى)دا، نوێژی هەینی چوارەم ڕۆژی مانگی (شعبان)یان کرد. لەو ڕۆژەدا (ناوبژیکەر = قاضي)ی (حلب) هەستایە سەرپێ و وتارێکی نایاب و گرنگی دا، مەردایەتی ئەو جەنگاوەرە موسوڵمانانەی پێشان دا، کە بیرەوەری شەڕەکانی (بدر) و (قادسية) و (خالد) شێری ئیسلامی ئەهێنانەوە یاد. لە تەواوبوونی وتارەکەدا لە خوا پاڕایەوە بۆ پایەداری و سەرکەوتنی خونکاری ئیسلام و موسوڵمانان، سەلاحەدین.



سەلاحەدینیش دانیشت و بەدڵێکی پڕ لە خواناسی و ڕوویەکی ڕۆشن بەڕووناکی ئایینەوە ئەم فەرموودەیەی ناو قورئانی خوێندەوە:

(خوای گەورە، یارمەتیم بدەیت، سوپاسی ئەو سایە و پایە و سامانەت بکەم کە بەخشیوتە بەخۆم و باوکم. ئەو کردەوە باشانە بکەم کە تۆ پێت خۆشە. خوای گەورە بەزەییت پیاما بێتەوە و لە بەندە چاکەکانی خۆتم بژمێریت).

## خاوەنی کراسی سەوز

پاشماوەی پێ شوێنی گاورەکان. لە (المسجد الأقصى) ڕامالرا. سەلاحەدین، لە ساکاری و جوانیدا، خستیەوە سەر دۆخی جاران. فەرمانی دا تەختێکی وتاردانی بۆ دروست بکەن. پێیان گوت: بەفەرمانی نورەدین، لە بیست لەمەو پێشەوە تەختێکی زۆر گەورە و نایابیان بۆ وتاردان دروست کردووە لە (حلب)دا، کە لەپاش گرتنی (قدس) بیهێننە ئێرە بەکاری بهێنن هێشتا هەر لەوێیە. ئنجا تەختەکەیان لە (حلب)ەوە هێنایە (قدس) لەپاش ڕێکخستنی، لە (المسجد الأقصى)دا دایانمەزراند. بەم ڕەنگە ئاواتی نورەدین لەسەر دەستی جێنشینەکەیدا پێک هات کە سەلاحەدین بوو.

لەوساوە کە (قدس) گیراوە لە لایەن سەلاحەدینەوە تا ئیمرۆ، هەر لە دەست ئیسلامەکاندا ماوەتەوە.(*)

بەیارمەتی خوایش، هەر لە دەستیاندا ئەمێنێتەوە، بام سەرکێشیی جوولەکە و زۆرداریی ئینگلیزیش لەناودا بێ!... چونکە ئەوەی لەم ساڵانەی دواییەدا لە (فلسطين)دا ڕوویدا... ئەوەی کە ژمارەیەکی کەم لە موسوڵمانانی (فلسطين) بەرامبەر هەموو جوولەکانی هەموو جیهان و سەردارانی گەورەترین شاهەنشاهیی سەر زەمین وەستاون... ئەوانە هەموویان خوێن گەرمی و ئایین ئەخەنە دەروونی موسوڵمانەکانەوە... هەروەها سەردەمی ڕاپەڕاندنی سەلاحەدینیش ئەخەنەوە یاد، بۆ ئەمەی دووبارە قسەی ئیسلامەکان بێتەوە بەیەک بۆ

(*) نووسەر ڕاست ئەکات. چونکە ئەم نووسراوە لەپێش پەیدابوونی فەرمانڕەوایی ئیسرائیلدا چاپ کراوە. ئەگینا لە ساڵی ١٩٤٧ بەدواوە شاری قودسی تازە کەوتە دەست ئیسرائیل. قودسی کۆنیش درا بەئەردەن.(١) (وەرگێڕ).

*(١) وە لەدوای شەڕی نێوان ئیسرائیل و عەرەب لە ٥/حوزەیرانی/١٩٦٧ەوە کە ناوزەد کراوە بەشەڕی شەش ڕۆژە، ئیسرائیل توانی ئەو بەشەیشی کە بەدەست ئەردەنەوە بوو داگیری بکات و بەڕەسمی کردوویەتیە پایتەختی دەوڵەتەکەیان... دیارە ئەم کارە داگیرکردن و زۆرەملێیە.*

بەرەنگاریکردنی زۆردارەکـان... دیسـانەوە (فلسطین) ببـێـتـەوە بەکـۆڕی سـەرکـەوتنی ئیسلامەکان... هەروەها میسریش وەک لەوەپێش کردوویە، بەشی گەورەی ئەم سەرکەوتنانە بخاتە سەرشانی خۆی!...

***

چەلیپاییەکان لە (فلسطین)دا هیچ شارێکی گرنگیان بۆ نەمابووەوە، (صور) و چەند کەلاتێک نەبێ. پاش ئەمەی سەلاحەدین مانگێک مایەوە لە (قدس)دا، کاروباری ڕێک ئەخست، لەگەڵ لەشکرەکەیدا ڕووی کردە (صور)، کە لەوێدا گاورەکان زۆر کۆبووبوونەوە و هێزێکی گەورەیشیان پێکهێنا بوو. تەنانەت لە شاری (صور)، هەر خۆیەوە بوو کە ئەو لەشکرە گەورەیە دەرچوو بۆ چوار لا گرتنە بەناوبانگەکەی (عکا).

سەلاحەدین، شارەکەی وا هاتە پێش چاو، کە بەرەنج و تێکۆشانی (مارکیز کۆنراد)ەوە بەجگار قـایم کـرا بـوو. شـارەکـە بەرەنگارییـەکی زۆر بەهێـزی سـەلاحـەدینی کـرد. موسوڵمانەکان سەرگەردانییەکی زۆریان بەسەر هات، لەسەر دەستی ئەو سوارچاکەدا کە کراسێکی سەوزی لەبەر کردبوو، بەباڵی چەپیشیەوە قەڵغانێکی سەوزی هەڵگرتبوو. ئەوبوو کە گاورە تەنگ پێ هەڵچنراوەکانی ڕاپێچ ئەکرد بۆ سەر موسوڵمانەکان و بەتەووژم هوروژمی ئەهێنایە سەریان، تا پاشە و پاش ئەیگێڕانە دواوە. سەلاحەدین ئەو سوارە بەرگ سەوزەی زۆر بەدڵدا چوو. چونکە ئەو سوارچاکی ئازای خۆش ئەویست، موسوڵمان بووایە و گاور بووایە، بەلایەوە جیاوازی نەبوو.

زستـان هات و لەگـەڵ خۆیدا بـاران و قوڕ و چڵـپـاویشی هێنا. هەندێ لە سەرکردەکـان وەڕس بووبوون. پێشنیـازیان کرد، کە لەو چوار لا گرتنە واز بهێنرێ و شەڕەکە دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر، لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەلاحەدین پێشنیازەکەیانی پێ باش نەبوو، ئەیویست بمێنێتـەوە تا سەرئەکەون بەسەر گاورەکاندا، بەڵام قسەی ئەوانی نەشکاند. لە (صور) گەڕایەوە. ئەگەر بهاتایە، بەقسەی ئەوانی نەکردایە و زاڵ ببوایە بەسەر وەڕسبوونی سەرکردەکانیا و ماندووبوونی سەربازەکانیا، تا شارەکەی ئەگرت، لەوە پاش تووشی چوار لا گرتنی شاری (عکا) نەئەهات کە دوو ساڵی دوورودرێژی خایاند.

***

سەلاحەدین، لە زستاندا لە (عکا) مایەوە. (بەهائەدین قەرەقوش)ی بانگ کردە ئەوێ، شارەکە وا بەهێز بکات کە بەرگەی شەڕ بگرێ. لە بەهاردا، لەو کەنارە جوێ بووەوە و



ڕووی کـردە لای ژووروو. لە ١٤/٥/١١٨٨دا هاتە (شـام). لەگـەڵ لەشکرە زۆرەکـانی ئەوێدا کۆبووەوە و ناردنی بۆ خاکی گاورەکان لە سوریەدا بۆ: (طرابلس) و (انطاکیة).

(کـونراد) زوو بەزوو گـەیشت بەفـریای (طرابلس)دا. سـوارچاکی بەرگ سـەوزیشی لەگەڵدا بوو. سەرلەنوێ سەلاحەدین، دڵی چووەوە بەئازایەتییە بێ هاوتاکەیدا، بانگی کردە ناو خێوەتەکەی خۆیەوە، ئەویش هات. سەلاحەدین میوانداریبیەکی زۆر جوانی کرد، گەلێک ئەسپ و گەوهەری بەدیاری پێشکەش کرد، ئەوەیشی پێ گوت کە ئەگەر بێتو بێت لەگـەڵیـا بمێنێـتـەوە و شـەڕی بۆ بکات چە زەوی و سـاختـمـانێکی ئەوێ ئەیداتێ. بەڵام سـواری جل سـەوز، نەیویست هیچ بکات. گـوتی من بۆ ئەوە نەهاتووم کـە لەگـەڵ ئیـسـلامـەکـاندا بژیم، بۆ ئەوە هاتووم کـە شـەڕیان لەگـەڵ بکەم و بیـانشکێنم. هەتا لە تواناییشمدا ئەبێ ئەوە ئەکەم!

هەردوو سوارچاک لە یەک جیـابوونەوە. هەریەکەیشیـان بۆ ئەویتریـان ئەوپەڕی ڕێزی لە دڵدا بوو...

## ئاگری عەرەبی

لە ڕۆژی هەینیدا، کە سەلاحەدین حەزی لێ ئەکات و حەزیش ئەکات شەڕی تیا بکات لە پێناو خـوادا، دەسـتی کـرد بەپەلامـاردانی لای ژووروو. پەیتـا پەیتـا ئەهاتە سـەر کـەلاتەکـان و ئەیگرتن تـەنانەت لە مـاوەی شـەش ڕۆژی هەینی یەک لەدوای یەکدا شـەش کەلاتی گرت. ئەمەیش ئەوەی نوواند کە پاڕانەوەکانی خواناسەکان لە ڕۆژانی هەینیدا خوا گیرای ئەکات. کە کەلاتی (برزیە)ی گرت، خاوەنەکەی و خێزانەکەی خستنە بەندیخانەوە. پاشـان بەرەڵلایکردن و ناردنی بۆ لای خزمێکیـان کـە سـەرداری (أنطاکـیـة) بوو لەگەڵ دەسوپێوەندیاندا. لەناویاندا بووکێک هەبوو، مێردەکەی لێ جیا بووبووەوە، چونکە گیـرا بوو لە شەڕدا. سەلاحەدین دڵی زۆر پێ سووتا. فەرمانی دا مێردەکەیان هێنا و ناردیەوە کن بووکەکەی!

لەپاش گرتنی چەند کەلاتێکی تر، سەلاحەدین چووە (حلب) و لەوێشەوە چووە (شام) لەدوایی مانگی (شعبان)دا. دانیشتوانی شارەکە هەموو چوون بەپیریەوە، بەدڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە. چەند ڕۆژێکی کەم لەناو خێزان و منداڵەکانیا، لەوێدا مایەوە. پاشان هەمـوویانی بەجێ هێشت، لە سەرەتای مـانگی (رمـضـان)دا. لە پێناو خـوادا وازی لە خێزان و منداڵی خۆی هێنا لە مانگی ڕۆژوودا باکی نەبوو.

هات بۆ شاری (صفد) و گوتی: (نانووین هەتا هەر پێنج بەردهاوێژەکان دائەمەزرێنرێن). بەدرێژایی شەو نەنوست، هەر سەرپەرشتیی ئەو فرمانەی ئەکرد لەناو باران و قوڕ و چلّپاودا. کە ڕۆژ گزنگی دا و هەر پێنج بەردهاوێژەکان دامەزرێنران، رازنووسەکەی خۆی (بەهائەدین) ئەوەی دا بەگوێیدا کە پێغەمبەری خوا فەرمووبووی: (دوو چاو، ئاگریان لێ نادات: چاوێک کە لە پێناوی خوادا نەنوێت، چاوێکیش کە بگری لە ترسی خوا).

سەلاحەدینیش هەردوو چاوەکەی پێوە بوو. ئەو شەوە لە پێناوی خوادا نەنوست تا بەیان، کە گوێیشی لە قسەکەی پێغەمبەر بوو، لە ترسی خوا چاوی پڕ بوو لە فرمێسک لە ناوەڕاستی مانگی ڕۆژوودا، (العادل) لەگەڵ لەشکرە میسرییەکەی خۆیدا هات و کەلاتی (الکرک)ی داگیر کرد کە چەند ساڵێک بوو لەوەپێش بۆ کەس دانەئەمرکا و چەند جارێکیش بۆ بەرەنگاری تەنگ پێ هەڵچنینی ئەکرد. بەڵام ئەمجارە تەنگ پێ هەڵچنینەکەی یەجگار توندوتیژ بوو، زۆر درێژەیشی پێ درا بوو. لەبەر ئەوە پیاوە سەربازەکانی ناچاربوون ژن و منداڵەکانیان بکەنە دەرەوە. گوزەرانیان یەجگار پێ تاڵ کرابوو، تەنانەت ناچاربوون گۆشتی بارگیریان ئەخوارد. دوایی ناچاربوون خۆیان دا بەدەستەوە.

پاشان سەلاحەدین، بەکەینەوبەینەی ئەو ژن و منداڵانەی زانی، گەڕا بەشوێنیاندا، دۆزینیەوە، پاشان ناردنیەوە کن خێزانەکانی خۆیان.

لە کاتی ئەم داگیرکردنانەدا، سەلاحەدین خونکار (جوی) بەرەڵلا کرد. پەیمانیشی لێ سەند کە لە شام نەمێنێ و بڕواتەوە بۆ ئەوروپا، جارێکی تریش شیر لە ڕوویدا هەڵنەکێشێتەوە... لە بەرامبەر ئەم چاوپۆشینە گەورەیەیش، کە دوور نییە گلەیی لە سەلاحەدین بکرێ، لەسەری؛ وەرامەکەی خونکار (جوی) ئەمە بوو، خۆی گەیاندە شاری (صور)، لەوێدا لەگەڵ (کونراد)دا تێکچوو، ئەوێی بەجێ هێشت و چوو بۆ (طرابلس) و لەشکرێکی کۆکردەوە و چوو بۆ تەنگەتاوکردنی (عکا). بۆ ئەمەی لە دەست سەلاحەدین ڕزگاری بکات، کە کەمێک لەوەپێش سەلاحەدین ئەوی ڕزگار کردبوو لە بەندیخانە.

(کۆنراد) ترسا، (جوی) بەتەنیا ئەو سەربەرزییەی دەست کەوێ لە چوار لا گرتنی (عکا)دا. بەخۆی و لەشکرەکەیەوە چووە لای، هەردوو هێزەکە بوون بەیەک.

چوار لا گرتنی (عکا) لە ١١٨٩/٨/٢٨دا دەستی پێ کرد. لەپاش دوو ڕۆژ، سەلاحەدینیش خۆی گەیاندە (عکا) چوارلای، چوارلاگرەکانی گرت.



هەردوو لا پەلەیان نەکرد. جار جارێک یارمەتییش بۆ هەردوو لایان ئەهات. هەندێ زەبروزەنگیشیان بەیەکتر گەیاند. بەڵام کە ٥/ ١٠/١١٨٩ هات، چەلیپاییەکان هورووژمیان بردە سەر لەشکری سەلاحەدین. هەندێکیشیان توانی پێشکەوێ و بگاتە هەوارگای سەلاحەدین. سەلاحەدین فەرمانی دا، بانگدەر، بانگی دا گوتی: (دەستی شکاوم بۆ ئیسلام). ئنجا بەهەموو هێزێکیەوە هورووژمێکی دڵسۆزانەی بردنە سەر، بڵاوەی بەگاورەکان کرد و ماوەی لەشکرەکەیشیان بەرەو دوا شکان. ژمارەیەکی زۆری لە خۆیان و لە سەردارەکانیان کوشت.

زستان هاتەوە، باران بارییەوە، قوڕ و چلّپاو زۆربووەوە. جارێکی تریش، گەلێک لە سەرکردەکانی سەلاحەدین، ماندووبوونەوە. بەرپەچی ڕاوێژەکەیشیان دایەوە. ڕاوێژی سەلاحەدین ئەوە بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە نەخۆش بوو، هەر لەسەر هورووژمبردنی خۆیان بڕۆن، تا ماوەی دوژمنەکانیان تەفروتونا ئەکەن. سەلاحەدین بەو سەرکەوتنەی دەستیان کەوتبوو، چوو بووە دڵیەوە کە لە ئەنجامی دواییشدا هەر سەرئەکەوێ زۆر لە سەرکردەکانیشی ڕاوێژیان وا بوو کە بکشێنەوە بۆ گردە نزیکەکانی تەنشتیان، لەو یانەدا بحەسێنەوە، پاشان بێنەوە بۆ شەڕ. هەروەک لەوەپێش بەقسەی سەرکردەکانی خۆی کرد، ئەمجارەیش بەقسەی کردنەوە. ئەگەر بێتو بەقسەی ئەوانی نەکردایە، لە ڕۆژی دواییدا سەرکەوتنەکەی خۆی تەواو ئەکرد.

سەلاحەدین لەشکرەکەی خۆی کێشایەوە گردەکان. ئەوان لەو هەلە کەڵکیان وەرگرت، دڵنیابوون هیچیان لێ ناکەن، دەستیان کردەوە بەخۆ قایمکردن و ئامادەبوون بۆ شەڕ.

یەکێ لەو شتانەی کە فەرەنگەکان ئامادەیان کردبوو لە زستاندا، سێ باڵەخانە (برج)ی بڵند بوو وەک شاخ وەستابوون، لە ئاسن و دار دروست کرابوون. پۆشیبوویانن بەپێستێکی وا کە جۆرە ڕۆنێکیان لێ درا بوو، ئاگر کاری لێ نەئەکردن بیانسوتێنێ، ئیسلامەکان تا تەواوبوونی ئەو باڵەخانانە نزیکتر ئەبووەوە، زۆرتر زەندەقیان ئەچوو. چونکە وایان ئەهێنایە پێش چاوی خۆیان کە ئەو باڵەخانانە ئاگری یۆنانی و پەڵەبەردی دۆزەخییان بۆ ئەهاوێژن، پەرێشانیان ئەکەن. سەلاحەدینیش خاوەن پیشەکان و شارەزاکانی نەوتی کۆکردەوە و هانی دان بۆ ئەوەی بتوانن ئەو باڵەخانانە بسووتێنن. هەرچەندە بەڵێنیشی دانێ کە پاداشی گەورە گەورەیان بداتەوە، پێیان نەکرا شتێکی وا بدۆزنەوە کە بیانسوتێنێ. سەریان لێی دەرنەچوو.

بەڵام لاوێکی شاری (دمشق)، کە لە مزگەریدا دەستی هەبوو، هاتە پێشەوە، گوتی:

من ئەتوانم بیبانسوتێنم. دانیشـتوان تیزیان پێ کرد. پێیـان گوت: تۆ لاوێکی بچووکی نەشارەزایت، چۆن ئەتوانیت دەرەقەتی فڕوفێڵی ئەو پیرە جیهاندیدە شارەزایانە بێیت؟

بەڵام سەلاحەدین بڕوای بەهێز و توانای لاو هەبوو، ڕێگای دایە، هەرچییەکی پێ ئەکرێ بیکات. لاوە (دمشقییە عەرەبەکە)، ئەو جۆرە ئاگری یۆنانییەی کە دۆزیبوویەوە، ئامادەی کرد. بەواتایەکی تر ئاگری عەرەبیی ئامادە کرد. هەندێکی گرتە یەکێک لەو باڵەخانانە، گڕی گرت و بوو بەشاخێکی ئاگرین، دوکەڵی ئەگەیشتە ئاسمان. چەلیپاییەکان زەندەقیان چوو. بەڵام موسوڵمانەکان لە خۆشیانا دەستیان کرد بەناوی خوابردن بەدەنگی بڵند. پاشان ئاگریان گرتە باڵەخانەکەی دووەم. ئەویش وەک باڵەخانەی یەکەم گڕی تێبەر بوو سوتا بوو بەخۆڵەمێش. قاووقیژ لەناو هەردوو لەشکردا پەرەی سەند. پاشان سێیەم باڵەخانەیش گڕی تێبەر درا. ئەویش سوتا. موسوڵمانەکان لە خۆشیانا گەشکەداربوون. تەنانەت پیرەکانیان لەپێش لاوەکانیاندا لە خۆشیا هەڵ ئەپەڕین.

سەلاحەدین، بلیمەتیی ئەو کوڕەی چوو بەدڵدا. سەری لێی سوڕ ما. بەڵام زۆرتر چوو بەدڵیا، زۆرتر سەری لێی سوڕ ما، کە پاداشێکی گەورەی لە سامان دایێ و لێی وەرنەگرت. کوڕە خواناسەکە بەسەلاحەدینی گوت: پاداش وەرناگرم بۆ فرمانێک کە لە ڕێی خوادا کردوومە!.

## عکای جێ سەخت

موسوڵمانەکان بەوە زۆرتر دڵخۆشبوون کە گەلەکەشتییەکانی میسر لەژێر سەرکردەیی (لوء لوء)دا توانیبوویان سەرکەون بەسەر چەلیپاییەکاندا و بگەنە ئەسکەلەی (عکا)وە و دانیشتوانی شارەکە یارمەتی بدەن لە خواردەمەنی و بابەتی شەڕدا.

لە ناوەڕاستی ئەم خۆشییەدا، سەلاحەدین، دەنگێکی ناخۆشی پێ ڕاگەیێنرا. ئەویش ئەوە بوو کە لەشکرەکانی بێ شوماری ئەڵمانەکان لەژێر سەرکردەیی شاهەنشاهەکەیاندا، (فـریدریک بەربارۆس) نزیک بوونەتەوە. هەندێک لە لەشکرەکەی خۆی نارد بۆ لای ژوورو، کە لە کەلێنەکانی ئەوێدا خۆیان مەڵاس بدەن بۆ ئەو ئەڵمانانە کە دێنە خاکی ئیسلامەوە.

فەرەنگەکانی عکا ئەمەیان بەهەل زانی. کە دییان لە هێزی ئیسلامەکان هەندێکی نێررا بۆ سنووری ژوورو، هورووژمیان بردە سەر ئیسلامەکان لەو شوێنەدا کە لەشکرەکەی لێ تەنک بووبوو. ئەو لایەیش دەستی ڕاست بوو. بەڵام خونکار (العادل)ی لەسەر بوو. شەڕ



و کوشتارێکی زۆر سەخت کرا لە ناوەند هەردوو لایاندا، بەوە دوایی هات کە ئیسلامەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان دەست کەوت. چەند هەزارێک لە فەرەنگەکانیان کوشت. لەناو کوژراوەکانی فەرەنگەکاندا، چەند ئافرەتێکیان دیی، بەتەنشت سوارچاکەکانەوە چەکیان هەڵگرتبوو و شەڕیان کردبوو!

موسوڵمانەکان بەو سەرکەوتنە یەجگار دڵخۆشبوون. بەڵام لەوەیش زۆرتر دڵیان خۆش بوو، کە بیستیانەوە هەڵمەتەکەی شاهەنشاه (فریدریک) هەڵوەشاوەتەوە. بەهۆی ئەوەوە کە لەشکرەکەی تووشی نەخۆشی و ماندوویێتی و برسێتی بوون. تووشی کوشتاری خاکی ڕۆمی ئیسلامی بوون کە (قلیج أرسلان) سەرکردەی بووە. (فریدریک) خۆیشی لەناو ئاوی ڕووبارێکی بچووکدا مردووە.

بەڵام، کارەسات بەجۆرێکی تری لێ هات، کە بیستیانەوە پێش لەشکری هەڵمەتی سێیەمی چەلیپاییەکان سەری دەرخستووە. ئەوانە ژمارەیان گەیشتبووە دە هەزار سەرباز. جگە لە سوارچاک و سەرۆکەکان. لەژێر سەرکردەیی (کۆنت هەنری دی شامپانیا)دا هاتبوون کە کوڕی خوشکی (ریچارد) بوو خونکاری ئینگلیز. (هەنری) سەرکردەیی جەنگی (عکا)ی درا بووە دەست.

شەڕوشۆڕ لە برەودا بوو. جارێک ئەملا سەرئەکەوت، جارێک ئەولا. گاورەکان بێ باکی و بەرگەگرتن و شارەزایی خۆیان تیا نوواند، بەتایبەتی لە ڕووخاندنی شورەکانی (عکا)دا کە هەموو ڕەنگە ڕووخێنەرێکیان تیا بەکار ئەهێنا. هەروەها ئازایەتیی شارەکەیش بەو هەموو هورووژمانە کەم نەبووەوە. پیاوەکانیان بەپەل هاویشتنی ڕووخێنەر و ئاگری یۆنانیی سوتێنەر وەرامی فەرەنگەکانیان ئەدایەوە. تەنانەت جار لەسەر جاریش هورووژمیان ئەبردە دەرەوە بۆ سەر فەرەنگەکان، تا زیانێکی زۆریان لێ نەدانایە و لێیان نەکوشتنایە و لێیان نەگرتنایە، نەئەگەڕانەوە ناو شار.

بەڵام شەڕ وای لێ هات، کە موسوڵمانەکانی ناو شاری (عکا) و موسوڵمانەکانی پشت فەرەنگەکان بەگران بەیەک ئەگەیشتن... کۆتری پەڕ لە پێیان بەکار ئەهێنا لە نامەکاریدا...(١)

بەسەرهاتێکی سەیر ڕوویدا لە ناردنی خواردەمەنی و کەلوپەلدا بۆ دانیشتوانی (عکا). کۆمەڵێک لە موسوڵمانەکان لە (بێروت)ەوە سواری کەشتییەک بوون. خۆیان خستە

(١) لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کۆترانە پێیان دەوترێ کۆتری نامەبەر.

جلوبەرگی فەرەنگەکانەوە. بەو جۆرە توانییان بەناو کەشتی فەرەنگەکاندا، خۆیان بدزنەوە و بگەنە ئەسکەلەی (عکا).

کابرایەکی موسوڵمان، ناوی (عیسا) بوو، خۆی ئەکرد بەناو ئاوەکەدا، لەژێرەوە ئەڕۆیشت، خۆی دەرنەئەخست تا ئەگەیشتە ئەودیو کەشتییەکانی دوژمنەوە. توورەکەیەکیشی بەناوقەدییەوە ئەبەست، کەلوپەل و نامە، هەرچییەک پێویست بوایە لەناویا هەڵی ئەگرت و ئەیبرد لەگەڵ خۆی.

شەوێکیان هەندێ نامە بۆ سەربازەکان و سێ توورەکەیشی بەستبوو بەخۆیەوە، هەزار دیناریان تیا بوو، سەلاحەدین پیا نارد بوو کە شەڕکەرەکان بیدەن بەشت بۆ خۆیان. (عیسا)یش خۆی کرد بەئاودا بۆ ئەمەی بچێ بۆ شارەکە. خوویشی وا گرتبوو، هەرچەند بچوایەتە ناو شارەکەوە، کۆترێکی پەڕ لە پێی بەرەڵڵا ئەکرد. موسوڵمانەکان چاوەڕوانی کۆترەکەبوون نەگەیشت. چووە دڵیانەوە کە (عیسا) لەناو چووە. پاش چەند ڕۆژێک، چەند کەسێکی موسوڵمان لە دانیشتوانی (عکا) چووبوونە سەر گوێ ئاوەکە، تەماشایان کردبوو دەلیاکە، خنکاوێکی فڕێ داوەتە گوێ ئاوەکە. کە سەرنجیان دا (عیسا) دەرچوو، ئەو پارەیەی سەلاحەدین پیا نارد بوو لە کەمەریا بوو.

بەم ڕەنگە (عیسا) بەمردووییش وەک زیندوو بێ فرمانی سەرڕاستی خۆی بەجێهێنا بوو! تەنگ پێ هەڵچنین نەبڕایەوە. سەلاحەدینیش نەخۆش کەوت. لەگەڵ ئەوەشا، لە شەڕەکەدا، خۆی گرت، نەخۆشی و ماندووێتی پێشان نەئەدا. کۆڵی نەدا، بەرەنگاری نەخۆشییەکەی خۆی ئەکرد، بەخۆی سەربازەکانی تیپ تیپ ئەکرد، بەڕاست و بەچەپ و بەناوەڕاستدا ڕیزی ئەکردن و دائەمەزراندن. نە گوێی ئەدایە ئامۆژگاریی کەس، نە گوێیشی ئەدایە ڕاوێژی پەزیشکەکان. هەوایەکی باڵی خۆی نەئەدا.

نەخۆشییەکی زۆر خراپی تووش هات، جگە لەوە، لەشی بڵقی دابوو، هەر لە ناوکیەوە هەتا ئەگاتە ئەژنۆکانی تووشی ئەو بڵقانە بووبوو. وای لێ هاتبوو نەیئەتوانی دابنیشێ. کە خۆی ئەگەیاندە ناو خێوەتەکەی خۆی بەتەنشتا نەبێ نەیئەتوانی پاڵ بکەوێ، لەوەیشدا ئازارێکی زۆری پێ ئەگەیشت. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، لە بەیانییەکی زووەوە تا بانگی شێوان سواری ئەسپ ئەبوو، ئەگەڕا بەناو سەربازەکاندا، ئەوانەی بەسەرسوڕمانێکیشەوە سەیریان ئەکرد، وای پێ ئەگوتن: (کە سواری ئەسپ بووم، ئازارەکەم ئەڕوات، تا دائەبەزم!)

***



تەنگ پێ هەڵچنینی (عکا) زستانێکی تریشی بەسەردا هات سەلاحەدین زۆرتری لەشکرەکەی ڕەوانە کردەوە بۆ جێیی خۆیان تا مانگەکانی باران و قوڕ و چلپاو ئەبڕێنەوە، شەڕ لەناو هەردوو لادا وەستا. تەنیا وردە شەڕێکی کەم نەبێ، هیچ شەڕێکی گەورە نەکرا.

لە یەکێ لەم وردە شەڕانەدا، هەندێ فەرەنگ گیران و هێنرانە بەردەم سەلاحەدین. لەناویاندا، کابرایەکی پیر بینرا، ددانی لە دەما نەما بوو، لەشیشی تەواو کز بووبوو.

بەزمانوەرگێڕەکەی[1] گوت: (لێی بپرسە، تۆ بەم پیرییەوە چی لەو دوورییەوە هێناتی بۆ ئێرە؟ ئاخۆ ماوەی ئێرە و نیشتمانەکەی خۆت چەند بێ؟. گوتی: ماوەی ئێرە و خاکەکەی خۆم چەند مانگ ڕێگایە. هاتنە ئێرەیشم لەبەر ئەوەیە کە سەر لە کلێسای (القیامة) بدەم. سەلاحەدین بەزەیی پیا هاتەوە، بەرەڵڵای کرد و بەسواری ماینێکەوە ڕەوانەی کردەوە بۆ بارەگای دوژمن!

بەڵام بارەگای دوژمن، ئەم زستانەیان یەجگار ناخۆش ڕابوارد. لە شپرزەییەکی تەواودا بوون بەدەست هەناسەساردیی و برسێتییەوە. ئەسپەکانی خۆیان ئەکوشت بیخۆن، هەروەها بەر بووبوونە خواردنی گۆشتی لاکی ئەو گیانلەبەرانەی کە لەبەر لەڕ و لاوازیی و نەخۆشی مردبوون... هەروەک ئاژەڵیان لێ هاتبوو، خواردنیان هاتبووە سەر گیا و پووشوپەڵاش... ئەو ئێسکانەیان ئەکرۆشت کە لەبەر سەگ مابوونەوە!... تەنانەت پیاوە دەوڵەمەند و دەستدارەکانیشیان، دەستیان دابووە دزێتی و ناپاکی و چاو و ڕاوکردن. کۆمەڵێکیان بەو پارەیەی کە پێیان مابوو (١٣) سیانزە دەنک پاقلەیان کڕیبوو. کە سەیریان کردبوو دەنکێک لەو پاقلانە خراپ بووە، ماوەیەکی درێژ ڕێگایان بڕی بوو تا گەیشتبوونە فرۆشیارە چاوچنۆکەکە بۆ ئەمەی ئەو دەنکەی پێ بگۆڕنەوە بەدەنکێکی باش! بەدرێژایی زستان، فەرەنگەکان بەمجۆرە ئەژیان! تەنانەت چەند کەسێکیان لەتاو ئەو سەرگەردانییە، خۆیان دزییەوە بۆ ناو موسوڵمانەکان، بوون بەموسوڵمان! ئەگەر لەم دواییەدا، کەشتییەک گەنمیان پیا نەگەیشتایە، لە برسا ئەمردن!

بەڵام زستانەکە ڕۆیشت، ئەو خەم و خەفەتەیش کە تیابوون بەسەر چوو. چونکە هەڵمەتی (ریچاردی شیردل) گزنگی دا.

لەپێشا خونکاری فەرەنسە هات، لە جەژنی بەهاردا گەیشت، لە مانگی گوڵانی

(١) زمانوەرگێڕ: وەرگێڕ (مترجم).

(نیسان) ١١٩١دا. فەرەنگەکان بەگۆرانی ئاییینییەوە پێشوازییان کرد. وەک فریشتەیەک بوو بێ لە ئاسمانەوە بۆیان هاتبێتە خوارەوە بۆ ڕزگارکردنیان وا بوو.

## ریچارد لە کۆڕی جەنگا

تەنگ پێ هەڵچنینەکە، تینی سەند. هەروەها بەرەنگاری بوونەکەیش تینی سەند. لای فەرەنگەکان سەرکەوتووتر بوون.

سەرگەردانی شارەکەیش زۆرتری لێ هات. بەڵام دانیشتوانی شاری (عکا)، خۆیان ڕاگرت لە بەردەم ئەو هەموو سەرگەردانییەدا، بەجوانی بەرەنگارییان ئەکرد. سەربازەکانی سەلاحەدینیش ئەوەندەی پێیان ئەکرا، هوروژمیان ئەبردە سەر فەرەنگەکان بۆ ئەمەی تەگەرە بدەن لە پێشکەوتنیان بۆ گرتنی شارەکە. لە یەکێ لەو هوروژمانەدا، کابرایەکی موسوڵمان منداڵێکی ساوای دزی بوو تەمەنی سێ مانگان بوو. کە دایکەکەی پێی زانی، وەک شێتی لێ هات، بەهەڵەداوان ڕووی کردە بارەگای موسوڵمانەکان، ئەگریا و ئەپاڕایەوە و ئەیقیژاند بۆ منداڵەکەی. ڕێگای بۆ کرایەوە، دەمودەست ڕووی کردە سەلاحەدین و هاواری بۆ برد. ئەویش بەسواری ماییینەکەیەوە بوو. ژنەکە دەستی کرد بەگریانێکی تەواو. سەلاحەدین پرسی چیی بەسەر هاتووە، وا، وا ئەکات. بەسەرهاتەکەیان تێگەیاند. سەلاحەدین بەزەیییەکی وای پیا هاتەوە کە هەردوو چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. فەرمانی دا، منداڵەکەیان دۆزییەوە، لە بازاڕدا فرۆشرا بوو. منداڵەکەی لێ وەرگرتنەوە و نرخەکەی درایەوە بەکڕیارەکە. لە شوێنی خۆیدا وەستا و نەڕۆیشت، تا منداڵەکەیان هێنا و دایەوە بەدەست دایکی. دایکەکەیش منداڵەکەی خۆی وەرگرتەوە و نووساندی بەسنگییەوە و لە خۆشیانا دەستی کرد بەگریان. پاشان مەمکی دایە. پاش ئەوە بەفەرمانی سەلاحەدین، ژنەکە سواری ماییینێک کرا و لەگەڵ منداڵەکەیدا نێررایەوە بارەگای فەرەنگەکان.

ئەمە هەمووی ڕووی ئەدا و، کەچی شەڕیش هەر لە گەڕدا بوو. موسوڵمانەکان ناو شاری (عکا)یش، بەهۆی ئەو تەنگ پێ هەڵچنینە دوورودرێژەوە کە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، لەوپەڕی ئەرک و ئازار و سەرگەردانیدابوون. بەڵام کە (ریچارد)ی خونکاری ئینگلیز گەیشتە (عکا) لە ٨ی مانگی خەرمانان (حزیران)دا، ئەنجامی شەڕ نزیک بووەوە. (ریچارد) هەر گەیشتە ئەوێ و کۆبوونەوەیەکی تایبەتی خواست لەگەڵ سەلاحەدیندا، کە زۆر شتی بیستبوو لە بابەت ئازایەتی و گەورەیییەوە. بەڵام سەلاحەدین ڕێی نەدا بەو کۆبوونەوەیە، گوتی: (خونکاران، لەسەر دەستوورێک نەبێ، نابێ کۆبننەوە. جوانیش نییە



کە لە کاتی جەنگدا، کۆبوونەوەی دۆستانە بکەن، هەتا ئەو دەستووورە بڕیار نەدەن).

پیاوەکانی (ریچارد) دووبارە هاتنەوە. ئەمجارە کۆبوونەوەیەک دیاردیی کرا لە ناوەند ئەو و (العادل)دا لەناو ئەو کۆڕەدا کە کەوتبووە ناوەند هەردوو لەشکرەکەوە. بەڵام کۆبوونەوەکە، دواخرا. چونکە (ریچارد) نەخۆش کەوت. لەگەڵ ئەو نەخۆشییەیشدا کە تووشی (ریچارد) هات، گفتوگۆ نەوەستا لە ناوەند (العادل) و ڕاسپێرراوانی (ریچارد)دا. ئەوانە لە (ریچارد)ەوە (باز)یان بەدیاری ئەهێنا بۆ سەلاحەدین. سەلاحەدینیش لەسەر خواستی خۆی مریشکی بۆ ئەنارد.

لە ٤ی مانگی میوەخۆش (تموز)دا، پیاوەکانی (ریچارد) هاتن، داوای میوە و بەفریان ئەکرد. لە ڕۆژی دواییدا، سێ ڕاسپێرراو هاتن دەستیان کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵ (العادل)دا. تا ڕۆژی دوایییش گفتوگۆکردن هەر مایەوە. بەڵام مەرجی گاورەکان گران بوو، ڕێک کەوتن پێک نەهات.

بەڵام لەو کاتەدا کە گفتوگۆ ئەکرا لە ناوەند هەردوو لادا، ئاشی شەڕ لە گەڕدا بوو، دانیشتوانی شاری (عکا) تەواو تەنگیان پێ هەڵچنرا بوو. بەرەو هەناسەساردی و ڕەنجەڕۆیی ئەچوون....

## میسر تۆڵەی خۆی ئەکاتەوە

دوایی (عکا) خۆی دا بەدەستەوە. پیاوەکانی هاتنە سەر ئەوەی کە شارەکە بدرێتە دەست فەرەنگەکان بەهەموو کەلوپەل و چەکێکەوە، بێجگە لەوە ئیسلامەکان دوو سەد هەزار دینار بدەن بەفەرەنگەکان، هەر بەندییەکی فەرەنگیشیان لە لا ماوە بەرەڵلایان بکەن. بەرامبەر بەوە هەر کەسێک لە شاری (عکا) دایە، ئەتوانێ بێ وەی بچێتە دەرەوە. هێزەکەی (عکا)، بێ ئەمەی ڕاوێژ بەسەلاحەدین بکات ئەم ڕێک کەوتنەی پێکهێنا بوو. کە سەلاحەدین بەمەی زانی، دەمودەست دەستی کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ هوروژمێکی مەردانە، تا شاری (عکا) ڕزگار بکات... کەچی کە تەماشای کرد، ئەوا ئاڵاکانی فەرەنگەکان بەسەر شوورەکانی شارەکەوە ئەشەکێنەوە... سەلاحەدین وەک دایکێک کە کوڕەکەی لە دەس چوو بێت دڵی بەربووەوە و خوێنی لێ ئەتکا...

سەلاحەدین، پارەی کۆکردەوە بیدات بەفەرەنگەکان لێی خواستن کە بارمتەیەکی باشی بدەنێ، بۆ ئەمەی کە مەرجەکانی ئەوانی بەجێ هێنا، بەندییەکانی (عکا) بەربدەن.

بەڵام ئەوان گوتیان: (ئەوی لەسەرتە بماندەرێ. ئێمەیش بەڵێنت ئەدەینێ کە لەپاش ئەوە

پیاوەکانت بۆ بەریدەین). بەڵام سەلاحەدین شارەزای فڕوفێڵ و چاووڕاوی ئەوان بوو، گوتی من پارەتان نادەمێ تا بارمتە نەدەن... ئیتر فەرەنگەکان وەک دڕندە کەوتنە ناو دانیشتوانی شارەوە، هەرچی خراپەیە لێیانکردن. (ریچاردی شێردڵ) هەڵەیەکی وای کرد کە هەتا جیهان ئەمێنێ، لاپەڕەی مێژووی ژیانی بەڕەشی ئەهێڵێتەوە. دوو هەزار و حەوت سەد کەسی لە موسوڵمانەکان کوشت، هەر لەو کۆڕەدا کە ئەیویست لەگەڵ خونکار (العادل)دا گفتوگۆی ئاشتی بکات!

بەڵام سەلاحەدین، هەر لەسەر نەژادیی و جوامێریی خۆی مایەوە، خۆی تێک نەدا... ئەو بەندییە گاورەکانی لای خۆی نەکوشت، بێ وەی ڕەوانەی کردن بۆ (دمشق)! چەلیپاکانی گاورەکان لە شاری (عکا)دا بەرز کرانەوە، دەنگی زەنگی کڵێساکانیان بەئاسماندا بڵاو بووەوە. هەروەها قاووقیژ و دەنگە دەنگی سەربازە سەرکەوتووەکانیش بەرز بووەوە. لەناو ئاڵۆشوخرۆشی داوێن پیسیدا نوقومبوون. لە دوورگەکانی دراوسێیانەوە، بەگەلە ئافرەت هاتن، لەشی خۆیان ئەفرۆشت، پیاوەکان خۆیان فڕێ دایە گێژاوی مێبازیی و ئابڕووچوونەوە!...

دەنگی ئیسلامەتی لە شاری (عکا)دا نزم بووەوە. ئەو نزم بوونەوەیە سەد ساڵی تەواوی خایاند. تا خوا ئاسانی کرد بۆ میسر، سەرلەنوێ دەستی گەورەی خۆی بوەشێنێتەوە. چەلیپاییەکان لە (المنصورة)دا بشکێنێ و تاتارە ڕووخێنەرەکانیش لەناو ببات. خونکارێکی تریشی بۆ بڕەخسێنێ، دیسانەوە ناوی سەلاحەدین بێ. ئەم خونکارە پێیان ئەگوت: (الأشرف سەلاحەدین خلیل). لەپاش سەد ساڵی خشت کە (عکا) لەژێر دەستی فەرەنگەکاندا مایەوە، ئەو هات و ڕزگاری کرد لە دەستیان. بەوەیش وازی نەهێنا، هەرچی شارێک بەدەست فەرەنگەکانەوە مابووەوە لە کەناری دەلیادا، هەمووی داگیرکردنەوە، تا وای لێکردن یەک چەلیپایی نەهێشت لە خاکی ئیسلامدا، هەمووی دەرپەڕاندن. پاش ئەوە (الأشرف) تۆڵەی کوژراوەکانی ئیسلامی لە گاورەکان کردەوە. کە هاتە ناو شاری (دمشق)ەوە لەشکرەکەی سەری چەلیپاییەکانیان کردبوو بەنووکی ڕمەکانیانەوە پیشانی دانیشتوانی شارەکەیان ئەدان!.



## نوێژ و نوێژ

لەشکرە گەورەکەی فەرەنگەکان بەکەناری دەلیادا ئەڕۆیشتن. تەنیا (ریچارد) بەسەریانەوە بوو، سەرکردەیی ئەکردن. چونکە (فلیپ) لەوێ نەما بوو، گەڕابووەوە نیشتمانی خۆی. (ریچارد) ئەیویست شاری (عسقلان) بگرێ، ئنجا (أورشلیم)یش بگرێ و بەئاواتە گەورەکەی خۆی بگات. لەشکری سەلاحەدینیش لە دوورەوە بەتەنشتیا ڕۆیشت. تا گەیشتنە (أرسوف). لەوێدا هەردوو لەشکر لە یەکیان دا. موسوڵمانەکان زۆر ناشیرین شکان. بەڕاکردن خۆیان ڕزگار کرد. بەڵام سەلاحەدین نەشکا و هەرای نەکرد. هەناسەساردیی و ڕەنجەڕۆیی، بەدڵی ئەوی نەئەوێرا. بەهێزێکی کەمەوە لە جێی خۆی مایەوە و بەرەنگاری کرد. پاشان بەگورجی پاشماوەی لەشکرەکەی خۆی کۆکردەوە و چووە سەر فەرەنگەکان. بەڵام ئەوان نەیانویست شەڕی لەگەڵدا بکەن. ڕێگای خۆیان گرت بۆ (یافا). بەڵام سەلاحەدین گەڕایەوە (الرملة) بۆ ئەمەی ڕێگای (قدس) قایم بکات و بیپارێزێ. پاشان فەرمانی دا (عسقلان)یان ڕووخاند، بۆ ئەمەی فەرەنگەکان بەکەلاوەیی بیبینن. ئنجا گوتی: (خوا ئەیزانێ، هەموو منداڵەکانم لە دەست بچێ پێم خۆشترە لەوەی کە بەردێ لەم کەلاتە بڕوخێنم. بەڵام کە خوا حەز بەوە بکات بڕووخێ بۆ چاکەی موسوڵمانەکان، بام بڕووخێنرێ!).

ئەو ڕۆژەی (عسقلان)ی جوان ڕووخێنرا، سەلاحەدین لە خەفەتا نەخۆش کەوت و کەوت لە جێگادا. بەڵام کە زانی ڕازنووسەکەی خۆی، (بەهائەدین) نەخۆش کەوتووە. لەسەر نەخۆشی و خەفەتی خۆیدا، ئەو ڕۆژە تا ئێواریێ، سێ جاری نارد بۆ لای لە تەندروستی بپرسنەوە! فەرەنگەکان گەیشتنە (یافا). لەوێدا خۆیان حەساندەوە و دەستیان کرد بەمێبازیی. لە (عکا)وە ئەو ژنانەیان بۆ هات کە (ریچارد) ڕێگای نەدابوون بێن لەگەڵ لەشکرەکەیدا. لەشکرەکەی لە (یافا)دا، جارێکی تریش کەوتنەوە ناو بەزمورەزم و داوێن پیسی. (ریچارد) لەو داوێن پیسی و بەزمورەزم و بەدخووییەیان زۆر دڵتەنگ ئەبوو. دەستی کرد بەقایمکردنی (یافا) و لەپێش دەمیشیەوە کەلاتانی دروست ئەکرد. بەڵام موسوڵمانەکان جار جارێک هوروژمیان بۆ ئەهێنا. جارێکیان ئەوەندەی نەما بوو کە (شێردڵ) بگیرێ و بکەوێتە دەست موسوڵمانەکان. ئەگەر یەکێک لە سوارچاکەکانی دڵسۆزی خۆی وای لە موسوڵمانەکان نەگەیاندایە کە ئەو (ریچارد)ە و گرتیان، لە بریتیی ئەو (ریچارد)ی ڕاستەقینەیان ئەگرت!

***

(ریچارد) حەزی بەئاشتی ئەکرد. ئەوەیش لەبەر ئەوە بوو کە داگیرکردنی (قدس)ی بەگران ئەهاتە پێش چاو. هەروەها لەشکرەکەی خۆیشی، هەرچەندە زۆربوون، بەڵام ناکۆک و هەرچیوپەرچیی ئەهاتنە پێش چاو. لەبەر ئەوە دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵ خونکار (العادل)دا. پێشنیازی وا بوو کە (العادل) خوشکەکەی (ریچارد) مارە بکات کە بێوەژنی خونکاری (سجلیا) بوو. (العادل) و خوشکەکەیشی، هەردووکیان پێکەوە ببنە سەرداری (قدس)، دەرگاکانی (قدس)یش بکەنەوە بۆ موسوڵمانەکان و فەرەنگەکان وەک یەکتری.

لەسەر قسەی پڕوپووچی ئەو سەردەمە، زۆر چیرۆک هەڵبەستراوە لە بابەت چاوپێکەوتنەکانی (ریچارد) و سەلاحەدین و زۆرانبازییەکانیان و، پێشکەشکردنی خوشکی (ریچارد)ەوە بەسەلاحەدین. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەو دوو پاڵەوانە شۆڕەسوارانە و، ئەو دوو خونکارە گەورانە، هەرگیز پێکەوە کۆنەبوونەتەوە. ئەوەندە هەیە (ریچارد) و (العادل) گەلێک جار کۆبوونەتەوە. ئەوانیش هەرچەند کۆئەبوونەوە، ئەوەیان لەبیر ئەچووەوە کە لەناو شەڕێکی دڕندانە دان، دەستیان ئەکرد بەگفتوگۆی خۆش و قسەی نەستەق. تا وایان لێهات، لەگەڵ تەواوبوونی ئەو گفتوگۆیانەدا هەردووکیان بوون بەدوو دۆستی خۆشەویست و دڵسۆز.

فەرەنگەکان ڕوویان کردە شاری (قدس)، کە ئامانجی هەرە گەورەیان بوو. بەڵام موسوڵمانەکان لە هەموو لایەکەوە بەرەنگاریان ئەبوون.

لە یەکێک لەو بەرەنگاری بوونانەدا، (ریچارد)، لەناکاو سەری هەڵبڕی و لە دوورەوە چاوی کەوت بە(قدس). خۆیشی پیاوێکی خواناسی لە خوا ترس بوو. باڵی دایە بەرچاوی خۆی، تا شاری پیرۆز نەبینێ. ئنجا دەستی کرد بەگریان و لە خوا پاڕایەوە گوتی: (خوای گەورە، تکات لێ ئەکەم، شارە پیرۆزەکەی خۆتم پێشان نەدەیت تا لە دەست دوژمنەکانتی ڕزگار ئەکەم!)

بەڵام (ریچارد) شاری (قدس)ی بۆ ڕزگار نەکرا. لەم جارەیش بەولاوە، بەرچاوی نەکەوتەوە. چونکە موسوڵمانەکان دوژمنی خوا نەبوون. سەلاحەدینیش لە خۆشویستنی (قدس) و خەمخواردنیا لەو کەمتر نەبوو. ئەویش وەک ئەو نوێژی ئەکرد و ئەپاڕایەوە لە خوا. چونکە سەرکردەکانی لەشکرەکەی لەناو خۆیاندا ناکۆک بووبوون. ئەو شەوە تا بەیانی نەنوست و خەو نەچووە چاوی. هەر بەخەمەوە تلایەوە تا ڕۆژی هەینی گزنگی دا. کە لە مزگەوتەکەدا نوێژی بەیانی ئەکرد، فرمێسکی چاوەکانی خوڕ خوڕ ئەهاتنە خوارەوە سەر



بەرماڵەکەی. کە ئێوارە داهات، بەسەلاحەدین ڕاگەیێنرا کە فەرەنگەکان پاش ئەمەی سواری ئەسپەکانیان بوون، گەڕانەوە بارەگاکانی خۆیان بۆ بەیانی نامەیەکی تر هات، تیا پیشان درا بوو کە فەرەنگەکان بەشکاویی گەڕاونەتەوە!

کە وایزانی سەلاحەدین بەخۆی و سوارەکانیەوە چوو، لە دوورەوە سەیری دوورکەوتنەوەیان بکات. بەوە دڵی موسوڵمانەکان پڕ بوو لە خۆشی. سەلاحەدین، بەوە هەستی کرد کە خوا پاڕانەوەکەی گیرا کردووە!.

## بەرزترین مردن

لە هاویندا، گفتوگۆ زۆر کرا، شەڕیش زۆر قەوما. شاری (یافا)یش کۆڕی ئەو شەڕانە بوو!

لە لای (یافا)وە، (ریچارد)، بەخۆی و چەند شۆڕەسوارێکی توند و بەهێزەوە توانی لەشکرێک لە موسوڵمانەکان بشکێنێ بەم سەرکەوتنە گەورەیەی شەڕەکانی ناو ڕۆژهەڵاتی خۆی بڵند کردەوە. دیسانەوە لە لای (یافا)وە موسوڵمانەکان هوروژمیان بردە سەر (ریچارد). بەڵام لە شەڕەکەدا سوارچاکییەکی گەورە و گرنگی پیشان دا. توانی بەچەند سوارێکەوە هوروژمەکەیان بووەستێنێ. لەم شەڕەدا بوو کە ئەسپەکەی کوژرا. ئنجا بەپێیانەوە شەڕی ئەکرد. بەڕمەکەی و تەورە دانیمارکییەکەیەوە کە پێوەی بەناوبانگ بوو بەڕاست و چەپا دەستی ئەوەشاند. لەناکاو سوارێکی موسوڵمان بەسواری ئەسپێکی ڕەسەنەوە تاوی دا بۆ لای ئەو، ئەسپەکەی کەفی ئەسەند، ئەسپێکی تریشی لەگەڵ خۆیدا ڕائەکێشا. بە(ریچارد)ی گوت کە سەلاحەدین چاوی لە خونکار بوو، بەپێوە شەڕی ئەکرد، بۆیە ئەم دوو ئەسپە تیژڕەوەی پێشکەش کردووە کە سواریان بێت. چونکە نەنگ و ناشیرینە کە پاڵەوانێکی ئازای وەک ئەو بەپێوە شەڕ بکات!

(ریچارد) زۆرتر سەری سوڕما لەم پیاوە، سەلاحەدین کە لە لایەکەوە لە جەنگا بوو لەگەڵیا، لە لایەکیشەوە دۆستایەتی لەگەڵ ئەنواند، هەردوو ئەسپەکەی وەرگرت و دەستی کردەوە بەشەڕ تا سەرکەوت!

لە میسر و موصل و ژووررووی سوریەوە پەیتا پەیتا، یارمەتی هات بۆ لەشکری سەلاحەدین. کەچی فەرەنسییەکان (ریچارد)یان بەجێ هێشت و چوونەوە نیشتمانی خۆیان. ئەوانەیش کە مابوونەوە ورەیان بەردا.

بە(ریچارد) ڕاگەیێنرا، کە براکەی لە ئینگیلتەرەدا خەریکە تەختی شاهیی لێ داگیر

بکات. (ریچارد) نەخۆشییەکی گەورەی گرت. لەبەر ئەوە هیچ چاری بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێ کە ئاشت بێتەوە لەگەڵ سەلاحەدیندا.

خونکاری تا لێ هاتوو، ئارەزووی میوەی ساردی کرد. سەلاحەدین هەموو رۆژێک بەرێکوپێکی میوەی بۆ ئەنارد: هەرمێ و قۆخ و بەفر، کە لە پۆپەی شاخەکانەوە بۆیان ئەهێنا!

لە ١١٩٢/٩/٢دا پەیماننامەی (الرملة) مۆر کرا بۆ ماوەی سێ ساڵ. بەو مەرجەی ئەو خاکانەی (ریچارد) گرتوویەتی لە (عکا)وە تا (یافا) بەدەست فەرەنگەکانەوە بمێنێتەوە. موسوڵمانەکانیش رێ بدەن بەفەرەنگەکان کە بۆ سەردان دێن، بێنە شاری (قدس)ەوە. عەرەبەکان مافیان هەیە بچنە خاکی فەرەنگەکانەوە. فەرەنگەکانیش مافیان هەیە بچنە خاکی عەرەبەکانەوە.

ئەو رۆژە بەرۆژێکی ناوازە ئەژمێررا، هەردوو لا گەشکەداربوون لە خۆشیدا. هەردوو لەشکرەکە تێکەڵ بەیەکتربوون. موسوڵمانەکان بۆ فرمانی بازرگانی چوون بۆ (یافا). (قدس)یش دەرگاکانی خۆی کردەوە بۆ حاجییە فەرەنگەکان.

لەپێش شەڕی (حطین)دا، موسوڵمانەکان بستێک زەوییان نەبوو لە رۆژئاوای (أردن)دا. بەڵام لەپاش پەیماننامەی ئاشتیی (الرملة) ئەو زەوییانە هەمووییان بوون بەهی موسوڵمانەکان، پارچەیەکی بچکۆلە نەبێ لەسەر کەناری دەریا کە لە (صور)ەوە دەست پێ ئەکات تا (عکا)... ئەم پارچە زەوییە بوو – کە میسرییەکان لە پاشا سەندیانەوە – ئەنجامی ئەو هەموو شەڕوشۆڕەی کە دوو سەد ساڵ درێژەی سەند و، هەموو ئەورووپای بۆ کۆبووەوە و، لەپێناویشیا بەسەدان هەزار چەلیپایی تیا کوژرا.

کەواتە پێویست بوو سەلاحەدین بەم پەیماننامەیە دڵنیا بێ. بەڵام ئەو بەمە دڵخۆش نەبوو. چونکە هەر چاوەڕوانی پێشکەوتن بوو. چاوەڕوانی ئەو رۆژە بوو کە هیچ فەرەنگێک لە خاکی ئیسلامدا نەهێڵێتەوە. دوور نییە کە لەوە بەولاوەتریشی بەبیردا هاتبێ!...

چونکە (بەهائەدین)ی ڕازنووسی سەلاحەدین، هێشتا ئەو قسانەی سەلاحەدینی لەبیردا مابوو، کە لە گوێ دەریا بۆی کردبوو، لە کاتێکا کە لە (عسقلان)ەوە ئەرۆیشتن بۆ (عکا)... زرێکە ورووژا بوو، شەپۆلەکانی وەک شاخ ئەیاندا بەیەکدا، بەهائەدین کە چاوی پێیان ئەکەوت ترسی لێ ئەنیشت لەناکاو سەلاحەدین گوتی: (شتێک لە دڵمدا هەیە پێتی ئەڵێم، هەر کاتێ خوا ئاسانی کرد و بۆم کرا ئەم پاشماوەی کەنارانە بگرم.



خاکەکانی لەژێر دەستمدان، بەشیان ئەکەم، ئنجا ڕاسپاردەی خۆم ئەکەم بۆ پاش مردن و هەموو لایەک ئەسپێرم بەخوا. پاش ئەوە سواری ئەم دەریایە ئەبم و ڕوو ئەکەمە دوورگەکانی و زەوییەکانی پشت کەنارەکانی. لەو جێگایانەدا گاورەکان ڕاو ئەنێم. لە کۆڵیشیان نابمەوە تا هیچ خوانەناسێک ناهێڵمەوە لەسەر زەمیندا مەگەر بمرم!). (بەهائەدین)یش گوتی: (لەسەر زەمیندا کەس نییە ئەوەندەی گەورەی خۆم دەروون ئازا و نیاز گەورە بێ لە پشتگیریی ئاینی خوادا. بەڵام وا باشترە کە گەورەکەی خۆم لەشکر بنێرێ بەناو دەریادا و خۆیشی وەک شورەیەک بۆ ئیسلامەتی و هێزی ئیسلامەتی بمێنێتەوە، لێرە. چونکە ناشێ ئەو خۆی بخاتە ناو تەنگوچەڵەمەوە و خۆی لەناو ببات). سەلاحەدینیش گوتی: (من ڕاوێژ بەتۆ ئەکەم. چە مردنێک لە هەموو مردنێک سەربڵندیی زۆرتر تیایە؟)

(بەهائەدین)یش گوتی: (مردن لە ڕێی خوادا).

سەلاحەدینیش گوتی: (ئامانجی هەرە گەورەی منیش ئەوەیە کە مردنێکی هەرە سەربڵندانە بمرم).

***

لە ئاسمانی شامدا، بانگی نوێژی بەیانی، بەخەم و تەمێکی قووڵەوە دەنگی دایەوە... لە ١١٩٣/٣/٤دا بوو، کە ئەو خونکارەی هەموو خاکی جیهانی رۆژهەڵاتی لەژێر چنگا بوو، لە جێگاکەی خۆیدا ڕاکشا بوو، هەناسەی سەرەمەرگی ئەدا...

(شێخ أبو جعفر)یش لەتەنیشتیەوە دانیشتبوو ئەم واتە پیرۆزەی قورئانی ئەخوێندەوە:

(ئەوە خوا یەکە، کە لەو بەولاوە خوای تر نییە، ئاگادارە لە شتی نهێنی و ئاشکرا. خوایەکی وایە کە بەزەیی بەبەندەی خۆیدا دێتەوە).

سەلاحەدینیش بەسەر لێوەوە گوتی: (ڕاستە). پاشان دەموچاوی گەشایەوە و گیانی پاکی بەخوای گەورە سپارد. سەلاحەدین کە مرد، تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵ بوو، حەڤدە کوڕ و کچێکی هەبوو. بەڵام هەرچییەکی هەبوو لە سامانی جیهان لە ڕێی خوا و چاکەدا بەختی کردبوو. لەپاش مردنەکەی دەرکەوت، کە هەرچییەکی بەجێ هێشتبوو بریتی بوو لە چل و حەوت درهەم زیو و تۆزقاڵێک زێڕ. ئیتر نە خانووی لەپاش بەجێما بوو، نە زەوی، نە کێڵگە و نە باخات!

***

لەپێش مردنەکەیشیا دوو ئارەزووی هەبوو:

یەکەم بچێ بۆ (حەج) بۆ شاری (مكة) کە پێغەمبەر محەمەدی (دروودی خوای لەسەر بێ) تیا لە دایک بووە. چونکە سەلاحەدین، هەرچییەکی کرد، هەر بۆ بڵاوکردنەوەی نامەی ئەو بوو، لەگەڵ بەرزکردنەوەی پایەی ئەو ئایینەدا کە بۆ ئەو هاتبووە خوارێ. لەو ساڵەدا بوو کە مرد، ئارەزووی (حەج) کردنەکەی یەجگار تینی سەند. ویستیشی بڕوات بۆ (حەج). بەڵام دەست نەپەرژان و دەست تەنگی پەکی (حەج) کردنەکەیانی خست. چونکە ئەوەندەی نەبوو، کە بتوانی وەک یەکێکی وەک خۆی (حەج)ی پێوە بکات و لە (حجاز)دا بیبەشێتەوە بەسەر هەژاراندا. (حەج)کەرەکان چوونە (حەج) و گەڕانەوە. ئەویش چوو بەپیریانەوە. دانیشتوانی شاری (دمشق)یش هەموو لەو ڕۆژەدا چوونە دەرەوە... بۆ ئەمەی بۆ دوامین جار چاویان پێی بکەوێ!

ئارەزووەکەی دووەمیشی ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە بۆ میسر، تیا بمێنێتەوە و کاروباری هەڵسوڕێنێ و ئەوی چاکەیە بۆی بکات. تا مابوو، نەیتوانی ئەو ئارەزووەی بەجێ بهێنێ!

ئایا ناتوانی میسر، لەپاش مردنی، ئەو ئارەزووەی بەجێ بهێنێ؟ گۆڕەکەی لە دمشقەوە بگوێزێتەوە بۆ کەلاتی (قاهیرە)، هەر لەو کاتەیشدا، میسرییەکان نامە نەمرەکەی ئەو زیندوو بکەنەوە، ئامانجە پیرۆزەکەیشیان بهێننە دیی:

(کە میسر ببێتە گەورەی هەمووان. ببێتە فەرمانڕەواییەکی پێکهاتوو لە میسر و سودان. سوێندخواریی لەگەڵ فەرمانڕەواییەکانی عەرەبدا بکات و بشببێتە پێشەوای ئیسلامەکان!).

بڕایەوە

١٩٦٥/١/١٢

# زانستی ڕەگەز

# جوانی ئافرەت

تەواوترین لێکۆڵینەوەی مێژووییبیە لە جوانی ئافرەتدا، کە هەر لە سەرەتای مێژووەوە دەست پێ دەکات تا ئیمڕۆ

نووسەری لویس ستانلی
شارەزای لێکۆڵینەوەی هونەری و، پیشاندەری ڕاستی

ئەم نووسراوە

خوێندەواری خۆشەویست!

لە ساڵی ١٩٥٨دا نووسراوێکم پێشکەش کردیت، کە ناوی (ئافرەتی کورد) بوو. لە هەموو ڕوویەکەوە باسی ئافرەتی کوردم بۆ کردبوویت، کە هەندێک لە بابەتەکانی (جوانی ئافرەتی کورد) و (بەرگ و پۆشەنی ئافرەتی کورد) و (دڵداری و ژن و مێردیی ناو ئافرەتی کورد)بوون. لەبەرئەوە بەپێویستم زانی ئاگادارت بکەم، تا ئەگەر ویستت بەراوردێک بکەیت لە ناوەند (ئافرەتانی جیهان) و (ئافرەتی کورد)دا، تەماشای ئەو نووسراوەم بکەیت. چونکە لەم نووسراوەدا کە ناوی (جوانی ئافرەت)ە و، ئیمڕۆ پێشکەشی دەکەم، داخەکەم هیچ شتێک لە بابەت ئافرەتی کوردەوە نەنووسراوە!.

لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەمە لە نرخی ئەم نووسراوە کەم ناکاتەوە، کە هی نووسەری بەناوبانگ (لویس ستانلی)یە، کە پسپۆڕە لە لێکۆڵینەوەی هونەریی و دەرخستنی ڕاستیی دا و، ئەم نووسراوەیشی بەتەواوترین لێکۆڵینەوەی مێژوویی دادەنرێ لە (جوانی ئافرەت)!، هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا ئیمڕۆ. ئەوەندە هەیە، تەنیا لە ئافرەتانی چەند نەتەوەیەکی دیاریکراوی ئەوروپا و ڕۆژهەڵات دواوە، نەک ئافرەتانی هەموو جیهان. هەروەها ڕووی خراپیی ئافرەتانی ئەوروپای زۆرتر دەرخستووە لە ڕووە چاکەکانیان.

جا بۆ ئەوەی بیروباوەڕت دەربارەی ئافرەتانی ڕۆژئاوا لە سنووری ڕاستیی و دادپەروەری دەرنەچێت، بەپێویستم زانی کە ئاگادارت بکەم، کە نووسراوی (مادام کووری)[1] بخوێنیتەوە، کە نووسەرەکەی (دانالی)یە و، (پڕۆژەی خوێندەواری کورد) بۆی ئامادە

(١) دانالی: مادام کوری؛ گۆڕینی شاکر فەتاح، لە زنجیرەی نیشتمانپەروەران، ژ (٤) ساڵی ١٩٦٨، چاپخانەی ژین، سلێمانی.



کردوویت. چونکە (مادام کووری) ئەو ژنەیەکە لە کۆڕی (زانست) و (خەباتی پیرۆز)دا، لە پێناو (یاریدەدانی مرۆڤایەتی) و (لابردنی ئازاری نەخۆشان) و (چاکەپەروەری)دا خۆی بەکوشت دا. مادام کووری بەژیانەکەی خۆی، نەک هەر لەوپەڕی (جوانی ئافرەت)دا پیشان دا بەڵکو جوانی و ڕازاوەییی ژیانی بەهەموو ئافرەتانی جیهان بەخشی.

هەروەها بەپێویستم زانی کە ئاگادارت بکەم، نووسراوی (سۆسان ئەنتۆنی)[1] بخوێنیتەوە کە هیی (هەنری) و (دانا تۆماس)ە و، (پڕۆژەی خوێندەواری کورد) بۆی ئامادە کردوویت. چونکە لە ژیانی ئەو ئافرەتە دەدوێ کە نەیویست شوو بکات و، بەرەنگاری کۆمەڵایەتییش بوو، هەر لەبەرئەوەی کە کچەکانی ڕەگەزی خۆی لە دەست زۆرداری پیاوان ڕزگار بکات!... ئەمیش ژیانی خۆی، نموونەیەکی تری (جوانی ئافرەتی) پیشان دا، لە جیهاندا، کە تا ئەندازەیەکی گەورە (ماف) و (سەربەستی)ی بۆ دەستخستن. ئەمەندە و پێویستە ئەوەیش بڵێم کە لەم نووسراوە تازەیەدا، (جوانی ئافرەت)، لەو جووڵەیە[2] نەدواوە کە لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لە ئەڵمانیادا دەرکەوت و تەشەنەی کرد بۆ هەموو لایەکی جیهان: کە «وەرزش کردن لەناو سروشتدا، بەڕووتییەوە، لەناو بای پاک و، لەبەر تیشکی ڕۆژ و، لەناو ئاوی خاوێندا لەگەڵ خواردنی خواردەمەنی سروشتیی، چاکترین هۆن بۆ جوانی لەش و هۆش و دڵ و دەروون، یاخود بۆ جوانی ژیان». خودا یاربێ لە دەرفەتێکی تردا چەند نووسراوێکی تریشت پێشکەش دەکەم کە لەم ڕووەوە نووسراونەتەوە و گۆڕیومنەتە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەمەی لەم ڕووەیشەوە ڕۆشنبیرییەکی ترت پێشکەش بکەم.

ئیتر ئەمەندە و بەخودات دەسپێرم بۆ خوێندنەوەی لاپەڕەکانی ئەم نووسراوە تەڕ و تازە و ناوازەیە، (جوانی ئافرەت)، کە هیوادارم کەڵک و خۆشییەکی زۆری لێ وەربگریت.

شاکر فەتاح
«خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد»
سلێمانی – ١٩٦٦/٤/٤

(١) هەنری و دانا تۆماس: سوسان ئەنتۆنی؛ گۆڕینی شاکر فەتاح، لە زنجیرەی ڕەگەزبازی، ژ (١) ساڵی ١٩٧٠، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.

(٢) جووڵە: بزاڤ و بزوتن و لێرەدا بەمەبەستی: ڕاپەرین (نهضة) دێت.

## جوانی میسری: جوانییەکی داپۆشراوە هۆش پەیی پێ نابات

جوانی ئافرەت، وەک میسرییەکان پەییان پێ دەبرد، لە چەند هەزار ساڵێک لە پێش لە دایکبوونی مەسیحدا، لەوەدا دەردەکەوێ کە بەجوانترین ناوازەی هونەرمەندانە دەژمێردرێ لە جیهاندا. لە پەیکەری کەللەی «نەفەرتیتی»دا دەردەکەوێ کە شاهژنێکی خاوەن ڕووی بەسام بووە، کە تەماشاکردنێکی پڕ لە ڕاز و نهێنیی لە چاوەکانیدا دیاربووە... ڕەنگە ناوەکەیشی لە هەموو ناوێک باشتر بۆی گونجابێ، کە واتاکەی ئەمەی: «وا ئافرەتە جوانەکە هات»! لە ڕاستیدا «نەفەرتیتی» لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵی گرتووە کە ببێ بەژنی «ئەخناتوون» ، کە شۆڕشگێڕی یەکەمی ناو خاکی میسر بووە، کە هەر ئەویش بووە خوداکانی پێشووی میسری لابردووە و، لە جێگای ئەوان پەرستنی ڕۆژی دامەزراندووە کە بەخشندەی ژیان بووە، کە هەر ئەویش بووە (تل العمارنە)ی کردووە بەشارێک بۆ گوڵزار و بیر و جوانی!.

دوور نییە کە «ئەخناتوون»یش بەم جۆرە ڕووی کردبێتە جوانی، هۆیەکەی بوونی «نەفەرتیتی» خۆی بووبێ کە ئەو نیازە ناوازانەی پێ بەخشیبێ. ئەوەیش هەر لە دەستی هونەرمەندێکی بلیمەت هاتووە کە ئەم جۆرە هێڵانە هەڵبکۆڵێ لە ناوەند پێڵووی خوارووی چاوی دا و دەمی دا، کە بەکەناری ڕوومەتەکانیدا هاتبنە خوارەوە بۆ سەر لێوە خڕوپڕە قووچاوەکانی!... پەیکەرەکە ئەوەندە دڵگیر و ڕازاوەیە هەروەک لە گۆشتێکی گەرموگوڕ و نەرمونۆڵ دروست کرابێ وایە، هەر دەڵێی زیندووە و لە ژیان دایە!...

هەر ئافرەتێکیش لەو سەردەمەی ئێمەدا بژی، پڕ بەدڵ حەز لە تەماشاکردنی ئەو چاوە گەشانە دەکات، لەگەڵ ئەو لووتە نووک باریکەدا و، ئەو لچ و لێوە گوڵ خونچەیەدا و، ئەو ڕووە شیرینەدا کە پڕیەتی لە دڵناسکییەکی لە ئەندازە بەدەر!.

جا ئەگەر بگەڕێینەوە پاشەوە بۆ نزیک ساڵی (٤٥٠٠)ی پێش زایین، وێنەیەکی تری ئافرەتی میسری دەبینین کە لەسەر بەرد هەڵکەندراوە ئەویش «نەفرەت»ێکی ترە، کە لەناو خێزانی چوارەمدا ژیاوە. لە دەموچاویدا ڕووکەشێکی دەوڵەمەندانە (بۆرجوازی)ی ڕووداو دەردەکەوێ. لە دەموچاویدا ئارەزووی ڕەگەزبازی دیارە. هەروەها ئەوەیشی پێوە دەردەکەوێ، کە بەجوانییەکەی خۆیەوە دەنازێ، کە بەژیانێکی پڕ کامەرانییەوە ڕاهاتووە، کە ئەو ژیانەیشی بەلاوە خۆشە... لێوەکانیشی خڕوپڕن، تۆ بڵێ ئەستووریشن. کەوانەی (کێو پید)یش بەئاشکرا بەسەر لچییەوە دیارە... لووتەکەی ڕاستە. قژەکەیشی دەستکردە. دەستەکانیشی بەڵگەن بۆ ئەوەی کە بۆ ڕازاندنەوەیان خەمێکی زۆر خوراوە!...



## ئافرەتە جوانەکانی میسر هەموو جۆرە هونەرێکی ئارایشیان زانیوە

مێژووی میسریش لە سەردەمەکانی کۆنیدا پڕە لە بەڵگە کە ئافرەتی میسری پەیی بەنرخی جوانی پیشاندانی خۆی بردووە. بۆیەکا قژی سەری خۆی ڕەنگ کردووە. چاوەکانی خۆی ڕشتووە. بۆنی خۆشی بەکارهێناوە. لە شێوەیەکی زۆر دروست و تەواویشدا هونەری خۆ جوانکردن و خۆ ڕازاندنەوەی بەکارهێناوە. لەڕاستیشدا هونەری نەژاد لە گوێ ڕووباری «نیل» هەڵقووڵاوە. هونەریش هەر بریتییە لەوەی کە ئەوی هەیە جوان بکرێ و بڕازێنرێتەوە ئافرەتی میسریش هەموو هۆیەکی ئەم ڕۆژانەی بەکارهێناوە لە جوانکردن و ئارایشی کردنی خۆیدا. خۆیشی ڕاهێناوە بەسەماکردن بەساز و ئاوازەوە، کە زۆرتر لە بزووتنەوەکانی وەرزشانەی کردووە. لەبەرئەوە لەشیان نەرمونۆڵی لێهاتووە. لەسەر گەڵا (بوردی)یەکانی میسر، لە بابەت ژنەکەی (تۆتەمسی یەکەم)ەوە وا نووسراوە: «ئەمەندە جوان بوو، وەک گەوهەر دەدرەوشایەوە ئەو ژوورەیش کە تێیدا دەنوست، وەک گەنجینەیەکی پڕ گەوهەر وابوو... کۆشکەکەیشی بەبڕونزی ڕەش و ئەبەنووس و تەختەی بۆنخۆش ڕازێنرابووەوە. تەختی نوستنەکەیشی لە شێوەی شێردا بوو. پێخەفەکەیشی پڕبوو لەو بۆنە خۆشانەی لە خاکی (نبط)ەوە دەهێنران».

(ئەمیل ڕایخ)یش کە بەشارەزایەکی مێژووی فیرعەونەکان دادەنرێ، گوتوویەتی: «پۆشەنیی ئافرەتەکان لە سەردەمی فەرمانڕواییە کۆنەکانی میسردا بریتی بووە لە سیپاڵێک کە دەپێچرایەوە بەملاو بەولاکانی کەلەکەی ئافرەتەکەدا پاش ئەوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ناوەڕاستدا سیپاڵێکی تریشیان تێوە دەپێچا، لە سەردەمی فەرمانڕوایی تازەیشدا مەمکەکانی خۆیان دادەپۆشی...

(ئەرمان) و (ماسبیرۆ)یش ئەو سیپاڵە وا پیشان دەدەن کە ساکار بووە هیچ چرچولۆچێکی تێ نەخراوە، تەنگ و تەسکیش بووە، توندوتۆڵ چەسپیوەتە لەشیان، هەموو لایەکی لەشیانیشی بەرجەستە دەرپەڕاندووە. لە خوار مەمکیشەوە شۆڕ بۆتەوە بۆ خوارێ تا گەیشتۆتە کەلێئەموستی ئافرەتەکان. لە پیتاڵێکی تەنکی وایش دروستکراوە کە لەژێرەوە لەشی دەرخستوون!. لەم جۆرە پۆشینەیشدا هیچ جیاوازییەک نەبووە لە ناوەند خانمێکی پایەبڵند و کارەکەرێکدا، یاخود لە ناوەند دایک و کچێکدا!...

ئافرەتی میسریش هەر لە سەردەمەکانی کۆنەوە بایەخیان داوە بە گەوهەرەکان و بەردە بەنرخەکان و چەکی ژنانە... پیشەسازەکانیش لەوەدا زۆر هونەریان پیشان داوە کە گەلێک شێوەی گوارە و گەردانە و بازن و خڕخاڵیان داهێناوە... بابەتی نەخشکارییشیان

دۆزیوەتەوە. بەردە بەنرخەکانیان بەتووڵی زێڕین ڕازاندۆتەوە. لە گۆڕی «توتو»یشدا کە ژنی «ئانی»ی نووسەر بووە، هەندێ کەلوپەل و بابەتی ئارایش دۆزراوەتەوە، وەک چەند ئاوێنەیەک کە لە کانزای زەرد دروست کراون، چەند شانەیەک لە ددان فیل، چەند قژ هەڵبەستێک، هەندێ داوودەرمانی خۆ ئارایشکردن، لەگەڵ کل «کوزماتیک»دا و، کلچێوکیش بۆ برژانک ڕشتن... لە هەمووی سەرتریش ئەوەیە کە وێنەی خانمێکیان دۆزیوەتەوە لە قژە دەستکردەکانی خۆیدا لوولەیەکی بچووکی داناوە کونێکی بچووکی تێدابووە کە لەوێوە بۆنی خۆش هاتۆتە ناو قژەکانیەوە، لێی نەوەستاوەتەوە.

ئافرەتە میسرییەکانی سەردەمی کۆنیش ئەو کڵاوانەیان بەکارهێناوە کە قژی دەستکردیان پێوە نووساندووە. هەروەها ڕازی ئەوەیشیان دۆزیوەتەوە کە ڕەنگی قژ چۆن دەپارێزرێ، کە تووکی سەر وەرین چۆن چارە دەکرێ، کە ئەو گەندە مووانەیش لە ڕوومەتدا و لەناو پێچوپەناکانی لەشدا پەیدا دەبن چۆن لە گەشەکردن دەخرێن!.

## جوانی ئافرەتەکانی گریک

«شیشیرۆن» دەڵێ: «زیۆکیس»ی هونەرمەند بۆیەکا توانی ئەو وێنە ناوازەیەی (هێلینی تروادە) دروست بکات، چونکە پێنج کچی بانگ کردە لای خۆی، لە هەریەکەیان جوانترین ئەندامی وێنە کێشا. باڵەکانی هی کچێکیان بوو، شانەکانی هی کچێکی تریان بوو، لووتەکەی هی سێیەمیان بوو. هەروەها بەم ڕەنگەی کرد تا توانی جوانییەکی نموونەیی وێنە بکێشێ!. دوور نییە کە هونەرمەندە یۆنانییەکە ئەم بیرەی میسرییەکانی کۆن وەرگرتبێ ئەوەندە هەیە کە چەند دەستوورێکی دۆزییەوە بۆ ڕێکوپێکیی لەشی ئافرەت بۆ وێنە: درێژیی لەش دەکاتە حەوت ئەوەندە و نیوی درێژی کەللە.

درێژیی پێیش دەکاتە شەشیەکی درێژیی باڵا بەکەللەوە. ئەمەیش بەتەواوەتی دەرکەوت کە ئەم جۆرە ئەندازانە لەگەڵ زۆر پەیکەر و وێنەکانی سەردەمی فیرعەونەکاندا ڕێک دەکەون! ئافرەتی یۆنانییش هەر لە سەردەمەکانی هەرە کۆنەوە بایەخی داوە بەقژی سەری خۆی: بۆنی خۆشی لێ دەدا، یان شۆڕیشی دەکردەوە بەسەر پشتی سەر و لاجانگەکانیدا، یاخود هەڵی دەپێچا و دەیکرد بەگلۆڵەیەک لە پشتی سەریدا، لە سەردەمی (پریکلیس)یشدا، ئافرەتی یۆنانی بەجۆرە سابوونێک سەری خۆی دەشت کە ڕەنگەکەی کاڵ دەکردەوە. پاشان بەڕۆنی بزن دەیسووەوە کە تێکەڵی دەکرد بەخۆڵەمێشی داری گەندەڵ و گوڵە زەردەکان، ئنجا قژەکانی بەخشان دەکرد بەسەر شانەکانی خۆیدا، تا وشک ببنەوە.



جوانی ڕووی ئافرەتی یۆنانیشی وابوو: کە لووت لەگەڵ ناوچەواندا ڕاست بوەستێتەوە، بێ ئەمەی لەلای برۆکانەوە بشکێتەوە. باشترین وێنەیش بۆ ئەم جوانییە لە ڕووی «ڤینۆس میلو»دا دەردەکەوێ، کە لە ناوازەگاهی (لووڤەر) دایە لە شاری (پاریس)دا، لەم وێنەیەدا کەرتەکانی دەموچاوی ئاشکرا و دەرکەوتوون. گەردنەکەی بەرزە و بەهێزە. شانەکان لەگەڵ یەکدا ڕێکوپێکن، لە ئەندازەدان. مەمکەکان خڕوپڕن، کە ئەمەیش لە پەیکەری «ڤینۆس کالیبیج» یاخود «ئەفرۆدیت»دا دەردەکەوێ. (هۆمبرۆس)یش لەناو چیرۆکی (ئۆدێسا)دا ئەمەی گوتووە: کە ئافرەتی یۆنانی بەتەنگ ئەوەوەیە، کە هەرچی پەڵە و نیشانەیەک بەلەشیەوە پەیدا دەبێ لێی بکاتەوە. لەشی خۆیشی بەڕۆن و بەبۆنی خۆشەوە دەسووەوە تا نەرمیی و نۆڵەییەکەی بپارێزێ. هەروەها خۆیشی بەگەردانە و ملوانکەی زێڕ و گەوهەرانەوە دەڕازاندەوە، تا جوانی سەرسنگی خۆی دەربخات. هەروەها لەوەیشەوە دوور نەبوو کە ئاوێنە بەکاربهێنێ و لێوەکانی خۆیشی سوور بکات.

## بەڕووتییەوە دەوەستێ تا دادگەرەکان پێ لە داوێن پاکیی بنێن

ئافرەتی یۆنانییش بەجوانی لەشی خۆیەوە دەنازی. ئەو شەرمی لەوەیش نەدەکرد کە ئەو جوانییە پیشانی هەمووان بدات! لە چیرۆکی «ئەلیادە»دا نووسراوە: کە (مینیلۆس) ئەوەندەی نەمابوو «هێلین» بکوژێ لەسەر داوێن پیسی. بەڵام کە «هێلین» سنگی خۆی بۆ ڕووتکرد، دەستی (مینیلۆس) بەشیرەکەوە سست بوو!.

دوور نییە تۆیش چیرۆکی (بیرین)ی ڕوو بازاڕیت بیستبێ، کە بەوەوە بەدناو کرابوو: لاوەکانی شاری «ئەثینا»ی تووشی داوێن پیسی کردبوو. پاشان خستیانە بەردەم دادگا... کاتێ پشتیوانەکەیشی هەستی بەوە کرد کە دادگەرەکان خەریکن بڕیاری سزادانی بەسەردا بدەن، کراسی ئافرەتەکەی دڕی و، ئافرەتەکە بەڕووتی دەرکەوت !. کە دادگەرەکان ئەو جوانی لەشەیان چاوپێکەوت، دەستیان سست بوو، و گەشکەدار بوون. پاش ئەوە بڕیاری داوێن پاکییان دا. بیانووەکەیشیان ئەوە بوو کە هەر ئافرەتێک لەشێکی وا جوان و ڕێکوپێکی هەبێ، هەرگیز ئەوەی لێ ناوەشێتەوە کە ئەم جۆرە گوناهانە بکات، کە ئەوی پێ بەدناو کراوە!. نەتەوەیش هەموویان دەیاندی لە ئاهەنگەکانی جەژنی «پۆزیدۆن»دا خۆی بەجارێک ڕووت دەکردەوە و، خۆیشی فڕێ دەدایە ناو ئاوەوە بۆ ئەمەی مەلە بکات... جا ئەم چاو ئەندازە بوو کە ئەوەی خستە دڵی «بیلز»ی هونەرمەندەوە، پەیکەر ناوازەکەی خۆی دروست بکات و ناوی بنێ: «ئەفرۆدیت لەناو زرێوە هەڵدێ» !...

کۆمەڵایەتیی ئافرەتیش لەناو گریکییەکاندا دەبوو بەدوو بەشەوە: (ژنەکان)، ئەمانە لەناو ماڵدا دەپارێزران، خۆیان دەرنەخست بۆ هەموو کەسێک بۆ خزم و کەسوکاری خۆیان و مێردەکەیان نەبێ (ئافرەتە ڕوو بازاڕییەکان)، ئەمانەیش لە هەموو لایەکدا خۆیان دەردەخست. زۆربەی ئەو ئافرەتانەیش کە لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی پێش زاییندا بوون و مێژوو ناوی بردوون، لەم چینەن. یەکێک لەوانە بوێژ و وێژەوان «ساڤۆ»یە، کە دڵداریی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کچەکانی ڕەگەزی خۆی. بڕوایشی وابوو کە ئەم جۆرە پەیوەندییە لەوانە نییە کە بپچڕێ... «دڵداریی ڕووت»یشی بەچەند هۆنراوەیەک پیشان دابوو، کە پڕبوون لە سۆزی ئەڤین (عشق) و، دڵدارییەکی پڕ گڕوگڵپە. باوەڕیشی وابوو کە ئەڤین و خۆشەویستی لە چارەی هەموو ئافرەتێک نووسراوە. بەڵام کەس بەوەی نەزانیوە کە ئەم ئافرەتە دڵی بەپیاوێکدا چووبێ. لە ڕاستیدا دڵی بەجوانی کچانی ڕەگەزی خۆیدا دەچوو لەگەڵ وێژە و هۆنراوەدا!... یۆنانییەکانی کۆنیش هەموو خەو و ئاواتێکیان کەوتبووە ژێر چنگی ڕاستیی پەرستییە هەموو کۆڕێکی ژیانی گرتبوونەوە. جا ئافرەتانی یۆنانییش کە ئەمەندە بایەخیان دەدا بەجوانی لەشیان و دەرخستنی بەشە جوانەکانی لەشیان، لە ئەنجامی کارتێکردنی ئەو ڕاستیی پەرستییەوە بوو!...

## ئافرەتی ڕۆمانی لە ناوەند داوێن پاکی و داوێن پیسیدا

لە سەرەتای سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕۆمادا، ئافرەت بەبووکە سەماکەرەیەک دادەنرا، پیاو لەناو ماڵدا پێی ڕادەبوارد. دەسەڵاتی باوکیش بەسەر کچەکەیدا یەجگار زۆر بوو. هەروەها ژن و کچەکەیشی وەک کارەکەر و کەنیزەکێک تەماشا دەکران. لەگەڵ ئەمەیشدا ڕۆماییەکان نرخیان بەژنەکانی خۆیان دەدا. لە پێش جوانیدا نرخیان بەداوێن پاکییان دەدا. لە مێژووەکەشیاندا زۆر چیرۆکی وەک «لۆکریشیا»ی ژنی «تارکینیۆس کۆلاتنیۆس» دەخوێنینەوە. جارێکیان بووە دەمەقاڵێ لە ناوەند ئەم شازادەیە و کوڕەکانی خونکاردا. چونکە هەر کەسەیان بەوەوە شانازیی دەکرد کە ژنەکەی داوێن پاکە. دوایی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەموویان بەدزییەوە چاو ببڕنە هەڵسان و دانیشتنی ژنەکانی خۆیان، تابزانن چۆن ڕەوشت دەکەن. دوایی بۆیان دەرکەوت کە ژنەکانی کوڕەکانی خونکار گوێیان نەدەدایە داوێن پاکی. کاتێکیش بەدزییەوە سەیرێکی «لۆکریشیا»یان کرد، بۆیان دەرکەوت کە لەبەردەم خەرەکەکەی خۆی دابوو، لەناو کارەکەر و کەنیزەکەکانی خۆیدا. کوڕێکی خونکاریش هەبوو، ناوی «سیکتس» بوو. ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو کە ژنێک



ئەمەندە داوێن پاک بێ!. ڕۆژی دوایی بەدزییەوە خۆی هاوێشتە ناو پێخەفەکەیەوە. بەزۆر داوێنی «لۆکریشیا»ی پیس کرد. ئەمیش مێردەکەی و باوکی خۆی لەم کەینە و بەینەیە ئاگادار کرد. کارێکی وایشی کرد کە هەردووکیان سوێند بخۆن، تا تۆڵەی نەکەنەوە لەو کوڕی خونکارە واز نەهێنن. پاش ئەوە ژنەکە خۆی کوشت. ئەمەیش بوو بەهۆی ئەوەی نەتەوە دەستی کرد بەشۆڕش و خونکاریشی لەسەر تەخت لابرد!.

(پلوتارخ)یش دەڵێ: هەر ئافرەتێ داوێن پیسی بکردایە بەزیندوێتی دەنێژرا. لەناو ئاهەنگێکی وایشدا دەنێژرا کە نەتەوە چاوی لێی بێ و لەژێر سەرپەرشتیی کەشیشەکانیشدا بێ!.

کاتێ کە جەنگی «پۆنی»یش بەرپابوو، لە سەدەی سێهەمی پێش زاییندا، ئەنجامی بەوە گەیشت کە چەند سەربەستییەکی تازە دەست ئافرەت بکەوێ. ئافرەتیش دەستی کرد بەوە کە هەست بەجوانی ڕەگەزی خۆی بکات. کەچی لە پێشدا فەرمانڕەوایی بەرەنگاریی ئەوەی دەکرد کە ئافرەت جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و گەش لەبەر بکات، یاخود خۆی بەگەوهەر و چەکی گرانبەهاوە بڕازێنێتەوە، یان لەناو گالیسکەیەکی وادا ببینرێ کە ئەسپ ڕای بکێشێ لە ناوچەیەکی وادا کە نزیکەی هەشت هەزار گەزێک (فرسەخێک) زۆرتر لە شارەوە دووربێ!... بەڵام ئافرەتەکانی (ڕۆما) لەم یاسایە ڕاستبوونەوە. ئیتر لەوساکەیشەوە دەستیان کرد بەبەکارهێنانی سووراو و سپیاو و، ڕەنگ و، داوودەرمانی ددان پاککردنەوە و، کل و کلتوور و ڕەنگی برۆ. تەنانەت وای لێهات (ڕۆما) ئەمەندە بۆنی خۆش و گەوهەر و بەردی بەنرخی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهێنا، کە نرخیان دەگەیشتە چەند کلوورێک دراوی زێڕ!.

## ئافرەتەکان ساڵەکانیان بەژمارەی مێردەکانیان پێوانە دەکرد

وێژەوانەکانیش دەستیان کرد بەتوانج و پلار تێگرتنی ئەم باوانەی کە داهاتبوون و ئافرەتە دەوڵەمەندەکانی «ڕۆما» هۆگریان بووبوون. لە یەکێک لەو چامانەدا کە هەڵبەسترابوون ئەمە نووسرابوو:

«هەموو مانگێ جارێک دەموچاوی خۆی تازە دەکاتەوە. جار لەسەر جاریش ڕووی خۆی بەپیو سواغ دەدات... ئەگەر مێردەکەیشی ماچەکەی ئێوارانی کرد، هەر ڕۆن بەر لێوەکانی دەکەوێ ماچی بکات، کە لەناو جەویدا هەڵئەنگوێن...»!.

ئافرەتی ڕۆماییش زۆر بەتەنگ قژی سەریەوە بوو. خەنەی تێ دەگرت. ئەوەیشی لەبیر

نەدەچوو کە شیشی گەرمکراو بەکاربهێنێ بۆ چین چین کردنی قژەکانی و، جوانکردنی ناوچەوانی بەئەگریجەکانی. مەمکەکانیشی سەرکلاوی زێڕی بۆ دروست کردبوون، پێی دادەپۆشین. ئەمەیش خوویەک بوو هەر ئافرەتی ڕۆمایی گرتبووی. بێجگە لەمەیش، هەر چەند لە خۆشتن دەبووەوە، لەشی خۆی بەڕۆنی بۆنخۆش و گولاو دەسووەوە و دەهەنوو. ئاردی برنجیشی بەکار دەهێنا بۆ شاردنەوەی چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی. «بوبایا»ی ژنی (نیرۆن)یش جۆرە هەویرێکی تایبەتیی بۆ خۆی داهێنابوو، چرچ و لۆچی دەموچاوی خۆی پێ لادەبرد. هەویرەکەی بەشیری ماکەر دەشێلا!...

جلوبەرگەکانیشیان ساکار و تەنگ و تەسک بوون. ئابڕووی ئافرەتیان دەبرد چونکە لەشی ئافرەتیان نەدەشاردەوە، داوێن پاکییشیان نەدەپاراست ئافرەتەکە بەرگی دەپۆشی نەیدەتوانی بڵێت ڕووت نیم! (هۆراس)یش وای پیشانداوە کە دەتوانی بەچاو پێداخشاندنێک لە شوێنە جوانەکانی لەشی تێ بگەیت! لە دوو سەدەکەی دوای ژیانی سەردەمی کۆماریدا، لە فەرمانڕەواییی ڕۆمادا، کەتن و ئابڕووچوون و گڕۆزییەکی ڕەگەزبازیی وا ڕوویان دا، کە ئافرەتی ڕۆمایی تەواو سووکی و ڕسوایی پێوە دیاربوو!. ڕەنگە هۆی گەورەی ڕەوشت تێکچوونی ڕۆماییەکان ئەوە بووبێ، کە پەیوەندییەکانی ژن و مێردی تا ئەندازەیەکی گەورە شیرازەیان پچڕابوو... فەرمانڕەواییی ڕۆمایش هیچ هەنگاوێکی نەدەهاوێشت بۆ چارەکردنی ئەو بارە. (سینیکا)ی تێگەیشتوویش دەربارەی ئەم پشێوی و ئاژاوەیە گوتوێتی: «خانمەکان ساڵەکانیان بەپێی ژمارەی سەرۆکی فەرمانڕەواییەکان نەدەژمارد.بەپێی ژمارەی مێردەکانی خۆیان دەیان ژماردن!...»

مێژوویش کە لە بابەت «مەسالینا»ی شاژنەوە دەدوێ، کە نەوەی «ئۆکتاڤیا» و خوشکی «ئۆگوست»ی شاهەنشا بوو، دەڵێ: «کچێک بوو لە تەمەنی گوڵدا بوو. ئەو کاتە بوو، کە گوێزرایەوە بۆ «کلۆدیۆس»ی شاهەنشا. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە تەمەنێکی بچووکی هەبوو، سروشتێکی ئاگرینی پیشان دەدا. تەنانەت ئەوەیش بەگران دێتە ژماردن کە چەند داوی ناوەتەوە و تەڵەکەبازیی بێ ئابڕووانەی کردووە، بۆ ئەمەی ئالۆشی ڕەگەزبازیی خۆی دامرکێنێتەوە و، دڵی پڕ لە ئاگری خۆی بسرەوێنێ، کە هەرگیز نەدەسرەوت!. وایشیان دەگێڕایەوە کە هەتا شەو بەسەر دەچوو، دەستی دەکردە ملی بیست و پێنج دۆست و دڵدار!...



## ئافرەتێکە و لە شاهەنشا هەڵدەگەڕێتەوە

جا لەم جۆرە ناوچەیەدا کە پڕ بوو لە کارەساتی ئابڕووچوون و شوورەیی، جێی سەرسوڕمان نەبوو کە لەناو پەنجاوپێنج شاهەنشادا کە فەرمانداریریان کرد بەسەر شاهەنشاییێتی ڕۆمادا، بیست و هەشت کەسیان لەناکاو کوژرا بن، سێ شاهەنشایان خۆیان کوشتبێ!...

هۆی هەرە گەورەی ئەم کەتنانەیش ئەوە بوو کە ناپاکیی ژن و مێردی ڕووی دەدا لە ناوەند شاهەنشایەکان و ژنەکانیاندا. ژنەکان و ئافرەتە دۆستەکان بەربەرەکانێیان دەکرد لە کوشتنی شاهەنشایەکاندا. شاهەنشایەکانیش پەنایان دەبردە بەر کوشتن بۆ ئەمەی لە دەست ژنەکانی خۆیان و ئافرەتە دۆستەکانی خۆیان ڕزگاریان ببێ!.

داوێن پیسی و بەدخوویی بووبووە ڕەوشتی زۆربەی ئافرەتە ڕۆماییەکان بەڵام خۆنواندن و خۆش ڕابواردن دوو هۆی بنچینەیی بوون بۆ ئەو ئافرەتانە، کە ئەوەندە ڕیسوا بن، چونکە ئافرەتەکان خوویان دابووە جوانکردنی خۆیان. دوای ئەوەیش خوویان دابووە پێشکەشکردنی ئەو جوانییەیان بۆ ئەو کەسانەی دڵیان پێیاندا دەچوو!. ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێ کە ڕەوشت و خووی چاک بەکەسەوە نەمابوو!. «پلوتارخ» وای گێڕاوەتەوە کە «سابینوس»ی شۆڕشگێڕ، کاتێ کە دەستی دایە هەڵمەتبردن بۆ سەر فەرمانڕەواییی شاهەنشا «ڤاسپازیان» تا سەرئەنگرێی بکات، کە زانی گەلە کۆمەکێکەی سەری نەگرتووە، خۆی شاردەوە. پیاوێکی نارده کن ژنەکەی خۆی، پێی بڵێ، خۆی دەرمان خوارد کردووە و مردووە کاتێ ژنەکەی ئەوەی لێ بیست، ئەمەندە دڵسۆز بوو بۆ مێردەکەی خۆی، لە هۆش خۆی چوو. تا چەند ڕۆژێکیش نانی پێ نەخورا، وایشی لێهاتبوو هەناسەی بەگران پێ دەدرا، خەفەت و ئازاری لەناوچوونی مێردەکەی بەو دەردەی بردبوو!.

کە مێردەکەیشی بەوەی زانی، ترسا لەوەی ژنەکەی لە داخاندا بمرێ، یەکێکی نارده لای ئامۆژگاریی بکات کە هەر لەسەر شین و زاری خۆی بمێنێتەوە تاکو چاوی پێی دەکەوێتەوە پاش ئەوە گەیشتنەوە بەیەکتری و چاویشیان بەیەکتر کەوتەوە. پێکەوە دەستیان کردەوە بەژین، لە زیندانێکی ژێر زەویدا، کە کەس بە کەینەوبەینەی نەدەزانین. تا دوایی دوو منداڵی پێکەوە لێ بوو... ئەوساکە بە کەینەوبەینەی ئافرەتەکە زانرا. شاهەنشایش فەرمانی دا: بەتەورێک کەللەی بپەڕێنن، ئافرەتەکەیش بەڕووخۆشییەکەوە خۆی خستە بەردەم ئەو چارەنووسە و، بەشاهەنشای گوت: «ژیان لەناو تاریکیی زینداندا، بۆ من

خۆشترە لەوەی چارەی بۆ ببینم، لەسەر ئەم تەختە دابنیشیت!».

جا ئا لێرەدا ئافرەتی ڕۆمایی بەجێ دەهێڵین، کە داوێن پاکیی تێکەڵ بەداوێن پیسی کردبوو، چاوبرسێتی و ئاڵۆش و خرۆشی ڕەگەزبازییشی تێکەڵ بەگیانپاکی و شوونەکردن کردبوو، بەڵام لەناو ئەو هەموو کردەوە و کارانەیدا، هەر خۆشەویستنی جوانی زاڵبوو بوو بەسەریدا!...

## ئافرەتی سکپڕ لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا بەنموونەی جوانی دانراوە

لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، پیاوان باوەڕیان بەوە هێنا کە جوانی ڕابەڕە بۆ کامەرانی. لەبەرئەوە نرخیان بەئافرەت دەدا. لەگەڵ ئەمەیشدا کە ئەندازەکانی جوانی، جوێ جوێ بوون، بەڵام بەگشتیی ئەوە بەجوانی دادەنرا: کە ئافرەت قژ زەردبێ، قژیشی شۆڕ بووبێتەوە بۆ خوارەوە، پارچە زێڕێکیشی پێوە بەسترابێ. پێستی ئافرەتەکەیش گەش و ڕوون بێ، ڕەنگی گوڵەباخێکی سوور باویشی پێوە دیاربێ... ڕووی ئافرەتەکە درێژکۆڵە بێ. ناوچەوانی پان بێ و بەرزیش بێ چاوەکانی شین بن. دەمێکی بچووکی پێوەبێ. ددانەکانی ناڕێک و ناشیرین نەبن. لێوەکانیشی سووربن، خڕوپڕ بن. لە چەناگەیشیدا چاڵییەک هەبێ. چەناگەی بچووک بێ. گەردنی وەک بلوور وابێ. گوێچکەکانی بچووک بن، بەژن و بالای ڕێک بێ، باڵەکانی توندوتۆڵ بن، شانەکانی ڕێک بن. مەمکەکانی خڕوپڕ و توندوتۆڵ بن. دەستەکانی نەرمونۆڵ بن، لنگەکانی درێژ بن، پێیەکانیشی بچووک بن.

ئافرەتەکانی چەرخەکانی ناوەڕاست، بەتەنگ پاراستنی جوانی و ناوبانگی خۆیانەوە بوون. لەبەرئەوە ژن و مێردی لە تەمەنێکی زوودا پێک دەهێنرا. تەنانەت زۆر جاری وا هەبوو، بووک و زاوا دەکرانە پەردەوە، کەچی هێشتا تەمەنیان نەگەیشتبووە سیانزە ساڵان!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لەم سەردەمانەدا هی وایش هەبوو کە ئارەزووی ڕووت بوونەوەی دەکرد!... ڕێی ئافرەتەکان درابوو لەناو گەرماوە گشتییەکاندا بەڕووتی خۆیان بشۆن. کچەکانیش ڕێیان دەدا بەمیوانەکانی خۆیان بێنە ناو ژووری نووستنیانەوە، کە بەڕووتی لەناو پێخەفەکانیاندا بوون!. جارێکیان خاتوو (دی لیل دایتی)، فەرمانی دا بەهەر سێ سەد کەنیزەکەکانی خۆی، کە بەلەشی ڕووتەوە سەما بکەن لەبەردەم پیاوە دۆستەکانی خۆیدا، بەو هیوایەی کە بیاندات بەشوو!... منداڵبوونی زۆڵ بەجۆرێکی وا بڵاوبووبووەوە کە بەکردەوەیەکی ئاسایی دادەنرا!... ئافرەتانیش بەچەشنی پیاو و لەگەڵ



پیاویشدا هەموو جۆرە کار و فرمانێکیان دەبینی. تەنانەت زۆر ئافرەتیش وەک پیاو بوونە سەرباز و چوونە ناو جەنگی چەلیپاییەکانەوە. زۆربەی ئافرەتە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانیش لە ئاهەنگەکانی ڕاو و نێچیردا هاوبەشییان دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا پیاوان مافیان هەبوو تا ئەندازەیەکی پەسەند لە ژنەکانی خۆیان بدەن، کەچی کە مێردەکەی لە ماڵ نەبوایە ژنەکە دەبووە گەورەی ماڵ و، خێزان و هەموو کاروبارێکی دەخستە ژێر دەستی خۆیەوە!.

(هاڤلۆک ئەلیس)یش دەڵێ: «کەمێک پێش سەردەمی ڕاپەڕین، جوانی نموونە لە ئەوروپای باکووردا لە ئافرەتی سکپڕدا خۆی پیشان دەدا، کە سکی ئافرەتەکە بەرز بووبێتەوە ، سەریشی بەپشتدا شکابێتەوە. ئافرەتە سکپڕەکانیش وێنەگرەکانیان بانگ دەکردە لای خۆیان، کە لەو شێوەیەدا وێنەیان بکێشن!... ناوازەگاهەکانیش پڕن لەم جۆرە وێنانە!.

## ئافرەتی ئینگلیز هەر لە بووکە شووشەیان دەکرد

کاتێ کە خوێندەوارییش دەستی کرد بەبڵاوبوونەوە لە ئەوروپادا گەلێک گیروگرفتی لێ پەیدابوو. چونکە تێکەڵبوونی هەردوو ڕەگەزەکە بووە هۆی ئەوەی دڵداریی پڕ سۆز و کڵپەدار لەو ڕۆژانەدا پەیدابێ. لە چیرۆکی «هیلوینر و ئەبیلار»یشدا کە لەلایەن (پۆل سان ڤیکتۆر)ەوە دانراوە، وێنەیەکی ئەو دڵدارییەمان چاو پێ دەکەوێ، کە ئەویش لە ڕووداوی ناوچەکەی خۆیەوە وەری گرتووە... ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی دوانزەهەم... لەگەڵ ئەمەیشدا پەیدابوونی ئەم جۆرە دڵدارییە، بەربەستی بڵاوبوونەوەی داوێن پیسی نەدەکرد. لە ڕاستیدا گیروگرفتەکانی دڵداری مێشکی پیاوانیان بەخۆیانەوە خەریک کردبوو. بەڵام زۆربەی کاتەکان، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لەلایەن ئافرەتانەوە ئەدۆزرانەوە... گەلێک «دادگاهی دڵداری»یش دامەزرێنرابوون، ئافرەتان سەرپەرشتییان دەکردن. پیرەوییەکیشیان بۆ دانابوو، سی و یەک یاسای لەناودا بوو. هەموویان کۆمەڵایەتییان بەرەو تێکچوون دەبرد، هانەیان دەدا بۆ خۆ نەبەستنەوە بەئەندازەکانی ژن و مێردییەوە، بەوجۆرەی کە ئێمە ئیمڕۆ تێیان دەگەین... لە ڕاستیدا ئەو یاسایانە بەئاشکرا هانەی ژن و پیاویان دەدا بۆ داوێن پیسی!...

(شۆسەر)ی بوێژیش ئافرەتی ئینگلیزی ئەوساکەی وا پیشانداوە کە باریک و کورت بووە. هەر لە «بووکە شووشە»یکردووە. کراسێکی سپیی لەبەر کردووە و، پشتێنێکی

قایشییشی بەستۆتە پشتی، پریاسکەکەی خۆی پێوە هەڵواسیوە. لە سەردەمەکانی ناوەڕاستیشدا نموونەی جوانی ئافرەت بریتی بووە لەوەی: کە قژەکانی زێڕین بووبن، چاوەکانی شین و پڕ لە زەردەخەنە بووبن، دەموچاویشی ئەمەندە جوان بووبێ کە دڵی کێش کردبێ، لێوەکانی سوور بووبن، ددانەکانی ورد و سپی بووبن، مەمکەکانیشی خڕوپڕ بووبن، وەک گوێز بەرز بووبنەوە بەسنگیەوە، کەمەریشی باریک بووبێ کە بتوانێت بەهەردوو دەستەکانت باوەشی پێدا بکەیت، نەک بەباڵەکانت!... لەو سەردەمەیشدا باوی ئەوە داهاتووە کە مل پێچ بکرێتە مل و، قژیش بەچنگاڵی زێڕین بڕازێنرێتەوە هۆنینەوەی تووکی سەریش پێویستیی بەسەدان دەرزی هەبووە، تا شێوەکەی خۆی بپارێزێ، جا لەبەر ئەوە لە سەدەی چواردەهەمدا هونەر تێکەڵ بەپیشەسازیی دەرزییەکان بووە. دەرزییەکان بەگەوهەر و بەردی بەنرخ دەڕازێنرانەوە. کچی (ئەدواردی سێهەم)، خونکاری ئینگلتەرە لە شەوی بووکێنییدا، دوانزە هەزار دەرزی لە ڕازاندنەوەی خۆیدا بەکارهێناوە!.

لە تەنگ کردنەوەی کەمەری کراسەکاندا ڕەنجێکی زۆر دەدرا، هونەرمەندییەکی زۆریش دەنوێنرا لە ڕازاندنەوەی دا بەبەردە بەنرخەکان، ئەمە لە سەدەی پانزەهەمدا بوو. ئافرەت بەتەنگ ئەوەوە بوو کە ئەملا و ئەولاکانی سمتی قەڵەو بنوێنن. لەبەرئەوە کۆمەڵێک کراسی، بەسەریەکەوە، لەبەر دەکرد، بەجۆرێکی وا کە کراسی هەرە سەروویان لە دوای ئافرەتەکەوە بخشێ بەسەر زەویدا، یەکێکی وێنەگریش کە وێنەی نیشانەییی دەکێشا، ئەمەی بەهەل زانی: ئەم داوێنە درێژەی وا پیشان دابوو کە «شەیتان» بەکاری دەهێنێ بۆ ڕێی هاتوچۆکردن!...

## ئافرەت لە ناوەند جوانی و زانستدا لە سەردەمی ڕاپەڕیندا

لەناو وێنە و پەیکەرەکانیشدا کە هونەرمەندەکانی سەردەمی ڕاپەڕین بەرهەمیان دەهێنان، ئافرەت بەساردی و سڕی و بێدەنگ و سەنگییەکەوە دەردەکەوێ. ئەوەندە هەبوو سەربەستیی گوتن و کارکردن، کە لە نیشانەکانی ئەم سەردەمە دادەنران، پایەیەکی وەک هی پیاوی بەئافرەت بەخشی. شاری (ڤینیس)یش هەر لە سەردەمەکانی ناوەڕاستەوە بووبووە ناوچەی ئەو کەسانەی کە بۆ بەزموڕەزم و خۆش ڕابواردن دەگەڕان. لەناو کۆڵانەکانیدا یانزدە هەزار ئافرەتی ڕوو بازاڕی هەبوو. کلێساکانیش هەر لە دەمە و ڕۆژئاواوە دەرگاکانی خۆیان دادەخست. لە ترسی ئەوەی بۆ مەبەسی نەنگ و ناپەسەند بەکاریان بهێنن!... کچە دەوڵەمەندەکانیش لەناو زریی خۆش ڕابواردندا گێژیان دەخوارد، بەخۆیان و دەس و پێوەندەکانیانەوە دەسووڕانەوە، بۆ ئەوە دەگەڕان کە هۆیەکی بەزموڕەزم و خۆش ڕابواردنیان بۆ بدۆزنەوە. هەموو کچێکیش بەئاواتەوە بوو قژی زەردی هەبێ... کچەکان چەند کاتێکی دوورودرێژیان ڕادەبوارد بەدانیشتنەوە، قژەکانی خۆیان دەدایە بەر تیشکی ڕۆژ، کە بەدەرمانێکی دروستکراو لە هەنگوین و نۆشاتر و گۆگردی ڕەش، ڕەنگیان کردبوون. ئەویش هەر بۆ ئەمەی کە ڕەنگی قژەکانیان زەرد دەربچێ!...

ژنی سەرداری شاری (ڤینیس)یش، ئاهەنگەکانی بەم جۆرە دەکردەوە، کە خۆی لەناو ئاوێکی تێکەڵ بەبۆنی خۆشی نرخداردا دەشت!...

ڕەوشتی ئەم سەردەمەیش وابوو کە ئافرەتەکان لە ئەندازە بەدەر خۆیان بەگەوهەرەکان دەڕازاندەوە. تا گەیشتە ئەندازەیەکی وەها کە (پەتریاک گوستنیانی) بڕیاری دەرکرد کە خۆ ڕازاندنەوەی وەها پێچەوانەی بەندەکانی ئایینی عیسایە. بەڵام ئافرەتەکان ئەمەندە لەم بڕیارە بۆڵەبۆڵیان کرد لەبەردەم «پاپا»دا، (پەتریاک) ناچاربوو وازی لە بڕیارەکەی خۆی هێنا و کێشایەوە. ئەودەمەیش وابوو، هێشتا چەند کاتێک بەسەر لە دایکبوونی کچەکەدا نەدەڕۆیشت، دەزگیرانییەکەی لە کوڕێک دا ئاشکرا دەکرا. هەروەها زۆربەی ژن ومێردییەکانیش لە تەمەنی دوانزدە ساڵاندا جێبەجی دەبوون!. یەکێک لە نیشانەکانی تری ئەم سەردەمەیش ئەوە بوو کە کچە بچکۆڵەکان ئارەزووی خوێندەوارییان دەکرد. وەک دەڵێن «لاری جین جرای» نووسراوی «کۆماری ئەفلاتوون»ی لە تەمەنی سیانزە ساڵاندا خوێندووە. «کاترین سفورزا»یش کارگەیەکی تایبەتیی خۆی هەبوو، لێکۆڵینەوەی زانستیی تێدا دەکرد: «ئۆلیمپیا موارتا»یش لە تەمەنی چواردە ساڵیدا زمانەکانی (گریکی) و (لاتینی) فێر دەبوو!...

## سەری زمانیش بەشی خۆی هەبوو لە جوانیدا

جوانی لە سەردەمی ڕاپەڕیندا، لەسەر و شێوە و بەژن و باڵای شاژنی «ناپۆلی»دا دەردەکەوت، ئافرەتێکی باڵا ناوونجی بوو، لەشی ڕەپ و ڕاست بوو، تەنکە بوو، نەقەڵەو بوو، نە ئێسک دەرکەوتوو... ڕەنگی پێستی سپییەکی بەرەو سوور بوو، قژێکی زێڕینی درێژیشی پێوەبوو، دوو گوێچکەی بچووکیشی پێوە بوو، کە لەگەڵ دەمە پچکۆڵە ناسکەکەیدا ڕێک دەکەوتن... برۆکانیشی هەر لە مانگی یەک شەوەیان دەکرد، ڕەنگێکی قاوەییی کاڵیان هەبوو... چاوە شینەکانیشی لە ئەستێرەکانی ئاسمان گەشتر بوون... لووتە ڕاستەکەیشی ڕووی دەکرد بەدوو بەشی ڕێکوپێکەوە... ددانەکانیشی بچووک بوون، لە

ڕەنگدا وەک ددانی فیلی بریسکەدار وابوون. لێوە خڕوپڕەکانیشی ئەوەندەی نەمابوو کە هەنگوینیان لێ بێتە دەرەوە، کە دەکرانەوە دەمێکی تەسک دەبینرا، کە وەک گوڵ بۆنی خۆشی پەخشان دەکرد، کە هەرگیز زەردەخەنەشی لێ نەدەوەستایەوە. خۆ دەنگەکەیشی وەک دەنگی پەری وابوو. لەناو چەناگەیشیدا «نیشانەی جوانی» دەردەکەوت. دەموچاویشی بەرەو خڕی دەچوو. گەردنێکیش ئەو دەموچاوەی هەڵگرتبوو، کە خڕوپڕ و نەرمونۆڵ بوو بەنازێکەوە ڕاست بووبووەوە لەناو هەردوو شانەکانیدا، سنگەکەیشی هیچ ئێسکێکی پێوە نەدەبینرا، دوو مەمکیشی پێوە دیاربوو کە هەردووکیان خڕوپڕ بوون و، هەریەکەیش ڕووی کردبووە لایەک!. دەستەکانیشی بەرەکانیان[1] ئەمەندە سپی بوون هەر لە ددانی فیلیان دەکرد. پشتەکانیشیان وەک بەفر سپی دەچوونەوە. درێژاییشیان ئەوەندەی درێژایی دەموچاوی دەبوو. پانیی شانەکانیشی پێویستە لەگەڵ ئەندامەکانی تری لەشەدا ڕێک بکەوێ. هەروەها لەگەڵ ئەو پێیانەیشدا ڕێک بکەون کە مام ناوەندین و پەنجەکانیان ڕێکوپێکن!.

یەکێک لە نووسەرەکانیش نموونەی گشتی جوانی ئەم سەردەمەی وا پیشان داوە: گوتوویەتی: دەبێ قژ زەردبێ، ناوچەوان بەرزبێ، برۆکان لە ڕەنگدا تاڵ بن، چاوەکانیش لە ڕەنگی قاوەی تاریکدا بن!... بەلای ئەویشەوە وابوو کە سەری زمان نابێ گرنج گرنج بێ، یان چوار گۆشە بێ، پێویستە هێلکەیی و خڕبێ!...

هونەرمەندەکانی سەردەمی ڕاپەرینیش بایەخیان داوە بەم جۆرە ڕەنگ و شێوە و ئەندازانە. وێنەکان و پەیکەرەکانیان خانمەکانی چینی بەرزیان پیشان دەدا بەوەدا کە دەموچاوەکانیان گرژ و دەستەکانیشیان لە گوڵیان دەکرد. ئەو خانمانە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون کە جوانییە هەست بزوێنەرەکەی خۆیان دەرنەخەن، لەگەڵ ئەمەیشدا لەو وێنە و پەیکەرانەدا جوان دەنوێنن، گەورەیی خۆپێچانەوە و شیرینییان دیارە!...

## ئەلیزابێث-ی شاژن بەئاوی پیاز خۆی بۆنخۆش دەکات

هەر سەدەیەکیش ئەوەی بۆ هەڵ بکەوێ کە لە بەشی یەکەمی سەدەی (ئەلیزابێث)دا لە ئینگلتەرەدا ڕووی دا، لە باریدا هەیە کە لە مێژوودا جێگایەک بۆ خۆی داگیر بکات. لەو ماوەیەدا ئافرەتەکان بابەتی گفتوگۆی ڕۆژانە بوون. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، بەتایبەتی لە خاکی ئەورووپادا، سەروشێوەیان سەیر دێنە پێش چاومان. کەشیشە ئافرەتەکان کە بەناو

[1] یان: لەپی دەستەکانیشی....



کۆڵانەکانی شاری «پاریس»دا دەگەڕان، دەرمانی بۆنخۆشیان دەدا لە قژی سەرە لوول کراوەکانیان، گۆرەویی ڕەنگ سووری تەنکیان لەپێ دەکرد، کە لەژێرەوە گۆشتەکەیان دیاربوو. گۆرەوییەکان تا ژوور ئەژنۆیان هەڵدەچوون، ئەوەندەی حەوت پەنجە لێوارەکانیان بەنەخش و نیگار ڕازێنرابوونەوە. پێڵاوەکانیشیان سووربوون یان بنەوشەیی. بەرسنگی کراسەکانیشیان بەزەڕکفت نەخشێنرابوو. جلوبەرگەکانیشیان، هەر کەسە، جۆرێک بوون، لە «ساتان» دروست دەکران، یان لە ئاوریشم، یاخود لە قەیفەی نەخشکراو بەزێڕ یاخود زیو. پیشەسازەکانیش لە نەخش و نیگار کردنیاندا هونەریان دەنواند. جا کەشیشە ئافرەتەکان بەم جۆرە خۆیان ڕازاندبێتەوە، دەبێ ئافرەتە ڕووبازاڕییەکان چۆن خۆیان ڕازاندبێتەوە مێژوویش وامان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕاسپێردراوی (ڤینیسیا) لە کۆشکی شاهەنشایی ئینگلیزدا، ناوونیشانی شاژن «ئەلیزابێث»ی وا بۆ هەڵداوین: کە ئافرەتێکی ئێسک سووک بووە، بەڵام بەجوان دانەنراوە. لەش و هۆشیشی ناوازە و ڕازاوە بوون، تەڕوبڕ بووە. لەشێکی توندوتۆڵیشی پێوە بوو، دەستەکانیشی جوان بوون. بێجگە لەمانەیش هەمووی زمانی یۆنانیی کۆن و ئیتالیایی بەتەواوی زانیوە. زیرەکی و تێگەیشتنی گەیوەتە پۆپەی، هەر بەوەیشدا هێز و هەڕەتی ڕەوشتی خۆی نواند، کە بەرامبەر گومانەکان و تەنگوچەڵەمەکان خۆی ڕادەگرت. قژی سەریشی لە ڕەنگی لمدا بوو. خۆیشی وا ڕاهێنابوو کە سپیاو و سووراوی زۆر بەکار دەهێنا. تەنانەت ئەوانەی کە لە سەردەمی ئەودا ژیاون، وایان گێڕاوەتەوە کە لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا ئەمەندە سووراو و سپیاوی لە ڕووی خۆی دەدا، ئەستوورایی ئەو دەرمانانە دەگەیشتە نیو گرێ. ئەم دەرمانانەیش لە دەموچاویەوە هەتا گەردن و سنگیشی داگیر دەکرد! جا لەو دەمەیشدا کە بەنزیک ساڵی ١٦٠٠ دەکەوت، باوێک داهاتبوو لەناو ئینگلتەرەدا، ئافرەتان جوانی سنگی خۆیان دەردەخست، بۆ ئەمەی ئەوە بکەن بەبەڵگە کە هێشتا کچن. جا شاژن (ئەلیزابێث)، خۆی بوو کە ئەم باوەی داهێنا، دوای ئەو ئافرەتە شوونەکردووەکانی ناو کۆشکی شاهەنشایش هەر لەسەر ئەو باوە دەڕۆیشتن!...

شاژن ئەلیزابێث، هەروەها هۆگری بۆنە خۆشە گرانبەهاکانیش بووبوو. ملوانکەیەکی وایشی دەکردە ملی خۆی کە هەر دەنکەی بۆنێکی تایبەتیی لێ دەهات. دەست کێشەکانیشی، تەنانەت پێڵاوەکانی و پاڵتۆکەیشی بۆنی خۆشیان لێوە دەهات. ئەو بۆنە خۆشانەیش کە بەلای ئەوەوە پەسەند بوون بریتی بوون لە میسک و گوڵاوی ئاوی پیاز و شەکر، کە هەریەکەیان بەئەندازەیەک تێکەڵی یەکتر کرابوون!...

هەرچیی ئافرەتی ئاساییش بوون، ماڵەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت بۆ ئەمەی جوانی و ڕازاوەیی خۆیان لەناو شەقامەکاندا پیشانی کەسانی تر بدەن. جا لەم دەمەدا ملیوانە پانە لۆچدارەکان پەیدابوون و بڵاوبوونەوە، کە بەئاردە برنج دەقیان پێ دەگیرا، هەروەها ئەو کراسانەیش پەیدابوون، کە بەچیلکە ئێسکی ماسی، پاشان بەتەلی کانزای دروستکراو دەقیان پێ دەگیرا!... خانمەکانیش لەژێر ئەو کراسەوە جۆرە کراسێکی تریان لەبەر دەکرد کە لەشی توندوتۆڵ دەکردنەوە و سنگی دەگوشین. تەنانەت وایان لێهاتبوو، هەموویان لە یەکتر دەچوون، هەروەک بووکە شووشە وابوون!... لە سەدەی شانزەهەمیشدا پاژنەی پێڵاوەکانی ئافرەتەکان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، بەرزکرانەوە. ئنجا ئەو پاژنەیە بوو بەباو کە داری گەنەگەنەی تێوە دەپێچرا، کە تەنانەت لەم سەردەمەی ئێمەیشدا هەر باوە!... لە ڕاستیدا ئافرەت لە سەدەی شانزەهەمدا کاتێکی خۆشی بەسەر دەبرد... بایەخی دەدا بەبەرگ و پۆشەنیی خۆی، بەڕەنگاوڕەنگ کردنیان، هەرچی کاروبارێکی ماڵەکەیشی هەبوو، بەرەڵڵای دەکردن بۆ دەس و پێوەند... لەو کاتەدا خۆی و دەستە خوشکەکانی لەناو دەرگاکاندا دادەنیشتن سەیری ڕێبوارانیان دەکرد و، ڕێبوارانیش سەیری ئەوانیان دەکرد. یاخود هەر بەناو کۆڵانەکاندا دەگەڕان، بەمەبەسی سووڕانەوە، یان سواری ئەسپ دەبوون، یان سەریان لە دەستە خوشکەکانی خۆیان دەدا. یاخود دەچوونە ناو ئاهەنگەکان و شیوەنەکانەوە!...

لەو سەردەمەدا بەشی هەرە گەورەی ئافرەتەکان تاکاتیش دەگەیشت بەدەی بەیانی لە خەو هەڵ نەدەستان. پاش ئەوە نزیکەی دوو سێ کاتیان بەوەوە ڕادەبوارد تا خۆیان پۆشتە دەکردەوە. ئنجا دەچوون بەلای خواردنەکەیانەوە. جا پاش ئەمەی تێروپڕ بابەتانی خواردن و خواردنەوەیان دەخوارد و دەخواردەوە دەستیان دەکردەوە بەگەڕانەکانی خۆیان، بۆ هەر کوێیەک دەچوون خەریکی زۆر بڵێیی خۆیان دەبوون!.

## ڕووناکییەک لەناو تاریکیدا

جا لەناو ئەو تاریکیی تێکچوون و ئاژاوەی کۆمەڵایەتییەدا کە نەتەوەی ئینگلیزی داگیر کردبوو، لە سەردەمی ڕاستکردنەوەی کاروباردا کە بەر سەدەی حەڤدەهەم کەوتبوو، وێنەی «ئەلیزابێث هاملتون» دەدرەوشایەوە و پڕشنگی دەدا... ئەو وێنەیە هەتا ئێستایش ماوە، لە «ناوازەگاهی نەتەوەییی لەندەن»دا هەڵواسراوە، ئەو تەمەنەی پیشان دەدات کە تازە پێگەیشتووە. جوانترین گەردنی پێوەیە کە بەرچاو کەوتبێ. جوانترین باڵی پێوەیە کە لە



جیهاندا بینرابێ. وێنەکە پڕبوو لە شۆخ و شەنگیی و بەسامی. بەوێنەیەکی بنچینەییش دادەنرێ کە هەرچیی ئافرەت هەیە دڵتەڕی و جلوبەرگی جوان لەوەوە فێرببێ، ڕێکوپێکیی ئەندامەکانیشی لەگەڵ یەکتردا گەیشتبووە ئەوپەڕی تەواوی و دروستی. هۆشیشی لەگەڵ لەشیدا کەوتبووە لەنگەرەوە. چاوەکانیشی گەورە نەبوون، بەڵام پڕبوون لە ژیان. خاوەنەکەیان دەیتوانی هەر بیروباوەڕێک بەدڵدار بێ پێیان دەرببڕێ. هەست و تاسەکانیشی بەرز و پیرۆز دەرکەوتبوون، کردەوە و ڕەوشتی وایشی پێوە دیاربوون کە لەباریدا هەبوو هەموو دەمێ جڵەوی خۆشەویستیی و دڵداری بگرێ بەدەستیەوە. هەروەها هەموو لایەکیش ڕێزی لێ بگرێ!.

لەم سەردەمەدا خوویەک بڵاو بووبووەوە، کە بەئارەزوو، کەم تەرخەمییان دەنواند لەگەڵ جلوبەرگدا. ئافرەتەکان دامێنی ژێر کراسەکانی خۆیان بەرەڵڵا لەژێر کراسەکانی دەرەوەیانەوە دەردەکەوتن. هەروەها ئەگریجەی خۆیشیان بەرەڵڵا دەکرد لەخۆیەوە پەخشان دەبوو بەسەر ناوچەوانیاندا.

## بەدخوویی جوانی لەناو کۆشکی شاهانیی ئینگلیزدا

ئەم سەردەمی «ڕاستکردنەوەی کاروبار»ەیش جۆرە جوانییەکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە (کاستلمین) خاندا دەردەکەوت، ئافرەتێکی کەڵەگەتی قژ ڕەشی، چاوشینی، لچ و لێو سووری کاڵ بوو، کاتێ کە چاوی کەوت بە(فیلیپ ستانهۆپ ئێرل چەستەرفیلد)، لە تەمەنی شانزە ساڵاندا بوو. ئاشنایەتییەکەیان بۆژۆ بوو بەکەتنی ناشیرین ناشیرینەوە، بەڵام لەدواییدا درا بەشوو بە «ڕۆجەر پامڵەر»، کە دوایی گەیشتە پایەی «ئێرل کاستلمین»، پاش ئەوە «چارلسی دووەمی خونکار» لە شاری (لاهای)دا چاوی پێکەوت، دەستبەجێ گرفتاری ئەڤینی بوو. لە شەوی ٢٩ی مانگی بەختەباران (مایس)ی ١٦٦٠دا گەڕایەوەنیشتمانەکەی خۆی. لەباتی ئەوەی وەک خونکارێکی خاوەن هەست، بەلێ پرسینەوە، کردەوە بنوێنێ، ئەو شەوەی لە ماڵی دۆستێکی خۆیدا ڕابوارد، بەبەزموڕەزمەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتە جوانە دڵکێشکەرەدا... لە مانگی نەورۆز (مارت)ی ساڵی ١٦٦١دا «ئان»ی لێ لە دایک بوو کە کچی یەکەمی بوو. ئەم ئافرەتە ئەمەندەی نەمابوو لە داخاندا شێت ببێ لەتاو کردەوەی خونکار کە مارەکردنی کچە شای (پورتەگال)ی لە خۆی ئاشکر کرد... (کاستلمین) خاتوون لەسەر ئەوە میچی گرت کە منداڵەکەی دووەمی خۆی هەر لەناو ئەو کۆشکەدا دابنێ کە خونکار مانگە هەنگوینەی تێدا ڕادەبوارد!... بەڵام خونکار

بەرەنگاریی کرد. لەبەرئەوە «چارلز»ی کوڕی لە کۆشکی «ویست منستەر»دا دانا!...

هەروەها مێژووی ئەم سەردەمەیش ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە: کە ئافرەتێک بەرگی داوێن پاکی و بێ تاوانیی پۆشی، بۆ ئەمەی جوانی خۆی ئاشکرا بکات. کەچی لەڕاستیدا ئافرەتێکی دڵڕەق و سامناک دەرچوو، ئافرەتەکە ناوی (لویز دو کوڕال) بوو. (لویسی چواردەهەم) کە خونکاری فەرەنسە بوو، ناردبووی بۆ چارلزی خونکاری ئینگلتەرە، تا بیروهۆشی لێ داگیر بکات و، لە ڕاز و کەینەوبەینەی ئاگاداری بکات... بەواتایەکی تر ئافرەتەکە بۆ سەرەتارتکێ کردن و چاو تێ بڕین و قسە دزین و ناپاکی نێررابووە لای. هەر رووکەشە فریشتەییەکەی بەس بوو بۆ ئەوەی (چارلز) گەشکەدار بکات و بیروهۆشی لێ بستێنێ کەچی لە شێوەیەکی شیرین و هانەدەردا بەرپەرچی دەدایەوە لە دەستبازی کردن!... لە مانگی دەهەمی ساڵی ١٦٧١دا، لەناو ئاهەنگێکدا کە لەناو خانوویەکی لادێیانەی (کۆنتێسە ئار لینگتۆن)دا کرا، ئاشنایەتییان تەواو تینی سەند... خاوەن ماڵەکەیش، بۆ ئەمەی خونکار زۆرتر دڵی خۆش ببێ، پێشنیازی وا کرد، کە ئاهەنگێکی ژن و مێردەیی بەگۆبەندیان بۆ بگێڕێ... لە پاش ڕابواردنی شەوێکی پڕ بەبەزمورەزم ودەنگەدەنگ، بانگ کراوەکان زاوا و بووکییان کێش کرد بۆ ژووری پەردە... (کۆنتێسە ساندرلاند) چووە ژوورەوە و یارمەتیی بووکەکەی دا لە جلوبەرگ داکەنندا!... جا ئەنجامی ئەم ئاهەنگە بەگۆبەندە بەوە گەیشت کە (لویز دو کۆڕال) سکپڕبوونی خۆی لە خونکار بڵاوکردەوە. ئەویشی کرد بەهۆیەک بۆ ئەمەی (چارلز) بخاتە سەر ئەوەی لەگەڵ (لویسی چواردەهەم)دا ببنە سوێندخواری یەک، تا پێکەوە بەگژ (هۆڵەندە)دا بچن!

فەرەنسەیش لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەسەر جوانی پەکی نەکەوتبوو. (مادام دی مەنتون)، ئافرەتێکی کەڵەگەت بوو. لە سەروشێوەیدا نەژادی و رووخۆشی و، نەرمونیانی و، زرنگیی دیاربوو. چاوەکانی دەبریسکانەوە، گەش و پرشنگدار بوون. ئەوەیان دەردەخست کە خاوەنەکەیان دڵێکی پڕ هەستی بەجۆشی هەیە، کە زیرەکییەکی ئاشکرایشی هەیە.

(مادام لۆنگ فیل)یش جوانییەکی پەری روویانەی هەبوو، ئەمەیش دڵی پیاوی زۆرتر کێش دەکرد کە پێستی لەشی نەرم و خڕوپڕ بوو، سپیی ڕەنگێکی بەرەو هەنگوینی بوو، کە قژی سەری زێڕین بوو، کە چاوەکانیشی وەک ئاوی زریێیەکی قووڵ شین دەچوونەوە.

بێجگە لەوانە (مادام دی مۆنتسیان)یان هەبوو کە قژ زەردێکی دڵکێشکەر بوو.



هەروەها (ماری دی شیفریز)یان هەبوو، کە خاوەنی دەموچاوێکی درێژکۆڵەی دڵ ورووژێنەر بوو، چاوەکانیشی شین و تیژبوون، پڕبوون لەو واتایانەی کە دەری دەبڕین. قژێکی وایشی پێوە بوو کە لە ڕەنگی لمی دەکرد، ئەویش سامانێکی بەنرخ بوو، بایەخی پێ دەدرا!...

## لێدان لە ژن لە کۆڵانەکانی لەندەندا

زۆری پێ نەچوو بەهۆی (کۆمەڵی پیوریتان)ەکانەوە شەپۆلێکی پاککردنەوە ئینگلتەرەی گرتەوە، کە لە ئەنجامی ئەوەدا ئافرەتەکانی کەوتنە باری دەروێشی و خۆپاراستنەوە لە گوناه و تاوان... ئەوەندە هەبوو ئەم شەپۆلی پاککردنەوەیە لە سەدەی هەژدەدا زووبەزوو لاچوو. داوێن پیسی و بەدخوویی دەروازەیان بۆ کرایەوە و، دەستیان کردەوە بەسەرکێشی... تەنانەت وای لێهات ئەم سەردەمەیان ناونا «چەرخی بەدخوویی»... چونکە بەند و باوی زۆر تێدا بڵاوبووەوە، ئافرەتانی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران ناوبانگیان بەخراپ دەردەچوو. تاکەکانی ئەم چینە بەرزەیش بەهیچەوە خەریک نەمابوون بەمەوە نەبێ!... ئەو سامانەیش کە بەهۆی بازرگانیی بەندەوە دەست دەکەوت، بەجۆرێکی تێکڕایی سەر لە شاری (لەندەن)دا بزووتنەوەییەکی گەرموگوڕی هێنایەکایەوە، کە شارەکەی وا لێکرد ببێتە کانگای جێگای بەزمورەزمێکی ئەمەندە زۆر کە لە ژمارە نەیەن... دڵدارەکان لە چەقی ڕێگاکاندا لە ژنەکانی خۆیان دەدا، لەبەرچاوی هەموانیشدا رووتیان دەکردنەوە... بەم ڕەنگە بەدخووەکان توندوتیژییان پێوە دیاربوو!... ئەوەندە هەیە ئەم بارە نەبووە هۆی ئەوەی کە سەدەی هەژدەهەم بێ بەش بمێنێتەوە لەو ئافرەتانەی، کە ناویانی لە مێژوودا بەزیندوێتی هێشتەوە. یەکێک لەو ئافرەتانە «کارۆلین لام» بوو کە لە ناو کۆبوونەوەیەکی گشتیدا «شریدان» ئاشکرای کرد، کە تەنیا ئافرەتێک دڵی گرتبێتی ئەو بووە. هەروەها ئافرەتەکە خۆیشی ئەوەی گێڕابووەوە کە شازادەی بەریتانیا ئەمەندە خەریکی مێبازی بووبوو لەگەڵیدا، جارێکیان خۆی فڕێ دابووە بەرپێی. پاشان خۆی بەسەر سکدا دابوو بەزەویدا. بەزگەخشکێ خۆی بۆ کێش کردبوو!... هەروەها ئەوەیشی گێڕابووەوە کە «ڕیکامییە» خاتوون چۆن لە شاری (پاریس)دا گرفتاری جوانی بووبوو، بەئەندازەیەکی وەها کە کاتێ چووبووە ماڵی ئەو، میوانەکانی خۆی بانگ کردبووە لای خۆی کە سەیری ئەم ئافرەتە جوانە ئینگلیزە بکەن، لە کاتی جووڵانەوە هەست بزوێنەکانیدا لەناو پێخەفەکەیدا!...

## ئافرەتانی ئەوروپا لە سەدەی هەژدەمدا

«لێدی ماری مۆنتاگۆ» لە گەشتەکەی خۆیدا کە بەناو ئەوروپادا کردبووی بۆ «ئەستەموولّ» ، وای نووسیبوو: «کە ئافرەتەکانی پایتەختی (نەمسە) بالاّخانەیان دروست دەکرد بەسەر سەری خۆیانەوە لە ئاوریشمی تەنک و ڕووناک. بالاّخانەکەیش بریتی بوو لە چوار چین یان زۆرتر. بەدەزووی ڕەنگاوڕەنگی بێشومار توندوتۆلّ دەکرا ئەمە بێجگە لەوەیش کە قژی دەستکردیشیان دەخستە ناو قژەکانی خوداکردی خۆیانەوە... ئاخۆ لەبەرچی ئەم بارە گرانەیان دەخستە سەر سەری خۆیان و خۆشییشیان لێ وەردەگرت؟!

نووسەرەکە ئافرەتەکانی شاری (هانۆڤر)یش وا پیشان دەدات، دەڵێ «هەر کامێکیان بگریت ڕوومەتەکانی وەک گوڵەباخ وایە سنگ و ناوچەوانی بەرز و سپییشی پێوەیە. چاوەکانی بەکل ڕێژراون. لێوەکانیشی تەواو سوورکراون. ئافرەتی گەورەیش لەم خۆ ئارایشت کردنەدا لەگەڵ ئافرەتی بچووکدا جیاوازیی نییە. لە ڕاستیدا ئافرەتانی (هانۆڤر) لەسەرە مەرگیشدا بن ئارایشدانی خۆیان لەبیر ناچێتەوە ئەوانە هەموو دەمێک لە ئاگر خۆیان دووردەخەنەوە، نەوەک کەرەستەکانی ئارایشەکەیان بتوێنەوە!...» .

هەروەها لە ئاژاوە و پشێوییەیش دەدوێ کە جلوبەرگەکانی ئافرەتەکانی شاری (پاریس) تێیدا بوون، لەگەڵ ئەو ڕەنگە ناسازانەدا کە دەموچاوی خۆیان پێ سواغ دەدا، ئنجا قژە سەرە بڕاوەکانیان، لەگەڵ ئەو هەموو سووراو و سپیاوەدا کە لە خۆیان دەدا؛ کە هەر کەسێ چاوی پێ بکەوتنایە، وای دەزانی ئەو ئافرەتانە لەناو ئاشەوە هاتوونەتە دەرەوە!...

## سەردەمی ئافرەتە هونەرمەندەکان و وێژەوانەکان

یەکێک لەو ئافرەتانەی کە لەناو ئەم چەرخەدا ناو دەبرێن« سارە سیدونز»ە. ئەم ئافرەتە زیرەکییەکی بێ ئەندازە و، بەژن و بالاّیەکی بەسام و سەر و شێوەیەکی باوی کۆن و، دوو چاوی دڵکێشکەر و جادووگەری هەبوو. دەنگێکی سەرسووڕهێنەریشی پێوەبوو، کە لەلایەکەوە ناسکیی و شیرینیی پێوە دیاربوو، لەلایەکی تریشەوە پڕ هێز و کاریگەر بوو. یەکێک لە وێژەوانە گەورەکانی سەردەمی خۆی وای پیشان داوە: کە دەبێ لە ئەستێرەیەکی ترەوە داباریبێ «تاکو کەسایەتی و سامداریی خۆیمان بۆ بنوێنێ، چونکە لە ناوچەوانییەوە هێز و هەڕەت پڕشنگ دەدات، لەناو سنگیشییەوە تاسە و هەستی وا پاک دێنەدەرەوە، هەروەک لە پاکی و بەرزی و پیرۆزیی پەرستگاوە بێنە دەرەوە وان!...» . ئەم ئافرەتە لە



لاسایی کەرەوە هەرە گەورەکانی ئینگلیز بوو. تەماشاکەرانە، هیچی پێ نەدەکرا، ئەوە نەبێ کە ڕووی خۆی لێ وەربگێڕێ، نەوەک بەجادووی ئەو چاوانەوە چاوبەست بکرێ!...
هەروەها لەم سەردەمەدا وێژەوانێکی جوانیش ناوبانگی دەرکرد ناوی «فانی بیرنی» بوو. باوکی ئافرەتەکە ناوی «چارلز بیرنی» بوو. پزیشک بوو، مامۆستا بوو لە ساز و ئاوازدا. کۆمەڵێک وێژەوان و نرخ دانەری لاسایی کردنەوە و ساز و ئاواز لێدەرانی لێ کۆدەبووەوە. «فانی»یش لەناو ئەوانەدا گەورە بووبوو، جا لەبەرئەوەی ڕەوشتی کۆمەلاّیەتیی بەریتانییەکانی ئەودەمە وابوو کە ناوی ئافرەتە نووسەرە وێژەوانەکان بلاّو نەکرێنەوە، «فانی» ناچارما کە نووسراوەکانی خۆی لەژێر ناوێکی هەڵبەستراودا بلاّوبکاتەوە، بەلاّم سەرکەوتنی چیرۆکەکەی کە ناوی «ئیڤیلینا» بوو، بەجۆرێکی وابوو، کە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا کردی بەسەرکردەی نووسەرەکانی سەردەمی خۆی. چەند کەسێکی وایشی لێ کۆبووەوە، کە لە بەناوبانگترین وێژەوانەکانی سەردەمی خۆی بوون، بەلاّم «شارلۆت»ی شاژن لەناکاو کردی بە کەنیزەکی خۆی، ئەمیش ئەوەی پێ نەدەکرا کە بەرپەچی ئەم «پایە بەرزە» بداتەوە!...

ئیتر لەوساکەوە جلوبەرگەکانی شاژن و ئارایشکردنەکەی، «فانی»ی خەریک کردبوو بەخۆیەوە. لەوە بەولایشەوە دەستی نەدەپەرژا کە لە وێژە بپرسێتەوە!...

## ئافرەت بووبووە بابەتی یاری بەدەست پیاوەوە

جلوبەرگیش لەو سەردەمەدا زوو زوو هەڵدەگەڕایەوە، زوو زوو دەگۆڕا، هونەرمەندەکانیش بەهۆی ئەو «باو»انەوە کە پەیتاپەیتا دادەهێنران، کەرەستەیەکی زیندوویان دەست دەکەوت بۆ وێنەکانی خۆیان کە دەیانکێشان. لەبەرئەوە بەهۆی ئەو هونەرمەندانەوە پەند و پەراوێزی ئەو جلوبەرگانەمان بۆ دەردەکەوێ... چونکە لە سەرەتای سەدەی هەژدەمدا، بەکارێکی بێ شەرمی دادەنرا کە ئافرەت لە خوار گەردنییەوە هیچ بەشێکی لەشی خۆی ڕووت بکات کە لە پێنج سانتیمەترە زۆرتر بێ... کەچی لە نزیک نیوەی ئەم سەدەیە خۆیدا ئەگەر بەشی گەورەی سنگ و شانەکانی خۆی ڕووت بکردایە بەپەسند دادەنرا!... کەچی لە پاش چەند ساڵێک ئەو «باو»ە هاتەوە ناوەوە کە هەتا دەگاتە چەناگەیش، گەردن داپۆشرێ!... هەروەک (لۆرد چێستەر فیلڵد) گوتوویەتی: ئافرەت لەو سەردەمەدا بەلای پیاوانەوە وابوو ،کە بابەتێکە بۆ ڕابواردن!... بۆ کوڕەکەی خۆیشی ئەمەی نووسیوە: «لە بابەت بەدخوویییەوە قسەکردن خۆشە. ئەوەندە هەیە لەوەتی هەم ئافرەتێکم

نەدیوە لە ڕووی بیروهۆشەوە گفتوگۆ بکات، یاخود کار و کردەوەکانی لەگەڵ هۆش و تێگەیشتوویدا، تا بیست و چوار ساتێکی یەک لە دوای یەک ڕێک بکەون!... لەبەرئەوە پیاوی ژیر ئەو کەسەیە کە پێیان ڕاببوێرێ، یارییان پێ بکات، لەگەڵیاندا پێ بکەنێ، کلکە لەقێیان بۆ بکات، بەجوانییاندا هەڵ بدات... پێویستە وا لەگەڵیاندا بجووڵێتەوە، کە لەگەڵ منداڵی بچووکدا دەجووڵێتەوە... بەڵام پیاو دەبێ خۆی بپارێزێ لەوە، کە لە کاروباری گرنگدا ڕاوێژیان پێ بکات، کە لە ڕاز و نهێنی شاردنەوەدا پشتیان پێ ببەستێ... ئەوەندە هەیە پێویستیشە وا بخاتە مێشکیانەوە کە هەر ئەوانن جێی باوەڕ و، پەنای ڕاز و نهێنیی و، کانگای ڕاوێژ پێکردن!...».

لە بابەت سەدەی هەژدەمیشەوە لێدووان نابڕێتەوە تا ناوی «هۆڵی ئافرەتە گۆرەوی شینەکان» نەبەین. ئەم جێگایەیش وەک یانەیەک وابوو. «ئەلیزابێث مۆنتاگۆ» دایمەزراند؛ لەپاش ساڵی ١٧٥٠یش ئافرەتە وێژەوانەکان لەوێ کۆدەبوونەوە بۆ گفتوگۆ کردن و، بیروباوەڕ نواندن. هەرچەندە ئەم ناوە سەیرە لەو کۆمەڵە ئافرەتانە نرابوو، بەڵام هیچ کامێکیان گۆرەوی شینی لە پێ نەدەکرد!... کەچی لە دوای ئەوەیش ناوی (شین) لە هەموو ئافرەتێک دەنرا کە خووی بدایەتە وێژە یاخود خوێندەواری.

## ژیریی زانا و دڵناسکیی بوێژ لە دڵی ئافرەتێکدا

لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا ئافرەتان ئەمەندە کاتی بێ فرمانییان هەبوو، لە گیانی خۆیان وەڕس دەبوون، لەبەرئەوە بەوە خۆیان لە دەست ئەو وەڕس بوونە ڕزگار دەکرد، کە نەخش و نیگار و وێنەیان دادەهێنا بۆ ڕازاندنەوەی جلوبەرگەکانیان بەگوڵی دەستکرد و نەخش و نیگار، هەروەها بەوەیشەوە خۆیان خەریک دەکرد و، کاتیان بەسەر دەبرد و، ڕایان دەبوارد کە هۆنراوە دڵدارییەکان و پڕ هەست و تاسە ناسکەکانیان دەخوێندەوە و، دەگوت و وێنەیان دەکێشا و دەبینی و ساز و ئاوازیان لێ دەدا و، گوێیان لێ دەگرت. هەروەها هۆگری ئەوەیش دەبوون کە لاسایی ناسراوەکانی کۆمەڵایەتی بکەنەوە و، چاویان لێ بکەن و، تیزیان پێ بکەن و، پێشیان پێ بکەنن. ڕەوشت و خووی باش لەناودا نەما، بەجۆرێکی وا کە زۆربەی پیاوان ئافرەتانی دڵداری خۆیان هەبوو!. زۆربەی ژنانیش پیاوانی دڵداری خۆیان هەبوو!. ئەم سەدەی نۆزدەهەمە پڕبوو لەوشتانەی کە پێچەوانەی یەکتربوون، بەڵام چەشنە ئافرەتێکی تازەی پێگەیاند کە کردەوە و ڕەوشتی تایبەتیی خۆی هەبوو!...



یەکێک لەو ئافرەتە وێژەوانانەی کە جوانی و چارەکردنی وێژەیشیان لە خۆیاندا کۆکربووەوە «ئەلیزابێث باریت براونینگ» بوو ئەم کچە لە بەژن و باڵادا بچووک بوو. هەتا بڵێیت ناسک بوو. دەموچاوێکی خڕ و ناچەوانێکی بەرزی هەبوو. دەمەکەی خڕوپڕ. لێوەکانی پڕ لە ئارەزوو بوون، کە دەکرانەوە دوو ڕیزە ددانی سپیی بریسکەداریان دەردەخست. چاوەکانیشی ئەمەندە شەنگ بوون، برژانگەکانیان دەخشان بەسەر گۆناکانیدا. قژی سەریشی چین چین بوو، لە شێوەیەکی وایشدا بوو کە هەرچی سەیری دەکرد ژیان و لاوێنیی بیر دەکەوتەوە. شاری (فلۆرەنسە)ی خاکی ئیتالیا یادی ئەم کچەی زیندوو کردەوە تا ماوەیەکیش وێنەیەکی یاد ئاوەریی بۆ هەڵواسی بوو کە ئەم وشانەی لەسەر نووسرا بوو: «ئەلیزابێث باریت براونینگ لێرەدا نووسیویەتی و، لێرەیشدا مردووە. ئەم ئافرەتە لەناو دڵیدا ژیریی زانایەک و ناسکیی بوێژێک کۆبووبووەوە توانیویشێتی بەهۆی هۆنراوەکانیەوە دڵی ئیتالیا و ئینگلتەرە بەیەکەوە بنووسێنێ. جا لەبەر ئەوە شاری «فلۆرەنسە» ئەم یادگارەی بۆ دامەزراندووە کە ددان بنێ بەکردەوە چاکەکانی ئەودا – ١٨٦١».

هەروەها ئەم سەدەیە لە بابەت کچەکانی (برۆنتی)یەوە قسەمان بۆ دەکات: (ئەمیلی)یان کە نووسراوی «بەرزاییەکانی ووثرینگ» ئەو دایناوە، وا دەنگی دابووەوە کە گرفتاری ئەڤینی «برا نویل»ی برای خۆی بووە. (شارلۆنت)یشیان کە لە بابەت خۆیەوە وای نووسیوە: «وا نەزانیت کە من کچێکی چاکم. لە ڕاستیدا من خەریکی ئەوەم کە چاک دەربچم، جا ئەگەر ئەو ڕەوشت پاکییەی ئایینی مەسیحیی بانگی بۆ دەدات پێویست بێ بۆ ڕزگاربوون لە دەست سزای خودایی، لە ڕاستیدا من هەرگیز ئەو ڕزگاربوونەم دەست ناکەوێت. چونکە دڵی من بووەتە لە وەرگاهێکی بەپیت بۆ هەست و تاسە تاوانبارە نەنگەکانم!...».

وا دەردەکەوێ کە ئەم کچە لە چیرۆکی «جین ئێر»دا بەتەواوەتی خۆی پیشان دابێ. (ماری ئان ئیفانز)یش نموونەیەکی ترە بۆ ئافرەتانی سەدەی نۆزدەهەم، ئەم کچە خووی دایە نووسراو دانان. ناوی «جۆرج ئەلیووت»ی لە بریتیی ناوی خۆی دادەنا. لە نرخ دانەرەکانی وێژەیش وابوو، کە ئەو پیاوێکە و لە سایەی ژنەکەی خۆیەوە ئەو جۆرە نووسینە ژنانەیە فێر بووە بنووسێ کە نووسراوەکەی خۆی پێ ڕازاندبووەوە!.

ئافرەتانی وایش پەیدابوون، لەم سەدەیەدا، کە بایەخیان دەدا بەکاروباری کۆمەڵایەتی، وەک «ئەلیزابێث فرای»، کە لیژنەیەکی لە ئافرەتە خوێندەوارەکان پێکهێنا بۆ یارمەتیی

بەندییەکانی ناو بەندیخانەکانی ئینگیلتەرە، هەروەها «فلۆرِنس نانیتینگێل» هاتە کایەوە کە خۆی تەرخانکرد بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری نەخۆشەکان و بەرزکردنەوەی پایەی ئافرەتە نەخۆش یارەکان. «فلۆرِەنس»یش ئافرەتێکی وابوو کە هەر لەبەر کردەوە و ڕەوشتی بڵند نواندن دەژیا، ئەوەیشی پێ خۆش بوو کە لەگەڵ پیاواندا فرمان ببینێ. دەیگوت: «پیاوان لە ئافرەتان دڵسۆزترن!...».

## شاژنی دەشت و بیابان

لەم سەردەمەدا، هونەری جوانی ئەندازەی تایبەتیی خۆی هەبوو (میسز هاریس) ئەو ئەندازانەی لە نووسراوەکەی خۆیدا، «هونەری جوانی» پیشان داوە. لەوێدا ئافرەتانی کردووە بەدوو بەشەوە: ئەو ئافرەتانەی کەسایەتییان پێوە دیار، ئەو ئافرەتانەیش کەسایەتییان پێوە دیار نییە!... جا ئەو ئافرەتەی بێ کەسایەتی بێ، ناتوانێ سەرنجی کەسانی تر ڕابکێشێ بۆ خۆی. چونکە دڵ کێش کردن یەکەم ڕەوشت و کردەوەی ئافرەتە. هەموو ئافرەتێکیش لە چەند ڕوویەکی تایبەتییەوە لە باریدا هەیە کە خۆی وا لێ بکات، دڵی کەسانی تر بۆ خۆی کێش بکات، وەک لەشولارێکی ڕێکوپێک و ئێسکێکی سووک و خوێندەواری و ئازایەتی. بەڵام کچی گرژ و مۆن و زویر، یاخود ترسنۆک، یان شەرمنێکی زۆر، بێگومان لەوانە نابێ کە بتوانێ دڵ کێش بکات!...

هەروەها سەدەی نۆزدەهەم کەینەوبەینەی ئافرەتێکی شۆڕشگێڕی تریشمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ناوی (هێستر ستانهۆپ) خان بووە، ئەم خانمە بەریتانیای بەجێ هێشتووە و چووە بۆ گوندی (جوونە) لەناو شاخەکانی (لوبنان)دا، لەوێدا دەستی کردووە بەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی (زانستی ئاسمانەکان) و (زانستە نهێنییەکان). خۆیشی ئافرەتێکی جوان و دڵ کێشکەر بووە. لەساڵی ١٨١٣دا لە بابەت خۆیەوە ئەمەی نووسیوە: «لەژێر کەوانەکانی سەرکەوتندا لە شاری «تەدمور»ی وێرانەدا کە لە سەردەمی کۆنەوە کەلاوەکانی ماونەتەوە، کردیانم بەشاژنی دەشت و بیابان، ئەوانە پێم دەڵێن: ڕۆژ و، ئەستێرە. پێم دەڵێن: مرواریی بیابان و ڕۆشنایی ئاسمان. کەواتە من شاژنی بیابانم!».

شاهەنشاژن (ئۆجینی)یش کە لە تەمەنی بیست و حەوتساڵیدا بوو، جوانترین ژن بوو لە فەرەنسە و لە هەموو جیهاندا. وایان پیشان دەدا: کە ئافرەتێکی باڵا ناوونجی و، بەژن و باڵا بەسام و، قژ زەرد و، جوانێکی چاوبەستکەر بووە، برژانگە بۆرە درێژەکانیشی



سێبەریان بۆ چاوە شینەکانی کردووە. ئەگریجە زێڕینەکانیشی بەسەر ڕوومەتە گەشەکانیدا شۆڕ دەبوونەوە، بڕۆکانیشی کە هەر لەخۆیانەوە ڕێکوپێک بوون و، پێڵووەکانی چاوەکانیشی کە خشت داڕێژرابوون، هەرکەسێ بیبینێنایە وای دەهاتە پێش چاو کە ئەو ئافرەتە لەوانە نییە کە لە خشتە ببرێ، یاخود هەڵە بکات... هەرچیی هونەرمەندەکانیش بوون، شانەکانی و باڵەکانی و گەردنەکەیان بەنموونەیەک دادەنا کە پێویست بوو لە کار و فرمانە هونەرییەکانیاندا لاسایی بکەنەوە... (ئۆجێنی) ئافرەتێکی دڵ کێشکەر بوو. تیری دەدا لە دڵ. لەناو کۆشکێکی شایانەی وا دابوو کە پڕبوو لە ئافرەتە ڕووبازاڕییە دڵ بزوێنەکان! لەژێر کراسە گۆپکەدارەکەیەوە کە لەبەری دەکرد، ڕێکوپێکیی لەشە ناوازەکەی بەجوانی دەردەکەوت. شەڕواڵە درێژەکەیشی کە بۆ سواریی ئەسپ لەپێی دەکرد، هەموو جوانییەکانی لەشی دەردەخست، کە سواری ئەسپ دەبوو، بەدەستە ناسکەکەی کە دەست کێشێکی ناوازەی تێ کێشابوو، جڵەوی ئەسبەکەی دەگرت بەدەستەکەی تریشیەوە قەمچییەکی باریک هەبوو! چارەنووسیشی وابوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە شاهەنشاژنی فەرەنسە. شووی کرد بە «لویس ناپلیۆن». لە ڕۆژی ٣٠ی مانگی چلە (کانوونی دووەم) ی ١٨٥٣دا شا کڵاوی شاژنیی نرایەسەر. هەر ئەوەندە (ئۆجینی) هاتە سەر تەخت، سەردەمێکی خۆ ڕازاندنەوە دەستی پێکرد. ئەگەر «کاستلیۆنی»ی کۆنت ژن، کە دۆستی مێبازیی شاهەنشا بوو، نەهاتایە کۆڕەوە، دەبوو (ئۆجینی) ببوایەتە پێشەوای سروشتیی خۆڕازاندنەوە. بەڵام (کاستلیۆنی) ئافرەتێکی وابوو کە هونەری دەنواند لە داهێنانی ئەو بەرگ و پۆشەنییانەدا کە جوانییەکانی هەرە وردی لەشی دەردەخست، بەجۆرێکی وا کە لە کانگای دڵەوە مرۆڤی دەبزواند هەستی پێ دەکرد بەجوانی. سەیر ئەوە بوو، ئەم خانمە هەرگیز لە ژیانی خۆیدا سیباڵی مەمک هەڵبەستنی بەکار نەدەهێنا. هەرچەند پیاوەکانی ناو کۆشکی شای چاویان پێ دەکەوت گەشکەدار دەبوون، هەناسەیان لێ دەبڕا!. ئەوەندە هەبوو لەسەر تەختی شایانەی جوانی ئەمەندە نەمایەوە، چونکە لە تەمەنی ٣٥ ساڵاندا (کاستلیۆنی) جوانییەکەی باری کرد، چونکە ددانەکانی هەڵوەرین، سەری سپی بوو، مەمکەکانی شۆڕبوونەوە. لە دواییدا خۆی لە کۆمەڵایەتییەکان کێشایەوە و، لە پەنادا خۆی شاردەوە و، بەدزییەوە مرد!؛

هەروەها ئەم سەدەیە لە بابەت «ماری شیللی»یشەوە قسەمان بۆ دەکات، ئەم ئافرەتە ژنی بوێژ «شیللی» بوو. لەوە زۆر تەنگەتاو دەبوو کە مێردەکەی لەگەڵ «بایرۆن»ی بوێژدا دۆستایەتیی دەنواند. خۆیشی ئافرەتێکی لەش توندوتۆڵ بوو. قژی زێڕین بوو. شانەکانی

ئەمەندە سپی بوون هەر لە بەردە مەرمەڕیان دەکرد. لەشێکی سووکیشی پێوەبوو. ئافرەتێکی ڕووخۆش و ناسک و زرنگ بوو. هەست و تاسەکانی بەرز و پیرۆز بوون لە هۆشیشدا تەواو بوو... هەروەها لە بابەت «کاترین بۆث»یشەوە دەدوێ، کە ئەندامێک بووە لە لەشکری ڕزگاربووندا، کە سەرکردەیەکیش بووە لە جوولەی ئافرەتاندا، چونکە یەکەم کەس بووە، کە داوای کردووە ماف بەئافرتان بدرێ.

ئەم سەدەیە هەروەها «جۆرج ساند»یشی هەیە، کە خۆشەویستیی خۆش ویستووە، بۆیەکا ئەمەندە هۆگری (ئەلفرێد دی مۆسیە) و (فرێدریک شوپان) بووە.

## سینەما لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەندازەکانی جوانی یەک دەخات

لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، ئافرەت زۆرتر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە هونەری باوداهێنان بۆ بەرگ و پۆشەنی گەشە بکات تا جوانییەکانی ڕوو و لەشولاری خۆی بەتەواوەتی دەربخات!... لەبەرئەوە پەنای بردەبەر ئەو ژێر کراسەی کە سنگ و مەمکەکانی دەربپەڕێنێ و، ڕووکەشی کەلەکەی ڕێک بخات، بێجگە لەوە پەنای بردەبەر ملیوانە بەرزەکان کە بەئاردە برنج دەقیان دەگرت، ئنجا قژی دەستکرد، پاش ئەوانیش کڵاوە گەورەکان. ڕوودانی جەنگی جیهانیی یەکەمیش ڕێگای کردەوە بۆ پەیدابوونی هەڵگەڕانەوەیەک لە جیهانی ئافرەتاندا. چونکە ماوەی دا بەدەرکەوتنی کەرەستەیەکی تازە لە ئەندازەکانی جوانی و نموونەکانی بەرگ و پۆشەنیدا ئەو کەرەستەیەش لەگەڵ ساز و ئاواز و هەڵپەرکێ و سەما و دۆلارەکانی ئەمەریکادا بەسەر زریێی ئەتڵەسیدا پەڕییەوە بۆ ئەوروپا!... کاتێ جەنگیش قەوما، بەرگ و پۆشەنیی کۆمەڵانی نەتەوە بەرەو یەک شت دەستیان کرد بەگۆڕان... تەنانەت ئافرەتەکان، هەروەک سەربازەکانیان لێهات، بەرگی هەموویان بوو بەیەک... کاتێ کە جەنگیش تەواوبوو، هێڵی کەلەکە، کە لەسەر کراسی ئافرەتان نیشانە دەکرا، نزیکەی پێیەک داکەوتە خوارەوە. سەرتاشەکانیش چەندیان لە دەست هات کردیان بۆ ئەمەی قژی سەری ئافرەتەکان ڕێک بخەن. ئافرەتەکانیش لە شێوەیەکی تازەدا قژی سەری خۆیان هەڵپاچی. کراسەکانیشیان ئەمەندە کورت بوونەوە، گەیشتنە ژوور ئەژنۆوە!... کچەکانیش دەستیان دایە بابەتی وا کە لێیان بدوێن، کە هەرچەند ناویان دەبردن دایکەکانیان تەریق دەبوونەوە!.

پاش ئەوە جەنگی جیهانیی دووەم هاتە پێشەوە، تاریکیی و بۆمبابارانیش لەگەڵ ئەودا پەیدابوون. ئافرەتەکان شەڕواڵی پیاوانیان لەپێ دەکرد... پەناگەهەکانی ناو شار بووبوونە



یانەی کۆمەڵایەتی، دابەشکردنی کوتاڵیش بەپێی سەرپەرە، ئارەزووی ئافرەتەکانی بەستەوە لەخۆ ڕازاندنەوەدا. لەبەرئەوە «کراسەکانی ئاهەنگ» بووبوونە بیرەوەریی کۆن، جلوبەرگی سەربازانەیش بووە هۆیەکی ئەوەی کە جیاوازی لە ناوەن چینەکانی نەتەوەدا نەمێنێ، لە ناوەند نەتەوەکانیشدا نەمێنێ... چونکە لەو چەند ساڵەدا بووبووە جلوبەرگێکی جیهانی!. لە ڕاستیشدا جلوبەرگەکانیش وەک شەپۆلی دەریا وانە، هەموو دەم لە ناوەند بەرزبوونەوە و نیشتنەوەدان.

ڕەوشت و خوو و خوێندەواری و، نەتەوایەتی و، شێوەی ژیان پەیدا بووە. هەر سەردەمەیش شێوەی خۆی هەبووە لە جوانی ئافرەتدا. هەرچی شێوەی ئەم سەدەیەیشە بریتییە لەوەی کە بارستاییییەکانی جوانی لە هەموو جیهاندا بکرێن بەیەک، وا دەردەکەوێ کە (سینەما) لەم یەککخستنەدا کارێکی گەورە بکات!... «فیلمەکان» وایان لێهاتووە لە هەموو جێگایەکدا گۆڕان و گەشەکردنەکانی جوانی و بەرگ و پۆشەنی، بۆ ئافرەتەکان دەگوێزنەوە. کاتێک کە خونکاری ئینگلتەرە، لە پێناوی مارەکردنی «میسز سەمپسون»دا وازی لە تەختی شاهەنشایی بەریتانیا هێنا، ئافرەتەکانی جیهان دەستیان کرد بەلاسایی کردنەوەی ئەو ئافرەتەی بەسەر ئەو شاهەنشایێتییەدا زاڵ بووبوو!... تەنانەت ئەستێرە گەشەکانی (سینەما)یش بووبوونە وێنەیەک بۆ جوانی ئافرەت، ئافرەتانی تر چاویان لێ دەکردن. کچەکان لاساییی «گریتا گاربۆ»یان دەکردەوە لە هەڵسان و دانیشتنی ئافرەتانەیدا، کە جادووگەری و، دڵڕەقیی لەخۆیدا کۆکردبووەوە «گریتا گاربۆ» ئافرەتێکی تەنکەی لەشولار ڕێکوپێک بوو. پێستێکی گەش و پرشنگداری پێوە بوو. پەنجەکانی ناوازە بوون. لنگەکانی توندوتۆڵ و ڕێکوپێک بوون. مەمکەکانیشی بچووک و ڕاگیراو بوون. هەر لە دوو هەرمێیان دەکرد کە هێشتا پێ نەگەیشت بن!... هیچ سووراو و سپیاوێکیشی نەدەکرد هیچ ڕۆنێکیشی لە دەموچاوی خۆی نەدەدا!...

کەچی لەپڕ، لەناکاو، «باو» گەڕایەوە بۆ سەردەمی هەرە کۆن، پەیکەری «نەفەرتیتی» کە سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش شاژنی میسر بووە ئێستاکە بووەتە نموونەیەکی وەها کە ئافرەتان لاساییی دەکەنەوە!. بەم ڕەنگە جوانی ئافرەتمان وا چاو پێکەوت، کە هەموو دەمێک هەر لە گەشەکردن و گۆڕاندا بووە، کەچی لەپاشدا گەڕاوەتەوە سەر ئەو شێوەیەی کە لە سەردەمی هەر کۆندا باوبووە!...

لەپاش ئەم لێدوانە دەمودەستییە، زوو بەزووییە، کە لە بابەت (ئەندازەکانی جوانی)یەوە کردمان دەست دەکەین بەپیشاندانی جۆرەکانی جوانی!...

## ئەو جوانییەی هەست دەبزوێنێ

ئەمە زۆر گرانە بۆ ئێمە کە بۆ «جوانی هەست بزوێن» نیشانەی وا دابنێین کە هەتا تایبەتی بێ بۆ خۆی و، جوێی بکاتەوە لە ڕەنگەکانی تری جوانی. چونکە زۆر ئافرەتانی وا هەن کە بەهەست بزوێن دادەنرێن، کەچی سەروشێوەیان لەگەڵ ئەندازەکانی جوانیدا ڕێک ناکەون!... یەکێک لەوانەیش کە لەم دەستووره دەردەچێ و جوانی لەشولار و جوانی هەست بزوێنیان لە خۆیاندا کۆکردبووەوە: «لۆکریشیا بۆرجیا» بوو، کە لە هەموو مێژوودا ئافرەتێکی وا داوێن پیسی تێدا نییە!... (لۆکریشیا) چاکترین نموونەی بوو بۆ «چەرخی ڕاپەڕین» کە وریابوونەوەی بیروهۆشی مرۆڤایەتیی تێدا ڕوودا، کە تاریکی و نووتەیەکی پێش ئەم و وریابوونەوەیەیشی دی، چونکە ئەم ژنە لە کۆمەڵایەتییەکی وادا گەورە بووبوو، کە گومڕاهی و دڵڕەقیی تێدا فەرمانڕەوا بوو، بەڵام بەئەندازەیەکی وەها کە گەیشتبووە ئەوپەڕی دڕندەیی... گەورەکان و سەردارەکانی کۆمەڵایەتی لە هەر کەسێک دڵیان بیەشایە، سزایان بەوە دەدا کە دەست وپێیان دەپەڕاند، چاویان هەڵدەکۆڵی، سەگی دڕندەیان تێ بەردەدا، تا بەزیندوێتی گۆشتی لەشی بپچڕێ!... ئەم دڵڕەقییەیش هەر بەلای سەردارەکانەوە نەبوو، بەلای ژێر دەستەکانیشیانەوە بوو... کە نەتەوەی (بۆلۆنیا)ی ئیتالیا لە خێزانی (بەنتیغۆلی) هەڵگەڕانەوە و چوون بەگژیاندا، لە سەدەی پانزدەهەمدا کە فەرمانداریيان دەکرد بەسەریانەوە، شۆڕشگێڕەکان هەرکەسێکیان بگرتایە و لەو خێزانە بووایە، بەخەنجەر لەشیان پارچە پارچە دەکرد، ئنجا دەیانخستە ناو کووپەیەکەوە پڕبوو لە مەی!... نەتەوەکەیش تا ئەندازەیەکی وا تۆڵەی خۆیان دەکردەوە کە پیاو دەیدی، یاخود دەیبیستەوە لەشی موچەڕکی پێدا دەهات!... پێشەوای ئەو دڵڕەقە داوێن پیسە خودانەناسانەیش لەو سەردەمەدا: «ڕۆدریجۆ بۆرجیا» بووە. ئەمە ئەو پاپایە بوو کە ناوی «ئەسکەندەری شەشەم»ی نووساند بوو بەخۆیەوە، کە پاش ناوی (سەرۆکی خێزانی پیرۆز)ی پێ بەخشرابوو!... «ماکیاڤیللی»یش ئەم پاپایەی وا دەخستە بەرچاو کە داوێن پیسترین مارێکە و لەسەر زەویدا پەیدا بووە!... جا لەناو باوەشی ئەم پاپایەدا «لۆکریشیا»ی کچی گەورە بوو بوو، کە هێشتا لە تەمەنی هەشت ساڵاندا بوو، باوکەکەی خۆی، پاپا، لنگبازیی لەگەڵدا دەکرد!... «لۆکریشیا»یش کە لەناو ئەم ناوچەیەدا پەروەردە بووبوو، چووبووە سەر ڕەوشتی باوکەکەی خۆی، تووشی گرۆگڵپەی ڕەگەزبازی بووبوو پاپای باوکی حەزی بکردایە سواری دەبوو، هەردوو براکانیشی ئارەزوویان بکردایە هەر سواری دەبوون!...



ئاخۆ دەبێ پیاو چی چاوەڕوان بکات لە ئافرەتێک کە لەگەڵ (سیزار)ی برای خۆیدا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ئاهەنگێکی گیانلەبەرانەدا وەستابێ، کە پەنجا ئافرەتی تێدا هاوبەش بووبێ، کە بەجارێک هەموویان لە جلوبەرگەکانی خۆیان و داوێن پاکیی خۆیان و مرۆڤایەتیی خۆیان وازیان هێنابێ!...

ئەی دەبێ چی چاوەڕوان بکرێ لە کچێکی منداڵ کە لەگەڵ باوکی خۆیدا بوەستێ و تەماشای چوار ئەسپی سەرکێش بکات، کە «پاپا» وا ڕاهاتبوو بەرەڵڵایان بکاتە سەر دوو ماین، تا ئەگەر ئەو دیمەنە ئالۆشی باوک و کچی بزواند و پاڵی پێوەنان بۆ لنگبازی خۆیشیان دەست بکەن بەداوێن پیسی لەگەڵ یەکتردا!... باوک و داوێنی کچی خۆی پیس بکات؟!... «لۆکریشیا» جوانێکی تیرهاوێژ بووە بۆ جەرگی دڵداران.

«سوینبیرن» کە بوێژێکی ئینگلیز بووە، زۆر ئاواتەخوازی بینینی جوانییەکی تەواوبووە. کە لە ساڵی (١٥٠٠)دا ئەوی دیوە بەم ڕەنگە لێی دواوە:

«لە چاوە جوانەکانیەوە کە هەر لە گوڵیان دەکرد تیشکێکی دڵخۆشکەرە دەهاتە دەرەوە، کە ئەمەیش بەهەموو ئافرەتە جوانەکانەوە هەیە، لەشە ناسکەکەیشی ئەمەندە بۆنی خۆش بوو، لە بۆنی گوڵ خۆشتر بوو، قژەکانی سەریشی چڕوپڕ بوون، لە زێڕە هەرە ناوازەکان زەردتر دەیاننواند، ڕەنگەکەیان هەر لە ڕەنگی ئەو هەنگوینەی دەکرد کە لە شانەی هەنگوینەوە دێتە دەرەوە، ئەمەندە پرچی درێژبوو، دەگەیشتە پاژنەکانی پێی، بێجگە لەوە چین چینیش بوو، هەر دەتگوت شەپۆلی دەریایە و کەوتووەتە بەر تیشکی ڕۆژ، لە ڕۆژێکی خاوەن کزەبای بێ دەنگ و سەنگدا، دەمە شیرینەکەیشی ڕەنگی سووربوو، خڕبوو، ئەگەر ورتەی لە دەم نەهاتایە، لچ و لێوی پێکەوە دەنووسان لە یەکتر جوێ نەدەبوونەوە. گەردنێکی بڵندی توندوتۆڵیشی پێوەبوو کە لەڕاستیدا جوانترین مل بوو کە سەری ئافرەتێکی هەڵگرتبێ!.»... پاش ئەوە لەوە دەدوێ کە بۆ یەکەم جار چاوی پێکەوتووە، دەڵێ: «لۆکریشیا، ڕاکشابوو لەسەر پێخەفێک، زەردەخەنەیەکی بەدەمەوە بوو. هەموو لەشیشی ڕووت بوو، هیچ شتێک داینەپۆشی بوو، ئەو جوانییە نەبێ کە خودا بەخشیبووی بەپێستی لەشی، بۆ ئەمەی پیاوان پێ گەشکەداربێ... یەکێک لە دەستەکانی خۆی خستبووە سەر ڕانی خۆی، بەکەمتەرخەمییەکەوە دینابوو، خەریکی خاوبوونەوە بوو... لنگێکیشی، بەنازێکەوە خستبووە ناو لنگەکەی تریەوە. هەناسە لەسەرخۆوەکەیشی، مەمکەکانی بەرزونزم دەکردەوە، ڕووناکییەک بەسەر هەردووکیانەوە

دەلەرییەوە... هەر لە ناوەند پێنج هەناسەیشدا، ڕادەچڵەکا، هەر لە تارێک دەچوو کە ژێیەکەی لە پشووی ڕێکوپێکدا ڕابکێشرێ. هەرچەند هەناسەیشی دەدا لێوەکانی دەجوولانەوە هەر لە گڕی ئاگرێکیان دەکرد کە کزەبا یارییان پێ بکات... قژەکانیشی شۆڕبووبوونەوە، هەندێک لیسپیان کەوتبوونە ناوەند مەمکەکانیەوە... (لۆکریشیا) بەوانەوە لە کۆمەڵە ڕووناکییەک و چەند ڕەنگێکی گەرموگوڕی دەکرد... هەروەک فریشتەیەک دەهاتە پێش چاوم کە ڕووت بووبێتەوە و درابێتە بەر ئەو تیشکانە» «سونیبێرن»یش هەر لە جێگای خۆیدا دەوەستێ و سەرسام دەبێ، لەشی دێتە جۆش و هەناسەی لێ دەبڕێ، هۆشی لێ تێکدەچێ و، خەریک دەبێ بداتە کەللەی... هەتا بەپێگەیشتنی شاد نابێ، کلۆکۆی گڕی دەروونی دانامرکێتەوە!... پێویستە ئەوەیش بزانین کە (لۆکریشیا) لەو کاتەدا لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا بووە... تا ئەوساکە دووجاریش شووی کردووە، منداڵیشی بووە، خەریکیش بووە کە بۆ جارێکی تریش شوو بکاتەوە!...

## جوانی گیان

لە ساڵی (١٩٢٠)دا پاپای پایەبڵند «بەندکتی پانزدەهەم» بەپێی ئەو دەسەڵاتە گیانییەی پێی بەخشرابوو، ئاشکرای کرد: کە «جان دارک» لە ڕێزەی پیرە پیرۆزەکان دانراوە. لەڕاستیشدا هەستکردنی پیاوان بەجوانی، نرخ زانینیشیان بەرامبەر فرمان و بەرامبەر خۆبەختکردن لە پێناو فرماندا، هەتا دەمێنین هەر دەنووسین بەبیرەوەریی (جان دارک)ەوە. هەر کەسێکیش مێژووی ژیانی (جان دارک)ی خوێندبێتەوە، کە یەگجار زۆری لەسەر نووسراوە، پێی ناکرێ ئەوە بەرپەرچ بداتەوە کە ئافرەتێکی خاوەن بیروباوەڕ بووە بەنامەکەی خۆی و پڕ بەدڵیش تێکۆشاوە و ڕەنجی داوە کە ئەو نامەیە بەجێی خۆی بگەیێنێ. ڕەنگە لە هەموو شتێکیش سەیرتر لە مێژووی ئەم ئافرەتەدا ئەوە بێ کە توانیوێتی نامەکەی خۆی لە ماوەی چوار مانگدا بگەیێنێ بەجێ خۆی!... پاش ئەوەیش تووشی گرتنێکی سووک و ڕیسوایانەوە، چەند و چوون کردنێکی دادگای ناپەسەند و کوشتنێکی ناسۆر بووە!. (جان دارک)یش کچێکی شەرمن بووە و بەسەزمان پڕ بەدڵ سروشت و منداڵان و ماڵی خۆیان و باوک و دایکی و براکانی خۆی خۆش ویستووە. لەسەروو هەموویشیانەوە خودای خۆش ویستووە. هیچ تاوێکیش گومانی نەبووە لەوەدا کە نامەکەی نامەیەکی بەرز و پیرۆزە و لە خوداوە بۆی هاتووە. جا چونکە پشم و قینی لە



دڵی خۆیدا بۆ کەس هەڵنەدەگرت، لە جەرگەی شەڕدا دەیدایە پرمەی گریان بۆ بەندی و بریندارەکان کە لە ئینگلیزەکانی دوژمنی بوون.

جا ئەمە بوو ڕازی هێز و هەڕەتەکەی (جان دارک)، کە بەرگەی دەگرت لە بەرامبەر هێرشی زرنگ کارەکان و سەربازەکان و شارییەکان و پیاوانی ئایینداا... کاتێ کە دوژمنەکانی و چاوپێ هەڵهێنەرەکانی ئاگریان لە چوارلایدا بۆ کردەوە بیسووتێنن، نەڕیسوای کردن، نەجنێوی پێدان. هیچ تاوێک لە سنووری باوەڕی خۆی نەچووە دەرەوە. هیچ دەمێک ئایینی خۆی بەرنەدا، ئەو هەر ناوی خودای دەهێنا و، دووبارەی دەکردەوە، تا گیانی دەرچوو!... ئا ئەمەیە جوانی گیانی... جوانی خوداناسی!...

## جوانی لەشی ڕووت!...

لەشی ئافرەتیش دڵ کێشکردنێکی سەیری پێوەیە، کە کارێکی وای کردووە هەموو کارە هونەرییەکان بەپێی ئاواتەکانی پیاو و ئارەزووەکانی، بەپێی ئەو بیروباوەڕە بەرز و پیرۆزانەی فەرمانڕەوان بەسەر ئەو چەرخەدا کە تێیدا دەژی، ئەو لەشە پیشان بدەن. نوخشەی پەی بردنەکانیش بەجوانی ئافرەت لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە فرمانێکی هەیە، کە ئەویش دایکێتییە بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی. وێنەی «ڤینۆس و کیوپید»یش کە وێنەکێش «جاکۆ بو دیل سیللاس» هونەرمەندیی تێدا نواندووە، لە سەدەی پانزەهەمدا نموونەیەکە بۆ ئەو پەی بردنە، وێنەکێشەکە «خودای سک و زا»ی لە وێنەی ئافرەتێکی سکپڕدا کێشاوە. پەرەسەندنیشی بەهەنارێک پیشان داوە، کە نزیک بەباڵی ڕاستی ئافرەتەکەوە وێنەی کێشاوە هەروەها بەو هێشووە ترێیەیشەوە پیشانی داوە کە لە دەستی «کیۆپید»دا دایناوە، وێنەکێشەکانی (ڤینیسیا)یش لەسەدەی شانزەهەمدا، گرفتاری ئەوە بوون کە بانگدانی لەش، لە وێنەکانیاندا دەربخەن. وێنەی «ڤینۆس ئوربینۆ»یش ڕاستترین نموونەیە بۆ ئەوە هونەرمەندەکانیش لە جوانترین شێوەدا ڕەنگەکانیان بەکار دەهێنا بۆ پیشاندانی شوێنە جوان و ناوازەکانی لەش لەگەڵ ئاڵۆش و خرۆشەکەیدا!... (ڤینۆس)یش تا چەند ساڵێک بووە نموونەی ئافرەتی هەڵکەوتوو لە جوانی لەشدا. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا دیمەنەکەی لە ناوەند وێنەی (خودا ژن) و وێنەی ئافرەتێکی وا دابوو کە ئارەزووەکانی مرۆڤانەی تێدا هەڵدەقوولا. جا ئەم (خودا ژن)ە زۆر لە ئافرەتە جوانەکانی خستە سەر ئەوەی کە لە پێناو «هونەر»دا جلوبەرگەکانیان دابکەنن و لەشی خۆیان تەواو ڕووت بکەنەوە. یەکێک لەو ئافرەتانە «سیمۆنینا ڤیسپۆچی» بوو، کە ڕێگای بە

«بۆتشـیللی»ی هونەرمـەند دا پێگەیشـتـوویی هونەر لە سـەردەمی ڕاپەڕیندا دەربـخـات. ئەویش بەهۆی وێنە زیندووەکەیەوە کە ناوی نابوو: «لە دایکبوونی ڤینۆس».

(بۆلین بۆناپارت)یش کە خوشکی «ناپلیۆن» بوو، یەکێک بوو لەو ئافرەتانە، «کانۆڤا» و «پرۆدۆن» وێنەیان کێشا، ئەم (پرۆدۆن)ەیش «ماری لویز»ی شاهەنشاژن و «ژن دۆکی ئەلبا»ی یەک بەیەک وێنەکێشا.

وێنەکـێشـانی جـوانی ڕووتـیش هەمـوو دەمـێک بەئاسـانی سـەری نەدەگرت. بەدرێژایی سەدەکان گەلێک لە هونەرمەندەکان، لەسەر ئەوە، تووشی دەردی سەری بوون. مێژوویش بیرەوەریی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی سێ شەممەی ساڵی (١٤٩٦)ی زیندوێتی هێشتۆتەوە، کە لەو ڕۆژەدا دانیـشـتـوانی شـاری (فلۆرەنسـە)شـۆڕشـیـان گـێڕاوە و، هەمـوو وێنە هەست بزوێنەکـانیـان سـووتاندووە لەگـەڵ سـاز و ئاواز نامـەکـاندا و نووسـراوە دڵدارییـەکـاندا!... هونەرمـەندانی وایش هەبوون کە نموونەی ئافرەتی ڕووتیـان دەست نەکەوتووە، کەڵکیـان لە بووکە شـووشـە بزێوەکـان وەرگرتووە. (ئۆلبـرێخت دورار)یش کە گـەورەی هونەرمـەندەکـانی سـەردەمی ڕاپەڕین بووە. لە ئەڵـمـانیـادا، هاتوچۆی جێی خۆشتنە گشـتـییـەکانی دەکرد، بۆ لێکۆڵـینەوەی شێـوەی بەشـەکـانی لەشی ئافـرەت بەڕووتی... «کۆریجـیـۆ»ی وینەکـێشـیـش کەڵکی لە لەشە ڕووتەکەی خوشکی خۆی وەردەگرت. «تیـتیـان»یش ئەو کەڵکەی لە لەشە ڕووتەکەی کچی خۆی وەر دەگرت!...

## جوانی لە بەرد هەڵکەندرا و وتاشراو

ئەمـەیش دەمەقـاڵیی پێ ناوێ کە ڕووکـەشی ئافرەت بەپێی گۆڕانی خوێندەواری ڕەوشت و خوو و، ناوچە دەگـۆڕێ، تەنانەت ئەو بـایەیش کە لە کـاتێک لە کـاتەکـاندا هەڵ دەکـات، کار دەکاتە سەر سەروشێوەی ئافرەت... هەر سەردەمەیش لێکدانەوەی تایبەتیی خۆی هەیە لە بابەت جـوانی ئافـرەتەوە. کـەواتە بۆ وێنە، ناتوانین جـیـاوازیی ناوەند وێنەکـانی «ڕامبرانت» و وێنەکانی «داڤینشی» دەربخەین، واتا بلـێین ئەمـیـان چاکـترە لەویـتریان. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە جوانی لەسەر دەستووری وشک و ڕەق ناڕوات بەڕێوە، خۆی پێوە نابەستێتەوە... جا لەبەرئەوە ئەو شتانەی ئێمە بەجوانیان دەزانین، ڕەنگە کەسانی تر بەجوانیان نەزانن. کەسانی وایش هەن لەو شوێنی جوانییانە تێناگەن کە «پیکاسۆ» لە وێنە خواروخێچەکانی ئافرەتدا پیشانی داون... هەروەها پیاوانی سەرە ڕێگایش، لەوانەن کە پێ لەوە بنێن کـە ناوی «جاکـۆب ئەبشـتـاین» هەڤاڵی هونەری ئەم سـەردەمـەیە. بەڵام



دیسـانەوە ئەوەیشی بەبیردا دێ کە ئەم بەردتاشە لە هونەری باوی سـەردەمـی هەرە کۆنەوە کە مـرۆڤ پێی ڕاهاتووە تا ئیـمڕۆ، هەڵگەڕاوەتەوە و، دەستـیـشی کردووە بەتێکدانی!... لەگـەڵ ئەمـەیشـدا پەیکەرەکـانی (ئەبشـتـاین)، کـار دەکـەن لە مـێشکـی ئەو کـەسـانەی کە لێـیـان ورد دەبنەوە، سـایان ئەوەتا دڵـیـان پێـیـاندا دەچێ، یان ئەوەتا دڵـیـان لێـیـان ڕەش دەبێ!... ناتـوانن باری مـام ناوەندی یـاخود بێ لایەنی بگرن!... لەڕاسـتـیـدا (ئەبشـتـاین) بەردتاشێکی زۆر هونەرمەند بووە. توانیوێتی پەیکەرەکانی خۆی لە کانزاکان و لە گرانیت و لە بەردی مـەڕمـەڕ دروست بـکات. بـەڵام بەتەنـگ ئەوەوە نەبـووە کـە لە پەیکـەرەکـانی خۆیدا جوانی لەش دەربخات. لەڕاستیدا بەرهەمەکانی خۆی بەقاڵ نەکراوی دەهێڵێتەوە. ئەو باوەڕی وایە کـە ئەو ڕووداوەی پەیکەرەکەی لەسەر تاشیـوە خۆی لە سروشتی خۆیدا قاڵ نەکراوە. بێجگە لەوە باوەڕیشی بەوە هەیە کە پەیکەرتاش پێویستە بیروباوەڕەکانی خۆی بخـاتە ناو ئەو پەیکەرانەوە کـە دایاندەتاشێ، یاخـود دایاندەڕێژێ، بەڵام بێ ئەمـەی خۆی ببـەستێتەوە بەبیری پیاوانی ڕەوشتـەوە... جا لەسەر ئەم بنچینەیەیە کە پەیکەری «دروسـتکردن»ی داتاشـیـوە. لەم پەیکەرەدا بۆ ئەوە تێکۆشـاوە کـە ئارەزووی ئافـرەتانە پیـشـان بدات، بەڵام خـەمی ئەوەی نەخـواردووە کە بەشـە جوانەکـانی لەشی دەربخـات. لە بابەت ئەم پەیکەرەوە خـۆی دەڵـێ: «پەیکـەرەکـە وا دەنوێنێ کـە هەر لە بنکەکـەیەوە تا دەگاتە خوار ئەژنۆ، وەک لە زەوییـەکە خۆیەوە هاتبێتە دەرەوە وایە، پاش ئەوە ڕانەکانی و منداڵدانە گـەورەکـەی دەردەکـەوێ، کـە وای بۆ دانراوە مـرۆڤ هەڵبگرێ لەناو خـۆیدا... ئافـرەتەکـەیش کە هەست بەخـۆی دەکـات منداڵ لەناو سکی دایە، دەست دەبات بۆ سکی خۆی، تا دەست بخات لەو ژینە نوێیە، کە خەریکە پەیدابێ». جا ئەم پارچە بەردە کەڕە بەچەشنی گیـان لە بەرێک کار دەکاتە هۆشی مرۆڤ، چونکە هیـوایەکی تازە بووەوەی تێدا دەبینێ بۆ ڕۆژانی دوایی!... سا ئایا شێوەی ئافـرەتەکان کە لە کارخانەی هونەرمەندەکان دەردەچن، ئاشکرا و دیاربن، یاخـود پڕ پێـچـوپەنا بن، بەهەمـوو ڕەنگ شـتـێک لە زیندوێتـیی ئامـانجی هونەرمـەندەکـان دەردەخـەن... دوورنیـیـە هونەرمـەندێک کـە لەم سەردەمەدا بێ، سەری ئافـرەتێک ئەوەندەی سەری کیسەڵێک، یاخود سەری دەرزییەک پیـشـان بدات، بەڵام هەرگـیـز ئەم کـارە لە نرخی ئەو کـەم ناکـاتەوە کـە بەهونەرمـەندێکی خـاوەن ڕەنج و تێکـۆشـان دابنرێ، کـە ئەویش بەشی خـۆی ڕەنج بۆ پێـشکەوتنی هونەر دەدات.

## جوانی باوی کۆن

زۆر گرانە بۆ پیاو کە نموونەیەکی دیاریکراو هەڵبژێرێ و بیکات بەنموونەی «جوانی باوی کۆن» ، یاخود «جوانی کلاسیکی» ، لەگەڵ ئەمەیشدا من لەو بڕوایە دام کە «ئیما هاملتۆن» هەڵدەگرێ، هەڵ ببژێرێ و بکرێ بەنموونەیەک بۆ ئەو جوانییە، کە هونەرمەندەکانی سەردەمی خۆی گرەویان دەکرد لە تۆمارکردنیدا. (گۆتە)ی بوێژی ئەڵمانیا ، کە لە بابەت ئەم ئافرەتەوە دوواوە، گوتوویەتی: «ئەم ئافرەتە هەرچەند جلی خۆی دەگۆڕی، یاخود باری خۆی دەگۆڕی، لە شێوەیەکی تازەدا دەردەکەوت. کە لە شێوەی پێشووی خۆی جوانتر دەردەچوو. تەنانەت تەماشاکەر وا هەستی دەکرد کە لە خەوێکی خۆش دایە، ئەندامەکانی دەموچاوی و بزووتنەوەکانی، هەموو ئارەزووەکانی دەروونیی مرۆڤیان پیشان دەدا... لەڕاستیدا پوختەی جوانی کۆن و جوانی نوێی تێدا کۆبووبووەوە!... ڕەنگی پێستی لەشی هەتا بڵێیت گەش و جوان و دروست بووە لەگەڵ قژە تاریکە ڕەنگ گەرموگوڕەکەیدا ڕێک دەکەوت. ئەم قژەیش یەکێک بوو لە نیشانەکانی جوانی ئەم ئافرەتە. چونکە قژەکەی لە ناوچەوانە پانەکەیەوە هەڵدەقولاّ و، لە چەند شەپۆلێکی ناوازە و جواندا دەکشایە خوارەوە بۆ لای پاژنەکانی پێی...

بلیمەتی و هەڵکەوتوویش لە چاوەکانیدا دیاربوون، کە ڕەنگەکەیان هەموو لایەکی سەرسام کردبوو، چونکە کەسێک نەبوو بتوانێ بەتەواوەتی ئەو بڕیارە بدات کە ئاخۆ ڕەنگ خۆڵەمێشی بوون، یاخود بنەوشەیی!... هەموو نرخ زانەکانی هونەریش لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە دەم و لێوەکەی نموونەیەکی بێ هاوتا بوون لە جوانیدا!...

## جوانی و هونەری چەواشەکردن

ئافرەت هەرگیز بەدیمەنی سروشتی خۆی دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە، بەدرێژایی ئەو سەردەمانەی تێیاندا ژیاوە هەر خەریکی ئەوە بووە کە ئەو جوانییەی سروشت پێی بەخشیوە، جوانتری بکات. لەبەرئەوە ڕۆن و هەویر و تۆزەکانی بابەتی ئارایش هەموو دەم بەکارهێناوە. بابەتانی سەیر سەیریشی بەکارهێناوە بۆ جوانکردنی پێستی لەشی خۆی، ئاوی سێو لەگەڵ ئاوی لیمۆی بەکارهێناوە بۆ ئەم مەبەسە. هەروەها بەشیریش خۆی شتووە. شارەزاترین ئافرەتیش لە خۆ جوانکردندا ئافرەتانی میسری کۆن بوون. هەر ئەمەندەی بەسە کە ئەو ڕۆنی ئارایشانە تاقی بکرێنەوە کە لەپاش فیرعەونەکانەوە بەجێ



ماون، کە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێش، بۆ ئەمەی تێ بگەن کە ئەوانەی لەم ڕووەوە پێش ئافرەتانی ئەم چەرخە کەوتوون!... لە خاکی یۆنانیشدا ئافرەتەکان چاوی خۆیان بەو دووکەڵە دەڕشت کە لە سووتاندنی جەوی و خەڵووزەوە پەیدا دەبوو. ئافرەتە فارسەکانیش بەری دەست و نینۆکەکانیان بەخەنە ڕەنگ دەکرد... (ماری)ی شاژنی (سکۆتلاندە)یش خۆی لەناو شیردا دەشت. کەچی (ئەلیزابێث)ی یەکەم کە شاژنی ئینگیلتەرە بوو لەشی خۆی دەخستە ناو مەیەوە، بۆ ئەمەی چرچ و لۆچەکانی پیرێتیی پێوە نەمێنێ!...

لە هەموو ڕەنج و تێکۆشانەکان سەیرتر کە لە پێناوی نەهێشتنی جوانی چەواشەکەردا کراوە، ئەو یاسایەیە کە لە خاکی ئینگیلتەرەدا دەرچووە، لە ساڵی (١٨٧٠)دا. لەم یاسایەدا نووسراوە: «هەر ئافرەتێک، تەمەنی هەرچۆنێک بێ، چینی کۆمەڵایەتیی هەرچۆنێک بێ، کار و فرمانی هەرچۆنێک بێ، شووی کردبێ یاخود شووی نەکردبێ، مێرداربێ یاخود بێوەژن بێ... کەتنێک بکات لەو کەتنانەی چەواشەکردنی تێدایە، وەک بەکارهێنانی دەرمانە بۆنخۆشەکان، یاخود ڕەنگەکان یان ڕۆنەکان و هەویرەکانی ئارایش، یاخود ددانی دەستکرد، یان قژی دەستکرد، یان ئەو سەبەتە تەلانەی کە بەکەمەرەوە بەند دەکرێن، یاخود پێلاوی پاژنە بەرز، یان مەمکی دەستکرد، و مەمک هەڵبەستی دەستگرد... خۆی تووشی چەندوچوون کردنی دادگا دەکات لەگەڵ ئەو سزایانەدا کە لەناو یاسادا ناوبراون و دانراون بۆ ئەو کەسانەی کە خوویان داوەتە چاوبەستکردن و چەواشەکردنی کەسانی تر، هەر ژنهێنانێکیش بەهۆی بەکارهێنانی ئەم بابەتانەوە پێکهاتبێ بەهەڵوەشاوە دادەنرێ!...» .

## جوانی دۆستەکان و ئافرەتە ڕووبازاڕییەکان

ڕەنگە خۆ جوانکردنێک کە کرابێ بەپیشە، لە هەموو پیشەکانی تری ئافرەت کۆنتربێ، جا ئەگەر ئافرەتە خاوەن پیشەکە دۆست بێ یان سۆزانی، ڕووبازاڕی بێ، یاخود لەش فرۆش، لەمەدا هیچ جیاوازییەک نییە، جا ئەم جۆرە خۆڕازاندنەوەیە و، خۆ جوانکردنەیش، چاوبەستێکی تایبەتیی هەیە بەرامبەر پیاوان. زۆرجار وا هەیە لێی دەترسێن، بەڵام هیچیشیان لە دەست نایەت ئەوە نەبێ، کە پێیان خۆشبێ... جا ئەو جۆرە ئافرەتانە خۆیان بەهیچ کردەوە و ڕەوشتێکی چاکەوە نابەستنەوە، مەبەسیان هەر ئەوەیە کە جوانی و زیرەکی خۆیان بخەنە کار بۆ کەڵکی خۆیان، بێ ئەمەی لە هیچ کەسێک و لە هیچ

بەندێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی سڵ بکەن و باکیان ببێ، کە بەهۆی ئەوەوە خاوەن دەسەڵاتەکانیان چەواشە کردووە و لە خشتە بردووە!... هی وایشیان تێدا پەیدابووە، کە لە دواییدا بووەتە ژنی شاهەنشا، وەک (تیۆ دۆرا)ی ئابڕووفرۆش کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕۆمادا چووە سەر تەختی «کۆنستانتینۆپل»، کە ئێستا پێی دەڵێن (ئەستەموول)، کە لەوێدا دەستی کێشا بەسەر شاهەنشا (جوستنیان)دا و، خستیە ژێر چنگی خۆیەوە! کەچی لەپاش مردنەکەی بەدوو ساڵ کردیان بەئافرەتێکی بەرز و پیرۆز، کردیان بەخاتوونێکی ئایینیی پایەبەرز!...

هەرچی «لویز دیڤالیز» بوو، کە ئافرەتێکی دڵ کێشکەری (لویسی چواردەهەم) بوو، جۆرە ئافرەتێکی تر بوو... ئەم لەکانگای دڵییەوە خونکاری فەرەنسەی خۆش دەویست. کەچی لەپاشدا لێی جیابووەوە و خۆی هاوێشتە ناو پەرستگای (کەرمل)ەوە، کە لەوێدا سی ساڵی خشت مایەوە!... لەسەر گۆڕی ئەم ئافرەتە ئەمە نووسراوە: «هەر لەبەر دڵداری، خۆی، دڵداریی کردووە... ئەم ئافرەتە دڵناسکە بەسەزمانە دڵداریی خۆی نواند. بەڵام نەخۆی سووک کرد، نە لە خۆیشی بایی بوو. نەچاو چلێسیی هەبوو، نەخۆپەرستیی، ئەو هیوایەی لە دڵدا نەمابووەوە کە خۆشەویستەکەی خۆی بهێڵێتەوە بۆ خۆی، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئامادە بوو، بەرگەی هەموو ئازارێک بگرێ. باکی هیچ خۆبەختکردنێکیشی نەبێ، کاتێکیش کە وای لێهات هیچ هیوایەکی پێی نەمێنێ، پەنای بردەبەر خودا و، دەستی کرد بەپەرستنی ئەو، تا ئارامێک بەگیانی و سرەوتێکیش بەر دڵی بکەوێ!...».

هەروەها ئافرەتانی تریش هەن وەک (مادام دی مۆنتسبان) و (مارکیز دی پۆمپادۆر) و (مادام دی پاری) و (نیل جۆین)، لەگەڵ دەیان و سەدان ئافرەتانی تردا کە لەناو هەموو خاکێک و هەموو چەرخێکدا هەڵدەکەون، کەچی لە ڕێگای داوێن پیسی و بەدخوییەوە ناوی خۆیان لە لاپەڕکانی مێژوودا تۆمار کردووە!...

## جوانی بەو پێیەی کەسانی تر دەیبینن

ئەمە زۆر گرانە بۆ پیاو کە لە بابەت جوانی ئافرەتێکەوە بڕیارێک دەربکات، لەکاتی بینینیدا بەپێی چەند دەستوورێکی دانراوی دیاریکراو، ئەوەندە هەیە ئەو ڕەنجانەی لەمەوپێش دراون لە بارەی ئەم کەینەوبەینەیەوە سی ژمارەمان دەخەنە بەردەم کە پێویستە لە هەموو ئافرەتێکی جواندا هەبن، ئەگینا ئەو ئافرەتە بەجوان دانانرێ، ژمارەکانیش ئەمانەن:



دەبێ سێ شتی سپییان تێدا بێ: لە پێست و لە ددان و لە دەستدا.
دەبێ سێ شتی ڕەشیان تێدابێ: لە چاو لە برۆ و لە برژانگدا.
دەبێ سێ شتی سووریان تێدابێ: لە لێو لە ڕوومەت و لە نینۆکدا.
دەبێ سێ شتی درێژیان تێدابێ: لە بالاّ لە قژ و لە دەستدا.
دەبێ سێ شتی کورتیان تێدابێ: لە گوێچکە لە ددان و لە پێدا.
دەبێ سێ شتی تەنگیان تێدابێ: لە کەلەکە لە دەم و لە ناولنگدا.
دەبێ سێ شتی خڕوپڕیان تێدابێ: لە سمت لە باڵ و لە ناولنگدا.
دەبێ سێ شتی نەرمونۆڵیان تێدابێ: لە پەنجە لە لێو و لە تووکی سەردا.
دەبێ سێ شتی بچووکیان تێدابێ: لە لووت لە سەر و لە مەمکدا.
دەبێ سێ شتی پانیان تێدابێ: لە ناوچەوان لە سنگ و لە ناوەند برۆکاندا.

نرخ زانەکانیش هەر لە دەمی کۆنەوە بەتەنگ ئەوەوە بوون کە بنووسن: ئافرەتەکان لە ڕووی خۆ جوانکردن و خۆ ڕازاندنەوەوە لە ئەندازە بەدەر دەجووڵێنەوە.

(جۆڤینال) لە ساڵی (٦٠)ی پاش زاییندا، لە بابەت چوونی ئافرەتێکەوە بۆ لای سەرتاش ئەمەی نووسیوە: «هەر سەری ئافرەتەکە بەتەنیا بیست چین چین کەری دەویست. سەرۆکەکەیان بەشان و سنگی ڕووتەوە دەوەستا، موو بەمووی سەری پیرۆزی ئەوی دەپشکنی و دەلەرزی... پرچەکانیان دەپێچا و دەیانخستنە سەر یەکتری، هەروەک کەلاّتێکی سەخت دروست بکەن وابوو!... ئافرەتەکە لە پێشەوە وەک ئافرەتێکی کەڵەگەت دەردەکەوت، کەچی کە لە پشتەوە سەیرت دەکرد، کورتەبنەت دەهاتە پێش چاو. لنگەکانی وەک لنگی مراوی وابوون. کەمەریشی نزم بوو. ئافرەتەکە ئەمەندە کورت بوو، بۆ ئەمەی ماچێکت بکات دەبوو لەسەر نووکی پەنجەکانی بوەستایە!...».

(میشیل دی مۆنتانی)یش لە سەدەی شانزەهەمدا لە بابەت خەمخۆریی ئافرەتەوە دەربارەی سەر و شێوەی خۆی نووسیویەتی: «هەر بۆ ئەمەی ژنان سەرنجی هەموو پیاوێک ڕابکێشن بۆ خۆیان، خوو دەدەنە ڕەنگ کردن و سووراو و سپیاوکردنی خۆیان، بەو مەبەسەی جوانییەکی پڕوپووچ دەست خۆیان بخەن... بەچاوی خۆم دیمن: بەرد و خۆڵەمێش و خەڵووز و گڵ و مێویان قووت دەدا، لەئەندازە بەدەر خۆیشیان ماندوو دەکرد، ڕیخۆڵەکانی خۆیشیان تێک دەدا. ئەمانەیش هەر بۆ ئەمەی کە پێستی لەشیان زەردباوییەکی گەشی تێدا دەربکەوێ کەمەریان باریک ببێتەوە، لەشیان تەنک ببێ، جا لە

پێناو دەستکەوتنی ئەم شتانەدا بەرگەی هەموو نوقورچ و لەش سوونەوە و پشت شەتەکدانێکیان دەگرت!...».

ئەگەر بێتو لێی بکۆڵینەوە، ماوەی ئەوەمان نییە هەر شتێک گوترابێ پیشانی بدەین، بەڵام لە هەموویان ڕاستتر و ڕەوانتر ئەوەیە کە «جۆل نیشیلێە»ی فەرەنسەیی لە سەدەی نۆزدەهەمدا نووسیویەتی کە دەڵێ:

«هەرچی ئافرەتە بریتییە لە شاکارێکی وەها کە لە چەند شتێکی پێچەوانەی دەستکردی خودا دروست بووە!...».

پەرچڤەی ئەم نووسراوە لە **١٩٦٦/٤/٤**دا تەواو بووە.

# سۆسان ئەنتۆنی

ژیانی ئەو ئافرەتەی کە نەیویست شوو بکات و بەرەنگاری
کۆمەڵایەتیش بوو، هەر لەبەر ئەوەی کە کچەکانی ڕەگەزی
خۆی لە دەست زۆرداریی پیاوان ڕزگار بکات!

نوسینی: هەنری و دانا توماس

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە کە لەلایەن مێژوونوسانی بەناوبانگ (هەنری) و (دانا توماس)ەوە دانراوە و، لە بابەت ژیانی (سۆسان ئەنتونێ)ی ئازادیی پەروەر و خەباتکارەوە ئەدوێ، چاکترین دیارییە کە پێشکەشی خوشکە بەڕێزەکانم. ئافرەتانی کوردی بکەم. چونکە (سۆسان ئەنتۆنی)، کە کچێکی ئەمەریکایی بوو، هەر کە هاتە جیهانەوە لە ساڵی (١٨٢٠)دا و چای کردەوە، ئافرەت کارەکەرێک بوو بەدەست مێردەوە.

نە (سەربەستی)ی هەبوو، نە (ماف)!. یاسای فەرمانڕەوایی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایش (ژن) و (منداڵ) و (سەگ)ی وەک یەک دانابوو!. مافی دابوو بەپیاو کە وەک سامانێکی خۆی تەماشایان بکات!. هەر کاتێکیش بەپێویستی زانی لێیان بدات!.

جا لەناو ناوچەیەکی وا پاشکەوتوو کۆنەپەرست و وشک مێشکا، (سۆسان ئەنتونێ) لە کۆمەڵایەتی ڕزیو ڕاپەڕی و ڕەنج و تەقەلای دا و خەباتی کرد، بۆ دەستکەوتنی سەربەستییەکان و مافەکانی ئافرەت لە ئەمەریکای یەکگرتوودا. بەڵام تێکۆشانی (سۆسان ئەنتۆنی) هەر بەتەنیا لە خاکەکانی ئەمەریکای یەکگرتوودا نەبوو، پەلیشی هاویشت بۆ خاکەکانی ئەوروپا و لە گەڵ ئافرەتانی هەموو جیهاندا خەباتی کرد بۆسەندنی ئەو مافانە بۆ ئافرەتانی هەموو جیهان. (سۆسان) لە پێناو ئەو خەباتە گرنگ و مەردانەیەیدا وازی لە شووکردن و ژیانی ژن و مێردی و بەزمورەزمی تایبەتی هێنا. پشتی لە سەروەت و ئارام و خۆش ڕابواردن هەڵکرد. هەموو خەباتەکانی خۆی ئاراستەی ئەم ئامانجە پیرۆزە کرد کە (ڕەگەزی ئافرەت) لە ئەمەریکای یەکگرتوودا ئازاد بکات لە بەندەیی بۆ پیاو و یاسای کۆنی ڕزیوی کومەڵایەتی. جگە لەوە هەرچی سەربەستی و مافێک پیاو هەیەتی دەست ئافرەتانی نیشتمانەکەی خۆی بخات. (سۆسان) تا گەیشتە



تەمەنی (٨٦) ساڵی و لە ساڵی (١٩٠٦)دا گیانی پاکی بەخاک سپارد، لەم ڕەنج و تەقەلا و خەباتانەی خۆی وازی نەهێنا، نەگوێی توانج و پلاری بەدگۆیانی هەبوو، نە بایەخی دا بەماندووبوون و زیانکردن و سەختی ژیان. کۆڵی نەدا و ورەی بەرنەدا، هەتا مردن لە خەباتکردندا بوو، تا زۆربەی ئاواتەکانی خۆی هێنایەدی. واتا زۆربەی (ماف) و (سەربەستی)یەکانی بۆ ئافرەتانی ئەمەریکای یەکگرتوو سەند.

ئافرەتە خوێندەوارەکانی کوردیش، کە ژمارەیان یەجگار کەمە لە چاو ئافرەتە نەخوێندەوارەکانماندا، بارێکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەوگرانیان کەوتۆتە سەرشان. کە ئەویش (پێ خوێندن) و (تێگەیاندن) و (پێگەیاندن)ی ئافرەتە نەخوێندەوارەکانمانە لەگەڵ ئاراستەکردنی خێزانانی کورددا بۆ ژیانێکی پاکتر و چاکتر و پێشکەوتووتر، کە پڕی بێ لە خۆشەویستی و دادپەروەری.

کە دووریش بێ لە بیروباوەڕی پڕوپووچ و کردەوە و ڕەوشتی واوە کە هۆش پەسندی نەکات!. لە ڕاستیدا گەلێک ڕەوشت و خووی ڕزیوی کۆمەڵایەتیمان تیا پەیدابووە لەکۆڕی (میوانداریی) و (هەیتوهووتی ژنهێنان) و (پرسە) و (ژیانی خێزانی) و (ڕازاندنەوەی ماڵ) و (سامان پێکەوەنان) و (بەخێوکردنی منداڵ) و (کۆبونەوەکان)دا، کە دوورن لە هۆشی تەواو و دڵی تەڕ و، گیانی بڵندەوە. چونکە پڕن لە خۆپەرستی و کەشوفش و خۆنواندن و لەخۆ گۆڕین و لەنگەر ڕانەگرتنی ئابووری و بەربەرەکانێ و، لووت بەرزی و، خۆماندووکردن و، ئازاردانی کەسانی تر.

ئەنجامی ئەمەیش بەوە گەیشتووە کە ژیانمان تاڵ بووە و، ناکۆکیمان کەوتۆتە ناوەوە و، ئاژاوەیشمان تیا پەیدا بووە و، خوویشمان داوەتە کاری چەوت وەک دزی و ناپاکی و درۆزنی و کوشتن! بەڵام ئەگەر ئافرەتەکانمان چاکی مەردایەتی بکەن بەلادا و، بێنە کۆڕی تێکۆشانەوە بۆ کەڵکی گشتی. بەشێکی زۆری خواری و چەوتی کۆمەڵایەتیمان ڕاست ئەبێتەوە. ژیانیشمان چاکتر و گەشتر و خۆشتری لێ دێ.

ئافرەتانی کورد لەچاو ئافرەتانی ئەمەریکادا، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاون، یەجگار ماف و سەربەستیان دەست کەوتووە، بگرە بەجۆرێکی تێکڕایی شتێکی وای نەماوەتەوە کە لە ماف و سەربەستیدا بگەنە پیاو. بەڵام ئەوەی نەتەوەی کورد لە سەری داماوە خەبات و تێکۆشینی خوشکە خوێندەوارەکانمانە کە بینە سەرکردەی ئافرەتە نەخوێندەوارەکانمان لە کۆڕی پێشکەوتنی ڕاستەقینەدا. واتا لە کۆڕی ئەو ژیانەدا کە لەسەر بنچینەی زانست و

هونەر و دادپەروەری دامەزرابێ، نەک لە سەر بنچینەی ئالۆشی دڵ. ئەویش کاتێک پێک دێ، کە ئافرەتە خوێندەوارەکان لە پێشدا ئەم بیروباوەڕانە لە ژیانی خۆیاندا بەکار بهێنن، تا خۆیان ئەکەن بەنموونەیەکی ڕاست و دروست و تەواو بۆ خوشکە نەخوێندەوارەکانیان. ئنجا پاش ئەوە ئەم بیروباوەڕانە لە ژیانی خوشکە نەخوێندەوارەکانیاندا بەکاربهێنن تا کۆمەڵایەتییە چەوت و نەخۆشەکەمان ڕوو بکاتەوە ڕاستی و تەندروستی.

جا هیوادارم بەخوا کە لەناو ئافرەتانی کوردیشدا لە خەبات و تێکۆشیندا بۆ ئامانجی بەرز و پیرۆز، وێنەی (سۆسان ئەنتۆنی) زۆر هەڵ بکەوێ، تا نەتەوەکەمان ئەو پێشکەوتنە ڕاستەقینەیەی دەست کەوێ.

سلێمانی: ساڵی ١٩٧٠
شاکر فەتاح



## سەرکێشە بچکۆلە

هیچ لەو کچانەی نەئەکرد کە هاوسەردەمی خۆی بوون. هەرگیز گوێی نەئەدایە ئامۆژگاری ژنە مامۆستاکەی خۆی، کە کۆمەڵایەتی[1] وا ڕاهاتبوو، پێی خۆش نەبوو کە کچ لە ڕەوشتی خۆیدا لە سنووری ئەو دەستورانە بچێتە دەرەوە. تەنانەت وایشی لێ هاتبوو، هەرچیەکیشی پێ ئەگوترا لە «پەیمانگای ئایینیی ئافرەتان»دا تووڕی هەڵ ئەدا. بۆ ئەمەی هەر بەدووی بیروباوەڕی خۆیدا بچێ. لەو سەردەمەدا، سەربەستی بیروباوەڕ، بەتاوانێکی وا گەورە دائەنرا لەناو «پەیمانگا»کەدا.

کە بەهیچ کلۆجێک چاوی لێ نەئەپۆشرا!... پەیڕەوی خوێندنەکانیش لەسەر بنچینەی سێ شت دامەزرابوو، کە کچەکانیان پێوە ڕابهێنرێن، ئەوانیش بریتی بوون لە: «کردەوە و ڕەوشتی چاک و، خۆشەویستی و خواناسی»، کە بەپێی ڕەفتارەکانی کۆمەڵایەتی ئەوانە بەبەرز و پیرۆز دائەنران. بەڵام «سۆسان» نەیئەویست ملکەچی و خۆڕاگرتن وا لێک بداتەوە کە بریتین لە دواکەوتن و ملنان و فەرمان بەجێ هێنانێکی کوێرانە. هەروەها ئەوەیشی بەرپەرچ ئەدایەوە کە «خۆشەویستی» واتای ئەوە بێ زۆرداری و ژێردەستەیی کەسێکی تر پەسند بکات. ئەو هەر لەسەر ئەو قسەیە ئەڕۆیشت کە سەربەستی بیرو شانازیکردن بەکەسایەتییەوە پێچەوانەی کاروکردەوەی بەرز و پیرۆز نین... جا ئەم جۆرە هەستی گیانییەی کە «سۆسان» پێشانی ئەدا لە «پەیمانگا»کەدا، هەموو دەم ئەبووە هۆی ئەوەی کە خۆی و ژنە مامۆستاکەی ببێتە دەمەتەقێیان!... ئەوەندە هەبوو «سۆسان»، لە «پەیمانگا»کەوە و لە ژنە مامۆستاکەوە دوو شت فێر بوو: یەکەمیان، شێوەیەکی وێژەیی بەهێز... دووەمیشیان، قین هەڵگرتن و سەرکێشی کردن بەرامبەر ئەو ڕەوشت و خووانەی کە کۆمەڵایەتی ئەمەریکا دەسوپێی ئافرەتانی پێ بەستبووەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی «کویکەر»دا کە لە شێوەیەیەکی زۆر وشک و ڕەقدا خۆیان ئەنووساند بەئایینەوە!. دوور نییە «سۆسان» ئەو گیانە سەرکێشەی لە باوکی خۆیەوە وەرگرتبێ، کە بەرەنگاری یاساکانی تیرە ئایینییەکەی خۆی بووبوو لەوەدا کە کچێکی مارەکردبوو، لە «کویکەر»ەکان نەبوو!...

ئەم کچە ئازاد بووبوو لەوەی کە وشک و ڕەق بێ لە خواناسیدا، کە خەرەکی ئەخستەکار، گۆرانیشی بەدەمەوە ئەگوت، کە ئەم خووە لەو سەردەمەدا بەخوویەکی ناپەسند

(١) یان ڕاستتر: کۆمەڵ.

دائەنرا!... هەروەها حەزی لە سوپاسکردن و پیاهەڵدان ئەکرد، تا بەرەبەیانیش لە ئاهەنگەکانی سەما و هەڵپەڕکێدا ئەمایەوە... کەچی لەپاش شووکردنی بەباوکی «سۆسان»، بەرەبەرە دامرکایەوە و دەستی دایە خۆڕاگرتن و خۆپاراستن لە کردەوە و کاری هەرزەکارانە. ئیتر ئەو گیانە ئازادەی خۆی دایە دەست «سۆسان»ی کچی، کە دووەمین مناڵی بوو لەناو هەشت مناڵدا کە بووبووی!...

## ئافرەتێکی وابوو کە دەمارە مێشکییەکان پیاوی هەبوو

«سۆسان» ساڵەکانی سەرەتایی تەمەنی خۆی بەسەختییەوە ڕابوارد، بەڵام ئاسانیش بوون بۆ ئەو... ئەمە زۆر سەیرە کە سەختی و ئاسانی لە یەک شتدا کۆببنەوە، لەگەڵ ئەمەیشا ڕووداوەکەی ژیانی «سۆسان» لەم بارەدا بوو!... چونکە باوکی «سۆسان» کارگەیەکی بچووکی هەبوو بۆ ڕستنی لۆکە. کرێکارەکانی ئەو کارگەیەیشی بەپیاو و ژنەوە لە ماڵەکەی خۆیدا ئەحەواندەوە.

لەسەر ژنی «ئەنتۆنی»، کە دایکی «سۆسان» بوو، پێویست بوو کە هەشت مناڵەکەی خۆی، پەروەردە بکات و ڕێکیان بخات و ڕایشیان بهێنی بەوە کە یارمەتی بدەن لە ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوماڵەکەدا و، لە چاودێریکردنی ئەو کرێکارانەیشدا کە بەسەر ئەو ماڵەدا سەپێنرابوون... جا لەبەر ئەوە هەرچەندی ئەکرد دەستی نەئەپەرژا گۆرانی بڵێ و هەڵپەڕێ و سەما بکات. هەروەها مناڵەکانیشی وەک منالانی تر ئەو بەختەیان بۆ نەهاتبووە پێشەوە کە بەدڵی خۆیان تێروپڕ یاری و بەزمورەزم بکەن. بەپێچەوانەی ئەوە ژیانیان لەسەر دەستوورێک ئەڕۆیشت کە بریتی بوو لە سێ بابەت:

«جێبەجێکردنی کاروفرمانی ناوماڵ، ترسی خوا، زمان گرتن»!...

ئەمەندەبوو «سۆسان» خۆی پێ نەئەگیرا قسەنەکات، چارەنووسیشی وا بوو باوکی کارگەکەی لە دەست چوو. لەبەر ئەوە «سۆسان» ناچار بوو. بەشی خۆی نان پەیدا بکات و یارمەتی خێزانەکەی خۆی بدات. لەبەر ئەوە دەستی کرد بەوانە گوتنەوە بەمناڵان، هەر حەفتەی بەدوو دۆلار وانەی ئەگووتەوە!. ئەوکاتە تەمەنی گەیشتبووە هەژدە ساڵان... ئەوەندە هەبوو کاروکردەوەکانی و، گفتوگۆکانی لەگەڵ شاگردە کچەکانیدا، هەروەها هەستی چاک نواندنیشی بەرامبەر بە«زەنگی»یەکان[1]، لەناو کۆمەڵایەتیەکی وادا کە

(١) زەنگییەکان: زنجیەکان، پێست ڕەشەکان، قولەڕەشەکان.



یەجگار هەستی بەڕەگەزپەرستی ئەکرد... ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەوەی کە دەستی لە فرمان بکێشرێتەوە!... بەڵام «سۆسان» بەم کارە بەیەجگاری گڕی گرت و یەجگار بێزیشی کردەوە لە پێست سپییەکان کە بەلای ئەوەوە نیشانەی کۆمەڵایەتییەکی پڕ زۆر و ستەم بوون!... کاتێکیش کە فرمانی دەست کەوتەوە لەناو خوێندنگایەکی تردا، لە بەدبەختی خۆی کەوتە ناو چەند کچێکی وا بەدخووەوە، کە بۆ ئەوە نەهاتبوونە بەر خوێندن تا ببن بەخوێندەوار هەر بۆ ئەوە هاتبوونە ئەوێ کە کاتی بێ فرمانی خۆیان بکوژن و بگەڕێن بەدوای بەزمویاریدا، بەسایەی ئەو داوانەوە کە بۆ ژنە مامۆستاکانی خۆیان ئەنانەوە!... بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە «کچی ئەنتۆنی» لەو جۆرە مامۆستایانە نەبوو کە تیزی پێ بکرێ. «سۆسان» شووڵەدارێکی لە یەکێ لە درەختەکان کردەوە و سەرۆکی کچە خوێڕییەکانی کێشایە پەنایەکی ژوورەکەوە ئنجا دەستی کرد بەمەشق پێ کردنی، بەچەشنی سوار چاکێک کە مەشق بەئەسپە سەرکێشە کەللە ڕەقەکەی خۆی بکات!...

ئیتر لەو ڕۆژەوە شاگردەکان ڕاهاتن بەوەوە کە بەڕێزێکی زۆرەوە لەگەڵیا بجووڵێنەوە. لەژێریشەوە ئەیانچرپاند بەگوێی یەکتردا ئەیانگوت:

«ئای خوایە، ئەم ئافرەتە چ جۆرە دەمارە مێشکێکی هەیە خۆ هەر ئەڵێی هی پیاوە!...»...

## نەیویست ببێتە کارەکەرێکی یاسایی

«سۆسان» هەر وەک دەماری پیاوانەی هەبوو، هۆشی پیاوانەیشی هەبوو... زۆری پێ نەچوو کرا بەسەرۆکی بەشی کچان لە خوێندنگای (کانا جوهای)ی سەروودا، لە خاکی (نیویورک)دا... زووبەزوو کاری کردە دەروونی دانیشتوانی شارەکە. تەنانەت یەکێک لە ئەندامانی کۆڕی کاروبار هەڵسووڕاندنی خوێندنگاکە وای لێ دوا گوتی: «ئەم ئافرەتە زیرەکترین پیاوە کە هەتا ئێستا هاتبێتە ئەم خوێندنگایەوە!.» چەند کەسێک لە خاوەن کشتوکاڵەکانی شارەکە هاتنە پێشەوە داوایان لێ کرد شوویان پێ بکات. نەک لەبەر ئەوەی کە ئافرەتێکی هوشیار و زیرەک بوو بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەشێکی توندوتۆڵ و گورجوگۆڵی هەبوو... یەکێک لەو خاوەن کشتوکاڵانە، کێڵگەیەکی هەبوو شەست مانگای تیا ئەلەوەڕاند، کە (سۆسان)ی دی بەم جۆرە پیاهەڵدا، گوتی: «ئای کە ئافرەتێکی ناوازەیە ئەمە لەوانەیە کە هەر شەست مانگاکە بەدەستی خۆی بدۆشێ!»

بەڵام «سۆسان» دەستی نا بەڕووی ئەو هەموو کەسانەوە کە هاتبوونە خوازبێنی. پێی گوتن: «سوپاستان ئەکەم... من نامەوێ ببمە کارەکەرێکی مارە کراو بۆ هیچ پیاوێک!...»...

«سۆسان» ، بەم ڕەنگە سەربەخۆیی خۆی پاراست. کە لەوەیش دڵنیابوو ، ئەوەندە خاوەنی هێز و توانا و نیازی تەواوە ، کە بتوانێ نانی خۆی پەیدا بکات و باش بەڕێوە بچێ ، بێ ئەمەی داماوی دەستی پیاوێک بێ کە جاودێریی بکات!... چونکە لەو سەردەمەدا ، یاساکانی ژن و مێردیی ، وای لە ژن کردبوو کە ببێتە کارەکەرێک بۆ پیاو ، نە هیچ مافێکی هەبێ ، نە هیچ سەربەستی یەک!.

## بەپێی یاسا سەگ و ئافرەت یەک مافیان هەبوو

ڕۆژێک لە ڕۆژانی هاوینی ساڵی ١٨٤٨ ، «سۆسان» لە ڕۆژنامەکاندا چاوی پێ کەوت، کە کۆنگرەیەکی ئافرەتان لە شاری «سینیکا فولز»دا گیراوە ، لە مافەکانی «کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئایینیی ئافرەت» ئەکۆڵنەوە. ئەم دەنگە ئەوەی خستە دڵیەوە کە خەبات بکات بۆ ئەو ئامانجەی کە پڕ بەدڵ ئەیویست هەموو هێز و هەرەتە گەورەکەی و چست و چالاکییە بێ ئەندازەکەی خۆی بۆ تەرخان بکات!. دەمودەست خۆی هاویشتە ناو لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی باری ئافرەتانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە رووی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئایینییەوە. کە ڕاستی ئەو بارانەی بۆ دەرکەوت. لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا ، زەندەقی چوو ، سەری سوڕما . دەمودەست هەستی کرد بەخۆی کە گیانی سەرکێشی لە کانگای دەروونیا کلپە ئەکات ، بەجۆرێکی وا کە هیچ جارێک بەو چەشنەگری نەسەندبوو لەناو دەروونیا!.

یاسای ئەمەریکایش وەک یاساکانی فەرمانڕەواییەکانی تر ، کە لەو دەمەدا هەبوون، ئافرەتی لە خوارووی پیاوەوە دانابوو... تەنانەت کردبوویشی بەبەندەیەکی پیاو... ماوەی ئەوەی نە ئەدا کە ئافرەت بتوانێ سامانی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێ ، چونکە کە شووی کرد ، خۆیشی و سامانەکەیشی ئەبنە سامانی مێردەکەی. تەنانەت یاسا ڕێی ئەوەیشی بەئافرەتی کارگەر نەئەدا کە دەستی خۆی لە فرمانەکەی خۆی بکێشێتەوە ، کە ئەو مزانەی وەریان ئەگرێ بۆ کەڵک و ئارەزووی خۆی بەختیان بکات. تەنانەت مافی ئەوەیشی نەبوو کە ئەو پارانەی لە تۆڵەی وەی[1] و زیانی خۆی دا لە خاوەن فرمان وەری ئەگرتن، خۆی

(١) وەی: کارەسات (مصيبة)



بەکاریان بهێنێ!... تەنیا هەرمێرد بوو کە ئەیتوانی ژنەکەی خۆی و سامانی ژنەکەی و چارەنووسی ژنەکەی خۆی بەکار بهێنێ!. لە مانە هەموویان خراپتر ئەوەبوو ، کە یاسا ڕێی ئەدا بەپیاو منداڵەکانی ژنەکەی کە لە خۆی بووبوون، بەئارەزووی خۆی بەکاریان بهێنێ ، بێ ئەمەی خۆی ماندوو بکات بەوەوە کە ڕاوێژێک بەژنەکەی ، بەدایکی ئەو منالانە بکات!.

یاسا لە ڕیسواکردنی ژن دا ، زۆرداریی گەیاندبووە ئەوپەڕی:

مافی ژن و مافی سەگی وەک یەک لێ کردبوو!.

لە یاساکەدا نووسرابوو: مێرد مافی هەیە لە ژنەکەی و لە منالەکانی و لە سەگەکەی خۆی بدات!. ژن مافی ئەوەی نەبوو کە لەبەر زۆرداریی مێردەکەی ، داوای بەرەڵلابوون بکات!...

بەکورتی ئافرەتی ئەمەریکایی هەتا پاش نیوەی سەدەی نۆزدەیەمیش هەر وەک کارەکەر و کەنیزەک وابوو!... بەو چاوە سەیر ئەکرا!...

## ئەیەوێ لە پێشدا پیاو چاک بکاتەوە

ئەمەیش شتێکی ئاشکرابوو ، کە ئافرەتەکان ویستیان پێوەندیی بەندەیی خۆیان بپچڕێنن، جووڵەکەیان[1] بەرەنگارییەکی تەواو کرا لەلایەن پیاوانەوە... ئەمەیش سەرسوڕمانی پێ نە ئەویست.

چونکە بەتەنشت ئەوەوە کە پیاو وەک ، مێردیک ، ئەو هەموو مافانەی ئافرەتی داگیر کردبوو و چێشکەی ئەکردن ئافرەت لە خاوەن کارخانەکان کەمترین مزی وەرئەگرت!... لەباتی چنینی کورتەکێک (چاکەتیک) هەشتا فلس ، لەباتی چنینی شەرواڵێکیش (پانتولێکیش) بیست و پێنج فلسی وەرئەگرت ، کەچی لەپاش ئەم هەموو زۆرداریەیش کەلێی ئەکرا ، پێویست بو ئەو مزانە بداتە دەست مێردەکەی خۆی!... لەگەڵ ئەمەیشدا زۆر مێردی وا هەبوون کە ئەو پارەیەی ژنەکانیان بەرەنجی شانی خۆیان کۆیان ئەکردەوە ، ئەوان لەمەی خۆربی[2] و داوێن پیسی دا پەرش و بڵاویان ئەکردەوە!...

«سۆسان» لە باوکی خوی دا پشتیوانێکی هەرەباشی دەست کەوت کە پاڵی پێوەئەنا بۆ ئەمەی لە کەینەوبەینەی مافەکانی ئافرەتدا هاوبەشی بکات... بەڵام «سۆسان» لە سەرەتای

(١) جووڵە: بزوتن (حركە)

(٢) یان ڕاستتر: لەمەی خواردنەوە و...

کاردا ویستی، ڕەوشت و خووی پیاو ڕاست بکاتەوە ئنجا چارەی دەردی ئافرەت بکات لەناو کۆمەڵایەتیدا. لەبەر ئەوە، خۆی خستە، پاڵ ئەو کەسانەوە کە داوای لابردنی بەندەیەتی یان ئەکرد و، هاواریشی کرد بۆ ئازاد کردنی پێست ڕەشەکان. هەروەها چووە پاڵ ئەو کەسانەیشەوە کە داوای لابردنی بابەتی سەرخۆشی و بەربەستی مەیخورییان ئەکرد... چونکە بەند گەریی[1] و مەی خواردنەوە، دوو دەردی گەورەبون کە لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا تووشی کۆمەڵایەتی ئەمەریکابوون.

ئەمەریکاییەکان بەئەندازەیەکی وا مەییان ئەنۆشی کە پیاو لێی سەرسام ئەبوو!... بۆی هەیە[2] ئەم ڕەوشتە لە قینی ئەو ڕەوشتە ئایینییە وشک و سەختە پەیدابوو بێ کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا فەرمانڕەوا بوو بەسەر خاکی ئەمەریکادا!...

بەم ڕەنگە «سۆسان ئەنتۆنی» دەستی کرد بەهاوکاریی لە «جووڵەی مام ناوەندیی»دا... تا ئەودەمەیش «سۆسان» بیری لە مافە زرنگکارییەکانی ئافرەت نەکرد بووەوە... ئەو هەر ئەوەیشی بەبیردا نەهاتبوو کە ئافرەت مافی هەیە دەنگ بدات لە هەڵبژاردنەکانی گشتیدا. چونکە ئافرەت لەو مافانەی وا بێبەش مابووەوە، کە لەو مافە پێویست تر بوون بۆ ئەو. «سۆسان»یش تێ ئەکۆشا بۆ دەستکەوتنی ئەو مافانە لە ڕێگای چاککردنەوەی ڕەوشتوخووی پیاوەوە. ئەوەندە هەبوو کارەسات وای ئەهێنا کە ناچار ببێ ڕێگایەکی ڕاستە و ڕاست بگرێ بۆ دەستکەوتنی مافەکانی ئافرەت چونکە وا ڕێککەوت کە لە یەکێک لە کۆگرەکانی «جووڵەی مام ناوەندیی»دا کەلە ساڵی ١٨٥٢دا گیرابوو، «سۆسان» هەستایە سەرپێ، بۆ ئەمەی بیروباوەڕی خۆی بنوێنێ لە بابەت ئەو کەینەوبەینەیەوە کە خرابووە پێش دەم هەمووان بۆ گفتوگۆ کردن لە سەری. کەچی لەپڕ سەرۆکی کۆنگرەکە لە شێوەیەکی وشک و و ڕەق و ناشیریندا فەرمانی پێدا دابنیشێتەوە. چونکە ئافرەت هەر مافی ئەوەی هەیە «گوێ بگرێ و فێر ببێ، ناشێ قسە بکات!.»

(١) واتە: کۆیلەیەتی (عبودیە).
(٢) یان دەشێ بوترێ (لەوانەیە).



# سێ سووچکەی ئافرەت

ئیتر لەو ڕۆژەوە «جووڵەی خەباتی ئافرەت» لە دایک بوو!.

(سۆسان)یش پەیی بەوە ئەبرد کە تا چ ئەندازەیەک هێز و توانای هەیە و لە چ سنووڕێکیشدا فرمانی پێ ئەکرێ. بۆ ئەوە تێ نەکۆشا کە پێشەوایەتی (جووڵە) کە بۆ خۆی بپچڕێ. هێنای دوو خەبات کاری تریشی کرد بەهاوکاری خۆی، کە هەردووکیشیان ئافرەت بوون... (سۆسان) لە خۆی دڵنیابوو کە توانای ڕێکوپێک خستنی کاروباری هەیە. بەڵام ئەوەیشی ئەزانی کە نووسەریکی ناوازە نەبوو. وتار بێژێکی کارتێکەریش نەبوو. لەبەر ئەوە ئەو کەموکوڕیانەی خۆی بەوە پڕ کردەوە کە لەگەڵ ئەو دوو ئافرەت پەروەرە خوێن گەرمانەدا بوو بەهاوکار بۆ چارەکردنی ئەم کەینەوبەینەیە. ئافرەتەکانیش یەکێکیان ناوی «ئەلیزابێث کادی ستانتۆن» بوو، ئەوی تریشیان ناوی «ئەرنیستین ڕۆز» بو... هەر لە سەرەتای کارەوە ئەم سێ ئافرەتە ناوبانگیان بەوە دەرکرد کە پێیان ئەگوتن (سێ سوارە) بەڵام ئەم پاش ناوە، هەر بەو ناوەوە بەکار ئەهێنرا کە هەر سێکیان لە پیاو ئەکەن، یاخود پیاون. سێ ئافرەتەکەیش ئەمەیان پێ خۆش نەبوو کە وەک پیاو دابنرێن، جا لەبەر ئەوە، لەوەپاش پێیان ئەگوترا... «سێ سووچکەی ئافرەت[1]»!.

هەر سێ ئافرەتە خەبات کەرەکان کەوتنە کارەوە و توانیشیان کاروباری خۆیان لەسەر بنچینەکی ڕووداو و ڕاستەقینە زۆر بەوردیی ڕێکوپێک بخەون و بیبەن بەڕێوە، کە زۆر ناوازە بوو... جا «سۆسان ئەنتۆنی» ئەوەی خستە سەرشانی خۆی کە ڕەنگ بڕێژێ بۆ هەڵمەتەکەیان. (ئەلیزابیث)یش بەنووسین ئەو ڕەنگ ڕشتنەی ئەخستە شێوەی وتاری پاراو و کاریگەرەوە.

«ئەرنیستین»یش کە خاوەنی زمانێکی تەڕ و پاراو بوو، کە لە پاش دا وای لێهات پێیان ئەگوت (شاژنی وتار دان»، ئەوەی خستە ئەستۆی خۆی کە وتارەکان بدات و مێشکی نەتەوە لە بابەت ئەم کەینەوبەینەیەوە ڕوون بکاتەوە... جا هەر سێ ئافرەتە خەباتکەرەکە، پێکەوە دەستیان کرد بەگەڕان بەناو خاکی ئەمەریکادا. ڕەوشتیان وابوو کۆبوونەوەیان بەئافرەتان ئەکرد، هانەی ئافرەتەکانیان ئەدا کە ئازابن و دەماری مەردایەتییان ببزوێتەوە و بکەونە خەبات کردن لە پێناوی دەستکەوتنی مافەکانی

(١) سێ سووچکە لە سێ (سوچ- زاویە)وە، کە کورد بۆ سێ شت کە یەک بگرن یارێکەون دەڵێن: سێ کوچکە.

خۆیاندا. هەروەها بۆ ئەوەیش تێ ئەکۆشان کە ترس لە دڵی پیاوەکان دەربکەن و ڕایان بکێشن بۆ پشت گرتنی «بزووتنەوە»کە.

## هوروژمێکی بەهێز لەلایەن پیاوانی زرنگکاریی و ڕۆژنامەنووسەکانەوە

ئەوەندە هەبوو ئەم جەنگە بۆ ئەو سێ ئافرەتە ئاسان نەبوو. چونکە ڕۆژنامەکان لێیان ڕاست بونەوە و دەستیشیان کرد بەبەرپەرچ دانەوەیان. خاوەن پێنوسەکان ئەیانویست لە ڕێگای ترس خستنە دڵی پیاوان و بزواندنی دەماریانەوە بزووتنەوە کە لە پەلوپۆبخەن.

ڕۆژنامەی (نیویۆرک هیراڵد) لە ۱۸۵۲/۹/۱۲دا نووسی:

«پێشەواکانی جووڵەی ئافرەت، کە ئەیانەوێ ماف بۆ ئافرەت وەربگرن، مەبەسیان لەمە چییە؟... ئەمانە بەهیوای ئەوەن کە هەر پایەیەک پیاوان ئاواتی بۆ ئەخوازن، بۆ خۆیانی داگیر بکەن «ئەیانەوێ ببنە پشتیوان و پزیشک و کەشتییەوان و سەرکردەی لەشکر لە کۆڕی جەنگدا!...

بەڵام ئەمە چەند پیاو ئەهێنێتە پێ کەنین، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆژنامەکان ئەمە بڵاو بکەنەوە: کە (خاتون)ی پشتیوان لەوکاتەدا کە لەبەردەم دادگادا ڕاوەستابوو، لەسەر کەینەوبەینەیەک چەندوچوونی ئەکرد، لە پرسکی هاتەژان و ئەیویست منداڵی ببێ!». (۱)

کاتێ کە نووسەرەکانیش ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کەتیز پێ کردنەکانیان کارێکی نەکردە (جووڵەی ئافرەت)، دەمودەست، دەستیان کرد بەهوروژم بردنیکی بێ پەردە کە پڕی بوو لە جوێن و قسەی ناشیرین... پیاوانی زرنگکاریش لەم هوروژمەدا بون بەهاوکاری خاوەن ڕۆژنامەکان. هەر ئەوەندە «سۆسان» سکاڵایەکی پێشکەش بەکۆڕی یاسا دانان کرد لە خاکی (نیویورک)دا، کە ئەو مافانەی هی ئافرەتن بیاندەنێ، ئەندامەکان دەمودەست وروژان و لەو خواستە ڕاپەڕین، دەستیان کرد بەبەڵگە هێنانەوە لەناو (نووسراوی پیرۆز)دا کە ئافرەت لە خوارووی پیاوەوە دانراوە... یەکێک لە ئەندامەکانیش بەسەرگەرمییەکەوە هەستایە سەر پێ و قیژاندی، گوتی: «ئایا ئەوانە بەهیوای ئەوەن کە ئێمە تەماشایەکی ئەم جۆرە خواستە نەنگە بێ ئابڕووانە بکەین کە ئەتوانم بڵێم هەموویان بەکەتن دائەنرێن!؟

بۆچ ئیمە دان بەوەدا ئەنێین کە ئەم قسە پڕوپووچە درۆیە ڕاستە کە ئەڵێ ژن و پیاو وەک یەکن؟!. ئێمە ئەوە باش ئەزانین کە کاتێ خوا پیاوی دروست کرد، بەو ناوەوە دروستی

(۱) ڕستەکە دەبوو بەم بارەدا بووایە:... خەریکبوو منداڵی ببێ!



کرد کە ببێتە نوێنەری هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی، پاش ئەوە لە کەلەکەی ئەم پیاوە ئافرەتیشی دروست کرد... کەواتە پیاو مافی هەیە ببێتە سەرۆکی ئافرەت!.» ئەندامەکە، ئەمەندە دەماری بزووتبوو، گەیاندییە سنووری هەڕەشە کردن: کە ئەگەر ئافرەتەکان لە مەزۆرتر لەسەر «بزووتنەوە»کەی خۆیان ڕۆیشتن، پیاوانیش ژنەکانی خۆیان ئەخەنە بەندیخانەوە و پێوەند ئەخەنە پێیانەوە!.

## ناپلیۆنی جووڵەی ئافرەت!

بەڵام ئافرەتەکان لەوانە نەبوون کە پاشگەز ببنەوە لە قسەی خۆیان. هەروەها لەوانەش نەبوون کە بهێڵن یاخود هۆشیان بخرێتە بەندیخانەوە... هەر سێ ئافرەتە خەبات کارەکان، ملیان نا بەڕێگەی خۆیانەوە و سنگیان نابۆپێشەوە بڕۆن... زۆریشی پێ نەچوو گەلێک لە ئافرەتەخاوەن. هۆش و تەواناکان هاتنە پاڵیانە و... لەبەر ئەوە جووڵەکە تا هات بەهێزتر و توندتر ئەبوو... پێشەواکانیش ئەمەندە کەوتنە بەربەرەکانێ وە لەگەڵ پیاواندا، ئەوانیش قژی خۆیان بڕی وەک پیاو و، بەرگی وایشیان لەبەر کرد کە لە هی پیاوان بکات!.

ئەمەریکاییەکان لەمە سەرسام مان!... کە چون ئافرەت ئەمەندە بێ باکی لێ هات، بەم جۆرە خۆی لە دەست ئەم هەموو کراسانە ڕزگار بکات، کە حەوت کراسی یەک لەسەر یەکی لەبەر ئەکرد، بێجگە لە مەمک هەڵبەست و ئەو کراسە درێژەیش کە دامێنەکانی لە زەوی ئەخشان!؟

بەڵام زۆری پێ نەچوو ئافرەتەکان گەڕانەوە سەر پۆشینی بەرگە ئافرەتییەکان. بەڵام هەرگیز لە خەباتی خۆیان وازیان نەهێنا، بەپێچەوانەی ئەوە تا ئەهات هێز و هەڕەت و دان بەخۆداگرتن و نیاز دەربڕینیان زۆرتر ئەنواند!. هەرچی (سۆسان) بوو فرمانی ئەوەبوو ڕەنگی کارکردنی بۆ ئەڕشتن، تا لە سەری بڕۆن.

ئەوەندەیش لە دەستی ئەهات فرمانی ئەکرد، نە ئەوەستا، نە کوڵی ئەدا. تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها لە کارگوزاریی و چست و چالاکیدا ناویان نا «ناپلیۆنی جووڵەی ئافرەت». ئەمەیش دان پیانانێک بوو بۆ ئەو کە زۆر شارەزابوو لە ڕێکخستنی کاروفرمان دا لە ڕەنگ ڕشتن و پێ ڕەویی دانان دا، لە سەرکردەییدا، لە ئەرک و ئازار بەرگەگرتن دا، لەکۆڵ نەدانیشدا بەرامبەر هیچ شکان و کاروبار سەرنەگرتنێک!. بەرگە گرتنەکەیش بۆ ئەو وابوو تا ئەهات زۆرتر لەسەر بیروباوەڕ و کارەکەی خۆی ئەڕۆیشت، زۆرتریش ئەکەوتە گەڕا!. جا لەناو گێژاوی ئەم هەموو خەباتەدا کە ئەیکرد، توانی خۆی بەوتاردانەوە

ڕابهێنێ. لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو، بوو بەوتاربێژێکی وەها کە هاوتای نەبوو، کە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی زۆرتر هۆگری هاتوچۆ ببێ بەناو خاکەکانی ئەمریکادا بۆ ئەمەی بیروباوەڕەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە و، ئافرەتەکانیش، هەموو، یەک بخات بۆ ئەو زۆرانبازییەی کە خەریک بوو گڕی ئەسەند!.

***

هەر چەندە «ئەلیزابێث» و «ئەرنیستین»، لە هەندێ جاردا پشوویان بەخۆیان ئەدا و ئەسرەوتن. بەڵام «سۆسان» هەرگیز وەک ئەوانی نەئەکرد. تەنانەت بەئەندازەیەکی وای لێ هات کە ئەویان بەنموونە ئەهێنایەوە بۆ بەرگە گرتنی ئەرک و ئازار!.

تەنانەت کەسانی وایش هەبوون کە ئەمەیان بەشاکارێکی لە وزە بەدەر دائەنا، کە لە توانای کەس دا نەبوو بیکات!.

هەرچەندە «سۆسان» لە تەندروستی دا وەک خۆی نەمایەوە و لەشیشی دەستی کرد بەتێکچوون، بەڵام هیچ دەمێ ئارەزووی بێدەنگ و سەنگی و سرەوتی نەئەکرد، تەنانەت. هەندێ جار لەبەر ئێشی لەشی، بەپشتی کۆماوەوە ڕائەوەستاو وتاری ئەدا بەڵام ئەمەندە خاوەن نیاز و بڕیار پەروەر بوو، هەموو دەمێ بەسەر نەخۆشی و ئێش و ئازاردا زاڵ ئەبوو!.

«سۆسان» لە نیو سەدەیش پتر لەسەرکردەیی لەشکری خەباتکاراندا مایەوە لەناو «شۆڕشی ئافرەتان»دا... هیچ نەئەوەستا. هەموو دەم هاتوچۆی ئەکرد بەناو شارەکاندا...

هەموو دەم دەماری ئافرەتانی ئەبزواند کە بۆ دەستکەوتنی مافی خۆیان ڕەنج بدەن... هەموو دەم تێ ئەکۆشا بۆ ئەوەی پیتاک کۆ بکاتەوە تا پارە بۆ بزووتنەوەکە پەیدا بکات...

«سۆسان» ئەمەندە کارگوزاریی ئەنواند نەک هەر دوژمنەکانی خۆی، هاوڕێکانی خۆیشی سەرسام کردبوو، ئەوانە وایان لێ هاتبوو «سۆسان» یان وەک «ژن خوا»یەک ئەهاتە پێش چاو نەک وەک مرۆڤێک!. ژن خوایەکی وایش بوو، کە هەژاریی ڕووی تێ کردبوو، نەخۆشیی باداریی سەری تێ کردبوو، کەچی بڵێسەی گیانی نەئەکوژایەوە!.

لە هەموویشی سەرسوڕهێنەر تر ئەوەبوو، کە ئەو لە کاتێکدا کەوتبووە ناو گێژاوی هەژاریی و نەخۆشی و ئەرک و ئازارەوە هەر وەک خۆی مابۆوە: گەش و ڕووخۆش بوو، دەم بەپێکەنین بوو. زمانیشی هەر بەچەشنی جاران ئەمەندە تیژ بوو لە کوتەک خراپتربوو بۆ دوژمنەکانی!



## نوخشەی گوڵەکان لە باخچەی بزووتنەوەکەدا!

«سۆسان» لە چارەی نووسرابوو، ئەمەندە بژی کە ئەو تۆوەی چاندبووی، بیبینێ: ڕوواوە و گوڵیشی گرتووە... ئەوەندە هەبوو مەرگ ڕێی نەدا بژی تا بەریشی ببینێ... جارێکیان خۆی کوتا دەنگی خۆی بدات لە هەڵبژاردنەکان دا، کە یاسا ڕێی بەئافرەتان نەئەدا دەنگ لەوەدا بدەن. دەمودەست گرتیان و خستیانە بەندیخانەوە!. بەڵام «سۆسان» ئەمجارە بەتەنیا نەبوو. هەرچی ئافرەتێکی نەتەوە هەبوو لە پشتیەوە بون، پشتیان ئەگرت. دوایی پیاوانیان ناچارکرد کە نرخی بزانن و ڕێزی لێ بگرن و بەچاوێکی وایشەوە سەیری بکەن کە کەسێکە لەو کەسە ناوازانەی کە لەو سەردەمەدا مێژووی ئەمەریکایان دروست ئەکرد.

لە ڕاستیدا «سۆسان» دەستی هەبوو لە دروستکردنی مێژووی ئەمەریکادا!... چونکە خەباتکردنەکەی ئەو بەکەڵکی ئەوەهات کە ئافرەتانی ئەمەریکا توانییان لە نیو سەدەدا ئەمەندە ئاواتی ئافرەتی بهێننەدی، کە هەموو ئافرەتانی جیهان لە هەزار ساڵ لەوە پێشترەوە ئاواتیان بۆ ئەخواست... یەکێک لەو گوڵە گەورانە کە داری بزووتنەوەی ئافرەتان گرتبووی، زانستگای «ڤاسار» بوو کە لە ساڵی ١٨٦٥دا دەرگاکانی خۆی کردەوە بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن خوێندنی بەرز بخوێنن، لەسەر بەرزترین پێڕەویی زانستگاکانی کوڕان... دووەم گوڵی دارەکەیش لە دە ساڵەکەی دوایی دا گەشەکردنی خۆی تەواو کرد. چونکە زانستکۆکان یاسای پێ خوێندنی کوڕ و کچیان، بەتیکەڵی، دامەزراند. زۆری پێ نەچوو لە زانستکۆکانی چواردە خاک دا، لە خاکە یەککگرتووەکانی ئەمەریکادا کوڕ و کچ بەتەنشت یەکەوە ئەیانخوێند. هەر ئەوەندە گەیشتە ساڵی ١٨٨٠، ژمارەی خوێندنگا دووەمینەکان کە کوڕ و کچ پێکەوە ئەیانخوێند لەناویاندا، گەیشتە سەد و پەنجا و چوار خوێندنگا!.

خوێندنە بەرزەکانیش ڕیگایان کردەوە بۆ ئافرەتەکان کە بێنە ناو کۆڕی پیشەی سەربەستەوە... لە ناوەند ساڵەکانی ١٨٥٠و ١٩٠٠دا، بارستایی ژمارەی ئافرەت لەناو ئەو مامۆشتایانەدا کە لە یەککگرتووەکانی ئەمەریکادا وانایان ئەگوتەوە لەناو خوێندنگاکاندا، لە ٦٥٪ی تێپەڕاند... ئافرەتەکان خۆیان کشاندە ناوەوە، بۆ ئەمەی بەتەنشت پیاوانەوە جیگای خۆیان بگرن لە پیشەکانی پزیشکایەتی و وێژەیی و پشتیوانیدا...

ساڵی ١٨٧٩یش لەناو ساڵەکانی مێژوویی دا شانازیی بەوەوە ئەکات، کە ئەو ساڵەیە

که یەکەم پشتیوانی ئافرەت لەناو ئەودا ڕێ درا کە، لەبەردەم دادگای باڵادا چەندوچوون بکات!... ئەوەندە هەبوو، کە لە هەموو گوڵەکان جوانتر و بەنرختر ئەوەبوو کە ئافرەت مافەکانی شارستانیتی خۆی دەستکەوت.

لە نزیک بڕانەوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، هەرچی یاسایەک هەبوو کە لەنرخی ئافرەتی شووکردووی کەم ئەکردە و، سەربەستییەکانی لێ بەربەست ئەکرد، هەمووی هەڵوەشێنرایەوە.

ئیتر ژن وای لێ هات: کە مافی هەبێ سەرپەرشتی سامانی خۆی بکات. کە بچێتە بەردەم دادگا بۆ پاراستنی مافی خۆی، کە هەر مزێکی دەست بکەوێ لای خۆی بیهێڵێتەوە، کە بەئارەزووی خۆی ئەو مزانەبەخت بکات، کە لەکاتی بەرەڵڵابونیا یاخود جوێ بوونەوەی دا لە مێردەکەی مافی هەبێ منداڵەکانی خۆی بباتە لای خوی پەروەردەیان بکات...

ئیتر ژن و مێردیی ئەوەی لەباردا نەما کە ئافرەت بکات بەبەندەی پیاو. لە ڕاستی دا وای لێهات کە بریتی بێ لە هاوکاری یەک کە لەسەر بنچیینەی ڕێککەوتن و، ئارەزووی هەر دوولا دامەزرابێ کە مافیان وەک یەک بێ!...

جا ئەم هەموو گوڵانە کە بەدرەختی «جوولەی ئافرەت»ەوە گەشابونەوە، «سۆسان» هێشتا لە ژیان دا بوو کە بەچاوپێکەوتنی ئەوانە گیانی شادمان ببێ.

## لەشی لەناو هۆشیا ئەتوێتەوە!

جا هەرچەندە «سۆسان» ئەوەندە نەژیا تا ئەو گوڵانەی چاو پێ بکەوێ کە بوون بەبەروبووم، بەڵام هەرچی چۆنیک بێ، توانی لەپێش مردنیا چەند نیشانەیەکی ئەو بەروبوومانەی بۆ دەربکەوێ.

چونکە چەند خاکێک لە خاکەکانی ئەمەریکای یەکگرتوو، هەر چەندە زۆر کەمیش بوون، ڕێیان دا بەئافرەت کە دەنگ بدات لە هەڵبژاردنەکانی کۆڕەکانی نەتەوەیی خۆجێیی دا...

بەڵام دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکان دا کە بۆ کۆنگرەی یەکێتیی خاکەکانی ئەمەریکای یەکگرتوو ئەکرا، ماف نەدرا بەئافرەت بەکاری بهێنێ تا ساڵی ١٩٢٠... واتا، تا پاش مردنی «سۆسان»یش بەچوارده ساڵ، ئنجا ئەو ئاواتە هاتەدیی!...

ئەوەند هەبوو «سۆسان»ی خۆبەختکەر هەتا دوا هەناسەی خۆیشی وازی لە خەباتکردنی



خۆی نەهێنا... ڕۆژنامەی «شیکاگۆ هیرالّد» لە ساڵی ١٨٩٥دا بەم جۆرە لە «سۆسان» دواوە، ئەڵێ: «سۆسان لاوازتری لێهاتبوو. بەڵام لەسەر شێوەیشیدا پڕشنگی گیانی زۆرتر دەرئەکەوت لە جارانی. پیاو کە تەماشای دەستەسپیەکانی و دەموچاوە لاوازەکەی و، چاوە تیژە بریسکەدارەکانی ئەکرد، هەروای ئەهاتە پێش چاو کە لەبەردەم (پاپاڵیۆی سیانزەهەم)دایە... هەروایش ئەهاتە پێش چاو: کەلەشی بەرەبەرە لەناو هێز و توانا گەورەکەی هۆشی دا کز ئەبێ و ئەتوێتەوە!...»... بەڵام ئەو کزیی و لاوازییەی کە ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندن دابوو، بەو تەمەنەیشییەوە کە لە شەست و پێنج ساڵان تێپەڕی کردبوو، هیچیان نەیانتوانی «سۆسان» لەوە بەربەست بکەن کە هاوکاریی بکات لە دانانی نووسراوێکی چوار پارچەیی دا کە لە بابەت «مافە زرنگکارییەکانی ئافرەت»ە وە ئەیانووسییەوە هەروەها نەیشیانتوانی بەربەستی ئەوەی لێ بکەن کە کۆچێک بکات بۆ (لەندەن) لە ساڵی ١٨٩٩دا، بۆ ئەمەی لە جێی ئافرەتانی ئەمەریکای یەکگرتوو لە (کۆڕی ئافرەتانی جیهانی)دا خۆی بنوێنێ... هەروەها نەیشیانتوانی بەربەستی ئەوەی لێ بکەن کە بەناو هەموو خاکەکانی ئەوروپادا بگەڕێ و لە تەمەنی هەشتا و چوار ساڵییشدا سەرکەوێتە سەر شاخە ئاگرێنەکەی (ڤیزوف[1])!...

لەم گەشتەی دواییەی دا نێرابووە کۆنگرەیەکی ئافرەتان کە لە خاکی (ئەلمانیا) داگیرابوو. نە لە وتاردان وازی هێنا، نە لە نووسینی وتار وازی هێنا، نە لە هاوبەش بوونی ئاهەنگان وازی هێنا، نە لە هاوبەش بوونی گفتوگۆ وازی هێنا... هەروەک سەرچاوەیەک بووبێ و هەرگیز وشک نەبێ وابوو!.

یەکێک لەوانە کە «سۆسان»ی بەدڵا چووبوو لێیی پرسی:

«چۆن ئەتوانیت ئەمەندە چست و چالاکی خۆت ڕابگریت؟»

«سۆسان»یش بەزمانە تیژەکەی خۆی وەرامی دایەوە، پێیی گوت: «چونکە سەرکردەیەتی کەینەوبەینەیەک ئەکەم، کە لە کەسانی ترەوە، بەجۆرێکی گشتی پشت گرتنێکی دەست ناکەوێت!.» لە هەموو شتێک سەیرتر لەوانەی کە لە ئەڵمانیادا لێیی ڕووی دا ئەوەبوو، کە چەند نامەیەکی ڕەوانە کرد بۆ هەڤاڵەکانی خۆی لە ئەمەریکادا. نامەکانیشی خستبووە ناو بەرگی واوە، کە ئەو دروشمانەیان لەسەر نووسرابوو، کە بیروباوەڕەکانی خۆی تیا

(١) ڤیزۆڤ Vesuve چیایەکە گڕکانی، بەدوری ٨کم لە خواروی ڕۆژهەڵاتی ناپۆلی (ئیتالیا)وە، ١٢٧٠م بەرزە، گڕکانەکەی بۆ یەکەمجار ساڵی ٧٩ پ.ز تەقیەوە.

دەربریبوو. ئەو بیروباوەڕانەی کە خەباتی بۆ ئەکردن، وەک: (نابێ فەرمانڕەوایی، بێ ڕێککەوتنی فەرمان بەسەردا کراوان دابمەزرێ!.»...

دەزگای نامەڕەوانەکردنی ئەلمانیای ئەو دەمەیش کە نموونەیەک بوو بۆ بیروهۆشێکی وشک و برنگی کۆنەپەرستی، هیچی نەکرد ئەوە نەبێ کە دەمودەست نامەکانی بۆ ناردەوە و بۆی نووسی:

«ئەم جۆرە هەست و تاسانە، ڕێ نادرێن کە بەناو دەرگای نامە ناردنی ئەلمانیا دا دەربازبن!...»

## بەم ڕەنگە ئەو چرایە کوژایەوە!

جا هەروەک مردنیش، خۆی ویستبێتی ڕێز لەم ئافرەتە خەباتکارە بگرێ، نەیویست ببێت بەمیوانی، تا لە کۆری خەبات کردن دا دۆزییەوە... لە ساڵی ١٩٠٦دا، لەوکاتەدا کە ئاهەنگێکی گەورەیان گێڕابوو، بەبۆنەی جەژنی لە دایک بوونی «سۆسان»ەوە، کە ئەوساکە تەمەنی گەیشتبووە هەشتا و شەش ساڵی، پزیشکەکان سەریان کردە سەری کە لە جێگاکەی خۆی نەیێتە دەرەوە، نەوەک نەخۆشیی بادارییەکەی تیین بسێنێ و پەکی ژیانی بخات. بەڵام «سۆسان» گوێی لە ئامۆژگاریی پزیشکەکان نەگرت، پێیان پێکەنی و گوتی:

«ئەگەر چەکوشی مەرگ پێویست بێ لە تەپڵی سەرم بدات بام ئەوکاتەی لێی بدات کە بەپێوەبم!...»... لە ڕاستیشدا هەر ئەمە بوو ڕووی دا...

چونکە «سۆسان» گوێی نەدایە قسەی ئەوان، بەزۆری خۆی چوو بۆ ئاهەنگی لە دایکبوونەکەی خۆی... خۆیشی پێ نەگیرا وتارێکی گەرموگوڕ و کاریگەری دا. هەر بەپێیشەوە وەستابوو.

بەم جۆرە دوایی پێ هێنا، گوتی: «من بەدوای ئەوە دا ناگەرێم کە پیاما هەڵبدەن. من هەر ئەوەندەم ئەوێ کە زۆروستەمم لێ نەکرێ... دادپەروەریش، لە دواییدا، هەر پەیدا ئەبێ «چونکە سەرنەگرتنی کار و، هەڵوەشانەوەی کار، هەرگیز ڕوونادەن!...».

لە کاتێکا کە ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بڕستی بڕاو و پەکی کەوت.

ئەو چرایەیش کە تا ئەوسا کە هەر لەکانگای دەروونییدا گڕی ئەسەند و ڕووناکی ئەدا، چارەنووسی وابوو، کە دابمرکێتەوە و بکوژێتەوە.

ئەم چرایەیش ئەو چرایە بوو کە، کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە ژیانی ئافرەتانی



ڕووناک کردەوە. کە بەسایەی ڕەنج و تێکۆشانی «سۆسان»ە و گەلیک لە سەربەستییەکان و گەلێک لە مافەکانی ئافرەتانی ئەمەریکای یەکگرتوو وەرگیرا. کە بەهۆی ئەمانەیشەوە ئافرەتانی ئەمەریکا، لە پێوەندی بەندەیەتی پیاوانەوە گەیشتنە سەربەرزییەکی وەها، کە لەگەڵ پیاواندا مافیان وەک یەک بوەستێتەوە!...

تەواو بوو

# دڵداری، ڕەگەزبازی، ناپاکی

نووسینی: پزیشک لویس بیش
زانای دەروونی ئەمەریکایی

## گفتوگۆیەک بەتەلەفۆن کار لە دڵ دەکات!

زۆرجاری وا ڕێک دەکەوێ کە پیاوان بە کەینەوبەینەی ناپاکیی ژنەکانیانەوە بتلێنەوە و سوێیان ببێتەوە... ئافرەتانیش هەروەهایان لێ دێ. بەڵام بەئەندازەیەکی کەمتر. منیش لەم ماوە دوور و درێژەدا کە لە پزیشکایەتی دەروونددا فرمانم بینیووە، چاوم بەزۆر کەس کەوتووە، لە پیاو و لە ژن، لە لاو و لە پیر، کە دەهاتنە لام گلەییان لە بەختی خۆیان دەکرد، کە تووشی ئەو ئازاری دەروونییە بوو بوون، بەهۆی ئەوەوە کە ناپاکییان کرد بوو لە ژیانی ژن و مێردییاندا، یاخود بەهۆی ئەوەوە کە هێز نیازیان ڕووی کرد بووە کزی[1].

جا بەهۆی ئەوەوە کە بیرکردنەوە و هەست و تاسەیان لە جێی خۆیان لایاندا بوو، یەجگار پەشیمان بوو بوونەوە و خەمباری دایگرتبوون. ئەوانە کەوتبوونە شەرمەزارییەکی واوە، ئەمەندە تەریق دەبوونەوە، خۆیان بەسووک دەهاتە پێش چاو، خۆیان ڕیسوا دەکرد!. تەنانەت هی وایان تێدا بوو، کەوتبووە ئەو باوەڕەوە کە هەر لەم جیهانەدا تووشی سزای خۆی دەبێ، کە هەرگیز لە دەست تۆڵە سەندنەوەی خودایش ڕزگاری نابێ!... هەرچەندە زۆربەی پیاوان ئامادەن بۆ ئەوەی ناپاکییەکانی خۆیان بنێنە ژێر لێوەوە و لەبیر خۆیانی ببەنەوە بەڵام باری هەرە توندوتیژی پەشیمانی و خۆ ڕیسواکردن، لەناو ژناندا ڕوو دەدات!...

یەکێک لەوانە خانمێک بوو، تەمەنی لە سەرەتای گرێی سێیەمدا بوو. نۆ ساڵ بوو شووی کرد بوو. سێ منداڵیشی لەو ماوەیەدا بوو بوو... کە هاتە لام لە بارێکی شێتیدا دیم. بۆی گێڕامەوە: مێردەکەی چوو بووە گەشتێکی دوور و درێژ، کە فرێ بەسەر فرمانەکەیەوە هەبوو. زۆری پێ نەچوو بوو لە یەکێکەوە کە لەوەپێش خۆشیویست بوو، گفتوگۆیەکی بەتەلەفۆن لەگەڵدا کرد بوو... ژنەکە دەستی کردەوە بەگێڕانەوەی کەینەوبەینەکەی خۆی. گوتی:

---

(١) هێز نیاز: سێکسی.



(پزیشک! بڕوام پێ بکە... هەستم بەخۆم نەکرد چیم تووش هات... ئەو وای بۆ گێڕامەوە کە هەر بۆ چەند ڕۆژێک لە شاردا دەمێنێتەوە... تکایشی کرد کە چاوم پێی بکەوێ. ئنجا کە من دەستم کرد بەبیانوو - هێنانەوەی درۆ کە ناتوانم ببینم ئەوەی بیرخستمەوە کە من و ئەو لەو شەوەوە کە پێم گوتبوو شووم کردووە بە(جیم) یەکترمان نەدیوەتەوە. کەواتە ئەگەر جارێک یەکتری ببینینەوە چ زیانێکی تێدایە؟) پاش ئەوە پێی گوتم: (تۆ دەڵێیت مێردەکەی خۆم خۆشدەوێ. ئێستاکەیش بووم بەدایکی منداڵان. بەژیانی ژن مێردییی خۆیشمەوە کامەرانم. کەواتە لە چی دەترسیت؟ بۆچ من لەوساوە کە (جیم)ت لە من پێش خستووە، تا ئێستا جارێک دوات کەوتووم، یاخود تەنگەتاوم کردوویت!؟... بێجگە لەوە من گوێزراومەتەوە (شیلی). لەوێشدا کچێک لە کچە جوانە شەنگوشۆخەکانی شیلیم مارە کردووە، کە خۆت دەزانیت چەند ناسک و ناوازەن، منداڵیشم لێی بووە). منیش دەمودەست لێم پرسی: ئاخۆ ڕاست دەکەیت ژنت هێناوە؟).

منیش ئەوەت لێ ناشارمەوە کە جاروبارێک بیرم لەم پیاوە دەکردەوە. بەڵام هەرگیز ئەوەم بەبیردا نەدەهات کە ژن بهێنێ. ئنجا لێم پرسی: (تۆیش کامەرانیت بە ژنهێنانەکەتەوە؟). ئەویش وەرامی دامەوە گوتی: بێگومان کامەرانم... ئەمانە هیچیان لەوانە نین کە دڵنیات بکەن لەوەی کە هیچ نیازێکی خراپم لە دڵدا نییە؟... کەواتە هەستە بێرە لام... ئەگەرهاتوو (جیم)ی مێردیشت بەرپەچی دایتەوە، ئەوا ئەویش لەگەڵ خۆتدا بهێنە!).

هەفتەیەکی پێ چوو پیاوەکە ڕۆیشت بەلای کاری خۆیەوە. لەو هەفتەیەدا خەریکی دڵداری بوو لەگەڵ خانمەکەدا!.

لەپاش ڕۆیشتنی ئەو، ئافرەتەکە ویستی زاڵ ببێ بەسەر دەروونی خۆیدا و خۆی ڕابگرێ. ویستی خۆی وا دڵنیا بکات کە ئامانجی ئەوە نەبووە ناپاکی لەگەڵ مێردەکەیدا بکات. لە ڕاستیدا لە سەرەتادا ئەوەی پاڵی پێوەناوە بۆ ئەوەی تێکەڵی لەگەڵ ئەو پیاوەدا بکات، هەر سەرچڵی بووە!... بەهۆی ئەم بیرەیەوە کە بەمێشکیدا هاتبوو، ئافرەتەکە تاوێک دەروونی ئارامی گرتبوو... ئافرەتەکە گوتی:

(بەڵام من ئێستا پەی بەوە دەبەم کە من درۆم لەگەڵ خۆمدا دەکرد. چونکە تا ئێستایش ئەو پیاوەم خۆشدەوێ!... ئای چەند خۆم بەسووکییەوە دێتە پێش چاو؟! من چەند ئافرەتێکی گەنگ و نەنگە ویستم؟!... ئاخۆ ئەگەر، منداڵەکانم، یاخود دۆستەکانم بەمە بزانن، چیم پێ دەڵێن؟. چیم بەسەربهێنن؟... پاش ئەوە بەچ ڕوویەکەوە سەیری (جیم)

بکەم، کـە لە گـەشـتـەکـەی هاتەوە؟!. من وای بەپێـویست دەزانم کـە ڕاست و ڕەوان کەینەوبەینەکەی بۆ بگێڕمـەوە!... بەڵام ئاخۆ (جیم) ئەوەندەی خۆشدەوێم کە لەسـەر ئەو کەتنەیشمدا چاو لە گوناهم بپۆشێ؟!...

## ناپاکی ئاوا ڕوو دەدات!

ئا بەم ڕەنگەیە ناپاکی. لەپێشـەوە وردە وردە مـرۆڤ کـێش دەکـات، پاشـان لە ناکـاو سـواری ملی دەبێ. ئنجـا پاڵـی پێـوەدەنێ بۆ ناخـۆشـتـرین باری هەناسە ساردی!. چونکە ئارەزووی ڕەگەزبازی، بیرکردنەوەی دڵداری کۆن، تەقینی هەست و تاسە و تەزوو، کە تا ئەو ساکە شارڕابوونەوە، بەسترابوونەوە، لەبیر چووبوونەوە... ئەمانە هەموویان کە هێزی پاڵ پێوەنەر و بزێون، لە ناکاو وەک بروسکەی هەورەتریشقە، دەکەونە کار و مرۆڤ دەخەنە گەڕ. ئنجا شتی وا ڕوو دەدات، کە زیانی هەرە گەورەی لێ پەیدا ببێ!. یەکێک لە پیاوە بەناوبانگە سـەرکـەوتووەکـانی ژیانیش، هەروەک ئەم ئافـرەتە، جـەربەزەییـیـەکی وای بۆ گێڕامەوە، گوتی: (چۆن شتی وات بەبیردا دێ، کە منێک لە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵێدا بم و گەوجێتی وا بکەم؟... خۆ من لەکن خۆم ژنەکەی خۆمم خۆشدەوێ. باوکێکی چاکیشم بۆ منداڵەکانم. هاونیشتمانێکی باشیشم... هیچ هەست و تاسەیەکی دڵداری وا بەهێزیشم نییە. هیچ ئالۆش و خرۆشێکی ڕەگەزبازی وایشم لە لەشدا نییە، کەوا بەمجۆرە بمخاتە سـەر ئەم فـاکـوفـیکە؟!...). کـچـێکی نۆزدە سـاڵی، دەچێـتـە کنی، داوای فرمـانێکی لێ دەکات... کچەکە زۆر جوان و خوێن گەرم دەبێ. قژەکـانی سـوور دەبن. دەموچاو و بەژن و باڵایشی ئەمـەندە ڕێکوپێک و شەنگوشـۆخ دەبن دڵی کـابرا کـێش دەکـەن و لە خشـتـەی دەبەن. کابرا هەست بەخۆی دەکات، گرفتاری دڵداریی کچەکە بووە. تیری چاوی کچەکە داوێتی لە دڵی... دوایی وا لە کابرا دەکات هۆش و لەنگەری خۆی لێ تێک بچێ... دوایی ناچار دەبێ فرمانێکی بۆ دروست دەکات، کە لەوەپێش هەر بەبیریشیدا نەهاتووە! پیاوە گەورەکە گوتی:

(ئەمە لە حەوت مانگ لەمەوپێشەوە ڕوویدا. ئیمڕۆیش پشتیوانی کچەکە قسەی لەگەڵ کـردم، وای پێـشـان دا کـە سکی پڕ بووە. لێی پرسـیم: دەربارەی ئەم بارە نیـازم چیـیـە بیکەم؟!.). منیش لێم پرسی: (بەلای خۆیشتەوە وایە کە تۆ بوویت سکت پڕ کردووە؟)... ئەویش گوتی: دوور نییە وا بێ. لەگەڵ ئەوەیشدا باوەڕم بەقسەی کچەکە نییە!). منیش گوتم: ئاخۆ پزیشکێکی دەروونی چی دەتوانێ بۆ تۆ بکات؟!...)...



ئەویش بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری کردم و گوتی: (نابینی خەریکم شێت ببم؟!. چۆن دەبێ پیـاوێکی وەک من ئەمـەندە کـردەوە نەنگی بنوێنێ لەگەڵ کـچـێکدا کـە لە تەمـەنی منداڵەکانی خۆیدا بێ؟... کەچی بەهەموو کۆڵی دڵی خۆیشییەوە ژنەکەی خۆی خۆش بووێ لە ٣٠ سـیی سـاڵ لەمەوپێـشـەوە تا ئێـسـتـا؟!.)... کـردەوە نەنگی ژن یان پیـاو، لەگـەڵ دواکـەوتنی بانگی نـاپاکـیـدا، تا ئەندازەیەکی گـەورە بەندە بەو هێـز و تینەوە کـە لەناو لەشـیـدایە و پاڵـی پێـوە دەنێ بۆ لنگبـازی. جـا ئەو هێـز و تینە لە (هۆرمـۆن)ەکـانی ڕەگـەزبازییـەوە پەیدا دەبن. جـا لەبەر ئەوەی ئەم هێـزە بزوێنەرە لە پیـاودا بەتینتـرە تا لە ژندا، پیـاوان زۆرتر تووشی ناپاکی دێن، لەگـەڵ ژن و مـێـردیدا، لە ژنەکـان!... نەوەی ئادەمـیش گـیـانلەبەرێکە خـاوەنی یاسـایەکی وردی پێـشکەوتووی پڕ لە گـرێیـە... وەک دەیبینین کـردەوە تاسـەییـیـەکـانی بەپێی ناوچەکـەی خـۆی دەگـۆڕێ. هەروەها بەپێی ئەو هەست پێ کـردن و تەزووانە دەگـۆڕێ کە وا دەزانێ لە کانگای دەروونیدا دامرکاونەتەوە. کـەچی تاسـەکـردنەوەکـانیـان لەپڕ وریا دەبنەوە. جـا ئەو تاسـەکـردنەوەیە کـە لە کـاتی ئەو کردەوانەدا پەیدا دەبێ، جاری وا هەیە، بۆیەکا پەیدا دەبێ چونکە ئارەزووی تاقیکردنەوە دەکات، یاخود هەست بەتەنیایی، یان بەوەڕس بوون دەکات، یان ئارەزووی ئەوە دەکات کە هەست بەسەربەستی خۆی بکات، یاخود هەست بەوە بکات کە مافی هەیە خۆش ڕاببوێرێ و ئەو جـۆرە کـارە تاقی بکاتەوە، تەنیـا لەبەر دڵخـۆش بوون، یان هەر لەبەر ئەوەی کـە ئارەزووی هەیە هێز و توانایی خۆی تاقی بکاتەوە لە لنگبازیدا!...

جا هەر هۆیەک لەم هۆیانە بگریت، بەشی ئەوە دەکات کە ڕازی ئەوە دەربخات بۆ چ ئەم هەمـوو کـەسـانە وا کـردەوەی هیـچـوپووچ و ناشـیـیـانەیان پێ خـۆشـە تا دەیانکەن. کـە کردیشیان دەست دەکەن بەخەموخەفەت خواردن و گلەیی لە خۆ کردن و خۆ ڕیسواکردن!...

## ڕازی دڵ پیاچوونی پیاوان بەئافرەتانی ڕووبازاڕی و داوێن پیسدا!

بەم بۆنەیەوە بابەتێکم بیرکەوتۆتەوە کە زۆر جار بووەتە هۆی پرسیار کردن: بۆچ پیاوان حەز لە ئافرەتانی ڕووبازاڕی و داوێن پیس دەکەن؟...

جارێکیان ئەستێرە گەشەیەکی ناو سینەما، کە ناوی (مای ویست) بوو، کە هەتا ئەم نزیکانەیش دڵـی تەمـاشـاکـەرانی کـێش کـرد بوو، بۆی گـێـڕامـەوە کـە لە تەمـەنی پێنج ساڵییەوە لەسەر تەختی لاسایی کردنەوەدا لاسایی کردۆتەوە. جا هەر لەو کاتەوە دەستی کـردووە بەناسین و تێگەیشتن لە هەوەس و ئارەزووی کـەسـان. ئنجـا کـە بیـری لەوە

کردبووەوە، کە لەسەر ئەرکی خۆی بەرهەمی سینەمایی پێ بگەیێنێ، لەسەر بنچینەی ئەم شارەزاییەی خۆی چیرۆکێکی لاساییکردنەوەی نووسیبووەوە. دوو کەس لە کارگێڕی فیلم دەرهێنان بەرپەرچیان دابووەوە گوتبوویان ئەو فیلمەیان بۆ دەرنایەت. ئنجا کە کارگێڕێکی فیلم دەرهێنانی تر هاتبووە سەر ڕێ کە ئەو فیلمە دەربهێنێ، کاریش وا هاتە پێشەوە کە چیرۆکەکە بەناوی (ڕەگەزبازی)یەوە دەربهێنرێ، ڕۆژنامەکان شەرمیان کرد جاڕی بۆ بدەن. لەبەر ئەوە (مای ویست)یش نەیکردبووە نامەردی شاری (نیویۆرک)ی پڕ کرد بوو لە جاڕنامەی سەر دیوار. هەر ئەوەندە چیرۆکەکە، بۆ یەکەم جار پیشان درا، هەموو ڕۆژنامەکانی (نیویۆرک) دەرچوون، کەچی بەپێنووسی گەورە، سەر بابەتیان لە بابەت ئەو چیرۆکەوە، لەسەر سنگی خۆیان نووسیبووەوە!... چیرۆکەکە وای بۆ هاتە پێشەوە کە لە هەموو چیرۆکێکی تر پتر تەماشاکەران کێش بکات پاش ئەوە (هۆلی ود) هەموو خوویەکی خۆی دایە (مای ویست) و فیلمە (ڕەگەزبازی)یەکانی!...

(سۆمەرست مۆم)یش لە نووسراوەکەی خۆیدا، کە ناوی (مرۆڤی بەندە)یە، پێی لێناوە، کە کاتێ شاگردی زانستگای پزیشکایەتی بووە، زۆر دڵناسک و پەژارەدار بووە. دڵی چووە بەکچێکی مەیگێڕدا لە مەیخانەیەکدا. کچەکە زۆر بزێو بووە. حەزی لە دەستبازی و نازونووز کردووە. ئارەزووی هەر کەسێکی بزواند بێ نەیتوانیوە خۆی لەبەردا بگرێ!... جا هەر کەسێ لە ڕەوشت و خووی خاوەن بیر و خوێندەواران و هونەرمەندان و بوێژان و ڕاستیپەرستان وردبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە زۆربەیان دڵیان بەکچانی وەک ئەم کچەدا چووە.

(هەنریک هاینی) کە بوێژێکی نەمری ئەڵمانیایە، لە کاتێکدا کە گەیشتبووە پۆپەی پایە بڵندی خۆی گرفتاری جوانی کچێک بوو بوو لە (پاریس)دا، کە لە کۆگایەکی بچووکدا پێڵاوی دەفرۆشت. کچەکە ڕووبازارییەکی گەش و ڕوو خۆش بوو بەڵام نەخوێندەوار بوو. کەچی هەر لەو کاتەدا زۆر لە کچە شاکان و خانمەکانی چینی بڵند خۆیان دەکوتا بۆ (هەنریک هاینی) کە دۆستایەتی لەگەڵدا بگرن!... بەڵام (هەنریک هاینی) ڕووی لەو هەموو خانمە ناسک و نازدارانە وەرگێڕا و، ئەو کچەی مارە کرد کە ڕەوشت و خوو و باری ژیانی پێچەوانەی هی ئەو هەموو ئافرەتانە بوو!... کچەکە زۆر کەمتەرخەم بوو بۆ خۆی. زۆر کەم خۆی دەشت... بێجگە لەوە تووڕەوتڕۆیش بوو. سەرچڵی زۆر دەنوواند. هەڵەشەیی زۆر پیشان دەدا!... لەبەر ئەوە هەرچەندێکی دەکرد (هەنریک هاینی) نەیدەتوانی لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ناو کۆبوونەوەی پێشکەوتووەکان. تەنانەت



نەیشیدەتوانی لەگەڵیدا بێ لەناو کەسانی تردا، مەگەر لەو جێگایانەدا کە پڕبوون لە بەزموڕەزم و داوێن پیسی!... کچەکە جڵەوی خۆی بۆ نەدەکێشرایەوە... چیی ئارەزوو بکردایە و هەوەسی بیهێنایە بێ شەرمانە دەیکرد!... لەگەڵ ئەوەیشدا کچەکە توانی دڵی (هەنریک هاینی) کێش بکات و پڕیشی بکات لە کامەرانی. هۆی ئەمەیش ئەوە بوو کە هەرزەکاری کچەکە و دەس بزێوی و کردەوە هیچوپووچە ئارەزوو بزوێنەرەکانی (هەنریک هاینی)یان وا چاوبەست کرد بوو، کە هیچ خانمێک لە خانمە هەرە پایە بڵندەکانی ناسیاوی ئەو بوێژە، بەو جۆرە کاریان لە دڵی نەکرد بوو!...

## دڵدارییش بریتییە لە یارمەتییەک بۆ گۆڕینەوەی خۆشی گەیشتن بەلەش!

مێژوویش پڕە لە چیرۆکی ئەو ئافرەتە ڕووبازارییانەی کە چارەنووسی گەلێک شاهەنشاهێتییان گۆڕیوە. یاخود ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان خستۆتە سەر شێوەی ژیانی خۆیان. ئەی (کلیۆپاترا) نەبوو کە (یۆلیۆس سزار) و (مارک ئەنتۆنی)ی بەتیری دڵداری خۆی گرفتار کرد؟... لەشی خۆی فرۆشت، بۆ ئەمەی نیشتمانەکەی خۆی ڕزگار بکات؟!... ئەی هەر ئەو نەبوو کە (مارک ئەنتۆنی)ی وا لێ کرد، ژنەکەی خۆی بەرەڵڵا بکات لەگەڵ (ڕۆما)دا؟!... ئەی هەر ئەو نەبوو کە ڕێبازی بەکارەسات گۆڕی لەناو شاهەنشاهێتی (ڕۆما)دا؟!.

(کاترین)ی شاژنی (ڕووسیا)یش، ناوی پیاوە دۆستەکانی خۆی لە کەس نەدەشاردەوە!... چارەنووس وای هێنا بوو، کە ئەم ئەڵمانیاییەی ئایین پڕۆتستانتییە، ببێتە ژنی (پەترۆسی سێهەم)، کە پاش ژنهێنانەکەی بەنۆ ساڵ بمرێ. کەچی خۆی هێشتا هەر بەکچی بمێنێتەوە!... (کاترین) خاوەن تین و توانایییەکی بیر و وێژە بوو، تەنانەت یەک دوو چیرۆکی لاساییشی نووسیبووەوە. نامەکارییشی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرە گەورەکانی ئەوروپادا کرد بوو. یەکێک لەو نووسەرانە، (ڤۆڵتێر) بوو. بێجگە لەوە شاژنێکی بەچنگ و چاکەخوازیش بوو. بەڵام لە ڕووی ئەوەوە کە ئەویش ئافرەتێک بوو، هەست و تاسە و تەزوو و، ئاڵۆشی بەهێز و هەڕەتی هەبوو. ڕەوشتیشی وا بوو، لەناو شاهەنشاهێتییەکەی خۆیدا کام پیاو لە هەموو کەس جوانتر بووایە دەیکرد بەدڵداری خۆی و دەسبازیی لەگەڵدا دەکرد. بەڵام لەوەدا کۆی لە کەس نەدەکردەوە و، هیچ هەستێکی بەگوناهباری نەدەکرد!...

خۆ مێژووی فەڕەنسەیش پڕە لە کەینەوبەینەی ئافرەتی ڕووبازاڕی و سۆزانییەکان.

لەپێش سێ سەد ساڵدا ئافرەتێک هەبوو، ناوی: (نینۆ دولنکلوو) بووە. ئەم ئافرەتە گەلێک لە نووسەرەکانی بەتیری دڵداری خۆی ئەنگاوتبوو. بەڵام وای بەباش هاتە پێش چاو کە ئەویش وەک پیاوان لە کۆڕی دڵداریدا ببزوێتەوە: واتا دڵداری وا دابنێ کە هەر بریتییە لە یارمەتیدانێک لە گۆڕینەوەی خۆشی گەیشتن بەلەشدا!. (نینۆ) لەسەر ئەم باوەڕە ڕۆیشت. خۆی فڕێدایە ناو دەسبازی و لنگبازییەوە، گوێی نەدەدایە ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتی. لە کەس پەروای نەبوو!... لەناو دڵدارەکانی (نینۆ)دا گەلێک لە پیاوە گەورەکانی فەرەنسە هەبوون تەنانەت دەیانگێڕایەوە کە (مۆلێیێر) زۆر بایەخی بەوە دەدا کە چیرۆکە لاساییەکانی خۆی بۆ بخوێنێتەوە. شاژنی نەمسە (ئان) فەرمانی دا کە ئەو ئافرەتە بخەنە ناو یەکێک لە پەرستگاکانەوە. بەڵام شاژنی سوید (کریستینا) چوو بووە سەرلێدانی لەو بەندیخانەیەدا. پاشان کە لەوێ هاتە دەرەوە بەکاردینال (مازاران)ی گوت: کۆشکی شاهانەی فەرەنسە بەهۆی نەبوونی (نینۆ)وە، ئەستێرەیەکی هەرە جوان و هەرە پڕشنگداری لە دەست چووە!... کاتێ کە (لویسی پانزەهەم)یش تێری لە خانمە پێشکەوتووەکانی بەردەستی خۆی خوارد، ڕووی کردە کچێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کۆگایەکی بازرگانیدا فرمانی دەکرد. ئەو کچەیش ناوی (مادام دی باری) بوو. ئەم کچە نە گوێی دەدایە ساز و ئاواز و گۆرانی و، نە بایەخی دەدا بەخوێندنەوەی نووسراوان. نە زرنگکاری سەرنجی ڕادەکێشا. هەرچی ژیانێکی خۆی هەبوو، تەرخانی کرد بوو بۆ دڵداری لەگەڵ خونکاردا، کە یارێک بوو بۆ ئەو!...

یەکێکی تر لە ئافرەتە ڕووبازارییەکان کە لە هەرە بەناوبانگەکانیان بوو (لوولا مۆنتێز)یان پێ دەگوت. کچەکە لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵاندا بوو کە خونکاری (باڤاریا)، (لۆدڤیکی یەکەم)ی چاو پێکەوت بەتەمەنێکی شەست و یەک ساڵییەوە. خونکار یەجگار دڵی چوو بەکچەکەدا. بەڵام کچەکە زۆری پێ نەچوو بووە یارێکی گشتی بۆ هەموو خاکێک!...

## ئافرەت لە پشت گەڵای تووەوە!

لە ڕاستیدا ئەوەی دڵی پیاوان کێش دەکات بۆ ئافرەتە سۆزانی و سووکەکان ئەوەیە: ئەوەی لە دەست ئەوان دێت، خانمە ئاساییەکان لە دەستیان نایەت و نایشوێرن بیکەن!... ئەوانە شتی وا پێشانی پیاوان دەدەن کە ئافرەتە خاوەن ڕەوشتە باشەکان، پێیان شەرمە، وەک ئەوان بکەن!... دەتوانین بڵێین، جوانی و چاوبەستکردنی سۆزانییەکان لەوەوەیە، کە



لەشولارە شەنگوشۆخەکەیان لە شێوەیەکی جادووگەرانەدا پێشان دەدەن. لە سەرەتای دروستکردنی ئافرەتدا، چۆن لەپشت گەڵای تووەوە ئەو لەشە ناسکە دەردەکەوت، ئەمانیش بەو جۆرەی دەردەخەن!... سۆزانییەکە دەزانێ: پیاوان دەیانەوێ خۆشی لە لەشی وەربگرن لەبەر ئەوە ئەویش تا پێی بکرێ، ئارەزوویان دەبزوێنێ و، ئارەزوویشیان دادەمرکێنێتەوە!... لەو کاتەدا کە پیاو دەزانێ لە لایەن ئافرەتی ڕەوشت پاکەوە چ کردەوەیەک ڕوودەدات سۆزانییەکەمان وا دێتە پێش چاو کە پیاوەکە لە هەڵهێنان و هێنانە پێش چاودا دەهێڵێتەوە. بەڵام لە هەر تاوەدا، شتی وای بۆ دەردەخات کە هەر بەبیریشیدا نەهاتبێت!... هەڵهێنان و لە خۆپرسینیش دوو کەرەستەی گرنگن لە دڵداریدا... هەروەها گرنگیشن لە چیرۆکدا!... بێجگە لەوە سۆزانییەکە، گوێ ناداتە ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتی، سەرکێشی دەکات لە بەندەکانی (یاسا) و (ئایین)، پشت ئەستوورە بەخۆی لەبەر ئەوە پڕ پێچوپەنایە، دڵی پڕ لە گرێیە، بەئاسانی دەرناکەوێ. هەروەها زوو زوویش دەگۆڕرێن. جا لەبەر ئەوەیە کە ئافرەتە لاساییکەرەوەکان دەبینین هەموو دەم حەز بەلاساییکردنەوەی ژیان و ڕەوشتی سۆزانییەکان دەکەن!...

هەروەها سۆزانییەکانمان وا دێتە پێش چاو کە ئەو گیانلەبەرە دڕندەیەی لەناو دەروونی پیاواندایە دەیبزوێنن. ئەویش لە ڕێگای بەرەڵلاکردنی لایەک لە لا سروشتییەکانی خۆیانەوە... لە ڕێگای جڵەو شلکردن بۆ شتی واوە، کە ئافرەتێکی داوێن پاک ناچار دەبێ ئەو جڵەوە توند دەگرێ و دەست دەنێت بەئارەزووی خۆیدا کە بچێتە پاشەوە، نەوەک یاسای کۆمەڵایەتی بشکێنێ!...

## هێزی ڕەگەزبازی و ساردوسڕیی ئافرەت!

تا ئێستا لایەکی ئەوانەمان دەرخست کە پیاوان دەخەنە سەر ناپاکی لەگەڵ ژنەکانیاندا. بام لەمەو دوایش بگەڕێینەوە سەر گفتوگۆ گشتییەکەمان لە بابەت (ناپاکی)یەوە. هەرچەندە ئەو هێزانەی پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێن بۆ خۆفڕێدانە ناو گیروگرفتەکانی ڕەگەزبازییەوە، جۆر جۆر و تێکەڵوپێکەڵن، بەڵام لە توانامانداهەیە کە بەئاشکرایی چەند جۆرێکی دیاریکراویان پێشان بدەین: بۆ وێنە پیاوی وا هەیە کە تووشی ئەم جۆرە گیروگرفتانە دێ، لەبەر ئەوەیە کە هێز و هەرەتێکی ڕەگەزبازی زۆری هەیە. جا چەشنی ئەم پیاوە، دوور نییە شانازی بەو هێز و تواناییەی خۆیەوە بکات. کەچی لە ڕاستیدا، یەجگار دوورە لەوەوە کە هەر وەک خۆی دێتە پێش چاو وا بێ. چونکە ئەو لە ڕاستیدا، لە

ئەندازە بەدەر ئەو هێزە بە فیرۆ دەدات کە خۆی پێیەوە دەنازێ!... جا ئەو کەسانەی کە بەم ڕەنگە بن، بەتایبەتی ئەگەر پیاویش بن، لە ڕاستیدا بەهیچ دانانرێن، بەنەخۆش نەبێ. ئەوانە دەمارە مێشکییەکانیان تێکچوون و ئازاریشی دەدەن. لەبەر ئەوە پێویستییان بەدەرمانکردن و چاککردنەوە هەیە!...

سەیر ئەوەیە، ئەو ژنانەی تووشی نەخۆشی ساردوسڕی ڕەگەزبازی بوون، وەک دێنە پێش چاومان، لە هەموو کەس زۆرتر خۆیان دەکوتن بۆ جەربەزەیی لە ڕەگەزبازیدا، هەروەک بەدەمی خۆیان بڵێن: (من باکم چییە؟... کە من ڕەگەزبازی ئەمەندە بەلامەوە بایەخی نەبێ، ئیتر بۆچی خۆشی بەکەسانی تر نەگەیێنم و پارەیش دەست خۆم نەخەم؟!.) کەواتە سوڕمانی پێ ناوێ، کە ئەوانەی لنگبازی پیشەیانە، واتا ئافرەتە سۆزانییەکان و ژنە داوێن پیسەکان، زۆربەیان لەم جۆرە ئافرەتانەن!...

ئەو ئافرەتانەیش کە دەیانەوێ خۆیان دوور بخەنەوە لە هەستکردن بەڕەنجەڕۆیی لە کۆڕی ڕەگەزبازیدا، لە هەستکردن بەڕووداوی سەخت و ناهەمواری ژیان، کە لە ئەندازەبەدەر خوو دەدەنە ئەندێشە و بەئاواتەکانی دڵداری و ڕەگەزبازییشەوە خەو دەبینن، ئەوانە لە ڕاستیدا خۆیان کز دەکەن بەرامبەر تاوکردن و دەماری ڕەگەزبازی بزواندن...

چونکە ئارەزووکردن، هەموو دەم دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لە جێبەجێ کردنی خۆی!. جا ئەو جۆرە ئافرەتانە، کە کەللەیان پڕە لەم جۆرە ئەندێشە و ئاوات و خەوانە، هەموو دەم لەوانەن کە بەئاسانی ڕاو بکرێن لە لایەن ئەو پیاوانەوە کە زیرەک و زمان شیرینن، کە خاوەنی شارەزاییەکیشن لە دەروونناسی و فڕوفێڵدا.

ترسی ئافرەتیش لە تەمەنی هەناسەساردی - کە ئیتر لەو کاتەوە خوێنی لێ نایە[(١)]- هەروەک ترسی پیاو وایە لە تەمەنی پیری. جا ئەم ترسەیش، زۆر جاران بەڵکو زۆربەی جاران، دەبێتە هۆی بزواندنی ئارەزوو و ئالۆش بۆ ئەمەی دوا خۆشی ژیانی ڕەگەزبازی خۆی ببینێ!...

لەبەر ئەوە، وەک بۆمان دەرکەوتووە، ناوەڕاستی تەمەن، بەتایبەتی لە ناوەند چلساڵی و پەنجا ساڵیدا، لە هەموو تافەکانی ژیان سامناکتر و گرنگترن لە ژیانی هەردوو ڕەگەزدا. داوێن پیسیش لەم بارەدا، جۆرە دەرچوونێکە لە ئەندازە، لە تۆڵەکردنەوەدا... تۆڵەکردنەوە بۆ لەش، لەوەی کە خەریکە لێی بێ بەش بمێنێتەوە!... چونکە لەم تافی ژیانەدا،

(١) تەمەنی هەناسەساردی: سن اليأس. خوێنی لێ نایە: توقف العادة الشهرية.



(هۆرمۆن)ەکانی ڕەگەزبازی دەست دەکەن بەکز بوون. جا بۆ ئەمەی مرۆڤەکە زاڵ ببێ بەسەر هەستکردن بەکەموکووڕی خۆیدا، ئەو بەزەییەی کە لە لایەن خۆیەوە دێتەوە بەخۆیدا،[(١)] پاڵی پێوە دەنێ کە چستوچالاکییەکی لە ئەندازەبەدەر لە کۆڕی لنگبازیدا بنوێنێ!...

یەکێ لەو هۆیانەیش کە ئافرەت دەخاتە سەر ناپاکی لەگەڵ مێردی خۆیدا، ئەوەیە کە ئەو ڕەنگە وای بێتە پێش چاو، کە ناتوانێ وەک جاران دڵی پیاوان کێش بکات. جا بێ ئەمەی هەست بەخۆی بکات، کارێکی وا بەخۆی دەکات کە دوایی پاڵی پێوە بنێ بۆ داوێن پیسی و ناپاکی. کەچی لە ڕاستییشدا ئەو هەر ئەوەندەی دەوێ کە بزانێ هێشتا جوانییەکەی لە جێی خۆیدایە و کار لە دڵی پیاوانیش دەکات!... جاری وایش هەیە بۆیەکا ناپاکی لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا دەکات، مێردەکەی بەداوێن پیس دەزانێ و دەیەوێ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە!. یاخود دەیەوێ تۆڵە لە ئافرەتێک بکاتەوە کە ئازاری دڵی دەدات و خۆی بەسەردا دەنوێنێ ئەویش بەوە تۆڵەی خۆی لەو ژنە دەکاتەوە کە مێردەکەی ئەو لە خشتە ببات و داوێن پیسی لەگەڵدا بکات!...

هەرچی پیاوانیشن، هەندێ هۆی داوێن پیسییان ئەوەیە کە لە کەمتەرخەمی ژنەکانیان یەجگار تەنگەتاو دەبن. یاخود سەرکێشی لە ژنەکانیان دەکەن لەبەر ساردوسڕییان لە ڕەگەزبازیدا. جاری وایش هەیە پیاو بەوە دەکەوێتە داوی داوێن پیسییەوە، کە دەیەوێ خۆی بنوێنێ، لەناو ئەو کەسانەدا کە لەگەڵیاندا کۆ دەبێتەوە. دەیەوێ وایان تێ بگەیێنێ کە خۆی پیاوێکی چاوبەستکەرە و ژنانیش لەبەر ئەوە حەزی لێ دەکەن!...

## کاروان دەڕوات بام بڕوات، بەڵام ئێوە خۆتان مەدەن بەدەستەوە!

بەشی زۆری کەسان (دڵداری) و (ڕەگەزبازی) تێکەڵ دەکەن. کەچی ئەو دوو پەیوەندییە لە گرنگترین پەیوەندییەکانی ناوەند نێر و مێن کە پێکیانەوە دەنووسێن. ئەو گیروگرفتانەیش کە لەم تێکەڵیوپێکەڵییەوە ڕوو دەدەن، زۆر جاری وا ڕوو دەدات کە دەبنە هۆی قەومانی کارەساتی وا کە دەمارەمێشکییەکان تێک دەدەن، سەرگەردانی دەهێنن بەسەر کەساندا، بیروباوەڕ و ئاواتەکانیش لەناو دەبەن، گەلێک کەسیش دەخەنە گێژاوی هەناسەساردی و کلۆڵییەوە!.

پزیشکی دەروونییش لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا، زۆر کەینەوبەینەی وای دێتە پێش چاو

(١) ئەم ڕستەیە دەبوو ئاوا بێ: ئەو بەزەییەی کە بەخۆیدا دێتەوە،...

کە هەموویان لەوەوە پەیدابوون، لێ قەوماوەکان لە جیاوازی ناوەند (دڵداری) و (ڕەگەزبازی) تێنەگەیشتوون!...

ڕۆژێکیان کچێکم هاتە لا. تەمەنی هەژدە ساڵان بوو. تووشی ئازارێکی زۆر و پەشیمانبوونەوەیەکی سەخت بوو بوو. چونکە خۆی خستبووە بەردەست لاوێک کە بەناوی (دڵداری)یەوە لە خشتەی برد بوو... هەندێ لەو قسانەی بەکچەکەی گوتبوو بەمەبەسی تاوکردنی ئەمە بوو بوو: (کە هەردووکمان دڵمان بەیەکتردا چوو بێت و باوەڕیش بەیەکتر بکەین، ئیتر بۆچ خۆمان لەم ئازارەدا بهێڵینەوە؟!...). کچە بەسەزمانەکەیش، بەقسەکانی ئەو دەسخەڕۆ دەبێ و خۆی دەدا بەدەستەوە. کچەکە ئەوەندە ساکار و نەشارەزا دەبێ لە پەند و پەراوێزی کوڕەکە، لەوەدا هیچ نەنگییەک نایەتە پێش چاوی، کە خۆی بدا بەدەستییەوە. (چونکە کوڕەکە خۆشیویستووە و دڵی پێیدا چووە، خۆیشی باوەڕ بەو و بەبەڵێنەکانی دەکات!). کەچی لەپاش شەش مانگ کوڕەکە ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا و خۆی لەگەڵ کچێکی تردا ڕێکخست!... کچانی وایش هەن، بۆیەکا دەکەونە داوی واوە، کە وا هەست دەکەن، ئەگەر بێتو دەست بەڕووی هەموو لاوێکەوە بنێن ڕۆژێک دێ پیر دەبن و شوویش ناکەن. جا بۆ ئەمەی هەلی شووکردنیان لە دەست نەچێ، هەر لاوێک زمان پاراو بێ و لە بابەت دڵداری و ژنهێنانەوە قسەی باشیان بۆ بکات، تاو ئەبن و خۆیان دەدەن بەدەستەوە!. ڕەنگە ئەم جۆرە کارەساتانە بەسەیر دانەنرێن بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانی ڕاستەقینەیە ئەوەیە، کە زۆر ئافرەتە مێرددارەکان، تا چەند ساڵێکیش بەسەر شووکردنیاندا تێدەپەڕێ، هێشتا لەوە تێناگەن کە جیاوازی هەیە لە ناوەند (دڵداری) و (ڕەگەزبازی)دا!... گەلێک ژن بۆم دەگێڕنەوە کە دڵدارییان بەرامبەر مێردەکانیان بەهۆی ئەوەوە تێکچووە کە لەپاش شەوی پەردەوە (هەموو شتێک) گۆڕراوە!... هی وایان تێدایە، سکاڵا لەوە دەکات کە مێردەکەی لنگبازی زۆر لەگەڵدا ناکات و وەک جاران خۆی تێناگەیێنێ!... ئەویش ئەمە بەنیشانەیەکی کەمبوونەوەی خۆشەویستی مێردەکەی دادەنێ، بۆیەکا دڵی لێی کرمێ بووە، کە خەریکی دڵدارییە لەگەڵ ژنێکی تردا!... هی وایشیان تێدایە وا دێتە پێش چاوی کە دەست نەپەرژانی مێردەکەی بۆ بردنی ئەو لەگەڵ خۆیدا بۆ جێگای ڕابوواردن و گەشتوگوزار، بەبیانووی کاروبار زۆرییەوە بەڵگەیەکە، کە دڵی مێردەکەی خۆی لێ سارد بۆتەوە!...

منیش لە یەکێک لەم جۆرە ئافرەتانەم پرسی کە دەهاتە شوێنی فرمانەکەم ئایا بەڕاستێتی کە مێردەکەی خۆشی ناوێ؟!... وەرامەکەی ئەویش ئەمە بوو: (ئەو هەروا



پێشان دەدات کە منی خۆشدەوێ. بەڵام من هەرچەند دەکەم باوەڕی پێ ناکەم!... ئەو هەر دڵی بەلنگبازییەکەدا دەچێ، هیچی وایشی لێ دەرنەکەوتووە کە لەوە بەولاوە هیچی تری خۆش بوێ!...). چیرۆک یەجگار زۆرە کە لەم بابەتەوە بگێڕرێتەوە، بەڵام هەموویان پەنجە بۆ کاکڵی گیروگرفتەکە دەکێشن کە بریتییە لەمە: (دڵداری) شتێکە و (ڕەگەزبازی)یش شتێکی ترە. ئەم دووانەیش لە لای هەر دوو ڕەگەزەکە ئەوەندەی یەکتر نین. هەروەها پلەی هەر دوو بابەتەکە، لەکن هەر ڕەگەزە جیایە لەگەڵ هی ئەویتردا!...

## دڵداری + ڕەگەزبازی = کامەرانی تا سەر!

ئەوەندە هەیە پیاوەکان لە ئافرەتەکان باشتر دەتوانن هەست بکەن بەجیاوازی ناوەند هەردوو تاسەکە. هەروەک بەسروشت پەی بەوە ببەن وایە. چونکە پیاو ڕەنگە ژنەکەی خۆی بەدڵ خۆش بوێ و، بەتەنگ ئەوەیشەوە بێ کە بەدڵسۆزی لەگەڵیدا بمێنێتەوە و ناپاکی لەگەڵدا نەکات، کەچی لەپاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک وای لێ بێ، ئەوەندە گرفتاری جوانی لەشی نەبێ بەڵام ژن بەزۆری (دڵداری) و (ڕەگەزبازی) پێکەوە دەبەستنەوە بەلای ئەوانەوە وایە کە هۆی خۆ بەدەستەوەدانەکەیان بۆ پیاوان دڵدارییەکەیانە بۆ ئەوان!... واتا (دڵداری) دەکەن بەبیانوو بۆ خۆ بەدەستەوەدان!. جا ئەم هەست پێکردنە هەڵەیە، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی زۆر دڵشکاوی و، لەش تێکچوون، لەناو ئەو کچانەدا کە هێشتا شوویان نەکردووە. کە تووشی خەموخەفەت و ئازاریشیان دەکات لەپاش شووکردن!...

جا ئەگەر بێتو ئافرەتەکان ئەوە بخەنە پێش چاوی خۆیان کە پێویستە (پاڵ پێوەنەری ڕەگەزبازی) و (پاڵ پێوەنەری دڵداری) لە یەکتر جوێ بکەنەوە، هەر کاتێ ڕووداوی ژیانیان بخستایە پێش دەمی ئەم جیاوازییەوە، ئەوەندە تووشی خەموخەفەت و ئازار نەدەهاتن!... چونکە ئارەزووی ڕەگەزبازی و، دامرکاندنەوەی ئارەزووەکە، بێ ئەمەی دڵداری لە ئارادا بێ، بەئاسانی پێکدێن... ئارەزووی دڵدارییش لەگەڵ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکەدا، بێ ئەمەی ئارەزووی ڕەگەزبازی لە ئارادا بێ تەنانەت بێ ئەمەی لنگبازییش بکرێ، هەروەها پێکدێن!... پاڵ پێوەنەری (ڕەگەزبازی) سەرچاوەکەی (لەش)ە. ئامانجەکەیشی (منداڵ) دروستکردنە، بوون و چالاکییشی بەندن بەئاو فرێدانی لووە کەڕەکانەوە.[١]

(پاڵ پێوەنەری دڵدارییش) سەرچاوەکەی –کە بەجۆرێکی ساکار لێی بدوێین و دووریش

(١) لووە کەڕەکان: غدد الصماء.

بێ لە شێوەی زانستییەوە - سووچی (هەست) و (تاسە) و (تەزوو)ە لە (هۆش)دا. ئەمەیش کارەساتێکی دەروونییە، لە بنجوبناواندا لەوەوە پەیدا بووە، کە ئافرەت ئارەزوو دەکات پشتیوانی پیاوی دەس بکەوێ، بۆ ئەمەی بتوانێ ئەو فرمانە بەجێ بهێنێ کە سروشت بۆی داناوە، واتا (منداڵ) بوون و پەروەردەکردنی (منداڵ).

پێویست بەوەیش ناکات کە بڵێین: (دڵداری) و (ڕەگەزبازی) تێکڕا، لای زۆر کەس، لە ژن و لە پیاو، تێکەڵ بەیەکتر دەبن. جا ئەگەر بەرهەڵستێک نەیەتە ڕێی ژنەکە، یان پیاوەکە، کە وایان لێ بکات هەست بەتێکچوون و سەرنەگرتنی کاری ژن و مێردی، بکەن، دەستبەجێ دەکەونە بارێکی واوە، کە ئەوەندە دڵخۆش و کامەران بن، ئەوەندە لەش خۆش و تەندروست بن، کە لە هیچ لایەکی تری ژیان و پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتییەوە نەگەن بەو خۆشی و کامەرانییە. بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم قسەیە دەڵێم: ئەگەرهاتوو ڕێککەوت کوڕ و کچێک، دڵدارییەکی دوو لایی کەوتە ناوەندییانەوە و ئارەزووی ڕەگەزبازییشیان یەکی گرت، هەرچی ئەرک و ئازار و، خەموخەفەت و نەخۆشی و گیروگرفتێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، تەنانەت هەرچی ترسێکیش هەبێ لە بۆمبای گەرد... بەلایانەوە بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێ!... ئیتر ئەوساکە ژیانیان لێ دەبێتە بەهەشت کە هەر حەز دەکەن تێیدا بمێننەوە!...

جارێکیان خانمێک لە بابەت دڵداریی ئافرەتانەوە گفتوگۆی لەگەڵدا کردم، گوتی: (سروشت خۆشەویستییەکی وەهای لە دڵی ئافرەتاندا دروست کردووە، هەر بەشی مێردەکەی و منداڵەکانی خۆی ناکات، بەشی باوک و دایک و برا و خوشکەکانی و، دۆستەکانی و هەندێ لەو گیانلەبەرانەیش دەکات کە نازدارن لە لای، تەنانەت بەشی هەندێ دار و بەردیش دەکات!...)

بەلای منیشەوە خۆشەویستی پیاویش لە خۆشەویستی ئافرەت کەمتر نییە. خۆشەویستی پیاویش لە هەموو جۆرە خۆشەویستییەک قووڵتر و ڕەنگاوڕەنگتر و جۆر جۆرترە. هێندە هەیە، پیاو وەک ژن نییە، بەئاسانی و بەزوویی گرفتاری دڵداری ببێ. پیاو لە ڕاستیدا، لە ژن زۆرتر خۆی دەپارێزێ، زۆرتریش لێی ورد دەبێتەوە...

جا ئەگەر دوایی گرفتاری دڵداری بوو، واتا دڵداری ڕاستەقینە، نەک حەز لە لەشولار کردن، دڵدارییەکەی ئەوەندە بەهێز دەبێ، ئەوەندەیش بەرگە دەگرێ، تا مردن دەمێنێتەوە و نابڕێتەوە بەتایبەتی ئەگەر یارەکەی بوو بێتە ژنی و، منداڵی لێی بوو بێ و، بوو بێتە کەیبانوویماڵیشی!...



## بنچینەی ژیانی ژن و مێردی دڵدارییە نەک ڕەگەزبازی!

بەڵام ئەو (دڵداری)یەی کە باوەڕی ئافرەت دەخاتە سەر ئەوەی پیاو، دەمدەمییە و زوو دەگۆڕێ، کە پشتی پێ نابەسترێ... ئەو دڵدارییە بەدڵداریی ڕاستەقینە دانانرێ. ئەوە لە ڕاستیدا ڕووکەشێکی ڕەگەزبازییە!... بێجگە لەمە، خۆکوتانی پیاو، بەتەووژمەوە، بۆ ئەمەی ئارەزووی ڕەگەزبازی خۆی دابمرکێنێتەوە سەبارەت بەوەیە، کە پاڵ پێوەنەری ڕەگەزبازی لەودا بەهێزترە تا لە ئافرەتدا. بەڵام وا دەردەکەوێ کە (ڕەگەزبازی) چ لە لایەن پیاوەوە بێ چ لە لایەن ژنەوە، دەربەست کەسایەتی، یاخود پایەی کۆمەڵایەتی و، ئابووری، یان زیرەکی، یاخود هیچ ڕەوشت و ڕەنگێکی کۆمەڵایەتی تر نییە. ئەو هەر خەمی ئەوەیەتی تێر بکرێ و دابمرکێتەوە. گوێ ناداتە ئەنجامی دوایی. جا لەبەر ئەوە ئەم جۆرە تێرکردن و دامرکاندنەوەیە، ڕەنگە هەر پێویستی بە(دڵداری) نەبێ. جا ئەم جۆرە بارە لەکن پیاو زۆرتر دەردەکەوێ تا ژن!... دەهەر ئەم جۆرە سروشتە سەرکێشە خوێڕییەیە، کە ئەو ڕازەمان بۆ دەردەخات: کە (ڕەگەزبازی) لە کاتێکدا کە دەکەوێتە گەڕ، خۆش و شیرین دەردەکەوێ. بەڵام کە لنگبازییەکە دوایی هات، ناخۆش و ناشیرین و نەنگەویست دەردەکەوێ!... بەڵام کە (دڵداری) لە ئارادا بێ، ڕەگەزبازییەکە، لەدوای لنگبازییەکەیش هەر بەخۆشی و شیرینیەوە دەمێنێتەوە لەپێش چاوی مرۆڤدا. هەرچەندە (ڕەگەزبازی)یەکە جێگایەکی بنچینەیی وا ناگرێ بۆ خۆی لە کۆڕی پەیوەندیی ناوەند نێر و مێدا، تا بتوانێ زاڵ ببێ بەسەر هەموو هەست و تاسە و تەزووەکانی تردا!... ئەمە لە بابەت (ڕەگەزبازی)یەوە.

بەڵام (دڵداری)، لەپاش کۆبوونەوەی هەردوو خۆشەویستەکە، لەپێشدا چۆن بووە، هەروا دەمێنێتەوە. واتا: یەکێتی ژیانی ژن و مێردەکە ئەو (دڵداری)یە ناگەیێنێتە پلەی تێربوون و دەستبەردابوون، بەپێچەوانەوە دوور نییە تا بێت پەرە بسێنێ و گەشە بکات... ئەو (دڵداری)یە، پاش مردنی خۆشەویستەکەیش، هەر دەمێنێتەوە نامرێ!. بێجگە لەوە (دڵداری)یەکە بایەخ نادات بەکۆبوونەوەی هەر دوو خۆشەویستەکە و، بەیەکێتی ژیانیان، یان بەجوێ بوونەوەیان و دوورکەوتنەوەیان. ئەمەیش ڕازی ئەوەیە، کە (دڵداریی یەکەم) هەر دەژی و دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر هەر دوو خۆشەویستەکەیش چارەنووسیان وا بهێنێ، کە هەریەکەیان لەگەڵ یەکێکی تردا ژیانی ژن و مێردی پێک بهێنێ!... دووریش نییە هەتا کۆنتر ببێ، زۆرتر ڕەگ دابکوتێ و گەشە بکات!... لە لایەکی تریشەوە، وەک

دێتە پێش چاومان، (دڵداری) گەلێک ڕوو و گەلێک لای هەیە. دوور نییە کەسێک، دڵی بەزۆر کەسدا بچێت، بام هۆی دڵدارییانەیش جۆر جۆر بن. ئەم قسەیەیش پێچەوانەی ئەو واتەیەیە کە دەڵێ: (دڵ هەر یەک دڵداری تێدا جێ دەبێتەوە). تەنانەت ئەم واتەیە، بەڵگەی ئەوەیە کە واتای دڵداری و ڕەگەزبازی تێکەڵ دەکرێن. چونکە پیاو لە باریدا هەیە کە باوکی و دایکی و برای و ژنی و کوڕی و هاوڕێ و نیشتمانی خۆی خۆش بوێ!... ئەمانە هەریەکەیان جۆرە خۆشەویستییەکن بام لەگەڵ یەکترییشدا جوێ جوێ بن!...

یەکێک لە زاناکان نووسیویەتی دەڵێ: (ئافرەت دەبن بەدوو بەشەوە: ئەوانەی بۆ دایکێتی دەست دەدەن. ئەوانەی بۆ بەزموڕەزم دەست دەدەن). گوتوویەتی: مەبەسی لە بەشی یەکەمیان بۆ منداڵبوونە، بۆ منداڵ پێگەیاندنە، بۆ منداڵ پەروەردەکردنە، بۆ ماڵ ڕاگرتنە، بۆ بایەخ بەخۆدانە. بەڵام دەستەی ئافرەتانی (بەزموڕەزم)، لەپێش هەموو شتێکدا پیاویان هەر لەبەر خۆی خۆشدەوێ. بەلای ئەو ئافرەتانەوە، پیاو بە(هۆ) دانارێ کە بیانگەیێنێتە ئامانجی خۆیان پیاو خۆی بە(ئامانج) دادەنرێ، حەز لە خۆیشی دەکرێ!...

جا ئەم دابەشکردنە ئەوەمان تێدەگەیێنێ کە ئافرەتانی دەستەی (دایکێتی) گوێ نادەنە بابەتی (ڕەگەزبازی). کەچی دەستەی (ئافرەتانی بەزموڕەزم) نە گوێ دەدەنە منداڵبوون، نە بایەخیش دەدەن بەماڵ ڕاگرتن. ڕەنگە ئەم جۆرە دابەشکردنەیش قسەکانی پێشوومان لێک بداتەوە کە گوتمان پیاوان حەز بەتێکەڵبوون دەکەن لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکان و ڕووبازاڕییەکاندا. چونکە لەکن (ئافرەتی دایکێتی) دڵداری بەچنگ و بەدەسەڵاتە. بەڵام لە لای (ئافرەتی بەزموڕەزم) ڕەگەزبازی دەسەڵاتدارترە. بەواتایەکی تر (ئافرەتی دایکێتی) ڕووەو شووکردن و خێزان دروستکردن دەڕوات، بەڵام (ئافرەتی بەزموڕەزم) گوێ ناداتە شووکردن و خێزان دروست کردن مەگەر هەر مەبەسی ئەوە بێت کە بۆ پاشەڕۆژی خۆی شتێک پێکەوە بنێ، تا لە ڕۆژی ڕەشدا فریای بکەوێ!.

بەهەموو ڕەنگ، وامان دێتە پێش چاو، کە هەموو پیاوێک دڵی دەچێ بە(ئافرەتی بەزموڕەزم)دا. بەڵام تا پێیان بکرێ ئەو جۆرە ژنانە مارە ناکەن!... بەڵام کە ژنیان هێنا، لەو ئافرەتانە دەهێنن کە لە جۆرەکەی ترن، لە (دایکێتی)... واتا لەو ئافرەتانە مارە دەکەن کە بەکاری ماڵ ڕاگرتن و منداڵبوون و منداڵ بەخێوکردن دێن. ئەوەیش ئاشکرایە، کە ژن و مێردیی هەر لەبەر ئەوە تێکدەچێ کە هەر لە سەرەتاوە ژن و مێردەکە، لەوە تێناگەن کە ئارەزووی هەردووکیان لەسەر بنچینەی (ڕەگەزبازی) دامەزراوە، نەک لەسەر بنچینەی



(دڵداری)... جا کە ژن و مێردییەکەیان بەمجۆرە دامەزرا بێ، هێزی کێشکردنی ڕەگەزبازییەکەیان بەرە بەرە کز دەبێ. زۆرجاری وایش هەیە کە ئارەزووی ڕەگەزبازییەکەی هەر دوو لایان بەرامبەر یەکتری، هەر بەجارێک نامێنێ و لەناو دەچێ. جا کە ئەوە گەیشتە ئەم ڕادەیە ئیتر هیچیان بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ کە زۆرداری لە یەکتر بکەن و، ناپاکی لە ژن و مێردی یەکتر بکەن. واتا: داوێن پیسی بکەن!...

بەڵام (دڵداری)... دڵداری دڵسۆزانە و ڕاستەقینە، دڵداری بێ گەرد... لە ڕاستیدا لە ئاسن بەهێزترە. نە ڕۆژگار دەتوانێ لەناوی ببات، نە کارەساتی ناهەموار!...

تەواو بوو

١٩٨٤

# هەڕەتی ڕەگەزبازیی

نوێ کردنەوەی تافی و کوڕێنی بەهۆی سروشتەوە

نووسەری: بەرنار مەکفادن
پێشەوای پەروەردەکردنی لەش لە ئەمەریکای یەکگرتوودا

**١٩٦٥**

## سەرنجێک...

مامۆستا شاکر فەتاح هەروەک لە پێشەکی ژیاننامەکەیدا (ئاوێنەی ژینم) ئیشارەمان پێداوە، لە نووسین و کاری دانانیدا گەلێ دەستپێشکەری بەرچاوی هەیە و داهێنەربووە لە بوارەکانی ئەو ڕێبازەی گرتوویەتیەبەر بۆ خۆی.

یەکێک لەوانە، تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستیش بەدەگمەن هەبوون کە خۆیان داوە لە بواری نووسین دەربارەی کاروباری سێکسی و ئەو زانستەی بەدەوریدا دەخولێتەوە؛ خوو و نەریتی باوی ناو کۆمەڵگەکەمان بەربەستێکی گەورەبووە لەبەردەم ئەم کارەدا، بۆیە زۆربەی نووسەران. بەجوانیان نەزانیوە (چ وەک کارێکی زانستی و لێکۆڵینەوە، چ وەک کارێکی ئەدەبی و هونەری) خۆیان لێ نێزیک بخەنەوە، بەڵام دەبینین مامۆستا زۆر بوێرانە و چاو قایمانە بازووی لێ هەڵماڵیوە و کردوویە بە بەشێک لە پڕۆژە فراوانە گەورەکەی (پڕۆژەی خوێندەواری کوردی) و بەشێکی تایبەتی بەناوی (ڕەگەزبازیی – سێکسی)یەوە جیاکردۆتەوە و ئەوەی بەباشی زانیبێ لە باس و لێکۆڵینەوە وەری گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.

جا بەگشتی ئەوەی ئێمە لەم حاڵەتەدا بۆی دەچین ئەوەیە کە:

١– کارێکی دەگمەن و داهێنەرانەیە (لەگەڵ سەرەتاییدا) کە کتێبخانەی کوردی بەخۆیەوە دەبینێ بابەتێکی تازەیە.

٢– زۆر چاوقایمانەو بەجوورئەتەوە، مامۆستا دەستی داوەتە کارەکەی و پەنجەی بۆ باسەکان بردووە و زاراوە سێکسییەکانی کردۆتە کوردی و بەزەقی و ڕاشکاوانە ناوی هێناون، هەرچەندە زۆرجار لەبەر عورف و نەریتی باو ویستوویە زاراوە و دەستەواژەی وا دابنێ کە لەلای خوێنەر سڵەمینەوەی تیادا نەبێ، بەڵام جاری واش هەیە ناچار لە بنی هەمانەکەی داوە و ڕاستەوخۆ ناو و زاراوەکە وەک خۆی دەهێنێ.



ئەمەش بەلای کۆمەڵگەی ئێمەوە ئاوایە، بەهۆی دەگمەن وەیا نەبوونی ئەو نووسراوانەی سەر بەم تەوەرەن لە کتێبخانەی کوردیدا (تا کۆتایی شەستەکان). کەمی بەرامبەر ئەمە دەبینین لەناو کتێبە عەرەبییەکاندا زۆر بەئاشکراو ڕاشکاوانە باسیان لێ دەکرێ و ناو دەبرێن.

ئێمە ئەم کارەی مامۆستا بەیاخی بوون و لە خەت دەرچوون دانانێین، بەڵکو دەستپێشکەرییەکی چاک و داهێنانێکی تر و ڕچەشکاندێکە و پیرۆزیەکی ترە دەیخەینە پاڵ ئەوانەی دی.

ئەحمەد
٢٠٠٣/٧

# پێشەکی

ئەم نووسراوە بۆ پیاوان دانراوە ڕاست و ڕەوان لەو بابەتانەوە ئەدوێ، کە زۆر گرنگ و بایەخدارن بۆ ئەوان بێگومان خوێندەواریی، خۆی بەتەنیا، لە باریا هەیە کە ئەو خراپ و تاوانانەی لە داوێن پاکیی بۆژۆ و شەرمی درۆوە پەیدا ئەبن، ڕۆژ بەڕۆژ چارەیان بکات.

شەرمی درۆ، لە ئەندازە بەدەر زیان و خراپەی لێ ئەوەشێتەوە هەر کزیی و سستییەک، ئیمرۆ تووشی هێزەکانی لەشمان هاتوون، تا ئەندازەیەکی زۆر گەورە، لە شەرمی درۆوە پەیدابوون لەبەر ئەوە مەبەس لەم نووسراوە ئەوەیە کە ئەو بابەتانەی تەندروستی مرۆڤ و چاکیی مرۆڤی پێوە بەندە، سەرپۆشیان لەسەر هەڵ بگیرێ و بەئاشکرا، دەربخرێن ئاگاداریی و شارەزاییی، بێ گومان هێزێکە جا ئەگەر شارەزاییی لە کاروباری ڕەگەزدا(*)، ئەوەندە بۆ تەندروستان پێویست بێ، بێ گومان بۆ ئەو لەش کز و بێ هێزانەیش کە لەناو گێژاوی ناشێتی و نەزانی و کۆلکە خوێندەوارییدا گێلّ ئەخۆن، گرنگتر و بەکەڵکتر ئەبێ.

ئەو پیاوەیش کە دەماری پیاوەتی پێوە نەمێنێ، ئەبێتە بارێک بەسەر ئەو کۆمەڵایەتییەوە کە تیا ئەژیی، کەم و زۆر بەکەڵکی ئەو کۆمەڵایەتییە نایەت، لەسەر ئەوەیشەوە زیانی پێ ئەگەیێنێ زۆر کەسی واهەن، کە ئەم جۆرە ژیانە ئەژین.

هەر کامێکیان بگریت، بەکزیی و لاوازییەوە ئەژیی، نە کامەرانی ئەچێژێ، نە لە تەندروستیش تێ ئەگات.

کەواتە، بەسیەتی درۆ و چاو و ڕاوکردن، دەمێکە، سەردەمی شەرمنی و ناشێتی بەسەر چووە بەڵام ئیمرۆکە، پێویستە لەسەرمان کە بە تیشکی بەهێزی خوێندەواریی، تاریکاییی نەخوێندەواریی ڕۆشن بکەینەوە، تا ڕێگایەکی تەخت و فراوان و ئاسان بۆ لاوەکان بکەینەوە، کە پڕبێ لە هیواو ئاوات.

خوێندەواری ئەم نووسراوە هەرچییەکی پێویست بێ بۆ شارەزاکردنی لە ژیانی ڕەگەزیی خۆیدا، دەستی ئەکەوێ هەرچییەکمان لەدەست هات کردمان بۆ ئەمەی نووسراوەکە هەموو لایەکی کەینەوبەینەی ڕەگەز بگرێتەوە لەسەر خوێندەواریش پێویستە، کە باش

(*) لێرەدا وشەی (ڕەگەز)، ڕەگەزی پیاو و ڕەگەزی ژن، یاخود ڕەگەزی مرۆڤایەتی ئەگرێتەوە زانستێکی تایبەتیش بۆ ئەم ڕەگەزە دانراوەو کە لە دڵداریی و سک و زاکردن و ژن و مێردیی و ئەم جۆرە بابەتانە ئەدوێ، پێی ئەڵێن (زانستی ڕەگەز -وەرگێڕ).



بیخوێنێتەوە و لێی ورد ببێتەوە. و هەرچییەکیش ئەخوێنێتەوە، بەتەواوەتی بەکاری بهێنێ، بۆ ئەمەی ئەو هێز و تەندروستییەی ئاواتیان بۆ ئەخوازین ببێ، دەستی بکەوێ.

لێرەدا، لە پێش کەینەوبەینەی تایبەتیدا، بەتەنگ کەینەوبەینەی گشتییەوە بووین ئەمیش لەبەر ئەوەیە، کە ئەگەر نەخۆشەکە دەستووره گشتییەکانی نەخۆشییەکەی زانی، ئیتر ئەتوانێ بەهۆی ئەم زانیارییە گشتییەوە، نەخۆشییەکەی خۆی بدۆزێتەوە، دیارە کە مرۆڤ شارەزای کەینەوبەینەی گشتی بوو، شارەزای کەینەوبەینەی تایبەتیش ئەبێ.

لەبەر ئەوە، ئەم نووسراوە بەکەڵکی هەموو کەسێک دێ نەخۆش چاک ئەکاتەوە و لە دەست نەخۆشییەکەی خۆی ڕزگاری ئەکات. ئەوی نەخۆشیش نییە، ئەوەندەی تر هێز و تەندروستیی پێ ئەبەخشێ.

(بەرنار مەکفادن)

# بەشی یەکەم

دەمـوچاوی جـوان و لەش و لاری ڕێکوپێک و کـردەوەی شـیـرینی ئافـرەت، لەتای تەرازووا، وەک هۆشی بەهێز و لەشی بەهێزی پیاو ئەوەستێتەوە. ڕەگەزی ئافرەت و ڕەگەزی پیاو ئەو دووانە بەئاشکرا لە یەکیان جیا ئەکەنەوە، کردەوە و ڕەوشتی هەر ڕەگەزەیان بۆ ڕەگەزەکەی تر پێویست و بەکەڵکە هەر کاتێ ئەو ڕەوشت و کردەوانە یەکیان گرت کامەرانی مرۆڤایەتی ئەگاتە ئەوپەڕی ئەو یەک گرتنەیش لەشێوەی ژن و مێردییدا پەیدا ئەبێ، کە دڵ ئەنووسێ بەدڵەوە و دەستیش ئەخرێتە ناو دەستەوە چونکە ئەو ئارەزووانەی لەگەڵ یەکتردا بسازێن و ڕێک بکەون، لە هەموو ئارەزووەکانی مرۆڤایەتی بەهێزتر ئەبن هەموو ڕێکخراوەکانی ڕەگەزی مرۆڤایەتیش لەسەر ئەو بنچینەیە دائەمەزرێن چونکە خێزان، ڕووکەشی هەر چۆنێک بێ، سەرچاوەیەکی ژیانی نیشتیمانە، چاکەکانی نەتەوایەتی لەوێوە پەیدا ئەبن، گەورەیی نەتەوەیش بەهۆی ئەوەوە ئەپارێزرێ.

بەڵام، لە ڕوویەکی زانستییەوە، ئەو خێزانە بەخێزان دانانرێ، هەتا ئەو ئەندامانەی لێیان پەیدابووە، کردەوە و ڕەوشتێکی سەرەتایی یان نەبێ، واتا ئەو کردەوە و ڕەوشتەیان هەبێ کە تایبەتییە بۆ ڕەگەزەکەیان جا ئەو کردەوە و ڕەوشتەیش کە پیاو جیائەکاتەوە لە ئافرەت هێز و هەڕەتە.

دوورنییە کە ئافرەتەکە دەموچاوی جوان نەبێ بەڵام ئەو کەمو کوورییە، بەهۆی ڕێکوپێکی ئەندامەکانی لەشیەوە و جوانییەکانیانەوە ئەشاررێتەوە؛ ئەگەر بێتو خوا ئەو شەنگی و ناسکیی ئافرەتەی پێی بەخشیبێ، کە دڵ کێش ئەکات ئەو ئافرەتانەی کە لە مێژوودا بەهەڵکەوتوو دانراون، زۆربەیان لەبەر جوانی دەموچاویان نەبووە، کە ناوبانگیان دەرچووە. کەچی بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەوی لەناو پیاواندا ناویان دەرکردووە، ئەوانە بوون کە خاوەنی هێز و هەڕەت بوون.

لە ڕاستیدا پیاوی کز و لەڕ و لاواز، کزیی و لەڕیی و لاوازییەکەی لە ئەنجامی کردەوەی خۆیەوە بۆ پەیدابووبێ، یان لە کردەوەی باوک و دایکیەوە بەمرۆڤێکی جیاواز دائەنرێ چونکە ئەوەی بەدەستەوە نەماوە کە لە باریا هەبێ ئەو مەبەسانە بهێنێتە دیی، کە بۆیان هاتۆتە جیهانەوە کە لەپێش هەموویاندا پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤایەتییە لە ژیاندا.

کوڵمە بەقووڵا چووەکانی و، ماسولکە شل و شێواوەکانی و، چاوە لێڵەکانی و هەناسە کزەکەی و، ڕوو کەشەکانی تری کزیی و بێ هێزیی لەش و هۆشی... ئەمانە هەموویان ئەوە



پێشـان ئەدەن کە لەشێکی وا بەهێز و هەڕەتی نییە، کە بتوانێ وەک مێردێک فرمانی پیرۆزی خۆی بەجێ بهێنێ.

تەنانەت خەبات کردنەکەیشی بە کزیی دەرئەکەوێ، بەرامبەر کاروباری ژیان، هەرچەند جاری وایش هەیە کە ڕۆژگار لەگەڵیا ئەبێ: وەک ئەوەی کە لە خێزانێکی دەوڵەمەندا گەورە ئەبێ یاخود لەلایەکی واوە دەرامەتی ئەداتێ کە پیاو هەر بەبیریشیانایەت لەبەر ئەوە، لە ڕووی سامان دەست کەوتنەوە ئەوەندە پێویستی بەخۆماندووکردن نابێ ئەمەیش بابەتێکی خۆش بەختییە، هەموو پیاوێکی کز و لەڕ و لاواز بەدەستی ناکەوێ خۆ ئەگەر دەستیشی بکەوێ هەست بەکامەرانی ڕاستەقینە ناکات جا لەبەر ئەوەی ئەو خاوەن بەختانە زۆرنین، زۆربەی ئەم کۆمەڵە هەناسە ساردانە، لەناو ژیانیدا بەبڵاوی ئەبینرێن بەهێزەکان کەنەفتیان ئەکەن و بەزەییشیان پیایاندا دێتەوە.

دووریش نییە بەچاوی سووک سەیریان بکەن چونکە ئەوانە سەرچاوەیەکی سەرگەردانی و هەناسە ساردین بۆ خۆیان و، جێگای بەزەیی پیاهاتنەوە و بەچاوی سووک سەیرکردنن لەلایەن ئەوانەوە کە هێز و هەڕەتیان هەیە لەگەڵ هەر کەسێکیشدا تێکەڵ بێن ئازاریان پێ ئەگەیێنن و زیانیان پێ ئەبەخشن.

هەروەکو پزیشک (کریستوفەر ولدن) گوتوویەتی، ئەو کزولاوازانە چ لەپێش چاو سروشتدا، چ لەبەر چاو کەڵک خوازەکاندا، لە کۆڕی ئابووریدا جێگایان نابێ.

چونکە ئەوانە تەنگوچەڵەمەیەکن زیان بەخۆشگوزەرانییان ئەدەن بەرهەڵستێکیشن لە ڕێگای پێشکەوتنیاندا جا ئەگەر یەکێک لەوانە ژنی هێنا، دوورنییە، کە کەموکووڕیی لەش و هۆشی خۆی بگوێزێتەوە بۆ منداڵەکانی، کە لەناو کەمەرەیەکی بەدیی و خراپیدا بڵاوئەبنەوە و پەرەئەسێنن جا لەبەر ئەمەی لە توانایدا نابێ ئۆباڵەکانی ژیان بەتەواوەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی، بێ گومان ئەبێ کەسێکی تر هەندێ لەو فرمانانە بخاتە ئەستۆی خۆی، هەمودەم خۆی لە شێوەیەکی خەفەتبارانە و کەم هێزیدا پێشان ئەدا بەڵام خۆشبەختانە، سروشت لە زیانی کەم ئەکاتەوە ئەویش یان بەهۆی کورت کردنەوەی تەمەنییەوە، یاخود بەهۆی پەک خستنی ئەوەیەوە کە نەوەی لێ بکەوێتەوە لەڕ و لاواز و کزبن وەک خۆی.

گەورەترین ڕووکەشی خۆشیی ژیان و مەبەسی بەرزی ژیان لەوەدا دەرئەکەوێ کە کوڕ و کچێک یەکیان گرتبێ و بەجوانی لەگەڵ یەکتردا ڕێک کەوتبن و بە ژن و مێردییەکی

خۆشەوە لەگەڵ یەکتردا گوزەران، بکەن بەڵام ڕێگای ئەم جۆرە ژینە، لەبەردەم هەناسە ساردەکاندا بەربەست کراوە.

لێرەدا لەوانەیە هەناسە ساردەکان بەهۆی کەلەپووری[1] باوک و دایکیانەوە وایان لێ هاتبێ، یاخود بەهۆی گرۆزیی ڕەوشت و خوویانەوە وا کزولاوازبووبن، جیاوازیی نییە بەجۆرێکی تێکڕایی، ئافرەت زۆرتر ئارەزووی سروشتی ڕەگەزبازیی، ئەپارێزێ. لەوکاتەدا کە کچەکە، هاوسەرێک بۆ خۆی هەڵ ئەبژێرێ، زۆر بەپەرۆشەوەیە کە مێردەکەی دوارۆژی خاوەنی لەشێکی گورج و توند و تۆڵ و کردەوە و ڕەوشتی دروست و بەهێز بێ، تا بتوانێ بەکاری پاراستنی بێ و ئارەزووی دایکێتی دامرێکێنێ و بۆ خۆیشی و مناڵەکانیشی جێگایەکی باش لەناو ژیاندا پەیدا بکات.

لە هەموو کچێکیشدا هەستێکی بنچینەیی هەیە، کە ئەیترسێنێ لەوەی شوو بەپیاوی کزولاواز بکات، نەوەک ئەو هێز و هەرەت و توانایەی تیا نەبێ بەواتایەکی ڕوون تر: شووکردن بەپیاوی وا هەر بەناوشووکرنە.

سەرگەردانی و هەناسە ساردیی نەبێ هیچی تری لێ پەیدا نابێ دوایی ئەبێتە هۆی ڕەنجەڕۆیی و دوژمنایەتی.

هەروەک لەوە دڵنیاین کە ڕۆژ بەدووی شەودا دێ، ئەتوانین لەوەیش دڵنیابین کە ئەو جۆرە ژن و مێردییە ئەنجامەکەی بەوە ئەگات؛ چونکە هەتا پیاوەکە لە لەشدا کزوبێ هێزبێ، لە کاری ژن و مێردییشدا هەر کز و بێ هێز ئەبێ هەروەها ئەم کزییەیش، کردەوە و ڕەوشتی کز و بێ هێزی لەگەڵدا ئەبێ ئەمەیش دانی پیانراوە، کە هەتا ئافرەتی وا هەبێ، لەبەر سامان شوو بکات، یاخود هەر لەبەر دەست کەوتنی خانوو ماڵ شوو بکات، بێ ئەمەی گوێ بداتە چۆنێتی ئەو خانوو ماڵە، یان هۆی شووکردنەکەی ئەوەبێ کە هەستێکی نەخۆشانەی هەبێ، یان بەزەیی پیا هاتنەوەیەکی نابەجێ پاڵی پێوە نابێ بۆ شووکردن، ئەگەر ئەو ئافرەتانە بەوجۆرە پیاوانە شوو بکەن کە خۆیان بەپیاو بزانن، لە ڕاستیدا ئەم شووکردنە کردەوەیەکی شوورەیی و نەنگە، پەڵەیەکی سەرشۆڕییە بەسەر ناوچەوانی ژن و مێردییەوە هەر ئافرەتێک هۆشی بەخۆی بێ، و خاوەنی بیرکردنەوەیەکی دروست بێ، لەم جۆرە پێکەوە نووسانە ئەسڵەمێتەوە و دائەچڵەکێ جا هەرکاتێ جیهان زۆرتر ژیر و مەندبێ و زۆرتر لە فرمانی ئەستۆی خۆی تێ بگات، تا ئەم دەرد و ئازارە لەناو نەبەین کە

(١) لێرەدا کەلەپوور بەمانای (بۆماوە – وراثە) هاتووە.



بەری لەشێکی تێک چوو و زیندوێتییەکی پێ نەگەیشتووە، ژن و مێردیی پێک نایەت.

ئەوەی کە لەناو گیانلەبەراناداا بەهۆی زەبروزەنگەوە پێک دێ لەناو مرۆڤە پێشکەوتووەکاندا بەهۆی یاسا یاخود هۆشەوە پێک دێ لەگەڵ ئەوەشا لە هەندێ جاردا بۆمان دەرئەکەوێ کە گیانلەبەران لە ئێمە زۆرتر تێ ئەگەن، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە پاراستنی تەندروستی و هێزی نێرەی گیانلەبەرەکە دێتە پێشەوە؛ بۆ وێنە شێر یاخود ئاسک ئەهێنینەوە: ئەوانە هەردووکیان پەلاماری گیانلەبەرێکی کزولاواز ئەدەن و ئەیدەن بەزەویدا، هەر بۆ ئەمەی بۆ مێچکەکانی خۆیانی دەربخەن، کە لە توانایاندا هەیە ببنە باوکێک لەناو ڕەگەزی خۆیاندا.

جا ئەم شەڕە قۆچەی کە لەناو نێرینەی گیانلەبەرە دڕندەکاندا پەیدا ئەبێ، ڕەنگە وا دەربخات کە سروشت دڵ ڕەقی تیایە بەڵام ئەو نێرینانە لە ڕێگایەکی کاریگەرەوە ئارەزووی خۆیان ئەهێننە دیی ئارەزووەکەیش بریتییە لەوەی کە کزولاوازەکان لەناوبەرن چونکە گیانلەبەر، کە لە ئەندازەی خۆیدا بێ وەک هەموو زیندەوەرێکی تر لەشێکی تەواوی توندوتۆڵ و گورجوگۆڵی ئەبێ.

بەڵام. ئەوەندەی پەیوەندیی بەمرۆڤەوە هەیە، هیچ شتێکی وا لە ئارادا نییە کە بەربەستی کزیی و لاوازیی و تێک چوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بکات تەنانەت ئەو ئارەزووەیش کە لەناو ئافرەتاندا هەیە، لەبابەت شوونەکردنەوە بەیەکێکی لە خۆیان کەمتر لە هێز و توانا و تەندروستیدا، بەهۆی ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتییەوە، تا ئەندازەیەک کزبووە لە کاتێکا کە لەناو هۆزە دڕندەکاندا، کچ ئەبینین بەچاوی سووکەوە سەیری ئەو پیاوە ئەکات کەدوای ئەکەوێ بەڵام هێز و ئازایەتی پیاوانەی تیانییە، کەچی لەناو ئێمەدا بەجۆرێکی ترە ئەبینین خاوەنی ئێسکە نەرمەکان و ماسولکە شل و شێواوەکان، کە لە باوک و باپیریانەوە بۆیان ماوەتەوە و لەناوچە شارستانییە پڕ لە ماشێنە کانیانەوە پێیان بڕاوە، هیچ بەر هەڵستێک نایەتە بەردەمیان لە ژن هێناندا هەر وەک پزیشک (لارسۆن) ئەڵێ، ئەگەر بهاتایە، ئاواتی (تۆماس کارلایل) بهاتایە دیی وەک لە هەندێ لە نووسراوەکانیا پێشانی ئەدا: کەس جلوبەرگی لەبەر نەکردایە، لەوەوە تێ ئەگەیشتین کە چ کەتنێکی ناشیانە ئەکەین لەوەدا کە ڕێ ئەدەن کوڕ و کچی کزولاواز ببنە هاوسەری یەکتر.

چونکە هەردوولایان ساکارترین بابەتیان نییە، کە پێوەندیی ژن و مێردیی لەسەری

بەندە. بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەو کەسانەی کە ئێمە پێیان ئەڵێین دڕندە وەک هۆزەکانی (زۆلۆ)[1] و (ئەبحوریت)، وێنەیەکن لە پیڕەوییکردنی باوەڕ و بیری دروست و بەجێدا.

پیاوی کزولاواز، هەر لەوە بێبەش نامێنێتەوە، کە بەجۆرێکی هەموو دەمی دڵ خۆش بێ و لە شێوەیەکی قووڵیشدا هەست بەو کامەرانییە بکات کە لە دڵدارییی و دەس لە مل کردنی ژنێکی لەش دروستدا دەستی ئەکەوێ، لەوەیش بێ بەش ئەمێنێتەوە کە لە کوڕەکانیا کوڕێنی خۆی چاوپێ بکەوێتەوە ئەوەیش بەشێکی کەم نییە لە کامەرانیدا، کە کوڕێنی و کچێنی دایک و باوک لە مناڵەکانیاندا تازە ببێتەوە.

ئەوەیش گومانی تیانییە کە باوکەکان فێری ئەوە ئەبن کە چۆن هەڵەو کەتنەکانی باوکەکان تووشی مناڵەکانیان دێن و لە ناو لەشی ئەواندا ئەبینرێن لەڕاستیدا کزیی و لاوازیی گوناهێکن دەربارەی ئەو لەشە ئەکرێن کە بۆ ئەوە دروست کراوە بەهێز و هەڕەتەوە بژیی.

ئەگەر پیاوی کز و لاواز تۆزێک دەروونی بێتە جۆش و هەستی بێتە خرۆش ئەو ڕۆژە ئاشکرا ئەکات کەتیابووە بەهۆی سک پڕبوونی دایکی ئەو مناڵە بچووکە بەسەزمانەوە، کە دەرد و ئازار لێی بۆتە بار و، بەدەست باوکیشیەوە سەرگەردان بووە.

ئەو هەر لە خۆشیی ژیانی ژن و مێردیی بێ بەش نامێنێتەوە. چونکە ئەو تەندروستییەی خوا بۆ مرۆڤی داناوە، دەستی لێ هەڵناگیرێ. مەگەر واز لە هەناسەدان بهێنرێ دڵخۆشیش هەر لەو تەندروستییەوە پەیدا ئەبێ تەنانەت دڵخۆش وشەیەکی وانییە کە بەکەڵکی دەربڕینی ئەم بیرەبێت.

چونکە ئەوە خوتووکەیەکە، خۆشییەکە ئەکەوێتە لەش و دڵ و گیانەوە، هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ زیندوو ئەکاتەوە و ئەخاتە گەڕ هیچ شتێک لەبەردەمیا خۆی ڕاناگرێ. ئەوکەسە خۆیشی هەست وائەکات کە هیچ شتێک لە ڕێگایدا ناوەستێ خۆی فڕێ ئەداتە ناو فرمانەکەیەوە بێ وەڕس بوون و بێ کۆڵ دان، زاڵ ئەبێ بەسەر گیروگرفتەکانیا فرمان لەبەر چاویا وای لێ دێ، ئەبێتە وەرزین هەر جۆرە مەشقێکیش پەیدا ببێ، ئەبێتە کامەرانییەکی تازە بۆیەکا هەڵیش ئەکوتێتە سەر گیروگرفتەکان، تا لە چارەکردنیاندا هەست بەو دڵ ئاسوودەییە بکات، کە لە ئەنجامی سەرکەوتن و زاڵ بوونیەوە دەستی

(١) زۆلۆ یان ناوچەکەیان (زۆلۆلاند): کۆمەڵە تیرە و هۆزێکی ئەسڵێن لە دەڤەری ناتال ی ئەفەریقای باشوور کە دەڕوانێ بەسەر زەریای هیندیدا، لە ١٩٧٢ەوەوە بەخاکەکەیان دەوترێ (کوازۆلۆ).



ئەکەوێ، پیاوی وا کە کەوتە دڵدارییەوە، مێ بازییەکی وا ئەکات کەکەس نەتوانێ بەرگەی بگرێ، کە کەوتیشە فرمانەوە، بەچالاکی و سەرکەوتووییەوە ئەیکات لە خەباتیشدا، ڕەنج ئەدا و تێ ئەکۆشێ تا سەر ئەکەوێ و ئەگاتە ئامانج هەر لە خۆیدا ئەبێتە بەڵگەیەکی وا کە خوا لە دروست کردنی مرۆڤدا، ویستوویەتی مرۆڤی وابێ.

بەپێچەوانەی ئەوە، پیاوی کزولاواز، هەموو ڕۆژێک، دەرد و ئازاری لەش و هۆشی بۆ پەیدا ئەبێ لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەزانێ کەلوپەلی سازکردنی خواردنەکەی فرمانی خۆی بەجێ ناهێنێ کەچی هەر ئەخوات هەر فرمانێکی سووک بکات لەشی ماندوو ئەبێ.

پەی بەوەیش ئەبات کە نرخی ئەوە لە سییەماندووەکانی و دڵە پەشێوەکەی و پەلوپۆ لەرزۆکەکانی ئەدات.

ئەترسێ لەوەی مێشکی خۆی بخاتە گەڕ، نەوەک تووشی ئەو سەر ئێشەیە بێت کە لەدوای ماندوو بوونەکەیەوە بڕستی لێ ببڕێ هەمودەم خۆی دوور ئەخاتەوە لەو کۆمەڵەی کەتیایەتی. بەڕۆژ دڵتەنگی تووش دێ.

بەشەویش گلاراویی پێ ئەگات، وەک تای لێ هاتبێ وای لێ دێ هەست بەخۆشیی خۆشتنی ناو دەریا ناکات حەز لە زۆرانبازیی شەپۆلەکانی زرێ ناکات لە وەرزین و لەش جوڵانیش لە یارییەکان و سواریی ئەسپ و گەرانیش خۆشی وەرناگرێ بەگران ئەتوانین بڵێین ئەژب چونکە ئەو جۆرە ژیانە، ژیانی کەمترین گیانلەبەرانە کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کامەرانی لەو کەمترە کە کەوتیشە ئەو تەمەنەوە پیاو لە یادکردنەوەی ڕابردووی خۆی خۆشی وەرگرێ، لە هەموو کەس دوورتر ئەبێ لە کامەرانییەوە چونکە هەرچی بیرەوەرییەکی هەیە پڕە لە هەناسە ساردیی و سەرگەردانی چونکە ئەو کارە ناشایستانەی لەوەپێش کردوونی، ئەمانە ئەنجامی ئەبن. چ خۆی، چ کەسانی تری، تووشی دوو سزاکردووە: خەفەت و ئازار.

دوورنییە ئەم کارەناسازانەی لەوەوە ڕوویان دابێ، کە سروشتی خۆی وا هەڵکەوتنی، یان ناشیی بێ و تێ نەگات لە ئەنجامی کردەوەکانی خۆی، یان کەلەپورێک بن لە باوک و دایکیەوە بۆی مابنەوە بەڵام سەرچاوەکانی ئەو کارە ناسازانە هەرچییەک بن، ئەنجامی هەریەکە چونکە سروشت کە بەچاوی سووک تەماشای کرا و پەیڕەویی یاساکانی نەکرا، ئەکەوێتە چەندوچوونەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە سووکی کردووە هەموو جارێکیش تۆڵەی خۆی لێ ئەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، سروشت دایکێکی دڵنەرم و چاکە خوازە.

هەر کەسێ یاساکانی بشکێنێ و پەشیمان بێتەوە لە کردەوەکانی خۆی و داڵڵای بۆ بیات[1] و لێی بپارێتەوە یارمەتی بدات لە گیرانەوەی پیاوەتیدا، لە دەست کەوتنەوەی هەموو بابەتێکی وادا کە پیاوەتی پێویستی بێ ئەو دەستی یارمەتیی لێ ناگێڕێتەوە. مەگەر جار و بارێک نەبێ کە ئەویش کەم ئەقەومێ مەرجەکانیشی هەر ئەوەندەیە کە پەیڕەویی یاساکانی ئەو بکرێ و لەسەر ڕێگای ئەو بڕوات بەڕێوە ئەم ڕێگایەیش گرتنی یەجگار ئاسانە هەر بەو مەرجەی کە لەژێر سەرپەرشتی یەکێکی شارەزا دابێ، هەر شتێک ئەبێتە هۆی ئەوەی کە لەشی منالێک بەتەندروستییەوە پێ بگەیێنێ، ئەبێتە هۆی ئەوەیش کە لەشی پیاوێکی کزولاوازیش بخاتە هێز و گوڕ و تەندروستییەوە چونکە خۆرشتی تایبەتی، وەرزین، مژینی بای پاک، خۆشتن و ئەم جۆرە شتانە، هەموویان هۆی کاریگەرن بۆ گێڕانەوەی هێز و گوڕ و زیندوێتی بۆ لەشی مرۆڤ. ئەگەر بهاتایە لە جیهاندا لە بریتی ئەو داوو دەرمانانەی کە پزیشکەکان ئەیدەن بەنەخۆشەکان، ئەم جۆرە بابەتانەیان بدایە، ئێستاکە پیاوی کزولاواز لە لەش و لە کردەوە و ڕەوشت و، لە دەماری پیاوەتی دا لەسەر زەویدا نەئەما، هەر بیرەوەرییەکەیان لە مێشکماندا ئەمایەوە کە لەویش وەڕس ئەبووین.

بەڵام داخەکەم ئەم کەموکووڕییە لە ئارادایە!...

(١) داڵڵای بۆ بیات: هانا (پەنا)ی بۆ بیات.



## بەشی دووەم

### گوێ نەدان بە پێڕەویی سروشت هەڵەیە

ئەگەر زانستی پزیشکایەتیش، زانستێکی دانراو بوایە وەک زانستەکانی ژمێرکاریی (ریاضیات)، ئەگەر لە توانای مامۆستاکانیشیا ببوایە، لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری بهێنن و ئەو ئەنجامە ڕاستانەیان لێ دەست بکەوێ، وەک لە بەکارهێنانی زانستی ئەندازەدا ئەنجامی ڕاست و دروستیان دەست ئەکەوێت، هەر ڕاوێژێکی پزیشکایەتی لە پزیشکێکی شارەزاوە دەربچوایە، ئەبوو پەیڕەویمان بکردایە، ئەگینا بەناشی ئەژمێرراین بەڵام کەینەوبەینەکە وانییە تەنانەت ئەندامەکانی پیشەی پزیشکایەتیش ئەمە ناتوانن بڵێن.

یەکێک لە نووسەرە گاڵتەوگەپ کەرەکان[1] گوتوویەتی: پزیشک ئەو کەسەیە، ئامۆژگاریی بەکارهێنانی داوو دەرمانی وا ئەکات کە خۆی هیچی وای لێ نازانێ. جا ئەگەر ئەم قسەیە تا ئەندازەیەکی گەورە ڕاست دەرنەچێ، سەرم سوڕئەمێنێ تەنانەت ئەندامەکانی پیشەی پزیشکایەتیش، پێ لە ڕاستی ئەم قسەیە ئەنێن، ئەگەر نەخۆش لەبەر دەمیاندا نەبێ، یاخود چاوەڕوانی وەرگرتنی مزی خۆیان نەبن هەر ئەوەندەت بەسە، یەکێک لەو بڵاوکراوانە بخوێنیتەوە کە پەیوەندییان بەکردەوەی پزیشکەکانەوە هەیە، بۆ ئەمەی بۆت دەربکەوێ کە لە سێ بەش دووبەشی مەشقکردن لەسەر پیشەی پزیشکایەتی لەسەر بنچینەی ئەو کەلەپوورەیە کە لە باوو باپیرمانەوە بۆمان ماوەتەوە، سێ یەکەکەی تریشی لەسەر بنچینەی تاقی کردنەوەیە، هەندێ لە پزیشکەکانیش ئەوەندە بەجەرگ بوون، کە توانیویانە لە یاسای باو بچنە دەرەوە، ئەوانیش ئەو ڕێ و شوێنەیان گرتووە کە مەشق کەرەکانی پەروەردەکردنی لەش گرتبوویان، بەهۆی ئەوەوە سەرکەوتبوون لە پیشەکەیاندا و لەناو کۆمەڵایەتیشدا ناوبانگیان دەرکردبوو.

بەڵام زۆربەی ئەو پزیشکانە، هەر لەسەر ڕێ و شوێنی کۆن ئەڕۆن، لە هەڵەکانی خۆیان کەڵک وەرناگرن، تەنانەت ئەیشارنەوە لە کەسانی تر، کەس پێیان نازانێ ئەوساکە نەبێ کە کەسوکاری نەخۆشە مردووەکان سکاڵا ئەکەن لەدەست پزیشکەکان. ڕۆشن کردنەوەیەکی هەرە چاک بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە خاوەنی پیشەکە خۆی بەنموونە بۆمانی پێشان بدات، ئەگەر نەخۆشەکەی لەو نەخۆشانەبێ کە هێزی پیاوەتی تیانەمابێ لە دەجاردا نۆجار ئەم

(١) یان: قوشمەکان، گاڵتەچییەکان (هزلی).

نەخۆشە لەبەر گرۆزیی ڕەگەزخوازییەکەیەتی کەوای بەسەرهاتووە چونکە ئەندامەکانی لەشی، فرمانی خۆیان بەجێ ناهێنن بەجۆرێکی تێکڕایی هێزیشی لە لەشدا نامێنێ هێزەکانی هۆشیشی کەم یان زۆر تێک ئەچن یەجگار توندو تووڕەیشی لێ دێ بەجۆرێکی تیکڕایی، ئەو سەر و شێوەیەی پێوە دیار ئەبێ، کە لە ئەندازە بەدەر ئاوی پیاوەتی خۆی بەفیرۆ بەخت کردبێ و تەڕایشیی لە لەشی خۆیدا نەهێشتبێتەوە و نزیکی لەناوچوون بووبێ.

کەم پزیشکی وایش هەیە، کە بەتەنگ ئەوەوەبێ بزانێ، بەچەند ڕۆژ و چ شێوەیەک نەخۆشەکەی خۆی، ئەو زیندوێتی ڕەگەزەی لە بنچینەدا دەست کەوتووە یاخود تێ بکۆشێ بۆ ئەوەی لە باتی ئەم هێزەی کە لەدەست چووە تۆڵەی بۆ بکاتەوە... هەموو شتێک بەرهەمەکەی لە خۆی ئەکات لەبەر ئەوە زیندووێتیش لە ڕەگەزدا بەهۆی داو و دەرمانەوە دەست ناکەوێ. چونکە پەلەوەرێکی جوان لە هێلکەی مار سەر دەرناهێنێ.

ڕەوشت و خووەکانی نەخۆشەکە، خوێنەکەیان پڕ لە دەرد کردووە یەکەم هەنگاوی چاک بوونەوە ئەوەیە، کە ئەو دەردانە لە شێوەیەکی سروشتیدا لە خوێنەکە لابرێن پێش ئەمەی نەخۆشەکە خواردنی بدرێتێ، پێویستە کەلوپەلی خواردن سازکردن لە لەشدا، توانای ئەوەی هەبێ کە خواردنەکە ساز بکا و بیکات بەخۆرشت بۆ ناولەش.

ڕەنگە پزیشکەکە بەنەخۆشەکەی خۆی وابڵێ: (تۆ تەواو تێک چوویت تۆ پێویستیت بەخواردنێکی تایبەتی چەوور هەیە. لەگەڵ گەلێک پارچە گۆشتی گادا بەو مەرجەی هەر سێ ژەمەکە بیخوێت لە ڕۆژێکا پاش هەفتەیەکی تر بگەڕێرەوە لام تا بزانم چیت لێ هاتووە). نەخۆشەکەیش بەقسەی پزیشکەکەی خۆی ئەکات ئەنجامیش بەوە ئەگات کە یەکێک لەم دوو شتە ڕوودات:

یان ئەوەتا نیشانەی شین و ڕۆ ڕۆ لە ماڵی نەخۆشە خوالێ خۆشبووەکەدا ئەبینین، یان ئەوەتا ئەو شیوەنە تا ماوەیەکی تر دوائەخرێ ئەمەیش لەسەر ئەو تۆزە پاشماوەیەی زیندووێتییە بەندە، کە نەخۆشە کلۆڵەکە ئەتوانێ بەرەنگاریی ئەنجامەکانی چارەکردنی پزیشکەکەی پێ بکات بەڵام زووبێ، یان درەنگ، ئەبێ گیان هەربدات بەدەستەوە چونکە دەرمانی بەهێزکردنەکەی، کە ئەمیش زۆرجار بریتییە لە ژەهر، هەچ هێزێکی تر لە لەشیاماوە دوایی پێ ئەهێنێ، چونکە لەش بەهەموو هێز و هەرەتیەکیەوە تێ ئەکۆشێ لە دەست ئەو ژەهرە ڕزگاری بێت ئەو خواردەمەنی یە پڕ خورشتەیش کە گۆشتی سووری تیایە، لە دواییدا دەر ئەکەوێ کە زۆرترە لەوەی کە پێویست بێ.



چونکە کەلوپەلی خواردن سازکردن لەلەشدا، ئەوەندە کزە ئەو خواردنە گران و چەورەی پێ ساز ناکرێ لەبەر ئەوە لەناو ورگ و ڕیخۆڵەکاندا ئەترشێ و ژەهری کاریگەری لێ پەیدا ئەبێ، کە خوێن پیس ئەکات سرەوتی تەواویش نەخۆشەکە بێ بەش ئەکات لەو وەرزشانەی کە یارمەتی کەلوپەلی خواردن سازکردن ئەدەن، بۆ ئەمەی بەهۆی خۆه[*] پێ کردنەوە ئەو پیسیانە لە لەش بکرێنە دەرەوە یان بەهۆی زۆرکردنی فرمانی سییەکان و ئەندامەکانی ترەوە، ئەو پیسییانە لەلەش بکرێنە دەرەوە هەروەها یارمەتی کەلوپەلی خواردن سازکردنیش ئەدات لە بەجێ هێنانی فرمانی خوێ دا؛ بەواتایەکی تر پزیشکی نەخۆش چاک کەرەوە لەگەڵ ئەوەیشا کە نیازی باشە، لە یەکێک لەو هۆیانەی هێز و گوڕ سەندنەوەدا هەڵە ئەکات، چونکە خراپ بەکاری ئەهێنێ ئەو هۆیەیش کەینە و بەینەی خورشتە هۆیەکی تریشی لەبیر ئەچێتەوە و بەتەواوی ئەویش لەش بزواندنە چارەکردنەکەی هەر بریتی ئەبێ لەوەندە کە کەلوپەلێک لە لەشدا ژەهراویی ئەکات، کە پێویستی بەو ژەهرە نییە ئەو ژەهرەیش لە دەرخواردانی دەرمانی بەهێزکردنەکەوە پەیدا ئەبێ.

ئەگەر چاو لەو چارەکردنانەی ئێستایش بپۆشرێ کە دەربارەی لێ قەوماوانی ورووژانی دەماری ڕەگەزبازیی پێک ئەهێنرێن، گەلێک هەڵەی گەورە گەورەی تریش هەن، پزیشکەکان ئەیانکەن لەکاتی دۆزینەوەی ئەم جۆرە نەخۆشییانەدا ئەوەیش ئەبێتە هۆی پەیدابوونی گەلێک ئەنجامی سامناک و گرنگ. گوێ بگرە لە یەکێک لە شارەزاکان، کە لەم بابەتەوە چی ئەڵێ: (ئەنجامە هەستییەکانی، گرۆزیی کەینەوبەینەی سک و زا، تا ئێستا دەرکەوتوون و دۆزراونەتەوە بەڵام ئەو تێکچوونی تەندروستییەی کە لێ قەوماوەکان بەرە بەرە تووشی دێن، لە پێشەوە دیاردیی نادات، تەنانەت پزیشکەکان خۆیشیان هەستی پێ ناکەن لە نیشانەکانییەوە، سەرەتای نەخۆشییەکی وا تێ ئەگەن، کە لە ڕاستی ڕووداوەوە زۆر دوورە زۆر جاری وا هەیە ئەو نیشانانە بەیەکێک لە بارەکانی نەخۆشیی دڵتەنگی دائەنێن، یاخود بە لیرکردنێکی کۆنی ڕیخۆڵە، یان بەسەرەتای دڵە کوتێ کەچی لە ڕاستیدا، لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی هێزی سک و زاوە پەیدابوون.

جاری وا هەیە، وا ئەزانن کە ئەو بڕست بڕان و ماندوێتییەی تووشی هەموو ئەندامەکانی لەش دێن، لەوەوەیە کە لە مێشک دا خوێن پەنگی خواردۆتەوە یاخود کە لەپەلوپۆ کەوتنێک ئەبینن، بەهەڵە وا ئەزانن، کە لە نەخۆشییەکی مێشکی شێوە دڕکەوە

(*) خۆە= (عرق= ئارەقی لەش) –وەرگێڕ–

پەیدا بووە کەچی لە ڕاستیدا، لەش خاوی و بڕست برانەکە، هۆیەکی کەینەوبەینەی ڕەگەزبازیی تیایە. هەندێ باری سامناک و گرنگی شێتییش هەن، هەر وا لێیان ئەدوێن هەروەها هەندێ باری دیقیش هەن کە لەناو کوڕاندا دەرئەکەون، لەم بابەتانە ئەژمێرێن چونکە ئەو کوڕانە بەهۆی کەلەپووری باوانیانەوە، ئامادەنین بۆ وەرگرتنی ئەو نەخۆشییە، جا لەسەر ئەم بنچینەیە، بێ ئەمەی کەڵکێکی تیابێ بۆ نەخۆشەکان، بەهۆی پزیشکەکانەوە زۆر لەم جۆرە باری نەخۆشییانە چارە ئەکرێن، کە بەهەڵە وا ئەزانن لە نەخۆشییە ناسراوەکانن کەچی لە ڕاستیدا، هۆی پەیدابوونیان خراپ بەکارهێنانی فرمانی سک و زایە[1]، کە فرمانێکی یەجگار گرنگە بۆ لەش).

ئەمەیش وا ئەگەێنێ، کە ئەو پزیشکەی خۆی ماندوو ناکات بەدۆزینەوەی ئەنجامەکانی نەمانی هێزی پیاوەتییەوە هەڵەیەکی گەورە ئەکات دەربارەی نەخۆشەکەی خۆی.

لەوەیش خراپتر ئەوەیە، کە چارەی نەخۆشییەکی وای ئەکات کە لەڕاستیدا نەخۆشەکە نیەتی، بەوەیش ئەو نەخۆشییەی هەیە کاریگەرتری لێ دێ بێجگە لەوە بارێکی تریش دێتە سەر لەش کە خۆی لەخۆیدا لەدەست بارگرانی ناڵە ناڵ ئەکات چونکە ئەگەر تۆ دەرمان بدەیت بەپیاوێکی تەندروست، کە پێویستی پێی نەبێ، دوورنییە کە لەپاش ڕۆژێک یان لە ڕۆژێک کەمتر ئەو پیاوە نەخۆش بکەوێ کەواتە بۆ پیاوێکی بڕست بڕاوی، داکەوتووی، پەک کەوتوو ئەبێ چی بڵێین، کە هەر ئەوەندە هێزی تیامابێ گیانی دەرنەچێ، ئەو جۆرە دەرمانانەی بدەینێ کە پڕن لە ژەهر؟!.

جا ئەم هەڵە گەورە گەورانە لەوەوە پەیدابوون کە لەسەرەتای مرۆڤایەتیدا بیروباوەڕی پڕوپووچ زاڵ بوون بەسەر مێشکی مرۆڤدا چونکە پزیشکایەتی لەپێش هەموو شتێکا لەسەر بنچینەی جادووگەریی (سحر) دامەزراوە جادووگەرەکە، بۆ ئەمەی نەخۆشە ناشییەکانی خۆی چاوبەست بکات، ئەی هێنا، تۆزی جاڵجاڵۆکە، یاخود ڕۆنی خوێنی سیسرک، یان تووکی لەشی پیاو کوژانی هەڵ ئەپڕوزاند و، ئەیدان بە نەخوشەکە.

جا داو و دەرمان لەم شتانەوە پەیدابوون، سەردەمی چاوبەست کەران بەسەرچووە بەڵام ئەوانەی جێی ئەوانیان گرتۆتەوە لە ئارادان، نەتەوە هێشتا هۆگری داو و دەرمانە لەبەر ئەوە هەندێ لە ڕێکخراوەکان کەوتوونەتە سەر ئەوەی جاڕی بۆ بدەن و چاووڕاوی بۆ بکەن تا بفرۆشرێن.

(١) سک و زا: کۆئەندامی سک و زا (الجهاز التناسلي).



چونکە بەهۆی ئەوەوە، ئارەزووی گشتیی گەل ئەبزوێ بۆ کڕینی ئەو پەپکە دەرمان[1] و تۆز و ئاوە تاڵ و ترش و ناخۆشانە، کە دەستکەوتێکی زۆری تیایە بۆ خاوەن دەرمانەکان لەبەر ئەوە چاووڕاوێکی زۆر بەهێز و فراوانیان کرد بۆ ئەو بەستراوە کە (دەرمان)ی پێ ئەڵێن لێرەوە دەرئەکەوێ، کە هەرچەند پزیشکی ئێستا، پیاوێکی ڕووخۆشی زمان شیرین و مەنگە هەرچەندە خاوەنی ئۆتۆمۆبیلێکی تایبەتی و جێگایەکی چاک کردنەوەی نەخۆشانی ناوازەیە، هەرچەندە هەندێ لە پەپکە دەرمانەکانی کە ئەیدا بەنەخۆش، تۆێژاڵێک شەکریان بەسەرەوەیە، نەک وەک پێشوون کە چاوە وشک هەڵاتووەکانی بۆق بوون ئەیاندان بەنەخۆش بەڵام بنچینەی پزیشکایەتییەکەی ئیمڕۆ و دوێنێیان هەروەک یەکە چونکە گەل هەر داوای دەرمانی لێ ئەکات داخی بەجەرگم زۆربەی مرۆڤایەتی، چاویان نابینێ ئەو ڕێگا ڕاست و ڕەوانەی سروشتە ببینن کە پیا ئەڕوات بۆ گێڕانەوەی زیندوویێتی و هێز و هەڕەت بۆ ئەو لەشەی کە تێک چووە و بڕستی بڕاوە لەبەر ئەوە ئەچن بەهەموو سەربەستی و خۆشییەکی خۆیانەوە خۆراک[2]

لەو داوو دەرمانانە ئەخۆن، کە پڕن لە ژەهر، کە بەوە دەردەکەیان ئەوەندەی تر کاریگەر ئەبێ.

سروشت، بەبێ هەڵە ئەڕوات بەڕێی خۆیەوە، تا ئەگاتە ئامانج. پزیشکەکان بۆ هەر نەخۆشییەک کۆمەڵێک دەرمانیان لایە بەڵام سروشت، بۆ هەموو نەخۆشییەکان هەریەک دەرمانی هەیە. پزیشکایەتی، تا ئەندازەیەکی گەورە، لەسەر بنچینەی بەراوورد کردن و تاقیکردنەوە دامەزراوە، بەڵام چاککردنەوەی سروشتی پێویستی بەبەراووردکردن و تاقی کردنەوە نییە. ڕێگای سروشت، ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوانە، ئاشکرا و دیارە، بێ وەیە، هیچ گومانیشت نەبێ لەوە کە ئەتگەێنێ بەمەبەسی خۆت.

(١) پەپکە دەرمان: حەب (اقراص).

(٢) خۆراک: ژەم (وجبە غذاء).

## بەشی سێیەم

### چاو وڕاوی دەرمانی گیراوە

که دزێکی بەد خوود، خۆیت لێ ئەگۆڕێ و پارەکانی گیرفانت لێ داگیر ئەکات، دەستی دادپەروەریی، ئەدا لە دەستی و لەسەر ئەو کەتنەی سزای ئەدات کەچی لەگەڵ ئەوەیشا ژمارەیەکی گەورە، تاوانباران هەن، یاسا پارێزگارییان ئەکات، زۆرجاری وایش هەیە ئەیانکات بەخاوەن سامان لە پاداشی تاوانەکانیاندا ئەوانە بەچاو وڕاوکردنەکەیان ، هەر دزیی ناکەن لە هەزاران کەس کە بەملیۆن دینار ئەگرێتەوە، هەروەها ژینیشیان لێ بار ئەکەن!... ئەو تاوانبار و بەد خووانە، بریتین لە دەستەیەک بازرگانانی داوودەرمانی ئامادەکراو. (بەرهەمهێنەر-أ.ب)

جاڕ ئەدەن و بەهەموو لایەکدا بڵاوی ئەکەنەوە کە داو و دەرمانی بەکاریان لایە، چارەی نەخۆشییەکانی سک و زا و ئەوانەیان پێ ئەکرێ کە دەماری پیاوەتییان کزە[1] و لەشیان بێ هێزە جا خوا نەبێ کەس نازانێ، کە ئەو کۆمەڵە خوێن مژانە تا چ ئەندازەیەک ئازار و خەموخەفەت بەناو ئەو نەخۆشە بەسەزمانانەدا بڵاو ئەکەنەوە.

لە هەندێ جێگادا، یاسای وا دانراوە کە بەربەستێکی زیان و وەبی[2] ئەو دەرمانە گیراوانە بکات و نەتەوەیش لە چاوچنۆکیی ئەو کۆمەڵە دزانە بپارێزێ ئەو یاسایانە، جەزرەبەی باشیان پێ ئەگەیێنێ. لە شاری (بەرلین)دا، دادگایەک، بڕیاری بەسەر پزیشکێکی درۆزندا دا، پێنج ساڵ خستیە بەندیخانەوە، جەریمەیەکی یەجگار گەورەیشی کرد[3]؛ لەسەر ئەوەی کە لەشێوەیەکی چاووڕاو و فڕوفێڵدا جاڕی بۆ دەرمانەکەی خۆی دابوو، چاکەی وای خستبووە پاڵ کەتیایا نەبووبوو!... ئەگەر بهاتایە لە هەموو خاکەکانی تری جیهانیشدا وەک ئەو ئەڵمانانەیان بکردایە، ئەبوایە ژمارەی بەندیخانەکان زۆرتر بکرایە. دەرامەتی دادگاهەکانیش یەجگار زۆر ئەبوو!...

یەکێک لە نووسەرە ناودارە ئینگلیزەکان گوتوویەتی:

(۱) لە ڕاستیدا ئەگەر لەم ڕستەیە ورد ببینەوە (دەماری پیاوەتی یان کزە) وەک ئیدیۆ مەیەک مانایەکی دوور لە مەبەستە سەرەکییەکەی دەبەخشێ کە (ئەو کەسە ناجوامێرە، شەهامەتی نییە...) دەکرا ئاوابووایە: (ئەوانەی کە توانای جنسییان لاوازە...)

(۲) وەی: مەترسی.

(۳) جەریمەکردن: پارە لێ ستاندنی دادگا (غرامە)



(ژمارە سەری بەریتانیای گەورە (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) کەسە زۆربەیان ناشین). باوەڕ پێ کراوێکی ئەمەریکاییش گوتوویەتی:

(هەر تاوە ناشییەک لە دایک ئەبێ).

هەروەها ئەوەیش گوتراوە، کە هەرچی دەرمان فرۆشی بکات لە ڕاستیدا، بازرگانی بەسەر باوەڕ پێ کردن و پشت پێ بەستنی گەل و ناشێتییانەوە ئەکات، کە لەوە پارەیەکی زۆر کۆ ئەکاتەوە.

جا ئەگەر پرسرا: بۆچ کۆڕی نەتەوە یاسایەک دەرناکات نەتەوە لەم ڕووەوە بپارێزێ؟ وەرامی ئەم پرسە ئەوەیە، کە کۆمەڵێک هەیە، پێی ئەڵێن (یەکێتییەکانی دەرمانی گیراوە)، لە چەند کەسێکی هەڵبژێرراوی ناوازە پەیدابووە، کە هەموویان لە دەوڵەمەندەکانن سەرمایەداریش کارێکی گەورە ئەکاتە سەر لێک دانەوەی یاساکان و تێک دانیان.

خۆ ئەگەر لێشمان پرسرا: هۆی ئەمە چییە کە ڕۆژنامەکان هوروژم نابەنە سەر ئەم کۆمەڵە؟ وەرامی ئەم پرسەیش ئەوەیە کە جاڕدانی ئەو دەرمانانە[1] بەهۆی ئەم ڕۆژنامانەوە ئەکرێ چونکە جاڕدان بۆ فرۆشتنی داوودەرمان بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەکان داگیر ئەکات تێکڕا هەموو دەمێکیش ئەو جاڕانە هەن و تیایاندا دەرئەکەون جا ئەو جاڕانە دەست کەوتێکی زۆر ئەبەخشن بەڕۆژنامەکان ئەمانیش ناچن ئەو (ڕاستی)یانە دەربخەن کە زیان لە چاکترین کڕیاریان بدەن بێجگە لەوە زۆرجاری وا هەیە کە بەشی جاڕدان لە ڕۆژنامەکەدا، زاڵە بەسەر کارگێڕیی نووسینی ڕۆژنامەکەدا بەڕاستی ئەمە پەڵەیەکی سەرشۆڕانەیە بەناوچەوانی ڕۆژنامەگەرییەوە، کە لەلایەکەوە بەچاکترین پیشە بژمێررێ، کەچی لەگەڵ ئەوەیشا هاوبەش بێ لەگەڵ دز و درۆزنەکانی پزیشکایەتیدا لە دزین و ڕووتکردنەوەی مرۆڤایەتیدا، لە تێکدانی تەندروستییاندا، لاپەڕەکانی خۆیشی، هەر لەبەر پارە دەست کەوتن، لە پێناو پەرە پێدانی بەدکرداریی ئەوانەدا بەکار بهێنێ.

ئەوەی دڵ خۆش ئەکات، ئەوەیە کە بەکارهێنانی دەرمانی گیراوە ڕۆژ بەڕۆژ لە کەمایەتی دایە کۆمەڵانی نەتەوە، خەریکن وریا ببنەوە ئیتر لەمە بەدواوە باوەڕ بەچاووڕاوە پێکەنین هێنەرەکانی ئەو فڕوفێڵبازانە نەهێنن، کە هەتا توانییان ویستیان بەهەموو جۆرە فڕوفێڵێک نەتەوە چەواشە بکەن و سامان و تەندروستییان لێ تاڵان بکەن.

(۱) جاڕدان: ئاگاداری، پڕوپاگەندە، دیعایە (إعلان).

چاوو ڕاوی وایان هەیە، ئەمەندە پڕووپووچە پیاو ئەهێنێتە پێکەنین هەموویشی هەر لەسەر ئەوە دامەزراوە کە نەتەوە تا ئەندازەیەکی گەورە نەخوێندەوار و ناشییە جاری وا هەیە، ناشێتیی تەواوی ئەو چاووڕاوکەرانە لە زۆرشتا دەرئەکەوێ، تەنانەت لە زمانیشا جارێکیان جارێکی گەورە یاندا بۆ (دەرمان)ێک، پڕ بەدڵ تیایاندا نووسیبوو کە کەرەستەی گژوگیایشی تیایە و سەوزەواتیش!...

بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە کە کەرەستەی سەوزەوات لە جۆرەکانی گژوگیا دانەنرێن!... نیو ملیۆن دینار لە جاڕدانی ئاوێکدا بەخت کرا، تیایاندا نووسیبوو: (هەموو کەرەستەکانی ئۆکسجینی تیایە!! کە خورایەوە، ئەم کەرەستانە ئەگەێنێ بەهەموو پەلوپۆیەکانی لەش). ئەوەیش ئاشکرایە کە (ئۆکسجین)، خۆی، هەر کەرەستەیەکە هیچ ناگونجێ کە شی بکرێتەوە و ببێتە چەند کەرەستەیەکی تر.

شاگردێکی خوێندنگایش ئەوە ئەزانێ، کە مرۆڤ ئۆکسجین نایەتە ناو لەشیەوە، لە ڕێگای سییەکانییەوە نەبێ، ئەویش بەهەناسەدان جادرۆزنییە بێ باکییەکەی ئەو پزیشکە درۆزنانە، لێرەدا بەتەواوەتی دەرئەکەوێ.

لەوەپێش ئەیانگوت: (بەهۆی کارەباوە خۆت ببووژێنەرەوە). ئیمڕۆ درۆیەکی تر هاتۆتە ناوەوە، کە هەر ڕاست کردنەوەیەکی درۆکەی پێشوو جارێکیان چاو و ڕاوکەرێکیان جاڕیدا گوتی: (ئاوێکم هەیە پڕیەتی لە کارەبا)!! هەر کەسێک خۆی پێ بشوات، (هەوێنی ژیان) ئەچێتە لەشییەوە!! هەمیسان لێرەدا شاگردێکی خوێندنگا ئەتوانێ پێت بڵێ: ئەگەر تۆ توانیت تیشکی ڕۆژ لەناو شووشەیەکدا کۆبکەیتەوە، ئەیشتوانیت کارەبا لەناو ئاودا بهێڵیتەوە!...

تەڵەکەبازێکی تریشیان گوتبووی: ( دەرمانەکەم هەموو جۆرە میکرۆبێک ئەکوژێ!) ئەم زانای هەڵکەوتووە گوتبووی: (هەموو نەخۆشییەک لەو میکرۆبانە پەیدا ئەبن کە لەناو خوێنەکەتان! خۆراکێکی ئەم دەرمانە دەمودەست ئەیانکوژێ! کەواتە بۆچ خۆت بەنەخۆشی ئەهێڵیتەوە بۆچ خۆت ئەمرێنی؟). لەگەڵ ئەمەشا کە ئەم پیاوە گەورەیە، ئەم ڕێگا باشەی دۆزیوەتەوە بۆ ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤایەتی، ژمارە سەری مردووان هیچ کەم نەبۆتەوە!... لەگەڵ ئەوەیشدا هاوڕێکەمان ئەفەرموێ: دەرمانەکەی هەموو نەخۆشییەک چاک ئەکاتەوە، تەنانەت گیرفانەکانی تۆیش لە پارە چاک ئەکاتەوە!...

بیرێک بکەرەوە لەو هەموو پارانەی کە هەموو ساڵێک لەم جۆرە دەرمانانەدا بەخت ئەکرێن ئەگەنە دەیان ملیۆن دینار بەڵام ئایا ئەم دەرمانانە نرخێکی چاک کردنەوەی



نەخۆشییان هەیە؟ ئاخۆ هیچ کەڵکێکیان هەیە؟ نەء هیچ کەڵکیان نییە بەپێچەوانەوە زیانێکی زۆر ئەبەخشن بەوانەی بەکاریان ئەهێنن، بەڵکو بەهەموو نەتەوە!...

کەڵکی ئەم دەرمانانە هەر ئەوەیە کە خاوەنەکانیان دەوڵەمەندی بکات ئەگەر زیانەکەی هەر بۆ ئەو بەسەزمانانە بوایە کە ڕوو چەواشە ئەکرێن، بەشتێکی گەورە دانەئەنرا بەڵام سەرگەردانییەکە لەوەدایە کە بەهەزاران کەس بڕوا بەو شتە پڕوپووچە ئەکەن ئەوانە لەپاش ئەمەی جاڕەکانی ئەو فڕوفێڵ بازانە ئەخوێننەوە، بڕوایەکی تەواو ئەکەن کە ئەم داوودەرمانە نایابانە نەبێ، هیچ دەرمانێکی تر ئەو نەخۆشییانە چاک ناکاتەوە.

سا هەر لەبەر ئەوەیە کە لەسەر ڕێگای چاک کردنەوەی سروشت ناڕۆن بەڕێوە تا چاک بنەوە. ساکارە چەواشە کراوەکان، ساڵ لەدوای ساڵ، دەرمان بەکار ئەهێنن، کەچی ئازاریان لە کۆڵ نابێتەوە، تا ئەچێتە ناو گۆڕەوە ئەو ساکەیش کەس بەبیریا نایەت کە مردنی ئەو نەخۆشە لە کوشتنەوە پەیدابووە، نەخۆشە کوژراوەکەیش، لە ڕێگای چەواشەکردن و چاو چلێسیی دەرمان فرۆشێکەوە وای بەسەرهاتووە بەبێ دەنگ لە پشت لاشەکەیەوە ئەڕۆن، بەخەمبارییەکەوە، تا ئەی گەێننە سەر گۆڕستان بەڵام کەس بیری ناچێت بەلای ئەو کەسەدا کە ئۆباڵی ئەم کوشتنە بەئەستۆیەتی کەتنی کوشتنی سست بەهۆی ژەهر دەرخوارد دانەوە، کە دوور نەبوو ژیانی ئەو نەخۆشە زۆرتری پێ بچێ و بەکەڵکیش بێت.

ئەم کەتنە کە یاسا ئەیپارێزێ، ئەوانە کردیان کە بازرگانی دەرمانی گیراوە ئەکەن جا ئەگەر ئەتەوێ لە ژمارەی ئەو کەسانە تێ بگەین کە بەهۆی ئەم دەرمانە گیراوانەوە هەموو ساڵێک ئەمرن، ئەوا ژمارەی کوژراوەکانی شەڕی دوایی بکە بەسەد ئەوەندە.

جا ئەم بارە ناخۆشە پڕ خەموخەفەتە، بەهیچ کلۆجێک ناگۆڕێ بەوە نەبێ، کە یاسا واڕاست بکرێتەوە: ئەم داو و دەرمانانە بخرێنە ژێر چاودێری کردنێکی وردی بەزەبروزەنگەوە، کە لە دروست کردنی دەرمانەکە و ئەو کەڵکەی ئەڵێن هەیەتی و ئەو جاڕەت بۆی ئەدرێن، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەراووردێکی ورد بکات.

# بەشی چوارەم

## چەواشە کردنی پشتێنی کارەبایی

هەندێ لە دەزگاکان جارِ ئەدەن لە بابەت ئەو کەلوپەلانەوە کە خۆیان پێیان ئەڵێن پشتێنی کارەبایی، گوایە بەکاری چاک کردنەوەی کزیی سک و زاکردن دێ[١] ئەم چیرِۆکە هیچوپووچەیش، هەرچەندە ئەوەندە چەواشەکردنی داو و دەرمانەکەی بەشی پێشوو زیان نابەخشێ، بەڵام ئەنجامی زۆر خراپی لێ پەیدا ئەبێ چونکە لە نەخۆشەکە وائەگەیێنێ کە پەیرِەویی جۆرە چاک کردنەوەیەکی خۆی ئەکات.

ئەمەیش درۆیەکە ئەوپەرِی دیار نەبێ ئەوانەی جارِ بۆ ئەم جۆرە پشتێنانە ئەدەن، بەپێی باوی ئەم سەردەمەوە جارِەکە ئەدەن ئەبینی لە هەموو جارِەکانیاندا، وێنەی بەرجەستە هەیە کەهی پیاوانی وەرزش کارن و لەشێوەیەکی ئاساییدا گیراون، کە بەهۆی وەرزشەوە نەبێ بەهیچ کلۆجێک ئەو شێوەیە دەست ناکەوێ جا ئەم جۆرە جارِدانە کار لە پیاوە ساکارەکان ئەکات و ئەیانخاتە سەر ئەو باوەرِەی کە پشتێنێکی لە پێست دروست کراو یان لە بابەتی تر، لەگەڵ چەند پارچە ئاسنێکدا، لە باریا هەیە پیاو بکات بەپاڵەوانێکی وەک (هەرکولی) جا ئەگەرپشتێنێکی وا، بتوانیایە ماسولکەکان بخاتە ئەم شێوە سەرسام کەرەوە، هیچ وەرزش کارێک پێویستی بەوە نەئەما کە مەشق بکاو خۆی ئامادە بکات بۆ گرەوکردن[٢]. هیچ زۆران بازێکیش ناچاری ئەو مەشقە پرِ ئەرک و ئازارانە نەئەبوو، تا خۆی ئامادە بکات بۆ زۆران بازیی ئەو چەند هەفتەیەیش کە بۆ مەشق پێ کردنی سەنگ هەڵگرەکان پێویست بوو، خۆی تێ نەئەگەیێنرا، ئیتر ئەوساکە هەر ئەوەندەی پێ ئەویست، کە گرەو کەرەکان پشتێنێکی وای بۆ ببەستن و لەم لاولەولا پشووی بۆ بدەن، تا کاتی گرەوکردنەکە دێت، ئیتر زۆری پی نەئەچوو ماسولکەکانیان وەک ئاسنیان لێ ئەهات!

خاوەنی ئەم جۆرە پشتێنانەیش لەگەڵ چەواشەکەرەکاندا وەک یەک وان بۆیەکا ئەیانبینین، هەروەک دەرمان فرۆشەکان جارِی پرِ درۆ و چەواشەکردن ئەدەن بۆ پشتێنەکانیان ئەڵێن هەموو نەخۆشییەک بەو پشتێنانە چاک ئەکرێتەوە کە بەپێی شێوەی نەخۆشی چاک کردنەوەکەی ئەوان، بەتەنگ زانینی هۆی نەخۆشییەکەوە نابین، تەنانەت

(١) کزیی سک و زاکردن: لێرەدا بەمانای (الضعف الجنسی) دێ.

(٢) گرەوکردن: پێشبرِکێ (مسابقه).



گوێ نادەینە ئەنجامەکانی نەخۆشییەکەیش ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەرە کە پشتێنەکە ببەستین ئیتر نەخۆشییەکە لە خۆیەوە چاک ئەبێتەوە!

بێ گومان ئەم پشتێنە کارەباییانە، نە توانیوویانە نەخۆشی چاک بکەنەوە، نە ئەیش توانن نەخۆشی چاک بکەنەوە لە باریشیاندا نییە، کە ئەوەندەی تۆزێک یارمەتی بدەن بۆ گێرِانەوەی ئەو زیندوویێتی و هێز و هەرِەتەی لە دەست چووە.

ئەمە رِاستە، کە هەندێ جار نەخۆشییەکە لە هیچەوە پەیدا بووبێ کە ئەمەیش زۆرجار رِوو ئەدات ئەو پشتێنە بەکاری نەخۆشەکە دێت، ئەگەر بتوانرێ چەواشە بکرێ کە ئەو پشتێنە کەڵکی بۆی هەیە بەڵام مستێ پاقلە و پرِچنگێ بەردە وردەیش لە باریاندا هەیە، چەشنی ئەو کارە لە دڵی نەخۆشەکە بکەن خۆ نرخیشیان لەو پشتێنە یەجگار کەمترە! تەنیا ئەوەی پێ ئەوێ کەوا ببرێتە مێشکی نەخۆشەکەوە، هێزێکی وەک هێزی (کارەبا)ی هەیە لە چاک کردنەوەی نەخۆشییەکەدا. جا ئەو دەس برِ و پەند و پەراوێز بازانە، هەموو سەرکەوتنەکەیان لە سایەی ناشێتیی نەخۆشەکانیانەوە دەست ئەکەوێت هەر کاتێ، هەموو کەسێک لەوە ئاگاداربوو، وەک لەوێنەی (کارەبا)کەدا پێشانماندا، کە ئەوانە بازرگانی بەسەر ناوی (کارەبا)وە ئەکەن نەک بە (کارەبا)ی رِاستەقینە، خۆیەوە، ئیتر چاووڕاووکردن و چەواشەکردنی نەتەوەیان، بەئاسانی بۆ ناچێتە سەر.

لەدوای تاقی کردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە بابەت چاک کردنەوەی نەخۆشییەوە بەهۆی (کارەبا)وە هەندێ رِاستی دەرکەوتن، کە ئەوە ئەگەیێنن هێزی کارەبا بۆ پشوویەکی کەم کار لە ماسولکەکان ئەکات تەنانەت ئەوەیش کاتێک پێک دێ کە زۆر بەوردیی و شارەزاییەوە، بەهۆی کەلوپەلێکی کارەبایی یەجگار باشەوە، کارەبا بۆ ئەم مەبەسە بەکار بهێنرێ بەڵام گێرِانەوەی هێز و هەرِەت و چالاکی بۆ لەش یاخود چاککردنەوەی نەخۆشی بەکارەبا، قسەیەکی نابەجێ و درۆیە، پرِە لە فرِوفێڵ و چەواشەکردن و تەڵەکەبازیی بێجگە لەوەیش، پشتێنەکان خۆیان چەواشە کردنێکی رِاست و رِەوانن چونکە وایان خستۆتە پێش چاو، کە پشتێنەکان خۆیان (کارەبا) دروست ئەکەن و بڵاوی ئەکەنەوە بەناو لەشی ئەو کەسانەدا کە بەکاریان ئەهێنن کەچی هیچ پشتێنێکیان ئەوەیان لەدەستانییە چونکە بۆ پەیداکردنی گەرِێکی کارەبایی[١]، کە کارەبا دروست کەر لە ئارادانەبێ، پێویستە (پاتری)یەک بەکاربهێنرێ ئەوەیش ئاشکرایە کە (پاتری) بۆ ماوەیەکی کەم کار

(١) گەرِی کارەبایی: تەوژمی کارەبایی (تیار، موجة کهربائیة).

ئەکات، لەوە پاش پەکی ئەکەوێت لە کارکردن ئەو (پاتری)یانەیش کە لە کارکردن نەوەستنەوە، هێشتا دانەهێنراون بێجگە لەوە ئەو (پاتری)یەی کە گەڕ (تیار)ێکی وای لێ پەیدا ببێ، بەشی ئەوە بکات کار لە ڕووی گۆشتێکی ماسولکەدا بکات، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، کەچی کێشانەی پشتێنێکی کارەبایی لە چەند (؟ = رطل)ێک گران بێت کەچی کێشانەی پشتێنێکی کارەبایی لەچەند (؟ =اوقیة)یەک تێپەڕ ناکات. هەندێ لەو پشتێنانە بریتین لە چەند پارچە ئاسنێک و پارچەیەک پەڕۆ هەندێکیشیان بریتین لە تەلی پۆلا، یان هەندێ بابەتی تێکەڵ کراوی موگناتیسی لەم شێوەیەی دواییەیاندا، پشتێن فرۆشەکان، دەرزییەک لەسەر پشتێنەکە دائەمەزرێنن، بۆ ئەمەی سەرنج ڕابکێشێتە سەر شێوەی ڕاکێشانی کارەبا ئەگەر لە لەشێکی مرۆڤ بکەوێ ئەوکارەیش کە چەند موگناتیسێکی بچووک، لە لەشی مرۆڤی ئەکەن لەکاتی پێوە نووسانیاندا بەلەشەکەوە، هەروەک کارتێ کردنی تنۆکێک ئاو وایە بەسەرپشتی مراوییەکەوە!... جا ئەگەر کەوتیتە سەر ئەو کەڵکەڵەیەی کە پشتێنێکی کارەبایی پەیدا بکەیت، هیچی پی ناوێ ئەوە نەبێ کە دەستەیەک لە پەنجا موگناتیسییەکان لە کۆگایەکی یاریی فرۆشتن بکڕیت و بەپشتێنی دەرپێکەیتەوە بدروویت ئەوەیش هەر ئەو کارە ئەکات کە پشتێنی کارەبایی ئەیکات. واتا ئەمیش بەچەشنی ئەو بێ کەڵکە لە کاتێکا کە نرخی ئەو پشتێنە کارەباییانە ئەگاتە چەند سەد فلسێک، کەچی نرخەکەی لە چەند کرۆشێک زۆرترنییە. جا ئەم پشتێنانە کە دروست کەرەکانیان وایان داناون کە ئەندامەکانی سک و زا بەهێز بکەن تەنانەت ئەگەر وایش دەربچێ کە ئەوان ئەیلێن، کزیی، زوو بەزوو ئەکەوێتەوە ناو ئەو ئەندامی سک و زایانە چونکە بەجۆرێکی لە ئەندازە بەدەر ئەو ئەندامانە وریا کراونەتەوە و کەوتوونەتە گەڕ بۆ کاروباری سک و زا، لە ڕاستیدا، تەنیا ڕێگایەک هەیە بۆ بووژاندنەوەی هێز و هەرەتی لەش و توندوتۆڵیی ماسولکەکانی لەش، ئەویش لەش بزواندنێکی ڕێکوپێکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە مەبە کە شتێکت دەست بکەوێ بەبێ ئەرک و ئازار واز لە پشتێنە کارەباییەکان بهێنە.ئەگەر حەزیش ئەکەیت پارەکانی خۆت بەفیڕۆ بڵاوبکەیتەوە ئەوە شتێکی ترە خۆ ئەگەر ئارەزوویش ئەکەیت تەن دروست بێت و هێز و هەرەت و زیندوێتی پیاوانەی تەواو، یاخود هی ژنانەی تەواوت ببی، ئەوا پێویستە تێ بکۆشیت و بکەویتە کار بۆ ئەمەی بگەیت بەم ئامانجە پیرۆز و بەرزەت ئەمەیش لەسایەی هیچ شتێکەوە دەست ناکەوێت، لە سایەی بزواندنێکی ڕێکوپێکانەی ئەندامەکانی لەشەوە نەبێت.



# بەشی پێنجەم

## زیانی دەرمانی وریاکەرەوە

مافمان هەیە بڕیار بدەین، بەتەواویش دڵنیابین لەوەی کە هیچ جۆرە دەرمانێکی بەهێزکەر، یاخود وریاکەرەوە،[(١)] هیوای ئەوەی لێ ناکرێ کە بەکاری زیندووکردنەوەی هێزی سک و زاکردن، یاخود بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕەگەزکاریی بێت چونکە ئەمە دەستوورێکی سروشتییە کە دەرمان ئەبێ لەناو لەشەوە پەیدابێ، ئەبێ لە ئەنجامی ئەوەیشەوە پەیدابێ کە هێزەکانی لەش بەهۆی ئەو شتانەوە کە سروشت بەزۆریی دایناون لەبەردەستماندا بچنەوە سەر دۆخی جاران.

هەموو دەرمانێکی وریاکەرەوە، لە بنچینەدا زیان بەخشن بەتایبەتی ئەو دەرمانانەی کە کار لە کەلوپەلی سک و زاکردن ئەکەن، لە شێوەیەکی ڕاستەوڕاست، یاخود لەشێوەیەکی لابەلادا هەچ دەرمانێکیش جاڕی لەسەر ئەدرێ کە بەکاری زیندووکردنەوەی هێزی سک و زاکردن دێ لەو دەرمانانە ئەژمێرێ ئەم دەرمانانە کار لە فرمانی سک و زاکردنە کە، خۆی، ئەکەن چونکە ئەبنە هۆی ئەوەی ئەندامەکانی سک و زاکردن پڕببن لە خوێن و بئاوسێن بێجگە لەوە سووریش هەڵ بگەڕێن لەهەردوو باردا، ئەوە ڕوو ئەدات، کە خوێن بەزۆریی هورووژم بێنێتە ناو ئەندامەکانی سک و زاکردن، لەشێوەیەکی بێ ئەندازەدا، بەدیمەن وا دەرئەکەوێ کە زیندوێتی تیا پێگەیشتووە کەچی لە ڕاستیدا کار لە هێز و هەرەتی ئەندامی سک و زاکردنەکە ئەکات و ئازاریشی ئەدات ئەمە هەر لەوە ئەکات کە یەکێک لە گیانەڵا دابێ، بەڵام بدرێتە بەرگەڕێکی کارەبایی ئەوساکە هەندێ جووڵە و هەڵ قرچاویی لە ئەندامەکانیا دەرئەکەوێ لەگەڵ هێز و هەرەتێکی دەمدەمیدا کەچی لە ڕاستیا، هیچ نین، چەند بزووتنەوەیەک نەبێ، کە ئەبنە هۆی لەناوبردنی ئەو تۆزە هێزەیش کە لە لەشیا ماوە، زۆری پی ناچێ نەخۆشەکە گیان ئەدات بەدەستەوە کە سەرنج ئەدەین، ماسولکەکانی هەموو لەیەک ئەئالێن و لوول ئەبن دیارە ئەوەیش نیشانەی گەڕانەوەی تەندروستی نییە بۆ نەخۆشەکە کەواتە، هەروەکو چاومان پێ کەوت، کارەباکە هەرچەندە وریاکەرەوەیەک بوو، وەک هەموو وریا کەرەوەکانی تر، کە داوای ئەو پاشماوەی زیندوێتییە کەمەی کرد لەلەشی نەخۆشەکەدا، دەمودەست خواستەکەی جێبەجێ کرا بەڵام کە کارتێکردنە دەمدەمییەکەی لێ

(١) وریاکەرەوە: (المنبهات، المنشطاط).

دانی کارەبا کە بڕایەوە، نەخۆشەکە لە جاران خراپتری لێ هاتەوە.

لەو کاتانەیشدا کە کزیی هەموو ئەندامەکانی لەش ئەگرێتەوە سەبارەت بەبڕست بڕانی گشتی لەش و بەجێ نەهێنانی فرمانەکانی خۆی، ئێمە بەکارهێنانی داوودەرمانی وریاکەرەوە بەباش نازانین چونکە زۆرجاری وا هەیە، لە پاش خواردنەوەی دەرمانەکە ئەنجامی خراپ خراپ ڕوو ئەدات خۆ کە پشێویی کەوتبێتە ناو دڵ، یاخود ناو دەمارەکانی مێشکەوە، ئەم بارە بەتەواوەتی دەرئەکەوێ.

بەخۆڕایی خۆت چەواشەمەکە لە هیچەوە هیچ شتێک دەست ناکەوێ، بیرکردنەوەیەکی دروست، ئەوەت تێ ئەگەیێنێ کە تەنیا ڕێگایەک هەبێ بۆ گێڕانەوەی تەندروستی و هێز و هەڕەتی سک و زاکردن، ئەوەیە کە پەنابەریتە بەر تاقانە سەرچاوەی هەموو هێزێک، کە ئەویش (سروشت)ە هەروەها ئەبێ ئەوەندەیش زرنگ بیت کە لەتواناتا هەبێت تێ بگەیت، چاوەڕانیکردنی کەڵک و چاکە لە داوودەرمانی وریاکەرەوە، کە بازرگانانی داوودەرمانی گیراوە دروستی ئەکەن و جاڕی بۆ ئەدەن، کارێکی ناشیینانەیە، لەتۆ ناوەشێتەوە پشتی پێ ببەستێت.

فەرهەنگی (وییستەر)یش[1] داوودەرمان وا پێشان ئەدات، کە بابەتێکی مرۆڤ وروژێنەرە، گڕ لە پیاو بەرئەدا هەر لەو ئاوزەنگییە ئەکات کە لەژێر ورگی ئەسپێکی ماندوو ئەدرێ یان لەو شووڵە ئەکات کە لە کەلەکەی ئیسترێکی پەک کەوتوو ئەدرێ فەرهەنگی (ویبستەر) دەرمانی وریاکەرەوەی بەچاککەرەوەی نەخۆشی دانەناوە قسەکەی ئەو لەگەڵ ئەو قسە پڕوپووچانەدا جوێیە کە دەرمانە وریاکەرەوەکان بەچارەکەرێکی نەخۆشی دائەنێن کەچی ئەو داوودەرمانانە، ڕەگەزبازەکان ئەبزوێنن و دەماری مێ بازییان ئەجوولێنن، بەجۆرێکی وا کە نزیکیان بخاتەوە لە مەرگ.

بلیمەتی ئەو زۆرزانانەی کە خوێنی ئەو کەسانە ئەمژن، کە بێ بەشن لە هێز و هەڕەتی سک و زاکردن، لەوکاتانەدا بەباشی دەرئەکەوێ، کە دەرمانەکانیان هەندێ بابەتی وریاکەرەوەی ژهرداریان تیایە چونکە لەدوای خواردنی ئەم دەرمانە وریاکەرەوانە، هێزەکانی لەش و هۆش کەم ئەبنەوە، لەبەر ئەوە پێویستییەکی زۆر پەیدا ئەبێ بۆ ئەمەی

---

(١) ویبستەر (نواه وبستر): فەرهەنگی ئەمەریکایی بۆ زمانی ئینگلیزی کە لەلایەن ئەوەی دواییانەوە داندراوە و ساڵانە تازە دەکرێتەوە (نواه وبستر ١٧٥٨-١٨٤٣)... المنجد، المورد...) هەر بەرێچکەی ئەودا ڕۆیشتوون.



زۆرتری لێ بەکار بهێنێ لەپاش، ماوەیەکی کەم، نەخۆشە کلۆلەکە، ئەبێتە دیلی خووی دەرمان خواردن ئنجا دەست کەوتی ئەو بازرگانە فڕ و فێڵبازانە، کە بازرگانی بەسەر ژەهرەوە ئەکەن، تایەت زۆرتر ئەبێ چونکە نەخۆشەکە بەسەر ئەو دەرمانە وریاکەرەوانەوە ئەژی، ئەگەر بتوانێ بژی.

هەموو جارێک، ئاوی زیندوویێتییەکەی ئەوەندەی تر ئەڕژێ ئنجا ئەوەندەی تر زیانی پێ ئەبەخشێ، نەخۆشەکەیش ناچار ئەبێت خۆراکێکی گەورەتر لە پێشوو لەو دەرمانە بخوات تا ئەگاتە کاتێکی وا کە کەڵەکی لەشی لەوە بەولاوە، نووکی ئاوزەنگییەکە کاری لێ نەکات، ئیتر لەوێوە بڕستی ئەبڕێ و لە پەلوپۆیش ئەکەوێ.

بەڵام ئەو جێگایەی بەمردنی ئەو چۆڵ ئەبێت، زۆری پێ ناچێ چەواشەکراوێکی تر پڕی ئەکاتەوە بەم ڕەنگە چەرخی مەرگ بەرێکوپێکییەوە ئەسووڕێتەوە هیچ کەتنێکیش لەمە گەورەتر نییە، لە نەنگی و ناشیرینیدا، هەروەها لەو ڕێگەیەیشدا کە مرۆڤی پێ ئەکوژێ.

ئەو داوودەرمانانە وریاکەرەوانەی، کە بەجۆرێکی تایبەتی بۆ وورووژاندنی ئەندامانی سک و زاکردن بەرهەم هێنراون، بۆ ئەمەی هێز و هەڕەتێکی لە ئەندازە بەدەریان پێ ببەخشێ، هەتا بڵێیت زیان بەخش و خراپن ئەوەیش دەرکەوتووە کە ئەو دەرمانانە، بەپێچەوانەوە کار لە نەخۆشەکە ئەکەن.

چونکە ئەبێتە هۆی پەیدابوونی گرتێ بەردانی ئەندامەکانی سک و زاکردن، یاخود هەندێ نەخۆشیی تر، کە لە دواییدا وا لەو ئەندامانە ئەکەن، فرمانی سک و زاکردنیان پێ جێبەجێ نەکرێ ئەم دەرمانانە هەرچەندە وریاکردنەوەیەکی دەمودەستی ئەخەنە ئەندامەکانی سک و زاکردنەوە کە ئەمەیش کەم ڕوو ئەدات پاشەجار لەش، نرخی ئەم وریاکردنەوە پڕ لە خەمو پەژارەیە، ئەبێ بدات چونکە وریاکردنەوەکە سروشتی نییە، ئاسایی نییە، شتێکە لە ئەندازە بەدەرە لەبەر ئەوە کزییەک، لە دوای ئەوە ئەکەوێتە ئەو ئەندامانەوە، کە زۆرجاری وا هەیە ئەبێتە هۆی لە پیاوەتی کەوتنێکی بەتەواویی و تاسەر.

هەروەها ئەو دەرمانانەیش کە وا لە پیاو ئەکەن هەست بەئارەزووکردنێکی بێ ئەندازە بکات بۆ مێبازیی هەر لەو جۆرە دەرمانە درۆزنە خراپانەن ئەم دەرمانانە گورچیلەکان تەواو ماندوو ئەکەن هێزێکی درۆزنانە ئەدەن بەمرۆڤ، بەهۆشی ماندوویش یارمەتییەکی دەمودەستی ئەدەن ئەمانە هەموو، یەک لە یەکتری خراپترن ئەوانەی دروستیان ئەکەن و جاڕیان بۆ ئەدەن، دوژمنی هەرە گەورەی مرۆڤایەتین، پێویستە لەسەر ئەم بنچینەیەیش لەگەڵیان بجوولێینەوە.

ئێمە نەتەوەیەکین گیرۆدەی دەرمان خواردنین، زۆریشی ئەخۆین سا ئەمە لەبەر ئەوە بێ کە خۆمان وا هەڵکەوتووین حەز لە دەرمان بکەین، یان لەبەر ئەوەبێ کە یەجگار خۆش باوەڕبین بەهەمووشتێک، یاخود سەبارەت بەوەبێ کە ئەوانەی جاڕیان بۆ ئەدەن زۆر بلیمەت بن وبتوانن بیخەنە مێشکمانەوە کە ئەو جۆرە دەرمانانە هەموو نەخۆشییەک چاک ئەکەنەوە... لەبەر هەر هۆیەک بێ، ڕاستیی کار ئەوەیە کە زۆربەی ئەم داوودەرمانانە ژەهراوین هەموویشیان زیان بەلەش ئەگەێنین چونکە ئەوانەی ئەیخۆن، هەموودەم ئەیخۆن، بێ پەروایش ئەیخۆن، کاو و ناکاو لەیەکتر جویێ ناکەنەوە.

جا زۆربەی ئەم داوودەرمانانە مەی، یاخود ورياکەرەوەیەکی تر لەناویاندایە ئەو زیانە وێژەییەیش کە لەو دەرمان خواردنانەوە پەیدا ئەبن، پیاو ئەتۆقێنێ ئەو زیانەیش کە ئەیدەن لە ئەندامەکان، دەربارەی هەر ئەوەندە ئەڵێم: کە ئەو پزیشکەی پزیشکایەتی ئەکات، لەناو نەخۆشەکانیا، گەلێک نەخۆشی وا هەن کە هەر لەخواردنی ئەو دەرمانانەوە تووشی نەخۆشی بوون!...



## بەشی شەشەم

### مانەوەی هەڕەتی ڕەگەزبازیی

یەکێک لەو باوەڕانەی کە هەڵەیە و باوە لەناو هەمووان‌دا، ئەوەیە کە پیاو کەوتە ساڵەوە و نزیک بووەوە لە پیریی، هەڕەتی سک و زاییکردنی نامێنێ کەچی لە ڕاستیدا، هەڕەتی ڕەگەزبازیی، ئەگەر پارێزگارییەکی باشی بکرێ، تا پیاوەکە ئەژیی ئەویش لەگەڵیا ئەمێنێتەوە بەڵام ئەو کەسەی بەتەنگ خۆیەوە نەبێ و ڕەگەز چلێسی بکات، ئۆباڵی بەئەستۆی خۆیەتی، کە ئەم زیانەی لێ ئەکەوێ، کە دوورنییە بەتەواوەتی پەکی جووڵەی پیاوەتی بکەوێ. زۆر پیاوی وایش هەن، لەپێش ئەمەی پیربن، توانای ڕەگەزبازییان نامێنێ هۆی ئەمەیش ئاشکرایە، ئەوەتا ئەوانە بەتەنگ تەندروستیی خۆیانەوە نابن، لەشیان تێک ئەچێ و، لەڕێگای سروشتیشەوە خەمێکی خۆیان ناخۆن کە ئەو هێز و هەڕەتەی بۆیانە بیگێڕنەوە بۆخۆیان گوێ نادەنە ئەو ڕاستییە کە هێز و توانا ژیان لە پیاو خۆش ئەکات، خاوەن هێز و هەڕەتەکانیش هۆگری ژیان ئەکات، ئەو پاداشە بەرز و پیرۆزەی خواییەیشیان دەست ئەکەوێ، کە بریتییە لە هەڕەتی ڕەگەزبازیی.

ئەو ڕووخۆشی و لەش سووکییەی کە لەگەڵ تەندروستیدایە پیاوی بەهێزەوە ئەیبینین، تەنیا بریتین لە دەربڕینی هێزی دەمار یاخود هێزی ڕەگەزبازیی، کە لە ڕاستیدا هەردووکیان یەک شتن هەر کاتێ پیاوێکمان دیی خۆشیی لە یەکێک لەو دوو هێزە بینی، بێ گومان خۆشی لە هێزەکەی تریشیان ئەبینێ ئەو شتەی کە بەتەواوەتی لێی دڵنیاین و بڕیاری لەسەر ئەدەین، ئەوەیە کە هەموو دەم چۆنێتیی ئەندامەکان شان بەشانی چۆنێتیی گشتیی لەش ئەڕۆن بەڕێوە کە هێزی ڕەگەزبازیی کەم بووەوە، بەئاشکرا لەشیش تێک ئەچێ و کز ئەبێ کزبوونی هێزی ڕەگەزبازیی لە کزبوونی هێزی لەشەوە پەیدا ئەبێ بەڵام، بەپێچەوانەی ئەوەی کە بەبیردادێ، کزیی هێزی لەش لە کزیی ڕەگەزبازییەوە پەیدا نابێ زۆر پیاوی وا هەن کە توانای ڕەگەزبازیی خۆیان لە دەست ئەچێ، بەکەمی، یاخود بەتەواویی، سەبارەت بەوەی کە کەم تەرخەمی ئەکەن لە پاراستنی هێزەکانی سروشتیی خۆیاندا و لە ئەندازەی خۆیاندا ڕایان ناگرن بێجگە لەمە هیچ هۆیەکی تر نییە تەنانەت لەکاتی زۆر سواربوونیشدا هۆیەکە هەر ئەوەیە بێ ئەمەی تەماشای تەمەن بکرێ، هەر پیاوێک ماوەیدا، هێزەکانی کزبن، یاخود بەتەواوەتی لەناوبچن، تووشی ئەم دەردە دێ.

کەواتە چالاکی لە ڕەگەزبازییدا، پێویستە بمێنێتەوە بەتەنشت ژیانەوە مەگەر پیاو

لەجێگادا بکەوێ و تووشی نەخۆشییەک بووبێ ئیتر لەمە بەولاوە هیچ بیانوویەکی تر نییە بۆ لەناوچوونی ئەو سەرچاوەی پیاوەتییە، کە بریتییە لە هێزی ڕەگەزبازیی.

کەواتە، ئەگەر پیاوێک وەرزش کردنی خستە لاوە و، گوێیشی نەدایە دەستووری نان خواردن و تەندروستی کە زۆر گرنگن بۆ پاراستنی هێز و هەڕت، پێویستە چاوەڕوانی ئەوەبێت، کە بەرە بەرە تەندروستییەکەی تێک بچێ و هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازیشی بێتە کزیی ئەم دەستوورە بۆ هەموو تەمەنێک فەرمانڕەوایە، تەنانەت لە تافی کوڕێنیشدا کە هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازیی یەجگار زۆرە. جاری وایش ڕوو ئەدات، کە مرۆڤ گوێ ناداتە دەستوورەکانی تەندروستی، کەچی وایش دەرئەکەوێ هێزەکانی لەش و هۆشی تیاماون، کە لەو هێز و هەڕەتە گەورەیەوە دەرکەون کە خۆشییان لێ ئەبینی بەڵام ئەم بارە بەم ڕەنگە نامێنێتەوە. زۆری پێ ناچێ ئەو هێز و هەڕەتە ئەکوژێتەوە لەوەیشەوە زیان لە تەندروستیی گشتی و هێزی ڕەگەزبازیی ئەکەوێ لەپێناو ناشێتیی خۆیدا، خۆی لە پەلوپۆئەخات ئەوساکەیش شیوەن بۆ دەماری پیاوەتییەکەی ئەکات کە لە دەستی چووە.

ئەگەر ئەتەوێ هێز و هەڕەتە گەورەکەت لەناوبچێ و کزیی و بێهێزیت تووش ببێ هیچ مەکە ئەوەنەبێ: کەم تەرخەم بە لەگەڵ خۆتا چونکە لەدوای هۆ ئەنجام پەیدائەبێ.

هێزی ڕەگەزبازیی لەگەڵ ژیندا بەڕێوەئەچێ تاژین بمێنێ ئەویش لە ئارادا ئەمێنێتەوە ئەمەیش ڕاستییەکە، لەو ڕاستییانەی کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا دەرکەوتوون بۆ ئەو پەیمانگایانەی چارەی گیروگرفتەکانی ژیان ئەکەن، ئەنجامەکانی بەراووردکردن و ژمێرکاریی دەری خستوون لەپێش چاوی خۆیشماندا گەلێک وێنەی ئاشکرا و دیار هەن، لە ژیانی چەند کەسێکی ناسراوی خۆماندا دەرکەوتوون، کە بەڵگەن بۆ ئەوەی هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازیی تا ئەوپەڕی ژیان ئەمێننەوە، بەمەرجێ لەوەی بەدووربن و لەناوچەیەکی باشدا بپارێزرێن. لە توانایشدا هەیە کە لە پیاوەتی کەوتنێکی ناکاو بەربەست بکرێ و تافی کوڕێنی بۆ ڕەگەزبازیی نوێ بکرێتەوە و ماوە نەدرێ بەتەواوەتی لەناوبچێ ئێمەیش لەتوانماندا هەیە، بەڵێن بدەین بۆ تازەکردنەوەی ئەم هێز و هەڕەتانە، بەدڵنیاییەکی تەواوە، بەڵام بەو مەرجەی، نەخۆش، بەوردیی و ڕێکوپێکی، لەسەر ئەو پێڕەوییە بڕوات بەڕێوە کە بۆ بەهێزکردنی کەلوپەلی دەماری مێشک دامان ناوە کە بەهۆی ئەوەوە ژیانێکی نوێ بۆ هێز و هەڕەت دێتە بەرهەم ئەوکەسەی ئەوەیشی دەست بکەوێ، لەناو گۆڕەوە سێ پاداشی گەورەی بۆ زیندوو ئەبێتەوە، کە نرخدارترین شتن لە ژیاندا، ئەوانەیش: ماڵ و ژن و منداڵن.



# بەشی حەوتەم

## پیاوەتیی تەواو بنچینەیەکی ژیانە

پیاوەتی تەواو بنچینەی ڕەگەزی مرۆڤایەتییە هەر چییەکیش بەڕەگەزی مرۆڤایەتییەوە نووسابێ، بەو بنچینەیەوە بەندە بەهۆی ئەوەوە مرۆڤ ئەبێتە هاوکاری خوای خۆی لەو هێزە گشتییە سەرسام کەرەدا، کە لە هەموو هێزێک گەورەترە؛ کە ئەویش: زیندوو کردنەوەی ئەو لەشەیە کە لە وردیلەی وا پەیدابووە ژیانیان تیانییە.

بەپێی نووسراوە ئاسمانییە پیرۆزەکان، (ئادەم) کە باپیرە گەورەی هەمووانە، لە گڵ دروست کراوە پاشان (گیانی ژیان)ی کراوە بە بەردا و، دەستی کردووە بەبینین وهەست پێ کردن و بیستن و جووڵان. دایە(حەوا)یش بەرهەمێکی دەست کردی سەرسوڕهێنەری خواییە بەڵام پاش ئەوە خوای گەورە، دروست کردنی مرۆڤی سپارد بەمرۆڤ خۆی فەرمانیدا: (سک و زا بکەن... پەرەبسێنن...). لەگەڵ ئەم فەرمانەیشدا کەلوپەلی ڕەگەزبازیشی بەمرۆڤ بەخشی بۆ ئەمەی بتوانرێ فەرمانەکەی جێبەجێ بکرێ ئەم فەرمانە هەر بۆ مرۆڤ دەرنەچوو بۆ هەموو دروست کراوەکانی تریش دەرچوو لە گەورەیانەوە تا هەرە بچووکیان ئەوانەیش هەریەکەیان کەلوپەلی سک و زاکردنیان پێ بەخشرا بۆ ئەمەی بتوانن فەرمانەکەی خوا جێبەجێ بکەن.

کەواتە دەستووری ڕەگەزبازیی هەموو جۆرە گیانلەبەرێک ئەگرێتەوە لە هەرە بەرزیانەوە تا هەرە نزمیان کەلوپەلی سک و زاکردنیش لەناوەند هەموو گیانلەبەرێک و هەموو گژوگیایەکی گەورەدا زۆر لە یەکتر ئەکات، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە واتا لە هەموویاندا دوو ئەندام هەیە یەکێکیان گەرا (هێلکەی بچووک) دروست ئەکات ئەوی تریشیان چووزی تێ ئەخات ئەم ئەندامانەیش هەرچەندە لەشێوە و دروست کراویی و کەرەستەدا لەیەکتری جوێن، بەڵام فرمانی هەموویان هەریەکە.

ڕەنگە یەکەم مرۆڤ هێز و هەڕەتێکی ڕەگەزبازیی یەجگار گەورەی هەبووبێ لەگەڵ هێزێکی دەماری مێشک و ماسولکەدا جا ئەو گیانلەبەرانەی کە ئێمە دڵمان بەوە خۆش ئەبێ پێیان بڵێین: (گیانلەبەرانی گەنگ)، بەتەواوەتی هێز و هەڕەتەکانی پێشووی خۆیان پاراستووە بەڵام ئێمە، یاخود زۆربەی ئێمە، نەمان توانیوە ئەو باوەڕ پێ کردنەی خواییە کە پێی بەخشیوین، بیپارێزین چونکە هەڵەکانی باووباپیرمان کە کردوویانە، ئاڵۆش و

خرۆشی ڕەگەزبازیی خۆمان کە جڵەومان بۆ بەرداون، کەم تەرخەمیی خۆمان بەرامبەر لەشمان، ئەو ژیانە دەست کردەی کە تیایا ئەژین، ئەوانە هەموویان بوون بەهۆی ئەوەی کە چاکترین پاداشی سروشت و ناوازەترین بەخششی خوایی لەدەست خۆمان بدەین.

لەبەر ئەوە زۆرکەسمان بێ بەش ماوینەتەوە لەو تاکە شتەی کە کامەرانی بۆ خۆمان و بۆ نەوەکانمان بەرهەم ئەهێنێ: ئەویش هێزی گەورەی سک و زاکردنە کە هەموو کردەوەیەکی نەژاد و بەرز ئاوێتەیەتی.

بیر لەو بابەتە سەیرە و لەو ڕازەبکەرەوە... بیری ژیان کە لەشەکان یەک ئەگرن، ئەوانەی کە چەند تاوێک لەوەپێش تەنیا بریتی بوون لە کۆمەڵەیەک کەرەستەی بێ گیان، هەروەک کیمیا گەرەکان ئەڵێن، واتا چەند پارچەیەک لە کاربۆن و هایدرۆجین و ئۆکسجین و سیلیکۆن و کالسیۆم و ئازۆت، وایان لێ بێت، هێزێکی وا لە گرد بوونەکەیانەوە پەیدا بێت کە ژیانیان تیا زیندوو ببێتەوە.

بەڵام ڕاستیی ئەم ژیانە و چۆنێتییەکەی، گیروگرفتێکی وایە کە هەتا ئێستا پێش بینی و لێکۆڵینەوەکانی پیاوە زرنگەکان و زاناکان و پیاوانی ئایین و ڕاستی پەرستەکان نەگەیشتوونەتە ڕازی دروست بوونەکەی و دوارۆژەکەی ڕەنگە هۆشی مرۆڤایەتی لەتوانایدا نەبێ، ئەم ڕازە سەرسامکەرەی ژیانە دەربخات.

ژیان بەخششی تریشی هەیە: چونکە ئەو سەردارە خاوەن شکۆیەی کە لەسەر تەختی خۆی دائەنیشێ، هەرچییەک لە خاکەکەیدا هەیە لەژێر چنگیایە هەرهیچ نەبێ، هەرچی داوا بکات لەوێدا بۆی جێبەجێ ئەکرێ نەتەوەکەی لەژێر فەرمانیایە، چی بڵێ بەقسەی ئەکات... سوپاکەی سەرکەوتنی شەڕەکانی دەست ئەخات ڕاوێژکارەکانیشی، ڕێگای ئازادیی لەم ژیانەدا بۆ ڕۆشن ئەکەنەوە پیاوە ئایینیەکانیشی ڕێگای بەهەشتی بۆ ئەدۆزنەوە ژیان، بۆ ئەو خونکارە، وەک جامێک وایە، لێواولێو، پڕبێ لەو شتانەی کە لە ژیان ئەشێن و لەژیان ئەوەشێنەوە.

ئەو ژیانە، هەمووی، بەیەک گوللە کە لە دەمانچەیەکەوە بێتە دەرەوە، ڕەنگە لەناوبچێ بەلای پیاوێکی مردووەوە دەسەڵات و سەرکەوتن و سامان، چی نرخێکی ئەبێ هەبێ؟!... ئەی ئەو خونکارە مردووە، ئەبێ چ کارێک بکات لەوانە؟!... هیچ... کە ژیان لەدەست چوو، هەموو شتێکی لەگەڵدا ئەڕوات کەواتە ژیان بریتییە لە هەموو شتێک... کە ئەو نەما هیچ شتێکیش بۆ ئەوکەسە نامێنێتەوە، ژیان ئەو ڕووکەشە هەست پێکراوەیە، بۆ ئەو شتەی کە چەرخی ڕۆژگار ئەسوورێنێتەوە.



ئەگەر هەموو کەسێک بەوردیی، بیری لەو کارە گەورە و گرنگانە بکردایەوە کە ئۆباڵیان بەئەستۆی خۆیەتی، سەبارەت بەو دەسەڵاتەی هەیەتی کە ژین ببەخشێ بەچەند کەرەستەیەکی وردی بێ گیان؛ بەواتایەکی تر ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی کە ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەرهەم بهێنێ، بێ گومان هەموویان ئەو هێزەیان بەتەواوەتی هەڵ ئەسەنگاند و لەسەرروو هەموو کاروبارێکەوە دایان ئەنا هەرکارێکیش ئەو هێزەی کز و بێ هێز بکردایە یاخود لەناوی ببردایە، بەداچڵەکین و لێ تۆقانێکەوە خۆیان لێ ئەکێشایەوە.

بەڵام ئەوانەی نرخی بەرزیی و پیرۆزیی فەرمانی ڕەگەزبازیی ئەزانن و، لەو پەیوەندییە توندوتۆڵە تێ ئەگەن لەناوەند ئەوو هەموو ڕوویەکی ژیان و هەستی مرۆڤایەتیدا، کە هەرگیز لەناوباچێ، یەجگار کەمن.

ئێمە ئەتوانین، وەک دەستوورێک کە هەرگیز ناتوانین پشت گوێی بخەین، ئەوە بڕیاربدەین: کە سروشت بەهەموو دەست بڵاوییەکی خۆیەوە پاداشتی ئەو پیاوە ئەداتەوە کە لە گرنگیی پاراستنی هێزوهەڕەتی ڕەگەزبازیی[1] خۆی تێ ئەگات و، پەیڕەویی ئەو ڕێگا باشانە ئەکات کە بۆ ئەو پاراستنە بەکاردێن، سروشت ئەو پیاوە ئەخاتە سەرتەختی تەندروستی خاوەن شکۆ ئەو هێز و توانایەیشی پێ ئەبەخشێ کە کەس بەرگەی ناگرێ، ئەوەیش ئەتوانین ناوی بنێین (هێزی ڕەگەز کێشکردن)، کە لەباریا هەیە چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە کۆڕی فرماندا، چ لە ژیانی خێزانیدا سەری بخات.

ئەو یاسا، هەموو دەمییەیش، کە لەسەرەتای ژیانەوە دامەزراوە و نەگۆڕاوە، کە مانەوەی بۆشت و گیانلەبەری هەرە چاک داناوە لەژیاندا، پشتی ئەگرێ.

دەمارەکانی مێشکی لە هەڕەتی کاردا ئەبن ئەو چالاکییەیش هەر بۆ ئەوکەسانە ئەلوێ، کە ژیانێکی ڕەگەزبازیی دروست و تەواویان هەیە ئەوەیش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە هەرکەسێ بەختیاربێ بەپیاوەتی تەواوەوە، پێویستە کە یەکەم کەرەستەی ئەو پیاوەتییەی تیا هەبێ، کە ئەویش هێزی ڕەگەزبازییە. لە ڕاستیشدا ئەم هێزی ڕەگەزبازییە، سەرچاوەی هەرە گەورەی چالاکی ڕەگەزبازییە.

ئەو، هەر، تەنیا، سەرچاوەی ژیان نییە، بەڵکو بنچینەی هەموو ژیانێکی پاک و بەهێز و بەکەڵکە.

خوێن گەرمیی نیشتمانپەروەر و، خۆ بەختکردنی خواناسی دڵ پڕ لە ئایین و،

(١) هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازیی: (القدرة الجنسية).

نیازبەخشین بۆ ئەو کردەوە گەورانەی کە پێویستیان بەئازایەتی هەیە، ئەو گیانی خۆ بەختکردنەی کە زمانی هەمووان ئەپژێنێ بۆ پیا هەڵدان بەمەرد و دلێراندا... ئەم بابەتانە هەموویان، چالاکییەکی دەماری مێشک لە پشتیانەوەیە، هێزی ڕەگەزبازیی بەمرۆڤ ئەبەخشێ... هێزی پیاوەتی تەواو.

هەچ پیاوێکیش لە زانست و هونەردا هەڵکەوتبێ، بێگومان خاوەنی پیاوەتییەکی بەهێز و چالاکییەکی لە ئەندازە بەدەری ڕەگەزبازیی بووە، کە پاڵیان پێوە ناوە بۆ پۆپەی سەرکەوتن.

بەڵام لەو جۆرە کەسانەیش بووە، کە زاڵ بووە بەسەر ئەندامەکانی ڕەگەزبازییەکەی خۆیدا و، هێز و هەڕەتیشیانی پاراستووە.

هێزی ڕگەزبازیی، لەهەموو گەورە پیاوێکا دەرکەوتووە، کە لە هەموو ڕوویەکی ژیاندا گەیشتونەتە ئەو پەڕی سەرکەوتوویی بەبێ ئەو هێزی ڕەگەزبازییە، پیاو ڕیسوا ئەبێ، خۆ پەرست ئەبێ، بەدکار و دڵ ڕەق ئەبێ، بەدخوو ئەبێ لەگەڵ ئافرەتاندا.

ئەگەر ئەو سروشتە، خوا لە لەشی ئێمەیدا نەچاندایە هیچ کەسێک ئارەزووی ئەوەی نەئەکرد کەسێکی تر بەخێو بکات یاخود پەیوەندییەکی وای لەگەڵدا پەیدا بکات کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێ بەخێوکردنی ژنێک و چەند منالێک بخاتە ئەستۆی خۆی.

ئەگەر ئەو هێزەی ڕەگەزبازییە نەبوایە، پیاوی وا هەڵ نەئەکەوت کە هەڵ بکات لەگەڵ ئافرەتاندا و ڕووخۆش و کردەوە شیرین بێ لەگەڵیاندا، چونکە ئەم کردەوانە بەنیاز بەخشینی سروشتی ڕەگەزبازییەوە نەبێ، پەیدا نابن جا ئەم هەستی دەروونییە، ئەگەر کەوتە ژێر سەرپەرشتی کردنێکی ڕاستەقینە و ڕێکوپێک خستنێکی تەواوەوە، زۆر پیرۆز و بەرز ئەبێ، کردەوەی نەژادانەی لێ ئەوەشێتەوە، دوور ئەبێ لە خۆپەرستییەوە.

ئێمە نامانەوێ، لە ئەندازە بەدەر، گرنگیی هێزی ڕەگەزبازیی بخەینە پێش چاو، لە ڕاستیدا، کارێکی سەیر ئەکاتە سەر ژیان جا ئەگەر لە پیاوێکی بەهێز قەوما و سکاڵای کرد لەدەست کەم هێزیی خۆی، یاخود کزیی و سستییەکی دیی لە ئەندامەکانی سک و زا پێ کردنی خۆیدا لە هەموو ئەندامەکانی لەشیا، هێزەکانی تێک ئەچن و دەست ئەکەن بەپشێویی ماسولکەکانی لەش خاوئەبنەوە، و دەمارەکانی مێشکیشی کز ئەبن.

جا ئەگەر چارەیەکی خۆی نەکات، زۆری پێ ناچێ لە پەلوپۆ ئەکەوێ و برستی ئەبڕێ و هیچ هیوایەکیشی بەژیان نامێنێ و، هیچ ئارەزوویەکیشی لەدڵا نامێنێ.



پەیوەندییەکی بەهێزیش هەیە لەناوەند هێزەکانی دەماری مێشک و ڕەگەزبازیی و ئەندامەکانی لەشدا تەنانەت کە شتێک کارێکی خراپ لە یەکێکیان ئەکات، هەر ئەوکارە لەوانی تریش ئەکات ئەگەر بێتو کارێکی وابکرێ، ئەوی لەدەست چووە بهێنرێتەوە جێی خۆی، لەسەر ئەو ڕێوشوێنەی کە ئەم نووسراوە دایناون و ڕۆشنی کردونەتەوە، واتا هەرچەند ماسولکەکانی لەش ببوژێنرێنەوە و گەشە بکەن و بەهێزتر بکرێن، هەرچەند ئەندامەکانی لەش چاکتریان لێ بێت، هێزەکانی دەماری مێشک ئەچنەوە سەر دۆخی جاران، هێزەکانی ڕەگەزبازیش جارێکی تر دێنەوە کایە.

هێزی ڕەگەزبازیش، وا لە خاوەنەکەی خۆی ناکات، شت زۆر کاری لێ بکات، و زوو بەکارەسات دڵی بشکێ هەروەها هێزی ماسولکەکانیش خاوەنەکەی ناکات بەگا بتۆڕێنێ[1] و یاخی ببێ، بەپێچەوانەی ئەوە، هەرکەسێ پیاوەتییەکی تەواوی دەست کەوت، بەجۆرێکی ئاسایی دڵ پڕ لەخۆشەویستی و ڕاست و دڵسۆز و مێردێکی چاکە دەرەوەی لێ پەیدا ئەبێ.

ئەوانە جێگای دڵ خۆش کردنی مرۆڤایەتیی ئیمڕۆن، ئەوانەن هیوای دوارۆژی مرۆڤایەتی چونکە پێویستە لەسەریان کردەوە و ڕەوشتێکی وا بنوێنن لەبەرچاو براکزولاوازە کانیاندا، کە ئەوانیش چاو لەوان بکەن هەروەها لە سەریشیان پێویستە کە کردەوە و ڕەوشتەکانی لەش و هۆش و دەروونیان ببەخشن بەنەوەکانیان.

ئەوانە هەموودەم هۆگری ژن هێنان ئەبن چونکە پەی بەوە ئەبەن، بەهۆشە ڕوونە بەهێزەکەیان لەوە تێ ئەگەن، کە بەتەنیایی مانەوە، چاکە و کەڵکی تیانییە بۆ پیاو و ژیانی تەواوی ڕاستیش لەوەدایە کە پیاو لەگەڵ یەکێکی تر لە ڕەگەزی ئافرەت هاوسەر و هاوژین بێ و بەپەیوەندییەکی ژن و مێردیی بەرز و پیرۆزەوە بەیەکەوە ببەسترێ.

پەیوەندییەکی ڕاستەقینە و هەموودەمی ناوەند پیاو ژنێک، ئاشنایەتییەکی وەهای لێ پەیدا ئەبێ، پڕ لە چاکە و خۆشەویستی، کە بەهیچ شێوەیەکی تر لەناوەند دووکەسی تردا پەیدا نەبێ، جا کە ئەم پێوەندییە لەناودا نەبێ مرۆڤ وا دانانرێ کە مەبەسی گشتی بوونی خۆی بەجێ گەیاندووە، یاخود گەیشتۆتە ئەو پلەی تەواوییە کە ئەتوانێ پێی بگات بەپێچەوانەوە بەمرۆڤێکی ناتەواو دائەنرێ چونکە هەرچەندە ئارەزوو و توانا و هێزی

(١) بتورێنێ: پیسایی کردنێکی بێ ئەندازەی سکچوونی مانگا و گوێرەکە بەتایبەت لە بەهاراندا کە ئاژەڵەکە زیاد لە پێویست دەلەوەڕێ و خۆی پیس دەکات.

ئەوەی هەیە کە فرمانی بەکەڵک بکات بەڵام دەستی خۆی بەستووە، ئەو هێزانە بەکارناهێنێ، ڕەنگە هەر بەوەیش نەزانێ کە ئەو هێزانەی تیایە.

کەواتە پێوەندیی خێزانی، کەرەستەیەکی بنچینەییە بۆ کامەرانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ئەمەیش کاتێک وایە، کە بەچاوێکی پڕ لە ڕێزەوە سەیری کەڵک و چاکەی وێژەیی و گیان بکەین، کە لە ژن و مێردییدا هەن جا لەم سەرچاوەیەوە – سەرچاوەی خێزانی– کە هەرگیز وشک نابێ، ئاوی ڕوون و پاکی کامەرانیمان ئەخۆینەوە بەرزترین هاندەریش بەرهەم ئەهێنین کە ئەمانخاتە سەر چاکە و سەرڕاستی جا هەر لە پەیوەندیی ڕەگەزبازییەوەیە، کە هەرچی جوانی و ناسکی و نرخێکی ڕاستەقینە ببەخشێ بەتێکەڵ بوونی مرۆڤایەتی، پەیدا ئەبێ ئەگەر هێزی ڕەگەزبازیی نەبوایە، خێزان پەیدا نەئەبوو خزمایەتی نەئەهاتە ناوەوە کەسێکیش لەو هەزاران کەسەنزیک و خۆشەویستانەی کە لە ژن و مێردییەوە پەیدا ئەبن، نە ئەبینران ئەگەر بێتو لە ژیانی مرۆڤ، هەموو هیوایەک و هەموو چاکەیەک و هەموو هاندەرێک، کە لەم پەیوەندییەوە پەیدا ئەبن، دەربهێنین، ئاخۆ ئیتر چیی بۆ ئەمێنێتەوە؟!.

مەگەر، هەر ئەوەی بۆ بمێنێتەوە، کە هەرخۆیەتی و بەتەنیاییەکی دڕندانەوە ئەژی!...



# بەشی هەشتەم

## هۆی کزیی ڕەگەزبازیی

ژمارەی ئەو پیاوانەی کە تەندروستییان نییە، یاخود هێزی ڕەگەزبازییان تووشی کزیی بووە، یاخود هەر نەماوە، بۆچ تایەت زۆر ئەبێ؟!.

ئەی بۆچ ژمارەی پیاوانی خاوەن تەندروستیی بەهێز و، زیندوێتی پڕ چالاکی، بەو پێیە کەمتر ئەبێ؟!.

سروشت، هەندێ جار، وای لێ دێ، لەگەڵ ناشی و نەزاندا ئارامی نامێنێ، بەزەییشی پیا نایێتەوە، لێی ئەبێتە مامۆستایەکی دڵ ڕەق!... هەرکەسێ ئاگای لەخۆی بێ و دەستوورەکانی بشکێنێ، بەتوندیی جەزرەبەی پێ ئەگەیێنێ هەروەها ئەوانەی ئاگایشیان لە خۆیان نەبێ و دەستوورەکانی سروشت بشکێنن، هەر تووشی سزا ئەبن ڕەگەزی مرۆڤایەتیش، هەرچەندە بەخونکاری هەموو گیانلەبەران دائەنرێ، بەڵام هێشتا بەسەرکوێرانە، لەناو تاریکی ناشێتیدا پەلە قاژێ ئەکات!؛ تەنانەت ئەو زانیارییەیش هەیەتی و شانازیی پێوە ئەکات، هەندێ جار زیانی پێ ئەبەخشێ و ئەیخاتە تەنگوچەڵەمەوە چونکە زۆر جاری وا هەیە ئەیخاتە سەر خراپەکردن و ئەنجامەکانی ئەو خراپەیەی لێ ئەشارێتەوە جا ئەم تێکەڵ و پێکەڵییە لەناوەند زانیاریی زیان بەخش و نەزانی زیان بەخشتردا، کە ئەبێتە هۆی تێکچوونی لەش و هێزی ڕەگەزبازیی، لەناو ملیۆنان ئەو کەسانەدا کە لەسەر گوێ ئاوی شارستانێتیدا هەڵ ئەنگون و ئەکەون بەدەما، کە ژمارەیان ڕۆژ بەڕۆژ لە زۆربووندایە.

ئەوانە لەوە ئاگادارن کە بەهۆی مێبازییەوە، خۆشییەکی سەر پێیان دەست ئەکەوێ بەڵام ئەوە نازانن کە لە هەندێ کاتدا ئەو کردەوانە کارێکی خراپ لە تەندروستییان ئەکەن.

ئەوانە هەر نیوەی ڕاستیی ژیانی ڕەگەزبازیی ئەزانن، لە نیوەکەی تری شارەزانین، هەروەک ئەڵێن زانیاریی کەم خراپە؛ جا ئەگەر پەیوەندیی بەکاروباری پیاوەتییەوە بێ ئەبێ چەند خراپ بێ؟!.

بام ئەوانەی پیاوەتییان نەماوە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان خاوەنی دەروونێکی پڕ لە ئاوات بوون، لەگەڵ ئەو لاوانەدا کە هیوایان لەدڵا نەماوە، وەک ئەوانەی کە لەناو هاوڕێکانی خوێندنگاماندا ئەیان بینین، بانگ بکەین، لەم بابەتەوە بەسەرهاتی خۆیانمان

بۆ بگێڕنەوە بێ گومان وامان دێنەپێش چاو، ئەگەر شەرمیان لە خۆیان نەکردایە و لە تیز پێ کردنی ئەمو ئەو نەترسانایە، پڕ بەدەم ئەیانقیژاند، ئەیانگوت: (ئاخ خۆزگە ئەمانزانی... ئاخ خۆزگە ئەمان زانی...).

ئێمە دیسانەوە دووبارەی ئەکەینەوە، کە ئەوە یەجگار خراپە: لە ڕاستییەکانی لە مەڕ ئارەزووی ڕەگەزبازیی و فرمانی ڕەگەزبازیی شارەزا نەبین چونکە پێویستە ئەو ڕاستییانە وەک ڕۆژی ڕووناک ئاشکرا و دیاربن بۆ هەموو کەسێک هەروەها ئەوەیش یەجگار خراپە کە کەم تەرخەمییەکی ناشییانە بنوێنین دەربارەی دەستووره بنچینەییەکانی تەندروستی، کە بەرهەم هێنانی لەشی بەهێز و پتەو و ڕێکوپێک بەوانەوە بەندە.

جا ئەم هۆیانەیە کە خاکە شارستانییەکانیان پڕ کردووە لە کزولاوازەکان. (مەبەست ولاتە ڕۆژاواییەکانە-أ.ب).

هۆی هەرە گەورەی نەمانی هێزی پیاوەتی، کە لە زووەوە دەست پێ بکات، بێ گومان (خووی نهێنی)[1]یە، لەگەڵ بەکارهێنانێکی خراپی ئەندامی سک و زا ئامادەبوونیش بۆ مەشق کردن لەسەر ئەم خووە تێکڕا لەوەوە پەیدا ئەبێ، کەینەوبەینەی ڕەگەزبازیی بەنهێنییەکی زیان بەخشەوە ڕاگیراوە.

کەچی فرمانی هەرە بەرز و پیرۆز ئەوەتا منالانیان لێ شارەزا بکرێت، بەلام ئامۆژگاریی بکرێن و چاودێرییشیان بکرێت چونکە منال، ئارەزوو سروشتییەکەی بۆ شارەزابوون، ئەگەر بەشێوەیەکی تر دانامرکێتەوە، پالی پێوە ئەنێ کە پەنا بەرێتە بەر ئەو هاوڕێیانەی کە لە خۆی، بەتەمەن، گەورەترن و لە خۆی زۆرتر ئەزانن ئەنجامیش بەوە ئەگات کە دەمودەست، دەست بکات بەو کردەوە ناشیرینە کە پڕە لە شتی شارراوەی سامناک ڕەنگە بەرێکەوت، لە خۆیەوە ئەو خووە پیسە بدۆزێتەوە و فێری ببێ ئەوەیش نەزانێ کە چەند زیانی پێ ئەگەیێنێ ئیتر ئەوەندە خۆی پێوە خەریک بکات، تا ئاوی زیندەگانی لە لەشیا نامێنێ، ئیتر لە زۆرانبازییەکەیدا لەگەڵ کوڕەکەدا، بەناچاریی ئەشکێ، چونکە خۆی لەبەردەم دوژمنێکدا ئەبینێ، کە ناتوانێ دەرەقەتی بێت.

جا ئەگەر کوڕەکە لە دەست ئەو خووە دڕندە سامناکە ڕزگاری بوو کە جاری وایش هەیە

(١) خووی نهێنی: (العادة السرية) لە جێیەکی تردا مامۆستا وشەی (دەست پەڕ) بەکاردێنێ، کە لەوە دەچێ لە دیالێکتەکانی تردا وشەی تریش هەبێ بۆی، وەک چۆن لە عەرەبیدا (الأستنماء) هەر هەمان مانا دەبەخشێ.



هەرگیز ڕزگاری نابێ خۆی لە ژیانێکی یەجگار گەورەی وادا ئەبینێ، وەک بەتەواوەتی زیندوێتیی لە دەماریا نەهێشتبێتەوە وایە ئەو چەند بەتوندوتیژیی، خووەکەی شکاندووە، خووەکەیش ئەوەندە بەتوندوتیژی کاری لە ئاوی زیندەگانی ئەو کردووە!...

ڕەنگە بەبێ ئەمەی خۆی ئارەزوو بکات، زیندوێتییەکەی لە خۆیەوە بێتە دەرەوە کە ئەمەیش ئەبێتە هۆی کزیی و لاوازیی هەروەها ڕەنگە کزیی و لاوازییەکەی لە تێک چوونی لەش و هۆشیەوە پەیدابووبێ، کە ئەویش سەبارەت بەخووە نهێنییەکەی پێشووی بێ کە لە ئەندازە بەدەر کردووێتی، گەلێک گیروگرفتی ناو لەشیش هەیە کە لە تێکچوونی هێزی ڕەگەز بازییەوە پەدا ئەبێ کە ئەمانەیش ئەو تێک چوونی هێزی ڕەگەزبازییە خراپتر لێ ئەکەن، تا کوڕەکە وای لێ دێ دەماری پیاوەتی بەتەواوەتی نامێنێ.

پزیشک (مارک تودی) نووسیویەتی: ئەگەر هاتوو دەستپەڕ، لە تەمەنی زوودا یەجگار زۆرکرا، ئەوەندە زیان ئەبەخشێ بەخاوەنەکەی خۆی، کە ناهێڵێ بەجۆرێکی ئاسایی لەشی گەورەببێ ئەم دواخستنی گەشەکردنەیش، لەیەک کاتدا، لەش و هۆش و دەروون، پێکەوە، ئەگرێتەوە.

هەندێ جار زیانی هۆش لە ئەندازەیەکی گەورەدا ئەبینرێ.

هەندێ جاریش زیانی لەش زۆرتر دەرئەوێ بەهەموو ڕەنگ، کەس ئەوەی لێ ناشاررێتەوە، کە تێک چوونی لەش یاخود هۆش، لەوەوە پەیدا ئەبێ، کە هێزی ڕەگەزبازیی، کە ئۆباڵی بەئەستۆی هەموو کەسێکە هی خۆی بیپارێزێ، بەجۆرێکی ناهەموار و ناشایستە بەمرۆڤایەتی بەکار ئەهێنرێ.

جا ئەگەر لاوەکە لەو خووە تاوانبارە ڕزگاری بوو، بێ ئەمەی بەتەواوەتی کزببێ، بەلام پەیوەندیی پەیداکرد لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکاندا، کە ڕەگەربازییان لەگەڵدا بکات زۆری پێ ناچێ، سزای هەڵەو ناشێتیی خۆی، بەر ئەکەوێ چونکە، زووبێ یان درەنگ، لەوە تێ ئەگات، کە سروشت لەسەر ئەوە جەزرەبەی پێ گەیاندووە، کە یاساکانی شکاندووە، واتا تووشی یەک دوانێک لەو نەخۆشییە نهێنییانە پڕ ئازارانەی ئەکات کە بەجارێک تەندروستی و ژیانی تێک ئەدات ئیتر ئەویش وای لێ دێ، کە گەنگترین گیان لەبەر نزیکی ناکەوێت ئیتر ئەو ساکە، بەر کوتەکی ئازاری لەشوهۆشی خۆی ئەکەوێ ئەوساکە مەرگەساتی نەمانی دەماری پیاوەتییەکەی خۆی دێتە پێش چاو کە ڕەنگە لەوەپێش بەئاواتە خۆشەکانی ماڵ و ژنی خۆشەویست و منالانی ژێرەوە، دڵی خۆی خۆش کردبێ

چونکە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، ئەو نەخۆشییەی تووشی بووە، دوورنییە تا سەر، ماوەنەدات کە ئەو ئاواتە خۆشانەی خۆی بهێنێتە دیی ئیتر دەست ئەکات بەجنێودان بەو ڕۆژەی کە ئەو ئافرەتە سۆزانییەی ناسی، کە بەهۆی ڕەگەزبازییەوە لەگەڵ ئەودا، تووشی تێک شکانی لەش و پووکانەوەی ئێسک و بڕانەوەی ئاوی زیندەگانی و هێزی ڕەگەزبازیی بوو، ئەو هێزەی، کە بڕانەوەکەی لە کەڵکی پیاوەتی خست[1].

جا ئەگەر لەو تەنگوچەڵەمەیەیش ڕزگاری بوو و هەندێ هێزوهەڕەتی ڕەگەزبازیی بۆ مایەوە، کە بتوانێ دەست بکات بەژن هێنانێک، بێ گومان ئەو کچەی کە چەواشەی ئەکات شووی پێ بکات، خاوەنی سروشتێکی کز ئەبێ، ئەو ئارەزوو سروشتییەی تیا نابێ کە ڕەگەزی ئافرەت جوێ ئەکاتەوە لە ڕەگەزی پیاو، ئەوەی کە پاڵی پێوە ئەنێ سنوورێک دابنێ لەناوەند پەیوەندیی ڕەگەزبازیی بەجێ و نابەجێیان لە وزە بەدەردا.

بۆ جارێکی تریش، سروشتی سەر ڕەق، دێتەوە ناوان، بۆ ئەمەی پیاوەکە لەو نازوجیازەی پێی بەخشرابوو چەشنی دڕندە، خراپ بەکاری هێنابوو، بێ بەش بهێڵێتەوە ژنەکەیش لە تەندروستی و کامەرانی بێ بەش ئەکات.

چەند هۆیەکی تریش هەن بۆ نەمانی دەماری پیاوەتی یەکێک لەوانە، هەر لە دایک بوونی منداڵەکەوە دەست پێ ئەکات، کاتێ کە منداڵەکە ئەمەندە جلوبەرگی گرانی ئەکرێتە بەر، ناتوانێ جووڵە بکات کاتێ کە منداڵەکە بەزۆر ئەخەنە بەر بای سارد هەناسەی پێ بدات کاتێ کە بەزۆر منداڵەکە تووشی زۆر خۆریی ئەکەن، لە جیاتی شیری ئاسایی دایک، شیری دەست کردی ئەدەنێ، هەر خواردنێکیش لە چالاکی بخات ئەوەی ئەدەنێ لەوەیش هیچ گومان نییە، کە نیوەی ژمارەی ئەو منداڵانەی بەم جۆرە پەروەردەیان ئەکەن، بەکوژراویی ئەمرن.

تەنانەت ئەوانەی ڕزگاریش ئەبن لە مردن، پیاوەتی تەواویان دەست ناکەوێ، کە مافی خۆیانە دەستیان بکەوێ، نەیش ئەبوو لێی بێ بەش بمانایەوە.

ئەمەیش کاری شارستانێتییە کە پەیوەندیی بەگرنگترین کەینەوبەینەی هەموو

(١) بەداخەوە نووسەر ناوی نەخۆشەیەکانی نەبردووە کە پیاو یا ئافرەت بەهۆی پەیوەندی سێکسی نادروستەوە دوچاریان دەبێ، وەک (سوزەنگ، فەرەنگی...) و زۆری تر کە ترسناکترینیان ئەمڕۆ (ئایدز)ە و چارەکردنی زۆر ستەمە و ملیۆنەها بەدەستییەوە دەناڵێن، بەڵام ئەوانی دی بەهۆی داوو دەرمانەوە ئەگەری چارەکردنیان هەیە.



مرۆڤایەتییەوە هەیە، کە بوونی دەماری پیاوەتییە لەناو ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا و پاراستنی ئەو هێزەیشە بەڵام ئێمە نەبوونی ئەو هێزەمان بۆ جێگیر ئەبێ، نە پاراستنی ئەو هێزە بەپێچەوانەی ئەوە، لەسەرەتای ژیانی منداڵدا کەم تەرخەمی لە هەموو ڕوویەکەوە ئەبینین.

کە ئەو کارێکی وا ئەکاتە منداڵەکە هەر لە نووکەوە دەماری پیاوەتییەکەی گەورە نەبێ و گەشە نەکات هەروەها ئەو کەم تەرخەمییەیش لە تافی کوڕێنییدا ئەبینین چونکە باوک و دایکی کوڕەکە، کەم تەرخەمی ئەکەن لەوەدا کە کوڕەکەی خۆیان لە خراپە و زیانی (خووی نهێنی)یەکە ئاگادار بکەن، هەروەها ناچن چاوی بترسێنن لە ئەنجامی بەکارهێنانی[1] ئەو خووە پیسە کە ئەبێتە هۆی سەرگەردانی دواڕۆژی و تێکدانی هەموو لەشی جا بەهۆی ئەوەوە، کوڕەکە ئەبێتە سەرچاوەیەکی ئەرک و ئازار بۆ کۆمەڵایەتی لە شێکی لەڕولاوازی وای ئەبێ کە تیزی پێ بکرێ.

ژن ڕاکێشەکان[2] یارمەتی ئەدەن لە دامرکاندنی ئارەزووی ڕەگەزبازییەکەیدا.

دواجار مێردی ئاڵۆشاویی مان دێتە پێش چاو، کە هەروەک تافی کوڕێنی خۆی لێ ئەخوڕێ، جلەو بۆ ئارەزووی ڕەگەزبازیی خۆی بەر ئەدا، تاوای لێ دێ ئەبێتە پیاوێکی داتەپیوی تێک شکاو، کە هەر ئێسک و پروسکەکەی مابێتەوە و، وەک پەیکەرێک بەڕێدا بڕوا، لەوەپێش پیاوێک بوو کەچی ئێستاکە بووە بەپەیکەرێکی زیندوو باری (شارستانێتی) ئەنوێنێ[3]، کە هەر ئێسک و پروسکەکەی بۆ هێشتۆتەوە و لە کەڵکی پیاوەتیشی خستووە، کەچی هێشتا لە نیوەی تەمەنیایە.

منیش کە ئەم قسەیە ئەکەم، ئاگام لە خۆمە و ئەزانم ئەڵێم چی، بەهەموو کوڵی دڵیشمەوە ئەیڵێم: هەتا ئەم بارە بەم ڕەنگەبێ، ئێمە مافمان نییە بەخۆمان بڵێین شارستانین و پێشکەوتووین مەگەر هەر ئەوەندەی چینی باڵای (ڕۆما)ی کۆن ئەو مافەمان هەبێ!... ئەو چینەی کە لەلایەکەوە خۆیان بەگەورە پیاوی (ڕۆما) دائەنا، لەلایەکی تریشەوە ئەمەندە ژنانی و نێرەموک و ترسنۆک بوون کزیی و لاوازیی لەش وکردەوە و ڕەوشتیان، بووە هۆی سەرئەنگری کردنی ئەو شاهەنشاهییە گەورەیەی کە (ڕۆما)

(١) ڕاستتر: پەیڕەوکردنی... پراکتیزەکردنی.

(٢) ژن ڕاکێشەکان: مەبەست لە دەلاڵی ژنە سوزانییەکانە کە (گەوواد)یان پێ دەوترێ، ئەمەش لە (قواد)ی عەرەبەوە هاتووە یا (سمسار).

(٣) دیارە نووسەر بە تەوس و توانجەوە ئەمە دەڵێ، وەک کەمێکی دی رونی دەکاتەوە.

دامەزراندبوو گەلێک لە شارستانێتییە کۆنەکانی تریش، لە لاپەڕەکانی مێژوودا ئەم پەندەمان ئەدەنێ، کە زوو تێی ئەگەین.

نووسەری ئەم نووسراوەیش پڕبەدڵ دووبارەی ئەکاتەوە، کە یان ئەبێ زوو بەزوو ئەم باری کۆمەڵایەتییە بگۆڕرێ، یاخود ئەبێ ئەم شارستانێتییەیش تەفر و تونا ببێ و لەبیر بچێتەوە، هەروەها هەچ هێز و دەسەڵاتێکیشمان هەیە و شانازییان پێوە ئەکەین لە دەستمان دەربچن و لەبیرمان بچنەوە. ئەی خوێندەوار، وانەزانیت کە من لە ڕاستییەوە دوورم!... بام وەرامی ئەمە بدەینە دەست دواڕۆژ.

منیشس ئەمەندەم بەسە کە بیروباوەڕی خۆم بۆ هەموان ئاشکرا کرد.



## بەشی نۆیەم

### ژیانی خووی نهێنی

لە ڕاستیدا پیاو سەری سوڕئەمێنێ لەو باوکەی کە خەمی بیر ڕۆشنکردنەوە و پەروەرودەکردنی کوڕەکەی خۆی نەخوات لە بابەت ڕەگەزبازییەوە، کەچی هەر لەوکاتەدا چیی لەدەست بێت بەختی بکات بۆ خوێندەواریی ئەو و ئامادەکردنی بۆ ژیان. ئەو کە ئەم بابەتەی لەبیر ئەچێ، یاخود لەبیری خۆی ئەباتەوە، لەڕاستیدا نرخ و بایەخ و گرنگیی ئەم کارە نازانێ، هەروەها ئەندازەی کار تێکردنی ئەوەیش لە دواڕۆژی کوڕەکەی لێک ناداتەوە.

باو وایە کە خوێندەواریی ڕەگەزبازیی، بەڕەڵڵا بکرێ بۆ کەسانی تر، کە کەسیان فریان بەسەریەوە نییە جا هەر لەبەر ئەوەیە، کە ئەبینین کاروبار تێک ئەچێ و تەندروستیی کوڕەکان خراپ ئەبێ ئەوەیش نەک لەبەر ئەوە پەیدا ئەبێ کە کوڕەکانی کەتنێکیان کردبێ بەڵام لەبەر ئەوە پەیدائەبێ کە باوکەکان کەم تەرخەمییان کردووە لە تێ گەیاندنی کوڕەکانیاندا بەو باتەتە.

ئەو کارەی کە (خووی نهێنێ) بەلەشی دەست پەڕکەری ئەکات، هەر خۆی بەسە بۆ دەم کوتکردنی ئەوانەی شاردنەوەی کەینەوبەینەی ڕەگەزبازیی، لە منداڵ، بەشتێکی باش ئەزانن دەستووری ڕەگەزیی، ئەبێ وەک ڕۆژی ڕووناک لە هەموو کەس ئاشکرا بکرێ ئەوەیش لەبەر ئەمەیە کە منداڵەکە لەناوچەیەکی پڕ پێچ و پەناو شاردنەوەدا گەورەنەبێ نەوەک خوویەکی وا بگرێت، کە زۆر پێویست بێ خۆی لێ دووربخاتەوە، کوڕەکە، کە ئەو خووە نهێنییە بەجێ ئەهێنێ، هیچ زانیارییەکی نییە لە بابەت چۆنێتیی ئەو خووەوە و، ئەو زیانانەی کە لە مەشقکردن لەو خووەدا پێی ئەگەن چونکە لەلایەن خێزان و کەس و کاری خۆیەوە هیچ ئامۆژگارییەک نەکراوە، هیچ زانیاریی و ئاراستەکردنێکی پێ نەگەیشتووە بەم ڕەنگە منداڵەکە، کە هێشتا لە تەمەنی گەورەبوون و گەشەکردن و دامەزراویی دایە، لەشی لەڕولاواز ئەبێ و تووشی سیسی ئەبێ.

خووی نهێنی بریتییە لە کەتنێکی ئاشکرا دەربارەی یاسای بەرێزی ڕگەزبازیی ئەکرێ، کە فەرمانڕەوایە بەسەر سک و زاکردن و پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا ئەم شکاندنی یاسایە، بەکەتنێکی هەرە گەورە و گوناهێکی یەجگار نەنگ دائەنرێ ئەم کەتنە بەتەنیا، لەوەی و زیاندا کە ئەیان بەخشێ بەلەش و هۆش و ئەوەندەی هەموو تاوانە ڕەگەزییەکانی

تر، نەخۆشی تووشی لەش ئەکا و دەرد و ئازاری پێ ئەگێنێ و بڵاویشیان ئەکاتەوە.

بێجگە لەوە، کزەی جەرگەکانمان، لە تافی کوڕێنییاندا تووشی دەرد و ئازار ئەکات، کە بەوە هەچ هێوایەکمان بەدوارۆژیان هەبووە، هەڵ ئەوەشێنەوە بێجگە لەوە نەخۆشییەکان هی وایان تیایە تووشی لەش دێ، هی وایشیان تیایە تووشی هۆش دێ بەڵام نەخۆشییەکانی خووی نهێنی تووشی لەش و هۆش پێکەوە دێن.

چونکە مرۆڤ وا لێ ئەکات، هەر ئێسک و پروسکەکەی بمێنێتەوە، بەکەڵکی هیچ نەمێنێ جا ئەگەر ئەوە بزانین کە ئەم خووە پیسە چەند بڵاوبۆتەوە بەناو کەساندا لەو رازەیش تێ ئەگەین کە لە هەموو نەخۆشییەکان خراپتر و بەسام ترە، هەروەها لە هەموویشیان زۆرتر پێویستی بەچارەکردن هەیە.

مامۆستا (فولەر) لەم بارەیەوە گوتویەتی: (ئەگەر مەی خواردنەوە و دزیی کردن و ناپاکی و پیادان و کوشتن و بەنگ کێشان بخەینە تایەکی تەرازووەوە و، خووی نهێنیش بخەینە تایەکی تریەوە هێشتا ئەم تاکەیان گرانتری لێ دێ، چونکە ئەم بەدخووییە ئەبێتە هۆی شکاندنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و تێکدانی.)

هەر ئەوەندەمان بەسە کە بەراوردێک بکەین لەناوەند باری کەسێکدا کە هێشتا شارەزای خووی نهێنی نەبووبێ و باری ئەو کەسەیش کە تا ماوەیەک دەست پەڕی کردبێ. لەباری یەکەمدا وەک لاوێکی تونگوتۆڵ و گۆشتن و شان فراوان و چاوگەش و ڕوو خۆش مان دێتە پێش چاو، کە نیشانەی ئازایەتی و باوەڕ بەخۆکردن لە دەموچاویا دیارە بەجۆرێکی تێکڕایی، کەسێکی وایە کە پیاوەتی تەواوبێ لە هیچ کردەوە و ڕەوشتێکی کارگوزاریی و سەرکەوتنی کەم نەبێ ئنجا کە فێری ئەو بەدخووییە کڵۆڵە بوو، بام سەرنجێکی تری لێ بدەین: ئەمجارە وەک مرۆڤێکمان دێتە پێش چاو، کە نەهێزی پێ مابێ و نەدەسەڵات، چاوەکانی چوون بەقوولا، لەشی کزولاوازبووە، ڕەنگی زەردبووە نیشانەی شەرمنی و ترسنۆکی لەناوچەوانیا دیارە ترس لە کەسانی تر، شەرمیش لە خۆی!...

هەر ناشێتی و نەزانییە، کە ئۆباڵی ئەو سەرگەردانانەی بەئەستۆیە کە بەو جۆرە ئەکەونە گێژاوی خووی نهێنییەوە و ڕۆژ بەڕۆژ پەرە ئەسێنن، ئەگەر باوکەکان دڵسۆز بوونایە لە پەروەردەکردنی کوڕەکانیاندا ئەم کەینەوبەینەیە ئەوەندە گەورەی لێ نەئەهات.

بەڵام ئەو خووەی باوکەکان گرتوویانە لە پەروەردەکردنی منالەکانیاندا، کە ئەم جۆرە بابەتانەیان لێ بشارنەوە.



وا لەو منالانە ئەکات کە ڕوو بکەنە هاوڕێی خراپ و، لە بابەت بنج و بناوانی ڕەگەزبازیی و چۆنێتیی کاروباری ڕەگەزبازییەوە پرسیان لێ بکەن ئەو لاوانە بەلایانەوە وایە کە ئەو زانیارییە ڕێ تێک دەرە، ڕەنگە ئارەزووی زانین و پرس کردنیان دامرکێنێتەوە ئەمە ئەو ناخی زەوییە کە زۆربەی منالەکانمان، ئیمرۆ، تێی ئەکەون ئێمە لەدەستمان نابێتەوە، زانیارییەکی ڕاستەقینەیان لەو بابەتانەوە پێ ببەخشین لەبەر ئەوە ئەیانخەینە سەر ڕێگایەکی هەرە خراپ کە مرۆڤ پیا بڕوات ڕێگای خوێندەواریی پڕ پێچوپەناو ئامۆژگاریی سەر لێ تێک دەر. خوا ناشێتی لەناو بەرێ بۆ زیان و ئەرک و ئازاری!...

ناشێتی گوناهێکە، چاوی لێ ناپۆشرێ ئەوانەی کە ئەڵێن خوێندەواریی ڕەگەزبازیی، ئابڕوو ئەتکێنێ و شەرم هەڵ ئەگرێ لەناو کوڕان و کچاندا، لە ئەندازە بەدەر بەهەڵەدا ئەچن چونکە ناشێتی و نەزانی، پیاو یان ئافرەت ساکار و پاک ڕاناگرێ ئەو لە ڕاستیدا، پەردەیەکی ئەستوورە هەموو کەتن و کارەساتێکی ناخۆش و پێکەنین هێنەر لە پشتییەوە ئەکرێ و ئێمە نایان بینین ئێمە یەک منالی وامان نایەتەوە بیر، کە ئاشاکراکردنی کاروباری ڕەگەزبازیی، زیانی پێ گەیاندبێ بەڵام زۆر منالی وامان دێتەوە بیر کە خووی بێ دەنگی و شاردنەوەی کەینەوبەینەی ڕەگەزبازیی، لەلایەن باوکەکانیانەوە، پاڵی پێوە ناون بۆ لەناو چوون. دوژمنی هەرە گەورەی ئیمرۆمان شەرمی درۆیە، کە زۆر کەس ئەیکات بەبیانوو ئەو شەرمەی کە ناشی و نەزانەکان بەشاهکلاوێکی دائەنێن بۆ سەری کچەکان کەچی لەڕاستیدا، ئەو شەرمە، بریتییە لە پەردەیەک ئەو کچانە ئەیخەنە سەرچاوی ئێمە، بۆ ئەمەی بەڕاستی پەی نەبەین.

بەڵام چۆن ڕاستییەک!

ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە تووشی کوڕان و کچان دێن، بەهۆی دەست پەڕکردنەوە، بەڕاستی سەرنجی پیاو ڕائەکێشن.

بێجگە لەوەی کە ئەم خووە نەنگە، گیانی داوێن پیسی فرێ ئەداتە دەروونی خاوەنەکەیەوە، هێزی ئەوکەسەیش لەناو ئەبات و ئەیکات بەمرۆڤێکی کزولاوازی وا کە هیچی لە دەست نەیەت هەروەها دەمارەکانی مێشکیش کزوبێ هێز ئەکات و لە کەڵکیان ئەخات.

هێزەکانی هۆشیش بەجۆرێکی وا کز ئەکات، کە گێژ و وێژی لێ بێ و سست بێ لە تێگەیشتندا هەروەها بیرەوەریش کز ئەکات و وا لە خاوەنەکەی خۆی ئەکات کە نەتوانێ زاڵ بێ بەسەر خواست و ئارەزووی خۆیدا.

کابرا دەست بەکاری خۆی ئەکات، بەڵام پاش تاوێک هۆشی دێتەوە سەرخۆی، پەشیمان ئەبێتەوە لەو کەتنەی کە کردوێتی هەروەها ئەم خووە نەنگە، گەشی و تروسکە لە چاوەکانیا ناهێڵێ کە نیشای زیرەکێ ئیتر ئارەزووی خواردنیش ناکات چونکە ئاشگ (معدە)[1] بێ هێز ئەبێ و ناتوانێ فرمانی خۆی بەجێ بهێنێ لەمەشەوە کەم خۆراکی پەیدا ئەبێ یەکێک لە زیانەکانی تریشی ئەوەیە، کە دەستپەڕکەر دەستی فێری لەرزین ئەبێ، تەزوو بەلەشیا دێ، ترس و لەرزیش ئەکەوێتە دڵیەوە لە کەمترین شت، لەگەنگ ترین کاروباری بەجۆرێکی تێکراییی، هەرچەند ئەو کەسە دەست پەڕ بکات، هەنگاوێک لە خۆ کوشتنی سست نزیک ئەبێتەوە ئەمانە هەموو چاریان ئەکرا بەڵام ناشێتی، بەتەنیا هەر نەزانییە کە ئەمانخاتە سەر ئەم ڕێگایە.

پزیشک (ئادەم کلارک) دەری پەڕاند گوتی: (هەرچەند کوڕەکە دەست پەڕ ئەکات، موچڕکێک بەلەشیادێ ئەم موچڕکە لە ڕاستیدا موچڕکی مەرگە بەلەشیادێ چونکە سروشت کەسی وای دروست نەکردووە و، کەسی وایش دروست ناکات کە دەست پەڕ بکات و وەک خۆی بمێنێتەوە.

پزیشک (براون)یش کە یەکێکە لە باوەڕ پێکراوەکان ئەڵێ: (بەپێی ئەو کارەساتانەی کە دیومن و هاتونەتە پێش چاوم بۆم دەرکەوتووە کە دەست پەڕ، هێز لە لەش ئەبڕێ و ئەبێتە هۆی ئاو فڕێدانێکی وا کە بەدەست خۆی نەبێ، پەلوپۆ لە کەڵک ئەخات، ئەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشییەکانی: فێ گرتن و بڕست بڕان و مێشک ورووژان و تێکچوونی ئاشگ و کزیی دەمارەکانی مێشک و خەمباریی و گرفت و خاوبوونەوەی ماسولکەکان و کزبوونی بڕبڕاگەی پشت. بەواتایەتی تر لەش زیندوێتییەکەی نامێنێ و کزیی و بێ هێزییەکی وایشی تووش ئەبێ کە نەتوانێ هیچ فرمانێک بکات).

ئەنجا باوکەکە چی ئەفەرمووێ، کەوا دەستە ئەژنۆ دانیشتووە و سەیری کوڕەکەی ئەکات خۆرە داوێتی لە ئێسکەکانی و خەریکە مێشکەکەی ناوی ئەخوات؟ هێشتا هەر لەسەر بیروباوەڕی خۆی ئەمێنێتەوە، تا دەست پەڕەکە، کزەی جەرگەکەی لەناو ئەبات و دواتنۆکی ئاوی ژیانی لێ دەرئەهێنێ، یاخود تا نووزەیەک لە کوڕەکەیدا ماوە، چارەیەکی گیروگرفتەکەی ئەکات و، ڕاستیی بەئاشکرا بۆ دەرئەخات تا ئەویش لەم دوو ڕێگایە یەکێکیان بگرێت: یان ڕێگای ژین بگرێت، یان ڕێگای مردن؟!.

(١) یان: گەدە.



خوا ڕۆڵەی بۆیە پێ نەبەخشیوین تا کەم تەرخەمیی لەگەڵابکەین و خۆمانی تێ نەگەیێنین؟ بۆ ئەوەی پێ بەخشیوین کە وەک باربوویەکی بەنرخ پەروەردەی بکەین و سەرەوتی بپارێزین. ئێمەیش ئەگەر مناڵ بەرەڵڵا بکەین بەناو تاریکیی نەزانینێکی نەنگدا بڕوات بەرێوە و هەڵ ئەنگوێ، کەسی دەست ناکەوێت، دەست بداتە باڵی و ڕاستی بکاتەوە ئەوساکە یەکێ لە دەستوورەکانی خوایی ئەشکێنین، کە زاڵە بەسەر ئێمە و هەموو جیهاندا ئایا هیچ شتێک لەوە سەیرتر هەیە، کە باوک بەدەستی خۆی گۆڕێک هەڵ بکەنێ و کوڕەکەی خۆی بەزیندوێتی تێ بخات؟!.

ئەمە ئەو ڕاستییە یە کە ئێمە ئیمڕۆ تیا ئەژین وا دەرئەکەوێ کە زۆر گرنگ و سامناک بێ؛ لە ڕاستیدا ئێمە تۆزێک خەمی بەرەی نوێ، ڕۆڵەکانمان، ناخوێن هەروەها نایشمانەوێ ڕێگایان بۆ ڕۆشن بکەینەوە، تا خۆی خەمی خۆی بخوات نە ئێمە ئامۆژگاریی ئەکەین و بەکاری دێین نە خۆیشی لە نەزانییەکەی خۆی کەڵکی وەرگرت.

جا ئەگەر کاروباری ڕەگەزبازیی بەم ئەندازەیە بەخراپ دابنرێ، وەک هەندێک دێتە پێش چاویان، پێویستە لەسەرمان کە لە پێش هەموو شتێکا کوڕەکانمان لەم خراپەیە ئاگادار بکەین، ئەم خراپەیەیان تێ بگەێنین.

نەوەک خراپەکە، لەناکاو بدات بەسەریاندا و پێیان نەکرێت بەرەنگاریی بکەین جا ئەگەر چاکە لەپێش چاوی مناڵاندا بەئاشکرا ببینرێ، ئەگەر لەتەنشت خراپەوە دامانینا، مناڵەکان چاکتر تێی ئەگەن هەروەک ئەوە فێری مناڵان ئەکەین کە بەهەشتێک هەیە و پێویستە بیگەنێ، هەروەها پێویستە ئەوەیشیان تێبگەێنین کە ئاگرستانێکیش هەیە نابێ خۆیانی لێ نزیک بخەنەوە جیاوازییش زۆر هەیە لەناوەند ئەو ئاگرەدا کە پیاو ئەسووتێنێ و ئەو ڕووناکییەدا کە ڕێگاڕۆشن ئەکاتەوە.

هەرکەسێ پێچەوانەی سروشت وەستا، جەزرەبەی بەتوندیی پێ ئەگەێنێ ئەو باوکەیش کە باکی نەبێ لە سروشت، ناتوانێ مناڵەکانی خۆی باش پێ بگەێنێ یاسای سروشتیش ئاشکراو دیارە، نابێ پێچوپەنای لەگەڵدا بکرێ ئەو وای بۆ داناوین کە پێویستە ڕێگەی شارەزاییی بگرین، نەک ڕێگەی نەشارەزاییی کردوێتی بە فرمانێکیش لەسەرمان، کە ڕاستوڕەوان هەموو ڕاستییەکی کەینەوبەینەی ڕەگەزبازیی لە مناڵ ئاشکرا بکەین، تا نەکەونە بەر جەزرەبەی سروشتی پەند بەخش چونکە نە گوناهێکیان کردووە و نە کەتنێکیشیان لێ قەوماوە، بەڵام تەنیا ڕێگایان لێ ون بووە مناڵ پشت بەباوکی خۆی ئەبەستێ، کە بیپارێزێ جا ئیتر لە پاراستنی لەش و هۆش گرنگ تر هەیە؟ ئەو لەشەی

کاری پێ ئەکەین و ئەو هۆشەی بیری پێ ئەکەینەوە؟ لەم ڕووەوە مامۆستا (فاولەر) گوتوویەتی:

(لە ڕاستیدا، ئەوە چاترە کە مناڵەکانمان لەسەرەتای ژیانیانەوە بکوژین، نەک بەڕەڵڵایان بکەین، بکەونە گێژاوی ئەو خووە پیسەوە کە مرۆڤ لەناو ئەبات، بۆ چ خوا بەدەست بەستراویی دروستی کردووین، وا هیچ جووڵەیەک ناکەین؟!...)

(خووی نهێنی)، لە هەموو کەتنەکانی ڕەگەزبازیی، بەدتر و سامناکترە چونکە گیانی داوێن پیسی و کەتنی ڕەگەزبازیی ئەخاتە دەروونی خاوەنەکەی خۆیەوە نەتێکەڵ بوون بە ئافرەتی سۆزانی، نە زۆرکردنی کاری سک و زا لەگەڵ ژنی خۆیدا، نە داوێن پیسی، ئەمانە هیچیان ئەوەندەی (دەست پەڕ) زیان لە ڕەگەزی مرۆڤایەتی نادەن چونکە خووی نهێنی، لە تافی هەرزەکاریدا تووشی کچ و کوڕ دێ جا لەو تەمەنەدا کوڕ و کچ دڵیان ناسک ئەبێ، هەر گۆڕران و گەشەکرنێکیش لە لەش و دەروونیاندا ڕوودات، زوو بەزوو کاریان لێ ئەکات ئەنجامی ئەوەیش وای لێ دێ، کە ئەم خووە نهێنییە، گیانی کردەوە نەنگی و داوێن پیسی فڕێ ئەداتە ناو دەروونی پاکی ئەو کوڕوکچانەوە.

کەچی پێویست وابوو بیروباوەڕی کردەوە پاکی و ڕەوشت چاکی لە دەروونیاندا بڕوێنرێن.

هەر خوار و خێچییەکمان لە کردەوە و ڕەوشتی کچ و کوڕدا دیی، لە تەمەنی هەرزەکارییدا، ئەتوانین بیخەینە ئەستۆی ئەم خووە ماڵ وێرانکەرە، کە گوێ ناداتە هیچ کردەوەیەکی جوان و چاکەیەک ئەگەر حەزبکەین مناڵەکانمان واز لە کردەوە و ڕەوشتی خراپ و ناشیرین بهێنن، پێویستە لە پێش هەموو شتێکا لەم خووە پڕ سەرگەردانییەیان ڕزگار بکەین کە پێ ئەنێ بەئایین و کردەوەی چاکدا، نەباکی هەیە لەکەس، نەپەروای هەیە لە هیچ شتێک.

لەم دواییەدا، لە لێدوانێکی پزیشک (ود وارد)دا ئەمە نوسرابوو:

(ئەگەر ئاو فڕێ دان، کە لە ڕاستیدا بەئاوی زیندەگانی دائەنرێ، پەڵ بدات لە باڵی پیاوەتییەکی شۆخ و شەنگ ئەی ئەبێ لە مناڵە هەرزەکارەکان چی بکات، کە لە هەموو کەس زۆرتر پێویستییان بەگەورەبوون و گەشەکردن هەیە؟

ئەمە دەربارەی لەشە بەڵام دەربارەی هۆش، هەر ئەوەندەمان بەسە کە ئەو نامانە بخوێنینەوە کە نەخۆشخانەکانی نەخۆشیی هۆش، جاروبار، دەریان ئەهێنێ، بۆ ئەمەی پەیوەندییەکی بەهێز ببینین لەناوەند (خووی نهێنی) و (شێتی)دا.



ئێستاکە ڕەنگە خوێندەوار بپرسێ: ئاخۆ بۆمان ئەکرێ هەرچی (خووی نهێنی) لەناو لەش و هۆشماندا بەجێی هێشتووە، لە ڕەگوڕیشەوە دەری بهێنن؟

وەرامی ئێمەیش ئەمەیە، کە هەروەک لەوەپێش گوتمان سروشت هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکی وای دروست نەکردووە و دروستیشی ناکات، کە (دەست پەڕی) کردبێ و وەک خۆی مابێتەوە واتا هەرکەسێ ئەم خووە نهێنییەی بووبێ ناگاتە ئەو ئەندازەیەی، کە ئەگەر دەست پەڕی نەکردایە، لەوانەبوو پێی بگات لەگەڵ ئەمەشا نابێ ئەم ڕاستییە هەموو کەسێک بگرێتەوە، وەک هەندێک دێتە پێش چاویان چونکە دەست پەڕکەر، ئەتوانێ خۆی لەم خووە نهێنییە لابدات و زۆر لەو هێزانەیش کە بەهۆی ئەو خووەوە لە دەستی چووە، بیگەڕێنێتەوە دواوە بۆ هەموو ڕەش بینێکیش ئەم ئامۆژگارییە ئەکەین:

(زۆربەی کاتی خۆت لەناو بای پاکدا ڕابوێرە چەندیشت پێ ئەکرێ، وەرزین بکە. ئەمانە لە هەموو شتێک باشترن بۆ تۆڵەکردنەوەی[1] تەندروستیی لەدەست چوو هەرگیز بیر لە خراپەکردن مەکەرەوە هەر ماوەی چاکەبدە، کە زاڵ بێ بەسەر هۆشتا، بۆ ئەمەی چاکترین ڕێگای ژیانت پێشان بدات.

بەهەموو کوڵی دڵتەوە سوێند بخۆ کە خۆت ئەکەیت بەپیاوێکی تەواو، لە پیاوەتی تەواویش بەولاوە هیچی ترت ناوێ.

پیاوەتی تەواویش ئەوەتا کە ڕێ نەدات بەهیچ شتێکی خراپ خۆی فڕێ داتە ناو کردەوە و ڕەوشتیەوە لەجیاتیی ئەوە بەرەنگاریی خراپە ئەکات و بەسەریشیا زاڵ ئەبێ بەواتایەکی تر ئەبێ ببیتە گەورەی خۆت مەهێڵە ئارەزوواتی هیچوپووچ بەسەرتا زاڵ ببێ و کاری خراپت لێ بکات دیارە کە ئەم کارەیشت دەمودەست بۆ سەر ناگرێ، گوێ مەدەرە دەمو دووی ئەمو ئەو کە وا چاوەڕوان ئەکەن ئەم کارە زوو بێتەجێ بەڵام ئارام گرتن لێرەدا، وەک لە هەموو شتێکا وایە، پێویستە لەسەر هەرکەسێک کە ئەیەوێ ڕێگای چاک کردنەوەی نەخۆشییەکە بگرێ تا ئەگات بەئەنجام ئەوەیش بزانە کە خۆشکاندن و پاش گەزبوونەوە، لەسەرەتای کاردا، هیچیان لێ پەیدا نابێ ئەوە نەبێ کە ئەنجامی خراپت تووش بێت.

(لە تەنیایی خۆت بپارێزە، چونکە سەرچاوەی هەموو خراپییەکە، پاڵپێوەنەری هەموو ئاڵۆش و خرۆشێکە کەم ڕێ ئەکەوێ، کەسێک بەتەنابێ و بیر لە ڕەگەزەکەی تر نەکاتەوە لەبەر ئەوە، هەرچەند تەنیا بوویت، مەهێڵە بیری خراپ بێتە مێشکتەوە دەمودەست لە

(١) یان: قەرەبووکردنەوەی...

ماڵ بچۆرە دەرەوە و دەست بکە بەوەرزش تا تۆزوگەردی گێژ و وێژیی و بێ کارەیی لەخۆت بکەیتەوە چەند هاوڕێییەکی باش هەڵ بژێرە، کە دەستت پەرژا لەگەڵیاندا بەپاکی و چاکی و بڵندییەوە ڕابوێری. هەرگیز نەهێڵێت تەمەڵی لە ڕاست یان لە چەپەوە سوارت بێ

چونکە تەمەڵی، هانەی پیاو ئەدات بۆ خووی نهێنی و خرۆشەکانی تر هەمودەم ڕۆشنیی مێشکت و پاکیی بپارێزە.

هەرگیز نەهێڵێت بیری خراپ بێتە ناویەوە چونکە هۆشی تێک چوو پێی ئەکرێ ژیانی خاوەنەکەی خۆی تێک بدات.

(بەڵام ئەگەر هاوڕێیەکت لە لانەبوو، یان نەت توانی لەماڵ بچێتە دەرەوە، لە هەموو شتێک باشتر ئەوەیە کە فرمانێکی بەکەڵک بکەیت، لەپێش لەش تا، هۆشتی پێوە خەریک بکەیت کارێکی وا بدۆزەرەوە کە لەش و هۆشت پێیەوە خەریک بێ، پێیەوە ماندووبێ، جا کە لێی بویتەوە و لەسەر پێخەفەکەت بەسەر گازی پشتا ڕاکشایت، هەر لەخۆتەوە ئارەزوویەکی تەواوی خەو ئەکەیت، ئیتر خەوت لێ ئەکەوێ و ماوەی ئەوەت بۆ نامێنێتەوە کە بیر لە شتێکی پڕ جۆش و خرۆش بکەیتەوە لێرەدا دووبارە قسەکەی پێشوومان ئەڵێینەوە: کە وازهێنان لە (خووی نهێنی) بەیەک جار پێک نایەت ئەبێ، جار، لەسەر جار، بەرەنگاریی ئارەزووی دڵ بکرێت. هەر جارێک مرۆڤ، ئارەزووی بزووت و زاڵ بوو بەسەر دڵی خۆیدا، کارە نهێنییەکەی نەکرد، بەوە هەنگاوێک ئەنێ بەرەو چاک بوونەوەیەکی تەواو تا ئەتوانیت و پێت ئەکرێ کە خۆت لە کردەوەی خراپ و تاوانباریی بپارێزە.

نزیک ئاگر مەکەوە، بام نەسووتێیت، پەنجەی پەشیمانی نەگەزیت.)

کەسانی وایش هەن، کارە نهێنییەکەیان لە کۆڵ ئەبێتەوە، بەڵام شوێن پێی کارە نهێنییەکە لە لەشیاندا هەر ئەمێنێتەوە ئەوانە نابێ وەڕس بن چونکە گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە کە دەردەکە لە ڕەگوڕیشەوە دەربکێشرێ بەڵام شوێن پێی دەردەکە تا ئەندازەیەکی هەرە گەورە، ئەتوانرێ لاببرێ.

ئەو کە ڕزگاری بوو لە دەست دەست پەڕکردن، ئیتر هەر ئەوەندەی لەسەر ئەمێنێتەوە کە سەر لەنوێ لەش و هۆشی خۆی دابمەزرێنێتەوە هەموویشمان ئەوە ئەزانین، کە هەموو کەس، وەک یەک، لە توانایدا هەیە لە خۆی کەسێکی تر دروست بکات، کە لەو نەچێ و لەویش چاکتر و بەهێزتر و شەنگتر بێ ئەوەیش بەهۆی وەرزشێکی تەواو و خەم خۆرییەکی تەواوەوە پێک دێ دەربارەی تەندروستی و لەش خۆشی جا کە لەش هێز و گوڕی سەندەوە



و کەوتە تەندروستییەوە، دەمارەکانی مێشکیش بەهێزوچاک ئەبن، هۆشیش گەشە ئەکات و بەرهەمەکانی باش دەر ئەچن بەکورتی نەخۆشەکە، نابێ ئەم هەلە لە دەست خۆی بدات؛ چونکە ڕێگەکە ئاسانە و ئاشکرایە بۆ چاک کردنەوەی لەش و هۆشی، پێویستە بیگرێت تا زوو بەزوو بگاتەوە سەر دۆخی جاران.

دەست بکە بەژیانێکی نوێ ڕابردوو لەبیر خۆت ببەرەوە.

چونکە ڕابردوو، زۆرکەم بەکارت دێ هەموو ژیانی خۆت تەرخان بکە بۆ ئەو شتانەی کەڵک و چاکەیان تیایە بەڵام بیروئەندێشەی ناهەموار و بەد کە هیچ کەڵکێکیان تیانییە، خۆتیان لێ دووربخەرەوە، دەریان بکە لە مێشکی خۆت، لەژێر پێتا بیان پلیشێنەرەوە تەنیا بیر لەدوارۆژی خۆت بکەرەوە، کە چ خۆشییەکت دەست ئەکەوێ خۆت ئامادە بکە بۆ پێشوازیی کارەساتی دوارۆژ تا لە پڕتووشی زیانێک نەیەیت تەندروستیی خۆت بپارێزە، چونکە تەندروستی، بۆ تۆ، لە گەورەیتا گەلێک پێویست ترە لە تەمەنی بچووکیتا، پیاوی زرنگیش هەمودەم، جیهان داریی خۆی وا ئەکات، وەک تا سەر بژیی وایە.

خۆت وا لێ بکە کە بەچاوێکی پڕ ڕێز و پەسەندکردنەوە سەیرت بکەن نەک بەچاوێکی پڕ قێز و بێزەوە سەیری دەموچاوە ڕەنگە زەردەکەت و لەشە لەڕو لاوازەکەت بکەن.

بام سەیری تەواویی لەش و هۆشت بکەن، سەریشیان سوڕبمێنێ لە هێز و توانا و سەرکەوتن و تێکۆشانت بیر لەخۆشیی ئەو ژیانە پاکە بکەرەوە کە دووربێ لە چاووڕاو چەواشەکردن. مەهێڵە دڵ پیسی زاڵ ببێ بەسەرتا، بام ژینت لێ تێک نەدات بۆ هەرشوێنێک ئەچیت بەدوای جوانیدا بگەڕێ.

جوانییە سەرمەست کەرەکەی سروشت کە لە سەروو هەموو جوانییەکەوەیە مێشکت پڕ بکە لە بیری چاکە و ڕاستی و دروستی، تاماوە نەدەیت بە ئالۆش و خرۆشی ناکاو زاڵ ببن بەسەرتا و هەڵەت پێ بکەن بەتیشکی خواناسی و خۆپاراستن لە بەدکاریی، هەموو تاریکییەکی ناو مێشکت ڕۆشن بکرەوە، تا لە ڕێگە لانەدەیت.

بەکورتی ئەوەمان لە تۆ ئەوێ کە پیاوەتییەکەت لە هەموو کردەوە و کارێک و ڕەوشت و خوویەکتا دەربکەوێ دەرکەوێ لە لەش و هۆش و ڕەوشتا بۆ ئەو کلۆڵانەیش کە هێشتا لە ژێرچنگی خووی نهێنیدان وا ئەم ڕێوشوێنە دائەنێین، لەوە دڵنیابن کە یارمەتییەکی باشیان ئەدات لە واز لێ هێنانیا:

(کە بەیانیان لە خەو ڕاپەڕیت، زۆر لەناو جێگاکەتا مەمێنەرەوە، دەمودەست وەرە دەرەوە و خۆت لە خەوو خاویی ڕزگار بکە هەروەها خۆیشت لە تەمەڵی و خوکێشانەوە

دووربخەرەوە دەست بەجێ، دەست بکە بەوەرزشێکی وەها کە وریات بکاتەوە و هەموو ئەندامەکانی لەشت بجووڵێنیت کە لە وەرزشەکەت بوویتەوە، ئاوێکی سارد بکە بەخۆتا پاش ئەوە بەخاولییەکی وشک خۆت وشک بکەرەوە لەپاش چەند ڕۆژێک ئەمەندە ئەنجامی خۆشت دەست ئەکەوێ، کە بەچەند دێرێک پێشان نادرێت.

جلوبەرگی وا لەبەر بکە کە لەشت لە گەرمایی ئاساییدا بهێڵێتەوە وریابە، هەموو دەم جلوبەرگەکانت ماوەی با بدەن کە لەلەشت بکەوێ ئەگەر توانیت خۆت بدەیتە بەر با، واتا خۆت بە با بشۆیت، بیکە، لەدەست خۆتی مەدە چونکە کەڵکی وای تیایە کە بەبیر زۆرکەسدا نایەت.

هەر شتێک فڕی بەسەر ڕەگەزبازییەوە هەیە، خۆتی لێ لادە مێشکی خۆیشت لەبیری بەدوخراپ دوور بخەرەوە لە جیاتی سێ ژەم، دووژەم خواردن بخۆ بەڕۆژ، بەهەموو سەربەستییەکتەوە ئاو بخۆرەوە هەر دووکاتە جارێک: هەندێ ئاو بخۆرەوە خۆت وا ڕابهێنە کە هەرچی بۆ تەندروستیت باش بێ ئەوە بکەیت، هەرچی نەخۆشییەکت هەیە چاکی بکەیتەوە مێشکت خەریک کە بەکارێک یاخود بەهونەرێکەوە، بۆ ئەمەی ماوە نەدەیت بەبیری پڕوپووچ بێتە مێشکتەوە.

بام ژەمی یەکەمی خواردنەکەت لە کاتی دووەمی نیوەڕۆدابێ ژەمی دووەمیشی لەکاتی شەشەمی ئێوارەدا بێ تا سێ کاتیش نەڕوات بەسەر خواردنی ئێوارەدا، واتا کاتی نۆیەم بەلای کەمەوە مەچۆرە جێگاوە بنوویت پێش ئەمەی پارووەکە قووت بدەیت، زۆر بەباشی بیجوو تا شل ئەبێتەوە.

پەنجەرەکانی ژوورەکەت، هەمووەدەم بکەرەوە تا با یەکەی ناوی تازە ببێتەوە و بەپاکی بمێنێتەوە پێ خەفی گران و ئەستوور مەدە بەخۆتا تا پیت ئەگرێت پێخەفەکەت سووک بکە، ئەوەندە کە بتوانێ پلەی گەرماییەکی بەجێ لەلەشتا بپارێزیت و با پەڕ نەبیت و سەرما لێت نەدات.

تا پێویستییەکی زۆرت بەخەو نەبێت، مەچۆرە ناو پێخەفەکەتەوە بەواتایەکی تر تا لەشت ماندوو نەبووبێ و کە چوویتە سەر سەرین دەمودەست خەوت لێ نەکەوێ مەچۆرە ژووری نووستنەوە ئەگەر هاتوو، لەکاتی نووستندا، پەژارەیەکت هاتە مێشکەوە، و نەیهێشت خەوت لێ بکەوێ، دەست بەجێ جێگەکەت بەجێ بهێڵە، تا جارێکی تر خەو نەزێتە چاوتەوە مەچۆرەوە ناو جێگاکەت.



## بەشی دەیەم

### پەیوەندیی ناپەسەند و زیانەکانی

لە ڕاستیدا داوێن پیسی، شکاندنێکی ئاشکراو دیاری یاسای ژیانە، کەوای داناوە تەنیا ئافرەتێک بۆ تەنیا پیاوێک بێ، زیانی داوێن پیسی یش لە هەمووکەسەوە دیارە هەموومان لەوە شارەزاین کە کەتنی داوێن پیسی، جاروبار، کارەساتی چەند بەئەرک و ئازاری لێ ئەوەشێتەوە سروشت وای داناوە کە کاری ڕەگەزبازیی لەناوەند کوڕ و کچێکدا بەم جۆرە پێک بیت، کە لەسەر بنچینەیەکی خۆشەویستی هەردوولا و ڕێزگرتنی هەردوولا دامەزرابێ، نەک تەنیا لەبەر دامرکاندنەوەی ئالۆشێکی ناکاو جا لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندییە ناپەسەندە دڕندانەکان، بەدترین و زیان بەخشترین ئەنجامیان لێ پەیدا ئەبێ ئەویش لەوەی و زیان بەخشیندا لە (خووی نهێنی) کەم ترنییە...

زیانی داوێن پیسی گەلێک زۆرترە لەوەی کە مرۆڤ دێتە پێش چاوی چونکە ئەو کوڕەی داوێن پیسی ئەکات: یان ئەوەتا داوێن پاکی و ئابڕوو لە کچێکی بێ گوناە داگیر ئەکات یاخود ئەوەتا هاودەمیی ئافرەتێکی سوزانی ئەکات، وەک ژن و مێردێک، یان ئەوەتا لە دەرگای سوزانییەکان ئەدات، کاری ناپەسەندی خۆی ئەکات و ئەڕواتە دەرەوە.

هەرسێ بارەکەیش، یەک لەیەکتری خراپترن لە باری یەکەمیاندا کەتنێکی وا ئەکات کە چاوی لێ ناپۆشرێ لەباری دووەمیاندا ناوبانگی خۆی خراپ ئەکات و ناوونیشانی خۆی لە دەست ئەدات لە باری سێیەمیشیاندا، ئارەزووی ڕەگەزبازییەکەی خۆی ئەهێنێتە خوارەوە بۆ گەنگترین پلە ئەمە بێجگە لەوەی کە تەماشاکردنەکەی خۆی بۆ ئافرەتی پایە بەرز، بۆ ژۆ ئەکات و، ئەو پەسەندکردن و سەرسوڕمانەیش هەیبووە بەرامبەر ئافرەت لە دەست خۆی ئەدات چونکە تێکەڵ بوونەکەی بەئافرەتی داوێن پیس، دڵی پێ ئەگۆڕی بەرامبەر ئافرەتانی داوێن پاک، ئەو ڕێز و پەسەندکردنەی پێویستە لەسەری بیکات بەرامبەری نایکات، بەم ڕەنگە، بەچاوێکی تر تەماشای هەموو جۆرە ژنێک ئەکات کەمتر ڕێزیان لێ ئەگرێت.

چونکە ئافرەتی وادێتە پێش چاو کە هەر بۆ پێڕابواردن دانراوە هەر کەسێ کەوتبێتە ناو داوێن پیسی و ئافرەتی سوزانی بەکارهێنانەوە، لە کردەوە و ڕەوشتی ئەو ئافرەتانەدا هەرچی خراپە ئەوە ئەبینێ ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەبێ کە زۆر ڕق لە ئافرەت هەڵ ئەگرێ چونکە بەهەڵەدا ئەچێ، وا ئەزانێ هەموو ئافرەتێک ڕەوشت و خووی وەک ئەو ئافرەتانە

وایە کە دەستی لە گەڵا تێکەڵ کردوون ڕاستی پەرست (شۆبنهور)[1]، نموونەیەکی ڕاستەقینەی ئەم بیرە بوو.

بەڵام لە ڕاستیدا، ئاڵۆش و خرۆشی دڕندانەیە کە ئەو شێت و وێتانە ئەگەیێنێتە ئەو جیهانە پەست و نەنگە هەرلاوێک بەر ئەو گێژاوە بکەوێ، کەمی خۆشی دەست ئەکەوێ[2]، بەڵام ئازاری زۆر ئەگات ئەمە ئەگەر ڕێگای گەنگ و نەنگ خۆشیی لێ وەرگیرێ! من نازانم لاوێک چۆن خۆشیی پێ ئەگات لەگەڵ ئەو جۆرە ئافرەتە سۆزانییانەدا، کە هەر خەمی پارەیانە، لە ڕاستیدا خۆشی لەوەدایە، کە کوڕوکچ بەرامبەر یەکتر هەست بەخۆشەویستی بکەن و لە یەکتریش تێ بگەن.

ئەو توندیی و تووڕەییەی کە لە کاتی پەیوەندیی نا پەسەنددا ڕوو ئەدات، خراپترین ڕووی داوێن پیسییە چونکە لنگ تێکەڵ کردن لەو شێوەی سەرچڵییەدا، هیچی لێ پەیدا نابێ، خراپترین ئەنجام نەبێ.

---

(١) شۆبنهاور: فەیلە سوفێکی ڕەشبینی ئەڵمانی بووە، لە ١٧٨٨ لە شاری (دانزگ) لە خێزانێکی بووە و دەسترۆیشتودا هاتۆتە دنیاوە، باوکی بازرگان بووە و دایکیشی ڕۆشنبیر و ڕۆماننوس بوو، بەڵام نێوان ئەو ژن و مێردە خۆشنەبوو، لە ١٨٠٥دا باوکیی خۆی دەکوژێ و ئیتر دایکیشی بەرەو شاری (ڤایمار) دەبێتەوە، لەوکاتەدا باشترین چیرۆک و ڕۆمانی بڵاودەکردەوە و حەزیشی لە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کەیف بوو، شۆبنهاور بەم جۆرە ژیان و ڕابواردنەی دایکی ڕازی نەبوو، بۆیە هەر لەوساوە لێی جیابۆوە و ناوبەناو نەبێ (وەک میوان) دەچوو سەری لێدەدا، دەڵێن جارێک لە گەرمەی دەمە قاڵییاندا لەسەر ڕابواردن و بەرەڵڵایی؛ دایکی لە پێپلیکانەی سەرەوە پاڵی پێوە دەنێ و دەیخاتە خوارەوە، لێرەوە قاچی دەشکێ و تا مردن بەشەلی دەمێنێتەوە. دوای ئەمە ٢٤ ساڵ دایکی ژیا بێ ئەوەی چاوی بە کوڕەکەی بکەوێتەوە، ئەویش گرێیەکی وا لە هەست و دەروونیدا دروستبوو کە بەدرێژایی ژیانی ڕقی لە ئافرەت دەبۆوە، دەیوت: ئەو مرۆڤەی لە سۆزی دایکی مەحرومبێ و خۆشەویستیەکەی نەچێژێ و تەنیا ڕق و کینەی نەبێ، هەرچی جوانی و خۆشی دنیایە بەلایەوە هیچە. بەدەر لەمە خووی دایە خوێندن و لێکۆڵینەوە، فەلسەفە بووە خولیای ژیانی، تا مرد تەنیا و بەڕەبەنی مایەوە خەریکی نووسین بوو، لە کتێبە بەناوبانگەکانی (جیهان وەک بیروتوانست)، لە ١٨٤١دا کتێبی (تەنگوچەڵەمەی بنەڕەتیی ئەخلاق)ی نووسی، لە ١٨٢٣بووە مامۆستای زانکۆی بەرلین،لە ١٨٣١ چووە فرانکفۆرت، لە ١٨٧٠دا لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی لە پڕ گیانی دەرچوو. (بۆ زیاتر بڕوانە: ول دیورانت- قصه الفلسفه- مکتبه المعارف، بیروت. ت: فتح الله محمد مشعشع- ط (٤) ١٩٧٩، ص ٣٨٤- ٤٥١)

(٢) ڕاستتر: خۆشی کە دەست ئەکەوێ.



بەهۆی ئەوەوە: لە لەشدا زیندوێتی کەم ئەبێتەوە، لە هۆشدا مێشک نامێنێ، لە ئێسکیشدا ناوەڕۆک لەناو ئەچێ بەکورتی خوێڕێتی لە ڕەگەزبازییدا، خێرا پاڵ بەمرۆڤەوە ئەنێ بۆ تێک شکاندن و سەرگەردانی، کەچی پەیوەندییە بەرز و پیرۆزەکەی ناوەند ژن و مێرد، مرۆڤ بڵند ئەکاتەوە، مرۆڤ پێ ئەگەینێ.

سروشت باجێکی یەجگار گرانی داناوە لەسەر ئەوانەی کە لەو ڕێگا خوار و خێچەوە ئەڕۆن زۆربەی ئەوانەیش کە داوێن پیسی ئەکەن، بەر ئەم باجە گرانە ئەکەون کاتێ کە سروشتیش دەستوورەکانی ئەو یاسایەی بۆ دانایین کە ئەم جیهانە ئەبات بەڕێوە، سزای دانا بۆ ئەو کەسانەی دەستوورەکانی ئەو یاسایە ئەشکێنن سا ئەو کەسانە بەهەڵە ئەو دەستوورانەیان شکاندبێ، یان بێ هەڵە. سروشت گوێ ناداتە بیانوو، جەزرەبەی خۆی بەو کەسانە هەر ئەگەیێنێ تۆ نەیشت زانیبێ، ئەنجامی گوناهەکەت چی ئەبێ، ئەو هەر سزات ئەدات.

جا ئەگەر ئەتەوێ بزانیت ئەو باجە گرانە چییە کەلێی ئەدوێین، تەنیا نەخۆشخانەیەک لەو نەخۆشخانانەی نەخۆشییە نهێنییەکان ببینە، تا بەچاوی خۆت سەرگەردانی پەرێشانی ئەو شێت و وێتانە ببینیت لەوێدا بەسەدان نەخۆش ئەبینی، کە لەسەر پێخەفەکانیان بەسەر گازی پشتاکەوتوون، نەهێزیان پێ ماوە، نەهۆش هی وایشیان تیایە نەخۆشییە پیسەکە کەلێنی وای خستۆتە لەشیانەوە، کە بەمردن نەبێ چارە ناکرێت لەوێدا: ئێسک ئەبینی کرمی تێ داوە، قژ ئەبینی ئەڕووتێتەوە، گۆشت ئەبینی ئەڕزێ و لەناو ئەچێ.

بەواتایەکی تر مەرگ پاچێکی بەدەستەوەیە ئەیدا بەلەش و سەرو پۆتەلاکی ئەو نەخۆشانەدا دەک خوا داوێن پیستی لەناوببات و ئەنجامی داوێن پیسیش لەناو ببات!...

وا هەڵ ئەگرێ، لێرەدا، بیروباوەڕی پزیشک (رینهولد) پێشان بدەین کە ئەڵێ:

(داوێن پیسی مرۆڤ تووشی نەخۆشیی سووزەنەک و فەرەنگی و نەرمە برین، سووربوونەوەی لوولەی میز و نەزۆکی ئەکات، لەگەڵ گەلێک زیانی تر، لەم چەرخی شارستانێتی تازەیەدا کە ئێمەی تیاین، ڕەگەزی مرۆڤایەتی چەقیوەتە ناو قوڕ و چڵپاوی کردەوە نەنگی، هەر ئەڕوات و هەڵ ئەنگوێ، بێ ئەمەی بزانێ ڕێگای ڕاست بگرێ هەر جارێک پیاو سواری ئافرەتێکی سوزانی ببێ، بەوە هەنگاوێک ئەنێ بەرەو کزیی و لاوازیی).

بێ گومان، هەر ناشێتی و نەزانییە، کە زۆربەی لاوەکان کێش ئەکات بۆ جیهانی داوێن

پیسی ئەگەر لاوەکە بەوەی بزانیایە، کە ئەو پەیوەندییە نەنگانە چ ئەنجامێکیان لێوە پەیدا ئەبێ، یەک تاویش توخنی داوێن پیسی نەئەکەوت چونکە کەس نییە ڕێگای ڕۆشنی لەبەر دەما بێ و ڕێگای تاریک بگرێ.

سروش، تەنیا ڕاستی و لەڕاستی بەولاوە هیچی تر ناڵێ بڕیارەکانیشی ڕاستوڕەوانن، پێچوپەنایان تیانییە، ڕۆشن کردنەوە و لێکدانەوەیان ناوێ جا هەر کەسێ خوار و خێچ بێتە پێشەوە لەگەڵ ئەم بڕیارانەدا و فڕوفێڵ بدۆزێتەوە بۆ خۆی، بۆ ئەمەی هەڵەیەک لە هەڵەکانی خۆی، یان کردەوە نەنگییەک لە کردەوە نەنگەکانی خۆی داپۆشێ، یان پاکانە بۆ خۆی بکات، لەو سزا پەند بەخشە ڕزگاری نابێ، کە خوای گەورە بۆی داناوین هەرکەسێ لە دەرگای داوێن پیسی بدات، لەناکاو تووشی ڕۆژێکی وا دێ کە تافی کوڕێنیی لە دەست بچێ و دەموچاوی وشک هەڵ بێ بەپێ پلیکانەی کردەوەی نەنگیدا بێتە خوارەوە تا ئەگاتە پلەی هەرە نەنگ و ئابڕووچوون وای لێ دێ ئەبێتە مرۆڤێکی وا تێک شکاو، کە هەر بەدووی خۆشیدا ئەگەڕێ، کەچی هەرچی ئێش و ئازارە ئەوەی دەست ئەکەوێ.

خوای گەورە، سزاکەت گەورەتر لێ بکە تا کەس ماوەی بۆ نەمێنێتەوە، دەستوورەکانت بشکێنێ و ڕێگایشی نەبێ، داوێن پیسی بکات.

پێویستە هەموو کەس ئەوە بزانێ، کە جیهان بۆ ئەوە نەکراوە خراپ بێ، بۆ ئەوە کراوە کە چاک بێ. تەنیا سەرنج دانێک لەو سەرولەش تێک چووانەی کە خەستەخانەکانی نەخۆشییە نهێنییەکان پێیان پڕبۆتەوە بەسە بۆ ئەمەی داوێن پیسەکان لە گومڕاهی و چاووڕاو لێ کراویی بگێڕێتەوە لەوێدا نەخۆشییەکان ژەهرەکانی خۆیان فڕێ داوەتە ناو لەشی ئەو کەسانەوە کە خۆیان بەخت کردووە لە پێناو ئالۆش و خرۆشی تاوانبارانەوە لەوێدا ئەو برینە قووچاوانە ئەبینیت کە پزیشک (جۆن کراون) دەربارەیان ئەدوێ و ئەڵێ:

(ئەگەر هەموو جیهانیان پێ بەخشیوم، نامەوێ برینێک لەو برینە ئێسک گرانانە بەلەشمەوە بێت!). ئەو نەخۆشخانانە، بەڕاستی، دادگاهانی ئاسمانن کە یاساکانی مرۆڤایەتی، لە باریانا نەبێ جەزرەبە بەو تاوانبارانە بگەیێن، بام یاساکانی ئاسمان جەزرەبە گەورە پەند بەخشەکانی خۆیان بەو تاوانبارانە بگەیێن جیهان کەوای لێ هات، یاسای سەر زەویی، مافی کەس لە کەس نەسێنێتەوە، بام هەر یاسای ئاسمان، تۆڵەی کەسان لە کەسان، بکاتەوە!...



# بەشی پانزەم

سووزەنەک (ئاوهاتنەوە)[١]

بەتەنشت ئەو دەرد و نەخۆشییانەوە کە ناویان بران، چەند بارێکی ناخۆشی تریش هەیە، نەخۆشەکە هەستی پێ ناکات تا کاری خراپی خۆی لە لەشی نەکردبێ یەکێک لەوانە ئەوەیە کە نەخۆشەکە هەست ئەکات دەرپێکەی تەڕ بووە شتێکی لینجیش بەسەر کونی میزیەوەیە.

ئەو ساکە تێ ئەگات کە خراپی لێ قەوماوە، چونکە خەریکە ئەو کەرەستە زیندووەی لەدەست بچێتە دەرەوە، کە ئاوی ژیانی پێ ئەڵێن، کە ئەویش (ئاوی مرۆڤە).

لە زۆرکاتدا نەخۆشەکەمان وادێتە پێش چاو، کە ئەکەوێتە ئەم بارەوە، هیچ لەوە تێ ناگات کە خەریکە هێزی ڕەگەزبازییەکەی خۆی ون بکات هەر ئەوەندە ئەزانی بەخۆی، کەوای لێ هاتووە: لەشی کزولاوازبووە، بڕستی براوە، تونودتیژ و تووڕەبووە خواردن سازکردنەکەیشی لەناو ئاشگ و ڕیخۆڵەکانیا خەریکە تێک بچێ، نووستنەکەیشی پچڕپچڕی لێ هاتووە بەکورتی تێ ئەگات لە خۆی کە لە ڕێگای هێز و توانا و تەندروستی لای داوە کزیی و بێ هێزیش لەبەر دەمیایەتی بۆ هەرکوێیەک بچێ و بمێنێتەوە بەواتایەکی تر، لە تەمەنی لاوێتیی خۆیدا، خەریکە ببێتە پیاوێکی پیری پەک کەوتەو داماو.

لەم جۆرە بارانەدا، نەخۆشەکە، بیرلەوە ئەکاتەوە و بۆ ئەوە تێ ئەکۆشێ کە ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئارام بۆ دڵی و ئاسایش بۆ لەشی جاری واهەیە ئەیبینین پەنا ئەباتە بەر ناشییەکان بۆ ئەمەی ئارام بەدڵی بدەن، جاری وایش هەیە لە دەرگای پزیشکەکان ئەدا، بۆ ئەمەی چەندی پێ کرا داوودەرمانیان لێ وەرگرێ و بیانخواتەوە بەڵام لە هەر دوو جارەکەدا، کڵۆڵ و بەسەزمانە ڕەنجەڕۆ ئەبێ، پیاو بەزەیی پیا دێتەوە چونکە نە هاوڕێ چاووڕاوکەرەکانی، نە پزیشکەکان، هیچیان لە توانایان دانییە لەو دەردە ڕزگاری بکەن پزیشکی واهەیە، کە نەخۆشییەکە ئەدۆزێتەوە، لە سەرەتاوە تا دوایی، هەر خەریکی ئەوە ئەبێت کە چاک کردنەوەکەی درێژەپێ بدا ئەگەر هاتوو یەکێکیان توانی

(١) مامۆستا گۆڕینی وشەکەی ڕاستەو ڕاست لە عەرەبییەکەوە هێناویە کە (سیلان)ەوە دەکاتە (ئاو لەبەر ڕۆیشتن) بەڵام ئەم نەخۆشیە لە کوردەواریدا بە(فەرەنگی) ناسراوە یا هەر سووزەنک).
(ئاوهاتنەوە) کە مانای تایبەتە بۆ کارەسێکسییەکە لەلایەن نێرینەوە کە دەگاتە پلەی دوایی.

نەخۆشێک چاک بکاتەوە، چاک کردنەوەکەی ناتەواو دەرئەچێ چونکە (ئاوی مرۆڤ)ەکە بەتەواوەتی چۆڕبڕ نابێ، شتێکی هەر لێ ئەمێنێتەوە.

هۆیەکانی (ئاو هاتنەوە)، ئەمانەن: کزیی لووەکان و ماسولکەکان و ئەو دەماری مێشکانەی کە فەرمانڕەوان بەسەر کەلوپەلی سک و زادا[1].

ئەمەیش لەوەوە پەیدا ئەبێ کە دەست پەڕی زۆر کردبێ، یاخود داوێن پیسییەکی وا زۆری کردبێ کە ئەندامی سک و زاکەی تەواو کز و بێ هێزکردبێ و لەکەڵکی خستبێ.

نیشانەی ئەم نەخۆشییەیش لەوەدا دەرئەکەوێ، کە کوڕەکە چاوی بەکچ یاخود ئافرەتێکی جوان بکەوێ ئیتر کوڕەکە هەر لە خۆیەوە ئاوی دێتەوە، بێ ئەمەی بتوانێ بیگرێتەوە.

ئەمەی کە لەگەڵ گفتوگۆکردن بەرامبەر ئافرەتی جواندا ڕوو ئەدات، لە کاتی خوێندنەوەی ئەو چیرۆک و نووسراوانەیشدا ڕووئەدات، کە لە کردەوەی مێ بازیی و داوێن پیسی ئەدوێن.

لەو کاتەدا کە نەخۆشە کە خەریکی خوێندنەوەی ئەو نووسراوانە ئەبێ، بێ ئەمەی بیەوێ، یاخود ئاگای لێ بێ، ئاوی دێتەوە بێجگە لەوانە گەلێک شتی تریش هەن، کە ئەبنە هۆی ئاوهاتنەوەی نەویستراو وەک: پۆشینی دەرپێی تەنک و تونگ و تۆڵ، سواربوونی ئەسپ و ئاسنینە، میز ڕاگرتن، ئەستووریی پێ خەف لە کاتی نووستندا، مەی زۆر خواردنەوە، بینینی وێنە ڕووتەکان.

ئەم شتانە هەموویان، لە بارياندا هەیە، ئاو بهێننەوە، بێ ئەمەی نەخۆشەکە بتوانێ بەربەستی بکات.

گرفتیش لە هۆیە هەرە گرنگەکانە، کە نەخۆشەکە تووشی ئاوهاتنەوە ئەکات چونکە گرفت دەمارەکانی مێشک لە کەڵک ئەخات، ئەمەیش ئەبێتە هۆی کزیی کەلوپەلی سک و زاکردن لە گرفتا جۆری وا هەیە، ئاوەکە تێکەڵ بەچڵم ئەبێ، کاتێک کە نەخۆشەکە سکی پاک ئەبێتەوە لەبەر ئەوە ئەبێ هەموو کەس خۆی لە گرفت دووربخاتەوە تا کەلوپەلی سک و زاکردنەکەی کزیی پێ نەگات و تووشی خراپترین نەخۆشی نەیەت لێرەدا ئامۆژگارییەکی خوێندەواران ئەکەین: لە کاتی کێر هەڵساندا[2] میز نەکەن، نەوەک ئاوی پێوە فرێ بدەیت.

(١) کەلوپەلی سک و زا: (الجهاز التناسلي) کۆئەندامی زاوزێ.

(٢) ڕاستتر: هەستانی ئارەزوودا...



شتێکی تریش هەیە، پێویستە پەنجەی بۆ بکێشین هەندێ لە پزیشکەکان، داوودەرمان ئەدەن بەنەخۆشانی (ئاوهاتنەوە) بەو بیرەی کە هێز و هەرەتیان تیا زیندوو ئەکاتەوە.

ئێمەیش بەهەموو باوەڕ و بیر و بڕیارێکمانەوە ئەڵێین:

ئەم جۆرە دەرمانی بەهێزکردنانە، بەکاری هیچ نایەن بەپێچەوانەوە، زیان ئەبەخشن بەنەخۆشەکە تا دێ نەخۆشییەکەی کاریگەرتر ئەبێ، تادێ کزولاوازتر ئەبێ ماسولکە بەدەرمان گەورە نابێ، بەوەرزش گەورە و بەهێز ئەبێ.

تەنیا ڕێگایەک کە بۆ بەهێزکردنەوەی (ماسولکە) و (دەماری مێشکی) کزوتێک چوو دەست بدات جووڵاندنی لەشە، کە هەر لەسەرەتای ژیانەوە تا ئیمرۆ تاقانە دەرمانێک بووە بۆ هەموو نەخۆشییەکان.

لێرەدا دووبارە قسەکەی پێشوومان ئەکەینەوە: کە لەپێش هەموو شتێکا نەخۆشەکە ئەبێ، ژینێکی دواین پاکانەی خاوێن بژی، دووربێ لە کردەوە و بیری خراپ، پڕبێ لە بیری چاک و کردەوەی چاک و ڕەوشتی بەرز.

## بەشی دوانزەم

### ئاو هاتنەوە لە خەوا

ئەو بڕوایەی کە هەیە لە بابەت ئاوهاتنەوەی نەویستراوە[١]وە لە کاتی خەودا[٢]، یان هەروەک نەتەوەی ئەمەریکا پێی ئەڵێ:

(زیانی شەو)، کە نەخۆشیی گەورە گەورەی لێ پەیدا ئەبێ و، نیشانەی نزیک بوونەوەیە لە شێتی و دەردو نەخۆشیی گەورەی تر، لە بنج و بناواندا ئەچێتەوە سەر بازرگانەکانی دەرمانە گیراوەکان، ئەوانەی کە لەسەر بڵاوکردنەوەی ترس و لەرز ئەژین بەناو ناشی و نەزانەکاندا، بۆ ئەمەی لە ناشێتی چەواشەکراوەکانی خۆیان پارەیان دەست بکەوێ، کە ئەو ناشیبیانەیش زۆربەیان لە کوڕە بچووکەکانن.

لە ڕاستیدا ئەم باوەڕە دوورە لە ڕاستییەوە چونکە ئەم جۆرە زیانانە، جاری وا هەیە لە کەسانی وا ئەکەون، کە یەجگار تەندروست و بەهێزن ئەگەر ئەو جارانەی کە ڕوو ئەدەن دووربن لە یەکتربییەوە، هەرگیز زیانیان نابێ، وەک زۆرکەس باوەڕی وایە بەپێچەوانەوە (ئاو هاتنەوە لە خەوا) شتێکی ئاساییە بۆ ئەو کەسانەی تەندروستییان تەواوە و ڕەوشتی ژیانیشیان، بەجۆرێکی تێکڕایی، لە جێی خۆیایە، بەتایبەتی لە چەرخێکی وەک ئەم چەرخەی ئێمەدا، کە دەمارەکانی مێشک لە ورووژان و، خۆرشت و خواردنەوەی دەمار بزوێنی تیایە لەوانەی کە هێز و هەرەتی ڕەگەزبازییان تەواوە، زۆرکەسیان، لە بەشێکی ژیانیاندا، ئاوی ژیانیان بەم جۆرە لەدەست ئەچێ دوای ئەم زیانانە پێویست بەخۆرشتی تەواو هەیە جا لەم جاروبارانەدا، ئاو فڕێ دان، نابێ مەترسیی لێ بکرێ چونکە، لەبەر ئەوەی کە ناو بەناو ئەقەومێ و هەرجارە لەگەڵ جارەکەی پێشوودا ماوەیەکی زۆر هەیە، هیچ ئەنجامێکی خراپی لێ پەیدا نابێ، نە نەخۆشی، نەکزیی.

هەندێ لە پزیشکەکان، ئاوهاتنەوەی خەو، بەکارەساتێکی ئاسایی تەواو دائەنێن؛ پزیشک (ئەکتون) لەوەدا ئەڵێ: (ئەو نەخۆشانەی تووشی ئاو هاتنەوەی ناو خەو دێن مەترسییەکی یەجگار لە خۆیان ئەکەن بەڵام من توانیم ئەو ترسەیان لە دڵ بکەمە دەرەوە بۆم ڕۆشن کردنەوە کە ئەم جۆرە ئاو هاتنەوەیە، ئەگەر هەر بەدەرۆژ یان بەچوارده ڕۆژ

(١) ئاو هاتنەوەی نەویستراو: (القذف اللا إرادي).

(٢) بۆ ئەمە زاراوەی (شەیتانی بوون)مان هەیە کە بەرامبەر (الأحتلام)ی عەرەبە.



جارێک بقەومێ، دەرگایەکە بۆ پاراستنی تەندروستی تەنانەت یارمەتییەکی ئاساییە بۆ ئەو کەسانەی کە وەرزشی تەواو ناکەن و گوزەرانێکی دەست بڵاوانەیش ئەژین.

لەگەڵ ئەوەیشا، بۆ ئەو کەسەی کە بووە بەهەرزەکار، هەروا باشە کە لەو (ئاوە) زۆرەی لە لەشیا کۆبۆتەوە، ئەوەندەی کە لە ئەندازە تێپەڕی کردووە، بەهۆی (ئاو هاتنەوەی ناو خەو)ەوە ڕزگاری ببێ من لەوەیش دڵنیام کە هەرکەسێ، زۆر بیر لە بابەتی ڕەگەزبازیی نەکاتەوە، لە جیاتی ئەوە وەرزشێکی تەواوی بۆ بکاو هەندێکیش خۆی لە خواردن و خواردنەوە بگێڕێتەوە، هەرگیز (ئاو هاتنەوەی ناو خەو)ی لێ ناقەومێ، یان زۆر کەم لێی ئەقەومێ نەخۆش نابێ پەنابەرێتە بەر پزیشک، هەتا زیانەکان دووبارە نەبنەوە و نیشانەکانی لەش خاو بوونەوە و ئەنجامە خراپەکانی تر دەر نەکەون).

وا سەرنج دراوە کە زۆر ئاوهاتنەوەی ناوخەو، بەجۆرێکی گشتی ئەبێتە هۆی کزبوونی هێزەکانی ژیان، پێویستیشە کە خەمی ئەوە بخورێ کەم ڕووبداتەوە ئەو پێگایانەیش کە بۆ گەیشتن بەم مەبەسە بەکارئەهێنرێن لەمەولا لێیان ئەدوێین.

ئاوهاتنەوەی ناوخەو، کە زۆر ڕووبدات؛ لە ئەنجامی دەست پەرەوەیە ئنجا کە نەخۆشەکە، لە ئەنجامە خراپەکانی دەست پەڕ تێ گەیشت، کە چ کارێک ئەکات لە لەش و لە هۆش، ئەو نیازە بەهێزەیشی بۆ گەڕایەوە کە بتوانێ وازی لێ بهێنێ، ئەو ئاوەی کە بەکاری ئەهێنا لە دەست پەڕەکەدا تادێت کۆ ئەبێتەوە، لەکاتی خەویشدا ئارەزووی ڕەگەزبازیی کار ئەکاتە سەر مێشک و خەوی ئارەزوو هەڵ سێنەری پێ ئەبینێ، کە بە(ئاو هاتنەوە) دوایی دێ دوای (ئاو هاتنەوە) کە ماندوێتی و گێژیی و کزییەکی گشتی بەسەر لەشدا دێ زوو زوومیز ئەکات ئەوەیش باشە بیزانین کە دەسەڵاتی هۆش لەسەر لەش، باوەڕکردن بەوەیش کە ئەم زیانانە کارێکی گران ئەکەنە سەر لەش و هۆش، کارێکی گەورە ئەکەنە سەر هەستی مرۆڤ بەواتایەکی تر ئەگەر هۆشت خراپ بەکار بهێنیت و وا باوەڕ بکەیت کە (ئاو هاتنەوەی ناو خەو) زیانت پێ ئەگەێنێ، بێ گومان یەکێک لەو زیانانەی بە بیرتا هاتوون، بەئاشکرا دەرئەکەون.

پزیشک (سیلڤانوس ستول)، کە لە زانستی خواناسیدا پزیشکایەتی ئەکات، لەم بارەوە ئەڵێ:

(ئەگەر هەموو لاوەکان بخەینە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئاو هاتنەوەیەک، یاخود ئاوهاتنەوەکان پێکەوە، نیشانەی ڕاستەقینەن بۆ ئەوەی کە ئەوان تووشی گێژوویژیی دێن، ئەم کارە، هەڵە و هیچوپووچ دەرئەچێ.

لەپاش چەند ساڵێک ناسیاویی و ئاشنایەتی گرتن لەگەڵ پیاواندا، لە هەموو پلەیەکی تەمەنیاندا، لەپاش دەمەقاڵێ یش لەسەر ئەم بابەتە، لەگەڵ زۆکەسدا، ڕاست و ڕەوان ئەڵێم کە تا ئێستا هیچ کەسێکم نەدیوە، ساڵانی هەندەکاریی ڕابواردبێ و گەیشتبێتە سەرەتای پیاوەتی، بێ ئەمەی جاربەجارێک ئەم جۆرە ئاو هاتنەوەیەی هاتبێتەوە، هەروەها فرە ئاوی ڕەگەزبازیی نەڕشتبێ لەکاتی نوستنیا بەهۆی ئەو خەو بینینەوە کە هەستە جۆرە جۆرەکانی دڵداریی پێکیان ئەهێنێ.

لەم بابەتەوە، هەموو بیروباوەڕە پزیشکییەکانم خوێندۆتەوە کە هەموو نووسەرە باوەڕ پێ کراوەکان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون، کە ئەم (ئاو) لە دەست چوونە، کە هەموودەم ناو بەناو ڕووئەدات، هەر ئەوە نییە کە شتێکی گشتی بێ، هەروەها شتێکی ئاساییشە بەتەواویی).

بەڵام لەدوای ئەوە ئەڵێ: باوەڕم وایە، لەگەڵ ئەوەیشا کە لەسەرەوە پێشانمدا، ئەگەر هەموومان ژینێکی سروشتی تەواو بژین، بیرەوەریشمان پاک و خاوێن بێ، دووربێ لە کارتێکردنی بابەتە دەستکردە دەمار بزوێنەکان، هەر چەندێک درێژە بکێشێ، ئەم ئاو هاتنەوانە ڕوونادەن.

جا ئەگەر هەستت کرد کە ئەم زیانانە لە ئەندازەی خۆیان تێپەڕ ئەکەن، پەیڕەویی ئەم دەستوورانەی خوارەوە بکە بەتەنشت ئەوەیشەوە ئاراستەکردنە گشتییەکانیشمان بهێنەرەوە بیر خۆت و جێبەجێیان بکە، کە لە بابەت گێڕانەوەی هێزی لەناو چووەوە لەم نووسراوەدا پێشانیان ئەدەین جا ئەگەر بەگوێت کردین، ئەوا دڵنیابە کە بەتەواویی چاک ئەبیتەوە بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێت کە ماوەیەکی درێژی پێ ئەوێ، تا ئەمە جێبەجێ ئەبێ.

ئەوەیش بۆ ئێمە زۆرگرانە کە ماوەیەک دابنێین بۆ ڕوودانی ئاو فڕێ دان، تا بەزیانی بژمێرین.

چونکە هێزی ڕەگەزبازیی لەناو کەساندا یەجگار جوێ جوێیە ئەوەی کە بەزۆری نازانین بۆ کەسێک، ڕەنگە بۆ کەسێکی تر بەمام ناوونجی دابنرێ چاکترین ڕێگە ئەوەیە کە تەواو تێ بگەین، نیشانەی ئەو کزیی و بێ هێزییانەی لە ئاو فڕێدانەوە، دەرئەکەون ڕاستەقینە و سروشتی بن، درۆ نەبن، ئنجا کە لەوە تێ گەیشتیت، ئەو ساکە ئەتوانیت پەی بەوە ببەیت کە زیانەکە زیانێکی زۆرە و لە ئەندازەیش تێپەڕی کردووە.

ئەمانەیش ئەو ئامۆژگارییانەن کە باوەڕیان پێ ئەکرێ:



١- بەسەر گازی پشتا هەرگیز مەنوو ئەگەر وا ڕاهاتبوویت کە بەو جۆرە بنوویت، پشتێنێک ببەستە، شتێکی بچووکی پێوە بدروو کە هەر کاتێ بەسەر گازی پشتتا خەوت لێ کەوت، ئەو گرێیە تۆزێک ئازارت بدا و خەبەرت بکاتەوە، تا باری ڕاکشانەکەی خۆت بگۆڕیت.

٢- کەش هەر چۆنێک بێ، کاروبارت هەر چۆنێک بێ، ئەوەت لەبیر نەچێ کە خۆت ڕابهێنی بە بەکارهێنانی ئاوی ساردەوە، لە بەیانیان و ئێواراندا.

کە لە خەویش خەبەر بوویتەوە، وەرزشت کرد، ئاوێکی تەواو بەهۆی ئاو پڕژێنەوە، بکە بەسەر پشتتا، ئەم کارە کەڵکێکی تایبەتی ئەبێ.

٣- بەپێی، پێڕەوییەکی ڕێکوپێک بڕۆ بەڕێوە، لە وەرزش کردندا، پێویستە لە سەرەتای وەرزشدا زۆر بە نەرمونیانی بجووڵێیتەوە لە ئەندازە بەدەر یاریی نەکەیت ئامۆژگاریت ئەکەین کە لەسەر ئەو شێوەیە وەرزش بکەیت، کە لە بەشی سی و سێهەمدا پێشان دراوە.

٤- ئەگەر مەشقەکە زۆربێ و گران بێ، بۆ ماندوێتییەکەت خراپە بەجۆرێکی تایبەتی ئامۆژگاریت ئەکەین هەناسەی قووڵ بدە و گەڕانی درێژ بکە.

ئەوەی یارمەتی چاکبوونەوە ئەدات، خووی گەڕانی ڕۆژانەیە بەمەرجێ تا ئەوەندەبێ کە هەست بەماندوێتی بکرێ.

٥- خواردنی زۆر مەخۆ زۆرکەم خواردن سەد ئەوەندەی زۆر زۆر خواردن چاکترە.

٦- ئەو خواردنانە بخۆ کە بەکەڵکی تەندروستی دێن پارووەکەیش هێواش هێواش بەباشی بجوو.

٧- لە ڕیخۆڵەکانت بگەڕێ بام فرمانی خۆیان بەباشی و ڕێکوپێکی بەجێ بهێنن ئەوەیش بەوە پێک دێ کە خواردنی سووک بخۆیت وەک میوە ئەگەر میوە کەڵکی نەبوو، ئەو بەشە بخوێنەرەوە کە پەیوەندیی بەگرفتەوە هەیە، پەیڕەویی ئەو پێشنیازانە بکە کەتیا پێشان دراوە.

٨- خەفەت مەدە بەخۆت.

٩- مێشکی خۆت پڕ مەکە لە بیری نەنگ و ناپەسەند.

چونکە هەرچەند ماوەت بەهۆشتدا بیر لەو جۆرە بابەتە ڕەگەزبازییانەوە بکاتەوە، ئاوەکەت کۆئەبێتەوە.

ئیتر ئەو ساکە ماندوێتییەکەت زۆرتری لێ دێت، چاک بوونەوەیشت تەگەرەی تێ ئەکەوێ. هۆشت بەپاکییەوە ڕابگرە ئەویش وا پێک دێ کە ئاراستەی بکەیت بۆ کاروباری پاک و خاوێن هەمودەم بەکاروباری بەکەڵک و خۆش و چالاکانەوە خەریکی بکە.

لە ڕاستیدا ئەگەر بیری مرۆڤ نووچ بگرێت لەسەر بابەتە ڕەگەزبازییەکان، ئاو هاتنەوە، زووتر لە ئەندازەی خۆی، ڕوو ئەدات.

ئەو ساکەیش کەلوپەلی ڕەگەزبازیی و دەمارەکانی مێشک تێک ئەچن لە بیرەوەریی نەنگ و ناپەسەندەوە زیانێکی وا ڕوو ئەدات، کە لە زیانی ئاو هاتنەوەی ناوخەو گەلێک گەورەتربێ چونکە کارێکی وا ئەکاتە سەر ئەو ئەندامانەی کە پڕن لەم ئاوی زیندەگانییە، کە زوو بەزوو ئاوەکەیان لێ بێتە خوارەوە و بڕژێ ئیتر جارێکی تریش بەلەش نامژرێتەوە تا لە هەموو ئەندامانی لەشدا بەکار بهێنرێتەوە.

لەمەوە دەرئەکەوێ کە پاک و خاوێنی هۆش بایەخێکی بنچینەیی زیندووانەی هەیە بۆ پاراستنی لەش و گیان.

ناتوانین ئەم بەشە ببڕێنینەوە، تا ئەوە نەچەسپێنینە دڵی خوێندەوارانەوە، کە چاک کردنەوەی ئاوهاتنەوەی ناو خەو، بەندە بەڕاستکردنەوەیەکی تەواوی هۆش.

لە ڕاستیدا پێویستە، بیرەکانت لە بابەتی ئالۆش و خرۆش دووربخەیتەوە بێزت نەیەت بیر لەو شتانە بکەیتەوە تا ئەتوانیت خۆت بپارێزە لە هەموو بیرێکی ڕەگەزبازیی. نەکەیت ئەو نووسراوانە بخوێنیتەوە، کە ئالۆش و خرۆشت پێ پەیدا ئەکەن بۆ داوێن پیسی، هەر کاتێ هەستت پێ کرد، کەوتوویتە خرۆش بۆ بابەتێکی مێبازیی بیری خۆت وەر بگێڕە و بیخەرە سەر بابەتێکی خاوێن و بەفەڕ.

ئەوەیشت لە بیر نەچێت، کە هەرچەندە ئاو هاتنەوەی خۆڕایی، بەشتێکی ئاسایی و باو دائەنرێ بۆ ئەو کەسانەی کە ژیانێکی شارستانیی ئاسایی ئەژین بەوەیشەوە کە هەموو ڕۆژێک سێ ژەمە، خواردنی گران ئەخۆن، بەهارات و ترشیاتی لەگەڵدا ئەخۆن کە مرۆڤ ئەخەنە سەر خواردنی لە ئەندازە بەدەر بەڵام بەشتێکی ناساز دائەنرێ بۆ ئەو کەسەی کە بەتەواوەتی تەندروستیی خۆی ئەپارێزێ و بەڕێکوپێکی وەرزش ئەکات و لە خواردنیشدا هەر ئەوەندە خۆرشتی تەندروستانە ئەخوات کە بەشی بکات هەرچی ئارەزوویش ئەبزوێنێ بۆ خواردن خۆی لی دوور ئەخاتەوە.



# بەشی سیانزەم

## زۆر نووستن لەگەڵ ژنا

لەو کارەساتە ناخۆشانەی کە لەم چەرخەی ئێمەدا ڕوو ئەدەن گیروگرفتە زۆرەکانی ژن و مێردین ڕۆژنامەکان پڕن لە دەنگی کارەساتە ناخۆشەکانی ژن و مێردیی دادگاهەکان پڕن لە کەینەوبەینەی بەڕەڵڵاکردن(١) و جوێ بوونەوە. ژن و مێردیی تەواو سەرکەوتوو، کەم هەڵ ئەکەوێ کەچی ژن و مێردیی ناتەواو، بووە بەباو جا لەبەر ئەمەی لە ڕووی پێش بینییەوە، ماڵ بە بەردی گۆشەی(٢) کۆمەڵایەتی دائەنرێ، کەواتە ئەم کارە یەجگار گرنگە هەموویشیمان بەوەوە بەندین چونکە هەرچەندە هەموومان خاوەن ژن نین، بەڵام زۆرکەم هەن کە چاوەڕوانی ئەم گیروگرفتە نەکەن. تووشیان بێت، سا زووبێ یان درەنگ.

هەتا بڵێییت، پێش بینی ڕەنگاوڕەنگ و جۆر جۆرمان بۆ دانراوە لە بابەت هۆی ئەم سەرگەردانییەوە، لە لایەن ڕاستی پەرستەکان و زاناکانی کۆمەڵایەتی و پیاوانی ئایین و پیاوانی دادگاوە، کە لە هەموولایەکی جیهاندا هەن.

ئەم پێش بینیانە هەزاران نووسراوانیان پڕکردۆتەوە... لەگەڵ ئەمەیشا، نووسەر، سەری سوڕماوە لەوەی کە بزانێ تا چ ئەندازەیەک، ئەو بابەتانەی نووسراون، بیروباوەڕی ڕاستەقینەی نووسەرەکانیان پێشان ئەدەن چونکە هەرچەند ئەکات دڵی بڕوایی نادات باوەڕپەوە بکات، کە ئەو هەموو نووسەرانە نەیانتوانیوە هۆی هەرە گەورە و بنچینەیی ئەم کارەساتە پڕ ئازارە بزانن هەروەها دڵیشی بڕوایی نادات باوەڕ بەوە بکات، کە ئارەزووی ئەو نووسەرانە وابووە خوێندەوارەکانی خۆیان چەواشە بکەن بەڵام ئەوەی بەتەواوەتی بۆی دەرکەوتووە، ئەوەیە کە بەڕەڵڵاکردن و بەشی هەرە گەورەی ژن و مێردیی پڕ لە ناخۆشی، لە باری لەش و هۆشی دوور لە سروشتەوە پەیدا ئەبێ، کە ئەویش لە ڕووی کاری ڕەگەزبازیی بێ ئەندازەوە...... پەیدا ئەبێ ئەم کارەیش، تا ئەندازەیەکی گەورە، ئەنجامی ناشێتی و نەزانی ئابڕوو بەرە، بەو یاسایانەی کە پێویستە هەموو هەرزەکارێک بیانزانێ، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە کاتی ژن هێنانیان هاتووە، یاخود تازە ژنیان مارە کردووە.

---

(١) بەڕەڵڵاکردن: تەڵاقدان.

(٢) بەردی گۆشە: دەقاودەقی (الحجرالزاویە)کەیە، دەتوانرا بووترایە: (خێزان بە بەردی بناغەی کۆمەڵ دادەنرێ).

وام بۆ دەرئەکەوێ کە زۆربەی پیاوانی ژندار و ژنی مێرد دار، بەلایانەوە وایە کە هێزەکانی ڕەگەزبازییان سنووریان بۆ نییە هەفتە بەهەفتە و، مانگ بەمانگ و، ساڵ بەساڵ هەر خەریکی لنگ بازیی خۆیانن، هیچ ئەندازەیەک نازانن.

ئەنجامی ئەوانەیش هەموودەم خراپ ئەبێ چونکە لەشی مرۆڤ لەو زنجیرە ئەکات، کە هێزەکەی لەگەڵ هێزی کزترین پارچەیا یەکسان ئەوەستێتەوە ئنجا کە ئەم لنگ بازییە بێ ئەندازەیە، درێژە ئەکێشێ، پارچەی هێزی ڕەگەزبازییەکەی لەش تێک ئەشکێنێ، پاش ئەو هەموو هێزەکانی تری لە شیش کزو سست ئەبن. چونکە ماسولکەکان نەرم و نیانی و، بەرگەگرتن و، کۆکییان نامێنێ[1].

ئەندامە گرنگەکانی تریش وەک (ئاشگ) و [دڵ] و [سییەکان] بەکزییەکی تەواوەوە دەست ئەکەن بە فرمان. جا ئەگەر لەناو لەشدا کەموکووڕییەک هەبێ، یاخود ئامادەییەک هەبێ بۆ یەکێک لە نەخۆشییەکان، لەشەکە لەبەر ئەو کزییەی کە بەسەریا هاتووە، بەهەلی ئەزانێ و ئەم کەموکووڕییە دەر ئەخات، یان سەرەتای ئەو نەخۆشییە پێشان ئەدات.

چونکە هەزارانی وا هەن مردوون یاخود ئەمرن، بە هۆی زۆر چەوسانەوە و نەخۆشییە گرنگەکانی ترەوە.

کە لە سایەی کەم هێزیی و کەم بەرگەگرتنی نەخۆشەکەوە، تینیان سەندووە و تەشەنەیان کردووە، کە ئەمیش لە ئەنجامی لنگ بازیی بێ ئەندازەوە پەیدابووە کە بەناوی ژن و مێردییەوە قەوماوە.

بەڵام پزیشک [أ. ف. رینهۆڵد] ئەوپەڕی قسەی گوتوە، ئەڵێ: (بەلای سروشتەوە، لنگ بازیی، هەریەک مەبەسی هەیە. ئەویش سک و زاکردنە. لەبەر ئەوە، کاری لنگ بازیی، کە لە بابەتە شاراوە گەورەکانی ژیان ئەژمێررێ و ئەبێ وەک ڕازێکی ئایینی ڕێزی لێ بگیرێ، نابێ بۆ هیچ مەبەستێک بکرێ، بۆ پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی نەبێ.

جا هەر کارێکی لنگ بازیی، بۆ ئەم ئامانجە پێک نەیێ، بەکارێکی خراپ دائەنرێ و لە مەردایەتی کەم ئەکاتەوە.

چونکە هەموو ئالۆشاوییەکی ڕەگەزباز ئەو یاسایانە بەدناو ئەکات کە سروشت دایناون. یەک جار لنگ بازیی بەسە بۆ ئەمەی سک و زای لێ پەیدابێ. کەواتە پێویستە دایکە سک پڕکراوەکە، لە کاتی سک پربیەکەی دا، هەروەها لەکاتی شیرخواردنی مناڵەکەیدا تا

(١) کۆکی: هەماهەنگی، (إنسجام)



لە شیر ئەبڕێتەوە، هیچ کارێکی لنگ بازیی نەکات. ئەگەر ڕاستییت ئەوێ، تەنانەت ئەم یاسایە لەناو گیانلەبەرە دڕندەکانیش داڕاگیراوە[1]. لە ڕاستیدا، هەرچی بیروباوەڕێکی ئایینی هەیە لەبابەت ژن و مێردیی و فرمانی ژنەوە بەرامبەر مێردەکەی، لەسەر بنچینەیەکی پێش بینییانەی هەڵە دامەزراوە. جا زۆربەی ئەو کارەساتانەی کە ئەقەومێن لەناوەند ژن و مێردی ناکۆکدا، لە هەموولایەکی جیهاندا لە ڕووی ئەو هەڵەیەوەیە. چونکە ئاهەنگی ژن هێنان وا دامەزراوە، کە هەرچی مێرد ئارەزووی بکات، ژنەکەی بیداتێ. بەواتایەکی تر، ئەبێ ژنەکەی ڕێگای بدات، بەدڵی خۆی ئارەزووی خۆی پێ دامرکێنێتەوە، هیچ کاتێک، لەبەر هیچ شتێک تەگەرە لەو ئارەزووەی ئەو نەدات. ژن ڕەنگی وا بۆ ڕێژراوە، کە هەرچی مێردەکەی ئارەزووی بکات. بێ دڵیی نەکات. کەچی لە ڕاستییدا، ئەبێ لەکاتی ڕێک و پێک خستنی کاروباری ڕەگەزبازییدا، ئارەزوواتی ژن بخرێتە بەرچاو هەرکاتێ بەتەواوەتی لەم دوژمنایەتییە تێ گەیشتین بەرامبەر ئافرەتی مێرددار، کە لەوەوە پەیدابووە، ئافرەت مل کەچییەکی تەواو بنوێنێ بۆ مێردەکەی لە ژیانی ژن و مێردییدا، ئەوساکە هۆیەکی هەرە گەورەمان بۆ دەرئەکەوێ بۆ پەیدابوونی نەخۆشییەکانی ڕەگەزبازیی و نەبوونی کامەرانی ژن و مێردیی بەجۆرێکی گشتی.

لە کاتێکا کە بەپێویستی ئەزانین، گلەیی لە پیاو بکرێ لەسەر ئەو کارەساتە ناخۆشانەی کە لەپاش زۆر ژن هێنانەوە ڕوو ئەدەن، ژنیش بێ گوناه نابینین لەم کەینەو

(١) لێرەدا ناچارین وەک ڕاستکردنەوەیەکی ئەم بۆ چوونە ناڕاستە ئێمەش بڵێین کە: بەداخەوە ئەم شارەزایە بە شێوەیەکی میکانیکی دەڕوانێتە پەیوەندیە سێکسیەکانی ژن و مێرد و ئەو دووانە بە دوو جەمسەری سەرەکی ئالەتی دروستکردنی مناڵ دادەنێ و ئیدی لەم ئەرکە بەولاوە هیچ نرخ و بەهایەک بۆ هەست و سۆز و خۆشی ژیانی پێکەوەی هاوسەریی دانانێ و ئاوڕی بەلادا ناداتەوە. چونکە بەلای ئەوەوە مەبەست تەنیا (سک وزا)یە، دەواجن ئاسا زۆریی بەرهەمە. بەڵام ئەوساش و ئێستاش، جگە لەم لایەنە سروشتییە، بەپێی گشت ڕاوبۆچوونە ئاسمانی و زەمینیەکان، ژنهێنان و شووکردن دەبێ ئاوێتەیە بێ لە (الموده والرحمه) و چێژ و لەزەت و خۆشی؛ کە ئەمانە بەشێکی هەرە گرنگ و ڕوناک و گەشی ژیانی پێکەوەی نێرومێیە لەناو پەرژینی شەرعیەتدا. بەو بۆچوونەی ئەوبێ، مرۆڤایەتی چ ئیحتیاجێکی بە مارەکردن یا ژنهێنان و خێزانە؟ مادەم مەبەست هەر مناڵبوونە، ئەوە لە کوێ ئەو دووانە پێک گەیشتن و ژنە سکی نەبوو، با خەریکبن!! ئەمە جگە لەو کێشەو کارە ناڕەوایانەی تر کە لە ئەنجامی ئەم خواستەی (أ. ف. رینهۆڵد) دەکەونەوە کە بەپێچەوانەی مەبەستی نووسەری ئەم کتێبەوەیە لە دانانی ئەم بەرهەمەیدا.

بەینەیەدا چونکە مافی خۆیەتی و فرمانی سەرشانی خۆیەتی کە کاروباری ڕەگەزباریی بخاتە شێوەیەکی ڕێکوپێکەوە.

جا لەبەر ئەوە، پێویستە ژنەکە، ئارەزوویەکی ئافرەتانەی دیاردیی کراوی بەهێزی هەبێ، تا ڕێ و شوێنی کارەکەی خۆی بۆ ڕوون ببێتەوە و، بزانێ چی ئەکات.

جا ئەگەر ژنەکە ئارەزوویەکی وای نەبێ، هیچ مافێکی نییە کە شوو بکات. بەڵام ژنەکە خاوەنی ئەو ئارەزووە بێت و، مێردەکە نەیەوێ بەو پێیە بڕوات بەڕێوە کە ژنەکەی دایناوە بۆ هەردووکیان، پێویستە دەمودەست، هەردووکیان لە یەکتر جیا ببنەوە چونکە لە بارێکی وادا، خۆش گوزەرانییان بۆ ناچێتە سەر.

جا ئەگەر لە یەکتر جوێ نەبوونەوە ئەو ژن هێنانە وەک ماشێنێکی لێ دێ، کەرێکوپێکخەری تیا نەبێ، یاخود وەک کەشتییەکی لێ دێ کە چەرخی گێڕانی تیا نەمابێ.

جا لە بارێکی وادا، لنگ بازیی لە ئەندازەدا، کەم ئەمێنێتەوە.

ئەو ئەندازە نەگرتنەیش ئەبێتە هۆی بڕست بڕانی هەردووکیان، تا لەپەلوپۆئەکەون. بە تەنشت ئەم لنگ بازییە بێ ئەندازەیەیشەوە، هەموو دەرد و نەخۆشییەکانی ئافرەت پەیدا ئەبن.

پیاوەکەیش هەست ئەکات بە ماندوێتی و تێک شکان و کزیی ئەو هێزانەیشی کە پێویستیی پێیان هەیە بۆ ئەمەی بتوانێ کاروفرمانی ڕۆژانەی خۆی ببات بەڕێوە، یاخود یارمەتیی بدەن لە گەیشتن بەئامانجی خۆیدا، هەموویان لەو لنگ بازییە بێ ئەندازەیەدا لەناو ئەچن چونکە ئەو ئەندازە نەگرتنە لە لەنگ بازیی دا، دوایی نایەت تا هەموو هێزە زیندووەکانی لەناو ئەچن، یاخود تووشی تەگەرەیەکی وادێت کە لە ئارەزوو دامرکاندن و تێر خواردن لە لنگ بازییەوە پەیدا ئەبێ.

چەند هەزار ئافرەتی پچووکی واهەن، کە لە تەندروستییەکی تەواودان کەچی لەپاش ماوەیەکی کەم لەژیانی ژن و مێردییدا، تەندروستیی لەش و هۆشی خۆیان لەناو ئەبەن جا لە هەموو بارێکدا هەر یەک هۆ هەیە: ئارەزوویەکی ڕەگەزبازیی ناتەواو، هەستێکی بە هەڵەدا چوو ساهیی یەکێکیان وابێ، یان هیی هەردووکیان، جیاوازیی نییە. چونکە ژن و مێردییەکە بریتییە لە مل کەچیی یەکێکیان بۆ ئەوی تریان. ئەم بارەیش، بەجوێ بوونەوە نەبێ لە یەکتر دوایی نایەت، کە ئەمیش ئەبێتە هۆی ئەوەی کامەرانی و تەندروستی و



دواڕۆژی هەزاران ژن و مێرد تێک بچێ. جا لێرەیشا، بایەخی هەرە گرنگی تەندروستیی ناوازە دەرئەکەوی. چونکە ئەو ژنەی خاوەنی هێز و جوانی و تەندروستی بێت، کە بەوە ئافرەتییەکەی[1] تەواو ئەبێ، هەرگیز سەر دانانەوێنێ بۆ شتێک کە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی بێت بام کەسانی تریش هەبن کاری تێ بکەن، بام ئەوەیش بکەن بە فرمان بەسەریەوە، لە ئارەزووی خۆی نایەتە خوارەوە.

جا ئافرەتێک وابێ، لەنگەرێکی تەواوی گرتووە لە ژیانیا. لەبەر ئارەزووە نابەجێیەکانی میردەکەیشی ئەم لەنگەرەی خۆی تێک نادات. چونکە ئەو جۆرە ئارەزووانە لە دڵداریی و خۆشەویستییەوە پەیدا نابن، لە ئالۆش و خرۆشی دڕندانەوە پەیدا ئەبن. مامۆستا [فولیر] لەم بابەتەوە ئەڵێ: «ژن بڕیار دەری دواییە لە دووبارەکردنەوەی کاری لنگ بازییدا. ئەگەر مێردەکەی لە دوی ئارەزووی ئەوەوە بڕوات بەزۆریی لەگەڵیا ئەسازێ و کۆک ئەبێ بەڵام کە گوێی نەدایە ئارەزووی ژنەکەی، هەموودەم لەگەڵیا تێک ئەچێ. لەگەڵ ئەمەشا، تا ئافرەتەکە تەندروستێکی تەواو نەبێ، ناتوانێ بڕیارێکی دروست بدات. ئەو مێردەی بە ڕووخۆشییەکەوە خۆشەویستیی خۆی بۆ ژنێکی ناسک پێشان بدات، بێ گومان ماندوو نابێ بەوەوە کە بەکامەرانییەوە لەگەڵیا بژیی چونکە خۆشەویستییەکی وا خۆشی ئەوێ، کە دڵی نایەت تووشی ئازار و زیانی بکات. یاسادانەر و پیاوانی ئایین، گەلێک جار تێ کۆشاون بۆ ئەوەی جووت بوونەکانی ژن و مێرد دیاردیی بکەن، بەجۆرێکی وا کە هەموو کەس بە وردییەوە پەیڕەویی بکات. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئەم جۆرە تێکۆشینانە بەکارنایەن. بەجۆرێکی تێکڕایی، دەستووری ڕاستەقینە ئەوەیە کە مێردەکە لەپاش جووت بوونەکەی لەگەڵ ژنەکەیا ،هەست بکات بە لەش خۆشی و دڵخۆشییەک. خەوێکی ئاسوودەیشی لێ بکەوێ. مێشکیشی بە ڕوونی بمێنێتەوە.

بەڵام کە بەپێچەوانەی ئەوەوەی لێ هات: هەست بەوە بکات کە پەلوپۆیەکانی خاوبوونەتەوە، ئارەزووی خواردنی کەم بۆتەوە و زوو با ئەداتەوە، سەری دێشێ، مێشکی بڕ ناکات، هێزی پێ نەماوە، بێ گومان لە ئەندازەی خۆی زۆرتر جووت بووە لەگەڵ ژنەکەیا پێویستە لەوەپاش جاروبارێک نەبێ لەگەڵیا جووت نەبێ.

ئەو کەسانەی ئەم دەستوورانە تەواو پەیڕەویی ئەکەن، ئیتر پێویستیان بەهیی ترنییە. ئیتر خۆیشیان تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر جووت بوون ناکەن.

(١) ئافرەتییەکەی: یان (مێیینەتیەکەی – الأنوثة).

بۆ ئێمه گران نییه که تێ بگەین زۆر جووت بوونی ژن و مێرد، بۆچی وا هێزەکانی لەش و دەمارەکانی میشک کز ئەکات؟ بۆچ ئەوی ئەیپەرستێ[1] ئەیکات به کەسێکی دڵتەنگی سەرگەردانی، بێ هیوا و ئاوات؟ بۆچ وای لێ ئەکات که له ژیانی بازرگانیدا سەرنەکەوێ، له ژیانی کۆمەڵایەتی دا ڕەش بین بێ، له ژیانی خێزانییدا بەئەرک و ئازار بێ؟

ئەوە بۆیەکا وای بەسەردێ: نرخدارترین گەنجینەی لەشی خۆی بەفیرۆ ئەدا- ئاوی پیاوەتی، که سەرچاوەی ژینیەتی و تنۆکی ژیانی خۆیەتی، به ناڕەوا لەناوی ئەبا.

جا ئەم «ئاو» بەفیرۆ دانەی، که کارێکی هەرزەکارانەی ناشیانەیه، ئەو واتایه ئەگێڕێتەوە که ژینی خۆی بەفیرۆ ئەدا.

هەندێ له زاناکانی زانستی فرمانی ئەندامەکان (فیزیۆلۆجیا) وایان داناوه، که هەر تنۆکێک له ئاوی سک وزا، بەرامبەر شەست تنۆک خوێن ئەوەستێتەوە. هەرچەندە بۆ ئێمه گرانه که بەووردیی نرخی (ئاوی ژیان) و (خوێن) بەراوورد بکەین که چ کەڵکێکیان هەیه بۆ ئەندامەکانی لەش. بەڵام کەسی نییە ئەوە بەرپەرچ بداتەوە که (ئاو)ی مرۆڤ پڕە له کەرەستەکانی ژیان. گەوهەری پیاوەتی لەو (ئاو)ه دایه.

ئەگینا ئەو (ئاوه) نەئێسکەو نەگۆشت.

بەڵام ڕەنگه، (ئەم ڕەنگەیەیش زۆر له جێی خۆیایەتی)، که خوێندەوار لێمان بپرسێت: زۆر جووت بوونی ژن و مێردی بۆ ڕۆشن بکەینەوه مرۆڤێک چەندجار ئەتوانێ لەگەڵ ژنەکەیدا جووت ببێ، که له ئەندازەیش نەچێتە دەرەوه؟ سنووری ڕەق و تەق ناتوانین بۆ خاوەن ژنەکان دابنێین چونکه بۆ هەر کەسە ناتوانین بەتەنیا دەستوورێک دابنێین. هەموو پیاوێک پێویستە، خۆی، هێز و دەسەڵاتی خۆی تاقی بکاتەوە و بزانێت چەندی له باردا هەیه. چونکه ئەوەی بەزۆر ئەزانرێ بۆ کەسێک ڕەنگە بۆ کەسێکی تر بەباش دابنرێ.

لەگەڵ ئەمەشا، تەنانەت ئەگەر، ژن و مێردەکە تەندروستیش بن، هێزی ڕەگەزبازیشیان باش بێ، هەردوولا بەدڵ یەکتریشیان خۆش بوێ، پێویست بەلنگ بازیی بێ ئەندازە ناکات. چونکه یاساکانی سروشت نابێ بشکێنرێن، ئەگەر تۆ شکاندتن، بەتاوانبار دائەنرێیت.

---

(١) دیاره (ئەوەی ئەیپەرستێ) مەبەست لێی (ئارەزوو هەوا)یەکە کابرا دوای دەکەوێ و دەبێتە کوێلەیەک بۆی.



سوروستیش چاوپۆشی له هیچ گوناهێک ناکات، سەگی ڕاوچۆن شوێن پێی ئاسکێکی هەڵاتوو هەڵ ئەگرێ، ئاوایش سروشت دووی گوناهبار ئەکەوێ تاجەزرەبەی پێ بگەیێنێ.

لەم بابەتەوە پزیشک (ریبولدر) ئەڵێ: (زۆر له ژن دارەکان، هەموو ڕۆژێک دەست ئەکەنە ملی ژنەکانیان جاری وایش هەیه، هەر ڕۆژە چەندجارێک لەگەڵیاندا ئەنوون.

ئەم باره زۆر ساڵ درێژە ئەسێنێ. بەڵام نەک هەر زۆر پەڕاندنێکی وا بەم جۆرە هەروەها ئەو شێوه ئاڵوشاوییه دوور له سروشتەیشی که ئەو لنگ بازییەی پێوە ئەکات هەرچی بارێکی فێ گرتن و له پەلوپۆ کەوتنێک هەیه که هەرگیز چارەیان ناکرێ، لەوەوە ڕوو ئەدەن.)

چاکترین ڕاوێژ کەر بۆتۆ، هەست پێ کردنی تایبەتی خۆتە، که له ئەندازە بەدەر لنگ بازیی ئەکەیت، یان نا.

ئەگەر له کاتی ژیانی ژن و مێردییدا، هەستت بەخۆت کرد هێز و توانات کەم بوونەتەوە و تایەت بەرەو کزیی ئەچن، (هەست کردن بەماندوێتی)یش بۆتە شتێکی هەمودەمی.

کەچی هەر لەوکاتەدا وەرزشێکی ڕێکوپێک ئەکەیت و، خواردنەکانت تەندروستانه و بەکەڵکن و، خۆشتنەکانت له ئەندازەدان و، تائەندازەیەکی تەواویش بای پاک هەڵ ئەمژیت، ئەتوانیت دەمودەست پەی ببەیت که لنگ بازیی بێ ئەندازە، بەتەواویی، یاخود تا ئەندازەیەکی گەورە پەیوەندیی بەوکزیی و بێ هێزییەتەوە هەیه. دیارە چارەکردنی ئەم بارەیش بەوە پێک دێ، که ئەندازەگیریی بکەیت له لنگ بازییدا، باشتریش ئەوەیە که هەر بەجارێک واز لەو لنگ بازییە بهێنیت. بێجگە لەوە، پێویستە هەر هۆیەکی سروشتیشت بۆ بلوێ هێزەکانی لەشتی پێ ببوژێنیتەوە. بەووردیی و ڕێکوپێکییەوە ئەو ئامۆژگاریانەمان بەکاربهێنه که له جێی خۆیدا پێشانی ئەدەین.

هەروەکو بوێژێک ئەڵێ: (ژن و پیاو بریتین له منالی گەوره). له هەموو پلەیەکی تەمەنیاندا پێویستییان بەلێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیه، که له یەک دوو یارمەتی دەرەوە وەری بگرن. ئەم لێکۆڵینەوەیه، له کاتی ژن هێنانیاندا، له هەموو کاتێکی ژیانیان زۆرتر بەکاریان دێ. بۆ ئەمەی فێری ئەوەبن که خۆیان دووربخەنەوه لەو هۆیانەی ژن و مێردیی هەڵ ئەوەشێننەوە. ئەگەر ئەوەیان کرد، ژن و مێردیی بۆ ئەوان ئەبێتە مانگە هەنگوینەیەکی تاسەر.

## بەشی چواردەم

مەی و هێزی ڕەگەزبازیی

بەکـارهێنانی بـابەتی ســەرخــۆشی، لە دوای ئەو هۆیانەوە دێ کــە ناومــان بـردن، بۆ لەناوبردنی هێزی ڕەگەزبازیی پیاو.

بێ گومان ئەو هێزە خراپانەی لەناو ئەم ژەهرەدان، سروشتێکی دوولایی هەیە. چونکە زیانەکــەی هەر ئەوەندە نیــیــە کــە هانەی پیــاو بدات لنگ بـازیی زۆر بـکات و، لـنگ بازییەکەیش ببێتە هۆی پەیدابوونی دەرد و نەخۆشی.

بێجگە لەوە خۆیشی هۆیەکی ڕاستەو ڕاستە بۆ نەمانی هێزی پیاوانەی ڕەگەزبازیی.

هەروەک دەرئەکەوێ. سروشت، ئارەزووی ڕەگەز پاراستنی بە یەکەم فـرمـانی مرۆڤایەتی داناوە یاخود بەیەکەم یاسای سروشتی داناوە بەجۆرێکی وایشی داناوە، کە مرۆڤ هەرچی هێز و توانا و فرمانێکی هەیە بۆ بەکەڵک هاتنی ئەم ئارەزووە بەکاری بهێنێ هەر لەبەر ئەم هۆیەیشــە کــە ئارەزووی ڕەگــەزبازیی، بەتەواوەتی زاڵە بەســەر هەمــوو ئەندام و وردیلەیەکی لەش و هۆشی مرۆڤدا.

لەمەیشەوە دەرئەکەوێ کە ئەگەر هێزێک یان هێزێک پتر لەم هێزانەی کە یارمەتیی کاری ڕەگەزبازیی ئەدەن، لە ئەندازەی خۆی کەمتربوو لەهەر ڕوویەکەوە بێ تەواوکردنی لنگ بازییەکەیش کەم و زۆر بەوە تێک ئەچێ هەروەها پیاوی کەم هێز و پەک کەوتویش ناتوانێ وەک پیاوی بەتوانا لە کاری لنگ بازییدا، خۆشی لەو جوانی و خوتووکەی لەشە ببینێ لەبەر ئەمە، ئەو کەسەی هۆگری مەی خواردنەوە بێ، بێ گومان جۆش وخرۆشی ڕەگــەزبازییــەکــەی لە ئەندازە بەدەر تین ئەسێنێ. بەڵام ناتوانێ ئەو ئاڵۆش و خرۆشە دامرکێنێتەوە. چونکە ئەو هۆیەی ئەو ئاڵۆشەی لە لەشیا بەهێز کردووە، ئەو کەلوپەلەی لەناوبردووە کە بەهۆی ئەوەوە بتوانێ ئەو ئاڵۆشە دامرکێنێتەوە.

ڕەنگە پێویستیمان بەوە نەبێ کە زۆر بەدرێژیی لەو زیانانە بدوێین کە مەی خواردنەوە، بەهەموو ڕەنگ و جۆرێکیەوە، ئەیانگەیێنێ بەلەش و هۆش، بەتایبەتی بە کەلوپەلی سک و زاکردن چونکە ئەوە دەمێکە زانراوە کە سەر خۆشەکان زۆرجاری واهەیە، توانای ڕەگەزبازییان نامێنێ.

بەواتەیەکی کۆن: (ڤینۆس لەناو باخۆسدا نوقوم ئەبێ).



بەپێی چیرۆکە پڕوپوچەکانی یۆنانییەکانی کۆن[١]، (ڤینۆس) خوای خۆشەویستی و جوانی بووە. (باخۆس)یش خوای مەی بووە.

(شکسپیر)یش ئەمەی بەجوانی لە چیرۆکەکەیدا (ماکبیث) پێشان داوە، لەو شوێنەدا کە کۆڵ هەڵگرە کە (لمكدف) ئەڵێ: (مەی خواردنەوە ئارەزووی لنگ بازیی زۆرتر لێ ئەکات. بەڵام پیاویش لە پەلوپۆ ئەخات ناهێڵێ لنگ بازییەکە جێبەجێ بکات.

لە ڕاستیدا مەی خواردنەوە، ئاڵۆش دائەمەزرێنێ، کەچی لایشی ئەبات؛ مەی خواردنەوە هانەی پیاو ئەدات بۆ کاری لنگ بازیی، کەچی هەر لەو کاتەیشدا بەربەستی ئەکات ناهێڵێ جێبەجێ ببێ...). لەبەر ئەوە هێزی پیاوەتی و توانای لنگ بازیی کردن، هەرگیز لای ئەوانە کۆنابنەوە بەباشی، کە مەی ئەخۆنەوە مەی خواردنەوەکەیان هەرچەندێ بێ، مەیەکەیشیان هەر چۆنی بێ، جیاوازیی نییە.

نوسەرێکی تریش، لە شێوەیەکی ئاشکرا تردا لەم بابەتەوە دواوە، گوتوویەتی:

(ئەندامی سک و زاکردن، بەهۆی مەی خواردنەوە وە، لە هەموو ئەندامێکی تری لەش زیانی زۆرتر پێ ئەگات چونکە جووت بوونی سروشتانەی دروست لەناوەند ژن و پیاودا بەیارمەتی هەموو هێزەکان و هەموو ئەندامەکانی لەشەوە نەبێ پێک نایەت جا لەو بارەدا کە پیاو تووشی مەی خۆریی ئەبێ، ئەو زیانەی کە ئەکەوێ لە کەلوپەلی دەماری مێشک و، لە کەلوپەلی ماسولکەکان، هەردووکیان کۆ ئەبنەوە و پێ شوێنیان لە ئەندامەکانی سک و زادا دەرئەکەوێ، لە شێوەی لەناوچوونێکی تەواو یاخود ناتەواوی هێزەکانی ئەندامی سک و زادا).

هەروەها ئەڵێ:

(سەرخۆش، بەهۆی ئەو مەیەوە کە ئەیخواتەوە، بەرە بەرە وای لێ دێ، کە لە ڕووی زیانی لەشەوە، دەماری پیاوەتیی نەمێنێ. ئەو پیاوەی مەی خۆریی بکات، ڕۆژێک هەر دێ کە دەماری پیاوەتیی نەمێنێ هەروەک ئەندامی سک و زاکەی بە نەشتەری نەشتەر کار بڕرابێ وای لێ دێ).

بۆ ئەمەی ئەندامەکانی سک و زاکردن، لە شێوەیەکی تەندروستانەدا بمێننەوە، پێویستە هەمودەم خوێنێکی باشیان بۆ بچێت کارتێ کردنی مەیش لە خوێن گەڕاندا بەناو لەشدا وەنەبێ نەزانرابێ چونکە مەی دەمارە مێشکییەکانی ناو دڵ، یان سڕ ئەکات، یان لەناویان

(١) چیرۆکە پڕ و پووچەکان: واتا (چیرۆکە ئەفسانەییەکان).

ئەبات دەمارە مێشکییەکانی ڕێک خستنی خوێن هاتنیش هەر بەو دەردە ئەبات.

ئەنجامی ئەوەیش بەوە ئەگات، کە خوێن لە ئەندازەی خۆی زۆرتر بێتە ناو ئەندامەکانەوە لەدوای ئەمەیش، کارێکی بەرامبەری ڕووئەدات، کە بەهۆی ئەوەوە لەش ناچار ئەبێ زۆرتر ماندووبێ، بەهانە هانەی ئەو وریاکەرەوە ژەهراوییەوە بەو هۆیەوە، لە کەلوپەلی دەمارە مێشکییەکاندا تێکچوونێک ڕووئەدات، لە شێوەیەکی نارێکوپێکیشدا خوێنی ژەهراویی دێتە ناو ئەندامەکانەوە، هەندێ لەو زیندوێتییەیش کە لەناو لەشدا کۆبۆتەوە ئەهێنرێتە دەرەوە، کەلوپەلی خواردن سازکردنیش[1] لەناو لەشدا تێک ئەچی جا ئەمانە هەموویان، زوو بێ یان درەنگ کار ئەکەنە هێزەکانی ڕەگەزبازیمان. مەیەکان و بەنگەکانیش[2]، یان دەمارە مێشکییەکان لە کەڵک ئەخەن، یان سڕیان ئەکەن. کە بەوە لە فرمان کزیان لێ دێ[3]. لەپێش هەموو شتێکا، کارتێکردنی ئەوە لەو دەمارە مێشکییانەدا ڕوو ئەدات کە زاڵن بەسەر گەڕانی خوێندا بەناو دەمارە خوێنییە بچووکەکاندا. جا ئەگەر مرۆڤەکە هەر مەی بخواتەوە تا بەسەر خۆشییەوە خوو ئەگرێ، لە کەڵک کەوتنی دەمارە مێشکییەکانی باشتر دەرئەکەوێ بەهۆی ئەوەوە دەمارە مێشکییەکان، دەسەڵاتیان نامێنێت بەسەر ماسولکەکاندا لەبەر ئەوە ڕێکوپێکی کاری ئەندامەکانی لەش، بەرە بەرە تێک ئەچێ ئەویش سەبارەت بەوەیە کە ئەو دەمارە مێشکییانەی کە پێویستە دەسەڵات داربن بەسەر ڕێک خستنی فرمانی ماسولکەکاندا، لە کەڵک ئەکەون).

مامۆستا [ا. س. فاولەر]یش کە جێگای باوەڕە، ئەڵێ: (تەندروستی و ئاسایشی ڕەگەزبازیی، بەتەنشت تەندروستیی گشتیی و ئاسایشی گشتی دەمارە مێشکییەکانەوە پێک دێن.

هیچ شتێکیش وەک خواردنەوەی مەی و کێشانی بەنگەکان نییە بۆ تێک شکاندنی ئەم دوو کەرەستەیە.

(هیچ وریاکەرەوەیەک نییە کەبتوانێ هێزێکی ڕاستەقینە بە مرۆڤ ببەخشێ تەنیا هێزێکی درۆ ئەبەخشێ کە بەڕەنج و ئەرکی هێزی زیندوێتی پەیدا ئەبێ هیچ یارمەتییەکیشی لێوە پەیدا نابێ.)

---

(١)کۆئەندامی هەرس.

(٢) تلیاک و ئەفیون و هیرۆیین... هتد.

(٣) ڕاستتر: (کە بەوە لە فرماندا کزولاواز دەبن).



مەگەر هێزە ڕاستەقینەکەی لەش کز بکات، سەبارەت بەو هێزە دەمودەستەی کە لە ئەندامەکانی لەشیەوە ڕای ئەکێشێ.

(ئەگەر پیاوێکی سەرخۆش، بیەوێ ئەندازەی هێزی خۆی تاقی بکاتەوە بەهەڵگرتنی شتی گران لەپێش مەی خواردنەوە و، پاش مەی خواردنەوەدا بۆی دەرئەکەوێ کە ئەوەندەی لە پێش خواردنەوەی مەیەکەدا بۆی هەڵ ئەگیرێ، زۆرترە لەوەی کە لەپاش خواردنەوەی مەیەکە بۆی هەڵ ئەگیرێ ڕەنگە باوەڕی وابێ کە مەی خواردنەوەکە، هێز و توانای پتر ئەکات بۆ شتی گران هەڵگرتن، بەڵام بەتاقی کردنەوەکەیدا بۆی دەر ئەکەوێ کە بەهەڵەدا چووە بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەوەیە.

زۆر جاری وا هەیە کە سەرخۆش بەهێزی خۆیەوە ئەنازێ کەچی وای لێ دێ، بەزۆر خۆی بۆ ڕائەگیرێ بەپێوە؛ چونکە ئەو مەیەی خواردوێتییەوە، دەمارەمێشکییەکانی هەست پێ کردنی لە لەشیا کوشتوە، تەنانەت وایشی لێ دێ کە هەست بەهێز و توانای ڕاستەقینەی خۆی ناکات!)

ئەتوانین بڵێین، پیاوی سەرخۆش، هێزی ڕەگەزبازیی خۆی زۆر دێتە پێش چاو جا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، زۆر جاری وا هەیە تووشی زیانی هەرە گەورەی ئەکات هەروەها تووشی دڵتەنگییەکی زۆریشی ئەکات.

پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە، کە هێزی لەش و هێزی ڕەگەزبازیی، هەرگیر لە یەکتر جوێ نابنەوە هەر هۆیەک لایەکیان زۆرتر لێ بکات، لایەکەی تریشیان زۆرتر لێ ئەکات.

خووی خواردنەوەی جامێک مەیش لە پێش نان خواردندا لە هەموو خوویەکی تر پتر زیان ئەبەخشێ بەلەش جامی یەکەمی مەیەکە لە پێشدا ئارەزوویەکی درۆ لە مرۆڤدا ئەبزووێنێ بۆ نان خواردن بەڵام لە پاشدا ئارەزووی نان خواردن لە مرۆڤدا ئەکوژێ. لە جیاتی ئەوە هەستێکی زۆر بەهێزی تیا ئەبزوێنێ بۆ خواردنەوەیەکی زۆرتری وریاکەرەوەکان، لە باتی پێویستی بۆ خواردەمەنییەکی چاکی تەندروستانە.

ئەنجامی ئەمەیش بەوە ئەگات، کە ئەندامەکانی خواردن سازکردن لە لەشدا، کز بکات و تێکیان بدات هەروەها هێزەکانی ڕەگەزبازیش کز و بێ هێز بکات ئەو لەشەیش کە خورشتێکی پڕوپووچ وەرگرێت، لە باریا نابێ کە بەئەندامەکانی تری لەش خورشتی تەندروستانەی تەواو بدات.

پزیشک [تۆماس سیویل] ئەڵێ: (هەندێ کەرەستە هەیە ئاوی ئاشگ کاری لێ ناکات تەنانەت ئەگەر کاریشی لێ بکات ناتوانێ بیکات بەخۆرشتێکی بەکەڵک بۆ لەش، مەیش یەکێکە لەو کەرەستانە جا لەبەر ئەوەی خواردن سازکردن لە لەشدا یەکێکە لە فرمانە هەرە گرنگەکانی لەش، جێبەجێ کردنی ئەو فرمانە بۆ لەش یەجگار پێویستە، بۆ ئەمەی بتوانێ فرمانەکانی تریشی جێبەجێ بکات. بەپێی ئەوە، ئەگەر فرمانی خواردن سازکردنی ناو لەش کەوتە کزیی، لەشەکەش هەمووی بەجارێک کزئەبێ.

هەروەها هەموو فرمانەکانیشی بەو پێیە کز ئەبن).

یەکێک لە ئەنجامە هەرە خراپەکانی مەی خۆریی ئەوەیە کە پیاوبێ یان ژن خۆشەویستی مەی خۆریی بۆ مناڵەکانیان بەجێ ئەهێڵن ئەمەیش ئەمانخاتە سەر ئەوەی کە مۆژدە بڵاوبکەینەوە بۆ بەرەنگاریی کردنی ئەم دەردە ناهەموارە.

چونکە ژەهری مەی وەک ژەهری نەخۆشیی فەرەنگی وایە، لەباریا هەیە کە لەم پشتەوە بۆ ئەوپشت بێتە خوارەوە لە شێوەیەکی زۆر خراپدا. بێ گومان ئەو باوکەی کەلەپوورێکی وا بەدوو نەگریس بەجێ ئەهێڵێ بۆ کوڕەکەی، ئۆباڵێکی زۆر گەورە دێتە ئەستۆی.

پزیشک [ئۆجین بۆلۆن] ئەڵێ:

(ئێمە ئەڵێین مناڵ، لە ڕووکەشا وەک باوکی دەرئەچێ ڕەنگە ئەم لەیەک چوونە هەر لە دەموچاودا نەمێنێتەوە لە مێشک و دەمارە مێشکییەکان و ئەندامەکانی تریشدا هەر هەبێ ئەوەیش دیارە کە مەی، دەمارە مێشکییەکان و مێشکی باوکی سەرخۆش تێک ئەدات، هێزی ویستنی تیا کز ئەکات، دەروونی ئەمرێنێ، ئارەزوویەکی ئاڵۆشاویی گەورەیش ئەخاتە دڵیەوە بۆ زۆر خواردنەوەی مەی، کە لە ئەنجامدا وای لێ ئەکات، زۆر دڵ ڕەق و زمان درێژ و بەد خووی لێ بێت جا هەروەک مناڵەکە لە دەموچاودا لە باوکی خۆی ئەکات، هەروەها هەر دەرد و نەخۆشییەکیش بەهۆی مەی خۆرییەوە بەسەر باوکیا هاتبێ، لە باوکیەوە بۆی بەجێ ئەمێنێ)

پزیشک [ئەلبێردای]یش ئەڵێ:

(هەر کاتی لنگ بازیی نییە، کە ژن و پیاوی سەرخۆش، ئەو نەخۆشییە کوشندەیە فڕێ ئەدەنە ناو لەشی مناڵەکەوە لە کاتی سک پڕبوونی ئافرەتەکەدا، هەر ئەوانەیش نین کە ئەو کەتنە ئەکەن.

لە ڕاستیدا ژن و پیاوی وایش هەن کە لەوانە گوناهبارتر و تاوانبارترن ئەوانەیش ئەو



دایک و باوکانەن کە بەهۆی مەی خۆرییەوە خوێنیان ژەهراویی ئەبێ تا خوێنەکەیان وای لێ دێ مەی لەناویا ئەبێ بەهەوێن، دەمارە مێشکییەکانیشیان تێک ئەچن و بەجارێک کز ئەبن ئنجا لەکاتی سک پڕبووندا ئەو هەموو دەرد و نەخۆشییانەی خۆیان ئەدەن بەمناڵەکەیان!).

ئەوەبوو لەوەپێش گوتمان کە مەی، ئارەزووی ڕەگەزبازیی زۆرتر لێ ئەکات گوتراوە کە دوو هەزار کارەساتی ژن داگیرکردن پتر لە ئینگیلتەرەدا، قەوماوە لە دەست ئەو پیاوانەی کە مەی کاری تێ کردوون داوێن پیسەکان هەر ئەوەیان پێ خۆشە کە داوێنی ئافرەتە پاکەکان پیس بکەن هەروەها، هەموودەم مەیخانە بەتەنشت جێگای داوێن پیسییەوە ئەبینی بێ گومان، لنگ بازیی زۆریش کە لەناو خاوەن ژنەکاندا هەیە، زۆر جار لەوەوە پەیدا ئەبێ، کە لە شیو خواردندا مەیێکی زۆر خورابێتەوە. پزیشک (چارلس ستوری) لە نووسراوەکەیدا (مەی- سروشت و کارتێ کردنەکانی) گوتوویەتی:

(ئەو کەسانەی کە دەمارەکانیان پڕ ئەبن لە خوێنی ژەهراویی و پیس بەهۆی مەی خۆرییەوە، ئاڵۆشاویی ئەبن، هەموو دەم ئاواتە خوازی ئەوە ئەبن کە لنگ بازیی بکەن هەروەها ئەو مێردانەی بەمەی خۆرییەوە ڕاهاتوون، کەم هەڵ ئەکەوێ پاک و دڵسۆزبن لەگەڵ ژنەکانیاندا ئەوانە بەزۆریی ناپاکی لەگەڵ پەیمانی ژن و مێردییەکەی خۆیاندا ئەکەن.

ئەو ژنانەیش کە فێری مەی خۆریی بوون، هەر خوا خوایانە هەلێکیان دەست بکەوێ و خۆیان بدەن بەیەکێکدا.

کەواتە مرۆڤی ژن دار، یاخود ژنی مێرد دار، ناتوانێ پشت بەهاوسەری ژیانی خۆی ببەستێ، تا ئەو هاوسەرە بەمەی خۆرییەوە ڕاهاتبێ.).

پزیشک (ناثان ئەلن)یش گوتوویەتی:

(ئەگەر مەی خواردنەوە زۆر دووبارە ببێتەوە، ئارەزووی گیان لەبەرانە لە خۆیەوە بەهێزتری لێ دێ، تا ئەگاتە ئەندازەیەکی وەها، جڵەوی ناگیرێتەوە لەو ساکەیشدا هێزی بەربەست کردنی ڕەوشت و خووی باش، و هێزی ویستن، بەهۆی ئەو نەخۆشییانەوە کە تووشی لەش هاتوون بەتەواوەتی کز ئەبن، لەکەڵک ئەکەون. کەوای لێهات مرۆڤ لەژێر چنگی هێزەکانی ویستندا نامێنێ ئەبێتە بەندەیەکی ئاڵۆش و خرۆشی گیان لەبەرانەی نەنگی خۆی.

ئەم ئاڵۆش و خرۆشانەیش، مل نادەن بەدەسەڵاتی ئەو، لەژێر چنگیا نامێنن ئەوانیش وەک لێدانی دڵیان لێ دێ کە نەبەستراوە بەویستن و ئارەزووی ئەوەوە بەکورتی مەیەکان،

چینی دڕندەیی یەجگار وریا ئەکەنەوە، دەسەڵاتێکی گەورەی پێ ئەبەخشن کە فەرمانڕەوا ئەبێ بەسەر هەموو لەشا.

کەچی هێزەکانی ژیریی و دەروون و ویستن لە کەڵک ئەخەن.

دەرمانی ئەو دەردەیش لە دەست هەموو کەسێک دایە هەر ئەوەندە تۆزە هێزێکی ویستنی لە دڵا مابێ، لەتوانای دا هەیە کە خۆی لە دەست دیلیی ئەم خووە کوشندەیە ڕزگار بکات.

بەشی تایبەتیی خورشت، بەباشی بخوێنەرەوە پاش ئەوە ئەو ئامۆژگارییانەیش بخوێنەرەوە کە لە وەرزش و خۆشتن و پۆشین و بای پاک ئەدوێ...

پاش ئەمەی تەواو فێری ئەم دەستوورانە بوویت، پێویستە هەر ڕۆژە جامێک مەی لە جامە مەیەکان کەمتر بخۆیتەوە لە پاش ئەمەی خۆت ڕاهێنا بەوەوە، کە ڕۆژی لە جامێک مەی پتر نەخۆیتەوە، خۆت وا ڕابهێنە کە ڕۆژێک جامێک مەی بخۆیتەوە، ڕۆژێکیش هیچ نەخۆیتەوە پاش ئەوە ڕۆژێکیان جامێک مەی بخۆیتەوە، بەڵام دوو ڕۆژیان هیچ نەخۆیتەوە بەم ڕەنگە وردە وردە خۆت ڕابهێنە تا بەجارێک مەی خۆریی واز لێ ئەهێنیت.

لەگەڵ ئەوەیشا، چاکترین ڕێگا ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە بەیەکجاریی واز لەمەی خواردنەوە بهێنێت.

چونکە ئارەزووکردنی وریاکەرەوەیەک، لە هەر ڕەنگێک بێ، نیشانەی ئەوەیە کە لە لەشدا، بەجۆرێکی گشتی، کزی یەک هەیە.

جا لەوکاتەدا کەمەی خۆرەکە دەست ئەکات بە بەکارهێنانی ڕێگای سروشتی بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێکردنی هێزەکانی لەشی خۆی، بەو جۆرەی کە لەوە پێش لێیان دواین، بەشتێکی زۆر گرانی نازانێت کە هەر بەجارێک، واز لەمەی خواردنەوە بهێنێ گرنگیی ئەوەیش، کە لەکاتی برسێتییەکی زۆردا نەبێ، زۆر خۆریی لەو وریاکەرەوانەدا نەکرێ، پێویستە ڕۆشن بکرێتەوە.

لە ڕاستیدا یەکێک لە هۆیە هەرە گرنگەکان کە ئارەزوو ئەبزوێنێ بۆ خواردنەوەی وریاکەرەوەیەک لە وریاکەرەوەکان، ئەوەیە کە خواردەمەنی زۆر بخورێ ئەم ڕاستییە، ئەبێ لە هەموو کەسێکەوە دیاربێ، کە ئەیانەوێ خۆیان لە بەندەیی مەی خۆریی ڕزگار بکەن تۆیش ناتوانیت خۆشیی بوونی ئەم هێزەت دەست کەوێ، تا ئەو کارەی مەیەکان لە لەشتیان کردووە، بەتەواوەتی چاک بووبێتەوە.



(سلڤانوس ستال) ئەڵێ:

(مەی خۆریی تەندروستی تێک ئەدات لەش ناشیرین ئەکات کەلوپەلی دەمارە مێشکییەکانیش لە کەڵک ئەخات هێزەکانی هۆش و ژیریش کز ئەکات ئەبێتە هۆی شێت بوونیش منداڵەکانی مەی خۆرەکە، گێژ و وێژیی و بێ هۆشی لە باوکیانەوە وەرئەگرن هەروەها هەستە بەرزەکان و تەزووە ناسکەکان کز ئەکات ماڵ و خێزان سەرگەردان ئەکات. بەندیخانەکانیش پڕ ئەکات لە تاوانباران، مەی خۆریی دڵی باوکەکان ئەشکێنێ، دەروونی دایکە بەسەزمانەکان ئەڕەنجێنێ، منداڵە بێ گوناهەکانیش ئەخاتە سەرگەردانییەوە، سەرکردەیی خراپە و کزیی و بێ هێزیی ئەکات ئەوانەی تووشیشی بوون لەناو سەرگەردانییەکی تاسەردا نوقوومیان ئەکات!...)

## بەشی پانزەیەم

### توتن و هێزی ڕەگەزبازیی

*

(نیکۆتین)، کە بەشی هەرە بەکاری توتنە، بریتییە لە ژەهرێکی ( ؟ = قلوی)[1]، بەڵام لە شێوەیەکی وەک ڕۆن دایە ئەگەر بەشێکی تەواوی لێ بچێتە لەشەوە، ئەبێتە هۆی مردن بەڵام ئەگەر بەشێکی کەمتری لێ بچێتە لەشەوە، ئەبێتە هۆی خاوکردنەوە و سڕبوونی هۆش و دەمارە مێشکییەکان. بەکارهێنانی نیکۆتین ئەبێتە هۆی لیک فڕێ دانێکی زۆر کە ئەویش ئەبێتە هۆی ماندووبوونی لەش و سەرەتای ئێش و ئازاری ئاشگ هەروەها نیکۆتین ئاوی ناو ئاشگ ئەورووژێنێ. لەشیش لە ڕێگای سییەکانەوە ئەیمژێ بەهۆی هەڵمژینی دوکەڵی توتنەکەوە، یان بەهۆی کەوتنی دوکەڵەوە لە پەردە لیکاوییەکەی ناو دەم، لەکاتی جگەرەکێشان یاخود قەندە، یان نێرگەلە کێشاندا.

زاناکان هەموو لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە توتن زیان ئەبەخشێ بەهێزەکانی ڕەگەزبازیی. نووسەر گەلێک کارەساتی بیستووە، کە توتن هۆی ڕاستەوڕاستی پەککەوتنی ڕەگەزبازیی بووە من بەجۆرێکی تایبەتی چیرۆکی نەخۆشێک ئەگێڕمەوە، تووشی دەردێکی واهاتبوو کە هێزی ڕەگەزبازیی بەتەواوەتی پێ نەمابوو، ئەوەیشی لە جگەرەکێشانەوە تووش هاتبوو پزیشکەکە شێوەی چاککردنەوەی باوی بۆ دانابوو تا ماوەیەکی درێژیش سەرم لێ ئەدا، کەچی هیچ نیشانەیەکی چاک بوونەوەم پێوەنەدیی ڕۆژێک لە ڕۆژان پزیشکەکە نووسراوێکی ئەخوێندەوە لە بابەت ئەو زیانانەوە کە لە جگەرەکێشانەوە پەیدا ئەبن سەری سوڕما لەوەی کە نووسەرەکە لەو زیانانە دوابوو کە جگەرەکێشان ئەیگەیێنێ بە هێزەکانی ڕەگەزبازیی.

هەرچەندە ئەم پزیشکە لەوە پێش ئەوەی ئەزانی کە جگەرەکێشان زیان ئەدات

(١) مامۆستا بۆ وشەی (قلوی) لە دەسنووسەکەیدا ئاوا نیشانەی پرسی داناوە، کە دیارە پەیی بەکوردییەکەی نەبردووە. ئەوەی من دیم، لەو فەرهەنگۆکەی بۆ کیمیای پۆلی پێنجی زانستی دانراوە: قلوی = ئەلکالی، قلبەیی (بڕوانە: کیمیا، پێنجی زانستی ساڵی ٢٠٠٠ چاپی ١١ چایخانەی یەرموک) هەروا گۆڤاری (پەروەردە و زانست)یش- ژمارەی تایبەت بە زاراوەکانی قوتابخانە، بۆ هەمان وشە (قلبە)ی داناوە. (بڕوانە: پەروەردە و زانست- گ؛ ژ ٤ ساڵی ٢ هاوینی ١٩٧٢ بەغدا چاپخانەی شەفیق- ل ١٠٥)



بەتەندروستی، بەڵام ماوەی ئەم زیانەی نە ئەزانی چەندە ئەوساکە بیری کەوتەوە کە ئەو نەخۆشەی لەژێر دەستیابوو چاکی ئەکردەوە، جگەرەکێشێکی هەموودەمی بوو جارێ دووجاریش لەوە ئاگاداری کردبوو کە ئەگەر لە جگەرەکێشانەکەی کەم بکاتەوە، ڕەنگە زووتر چاک ببێتەوە.

جا ئەمەی کە خوێندییەوە، کارێکی گەورەی لێ کرد وای لێ هات نەخۆشەکە، لە جگەرەکێشان بەتەواوەتی، بەربەست بکات بۆ ئەمەی سەرنج بدات لە ئەنجامی ئەم جگەرە نەکێشانە لەماوەی مانگێک کەمتردا، هێزەکانی ڕەگەزبازیی نەخۆشەکە چوونەوە سەر دۆخی جاران، کە دەمێک بوو پێیی نەمابوو پاش ئەوە پزیشکەکە ڕێیدا جگەرە بکێشێتەوە زۆری پێ نەچوو دەستی کردەوە بەسکاڵاکردن لە نەخۆشییە کۆنەکەی ئیتر بە تەواوەتی بۆی دەرکەوت، کە پێویست وایە بەتەواوەتی لە جگەرەکێشان بکەوێ، ئەگینا بەیەکجاریی هێزەکانی ڕەگەزبازیی لە دەست ئەچێ.

بەکارهێنانی توتن، چ بەجگەرەکێشان بێ، یان بەتوتن جووین، کارێکی گەورە ئەکاتە سەر کەلوپەلی دەمارە مێشکییەکان هیچ بەڵگەیەکیش بۆ ئەم باوەڕە لەوە ئاشکراتر نییە، کە جگەرە کێش ئارەزوویەکی بێ ئەندازە ئەکات بۆ جگەرە کێشان، کاتێک کە لەشی ڕایەت بەم جۆرە داوودەرمانەوە ئەم جۆرە دەسەڵاتەش کە جگەرەکێشان پەیدای ئەکات بەسەر جگەرە کێشدا یەکێکە لەو ئەنجامە خراپانەی کە لە جگەرەکێشانەوە پەیدا ئەبن جگەرەکێشان دەمارە مێشکییەکان سڕ ئەکات، هێزی هەست پێ کردنیان تیا ناهێڵێ کەلوپەلی دەمارە مێشکییەکانیش، بەگشتی، هەچ زیانێکیان پێ بکات، ڕاستەوڕاست، بێ گومان، کار لە ئەندامەکانی سک و زاکردن ئەکات چونکە کەلوپەلی دەمارە مێشکییەکان، دەستێکی گرنگیان هەیە لە کاروباری لنگ بازییدا لەمەوپێش ئەمەیشمان باش پێشان داوە.

پزیشک (سایکلاس برکلی) ئەڵێ: ئەو پەک کەوتنەکەی دێت بەسەر بنکەکانی دەماری مێشکدا بەهۆی جگەرەکێشانەوە، تەواو نیشانەی دیارە.

ئەو کەسانەی کە جگەرە بەجگار ئەکێشن، بەزۆریی لەو کەسانەن کە خاوەنی سروشتی توندوتیژیی و دڵتەنگین.

هەروەها، وا دەرئەکەون کە لەو کەسانەی جگەرە ناخۆن چالاکی و لەش سووکی یان زۆر کەمترە چونکە (نیکۆتین) بەجگار خراپە بۆ هێزەکانی دەمارە مێشکییەکان «بەکارهێنانی توتنیش فرمانی دەمارە مێشکییەکان کز دەکات چونکە ئەو کەرەستەیە کە ئەچێتە ناو

لەشەوە بێ ئەمەی هیچ کەڵکێکی پێ ببەخشێ کە پێویست بەلەش بێ بەپێچەوانەوە کارێکی خراپ ئەکات لە دەمارە مێشکییەکان، وایان لێ ئەکات فرمانی خۆیان بەتەواوەتی نەبینن لەناو ماسولکەکانی دڵ و ئەندامە گرنگەکانی تردا» لەبەر ئەوە ئەگەر ئەتەوێ هێزی لەش و هێزی مێشکەدەمارت دەست کەوێ، پێویستە بەهیچ کلۆجێک توخنی جگەرەکێشان و بەکارهێنانی توتن نەکەویت جا لەم هێزانەوە کە دەست ئەکەون هێزێکی تەواوی ڕەگەزبازیی پەیدائەبێ، هەروەک لەمەوپێش پێشانماندا.

(سیلفانوس ستال) ئەڵێ:

بەکارهێنانی توتن لەلایەن کەسێکەوە کە هێشتا تەواو گەورە نەبووبێ، گەورەبوونی لەش ئەوەستێنێ، گەورەبوونی ماسولکەکانیش تەگەرە تێ ئەدات ئەو کەسە بەکزیی و نەخۆشییەوە گەورە ئەبێ جا ئەگەر توتن زۆر بەکاربهێنیت، زیانێکی گەورە لە چاوی ئەدات پزیشکەکانی چاویش، ئەوانەی پسپۆڕن لە نەخۆشییەکانی چاودا، وایان بڕیار داوە، کە بەهۆی وردەبینە گەورە کەرەکانەوە و، ڕۆشنایی خستنە سەر بیلبیلەی چاو، بۆیان دەر ئەکەوێ کە نەخۆشەکە جگەرە زۆر ئەکێشێ یان نا جگەرە کێشان هەستی بیستنیش کز ئەکات کارێکی خراپیش ئەکاتە سەر دڵ، دڵ تووشی دڵە کوتێ ئەکات خۆ ئەگەر پەیتا پەیتا توتن بەکاربهێنرێ و زۆری لێ بکێشرێ، لە ئەنجامدا نەخۆشییەکی گەورە ئەگات بەدڵ. ئەو ئەنجامانەی کە لە توتن کێشان یاخود لە توتن جوونەوە پەیدا ئەبن، زۆرجاران لە دەمارەمێشکییەکاندا جێگەیان دیارە جگەرەکێشەکە وای لێ دێ زوو تووڕە ئەبێ، لە هیچ دڵی خۆی تەنگ ئەکات پزیشکە نەشتەرکارەکان وا ئەڵێن:

کە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەکانیاندا لە ژووری نەشتەرکارییدا بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەوانەی جگەرە خۆرن بەزۆری کە پێیان ئەگوترێ پێویستە نەشتەرکاریی لە لەشتاندا بکرێ، ترس و لەرز ئەیان گرێ و بەجارێک ورە بەرئەدەن.

توتن کێشان، ڕەنگی دان ئەگۆڕێ، بۆنی هەناسە ناخۆش ئەکات لووەکانی لیک فڕێ دەر ئەورووژێنێ، هانەی ڕوودانی گـــــرفت ئەدا لە ئاشگدا، پەیدابوونی بائەدا لەناوسکدا[١]، زەردبوون ئەدا لە دەموچاودا[٢]، ئەبێتە هۆی کزیی و لاوازیش لە لەشدا هەروەها جگەرەکێشان ئەبێتە هۆی سەرگێژبوون و هوروژمی خوێن بۆ سەر و، دڵە کوتێ و

(١) ڕاستتر: لەناو سکدا باوبژ پەیدا ئەکات.

(٢) یان: دەم و چاو زەرد هەڵ ئەگەڕێنێ.



شت لەبیر چوونەوە و نەخۆشییەکانی ناودەم. ئەم ڕاستیانەیش لە کاتی مردنی زۆر لە گەورە پیاواندا دەرکەوتووە، وەک: (سەرکردە گرانت) و گەلێکی تر.

گرنگترین بەڵگە بۆ خراپیی جگەرەکێشان ئەوەیە کە وەرزش کارەکان هەموویان، لە کاتی مەشقکردندا جگەرە ناکێشن خووگرتنەکەیان بەجگەرەکێشانەوە هەرچەندێ بەهێزبێ، تەنیا گەیشتنە کاتی مەشقکردن، کە لەشەکانیان ئەگەیێنێتە ئەوپەڕی تەندروستی و هێزی پیاوەتی، ئیتر بەجارێک جگەرەکێشان لە خۆیان بەربەست ئەکەن کارتێکردنی توتنیش لە هێز و بەرگەگرتنی لەش[١]دا بەتەواوەتی دەرئەکەوێ.

چونکە جگەرە خۆریش، بەچەشنی مەی خۆر، جارێک دووجار ئەرکی گران بکات، بەتەواوەتی بڕستی ئەبڕێ ئەو ماندوێتییەیش پەیدا نە ئەبوو بۆ لەش ئەگەر ئەو کەسە جگەرەکێش نەبوایە.

(نیکۆتین)یش وەک مەی و لنگ بازیی بێ ئەندازە، لە لەشی مرۆڤدا کاری سەیر ئەکات نووسەری ئەم نووسراوە هەندێ باری نەخۆشیی وای دیوە، کە لە دیمەندا وا دەرکەوتووە: نەخۆشیی (ڕۆماتیزم= لەش ئێشە) بووبێ، یان هی لووەکان، یان (نورالجیا)ی کۆن لێ هاتوو، یاخود (ئاوسانی شیر پەنجەیی)، تەنانەت نەخۆشییەکانی هۆشیش هیچ هۆیەکی تریان نەبووە توتن نەبێ ئەم نەخۆشیانەش هەر بەنەکێشانی جگەرە، لە لەشی خاوەنەکانیان دانەماون پزیشک (ب. ج. تایلور) ئەڵێ:

(کەرەستەیەکی ژەهراویی وەک توتن، کە پەیتا پەیتا بنووسێ بەڕوویەکی شت مژەوە وەک پەردەلیکاوییەکەی ناو دەم، هیچ لەوەدا گومان نییە، کە زۆرجاری وا ڕوو ئەدات، ناو لەش تێک بدات کەچی جگەرە کێشەکە ئۆباڵی ئەو دەرد و نەخۆشییانە، ناخاتە سەر ئەستۆی هۆیە ڕاستەقینەکەیان؛ کە جگەرە کێشانە و پێویستە خۆی لێ لابدات، ئەیخاتە سەر ئەستۆی هۆیەکی تر چونکە ئەو بەلایەوە وایە کە جگەرەکێشان پێویستێکی ژیانێتی نابێ وازی لێ بهێنێ.)

لە هەموو شێوەکانی بەکارهێنانی توتندا، هیی هەرە زیان بەخشیان و سەر گێژکەرەیان جگەرەیە. چونکە لەکاتی کێشانی جگەرە یاخود قەندەدا، جگەرە کێشەکە دوکەڵەکە تاوێک لەدەمی خۆیدا ڕائەگرێ ئنجا بڵاوی ئەکاتەوە بەڵام جگەرەکێش، دوکەڵی جگەرەکە هەر هەناسە ئەدات، کەبەوە هەندێ هەڵمی بۆن ناخۆش ئەخاتە سییەکانی خۆیەوە ئەوەیش

(١) بەرگەگرتن: (مناعة).

ئاشکرایە کە ئەو شانانەی ئەندامەکانی لەشیان لێ پەیدابووە و خوێن ڕەوانە ئەکەن بۆ ناو سییەکان تا لە بای هەڵمژراو بکەون، هەر ئەبێ هەندێ دوکەڵیان بەرکەوتبێ کە هەندێ هەڵمی (نیکۆتین) و گەڵا سووتاوەکانی تیایە جا بەوە خوێن دەمودەست، ژەهراوی ئەبێ بنکەکانی دەمارە مێشکییەکانیش، بەجۆرێکی خراپ تێک ئەچن، کە بەوە لەش هەمووی ئەکەوێتە کزیی هەروەها بەکارهێنانی جگەرە زۆرجاری وا هەیە، لە شێوەیەکی سامناکدا هۆش و ڕەوشتی جگەرەکێش تێک ئەدا کە ئەم ڕووداوە ئەمان خاتە سەر ئەوەی بڵێین: جگەرە کێشان تا ئەندازەیەکی گەورە ژمارەی کەتن و تاوانباریی پتر لێ کردووە، کە یەکێک لەو کەتنانە کەتنی ڕەگەزبازییە.

پزیشک (ب. ج. بریستلی) ، لە نامەیەکیا کە لە بابەت بەندیخانەکانەوە دابووی، گوتبووی:

(ژمێرکاریی کەتن و تاوانەکانی ناو بەندیخانەی (مەترۆپولیس) بەیەکجاریی ئەیچەسپێنێتە ناو دڵمانەوە، کە بەشی زۆری کەتنەکان لە جگەرەکێشانەوە پەیدا ئەبن. وا دیارە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەناوەند تاوان و توتندا).

ئەوەبوو لەوەپێش پەنجەمان کێشا بۆ ئەو زیانەی کە توتن کێشان ئەیدا لە هێزی ڕەگەزبازیی جێی داخە کە هەر جگەرە کێشەکە بەتەنیا خۆی زیانی تووش نایێ، منداڵەکانی جگەرەکێشەکەیش کزیی و لاوازیی ئەویان تووش ئەبێ.

لێرەیشا، لە یەک چوونێکی ئاشکرا دەرئەکەوێ لەناوەند مەیەکان و نیکۆتیندا هەموو پزیشکێکیش لە توانایدا هەیە بیچەسپێنێتە دڵتەوە کە منداڵەکانی جگەرەکێش ناگەنە ئەو تەندروستییەی کە پێویستە پێی بگەن جا ئەو منداڵە کزولاوازانە چاکترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کە تا چ ئەندازەیەک توتن کێشان کاری خراپ لە مرۆڤ ئەکات بەڵام ئەوانەی خۆیان جگەرە ئەخۆن، دە ئەوەندە زیانیان لێ ئەکەوێ.

پزیشک (ج. و. هوبلی) لە نووسراوەکەیدا، (بیرەوەریی کوبا) ئەڵێ:

(کە سەرنجمدا، منداڵەکانی جگەرە دروست کەرەکان، هەموو دەم لەڕ و لاواز و ڕەنگ زەرد و کزن هاوڕێیەکی پزیشکم کە لە (هاڤانا)دا دائەنیشێ پێی گوتم، زۆر لەو منداڵانەی لەوێدا لە دایک ئەبن، هەموو نیشانە و دیمەنێکی خوێنی ژەهراوییان پێوە دیارە کە لە (نیکۆتین)ەوە پەیدابوون هەروەها ژمارەی ئەو منداڵانەی کە بەمردوویی لە دایک ئەبن، لەگەڵ ژمارەی سک لە بارچوون یەجگار زۆرە ئەم هەموو دەرد و نەخۆشی و سەرگەردانییانەیش لە زۆر بەکارهێنانی توتنەوە پەیدا ئەبن.



لە پزیشکێکی بەناوبانگی شاری (نیویۆرک)پرسرا، کە زۆر شارەزای جوولەکەکانی (نیویۆرک)بوو، هۆی ئەوە چییە کە لاوێکی جوولەکەی ئەوێ، کە لەپێشدا لە هەرەتی تەندروستی دایە، لە پڕ ئەبێتە پیاوێکی کورتە بالای بێ گۆشت و بێ گیان؟ وەرامی دایەوە گوتی:

(بەڕووی جامخانەکانی شیرینی فرۆشەکانەوە، جگەرەی ڕەنگاوڕەنگ و جۆر جۆر، وەک دەردێکی کاریگەر ڕیزکراون لە کۆڕی خۆڕشتدا، بڕۆ بەناو شەقامە گەورەکەیدا، ئەگەر هەموولاوێک و هەموو پیاوێک بزماری تەختی مردنی خۆیان بەدەمەوە نەبێ، کە بریتییە لە جگەرە، سەرت سوڕئەمێنێ ئەوانە هەموویان هەر لەبەرە بەیانەوە کە خەبەر ئەبنەوە لە خەو تا ئەگاتە دەمی خەوتنان، جگەرە لە دەمیان بەرنابێتەوە.

زۆری وایشیان تیایە، ئەیانناسم، کە بەشەو خەبەریان ئەبێتەوە لە خەو، گورج جگەرەیەک دائەگیرسێنن و ئەیکێشن بۆ ئەمەی دڵیان دامرکێتەوە و ئۆخەی بکەن لە جگەرەکێشان هەموو جۆرە جگەرەیەک خراپە و زیان بەخشە بەتایبەتی ئەو جگەرە ئەمەریکاییانەی کە لە شاری (نیویۆرک)دا دروست ئەکرێن، کە توتنەکەیان لە هەموو توتنێک گەنگترە، یاخود لە توتنی ئەو جگەرانە دروست ئەکرێن کە بنکەکانیان لە سەرەڕێگادا کۆئەکرێنەوە هەر لەو کاتەدا کە مرۆڤێکی دەست ئەکات بە جگەرە خۆریی، هەروەها ئەبێتە مرۆڤێکی وا کە لە مرۆڤانی تر نەکات ئیتر لەوساکەوە ئەتوانێ بەئارەزووی خۆی تاوانباریی بکات و کەتنی لە دەست بووەشێتەوە نەخۆشییەکانیش بەتایبەتی ئەو نەخۆشییانەی کە پەیوەندییان بەهۆشەوە هەیە و لە ڕووی جگەرەکێشانەوە پەیدا ئەبن لە ژمارەنایەن.

منیش لام وایە کە لەش دروستیی ئافرەتانی جوولەکەیە، کە توانیویەتی گەرەکی جوولەکەکان بپارێزێ لەوەی کە ببێتە کێڵگەیەک بۆ شێت و وێت و کز و لاوازەکان.).

جگەرەکێشی ئاساییش، ئەتوانێ بەبێ ئەمەی زۆر خۆی ماندوو بکات، لە جگەرە خۆریی خۆی ڕزگار بکات، بەمەرجێ دووی ئەو ئامۆژگارییانە بکەوێت کە لە بەشی تایبەتی لەمەی واز لێ هێناندا پێشانمانداون واتا بەهۆی کەم کردنەوەی جگەرەکێشانەوە لە شێوەیەکی ڕۆژ بەڕۆژییدا هەروەها پێویستە لەسەرت کە بەهەموودڵسۆزییەکەوە دوای ئەو ئامۆژگارییانە بکەویت کە پەیوەندییان بەدامەزراندنەوە و گێڕانەوەی هێزەکانی دەمارە مێشکییەکان و ماسولکەکانەوە هەیە چونکە هەردوو هێزەکان، لە هەموو هۆیەکانی تر

بەهێزترن بۆ ڕزگاربوون لە دەست خووی جگەرە خۆریی یان تووتن جووین ئەم بابەتەیش هەروەک بابەتی مەی خۆریی وایە.

ئەگەر ئەتەوێ ببیتەوە بەلاو و، هێز و هەڕەتی تافی کوڕێنیت بۆ پەیدا ببێتەوە و، خۆشی لە خۆشییەکانی ژیان ببیەن و، ئەو نەرمونیانی و کامەرانییەیشت دەست بکەوێت کە لە پشت پیاوی خاوەن هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازییەوەن، پێویستە تا ئەمێنیت نەچیتەوە بەلای جگەرە خواردندا.



## بەشی شانزەیەم

تینوێتی بۆ ڕەگەزبازیی

لە خۆبایی بوونی مرۆڤ، ئەچێتە شێوەی سەیر سەیرەوە، هی وا هەیە پاڵیان پێوە ئەنێ بۆ پلارگرتن لە یاساکانی خوا کە پەیوەندییان بەکاروباری ڕەگەزبازییەوە هەیە ئەو کەسانەیش کە تووشی ئەم لە خۆبایی بوونە دێن کە نزیک بەشێتی ئەکەوێتەوە، حەز لەو بنچینانە ناکەن کە سروشت دانیاوە بۆ دامەزراندنی خێزان و مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەچاوێکی پڕ قێز و بێزەوە سەیری کاروباری ڕەگەزبازیی ئەکەن ژن هێنانیش بەکارێکی وا ئەزانن کە دوورە لە ڕەوشت شیرینییەوە یەکێک لەوانە ئافرەتێکە کە لە دایک بوونی منالێکی ڕووتی بەبێ پەروایی و دڵ ڕەقی داناوە ئافرەتێکی تریش، ناحەزیی خۆی بەرامبەر زمانی فەرەنسی پێشان ئەدا، هەر لەبەرئەوەی کە لە بەشی ڕەگەزبازییدا، ناوی بێ گیان (جماد)ی تیانییە، کە بەلای خۆیەوە ڕەگەزێکی هەرە ناوازەیە.

جا ئەو جۆرە کەسانە، کە (ماکولی) ناوی ڕاستی لێ ناون و پێی گوتوون (ئەوانەی کە شانازیی بەداوێن پاکییەوە ئەکەن) کە لووت بەرزیی ئەنوێنن، هیچ بۆنێک ناکەن بۆنی ناشێتی نەبێ کەچی کەسانی تریش خۆشی لە ڕاستیی ژیان ئەبینن و چێشکەی هونەری ژیان ئەکەن. ئەو کەسانە، کە پەیکەرێکی قسەکەر ئەبینن، نیشانەی هونەری پێوە دیارە و چێشکەی ڕاستەقینەی لێ ئەوەشێتەوە، هەر لەبەر ڕووتییەکەی بەشتێکی نەنگو نابەجێی دائەنێن بێ باکیی منالانە و دەم ڕاستییەکەیشی بەنیشانەیەکی یەکەم گوناهباریی دائەنێن، کەچی مرۆڤی ئاسایی، ئەو بێ باکیو دەمڕاستییە بەساکاریی و پاکی دائەنێ ئەوانە هەر جووڵەیەک لە منالەکەوە ببینن. بەجۆرێکی وای لێک ئەدەنەوە، کە هەر بەبیری ئێمەیشدا نایەت کەچی ئێمەیش منالّ بۆیە ئەپەرستین، کە خاوەنی پاکی و بێ تاوانی و ڕاستگۆییەکی خۆشن لەبەرئەوە ئەوانە ژن و مێردیی بەپێوەندییەکی وا دائەنێن کە دوورە لەسەربەرزیی و گەورەیی و خۆبەخت کردنەوە.

لە ڕاستیدا، ئەم بیرە نەخۆشانە کە زاڵ بوون بەسەر ئەو جۆرە کەسانەدا، هەروەک گوتمان، سەبارەت بەلەخۆبایی بوونیانەوە پەیدائەبن ئەوانە ئەتوانن ئەو پێش بینییە پڕوپووچانە بخەنە مێشکی خۆیانەوە، لە پاشا خەریکی ئەوەیش ئەبن کە بیانخەنە مێشکی کەسانی تریشەوە، بەتایبەتی مێشکی خوێندەوارە بەرزەکانەوە کە لە ژن و مێردییدا نەنگی و ناشیرینی هەیە کە سەرنج ئەدەیت، ئەوانە، ئەندامەکانی سک و زاکردن

واپێشـان ئەدەن کە ئەندامـێکی گـەنگن، بەکـاری هیچ نـایەن، ئەوە نەبێ کـە نەنگتـرین سروشتی مرۆڤ دامرکێننەوە ئەو ئەندامانە، بەلای ئەوانەوە، شایستەی بیرکردنەوە نین، لێیـان بکرێتەوە ئەوە ناهێنن مرۆڤ خۆی لێیان نزیک بخاتەوە. هەر بۆ ئەوەیش ئەشێن کە بەنەبوو بژمێررێن.

کەچی لە ڕاستیدا سروشت ئەو ئەندامانەی وەک بەخششێکی بەرز و پیرۆز پێشکەشی ئێمە کردووە، بەجۆرێکی تایبەتی خەمی خواردن، گەلێک هێزی گرنگ و هەستی بڵند بڵندیشی پێوە بەند کردوون.

جا ئەو جۆرە کەسانە، کە خۆیان بەتاوە دەزوویەکی داوێن پاکییەوە هەڵواسیووە، هۆش و بیریشیان تا ئەندازەیەکی کەم بڕ ئەکات، بەئاشکرا ئەڵێن: کاروباری ڕەگەزبازیی نیشانەی گـەنگی و نەنگییـە هەروەها هۆی پەشـۆکـان و سـەر لێ شـێـوانە، مـرۆڤ هیچ پێویستییەکیشی پێی نییە.

دووریش نییـە کـە ئەم جۆرە بیـرە، لای هەندێ کـەسی خـۆش باوەڕ و دڵ چاک پەسـەند بکرێ، لەو باوەڕەوە کە داوێن پاکی نموونەی هەرە بڵندە بەلای هەموو کەس، یاخود بەلای هەندێ کـەسـەوە یەکـێک لەوانـەی کـە توانایان هەبوو بژین بەوەوە کـە باوەڕیان پێی نەبوو بابە (هیـاکنث) و (ئونوردی بلناک) بوو. لە هەندێ کـاتدا، تـاقی کـردنەوەکـە مـاوەیەکی درێژی پێ ئەویست، بەڵام لە دواییـدا ئەم بیـرە ئەشکا و سروشت سـەرئەکـەوت بەسـەریا (جیـبون)یش لە نووسـراوەکەیدا (کـەوتنی شاهەنشـاهی مرۆڤ) ئاگادارمـان ئەکات کـە (مەسیحی)یەکان تـوانییـان بەووردیی داوێـن پاکـیی خۆیان ڕابگرن، بەڵام دوایی لەوە تێ گەیشتن کە داوێن پاکیی هەموو دەمی، هەمـوو دەم دەروون پشتـیوانی نابێت لە ڕاستـیدا، ئەو پیاوەی خاوەنی دەروونـێکی زیندوو بێت ژن ئەهێنێت چونکە پەی بەوە ئەبات کە مان گرتنی لە ژن هێنان کەتنێکە لە سروشت و لە خۆی ئەکات.

بەڵام ئەو لووت بەرزانەی کـە هۆگـری ژیانێـک ئەبن، بەشی ڕەگـەزی تیـانەبێ، هەر بەتینوێتی خۆیان بۆ ڕەگەزبازیی وازناهێنن، حەز ئەکەن ئەو تینوێتییەیان تووشی کەسانی تریش بێت لە خۆبایی بوونەکەیشیان پاڵیـان پێوە ئەنێ کە تەنیا ئاواتەکەی ژیانی خۆیان بهێننە دیی، ئەویش ئەوەتا هەمـوو مرۆڤەکانی تریش وەک خۆیان بکەن، لەبەرئەوە دەست ئەکەن بەڕەنگ ڕشتن بۆ کەسانی تریش.

ئەوەیش لە تواناداـنییـە کـە یاسـای توندوتیـژ دابنرێ بۆ چارەکـردنی ئەم گـیـروگـرفـتـە، تەنانەت ئەگـەر نەشـیـاو و نەکـراویش بەکـراو و شـیـاو دابنێین و دوژمنانی ڕەگـەزی



مـرۆڤایەتییش ڕاستگۆ دابنێین چونکە کەم هەڵ ئەکەوێ دووکـەس لە هەمـوو ڕوویەکـەوە ڕێک بکەون دوورنییە ئەوەی یەکێک کامەران ئەکات، ببێتە هۆی سەرگەردانی یەکێکی تر. هەرچەندە لە یەک چوون لەناو گیـانلەبەراندا تەواو نزیکی تەواویی ئەبێـتـەوە، بەڵام لەیەک نەچوون لەناو مـرۆڤایەتیـدا تـەواو ئاشکرایە: چ لە ڕووی لەشیـانەوە، چ لە ڕووی هۆشیـانەوە هەروەک پڵنگ بەگـورجوگـۆڵی و زیرەکـیی، لەگـەڵ مـاینی دەریادا بەشل و شێواویی و نازیرەکیی جوێ ئەبێتەوە ئاوایش مرۆڤەکان لە یەکتر جوێ ئەبنەوە. لەبەرئەوە هیچ کەسێکی ژیر، ناوێرێ یاسای وا دابنێ کە بۆ هەموو کەسێک بەکەڵک بێت.

بەتـایبـەتی لە کـەینەوبەینەیەکی وەک ڕەگـەزبازیی دا، کـە لە هەمـوو کـاروبارەکـانی مرۆڤایەتی گرنگتر و پڕژیانترە.

بەراووردێک بکە لەناوەند دیمەنی کـچـێکی داوێن پاکـدا کـە شـووکـردنیـان ناوێ و هەموودەمی خـۆیان بەوە ڕائەبوێرن کە هورووژم ببـەنە سەر (سروشتی نەنگ) لەناو دەستە خوشکەکانی خۆیانـدا و وایان لێ بکەن بێز لە شووکردن بکەنەوە، لەگەڵ ئەو کەیبانووە پچووکەدا کە منالەکانی لەملاولەولایەوە یاریی ئەکەن تەماشا ئەکەیت کچەکەی یەکەم، ڕوویەکی زەردی چرچ و لۆچاویی هەیە، هیـچ زیندوێتـییـەکی پێـوە دیارنییـە، وەک پارچە سەهۆڵـێک وایە لە ساردوسـڕییدا ڕوویەکی ناخـۆشی پێـوەیە، گەردنێکی ڕەپی ڕەقـوتەقی هەیە، دەمارەکانی ملی پێوە دیارن، دوو چەناگەیشی هەیە هەرگیز جووت نابن، زمانێکی توندوتیـژ لەناویاندایە، هەرچی ناشیـرینە ئەوە ئەڵێ باری ڕاستـەقینەی ئەم ئافرەتە، کـە پەردەی داوێـن پاکـیی بەسـەر خـۆیدا داوە، بارێکی نەنگی ناپەسـەند و ئاشکرایە بەڵام ژنەکـە، چونکە لە ژیانی ژن و مـێـردییـەکـەیدا سـەرکـەوتووە، دیمەنی گـەشی و شـەنگی دەموچاوی گرتۆتەوە.

نیشانەی تەندروستیش لە هەموو بزووتنەوەکانیا دیارە.

هەروەها خۆی لە هەرەتی کامەرانی خێزانیدا پێشان ئەدا، لەناو مێردەکەی و منالەکانیا گورجوگۆڵە لە فرمانکردندا. ئەوەیش هەمووی لە ڕووی ژیانی ژن و مێردێتییەکەیەوەیە کە پێی خـۆشـە و دامـرکـاندنەوەی هێـزی ڕەگـەزبازییـەکـەیەوەیە لەلایەن مـێـردەکـەیەوە، نەک تینوێتی بۆ ڕەگـەزبازیی چونکە گـوناهی بـەش بڕاویی، زیان کـەمـتـر نییـە لە زیانـی لنگ بازیی بێ ئەندازە و بەڕەڵڵا، بەتایبەتی ئەگەر بەش بڕاوییـەکە لە ئارەزووی دڵداریـیدا بێ لەمـەیشدا هەر زیان بەمرۆڤەکە، خۆی ناگات چونکە خوای گەورە هێزەکانی ڕەگەزبازیی بۆیە پێ نە بەخشیوین، کە هەر خواستەکانی گیان و لەشیان پێ جێبەجێ بکەین. هەروەها

بۆ ئەمەیش پێی بەخشیوین کە منداڵمان ببێ و جیهانی پێ ئاوەدان بکەینەوە جا لەم بارەدا بەش براویی دەست درێژییەکە بۆ فەرمانی خوایی، کەتنێکیشە لە مرۆڤایەتی ئەکرێ جا ئەم تاوان و کەتنانە ئەوانە ئەیکەن و ئەبنە هۆی کردنیان، کە بە ڕووالەت خۆیان بەداوێن پاک پێشان ئەدەن و واز لە فرمانی ڕەگەزبازیی خۆیان ئەهێنن.

ئەم بەش براوییە، تەنگوچەڵەمەیەکی تریش پێک ئەهێنێ. چونکە هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازیی ئەگەر بشتوانرێ بەربەست بکرێ لە هەندێ جاردا بەشێوەیەکی ئاسایی، بەڵام جاری وایش هەیە بەشێوەیەکی نائاسایی نەبێ بەربەست ناکرێ پێویست بەوە ناکات ئێمە ئەوە بگێڕینەوە چونکە ئەو شتانەی پزیشکەکانی نەخۆشیی هۆش و دەمارە مێشکییەکان ئەیگێڕنەوە، چیرۆکی وایان تیایە کە هەڵ ئەگرن پیاو لێیان بکۆڵێتەوە و پەندیان لێ وەربگرێ چونکە ئەوانەی خەریک بوون بەربەستی سروشتی لەشی خۆیان بکەن، دوایی هۆشیان تێک چووە و دەمارە مێشکییەکانیشیان لە کەڵک کەوتووە.

گوناهی لەناوبردنی ڕەگەزبازیی، گەلێک تاوانی تری لێ وەشاوەتەوە کە هەموویان جێی خەموخەفەتن. ئایا هیچ دیمەنێک هەیە لەوە ناخۆشتر، کە کچێکی شوونەکردوو ببینین یاریی لەگەڵ سەگێکی گلاودا بکات و بەتاسوقەوە سەری لوتی ماچ بکات، سەگەکەیش وەک دەرئەکەوێ هۆگری نییە و لێی وەڕسە، پڕبەدڵ ئەیەوێ بڕواتە ناو سەرە نوێلکێکەوە پارچە ئێسقانێک بدۆزێتەوە و بیکرێنێتەوە سروشت بێزاریی خۆی ئەنوێنێ بەرامبەر ئەم جۆرە ئافرەتە زڕانە، لەبەرئەوە بێ بەشیان ئەکات لە جوانی و دڵ کێش کردن کە ئەجووڵێنەوە وا دەرئەکەون، لەشێکن و گیانیان تیانییە، مەگەر تەماشاکردنەکانیان بۆ بژمێری بەژین، کە ئەوانیش لەو چاوانەوە دێنە دەرەوە کە پڕن لە ساردوسڕیی و گێژ و وێژیی بێجگەلەوە، ڕەوشتیشیان لە ژیاندا، ئەوە دەرئەخات کە کزییەکی بێ ئەندازەی سامناکیان لە لەشدا هەیە، نەهێزەکانیان، نەکەسایەتییەکانیان، سامیان تیانەماوە تەنانەت ئەوی سەیریشیان بکات، ناتوانێ بەخاوەن پیاوەتی، یان بەخاوەن ژنێتییان دابنێ.

چونکە ئەوانە وەک ڕەگەزێک هیچیان تیا بەستەنییە، بەڕاستی پیاو سەری سوڕئەمێنێ لەو کەسانە، کە بەدووی کزییدا ئەگەڕێن وپشت ئەکەنە هێز، لە ژیانێکدا کە کەس تیا سەرناکەوێ بەهۆی هێزێکی تەواو و تەندروستییە تەواوەوە نەبێ پێی ناوێ مرۆڤ بترسێ لەوەی کە هێزی ڕەگەزبازیی بگاتە ئەوپەڕی توانای خۆی، نەوەک جڵەوی بۆ نەگیرێتەوە چونکە لەکاتی وادا، هەموو جارێک هێزێکی فەرمانداری ژێر لە هۆشی مرۆڤدا پەیدا



ئەبێ، هەتا لەش زیندوێتیی تێن بسێنێ ئەو وردتر ئەجووڵێتەوە بەڵام ئەوکەسانەی بۆ کزیی و لاوازیی تێ ئەکۆشن، زۆرجاری وا هەیە لەشیان تووشی نەخۆشی و دەردی وا دێ کە پاڵیان پێوەئەنێ بۆ کاروباری خراپ ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە بەربەستی سروشتی خۆیان کردووە، لەبەرئەوە پشێویی کەوتۆتە ناو هێزەکانیانەوە چونکە پیاوێکی لەش دروست، هەمووەدەم لەوە دڵنیایە کە هۆشی و لەشی یارمەتی یەکتری ئەدەن بۆ کەڵک و چاکەی ئەو بەڵام پیاوە لەش نا دروستەکە، پیاوە کز و بێ هێزەکە، هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوەنەبێ کە چاوەڕوانیی پشێویی و ناکۆکیی ناوەند هێزەکانی لەش و هۆشی خۆی بکات.

بەکورتی مەبەسمان ئەوەیە، لەم قسانە، کە تینوێتی بۆ ڕەگەزبازیی، سەرتاپا هەڵەیە و تاوانە کەچی کردەوەی چاک لەو پەیوەندییانەدا دەرئەکەوێ کە لەناوەند ژن و مێرد دایە، ئەو پەیوەندییانەی کە لە لایەن سروشتەوە پاداش ئەدرێنەوە بەمناڵ کە پەروەردە بکرێن ئەم پەیوەندییانەیش هەر لەناوەند ژن و پیاودا پەیدا نەبن، لەناو گیانلەبەران و گژوگیا و دارودرەختیشا هەن کەواتە ژن و مێردیی، بریتییە لە پەیوەندییەکی سروشتی، هیچ داوێن پیسی و نەنگییەکی تیانییە هەرچەندە هەندێ کەسی وا هەن ڕۆژی ژن و مێردیی خۆیان دوا ئەخەن، بەڵام نابێ یەجگار دوا بکەون لە ژن و مێردیی نەوەک هێزە زیندووەکانیان لە دەست بچێ بۆ ئەمەی هەتا لە لەش و هۆشیاندا لەوپەڕی پێگەیشتوویی و هێزوهەڕەتیاندان وەک دوو هاوسەری کۆک و کامەران گوزەران بکەن.

ئەو کەسانەی لە ژیاندا سەرکەوتوون، هەموو دەم ژن ئەهێنن، زۆر لەو کەسانەی کە لە ژیاندا سەرکەوتوون خاوەنی خێزانی گەورەن زۆرجاری وایش هەیە، کۆکیی ژن و مێردێکی لاو لەناو ماڵێکدا، ئەبێتە یەکەم هەنگاو بۆ ناوبانگ و گەورەیی چونکە ئەو ژیانە هەست بەمرۆڤ ئەدات کە کەوتۆتە ئارام و ئاسایشەوە و دامەزراوە ئیتر هەموو کارگوزارییەکی خۆی ئەخاتە سەر ئامانجە گەورەکان چونکە ژیانی خێزانی لە باریا هەیە کە نیازی بڕیاردان و بەرگەگرتنی پێ ببەخشێ کەچی پیاوی بێ ژن و ئافرەتی بێ مێرد وا ئەبینین، بەناو ژیاندا ئەڕۆن و پێیان هەڵ ئەنگوێ، نە ڕابەرێکیان هەیە ڕێگایان پێشان بدات، نە هیوا و ئامانجێکیشیان هەیە بۆیان تێ بکۆشن ئەوانە هەر لەو کەشتییانە ئەکەن کە ڕێوانیان نەبێ و کەوتبنە دەریایەکیشەوە کە ئەم پەڕە و ئەوپەڕی دیار نەبێ.

(پزیشک ماسۆن جود) ئەڵێ:

(دڵداریی و ژن و مێردیی دووکاری باون لەناو سروشتدا هەردوولایان گەردێک و

گەردێک ئەکەن بەیەک کە پێی ئەڵێن: (کێش کردن) کەرەستەیەک و کەرەستەیەک ئەکەن بەیەک، کیمیا گەرەکان پێی ئەڵێن: (یەک بوون).

ئاسن و موگناتیس ئەنووسێن بەیەکەوە، کە پێی ئەڵێن: (موگناتیسی) هەرچەندە ناوەکان جوێن، بەڵام هەموویان جووت بوون، یاخود ژن و مێردیی پێشان ئەدەن.).

پزیشک (ئەلیزابت بلاک لو)یش ئەڵێ:

(یەکێتی گرتنێکی زوو بەهۆی دڵسۆزیی و پاکیی ژن و مێردەوە بۆ یەکتری، ئەو یەک گرتنە تەندروستی ئەپارێزێ و پاک و خاوێنی ئەخاتە ناو پەیوەندییەکانی ناو خێزانەوە بێجگە لەوە ئەشبێتە بنچینەی دامەزرانی کۆمەڵایەتی و خۆش گوزەرانی).

جا ئەم بیروباوەڕە، بیروباوەڕەکانی زانستی فرمانی ئەندامەکان (فیزیۆلۆجیا) پشتی ئەگرێ. هەروەها لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی ڕاپەڕینەکانی نەتەوەکان و سەر ئەنگرێ بوونیان پشتیوانیی ئەم بیروباوەڕە ئەکات لەم ڕۆژەیشدا هەر خراپەیەکمان چاوپێکەوێ ڕاستیی ئەم بیروباوەڕە دەرئەخات.



## بەشی حەفدەیەم

### ڕەگەزبازیی گرۆز

هەر هێزێک لە لەشماندا بگۆڕێ و گۆڕینەکەیشی وا لە ئەندازە بەدەربێ کە گرۆزیی تیابێ، ئەم گۆڕینە لە هێزەکانی تر کەم ئەکاتەوە ئەنجامیش بەوە ئەگات کە لەنگەری لەشیان هۆشمان تێک بچێ جا ئەگەر ئەم هێزە بێ ئەندازەیە، بکەوێتە چینی هەرە بڵندی سروشتەوە، ئەو کەسەی هەیەتی وای لێ ئەکات ببێت بەبوێژ، یاخود زانای سروشت، یان خواناسێکی ئایین گەرموگوڕ چونکە زیرەکیی بێ ئەندازە نزیکە لەشێتییەوە

بەڵام ئەگەر هێزە بێ ئەندازەکە، کەوتە سروشتی هەرە خواروومانەوە، هی وا دێنەکایەوە کە تاوانبارێکی یەجگار سامناک و، خوێڕییەکی تەواو بەدخوو و، خاوەن سروشتێکی گرۆز دەربچن جا ئەم جۆرەیان لەم بەشەدا لێی ئەکۆڵینەوە، کە پێی ئەڵێن (ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو).

جا ئەگەر ئەم جۆرە پیاوە جێگای بۆ کرابێتەوە لەناو سروشتدا، هەر وەک ئەو گیانلەبەرە نەنگەویستانە دانراوە کە کەنەفت کراون بەڵام ئێمەیش لەسەرمان پێویستە کە بەپێی ئەنجامی کردەوە- ڕەگەزبازییەکانی و ئەوشتانەی چاوەڕوان ئەکرێ بقەومێن لێی، جێگای ئەو جۆرە پیاوە دەربخەین.

چونکە پیاوی وەرگەڕاو، لەم جۆرە ناوچە و کارەساتانەوە پەیدا ئەبێ خۆیشی ڕۆڵەی ئەو ئالۆشەیە کە جڵەوی بۆ بەرەڵڵاکراوە و ئەیخاتە ناو سەرگەردانیی هەناسەساردیی و شێتی و خۆکوشتنەوە.

ئەو نووسراوانەی کە لەم بابەتەوە دوواون، لێ یان بووە بەخوو، کە واز لە چارەکردنی ئەم نەخۆشییە بهێنن خۆیان خستۆتە پشت پەردەی گیان سووکیی درۆوە.

هەروەک ئەو نەشتەرکارەی کە ناهێڵێ نەشتەرەکەی لە برینێکی کێمیاویی بکەوێ، نەوەک دیمەنەکەی دڵی ناخۆش بکات، تیزی پێ ئەکرێ و ڕیسوا ئەکرێ، هەروەها خاوەن لێکۆڵینەوەش هەڵ ئەگری ئەم توانج و پلارەی تێ بگیرێ، ئەگەر بێتو نەیەتە پێشەوە و ئەم برینە بەد فەسالەی شارستانێتییە نە پشکنێ و تاقی نەکاتەوە، کە لەناو بەد خووەکاندایە، یان بەواتایەکی وردتر، لە ڕەگەزبازە گرۆزەکان دایە، کە لە ڕێگای ڕاستەقینەی ڕەگەزبازیی لایان داوە.

هەرچەندە بیانوویەکی بەجێ نادۆزرێتەوە بۆ ئەو ڕەگەزبازە هەڵەکارانە، کە ئەو کردەوەیەیان هەیە، بەڵام ئەتوانین لێک دانەوەیەک بۆ ڕەوشتیان بدۆزینەوە.

ئەو کەسەی کە ژن هێنانێکی دروست ئەکات بەهۆیەک بۆ مەبەسەکانی خۆی، واتابێ دڵداریی ژن ئەهێنێ، یاخود لنگ بازییەکی نابەجێ و نادروست ئەکات، ناتوانین توانج و پلاری تێ بگرین، لەسەر ئەوەی کە ئەو هێزەی سروشت پێی بەخشیوە خراپ بەکاری هێناوە.

هەروەها ئەوانەیش کە لە ئەندازە بەدەر ئاڵۆشی لەشی خۆیان دائەمرکێننەوە ئازاری خۆیان ئەدەن و خۆیان لە پەلوپۆ ئەخەن، بەجۆرێکی وا کە سروشت پەسەندی ناکات، وەک ئەو کەسانە ئەژمێررێن زۆرجاری وا هەیە، لە سەرگەردانەکانی دەستی دەست پەڕدا، بەتەنشت پیسیی لەشیان و داڕووخاویی گیانیانەوە، شۆڕشێکی ڕەگەزبازیی لە مێشکیاندا ئەبینین.

بەڵام کێیە ئەو کەسەی پەردە لائەدا لەسەر ڕازە نەنگەکەی ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو؟ ئەو وەرگەڕاوەی کە پێچەوانەی دەستوورەکانی ژیان ئەجووڵێتەوە ئەو کەسەی کە بەشێوەیەکی ناشیرینی ناڕەوا، ئەوە داگیر ئەکات، کە یاساکانی خوایی و مرۆڤایەتی بۆیان داناوە بیدەنێ!... ئەوەیش دیمەنێکی ترس و لەرزی نەویستراوە (دیکیۆمان)ی خواناس لەم ڕووەوە گوتوویەتی: (ئەوە گوناهێکی چاو لێ نەپۆشراوە لە نووسراوانی خواییدا). ئەم کردەوەیە جێی توانج و پلاری سروشتی تووڕەکراوە، کە زۆرجاری وا هەیە یان فڕێی ئەداتە ناو گۆڕەوە لەپاش ئەوەی بەدەستی خۆی خۆی ئەکوژێ، یاخود فڕێی ئەداتە خەستەخانەی نەخۆشیی هۆشەوە بەشێت بوویی.

پێش ئەمەی هۆی چارەکردنی ئەم جۆرە کرۆزییە پێشان بدەین بۆ بەربەست کردنی، یاخود بۆ واز لێ هێنانی تەواویی وا هەڵ ئەگرێ کە بڕیار بدەین، کە ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو ئەوەندە کۆنە، لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا پەیدابووە لەسەر زەویدا ئەوەیش ئەنجامێکە، هیچ گومانی تیانییە کە لە کۆمەڵایەتی و شارستانێتییەوە پەیدا ئەبێ لە (ئینجیل)دا ئەو ترس و لەرزەی تیانییە کە لە خواترسەکانی ئیمڕۆدا ئەبینین چونکە لەکاتی لێدوانی ئەم خووە ناپەسەندەدا بەندی ڕاست و ڕەوانی تیایە تیانووسراوە، کە هەردوو شارەکەی (صودوم) و (عمورە)، خوا ئاگربارانی کردن تا ڕووخان و وێران بوون، چونکە دەستەیەک لە ڕەگەزبازە وەرگەڕاوەکان لەناویاندا کۆبووبوونەوە بەپێی یاسای (موسا) هەموو ڕەگەزبازێکی وەرگەڕاو بەردە باران ئەکرا تا ئەمرد.



فارسەکانیش ، ڕەگەزبازە وەرگەڕاوەکانیان تیرەباران ئەکرد، بەتیری ئاگراویی، هەتا ئەمردن. لەو کاتەدا کە کرمی بەزموڕەزم و خۆش ڕابواردن دابووی لە هێزەکانی فەرمانڕەوایی یۆنانییەکانی کۆن، ڕەگەزبازە وەرگەڕاوەکانی بەهەموو جۆرێکیانەوە تیا پەیدابووبوون لەوانە دەستەیەک پەیدابووبوو، پیشەیان جادووگەریی و چاوبەستکردن بوو، لە زۆربەی پەرستگاکانی (ئەتینا)دا فرمانە گەورەکانی ئاییینیان گرتبووە دەست خۆیان کاتێ کە فەرمانڕەوایی (ڕۆما)یش، خەریکی گیانەڵابوو، ئەو جۆرە ڕەگەزبازە وەرگەڕاوانە، بەجۆرێکی تێکڕایی، شوێنێکی کۆمەڵایەتییان بۆ دانرابوو. سەرنەگرتنی هەندێ لە پەلامارداەنەکانی چەلیپاییەکان، بەپێی لێکۆڵینەوەی هەندێک، سەبارەت بەو کردەوە نەنگانەی لەش و گیان بووە کە هەردووکیان لە یەک کاتدا، لەناو چەلیپاییەکاندا بڵاوبووبوونەوە.

ئەوەیشمان زۆر پێ ناخۆشە کە بڵێین ئەم چەرخەی ئێستایشمان پڕە لەم جۆرە ڕەگەزبازییە وەرگەڕاوانە چونکە لە ئەمەریکادا، باڵبازی نهێنی، هوروژمی بردە سەرماڵێک، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت بەتایبەتی بۆ جووت بوونی ئەو جۆرە مرۆڤانە دانرابوو بەدەیان کوڕان لەوێدا گیران، لە شێوەیەکی نەنگ و بێ ئابڕوودابوون.

دوو کوڕیان هەر لەناو بەندیخانەدا خۆیان کوشت هەردووکیشیان لە خێزانە هەرە دەوڵەمەندەکان بوون.

لەزۆر شاریشا، کەسانی وا دێنەپێش چاوی و مرۆڤ، کە پیاو بەگران بۆی دەرئەکەوێت، کوڕن یان کچ ئەوانە لە قسەکردندا وەک ئافرەت قسە ئەکەن، دەنگی خۆیان وەک دەنگی ئافرەت لێ ئەکەن جاری وا هەیە بەناوی ئافرەتەوە یەکتری بانگ ئەکەن لە شاری (نیویۆرک)دا چەنددانەیەکی وا دۆزرایەوە کە ئەندامەکانیان خۆشییان لەو بەدخووییە وەرئەگرت هەموو سەری مانگێک ئاهەنگێکی هەڵپەرکێیان ئەگێڕا میوان و خانەخوێ هەردوولایان پیاوبوون، زۆربەیان بەرگی ئافرەتیان لەبەر ئەکرد ئەم یانانە بەناوی (دایرین)ەوە، ناوبانگیان دەرکرد بوو لە شاری (نیویۆرک)دا.

لە شاری (برۆدوای)دا، چینێکی لووت بەرز هەن، ئەندامەکانیان لەو لە خۆبایی بووانەن کە دەموچاوی خۆیان سووراو و سپیاو ئەکەن و بۆنی لێ ئەدەن، چاوەکانیان بەکل ئەڕێژن، لێوەکانیشیان سوور ئەکەن لەناو شەقامەکاندا بەلەنجە و لارەوە ئەڕۆن بەڕێگادا، هەر پیاوێک بەلایاندا تێ بپەڕێ چاوی لێ هەڵ ئەتەکێنن!... بەڵام ئەوەی خۆشە کە ئەوان لێ دانی باش ئەخۆن زۆرجاری وایش هەیە شەقیان تێ هەڵ ئەدرێ.

لەوانەی کـە لە ژیانی تایبـەتی خـۆیاندا کـردەوە نەنگی ئەکـەن، دەوڵـەمـەندانی تیـایە، تەنانەت خاوەنی پیشە بڵندەکان و پیاوانی زانستیشیان تیایە زۆربەی ئەوکەسانە لە نیوە تەمـەنی خـۆیاندان کـە دەست ئەدەنە ئەم کارە ناپەسـەندە کەچی بەشێکی گـەورەی ژیانی خـۆیشـیـان بەسـەر بردووە!... مـەگـەر هەر باڵـبـازەکـان و پزیشکەکـان بزانن، ژمـارەی سەرسوڕهێنەری ئەو ڕەگەزبازە وەرگەڕاوانە چەندە، کە هەموو خاوەنی پایەی بڵند بڵندن لە کـۆمـەڵایەتیـدا، کـە جـێگاکانیـان یەجگار گـرنگن بێـجگە لەوەیش هەریەکـەیان گـەورەی خـێـزانێکە لە مـاڵی خـۆیدا لەم دواییـەدا پزیشکێک لە شـاری (نیـویۆرک)دا مـرد، سـامـانیکی چەند ملیـۆن دۆلاری لە پاش بەجێ مـا ئامـۆژگـاریی وا کـرد کـە هەمـوو سـامـانەکـەی بۆ چاک کـردنەوەی ژن و پیـاوە دەوڵـەمـەندەکـان دابنرێ کـە تووشی دەردی ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو بوون. شارەزاو پسپـۆڕەکان، لەوەدا قسەیان یەکە، کە ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو لەبەر چەند هۆیەک ڕوو ئەدات زۆر لە باوەڕپێکراوەکان، هۆیەکەی ئەگەیێننەوە سەر کاریگەریی پێش لە دایک بوون. ئافرەتی سک پڕ، دوورنییە، مناڵەکەی کە هێشتا نەیبووە، فێری ژیانێکی خراپی بکات، ئەگەر بیتو ڕێ بدات بە هەستو ئارەزوو و خرۆش و ئاڵـۆشەکـانی خـۆی، زاڵ ببن بەسـەریا وەک ئەوەی خـووبداتە دەست لە مل کـردن و لـنگ بازیی ئاشکرا دیارە کە مێردەکەیشی لەو کەتنانەدا هاوبەشیەتی لەگەڵ ئەوەیشا، هەندێ جار وا ڕێک ئەکەوێ کە مێردەکە ڕەوشت و خووی وابێ، کە لە ئەنجامە خراپەکانی ئەم هەستە ناسروشتییە کەم بکاتەوە.

ئەو پەیوەندییە بێ جلـەوەی کـە ئەکـەوێتە ناوەند هەردوو ڕەگەزەوە، هیـچی لێوە پەیدا نابێ، خوار و خێچی و وەرگەڕانی ئارەزووی سروشتی نەبێ، چونکە ئارەزووی سروشتیی پەسـەند و دروست کـە بەپێی یاسـابێ هەرتۆزێ جـلـەوی بکێـشـرێتـەوە، بەباشی بەکـار ئەهێنرێ و دائەمرکێنرێتـەوە ڕێز گرتنێکی بەرامبـەریی ناوەند ژن و مـێـردیش لەگـەڵ تێ گەیشتنی یاساکانی سروشت، باشترین ڕێگان، کە هەردوو لایان بپارێزێت لە لنگ بازیی بێ ئەندازە و بیانخاتە سەر ئەندازە گێڕی لە کاروباری ڕەگەزبازییدا بەڵام ئەگەر تەماشای ئەم جۆرە ڕێ و شوێنانە نەکراو پەیڕەویی یاساکانی سروشت نەکرا، ئارەزووە پڕ ئاڵۆشەکان لە شێوەیەکی بێ سەروپێدا خۆیان ئاشکرا ئەکەن و سەر ئەکەنە سەر خاوەنەکانی خۆیان، کە ئەویش ناچار ئەبێ لە شێوەیەکی نا ئاساییدا دایان ئەمرکێنێتەوە، کە ئەمیش ئەبێتە هۆی ئەوەی لەش و دەمـارە مـێـشکیـیـەکـان کـزولاوازبن و هەسـتـەکـانیـان بکەونە پەشۆکاوییەوە.



هەروەها ڕەگەزبازە وەرگەڕاوەکان، لەناو ئەو پیاوانەدا پەیدا ئەبن، کە شێوەی کاروبار و ڕۆژگـار ناچاری کـردوون دووربن لە ئافـرەت لەبەرئەوە ڕەگـەزبازیی وەرگـەڕاو، لەناو ئەو لەشکرانەدا کە لە شەڕدان، یان لەناو سەربازەکانی هێزی دەریادا و ئەوانەدا کە لە دانگی ئەواندان زۆر ڕوو ئەداو زۆر پەرە ئەسێنێ.

لەناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا، ئەوانەی کە شارستانێتییان تەواو نییە و لە یەک ژن زۆرتر ئەهێنن، ڕەگـەزبازیی وەرگـەڕاو زۆر پەیدا ئەبن؛ (بەرنابی لاندور) ئەفـسـەرێکی گـەشـتـوگـوزار کـەر بووە، ئەم ڕاسـتـیـیـە بەئاشکرا دەرئەخـات هەروەها خـوێندنگا شـەوییەکـانیش[1] کـەتیا ئەخـۆن و ئەنوون، لەگـەڵ ئەو جـێگایانەدا کـە وەک ئەوانە وان، کوڕەکان ئەخەنە سەر ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو.

دەمار بزوێنەکانیش، بەهەموو ڕەنگ و جۆرێکیانەوە، وەک (مۆرفین و بەنگ و تلیاک و کـۆکـایین و ئەوانەی لەوانە پەیدا ئەبن)، تا ئەندازەیەک ئۆباڵی هەزاران ڕەگـەزبازیی وەرگـەڕاویان بەئەسـتـۆیە تەنانەت زۆربەی ئەو ڕەگـەزبازە وەرگـەڕاوە هەناسـە ساردانەی کەوتوونەتە ژێر چنگی ئەو ژەهرە مەست کەرانەوە.

کـەواتە پەیوەندیی ناوەند کـردەوەی نەنگ و ژەهرە مـەست کـەرەکـان یەجگار بەهێـزە هەرچەنـدە خواسـتـە بڵندەکـانمان و نیـازە پیـرۆزەکـانمان، بۆ ئەوە خـەریکن کە کـەرەسـتـەی بەدخـوویی لەناو دڵ و دەروونماندا بەر بەست بکەن بەڵام ژەهرە مـەست کـەرەکـان، هەمـوو جۆرێکیـان، تەنانەت بەمـەییـشـەوە، ئەم هێـزی ویسـتنەمـان لە دەست دەرئەهێنن ئیـتر ئاڵـۆشـەنەنگەکـانیـشـمـان پەت ئەپچـڕن و دەست ئەکـەن بەپاڵ پێـوەنانمان بۆ ناو چاڵی بەدخوویی، تا سەر ئەنگریمان ئەکەن.

هەرچەندە بابەتی ئافرەتی ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو، کەم قسەی لێوە ئەکرێ، بەڵام ئەمە وا ناگەیێنێ کە ئەو جۆرە ئافرەتانە کەمن، یاخود بابەتەکەمان ئەوەندە گرنگ نییە.

بەڕاستی، ئەمە ڕاستییـەکی ناخۆشە کە بڵێم ئەم جۆرە ئافرەتانە بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبوونەتەوە زۆر ئافـرەتی وا هەن کە تووشی ئەم دەردەبوون و هەموویان چ لە لەش، چ لە دەرووندا نەخـۆشن ئەوانە زۆریان لەو ئافرەتە تەمـەن پچـووکانەن کـە یەجگار جـوان بوون، بەڵام لەلایەن پیاوانی خاوەن سامان یاخود خاوەن پایەی کۆمەڵایەتییەوە پەردەی ئابڕوویان دڕێنراوە.

(١) ڕاستتر: بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان.

ئنجا ئەم ڕەگەزبازە وەرگەڕاوەی، کە لەوەپێش جوانترین لەش و چاکترین هۆشی هەبوو، پاشان بەم کردەوە شێت و وێتانەی خۆی لە کەڵک خست و ناشیرین کرد، چۆن ئەتوانی خۆی لەدەست ئەم کردەوە پیسەی خۆی ڕزگار بکات و پیاوەتی خۆی بگێڕێنێتەوە؟. بەلای هەندێ لە پسپۆڕەکانەوە وایە کە، ئەگەر یەکێک کەوتە گێژاوی ڕەگەزبازیی وەرگەڕاوەوە، ناتوانێ خۆی لێ دەربهێنێ، تا سەر تیا ئەمێنێتەوە.

بەڵام ئەم بیروباوەڕە، هەندێ بەدبینی و بێ ئەندازەیی تیایە پزیشکەکانی ئیمڕۆیش، بەوناوەوە چارەی ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو ئەکەن، کە نەخۆشێکە و تووشی تێکچوونی هۆشی خۆی بووە، سەبارەت بەوەی کە لنگ بازییەکی زۆری کردووە پزیشک (ل. ماکەنزی)، چارەی نەخۆشییەکانی دەماری مێشکی چۆن ئەکرد، ئاوەهایش چارەی ئەم نەخۆشییانەی ئەکرد، وەک: خۆشتن بەئاوی سارد بەهەموو جۆرەکانییەوە ، وەرزشی زۆر، خواردنی سووک، نووستن لەناو بای پاکژدا ئەوەندەی بۆی بلوێ هەروەها بەهۆی (ڕێگە ناکاو)[٢]وەکانەوە، وەک کارەبا و زۆرانبازیی و یاریی شیر و بابەتی تر ئەم جۆرە چارەکردنە لەلایەن پزیشک (ئەدرمۆندف وترز)یشەوە پەیڕەوی کرا، کە لە دانیشتوانی (تۆرنتۆ) بوو لە خاکی (کەنەدە)دا.

بەم ڕەنگە هەردوو پزیشکەکە حەزیان بە بەکارهێنانی پزیشکایەتی سروشتی ئەکرد لە چاک کردنەوەی نەخۆشەکانیاندا.

لەمەوە تێ ئەگەین کە بابەتی ڕەگەزبازیی وەرگەڕاو دوورنییە لە نەنگی و ناشیرینییەوە بەڵام چاک کردنەوەی نەخۆشییەکە بەندە بە نیاز و ئارەزووی نەخۆشەکە خۆیەوە کە بیەوێ دووبارە ببێتەوە بەپیاو پاش ئەوە پەیڕەویی ئەو ئامۆژگارییانەیش بکات کە سروشت لەم بابەتەوە ئەیکات.

(٢) ڕێگەی ناکاو: (المعالجة بالصدمات).



## بەشی هەژدەیەم

### گرفت و پشێویی ڕەگەزبازیی

لە گرفتەوە[١] ڕیزە نەخۆشییەکی درێژ پەیدا ئەبێ هەندێکیان سووکە نەخۆشین هەندێکیشیان لە هەرە نەخۆشییە گرنگەکانن کە تا ئێستا مرۆڤایەتی پێی زانیوون. لەناو ئەم نەخۆشییە گرانانەدا پشێویی ڕەگەزبازیی، یاخود پشێویی سک و زاکردن دەرئەکەوێ، گرفتیش لە نەخۆشییە باوەکانە، لە هەموو ناوچەیەکدا بڵاوبۆتەوە. ژینی لە مرۆڤایەتی تاڵ کردووە، بەڵام بۆتە سەرچاوەیەکی سامان بۆ پزیشکەکان لە دە بەش نۆ بەشی ئەم نەخۆشییە لە تەمەڵی و داوەشاویی یاخود لە کەم تەرخەمییەوە پەیدا ئەبێ.

بۆتە بەرهەڵستێکیش لە سەرە ڕێگای پزیشکی دڵسۆزدا. ستوونە درێژەکانی ناو ڕۆژنامەکان کە لە بابەت دەرمانی ڕەوانی و پەپکە دەرمان و دەرمانی گیراوەوە چاپ کراون بەناوی جاڕدانەوە، بەڵگەن بۆ ئەم قسەیە لای هەندێ کەس خواردنی دەرمانی ڕەوانی بووە بەخوو هەندێ جاری وایش هەیە کە خواردنی ئەو دەرمانانە لە خواردنی (مۆرفین) خراپترە، ژینی کلوور مرۆڤ ئەخاتە تەنگوچەڵەمەی مردنەوە.

بام لێرەدا چەند قسەیەک لەسەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان بگێڕمەوە. ئەڵێ:

(ئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە کە هەندێ کەس لە زۆرزان و فڕ و فێڵبازەکان، خۆیان بەو کەسانە دەوڵەمەند کردووە، کە چینێکیان لە کۆمەڵایەتیدا دروست کردووە بۆ خۆیان، هەر بۆ ئەوە ئەگەڕێن خواردنی خۆش بخۆن و بێ فرمان بسووڕێنەوە و بەناشێتییەوە بژین ئەو کەسانەی کە لەو قسە ڕاستییانەی جار بەجار لەدەمی پیاوە شارەزاکانەوە دێنە دەرەوە، گومان ئەکەن، یاخود لەو ڕاستییانەی کە بەچاوی خۆیان ئەیبینن دڵکرمێ ئەبن، کەچی ناوێرن چاوبپۆشن لە گرنگیی ڕیخۆڵەکان و فرمانەکەیان، لەگەڵ ئەوەشا خۆیان چەواشە ئەکەن و ئەچن کۆمەڵەیەکی زۆر لە داوودەرمانی جامباز و فڕوفێڵبازەکان ئەخۆن لە ڕاستیدا ئەم داوودەرمانانە ئەبنە هۆی زیانێکی گەورە بۆ کەلوپەلی دەمارە مێشکییەکانی ناو ڕیخۆڵەکان چونکە ڕیخۆڵەکان ناچار ئەکەن بێنەوە یەک و هەرچییەکیان تیایە فڕێی بدەنە دەرەوە کەلوپەلەکەیش لە شێوەیەکی شل و شێواوی تەواو یاخود ناتەواودا، جار بەجار یاخود هەمووەدەم بمێنێتەوە).

(١) گرفت: دیاردەی کەم دانیشتن و مانەوەی پاشەڕۆ لە ڕیخۆڵەدا بەرەقی.

گرفت، بێجگە لەوەی کە ئەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشیی (مایەسیریی) و نەخۆشییەکانی (ڕیخۆڵە ڕاستە)[1] ئەوەیش کە لەوەوە پەیدا ئەبێ وەک وەرگەڕانی ڕێگای (ڕیخۆڵە ڕاستە) لە جێی خۆی، لەگەڵ تێکچوونەکانی تردا... بێجگە لەوانە، گرفت ئەبێتە هۆی ژەهراویی کردنی خوێن بەم ڕەنگە زیانەکە هەر لەوەدا پەیدا نابێ کە خوێن لە توانایدا نامێنێ بەئەندامەکانی لەشدا خورشت بڵاو بکاتەوە، زیان لە ئەندامەکان خۆیشیان ئەدات و لە هێزیشیان کەم ئەکاتەوە جا ئەنجامی ماندوێتی بەئاشکرا لە ئەندامەکانی سک و زادا دەرئەکەوێ، کە لە هەموو شتێک زۆرتر پێویستی بەخوێنی پاک و گەش هەیە بەڵام ئەو تێک چوونانەی کە لەوەپێش لەو ئەندامانەدا هەبوون، کە گرفت هاتە گۆڕێ، خراپتریان لێ دێ.

ئەوەیش شتێکی گران نییە کە پەی بەخراپە و زیانی گرفت ببەین لە چ ئەندازەیەک دایە چونکە چواریەکی ئەو خۆرشتانەی ئایانخۆین- بەلای کەمەوە- لە کەلوپەلی خواردن سازکردنی ناولەش، دواییش لە لەش فڕێ ئەدرێتە دەرەوە جا ئەم بەشەی کە لە پێویستی زۆرترە، پڕە لە تەنگوچەڵەمە.

کەواتە ئەگەر لەش لە کاتی ڕێکوپێک و دیاردیی کراودا خۆی لە دەستی ڕزگار نەکات، چیی بەسەر دێ؟ وەرامی ئەم پرسە ئەوەیە کە هەندێ لەو بەشە لە ڕیخۆڵەکاندا ئەمێنێتەوە بۆ ئەمەی کەلوپەلی خواردن سازکردنی ناولەش جارێکی تر بیمژێتەوە.

لەبەشی خوارووی ڕیخۆڵەکاندا ژمارەیەکی تەواو کونی مژین هەیە، بۆ ئەوە دانراون کە لەش بپارێزن لەو زیانەی کە پێی ئەگات لە کاتی وەستانی ڕیخۆڵەکاندا لە فرمان کردن، کە ماوەیەکی زۆرتر لە ئەندازەی خۆیان بێ فرمان ئەمێننەوە.

لە مەیشدا هۆی ماندووبوون و، خاوبوونەوە و، سەر ئێشەو، تەنگە هەناسە، دەرئەکەوێ، کە لە مژینی خۆرشتەکەوە پەیدابووە لەلایەن خوێنەوە ئەگەر ئەوەیش درێژەی کێشا، واتا نەخۆشییەکە کۆن بوو، گەلێ نەخۆشیی تریش بۆ لەش پەیدا ئەبن، کە دوورنییە دوایی بەژینی نەخۆشەکە بهێنن.

کەواتە هۆیەکانی کزیی و لاوازیی گشتی پەیتا پەیتا پەیدائەبن.

لەو خوێن تێ زانەوە، کە لە گرفتەوە پەیدا ئەبێ و تووشی ئەندامەکانی لەش دێ، ئارەزوویەکی بێ ئەندازەی ڕەگەزبازیی ئەکەوێتە لەشەوە، هەر لەو ئارەزووە ئەکات کە لە

(١) ڕیخۆڵە ڕاستە: (المستقيم)، بەشی کۆتایی کۆئەندامی هەرس.



خواردنەوەی مەی و هەندێ بابەتی مەستیی ترەوە پەیدا ئەبێ لەوەیشەوە هیچ پەیدا نابێ، ئەوە نەبێ کە کزیی گشتی پەرە بسێنێ، سەبارەت بەوەی کە ئەندامەکانی لەش خۆیان ماندوو ئەکەن بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی ڕەگەزبازیی ئاڵۆشاویی و گڕگرتوو.

بەرامبەر ئەوەیش پێویستە نەخۆشەکە، خۆرشتی بەکەڵک بدات بەلەشی خۆی هەموو ڕۆژێکیش کۆمەڵێک وەرزش بکات بۆ تین سەندنی چالاکیی ڕیخۆڵەکان دوورنییە کە ئەم جۆرە چارەکردنە سەر بگرێ، مەگەر نەخۆشییەکە تەواو کاری لە نەخۆشەکە کردبێ ئەو ساکە ئەبێ پەنا بەرێتە بەر چارەکردنێکی بەهێزتر، کە فڕی نەبێت بەسەر داوودەرمانی ڕەوانییەوە، چونکە ئەو جۆرە دەرمانانە کەڵکیان نابێ ئەگەر شتێکیان پێ بکرێ هەر ئەوەیە، کە نەخۆشییەکە جێ گیرتر بکەن لە لەشدا، چارەکردنی نەخۆشییەکە گرانتر لێ بکەن، تەگەرەیش بدەن لە چاک بوونەوەکە و درێژەی پێ بدەن.

مامۆستا (ولیەم ئەلکوت) لەم بارەیەوە ئەڵێ:

(ئەوانەی ئەیانەوێ، بەتەواوەتی لەدەست گرفت ڕزگار بن و تەواو چاک ببنەوە، هەروا چاکترە کە پەنا ببەنە بەر سروشت و پەیڕەویی یاساکانی سروشت بکەن.

هەروەها خۆیشیان تاسەر لە بەکارهێنانی داوودەرمان و دەرمانی یاساییش ڕزگار بکەن پێویستە لەسەریشیان کە هەموو ڕۆژێک، وەرزشە جۆر بەجۆرەکان، بەزۆریی و ڕێکوپێکییەوە بکەن).

چاکترین شت کە بیکەیت ئەمەیە: بەنۆشی دڵەوە، هەموو میوەهاتە مزرەکان بخۆیت وەک: پرتەقاڵ و سێو و قۆخ و گێلاس و شاتوو و تووترک.... خۆت لە ئاردی سپی بپارێزە، چونکە وەک ژەهر وایە چونکە زۆرکەسی وا هەن لە بەکارهێنانی ئاردی سپییەوە تووشی گرفت ئەبن کارێکی زۆر خراپ ئەکات لە ڕیخۆڵەکان. بەهەر جۆرێک بیخۆیت وا زیان بەخشە: لە شێوەی ناندابێ، بسکویت دابێ، هەویرکارییدابێ جیاوازیی نییە تا پێت ئەکرێ نانی ئاردی تەواو بخۆ ئەوەیش بزانە کە گەنم و دانەوێڵەی کاڵ لەگەڵ جۆ و گەنمەشامیدا لە هەموو خۆرشتێک بۆ ڕیخۆڵەکان چاکترن و بەتەواوەتی ئەیانخاتە گەڕ خۆت بپارێزە لە زۆر خواردن و پەلەپەل کردن لە خواردندا.

ئەگەر هەر لەسەر ئەوە بڕۆیت کە میوەهاتی مزر بخۆیت و دانەوێڵەی کاڵ و نەکوڵیو، لەوە دڵنیایە کە پشێوی ناو ڕیخۆڵەکانت یاخود گرفتەکەت زوو بەزوو نامێنێ بێ گومان ئەوەیش پێک نایە تاوەرزشێکی ڕێکوپێکی بەتەنشتەوە نەکەیت.

ئەگەر هاتوو ئەو کردەوانەی لەمەپێش پێشان دران، جێبەجێ کران، بەڵام هیچ کەڵکیان لێوە پەیدانەبوو، گەلێک کاری بەکەڵکی تر هەیە بکرێن، بۆ ئەمەی چاکبوونەوەی نەخۆشییەکە دەست بکەوێ بۆ وێنە: (لەش سوونەوە) ئەبێتە هۆیەکی بەکەڵک بۆ چاک بوونەوەی نەخۆشییەکە، ئەگەر هۆیەکانی ترو نەگەیشتنە ئەنجام بەسەرگازی پشتا پاڵ بکەوە کەمێک لە ڕۆنی زەیتون بکەرە ناودەستەکانتەوە و بیانخەرە سەر گوشتە ڕووتەکەی سکت ئنجا توند دەستی بەسەرا بهێنە بووبەرەوە خوار لە ڕاستەوە دەست پێ بکە بۆ چەپ، لەسەرەوە بۆ خوار لەپاش چوار پێنج وردیلە، دەست بقوو چێنە، ئنجا بیهێنە بەسەر سکتا لە پێشەوە بۆ پشتەوە، وەک لەوە پێش کردت لەم مەشقی دواییەدا، ئەبێ دەستت بگێڕێت بەچوارلای سکتا لە شوێنی خواروی دەستەڕاستی سکتەوە دەست پێ بکە بەرەو پێشەوە دەستەکانت بەسەرسکتا بکێشە، ئنجا بیان بە بۆ لای چەپەوە، پاشان بۆ خواریەوە، ئنجا بیانهێنەرەوە بۆ لای ڕاست بەم جۆرە چەند جارێک سکت بسوورەوە، تاماوەیەکی (١٠- ١٥) وردیلەیی، بەپێی سووکی و گرانی گرفتەکەی ناو ڕیخۆڵەکانت.

گرنگیی ئەم جۆرە چارەکردنە و کەڵکی، بەوە زۆرتری لێ دێ، ئەگەر پاش سوونەوەکەوە ناو ڕیخۆڵەکان بە فیچقەی ئاوی گەرم پاک بشۆری[١].

لەم جۆرە چارەکردنەدا، ئەنجام زۆر بەکەڵک ئەبی، زوویش دەرئەکەوێ بەڵام هەروا چاکترە کە خۆت لە بەکارهێنانی فیچقەی ئاو بپارێزیت، نەوەک ڕیخۆڵەکانت پێوەی ڕابێن و لێیان ببێ بەخوو، هیچ کارێک نەکەن، تا بەم شێوە دەست کردە ناسروشتییە هانە نەدرێن.

لەگەڵ ئەوەیشا هەر ئەم جۆە چارەکردنە بەکەڵک ترە لە بەکارهێنانی دەرمانی ڕەوانی تەنانەت، لە کەڵکا، هەرس بەراوورد ناکرێن وا باشترە کە لێرەدا قسەکانی پێشوومان دووبارە بکەینەوە: دەرمانی ڕەوانی لەوانەیە ڕیخۆڵەکان بریندار بکات بەڵام پاک کردنەوەی ڕیخۆڵەکان لەو شتانەی تیایاندا کۆبوونەتەوە، نەڕیخۆڵەکان بریندار ئەکات نە ئازاری ماسولکەکانی ناو ڕیخۆڵەکان ئەدات لەم ڕێگەی ڕیخۆڵە پاک کردنەوەیە، هەر ئەوەندەی (وەی) تیایە کە ئەگەر دەمێکی دوورودرێژ بەکارهێنرا، لەوانەیە کە ڕیخۆڵەکان پێوەی ڕابێ و خووی پێوە بگرن، هیچ فرمانی خۆیان نەبینن تا فیچقەیان تیا بەکارئەهێنرێ.

(١) فیچقەی ئاو: (الحقنه الشرجیه)، نەک ئاوی گەرم، شیلەتێن.



# بەشی نۆزدەیەم

ئاوهاتنەوەی زوو

لە ڕستەی گیروگرفتەکانی ڕەگەزبازییدا، کە لە ئەنجامی کەتنەکانی مرۆڤایەتی و ناشێتییەکانیەوە پەیدابوون، هیچ گیروگرفتێکیان لە (زوو ئاو هاتنەوە)[١] زۆرتر، مرۆڤ دڵشکاو و ڕیسوا ناکات[٢].

ئەم خووەیش لەوەوە پەیدا ئەبێ، کە لە تافی لاوێتیدا داوێن پیسی بکرێ، بەتایبەتی داوێن پیسیی بێ شومار.

ئەمەیش نیشانەی کۆمەڵە دەمارێکی مێشکیی کز و بێ هێزە، کە هیچ ئەندازەگیرییەک نەزانێ یەکێک لە ڕووداوەکانی ئەوەیە: کوڕەکە، هەر لە خۆیەوە، بێ ئەمەی هیچ ببێ لە ئارادا ئاو فڕێ ئەدا سا یان لە مێشکیا لنگ بازییەکی نزیکی هێناوەتە پێش چاوی خۆی، یاخود لەگەڵ کچێکی هاوڕێی خۆیدا قسەی کردووە.

جاری وایش هەیە ئاو فڕێ دانەکە دوائەکەوێ تا دەست ئەکات بەلنگ بازییەکە جا ئەم جۆرە کردەوانە، نیشانەی ئەوەن کە کوڕەکە سروشتێکی ناتەواو و پێ نەگەیشتووی هەیە، کە بەکەڵکی سک و زاکردن نایەت.

ژن و مێردەکەیش تووشی ڕەنجەڕۆیی و خەموخەفەت دێن. لەمەپێش، لەبەشەکانی تری ئەم نووسراوەدا پێشانماندا، کە کۆمەڵە دەمارە مێشکییەکان و ئەندامەکانی ڕەگەزبازیی، یەجگار بەندن بەیەکەوە هەر کامێکیان ئازاریان پێ بگات، ئازارەکە بەوی تریشیان ئەگات چونکە ماسولکەکان لەژێر فەرمانی دەمارە مێشکییەکاندان دەمارەمێشکییەکانیش زۆرجاران ئەکەونە ژێر فەرمانی هۆشەوە جا لەبەرئەوەی کە لنگ بازیی بێ ئەندازە لەش تەواو کز و بێ هێز ئەکات، هۆش دەسەڵاتی نامێنێ بەسەر دەمارە مێشکییەکاندا دەمارە مێشکییەکانیش دەسەڵاتیان نامێنێ بەسەر ماسولکەکاندا لە کاتی کاری لنگ بازییدا، پیاوێکی خاوەن تەندروستی، کاتێ ئاوی دێتەوە کە هۆش پەیام بدات بەدەمارە مێشکییەکانی کە لەش گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆشیی ڕەگەزبازیی، ئیتر ئەو ساکە، دەمارە

(١) ئاو هاتنەوەی زوو: بە ئەنجام گەیشتنی زوو، یا لێبوونەوە بەزوویی لە کاری سێکسیدا، (القذف المبکر).

(٢) لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە، ئەو کەسە دڵشکاو دەکات بەڵام لەباتی (ڕیسواکردن) دەشێ بوترێ (نا ئومێد- خیبە أمل)ی دەکات.

مێشکییەکان ماسولکە تایبەتییەکان ئەبزوێنن بۆ ئاو فڕێدان، لەوکاتەدا کە پیاوەکە گەیشتبێتە ئەوپەڕی خۆشیی ڕەگەزبازیی، بەڵام ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیی زوو ئاوهاتنەوە بووبێ، بیرکردنەوەکەی کار لە دەمارە مێشکییەکانی ناکات، کە ئەمانەیش ناتوانن زاڵ ببن بەسەر ماسولکەکاندا لەبەرئەوە ئارەزووی هۆش، لەش ئەخاتە پەل پەل کردن لە فرماندا ئەوەیش وا لە پیاوە ئەکات هەست بەشەرم و سەرشۆڕیی و سووکی بکات.

هەندێ جار، تەنیا هەست کردنێک بەتووڕەیی پیاو وا لێ ئەکات کە ئاو زوو فڕێ بدات، کەچی لە هێز و توانایش هیچ شتێکیان کەم نییە ئەم جۆرە ڕووداوانە، لەناوەند ئەوانەدا کە تازەبوون بەژن و مێرد بەشتێکی ناسروشتی دائەنرێن ڕاهاتنیان بەیەکەوە و ژیانیان بۆ ماوەیەکی باش بەیەکەوە، چارەی ئەمە ئەکات وا چاکترە کە یاسایەکی تایبەتی پەیڕەوی بکرێ بۆ خواردن و وەرزش کردن. هەتا پیاوەکە، لە کەموکوڕیی دابێ و، ئارەزووی ڕەگەزبازیی بەهێزی هەبێ و، هەموودەم لەناو بای پاکدا فرمان بکاو بژی، کەم ڕووئەدات، لە دەست (زوو ئاو هاتنەوە) گلەیی بکات.

بەڵام زۆر خۆریی و، زۆر خواردنی گۆشت و بەهارات و مەیە بزوێنەرەکان، هەروەها جل و بەرگی گەرموگوڕ و ژووری گەرم و گفتوگۆی هەست بزوێنەر، ئەمانە هەموویان ئەبنە هۆی پەیدابوونی نەخۆشیی (ئارەزوو فڕێ دان).

پێویستە ئەوەیش بلێین کە (زوو ئاو فڕێدان) نەخۆشییەکە پلەبەپلە ئەگۆڕرێ و تەشەنە ئەکات ئەنجامەکانیشی یەجگار خراپن لەپاش ماوەیەک ئاو زوو فڕێدان، زۆری پێ ناچێ پیاوەکە دەسەڵاتی نامێنی بەسەر ئاو فڕێ دانەکەی خۆیدا بۆ هەر دەمار بزوێنەرێکی پڕوپووچ ئاو فڕێ ئەدات ئیتر نەخۆشەکە وای لێ دێ بەرەو ئەوە ئەچێت کە دەماری پیاوەتی نەمێنێ، یاخود منالّی پێ دروست نەکرێت (ببێ بەزڕە پیاو)، هەموو لەشیشی لە کەڵک بکەوێ لەگەڵ ئەوەیشدا، نەخۆشییەکە، هۆیەکەی هەرچییەک بێ، ڕوو کەشەکەی هەر چۆنێک بێ، نابێ خۆی درەنگ چارەکردن و کەم تەرخەمی لەگەڵدا بەکار بهێنرێ پێویستە دەست بەجێ کارێکی وابکرێ، نیشانەکانی بوەستێنرێن لە جێی خۆیان، ئەگینا وای لێ دێ کە هەرگیز چارەی نەکرێ.

هیچ چارەیەکیش نییە کە پێ لەو سەرگەردانییە نەنێ کە هاتووە بەسەر نەخۆشەکەدا، بەهۆی نەمانی هێزە زیندووەکانییەوە لە ئەنجامی (ئاو) لە دەست چونیا، کە بەبێ ئارەزووی خۆی هاتۆتە دەرەوە.



پێویستە پەی بەوەیش بەرین کە مەبەسی یەکەم لە چارەکردنی ئەم نەخۆشییە ئەوەیە کە هێزێکی تەواومان دەست بکەوێ بۆ دەمارە مێشکییەکانمان چونکە تا کۆمەڵەی دەمارە مێشکییەکان تێک نەچێ، ئەم نەخۆشییە پەیدا نابێ ئەمەیش زۆر گرنگە کە نەخۆش سەرنجی لێ بدات: هەرکاتێ نەخۆشەکە دەستی کرد بەچارەکردنی خۆی، ئەبێ لە زۆر خۆریی خۆی بپارێزیت.

چونکە سک پڕکردن لە خواردن و زۆر خۆریی، پەیوەندییان بەهەموو نەخۆشییەکەوە هەیە بەڵام تا ئەندازەیەکی گەورە، پەیوەندیی بەئەندامەکانی سک و زاوە هەیە پێویستە نەخۆشەکە، ئەوەندە نەخوات کە تەواو تێری خواردبێ کاتێ هەڵ بسێ لەسەرنان کە هێشتا تێری نەخواردبێ، کە هێشتا هەست بکات برسییەتی، ئەبێ خواردنەکانی ڕۆژانەیشی بریتی بن لە دووژەم یەکەمیان لە نیوەڕۆدا بیخوات دووەمیشیان پێش نووستن بەلای کەمەوە بەسێ کات بیخوات پێویستە لەسەرت لەسەر ئەم پێڕەوییە بڕۆیت بەڕێوە ئەبێ بەهێزی خواستنت ئەمەندە زۆر بێ، خۆڕاگرتنت ئەمەندە بەهێزبێ کە ئەم پێڕەوییە بەتەواوەتی پەیڕەویی بکەیت چونکە خۆ بەڕەڵڵاکردنێکی بێ سنوور و بێ ئەندازە، ئەبێتە هۆی هەموو سەرگەردانی یەک لە ژیاندا هەروەها پێویستە خەمی بیرەکانت و ئامانجی بیرەکانت بخۆیت نابێ بهێڵیت بەلای ئالۆشە ڕەگەزبازییەکاندا بسوورێنەوە ماوەیش مەدە بەئەندێشە لە دەریای ئالۆشدا گیر بخوات تا پێت ئەکرێ بیرەکانت لە بابەتی ڕەگەزبازیی دووربخەرەوە.

خۆت بەو کارانەوە خەریک بکە، کە هەڵ ئەگرن کار گوزارییەکی خۆشیان تیا بەخت بکرێ و بەگرنگی بگیرێن تۆیش کە بەهۆی ئەم جۆرە چارەکردنانەوە، هێزی دەمارەمێشکییەکانی خۆی گێڕایەوە جێی خۆی، ئەبیتەوە بەخاوەن دەسەڵات بەسەر خۆتا، ئەبیتەوە گەورەی خۆت لەوەوە ورە بەرنەدەیت کە بەسستی چاک ئەبیتەوە چونکە، لە ڕاستیدا، دەمارە مێشکییەکان، چارەکردن درەنگ کاریان لێ ئەکات چونکە کارەکە بەندە بەسروشتی ئەو کەرەستانەوە کە لەشت لێیان دروست بووە.

ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە ئەم چارەکردنە، ئەوەی پێ ئەوێ کە شانە کۆنەکانی ناو لەشت بگۆڕرێن و ببن بەشانەی نوێ کە پڕبن لە زیندوێتی و هێز و هەڕەت تا ئەمەیش پێک نەیێ، هیچ چاک بوونەوە و ڕووکەشێکی تەندروستیت پێوە دیار نابێ تا چەند مانگێکیشی پێ نەچێت، چاوەڕوانی چاک بوونەوە مەبە چونکە ئەو ئەرک و ئازارەی کە

بەلەشی خۆتت گەیاندووە، لەو چەند ساڵانەدا کە گەوهەری تەندروستیی خۆتت بەفیرۆ لەناو بردووە، بەچەند ڕۆژێک چارە ناکرێت و ناچێتەوە سەر دۆخی جاران.

خۆشتنیش بەئاوی سارد کەڵکێکی زۆر بەنرخی هەیە چاکترین هۆیشە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم جۆرە خەموخەفەتانە لە دڵتا چونکە کۆمەڵەی دەمارە مێشکییەکان هەموویان، بەهێز ئەکات ئامانجیشی بەهێزکردنەوەی ئەندامەکانی لەشە.

هیچ نەبێ، ڕۆژی جارێک ئاوی سارد بەپشتتابکە. بەڵام پێش ئەوەی ئاوە ساردەکە بکەیت بەخۆتا، پێویستە خۆشتنێکی تر بکەیت: بەلەش سوونەوەیەکی وشک دوایی، ئەبێ زۆر بەتەنگ ئەوەشەوە بیت، کە هەموو ڕۆژێک گەڕانێکی دوورودرێژ بکەیت، گەڕانێکی زۆر بکەیت، تاوات لێ دێ کە هەست بەماندوێتی یەک بکەیت هەموو دەمێکیش لە بای پاک جوێ مەبەرەوە، تا پێت ئەکرێ لەناویا بەلێی نزیک بەرەوە.



## بەشی بیستەم

### زڕە پیاویی، هۆیەکانی، چارەکردنی

بەلای زۆر کەسەوە وایە کە زڕە پیاویی[١] و ئارەزوو هەڵنەسان[٢]، یان کزیی سک و زانەکردن، دوو واژەی هاوتای یەکترن کەچی لەناوەند هەردوولایاندا جیاوازییەکی گەورە هەیە. هەرچەندە ئەنجامی هەردوولایان بەیەک شت ئەگات ئەویش ئەوەتا کە سک و زا نەیێتە جێ هەروەها هۆیەکانی هەردوولایان سروشتیان لە یەکتر ئەکات بێجگە لەم شتانە، ئیتر هیچ لە یەک چوون و هاو ڕەگەزییەک لەناوەندیاندا نییە چونکە ئەو کەسەی ئارەزووی هەڵنەسێت، پێویست نییە زڕە پیاوبێ و منالی پێ دروست نەکرێ هەروەها ئەوکەسەی منالیشی لێ پەیدا نەبێ، هەمووده‌م وانییە کە ئارەزووی هەڵنەسێت.

ئەوەبوو لەوەپێش لە بابەت کزیی سک و زا کردنەوە لێدوانمان کرد بەچەند وشەیەک بەکورتی ئەڵێین: کە کزیی سک و زاکردن ئەوەیە (ئاو هاتنەوەکە لە جێی خۆیدا نەبێ، لە کاتی خۆیدا پەیدا نەبێ)، یان هەر نەیێتەوە، یاخود تێکچوون و کەموکوورییەک لە ئەندامی سک و زاکردندا پەیدابووبێ، کە ببێتە هۆی تەواونەکردنی کاری ڕەگەزبازیی.

بەڵام ئەو کەسەی کە تووشی نەخۆشیی زڕە پیاویی بووبێ و منالی لێ پەیدا نەبێ، دوورنییە کە کەلوپەلێکی سک و زاکردنی تەواوی هەبێ لە دیمەندا، بەشێوەیەکی سروشتییش ئاوی خۆی فڕێ بدات، کەچی ئەگەر لەگەڵ ئەو کەسەی کە ئارەزووی هەڵناسێت بەراوورد بکرێ، لە ڕووی ڕەگەزبازییەوە یەجگار پەرێشان ترە جا ئەگەر نەخۆشەکە چارەیەکی تەواوی خۆی بکات و لە زڕە پیاوییەکەی ڕزگاری ببێ، زڕییەکەی پیاوان گرێی تێ ئەکەوێ و ئەو نیشانەیە ئەدات کە گرێیەکی ڕەگەزبازیی گرنگ پەیدا ئەبێ ئەوەیش ئەوەی پێ ئەوێ کە بەڕاستی و دڵسۆزییەوەکەوە هەموو ڕۆژپەیڕەویی دەستوورەکانی ئەو چارەکردنە بکرێت کە لەمەولا پێشانی ئەدەین.

کەواتە زڕە پیاویی چییە؟ زڕە پیاویی بریتییە لەو خۆشاردنەوەیە، یاخود سستییە، یان مردنەی کە لە خۆرە (میکرۆب)ەکانەوە ڕوو ئەدات، کە هۆی دروست کردنی منالن و لەناو ئاوی پیاودا کۆبوونەتەوە.

---

(١) زڕە پیاوی: نەزۆکی لە پیاوەوە (العقم).

(٢) (عدم الأنتصاب).

ئەگەر دلۆپێک لە ئاوی پیاوێکی تەندروست بخەینە ژێر وردەبینەوە کەرەستەیەکی ڕۆشنی وەک (   ؟   = زلال)[1]مان بۆ دەرئەکەوێ، کە پڕیەتی لە گیان لە بەرانێکی بزێو، کە بە کلکە خڕەکەیاندا لەبێچووە بۆق ئەکەن[2]. ئەم گیانلەبەرانە بریتین لە خۆرەکانی ناو (ئاو)ی پیاو فرمانی ئەم گیانلەبەرانە وردانەیش، لە خاکی سروشتا گرنگییەکی یەجگار گەورەی هەیە چونکە ژیانی هەموو جۆرە گیانلەبەرێک و هاتنە جیهانیانەوە، بەمانەوە بەندن[3]. ئنجا کە نێرومێ پێکەوە ئەنووسێن و جووت ئەبن، لەناو هەموو جۆرە گیانلەبەرەکاندا، خۆرەی ئاوی نێرینەکە لەگەڵ گەرای مێچکەکەدا یەک ئەگرن[4] کە بەوە مێیەکە سکی پڕ ئەبێ و لەکاتی خۆیدا ئەبێ بەگیانلەبەرێکی تەواو و لەسکی دایکی خۆی دێتە دەرەوە.

زاناکانیش ئەوەمان بۆ ئەگێڕنەوە، کە کاتێک لە ژێر وردەبیندا ئەو خۆرانەیان داناوە، خۆرە نێرینەکان هەموو لەملاو لەولای گەرای مێیەکەوە کۆبوونەتەوە و هەموویان پاڵەپەستۆیان کردووە و خۆیان کوتاوە بۆ ئەوەی بگەنە گەراکە هەروەک هێزێکی وا کێشی کردبن بۆ ئەو هێلکە پچکۆلەیە کە کەس نەتوانی بەرگەی بگرێ وابوو، خۆرەکان لەو تێکۆشان و خۆکوتانانەیاندا فێڵی وایان بەکارهێناوە کە بەڵگەن بۆ زیرەکییەکی سەرسوڕهێنەر.

هەر وەک لەوەپێش پێشانماندا هۆیەکی زۆر هەن کە زڕە پیاوییان لێ پەیدا ئەبێ پزیشک (گروس) گوتوویەتی، لە (١٧٥) جاردا (٤٠) هۆی ڕاستەوڕاستی[5] دۆزیوەتەوە بۆ ئەم نەخۆشییە ئەوانەی جێی باوەڕن لەم بابەتەدا، هەموو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە زۆربەی زڕە پیاوەکان، لە لنگ بازیی بێ ئەندازەوە وایان لێ هاتووە دوورنییە هۆی ئەم نەخۆشییە یەکێک لە مانەبێ: مێشکی خۆ کول کردن، تێکچوونی فرمانی ئاشگ و ڕیخۆڵەکان نەخۆشیی شەکر، نەخۆشیی گورچیلە، برین پەیدابوون لە مێشک یان لە بڕبڕاگەی پشتدا، دەرمان خواردکردن بە زەرنیخ یان بە مز (قورقوشم)، نووچ گرتنی

(١) زلال: سپێنەی هێلکە، خەست و لینج. (المنی)

(٢) بێچووە بۆق: سەرەمێکوتە تا ئەندامەکانی لێ پەیدا دەبێ، بەڵام لێرەدا مەبەست (سپیرم)ە کە (حیامن)ن بەعەرەبی

(٣) ئەوەش بەهۆی کرۆمۆسۆمەکانەوە.

(٤) گەرای مێچکە: هێلکەی مێیەکە لە هێلکەداندا (مبیض).

(٥) ڕاستەوڕاست: ڕاستەوخۆ (مباشر).



مێشک بەبیری ئاڵۆشاوییەوە، تەنگوتەسکیی نا بەجێی جلوبەرگ، زۆر سواربوونی ئەسپ، لنگ بازیی بێ ئەندازە لەگەڵ ژندا.

هەروەها، پێویستە، دەردێکی لە هەموو دەردەکان خراپتریش پێشان بدەین، کە ئەویش کەوتنە ژێر دەستی چاوو ڕاوکەرەکان و داوودەرمان فرۆشەکانە چونکە زۆجاری وا هەیە.

زڕبوون، ڕاستەوڕاست لەوەوە پەیدا ئەبێ، کە (برۆمیدی) پۆتاسیۆم، مۆرفین، کاربۆناتی سۆدا، جیوە، مەیەکان) و داوودەرمانەکانی تر بەکاربهێنرێن.

پزیشک (ئەلبەرت. هـ. بوک) ئەڵێ:

(کە ئەم نەخۆشییە ئەگۆڕێ، ڕووکەشە هەرە سامناکەکانی بریتین لە نیشتنەوەی دەروون و هۆش چونکە نەخۆشەکە شەرم ئەکات داوای چارەکردنی نەخۆشییەکەی خۆی بکات.

هەروەک داوای چارەکردنی نەخۆشییە ئاساییەکان ئەکات ئیتر ئەویش ئەکەوێتە بەر داوی بازرگانە چاو چڵێسە چاوو ڕاوکەرەکان، ئەوانەی کە ڕۆژنامەیەکی بەرتیل خۆر بەکرێ ئەگرن بۆ ئەمەی کارە ناهەموارەکەیان پاکانە بۆ بکات، بەهۆی چاوترساندن و هیوای درۆوە کە نەخۆشە کلۆلەکەی پێ کێش ئەکەن، تا ببێتە نێچیرێکی دەست و برد گریان بۆ کڕینی داوو دەرمانەکانیان).

ئەوەی کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و بینیندا دەرکەوتووە ئەوەیە، کە زڕیی، لە دەست پەڕو و لنگبازیی بێ ئەندازەوە پەیدا ئەبێ، یان لە ئەنجامی نەخۆشییەکانی هەناوەوە بۆ ئەم نەخۆشییەیش سێ پلە هەیە لە هەرسێ پلەکەدا، ئاو لە خۆیەوە دێتەوە، لە خەودابێ، یان لە ئاگادارییدا لە پلەی یەکەمدا ئارەزوو هەڵسان و ئاڵۆشی ڕەگەزبازیی هەیە بەڵام لە پلەی دووەم و سێیەمدا، خاوەنی نەخۆشییەکە، بەخۆی نازانێ چەند ئاوی لە دەست چووە، لەپاش ئاو هاتنەوەکە نەبێ لە هەر سێ پلەکەدا هەست بەخۆشییەک ناکات.

لە سەرەتای ئەم نەخۆشییەدا، خۆرەکانی ناو ئاوی پیا[1] و زۆر لە زیندوێتی هێز و هەڕەتی خۆیان لە دەست ئەچێ.

وایان لێ دێ شل و شێواو ئەبن، هیچ چالاکی و لەش سووکییەکیان تیا نامێنێ پاش ئەوە خۆرەکان ڕووکەشی ژین، خۆیشیان لە دەست ئەچێ بەرە بەرە ژمارەیشیان کەم ئەکات، تا بەتەواوەتی نامێنن، بەم ڕەنگە هێزی زیندوێتی و دەمارە مێشکییەکانی نەخۆشەکە لەناو ئەچن بەڕادەیەکی وایشی لێ دێ کە ناتوانی ئەم گیان لەبەرە وردە

(١) نەک (خۆرە- مکروب) بەڵکو: سپێرم یان (میمن).

سەرسوڕهێنەرانە فرێ بداتە دەرەوە کە هەموویان نموونەی بەر جەستەن بۆ هەموو جۆرە زیندوێتییەکان.

بەم ڕەنگە، زرە پیاوەکە، بێ ڕەگەز ئەمێنێتەوە، کەسی لە پاش بەجێ نامێنێ[١] هەروەک دەنکە چەمچەیەکی لێ دێ، کە تەڕکرابی و کەڵکی نەمابێ.

ئەگەر نەخۆشەکە لەشێکی بەهێز و هەڕەتی هەبێ، ڕەنگە لە سەرەتادا بتوانێ بەرگەی ئەوشێلانە بگرێ کە کەوتۆتە سەر کەلوپەلەکانی ماسولکە و دەمارە مێشکییەکانەوە بەڵام لەساڵێک پتر بەرگە ناگرێ چونکە هیچ کەسێک نییە بتوانێ ئەم دەردە لەناو ببات، مەگەر بە دڵ بڕیاری دابێ کە ڕەوشتی خۆی بەتەواوەتی بگۆڕێ ، پەیڕەویی پێڕەوییەکی دیاردیی کراو بکات، کە هەتا لە ژیاندایە لە سەری بڕوات و لێی جیانەبێتەوە ئەگەر هاتوو لەوەدا سستی نواند، لە پیاوەتی کەوتنێکی تەواوی تووش دێ، کە یەکێکە لە ئەنجامە خراپەکان.

ئەو پیاوەیش کە بەش بڕاوبێ لە هێزە بنچینەییەکەی خۆی و، لە ئامانجێک لە ژیانیا، کە هەردووکیان بەردی بناغەی تەندروستیی لەشوهۆشن، هیچی بۆ نامێنێتەوە لە ژیاندا ئەوەنەبێ کە هەموو جۆرە نەخۆشییەک ڕووی تێ بکات سروشتیش بێزی نایەت بیپارێزێت، یان شەقێکی تێ هەڵ ئەدات و فڕێی ئەداتە گۆڕەوە، یاخود کەنەفتی ئەکات لە ژوورێک لە ژوورەکانی نەخۆشخانەی شێتەکاندا.

ئەو هۆیانەی کە ڕزیی یەکەیان پێک هێناوە، هەرخۆیشیان پەنجە ئەکێشن بۆ چاکبوونەوەکەی جا ئەگەر ئێمە ئەو هۆیانەمان هەڵگێڕایەوە، واتا: بیرمان لەو کارانە نەکردەوە کە مێشکمان پڕ ئەکەن لە خراپە و، لەشمان تووشی کزیی ئەکەن و، کەلوپەلەکانی دەمارە مێشکییەکانمان پڕ ئەکەن لە ترس و لەرزی نهێنی و تووشی تێک چوون و بڕست بڕانیان ئەکەن... لە جیاتی ئەوە بیری خۆمان خستە سەر ئەوشتانەی کە مێشکمان ڕۆشن ئەکەنەوە و لەشمان ئەخەنەوە سەر پاکی و تەندروستی، ئەوساکە ئێمە بەسایەی ئەم کردەوانەمانەوە خۆمان خۆمان لەم دەردە سامناکە ئەپارێزین و، خۆشی لە سەرکەوتن و بەرهەم پێک هێنان وەرئەگرین، لە هەناسە ساردیی و مناڵ نەبوونیش (زڕیی) ڕزگارمان ئەبێ.

جا بۆ ئەمەی بگەیتە ئەم ئامانجە، خۆت بەم جۆرە ڕابهێنە:

(١) بەواتای: وەجاخ کوێر دەبێ.



پێش ئەمەی لە پێخەفەکەت بێیتە دەرەوە، چەند هەناسەیەکی درێژ بدە، تا پێت ئەکرێ سنگت پڕبکە لە با، بەمەرجێ پەنجەرەکانی ژوورەکەت بەتەواوەتی کرابنەوە، تا بای پاک بێتە ناو سییەکانتەوە و بتوانێ بتبووژێنێتەوە پاش ئەوە هەتا لەناو پێخەفەکەتایت، دەست بکە بەم مەشقانەی کە لەم نووسراوەدا پێشان دراون، بۆ ئەمەی زیندوێتیی دەمارە مێشکییەکانت بۆ پێک بێ لە دوای ئەم وەرزشانە، ئاوێکی سارد بکە بەخۆتا، کە لە دوو وردیلە (دقیقە) تێ پەڕ نەکات، بۆ ئەمەی لەپاش خۆ وشک کردنەوە هەست بەگەرمییەکی خۆش بکەیت لە لەشتا.

بێ گومان، کاروفرمانی لەش بزوێن لەناو بای پاکدا، چاکترە لە کاروفرمانی لەش نەبزوێن لە جێگای داخراودا.

جا ئەگەر سروشتی فرمانەکەت وابوو، کە لەناو نووسین خانەکەتا دابنیشی، پێویستە لە سەرت درێژترین کات کە بۆت بلوێ گەڕانی درێژ درێژی تیا بکەیت لەگەڵ هەناسەدانی درێژدا.

ئەوەیش بزانە کە خواردنی دوو ژەم، لە ڕۆژێکا، چاکترە لە خواردنی سێ ژەم بەڵام ئەگەر توانیت سێ یەم ژەمیش بخۆیت و بەئاسانی سازی بکەیت لەناو ورگتا وەک دوو ژەمەکەی تر، ئەگەر لە ژەمەکان کەمیش نەکەیتەوە زیانی نییە.

نەکەیت بەبێ ئارەزوو نان بخۆیت چونکە خۆرشتەکەت ئەبێ ببێتە خوێنێکی گەش و زۆر ئەو نان خواردنەیش کە بەئارەزوو و خۆشییەوە نەخورێ، وا چاکترە خۆتی لێ دوور بخەیتەوە.

چونکە خوێنێکی کەم و کز نەبێ لێی پەیدا نابێ. ئەو خواردنانە بخۆ، کە دڵت ئەچێتە سەریان، بەمەرجێ چاک بن و پێت بکەون.

لە زۆر خۆریی خۆت بپارێزە لەناوەند ژەمەکانیشدا هیچ مەخۆ مەیش نوو تا چەند کاتێک بەسەر ژەمی دواییتا تێ ئەپەڕێ چەند بەکەڵک و خۆش ئەبوو، ئەگەر پێش نوستنەکەت چەند وەرزشێکت بکردایە لە وەرزشە بێ ئەرک و سووکەکان.

نەکەیت کەم تەرخەمی بکەیت لە هەڵ مژینی بای پاکدا پەنجەرەکان هەموویان بکەرەوە تا ئەکەونە سەر گازی پشت هەر هەفتەی جارێک دووجار ئاوێ بکە بەخۆتا لەپاش مەشقەکان

بەیانیان و ئێوارانیش بەجلوبەرگی گرانەوە باری خۆت گران مەکە دەستت دایە هەر

کارێک، مام ناوەندیی بە، نەکەیت لە ئەندازە تێپەڕ بکەیت تا زووە خۆت لەو شووشە داوودەرمانە ڕزگار بکە، کە لەلات کۆبوونەتەوە، بیانخەرە جێگای هەرە باشەوە کە ئەویش زێرابە!...

هەروەک لەشت پاک ئەکەیتەوە، هۆشیشت پاک بکەرەوە پاڵ بدە بەئارامییەوە لەسەر وەرزشەکانیشت بەرێکوپێکییەوە برۆ بەرێدا ڕوو بۆ پێشەوە بکە، لە ڕێگا گەورەکەی مرۆڤایەتیدا.



## بەشی بیست و یەکەم

### هۆی ئارەزوو هەڵنەسان

ئارەزوو هەڵنەسان، لەو کاتانەدا پەیدا ئەبێ کە لەش تووشی کەم تەرخەمی و پەروەردە نەکردن دێ ئەم بەپێچەوانەی زۆربەی گیروگرفتە ڕەگەزبازییەکان، پەیوەندیی نییە بەلنگ بازیی زۆرەوە لەمەوە نابێ وا تێ بگەین کە لنگ بازیی بێ ئەندازە، لە زۆر جاردا، ئۆباڵی لە پیاوەتی کەوتنی بەئەستۆ نابێ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا: کە هەر ڕەوشتێک لە بیرکردنەوەدا بەکاربهێنرێ، یاخود لە کاروفرماندا کە ئەنجامەکەی بەوە بگات هێزەکانی لەشمان کز بکات، بەتەنشت ئەویشەوە هێزە زیندووەکانیشمان کز و لاواز ئەبن.

جا لەبەر ئەمەیە کە ئارەزوو هەڵنەسانی دەمدەمی، یاخود یەکجاریی، لەوەندە زۆرتر بڵاوبۆتەوە، کە بەبیرماندادێ ڕازی ئەوەیش، کە کەس دان نانێ بەبڵاوبوونەوەیدا، لەوەدایە، کە ئەو کۆمەڵە کلۆڵانەی ئەم دەردەیان تووش بووە، شەرم ئەکەن نەخۆشییەکەیان بۆ هیچ کەس بگێڕنەوە، تەنانەت بۆ کەس و کاری خۆیشیان، نای گێڕنەوە.

جاری وا هەیە ساردیی و گەرمیی با پەیوەندیی بەئارەزوو هەڵنەسانەوە هەیە چونکە ئەو کەسەی لە تەنگوچەڵەمە دابێ و لەناو گەرمایەکی زۆردا بژی، دوورنییە کە ئەوە لە ڕووی کاروباری ڕەگەزبازییەوە کاری تێ بکات زۆر کەس لە ئەفسەرەکانی سوپای بەریتانیا لە هیندستاندا، هێزی ڕەگەزبازییان بەهۆی بای ئەوێوە کزبوو.

کەینەوبەینەیەکی بەناوبانگیش خرایە بەردەمی دادگای بەڕەڵاکردن لە (لەندەن)دا[١]، هۆیەکەی ئەچووەوە سەر (با) کەیبانوویەکی دەوڵەمەندی جوان، سکاڵای لە دەست مێردەکەی، کە ئەفسەرێک بووبوو لە هیندستاندا و گەڕابووەوە بەریتانیا، داوای بەڕەڵاکردنی کردبوو لە دادگا، هەر لەبەر ئەوەی مێردەکەی پیاوەتی نەمابوو و هیچ لنگ بازییەکی لەگەڵیا پی نەئەکرا، لە چەندوچوون کردندا، ئەفسەرەکە زۆر بیروباوەڕی پزیشکانەی بێ هاوتای پێشاندا، کە بەڵگەیەکی گەورەبوون بۆ ئەوەی، کە هێزی ڕەگەزبازیی لە زۆر کاتدا، لە بایەکی وادا پەیدا ئەبێ کە گەرم و سەرمای مام ناوەندیی بێ.

بەڵام نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێت، کە پیاوی سپی پێست، ئەگاتە ناوچە گەرمەکان،

(١) دادگای بەڕەڵاکردن: دادگای شەرعی، کاروباری کۆمەڵایەتی (محكمة التفريق او الطلاق).

له خۆشیاندا گەشکە دارئەبێ؛ چونکە لە بەندو کۆتەی ئەو ناوچەیە ڕزگاری ئەبێ کە لەپاش خۆیەوە بەجێی هێشتووە و، ئەتوانێ بەئارەزووی خۆی لنگ بازیی بکات و ئالۆشی خۆی دامرکێنێتەوە کە ئەم ڕەوشتە، زۆرجاری وابووە، بووە بەهۆی شۆڕشی نەتەوەکانی ئەو جێگا گەرمانە، بەرامبەر داوێن پیسیی ئەو مرۆڤە سپی پێستانە ئەو گیروگرفتانەیش کە تووشی ئینگیلتەرە بوون لە هەندێ، لەو خاکە ژێر دەستانەیدا، هەمووی لە ڕووی ئەم وروژانانەوە بووە جا ئالۆش دامرکاندنەوەی زۆر و، مەی خواردنەوەی لە ئەندازە بەدەر و، خواردەمەنیی پڕ بەهارات، کە شارستانییەکان خۆیانی پێوە خەریک ئەکەن، بەبیانووی پاراستنی جوولەی جەرگیانەوە بەهۆی داوودەرمانی تیژ و گەرمەوە... ئەمانە هەموویان ئەبنە هۆی پەیدابوونی جۆرە (ئارەزوو هەڵ نەسانێک) بەم ڕەنگە، خراپەکان لە دەست خۆمان ئەوەشێنەوە، کەچی ئەچین گلەیی لە سروشت ئەکەین، کە هیچ تاوانێکی نییە لەوەدا هیچ مقۆمقۆیەک ناکرێ کە خۆرشتی ناتەواو، هەڕەتی ڕەگەزبازیی ئەکوژێ هۆیەکانی ئەمەیش ئاشکران چونکە نەدانی خۆرشتی بەهێز، بەلەش، کە کەرەستەیەکی بنچینەییە بۆ هەموو جۆرە هێزێک لە لەشدا ، هانەی نەخۆشی (ئارەزوو هەڵ نەسان) ئەدا کە تووشمان بێت، پشت گرتنێکیشیەتی کە لە کۆڵمان نەبێتەوە لە ڕاستیدا، زانست ئەوەی بۆ ئاشکرابووە، کە هەر لەشێک خۆرشتی تەواوی نەدرێتێ تووشی (ئارەزوو هەڵنەسان) دێت هەرچەند ئارەزوو هەڵنەسانەکە، جۆر جۆر و پلە بەپلەیە، بەڵام ئەم ڕاستییە ناشارێتەوە کە هەیەو پەیدا ئەبێ.

لەمەودوا هەندێ لەوەیش ئەدوێین کە هەندێ کەموکووڕیی ڕەگەزبازیی هەن لە کارەساتی ناکاوەوە یان لە سروشتی پیشەو کارەوە، یاخود بەهۆی وەرگرتنی هێز و تواناکەی لە دایک و باوکەوە، پەیدا ئەبن جا ئەم کەموکووڕییانە ئەبنە هۆی ڕوودانی (ئارەزوو هەڵ نەسان)یش بەهۆی کارەساتی ناکاوەوە، کەم ڕووئەدا.

چونکە جێگەی ئەندامەکانی سک و زاکردن وا هەڵ کەوتووە کە لە زیانی تەنگوچەڵەمەکانی دووربخاتەوە.

ئەوانەی پیشەکانیان وا هەڵ ئەگرن کە زۆربەی کاتی خۆیان بەدانیشتن و نەجووڵانەوە ڕاببوێرن، زیانێکی زۆر ئەبەخشن بەهێزە زیندووەکانی خۆیان دووریش نییە، لەپاش چەند ماوەیەک تووشی (ئارەزوو هەڵنەسانێکی یەجگاریی)بن چونکە وەستانی کۆمەڵەی ماسولکەکان، هێزەکانی لەش خاو ئەکاتەوە، نەخۆشییەکەیش ئەخاتە سەر ئەوەی کە



تادێت خراپتری لێ بێ هەروەها هەندێ پیشەوکاری وا هەن کە خاوەنەکانیان ناچار ئەکەن لەناو کەرەستەی ژەهراوی و کۆمەڵە داوو دەرمانی سامناکدا فرمان بکەن، جا زۆرجاری وا هەیە کە (ئارەزوو هەڵنەسان) لەوە وە پەیدا ئەبێ، چونکە ئەو کەرەستانە کار لە کۆمەڵە دەمارە مێشکییەکان ئەکەن.

دوورنییە کە لە ئەندامەکانی سک و زادا، کەموکووڕیی یاخود نارێکییەک هەبێ، کە ماوە نەدات کاری لنگ بازییەکە سەر بگرێ جا لەپێش چاوی ڕەگەزی ئافرەتدا، ئەو جۆرە پیاوانە وا دائەنرێن، کە ئارەزوویان هەڵناسێ.

ئەمە بێجگە لەوەی کە خۆیشیان نەخۆشیی ئارەزوو هەڵ نەسان یان پێوەبێ لەبەرئەوە ڕووکەشەکانی کەموکووڕیی دەرەوە، بەهۆیەک دائەنرێن لە هۆیەکانی (ئارەزوو هەڵنەسان).

دەمار بزوێنەکانیش، بەهەموو جۆر و بابەتێکیانەوە، ئەبنە هۆی (ئارەزوو هەڵنەسان)ێکی شاراوە چونکە هەنگاوی دوایی لە کاری لنگ بازییدا، پێویستی بەکۆبوونەوەی هێزەکانی هۆش و هێزەکانی ڕەگەزبازیی هەیە ئەمەیش لە توانای ئەو سەرخۆشەدانییە کە دەسەڵاتی خۆی لە دەستدا نەمابێ.

هەرچەند ئەکاو ئەکۆشێ ئەو کارەی بۆ ناچێتە سەر، چونکە لەش و دەمارە مێشکییەکانی لە کەڵک کەوتوون، توانای جێبەجێ کردنی ئەو کارەیان نییە.

لەش سڕکەرەکانیش، بەهەموو جۆر و بابەتێکیانەوە، وەک (بەنگ و تلیاک و مۆرفین و کلورال)، بنکەکانی دەمارە مێشکییەکان سڕ ئەکەن، لەبەرئەوە ماوەنادەن بەمرۆڤ بگاتە ئەوپەڕی خۆشی لە کاری لنگ بازییدا هەروەها زۆر بەکارهێنانی توتنیش (جگەرەکێشان) بەم ئەنجامەی ئەگەیێنێ.

ڕەنگە سەیرترین شێوەی (ئارەزوو هەڵنەسان) ئەوەبێ کە لە پشێویی هۆشەوە پەیدا ببێ یەکێک لەو بارانە ئەوەیە کە هەندێ لە لاوە دەماری مێشک کزەکان، کە نزیکی ژن هێنان ئەبنەوە، لەوە ئەترسن کە لە شەوی زاوایەتیدا، نەتوانن ژنەکانیان دڵخۆش بکەن و لە لنگ بازییدا تێریان بکەن جا ئەم جۆرە دوو دڵییە لە توانای ڕەگەزبازیی خۆیاندا، وایان لێ ئەکات کە باوەڕیان بەخۆیان نەمێنێ کە ژن هێنانیان بۆ ئەچێتە سەر ئنجا کە یەکێک لەو جۆرە کەسانە ژن ئەهێنێ، ئەوەندە کەم باوەڕیی بەتوانای لنگ بازیی خۆی چۆتە مێشکەوە، تووشی (ئارەزوو هەڵنەسان) دێ ئەوەیش دیارە کە ئەم جۆرە بارانە، لە ڕێگای هۆشەوە چارە ئەکرێن.

یەکێک لەو بابەتانەی کە هەڵ ئەگرن سەرنجیان لێ بدرێ، ئەوەیە کە ئارەزووی لنگ بازیی کردن یەجگار زۆربوو، لنگ بازییەکە، جێبەجێ نابێ، تەگەرەی تێ ئەکەوێ هەروەها ڕێک نەکەوتنی بیروباوەڕی ژن و مێرد و ناکۆکی یان، لەگەڵ نەبوونی خۆشەویستی بەرامبەریەکتری، کار ئەکاتە سەر پەیدا بوونی نەخۆشیی (ئارەزوو هەڵنەسان).

ئەم بارە، بەرۆشنی، لەو کاتانەدا دەرئەکەوێ، کە ژن هێنانەکە، لەسەر بنچینەی پوول پەرستی بێ، نەک خۆشەویستیی بەرامبەر یەکتری.

لنگ بازیی لە ئەندازە بەدەریش، لە هۆیە گرنگەکانی پەیدابوونی (ئارەزوو هەڵ نەسان)ە چونکە ئەبێتە هۆی تێکچوونی کاروفرمانی ئەندامەکانی سک و زاکردن و لەناوچوونی ئەو سووتەمەنییەی کە ئەو ئەندامانەی ئەخستە گەڕ گەلێک نموونەیش هەیە لەناو ئەو لاوانەدا کە دەست پەڕ لە کەڵکی خستوون و دەماری پیاوەتی یان نەماوە، بەهۆی پەیوەندی نا دروستەکانیانەوە لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکاندا و تووش بوونیانەوە بەنەخۆشییەکانی ئەندامەکانی سک و زاکردنەوە.

لە مانەوە تێ ئەگەین، کە پاراستنی شاکلاوی پیاوەتی وای پێ ئەوێ کە یەجگار بەتەنگ تەندروستی و ڕەوشتی پاک و ئەندازەگیریی خۆمانەوە بین چونکە هەر کەم تەرخەمییەکمان لێ ڕوویدا، لەوانەیە زیانی وای لێ پەیدا ببێ کە تۆڵەی بۆ نەکرێتەوە.



# بەشی بیست و دووەم

چەند ڕاستییەک لە بابەت ئارەزوو هەڵنەسانەوە

دەردی ئارەزوو هەڵنەسان، لەو نەخۆشییانەیە، کە هەمووده‌م کۆمەڵێک قسەی پڕوپووچی پێوە نووساوە، باوەڕی هیچوپووچی لەسەر بڵاوبۆتەوە یەکێک لەو شتانە ئەوەیە کە هەموو کەس وا ئەزانێ، نەمانی زیندوێتی لە لەشدا، ئەوە ئەگەیێنێ کە تووشی (ئارەزوو هەڵنەسان) بووە.

هەروەها باوەڕیشیان وایە، کە ئەگەر یەکێک جارێک نەتوانێ کاری لنگ بازیی بکات، ئیتر هەتاماوە لە ژیاندا کاری لنگ بازیی پێ ناکرێ زۆربەی ئەو کەسانەیش کە ئامادەن بۆ پەسەندکردنی ئەم بیروباوەڕانە، تێکڕا، لەوانەن کە سکالایان هەیە لە دەست پشێوی یەک، لە بابەتی ڕەگەزبازییدا.

لە بەشی پێشوودا ئەوەندەمان پێشاندا، کە ئەم بیروباوەڕە هیچوپووچانە بەدرۆ بخاتەوە لەبەرئەوە پێویست ناکات بەوە کە پیاو بەدبین بێت، ئەگەر هەستی کرد بەکزییەکی گشتی لەناو لەشیا چونکە کزیی لەش ئەوە ناگەیێنێ کە (ئارەزوو هەڵسان)ی نەماوە چونکە ئەو ئاگردانەی، پرشنگ نەدات لەبەر نەبوونی پشکۆی ئاگر لەناویا، وا دانانرێ کە هەتا سەر بەکاری بەکارهێنان نایەت هەر کاتێ پڕت کردەوە لە پشکۆ ئاگر، بڵێسە ئەدا و هەڵ ئەگیرسێتەوە و پرشنگیش ئەدا ئەمەیش کە لە بابەت ئاگردانەوە ئەگوترێ، لە بابەت لەشی مرۆڤیشەوە ئەگوترێ، هەر کاتێ ئەم لەشە، زیندوێتییەکەی تیا نەما، کز و لاواز ئەبێ و لە کەڵک ئەکەوێ بەڵام ئەگەر هێز و زیندوێتییەکەیمان بۆ نوێ کردەوە، ئەویش دووبارە دەست ئەکاتەوە بەفرمان ڕاپەڕاندنێکی تەواو لەو (ئارەزوو هەڵنەسان)ەیش کە بۆی هەڵبەستراوە، ڕزگاری ئەبێ.

هەروەها یەکێکی تر لەو هەڵانەی کە بڵاوبوونەتەوە لە بابەت دەردی (ئارەزوو هەڵنەسان)ەوە، ئەوەیە کە پیریەتی (الشیخوخة) لەناوچوونی زیندوێتیی لەشی بەدەمەوەیە.

ڕەنگە ئەم باوەڕە لە هەموو باوەڕە هیچوپووچەکانی تر زۆرتر بڵاوبووبێتەوە ئەمە ڕاستە کە پیریی کزیی ئەندامەکانی لەشی لەگەڵدایە هیزەکانی ڕەگەزبازیش، بەهۆی فرمانەکانی لەشەوە کەم و زۆر کەموکووڕییان تێ ئەکەوێ.

بەڵام ئەو پیرەی کە هێزی زیندوێتیی خۆی پاراستبێ، لە شێوەیەکی تردا ئەبینرێ لەبەرئەوە، نابێ ئەوە بەشتێکی سەرسوڕهێنەر دابنرێ، کە پیاوێکی حەفتاساڵی منالی بێ، چونکە لەشەکەی فرمانەکانی خۆی بەتەواوەتی ئەبینێ.

ڕاست ترین بەڵگەیشی بۆ ئەمە، ئەوەیە کە لەسەردەمی شاهەنشا (ناپلیۆن)ی یەکەمدا، یەکێک لە سەرکردەکانی لەشکری ئەو کە تەمەنی گەیشتبووە هەشتا ساڵی، کچێکی پچکۆلەی جوانی هێنا، کەچی چەند منالێکی لێی بوو.

شتێکی تریش هەیە، کە پەیوەندیی بەپێش بینییەکی هەڵەوە هەیە لە بابەت (ئارەزوو هەڵنەسان)ەوە.

ئەویش ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی تووشی ئەم دەردە هاتوون پەی بەوە ئەبەن کە نەخۆشییەکەیان لەوەوە پەیدابووە کە لەسەرەتاوە گوێیان نەداوەتە نیشانەکانی ئەمەیش وا ئەگەێنێ، کە نیشانەکانی نەخۆشییەکە ئاشکراو دیارن.

بەڵام کەمتەرخەمیی نەخۆشەکە لەگەڵ نەخۆشییەکەی خۆیدا خستوێتیە ناو ئەو سەرگەردانییەوە یەکێک لەوانەیش ئەوەیە کە لە تافی لاوێتیدا، هەرکەسێ ئارەزووی ڕەگەزەکەی تری نەکرد، ئەو واتایە ئەبەخشێ کە ئەوکەسە چ لە ڕووی لەشیەوە و چە لەڕووی دەروونییەوە ناتەواوە جا ئەگەر هەموو کەسێک ئەم نیشانەی نەخۆشییەی لە خۆیا بدیایە و خەریکی لابردنی بوایە، تووشی ئەو ڕۆژە نەئەهاتین کە لە هەمولایەکەوە گوێمان لە سکاڵاکردن بێ لە بابەت (ئارەزوو هەڵنەسان)ەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە هەمووددەم، لە بابەت تەندروستیمانەوە، چاوڕاو لە خۆمان ئەکەین، و چارەکردنی نەخۆشییەکانیشمان دوا ئەخەین.

تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی ئەم نیشانانەیشی لێ دیاردیی ئەدا، وریا بێتەوە و خەریکی چاک کردنەوەی نەخۆشییەکەی بێت، لە زۆر جاردا پەنا ئەباتە بەر داوودەرمان، بەهیوای ئەوەی کە پێیان چاک ببێتەوە زۆرجاری وایش هەیە، نەخۆشەکان ئەچنە بەر دەرگای فڕوفێڵ بازەکان و چاووڕاوکەرەکان.

لە هەردوو باردا، نەخۆشەکە، پارەکانی خۆی بەفیڕۆ ئەدات، کە دوورنییە زیانێکی زۆریش بە لەشی گەیشتبێ.

لە هەردوو باردا، نەخۆشەکە، زیندووێتییەکەی دەست ناکەوێتەوە، دەماری پیاوەتییەکەی وەک خۆی لێ نایەتەوە ئەو داوودەرمانانەی کە نەخۆشەکان خۆیانی بۆ ئەکوتن، بێ ئەمەی بزانن چیی تیایە و بەکاری چی دێ، توزێک لەو زیندوێتییەیان



تیانییە، کە هیوایان وایە، بەزۆر دەستیان بکەوێ.

چونکە داوودەرمانە گیراوەکان کە گوایا بۆ بەهێزکردنی لەش دروست کراون، لە ڕاستیدا هەر ئەوەندەیان پێ ئەکرێ، کە ئەندامە سستەکان بۆ ماوەیەکی کەم بخەنەوە گەڕ، بەڵام لە دواییدا وەک خۆیانیان ئەهێڵنەوە، بێجگە لەوە سستی و کزییەکی تازەیشیان تیا بەجێ ئەهێڵن.

سەیر ئەوەیە، هەندێ لەوانەی کە هێزی ڕەگەزبازییان نامێنێ، پەنا ئەبەنە بەر مەی خۆریی ئەوانە وا ئەزانن کە مەی، هێزیان پێ پەیدا ئەکات بۆ کاری لنگ بازیی لە ڕاستیدا، ئەوانە لە ڕێگای چاک بوونەوە لائەدەن هەر هەلێکیشیان لە دەستا مابێ بۆ چاک بوونەوە لە دەست خۆیانی ئەدەن.

بەڵام ئەوانەی ژیری تەواون، ئەچنە بەر دەرگای پەروەردەکردنی لە ڕاستیدا، وەرزش و خۆرشتی بەجێ، لەو شتە گرنگانەن کە هێز و زیندوێتی بۆ لەش ئەگێڕنەوە.

بەڵام لەکاتی هەڵبژاردنی خۆرشتدا، ئەبێ تەماشای ئەوە بکرێ کە بەکەڵکی لەش بێ و پێی بکەوێ بەڵام لەکاتی هەڵبژاردنی وەرزشەکاندا، ئەبێ ئەو یارییانە هەڵبژێررێن کە ئەندامەکانی لەش بەهێز ئەکەن و زیندوێتیی تیا پەیدا ئەکەنەوە ئەو پێڕەوییەیش کە لەم نووسراوەدا دامان ناوە، تەواو بەکاری ئەوە دێت کە ئەم ئامانجە بهێنێتە دیی.

ئەو پێشبینییە هەڵانەی کە دەربارەی نەخۆشیی (ئارەزوو هەڵنەسان)، بڵاوبوونەتەوە، ئەتوانین هەموویان ببەینەوە سەر ناشێتی و نەزانی: نەشارەزایی لە سروشت، نە شارەزایی لەوەی کە سروشت لێمانی ئەوێ چونکە نەخۆشیی (ئارەزوو هەڵنەسان)، پێش ئەمەی دیاردیی بدات، لەوانەیە پێی بزانرێ ئەوەیش بەوەدا ئەزانرێ کە نەخۆشەکە، کزیی هەموو هێزەکانی لەشی گرتبێتەوە، کە لە ئەنجامدا زیندوێتی و چالاکیشی نامێنێ کەچی بەجۆرێکی تێکڕایی کاتێ نەخۆشەکە دەست ئەکات بەچاک کردنەوەی خۆی، بەجۆرێکی وا سەیری (ئارەزوو هەڵنەسان)ە کە ئەکات وەک لەو شتانە جوێ بێ کە بوون بەهۆی پەیدابوونی، وایە لەوەدا هەر لەو کەسە ئەکات، کە بیەوێ درەختێک بەربەست بکات لە گەشەکردن، لە جیاتی ئەمەی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەری بهێنێ، گوڵەکانی لێ ئەکاتەوە، بۆ ئەمەی لە دەست نەخۆشیی (ئارەزوو هەڵنەسان) ڕزگار ببین، هەر یەک ڕێگا هەیە بیگرین، ئەویش پەیڕەویکردنی ئەو دەستوور و یاسایانەیە کە سروشت بۆی داناوین ئەم دەستوور و یاسایانە ئەوانەن کە لەم نووسراوەدا ناوبراون، بۆ ئەوە پێشانمان داون کە یاریدەرێکی باش بن بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ بەکەڵکیان بهێنن.

## بەشی بیست و سێیەم

### چارەکردنی ئارەزوو هەڵنەسان

پێویستە لەپێش هەموو شتێکا ئەوە بزانین، کە ئەو کەسانەی سکاڵا ئەکەن لە دەست ئەم جۆرە نەخۆشییانە، لەناو لەشیاندا ژمارەیەکی زۆر شانەی مردوو هەیە ئەم جۆرە شانە مردووانەیش لە باریاندا هەیە ئەندامەکانی لەش لە کاربخەن، بەتایبەتی ماسولکەکان دەمارە مێشکییەکان لەبەر ئەوە ئەبێ لەپێش هەموو شتێکا نەخۆشەکە خەمی ئەوەی ببێ کە لەشی خۆی بەتەواوەتی پاک بکاتەوە لەو جۆرە شانە مردووانە، تا هیچ تەگەرەیەک نەیەتە پێشەوە لەبەردەم چاک بوونەوەیدا لە نەخۆشییەکە.

لە هەموو شتێک گرنگتر کە بۆ ئەمە دەست بدات، مەشق کردنە بەهەموو ماسولکەکانی لەش، بەشێوەیەکی وا کە زیندوێتییەکەی خۆی دەست بکەوێتەوە بەو مەرجەی کە وەرزش کردنەکە لەناوبای پاکدا بکرێ لەبەرئەوە گەڕانی درێژ و هەناسە دانی قووڵ، هێز و زیندوێتی بەنەخۆشەکە ئەبەخشێ. چونکە لەکاتی ڕۆشتندا، هەموو ئەندامەکانی لەش دێنە جووڵە جووڵ و وریا ئەبنەوە بەواتایەکی تر ژیانێکی تازە دێتەوە ناولەش، تا ئەوەی لە دەستی چووە، دەستی بکەوێتەوە. دیسانەوە، بایەخ ئەدەینەوە بەپاک کردنەوەی لەش، بەجۆرێکی وا کە هیچی تیا نەمێنێتەوە، لە گەشەکردنی تەگەرەبدات. هەر فرمانێک بکەیت لەناو بای پاکدا، لەوانەیە کە ماسولکەکانی لەشت وریا بکاتەوە و بیانخاتە جووڵان جا ئەگەر دەستت نەپەرژا، وەرزش بکەیت بۆ پەروەردەکردنی لەشت، ئەتوانیت خۆت بەجووت کردن بەکشتوکاڵەوە خەریک بکەیت.

ئەو وەرزشانەیش کە لەم نووسراوەدا ناویان براوە، ئەگەر لەناو بای پاکدا بکرێن، بەتەواوەتی بەکەڵکت دێن بەتەنشت ئەم وەرزشانەیشەوە، پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە نەخۆشیی (ئارەزوو هەڵنەسان)ی هەیە، ئەم یاسایەی خوارەوە پەیڕەوی بکات، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا، تا زوو بەزوو چاک ببێتەوە.

هەر کەسێ ئەم یاسایە، بۆ ماوەیەکی باش، بەجێ بهێنێ، ئەوەندە ئەنجامی بەکەڵکی پێ ئەگات، تا ماوە لە ژیاندا سوپاس ئەکات.

کە خەبەرت بووەوە لە خەو، لە جێگاکەتا مەمێنەرەوە، ئەمدیو و ئەودیو بکەیت. دەمودەست ڕاپەڕە و وەرە دەرەوە چونکە هەرچەندە سستی بکەیت لە بەجێ هێشتنی پێخەفەکەتا، ئەوەندە سارد ئەبیتەوە لە چالاکی و گورج و گۆڵی، ئارەزووی شل و



شێواویی و تەمەڵی ئەکەیت دوای ئەوە دەست بکە بەو وەرزشانەی کە لەم نووسراوەدا ناوبراون، بۆ ئەمەی کەلوپەلی دەمارە مێشکییەکانت هێز و گوڕی خۆیان بسێننەوە و چالاکی و کارگوزارییان دەربکەوێتەوە.

دوای ئەوە، بەپەشتەماڵێکی زبر، لەشت بەتوندیی بسوورەوە تا پێستەکەت وریابێتەوە و خوێنیش بەگورجی بەناو دەمارەکانی لەشتا بسووڕێتەوە ئنجا ئاوێکی سارد بکە بەخۆتا بەڵام ئەگەر نەتتوانی ئاوی سارد بکەیت بەخۆتا، لەسەرەتادا وازی لێ بهێنە تا هێز و گوڕی خۆت ئەسێنیتەوە و بەرگەی ئەو ئاوە ساردە ئەگریت.

ژەمی بەیانی مەخۆ لە جیاتی ئەوە پڕ جامێ ئاوی سارد بخۆرەوە.

ئەوەیشت لەبیر نەچێ، کە بەیانیان ئەوەندەی بۆت ئەلوێ، لە جێگایەکی چۆڵ و لەناو بایەکی پاکدا وەرزش بکەیت هەروەها ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە لە کاتی وەرزشەکەتا، هەناسەی قووڵ قووڵ بدەیت خۆت وا ڕابهێنە هەناسەی قووڵ بدەیت، لە هەر دەمێکابێ، لە هەر کوێیەکا بێت، بەو مەرجەی بایەکەی پاکژبێ.

ژەمی یەکەمت لە کاتی یانزەهەمی بەیانیدا، یاخود لەکاتی دوانزەهەمی نیوەڕۆدا بخۆ خواردنەکە باش بجوو لەدەمتا، تا تەواو شل ئەبێتەوە، ئنجا قووتی بدە لەکاتی نان خواردندا ئاو مەخۆرەوە بەڵام لە کاتەکانی تری ڕۆژدا، تا پێت ئەکرێ ئاو بخۆرەوە لەو خواردنانەی کە پێش ئەکەون زۆر بخۆ هەر خواردەمەنییەک زیان بەتەندروستیت بگەێنێ مەیخۆ کە لە خواردنی ژەمی یەکەمت بوویتەوە، لەناوبایەکی پاکدا بۆ نیوکاتێک سرەوت بدە بەخۆت.

دوای ئەوە چ کارێکت بۆ ئەلوێ بیکەیت، بیکە.

ژەمی دووەمیشت پێویستە لەکاتی پێنجەم یاخود شەشەمی ئێواران دابێ واتا شەش کاتی تەواوی لەدوای ژەمی یەکەم پێ بچێت وا چاکە، کە نەنوویت تا سێ چوار کاتێک بەسەر خواردنەکەتا تێ ئەپەڕێ.

جا پێش ئەمەی بچیتە ناو پێخەفەکەتەوە، پێویستە جلەکانت داکەنیت و هەندێ لەو وەرزشانە بکەیت کە بۆ بەهێزکردنی دەمارە مێشکییەکانت دەست ئەدەن وریابە، لەدوای وەرزشەکان، ئاوێکی گەرم بکەیت بەخۆتا پێویست بەوە ناکات، هەموو ڕۆژێک ئەم ئاوە گەرمە بکەیت بەخۆتا جارێک دووجار لە هەفتەیەکا بەسە پاک کردنەوەی بای ژوورەکەت، یەجکار پێویستە چاکترین نوستن ئەوەتا کە لەناو بای بەرەڵڵا و پاک دابێ.

چونکە (ئۆکسجین) لە باریا هەیە کە بەرگی تەندروستی و زیندوێتیت بکات بە بەردا.

## بەشی بیست و چوارەم

### سیس بوونی کەلوپەلی سک و زاکردن

سیس بوون، یاخود قرچ هەڵاتنی هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی لەش، دوورنییە لە زۆر بەکارهێنانییەوە، یاخود، لە خراپ بەکارهێنانییەوە بێ ئەوەندەی پەیوەندیی بەئەندامەکانی سک و زاکردنەوە هەیە، کزیی و لاوازییان لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانەوە پەیدا ئەبێ، نەک لە ئەنجامی بەکارنەهێنانەوە هەروەها، وەک بۆمان دەر ئەکەوێ، کە لەش بەجۆرێکی تێکڕایی سیس ئەبێ و، کز و لاواز ئەبێ، بەهۆی وەرزش نەکردنەوە، کە ماسولکەکان بەکارناهێنرێن، یاخود بەهۆی خۆرشتی ناتەواوەوە، یان لەبەر هەر هۆیەکی تربێ، ئەندامەکانی سک و زاکردنیش بەو پێیە، کزوسیس و وشک هەڵدێن وەک ئەندامەکانی تری لەش، کە زۆر دوورنییە وایان لێ بێ بەتەواوەتی لە کەڵک بکەون فرمانی خۆیان پێ ئەبینرێ.

ئەو شتانەی کە ئەبنە هۆی ئەم زیانە، ئاشنامان ئەکەن لە شێوەی چاک کردنەوە واتا خەریک بیت هێزەکانی دەمارە مێشکییەکان و ماسولکەکان و کەلوپەلی خواردن سازکردن لە لەشتا، سەرلەنوێ دامەزرێنێتەوە ئەوەندەیش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، لەم نووسراوەدا پێشان دراوە بەم ڕەنگە هێزەکانی خۆت ئەگەڕێنیتەوە دۆخی جاران و، چالاکی و لەش سووکیی خۆیشت تازە ئەکەیتەوە و کە بەهۆی ئەوەوە، بەرە، بەرە، هێزی سک و زاکردنت تیا پەیدا ئەبێتەوە لێرەدا ناتوانین گرنگیی وەرزشی تایبەتی و ڕێگای گشتیی چارەکردن ڕۆشن بکەینەوە.

هەر ئەوەندەی بەسە کە بڵێین، ئەنجامی ئەوە، بەوە ئەگات کە لەش خوێنێکی گەشی وای دەست بکەوێ، کە پڕبێ لە خۆرشتی بەکەڵک، کە ئەمەیش سەرلەنوێ هێز و زیندوێتی ئەبەخشێتەوە بە ئەندامەکان و ماسولکەکان.

بۆیشت دەرئەکەوێ: کە ئاوی سارد بەخۆدا کردن و، بای بەرەڵلای پاک هەڵمژین، کەڵکێکی زۆر و خۆش ئەدەن بەهەموو ئەندامەکانی لەشت.

لە ڕاستیدا، چارەکردنەکەت، بەکورتی، بەندە بەوەوە کە هێزەکانی ماسولکەکان و دەمارە مێشکییەکانت سەرلەنوێ زیندوو بکەیتەوە، لە ڕێگای پەیڕەویی کردنی ئەو شێوەی پەروەردەکردنی لەشەوە، کە لەم نووسراوەدا پێشان دراوە.



پێویستە پەی بەو ڕاستییانەیش ببەیت کە سامناکیی ئەو ئەنجامانەت بۆ دەرئەخەن، کە لە ماندووبوون و پەک کەوتنی ئەندامێک لە ئەندامەکانتەوە پەیدا ئەبن چونکە ئەندامەکە ئەکەوێتە کزیی و لاوازییەکی واوە، کە چاک بوونەوەی ماوەیەکی درێژی پێ ئەوێ هەروەها گێڕانەوەی هێز و گوڕ و تەندروستی، لە شێوەیەکی سستدا پێک دێ، بەڵام هەر پێک دێ تۆیش هەر ئەوەندەت لەسەرە کە بەوردیی لەسەر ئەو ئامۆژگارییانە بڕۆیت کە لەم نووسراوەدا نووسراونەتەوە ئێمە هەرگیز لە توانامان دانییە، نرخ بۆ ئەو پاداشە ناوازەیە دابنێین کە لە ئەنجامی پەیڕەویی کردنی ئەم ئامۆژگارییانەوە پێمان ئەگات.

هەرچەندە کەلوپەلی سک و زاکردنی سیس و هەڵقرچاو، زۆربڵاو نەبۆتەوە[1]، بەڵام ژمارەیشی کەم نییە چارە کردنیشی، لە ڕووی کارپێکردنەوە، هەروەک چارەکردنی ماسولکە سیس بووەکان وایە، لە هەموو لایەکی لەشدا، لەگەڵ ئەمەشا ڕەنگە هەندێ چارەکردنی تریشی لێ کەمو زۆر بکرێ.

یەکێک لەو ڕێگا میکانیکییانەی چارەی ئەو کەلوپەلانەیان پێ ئەکرێ، کە تووشی ئەم نەخۆشییە بووبن، ڕێگای (باکێشان)ە، بەهۆی (با- مژ)[3]ێکەوە کە بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەسە دروست کراوە لە گەلێک جاردا ئەم کەلوپەلە بەکارهێنانەکەی تا ئەندازەیەک لە زیانەوە نزیکە هەروەها ئەگەر زۆر بەکاربهێنرێ، زیانێکی زۆری لێ پەیدا ئەبێ.

کەواتە، نابێ بەکاربهێنرێ تا لە هەموو چارەکردنێکی تر نەبینەوە تەنانەت ئەو ساکەیش، ئەبێ زۆر بەپارێزگارییەوە بەکاری بهێنین، نەوەک زیانی لێوە پەیدا ببێ. ئەم کەلوپەلەیش[1] لە لوولە شووشەیەک پەیدابووە کە هەندێ لە کەلوپەلی نێرێتیی ناوونجی گەورەترە باکێشێکیشی پێوە نووساوە، بەکاری ئەوە دێ کە ئەو بایەی تیایەتی دەری بکێشێتە دەرەوە ئنجا کە بای ناو شووشەکە کەم ئەبێتەوە و پاڵ ئەنێت بە(کێر)ەوە، خوێن دێتە ناو ئەندامی نێرێتییەکەوە و لە دەمارەکانیا بڵاو ئەبێتەوە بەهۆی ئەوەوە بەرەبەرە زل ئەبێ زۆربوونی بەشی خوێن لەناو ئەندامی نێرێتییەکەدا ئەبێتە هۆی زۆربوونی خورشت بۆ خۆی، لەبەرئەوە لەشەکەی گەورە ئەبێ تا ئەندازەیەکی تەواو خاوەنی ئەم کەلوپەلە، داهاتووەکەی خۆی وا دروست کردووە، کە لەکاتی بەکارهێنانیا هیچ ئاڵۆش و خرۆشێکی

(١) ڕاستتر: زۆر بڵاونییە، زۆرنییە.

(٢) باکێش، با-مژ: مەبەستی (ساحبە، مفرغە الهواء)ە.

(٣) ڕاستتر: ئەم ئامێرەیش...

ڕەگەزبازیی بەنەخۆشە کەنەگات فرمانەکەی هەر ئەوەندەیە کە خوێن بکێشێتە ناو دەمارەکانی ئەندامی سک و زاکردنەوە کە بەوهۆیەوە ژیانێکی تازەی پێ ئەبەخشێ، بەرە بەرە زیندوویشی ئەکاتەوە، بەچەشنی لەش سوونەوە وایە کە بۆ ئەندامەکانی لەش بکرێ.

هەروەک لەمە پێش گوتمان، ئەم کەلوپەلە بۆ هەموو بارێک دەست نادات نابێ بەکاربهێنرێ، بۆ ئەو ئەندامی نێریتییانە نەبێ کە لە ئەندازەی خۆیان بچووک تربن، یاخود تەواو سیس بووبن دیسانەوە قسەکەمان دووبارە ئەکەینەوە، کە نابێ ئەم شێوەی چارەکردنە بەکاربهێنرێ تا لە هەموو چارەکردنەکانی تر نەبینەوە چونکە وریا کردنەوەیەکی لە ئەندازە بەدەری دەمارە خوێنییەکان کە لەناو ئەندامی نێرێتییدان، کە بەهۆی بەکارهێنانی ئەم کەلوپەلە تایبەتییەوە پێک دێ، تەنگوچەڵەمەیەکی وای تیایە کە ئاسان نییە چاوی لێ بپۆشرێ لەبەر ئەوە هەر کاتێ، ئەندامی سک و زاکردنەکە تۆزیک چاک بوو، پێویستە واز لە بەکارهێنانی ئەم کەلوپەلە تایبەتییە بهێنرێ ئەم چاک بوونەوەیەیش دەمدەمییە، زۆری پێ ناچێ وەک پێشووی لێ دێتەوە، ئەگەر ئەو وەرزشانە نەکرێ کە لەم نووسراوەدا پێشاندراون بۆ بەهێزکردنەوەی گشتیی ئەندامانی لەش ئەم کەلوپەلەیش نرخی لەناوەند شەش دینار و دە دیناردایە بەڵام ئێمە هەر لەسەر قسەکەی خۆمانین کە ئەبێ بەپارێزگارییەکی تەواوەوە بەکاربهێنرێ چونکە ئەگەر گیروگرفتەکە لەوەوە پەیدا بووبێ کە هێزەکانی لەش و دەمارە مێشکییەکان لە کەڵک خرابن، بەڕاستی ئەم کەلوپەلە هیچ کەڵکێکی نابێ تەنانەت ئەگەر بەکارهێنانیشی بەباش بزانین، ئەبێ ناوبەناو بەکاربهێنرێت، نەک پەیتا، پەیتا.

لە برانەوەی ئەم بەشەدا، وای بەچاک ئەزانین کە لەو سەرنج دانە بەهەڵەدا چووانە بدوێین، کە لەلایەن زۆر کەسەوە ئەکرێن، لە بابەت شایستەیی کەلوپەلی سک و زاوە لەناو نێرینەکاندا لە ڕاستییدا، کەلوپەلی سک و زاکردن چ لەناو نێرینەدا، چ لەناو مێیینەدا، ئەندازەیەکیان هەیە بەپێی لەشی مرۆڤەکە، یان ئافرەتەکە کە لەزۆربەی مرۆڤایەتیدا ئەم بەراوورد کردنە وایە جا هەتا جیاوازییەکی زۆر نەبێ لە گەورەیی و بچووکی کەلوپەلی سک و زاکردندا کە سەرنج ڕابکیشێ، ئەو کەلوپەلە پەسەندە کەواتە ئەوە هەڵناگرێ کە پەلەبکەیت لە ئەنجام دەرهێنان لەو کەموکوورییەی کە بەکەلوپەلی سک و زاکردنەکەتەوە دیارە.

هەر لەبەر ئەو هۆیەیش کە هەندێ لە هاوڕێکانت کەلوپەلی سک و زاکردنەکەیان لەهی تۆ گەورەتربێ وەک سەرنج دراوە، مام ناوەندیی درێژیی ئەندامی نێرێتی لە کاتی



خاوێتییدا، ئەگاتە سێ چوار گرێ (ئینج) بەڵام کە هەڵبسێ، ئەو درێژییەی ئەگاتە پێنج تا حەوت گرێ.

ئەتوانرێ، لە جێ نیشاندانێکی هونەردا، لێ کۆڵینەوەیەکی ڕاستەقینەی گەورە و بچووکی و شێوەی ئەندامی نێرێتی بکرێ لەکاتی خاوبوونەوە یان نیشتنەوەیدا، چونکە لەوێدا پەیکەری پیاوە ڕووتەکان پێشان ئەدرێن تۆ لەپێش ئەمەدا کە خۆت تاوانباربکەیت بەبوونی ئەم کەموکوورییە گرنگە لە ئەندامی سک و زاکردنتا، پێویستە ڕاوێژ بەپزیشکێکی شارەزای باوەڕ پێکراو بکەیت[١].

---

(١) پزیشکێکی پسپۆڕ.

## بەشی بیست و پێنجەم

### گون شۆڕیی و هۆیەکانی

(گون شۆڕیی)[1] نەخۆشییەکی بڵاوە لەناو پیاواندا، ئازاریشی هەیە لە دەمارەکانی توورەکەی کەلوپەلی سک و زاکردندا پەیدا ئەبێ، یاخود تووشی دەمارە خوێنەکانی گونەکان دێ توورەکەی گون زۆر تووشی ئەم نەخۆشییە دێ، کەچی گونی لای ڕاست کەم تووش دێ لەبەر هۆیەکی وایش کە زاناکانی زانستی فرمانی ئەندامەکان تیا سەرسوڕماو بوون و پەیی پێ نابەن، تێکڕاش هەموو جارێک ئەم نەخۆشییە لە گونی چەپدا پەیدا ئەبی.

نەخۆشیی (گون شۆڕیی)یش بەم جۆرە پەیدا ئەبێ کە هەندێ لە دەمارە خوێنەکان لە گوریسی (ئاوی پیاو) ئەئاڵێن گوریسی ئاوی پیاویش بریتییە لە چەند لوولەیەک کە (ئاوی پیاوی) پیا ئەڕوات لەناوەند جووتە گون و بۆشایی سکدا یەکێک لەم دەمارە خوێنانە ڕاستەوڕاست بەگونی لای ڕاستەوە نووساوە کە بەهۆی ئەوەوە ڕێگایەکی ئاسان ئامادەبووە بۆ (ئاوی پیاو).

کەچی دەمارە خوێنێکی تر بەگونی لای چەپەوە نووساوە بەڵام لە شێوەیەکی پێچەوانەی شێوەی دەمارە خوێنەکەی یەکەمدا.

چونکە بەپێچەوانەی دەماری یەکەم، ئەم لە ڕێگایەکی خواروخێچدا ئەڕوات، پێچ ئەکاتەوە و ئەئاڵێ لە گونەوە، تا وای لێ دێ تۆزێک نەبێ دایناپۆشێ، کە ئەویش بنکی گونە، ئیتر هەموولایەکی گونی چەپ دائەپۆشێ جا ئەم گونی چەپە، خۆی لەخۆیدا یەجگار ناسکە، زوو هەست بەئازار ئەکات.

هەر تێکچونێک لەناو لەشدا ڕوربدات، بەتایبەتی لەو بەشانەدا کە کار لە فرمانی ڕەگەزبازیی ئەکەن، گونی لای چەپیش هەست بەو تێکچوونە ئەکات و ئازاری پێ ئەگات.

بەڵام ماوەی کارتێکردنی نەخۆشییەکە، لە گون، تا ئەوەندەیە کە دەمارە خوێنەکان ئەئاوسێن، پڕ ئەبن لە خوێن.

ئەوەیش دیارە کە پلەی ئەو ئاوسانە، یاخود خوێن تێ زانە، بەپێی هۆی نەخۆشییەکە ئەگۆڕێ ئەوەیش ڕوو ئەدات کە گەڕانی خوێن لەناو (توورەکەی گون)دا کەمێک بوەستێ

(١) لە کوردەواری لای خۆماندا بە(قۆڕبوون) ناو دەبرێ یان (فیتق).



ئیتر ئەوساکە نەخۆشەکە، هەست بەبێ سرەوتی و دڵتەنگی زۆرتر ئەکات، لە ئازار، ئەو لە ڕاستیدا هەست بەگرانیی چووزانەوەیەک ئەکات لە توورەکەی گوندا جا ئەم ئازارە ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتری لێ دێ مەگەر نەخۆشەکە، زوو فریای خۆی بکەوێ و چارەی باش بدۆزێتەوە بۆ خۆی، تا لەو ئازار و تەنگەتاوییە ڕزگاری ببێ.

جاری وایش هەیە، ئەم ئازارانەی ناوم بردن، ئازاری تریشیان بەتەنشتەوە پەیدا ئەبن، ئامانجیان دەمارە مێشکییەکان ئەبێ.

لە هەندێ جاردا نەخۆشییەکە ئەگاتە ئەو پەڕی تەنگوچەڵەمە، لە ماوەی چەند کاتێکدا لە هەندێ جاریشدا بەچەند ساڵێک درێژە کێشان ئنجا نەخۆشییەکە ئەگاتە ئەو ڕادەیە چونکە ئازارەکە تێن ئەسێنێ ئەگەر بێتو دەمودەست چارە نەکرێ، تەنگوچەڵەمە کە زۆر گەورەی لێ دێ، بەتایبەتی، لەڕووی ئەوەوە کە کار ئەکاتە ئەندامەکانی سک و زاکردن و بەجێ هێنانی فرمانی خۆیان بەڵام ئەو زیانانەی کە لەپاش ڕوودانی نەخۆشیی (گون شۆڕیی)یەوە ئەکەون لە لەش، ئەمانەی خوارەوەن:

کاتێ ئەو دەمارە خوێنەی کە نووساوە بەگونەوە، لە فرمان ئەکەوێ، لەبەر هەر هۆیەک ببێ، کە لەمەودوا پێشان ئەدرێن، ئەو بەشە خوێنەی کە ئەڕژایە گونەکەوە بۆ ئەمەی خورشتی پێ بدات، لێی کەم ئەبێتەوە ئەم خوێن کەم بوونەوەیەیش جاری وا هەیە ئەگاتە ئەندازەیەکی وا چۆڕ بڕ ئەبێ.

هەر لەو کاتەیشدا، دەمارە خوێنەکە، خۆیشی، هەر لەو جێگەیەدا دەست ئەکات بەووشک بوون و هاتنەوەیەک ئەم بارە، ناوێکی یۆنانی لێ نراوە، واتاکەی ئەمەتا: (کۆمەڵە کرم) بەم ڕەنگە گونەکە لە خوێن بێ بەش ئەمێنێتەوە ئەنجامیشی بەوە ئەگات، یان بەتەواوەتی لەناو ئەچێ، یان بەجارێک کز ئەبێ ئەوەیش لەوەوە وای لێ دێ: دێتەوە یەک و بچووک ئەبێتەوە، تا ئەبیتە گلۆڵەیەک، کە هەموولایەکی بەدەمارە خوێنییە مردووەکان تەنراوە، هەر وەک پارچەیەک پێستی لێ دێ کە ژیانی تیا نەمابێ.

ماسولکەکان و کشتەکەکانی دراوسێی گونیش ، لەبەر کەم خۆرشتی، کزولاوازئەبن و پووچ ئەبنەوە ئەوەیش لە (توورەکەی گون)دا بەئاشکرا دەرئەکەوێ لەبەرئەوە خاو ئەبێتەوە و شۆڕیش ئەبێتەوە بۆ خوارەوە.

کەچی ئەگەر خاوەنەکەی تەندروست بوایە، ئەبوو توورەکەکە خڕ هەڵ بهاتایە و بنووسایە بەلەشەوە هەروەها هەستکردن بەگرانییەک لە توورەکەکەی گوندا، هەر لەو هۆیەوەیە بەڵام

هۆی ئەو ئازارەی کە لەم نەخۆشییەوە پەیدا ئەبێ، ئەوەیە کە دەمارە خوێنەکان کە خوێنیان پیادێ ڕەق ئەبن ئەم دەمارە وشک بووانەیش کە ئەئالێن بەگونەکەوە، گونەکە ئەگوشن.

نەخۆشیی گون شۆڕیی، گەلێک هۆی هەیە هەندێک لە زاناکان ئەڵێن منداڵ لە باوکییەوە بۆی بەجێ ئەمێنێ بەڵام لەمەدا چەند بەرپەچ دانەوەیەک هەیە، جێ نییە، لێرەدا، لێی بدوێین زۆربەی بارەکانی ئەم نەخۆشییە، بە(هەستکردن بەکەموکووڕیی)یەوە بەندە لەکاتی لاوێنیدا، یاخود لە لنگ بازیی زۆرەوە پەیدا ئەبێ کە لەسەرەتای ژیاندا ئەکرێ ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەندامی سک و زاکردن، لەکاتی دامرکاندنەوەی خورووی ڕەگەز بازییدا، پێویستی بەخوێنێکی زۆر هەیە ئەمەیش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەمارە خوێنییانەی بەگونەوە نووساون، ماندوو بن و لە پەلوپۆبکەون.

جا ئەگەر ماوەی ناوەند لنگ بازییەکان، یاخود دەست پەڕەکان درێژبن، هەر هیچ نەبێ تا ئەندازەیەک بەهۆی ئەوەوە هەلێک دەست دەمارە خوێنییەکان ئەکەوێت بۆ سرەوت و بووژانەوە لەو ئەرک و ئازاری فرمانانەیان کە ئەیانبینین بەڵام ئەو ئالۆش پەرستەی کە لەژێر چنگی ئارەزووی ئالۆشی خۆی دابێ، نەدان بەماندوێتییدا ئەنێ، نە لە لنگ بازییەکەیشی وەڕس ئەبێ.

ئەوەندە کەلوپەلی سک و زاکردنی خۆی ماندوو ئەکات، لەش و دەروونی خۆی ئەکوژێ، ناوەستێتەوە لە بەزمی خۆی تا بەتەواوەتی لە پەلوپۆ ئەکەوێ بەم ڕەنگە دەمارە خوێنەکان، بەو خوێنەی کە دێتە ناویانەوە، هەموودەم لە ئاوساندا ئەبن، تا لە دواییدا وایان لێ دێ لە وزەیاندا نامێنێ بەرگەی ئەو تەووژمە خوێنانە بگرن، ئەتەقێن، وەک شۆڕشێک بکەن لە ڕووی خاوەنەکەیاندا وایە بەم ڕەنگە گونی چەپ، لە هەموو بەشێکی تری کەلوپەلی سک و زاکردن زۆرتر ئازاری ئەگات، بەهۆی ئەم پشێوییەوە کە لەناو دەمارەکانی خوێندا ڕوو ئەدات ئەنجامیش بەوە ئەگات کە نەخۆشیی گون شۆڕیی لێ پەیدا ئەبێ.

لە هۆیەکانی تری پەیدا بوونی (گون شۆڕیی)یش ئەوە کە هێزەکانی لەش لە ئەندازە بەدەر بەکاربهێنرین، یاخود ئەندامەکانی سک و زاکردن تووشی خوێن تێزان بن، یان شتێکیان لێ بکەوێ ئازاریان بدات، یان پیاوەکە تووشی گرفت بووبێ، یان دەرپێی تەنگی لەپێ کردبێ یەکێک لەوێنەی ئەو کارەساتانەی قەوماون و ئەگێڕێنەوە، ئەوەیە کە جارێکیان لاوێک پێ ئەنێ بەسەر توێکلێکی مۆزدا، هەڵ ئەخلیسکێ ئەکەوێ لەوکاتەدا هەردوو لنگی ئەکرێنەوە ڕۆژی دوایی تووشی گون شۆڕییەکی سامناک دێ.



چونکە دوایی ژوورووی دەماری خوێنەکەی ئالۆ بوو بەسەر گونیا، لەبەرئەوە گون شۆڕیی تووش بووبوو، بەتایبەتی هەر لەبەرئەوەی کە لە پێچوپەناکانی دەماری خوێنەکەدا خوێن پەنگی خواردبووەوە و دەمارەکەی ئاوساندبوو.

یەکێک لە هۆیەکانی تری ئەم نەخۆشییە، نەخۆشییە نهێنییەکانە چونکە گەڕانی خوێن بەجۆرێکی گشتی لە هەموو لەشدا، بەجۆرێکی تایبەتیش لە ئەندامەکانی سک و زاکردندا لە ئەندازە دەرئەچێت هەروەها ئەم نەخۆشییە لە دەستوورکردنی ژەهراویی و داوودەرمانی توندوتیژ و بزوێنەریشەوە پەیدا ئەبێ کەرەستە ژەهراوییەکانی تریش کارێکی گرنگ ئەکەن لە ئەندامی سک و زاکردن.

نەخۆشیی گون شۆڕیی، بەجۆرێکی تێکڕایی، لەوانە ئەقەومێ کە زۆربەتەنگ تەندروستیی خۆیانەوە نابن بەجۆرێکی تێکڕایی، لە دوایی ژیاندا ئەقەومێ لەڕاستیدا نەخۆشیی گون شۆڕیی، بریتییە لە وەستانی گەڕانی خوێن لەناو ئەو دەماری خوێنانەدا کە کەوتوونەتە ناو توورەکەی گون و ئەملاوئەولای توورەکەکەوە، ئەوەیش ئەبێتە هۆی شۆڕبوونەوە و خاوبوونەوە، دەمارەکانی خوێنیش بەو جۆرە تیا ئەئاوسێن، کە لە لاق و بەشەکانی تری لەشدا بەئاوساویی دەرئەکەون لەکاتی لوول بوونی دەمارەکانی خوێنیاندا.

# بەشی بیست و شەشەم

## هەڵەی باو دەربارەی گون شۆڕیی

بیروباوەڕێکی پڕ هەڵەی زۆر هەیە لە بابەت نەخۆشیی گون شۆڕییەوە ئەمەیش بەزۆریی باوە لەناو هەموو نەخۆشییەکدا کە زۆر ڕوودات لەبەرئەوە هۆیەکانی پەیدابوونی و چارەکردنی و ماوەی زیانەکانی، بیروباوەڕێکی زۆر جۆی جۆییان لەسەر هەیە بەشی هەرە گەورەی ئەم باوەڕانەیش، ئەگەر نەڵێین هەموویان، بووەتە سەرچاوەیەکی گەورەی خراپەکاریی چونکە هەڵە و ناشێتی هیچیان لێ پەیدانابێ ئازار و زیان نەبێ، هەرچی هەناسە ساردیی و سەرگەردانییەکیش کە دێن بەسەر مرۆڤایەتیدا لەو دوانەوە پەیدا ئەبن.

باوەڕی هەڵەی یەکەم ئەوەیە: کە پێویستە گونی چەپ لە گونی ڕاست شۆڕتربێ توورەکەی گونیش کە شۆڕبووەوە، پێویست نییە بەڵگەبێ بۆ ئەوەی کزیی و لاوازیی پەیدابووە لە ئەندامەکانی سک و زادا چونکە ئەوە لەناو زۆرکەس لە پیاواندا وایە.

ئەم قسانە هەموویان هەڵەن چونکە پیاوێکی لەش خۆشی تەندروست، توورەکەکەی گونی بریتییە لە گلۆڵەیەکی تونگوتۆڵ، لە شۆڕبوونەوە وە زۆر دوورە، لە هەموو شلوشێواوییەکی ماسولکەکانەوە زۆر دوورە هۆی ئەوەیش کە توورەکەی گون لەو شێوە ناسروشتییەدا دەرئەکەوێ، لەمەپێش پێشانمان دایت چونکە توورەکەی گون بەچەند کشتەکێکی بەهێزەوە نووساوە، بەهۆی ئەو ماسوولکانەیشەوە کە پێوەی نووساون، ئەو فرمانە ئەبینێ کە سروشت بۆی داناوە، بەمەرجێ شۆڕنەبووبێتەوە. هەرجارێک بەرێ کەوت، چاوت بەپەیکەرێکی کەلەپووریی وا کەوت کە هی پیاوێکی ڕووت بێ، یاخود وێنەیەکی ڕاستەقینەی پەیکەرێکی ناسراوبێ کە لە هونەرمەندێکی یۆنانییەوە وەرگیرابێ، خەریکی پشکنینی بە، خەریکی سەرنج لێدانی بە. چونکە ئەو خاکە، سەردەمێک دایکی هونەربوو، کە گەیشتبووە سەرەپۆپەی جوانی و تەواویی لەبەرئەوە بەرهەمی پەیکەر تاشەکانی ئەم نەتەوەیە، تا ئەمڕۆژەیش نموونەی هونەری ڕاستەقینەن جا ئەم تەواوییەیش وەنەبێ هەر لەبەر چاوی هونەرمەنددا وابێ لەبەر چاوی زانای زانستی لەش لێک دانەوە[1] و زانای زانستی فرمانەکانی ئەندامانی لەشیشدا هەروایە[2].

(١) توێکاری (التشريح).

(٢) علم وضائف الأعضاء.



ئایا لە هیچ پەیکەرێک لەم پەیکەرانەدا، توورەکەی گون ئەبینی شۆڕبووبێتەوە؟.

بێ گومان نابینی بەپێچەوانەی ئەوە گونەکان بەهێز و هەڕەت و تونگوتۆڵییەوە ئەبینین کە شێوەیان لەگەڵ تەواویی لەشەکەدا ڕێک ئەکەوێ.

بەکورتی گونی شۆڕ، بەڵگەیەکی ڕاستەقینەیە، کە ماسولکەکانی ڕەگەزبازیی کزولاوازبوون هەروەها بەڵگەی ئەوەیشە کە نەخۆشیی گون شۆڕیی پەیدابووە، سا لە پلەیەکی پێشکەوتوو دابێ، یان لە پلەیەکی سەرەتاییدا بەکورتی ئەم قسانەمان ئەمەندە ئاشکران، کە ئەگەر لەوە زۆرتر ڕوونیان بکەینەوە، توخنی زیرەکی خوێندەوار ئەکەوین هەڵەیەکی تریش هەیە لە بابەت نەخۆشیی گون شۆڕییەوە: کە گوایە (بێ نرخە). هەر پیاوێک لەکاتی توندوتیژییەکەیدا ئازاری ئەم نەخۆشییەی چێشتبێ، ئەم قسەیە ناکات چونکە هەر کەسێک، دەردی نەشتەرکاریی نەچێشتبێ بەجێ برینی لەشی کەسانی تر پێ ئەکەنێ، نەخۆشیی گون شۆڕی (بێ نرخ)نییە، گرنگە هەرچەندە لە هەندێ کاتدا نرخەکەی بەسستی دەرئەکەوێ نەخۆشییەکە وایە، بەرەبەرە تین ئەسێنێ و تەشەنە ئەکات ئەو لەو نەخۆشییانە نییە کە زوو بەزوو بگاتە ئەوپەڕی خراپەی خۆی و پاش ئەوە گورج و گۆڵانە چاک ببێتەوە وەک گرانەتاو ئاوڵە هۆی درێژەکێشانی ئەم نەخۆشییەیش و مانەوەی ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی تووشی دێ، کەم تەرخەمیی لەگەڵدا ئەکەن و خراپ دەست بۆ چاک کردنەوەی ئەبەن جا هەتا نەخۆشەکە وای لێ نەیەت، لە ئەنجامی ئەرک و ئازاری ئەم کەم تەرخەمییەی خۆی تێ بگات، واز ناهێنێت لە لنگ بازیی یاخود لە دەست پەڕەکانی خۆی، بەخۆشی کاتی خۆی بەوانەوە بەسەر ئەبات کاتێ بەخۆی ئەزانێ، نەخۆشیی گون شۆڕیی کاری خۆی کردووە لە گونەکان و لە کەڵکی خستوون، خۆیشی نیوە پیاوێکی ماوەتەوە.

ئەو باوەڕەیش کە هەیە لە بابەت تاقانە چارەی گون شۆڕییەوە، بەهۆی نەشتەرکارییەوە، لە مێشکی ژمارەیەکی زۆر لە بۆرە پیاواندا هەیە، هەروەها لە مێشکی بەشی هەرە گەورەی پزیشکەکاندا هەیە.

نووسەری ئەم نووسراوە، هەندێک لەمەوپێش، گفتوگۆی لەگەڵ پزیشکێکدا کرد، لەبەردەم دوو یارمەتی دەری خۆیدا- کە تازە نەشتەرکارییەکی لاوێکیان کردبوو کە لە هەموو ڕوویەکەوە تەندروست دەرئەکەوت نووسەر لە پزیشکەکەی پرسی: (بۆچ بەهۆی چارەکردنێکی ترەوە، خەریک نەبوویت ئەم نەخۆشیی گون شۆڕییە چاک بکەیتەوە؟)

پزیشکەکە گوتی: (چونکە چارەیەکی تر نییە؟)

نووسەریش بەرپەرچی دایەوە گوتی: (من وا ئەزانم، ئەی پزیشک، ڕێگای تریش هەیە ؟)

پزیشکی زانای لووت بەرزیش پێکەنی و وەرامی دایەوە گوتی:

(گەورەی خۆشەویستم لەم پیشەیەما گەلێک سالّم ڕابواردووە، من لە فرمانی خۆمدا شارەزام چونکە گون شۆڕیی لە هەر پلەیەک دابێ- بەبێ نەشتەرکاریی چاک ناکرێتەوە).

پاش ئەوە، نەیویست لەم بابەتەوە، ئیتر قسە بکات لەبەشی داهاتوودا، نەشتەرکارییەکەت بۆ ئەگێڕینەوە کە چۆن ئەکرێ بەڵام ئەگەر پزیشکەکانمان وا دووربن لە تێگەیشتنەوە، ئیتربۆچ گلەیی لە بۆرە پیاو بکەین کە باوەڕ بەم هەڵەیە بکات.

نەخۆشیی گون شۆڕیی، چ لەوەپێش، چ ئێستا، چ لەمەوپاش ئەتوانرێ بەهۆی تەنیا هەندێ جاری زۆرکەم نەبێ... ئەوانەیش ئەو بارانەن کە زۆر کۆن بوون منیش، لەمەدا وەنەبێ خۆپەسەندیم و شێرگیربم لەسەر قسەی خۆم چونکە هەندێ جاری وا هەیە، هەندێ باری وا هەیە، نەخۆشییەکە پێویستی بەنەشتەرکاریی هەیە بەڵام باری گەلێک زۆرتر هەیە لەوە کە نەشتەرکاریی، بەکارێکی زیان بەخش و بە(وەی) دائەنرێ هیچ پێویستییەک بەو نییە پێویستی، کاتێک بەو ئەبێ کە لە هەموو چارەکردنێکی تر وەڕس بوبین.

باوەڕێکی باوی تریش هەیە، کە زۆر بڵاوبۆتەوە ئەویش ئەوەتا کە لەگەڵ پیرییدا، ئەبێ گون شۆڕیی پەیدابێ یاخود بەلای کەمەوە کزییەکی ئاشکرا لە هێزەکانی ناو ماسولکەکانی توورەکەی گوندا پەیدابێ لە ڕاستیدا هیچ لەوەدا گومان نییە، کە تەندروستیی ڕەگەزبازیی پێویستە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بڕوات بەڕێوە.

ئەمەیش ڕەنگە ڕووبدات، کە ئەگەر مرۆڤ لە تەمەندا زۆرپێشکەوت، بەجۆرێکی تێکڕایی هەموو ئەندامەکانی لەشی کزببێ.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تووشی چەند نەخۆشییەکی دیاردیی کراوببێ، بەهۆی پیرییەوە، وەک نەخۆشیی گون شۆڕیی پێویستە ئەوەیش بزانیت کە زۆرجاری وا هەبووە، بەهۆی پزیشکایەتییەوە چارەی ئەم نەخۆشییە کراوە، بەڵام توورەکەکەی گون جێی خۆی نەگرتۆتەوە، هەر وەک خۆی بەشۆڕیی ماوەتەوە ئەمەیش یەکێکە لە باوەڕە هەڵەکان کە دەربارەی ئەم نەخۆشییە هەن جا ئەم شێوەی دەرەوەیە، کەوا ئەخاتە مێشکی مرۆڤەوە، نەخۆشییەکە هێشتاماوە، نەخۆشەکە ئەخاتە پەژارە و گلاراوییەکی واوە کە هەمووکات و هێزی دەمارە مێشکییەکانی خۆی لەوەدا بەخت بکات کە بیر لەو سەرگەردانییە بکاتەوە



لەگەڵ ئەوەیشا کە پێویستە بڕیار بدەین، کە تا ئەندازەیەکی گەورە، وا چاکترە، توورەکەی گون جێی خۆی بگرێتەوە، وەک کاتی تەندروستیی نەخۆشەکە بەڵام گەلێک جاری وا هەیە، نەخۆشییەکە کەم تەرخەمییەکی زۆری لەگەڵدا کراوە، لەبەرئەوە توورەکەی گونەکە ناچێتەوە سەر دۆخی جاران لەگەڵ ئەمەیشا ئەمە بارێکی وانییە کە پیاو زۆر بۆی بکەوێتە پەژارەوە. چونکە، دوورنییە مرۆڤەکە لەپاش چاک بوونەوەی لە نەخۆشیی گون شۆڕیی، وای لێ هاتبێتەوە کە هێزێکی ڕەگەزبازیی سروشتیی بۆ پەیدا بووبێتەوە. لەگەڵ ئەویەشا توورەکەی گونەکەی تونگ و تۆڵ نەبووبێتەوە، هەر وەک کاتی نەخۆشییەکەی بەشۆڕیی مابێتەوە. کاتێ کە ئەو نەخۆشییانە ڕوو ئەدەن، کە لەمەوپێش لێیان دواین و- کە بێ گومان هۆیەکانیان هەڵەکانی پێشوون- گۆشتەکانیش بەرە بەرە چاک بووبنەوە، ئێمە ئامۆژگاریمان وایە کە پەیڕەویی ئەو چارە کردنانە بکرێت کە لێرەدا پێشان دراون، وەک نیوە خۆشتن بەئاوی سارد و ئاوی تر... هەروەها ئەو جوولەی لە شانە بکرێن کە بەکەڵکی چاک بوونەوەی توورەکەی گون دێن. کە سبگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی خۆی جا ئەگەر ئەم چارەیە، هەتا دوسێ مانگ درێژەی پێ دراو هیچ چاک بوونەوەیەک لە شێوەی توورەکەی گوندا پەیدانەبوو، لەوەیش دڵنیابووین کە لەشت خۆشە و تەندروستییەکی تەواویشت هەیە، چ لە ڕووی ڕەگەزبازییەوە، چ لە ڕووی گشتییەوە ئەوا ئیتر پێویست بەوە ناکات کە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بیت. هەرچی چاک بوونەوەیە، پێک هاتووە بەڵام سروشت نەیهێشتووە توورەکەی گون بگاتەوە سەر شێوەی یەکەمی خۆی کەوای لێهات پێویستە لە ژیانتا بەمەندە وازبهێنیت کە تەندروستیی گشتیت لە جێی خۆی دابێ، بەڵام لە ڕووی شێوەوە جۆرە کەموکووڕییەکت هەبێ.

ئەوەیش دیارە کە لەسەر ئەوە بڕیار ئەدەین، هەڵەکانی کۆنت، ئەبێ زۆر گەورەبووبن، کە وا توانیوتانە گیروگرفتی وەها دروست بکەن هەروەها لەوەیشدا گومانمان نەماوە، کە بەهۆی ئەو هەڵە گەورانەوە، بەشێکی زۆری زیندوێتیی خۆتت لەدەست چووە. بەڵام ئەوانە هەموو تێپەڕین شتێکی وایش کە چاک کردنەوەی لە توانادا نەبێ، نابێ خەفەتی لێ بخورێ چونکە (گریان لەسەر دۆی ڕژاو) کەڵک ناگرێ.

بێجگە لەوانەی ناومان بردن، گەلێک هەڵەی باوی تریش هەن لە بابەت نەخۆشیی گون شۆڕییەوە، ئەتوانین بیانژمێرین.

بەڵام ئەوەندەی ناومان بردن بەسن بۆ ئەمەی کە ببنە بەڵگە کە هۆی پەیدابوونی هەموو هەڵەکان ناشێتی و نەزانییە، ئەنجامەکانیشیان یەجگار خراپن.

## بەشی بیست و حەوتەم

### کشانی دەمارە خوێنییەکانی ناو توورەکەی گون و پەتی ئاو هاتنەوە

لەبەرئەمەی ئەم ڕووداوە لەوەوە پەیدا ئەبێ کە خوێن گەڕان لەناو دەمارە خوێنییەکانی ناو گوندا بوەستێ، گێڕانەوەی ئەم گەڕانی خوێنە بۆ سەر دۆخی جارانی و ڕێکوپێک خستنی، ئەبێتە هۆی چاک بوونەوەی ئەم نەخۆشییانە.

ئەمەیش دیارە کە ئەمە هەرگیز جێبەجێ نابێ، تەنیا لە ڕێگای سروشتەوە نەبێ مەرج وایە کە ئەم ڕێگا سروشتییانە زۆر بەوردی و ڕێکو پێکییەوە بەکاربهێنرێن درێژە پێدانیش لەسەر پەیڕەوی کردن، هۆیەکی گرنگە لە چاکبوونەوەدا لە ڕێگای سروشتەوە جا هەر نەخۆشییەک بەم جۆرە ڕێگا سروشتییانە چارەی نەکرێ و چاک نەبێتەوە ئەوەمان تێ ئەگەیێنێ کە نەخۆشەکە، ئەبێ، پەلەی کردبێ لە خواستی چاک بوونەوەکەیدا یاخود ئەبێ کەم تەرخەمیی کردبێ لەپەیڕەوی کردنی ئەو دەستوورانەدا کە ئەبنە هۆی چاک کردنەوەی نەخۆشییەکەی سروشتیش پەلەپەل کردن و کەم تەرخەمی بەبیانوو دانانێ ئەو لە هەمموومان تەندروستی و هێزی ئەوێ بەڵام هەرکەسێ لەو ڕێگایە لابدات کە سروشت بۆی داناوین لەسەری بڕۆین، ئەنجامی هەر بەنەخۆشی و کزیی و لاوازیی ئەگات.

کەواتە ئێمە ئەتوانین لەم نەخۆشییە، خۆمان ڕزگار بکەین، لە ڕێگای سروشتەوە، وەک: وەرزش و شێوەی ئەو خورشت خواردنەی کە لەم نووسراوەدا پێشان دراون. هەرچەندە زۆربەی پزیشکەکان ئەم جۆرە ڕێگایانەیان لاپەسەندنییە، بەڵام بەقسەی ئەوان گرنگی و بایەخی ئەم ڕێگایانە کەم ناکات چونکە بەتەنیا، هەر ئەو ڕێگایانەن، کە خواروخێچی لەشی مرۆڤ ڕاست بکەنەوە بێجگەلەوە، ئەو چارەیەی پزیشک ئەیکات، بەخۆڕایی ئازارێکی زۆری نەخۆشەکە ئەدات چونکە نەشتەرکارییەکەی پزیشکەکان کە بۆ ئەم نەخۆشەی ئەکەن، بریتییە لە توورەکەی گون هەڵدێرن تا دەماری گون دەرئەکەوێ پاش ئەوە بەکشتەکێک کە لە ڕیخۆڵەی پشیلە دروست کراوە بەشی سەرووی ئەو دەمارە دەرکەوتووە ئەپێچرێتەوە بەڵام ئەنجامی ئەم نەشتەرکارییە خراپ دەرئەچێت چونکە لە بەشی خوارووی دەمارەکەوە گڤەکردنی خوێن وردە وردە کزئەبێ بەواتایەکی تر گونەکە وای لێ دێ کەڵکی نامێنێ چونکە هیچ ئەندامێک لە لەشدا بەزیندوو و تەواو دانانرێ تا لەشێوەی خۆیدا خوێنی پیا هاتووچۆ نەکات ئەم نەشتەرکارییەیش شەش حەفتەی تەواو یان زۆرتری پێ ئەچێ پزیشکەکان، خۆیشیان پێی لێ ئەنێن، کە ئەم نەشتەرکارییە، لە نەشتەرکارییە



هەرە سامناکەکانە بێجگە لەوە، بەهۆی کزیی گونی لای چەپەوە، هەموو ئەرک و فرمانەکان ئەکەونە سەرشانی گونی لای ڕاست، کە ئەبێ دوو ئەوەندەی فرمانی خۆی کاربکات لە هەندێ جاریشدا، پزیشکەکان هەندێک لە توورەکەی گون ئەبڕن و فڕێی ئەدەن.

تەندروستی تەواویش، گەڕانی خوێن گورج ئەکاتەوە کە ئەم گەڕانی خوێنەیش تەواوبوو، کشانی دەمارە خوێنییەکان لەخۆیەوە نامێنێ ئیتر ئەوساکەیش پێویست بەنەشتەرکاریی ناکات ئەوی پێویست بێ بۆ گورج کردنەوەی گەڕانی خوێن و گێڕانەوەی بۆ سەر دۆخی جاران لەپێش نەخۆشییەکەدا، بریتییە لە خۆرشتێکی دروست و پێ کەوتوو و، بای پاک و، وەرزش و، خۆشتن ئەم شتانە هەموو، لە تاقیکردنەوەدا دەرکەوتوون کە بەکاردێن و یەجگار بەکەڵکن هەر کەسێ ئەم ڕێگا سروشتییانە بەکاربهێنێت لە چاک کردنەوەی نەخۆشییەکەیدا، بێ گومان زۆری پێ ناچێت ئەنجامی خۆشی دەست ئەکەوێت و لەو کەڵکانەی پێی ئەگەن ئاگادارمان ئەکات بەواتایەکی تر، ئەبێ هەر نەخۆشێک دەمارە خوێنییەکانی توورەکەی گونی کشابن، باوەڕی تەواو بکات بەو شێوەی چاک کردنەوەیەی کە لە مەودوا پێشانی ئەدەین، هەروەها ئەبێ زۆر بەوردیی و خەمخۆرییەوە بەکاری بهێنێ.

ئەمە دیارە ئەبێ لەپێش هەموو شتێکا، لە لنگ بازیی و پەیوەندییەکانی ڕەگەزبازیی خۆی دووربخاتەوە تەنانەت کە چاکیش بووەوە، پێویستە تا ماوەیەکی درێژ مام ناوەندییانە بجووڵێتەوە لە بابەت کاروباری ڕەگەزبازییەوە نەوەک نەخۆشییەکەی بۆ بگەڕێتەوە.

وا هەڵ ئەگرێ کە باش بیزانێت: ئەم نەخۆشییە لە وەستانی خوێنەوە پەیدا ئەبێ لەو جێگایانەدا کە نەخۆش کەوتوون.

کەواتە چاک کردنەوەکەی بەوە ئەبێ، گۆشتەکان بەهێزبکرێن و گەڕانی خوێنیش وەک پێشووی لێ بێتەوە ئەمەیش ئاشکرایە کە هەر چاک کردنەوەیەکی تر لەم ڕێگەیە لابدات سەرناگرێ و نەخۆشەکە چاک نابێتەوە.

گەڕانی خوێنیش، زۆرتر بەهۆی ئاوی ساردەوە، گورج ئەبێتەوە ئێمەیش زۆر بەتەنگ بەکارهێنانی ئەم ئاوەوەین، بۆ ئەمەی نەخۆشەکە چاک ببێتەوە نیوە خۆشتن مەبەسی ئێمە پێک ئەهێنێ کە ڕانەکانی لەناو ئاوی ساردداین، هیچی تری پێ ناوێ بەڵام ماوەی

مانەوەت لەم جۆرە خۆشتنەدا، بەدەست بەرگەگرتنی خۆتە ئەبێ سەرنج لەوە بدرێ: هەتا ئاوسانی دەمارە خوێنییەکان زۆرتربێ، پێویستە زۆرتر لەناو ئاوە ساردەکەدا بمێنێتەوە.

بەڵام کە نزیک بوویتەوە لە چاکبوونەوە، دانیشتنت لەناو ئاوە ساردەکەدا، وردیلەیەک یان دوو وردیلە بەسە. پاش ئەوە تاوێک بەناو ژوورەکەدا ئەگەڕێیت و ئەچیتەوە ناو ئاوە ساردەکە بۆ ماوەی وردیلەیەک پاش ئەمە بۆت دەرئەکەوێ کە گەڕانی خوێنەکە تا ئەندازەیەکی زۆر گەورە وریا بۆتەوە چونکە ئاوی سارد پێستی لەش وریا ئەکاتەوە ئەمەیش وا لە دەمارە خوێنییەکان ئەکات کە خوێن فڕێ بدەنە ناو لەشەوە، ئەویش هێز و گوڕی تێ ئەکەوێ و وریایش ئەبێتەوە، ئیتر هەموو ئەندامەکانی ئەکەونەوە گەڕ و فرمانی خۆیان بەتەواوەتی بەجێ ئەهێنن.

پلەی ساردیی ئاوەکەیش ئەبێ بەپێی بەرگەگرتنی لەشت بێ و بەکاری چاک کردنەوەی نەخۆشییەکەیشت بێ.

وەرزش کردنیش، پێویست و بەکەڵکە چونکە هۆی هەرە گەورەی ئەم نەخۆشییە، لاوازیی لەش و کەم هێزییەتی وەرزشیش بێجگە لەوەی کە هێز و زیندوێتی بۆلەش ئەگێڕێتەوە، هەروەها یارمەتیی ئەوەیش ئەدات، کە گەڕانی خوێن، لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا پێک بێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە نەخۆش کەوتوون.

بەتەنشت ئەو مەشقانەوە کە لەبەشی سی و دووەمدا ناومان بردوون، هەندێ مەشقی تریشمان پێشان داوە کە تایبەتییە بۆ چاک کردنەوەی ئەم نەخۆشییەی قسەی لێوە ئەکەین جا ئەم وەرزشە تایبەتییانە، لەسەر نەخۆشە کە پێویستە بیانکات، چونکە بەجۆرێکی تایبەتی لە شوێنە نەخۆشەکەدا، بەجۆرێکی گشتیش لە دراوسێکانی ئەو شوێنە نەخۆشەدا خوێنەکە بەگوڕجی ئەخەنە گەڕ.

گەڕانی درێژیش لەناو بای بەرەڵڵادا، لەگەڵ هەناسەدانی قووڵدا، لە باریاندا هەیە کە چاکبوونەوەی نەخۆشەکە نزیکتر بخەنەوە پێویستە نەخۆشەکە، دووبارە بەشی تایبەتیی گەڕان و بایەخی گەڕان بخوێنێتەوە.

خواردەمەنیش، لەوانەی پێشوو گرنگتر نەبێ، کەمتر نییە.

چونکە خواردنی ناتەواویش لەوانەیە کە ئەم نەخۆشییە پەیدا بکات.

لەبەرئەوە پێویستە خەمی کەمو زۆریی خۆرشت و جۆری خۆرشت بخورێ پڕکردنی زگ لە خواردەمەنی یەجگار زیان بەخشە بۆ لەش، لەبەرئەوە پێویستە نەخۆشەکە دەمودەست خۆی



لێ دووربخاتەوە لە جیاتی ئەوە پێویستە نەخۆشەکە، پەیڕەویی نان خواردنی دووژەمە بکات لە ڕۆژێکدا ئەگینا ئەگەر سێ ژەم نان بخوات لە ڕۆژێکا، پێویستە لە چەندێتیی خۆرشتەکان کەم بکاتەوە بەڵام وەک سەرنج دراوە خواردنی ڕۆژانەی دوو ژەمە، چاکتر ئەبێ بۆ نەخۆشەکە، زووتریش چاک ئەبێتەوە چونکە ورگ ئەبێ وچان بدات، ئەوەیش کە ئەکرێتە ناوی بەدروستی بیجۆشێنێ و بیسازێنێ، تا خورشتەکە لە شێوەیەکی باش و دروستدا ئەبێت بەخوێنێکی گەشی پاکی بەکەڵک ئەو پەڕەوییە ڕۆژانەیەیش کە ئامۆژگاری نەخۆشەکە ئەکەین پەیڕەوی بکات ئەمەیە:

کە لە خەو ڕاپەڕین، دەمودەست دەست بکە بەوورزشی ڕۆژانەی پێویست، وەک لە بەشی سی و دووەمدا پێشان دراوە.

بەڵام پێش ئەمەی ئەم وەرزشانە بکەیت، وا چاکترە دەست بکەیت بەو وەرزشە تایبەتییانەی کە لە دوایی ئەم بەشەوە ناوبراون هەروەها ئەم وەرزشە تایبەتییە ئەبێ لەدوای وەرزشەکانی تریشەوە بکرێتەوە.

دەست بکە بەمەشقەکانت تا هەست بەماندوێتییەک ئەکەیت لە لەشتا پاش ئەوە دەست بکە بەلەش سوونەوەی خۆت، بە پەشتەماڵێکی زبر. بەتایبەتی لە بەشەکانی ژووروی ڕانەکان و هەردوو پێدا دوای ئەوە نیوەی لەشت بخەرە ناو ئاوی ساردەوە، بەو مەرجەی پەیڕەویی ئامۆژگارییەکانی پێشوومان بکەیت کە لە چوونە ناو ئاوەکە بوویتەوە، باش لەشی خۆت وشک بکەرەوە ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە مەشق کردنەکەت ئەبێ لەناو بای بەرەڵڵا و پاک دابێ هەناسەکانیشت، تا پێت ئەکرێ درێژبن.

ئەگەر زانیت، گرانە بۆت کە واز لە ژەمی ناشتا بهێنیت، بایەخی نییە، ئەتوانیت هەندێ میوە بخۆیت.

بەڵام ئەگەر ناشتانەکەیت بەهیچەوە، بۆ نەخۆشییەکەت یەجگار باشترە یەکەم ژەمی ڕۆژانەکەت لەکاتی یانزەمی بەیانی، یاخود لە دوانزەمی نیوەڕۆدا بخۆ لەکاتی نان خواردندا هەرگیز ئاو مەخۆرەوە بەڵام لەناوەند ژەمەکاندا چەند ئاو بخۆیتەوە و پێت بخورێتەوە باشە خواردنەکە باش بجوو، تا لەناو دەمتا ئەبێ بەئاو، ئنجا قووتی بدە بەتەواوەتی خۆت دووربخەرەوە لە خواردنی کولیچە و گۆشت و بەهارات بەڵام ژەمی دووەم لەکاتی پێنجەم یاخود شەشەمی ئێوارەدا بخۆ تا سێ چوار کاتێک بەسەر ئەم ژەمەدا تێ نەپەڕێ مەچۆرە جێگاوە بۆ نوستن ئاگات لێ بێ کە ژەمی دووەم لە ژەمی یەکەم سووکتر بێ گەڕانی درێژیش لە ڕۆژدا زۆر بەکەڵکە بەتایبەتی ئەگەر هەناسەدانی قووڵیشی

لەگەڵدابێ. بەڵام ئەگەر فرمانەکەت ماوەت ناداتێ ئەم گەڕانە بکەیت، هەر هیچ نەبێ چەند مەشقێک بکە لەسەر هەناسەدانی قووڵ.

خۆت زۆر ماندوو مەکە لە کاروفرماندا ماوەیش مەدە بەخۆت کە لەشتی هیچوپووچیش بترسیت و دابچڵەکێیت.

پێش ئەمەی بچیتە پێخەفەکەتەوە بنوویت، لەبیرت نەچێ کە ئەو مەشقانەی بەیانی کردووتە، دووبارە بیکەیتەوە، لەپاش ئەوە نیوەی لەشیشت بخەیتەوە ناو ئاوی سارد، ئاگات لەخۆت بێ، ئەمجارە لەش سوونەوەی ناوێ لە جیاتیی لەش سوونەوە بە پەشتەماڵێکی وشک باش خۆت وشک بکەرەوە هەروەها پێویستە هەر حەفتەی جارێ دووجار بەئاوی گەرم خۆت بشۆیت، لەدوای ئەو وەرزشانەوە کە پێشانمان دان.

لەوە دوا بۆت دەرئەکەوێ، کە دەمارە خوێنییەکان وریا بوونەوە و بەگورجی فرمانی خۆیان ڕائەپەڕێنن ئەو ئازارەیش کە هەت بوو، لاچووە، نەماوە ئەم ڕێگایانەی پێشانمان دان لە باریاندا هەیە، گەڕانی خوێن گورج بکەنەوە لەناو گۆشتەکانی لەشدا هەروەها ئەم خوێنەیش ئەوەندە پاک بکەنەوە، کە لەش لە هەموو دەرد و نەخۆشییەک ڕزگاری ببێ.

ئەم نەخۆشییە هەندێ باری خراپی وایشی هەیە، کە پێویستە ئەو پێچانەوەیەی تیا بەکار بهێنرێ کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ناومان برد بەڵام ئەو گشتەکەی کە بەشی سەرووی دەمارەکەی پێ بەستراوە، نابێ زۆر بمێنێتەوە چونکە نەرمە گۆشتەکان، تا بەم گشتەکەوە بەسترابنەوە، هێزناگرنەوە و فرمانی خۆیشیان بە باشی پێ نابینرێ ئەبێ ئەوەیشمان لەبیرنەچێت، کە لابردنی ئەم گشتەکە ئەبێ بەشێنەیی بێ.

مەشقی تایبەتی

١- ڕەپ بەپێوە ڕاوەستە پاش ئەوە هەردوو ئەژنۆکانت بنوشتێنەرەوە، وەک خۆت ئامادە بکەیت بۆ بازدان تاوێک بەم چەشنە بمێنەرەوە پاش ئەوە هەردوو دەستت بخەرە سەر زەویی و پێیەکانت ببەرە دواوە.

٢- لەسەر ئەم بارەی دوایی بمێنەرەوە (هەردوو دەستت لەسەر زەوی بێ و لاقەکانت لە دواوە بن) تا ماوەیەک چەند جارێک ناوەڕاستی لەشت ببەرە سەرەوە و بیهێنەرە خوارەوە.

پاش ئەوە بازدێک بدە و وەک پێشووی خۆت بەپێوە بوەستێنەرەوە تا هەست بەماندوێتی ئەکەیت لە لەشتا، ئەم مەشقە دووبارە بکەرە.



## بەشی بیست و هەشتەم

### ڕەگەز پەرستی

کاتێ کە پیاو ئەبێتە بەندەی ئارەزووی ڕەگەزبازیی خۆی، پەیوەندیی خۆی بەوەوە وا دێتە پێش چاو کە لە پۆلایش قایمترە هەر شتێک بەئەندێشەیدا بڕوات، هەر بیرێک بێتە مێشکیەوە، هەر جووڵەیەک لە لەشیا پەیدا ببێ، ئەو پەیوەندییە بەهێزە فەرمانڕەوایە بەسەریا، بۆ هەر کوێیەک بیەوێ ئاراستەی ئەکات ئەگەر بیەوێ لەجێی خۆیدا بمێنێتەوە، خۆی ئەدا بەدەستییەوە و لە جێی خۆیدا ئەمێنێتەوە ژێر دەستی و خۆ بەدەستەوە دانەکەی، بۆ ئارەزووی ڕەگەزبازیی، ئەگاتە پلەی هەرە خوارو، کە ئەمەیش ڕەگەز پەرستییە ڕیسواکەی پاڵی پێوە ئەنێ وا بکات.

جا ئەگەر، پیاوەکە لە باری خۆی تێ گەیشت، ئەگەر بتوانێ تێی بگات، هیچ کەڵکێک وەرنارگرێ لە بیرکردنەوەکەی خۆی لە بابەت کاروبارێکەوە، کە بەئارەزووی دڵی خۆی، خۆی پێشکەشی کردووە و ئەویش بەهەموو ڕاست و ڕەوانی و دڵڕەقییەکەوە فەرمانڕەوایی بەسەردا ئەکات.

ئەو کەسەی خووەکانی سەرخۆشی و جگەرەکێشان و بەنگ کێشان سواری بووبن، لەبەر دەمیا هیچ شتێک نییە زۆرانبازیی لەگەڵ بکات ئەو بابەتە کاریگەرانە نەبێت کە لە دەرەوەدان جا ئەگەر بتوانێ خۆی دووربخاتەوە لەم بابەتە کاریگەرانە، یان ئەوانە خۆیان لێ دووربخستەوە، ئەوا ڕزگاربوونی لەو خووانە ئاسانە. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بەئالۆش و خرۆشەوە هەیە، کارێکی تەواو جیاوازە چونکە ئەو ئالۆش و خرۆشە لە لەشی خۆیدا هەڵ ئەقوڵێ و، لەناو کەسایەتیی خۆیدا ئەژی هەرگیز لێی جیانابێتەوە، پێوەی ئەمێنێتەوە، تا ئەمرێ، ئەویش شتێکە وەک برسێتی و تینوێتی وایە.

(ئالۆش)یش وەک گژوگیایەکی پڕوپووچی (کردەوە) وایە، بەوخورشتە ئەژی کە خۆت ئەیدەیتێ گەنگە خۆرە[1] لەسەر ئەرکی لەش ئەژی، هەتا ئەو لەشە لەناو نەبات کە داڵڵای داوە[2]، واز ناهێنێ.

هەندێ بەدخوویی تریش هەن، وا دەرئەکەوێ، کە هەر لایەکی ژیانی مرۆڤەکە گلاو

---

(١) گەنگە خۆرە: مشەخۆرە (طُفَيْلي).

(٢)ڕاستتر: داڵڵەی داوە.

ئەکەن. بەڵام لایەکانی تری ژیانی مرۆڤەکە بەپاکی ئەمێننەوە، یاخود نزیک بەپاکی ئەمێننەوە، قومارکەرەکان، بەوێنە ئەهێنینەوە: ئەمانە سروشتیان وایە دەست بڵاون، بەخشندەن، دڵسۆزن بۆ دۆستەکانی خۆیان هەروەها دز و ڕێگر و تەڵەکەباز و ئەوانەیش کە لە دانگی ئەواندان، بەزۆریی، خاوەن نیشتمانێکی چاکن لە ڕووەکانی تری ژیانیانەوە هەروەها سەربازەکان و زرێوانەکانیش، هەرچەندە جاری وا هەیە ڕەگەزبازیی پڕ هەڵە و پیس ئەکەن، بەڵام ئازایەتی و نیشتمانپەروەرییان وەک خۆیان ئەمێننەوە، هیچیان لێ نایەت.

بەڵام وا دەرئەکەوێ، هەر کەسێ بووبێتە بەندە و دیلی ئاڵۆشی خۆی، هەموو گەردێکی سروشتی کردەوەی، بەو ژەهرە گڵاو ئەبێ کە لەو ئاڵۆشە زاڵەوە پەیدابووە کە ئەبینێ: لەوپەڕی خۆ پەرستیدایە چونکە بۆیەکا ئەژی کە ئارەزوواتی خۆی دامرکێنێتەوە هەروەها، بە پیاوێکی دەروون مردووت دێتە پێش چاو چونکە پیاوی ژنانی، هەمووددەم ئامادەیە، کوڕی خۆی، برای خۆی، ژنی دۆستی هەرە خۆشەویستی خۆی، بۆ دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی خۆی لەناوببات جا ئەم کردەوەیەی چۆن بێ لەهەموو ڕوویەکی تری ژیانیشیەوە هەروەها ئەبێ.

ئەو هەموو دەم گومان ئەبات چونکە گومان ئەخاتە سەرخۆی. ترسنۆکیشە چونکە نێچیرەکەی لەوانە ئەبێ کە کزوبێ دەسەڵات بن، یان دڵتەنگ بن و داماوبن لەسەر خۆشی هەرگیز ناتوانێ ژیانێکی پاکژانە بژی، یان بیرکردنەوەیەکی بڵندانە بیر بکاتەوە لەهەر کەسێک کەوت پیسی ئەکات بەلای ئەویشەوە ئافرەت هەریەک کەڵکی هەیە، بەیەک جۆریش بەکارئەهێنرێ کە گەیشتە خۆیشیانەکەی خۆی، نە پەروای لە ڕاستی هەیە، نە لەسەر بەرزیی، نە گوێ ئەداتە ڕەوشت پاکی، نە بایەخ بەرێز لە خۆگرتن ئەدات لەبەرئەوە هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ، کە پیاوە سەر بڵندەکان بەچاوی سووک سەیری بکەن، ئافرەتە ڕووسوورەکانیش بێزی لێ بکەنەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەویشدا، کە ئێمە مافمان هەیە، ئەم جۆرە کەسانە، بەچاوی سووکەوە تەماشا بکەین، بەڵام پێویستیشە لەسەرمان کە بیرلەوە بکەینەوە، ئاخۆ ئەمانە هۆ و بابەتی وا هەیە کە پاڵیان پێوەنابن ئەمەندە سەربەرەو خوار ببنەوە؟!...

لەپێش هەموو شتێکا، لەسەرمان پێویستە، ئەوە بیر خۆمان بخەینەوە کە هۆش کارێکی گەورە ئەکاتە سەر لەش، لەپێش لە دایک بوون دابێ یان لە دوای لە دایک بوون چونکە



توانای پیاو لە بەرەنگارییکردنی ئاڵۆشی خۆیدا، بەجۆرێکی هەموو دەمی، تا ئەندازەیەکی گەورە بەندە بەو جۆرە هۆشەیەوە کە لەباوکی بۆی ماوەتەوە.

ئەوەیش لەلایەن هەموو لایەکەوە بڕیاری لەسەر دراوە، کە مرۆڤی ئاسایی ئەم چەرخە، لەناوچەیەکی وادا لە دایک بووە، کە ئارەزووی ڕەگەزبازیی وا گەشە پێ ئەکات و وای ئەهێنێتە پێشەوە کە لە ئەندازە بەدەربێ ئەو ژن و مێردییانەیش کە لەسەر بنچینەیەکی دروست دائەمەزرێن یەجگار کەم ڕوو ئەدەن لنگ بازیی، لە هەموو ژن و مێردییەکاندا بوەتە دەستور، کەم کەس هەیە وانەبێ، ئەم لنگ بازییە بێ ئەندازەیەیش، نابڕێتەوە بەجۆرێکی تێکڕایی تەنانەت لەکاتی سک پڕبوونی ژنەکەیشدا کە مناڵەکەی ناو سکی لە کاتی دروست بوون و گەشەکردنیایە، چ لە لەش و شێوەدا، چ لە کاریگەریی هۆشدا، کە گەشە ئەکات و لەژیانی دوارۆژیا دەرئەکەوێ ئنجا ئەگەر ئەمەمان خستە پێش چاومان، ئیتر مافی ئەوەمان هەیە کە سەرمان سوڕبمێنێ لەو پێ گەیشتنە زووەی ئارەزووی ڕەگەزبازییە لەناو مناڵاندا؟ بەتەنشت ئەم پێ گەیشتنە زووەیشەوە، ئەو شاردنەوەی کاروباری ڕەگەزبازییە ڕوو ئەدات کە باوک و دایکەکان دەستی پێ ئەکەن لەبەرچاوی مناڵەکانیاندا ئەمانە هەردوولایان ئەبنە هۆی ئەوەی کە کوڕێکی تازە پێگەیشتووی خاوەن بیر، زوو بایەخ بدات بەم کەینەوبەینەی ڕەگەزبازییە، یەجگار لێیشی بکۆڵێتەوە.

بەتەنشت ئەمانەیشەوە، ئەو خورشتە دەمار بزوێنانە هەن کە لە زۆر ماڵاندا ئەخورێن ئەمانەیش کوڕەکە ئەخەنە سەر بایەخدانێکی یەجگار زۆر بەکاروباری ڕەگەزبازیی دوایی ئەو کردەوانەی کە لەپێش لە دایک بوونیا، لە دایک و باوکی خۆی وەرگرتوون وەک لنگ بازیی بێ ئەندازە ئەو ئارەزووەی بەهێزتر ئەکەن زۆری پێ ناچێ خووی نهێنی فێر ئەبێ، کە هێشتا زۆری ئەمێنێ بۆ تەمەنی پێ گەیشتن.

ئەمە باوە لە زۆربەی کاتەکاندا جا بەپێی یاسای بەناوبانگی فرمان بینینی ئەندامەکانی لەش هەر فرمانێکی لەش ئەرکی زۆرتری خرایە سەر، لەلایەن لەشەوە یارمەتی زۆرتر ئەنێررێ بۆ ئەو ئەندامەی ئەو فرمانە ئەبینێ وەک خورشتی بەکەڵک بەڵام ئەم خورشتە زۆرە، لە دەمی ئەندامەکانی تری لەش ئەگێڕرێتەوە بەپێی ئەمە، هەرچەندە، چەندێتیی ئاوی مرۆڤ کە بۆ دەست پەڕکردن پێویستە کەم ناکات، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەبێ لەم دەست بستێنرێ و بدرێ بەو دەست.

جا کە زۆری پێ چوو، دەستی لێ سێنراو وریا ئەبێتەوە، ئیتر لە خورشتی خۆی کەم ناکاتەوە بیدات بە دەستەکەی تر بەواتایەکی تر بەجۆرێکی گشتی لەش تێک ئەچێت.

ئنجا کە کوڕەکە لە بەندو کۆتەی خێزانی ڕزگاری ئەبێ و ئەچێتە ناو ژیانەوە، ئارەزووی ڕەگەزبازییە ناکۆکەکەی و سەرچاوەی ئاوەکەی لەشی، لە جیاتی دەست پەڕ، بەئافرەت خۆیان دائەمرکێننەوە بەڵام ئەنجامی ئەمیش وەک ئەنجامی پێشوو ئەبێ لە هەردوو باردا ئەندازە گیریی و سنووری ناوەڕاست نییە چونکە ئەوکەسەی ڕۆژێک لە ڕۆژان، خووی نهێنیی تووش بووبێ، کەم هەڵ ئەکەوێ بتوانێ بەتەواوەتی واز لە کاری ڕەگەزبازیی بهێنێ دوورنییە تێ بکۆشێ خۆی لە دەست ئەو بەدکارییە ڕزگار بکات کە زاڵ بووە بەسەریا، تاوای لێ دێ بچێ بەگژ بیرکردنەوە لە دەست پەڕ هەروەها دوورنییە کە ئەمەیش کەم ڕووئەدات ناوبەناوێکی دوور بەدوور ئارەزووی خۆی دامرکێنێتەوە، لە شێوەیەکی سروشتیدا بەڵام گەرای ئەو کردەوە کاریگەرانەی کە لەپێش لە دایک بوونیا، تیا چەقیووە، هەروەها ئەو ئالۆشە بەهێزەی کە تافی کوڕێنی هەیەتی، بێ گومان، لەگەڵ ئەو هەموو بەرەنگاریی کردنەیشدا کە ئەیانکات جارێکی تر خۆیان دەرئەخەنەوە.

لەمانەوە کە پێشانماندان دەرئەکەوێ کە تێ کۆشان بۆ شکاندنی بەند و کۆتەی دیلێتیی دەستی ڕەگەزبازیی، لە بوونی خووی نهێنییەوە دەست پێ ئەکات ئەم ئالۆشەیش هەروەک چەند جارێک لەم نووسراوەدا گوتمان تا ئەندازەیەکی گەورە لە ناشێتی و تێ نەگەیشتوویی باوک و دایکەکانەوە پەیدا ئەبێ بەڵام کەس، قسەی ژیرانە، ناچێ بەگوێیا واتا بەفێرکردن و پێ خوێندن فێری ژیریی نابن چونکە ئەو کوڕەی کە باوک و دایکی خۆی بەخەموخەفەتەوە ئەکوژێ، لە دەست بەدخوویی و خۆی و هاودەمی کردنی ئافرەتە داوێن پیسەکان و نوواندنی کردەوەی ناشیرین لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا، ئەو کوڕەی کە هاوڕێکانی خۆی سەرشۆڕ ئەکات، و هەموو جۆرە کەتنێکیش ئەکات کە پەیوەندییان بەو کەتنە گەورەیەوە هەیە، ئەم جۆرە کوڕانە لەناوماندا زۆر هەن هەروەها ئەو جۆرە باوکانەیش زۆرن لەناوماندا، کە ئەیانەوێ بەهەموو جۆرێک چاکە لەگەڵ مناڵەکانی خۆیاندا بکەن تەنیا ئەو چاکەیە نەبێت کە لە هەموویان گرنگ ترە، کە ئەویش کەینەوبەینە و کاروباری ڕەگەزبازییە لەگەڵ فرمانی سەرشانیان و ئۆباڵی ئەستۆیان کاری یەکەمیش بەرهەمی کاری دواییە بەڵام زۆرکەم گوێمان لە دەنگی کەسێک ئەبێ، بەرزببێتەوە و بۆڵە بۆڵێک بکات لەم بارە یاخود مەترسییەک لە ئەنجامی ئەم کردەوەیەی باوکانە پێشان بدات هەتا دێ ڕەوشتەکانی کۆن، فەرمانڕەوا ئەبن، ئاوازەکانی کۆنیش ئەمێننەوە و گەشە ئەکەن.

لە ڕاستیدا لەخۆبایی بوون بەهۆش یاخود بەکەسایەتییەوە، زوو پیاو والێ ئەکات کە بناسرێت لە بەدبەختی ئەو کەسەی کە بووەتە دیلی ئالۆشی ڕەگەزبازیی خۆی، خۆی وا



نایەتە پێش چاو، وەک کەسانی تر ئەیبینن ئەگەر بهاتایە خۆی بدیایە، زۆرتر بیری بەلای ئەوەدا ئەچوو کە ڕێزگرتنی خۆی بۆخۆی، لە دەروونی خۆی، زۆتر چەواشەی ئەکرد چونکە ئەو جۆرە کەسە، چ لەڕووی لەشەوە، چ لە ڕووی کردەوە و ڕەوشتەوە، مرۆڤێکی زۆر نەنگەویست ئەبێ. ئەگەر بهاتایە لەش و کردەوەی خۆی، وەک کەسانی تر ئەیانبینێ، بهاتایە پێش چاوی خۆی، بێگومان تەماشاکردنەکانی خۆی و دیمەنی خۆی ئەگۆڕیی.

لە ڕاستیدا چاو ئەندازی ڕووی، ڕاستیی دەروونی دەرئەخات لەناو چاوەکانیا، ئارەزووکردنێکی ئاگاداربوونی هەموو دەمیی نیاز بەخش هەیە بەزۆریی لەژێر ئەو چاوانەدا خەرمانەیەکی ڕەشی قووڵ هەیە بەڵام لێوەکانی، خوارێکی وان کە بەڵگەن بۆ ئالۆش داریی ڕوویشییان زەرد باوە، یاخود سوور و سپییەکی وایە کە بەڵگەیە بۆ لەش تێکچوویی بەڵام ئەو چرچ و لۆچانەی کە کەوتوونەتە سەر دەموچاوی، هەروەها ئەوانەی کە لەناوچەی لووتەوە دەست پێ ئەکەن تا ئەگەنە ئەم لاو ئەولای دەمەوە چاڵ و قووڵن دیمەنی ئەم جۆرە کەسانە، هەرگیز باش نابێ بەجۆرێکی تێکڕایی، لە ڕۆیشتنا تا ئەندازەیەک هەڵ ئەنگوێ بەرە بەرە ئەژنۆکانی ڕەق و تەقیان لێ دێ لە فرمانیشدا پشتی پێ نابەسترێ بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەبێتە سەرچاوەیەکی دڵتەنگی و وەڕس کردن بۆ کەسانی تر.

تەنیا کاتێک، کە نیشانەی زیندوێتی و خەمخۆریی پێوە دیاربێ، ئەوکاتەیە کە لەگەڵ ئافرەتێکدا کۆئەبێتەوە و بەهیوای ئەوەیەکە بیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە بەزۆریی، مەی خۆریی ئەکات چونکە لنگ بازییە زۆرەکەی ناچاری ئەکات کە وریا کەرەوەیەک بۆخۆی بەکاربهێنێ بەجۆرێکی گشتی پیاوی وا، لەهەر شێوەیەک دابێ، نەخۆشییەکەی، بەنەخۆش دائەنرێ. بەکورتی، ئەو جۆرە کەسە وێنەیەکی ئاشکرای ئەو مرۆڤە زیان بەخشانەیە کە سروشت ئەیەوێ لەناویان ببات، وایان لێ ئەکات پەلەپەل بکەن لە دارزین و مردندا بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەیانەوە لە زیاندا.

لە ڕاستیدا دیلەکانی ئالۆشی ڕەگەزبازیی زۆر ناژین.

چونکە ئەم دیلێتییە ماندوێتییەکی زۆر گەورە پەیدا ئەکات بۆ کەلووپەلی (فەرمانبەریی) و (زیندوێتی) هەروەها ئەو پیاوە خاوەن زیندوێتییە گەورانەیش کە ئەتوانن بەرگەی ئەم ئەرک و ماندوێتییە بگرن، بۆ ماوەیەکی درێژ یەجگار کەمن ئەمە ڕاستە کە هەندێکیان بەتەندروستییەکی ئاسایی و زیندوێتییەکی باشەوە ئەمێننەوە.

بەڵام تەنانەت ئەو کەسانەیش، کاتێکی وایان بۆ دێتە پێشەوە کە هەرچی هێزێکی ڕەگەزبازییان هەیە لەدەستیان بچێ، یاخود تووشی نەخۆشییەکی وا ببن کە لە زیندوێتییان زۆرکەم بکاتەوە و بیانخاتە سەرە مەرگەوە.

دوایی: هەرچی جۆرە نەخۆشییەکی دەمارە مێشکییەکان هەیە تووشی ئەم جۆرە کەسانە دێن لە پەلوپۆ کەوتن و لەرزین لەو نەخۆشییانەن کە زۆر تووشیان دێن لە ڕاستیدا، ئەگەر من بەتەواوەتی ئەو نەخۆشییانەت بۆ ڕوون بکەمەوە، کە لەزۆر کاتدا بۆ جەزرەبە پێ گەیاندنی دیلی ئالۆش ڕووئەدەن، کە چۆن پیاوەتی خۆیان لەناوبردووە، بێ گومان ئەبێ هەموو جۆرە نەخۆشییەکی توندوتیژت پێشان بدەم، کە لە هیچەوە پەیدا نەبوون و نەیانتوانیوە زاڵ ببن بەسەر لەشدا، لەبەر کزیی فرمان بینینی ئەندامەکانی لەش نەبێ.

ئێستەیش بەراوردێک بکە لەناو دوو کەسدا: یەکێکیان دیلی ئالۆشی ڕەگەزبازیی خۆی بێ و یەکێکیشیان ئاگاداری ڕاستیی هێزەکانی ڕەگەزبازیی خۆی بێ و بەژیریی و تێگەیشتوویییەوە بەکاری هێنابن جا ئەم کەسەی دواییان، نووسەرێکی گەورە وای لێ داوە، گوتوویەتی:

(کاتێ کە ژیان لە خراپەی کۆمەڵایەتییەوە دوورئەبێ، پاڵ پێوەنەری ڕەگەزبازیی، وەک سەرکردەیەکی جیهان گیر، دێتە پێشەوە ئەبێتە وریاکەرەوە و، فەرمانڕەوا بەسەر سامناکترین هێزەکانی مرۆڤایەتیدا، کە هەموو ڕوویەکی ژیان ئەگرێتەوە جا ئەم پاڵ پێوەنەرەیە، کە لەبەردەم خاوەنەکەی خۆیدا، مەبەستەکانی ژیانی دیاردیی ئەکات، ئەندێشەی وریا ئەکاتەوە، هێزەکانیشی بەگشتی ئەخاتە گەڕ لە پێناو بەدیی هێنانی گەورەترین کاردا کە لە جیهاندا ڕوو ئەدەن، چ لە کۆڕی هونەردا ئەبن ئەو کارانە، یان لە کۆڕی وێژە و شت دۆزینەوە و باو داهێنان و ڕاستی پەرستیدا ئەم پاڵ پێوەنەرە هەموو توانایەک بەهێزتر ئەکات، هەموو هێزێکیش وریا ئەکاتەوە).

ئەو کەسەی خۆی ئەکات بە بەندەی ئالۆشی ڕەگەزبازیی خۆی، پیاوێکی تێ نەگەیشتوو ناشی و شێت و وێتە چونکە گەوهەرە بەنرخەکەی خۆی بەتوێکڵێکی ناو بۆش ئەگۆڕێتەوە.



## بەشی بیست و نۆیەم

### چارەکردنی بەدخوویی

یەکەم هەنگاو بۆ خۆ ڕزگارکردن، لە خوویەکی زیان بەخش، ئەوەیە کە پیاو شارەزای زیانی ئەو خووە ببێ، بۆ خۆی کە نەخۆش هاتوو شارەزای ئەو تەنگوچەڵەمانەبوو، کە لەوانەن تووشی ببن، سەبارەت بەو ڕێگا هەڵانەی گرتوونی، هەروەها لەبەر ئەوەیش کە بڕیاری داوە، خۆی لێ ڕزگار بکات، ئەبێ خۆی وا دابنێ کە هیچی لە دەست نەچووە، چونکە بەهیوای ئەوەیە دوارۆژی خۆی لەسەر بنچینەی کەلاوەی پێشوو دابمەزرێنێتەوە ئەمەیش لەبەرئەوەیە، کە شارەزابوون لە زیانی خووەکەو، هێزی ویستنی پێویستە بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئەو خووە، گرنگترین هۆن بۆ دەست کەوتنەوەی چاکبوونەوەی تەواو لە نەخۆشییەکە.

پلە خراپەی نەخۆشییەکە هەرچۆنێ بێ، نەخۆشەکە هەر ئەگاتەوە دۆخی جاران، چونکە بەهیوای ئەوەیە کە ژیانێکی تازە بۆخۆی دابمەزرێنێتەوە کە پڕبێ لە هێز و تەندروستی هەر ئەوەندە ئەوکەسە پەی بەوە ببات کە کەوتۆتە گێژاوی خراپەو زیانەوە، ئەمە وا ئەگەێنێ کە بەوەی زانیوەوە شتێکیش هەیە ناوی کەڵک و چاکە بێ. لەدوایشدا، لە توانایدا هەیە ڕێگایەک بگرێ بۆ گەیشتن بەو کەڵک و چاکەیە ئارەزووی ڕاستەقینەیش بۆ چوونەوە سەر دۆخی جاران : بۆ دەست کەوتنەوەی تەندروستی و هێز و داوێن پاکی، لەناو خۆیا ئەو نیازە بەهێزەی شاردۆتەوە کە هەموو شتێکی پێ بێتە دیی.

ئەی نەخۆش، دابنیشە و باش لەم کەینە و بەینە وردببەرەوە.

بێ گومان ئەوەندە ئالۆشی خۆت شکاندووە و بەزموڕەزمت کردووە، لە ئەندازە چویتە دەرەوە بۆیەکا وا پەشیمان بوویتەوە لەو کەتنانەی کە کردووتن بێ گومان، بۆیەکا فرمان ئەکەیت تا بژیت.

کەواتە کێ بووە و کێیە ئەوکەسەی پارەکانتی ئەگاتێ؟ ئەو کەسانەی پارەکانی تۆ ئەچێتە گیرفانیانەوە خاوەن مەیخانەکان و سوزانیخانەکانن[١] کە بەخۆڕایی ڕووتت ئەکەنەوە بێجگە لە پارە، تەندروستی و کردەوە و ڕەوشتی جوانیشت لێ تاڵان ئەکەن تۆ بۆ ئافرەتی داوێن پیس، هەندێ پارە ئەدەیت، بەڵام لە جیاتیی ئەوە، بەشێکی زۆر کزیی و

(١) سوزانیخانە: شوێنی ڕابواردن و کاری سێکسی (بیوت الدعارة).

لاوازیی و نەخۆشیی لێ وەرئەگریت کەواتە بەراوردێکی دەست کەوت و زیانی خۆت بکە، تا تێ بگەیت، تا چ ڕادەیەک سەرگەردان بوویت بیر لەو پارانە بکەرەوە کە بەختت کردوون و ئێستایش بەختیان ئەکەیت، بۆ ئەمەی بۆت ڕوون ببێتەوە کە بەدەستی خۆت چ زیانێکت گەیاندووە بەخۆت، لە ڕاستیدا خاوەن مەیخانە و سۆزانی خانە و یانەکانی قومار، دۆستی کەس نین دۆستی پارە نەبێ.

ئەوانە دۆستایەتی تۆیان ناوێ، پارەکەی باخەڵتن.

ئەگەر لێت قەوما و داڵلات بۆ بردن، ئەوساکە تێ ئەگەیت کە چەند ترسنۆک و تاوانبارن ئەوانە بۆ سەرگەردانی کێشت ئەکەن کە سەرگەردان بوویت، خۆیانت لێ ئەکشێننە دواوە، هەروەک فریان نەبووبێ بەسەر هەناسە ساردیی و سەرگەردانیەکەتەوە، وایە ڕەنگە بڵێیت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەو هەموو سەرگەردانییەم پێ گەیشتووە، کاتێکی خۆشیشم ڕابواردووە. بەڵام من لەسەر واتای ئەو کامەرانییەی کەتێی گەیشتوویت، دەمەتەقێت لەگەڵدا ئەکەم ئایا کامەرانییەکەت نییە بۆتە هۆی دەرد و نەخۆشیی لەشت کە لە سایەی ئەو خۆش ڕابواردن و ئاڵۆش شکاندنانەی خۆتەوە دەستت کەوتووە؟ بۆچ کامەرانی ئەوەتا و ورگت لە کەڵک بکەوێ و دەمارە مێشکییەکانیشت لە پەلوپۆ بکەون؟ ئەی کامەرانی ئەوەتا لەشت ئەو شێوە جوانەی نەمێنێ کە خوای گەورە پێی بەخشیوویت؟

نە ئەمەیە کامەرانی، نەئەوەتا؛ کامەرانی ڕاستەقینە ئەوەتا لەمانە هەموو خۆت ڕزگار بکەیت. ئەگەر هەر لەسەر ئەو قسەیەیت کە هەست بەکامەرانی ئەکەیت و دەربەست ئەو هەرزەکارییەیت کە کردووتە ئەوا لە ئاوێنەدا سەیرێکی خۆت بکە بزانە کامەرانییت دەست کەوتووە لەو کردەوانەت یاخود سەرگەردانی؟ ئەمە کامەرانی پێ ناڵێن، دۆستی من ئەمە کامەرانی شەیتانە کە سەرکەوتووە بەسەر تۆدا بەواتایەکی تر کامەرانی شەیتان بەسایەی سەرگەردانیی تۆوە.

کەواتە، ئەی لاو، ئەم ڕاستییە باش بخەرە مێشکی خۆتەوە بەهەرچی هێزو باوەڕێکتەوە هەیە، سوێند بۆ خۆت بخۆ، کە ڕابووردووت لەبیر خۆت ببەیتەوە و بایەخی پێ نەدەیت، بێجگەلەوە لاپەڕەیەکی تازەیش لە ژیانی خۆتا دەست پێ بکەیتەوە پەیمانێک بەخۆت بدە کە ئەمە بکەیت، هەر لەمڕۆکەیشەوە دەست پێ بکە کە تۆ لە زیانی بەدخوویی تێ گەیشتوویت، لە کاری باش مەسڵەمێرەوە، دەمودەست دەستی پێ بکە کە ڕێگای ڕووناکیت لەبەردەمدا هەبوو، ڕێگای تاریکی مەگرە.



لەپێش هەموو شتێکا ئەوە بزانە کە هۆشی تەواو لە لەشی تەواودایە بەپێی ئەمە، پێویستە دەمودەست، دەست بکەیت بەچاک کردنەوەی لەشت، تا هۆشیشت چاک ببێتەوە و بەرهەمەکەی گەشە بکات ئەوەیشت لەبیر نەچێ، کە پەیوەندیی ناوەند لەش و گیان و پەیوەندییەکی بەهێز و تەواوە هەرشتێ کار بکات لە لەش، لە گیانیش کار ئەکات لەبەرئەوە پێویستە تێ بکۆشیت کە گیانێکی بەهێز و کارگوزارت دەست بکەوێ، تابتوانیت تەندروستیی لەش و هێزت بپارێزیت.

ئەمەیش لە بەختیاریی هەموو کەسێکە، ئەوی بیەوێ ژیانێکی تازە بژی و، ڕابردووی پڕکەتنی خۆی فڕێ بدات، ئەتوانێ لە ڕێگای پەروەردەکردنی لەش و بەهێزکردنیەوە، بەو ئاواتەی خۆی بگات هەموو کەسێک ماسولکەکانی خۆی لەبەر دەستایە ئەتوانێ هەر کاتێ بیەوێ و، هەرچۆنێکی بوێ بەکاریان بهێنێ.

بەڵام ڕاستییەکەی، ئەوە گرانە، کە پیاو فەرمانڕەوابێ بەسەر ئەو بیرانەدا کە لەناو مێشکیادێن و دەچن جا کەینەوبەینەی ئەم ڕاستییە هەر چۆنێک بێ، ئەو تەندروستی و هێزەی کە لەکاتی بووژاندنەوە و پەروەردەکردنەوەی لەشدا پێک دێن، هەروەها ئەکەونە ناو هۆشیشەوە، بۆ ئەمە بیبووژێننەوە و هێز و هەڕەت و کارگوزاریی بۆ بگێڕنەوە.

ئەمەیش وا ئەگەیێنێ، کە پەروەردەکردنی لەش، بۆ دەست کەوتنی تەندروستی و هێز، وا لە مرۆڤ ئەکات کە هێز و توانای تەواوی ببێ بۆ زاڵ بوون بەسەر هۆشیا و بەسەر ئەو بیرەیشدا کە ئەم هۆشە بەرهەمیان ئەهێنێ پەروەردەکردنی لەش، بەهۆی وەرزشەوە، لەناو بای پاک و بەرەڵڵادا، مرۆڤ دوورئەخاتەوە، لە هەموو شتێک کە تووشی کزیی و نەخۆشیی بکات چونکە ئەو لەشەی ببێتە ئاشنای تەندروستی، هەرگیز ماوە نادات بەنەخۆشی کە لێی نزیک ببێتەوە تەندروستیی هۆشیش ئەگرێتەوە هۆشی دروستیش هەرگیز بیر لە بەدخوویی و خراپ ناکاتەوە چونکە ئەوانە کە ژەهری بێتە ناوەوە کەواتە، لەشی نەخۆش، هۆشی نەخۆشی پێوەیە هۆشی نەخۆشیش بیری نەخۆش نەبێ، بەرهەمی ناهێنێ.

دەست بکە بەجووڵاندنی لەشت ئەوە چاکترین پزیشکە بۆتۆ.

لە جیاتی ئەمەی بەسواریی بڕۆیتە جێگای فرمانەکەت، بەپێ بڕۆ بای پاک بمژە، چونکە یارمەتیی پاک کردنەوەی لەشت ئەدا و وریایشی ئەکاتەوە بەتەنگ خواردنەکەتەوە بە ئەو خورشتە مەخۆ کە لەشت ژەهراویی بکات و سازکردنی ناو ئاشگ تێک بدات ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە ئاوی سارد بکەیت بەخۆتا، چونکە دەمارە مێشکییەکانت نەرم ئەکاتەوە و

گەڕانی خوێنەکەیشت گورج ئەکاتەوە. ئەو خورشتانە مەخۆ کە یەجگار گەرمن چونکە کاری وا ئەکەن لە لەش کە بەکاری تۆنایەن بەکورتی پێویستە تۆ بەو پێیە بجوولێیتەوە کە بۆ تۆ و بۆ کەسانی ترمان داناوە، لە بابەت تەندروستییەوە ناشێ هەرگیز لێی لادەیت ئەگینا کەس زیان ناکات خۆت نەبێت.

هەر لەوکاتەدا کە خەریکی لەشت ئەبیت بەهێزی بکەیت، خەریکی بەهێزکردنی هۆشیشت ببە هەر هاوڕێیەکت هانەی دابوویتەسەر ئەو ڕێگا خراپە، خۆتی لێ دووربخەرەوە لەوەدا شەرم مەکە چونکە شەرم کردن، ئەوە ئەگەیێنێ، کە هەر لەسەر ڕێگای خراپە ئەڕۆیت ئەوە ناگەیێنێ کە خۆتی لێ ڕزگار ئەکەیت هەروەها ڕووی خۆت وەرگێڕە لەو شوێنە نەنگانەی کە هاتۆچۆت ئەکردن ئەوە دیارە کە لەپێشدا ئەمانەت پێ گران دێ. بەڵام بەرە بەرەپێیانەوە ڕادێیت خۆت لە مرۆڤی چاک نزیک بخەرەوە، هاودەمییان بکە لە پاشا بۆت دەرئەکەوێ کە خۆشیی گفتوگۆکردن لەسەر کاروباری خراپ ئەگەر بڵێین لە خراپەدا خۆشیی هەیە هەروەها بەرە بەرە هەست ئەکەیت کە کۆمەڵە چاکە بەرز و پیرۆزەکان، کە دەستت کردووە بەهاتوو چۆکردنیان، لە شوێنە نەنگەکانی داوێن پیسی و بەدخوویی گەلێک چاکترن.

خۆت ڕابهێنە بەخوێندنەوەی ئەو نووسراوە چاکە بەکەڵکانەوە کە گیانی چاکە و سەر ڕاستیت ئەکەن بە بەردا.

تەنیا لەگەڵ پیاو چاکە بکەرەوە نەوەک ژیان لە خۆت تێک بدەیت بەکورتی پێویستە ژینێکی چاک بژیت، لە هەموو ڕوویەکەوە مەهێڵە تیا بمێنێتەوە، نەوەک لەوێدا بنج دابەستێ و ببێتە بەشێک لە سروشتت کە بەیانیان ڕاپەڕیت لەخەو، لەناو جێگادا مەمێنەرەوە دەمودەست لێی وەرە دەرەوە چونکە شلوشێواویی ئەوکاتە، ڕێ ئەدا بەبیری خراپ گەرا بکات و پەرە بسێنێ جا ئەگەر بوویتە پیاوێکی وەها کەبتوانێ خۆی بگرێ و ڕێگای تەندروستی و هێز بگرێ، پێویستە بگەڕێیت بۆ کچێکی داوێن پاکی خاوێن، تەندروستییش بێ وەکو خۆت، بۆ ئەمەی بیکەیت بەهاوسەری ژیانت.

چونکە ژن هێنان لەهەموو شتێک بڵندترە کە لەم گومڕاهییە ڕزگارت بکات ئەویش لەبەرئەوەیە، کە ئەرک و فرمانی ژن و ماڵداریی، دوورت ئەخاتەوە لەو کەتن بازییەی کە لە تافی کوڕێنیدا تیابوویت، هەروەها گیانێکی فرمان پەروەرانەیش لە دەروونتا بەهێز ئەکات ژن هێنانیش شتێکی سروشتییە لەبەرئەوە بڕیار مەدە بەسەر چاکە و خراپەیا، تا ئەگەیتە ئەو تەمەنەی کە هەڵ ئەگرێن ژن بهێنیت.



## بەشی سییەم

### خەوشەکانی تری ڕەگەزبازیی

بەتەنشت ئەو خەوش و خواری و خێچیی ڕەگەزبازیانەوە کە هەتا ئێستا ناوبراون، هەندێکی تریش هەن کە بەجۆرێکی تێکڕایی ئەگەڕێنەوە سەر ئەو کارەساتانەی کە تووشی مرۆڤ دێن، یان ئەو فرمانەی ئەیبینێ، یاخود هەر لە منالییەوە تووشی دێن.

ئەوەندەی کە پەیوەندیی بەکۆمەڵی یەکەمی خەوشەکانی ڕەگەزبازییەوە هەیە- واتا ئەو خەوشانەی کە کارەسات ئەیانهێنێتە بەرهەم- ئێمە لێرەدا زۆر لێیان نادوێین چونکە ئەوەندە بەکارمان نایەن، وەک لەمەودوا دەرئەکەوێ هەروەها، تا ئەندازەیەکی گەورەیش ئەوە گرانە بۆ ئێمە کە چارەیەکی گشتی بدۆزینەوە بۆ چەند نەخۆشییەکی تایبەتیی وەها کە هەریەکەیان لەویتریان جیاوازبێ بەڵام ئێمە ئەوە ئەڵێین، کە پزیشکە نەشتەرکارەکان، دڵیان دانامرکێتەوە، تا نەشتەرکارییەک لە لەشی نەخۆشەکەدا نەکەن جا ئەو نەشتەرکارییە پێویست بووبێ بۆ چارەکردنی نەخۆشەکە، یان پێویست نەبووبێ، دەربەستی ئەوە نین لە ڕاستیدا نەشتەرکاریی، ئەبێ بخرێتە دوای هەموو چارەکردنێک، ئەگەر سەریان نەگرت.

ئەمە ڕاستە کە جاری وا هەیە، نەخۆشەکە بەبێ نەشتەرکاریی چاری ناکرێ بەڵام ئەم جۆرە نەخۆشییانە کەم هەڵ ئەکەون، وەک هەر ناویشیان نەبێ وایە.

بەڵام داخەکەم زۆربەی نەخۆشەکان خۆیان ئەخەنە بەردەست نەشتەرکارەکان، بۆ ئەمەی نەشتەرکارییان بکەن، کە ئەوەیش یان سەر ئەگرێ، یان سەر ناگرێ.

لێرەدا نەخۆشیی یەکێکم کەوتۆتەوە بیر، ئەمەوێ بیگێڕمەوە، بۆ ئەمەی ئەم بابەتە ڕۆشن بکەمەوە و شیی بکەمەوە وا ڕوویدا، کە پیاوێک لە شاری (نیویۆرک)دا، کەوتە خوارەوە بەسەر داروپەردووی یەک بەسەر یەکدا کەوتوودا[١]، چەند شیشێکی قەفەز چووبوون بەڕانیا و بەشی ژووروی ئەندامی نێرێتییدا. ئەوەیش دیاربوو، کە کابرا ئەچووە نەخۆشخانە، بۆ ئەمەی پزیشکەکان ئەوشیشانەی لە لەش دەربهێنن لەپاش ئەو نەشتەرکارییە کابرا ڕووی کردەوە ماڵی خۆی بەڵام چەند ڕۆژێکی پێ چوو، کابرا هەستی

(١)ئەم دەستەواژەی دواییە ئەوە دەگەیەنێ کە (داروپەردووەکە- أنقاض) بەسەر یەکدا کەوتبوو، پیاوەش بەسەریاندا کەوتبووە خوارەوە.

بەخۆی کرد: بەگران میزی پێ ئەکرێ کە پزیشکەکە هات و تەماشای کرد، گوتی: ئەو برینەی کە لە نەشتەرکارییەکەوە پەیدابووە، ناو (کێر)ی ئاوساندووە پاش ئەوە، لەسەر ئەو جۆرە بڕیارەی خۆی، دەستی کرد بەچاک کردنەوەی نەخۆشەکە ڕۆژ لەسەر ڕۆژ بەسەرا چوو کەچی نەخۆشەکە، هەروەک خۆی مایەوە، هەنگاوێکی نەنا بەرەو چاک بوونەوە ڕۆژێکیان نەخۆشەکە یەجگار داما بەدەست نەخۆشییەکەوە، یەجگار پەرێشان بوو.

ئەندامی نێرێتییەکەی هەمووی ئاوسا ئیتر هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە هاوار بکات لە دەست ئازارێکی بێ ئەندازەی وا، کە لە توانای کەسدا نەبوو تاوێکی پێوەی بمێنێتەوە.

پزیشکیش ئاوسانی ئەم ئەندامەی وا لێک دایەوە کە لە ئەنجامی پەیدابوونی ژەهرەوەیە لە خوێنەکەیا بڕیاریدا کە ئەبێ ئەندامەکە هەمووی ببڕرێ، بۆ ئەمەی نەخۆشەکە بتوانێ بژی.

بەڵام نەخۆشەکە، لەمەدا بەرەنگاریی کرد پزیشکیش تووڕە بوونێکی وا لێی تووڕەبوو کە بەتەواوەتی دەستی لە چاک کردنەوەی هەڵگرت لە خۆش بەختیی نەخۆشەکە، ژنێکی پزیشک هەبوو لەو ناوەدا، ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە لەڕێگای سروشتەوە نەخۆش چاک ئەکاتەوە.

ژنە پزیشکەکە دەستی کرد بەچاک کردنەوەی نەخۆشیی پیاوەکە بەڵام، تەنیا، لە ڕێگای سروشتەوە بەتەواوەتی بەش بڕاوی کرد لە خواردنەوە مەیەکان گەرماوی هەڵمیشی بۆ بەکار ئەهێنا هەروەها ئەندامی نێرێتییەکەیشی بەجۆرە شتێک ئەبەستەوە، کە ژانەکەی لێ کەم ئەکردەوە و ئاوساوییەکەی ئەنیشاندەوە بەڵام ئەوخۆرشتەی ئەیدایە، هەر بریتی بوو لە ئاوی پرتەقاڵ لەپاش سێ هەفتە پیاوەکە بەتەواوەتی چاک بووەوە چونکە ئەو خوێنەپیسەی کە لە سەرەتاوە بوو بوو بەهۆی پەیدابوونی ئاوساوییەکەی بەتەواوەتی لەئارادا نەما لە جیاتی ئەو خوێنە، خوێنێکی پاکتر هاتە ناو دەمارەکانییەوە، بەهۆی نەخواردنی چێشتەوە و، کردنەوەی کونە وردیلەکانی پێستییەوە بەسایەی گەرماو هەڵمیەکەوە.

ئەو پیاوانەیش کە زۆر سواری ئەسپ ئەبن، گەلێک جار تووشی ئاوسانی هەندێ لووەکانی کەلووپەلی سک و زاکردن دێن.

سەرنج دراوە کە زۆر لەو داوودەرمانانەی بۆ بەهێزکردنی تووک بەکار ئەهێنرێن، کارێکی ژەهراویانە لە جووتە گون ئەکەن، لەبەرئەوە هەردووکیان تووشی پەشۆکاویی و



کزیی دێن هەروەها ئەبنە هۆی ئاوسان و سووربوونەوەی میزڵدان و ئەو لوولە بچووکانەی بەتەنشتیەوەن ئەمەیش هەندێ جار ئەبێتە هۆی خوێن چوون و، ورووژانی ڕەگەزبازیی زیان بەخش لەگەڵێک کاتدا. چەند نەخۆشییەکی تریش هەن وەک پەک کەوتەیی دەمارە مێشکییەکانی ئەندامی نێرێتی، لە کارکردنی ناو کارخانەکانی مزەوە پەیدا ئەبن، لەبەرئەوە زۆربەی ئەو کرێکارانەی لەم جۆرە کارخانانەدا فرمان ئەبینن، تووشی ئەم نەخۆشییەدێن. ئەمانە چەند وێنەیەکی کەم بوون، پەیوەندیی فرمانی مرۆڤ و ئەنجامی کارتێکردنی ئەو فرمانەیان پێشان داین لە ڕووی ڕەگەزبازییەوە، کە چ جۆرە نەخۆشی و پشێوییەک ئەخەنە ئەندامی نێرێتییەوە.

بەڵام لەو بارانەدا کە کەموکووڕیی ڕەگەزبازیی هەر لە منالییەوە دیارە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە کونی میزکردن نەکەوتبێتە سەری کێرەوە، کەوتبێتە ژێر کێرەوە بێگومان ئەم جۆرە کەموکووڕییە ئازارێکی زۆر ئەبەخشێ بەخاوەنەکەی خۆی لە هەندێ باری تریشدا: کێری مرۆڤ کە یان لە ئەندازەی خۆی زۆر گەورەتر ئەبێ، یان لە ئەندازەی خۆی زۆر بچووکتر ئەبێ لەم نووسراوەدا ئەو هۆیانەمان پێشاندا کە کێری بچووک بگەیەنێتە وە ئەندازەی خۆی لە هەندێ جاردا، هی وا هەن کە ئەبن لە دایک دەماری پیاوەتییان پێوەنییە ئەو جارانەیش کە مرۆڤەکان بەنێرەمووکی لەدایک ئەبن، بەزۆریی، بەزۆر شێوە بیریان لێ ئەکرێتەوە بەڵام زانست ڕاستیی ئەوەی بەتەواوەتی دەرخستووە.

جا ئەم جۆرە بارانە، ئەوە ئەگەیێنن کە خەوشێکی وا هەیە کە لە ئەندامەکانی سک و زای مرۆڤەکەدا، پەکی ئەوەمان ئەخات کە بزانین لە چ ڕەگەزێکە ئەو بارانەیش کە مرۆڤ کە لە توانایدا نەبێ کاری لنگ بازیی بکات، لە هەموو شوێنێکا ڕوو ئەدەن پشێوییەکانی ڕەگەزبازیی ئافرەتیش لە هیی پیاو کەمترنییە زۆربەی ئەم تێکچوونانەیش لەوەوە پەیدا ئەبن، کە ئافرەتەکان ئەو پشتێنە نەنگەویستە ئەبەستنەپشت بۆ پاراستنی کەمەریان، کە هیچ پێویستییەکیان پێی نییە جا ئەم پشتێنە توندە، لەوانەیە کە لەشی ئافرەتەکە تێک بدات، بەتایبەتی لە مانگەکانی سک پڕبوونیدا جا ئەم جۆرە لەش تێکچوونانە و ئەم جۆرە خەوشانە، لەوانەن کە کامەرانی ژن و مێردیی پەک بخەن، خۆشیی ژیانیش، بەگشتی تێک بدەن پزیشک (سلڤانس ستول) ئەڵێ:

(قسەکەمان لە ئەندازەی خۆی بەدەرنییە[١] ئەگەر بڵێین سێیەکی کچەکانی ئێمە بۆ

---

(١) بەمانا: زیادەڕۆیی نییە.

ئەوە ناشێن کە شوو بکەن، ژن و مێردییان بۆ ناچێتە سەر هۆی ئەمەیش ئەوەیە، ئەو شارەزاییەی پەیدایان کردووە لە کاروباری ڕەگەزبازییدا، شارەزاییەکی چڵکن و ژەهراوییە کە لە ڕێگایەکی خوار و خێچەوە پێیان گەیشتووە بەتەنشت ئەو کچانەیشەوە، زۆربەی ئافرەتە خاوەن مێردەکانیشمان ئەبینین بۆڵەبۆڵ لە دەست نەخۆشییەکانی منداڵدان و ئەندامەکانی سەر بەمنداڵدان ئەکەن.

بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە، کە هەموو کچەکان، وەک یەک، نەشارەزان لە سروشتی لەشی خۆیاندا، ئەو پشتێنە توندانە بەکارئەهێنن، هیچ کامێکیان ئەوە نازانن کە چ زیانێکی گەورەیان پێ ئەگات بەهۆی بەستنی ئەو پشتێنانەوە زیانی بەستنی ئەم پشتێنانە لەپاش شووکردنیانەوە باشتر دەرئەکەوێ چونکە منداڵدان لەجێی خۆی ئەبزوێ، شۆڕیش ئەبێتەوە بۆ خوارەوە.

ئازاریش لە خوارووی پشتا دەرئەکەوێ ڕیخۆڵەکانیش تووشی گرفت دێن ئەم هەموو تێکچوون و دەرد و نەخۆشییانەی هەر لەسەرەتاوە، کچەکە ئەیتوانی خۆیان لێ بپارێزێ، بەڵام بێ ئەمەی بەخۆی بزانێ، کەتنی بەخۆی و وەچەونەوەی خۆی کرد، بەهۆی بەکارهێنانی ئەو پشتێنە توندەوە.

ئەمە دیارە کە ئەم دەرد و نەخۆشیانە، کامەرانی لە ژنەکە تێک ئەدەن، وەڕسیشی ئەکەن لە دەست فرمانی ژن و مێردیی و پێویستییەکانی هەروەها کامەرانیش لە مێردەکە بار ئەکات، کە کامەرانی ئەویش بەندە بەکامەرانی ژنەکەیەوە.

ئەولاوەیش، کە ئەوەی پێ باش بێ، کچێکی وا مارە بکات کە سەبارەت بەناشێتی و نەزانی خۆی، پشتێنی توند ببەستێتە پشتی خۆی، وادیارە کە سەرگەردانی و هەناسە ساردیی ئەوێ بۆخۆی و ژنەکەی ئەمەیش ڕاستییەکی ئەوتۆیە کە کەس پەیی پێ نابات، ئەو کەسە نەبێ کە کچێکی لەو جۆرە کچانەی خواستبێ و هەموو ژیانی خۆی بەوەوە بەخت کردبێ کە گوێ لە سکاڵاو ئاهوناڵەی ئەو بگرێ.



## بەشی سی و یەکەم

### دامەزراندنی هێزی ڕەگەزبازیی

لەمەودوا، لە بەشەکانی داهاتوودا خوێندەوار هەندێ وەرزشی تایبەتی چاو پێ ئەکەوێ، کە لە باریاندا هەیە تەندروستی و هێز بۆ لەش بگێڕنەوە دیسانەوە لێرەدا دووبارەی ئەکەینەوە، کە ئەو جۆرە وەرزشانە و ڕێگاکانی تری چارەکردنی سروشتی، لە ئەنجامی تاقی کردنەوە و شارەزابوونەوە دانراون ئێمە کە ئەڵێین بەکەڵکن، ئەو کەڵکەی کە مرۆڤەکە پێی ئەگات لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو وەرزشانەوە شتێکی ڕاستە و هیچ گومانیشی تیانییە.

جا هەر کەسێک ئەو وەرزشانە بەڕێکوپێکی بکات و لە سەریان بڕوات، بێجگە لەوە بەتەنگ خواردنی خۆیەوە و پاک و خاوێنیی لەشیەوە بێت و ئەو خۆشتنانەیش بکات کە ناومان بردن، بێ گومان بەچاکترین ئەنجام بەفەڕترین ئامانجی خۆی ئەگات چونکە ئەم ڕێگایانە لە باریاندا هەیە کە بەجۆرێکی گشتی هێز بۆ هەموو لەش بگێڕنەوە، بەجۆرێکی تایبەتیش هێز و توانا بدەنەوە بەکەلوپەلی ڕەگەزبازیی ئەویش لەبەرئەوەیە کە ماسولکەکانی لەش گەشەیان کرد و هێز و گوڕیان تێ کەوتەوە کەلوپەلی خواردن سازکردنی ناو لەشیش بەهێز ئەبێ گەڕانی خوێنیش گورج و گۆڵ ئەبێتەوە دەمارەمێشکییەکانیش هێز و هەڕەتیان تێ ئەکەوێتەوە هۆشیش ڕوو ئەکاتەوە چاکی شێوەی چاک کردنەوەی ناوبراو، لەباریا هەیە کە هەموو ئەندامێکی لەش بەهێز بکاتەوە بۆ ئەو کاتانەیش بەکاردێ کەلنگ بازیی بێ ئەندازە لەشی لەکەڵک خستبێ ئەویش لەبەرئەوەیە کە دەمارە مێشکییەکانی نەخۆشەکە ئەخاتە سرەوتەوە، سەرنجیشی ڕائەکێشێ بۆ دامەزراندنەوە و گەشە پێکردنەوەی لەشی خۆی، نەک تێک دان و تێک شکاندنی لەشی ئیتر لەوە دواوە، ئەو ئاوی پیاوەتییەی کە بەفیڕۆ بەختی ئەکرد، بەخۆڕایی، یارمەتی شێوەی چاک کردنەوە کە ئەدات بۆ گەشەپێکردنی لەش و بووژاندنەوەی، شۆخ و شەنگییەکی تەندروستانە و هێز و هەڕەتی لاویشی پێ ئەبەخشێ.

سروشت وای لە ئێمە ئەوێ کە هەموو دەم پڕهێز و چالاکی بین، وریا و کارگوزاربین بەڵام بێ کارەیی و شل و شێواویی بۆ هیچ کوێیەکمان نابات، بۆ خراپترین ڕێگا نەبێ.

چونکە گێژوویژیی و تەمەڵی و بێ کارەیی، بریتین لەوەستانی ژیان ژیانیش هەرگیز

مردنی پێ خۆش نییە. ئەو ماسولکانەیش کە بەرەڵڵاکرێن، هیچ مەشقێکیان پێ نەکرێ، بەهێزیان بکات و گەشەیان پێ بکات، بێ گومان سیس و کز ئەبن ئەوەی لە بابەت ماسولکەکانیشەوە ئەگوترێ، لە بابەت هەموو ئەندامەکانی لەشیشەوە ئەگوترێ.

ئەمەیش ئەوە ئەگەیێنێ، کە خەمخۆریی لەش ناکرێ، بەرەڵڵا کراوە بۆ کزبوون و لەناوچوون پێویستە لێرەدا بیرمان بکەوێتەوە کە کزیی دەمارە مێشکییەکان، کزیی توانای ڕەگەزبازیی ئەنوێنێ کە دەمارە مێشکییەکانیش، دووبارە، هێز و گوڕیان هاتەوە ناو، هێز و توانای ڕەگەز بازیش دووبارە ئەگەڕێتەوە سەر دۆخی جاران کەواتە ئەگەر تا ئێستا بەتەمەڵی و بێ کارەییەوە ژیاویت، پێویستە هەر لە ئێستاوە تەپ و تۆزی ئەو دوو خووە خراپە لە لەشت بتەکێنی هەروەها پەیمانیش بدەی بەخۆت کە ژیانێکی سەر لەنوێ دەست پێ بکەیتەوە، کە پڕ بێ لە وریایی و تەندروستی مرۆڤی وریا و تەندروستیش، هەرگیز لەدەست دەرد و نەخۆشی بۆڵەبۆڵ ناکات ئەوەیش بزانە کە زۆربەی نەخۆشییەکانی (ئارەزوو هەڵنەسان)، لە ئەنجامی بەکارهێنانی ماسولکەکان و خاوبوونەوەیانەوە پەیدا ئەبێ، کە ئەگاتە ڕادەیەکی وەها بەگران کاریان تێ ئەکرێ.

فرمانی یەکەمی ڕەگەزبازیی ئەوەیە کە منداڵ بهێنرێتە جیهانەوە و، ژیانیش بپارێزرێ سروشتیش وای لە ئێمە ئەوێ کە منداڵی بەهێز و بەکارمان ببێت لەبەرئەوە کزولاوازەکان لە توانای ڕگەزبازیی بێ بەش ئەهێڵێتەوە نەوەک منداڵیان لێ بکەوێتەوە ئەویش لەبەر ئەوەیە کە سروشت تەندروستی ئەوێ، نەک نەخۆشی.

کەواتە لەمەی و لە جگەرە و لەو بابەتانەی کە دەمارە مێشکییەکانت کز ئەکەن و لەپەلوپۆی ئەخەن، خۆت دور بخەرەوە. چونکە لەکزیی دەمارە، کزیی توانای ڕەگەزبازیت پەیدا ئەبێ بەکورتی ئێمە وامان لەتۆ ئەوێ، کە ئەو ڕێگایانە بگریت بۆمان داناویت، تا بگەیت بەو ئامانجە چاکانەی کە ئاواتە خوازین پێیان بگەیت.



# بەشی سی و دووەم

## وەرزشی گشتی بۆ گەشەپێکردنی هێزی ڕەگەزبازیی

ئەو مەشقانەی کە لەم بەشەدا پێشانمان داون، بەجۆرێکی تایبەتی بۆ هەموو گیروگرفتەکانی ئەندامەکانی سک و زاکردن دەست ئەدەن، ئەویش لە کاتێکا کە پێویستیان بەوە هەبێ ببوژێنەوە و وریا بکرێنەوە بەڵام نابێ لەو کاتانەدا بەکاربهێنرێن کە ئەندامەکانی سک و زاکردن، لەبارێکی وادابن کە نزیک بێ لە هەڵسان، بەهۆی لنگ بازیی بێ ئەندازەوە و لە ئاو هاتنەوەی نەویستراو و لە ئاو هاتنەوەی ناو خەوی شەوەوە و، لە پێگەیشتوویی زووەوە[1] چونکە بۆ ئەم بارانەیش مەشقی تایبەتیمان داوە، لەبەشەکەی تردا پێشکەشی ئەکەین.

پەیڕەوی کردنی یاسایەکی باش لەو مەشقانە، کە لەوانەبێ ماسولکەکانی لەشی پێ بەهێز بکرێ، بەکاردێت بۆ گورج کردنەوەی گەڕانی خوێن، هەروەها بەکەڵکی هەموو هێزەکانی لەش یاخود هەندێکیان دێ بەڵام ئەو وەرزشانەی کە مەشقیان لەسەر ئەکرێ بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانی ئەو بەشانەی کە چوارلای ئەندامەکانی سک و زا کردنیان دێن، لەو وەرزشە گشتییانەی لەوەپێش ناومان بردن، زووتریش ئەو ئەنجامانەمان دەست ئەخەن کە ئاواتیان بۆ ئەخوازین چونکە ئەو وەرزشانەی کە بەتایبەتی بۆ ئەم ماسولکانە دانراون، گەشەیەکی زۆرتریان پێ ئەکات، بەشەکانی تری لەشیش، هەروەها، بەهێز ئەکات ئەمەیش بەپێی ئەو یاسا زیندووەیە کە ناسراوە و ئەڵێ: سروشت بەماسولکە بزێوەکان بەشێکی زۆر لە خوێن ئەبەخشێ، کەچی بەماسولکە بێ کارەکان ئەم یارمەتییە نادات.

لەبەرئەوە ماسولکە کارگوزارەکان کە لەگەڕدان، خورشتێکی باشیان دەست ئەکەوێ کەچی ماسولکە بێ کارەکان کە نابزوونەوە، بێ خورشت ئەمێننەوە و برسی ئەبن بێ گومان ئەو کەڵکەی کە بەهۆی ئەو وریابوونەوەیەوە دەست ئەکەوێ، کە لە گورج و گۆڵیی گەڕانی خوێنەوە پەیدا ئەبێ، ئەندامەکانی سک و زاکردنیش بگرێتەوە جا لەبەرئەوەی کە پەیڕەوییەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ماسولکەکان بخاتە مەشقەوە، لەگەڵ خەمخۆرییەکی تایبەتیدا بەرامبەر ئەندامەکانی سک و زاکردن، نووسەری ئەم نووسراوە کۆمەڵەیەک وەرزش پێشکەش ئەکات، کە کەڵکیان هەر بۆ بەهێزکردنی سییەکان و دڵ و کەلوپەلی

(١) پێگەیشتوویی زوو: باڵقبوونی زوو (البلوغ المبكر).

خواردن سازکردن لەناو لەشدا نابێ، هەروەها ڕاستە و ڕاست کاریش ئەکەنە ئەندامەکانی سک و زاکردن، بەهۆی ئەوەوە کە بەشەکانی چوارلایان پڕ لە خوێن ئەکەن.

هەروەک سەرنج ئەدرێ، لەسەرەتاوە، ماوەی مەشقەکانی بەندە بەهێزی نەخۆشەکەوە. وریا بە، کە لەشت ئەخەیتە بزووتن، ئەوەندە بجوولێییتەوە تا هەست بە ماندوێتییەکی کەم ئەکەیت ئەنجا تاوێک پشوو ئەدەیت، ئەوەستیت لەو تاوەدا تێر و پڕ هەناسە ئەدەیت هەتا لێدانی دڵت ئەنیشێتەوە پاش ئەوە دەست بکە بەمەشقی وەرزشی دووەم.

وریا بە، لەسەرەتای کاردا، زۆر خۆت ماندوونەکەیت کاتێ کە دەست ئەکەیت بەم مەشقانە، هەر وەرزشەی پێنج تا هەشت جاری دووبارە بکەرەوە لە ڕۆژێکا پاش ئەوە جارێ دووجاری تریشیان بخەرە سەر تا کە وات لێهات پاش دە ڕۆژ، یان دوو حەفتە مەشق کردن، بتوانین ئەوەندە مەشق بکەیت تا هەست بەماندوێتییەکی تەواو ئەکەیت پێویستە پاش ڕاپەڕین لەخەو، لە ژووری نوستنەکەتا مەشق بکەیت هەروەها پێویستە بای ژوورەکەت پاک بێ و زۆر بێ ئەویش بەوە پێک دێ کە هەموو دەم پەنجەرەکانی بکرێنەوە واچاکە کاتی مەشق کردن، ژوورەکەت لە هەموو کاتێک زۆرتر پڕبێ لەبای پاک.

کە لەخەو ڕاپەڕیت، لە جێگا وەرە دەرەوە دەرگای پەنجەرەکان هەموویان بکەرەوە چاوت نەترسێ لە سەرماو سۆڵە چونکە لەپاش ڕاپەڕین لەخەوو مەشقکردن، لەشت گەرم دادێ هەروایش چاکترە کە خۆت بەبای ساردەوە ڕابهێنی هەرچەندە، لەسەرەتادا، ئەوە پێویست نییە کە خۆت بدەیتە بەر بای سارد.

دەستووری وەرزش - وەک لە هەموو شتێکی تردا وایە کە لە هەموو کاتێکدا بە کەڵکت دێ ئەوەیە، کە ئەوەی پێیەوە ڕاهاتوویت، نابێ بەجارێک خۆتی لێ دووربخەیتەوە کە بتەوێ پەیڕەوی پێڕەوییەکی تازە بکەیت، بەرە بەرە بۆی بچۆ هەرکاتێ بەبای ساردەوە ڕاهاتیت، بێ ئەمەی لەناو جێگاکەتا بیت، لەتواناتا هەیە، بەرە بەرە، هەر چیت لەبەردایە دای بکەنیت، تاوات لێ دێ بەڕووتییەکی تەواوەوە مەشقەکانت بکەیت بەڵام نابێ لەسەرەتاوە بەیەک جار ئەوە بکەیت دیسانەوە ئەو قسەیە دووبارە ئەکەینەوە، کە پێویستە لەهەموو شتێکتا مام ناوەندیی بیت هەنگاو بەهەنگاو بڕۆ بەڕێگادا چونکە کاتێ مرۆڤ بەوە هەست ئەکات کە لە توانایدا هەیە هێزە داگیرکراوەکانی خۆی بگێڕێتەوە بۆ لەشی، کاتێ بەوە ئەزانێ کە پێڕەوییەکی وەهای لەبەر دەستایە، ئەگەر بێتوو بەگەرموگوڕییەکەوە پەیڕەویی بکات، پیاوێکی تری لێ دروست ئەکات، بێ گومان



ئەنجامێکی خۆش و زوو بەزووی دەست ئەکەوێ ئەگەر تۆیش ئەو ڕێگەیەت گرتبێ کە ناشی و بێ دەسەڵاتەکان گرتوویانە، بێ گومان زۆربەی کات و سامانی خۆت بەخت کردووە لەپێناو دەست کەوتنی چارەکردنێکدا بۆ دەرد و نەخۆشییەکەی خۆت کەچی ئێمە وا لەم نووسراوەدا بەخۆڕایی ئەم چارەکردنەت پێشان ئەدەین خەریک بە تا دوو حەفتەیەک ئەم وەرزشانە مەشق بکەین، تەنیا بۆ تاقی کردنەوەی ڕاستیی قسەکەمان لام وایە ئیتر ئێمە پێویستیمان بەوە نییە کە هانەت بدەیت جارێکی تر خەریکی ئەو مەشقانە ببیتەوە چونکە هەر لەخۆتەوە، وەرزشەکان دووبارە ئەکەیتەوە ئیتر پێویستیت بەکەسیش نامێنێ بتخاتە سەر مەشق کردنیان، چونکە هەست بەکەڵکیان ئەکەیت، لەبەرئەوە تا ئەمێنێ هۆگریان ئەبیت.

ئەگەر هەستت کرد بەماندووبوون لەپێش خۆ خەریک کردندا بەم مەشقانەوە، خەریکی ئەوە مەبە کە لەسەرەتادا هەموویان پێکەوە بکەیت لەدواییدا هەستەرە سەرپێ و مەشقێکی وا بکە کە لە بازدان بەسەر گوریسدا بکات[1]، بۆ ئەمەی بتوانیت بەئاسانی هەناسە بدەیت پاش ئەوە هەناسەیەکی قووڵ بدە و ئنجا دەست بکە بەئاوی سارد بەخۆداکردن جا ئەگەر ئاوی سارد ئازاری دایت، ئەوا بیکە بە خۆشتنێکی وا کە بەهەوری سارد خۆت بشۆیت.

ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە هەورییەکە لە ئاوی سارد هەڵ بکێشیت و بەنەرموونیانییەکەوە بیکشێنی بەسەر ئەندامەکانی سک و زاکردندا.

کە لە جێگانووستنەکەت هاتیتە دەرەوە، دەمودەست دەست بکە بەوەرزش کردن، بەڵام ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە پەیڕەوەی ئەو ئامۆژگارییانە بکەیت کە پێشانمان داویت لە بابەت ئەوکاتەوە کە هەموو وەرزشێک پێویستێتی تا پێک دێ.

## وەرزشەکان

### وەرزشی یەکەم

بەسەر گازی پشتا ڕاکشێ هەردوو ڕانت لە جێگاکەت بەرزبکەرەوە تا ئەتوانیت. دیارە گرانیی لەشت[2] ئەکەوێتە سەر پاژنەکانی پێت و ئەو بەشەی پشتت کە لەناوەند

(١) یان: پەت پەتێن.

(٢) قوڕسایی لەشت.

شانەکانتایە ئەم مەشقە تایبەتییە بەکاری ماسولکەکانی بەشی ژوورووی هەر دوو پاژنەی پێ دێ لەگەڵ کزیی پشتدا.

وەرزشی دووەم

بەتەنشت دەستی ڕاستتا پاڵ کەوە ئەوەندەی توانیت هەردوو ڕانت بەرزبکەرەوە وریابە هەردوو ئەژنۆکانت ڕاست بن، نەنووشتابنەوە بۆ ئەمەی گرانی لەشت بکەوێتە سەر پێی ڕاستت و باڵی ڕاستت لەگەڵ شانتا هەر ئەم وەرزشە لەسەر تەنشتی چە پیشت بکەرەوە.

ئەم وەرزشە بەکاری ئەو ماسولکانەدێت کە کەوتوونەتە هەردوو تەنشتەوە، هەر لە کەمەرەوە هەتا هەردوو ڕان ئەگرێتەوە.

وەرزشی سێیەم

بەسەر گازی پشتا پاڵ کەوە هەندێ نوێن بخەرە سەر پێیەکانت بۆ ئەمەی لەجێی خۆیاندا بیانهێڵیتەوە دەستەکانت بخەرە سەر ڕانەکانت پاشان، بێ ئەمەی دەستەکانت یارمەتیت بدەن، لەشت بەرزبکەرەوە تا دائەنیشیت ئەم وەرزشە بۆ بەهێزکردنی سک بەکاردێ.

وەرزشی چوارەم

بەسەر سکدا ڕاکشێ پێشی تەختی نوستنەکەت، بەهەردوو دەست، توند، بگرە هەردوو قاچت بەرز بکەرەوە، تا ئەتوانیت بەم وەرزشەوە یەجگار خۆت ماندوومەکە ئەمیش بەکاری ماسولکەکانی سک دێ.

وەرزشی پێنجەم

بەسەر گازی پشتا پاڵ کەوە لنگی ڕاستت بەرزبکەرەوە، بەمەرجێ ئەژنۆت ڕاست بێ، نەنووشتێتەوە ئەمە دووبارە بکەرەوە، بەمەرجێ لەم جارەدا لنگی چەپت بەرزبکەیتەوە ئەم وەرزشە بەکاری ماسولکەکانی بەشی ژوورووی ڕان دێت.

وەرزشی شەشەم

بەلای دەستی ڕاستتا ڕاکشێ تا پێت ئەکرێ بەهێواشی لنگی چەپت درێژ بکەرەوە، بەمەرجێ ئەژنۆت ڕەپ بێت پاشان بەلای دەستی چەپتا پاڵ کەوە بەلنگی ڕاستت ئەم وەرزشە دووبارە بکەرەوە ئەم وەرزشە بەکاری بەشی دەرەوەی سەروو هەردوو ڕان دێ.



وەرزشی حەوتەم

بەسەر گازی پشتا بکشێ تا پێت ئەکرێ لنگی ڕاستت بەئەژنۆتەوە ڕاکشێنە بەسەر لنگی چەپتا ئەم وەرزشە بەکاری ماسولکەکانی ناوەوەی ژوورووی ڕانەکان دێ.

وەرزشی هەشتەم

بەسەر سکتا ڕابکشێ بەمەرجێ ئەژنۆت ڕەپ بێ لنگی ڕاستت بەرزبکەرەوە تا ئەو ئەندازەیەی لە تواناتا هەیە پاشان بەلنگی چەپیشت ئەم وەرزشە دووبارە بکەرەوە ئەم وەرزشەش بۆ ماسولکەکانی ڕانەکان بەکەڵکە.

وەرزشی نۆیەم

بەسەر گازی پشتا ڕابکشێ دەستت بگرە بەشتێکەوە لە پشت سەرتەوە پاش ئەوە تا پێت ئەکرێ لنگەکانت بەرزبکەرەوە و بیان نیشێنەرەوە[1] چەند جارێک ئەم وەرزشە دووبارە بکەرەوە.

ئەم وەرزشە بۆ ماسولکەکانی بەشی خواروی سک و بەشی ژووروی ڕانەکان بەکاردێ.

وەرزشی دەیەم:

بەسەر گازی پشتا ڕابکشێ تا پێت ئەکرێ ئەژنۆکانت بنووشتێنەرەوە هەردوو پێت، یەک لەدوای یەک، بۆ سەرەوە بەرزبکەرەوە ئەم وەرزشە بۆ ماسولکەکانی بەشی ناوەوەی ژووروی لنگ بەکاردێ.

وەرزشی یانزەیەم

بەتەنشت دەستی ڕاستتا پاڵ بکەوە بهێڵە لاقی ڕاستت لەلای پاژنەی پێوە بەسەر لاقی چەپتا بکشێ، تا ئەکەوێتە سەروو ئەژنۆ وە، بەتەواویی پاش ئەوە تا ئەتوانیت ڕانەکانت بەرزبکەرەوە ئەوساکە گرانایی لەشت ئەکەوێتە سەرشانی ڕاست و لنگی چەپت.

ئەم وەرزشە بەتەنشتی چەپیشتا دووبارە بکەرەوە ئەم وەرزشە بۆ ماسولکەکانی ناوەوەی ڕانەکان و بەشی ئەملاو ئەولای کەمەر بەکاردێ.

(١) یان: بیان نوشتێنەرەوە.

وەرزشی دوانزەیەم

بەسەر ورگتا پاڵ کەوە پاژنەی پێی ڕاستت بەسەر پاژنەی پێی چەپتا بکشێنە پاش ئەوە لاقی چەپ، تا ئەتوانیت، بنووشتێنەرەوە، بەمەرجێ گرانی بەشی دوایی لاقی ڕاستیشی لەگەڵ بەرزبکەیتەوە هەر ئەم وەرزشە، بەلنگی ڕاستیشت دووبارە بکەرەوە ئەم وەرزشە بۆ ماسولکەکانی بەشی دوای بەشی ناوەوەی ژووررووی لنگ بەکاردێ.



## بەشی سی و سێیەم

### وەرزشی تایبەتی بۆ هێزپەیداکردن

ئەم وەرزشانە بۆ دامەزراندنی هێزی گشتیی لەش بەکاردێن، کە کەڵکێکی زۆریان بۆ لەش ئەبێ لە پێشدا بۆ ئەوە دانرابوون، کە نەخۆشەکانی پێگەیشتنی زوو، ئاو هاتنەوەی نەویستراو، ئاو هاتنەوەی ناو خەوی شەو بەکاریان بهێنن هەروەها بۆ ئەوەیش دانرابوون، کە چارەی ئەو زیانانەیان پێ بکرێ کە لە لنگ بازیی زۆرەوە پەیدابووبوون بەڵام ئێستاکە، بەکاری ئەوانەیش دێن کە لە بەشی پێشوودا ناومان بردن ئەوکەسانە ئەتوانن لەپێش نوستندا بەکاریان بهێنن پێویستە لەسەر ئەوکەسانە، هەموویان، کە وەرزشەکان ئەوەندە دووبارە بکاتەوە تا هەست بەماندوێتییەکی کەم ئەکات

وەرزشی سیانزەیەم

ئانیشکەکانت لە هەر دوولاوە بگرە هەر دوو بازووت بەرزبکەرەوە و نزم بکەرەوە، بەگورجی، تا چل پەنجا جار لەکاتی مەشقەکەدا هەناسەی قووڵ بدە ئەم مەشقە سێ جار دووبارە بکەرەوە پاش ئەوە ماسولکەکانی هەردوو باڵەکانت با بدە وای بهێنەرە پێش چاوت کە شتێکی زۆرگران هەڵ ئەگریت هەردوو باڵت بەهێواشی بەرزبکەرەوە و نزم بکەرەوە.وابزانە کە بەڕاستی ئەم بارەگرانە هەڵ ئەگریت ئەم وەرزشە هێز ئەدات بەباڵەکان.

وەرزشی چواردەیەم

بەپێوە ڕابوەستە دەست بکە بەهەناسەکێشانێکی قووڵ، ئانیشکەکانیشت دامەزراوبن، نەجوولێن باڵەکانت بجوولێنە بۆ پێشەوە، پاشان بۆ دواوە، بەڵام توندوتۆڵ و گورج و گۆڵانە، تا ئەگەنە ڕاستی شانەکان ئەوەندەی لە تواناتا هەیە، وا بکە خەریک بە، سکە بەڕێکوپێکی هەناسەبدەیت ئەمەیش دووبارە بکەرەوە تا هەست بەماندوێتی ئەکەیت ئەم وەرزشە بەکەڵکی فراوان کردنی سنگ و کەڵەگەت بوون دێت.

وەرزشی پانزەیەم

بەپێوە بوەستە پێیەکانت لەیەک دووربن بنووشتێرەوە بەلای ڕاستتا، تا پەنجەت لە زەویی ئەکەوێ هەروەها بەلای چەپیشتا ئەم وەرزشە دووبارە بکەرەوە ئەم وەرزشە بێت جار دووبارە بکەرەوە.

وەرزشی شانزەیەم

بوەستە بەپێوە ئەژنۆکانت ڕەپ بن، نەنووشتێنەوە هەردوو باڵت بەرزبکەرەوە بۆ سەرەوە پاشـــان لەشت بچـــەمـــێنەرەوە تا هەردوو دەســـتت لە زەوی ئەکـــەوێ بەڵام ئەژنۆکـــانت نەنووشتێنیتەوە، ئەم وەرزشە پانزە تا بیست و پێنج جار دووبارە بکەرەوە ئەم وەرزشە بۆ بەهێزکردنی پشت باشە.

وەرزشی حەڤدەیەم

بەپێوە، بەهێز و هەڕتەوە، ڕابوەستە بە هەردوو دەست یەک لە دوای یەک، بۆ پێشەوە، مست بوەشێنە.

مـست وەشـاندنەکەت، پێـویسـتـە بەگـورجی و بەهێـزەوە بێت چەندت پێ کرا وابکە تا مـاندوویش ئەبیت ئەم وەرزشـە دووبارە بکەرەوە لەکـاتی وەرزش کـردندا، ژمـارەی مـست وەشـاندنەکـانت بزانە، تا بـەرە بـەرە تێ بـگەیت کـە پلەی بـەرگـەگـرتنت بەچ ئەندازەیەک گەیشتووە.



# بەشی سی و چوارەم

## گەڕان و بەهێزکردنی دەمارەمێشکییەکان

گەڕان یەکێکە لەو هۆیە گرنگانەی کە دەمارە مێشکییەکان بەچاکی و تەندروستییەوە ئەهێڵنەوە و هێز و چالاکی بۆ ئەگێڕنەوە گەڕان هەمـوو مـاسولکەیەک لە مـاسولکەکانی لەش وریا ئەکاتەوە و ئەیانخاتە گەڕ، بێ ئەمەی ئەو زیانانەی پێ بگەینێ کە داوودەرمان و وریاکەرەوەکانی تر پێیی ئەگەیێنن لەبەرئەوە گەڕان بەمەشقێکی بێ هاوتا دائەنرێ، کە لە هەمـوو ڕوویەکی تەندروسـتـییـەوە بەکـەڵـک دێ بێـجگە لەوە هەرکـاتێ بمانەوێ ئەتوانین بیکەین، هیچ بەرهەڵستێک لەبەر دەمماندانییە مەگەر ئەو پێڵاوە نەبێ کە لەکاتی گەڕاندا لەپێی ئەکەین.

هەرکەسێ لەوەپێش مەشقی لەسەر گەڕان نەکردبێ، سەری سووڕئەمێنێ لەو ئەنجامە باشـانەی کـە دەسـتی ئەکەوێ ئێمـە لێـرەدا مـەبەسـتـمـان لەو گـەڕانە پڕ ئەرکـە نییـە، کـە مـرۆڤـەکـە بەناچاریی ئەیکات، لەبەر کـاروباری خـۆی، مـەبەسـتـمـان لەو گـەڕانەیە کـە بۆ سرەوتی دەروون و خۆشیی دڵ ئەیکات.

بەڵام ئەو وەرزش کـارانەی کـە وەرزشـە ڕەنگاوڕەنگەکـانی تر بەکـار ئەهێنن، ئەوەیش بەخـراپ نـازانن کـە جـاروبار گـەڕانیـشی بۆ بـکەن چونکە بەهۆی گـەڕانەکـەوە لەشـیـان ڕێکوپێک دەرئەچێ، هەروەها هێزێکی پتریش وەرئەگرێ بۆ بەرگەگرتنی وەرزشە گرانەکانی تر.

ئەو گەڕانەیش کە لەبەر تەندروستی ئەکرێ، ئەبێ بەگیانێکی واوە بکرێ کە پێچەوانەی گیانی ئەو گەڕانەبێ کە لەبەر کاروفرمانەکانمان ئەیکەین چونکە گەڕانی یەکەم بەئارەزوو و خـواسـتی خـۆمـان ئەیکەین کەچی گەڕانی دووەم، حەزی لێ ناکـەین، بەزۆر ئەیکەین. لەبەرئەوە هەرچەندە گـەڕانی تەندروســتی و وریابوونەوە ئەکــەین، پێــویســتــە دەروونمان پڕبکەین لە جووڵان و زیندوویێتی هەروەها هەمـوو ماسولکەیەکیش لە مـاسولکەکانی لەش ببزوێنین، تا بەجۆرێکی تەواو لەم وەرزشە کەڵک وەربگرین.

هەروەها ، ئەبێ بەدڵێکی خۆش و دەموچاوێکی گەشـەوە دەست بکەین بەگـەڕان تا زۆر لەلەش نەکرێ و بێ ئارەزووی خۆی ئەو گەڕانەی پێ بکرێ بەڵام لە بابەت کات و مـاوەی گـەڕانەوە، هەر ئەوەندە ئەڵێین کـە ئەوە بـەپێی هێـز و توانای لەشی مـرۆڤـەکـە خـۆیەتی

هەرکاتێ مرۆڤەکە هەستی بەماندوێتی کرد، پێویستە لەسەری، بوەستێ و پشوو بدات تا بەتەواوەتی ماندوێتیی ئەحەسێتەوە.

چونکە ماندوێتیی لە ئەندازە بەدەر زیان ئەبەخشێ، بەکەڵک نایەت هەروا چاکترە، کە پێش ئەمەی ماندوێتی زەیفت لێ بسێنی، خۆت بوەستێت و بەخۆڕایی خۆت لە پەلوپۆ نەخەیت.

ئەمە دیارە کە هەموو کەسێک ئەتوانێ ڕۆژ بەڕۆژ گەڕانەکەی خۆی درێژتر بکاتەوە هەر خۆبشی ئەتوانێ درێژیی گەڕانەکەی خۆی دیاردیی بکات.

وا لەمەو دوا، هەندێ ئامۆژگاریی گرنگ پێشان ئەدەین، پێویستە هەموو کەس پەیڕەویی بکات.

تا کەڵکی ئەم وەرزشە خۆشە ببێتە گشتی:

کە دەستت کرد بەگەڕان لە پێشدا هێواش بڕۆ بەڕێگادا، بەبێ دەنگی پاش ئەوە بەرە بەرە هەنگاوەکانت گورج بکەرەوە، تا ئەگەیتە ئەو گورج و گۆڵییەی بۆ لەشت بلوێ لەکاتی گەڕاندا، پێویستە هەناسەی قوول قوول بدەیت بەڵام هەناسەکان لەلووتەوە بیاندە، نەک لەدەمەوە سنگت بەتەواویی بکەرەوە و پڕی بکە لەو بایە پاکەی کە هەڵی ئەمژیت کاتێ کە لەو شێوەیەدا باهەڵ ئەمژیت ماسولکەکانی باڵەکانت و سنگت توند بکەرەوە، شانەکانیشت بگێڕێنەرە پاشەوە چونکە ئەم شێوەیە، هێزیشت پێ ئەبەخشێ، بەسامیشت ئەکات ئەگەر هاوڕێیەکیشت لەگەڵابی خراپ نییە بەڵام نەکەیت، لە ڕۆیشتنا، بەر بەرەکانێی لەگەڵا بکەیت چونکە گرەوکردن و بەر بەرەکانی کردن، ماندووت ئەکات، تۆیش پێویستیت بەو ماندوو بوونە نییە.



## بەشی سی و پێنجەم

### خۆرشت و پەروەردەکرنی لەش

کەس نییە، گرنگیی خۆرشت پی لی نەنێ، بۆ بووژاندنەوە و دارشتن و گەشەپێکردن و بەهێزکردنی لەش چونکە خورشتی پاک و پووختە و باش، لەباریا هەیە کە خوێن پاک بکاتەوە، گۆشتە ڕزیوەکان تازە بکاتەوە، کراسێکی جوانی تەندروستی و هێز و هەڕەتیش بکا بە بەر لەشدا.

کەم کەس هەن، بەتەنگ ئەوەوە بن کە ژەمەکانی نان خواردنی ڕۆژانەیان لەگەڵ یەکدا ڕێک بخەن و خۆرشتی تەندروستانەی بەکەڵکیش بۆخۆیان هەڵ ببژێرن.

خۆش بەختانە: وا هەموو کەسێک دەستی کردووە بەپەی بردن بەگرنگیی خواردەمەنیی کاڵ و نەکوڵیو وا خەریکن ئەیانخەنە خۆرشتی ڕۆژانەیانەوە بێجگە لەوە، ئەو خورشتانە وایان لێ هاتووە، بەخۆشییەوە ئەخورێن، وەک جاران بێزیان لێ ناکرێتەوە ئەو تاقی کردنەوە زۆرانەی تا ئێستا کراون، لە لایەن زانایانی خۆرشتەوە، دەریان خستووە کە خواردنی خۆرشتی کاڵ و نەکوڵا و، هەموودەم بەچاکترین ئەنجامان ئەگەێنێ، ئەوی بیانخوات لەشی فێری بەرگەگرتن ئەبێ بەرامبەر نەخۆشییەکان.

ئەگەر لەو کەسانەیت کە گۆشت زۆر ئەخۆن و هەستیش ئەکەیت بەخۆت کە ناتوانیت دەستی لێ هەڵ بگریت، هیچ زیانێک نابەخشێت ئەگەر هەر بیخۆیت، بەمەرجێک تا پێت ئەکرێ لەو بەشەی ئەیخۆیت کەمی بکەیتەوە.

لە ڕاستییدا، ئەگەر خواردەمەنیی نەکوڵاو بخەیتە ناو خورشتی ڕۆژانەتەوە، هەر لەخۆتەوە لە گۆشت خواردن سارد ئەبیتەوە چونکە ئەم خواردەمەنییە نەکوڵاوانە لەوانەن کەوات لێ بکەن، گۆشت زۆر نەخۆیت، هەر شتێکیش لەوانەبێ زیان بەتەندروستیت بگەیێنێ خۆتی لێ دوور بخەیتەوە.

لەبەرئەوە یەکەم ئامۆژگاریمان بۆ خوێندەوار ئەوەیە کە لە گۆشت خواردندا، مام ناوەندیی بکات، بەڵام لە خۆرشتە زیندووەکان زۆرتر بخوات وەک دانەوێڵەی تەواوی بەتوێکڵەوە (نەبێژراوە)، میوە و سەوزەواتی تازە، هێلکە و ماست، بادام و گوێز و فندق.

دیارە ئێمەیش لەم بەشەدا، بەتەنگ ئەوەوە نین کە لە لێکۆڵینەوەی خۆرشتە ڕەنگاوڕەنگەکاندا بەتەنگ ئەوەوەین، کە گرنگییە گەورەکەی خورشت بۆ خوێندەوار

دەربخەین، کە چ دەستێکی هەیە لە پێکهێنانی هێزی زیندوودا لەناو لەشدا ئەمەیش لە خوێندەوار خوێندنەوەی نووسراوانی بابەتی خۆرشت، بەربەست ناکات مەبەستمان لەمە ئەوەیە، کە ڕاستیی ناوەڕۆکی ئەم نووسراوەی بۆ دەربکەوێ، تا زۆرتر هۆگری نووسراوەکە ببێ.

بەنا بەدڵ هیچ مەخۆ چونکە هەر خواردنێک بەزۆر خورا زیانی زۆرتر ئەبێ لە کەڵکی نەکەیت توخنی ئەو خواردنە خراپانە بکەویت کە بەکەڵکی لەش نایەن.

ئەبێ لە پێش هەموو شتێکا سەرنج لەوە بدرێ، کە گۆڕینی یاسای خواردن، نابێ بەجارێک پێک بێ ئەبێ.

بەشێنەیی و هێواش هێواش پێک بێ کەواتە هەندێ خواردنی تایبەتی هەن، بەجارێک خۆتیان لێ دوور مەخەرەوە و بیانگۆڕیتەوە بەخواردنی بەشێنەیی و هێواش هێواش پێک بێ پێچەوانەی ئەوان چونکە شێوەی گۆڕینی یاسای نان خواردن بەم جۆرە پێک دێ، کە یەک لەدوای یەک جۆری خواردنەکان بگۆڕیت.

وا سەرنج دراوە کە توانای خواردن سازکردن لەناو لەشدا بەپێی مرۆڤ ئەگۆڕێ دوورنییە کەسێکی وا هەبێ کە بتوانێ جۆرە خواردەمەنییەک بخوات و لەناو سکیا تەواو سازی بکات و بەلەشی بکەوێ و گۆشتی پێ بگرێ.

کەچی هی وایش هەبێ کە ئەو خواردنەی پی نەخورێ و پێی نەکەوێ چونکە لەناو سکیا ساز نابێ؛ لێرەدا گرنگی ئارەزووکردنی خواردن دێتە پێشەوە، کە ئەبێ پشتی پێ ببەسترێ لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئارەزووی پیاو تێک ئەدات بۆ نان خواردن، زۆر خۆرییە، یاخود خواردنی خورشتیکە کە لەش پێویستیی پێی نەبێ لێکدانەوەی ئەوەیش: کە پیاو ئارەزووی خواردنی وا خراپ ئەکات کە زیان ئەگەیێنێ بەلەشی، ئەوەیە کە ورگ هەندێ خواردنی ترشاوی تیایە، ئەیەوێ ڕزگاری بێت لەدەستی.

جا بۆ دەرپەڕاندنی ئەم خواردنە ترشاوە لەناو ورگدا. ئاشگ پێویستیی بەبەشێکی گەورەتر هەیە لە (ئاوی ناو ئاشگ) لەبەرئەوە ئارەزووی خواردن کردنی مرۆڤەکە تێک ئەچێ چونکە ئارەزووکردنی خواردنەوەی مەی، بۆ کردنەوەی ئارەزوو بۆ خۆرشت خواردن، واتاکەی ئەوەیە کە زگ پڕە لەو خواردەمەنییەی کە مرۆڤەکە بێ ئەمەی پێویستی پێی هەبێ خواردوێتی.

خواردنەکەت باش بجوو، تا زۆر شل ئەبێتەوە، ئەبێ بە ئاو، ئنجا قووتی بدە تا گەش و



دڵخۆشیش نەبیت دەست مەکە بەنان خواردن هەروەها، هەتا پێویستییەکی ڕاستەقینەت نەبێ بەخورشت، هیچ مەخۆ چونکە خواردنی بەزۆر، کەتنێکە دەربارەی لەش ئەکرێ نرخی خواردەمەنییش لەوەدانییە کە مرۆڤەکە زۆری لێ خواردووە، نرخی ئەو لەوەدایە کە چ کەڵکێکی لێی دەست کەوتووە زۆر خواردنیش ئەبێتە هۆی مانەوەی هەندێ خواردەمەنی ترشاو لەناو زگا، کە پێویستە لەسەری فڕێی بداتە دەرەوە.

هەروەها ئەوەیش ئەگەیێنێ، کە خوێن لە ماسولکەکانی ترەوە ڕابکێشێتە ناو ئاشگەوە تا ئاشگ بەکاری بهێنێ بۆ یارمەتیی خۆی لە دەرپەڕاندنی ئەو خواردنە ترشاوەدا کە وەک بارێکی گران لەناویا کۆبۆتەوە.

چاوەڕوان بە تا ئارەزوویەکی ڕاستەقینەی خواردن ئەکەیت چڵێس مەیە، هەموودەم خواردن بخۆیت ئەگەر هاتوو برسیت بوو، تەندروستی و هێزێکی تازە دێتە ناو لەشتەوە چونکە خواردنی لەسەر برسێتی، کەڵکی زۆرتر ئەبێ بۆ لەش لەو کاتەدا هەست بەخوێنێکی پاک ئەکەیت بەناو دەمارەکانی لەشتا ئەڕوات.

جا چونکە خورشتەکەت ، پڕە لەو کەرەستانەی کە پێویستن بۆ داڕشتنی لەش، پێویستە لەسەرت ئەو خواردنانە بخۆیت کە ورگت پێی ساز ئەکرێن چونکە هەروەک لەوە پێش گوتمان، کەڵکی خواردەمەنی لەزۆریی دانییە، لەوەندایە کە لەش کەڵکی لێ وەرئەگرێ.

کاتێ کە هەست بەتێربی ئەکەیت، یاخود ئیتر ئارەزووی خواردن ناکەیت، لە خواردن بوەستە، لەوە بەولاوە مەخۆ.

خواردنێک مەخۆ کە لە ئاردی سپی دروست کرابێ و کەپەکەکەی لێ بێژرابێتەوە چونکە خواردنی وەها هیچ زیندوێتی یەک ناگەیێنێ بەماسولکەکان، یاخود بەهۆش ئەو کەپەکەی کە لە ئاردەکەی جیا ئەکەینەوە، لە گەنمەکەدا لەهەموو شتێک بەنرخترە زۆر جاری وا هەیە، نانی سپی ئەبێتە هۆی ڕاستەوڕاستی گرفت لەبەرئەوە لەگەڵ ژەمە خواردنەکانتان هیچ نانێک مەخۆ، نانی بۆر نەبێ، کە لە ئاردی نەبێژراوە و کەپەک دار دروست کراوە چونکە خورشتێکی باشە و یەجگار بەکەڵکیشە بۆ لەش.

هەر خواردەمەنییەکیش ئاردی لەناودا بێ، ئەبێ لە ئاردی نەبێژراوەی کەپەک داربێ، نەک لە ئاردی سپیی بێ کەپەک بەم ڕەنگە زۆری پێ ناچێ، هەست بەلەشت ئەکەیت، کەوتۆتە ناو ژیانێکی تازەوە، کە تەواو لە ژیانی پێشووی جیاوازە هەروەها هەست بەژیانت ئەکەیت، پڕبووە لە تەندروستی و چالاکی و کامەرانی.

خۆت ڕابهێنه بەئارەزووی خواردنی میوەی تازەوە چونکە لە هەموو شتێک باشترە کە پشتی پێ ببەستێ.

بەکورتی، پێویستە خورشتی تەندروستانە زۆر بخۆیت، هەروەها خۆیشت لەو خواردەمەنییە زیاندارانە ڕزگار بکەیت، کە گەلێک کاری چێشت لێنانی پرپێچ و پەنایان بەسەردا تێپەڕیووە تا بوون بەچێشت، یان بەخواردەمەنی پێویست بەقسەکردن ناکات کە بڵێین دوو ژەم لە ڕۆژێکدا باشترە لە سێ ژەم، بۆ ئەوەی مرۆڤ خورشتی تەواو ببەخشێ بەلەش خۆی هەموو دەم ئەوەت لەبیربێ، کە زۆر خواردن، ئەنجامی ئەوەیە: ئاشگ بەتەواویی لە کار ئەخات . (ئاوی ناو ئاشگ)یش توانای ئەوەی نامێنێ، کە کاروفرمانی خۆی بەتەواویی و دروستییەوە جێ بەجێ بکات. واتای ئەمەیش ئەوەیە، کە خواردنەکە ناتوانێ هێز و زیندوێتی بدات بەلەش چارەی تاک و تەنیایش، بۆ ئەمە هەر ئەوەیە، کە لە خواردنەکانت کەم بکەیتەوە، بۆ ئەمەی زۆرتر کەڵک ببەخشیت بەلەشت لەو خورشتەی کە ئەیخۆیت.

ڕۆژووی تەواویش لە توانایدا هەیە کە کەلوپەلی (خواردن سازکردن لەناو لەشدا) بخاتەوە سەر هێزی جارانی خۆی بەجۆرێکی وا کە فرمانی خۆی بەتەواوەتی بەجێ بهێنێ.

بەڵام پێش ئەمەی دەست بکەیت بەڕۆژوو گرتن، پێویستە لەسەرت: ماوەی بەرگەگرتنی خۆت و توانای لەشت بزانیت تا ڕۆژووەکە بەکەڵکت بێت، نەک ئازارت بدات.



## بەشی سی و شەشەم

### خۆشتن و بەهێزکردنی دەمارەمێشکییەکان

کەس نییە، گرنگیی پاک و خاوێنی لەش، پێ لێ نەنێ، لە پێشکەوتنی نەتەوەکاندا ژاپۆنیاییەکان نەتەوەیەکی تەواو خەمخۆرن بەرامبەر پاک و خاوێنی لەشیان ئەو کاتەی خۆیان ئەشۆن، فرمانێکی پێویستی خۆیان بەجێ ئەهێنن. کە ناتوانن نەیکەن.

ئەوەیش کە لە بابەت نەتەوەوە ئەگوترێ، لە بابەت تاک و تەرای نەتەوەیشەوە هەر ئەگوترێ چونکە پێستی پاکژ، پێویستە هەبێ، بۆ ئەمەی مرۆڤ هەر ئاواتێکی هەبێ بۆ پەیداکردنی هێز و زیندوێتی دەستی بکەوێ ئەویش لەبەرئەوەنییە کە لەش چڵکنی، خۆی زیان بەخشە بۆ لەش، لەبەرئەوەیە کە کونەکانی پێستی لەش ئەگرێ و ناهێڵێ فرمانی خۆی بەتەواوەتی جێبەجێ بکات لەبەرئەوە ئەندامەکانی تری لەش کە بابەتی پڕوپووچی ناو لەش فڕێ ئەدەنە دەرەوە، بارێکی تریش دێتە سەرشانیان کە بەتەواوەتی پێیانەوە ماندوو ئەبن بەڵام وەک سەرنج ئەدرێ، زۆر بەکارهێنانی سابوون و ئاوی گەرم، ئەو کەرەستە پڕ ڕۆنەی کە لە پێستی لەشدایە، پێی لەناو ئەچێ پاشان وای لێ دێ وشک و ڕەق ئەبێ ئەم ڕاستییەیش، کەس نییە پێی لێ نەنێ، بەتایبەتی ئەوانەی کە تاقییان کردۆتەوە لەبەرئەوە خۆشتن بە ئاوی گەرم، نابێ لە دووجار، یان سێ جار، زۆرتر بکرێ، لە حەفتەیەکا.

بەواتەیەک: لەش خۆی خۆی پاک کاتەوە گیانلەبەرەکان وان بەڵام ئەم واتەیە، هەڵەیە، هیچ ڕاستییەکی تیانییە چونکە گیانلەبەران، لەشیان بەر با ئەکەوێ بەپێچەوانەی مرۆڤەوە کە ڕەنگە لەشی ئەو چڵکن و پیسییە بمژێ کە لەسەر پێستی کۆئەبێتەوە بەڵێ ئەگەر ئەم پێستە پاک نەشۆرێ لەش وا لە چڵکەکەی ئەکات بێجگە لەم زۆربەی گیانلەبەران پڕ بەدڵ حەز بەخۆشتن ئەکەن، کە ئاو لە لەشیان ئەکەوێ زۆر شادمان ئەبن.

ئەمەیش وا ئەگەیێنێ کە گیانلەبەران، لەم ڕووەوە ژیانێکی تەندروستانەی تەواو ئەژین لەسەر ڕو ئەوەیشەوە گیانلەبەران هیچ بەرگێک ناپۆشن، کە نەهێڵێ با لە لەشیان بدات و کونەکانی پێستیان بەربەست بکات لە بەجێ هێنانی فرمانی خۆیان. کەواتە پێست ئەبێ، هەموو دەم لە تەندروستییەکی تەواو دابێ.

تا کونەکانی ناوی بتوانن فرمانی خۆیان بەتەواوەتی بەجێ بهێنن جا لێرەوە، گرنگی

خۆشتن دەرئەکەوێ کە ئەبێتە هۆی وریابوونەوەی پێست و پاک کردنەوەی کونەکانی لەو چڵکانەی تیایاندا کۆئەبنەوە.

خۆشتنی زۆریش- وەک زۆر خۆریی و زۆرجوولآن- جاری وا هەیە ئەبێتە هۆی وەڕس بوون و بێزاریی مرۆڤەکە، بەتایبەتی ئەگەر ئاوی گەرم زۆر بەکاربهێنێ.

بەڵام ئەگەر لە هەفتەیەکا دووجار یان سێ جاری بەکاربهێنایە، لەشیشی بەتەواویی پاک ئەبووە وە و هیچ زیانێکیشی پێ نەئەگەیشت.

کاتێ کە تۆیش دەست ئەکەیت بەچاککردنەوەی خۆت لە ڕوویەک لە ڕووەکانی کزیی ڕەگەزبازییەوە، پێویستە وەرزشەکانی بەرەبەیان مەشق بکەیت،[1] پاش ئەوە لەش سوونەوە، لەباریا هەیە پێست وریا بکاتەوە و کونەکانیشی یارمەتی بدات کە هەناسەی تەواو بدەن.

هەروەک لەوە پێش گوتمان ئەم لەش سوونەوەیەیش وا ئەکرێ کە خاولییەکی وشک بخشێنرێ بەسەر پێستی هەموو بەشێکی لەشدا هەروەها، لەش سوونەوە، ئەوەیشی لەباردا هەیە، کە بێجگە لە بەهێزکردنی پێست، گەڕانی خوێنیش لەناو دەمارەکاندا گورج بکاتەوە.

بێ گومان، پێست لە پێشەوە، بەهۆی لەش سوونەوەکەوە هەندێک ئازاری پێ ئەگات.

بەڵام لەپاش چەند ڕۆژێک لەش سوونەوە، پێستە کە ڕادێ و بەهێزیش ئەبێ زۆری پێ ناچێ مرۆڤەکە پێستێکی دروست و تەواوی دەست ئەکەوێ کە هیچ چرچ و لۆچێکی ناشیرینی تیا نەبێ.

هەموو دەم وا بەباش ئەزانرێ، کە دوای لەش سوونەوە نیوە خۆشتنێک بەئاوی سارد بکرێ کە نابێ لە وردیلەیەک زۆرتری پێ بچێ کە لە خۆ تەڕکردنەکە بوویتەوە، لەشی خۆت بەخاولییەکی زبری وشک، تەواو وشک بکەرەوە.

بەڵام ئەگەر لەشت بەرگەی ئەم جۆرە خۆشتنی ئاوی ساردە نەگرێ، ئەتوانیت سیپالێک لەناو ئاوی ساردا تەڕ بکەیت و لەشی خۆتی پێ تەڕ بکەیت پێویستە وردە، وردە خۆت ڕابهێنیت بەنیوە خۆشتنی ناو ئاوی ساردەوە.

لەش سوونەوە و خۆشتنی ناو ئاوی سارد، لەشتە هەرە گرنگەکانن کە هێز و هەڕت

(١)مەشق بکەیت: بەمانا (بەجێ بێنیت- ئەنجامدەیت).



ئەگێڕنەوە بۆ لەش ئارام ئەبەخشنەوە بەدەمارە مێشکییەکان کەواتە ئەبێ زۆر بەتەنگ بەکارهێنانی ئەم چارەکردنە سروشتییەوە بیت تا بتوانیت تەندروستی و هێزی تەواو بۆ خۆت ڕزگار بکەیت.

کەسانی وا هەن لە بەکارهێنانی ئاوی سارد ئەترسن. بەلای ئەوانە وایە، کە بەرگەی ئاوی سارد ناگرن بەڵام گرتنی ڕێگای دروست لە خۆشتندا، لە باریا هەیە کە یارمەتییەکی تەواوی ئەوانە بدات و ڕایشیان بهێنێ بە خۆشتنی ناو ئاوی ساردەوە، بێ ئەمەی تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتێکیان بێتەڕێ لەبەرئەوە کاری شێنەیی و هەنگاو بەهەنگاو، لە هەموو شتێک باشترە بۆ ئەوەی مرۆڤەکە بگاتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانێ نیوە خۆشتنی ناو ئاوی سارد بکات.

هەر کەسێ لەشی خۆی- لەپێش کەوتنە ناو ئاوی ساردەکەوە- بەتەواویی سووەوە، هەست بەخۆی ئەکات کە لەشی هێز و زیندوێتییەکی تەواوی پەیدا کردووە، کە بەهۆی ئەوانەوە ئەتوانێ بێ ترس و لەرز خۆی فڕێ بداتە ناو ئاوە ساردەکەوە لەبەرئەوە، هەموو دەم پێویستە، لەپێش خۆ فڕێ دانە ناو ئاوی ساردەوە لەش سوونەوە بەکار بهێنێت، تا وای لێدێ بێ لەش سوونەوە بەرگەی ئاوە ساردە کە بگریت.

بەڵام ئەگەر لەپاش چوونە ناو ئاوی ساردە کە تووشی لەرزهاتیت، هەر ئەوەندە چەند وەرزشێک بکەیت گەرمایی ئەکەوێتەوە ناو لەشت.

ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە کۆبوونەوەی چڵک بەسەر پێستی لەشەوە، لە هەموو شتێک زۆرتر تووشی دەرد و نەخۆشیی ئەکات چونکە ئەم چڵکانە لە ڕێگای کونەکانی ناو پێستەوە[1] ئەچنەوە ناو لەش ئێمە هەروەک بای پاک لە ڕێگای سییەکانمانەوە هەڵ ئەمژین، لە ڕێگای کونەکانی ناو پێستیشەوە هەڵی ئەمژین جا هەرچەند ئەم کونانە گیرابن ، یاخود پیس بووبن بەهۆی ئەو چڵکانەوە، ئەو بایەی هەیەو لەو کونانەوە نایەتە لەشمانەوە، یاخود دێتە ناو لەشمانەوە، بەڵام بەناپوختەییەوە دێ.

هەر کەسێ بەڕێکوپێکی خۆی بشوا و پێستی خۆی پاک بکاتەوە، هەرگیز پەشیمان نابێتەوە چونکە سەرچاوەیەکی تەواوی دەست ئەکەوێ لە تەندروستی و زیندوویێتیدا ئەوەیش بزانە کە هەرکەس پیس بێ، بەمرۆڤێکی تەواوی زیندوو دانانرێ لە ڕاستیدا بەپیاوێکی نەخۆش دائەنرێ کە خراپە لەگەڵ خۆی و خراپە لەگەڵ کۆمەڵگەیشیدا ئەکات،

(١) ڕاستتر: کونەکانی سەر پێستەوە.

که لەناویا ئەژی چونکە پیسی هەموودەم جێ لەوەڕێکی باشی دەرد و نەخۆشییە هەرکەسێ ڕێگەی پاک و خاوێنی گرتبێتە بەرخۆی، بەتەواوەتی گەیشتۆتە تەندروستی و زیندوویێتی.

تەندروستی و زیندوێتیش بەئاسانی دەستمان ئەکەون، ئەگەر بێتو بەرێکوپێکی پێستی خۆمان پاک بکەینەوە و هەناسەدانێکی دروستیش بۆ کونەکانی ئامادە بکەین کە هیچ شتێک بۆ ژۆی نەکردبێ پاشان بۆت دەرئەکەوێ کە هەموو بەشێک لە بەشەکانی لەش دەستی کردووە بەژیانێکی تازە، کە سەرلەنوێ هاتۆتەوە ناوی هەناسەدانی پێستیش، پاک کردنەوەی خوێن ئەگرێتەوە ئەگەر بتوانین کونەکانی ناو پێست پاک بکەینەوە، بەجۆرێکی وا کە ئۆکسجین بگاتە ناو لەشەوە، خوێنی پاکمان بەئاسانی دەست ئەکەوێ.



## بەشی سی و حەوتەم

### بای پاک و دارشتنی لەش

لەم دواییەدا یەکێک لە زاناکانی تەندروستی بڕیاریدا کە مرۆڤ بە با زۆرتر ئەژی لە خۆرشت ڕەنگە ئەم ڕاستییە، لە سەرەتادا، هەندێ سەرسووڕمان بخاتە مێشکی مرۆڤەوە بەڵام زانستی نوێ، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و تاقی کردنەوەکانی خۆیدا بۆی دەرکەوت کە ڕاستە.

کەواتە با کەرەستەیەکی گرنگی ژیانە پێویستە هەموو گیانلەبەرەکان بەشی خۆیانی لێ وەربگرن، تابتوانن بژین بەهێز و تەندروستییەوە ئەمە ڕاستە، کە پیاو ئەتوانێ لەناو بای ناپوختەدا بێ بەڵام هەروەک سەرنج ئەدرێ ئێمە ناڵێین ئەژی، ئەڵێین ئەبێ هەر ئەمەندە بەسە بۆ پێشاندانی گرنگیی با سەیر ئەوەتا زۆربەی کەسان ئەوە نازانن کە بای پاکژ گرنگە لە دارشتنەوەی لەش و گێڕانەوەی هێز و زیندوێتیدا بۆلەش هەندێکیشیان ئەم ڕاستییە ئەزانن بەڵام خۆیانی لێ گێل ئەکەن ئەم ناشێتییەیش پەڵەیەکی سەرشۆڕییە بەناوچەوانی مرۆڤایەتییەوە چونکە ئەوە ئەگەیێنێ کە مرۆڤ ئەوە ناناسێ کە پێی ئەژی.

چونکە ئەو ئۆکسجینەی کە بەشێکە لە لەشی با[1]، خۆرشتێکی گرنگە، لە ڕاستیدا گرنگترین کەرەستەیە کە لەشی پیاوی لێ پێک دێ.

چونکە مرۆڤ ئەتوانێ شەست ڕۆژ بژی، بێ ئەمەی خورشتێک بخوات هەروەها چەند ڕۆژێکیش بێ ئاو، ئەتوانێ هەڵ بکات.

بەڵام بێ با، ناتوانێ لە پێنج وردیلە بەولاوە لە ژیاندا بمێنێتەوە.

تۆیش کە لەم ڕاستییە ورد ئەبیتەوە، گرنگیی ئۆکسجینت بۆ دەرئەکەوێ بۆ ژیان و هێز و تەندروستیی لەشت لە ڕاستیدا بای پاک یەجگار پێویستە بۆ گێڕانەوەی هێزی ڕەگەزبازیی و هێزەکانی تر بۆ لەش بێجگە لەوە بەبێ هەڵمژینی بای پاک، ناتوانین ژیانێکی تەواوی تەندروستانە بژین.

لە تەوژمەکانی با هەرگیز ترست نەبێ چونکە ئەم ترسە، لەپێش کاتی مەرگا، گەلێکی لەناو بردووە و کوشتوێتی.

وای نابینی ئەوانەی لە تەوژمی با ئەترسن، هەمووەدەم تووشی سەرما دێن و نەخۆش

(١) ڕاستییەکەی ئۆکسجین بەشێکە لە پێکهاتەی (با- هواء).

ئەکەون؟ لە ڕاستیدا خۆپاراستنی بێ ئەندازە لە تەوژمەکانی با، پشتگیریی خاوەنەکەی خۆی ناکات لەبەرەنگاری کردنی نەخۆشییەکانی سەرمادا چونکە ئەو کەسەی لە تەوژمەکانی با ئەترسێ، هەموودەم بەکزیی و لاوازیی و نەخۆشییەوە ئەبینرێ، یان سەرما لێی داوە[١]، یاخود نەخۆشییەکانی تری تووش هاتووە بەپێچەوانەی ئەوە، ئەو کەسەی دەربەستی با لێ کەوتن نەبێ و لێی نەترسێ و خۆی لێ نەپارێزێ، هەمووەدەم بەهێز ئەبێ و تەندروست ئەبێ چونکە سییەکانی پڕ ئەبن لە بای پاکژ، کە تەندروستی و زیندوێتیی پێ پەیدا ئەکات.

لەپێش هەموو شتێکا ئەوە بزانە، کە هەڵمژینی بای پاکژ بەشێکی هەموو دەمییە لەو ڕێگا سروشتییانەی کە لەم نووسراوەدا ناومان بردوون بۆ چاککردنەوەی نەخۆشییەکان.

بۆ ئەمەی بای پاک هەڵ بمژیت، پێویستە لە ژوورێکدا بنویت کە بای پاکی باشی تێ بێت پەنجەرەکانی ژووری نوستنت بکەرەوە هەمووەدەم لە جێگایەکدا بە، کە پڕبێ لە بای پاک بای ئەو ژوورەی تیا دائەنیشێت وەک ئەو بایەی لێ بکە کە لە دەرەوەی ژوورەکەدایە کە هەناسەیش ئەدەی، هەناسەی قووڵ بدە تا ئەتوانیت هەناسەکانت قووڵ بن.

مەهێڵە هیچ هەناسە دانێکت بێ کەڵک بێ، چونکە با بریتییە لە ژیان هەرچەند، بایەکەی هەڵی ئەمژیت پاک بێ، ئەوەندە ژیانت خۆشتر و چاکتر ئەبێ ئۆکسجین گرنگترین بەهێزکەرانی جیهانە ئەویش لەبەرئەوەیە، کە خۆرە (میکرۆب) ئەکوژێت و لەشیش لە چڵک و پیسی پاک ئەکاتەوە.

هەروەها لە کاری خواردن سازکردنی ناو ورگیشدا یارمەتی ئەدات بۆ پێستیش هەڵ دەست ئەخات کە فرمانەکەی خۆی لە شێوەیەکی یەجگار تەواودا بەجێ بهێنێ دیارە ئەگەر تۆیش وا ڕاهاتبیت کە لە ژوورێکی پەنجەرە داخراودا بژیت، یاخود جلوبەرگی ئەستوور لەبەر بکەیت، لەترسی نەخۆشییەکانی سەرما نابێت ئەم یاسایەی خۆت بەجارێک بگۆڕیت چونکە بێ گومان تووشی زیان ئەبیت چونکە لەم ڕووەوە، لەشی مرۆڤ لە گژوگیایەکی ناسک ئەکات کە لەناو سێبەردا گەورە بووبێت و بەرگەی ڕۆژ و با نەگرێت[٢].

جا ئەگەر ئێمە ئەم گژوگیایەمان خستەبەر ڕۆژ و با، لە ڕاستیدا بەکوشتی ئەدەین ئەوەی لەبابەت ئەو گژوگیاناسکەوە ئەگوترێ، لەبابەت لەشی مرۆڤیشەوە ئەگوترێ جا چونکە

---

(١) سەرما لێداو: بابردەڵە.

(٢) ڕاستتر: بەرگەی تیشکی ڕۆژو......... .



لەشی مرۆڤەکەیش بەوە ڕاهاتووە کە لە جێگای گەرمونەرما بنوێت، نابێ وا زوو بخرێتە بەربا، ئەگینا تووشی دەرد و نەخۆشی ئەبێت.

جا ئەگەر ویستت ئەو یاسا کۆنە بگۆڕیت کە ئەم هەموو دەمە لەسەری ڕۆیشتوویت و زیانت بەخۆت گەیاندووە، بەشێنەیی بیگۆڕیت چاکترە یاسای وردە وردە و هێواش هێواش و هەنگاو بەهەنگاو بەکار بهێنە چونکە لە هەموو یاسایەک گرنگتر و بەکارترە ئەویش بەم ڕەنگە کە لە شەوی یەکەمدا کەمێک ڕێ بدەیت بابێتە ژووری نوستنەکەتەوە پاش ئەوە لەشەوەکانی داهاتوودا بەرەبەرە، بەشی ئەو بایە کە دێتە ناو ژوورەکەوە، زۆری بکە، تا تەواو پەنجەرەکان ئەکەیتەوە بۆ با بەڵام ئەگەر وانەکەیت و، هەموو پەنجەرەکان لەیەکەم شەودا بکەیتەوە بۆ با، لە ئازار و نەخۆشی ڕزگارت نابێ.

جا هەرکەسێ خۆی وا ڕاهێنابوو، کە لە با خۆی بپارێزێت، نەوەک تووشی نەخۆشییەکانی سەرما ببێت، پێویستە بە زووترین کات یاسای خۆی بگۆڕیت چونکە فێرکردنی لەش بەناز و نووزەوە، خەمخۆریی بێ ئەندازە لە پاراستنیا، ئەمانە لەش وا لێ ئەکەن کە لە هەموو کاتێکدا لەوانەبێ تووشی سەرمابێ بێجگە لەوە هیچ هێز و زیندوێتییەکیش ناگەیێنن بەلەش، کە هەردووکیان بەکۆڵەکەی ژیانی تەواو دائەنرێن.

ئێستایش، تۆ ئەگەر لەوانەیت کە ڕێگای تەندروستی و کارگوزاریت لێ ون بووە، پێویستە ڕابردووی خۆت بەرەڵلا بکەیت بۆ خۆی و، لاپەڕەیەکی تازە دەست پێ بکەیتەوە لە ژیانتا، کە پڕبێ لە هێز و زیندوێتی ئەوەیشت لەبیر نەچێ، کە سروشت لە هەموومانی وا ئەوێ، کە بای پاک و پوختە و باش هەڵ بمژین، نەک بای ناپوختە.

چونکە خوای گەورە، کە مرۆڤی دروست کرد لەناو بایەکی پاک و خاوێندا دروستی کرد هەر کەسێکیش پێچەوانەی یاسای سروشت بجووڵێتەوە، هەر ئەبێ تووشی سزای خۆی ببێ.

ئەوەندەی بۆت ئەلوێ و پێت ئەکرێ، هەر ڕۆژەی جارێک لەشی خۆت بدەرە بەر با چونکە ئەم جۆرە خۆشتنە لەو شتە هەرە گرنگانەیە کە ئەتگەیێنێت بەتەندروستیی ڕاستەقینە و کارگوزاریی زۆر کە لە خەو هەڵ ئەستیت، خۆت ڕووت بکەرەوە و دەست بکە بەمەشقی وەرزشەکانی بەیانیانت، بەمەرجێ پەنجەرەکان، هەموو لەسەر پشت بن لێرەیشا ئێمەو گرنگیی یاسای هەنگاو بەهەنگاو دووبارە ئەکەینەوە، لە کردنەوەی دەرگای پەنجەرەکاندا لە ڕۆژی یەکەمدا پەنجەرەکە کەم بکەرەوە لە ڕۆژی دووەمدا زۆرتری بکەرەوە

بەرە بەرە پەنجەرەکان زۆرتر بکەرەوە تا وات لێ دێ هەموویان بەجارێک بکەیتەوە ئنجا وەرزش لە ژوورەکەتا بکەیت هەمووددەم ئەوەت لە بیربێ، کە گەرم بوونەوەی ڕاستەقینەی لەش ئەوەیە کە لەناو خۆی دابێ، نەک لە دەرەوە بۆی هاتبێ هیچ کەڵکێک لەوەدا نابێ کە بای ناو ژوورەکە گەرم ڕابگریت، تا خوێن لەناو دەمارەکانی لەشتا بەزیندوویتی و گورج و گۆڵییەوە گڤە نەکات ئەوەیشت لەبیربێ، کە با هەرچەندێ لەپاش چەند لەش بزووتنەوەیەک لە مەشقەکانی بەیانیاندا گەرموگوڕدادێیت لەشت وریا ئەبێتەوە، ئیتر هەست بەسەرما ناکەیت.

لە ڕاستییدا، خۆپاراستنی مرۆڤ و ترس و و لەرزەکەی لە نەخۆشییەکانی سەرما، ئەچێتە بابەتێکی ترەوە هەرکەسێ بێ باکیی بەکارهێنابێ لە ژیانیا، هەمووددەم سوپاسی ئەو ئەنجامە باشانە ئەکات کە دەستی کەوتوون لەمەو پێش شتی وامان گوتووە کە ڕاستیی ئەم قسەیە بەتەواوەتی دەربخات.

چونکە پێست ئەبێ، هەموو دەم، لە بەربای پاکدا بێ، تا کونەکانی ناوپێست بەهۆی گەڕانی خوێنەوە کە لەناو دەمارە وردکەڵەکانی خوێندایە، وریا ببنەوە. گەڕانی خوێنیش وا لەم دەمارە وردکەلانە ئەکات کە زۆرتر بەربا بکەون ئەمە یەک. دووەمیش ئەوەیە کە ئۆکسجین لە ڕێگای ئەو کونانەی ناو پێستەوە زۆرتر دێتە ناو لەشەوە.

ئا ئەمەیە لێکدانەوەی ئەو کەڵکە گەورەیەی کە پیاو دەستی ئەکەوێ، ئەگەر لە هەموو کات و لە هەموو جێگەیەکدا بای پاک هەڵ بمژێ جا لەبەرئەوەیە کە بەپێویستی ئەزانین هەموو کەسێک، هەموو ڕۆژێک خۆی بداتە بەربا، تا ئەو تەندروستی و هێزەی کە ئاواتیان بۆ ئەخوازین دەستی بکەوێ هەروەها دەست ئەو کەسانەیش بکەون کە بڕیاریان داوە دەستیان بکەوێن خۆشتنی ناو بایش بەم جۆرە پێک دێ کە لەش بدرێتە بەر بار، تا چاکترین ئەنجامی دەست بکەوێ ئەوەندەی پەیوەندیی بەگرنگیی پێستدا نە بەر بای پاکەوە هەیە، بەتەواوەتی لێی دواین بەتەنشت ئەو قسانەیشەوە ئەڵێین کە ئەم خۆشتنی بایە سرەوت ئەبەخشێ بەدەمارە مێشکییەکان.

خۆت ڕابهێنە بەخۆشەویستییەکی هەموو دەمییەوە بەرامبەر بای پاک و خاوێن کە خۆت ڕاهێنا بەم خووەوە، زۆری پێ ناچێ هەست بەتەندروستی و هێز ئەکەیت، کەوتوونەتە ناو لەشتەوە بای پاک و خاوێن گەنجێکە، کەس لە توانای دانییە نرخی خۆی بداتێ.

چونکە ئۆکسجین بریتییە لە ژیان، خۆی بریتییە لە ڕووی هەرە ڕاستی، هەرە پڕ



کامەرانی ژیان هەر کەسێ ئەیەوێ، ژیانێکی تەواو بژی و نرخیش بەژیانی خۆی بدات، پێویستە تا پێی ئەکرێ کەڵک لەو ئۆکسجینە وەربگرێ کە لەناو بادایە کەمێتیی ئۆکسجین لەناو ئەو بایەدا کە پیاو هەڵی ئەمژێ ، لەوانەیە ژیانی لێ تێک بدات، دەرد و نەخۆشیی وایشی تووش بکات کە پێویستە خۆی لێیان دووربخاتەوە.

(بۆتۆن) ئەڵێ: (کە پیاو بایەکی ناخاوێن هەڵ بمژێ، واتای ئەوە وایە خوێنەکەی، وەک پێشوو، بەپاکی نەماوەتەوە، هەروەها وایش نەماوەتەوە، وەک پێویست بێ ئنجا کە خوێن وای لێهات، پاک نەبێ، خورشتدان بەلەشیش پڕ لە کەموکووڕیی ئەبێ لە هەر هەناسەیەکدا کە مرۆڤەکە ئەیدات، کەرەستەی ژەهراویی وا لەسنگی دێتە دەرەوە، کە بەشی پیس کردنی مەرکانەیەک ئاو بکات).

## بەشی سی و هەشتەم

### کارتێکردنی هۆش لە لەش

هەمووەدەم خۆت وا ڕابهێنە کە هۆشت فەرمانڕەوابێ بەسەر هەموو کاروبارێکتا، بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەندیی بەلەشەوە هەیە هەر کەسێک ئەم خووەی گرتبێ، کە یەجگار باشە، بێ گومان، ژیانی لە هەموو ڕوویەکەوە ڕوو ئەکاتە چاکی چونکە، ئەبێ لەش، لە هەموو دەمێکا لەژێر چنگی هۆش دا بێ ئەم یاسایە کە، کەس نابێ لێی بچێتە دەرەوە ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە ئارەزووە نەنگەکانی لەش و ئالۆشە تاوانبارەکانی، هەر ئەبێ لە بنچینەدا، ڕەگێکیان لەناو هۆشدا داکوتابێ جا هەر کەموکوڕییەک لەناو هۆشدا ڕووبدات، کارێکی ئاشکرا لە لەشدا ئەکات هۆش و لە شیش هەموو دەم، لەگەڵ یەکتردا لە شەڕدان چونکە هۆش، ئەیەوێ خۆی ڕزگار بکات و بڵندبیێتەوە بۆ جێگای پیاو چاکان.

بەڵام لەش، ئەیەوێ خۆی نزم بکاتەوە بۆ زیندانی داوێن پیس و بەدخووەکان هەرچی لەش ئەیەوێ، هۆش بەرپەرچی ئەداتەوە جا ئەم شەڕە دوابڕاوە، تێکڕا بەوە دوایی دێت کە هۆش سەر بکەوێ، یاخود لەش ژێر بکەوێ یان ئەوەتا هۆش سەرئەکەوێ بەسەر ئارەزوواتی لەشدا، یان ئەوەتا ئارەزووانی لەش سەر ئەکەوێ بەسەر هۆشدا جا لێرەوەیە کە گرنگی قسەکەمان دەرئەکەوێ، کە لەمەوپێش گوتمان:

کە پێویستە هەموو دەم هەموو مرۆڤێکی ژێر لەشی بخاتە ژێر چنگی هۆشییەوە.

هۆشیش هێزێکە، کەس نایناسێ ئەو کەسە نەبێ کە هەستی بە کاریگەریی بیرکردووە لە ژیانی خۆیدا. ئەو کەسەی هێزی هۆشی خۆی بەکاربهێنێ لە پێشا بزانی لە ڕێگەی ژیاندا، لە ڕاستیدا، گەنجینەیەکی ڕاستەقینەی کامەرانی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە یاخود دەستی کردووە بەژینێکی نوێ، کە زۆر جیاوازە لەو ژینەی کە لەوەپێش ژیاوە ئەگەر بهاتایە مرۆڤ شارەزای توانای هۆش بوایە لە ئاڕاستەکردنی خۆیدا، لە ژیاندا، ئەیتوانی شتی سەیر سەیر بۆ خۆی پێک بهێنێ.

ئێستاکەیش بەتەواوەتی دەرکەوتووە، ئەو بارەی لەشی تیایە، بریتییە لەوێنەی ئەو بارەی هۆشی تیایە.

بەواتایەکی تر، ئەوەی کە کار لەهۆش ئەکات، کار لە لەشیش ئەکات، چونکە لەژێر چنگی ئەودایە و بەپێی ئارەزووی ئەو ئەجووڵێتەوە ئەوەیش بەتەواوەتی دەرکەوتووە، کە



کزیی هۆش و نەخۆشییەکەی، کزیی لەش و نەخۆشییەکەمان تێ ئەگەێنێ، هەروەک سەرنج ئەدرێ زانستی چاک کردنەوەی نەخۆشیش بەهۆی (نیاز بەخشین)ەوە، بنچینەکەی ئەم کارەساتەیە واتا کارتێکردنی هۆش لە لەش چونکە نەخۆشەکە، لەلایەن پزیشکەکەوە (نیازی پێ ئەبەخشرێ)، کە لەشی دروستە و هیچ نەخۆشییەکی نییە پاش ئەوە کە ئەیبینینەوە، تەماشا ئەکەن ئەم (نیاز بەخشین)ە کاری تێ کردووە بەهەموو هۆشێکیەوە بڕوای کردووە کە تەندروستە و نەخۆش نییە. لێرەدا هۆشەکەی کارێکی پڕ بەرهەمی چاکی لە لەشی کردووە، کە دوایی چاکی ئەکاتەوە لە نەخۆشییەکەی.

لەبەرئەوە زۆربەی بیروباوەڕە پڕووپووچەکان و زیان بەخشەکان، بەم شێوەیە لە ڕەگ و ڕیشە دەرئەهێنرێن.

زۆر کەسی تەندروستی وا هەن، کە لەم ژیانەدا ئەژین، کەچی هەموو بیروباوەڕێکیان لەسەر ئەوەیە کە لە لەشیاندا نەخۆشییەکی بێ ئەندازە هەیە، کە لە ژمارە نایەن ئەو جۆرە کەسانە، لە هیچ خۆیان نەخۆش خستووە، ئەگینا لە ڕاستییدا نەخۆش نین بەڵام ئەم جۆرە بارە خراپەی هۆشە، ئەگەر مرۆڤەکە لەسەری بمێنێتەوە، بێ گومان هەر نەخۆش ئەکەوێ، کزیی و نەخۆشی ڕاستەقینە لە لەشیا پەیدائەبن. جا لێرەدا گرنگیی لە بنج دەرهێنانی بیروباوەڕی پڕوپووچ زیان بەخش دەرئەکەوێ، چونکە ئەوانە لەبارییاندا هەیە هەموو دەرد و نەخۆشییەک تووشی لەش بکەن بێ ئەمەی لەڕاستیدا هیچ دەرد و نەخۆشییەک لە لەشیاندا هەبێ. ئەم جۆرە بیروباوەڕە بەدانە، لەسەر هەموو کەسێک پێویستە کە لەمێشکی خۆی دەریان پەڕێنێ وەرزشی ناوبای پاکوخاوێن لەباریا هەیە کە ئەو بیروباوەڕانە لە مێشکی خاوەنەکەیان دەربکەن و وایشی لێ بکەن کە هەر بیریشیان لێ نەکاتەوە ئەویش لەبەر ئەوەیە کە بیری بەد و خراپ لەش تێک ئەدا بەڵام وەرزشی لەش، لەش چاک ئەکاتەوە و دای ئەڕێژێتەوە ئەو لەشەیش کە تەندروستی و هێز و هەڕەتی بەخۆیەوە دیبێ، بە کزیی و نەخۆشی دڵخۆش نابێ هاودەمی کردنی هاوڕێ چاکەکانی دەرەوە، لەباریا هەیە کە خەموخەفەت و بیروباوەڕی بەد و خراپ لەبیر پیاو بباتەوە هەرکاتێ بیرێکی بەد هاتە مێشکتەوە، پێویستە لەسەرت نەهێڵێت تیا بمێنێتەوە ئەگینا بیر لەسەر بیر کۆمەڵە ئەبێ و بەگران هەموویان لا ئەبرێن هەموو دەم گەش و خۆش بین بە لە چاویلکەیەکی تاریکەوە سەیری جیهان مەکە بڕوا بکە بەخۆت، کە لە تواناتا هەیە، خۆت دروست بکەیت، خۆت کامەران بکەیت ئەوەت بوێ، کە ئەبێ ببێ هەرچیت ئەوێ بۆت جێبەجێ ئەبێ وا بڕوامەکە، کە دەست کەوتنی تەندروستی و کامەرانی کوێرەوەریی و

ماندوێتییەکی یەجگار زۆری پێ ئەوێ چونکە هەموو کەسێک لە توانایدا هەیە، ئەوەی ئەیەوێ لەژیان، دەستی بکەوێ، بەمەرجێ لە ڕێگای ڕاستەوە بۆ ئەو شتە بچێ جا کەوابێ، ئیتر بۆچ بیری تازە لە مێشکی خۆتا دانامەزرێنیت، تەندروستی و کامەرانی بەژینی خۆت ببەخشیت؟

نەکەیت چاوی خۆت بنووقێنیت لەم ڕاستییە بزووێنەرە.

هەر لەمڕۆوە دەست بکە بەژیانێکی تازە لەسەر بنچینەیەکی نوێ لەناو هۆشتا ئەم بیرە باشانە دابمەزرێنە، کە لە توانایاندا هەبێ، لە ژیندا یارمەتیت بدەن و بەکارت بێن هەرکاتێ ئەو یاسایەت زانی کە فەرمانڕەوایی بەسەر ئەم جیهانەدا ئەکات هەچ نەخۆشییەک تووشت بێ، ئەتوانیت چارەی بکەیت و بەسەریا زاڵ ببیت.

هەموو دەم وابزانە سەرکەوتن و تەندروستی لە دەستتان هەرگیز مەهێڵە بیری نەخۆشی و کارسەرنەگرتن بەبیرتا بێت؛ چونکە بیری بەد و زیان بەخش، هەرکاری خراپ ئەکەن لەلەش هەرکاتێکیش هۆش، سەر نەگرتنی کاری بۆ خۆی دانا، لەشیش هیچ پەلەقاژەیەک ناکات بۆ هێنانە دیی سەرکەوتن، یاخود بۆ سەرگرتنی کار ئەویش لەبەرئەوەیە کە ئەو خۆیشیی ڕەنجەڕۆیی و هەناسە ساردی داگیری کردووە.

(سەلفانوس ستول)ئەڵێ:

(هەرلاوێک حەز بەتەندروستیی لەش و هۆش بکات، ئەبێ ئامانجێکی تایبەتی بۆ ژیانی خۆی دابنێ تا لەو ئامانجەوە، نیاز و ڕێگا و پەیڕەویی خۆی وەرگرێ و بەپێی پێویستیی ئەو ئامانجە بڕوات بەڕێوە تۆیش لەوکاتەدا کە ئامانجێک بۆ خۆت دائەنێیت، پێی بگەیت، هەر ئەبێ بلّندی دابنێیت تا بەهۆی گەیشتن بەو ئامانجەتەوە بەرزببیتەوە چونکە ئەو کەسەی ئامانج و نیازی ئەوەبێت کە بگاتە مانگ، بێ گومان لە ژیانی خۆیا زۆرتر سەر ئەکەوێت لەو کەسەی کە ئامانجەکەی هەر ئەوەندەبێت کە لەسەر زەویدا بگاتە جێگەیەک.

ئەمەیش ئەوەت تێ ئەگەیێنێ کە ئامانجت لە ژیاندا ئەبێ یەجگار گەورەبێ، تا ئەتوانیت دووربێ.

تۆیش هەتا وات لێ نەهاتبێ کە زۆر کۆشک لەناو بادا دروست بکەیت بۆ خۆت، هەرگیز ناتوانیت کۆشکێک لەسەر زەویدا دروست بکەیت، کەواتە خۆت بکە بە پیاوێکی خاوەن ئاواتی گەورە و هیوای فراوان، ئێمە لێرەدا ئەڵێین هیوا، ناڵێین خەو چونکە زۆر



کەسی وا هەن، کاتی خۆیان هەر بەوە بەسەر ئەبەن کە خەو بەزۆر شتەوە ئەبینن، کەچی ئەوەندە ناشێن ئەو ڕێگایە نازانن کە بەو شتانەیان ئەگەیێنێ جا ئێمە مەبەسمان لەو کەسانەیە کە خەوەکانیان بهێننە دیی.

(کە تۆ لە بارێکی وادابیت کەس ئاواتت پێ نەخوازێ کە وەک تۆی لێ بێت، نە بەکەم واز بهێنە و بێ دەنگ بە، نە بەو بارەی تیایشیایت ئارام بگرە، هەمووەدەم خاوەن هیوا و ئاوات خۆیشت بکوتە و تێ بکۆشە بۆ هێنانەدیی ئەو ئاوات و هیوایەت هەر بەو مەرجەی بەدڵ ئارەزووی دەست کەوتنی شتێک بکەیت لە ژیانتا، ئەو شتە هەر شتێک بێ، دەستت ئەکەوێت هەمووەدەم ئەوەیش بزانە کە وشەی «سەرناگرێ»، لەو وشانەیە کە لەش بەبارەکان و بێ کارەکان و ئەوانە بەکاری ئەهێنن کە هیچ دەمارێکی پیاوەتی و مەردایەتیان تیانییە ئاوات و ئارەزوواتی ژیانت دیاردیی کە. پاشان بەهەموو کوڵی دڵتەوە تێ بکۆشە بۆ هێنانەدیی ئەو ئاوات و ئارەزووانە سەرکەوتنیش هەر بۆ چەند کەسێک نییە هەموو کەسێک ئەتوانێ سەربکەوێ، بە مەرجێ ئارەزوویەکی ڕاستەقینەی هەبێ فرمان بکات و تێبکۆشێ و، لە ڕێگای ئەو فرمانەیشەوە خۆی کامەران بکات).

کارتێکردنی هۆشیش لە لەش، لە بارەی کاروباری ڕەگەزبازییەوە، جێگایەکی گرنگی هەیە چونکە هەرچەند بیرێکی ئارەزووی ڕەگەزبازیی بەمێشک دادێ، دەمودەست لەش دەست ئەکات بەهێنانەدیی ئەو بیرە.

جا لێرەوەیە کە گرنگیی پاراستنی تەندروستیی هۆش دەرئەکەوێ.

چونکە بەهۆی ئەو پاراستنی هۆشەوە، تەندروستیی لەشیش ئەتوانین بپارێزین کەواتە هەر بیرێک لەوانەبێ کە زیان بە تەندروستیی لەشت بگەیێنێ، پێویستە لەسەرت بەرەنگاریی بکەیت هەرگیز لە مێشکتا، جێگا بۆ بیری بەد و زیان بەخش مەکەرەوە هەر شتێکیش لەوانەبێ کە ماوەت بدات بێ بیرکردنەوەیەکی خواروخێچ و پڕ پێچ و پەنا خۆتی لێ دوور بخەرەوە بیرەکانی خۆت لە تاوان و گوناه ڕزگار کە، لە ئارەزوواتی گەنگ و نەنگ و پڕوپووچ پاکیان بکەرەوە خۆت بکە بەدۆستی خۆت و کەسانی تر.

خۆت بکە بەدۆستی خۆت بۆ ئەمەی خۆت بخەیتە ژیانێکی باشترەوە خۆیشت بکە بەدۆستی کەسانی تر بۆ ئەمەی یارمەتییان بدەیت بکەونە ژینێکی چاکترەوە هەمووەدەم گەش و ڕوو خۆش بە لە هەر کارێکا ببی و، لە هەر بارێکدا ببی، کۆڵ مەدە و گیانت وەڕس نەبێ تەنیا بیر لەشتی باش و بەکەڵک بکەرەوە مەهێڵە بیری کاولکەر بێتە

مێشکتەوە، نەوەک ژین و ناوەڕۆکی ژیانت لێ تێک بدات تەنیا خۆش بینییە کە لە هەموو ڕێگایەک چاکتر بتگەیێنێ بەئاوات و ئارەزووی خۆت لە ژیاندا واز لە ڕووی تاریکی ژیان بهێنە و بەڕەڵلای کە بۆ خۆی لە هیچ بابەتێکی ناو ژیان مەترسە، تەنانەت لە مردنیش دوورنییە ترسی مردن ئاسانتر بێ لە ترسی ژیان چونکە ژیان لەمردن ئازایەتی و بێ باکیی زۆرتر ئەوێ.

چونکە مردن بۆ هەموو کەسێکە، بیەوێ بمرێ، یان نەیەوێ بەڵام ژیان بۆ هەموو کەسێک، بەتەواوی و بەئارەزووی سەرناگرێ.

هەر لە ئێستاوە دەست بکە بە داڕشتنی ساختمانی لەشت، بەڵام بەشێوەیەکی وا چاک و بەهێزی دروست بکە، کە هیچ کەموکووڕی و سستییەکی تیا پەیدا نەبێ لە هیچ شتێک دامەچڵەکێ نەوەک سەرت لێ تێک بدات و مەبەسی خۆت لە ژیانت لەبیر بباتەوە چونکە ترس ئەوە پێشان ئەدا کە بەرەو پاش ئەگەڕێیتە دواوە بەڵام ئەو تەندروستییەی کە ئەمانەوێ بتبێ، واتاکەی ئەوەتا کە لە ژیاندا پێش بکەویت ئەوەیش ئاشکرایە، کە هەتا واز لە ترس و لەرز نەهێنیت، لە تواناتا نابێت کە ژیانێکی ڕاستەقینەی تەواو بژیت هر چیت لێ داوا ئەکەین بەجێی بهێنە چونکە تۆ لە ڕێگەی ڕاستەوە ئەڕۆیت پاش ئەوە بەخۆت بڵێ:

(من بەتەنگەوەنیم ئەنجامی کردەوەکەم چۆن دەردێ بام دەربێ چونکە لە ڕێی ڕاستەوە دەستم داوەتە ئەم کارە). بەڵام لەوەیش دڵنیابە، چونکە لەڕێی ڕاستەوە ئەڕۆیت، هەر سەر ئەکەویت لە هەموو توانج و پلارێک ناخۆشتر، ئەو توانج و پلارەیە کە مرۆڤ لە خۆی ئەگرێ چونکە هەر کامێکمان بگریت، پێی ئەکرێ، لە بەرامبەر سەرزەنشت کردنی کەسانی تردا خۆی ڕابگرێ بەڵام سەرزەنشت کردنی دەروونی، هەتا بڵێیت تاڵ و ڕەق و ناخۆشە، بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی دەروونێکی زیندوون، کە پڕە لە پێزانین و هەست پێکردن و پەی پێ بردن لەبەرئەوە، پێویستە لەسەرت، ڕێگا نەدەیت بەدەروونت سەرزەنشت بکات لەسەر ئەو هەڵە و تاوانانەی کە لێت ڕوو ئەدەن خۆت وا لێ بکە، کە هەستت بەهێزبێ، دڵت نەرم بێ، تا بتوانیت ڕێگای ڕاست بگریت و خۆت لە ڕێگای خواروخێچ لابدەیت.

بەهەموو کوڵی دڵتەوە، بەهەموو ڕاستییەکی خۆتەوە سوێند بخۆ بۆ خۆت کە ژیانێکی چاک و پاک و بەرز ئەژیت کە خەمی لەش و هۆشی خۆت ئەخۆیت بۆ ئەمەی پەروەردەیان بکەیت، پوختەیان بکەیت.



بۆ ئەمەی ژیانێکی وات دەست بکەوێ کە پڕبێ لە تەندروستی و کامەرانی بیر لە تەندروستی بکەرەوە تا تەندروستیت دەست بکەوێ بیر لە کامەرانی بکەرەوە زۆری پێ ناچێ لە هەموو لایەکەوە کامەرانی ڕووت تێ ئەکات.

بۆ هەر شتێک کە دڵت ئارەزووی ئەکات، هێزی نیاز بەخشین بەخۆ بەکاربهێنە هەر شتێک ئارەزووی ئەکەیت، بیری لێ بکەرەوە، زۆری پێ ناچێ ئەو شتەت دەست ئەکەوێت، جا کە تۆ ئارەزوویەکی ڕاستەقینەت هەبێ، شتێکت دەست بکەوێ، بەد بین مەبە، مەیش هێڵە دەمارت خاو ببێتەوە و سست ببیت، دەست بکە بەتێکۆشان بۆ دەست کەوتنی مەبەستەکەت، کۆڵ مەدە و لەسەری بڕۆ تا دەستت ئەکەوێ کارێکی وا بکە کە بیری بەهێز و چاک فەرمانڕەوابێت بەسەر ژین و کردەوە و کارتا پاش ئەوە دەست بکە بە وەرگێڕانی ئەو بیرانە بۆ سەر زمانی ڕاستی و ڕووداو هێنانەدیی.

مرۆڤ لە ژیاندا گەورەیی خۆیەتی کەس نایبات بەڕێوە خۆی خۆی ئەبات بەڕێوە ئەتوانێت چ ڕێگایەک بەباش ئەزانی ئەوە هەڵ بژێرێ کەواتە تۆیش لەم دووڕێگایە، ڕێگایەکیان هەڵبژێرە، یاخود ڕێگای کزیی و هەناسە ساردیی؛ یان ڕێگای مانەوە، یاخود ڕێگای نەمان.

# بەشی سی و نۆیەم

## ئامۆژگاریی دوایی

وا چەند ئامۆژگارییەکی تایبەتیت پێ ئەڵێین، پێویستە هەموودەم پێڕەوویان بکەیت، تا بگەیتـە ئەو ئاواتانەی بۆ تۆی ئەخـوازین. کـە دەسـتـیـشـت کـرد بەپێـڕەویی کـردنی ئەم ئامۆژگاریانە، پێویستە زۆر بەوردیی و دڵسۆزییەوە جێبەجێیان بکەیت:

* کەتۆ لە حەوت کاتەوە تا نۆکاتی شەو بەتەواوەتی خەوتبیت، کە هەڵسـایت لە خەو، بەگەشی و ڕووخۆشی و چالاکییەوە لە جێگاکەت وەرە دەرەوە هەر کە ڕاپەڕیت لە خەو، دەمودەست، بەڕووتییەوە دەست بکە بەو مەشقانەی لەمەوپێش پێمان نیشاندایت کە لە مەشقەکەیشت بوویتەوە، لە بیرت نەچێ کە لەشی خۆت بسوویتەوە، پاش ئەوەیش نیوە خۆشتنێکی بەئاوی سارد بۆ کە.
* هەر ڕۆژە دووژەم نان بخـۆ، نەک سێ بـەڵام ئەگـەر هەر ئـەتەوێ ژەمی ناشـتـا بـخـۆیت، پێویستە لەمیوە بەولاوە هیچی ترنەخۆیت.

لە ژەمەنان خواردنی شێوانتا، زۆر مەخۆ پێویسـتیشـە ئەم ژەمەت لەپێش نوسـتنەکەتا، بەسێ یاخود بەپێنج کات بخۆیت.

* ئەوەیشت لەبیرنەچێ کە هەمـوو ڕۆژێک تا ئەندازەیەکی تەواو بگەڕێیت بەپێ لەکـاتی گەرانیشدا هەناسەی قووڵ بدەیت هەروەک لەمەوپێش پێشانمان دایت.
* مێـشکی خۆت و دەمـارە مـێـشکیـیـەکـانی خـۆت زۆر مـاندوو مـەکـە لە هیچ شـتـێکیش چاوت نەترسێ.
* ئەگەر ڕاهاتیت بەمەشقەکانی لەشەوە، واچاکە کە ئەو مەشقانەی لەبەشی سی و سێەمدا ناوبراون لەپێش نوستندا بیانکەیت.
* لەکـاتی نوسـتندا و پەتووی گـران، تـا ئەتـوانیت، مـەدە بەخـۆتـا هەتـا پێت ئـەکـرێ، پەنجەرەکـانی ژووری نوسـتنـەکـەت بکەرەوە ژن دار بیت، یان بێ ژن، بەتەنیـا لە تـەختی نوستنەکەتا بنوو.
* زوو بچـۆرە ناو پێـخـەفـەکـەتەوە تا بەشـێکی تەواو سـرەوتت دەست بکـەوێ پێـویسـتـە نوستنەکەیشت لە حەوت کاتی تەواوە وە تا نۆکاتی تەواو بێت.

تەواوبوو – ١٩٦٥/٩/١٦

# پێڕست


**دادپەروەری** ........ 5
ژیانی جەواهیرلال نەهرۆ ........ 7
جەمالەدینی ئەفغانی تێگەیشتووی ڕۆژهەڵات ........ 51
مەدحت پاشا ........ 149
ئەبراهام لینکۆلن ........ 275
سەلاحەدین ........ 351

**زانستی رەگەز** ........ 449
جوانی ئافرەت ........ 451
سۆسان ئەنتۆنی ........ 491
دڵداری، ڕەگەزبازی، ناپاکی ........ 509
هەڕەتی ڕەگەزبازیی ........ 525